# کۆنسێپت

## ڕەخنە. کەلتور. ڕاڤەکردن

## وەرزە گۆڤارێکی ڕەخنەیی فکرییە

**له گۆڤاری كۆنسێپت-ەوە سوپاسی زۆر بۆ :**

* بەڕێز (شاسوار عەبدولواحید) خاوەنی كۆمپانیای نالیا بە بڕی سێ ملیۆن دینار.
* كوردستانی نوێ بە بڕی دوو ملیۆن دینار.
* ڕۆژنامەی هاوڵاتی بۆ هەموو هاوكارییەكانی.

كە هاوكاری و كۆمەكیان كردین بۆ لەچاپدانی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری كۆنسێپت.

# کۆنسێپت


سەرنوسەر:
**رامیار مەحمود**

سەرۆکی دەزگا
**ڕێبین ڕەسول**

**سکرتێری نووسین**
**ئیسماعیل حەمەئەمین**

**بەڕێوبەری نووسین**
**توانا ئەمین**

بەڕێوبەری هونەری و دیزاین
**ئازەر عوسمان**

بەڕێوبەری گۆڤار لە دەرەوەی وڵات:
**گۆران عەبدوڵا- تۆرنتۆ- کەنەدا**

بەڕێوەبەری ئیداری
**سمکۆ محمد**

یاریدەدەری ئیداری
**هەرێم عوسمان**

**دەستەی نوسەران**

بەکر عەلی

شیروان خان

سەلام عومەر

سۆران ڕەفعەت

ڕاویژکاران
**کاوە جەلال**
**هەندرێن**



govariconcept@gmail.com

چاپ: چاپخانەی ڕەنج

نرخ:٤٠٠٠

تیراژ:١٠٠٠

# پێڕست

## تیۆره


ئاین و قەیرانی مانا ......................د.عادل باخەوان
سۆزە خەمبارەکانی سپینۆزا و.......................... هەندرێن
هیراکلیتیس وەک فەیلەسوفی گۆڕان.................مەجید عەزیز
لە نێوان سەروتارە هەرتەقیەکان..................... ئازاد حەمە
ئاسۆی چاوەڕوانی..........................عەبدول موتەلیب عەبدوللا
هەڵوەشاندنەوەگەرایی و پۆست بونیادگەری.......ستاری پیرداوود
مۆدێرنیمی پشتبەستوو بە دەوڵەت................رامیار مەحمود
تیۆرەی دەوڵەت لە ڕوانگەی پلاتۆ و ئەرستۆوە........... هەندرێن
هیومانیزم ماسکێک لە دڕەندەییەوە..........ئیسماعیل حەمەئەمین
تووڕەیی و کات...............................بەکر عەلی


## وەرگێران


تورەیی و کینە لای سلۆتەردایک لە ئەڵمانییەوە..... بەکر عەلی
مارتن هایدێگەر لە گشت ڕوویەکەوە لە ئەڵمانییەوە.. کاوە جەلال
فەیلەسوفە ناوازەکە (سلاڤۆی ژیژەک )لە ئینگلیزییەوە.. عەلی زەڵمی
فوکۆ و شۆڕشی ئێران لە ئینگلیزییەوە............. ئالان عەتوف
فرۆید و لاکان لە ئینگلیزییەوە................... سەلام عومەر


## هونەر لە کۆنتێکست دا


هونەرمەند و کەلتور.............................. کاوە جەلال
هەڵوێستی هونەرمەندان...........................شیروان خان
چیرۆک بە ڕەنگ و سینەما.....................جەبار جەمال غەریب
پەکخستنی پرۆسەی فێرکردن...................سۆران ڕەفعەت

## فۆیلیتۆن

دیداری تایبەت لەگەڵ یۆستاین گاردەر..........سەلاح گوڵ ئەندامی
پێکهاتەکانی چیرۆک................................ئاوات محەمەد
بەرزەخ و پێچەکانی پاک بونەوە.......................بەیان سەلمان
فایەق بێکەس ئەگەڕێتەوە.........................شێرکۆ بێکەس
ئاگرپەرست بووم.................................ئەحمەدی مەلا
ئاوێزان بوون......................................رەفیق سابیر
یاری..........................................فاروق هۆمەر
سێدارەی زستان..................................توانا ئەمین
دارستانی ڕەش....................................رابەر فاریق

## قەیرانی دۆسییەی شوبات

تایبەتمەندییەکانی ئەم ساتەوەختە....................بەختیار عەلی
درمناسی هەنوکەیی..............................دانا مەنوچەهری

## دوا بەش

دیدار لەگەڵ سەردار عەزیز........................ئا: هەرێم عوسمان
لەباربردن و مۆراڵ..................................رۆزا حسێن
ئایا سیاسییە دیکتاتۆرەکان.........................پشتیوان فرج

# سەروتار

ژمارە یەکی گۆڤاری کۆنسێپت-مان لە سەرەتای مانگی ٢دا خستە ناو کتێبخانەکانەوە، بە گوێرەی ئەو بەرنامەیەی کە لە سەری دەڕۆین ژمارە دووشمان لە مانگی ٥دا دەخەینە بازاڕەوە، ئەگەرچی لەو بڕوایەداین زۆرێک چاوەڕوانی ئەوە نین لەناو ئەو هەلومەرجە دژوارەدا توانای کارکردن لە ئارادا بێت. بەڵام ئێمە ئیشوکاری خۆمان پەکناخەین نەک قەیرانی سیاسی لە ئارادا بێت حەز دەکات تەور لە ئاسمانەوە بباریێت.

بە پلەی سەرەکی کاری ئێمە بایەخدانە بە پرۆژەکەی خۆمان کە لەسەر ئەرک و ماندووبوونی خۆمان ئامادە دەکرێت. جگە لە پارەی چاپەکەی کە هەرجارەو دەکەوێتە ئەستۆی کەسێکی دڵسۆز و دۆستی خۆمان یان چەند شوێنێک. ئەگەر تا ئێستاش هیچ پرۆژەیەکمان نەدابێتە میریی و وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێم بۆ کار و پرۆژەکانمان، لەبەرئەوە نییە خۆمان بە شایەنی ئەوە نەزانین، بگرە خۆمان زیاتر بە شایەنتر دەزانین لە هەر دەزگا و بنکەو شوێنێک کە کۆمەکی کراوە لە ڕابردوو یان لە ئێستادا، بەڵکو هۆی سەرەکی بە لای ئێمەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێساو یاساکانی میریی و وەزارەتی ڕۆشنبیری ناڕۆشنە لە بواری کەلتووریدا و بە شێویەکی گشتیش ناعادیلانەیە.

دەزگاکەی ئێمە جگە لە پرنتەرێک کە لە کاتی پێویستدا نازانین لە کوێیە ..! هیچ شوێن و پێداویستییەکی نییە. بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین ژمارە لە دوای ژمارە باشتر بێت و هەرواش دەکەین. هاوکات زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەین کە بە ناردنی بابەتەکانیان دەوڵەمەندیان

کردین و پڕۆژەکەی ئێمە گرنگییەکی ئەو تۆی نییە بێماندووبوونی یەکە بەیەکەی ئەوانەی بە بابەت و سەرنجی خۆیان کارەکەمان بەرەو پێشەوە دەبەن، بۆیە ئێمە بە قووڵی سوپاسیان دەکەین.
هەروەها سوپاسی خۆشمان دەکەین کە هەریەکەو بە شێوەیەک ماندوو دەبین و خەم لە کارەکە دەخۆین، زۆر سوپاسی هەموو ئەو شوێنانە دەکەین کە بە ڕیکلامکردنی بێ بەرانبەر هاوکارییان کردین لە ژمارە یەک و بۆ ئەم ژمارەیەش.
سوپاسی زۆری ئەوانەش دەکەین کە بابەتیان بۆ ناردووین بۆ ژمارە دووی گۆڤارەکە و هێشتا بڵاونەبۆتەوە، هیوادارین دڵگرانمان نەکردبێتن بەو کارە. هەر ئازیزێکیش ئاگادار دەکەینەوە کە هەندێک جار کەمێک کارەکانمان دواکەوتووە بەهۆی کێشەی هونەرییەوەیە، چونکە کۆنسێپت نووسینگە و پێداویستی نییە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی، ئەمەش زۆر گرفتی تەکنیکی بۆ خولقاندووین و ناشزانین ئایا لە چوارچێوەی سیاسەتی کەلتوری هەرێمدا جێگای ئێمەی تێدا دەکرێتەوە یان هەر بەو شێوە قۆرخکراویی و ناڕوونییەوە بەردەوام دەبێت..!

# کارە تیۆرییەکان

رێکخەری بەش: ئیسماعیل حەمەئەمین

# خوێندنەوەیەک لە قووڵاییەکانی ماکس ڤێبەردا

# (1920–1864)

د. عادل باخەوان

قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکان- پاریس
توێژەری هاوکار لە ئەنستوتی فەڕەنسی بۆ توێژینەوە ئەنەتۆلییەکان

## چۆن مۆدێرنیتێ بیناکرا و لەکێوە سەرچاوەی گرت؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ماکس ڤێبەر، گەورە سۆسیۆلۆگی ئەڵمانی، تەواوی سۆسیۆلۆژیاکەی خۆی بۆ تەرخانکردووە و ناوەڕۆکی سەرەکی تێز و لێکدانەوەکانی پێکدەهێنێت. ڤێبەر چەند سۆسیۆلۆگە ئەوەندەش مێژوونووسە، چەند ئابووریناسە ئەوەندەش پۆلیتۆلۆگە، ئەم «بەحرە لە علوم»، پاش تاودانی هەموو ئەو زانستانە، لە درێژەی توێژینەوەکانی لەسەر ئەو پرسیارەی سەرەوەدا ئەم دەرەنجامە دەخاتە ڕوو :

لە مێژووی بەشەریەتدا، بەتەنها ئەوروپا، لەسەدەی شازدەهەمەوە، دەبێت بە مەیدانی گۆڕینی سروشتی سیستەمی شارستانیەت. گەر مێژووی پێش سەدەی شانزەهەم بریتیبووبێت لە مێژووی دەستێوەردانی خوا لە کاروباری مرۆڤەکاندا، دەستێوەردانی ئاسمان لە کاروباری زەویدا، دەستێوەردانی ئاینەکان لە کاروباری تاکەکاندا، ئەوا لە سەدەی شانزەهەمەوە، ئەم سیستەمە دەگۆڕێت و دەبێت بە

مێژووی دەستێوەردانی مرۆڤەکان لە کاروباری خواکاندا، دەستێوەردانی زەوی لە کاروباری ئاسماندا، دەستێوەردانی تاکەکان لە کاروباری ئاینەکاندا.

لە ڕوانگەی ئەم تێزەوە، تێزی گوزەرکردن و گۆڕینەوەی ڕۆڵەکان لەنێوان ئاسمان و زەوی و خوا و مرۆڤەکاندا، ماکس ڤێبەر دێت و کۆی پرۆسێسی مۆدێرنیتیێ بە چەمکی ڕاسیۆنالیتیێ پێناسەدەکات. ڕاسیۆنالیتێی مۆدێرنیتێش ڕەگوڕیشەکانی لەنێو ڕاسیۆنالیزەکردنی ئایندا دەدۆزێتەوە. چەند ڕاسیۆنالیزەکردنی ئاین کۆتایی بە کۆمەڵگەی ترادیسیۆنێلی دامەزراو لەسەر ئاین هێنا، هێندەش بەشداریکرد لە دروستکردنی کۆمەڵگەی مۆدێرنیتێدا.

ئەمە ئەو گریمانە سەرەکیەیە، کە ماکس ڤێبەر کاری لەسەر کردوە: لەڕێگای خۆ-ڕاسیۆنالیزەکردنەوە ئاین مۆدێرنیتێی دروستکردوە. واتە ئاین بەدەستی خۆی دژە سەرسەختەکەی خۆی دروستکردوە.

«ڕاسیۆنالیتیێ بریتیە لە بڵاوکردنەوەی کەرەسە عەقڵانیەکان لە نێو هەموو پانتاییەکانی چالاکیە مرۆییەکاندا. واتە بۆ پێکانی ئامانجێک هەموو دەبێت کەرەسە بەکارهێنراوەکان «ڕاسیۆنالیزە» بکرێن. لێرەوە ڕاسیۆنالیتیێ دەبێت بە ڕێکخستنی ژیان لەسەر بنەمای دابەشکردنی پانتاییەکان و دروستکردنی هارمۆنی لەنێوان کۆی چالاکیەکاندا. ئەمەش بێگومان دەبێت دەرەنجامی توێژینەوە زانستیەکان لەسەر پەیوەندی نێوان مرۆڤ بە مرۆڤ و مرۆڤ بە ئامێر و مرۆڤ بە ناوەندە کۆمەڵایەتیەکانەوە بێت.»

گرنگی ئەم تێزە لەوەدایە لە زەمەنێکدا لەدایکدەبێت کە بۆچوونی هەیمەنەدار لە کۆمەڵگە ئەوروپیەکاندا بریتیە لە فرێدانی ئاین بۆ نێو زبڵدانی مێژوو، بریتیە لە کۆتایهاتنی ئاین و مردنی خوا. لەکاتێکدا کە هەموو لایەک باس لە دابڕان و کۆتایی ئاین دەکەن، ڤێبەر پێماندەڵێت ئاین بەدەستی خۆی مۆدێرنیتێی دروستکردوە! ئەمەیە ئەو تێزەی کە هەموو لایەک توشی شۆکدەکات.

## جیهانی ڕزگاربوو لە دەسەڵاتی ئاین

ناکرێت بەبێ تێگەشتن لە سۆسیۆلۆژیای ماکس ڤێبەر ئێمە بتوانین تێگەشتنێکی تێروتەسەل لەسەر پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی نێوان ئاین و مۆدێرنیتیێ، ئاین و ڕاسیۆنالیتیێ، چونە دەرەوە لەدەسەڵاتی ئاین و هەیمەنەی عەقل لە جیهانی نوێدا بەرهەمبهێنین. ئەو گریمانە سەرەکیەی کە ماکس ڤێبەر کاری لەسەر دەکات، دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دایبرێژین: مێژوو بە پرۆسسی ڕاسیۆنالیزاسیۆندا

گوزەریکرد، کە دەکاتە پرۆسێسی داڕنینی جیهان لە ئەفسانەکان، کە دەکاتە جیهانێکی ڕزگاربوو لە دەسەڵاتی ئاین.

بۆ دەستنیشانکردنی ئەم هاوکێشەیە، ڤێبەر یەکێک لە چەمکە هەرە بەناوبانگەکانی دەخاتە کار. چەمکێک کە پاش نزیکەی سەدەیەک دوای مەرگی ئەم سۆسیۆلۆگە، دەبێتەوە بە بابەتی ناوەندیی گفتوگۆی زانستە کۆمەڵایەتییە جیهانییەکان. لە زمانە ئەڵمانیەکەی ماکس ڤێبەردا ئەم چەمکە بەم شێوەیە دەنوسرێت :

Entzauberung der Welt

پاش چەندین گفتوگۆ و لێکدانەوە لەلایەن تایبەتمەندەکانەوە، فەرەنسیەکان بەم شێوەیە وەریانگێڕاوە :

Désenchantement du monde

لە زمانی ئینگلیزیدا بەم شێوەیەی خوارەوە وەرگێڕدراوەو چووەتە نێو زانستە کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی ئەنگلۆفۆنەوە :

Disenchantment of the world

ئەم چەمکە گوزارشتە لە پرۆسێسی دورکەوتنەوە لەو لۆژیک و ئەرگیومۆنتانەی ئاین و سیحر، کە تەفسیر و تەئویلی جیهان دەکەن و جێگرتنەوەیانە بە لۆژیک و ئەرگیومۆنتە ڕاسیۆنێلەکان. لە جیهانی مۆدێرندا خواکان، ڕۆحەکان، شەیتانەکان و دەسەڵاتە غەیبیەکان کورسیەکانیان چۆڵدەکەن بۆ واقیعێکی ڕوتوقوت، کە سەرمایەداری لە چرکەی ڕاسیۆنالیتێ ئابوورییەکەیدا هۆشیارییە کامڵبوەکەیەتی.

ئەو عەقڵیەتەی کە سەرمایەداری بەرهەمدەهێنێت، بەردەوام کلیکدەکات لەسەر:

- ژمێریاری ستراتیژی
- بیرۆکراسی
- چوارچێوەدان بۆ شتەکان و چالاکیەکان
- پێشنیازکردنی ڕێکخستنی ئەبستراکت بۆ هەموو کات و شوێنەکان

لێرەوە ڕاسیۆنالیزاسیۆن لە دروستکردنی کولتورێکی جیهانیدا بەشداریدەکات، کە کۆی مرۆڤەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشیدەکەن. ئەم ڕاسیۆنالیزاسیۆنە لە کوێدا تێبینیدەکرێت؟ کامانەن ئەو هێمایانەی کە دەمانبەنەوە سەر ئەم پرۆسێسە؟

ڤێبەر پێیوایە باشترین مەیدانێک کە ڕاسیۆنالیزاسیۆن کاری تیاداکردبێت و خۆی دەرخستبێت مەیدانی ڕۆشنبیریە. ڕۆژئاوا دەبێت بە سەرزەمینی لەدایکبوونی زانستە عەقلانییەکان. ڕاکێشانی هەموو مەیدانەکان بۆ نێو جیهانی زانست و میتۆدەکانی بەڵگەیە لەسەر ئەم تێزە. بایەخی ئەم مەیدانە لەوەدایە کە توانی میتۆدێکی

ئەبستراکت و جیهانی وا پێشنیاربکات کە لەسەروی هەموو کات و شوێنەکانەوە بێت و مرۆڤەکان لەهەر کوێبن، بۆ خوێندنەوەی شتەکان بەکاریبێنن.
ڕاسیۆنالیزاسیۆن هەیمەنەی بەسەر جیهانی هونەرەکانیشداکردوە، بەتایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی مۆسیقایەک کە بە شێوەیەکی عەقڵانی لە هارمۆنیدایە. بیناسازی وەک پرۆسێسی بەکارهێنانی پانتایی بە هەموو مانایەکەوە مەیدانێکی دیکەی دەرکەوتنی ڕاسیۆنالیتێی مۆدێرنیتێیە. سیاسەت و ئابوری دیسانەوە دوو مەیدانی گرنگن کە لەسەر بنەماکانی ڕاسیۆنالیتیێ بیناکراونەتەوە. سیستەمی دروستکردنەوەی شارەکان وەک یەکەیەکی سیاسی و ئابوری لەهەمانکاتدا مەیدانێکی دیکەی دەرکەوتنی ڕاسیۆنالیتێیە. تەنانەت خودی کۆمەڵگە خۆشی لەنێو پرۆسێسی ڕاسیۆنالیزاسیۆندا نوقومدەبێت. لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی بیناکراو لەسەر زاتیەتی هەستکردن بە ئینتیما بۆ ترادیسیۆنێک، بەرەو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی بیناکراو لەسەر ڕێکەوتنی ئەندامەکان لەسەر چوارچێوەیەک لە بەرژەوەندی گشتی کۆلێکتیڤ، ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکانیش دەگۆڕێن و خۆیان ڕاسیۆنالیزەدەکەن.
لەگەڵ گەشەکردنی ڕاسیۆنالیتێدا، کە هاوڕێیەتیکراوە لەلایەن ئاساییکردنەوەی جیهان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیە مرۆییەکان، «ئیونیڤێرسالیتیێ»یەکش سەرهەڵدەدات و جێگا تەنگدەکات بە هەموو ئەو بەها ئاینیانەی کە مانای باڵایان بە ژیانی مرۆڤەکان دەبەخشی و پەناگەیان بوون. هەروەها لەگەڵ گەشەکردنی ڕاسیۆنالیتێدا، بیرۆکراسیەتی وجود باڵدەکێشت بەسەر هەموو مەیدانەکانی ژیاندا و یاسا و ڕێکخستنە ناکەسی و عەقڵانیەکانی دەسەپێنێت بەسەر هەموو لایەکدا و لەم ڕێگایەشەوە ترادیسیۆن و هەست و سۆز دەخاتە نێوان دوو کەوانەوە.
بۆ دۆزینەوەی ڕەگوڕیشەکانی مۆدێرنیتیێ، ماکس ڤێبەر کۆی مێژووی ئاینەکان دەکات بە مەیدانی توێژینەوەو پشکنین. ئەو لەکاتێکدا دەگەڕێت بەدوای پرسیاری بۆچی و چۆن ئاین بەدەستی خۆی دەرگای لەسەر ڕاسیۆنالتیێ کردەوە، واتە بەدەستی خۆی دژەکەی خۆی دروستکرد، لەهەمانکاتدا پێماندەڵێت چۆن و لەبەرچی مۆدێرنیتیێ لە ڕۆژئاوادا نەک لە ڕۆژهەڵاتدا دروستدەبێت و لە زەمینی کریستیانیسم بەگشتی و پرۆتیستانتیسمدا بەتایبەتی نەک لە زەمینی ئاینەکانی دیکەدا دروستدەبێت.
لێرەوە توێژینەوە لەسەر ئاین لای ڤێبەر بەشێوەیەکی سروشتی دەبێت بە توێژینەوە لەسەر بەراوردکردنی ئاینەکان. بەپێچەوانەی دۆرکایمەوە کە بەدوای ڕەگوڕیشەکانی ئایندا دەگەڕێت، ماکس ڤێبەر دەیەوێت تێبگات لە دەرەنجامی ئیعتیقادەکان لەسەر کۆمەڵگە و مێژووی مرۆڤەکان و ئەمەش هۆکاری سەرەکی کردنەوەی دەروازەیەکە

لەسەر ڕاڤەکردنی پرۆسێسەکانی «عەقڵەنەکردن» لە هۆشیاریی ئاینیدا.

**قەیرانی مانا**

هەر دابڕانێک سەرچاوەی دروستبوونی قەیرانی مانایە لە ژیانی مرۆڤەکاندا. دابڕانی وجودی وروژێنەری پرسیار و ئیشکالیەت و قەیرانی مانایە. ئەم دابڕانەش کە باسیدەکەین زیاتر لە ئاستی وشیاریدایە تا واقیع. ڕاستە دابڕانی واقیع قەیرانی مانا لای مرۆڤەکان دروستدەکات، بەڵام هەرگیز لە ئاستی ئەو قەیرانەدا نیە کە دابڕانی وشیاری دروستی دەکات. کاتێک کە تاکێک یان گروپێک چاوەڕوانیەکانیان، خەونەکانیان وەک ئەوەی کەهەن نایەنە دی، ئیتر پرسیار و قەیرانی مانا و هەستکردن بە بێمانایی دەستپێدەکات.

ماکس ڤێبەر پێیوایە ئەم «هەستکردنە» سەرچاوەی هێشتنەوەی ڕژێمێکی ڕەمزی بیناکراوە لەسەر سیستەمێک لە بەها. بۆ ئەوەی ژیان مومکین بێت ئاسمانی بەهاکان کە کشاوە بەسەر مرۆڤایەتیدا دەبێت هەمیشە بەڕێکخراوەیی و دور لە فەوزا بمێنێتەوە. هەر دروستبوونی مەودایەک لەنێوان ڕژێمی یاسادانەر و پراکتیکی ڕۆژانەدا ژیان دەخاتە بارودۆخی ناجێگیریەکەوە کە دەبێت بە هۆی قەیرانی «مانا»یەک کە مرۆڤەکان ناچاردەکات بە ڕامهێنانی واقیع لەگەڵ ئەو بەهایانەدا کە سەرچاوەی باڵای بەرهەمهێنانی ماناکانن.

گەردونی بەهاکان بایەخێکی تایبەتیان لای ماکس ڤێبەر هەیە. ئینسیجامیان لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتیدا مەرجێکی سەرەتاییە بۆ دروستکردنی سیستەمی بەرهەمهێنەری ئەو نۆرمانەی کە چوارچێوەی ڕەفتاری تاک و گروپەکان دەستنیشاندەکەن. ئەو بەهایانە، لای ماکس ڤێبەر، لە قوڵاییاندا سروشتێکی ئاینیان هەیە و لەڕێگای توێژینەوە لەسەر مێژووی ئاینەکانیش دەیەوێت ئەم تێزە بسەلمێنێت.

گەڕان بەدوای قەیرانی ماناداا ماکس ڤێبەر ناچاردەکات بەگەڕانەوە بۆ ئیسرائیلی ئەنتیک. لە ٦٨٣ ی پێش زایندا بتپەرستەکان پەلاماری یەکەم دەوڵەتی جولەکەکان دەدەن و لەتوپەتی دەکەن و لە بنەوە هەڵیدەوەشێننەوە و پاشان دانیشتوانی دەوڵەتەکەش «تەرحیل»دەکەن بۆ بابیلۆن.

ئەم کارەساتە گەر کەمێک زیاتر قوڵببوایەتەوە، دەیتوانی کۆتایی بە جودایسم بێنێت و ئیمزای مردنی بکات و گەلی جولەکە فرێبداتە نێو پەراوێزە لەبیرچوەکانی مێژووەوە. جولەکەکان لە خۆیان دەپرسی : باشە چۆن گەلێکی وەک ئێمە، کە لەنێو هەموو گەلانی دنیادا خوا هەڵی بژاردوە، لەلایەن ئیمپراتۆریەتێکی بتپەرستەوە نەک

هەر سوکایەتی پێدەکرێت و دەوڵەتەکەی لەناودەبرێت، بەڵکو یەک بەیەکیشیان ناچار بە «تەرحیل» دەکرێت؟

لەچرکەساتی پرسیارێکی ئاوادایە کە کۆی ئیمپراتۆریەتی «مانا» لای جولەکەکان دەلەرزێت و وەک بەفر هەرەس دەهێنێت و دەبێت بەسەرەتای گەڕان بەدوای دۆزینەوەی وەڵامە ڕاسیۆنێلەکاندا. پرسیارکردن لە شکست جولەکەکان دەگەیەنێتە ئەو «تیۆدۆسیا»یەی کە لەسەر ئەم گوتارەی خوارەوە دامەزراوە:

«هەرچەند خراپەکاران هەیمەنەیان کردوە بەسەر جیهاندا، بەڵام خوا خۆی بەتەنها حوکمی دەکات! کاتێک ئیسرائیل کە هەڵبژاردەی خوایە شکست دێنێت، لەبەر ئەوەیە کە وەفادارنەبوو بۆ تەورات کە گرێبەستی نێوان خواو جولەکەکانە. کە ئەوان لە یاسای خوا لایاندا، ئیتر خوا بابیلۆنیەکانی بەکارهێنا بۆ ئەوەی سزایان بدات. بۆئەوەی ئیسرائیل سەرلەنوێ ببێتەوە بە خاوەنی خاکی پیرۆز و دەسەڵات دەبێت تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆلای خوا»

چۆن و کەی ئەم جۆرە حاڵەتانە دەبن بە سەرچاوەی بەرهەمهێنەری ڕاسیۆنالیتیێ؟ ڤێبەر پێیوایە بایەخی ئەم جۆرە حاڵەتانە لەوەدایە کە ڕێکخستنێکی گونجاو لەنێوان بۆچوونەکان و فاکتەکاندا فەرزدەکات بەسەر هەموو لایەکدا. ڕەسەنایەتی ئەم ڕێکخستنەش لەوەدایە کە بەشێوەیەکی دیالێکتیکانە، لەنێو خۆیدا و لە یەککاتدا «سەلماندن» و «پێچەوانەکەشی» پێکەوە کۆدەکاتەوە.

لە جیهانبینی پێغەمبەرەکاندا هەموو شتێک مانایەکی هەیە، تەنانەت خراپەش، سزای تاوانێک هەڵگری هەمان لۆژیکی چاکەیە، چونکە لە کۆتاییدا مەبەستی باڵای سزای تاوانبارێک لەپێناوی چاکەدایە. ئامانج لەم چوارچێوەیە لەڕێکخستن بریتیە لە مانابەخشین تەنانەت بەو شتانەش کە لە سیستەمی بەهای هەیمەنەدارەکاندا وادەردەکەون بێ مانان. چەند مەدلول ببەخشین بەو شتانەی کە مەدلولیان نیە، چەند پێویستیی کشانی «گونجان» بەسەر مەیدانەکانی دیکەدا خۆی فەرزکات، ئەوەندەش بازاڕی بەهاکان گەرمدەبێت و پرسیاری جێبەجێکردنیان گەورەدەبێت. چەن حاڵەتەکان دوبارەببنەوە، ئەوەندەش ڕاسیۆنالیزاسیۆنی جیهان قوڵدەبێتەوە، بەو مانایەی کە بەهاکان زیاتر خۆیان دەکەن بە واقیعەکاندا. چەند ڕێکخستنی بەهادروستکارەکان خۆیان ڕاسیۆنالیزەبکەن، ئەوەندەش بەریەکەوتنی نۆرم و واقیع فراوانتردەبێت. چەند تاکەکان لە حیرمان نزیکبنەوە، هێندەش داواکاری گەشەکردنی ڕاسیۆنالیتیێ بەهێزتر دەبێت.

**بەڵام ڕاسیۆنالیتیێ چیە و چۆن کاردەکات؟**

ماکس ڤێبەر پێیوایە ئەم چەمکە خۆی لە خۆیدا بەهایەک نیە، بەڵکو چوارچێوەیەکی

ڕێکخستنی ئەو بەهایانەیە کە کردەی ڕاسیۆنالیزاسیۆن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بڵاویاندەکاتەوە. سنورەکانی ڕاسیۆنالیتێ فۆرم تێپەڕناکەن و هیچ پەیوەندیەکیان بە جەوهەرگەرایییەوە نیە، واتە ڕاسیۆنالیتێ دۆخێکی فۆرمگەرایە نەک جەوهەرگەرا. لە سۆسیۆلۆژیای ماکس ڤێبەردا ڕاسیۆنالیزاسیۆن بە سێ پرۆسێس کاردەکات:

لە پرۆسێسی یەکەمدا کاردەکات لەسەر ڕونکردنەوەی ڕۆشنبیرانەی بەهاکان و ئاشکراکردنی بناغە فیکریەکانیان، چ لەسەر ئاستی مێتافیزیک چ لەسەر ئاستی تیۆلۆژیک.

لە پرۆسێسی دووهەمدا کاردەکات لەسەر ئەو ڕفتارانەی کە دەبن بە ئاوێنەی دەرخستنی بەهاکان، بەبێ حسابکردن بۆئەوەی کە ئایا لەلایەن کۆمەڵگەوە یان کولتورێکی دیاریکراوەوە فەرزکراوان یان نا.

لە پرۆسێسی سێیەمدا بەهاکان وەک چالاکی و زیندویەتی پراگماتیکانە، نەک بەتەنها ڕەمزی، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. واتە بەهاکان لێرەدا دەبن بە مۆدێلێک لە ژیان و جیهانبینیەکی ڕەهای گەردوون.

لەڕێگای ئەم سێ پرۆسێسەوە ماکس ڤێبەر تێوریەکی سۆسیۆلۆژی لەسەر چۆنیەتی کارکردنی بەهاکان دادەمەزرێنێت کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە بیناسێنین : بەهاکان، کە هەمیشە گشتی و ئەبستراکتن، خالقی ئەو نۆرمانەن کە لە چرکەی خەلقبونیانەوە و لەنێو دۆخە جیاوازەکاندا خالقەکانیان (بەهاکان) وەردەگێڕنە سەر پراکتیک. لە دۆخێکی تایبەتدا، کاتێک گروپێک لە مرۆڤەکان سزای ڕەفتارێک دەدەن، ئیدی لەو چرکەیەدا بوونی نۆرمێک لە نۆرمەکان و لە پشت ئەویشەوە بوونی بەهایەک لەبەهاکان دەردەکەوێت و چوارچێوەیەکی وجودی وەردەگرێت.

لێرەوە ڕاسیۆنالیزاسیۆن ڕاستەوخۆ پەیوەستدەبێتەوە بە ڕەفتارەکان و هۆشیاریەکانەوە. ئەمەش دیسانەوە ڤێبەر دەباتەوە سەر ئاین. ئەو پێیوایە بەهاکان، لەڕێگای تاقانەیی و مێژووەکەیانەوە، هەڵگری سروشتێکی ئاینین و کێڵگەی کارکردنیان بە پلەی یەکەم خودی ئاینە.

هەموو ئەوانەی کە لە بێ مانایدا دەژین، ئاین دەتوانێت پڕ مانایان بکات. هەموو ئەوانەی لە گومان و ڕاڕایی و بچوکیدا دەژین، ئاین دڵنیایان دەکاتەوەو یەقینیان پێدەبەخشێت و فێری گەورەبونیان دەکات. وەڵامەکانی ئاین ڕێز و شەرەف بۆ مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە و لەنێو دۆخ و هەلومەرجە سەختەکاندا بەهێزیان دەکات. تەنانەت لە چرکەی هەژاری و کلۆڵی مرۆڤەکانیشدا ئاین دێت و زنجیرەیەک لە بەڵگە و بەهانە دەخاتە بەردەستیان و مانا بە هەژاری و کلۆڵیەکانیشان دەبەخشێت.

بەپێچەوانەی مارکسەوە، ماکس ڤێبەر پێیوانیە کە ئاین چەکی دەستی چینی هەیمەنەدارانبێت بۆ چەوساندنەوەو خەڵەتاندن و فێڵلێکردنی چینی هەیمەنەلەسەرکراوەکان. بەپێچەوانەی مارکسەوە، ڤێبەر پێیوانیە کە ئاین کەرەسەی قەناعەتکردنی چینی هەیمەنەلەسەرکراوەکان بێت بۆ قبوڵکردنی هەیمەنەی چینی هەیمەنەداران. ڤێبەر پێیوایە ئاین خۆی لە خۆیدا کەرەسەیەکی داهێنراوی دەسەڵات نیە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی بەکاریبهێنێت، بەڵکو سەرچاوە لە «پێویستیەکەوە» دەگرێت کە شەرعیەت دەدات بە «بوون»ی هەر مرۆڤێک و لە هەرێمەکانی بێ-مانای ڕزگاری دەکات.

ئەم «پێویستیە» لای ئەکتەری ئاینی بە «نهێنی» دەمێنێتەوە، چونکە ئەو بە ڕادەیەک لەنێو پرۆسێسی مانا بەخشین بەژیانیدا ونبووە توانای ئەوەی نیە مەودایەک لەنێوان خۆی و کردەکانیدا دروستبکات و هەوڵی تێگەشتن بدات لەوەی کە دەیکات. وشیاری ئەو وشیاریەکی سەرگەرمکراوە بە پرۆسێسی مانا دروستکردنەوە نەک بە ڕامان لە خودی ماناکان. ئەم «نهێنیە» لەبەرامبەر خود و ئەوانیدیکەشدا مەرجێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی ئاین بتوانێت وەک شەرعیەت بەخش کاربکات.

مارکس پێیوایە «مانا»بەخشین بە واقیعی ئامادە، دورکەوتنەوەیە لە چەکی ڕەخنەگرتن لە واقیع وەک ئەوەی کە هەیە، درێژکردنەوەی واقیعی کوشندە و تاڵی مرۆڤەکانە، شەرعیەت بەخشینە بە نایەکسانی و نادادپەروەری. بەڵام ڤێبەر پێیوایە، بەپێچەوانەوە، بۆ ئەوەی بژین، مرۆڤەکان پێویستیان بە درێژکردنەوەی تەمەنی بەها و تەمەنی مانا هەیە وبەبێ ئەم حاڵەتەش مرۆڤەکان ناتوانن ژیانێکی شەرفمەندانە بژین. مارکس ئەرزشێکی زۆر کەم بە «مانا» دەبەخشێت و پێیوایە هیچ نیە کەرەسەی فێڵکردنی ئایدۆلۆژیا نەبێت.

لە سۆسیۆلۆژیای ماکس ڤێبەردا تەنها دوو ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤێک بتوانێت خۆی لە گەردوونی بێ-مانابوون ڕزگاربکات:

- ڕێگای یەکەم بریتیە لە توانەوە لە مانای باڵادا کە ئاینەکان ناوی دەنێن خوداوەند، ئاوێتەبوون بە وجودی ئەو و ڕەنگدانەوە لە ئەودا بەڕادەیەک کە ئیتر بستێک پانتایی لە بێ-مانایی لە ژیانی مرۆڤێکدا نامێنێتەوە.
- ڕێگای دوهەمیش کە تەواو پێچەوانەی ڕێگای یەکەمە، بریتیە لە چوونە دەرەوە لە «قەلەقی وجودی» کە بەفەرەنسی دەبێت بە «Langoisse existentielle».

ئەم دوو ڕێگایە کە مرۆڤەکان بەرەو ڕزگاربوون لە هەرێمەکانی بێ-مانایی دەبەن، بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە لێکجاوازن و بەردەوام یەکتری دووردەخەنەوە. لە بەردەم

ئەم دوو ڕێگایەدا ڕێگای سێیەم و چارەسەری سێیەم بوونی نیە. مەبەست لە ڕێگای سێیەمێکە کە وا لە مرۆڤەکان دەکات ئیتر بەدوای مانادا نەگەڕێن و ڕێکخستنی ڕەفتارەکانیان لەگەڵ بەهاکاندا بەلاوە گرنگ نەبێت. لەبیرمان نەچێت کە ئامانجی سەرەکی لە مانا بەخشین بە شتەکان و ژیان بریتیە لە پڕکردنەوەی بۆشاییە وجودیەکان و ئەو مەودا سەختانەی کە لەنێوان چاوەڕوانیەکان و واقیعدا هەیە. ئەوانەی نایانەوێت جیهان وەک ناجێگری و ناگونجاوی و نایەکسانی و زەبروزەنگ و نادادپەروەری ببینن (وەک ئەوەی کە لە واقیعدا هەیە) بەردەوام پێویستیان بە چارەسەرێکی ڕادیکاڵانە هەیە. ماکس ڤێبەر ئەم پێویستیە وەک پێویستی ڕزگاربوون دەسنیشان دەکات.

پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ئەم پێویستیە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ ڕێز و شەرەف و شەرعەیەتبەخشینی تاکە کەسەکاندا و گونجاندنە لەگەڵ بەها ڕەهاکاندا کە لە ململانێی بەردەوامدان لەگەڵ فەوزا و ناجێگیری جیهاندا.

ڤێبەر هەمیشە پرسیاری ڕزگاربوون دەبەستێتەوە بە خودی جیهانەوەو لای ئەو ئەم پرسیارە تەنها لە چرکەی پەیوەندی بە جیهانەوە دەکرێت. لێرەوە چەمکی جیهان دەبێت بەناوەندی پرسیاری ڕزگاربوون. تەنها ئەو کاتە ڕزگاربوون دەبێت بە شتێکی مومکین کە هەموو شتەکانی دیکەی جیهان بخرێنە نێو پرۆسێسی ڕێژەییەوە ...ماکس ڤێبەر پێمان دەڵێت : بەهاکان ناواقیعین، بەڵام بێ ئەوان ژیان هیچ ڕێزێکی نیە و سوک و ڕیسوایە.

بۆ کۆتاییهێنان بە بەریەکەوتنە وجودیەکان، ئێمە لەبەردەم دوو هەڵبژاردەداین : یان پشتکردنە هەموو ئەو ململانێیانەی کە لەم بەریەکەوتنە وجودیانەوە دروستدەبن (بەهاکان دژ بە فـەوزای جیهان) یان دەستێوەردانی ئەکتیڤانە بۆ گونجاندنی هەلومەرجی جیهان لەگەڵ بەهاکاندا.

لە سۆسیۆلۆژیای ڤێبەردا مرۆڤەکان بۆ پارێزگاریکردن لە ڕێز و شەرەفی مرۆییان تەنها لەبەردەم ئەم دوو ستراتیژیەتەدان. ئەم دوو ستراتیژیەتەش دوو تیپ لە ئایندارین کە لەسەر ئیمەنەنس و ترانساندانس خۆیان دادەمەزرێنن. لە چرکەی ئیمەنەنسدا مانا لەنێو زەمەنێکی درێژدا دەدۆزرێتەوە، بەڵام لە چرکەی ترانساندانسدا مانا لەنێو نا-زەمەندایە. لێرەوە ترانسادانس و ئیمەنەنس وەک دوو مۆدێلی جیاوازی ڕادیکاڵانە لە مانا دەردەکەون. باشترین مەیدانێک کە ڤێبەر ئەم جیاوازیەی تیادا تێبینیدەکات مەیدانی دینداریە.

لە بودیسمدا، لە چرکەی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ خراپە یاخود نادادپەروەریدا، مرۆڤەکان دێن و لەڕێگای ترانسمیگرەیشن-جیابونەوەی ڕۆحەوە مانا دروستدەکەن : مرۆڤێک

کە هەست بە ئازاردەکات لەبەر ئەوەیە کە ڕۆحی هێندە پاک نیە تا بگاتە ئاستی «تەناسوخ-Réincarnation» واتە تێکەڵبوونی ڕۆح بە جەستەیەکی دیکە پاش مردنی خاوەنەکەی. ڕاستە ئازارچەشتن شتێکی باش نییە، بەڵام لەهەمانکاتدا شتێکی پێویستە بۆ ئامادەکردنی ڕۆح. کاتێک ڕۆح، لە زەمەنێکی درێژدا کە بە پێوەری مرۆڤەکان ناپێورێت، دەگاتە ئاستێکی بەرز لەگەشەکردن کردەی ئازارچەشتن کۆتاییپێدێت، بەڵام بۆ گەشتن بەم ئاستە، مرۆڤەکان دەبێت بە تونێلی نەفیکردنی ژیاندا تێپەڕن، نەفیکردنێک کە هەلومەرجی پچڕانی پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵگە و جەستە ئامادە دەکات. لەم ماوەیەشدا مرۆڤ خۆی لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا ڕادەهێنێت و خۆی دەسپێرێت بە جۆرێک لە پاسیڤیتیێ.

لە ئاینە تەوحیدیەکاندا خراپە و نادادپەروەری دوو شتی قبوڵکراونین و لە جیهانی ئێرەدا ڕاستدەکرێنەوە و دواناخرێن بۆ جیهانێکی دیکە. لە ئاینە تەوحیدیەکاندا چەمکی «خەلق» تەواو جیایە لە چەمکی «تەناسوخ»ی بودیستەکان. چەمکی «خەلق» دەمانباتەوە سەر لێکجیابوونەوەی ڕادیاکاڵانەی هەردوو گەردونی «خالق» و «مەخلوق» لەیەکتری و تەنها پردێک کە ئەم دوو گەردونە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەو تێکساتانەن کە لەڕێگای «وەحی»یەوە هاتوون و بەڕوونی باس لە پرۆژە خواستگەراکەی خالق و پرۆژە ئەخلاقیەکەی مەخلوق لەسەر زەویدا دەکەن.

تەواو بەپێچەوانەی بودیسمەوە، لە ئاینە تەوحیدیەکاندا خراپە وەک بەرامبەرە دژکەی خواستی خوداوەند پێناسەدەکرێت و مرۆڤەکان بەتەنها لێی بەرپرسیارن و دەبێت هەر خۆشیان ململانێی لەگەڵدابکەن و لەناوییەرن. بەپێی ئاینە تەوحیدیەکان، جیهانی مەخلوق دەبێت وەڵامی داواکاریەکانی خواستی خالق بداتەوە کە خۆی لە «حاکمیەتی» خوا لەسەر زەویدا کورتدەکاتەوە. لەکاتێکدا بودیسم مرۆڤەکان بەرەو جۆرێک لە قەدەریەت و خۆبەدەستەوەدان دەبات، ئاینە تەوحیدیەکان خۆیان وەردەگێڕنە سەر ئاینی شۆڕشگێڕ و دەبن بە سەرچاوەی کردەی شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕینی جیهان و دروستکردنەوەی لەسەر خەیاڵدانێکی دیکە.

ئەم مۆدێلە لە ڕاڤەکردن تیشکدەخاتە سەر کۆی تیۆریە کۆمەڵناسیەکەی ماکس ڤێبەر، بەتایبەتی تیپۆلۆژیاکەی کە لەسەر بنەمای ئیدیالتیپ دامەزراوە. ئیدیالتیپ بریتیە لە بیناکردنێکی تیۆریانەی بەکارهێنراو وەک چوارچێوەی فیکر و چوارچێوەی ڕاڤەکردنی کۆمەڵگە. سۆسیۆلۆگ کەسێکە کە بەردەوام پێویستی بە تیۆریەک لەسەر فاکتی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر واقیعە کۆمەڵایەتیەکان کاربکات. کۆمەڵگە وەک درەخت و وەک شاخ بوونی نیە : بەپێچەوانەوە، کۆمەڵگە

تەنها نوێنەرایەتیکردنێکی «ڕۆپرێزەنتەیشن» ڕەمزیە، کردەیەکی تەجریدیانەی ڕۆشنبیرانەی بیناکراوە لەسەر کۆمەڵێک دیاردە و داتای واقیعی.

لەم سەرچاوەیەوە، بۆتێگەشتن لە کۆمەڵگە، سۆسیۆلۆگ دێت و لەڕێگای فرەیی ئەو ڕەگەزانەی کە لەبەردەستیایەتی و ئەو تێبینیانەی کە کۆیکردونەتەوە و وەک یەکەیەکی گونجاوی ملکەچ بە بنەمای ڕاسیۆنالیتیٚ ڕێکیخستوون، ئیدیالتیپێک دروستدەکات.

ئەم گریمانەیە، لە تیۆری ماکس ڤێبەردا، وەک مەرجێکی پێویست مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە گەر لێکۆڵینەوەی بابەتەکان تەنها لێکۆڵینەوە بن لەسەر ئەو شتانەی کە بەڕێکەوت دێن و دروستدەبن و پاشان گوزەردەکەن و جارێکی دیکە دروستنابنەوە و بە ئێرەدا تێناپەڕنەوە و یەکجار دێن و بۆ یەکجاری ئاوادەبن، لە هەلومەرجێکی ئاوادا لێکۆڵینەوە هیچ مانایەکی نامێنێت و بەهاکانی خۆی لەدەستدەدات. تەنها ئەو شتانە بابەتی زانستن کە دوبارەدەبنەوە و بەردەوامن. سۆسیۆلۆگێک کە بە ئیدیالتیپەوە لەگەڵ ئەم واقیعەدا ڕوبەڕودەبێتەوە پرچەکە بۆ شەڕکردنی تێگەشتن. بێگومان لە ساتەوەختەکانی کردەی لێکۆڵینەوەدا هەلومەرجی ئەوەی لەبەردەستدایە کە ئیدیالتیپەکەی لە سەنگی مەحەک بدات و سەرلەنویٚ دایبرێژێتەوە و دەستکارییبکات.

بۆنموونە دوانەی «ترانساندنس-ئیمەنەنس» ئیدیالتیپێکی ڤێبەریە بۆ تێگەشتن لە فاکتی ئاینی، بەڵام ئیدیالتیپێکی زیادەڕەویتیاکراوی بارکراوە لە چەندین مەدلول کە ڕەنگە لە واقیعدا بوونیان نەبێت. بۆنموونە چەند «خۆبەدەستەوەدان» لە بودیسمدا هەیە هێندەش لە ئاینە تەوحیدیەکاندا هەیە، هەروەها چەند شۆڕشگێڕی لە ئاینە تەوحیدیەکاندا هەیە ئەوەندەش لە بودیسمدا هەیە.

ماکس ڤێبەر ئەو زانایەیە کە بەدوای چۆنیەتی دروستبوون و کارکردنی ڕاسیۆنالیتێی جیهانی مۆدێرندا دەگەڕێت و لە کۆتاییدا دەگاتە ئەم دەرەنجامە : ئەو ئاینانەی کە عیباداتیان ڕێکخستوە و لەلایەن پیاوێکی ئاینیەوە بەڕێوەدەبرێن (مەبەست لەو پیاوانەیە کە پرۆفیشناڵی موقەدەسن) هۆکاری گرنگ و بنەڕەتی ڕاسیۆنالیزاسیۆن و کردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هەنگاونان بەرەو مۆدێرنیتێن. پیاوی ئاینی دەبێت گوتارێک بەرهەمبهێنێت کە یەکەیەکی گونجاوبێت گەرنا دەکەوێتە ژێر گومانی باوەڕدارەکانەوە. یەکەیەکی گونجاوی ڕاسیۆنێل یەکسانە بە بەدەزگاییکردنی گوتار و پراکتیکەکان، یەکسانە بە دوبارەبونەوەیان و دەربازبوون لە ڕێکەوت، یەکسانە بە ڕێکخستنیان و پلەبەندکردنیان. ئەمەش سەرەتایەکی گرنگی دروستبون و سەرهەڵدان و پاشان بڵابونەوەی بیرۆکراتیەتە لە جیهانی نوێدا.

**تێبینی: ئەم بابەتە، کە تایبەتە بە برایانی گۆڤاری کۆنسێپت، بەشێکە لە توێژینەوەیەکی درێژ لەسەر ماکس ڤێبەر و لە داهاتویەکی نزیکدا لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاودەکرێتەوە.**


Bibliographie

BOURDIEU Pierre

Genèse et structure du champ religieux » In : Revue » française de sociologie، ١٩٧١، ١٢-٣ . pp. ٢٩٥-٣٣٤.

url :http://www.persee.fr/web/revues/home/prescript/article/rfsoc_٠٠٣٥-٢٩٦٩_١٩٧١_num_١٢_٣_١٩٩٤

DURKHEIM Émile

Les formes élémentaires de la vie religieuse، ٤e édition، Presses Universitaires de France، ١٩٩٨.

GAUCHET Marcel

La religion dans la démocratie، Éditions Gallimard، ١٩٩٧.

La démocratie contre elle-même، Éditions Gallimard، ٢٠٠٢.

La crise du libéralisme، Éditions Gallimard، ٢٠٠٧.

HERVIEU-LÉGER Danièle

La religion pour mémoire، Éditions du Cerf، ١٩٩٣.

Le pèlerin et le converti. La religion en mouvement، Éditions Flammarion، ١٩٩٩.

La religion en miettes ou la question des sectes، Éditions Casterman، ٢٠٠١.

،Catholicisme، la fin dun monde، Éditions، Bayard
.٢٠٠٣

MARX Karl
Sur la religion، textes choisis، traduits et annotés par
.١٩٦٨ ،G. Badia، P. Bange et Émile Bottigelli
À propos de la question juive، édition bilingue، avec une introduction de François Châtelet، traduction de
.١٩٧١ ،Marianna Simon، Paris، Aubier Montaigne

،SIMMEL Georg
La religion، traduction de Philippe Ivernel، Paris،
.١٩٩٨ ،édition Circé

TRIGANO Shmuel
.٢٠٠١ ،Quest ce que la religion ?، éditions Flamarion
،Le monothéisme est un humanisme، édition Odile
.٢٠٠٠

WEBER Max
L›Éthique protestante et l›esprit du capitalisme،
.١٩٨٩ ،Pocket
.١٩٩٦ ،Sociologie des religions، Éditions Gallimard

# سۆزە خەمبارەکانی سپینۆزاو
# ڕۆحە بوغزاوییەکانی نیتشە

## هەندرێن

سپینۆزا ١٦٣٢-١٦٧٧یەکێکە لەو فێلوسووفانەی کە چەمک و ئاکامگیریی ڕوانگە فەلسەفییەکانی بە ڕێگای مێتۆدی گیۆمێتریی، چەشنە هاوکێشەیەکی ماتماتیکیەوە شرۆڤە دەکا. لەبۆیە ڕەنگە لە سەرەتا خوێندنەوەی ئەو شێوازە لە فەلسەفاندنە وشک و ڕووتەنی/ ئەبستراکت بنوێنێ. لێ کاتێک خوێنەر بەناو ناخی ئەو ئاسۆیە وشک و ڕووتەنییەدا ڕۆدەچێ، وێجا لەمدیو ئەو ئاسۆیەدا دەتوانێ فرە ڕەهەندییەکانی فەلسەفەی سپینۆزا فامبکا. سپینۆزا بە شیوازی مێتودی گیۆمێترییەوە بە دەنگێکی خورتەوە باسی دۆستایەتی نێوان هزرین و ژیان دەکا. لە کن سپینۆزا ئاگایی مرۆڤ ئاوێنەیەکە لەو ژیانەی بەرچاومان. مرۆڤیش بە تەنیا بەو ڕێگایەوە زانیاریی لەسەر گەوهەری خۆی دەستەبەر دەکا. لای تاک و گشتدا زانیارییە ئاوەزیی و ڕامانە نەستییەکان وەک یەکاتییەک لێکدەترنجێن.

هاوکاتیش سپینۆزا لە بری ئـاوەز ئاوڕ بۆ لای جەستە دەداتـەوە یان بە دەربڕینێکی دیکە ئەو لە گۆشەنیگای ئیپستمۆلۆژییەوە (زانستی زانین) لەمەڕ فیزیک دەهـزرێ. چونکە جەستە مۆدێلی هەڵسوکەوتکردنە، هەروەک هەڵسوکەوتکردنیش گەوهەری فەلسەفەی خودی سپینۆزایە. لەو دیدەوە سپینۆزا لە هەوڵی ئەوەدایە کە کایەی

جەستە و پێکگەیشتنیان لەگەڵ یەکتردا سنووردار بکا. لەبۆیە ئەوەی کە گرنگە بزانرێ ئەو سۆنگە و ئاکامگیرییانەیە کە لە کایەی جەستەکانەوە هەڵدەقووڵێن. لە دواجاردا ئێمە سیستەمێکی ڕەوشتگەرایی دروست دەکەین و هەر لەو سیستەمەشدا جەستەکان بەند دەکەین.

ئا لێرەوە نیتشە و سپینۆزا لەسەر ئەو ڕوانگەیەوە نزیکایەتییەکیان پێکڤە هەیە. سپینۆزا دوو سەدە بەر لە نیتشە لەمەڕ ژێنیالۆژیای ڕەوشت پەیڤیووە و لەمدیو دووانەی شەڕ و خێریشدا سۆراخی ژیانی کردووە. پاش ئەو نیتشە وەک پەیامبەرێکی نێهێلیست هات و بێباکانە کرۆکی ڕەوشتی لە مێشکی کۆیلەکاندا بۆ ئێمە نمایشکرد. فەلسەفەی نیتشە دابڕانێکە لە گشت ئەو پاشخانانەی کە زەمینەی بۆ ئەو مرۆڤە نوێباوە خۆشکرد. نیتشە بە پێچەوانەی ژیانی مێتافیزیکیانەی مەسیحی خولیای ژیانێک بوو لە سەر ئەم زەمینەدا. نیتشە، ئەو مرۆڤە هەڵشاخیووە بە ڕێگای پەیامبەرە نموونەیی و دونیاخوازەکەیەوە بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری «مردنی خوا»ی ڕاگەیاند. لە بری ئەمەش وتی: «من سوێند بەسەری ئێوە دەخۆم، برایەکانم».

هەڵبەتە گفتوگۆکردن لەگەڵ نیتشە و بەراوردکردنی ئەو لەگەڵ سپینۆزادا، بابەتێکە هەتا حەز بکەین سەرنجکێش و چێژدارە، لێ لێرەدا هەوڵدەدەین تەنیا لە دیدی سپینۆزا و نیتشەوە بە سوکەڵە گفتوگۆیەک لەمەڕ «سۆزە خەمگینەکان» و ڕوحی «ڕێسنتیمێنت-بوغزاوی» نمایشبکەین. لێرەدا بە یادی خوێنەر دەهێنینەوە، کە ئێمە پێشتر لە وتاری «ئاکاری چاکە؛ بەرپرسیارییەک لە خۆناسکردن و خرۆشاندنی هێزی ناوەکی» (لە گۆڤاری ڕامان بڵاوکراوەتەوە)، قسەمان بە ڕەوشت و ئێتیک لە دیدی نیتشە و ئەرستۆدا کردووە. لەبۆیە دەکرێ ئەم وتارەش بەردەوامییەک ڕەهەندێکی دیکە بێ لەو وتارەدا. وێڕای ئەمەش، ئەم نووسینە خوێندنەوەی سەرتاپای بیرۆکە فەلسەفییەکانی ئەو دوو فێلوسووفە نییە، بەڵکو تەنیا شرۆڤە کردنی ئەو دوو چەمکە یان بیرۆکەی ئەوانە.

لە درێژەی ئەم وتارەدا هەوڵدەدەین دوای چڕکردنەوەی بیرۆکە لێکچووەکانی نێوان سپینۆزا و نیتشە، بە کورتیلە ڕامانێک ئاکامگیرییەک لە لە کۆی بیرۆکەکان نمایشبکەین.

لێرەوە خوێنەر دەتوانێ لەژێر ڕۆشنایی تێڕاونینەکانی هەردوو فێلوسووفدا ڕوحی گەندەڵی، «خۆبەکمزان»، پەتای «بوغزاندن» لە دەماری نووسەر و سیاسییەکانی کورد تاو و توێ بکات.

**سپینۆزا**

لە دیدی سپینۆزاوە خوا تاکە گەوهەرێکە کە بریتییە لە خودی خۆی و هەر خۆشی بە تەنیا توانای درک کردن و تێگەیشتنی هەیە.

ناتوانن گوزارە لە خۆیان بکەن، چونکە (modus) هیچ یەکێک لە تاکەکان، یان هەر یەک لە گەوهەری خواوەند لە گشت بوونێکدا ئامادەیە؛ خودی خۆی خاوەن وزەی ژیانە.

لە جەم سپینۆزادا خودی ئەو خاوەن وزەی ژیانە «کاکڵەی ئێتیک-ئاکار چاکەیە»:

«ئەو کۆششە سەرباری ئەمەش کە شتەکان خۆیان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە ببن بە Conatus بوونی خۆیان، بێجگە لە بوونی واقیعی شتەکان هیچی تر نیین... خاوەن بوونی وزەی ژیان بێجگە لە بوون لە خودی شتدا هیچی تر نییە، کە شت لەو ئاستەدا لە ئارادایە وەک خۆشی ببینرێ و لە هەبوونەکەیدا بەردەوام بێ.» (١)

دەکرێ ئەو خاوەن توانای وزەی ژیانە کارامەییەک بێ لە کن مرۆڤدا کە بواری نەدا لە دەرەوەی ئەوەوە بڕیار بدا، واتا بوونی پاشخانی ئەو وزەیە نەتوانێ بڕیار لەسەر خودی گەوهەرەکەمان بدا. کەواتە ئێمە دەبێ، بە گوێرەی هێزی ناوەکیمانەوە وست و ڕەفتارمان هاوئاهەنگ بکەین.

سپینۆزا لەمەڕ داهێنانی خود لە لایەن خودی مرۆڤەوە پێی وایە کە «نە خوایەک یان هێزێک نییە کە بە ویستی خۆی بریار لەسەر شێوەی جیهان بدا. بە دیوێکی دیکەش ئەو هێزە گەورەیە یان گەوهەری باڵا، پاڵنەری گشت ژیانە... کەواتە مرۆڤ دەتوانێ وزەی خۆی بخرۆشێنێ کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ تەواوی سرووشت و جیهاندا تێبگا و بە دوای داهێنانی ژیانیدا بگەڕێت». (٢)

لە دیدی سپینۆزاوە سرووشتی مرۆڤ جۆرێکە کە لە باریدایە زانیاریی دەستەبەر بکات. کاتێک مرۆڤ زانیارییەکانی فرەوان دەبن ئەوکاتە سرووشتە ناوەکییەکەشی زێدەتر بەرجەستە دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ خدوو بە شتە دەرەکییەکانەوە بگرێ، ئازارەکانی زێدەتر دەبێ. لەبۆیە سپینۆزا هانی مرۆڤ دەدا بە ڕووی زانیارییە بێکۆتاییەکاندا ببێتەوە:

«هەر بۆیە ئەوەی کە لەمەڕ نەمری خوا و بوونە بێکۆتاییەکان بۆ هەمووان پێکەوە زانیاریی دەبەخشێ بە هەمان ئاست بەشێکە لەو گشتایەتییە... هەڵبەتە بەو شێوەیە هەر یەک لەمانە دەتوانێ زانیاریی زیاتر بە دەست بێهێنێ، هاوکاتیش مرۆڤ سەبارەت بە خۆی و خوا باشتر هوشیار دەبێتەوە، واتا پێگەیشتووتر دەبێ...» (٣)

بەمجۆرە مرۆڤ دەبێ بە تێگەیشتن لە خودی خۆی ئەو توانستە دەستەبەر بکا کە لەباریدا هەبێ لە ڕێگای نەمری سرووشتەوە، کە لە ناو خۆی و هەمووشتێکدا هەیە، بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدا و گەوهەرەکەشی بخرۆشێنێ. لە کن سپینۆزا مرۆڤ دەبێ خۆی فێر بکا کە ڕووبەڕووی سەفەری ناوەکی خۆیدا ببێتەوە. لێرەوە دەکرێ بێژین کە ئەو بیرۆکەی سپینۆزا بە جۆرێک لە جۆرەکان پاشان لە بیرۆکەی نیتشەدا سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ڕەوشت دەلەرێتەوە. بە واتایەکی تر، ڕەنگە «تیۆری سپینۆزا لەمەڕ سۆز و جۆش، ڕەتکردنەوەی گشت ڕەوشتگەرایی و بەهایە باڵایەکان، سەرنجی نیتشەی کێشکردبێت. بە دیدی سپینۆزا ئێمە لە پێناو کاری چاکە و خێردا هەوڵنادەین، چونکە ئەمە خۆی چاکە و خێرە هەر بۆیە ئێمە بە هۆی خۆرە هۆکارێکەوە بەدوای چاکە و خێردا حەوداڵین (قازانجکردن، شادی، سوود و...تاد». (٤)

**نیتشە**

هاوکاتیش نیتشە دەخوازێ مرۆڤ هەروەک ئیستا لەم ژیانەدا بژی، چونکە بێجگە لەو ژیانەی ئێستا ژیانێکی تر لە گۆڕێدا نییە. لە دیدی نیتشەوە، ژیان بریتی نییە لە ڕەتکردنەوەی، بەڵکو ژیان بریتییە لە «بەڵێیەکی دیۆنیسییانە بۆ ژیان». مرۆڤی نیتشەیی ئەوەی کە پێویستە هەڵیدەبژێرێت، ئەوەی کە لە هەتا هەتاییدا دەژی هەڵدەبژێرێت، نەک شتێکی تر. بە کورتی مرۆڤ ئەو ئەرکە هەڵدەبژێرێ کە باڵاتریانە. لەرینەوەی دیۆنیسی لە ژیاندا بە دوای هەتا هەتاییدا دەگەڕێ. لەبۆیە نیتشە فەلسەفەکەی خۆی بە «هەڵسەنگاندنەوەیەک لە هەموو بەهایەکان» ناودێر کرد. لەم ڕوانگەیەوە نیتشە بە ڕاشکاوی بە ڕووی «رەوشتی مەسیحی» هەڵشاخا. چونکە بە واتای نیشتە ڕەوشتی مەسیحی سرووشت بە گشتی ڕەتدەکاتەوە. نیتشە لە کتێبی «رەچەڵەکی ڕەوشت»دا، ڕەوشتی مەسیحی وەک پرینسیپێکی «دژە ژیان» ناودێر دەکا. چونکە ڕەوشتی مەسیحی لاواندنەوە و بەزەیی بە ئازار بەخشی، هاوکاتیش ئازایەتی بە ملکەچیی و لاوازی بەخشی، ئەمەش وای لەوانەی کە بڕوایان بە خۆیان نییە کرد کە بە بیانۆی پیاوچاکیی و ویژدانەوە گشت نەخۆشی و ئازارەکان بەردەوام بن. لە کن نیتشە ژیان لە کرۆکی خۆیدا بریتییە لە ئەفراندن، سەرکەوتن بەسەر ئەوانەی کە لاوازن، بندەستن. بە کورتی ژیان لە کن ئەو بریتییە لە ویستی دەسەڵات. لێرەوە ئەو ڕامانگەلە لە ڕوحی مرۆڤە بوغزاوییەکان لە سەرشاری بیرۆکە ناودارەکەی نیتشە هەڵدەقووڵێن کە لە دابەشکردن لە نێوان «رەوشتی باڵادەست»

و «ڕەوشتی کۆیلە»دا بەرجەستە دەبنەوە:

«ئێستا ئێمەی لاواز جارێک لاوازین؛ ئەوە تەواو ڕاستە ئەگەر ئێمە شتێک نەکەین کە ئێمە بەهێز نین، ئیتر بەسە دەبێ بیکەین...» (٥)

پێوانە ڕەوشتییەکان یان قەڵەمڕەون یانیش کۆیلە و بندەستەکانن. لە دیدی ڕەوشتی قەڵەمڕەودا «باش» و «خراپ» هەمان واتای «شکۆمەند» و «دزێوی» دەگەیەنێ. بوودەڵەکان دەبنە ترسنۆک و خۆیان ڕیسوا دەکەن. بەڵام مرۆڤی شکۆمەند لە بەهایەکانەوە خۆی دروستدەکا. لەوێدا ئازارخۆرەکان، ئەو نائازادانەی کە هەموو شتێک دەڕەوشتێنن، بەهایە ڕەوشتییەکانی تر زیندوو دەکەنەوە. تەواوی ئەو خەسڵەتانە وادەکەن کە ژیانی ئازار خۆرەکان بەدیار بکەون. لێرەوە هاوسۆزی، دڵگەرمی و خۆبەکەمزانین بەرانبەر شەرەف و بەهاداری دێتە ئاراوە. بە گوێرەی ڕەوشتی باڵادەستەوە «باش» بەرهەمداری دەبەخشێ. کەچی بە گوێرەی ڕەوشتی کۆیلەوە «خراپە» بەرهەمداری دەبەخشێ. لە ئاکامی ئەوەدا بێدەسەڵات دەبێتە «باشە»، ترسنۆکییش دەبێتە «خۆبەکەمزانی» و ملکەچکردن. ئەوانە ڕقیان لە «ئازار» دەبێتەوە و لەرزۆکییش لای ئەوانە دەبێتە هەستێک کە تۆڵە نەکەنەوە، یان بە واتای نیتشە «ئەشقی دوژمنەکانیان بن». نیتشە سەبارەت بەوە ئەوها دەپەیڤێ: «بێدەسەڵات، کە تۆڵە ناکاتەوە، دەبێتە جۆرە «باشەیەک». هەروا ترسنۆکی ملکەچیش خۆی «بەکەمدەزانێ». ملکەچی لە بندەستی ئەوەی کە مرۆ ڕقی لێدەبێتەوە دەبێتە «خۆبەدەستەوەدان»... مرۆی لاوازی خەمسارد لە ویستی دەسەڵاتدا، ئەو ترسنۆکییەی کە ئەو تا ئەوپەڕی توانا بەهرەدارە لەوە، شێوازەکەی کە لەبەر دەرگایە، وەک بێدەنگێک، چاوەڕوانە-تەواوی ئەمانە زیاتر ناوێکی زایەڵەدار وەردەگرێ... هەروا (کۆیلە) «دوژمنەکەی خۆشدەوێ»- بەمجۆرە مرۆ کەمێک ئارەقە دەکا...». (٦)

زۆرێک لە ڕەخنەگرانی نیتشە پێیان وایە نیتشە لە بەشێکی لە بیرۆکەکانی، بە تایبەتیش سەبارەت بە مرۆڤە لاوازەکان، دژی دیمۆکراتی و مرۆڤدۆستییە. لێ هزرەکانی لەمەڕ مرۆڤی نوێباوی ئەم ڕۆژگارە هەتا ئێستاش مایەی بایەخن. بە بڕوای نیتشە، ئاستەنگی ئەو مرۆڤە نوێباوە بە خەونەکانی خۆیەوە دەتلێتەوە، کەچی لە بری ئەوەی ڕوو بکاتە ویستی ئازاد بوون، هانا بۆ ئەوە دەبا، بە هەر شێوەیەک بێ، خۆی لەو ئازارە بدزێتەوە. بە دیدی نیتشە ئایین یەکێکە لەو بیانۆیانەی کە مرۆڤ بۆ خۆدزینەوە لە ئازارەکانی پەنای بۆ بردووە. کەواتە ئایین خەونێکە تاکوو مرۆڤ

له دوای مردنی ژیانێکی بەهەشتی بۆ خۆی مەیسەر بکا و بەمەش خۆی لەو ژیانە ڕاستییە بشارێتەوە. لەبۆیە نیتشە گرێکییە کۆنەکان پەسن دەدا. لە کن نیتشەدا گرێکییەکان چەشنە مرۆڤێکی جیاواز بوون. لە جڤاکی گرێکی کۆندا بۆ یەکمجار کولتوور ڕسکا و ڕەگی دێونیسی و ئەپۆلۆنی پێکڤە هاوئاهەنگییەکیان لە ژیاندا سازاند. نیتشە لە کتێبی «لە دایکبوونی تراژیدیا»دا وەک بەرهەمێک باسی هونەر دەکا، لەوێدا هونەری دیۆنیسی ڕۆڵی هەست و نەست دەبینێ و هونەری ئەپۆلۆنیش ڕۆڵی ئاوەز. بە بڕوای نیتشە هەر ئەو دوو هێزەش بوون کە کولتووری گرێکیان دەوڵەمەند کرد، بەرهەمە دانسقەکەی هۆمیرۆسیش یەکێکە لەو بەرهەمە مەزنانەی کە ئەو ڕوحە تراژیادییە ئەفراندی.

نیتشە ڕەوشت وەک دەربڕینێک بۆ «ئەسکێت/زاهیدێکی ئایدیال»ی فامدەکا. بە واتایەکی تر: نیتشە وەک چەشنە مێتافیزیکێکی ئایدیالی سەیری ڕەوشت دەکا. لە کن نیتشەدا، ژیانی ئێمە لە سرووشتەوە ڕەگئاژۆیە، بەهایەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ژیانێکی تەواو جیاوازدا سڕ دەبن، ئەو ژیانە کاتێک ڕووبەڕووی ژیانێکی دەرەوەی خۆی دەبێتەوە، بە دژی خۆی دەبێتەوە. هەر ئەو ئایدیالەشە کە نیتشە لە هەموو شێوەکانیدا وەک ئایدیالێکی دژە ژیان گەمارۆیان دەدا.

سپینۆزاش وەک نیتشە ڕووبەڕووی ئەو هێزە دەرەکییانە دەبێتەوە کە تۆڵە لە ژیانمان دەکەنەوە. بەمجۆرە ئەگەر هێزی ئێمە لە هێزی سرووشت سۆزی کەمتر بوو، ئەوکاتە هێزە دەرەکییەکان تووشی سۆزە کەهێلەکانمان دەکەن. لە دیدی سپینۆزاوە ئەوە ئاکامی سۆزی جەستەکانە. کاتێک جەستەیەک کاریگەری لەسەر جەستەیەکی دیکە دادەنێت پەیوەندییە ناوەکییەکان لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن و بەمەش جەستەکان پەیوەندی تر دەسازێنن. سپینۆزا ئەو سۆزە بە «سۆزێکی شاد» ناودێر دەکا. شادی هێزی هەڵسوکەوتەکان بەرز دەکاتەوە. ئاکامی سۆزی شادییش دەبێتە ئەڤین. چونکە ئەڤین خەم نییە بەڵکو زایەڵەی ژیانە، بە تایبەتیش ئەوکاتەی کە هێزی ئێمە ترۆپکی ئەڤین دەپێکێ. لەبۆیە ئەڤیندارەکان گرنگترین مرۆڤن، بە کورتی ئەو مرۆڤانە تژین لە وزە و جووڵە، ویستگەرایی. ئەگەر ئێمە هێزی زەویی و ڕۆشنایی ژیان لە ئامێز بگرین، پێوسیتە هەمیشە ئەڤیندار بین.

وێڕای ئەمەش کاتێک جەستەیەک کاریگەری لەسەر جەستەیەکی دیکە بکا، هێزە دەرەکییەکان ناتوانن یەکبگرن، لەوێدا هەردوو جەستەکە لەیەکتر دەترازێن. بە واتای سپینۆزا: «کاتێک ڕوح بە شەپۆڵی سۆز گەمارۆ دەدرێ، هاودەم جەستە

له سۆزدا بەردەوام دەبێ لە میانەی ئەوەشدا هێزە کاهرایەکان زۆرتر دەبن یانیش کەمتر دەبن. بەمجۆرە ئەو دژە سۆزە جەستەییە لە وزەی هۆکردەکەی دەبێتە بوونەکەی...» (٧)

چونکە هەردوو جەستە ناتوانن یەکتری چالاک بکەن. کاتێک دوو جەستە نابنە یەک، ئیتر ناتوانن یەکتر مشتومالّ بکەن. ئەمەش سۆزێک دەبەخشێ، کە سپینۆزا بە «سۆزە خەمبارەکان» ناودێری دەکا. سۆزە خەمبارەکان خەم بەرهەمدەهێنن و خەمیش کاکڵەی ژیان تێکدەشکێنێ. لە ڕوانگەی سپینۆزاوە دەتوانین بێژین کە ڕق زادەی خودی ڕەوشتی کۆیلەیە. هەروەک دەزانین کە نیتشە بە هەمان شێوەش دژی ڕەوشتی کۆیلە بوو. چونکە کۆیلە هەمیشە خەمگینە، لەبەر ئەوەی کۆیلە پێی وایە دەچەوسێتەوە. لێرەوە کۆیلە دژی بەڵێیە بۆ ژیان. چونکە کۆیلە سۆزێکی خەمباری دژی ئەوانی تر و دژی خۆشی هەیە. پەیوەندی نێوان کۆیلە و دەسەڵاتدار بەو سۆزە خەمبارە دروستدەکرێت. ڕەوشتی باڵادەستیش پێویستی بەو هەستە نەخۆشە، واتا کۆیلە هەیە.

لە دواجاردا بە واتای نیتشە ڕقی کۆیلەدار و ڕەوشتی کۆیلە دژی خودی ژیانە. باڵادەست یان کۆیلەدار تاکوو دەسەڵاتەکەی زیاتر بکا دەخوازێ ئەو سۆزە خەمبارە پەرە پێبدا و قووڵیبکاتەوە. لە دیدی نیتشەوە «قەشە و پیاوانی زانست» ڕەوشتی خۆیان لە خاکی ژیاندا دەچێنن. نیتشە لە «ڕەچەڵەکی ڕەوشت» دا پێمان دەڵێ کە «ئایدیالی ئەسکێت/زاهید» و «زانستوانەکان» ناخوازن ئێمە دڵخۆش بین و باوەشی خۆمان بۆ ژیان و ئەڤین ئاوەڵا بکەینەوە، بەڵکو ئەوان دەخوازن ئێمە خەمگین و کەهێل بین.

بە بڕوای سپینۆزا و نیتشە ڕەوشتی کۆیلەدار و دامەزراوە فەرمییەکان هەمیشە دژی ڕوحانییەتن. ڕوحانییەت لە کرۆکدا واتای ئەڤین بۆ ژیان، بەڵێ بۆ ژیان دەگەیەنێ. سپینۆزا و نیتشە، بە واتای فرێدریکا سپیندلەر: «لە فەلسەفە یەکاتییەکاندا ناسنامەیەکی نوێ بۆ مرۆڤ دەئافرێنن، هەناسەیەکی تر بە مرۆڤ دەبەخشن کە بتوانێ پەرە بە خۆی بدا و وەک هێزێکی بیرکەرەوەی کارا خۆی پێناسە بکا کە بەرپرسیارە بەرانبەر ژیانەکەی... هەڵبەتە کتومت لەو خاڵەدا سپینۆزا و نیتشە لە یەکتر جوودا دەبنەوە». (٨)

مرۆڤێک بە ڕوحانییەتیەکەی تەواوی پەیامی ژیان لە ڕوحی خۆیدا سەر مەست دەکا. بەمجۆرە وەک دەبینین سپینۆزا و نیتشە دژی سۆزە خەمبارەکانن، چونکە سۆزە خەمبارەکان ویستی ژیان و پەرۆشییەکانی مرۆڤ دەکوژن.

سەبارەت بەمە ژیل دولۆز پێمان دەڵێ کە سپینۆزا دژی سێ کەسایەتی بوو، یەکەمیان مرۆڤێکی داهێزراو و دووەمیان ئەو مرۆڤەی کە سوود لە سۆز، لە دۆخێکی خەمناکی وەردەگرێ. سێیەمیشیان مرۆڤێک کە پێویستی بەو سۆزە خەمگینانەوە هەیە تاکوو هێزەکەی زیاتر بکا، بۆ نموونە، کۆیلە، ستەمگەر و قەشە. (٩)

### کورتیلە ڕامانێک

#### سپینۆزا

جێگەی سەرنجە کە سپینۆزا و نیتشە، وێڕای جیاوازی زۆری نێوان سەردەمەکەشیان،فرە ڕەهەندییەک بۆ ئازادی تاکەکەسەکان ئاوەڵا دەکەنەوە. تاکەکەس لە کن سپینۆزا توانایی و وزەیە، چونکە تاکەکەس سۆزێکی کارا و کاریگەری هەیە. لێ هاوکاتیش تاکەکەس بە ئازادی لە دایک نابێ، بەڵکو خۆی ئازاد دەکا.لێرەدا دەبێ بێژین کە مەبەستمان لە ئازادی ئەو ئازادی نییە، کە ئیدیۆلۆگییەکانی ئەم ڕۆژگار یان لە کوردستاندا پێناسەی دەکەن، چونکە لەو دیدانەوە ئەوانە ئێمەیان ئازاد کردووە یان ئەو ئازادییەمان لە سرووشتی خۆمانەوە هەیە. ئەو تەرزە ئازادییە جۆرە ڕوانینێکی هەڵبەستراوە و ئەو ئیدیۆلۆگیی و دەسەڵاتانەش بەمە مرۆڤ فریو دەدەن. دیارە نیتشە ئەو تاکە فێلوسووفە بوو کە بە ڕووی ئەو ئازادییە هەڵبەستراوە وەستا. کەواتە ئێمە تاکەکەس نین، بەڵکو دەبین بە تاکەکەس، هەروەک ئێمە ئازاد نین، بەڵکو خۆمان ئازاد دەکەین. بۆ ئەوەی ئازاد بین دەبێ هەمیشە کارا بین.
وێڕای ئەمەش سپینۆزا ئازادی تاکەکەس وەک جۆرە پرۆسەیەک ڕاڤە دەکا کە کردە کارایەکان مشتوماڵ دەکا. بە دیدی سپینۆزا تاکەکەس ئەوکاتە ئازاد دەبێ کە ئەو توانی وزەکەی، «کۆناتوس»ەکەی زیاتر بکا. ئەو وزەیەش تەنیا بە شادمانی و چالاکییە جەستەییەکانەوە زێدەتر دەبێ. شادمانی هەر تەنیا وزەی تاکەکەس زێتر ناکا بەڵکو ئازادییەکەشی فراوانتر دەکات.

لە کۆتاییدا دەکرێ ئامارژە بەوە بکەین، کە چاندنی تۆوی کۆیلەیی لە ڕوحی کورد لە لایەن کۆیلەدارەکانییەوە، واتا داگیرکارانییەوە، هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدایە هێزە دەرەکییەکان ئازادی بکەن. لەبۆیە ڕەنگە یەکێک لەو هۆیانەی کە وای لە کورد کردووە هەتا ئەمڕۆش بەرانبەر ویستی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لەرزۆک بێ. وێڕای ئەمەش ڕەنگە هەر کارایی ئەو «سۆزە خەمبار» و «روحە بوغزاوی»

بێ لە ڕوحی مرۆی سیاسی کورد کە لە چرکەساتە وەرچەرخێنەرەکاندا نەتوانێ بە بڕیارێکی ویستگەرایانە ئەو دابڕانە چاوەڕوانکراوە لە بوونی بندەست و کۆیلەیی کورد دروستبکا؛ بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بە ڕووی کۆیلەدار، دەسەڵاتدارە بوغزاوییەکاندا ڕاپەرموێ.

**ستۆکهۆڵم ٢٠٠٧/٦**

**ژێدەر:**


١. Benedictus Spinoza، (٢٠٠١) Etiken Antal sidor: ٣١٦ Förlag: Bokförlaget Thales، del١١١ ٢٠٠١ :Utgivningsår teori ٧ و S del .Bvis av teori، ١V. ٢٦.

٢. Fredrika Spindler، Nietzsche om Spinoza، tidskriften Nr١، "Värld och vetande"، ١٩٩٣، S. ٢٠.
٣. Spinoza، Etiken، teori ٤٦، del، ١١ و anmärkningen av teori ٣١، del V.
٤. Jan Sjunnsesson، Radikala spinozister، Res Publica، Spinoza tema، S. ٢٤١.
٥. Nietzsche، Om moralens härstamning، Övers. Jan Sjögren، Rabin Prisma، Stockholm
٦. هەمان سەرچاوە: لاپەڕە: ٤٩
٧. Spinoza، Etiken ، del ١V، teori ٧، bevis.
٨. Fredrika Spindlar، Nietzsche om Spinoza، tidskriften Värld och vetande، S ,١٩
٩. Gilles Deleuze، Den etiska världsbilden، Res Publica، Spinoza tema، S. ٢٦٦.
١٠. Sjunnesson،. Radikala spinozister، S. ٢٤٣,

له ١٩٨١دا له یەكێك له خوێندگاكانی هەولێر خوێندنی دوا ناوەندیدا، به هۆی ئاشكرا بوونی پەیوەندیم به ڕێكخراوی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، ئەمنی سەددام به دوامدا هاتنه قوتابخانه. هەر لەو ساڵەوە بەرێگای ڕێكخراوی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە سەرم بۆ شاخەكانی كوردستان هەڵگرتوو و بووم به پێشمەرگەی كۆمەڵە، كه ئەوكات باڵێك بوو لەناو یەكێتی نیشتمانی كوردستان. بەڵام دواجار بەرپرسێكی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان داوایان لێكردم به نهێنی لەناو بزووتنەوەی ئیسلامی ئەكات كاربكەم، كه ئەوكات یەكێتی نیشتمانی بەو ڕێگایه ئەو هێزه ئیسلامییەی چەك دەكرد، هاوكاتیش هەمان كاتیش یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەگەڵ ڕژێمی سەددام، خەریكی گفتوگۆ بوو، كه به دژی بڕوای من بوو، بۆیه چووم بۆ لای حیزبی شیوعی عێراق.

هەشت ساڵ به پێشمەرگایەتی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق مامەوە. تاكوو دوا هێرشه دڕندانەكەی سەددام بەناوی ئەنفال و كۆتایی هاتنی پێشمەرگایەتی لەگەڵ ئەو حیزبه مامەوە.

دواجار له پاییزی ١٩٨٨ له دۆڵی باڵیسانه ەوه لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگه بەرەو دەڤەری بادینان ڕۆیشتین، لەوێشەوە لەگەڵ خەڵكی دێهاتنشینەكانی بەری بادینان، به ئازارێكی له وتن عاسێ بوو، بەرەو سنووری توركیا، بێ شارەزاییەك سەرمان هەڵگرت. دوای مانگێك گەیشتینه توركیا، لەوێش پاش مانگێك له زیندانی عەسكەری و ئازارەكان، لەسەر سنووری ئێران فڕێیان داین. پاش ٢ ساڵی سەخت، ساڵی ١٩٩٠ له ئۆردوگا داخراوەكان بەرەو سنووری سۆڤییەتی ئەوكات، كه ئەویش سەركێشیەكی تر بوو، ڕۆشتین. لەوێش دوو هەفتەمان له زیندانی سەربازگەكانی توركەمەنستانی ئەوكاتەی ڕوسیا بەسەر برد. له كۆتایی ١٩٩٠ بۆ یەكەمجار سواری فڕۆكه بووم، بەڵام به قاچاغ گەیشتمه سوێد. ئەوە لەو كاتەوە له ستۆكهۆڵم دەژیم. ئێستا خەریكی خوێندنم له بەشی تیۆری پەروەردە بۆ ئاماداكردنی دەرس گوتنەوە له زانكۆی سۆدەر تۆرن له ستۆكهۆڵم، هاوكاتیش تا ماجستەر له –مێژووی هزر خوێندوومه سكاندیناڤیا:

بەرهەمە چاپكراوەكانم:

١ □١٩٨٦، له بڵاوكراوەكانی پێشمەرگه .٢-

دوا نوێژەكانی چیا و سەفەری مەحاڵ — شیعر، ساڵی ١٩٩٣، سوێد.

٣-سكاندیناڤیا: دوورگەیەكی تر له بخوور — شیعر، ساڵی ١٩٩٦ سوێد

٤-نامەكانی مەرگ و نامەكانی ڕوانینوانێك — ئامادەكردن و وەرگێڕانی كۆمەڵی نامەی شاعیری فەرەنسی: ئارتۆر ڕایمبۆ، ساڵی ١٩٩٧، سوێد. چاپی دووەم ٢٠٠٧ هەولێر.

٥-سكاندیناڤیا دوورگەیەكی تر له بخوور، كراوەته به سوێدی و ساڵی ٢٠٠٤ چاپخانەی Tranan بڵاویكردۆتەوە

٦-مەهاباد له تۆڵۆپیادەكانی خوادا، وەرگێڕانی كۆمەله شیعرو جاوپێكەوتنی سەلیم بەرەكاته، ساڵی ٢٠٠٤ له سلێمانی، چاپخانەی سەردەم بڵاویكردۆتەوە.

٧-فەلسەفەی كۆچەری، وەرگێڕانی له سوێدی/دانماركییەوە، سەنتەری ئەدەب و فیكری نما، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥ چاپیكردووە.

٨-نیگای دەست، كۆشیعرێكی هاوبەش لەگەڵ ئیلیۆنۆرا برو، شێروان خدر و موتەلیب عەبدوڵا، ٢٠٠٥، له چاپخانەی دیلان له سلێمانی چاپكراوە.

٩-گوڵنارەكانی شوێنپێ له باخچەكانی تاراوگەدا، دەقێكی پەخشانییه، سەنتەری ئەدەب و فیكری نما، هەولێر، ٢٠٠٦، چاپیكردووە

١٠-گشتی ئەمەیه، مارگەرێت دۆراس، پەخشان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦، چاپیكردووە

١١-وێڕای كۆوتارێكی ئەدەبی و فیكری، كه بۆ چاپكردن ئامادەم كردوون.

# هیراکلیتیس وەکو فەیلەسووفی گۆڕان

مەجید عەزیز

هیراکلیتیس یەکێکە لەبیرمەندە زۆر دیارو گرنگە یۆنانیە کۆنەکان، ناوبانگێکی زۆری هەیە لەمێژووی ترادیسیۆنی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا، تەنانەت هەتاوەکو ئێستاکەش لـەڕادەو سنورەکانی بیرکردنەوەیدا کاریگەری بەسەر دونیابینیەکانەوە ماوەو، هەروەها لەکۆرسەکانی وەکو مێژووی فەلسەفەو ئیتیکدا لەزانکۆکاندا ناوی بەزەقی دەهێنرێت و دەخوێندرێت. هیراکلیتیس لەناوچەی لۆن سەر بەشاری ئیفەسووس ژیانی بەسەربردوە، وەکو دەڵێن لەوەدەچێت هەرگیز ئەو شارەی بەجێ نەهێشتبێت، لەوەدەچێت لەدەوروبەری (٥٤٠) لەدایکبووبێت و، هەروەها (٤٨٠) پێش ژیانی مەسیح کۆچی دوایی کردبێت.

هیراکلیتیس سـەرەڕای ئەوەی دەست دەخاتە سەر زۆر لەبیرۆکە فەلسەفیەکان، بەڵام لەتێگەیشتن و ڕەنگدانەوەی کات و سەردەمەکەی خۆیدا، بەشێوەیەکی گشتی لەمێژووی فیکردا بەفەیلەسووفی گۆڕانو فلەکس بەناوبانگە. ئەم گۆڕانەی هیراکلیتیس، هەمیشە بیرمەندێکی ترمان بیردەهێنێتەوە، کە پەرەمێنداسە، ئەمەش کتوومت بەپێچەوانەی فەلسەفەی گۆڕانەوە بەناوبانگە. لەبەرئەمەیە هیراکلیتیس و پەرەمێنداس زۆربەی جار ناویان پێکەوە دێتو پێکەوە باسیان لێوەدەکرێت، دیارە ئەمەش لەبەر ئەو جیاوازیە زۆر ڕادیکاڵەی لەنێوانیاندا هەیە. ئەگەرچی جیاوازن لەیەکتری، بەڵام کەمنین لەوانەی لێکنزیکیش دەیانبینن. هیراکلیتیس و پەرەمێدەس واپێدەچێت لەیەک سەردەمدا ژیابن.

هیراکلیتیس، ئاماژەی قووڵی فەلسەفی بەبوون و گەردوون و جیهان و مرۆڤ دەکات لەناو گۆڕانێکی بەردەوامدا، وەپەرەمێنداس بەدواییدا دێت و بەهەموو شێوەیەک ئەو گۆڕانە بەردەوامە دەخاتە بەردەم ڕەخنەوەو، گۆڕان بەوەهم و حاڵەتێکی ڕانەوەستاوی ناودەبات و بەلۆجیک و عەقڵانیەت بەهەموو شێوەیەک دژایەتی گۆڕان دەکات. شیعرەکەی پەرەمێنداس لەسەر بوون، وەکو بڵێی جۆرە وەڵامێک بێت بۆبیرکردنەوەی هیراکلایتیسی گۆڕان (بیکەمینگ). پەرەمێندەس ڕادیکاڵترین فەلسەفە بەرهەمدەهێنێت، گوایا بوونی ڕاستەقینە ئەو بوونەیە یەکبێتو لەخۆی بچێت، ئەوبوونەیە کە نابێت ڕێگاو مامەڵەی خۆی لەگەڵ گۆڕاندا بکات، چونکە گۆڕان لەبەرئەوەی هەمیشە بەندە بەدونیای تێمپۆڕاڵەوە لەناو ئەم جیهانەی ئێمە. ئەم گۆڕانە بەردەوامە ناتوانێت بەتەواوەتی وەکو شتێک بمێنێتەوە گۆڕانی بەسەردا نەیەت، ناتوانێت پارێزگاری لەحەقیقەت بکات بەوشێوەیە، لەبەرئەوە دونیای تێمپۆڕاڵ دونیایەکی کاتی و وەهمیەو بەهەمووشێوەیەکیش بەدوورە لەڕاستی و حەقیقەتەوە.

ئەوەی هیراکلیتیس بەمێژووی فیکر و فەلسەفە دەخاتە پێشەوەو زۆری دەناسێنێت، زۆر بیرۆکەو ئاماژەی گرنگ و جەوهەری فەلسەفین، بەڵام تێزەی گۆڕان ڕەنگە گرنگترین و جەوهەری ترین تێزەیەک بێت لەئاست ئاماژەکردنو باسکردنی ئەم بیرمەندەدا. تێزەی گۆڕان وەکو ئیمزای هیراکلیتیس وایە بۆفەلسەفە کاتێک باس لەمێژووی فەلسەفەی کۆنی یۆنانی دەکرێت، چونکە بێجگە لەوەی زۆر ئاماژە بەگۆڕان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا زۆری بیرو تێزەکانی تریشی، کەم تازۆر، پابەندن بەم تێزەی گۆڕانەوە لەناو بوونو دونیادا. بۆنمونە دەڵێت «هیچ شتێ بەرگەناگرێت تەنیا گۆڕان نەبێت».

هیراکلیتیس بیرمەنەدێکی زۆر جیاوازە لەزۆری فەیلەسووفەکانی پێشو تەنانەت پاشی خۆیشی، بۆنمونە وەکو تالیس و زینفۆن و ئەنێگزامەنیس و ئەنێگزامێندرەو، دواییش ئەفلات و ئەرستۆ لەدوای خۆی. وە ئەوانەی زۆر کاریگەرن بەبیرکردنەوەکانی لەمێژووی کۆندا بەزۆری ڕەنگە سینیکەکان بووبن، دیارترینیان دیۆگینیس بێت. هزری هیراکلیتیس، وەکو زۆربەی فەیلەسووفەکانی سەردەمی پێش-سوکرات زەمینەی بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی و عەقلانیەت خۆشدەکەن، بەتوندی ڕەخنەی بیرکردنەوەی پشت بەستوو بەمیتۆلۆجی (ئەفسانەگەرێتی) دەکات، بەتایبەتی هیراکلتیس نەوەک هەر شاعیرەکانی وەکو هۆمەرو هیسۆید، بەڵکو زۆر بەتوندی ئاماژە بە فیساگۆراسو زینفۆنیش دەکات. هیراکلیتیس، وەکو بیرمەندەکانی پێش

خۆی سروشتی و مەتریالیستیانە تەماشای گەردوون دەکات، ئەگەرچی لەبری ئەوەی هەمان بیرۆکەکانی ئەوان، وەکو ئەوەی بوون لەئاوەوە دروستکرابێت (تالیس)، یان بوون لەهەواوە دروستکرابێت (ئەنگزامێنیس)، بەڵام لەوەدەچێت جۆرە نزیکیەکی لەگەڵ ئەنەگزامێندەردا هەبێت، کە بوون بۆ ئەو نە ئاوە و نە هەواشە، بەڵکو وەکو هێزێکی بێسنوورو ڕانەگیرە. ئەگەرچی هیراکلیتیس، لەهەندێک برگەکانیدا، ئاماژە بەوەدەکات گوایا هەموو شتێک لەئاگرەوە پەیدابووبێت، بەڵام ئەمەش هەر لەژێر سەرنجی ئەوەدایە، ڕەنگە هیراکلیتیس ئەوئاگرەی وەکو میتافۆر بەکارهێنابێت. بەڵام بیرۆکەی لۆگۆسەکەی ئاماژەیە بۆ تەماشاکردنی بوون وەکو سیستەمێک کە جۆرە هێزێکی وایە، خۆی بۆخۆی دەبات بەڕێوە. لۆگۆسی هیراکلیتیسی، جۆرە جیهانێکە لەیەکێتیەکی پڕ ناکۆک و دژو جیاوازیەکان پێکهاتووە، جیهانێکە بەبێ چەمکی دووانەیی شتەکان ناتوانێت بوونی هەبێت. بۆنمونە، لەبڕگەی سیوشەشدا، دەڵێت «بەیاسای گەردوون، وەکو ڕۆژ ئەنجامی شەوە، ئاواش زستان ئەنجامی هاوینە، جەنگ بۆ ئاشتی، زۆری ئەنجامی قاتووقڕی».

بەرهەمی هیراکلیتیس، هەم وەکو ناوەڕۆک و هەم وەکو فۆرمییش، سەربەڕەگەزێکی فەلسەفی جیاوازە لەبیرکردنەوە و شێوازی نووسینیش. ئەوەی هەیەو دەخوێنرێتەوە لەژێرناوی هیراکلیتیسدا، سەدووسی نووسینی برگەیی کوورتن کە لەناو ئەم نووسینە زۆر کەمو کوورتانەدا، ئاماژەی زۆر قووڵ و چڕوپڕی سەبارەت بەجیهان، گەردوون، جەنگ، ئاگر، قەیران/ناکۆکی، مرۆڤو کۆمەڵگا، گۆڕان، مەعریفە، هەروەها ئیتیک و زۆری شتی تریش دەکات.

هیراکلیتیس لەسەردەمی خۆیەوە تاوەکو دوای سەردەمی خۆی، تەنانەت هەتاوەکو دونیای ئێستاکەش، بەجدی خوێندراوەو کاریگەری زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشتووە. هیراکلیتیس، واپێدەچێت لەبەرئەوەی تینوێتی بە یەک قاڵ بوو، یەک قووتابخانەی فەلسەفی نەشکابێت، شیوازی نووسینەکانی نائاشکراو ئاڵۆزو قورسن، لەبەرئەوە بەزۆر قوتابخانەو شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفی ناوی هێنراوە، بۆنمونە وەکو مەتریالیست، مۆنیست، میستیک، ناتورالیست، ڕاشینالیست و تادوایی. ئەمە وایلێکردوە هزری هیراکلیتیس خوێندنەوەی زۆرو چڕ بخوازێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە لەگەڵ بەشێک ئاڵۆزی و نائاشکرایی دەمێنینەوە. ئیدی ئەگەر ئەوانەی گرنگیان پێداوە، سکاڵەرو تایبەتمەندبن بەمیژووی فەلسەفەوە، یان دەروونناس و ئەدیب و هونەرمەندو شاعیرەکان بووبن، چونکە هیراکلیتیس بەسەر زۆرینەی نووسەرە جیاوازو کێڵگە جیاوازەکانی نووسینەوە کاریگەری خۆی بەجێهشتوە،

بۆنمونە وەکو هیگڵ و مارکس و نیتشەو کارڵ یۆنگ و زۆری تریش.
هەروەها شایانی باسیشە، لەبەر شێوازو ستایڵی دەربڕینە کورت و ئاڵۆزەکانی، وەکو دیاردەی نائاشکراو شاردراوە لەدەربڕینی مەبەست و مانای جەوهەری بڕگەکانی، لەبەرئەم هۆیە سەرەکیانەش وەکو میستیک و شاعیرێکیش ناسراوەو ناوی دەهێنرێت. هیراکلیتیس وەکو جۆرە بیرمەندێکی خودگەراو یان بوونگەرایەک دەبینرێتو وەرگیراوە، بۆنمونە لەوسەردەمەی خۆیدا بەشێوەیەکی ڕەوان، لەبڕگەی هەشتادا، دەڵێت «بەدواگەڕانی حیکمەت ئەوە بکەن کە من ئەیکەم: لەناخەوە بگەڕێن».
هیراکلیتیس لەوەدەچێت کە بیرمەندو نووسەرێکی زۆر پاپیولەربێت و سەرنجڕاکێش بێت بەلای خوێنەرە تایبەتیەکانیەوە، دیارە ئەمە ڕاستی خۆی تیادایە بۆ کاتە جیاوازەکانی سەردەمی مێژووی فیکروفەلسەفە، چونکە جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ بیرمەندەکانی سەردەمی خۆی و دوای خۆیدا، ئەمە ڕاستە لە ئاستی ناوەڕۆک و فۆرمیشەوە. بەگشتی زۆر زۆر توندە بەرامبەر زۆرینەی بیرمەندەکانی پێش خۆی، لەچەند شوێنێکدا ناوی فیساگۆراس و تالیس و زینفۆن دەهێنێت. وەهێرشی زۆر دەکاتە سەر زۆرینەی ئەوانەی ناویان دەهێنێت، بۆنمونە وەکو شاعیرەکان هۆمەرو هیسیۆد، بۆنمونە لەبڕگەی چلوسیدا دەڵێت «ئەو شاعیرە گەمژەیە کێشەی لەناوماندا نەوێت، خواکان یان خەڵکی. هارمۆنیا پێویستی بەنزمی و بەرزی هەیە، وەدروستکردنی مناڵ پێویستی بە ژن و پیاو هەیە» بەڵام لەوەدەچێت کاریگەری ئەنگزامێندەری بەسەرەوەبێت، ئەگەرچی دونیای بیرۆکەکان لەلای هیراکلیتیس پێگەییوتر پێشکەشکراون وەکو ئەوانەی لەلای پێش خۆی.
ئەگەر هیراکلیتیس، بەشێوەیەکی زۆر جیاوازو قووڵ ناوی لەژێر زۆر لەقووتابخانە فەلسەفیەکان بێت و ئاماژی بۆ بکرێت، ئەوا بەوشێوازەی نووسینی نووسیوە و بیر و ئایدیاکانی خۆی دەربڕیوە، بۆنمونە یەکێک دەتوانێت وەکو پۆستمۆدێرنێکیش ببینێت، بۆنمونە تەماشاکردنی ژیان و کۆمەڵگاو گەردوون هەمیشە لەناو دووفاقیەتی خۆیاندا، وەبوونی گۆڕان وەکو حاڵەتێکی بەردەوام لەناو جیهاندا، ڕەنگە بیرۆکەی ڕێژەگەراییمان لەلا دروستبکات بەرامبەری بیرکردنەوەی، بەڵام بێگومان هیراکلیتیس وەکو بیرمەندێکی پلورالیستیش دەردەکەوێت، کە ئەمەش باسی شووناس و جیاوازی و فرەیی دەهێنێتە پیشەوە. چونکە خوێندنەوەی هیراکلیتیس زیاتر وەکو جۆرە نووسەرێک دەبیندرێت کە جۆرە میتۆدێکی دەروونی بەکاربهێنێت، وەک لەوەی پڕاوپڕ فەلسەفیانەی ڕووت بێت و هەروەها شێوازی ئاڵۆزو پڕ نائاشکراو بڕگەی

شیعری، وەهەروەها بوونی بیرۆکەی دژەکان و قەیران لەناو بووندا هەمیشەش، ئەمەش والەیەکێک دەکات بیرۆکەی ڕاستی و حەقیقەت وەکو ئاڕاستەیەکی ڕەها نەیەتە پێش چاوی.

دیارە پاپیولەرێتی هیراکلیتیس، دەگەڕێتەوە بۆ جۆرو شێوازی نووسینە کورت و چڕوپڕەکانی سەبارەت بەدونیا، گەردوون، خوداوەند، ئەخلاق، کۆمەڵگا، لەدیدە دووفاقیەکەیەوە بۆ شتەکان لەناو گەمەی بیرۆکەی یەکێتی و جیاوازی و گۆڕاندا دەکات. ئەم جۆرە دیدە هیراکلیتیسە لەلای نیتشەو هیگڵ و هایدیگەر بەئاسانی دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت، هەروەها نووسینەکانی (بڕگەکانی)، هەروەها شێوازی نووسینی بۆنمونە، وەکو لۆدیڤگ فنگشتاین بەراورد دەکرێت و لێکنزیکیان بەئاسانی دەبیندرێت. چونکە هەردووکیان ستایلی ئەفۆریزمیان وەکو نووسین بەکارهێناوەو هونەرێکی تایبەتی تیایاندا بەدی دەکرێت لەبەردەم هەوڵی قووڵبوونەوەدا لەچەند وشەیەکدا، ئەمە بەدڵنیاییەوە لەلای نیتشە هەیە. هیراکلیتیس ئەگەر دۆست و خوێنەری خۆی هەبێت، ئەوا ناحەزیشی هەیە.

ئەگەرچی هەر لەسەردەمی ئیفلاتوونەوە ناحەزی زۆریشی هەبووە، کە وەکو فەیلەسوف نایبینن و گرنگی زۆری پێنادەن لەبەر ناڕۆشنی زمانی ڕەمزی و شیعری دەربڕینەکانی، بۆنمونە ئەرستۆو تیفۆفراستووس گازندەی ئەوەی لێدەکەن، نووسینەکانی وەکو ناڕون و ئاشکرا ناکامڵن. «ئەرستۆ تێبینی ئەوەیکردووە، نووسینەکانی هیراکلیتیس هەمیشە نائاشکران، تیۆفراستووسیش ئاماژەی بەوەکردووە کە هیراکلیتیس نووسینەکانی هەندێکجار بەتەواونەکراوی جێهێشتووە، هەندێکجار لەگەڵ خۆیدا کەوتۆتە ناکۆکیەوە. لەبەرئەوە جۆرە بێهوودەییەکی بەرهەمهێناوە» (لاپەڕە،٣٣)

Hussey، Edward. The pre-Socratics. Classical life and letters.

New York: Charles Scribners sons، ١٩٧٢.

بۆنمونە لەبڕگەی دەدا، دەڵێت «شتەکان نهێنی خۆیان دەپارێزن» ئەگەرچێ ئەمە زۆرجار بە «سروشت نهێنی خۆی دەپارێزێت» بەکارهێنراوە. دێڕێکی بەوشێوەیە، بۆ جۆرە بیرمەندێک کە بەلۆجیک و سەلماندنی هەموو شتێک کاربکات، ئاسان نابێت و ئازاری خۆی دروستدەکات، بەڵام گومان لەوەدا نییە، کە لەوەدەچێت هیراکلیتیس بۆخۆی نەوەک هەر نووسەرێکی قووڵ و دەوڵەمەند بووە لەئاستی خەیاڵو سیمبول و بیرکردنەوەی جیاوازدا، هەروەها لەوەدەچێت ڕەخنەگرانی بەلاوە زۆر گرنگ نەبووبێت، چونکە بۆخۆی چێژی زۆری لەوە بینیوە کە بەوشێوەیە

نووسینی نووسیوە. یەکێک بۆنمونە نووسەرانی وەکو کیرکجاردو نیتشەو کۆریان تەنانەت کافکای دێتە بەرچاو لەم حاڵەتانەدا.

هەروەها شێوازو ناوەڕۆکی ئەو سەدوو سی بڕگانەی هەیە لەژێر ناوی هیراکلیتیسدا، بەشێوەیەک لەشێوەکان ئیشکالی وەرگێڕان و تەئویلکردنەوەو تێگەشتنی جیاوازیان بەرهەمهێناوە، لەبەرئەم هیراکلیتیس وەکو فەیلەسووف، شاعیرو مستیکیش دەبینن. نووسینەکانی لەبەرئەوەی بڕگەی کوورتن و جۆرە حیکمەتێکی سەیریان تیادایەو خۆشیەکی شیعریشیان هەیە، یەکێک لەگرنگترینیان نمونەی پەڕینەوەیە لەڕووبارەکە (ئاماژە زیاتر بەمە دەکەین). بەڵام تەواوی بڕگەکانی هیرالکیتیس ڕەنگدانەوەی فەلسەفی و تیۆلۆگی و کۆزمۆلۆجی و هەروەها کۆمەڵایەتیشیان هەیە. هیراکلیتیس، ئەگەر زۆریشی نەنووسیبێت، ئەوا ئەوەی هەیە لەژێرناوی ئەوداو ماوەتەوە، چەند کەم و نائاشکراشبن، بەڵام لەڕێگایانەوە وروژاندنی جیهانی مەعریفە، ئیتیک، میتیافیزیک، سیاسەت و کۆزمۆلۆجی، دواییش تیۆلۆجی هەستپێدەکەین، زۆربەی بڕگەکانی هەمیشە قورساییان خستۆتە سەر ئەم جیهان و گەردوونەی تیایداین بەشێوەیەکی گشتی. بۆنمونە لەبڕگەی سیانزەدا، دەڵێت «چاو، گوێچکە، هزر لەکردندا ئەمانە بەلامەوە بەنرخن» بەمانایەکی تر، هیراکلیتیس وەکو دوالیستێک نابیندرێت، چەند ئەمەندەی لەگەڵ دیدی سروشتی و مەتریالیستیدایە بۆبوون و ئەم جیهانە. ئاماژە بۆخواکان دەکات، بەڵام لەوەدەچێت بزانێت و بەئاگابێت، لەوەی ئەم خوایانە لەچیرۆک و ئەفسانە زیاترنین، ئەگەرچی ئەم هەستکردنە فیکری و زانستیە، وەکو سەرەتایەک بۆ مێژووی فیکر و فەلسەفەی یۆنانی خۆجیاکردنەوەیەتی لەمێژووی خورافەو ئەفسانەیە، هەروەها چیرۆکی مانیفێستکردنی سەرەتایەکی گرنگی فەلسەفەیە، عەقڵ دەکات بەسەرچاوەی تەماشاکردنی دونیاو شتەکانی دەوروبەری، هەروەها هێرشی توند دەکاتە سەر هیسۆید و هۆمەر، دوو شاعیری دەمڕاستی کاریگەریو بڵاوکردنەوەی باوەڕی ئەفسانەگەرین. بۆنمونە لەبڕگەی سیوحەوتدا دەڵێت «ئەگەر هەمووشتێک ببێتە دووکەڵ، لووت وای لێدێت کە ببێتە کورسی بڕیاردان». وەرچەرخانی فەلسەفی لەتالیسەوە، ئیدی قووڵبونەوەو تێفیکرینی مرۆڤە لەناو جیهان خۆیدا نەوەک شتێکی تر، ئەگەرچی باسکردنی ئاسمان و ئەستێرەکانیش وەکو سەرەتاکانی ئەسترۆنۆمی گرنگی خۆیان هەیە.

لەمێژووی فەلسەفەدا، هیراکلیتیس بەزۆر دیدی فەلسەفی ناسراوەو بەناوبانگە، بەڵام ڕەنگە سەرەکیترین و گرنگترین تێزە هیراکلیتیسی پێبناسرێتەوە، بریتی بێت لەچەمکی گۆڕان. گۆڕان لەناو گەردوون، کۆمەڵگاو، سروشتدا، بۆ هیراکلیتیس

بایەخێکی زۆر گرنگ و سەنترالّی هەیە، گۆڕانێکی بەردەوام لەهەموو کەناڵێکەوە، ئەم بیرۆکەی گۆڕانەیە، بۆنمونە زۆر میتافۆری بۆ بەکاردەهێنێت لەنووسینەکانیدا، بۆنمونە میتافۆری وەکو ئاگرو جەنگ و ڕووبارو تادوایی. هەر خودی ئەم تێزەیەی گۆڕانیشە، هیراکلیتیس لەبەردەم دوو فەیلەسووفی زۆر بەناوبانگی وەکو پەرامێنداس و ئەفلاتون دادەنێت، ڕووبەڕووی جیاوازی ڕادیکاڵ و لێکچوونییان دەکاتەوە لەگەڵ یەکتریدا. هەردووک پەرەمێنداس و ئەفلاتون بەفەیلەسوف گەلی ڕاشیناڵیست و لۆجیکەوان ناسروان. هیراکلتیس لەگەڵ ئەوەی بیرێکی قووڵ و جەوهەری لەناو زمانی نووسیندا هەیە، بەڵام نائاشکرایی و کەمی بەرهەمی دەبێتە ڕێگریش لەبەردەم تێگەشتنی زیاتر لەم بیرمەندە. ئەگەرچی ئەوەی دەخوێنرێتەوەو بەمولّکی هیراکلیتیس دەبیندرێت و دەزانرێت، کۆکراوەی ئەو سەدووسی بڕگە کورتانەن (ئەفۆریزم)، کە لەلایەن نووسەرو فەیلەسووفانی ترەوە هاتووەو کۆکراونەتەوە لەژێر ناوی بڕگەکان (فراگمێنتس)چاپکراون.

**لۆگۆس**

بەلای چارڵس کانەوە، لۆگۆس بەزۆرماناو لێکدانەوەی جیاواز دێت، بۆنمونە دەتوانێت وەکو «زمان/ئاخافتن، دیسکۆرس،عەقڵ، پرانسیپو زەمینە، ستەیتمێنت، ژمارەگەری، لێکدانەوە، سەبەب، کۆکردنەوە،» (لاپەڕە، ٢٩).

.Charles H. Kahn. The art of thought of Heraclitus ١٩٧٩،Cambridge، England: Cambridge university press

بەلای هیگڵەوە، هیراکلیتیس زۆر لەپێش پەرەمێندەسەوەیە وەکو دیدگای فەلسەفی بەرامبەر بوون و بیکەمینگ، وەپێی وایە گرنگی هیراکلتیس بەسەر پەرەمێندەسدا هەیە لەئاست بیرۆکەی تێگەشتن لەبوون لەئاستی دایەلەکتیکیدا. وەپێی وایە، یەکەم بیرمەندە کە دیدی دایەلەکتیکی بەرهەمهێناوە. لۆگۆس وەکو سیستەمی جیهان، یەکێتیەکە دژەکانی تیادایەو لەخۆکۆردۆتەوە، لەگەڵ هیراکلتیسدا تەخەیولی فەلسەفی لەدایکبووە. لۆگۆس وەکو یەکێتی، یەکێتی ناکۆکیەکان دێنە ناو زمانەوە. هەروەها سەبارەت بە لۆگیکەکەی خۆی دەڵێت «هەموو پڕۆپۆزەڵێک لەلای هیراکلیتیس لەناو لۆجیکەکەمدا جێگەم بۆکردۆتەوە» دەیەوێت بڵێت ئەو لۆجیکەی لەلای من هەیەو ئاماژەی پێدەکەم لەلای هیراکلیتیس ئامادەیی هەیە.

لۆگۆس لەدیدە گشتی و بەرفراوانەکەیدا زمان و عەقڵ و تێگەشتن و دایەلەکتیک

دەگرێتەوە، بۆ هیراکلتیس هەموو ئەمانەو دواییش ئاستی تەماشاکردنی گەردوون و جیهان وەکو ئەو جۆرە لۆگۆسە وایە، بۆنمونە وەکو زیرەکی ناوخودی گەردوون خۆی، وەکو ئەو لۆگۆسەی خۆی دەبات بەڕێوە. لۆگۆس وەکو ڕێگەپێدانی زمان و قسەکردن دێت، ڤێربی (بۆئەوەی قسەبکەیت) دەکات، بەشێوە زۆر ئاسانەکەی مانای وشە دەکات، یان هەروەها چی وتراوە لەناو زماندا دەکات. ئەگەر ئەم بیرۆکەیە مانای ئەوەبدات یەکێک توانای قسەکردنی باشی هەبێت و سەرکەوتووبێت و بەتوانا بێت لەدایەلۆگدا. ئەوا لۆگۆس مانای گووتارێکی عەقلانیمان (دیسکۆرسێکی ڕاشینالْ) لەلا دروستدەکات، بەو پێیەی تێگەشتنمان لەلا فەراهەم دەکات لەڕێگای زمانەوە. ئیدی لەمڕوانگەیەوە، لۆگۆس مانای عەقڵانیەت، سەبەب، ئارگیومێنت دەدات و دەهێنێتەکایەوە. لەگەڵ ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە، لۆگۆس بۆ هیراکلیتیس بناغەیەکی گرنگ و جەوهەری هەیە وەکو پرانسیپ، بەڵام پرانسیپێکی دیارو عامەیە، بۆنمونە لە بڕگەیەکدا (بڕگەی ژمارە دوودا)، دەڵێت «لۆگۆس شتێکی عامەیە بۆ هەمووان»، ڕەنگبێ ئەو حاڵەتە مرۆڤیەی هەمانە لەناو دونیادا بەشێوە عەقلانیەکەی بۆ هەمووان، ئەو زانراوییەی هەبێت وەکو جۆرە حاڵەتێکی عامەبێت لەم ئاستەوە، ئەویش بوونی عەقڵ و ئیدراک، دەکاتە لۆگۆسەکە بۆهەمووان، یان هەمووان مافی ئەوەمان هەیە بتوانین کاری پێبکەین و بەتواناش بین لەبەکارهێنانیدا. یان ئەوەی کە دیارەو شتێکی زانراوە لەڕوانگەی هەمووانەوە، ئەوەیە دونیاو گەردوون کە تیایدا دەژین، دونیایەکی بەوشێوەیەیە کە ڕاشیناڵەو بەشێوەیەکی عاقڵانە بەڕێوەدەچێت، بەشێوەیەکی زیرەکانە ڕێکخراوە لەئاستێکی هارمۆنید (لۆگۆس). بۆنمونە لە بڕگەیەکی تریدا، بڕگەی سەدو سیانزەدا، دەڵێت «بیرکردنەوە عامەیەو بۆهەمووانە» هەروەها لەبڕگەی یەکەمدا، ئاماژە بەوەش دەکات گوایا، «هەمووشتێک وەهادەکاتەوە کە لەگەڵ لۆگۆسدا وێک بکەوێتەوە» وەهەروەها لەبڕگەی چلویەکیشدا، دەڵێت «حیکمەت یەکە، لەزانینی ئەو بیرەیە کە لەڕێگەیەوە هەموو شتێک دەخولێنێتەوە بەناو هەمووشتێکەوە» ئەگەرچی ئەمە بەئاسانی وەرناگێڕدرێت، بەڵام ئەوەی دیارەو ئاشکرایە، ئەوەیە بۆ هیراکلیتیس لۆگۆس وەکو جۆرە هێزێکی دیڤاین یان مەزنی کۆزمۆیی وای هەیە، بۆخۆی وەکو بەڕێوەچوونی تەواوی هەموو شتەکانی ناو جیهان و گەردوون بێت و بکات وەهایە.

بەڵام کاتێک هیراکلیتیس دەخوێنینەوە، بەشێوەیەک لەشێوەکان وادەرناکەوێت، لۆگۆس وەکو مانای خواوەند بگەیەنێت، ئەگەرچێ شتێکی واشمان لەلا دروستبکات، ئەگەرچی لەبڕگەی یەکەمدا ئاماژە بەبوونی وشە دەکات وەکو هێزێکی گەورە، ئەمە

لەمەسیحیەتدا بەئاشکرا دەبینرێت، بەتایبەتی لەکتێبی جۆندا، «لەسەرەتدا بە تەنیا وشە هەبوو».

لۆگۆس هەرشتێک بێت، گریمان ماناو جەوهەری جۆرە خواوندێکیش بێت، بەڵام بۆ هیراکلیتیس ئەو لۆگۆسە، هەرگیز لەدەرەوەی ئەم جیهانە مەتریالیەوە نییە، لەبەرئەوەی ئەم جیهانە بریتییە لەجیهانی دژەکان و بوونێکی سەقامگیری دووانەیی هەموو دیاردەو شتێک، ئیتر وەکو بڵێی تەواوبوونی لەناو یەکجەمسەردا مەحاڵبێت، ئەگەرچی لەلای هیگڵ کۆتاییەک دەبێت هەبێت کە عەقڵ دەستی بەسەردا هەیە، ئەمەش لەپێناوی و هەروەها سروشتی پرۆگرێستی ڕۆحە، کۆتایی مێژوو بەوشێوەیە دەڕوات، ئەمە بۆ مارکسیش هەر دروستە، چونکە جیهانی ڕۆح ناوێکی تري لێدەنێت و ئەویش مەتریالەو کۆتایی پێکدادانەکانی ناو دونیاش دەبێت لەسەردەستی نەمانی جیاوازی چینایەتی بێت. بەڵام هیراکلیتیس ئەمە وانابینێت، چونکە گەردونێکی لەدژەکان و جیاوازی و گۆڕان و فلەکس داناوەو هەرگیز کۆتایی نایەت لەو سروشتەی هەیەتی.

ئەگەرچی بۆخۆشی ئاماژە بەئاڵۆزی و تێنەگەشتنی ئەم لۆگۆسەش دەکات، بۆنمونە لەبڕگەی یەکەمی کتێبەکەیدا، دەڵێت «ئاوایی ئەم لۆگۆسە هەمیشە بەمشێوەیەیە، مرۆڤەکان هەرگیز لێی تێناگەن، نە لەپێشترو نە دواتریش گوێیان لێی نەبووە. ئاوا بەوشێوەیە هەموو شتێک ڕوودەدات لەڕوانگەی ئەم لۆگۆسەوە، وادەردەکەوێ پیاوانی تر ئەزموونی ئەمەیان نەکردبێت کاتێک ڕووبەڕووی ئەو وشەو کردارانە دەبنەوە کە من دامڕشتووە، جیاکردنەوەی هەریەکێکیان لەڕوانگەی سروشتی خۆیانەوە وە ئەوە بڵێن کە چۆنە. بەڵام ئەوپیاوانەی لەحاڵەتی کرداری بەخەبەربوونەوەی خۆیان تێناگەن، هەروەکو لەبیریان بچێتەوە چی ئەکەن لەخەویاندا» ئەگەرچی لۆگۆس وەکو حاڵەتێکی عامەیە بۆ زانین و تێگەشتن لێی، بەڵام هیراکلتیتیس ڕەشبینە لەبەردەم ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لێی تێبگات. هیراکلیتیس وەکو ئیلێتست ناسراوەو ناوبانگی هەیە، هەروەها زۆر ڕەقیشە لەئاستی زۆربەدا.

بەمانایەکی تریش، لۆگۆسی هیراکلیتیس، ئەگەر بریتی بێت لەژیان و بوون، هەروەها نەتوانین لێی تێبگەین و لەسەری تێڕابمێنین، ئیدی هەست و عەقڵمان بەتەواوەتی بەکارناهێنین لەوپێناوەداو لەبیری دەکەین ئەگەرچی لەناویداین و لەناویشیدا دەژین، کەواتە دەبەنگی و گەمژەیی زەفەرمان پێدەبات و فریای بیرکردنەوە ناکەوین چونکە شتی ڕووکەش و ئارەزووەکانمان هەڵماندەخەڵەتێنن. ئەم حاڵەتە، بەجۆرێک لەجۆرەکان وەکو لەبیرکردنی پرسیاری بوون بێت لەلای هایدیگەر، بیریشمان نەچێت مارتن هایدیگەر لەگەڵ یوجین فینکدا، دایەلۆگێکی درێژیان هەیە، کە لەچەند سیمینارێکدا ئەنجامدراوە،

تەواوی سیمینارەکان تەرخانکراون بۆ قسە لەسەرکردن لەسەر بڕێکی زۆری فراگمێنەکانی هیراکلتیس. کتێبەکەش هەر لەژێر ناوی سمینارەکانی هیراکلیتیس چاپکراوە، هەوڵێکی وردو زمانی و هەروەها کاریگەری دەروونیشی بەسەرەوەیە بۆ تێگەیشن لەسەر وشەو دێڕو ڕستەکانی هیراکلیتیس. ئەم کتێبە، ورەدکاری و قووڵبوونەوەی زۆری تیادایە لە بۆ وەرگێڕان و لێکدانەوەی وشەو ڕستەکانی هیراکلیتیس، هەروەها تەماشاکردنی حاڵەتی مێژوویی‌و زمانی یۆنانیش لەئاست تێگەشتن و لێکدانەوەو قسەکردن لەسەر هیراکلیتیسە.

ئەگەر ئەو گەردون و جیهانەی هیراکلیتیس وەکو لۆگۆس ببیندرێت، ئەوا لەناویدا عەقڵ و تێگەشتن و ئاخافتنی تیادایە، تێگەیشتن لەلۆگۆس بۆخۆی تێگەیشنە لەگەردونیش، ڕەنگبێت لەحاڵەتی حیکمەتێکی کۆمزمۆییانەدا ئەمە دروستبێت بە تەنیا، ئەمەش لەناو خودی توانای زمان و ئەرکەکانیدایەتی. بۆنمونە، لەبڕگەی دوودا، دەڵێت «لەبۆ وەدەستهێنانی حیکمەت، گوێ لە وشە بگرە نەوەک من، ئەوە بزانە کە هەموو یەکە» لێرەدا گوێگرتن لەلۆگۆس گوێگرتنە لەزمان کاتێک دەدوێـت، هیراکلیتیس تەنیا بەشێکە لەو زمانەی دەدوێت، لەبەرئەوە باشترە تەنیا گوێ لەخودی زمان بگرین. بەڵام بەتێگەشتنی هیراکلیتیس دیارە ئەمە چەند ئاشکراو ڕوونەو خودی ژیانە کە لەناویداین، لەگەڵ ئەوەشدا کورت دەهێنین و تێناگەین. لێرەوە تێنەگەیشتن و دەبەنگی مرۆڤیشمان بۆ دەردەکەوێت لەئاست دونیاو گەردوندا وەکو لۆگۆس. بۆنمونە وشەکانی ناو زمان، یان چی دەگوترێت گرنگە بۆ ئاگایی و ئامادەیی لەناو وشیاریدا، وەئەمانەش وشەو گوێڕایەڵبوونمان بۆ ئەوەی زمان چی دەڵێت، ئاگایی و ئامادەیی ناو بوونی لۆگۆسە.

جیهان لەسیمبول و هێمادا دەماندوێنێت، بەڵام ئەگەر بتوانین لەوە تێبگەین، بۆنمونە فیساگۆراس ماتماتیکمان پێشکەشدەکات بۆ تێگەشتن و قووڵبوونەوە، بەڵام هیراکلیتیس خودی زمانمان پێشکەشدەکات. خوادەوەند، ئەگەرچی هیراکلیتیس چەند جارێک ئاماژەی پێدەکات (خواوەندی زووس-خواوەندی ئاگرە) جۆرە فۆرمیولەیەکی جیۆمەتریک نییە، بەڵکو وەکو جۆرە سیستەمێکی ماناو تێگەشتن دەکاتەوە. لێرەوە لەوەتێدەگەین، وەکو مێرپل ڕینگ، دەڵێت، «هیراکلتیس یەکێک لەدیارترین بەشداریکردنەکانی پرۆژەی فەلسەفی، ئەو مۆدێلە زمانەوانیەمان بۆبینادەکات، یان وێنەی ئەم جیهانەیە، وەکو زمان». (لاپەڕە،٦٦)

.Ring، Merrill. Beginning with the Pre-Socrates
.١٩٨٧ ،Fullerton: Mayfield Publishing Company

## جیهانێکی دووانەیی

هیراکلیتیس هەموو شتێک لەناو ئەم دونیایەی ئێمەدا بەیەکشت دەبینێت کە یەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی یەکە، هەروەها جیاوازیشە لەخۆیدا. ئەم جیاوازیە ڕووبەڕووی ئەوەماندەکاتەوە، کە هەمیشە دەبێت شتێکی ترهەبێت بۆ پێناسەو باسکردنی دیوێکی تری هەموو پەیوەندیەک و دیاردەیەکی ناو ئەم سروشت و ژیانە. دەبێت دیوێکی جیاواز یان دژ هەبێت بۆئەوەی بتوانێت کامڵی و یەکێتیمان فێربکات لەئاستی دیوەکەی تریدا. یان بەجۆرێک لەجۆرەکان، دیوێکی ناکۆکە، یان وەکو هەمان دیوەکەی تری نییە کە هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بوونی ئەوناکۆکیە، جیاوازییەی ئەودیوی تری پەیوەندی و دیاردەکەن، شتێکی بەدەسەڵاتی وانیە تەواوی پەیوەندییەکە یان دیاردەکە کۆنترۆڵبکات یان لەناوی بەرێت. دووانەیی هیراکلیتیسی جۆرە ئاڵوگۆڕێکی پێچەوانەو فرەییشە لەئاستی جیاوازی لەناو یەک دونیایدا. بەومانایەبێت، دیوەجیاوازکان، ناکۆکەکان، دژەکان، تەواوکەری هەمان شتن کە مانای جەوهەری هیراکلیتیس دەهێننە پێشەوە، بۆ دونیاو گەردوون وەکو دیتنێکی دووانەیی. واقیعی هیراکلیتیسی، بریتیە لەخودی لۆگۆسەکەی، ئەم لۆگۆسە هەرگیز لەدەرەوەی ئەو دووانەییەیدا نییەو نابێت. ئەمە بۆخۆی سروشتی بیرۆکەی یەکێتیمان پیشاندەدات لەلای هیراکلیتیس ئەویش خودی ئەم دووانەییەیە. ئەم دووانەییە، وەکو سیستەمێک خۆی دەبات بەڕێوە، هەروەها پڕێتی لەو دیاردانەی هەمیشە بەشێوەیەکی دووفاق خۆیان دەردەخەن و پێناسەش دەکەن. دونیای یەکێتی بۆهیراکلیتیس، کە هەڵگری دووانەکانە، وەکو سیستەمێکە، خودی ئەم جیهانە مانیفێستدەکات، ئەم سروشتەیە لەبەرچاوماندا، یان تەنانەت خوداوەندیش، ئەگەر هیراکلیتیس بەتەواوەتی باوەڕی بەشتێکی واهەبێت. بێگومان لەناو یەکێتیەکەیدا باشەو خراپە هەیە، وە لەبەرئەوەی باشەو خراپە ناتوانن یەکتری تەواوبکەن، ئیتر لەوەتێدەگەین هیراکیتیس هیچ جۆرە باوەڕێکی بەبیرۆکەی ئەودونیاو شتی وانیە. چونکە گەردوونی دژەکان دەبێت بەردەوامبن بۆئەوەی مانفێستی یەکێتی بوون بکەن بەوشێوەیە.

بۆنمونە لەبڕگەی ژمارە دەدا، دەڵێت «لە هەموو شتێکەوە، یەک؛ لەیەکێکەوە، هەمووشتێک» ئەمە بۆخۆی تێڕامان و ئازاری زۆری دەوێت یەکێک بۆی لێکبدرێتەوە بەتەواوەتی و بۆی هەزمبکرێت، بەڵام ئەوەی ڕوونیشە دیدی مۆنیزم و مەتریالیزمی هیراکلیتیسمان بۆ دەردەخات، وەکو دیدێکی فەلسەفی لەگەڵ دونیای مەتریالدا. ئەوە پیشانی دەدات، کە هەموو شتێک یەک سەرچاوەیان هەیە، ئەم سەرچاوەیەش لەدەرەوەی ئەم ئەزموونەی ئێمەوە نییە بۆ بوون و جیهان و گەردوون، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆلۆگۆس.

ئەم تێڕامانە هیراکلیتیسیە وا لەیەکێک دەکات بڵێت، هەموو شتێکی وەکو ئاژەڵ، مرۆڤێک، یان تەنانەت خوایەکیش، دەبەنگی و عەقڵانیەت و زیرەکی و تەمەڵی و جەنگ و ئاشتی، بۆنمونە زۆر لەیەکترەوە نزیکن و پەیوەندن پێکەوە. ئەمەش ئەو یەکە، گەردوونێکە بەناو جیاوازی و ناکۆکییەکانییەوە، لەناو گۆڕانێکی بەردەوام و هەوڵدانێکی بەردەوامدایە هەمیشە.

دووفاقیەتی هیراکلتیتیسی، تەماشاکردنی دووسەری یەک شتەو ئەو دووسەرانەش، ئەوانەن وەکو بڵێی ئیشی یەکتری تەواودەکەن لەپێناوی یەکتریدا هەن و دەژین، لەبەرئەوەی جیهان و گەردوون بەوشێوەیەی هەیەو خۆی دەبات بەڕێوە، ئیدی ناتوانێت بەتەواوەتی یەک دیوی شتێک لەخۆیدا هەڵبگرێت و ببێت، بەڵکو هەمیشەو بەبەردەوامی دوودیوی شتێکەو ئەمشتەش خودی سیستەمەکەیە وەکو یەکێک کە هەیەو بەوشێوەیە هەموو شتەکانی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە. یەک سیستەمە، بەڵام لەدووانەیی خۆیدایەتی، بە هەموو جیاوازییەکانییەوە بۆ بوونی جۆرە یەکێتیەک. لەبەرئەوە یەکێتی بەبێ نەبوونی ناکۆک و جیاوازو دوودیوی بوون، نابێت هەڵبکات و ڕووندات. بۆئەوەی یەکێتی هەبێت، بۆ هیراکیتلیس دەبێت جیاوازی و دووانەیی و ناکۆکی و هەوڵدانو گۆڕانی بەردەم هەبێت لەناو بووندا.

لەبەرئەوەی بەوشێوەیە هەن و دیوێکیان لەدیوێکی تریان جیاوازترە، لەبەرئەوەی ناکۆکیەکە دووانەییەو، ئیتر لەوەدەچێت یەکێتی هەبێت، چونکە سروشت بەهەموو شێوەیەک پێویستی بەو سیستەمە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت یەکێتییەک لەسەر بوونێکی دووانەیی دابمەزرێنێت. لەبەرئەوە یەکێتییەک نییە وەکو خۆی بێت بەبێ جیاوازی و دووانەیی، بەڵکو جۆرە یەکێتییەکە لەسەر بوونی ناکۆک و کۆمپلێکس و دژەکان دروستبووەو کاردەکات. ئەگەر هەموو شتێک دیوێکی جیاوازی هەبێت، ئەوا گۆڕان ئیمکانی دەبێت لەناو ئەو جیهانەدا.

بوون بۆ هیراکلیتیس، هەمیشە لەناو گۆڕاندایەو(جیهان لەناو فلەکسدایە)، هەمیشە بەردەوامەو وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکان دەهێنێتە ئاراوە. ئەمە هیراکلیتیس دەکات بەمەتریالیست و هەروەها تەماشاکردنی دیاردەکانی ناو سروشت، تەماشاکردنی کۆمەڵگاو ژیانی مرۆڤیش بەوشێوەیە. هیراکلتیس کۆزمۆلۆجی و ئەنترۆپۆلجی، یان گەردوون و کۆمەڵگا، بەشێوەیەک لەشێوەکان وەکو یەک دەبینێت. نەوەک کپی یەکتری، مەبەست لەوەنییە، بەڵکو ژیان لەناو سروشت و لەناو کۆمەڵگاشدا لەناو جەنگو جیاوازی و سیستەمێکی دووانەیی دایە، هەمووش لەناو ئەو یەکێتیەدان کە یەکە.

هیراکلتیس بەسۆزێکی قووڵ و بەردەوامەوە ئاماژە بەمیتافۆری ئاگر دەکات. چونکە

لەوەدەچێت، ئاگرو هەروەها ڕووباریش، هەردووکیان وەکو گۆڕان وەرگیردراون لەناو بەبەردەوامیدا. هەروەها جەنگیش تێزەیەکی ترە بەقووڵی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی هیراکلیتیس هەیە، وەکو ئەوەی جەنگ جۆرە پێویستیەکە بۆ جوڵاندن و گۆڕان و بەردەوامی بوونی ئەو یەکێتیەی هەمیشە دەبێت ئیش لەسەر دیوێکی شتەکان بکات لەپێناوی دیوەکەی تری. دونیای هیراکلیتیسی بەبێ جەنگ موومکین نییە ببێت و درێژە بەخۆی بدات، دیارە دژەکەی جەنگە دەکاتە ئاشتی. بەمانایەکی تریش، هەمیشە دیوێکمان لەشتەکان دەوێت بۆئەوەی بتوانین دیوێکی تری ژیان ببینین و هەڵیبسەنگێنین، چونکە ژیان هەمیشە لەناو دژو جیاوازییەکانیدایە. وەکو باشەو خراپە، ڕەش و سپی، بەرزو نزم، ژیان و مردن، ڕۆژو شەو، ڕادەی پلەی گەرماو سەرمای وەرزەکان، وەکو هاوین و زستان.. تادوایی.

تێگەشتن لەئاگر، وەکو تێگەشتن لەجەنگیش بێت، چونکە هەردووکیان پابەندن لەتێگەشتن بەگۆڕانەوە لەناو سروشت و کۆمەڵگاشدا. گۆڕان پەیوەندی بەدونیای قەیرانەکانەوە هەیە، لەبەرئەمە بوونی قەیرانەکان وەکو دیوێکی گرنگ و جەوهەری بینراون لەلای هیراکلتیس، دونیایەک کە ئەزموونی دونیای مرۆڤایەتی ئێمە دەیکات و هەیەتی هەرگیز بەبێ بوونی قەیران ناتوانێت هەبێت. قەیران و ئاشکراکردنی قەیران، لەپێناوی بەردەوامی و یەکێتیدا، هەروەها دامەزراندنی جۆرە باڵانس و هارمۆنیەک لەناو بووندا کە دژەکانی تیادایە.

هەروەها بوونی ئەم بیرۆکەیە وەکو ئاماژەی بۆدەکەن دەگەڕێتەوە بۆ ئەنێگزامێندەر، چونکە «بناغەی ئەو سیستەمەی ئەنگێزامێندەری پێ دەبیندرێت، وەکو ئەوەی وتـراوە لەم دیـدەوە، جیاوازییە لەنێوان بێسنووری سیستەمەکەی، هەروەها کۆزمۆدا (سیستەمی گەردوونی). بەڵام بۆ ئەنگێزامێندەر، ئەو هێزە (فۆرس) گرنگانەی کە ئیش لەناو گەردوندا دەکەن، ئەوانەبوون کە دوایی ناویان بە (سیستەمی دژەکان) هێنراوە: دووانەکان لەشتبوونی خۆیاندا وەکو دژبەیەک کە بەشێوەیەکی زۆر ناویان هێنراوە وەکو ‹سارد› و ‹گەرم›، ‹تەڕ› و ‹وشک›». (سەرچاوی سەری سەرەوە، ئیدوارد هەسی، لاپەڕە٢٠)

ئەم بیرۆکەیەی دژەکـان لـەلای هیراکلیتیس، زیاتر دروسترو پڕتر دەبێت و ئاماژەی پێکراوە. ئەم دژانە بۆ هیراکتیس ئیشی گرنگیان هەیە لەتەک شووناس و لەتەک یەکێتی بوون و دونیاو گەردووندا. چونکە، بۆ هیراکلیتیس دژەکانن ڕێگامان پیشاندەدەن بتوانین دیوەکانی تری جیاوازییەکان ببینین و لەو ئاستەوە بتوانین لەبوون تێبگەین لەبەردەم دووفاقی هەموو شت و دیاردەیەکدا. ئەم دژانەی

هیراکلیتیس وەکو ناکۆکی، دژبەیەک نین، لەئاست ئەوەی لەبەرئەوەی پێچەوانەی یەکترن، ئیتر دەبێت لەجەنگدابن و یەکتر تەواو بکەن، وەکو بۆنمونە باشەو خراپە لەوێنەی شەڕی خوداو شەیتانداو کۆتایی بردنەوەی باشەو خوداوەند. دونیای دژەکانی هیراکلیتیس بەوشێوەیە نییە، نا، بەڵکو لەبەرئەوەی پێچەوانەی یەکترن، ئیدی دەبێت بوونیان کاریگەرو جەوهەری بێت بۆ ئیشکردن و بەڕێکردنی خودی ئەو سیستەمەی واقیعی گەردوونی تیادا بەڕێوەدەچێت، نەوەک جەنگێک دژی یەکتری بۆ وەدەستهێنانی واقیعێکی تاکجەمسەری.

بەبێ بوونی دژەکـان، واقیع تاک جەمسەردەبێت و ئەمەش بەحوکمی ئەوەی چۆن لەناو ئەم ژیان و بوونەداین هەرگیز نابێت و موستەحیلیشە. ئەم بیرۆکەی دایەلەکتیکە کاریگەری زۆری بەسەر فەلسەفەی مۆدێرن و پاش مۆدێرنیشەوە هەر هەیە. بۆنمونە، وەکو هیگڵ و مارکس و نیتشەش. ئەگەر دووانەیی دونیاو ژیان وەکو لۆگۆس بێت، ئەوا دایەلەکتیکە لەئاستی تەماشاکردنی خودی دیاردەکان و هەروەها ئاستی زمان و بیرکردنەوەیش لێیان.

هەندێک لەوبڕگانەی دەیانەوێت ئامانجی دووانەیی ناو شت و دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵگا بسەلمێنن، وەکو ئەمانەی خوارەوە:

بۆنمونە لە بڕگەی شەست و نۆدا دەڵێت «چوون بەرەو سەرەوە گەڕانەوەیە بەرەوخوارەوە»، ئەمەش لەزۆر شوێنی تردا وەکو ئەمە هاتووە «چوونە سەرەوە چوونە خوارەوەیە» واتە بوونی ڕێگا دەتوانێت سەرەوەی هەبێت و خوارەوەشی هەرهەبێت، بەڵام دواتر دوو کۆتایی جیاوازنین لەخۆیاندا، بەڵکو دوو جیاوازن لەسەر هەمان ڕێگادا.

لەبڕگەی شەستدا دەڵێت «بەبێ بوونی ناعەدالەتی، ئایا ناوی عەدالەتی چی مانایەکی هەبێت؟».

لەبڕگەی پەنجاو حەتدا دەڵێت «لەبەرئەوە باشوخراپ یەکن».

لەبڕگەی پەنجاو شەشدا دەڵێت «ئەم کۆزمۆیە (گەردوونە) لەڕێگای هارمۆنی گرژیەوە ئیشدەکات، وەکو تیروکەوان».

لەبڕگەی پەنجاوهەشتدا دەڵێت «باش و نەخۆش بۆ دکتۆر بەدڵنیاییەوە دەبێت یەکبن، بۆیە دکتۆر حەقدەستی خۆی لەئازاردانی کەسی نەخۆش پەیدادەکات».

**ئاگرو ئاو وەکو میتافۆر**

ئاگر لەلای هیراکلییس گەمەیەکی ئێجگار جەوهەری دەکات، ڕەنگە سەنتەری بیرکردنەوەکانی داگیرکردبێت، چونکە وەکو جەنگ و وەکو گۆڕانکاریش دەبیندرێت. بەڵام لەکۆندا، ئاگر وەکو شتێکیش یان سەرچاوەیەکیش بینراوە بۆلێکدانەی هزری هیراکیتیس کە تەواوی بوونی لێوەهاتووە، ئەم بیرکردنەوەیە زۆر ڕاست نییە. تەماشاکردنی ئاگر وەکو جیهان حاڵەتێکی سەیرو ناتەواوە ئەگەر بەشێوە زۆر حەرفیەکەی وەربیگرین. لەبەرئەوەی ڕێگەیەکی تریان بۆ ئەم دیاردەیەی بەکارهێنانی وشەی ئاگر بینیوەتەوە لەترادیسۆنی کۆنی یۆنانیدا (سەرچاوەی سەرەوە مێڕیل ڕێنگ، لاپەڕە ٧٤).

ئەگەربەکارهێنانی ئاگر وەکو سیمبولێک وەرگێڕان و خوێندنەوەی بۆ بکەین، ئیتر لەوێوە، بەکارهێنانی وشەی ئاگر دەتوانێت ماناو دەلالەتی زۆرمان بداتێ بۆ تێگەشتن لەمەبەستەکانی هیراکلیتیس، ئیتر ڕەنگە لەپرسی ئەوە تێبگەین، کە بۆچی ئاگر بەوشێوە زۆر سنەتراڵە بایەخ پێدەدات و بەکاری دەهێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو خەیاڵ و بیرکردنەوانەی لەڕێگای بەکارهێنانی ئاگرەوە دروست دەبێت، کاریگەری خۆی دادەنێت لەسەر ئەو دیدە فەلسەفیەی کە پێ لەسەر گۆڕان دادەگرێت بەهەموو شێوەیەک.

بۆنمونە لەبڕگەی نۆزدەدا دەڵێت «ئاگر لەبۆهەمووشتێک حاکمە»، وەکو مانای جەنیگیش بدات وەهایە لێرەدا. ئاگر دەسووتێنێت و مەحفدەکاتەوە، دوای سووتاندنەکەش، ئیدی دەبێت دروستبکەینەوەو بینابکەینەوە، ئۆردەریش بەبێ کەیاسو ئاژاوە نییە. بەمەش گۆڕان دێتە شوێنی ئەوەی زووتر بوونی نەبووە.

ئەم تەماشاکردن و وەرگرتنانەی هیراکلیتیس ئیشی لەسەرکردووە، وەکو ئاگر، هیوابینییەکی ئەدیبانەی گەورە لەلای ئەم فەیلەسوفەمان هەبووە، ئاماژەیەکی قووڵە بۆ ئیشکردنی نووسینی فەلسەفی بەڵام نەوەک لەناوکۆییەکی وشک و برینگدا، بەڵکو لەناوکۆییەکی بەرهەمهێن و ئەدەبیانەشدا. ئەگەر ئاگر گرنگە بۆ هیراکلیتیس، ڕەنگە وای بیرکردبێتەوە کە تـەواوی دونیا لەناو ئاگرەوە هاتبێتە کایەوە، ئەگەرچی ئەمە بیرۆکەیەکی غەریب نییە بەسەردەمی فیزیک و زانستی ئەوکاتەی مەڵەسێیەکان (هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ٧٤). بۆنمونە لەبڕگەی سیدا دەڵێت «سیستەمی کۆزمۆ (ئۆردەر) کە لەبۆهەمووومان شتێکی عامەیە نەبەدەستی خوا وەنەبەدستی مرۆڤ دروست نەکراوە، بەڵام لەبۆ هەتاهەتایی بووە، ئەبێت و هەر واش بمێنێت: ئاگرێکی-زیندووی هەتاهەتایی داگیرساوە لە ڕێژەی خۆیدا، تەواویش ئەبێت

لەڕێژەی خۆیدا» ئایا پێماندەڵێت، تەواوی ئەم گەردوونەی کە هەتاهەتایی بووە، لەئاگرەوە هاتووە؟ ئەگەرچی مانایەکەی زۆر ئاشکرانییە. بەباوەڕی زۆر لەسکاڵەروو تایبەتمەندەکان تەماشایەکی حەرفی نیە بۆ بەکارهێنانی وشەی ئاگر بەتەواوەتی، بەڵکو تەماشاکردن و وەرگرتنی ئاگرە وەکو ئەوەی چیدەکات و چۆن کاریگەرە لەناو بووندا، واتە ئاگر ئەمەندەی سیمبولە لێرەدا ئەوەندە وەرگرتنێکی حەرفی نییە بەوشێوەیە. ئەوەی سەرنجی زۆر ڕادەکێشێت ئەوەیشە کە هیراکلیتیس دەڵێت، ئەو ئاگرە تەواویش دەبێت لەبەردەم ڕێژەی خۆیدا، ئایا ئەمە چۆن وەربگێڕدرێت، ئایا ئەمە جۆرە پەرەدۆکسێکی تری هیراکلیتیسیە، یان زانست چۆن ئەمە دەخوێنێتەوە؟ لەبڕگەی بیست و حەتدا، سەبارەت بەئاگر دەڵێت «چۆن، لەئاگر ڕادەکەیت، کە هەرگیز ناچێتە ژێرەوەو هەمیشە جێگیرە».

ئەگەر یەکێک هیراکلیتیسیشی بەرگوێ نەکەوتبێت، وەکو ئەوەیە بڵێی ئەستەمە میتافۆری ڕووبارەکەی بەرگوێ نەکەوتبێت، هیراکلتیس بەناوبانگییەکی زۆری هەیە، نمونەی پەڕینەوە لەڕووبارەکەی بۆتە ڕستەیەک بەدەست هەمووانەوە. ئەگەرچی ئەم بڕگەیە لەلای ئەفلاتون بەشێوەیەک لێکدراوەتەوە، هیچ نەبێت زۆر تەماویەو هەڵەیەو ئەمەش لەبەرخاتری بیرکردنەوەی خۆی کردوویەتی.

هیراکلیتیس، بەڵام لەزمانی ئەفلاتونەوە، دەڵێت «ناتوانی دووجار لەهەمان ڕووبار بپەڕیتەوە». (لاپەڕە، ١٨)

.Melchert، Norman. The great Conversation
.Pre-Socratics through Descartes .Volume١
.٢٠٠٧ ،New York: Oxford university press

بەڵام لەڕاستیدا ئەو گوتەیەی هیراکلتیس، کە ئەفلاتون بەوشێوەیە ئاماژەی بۆدەکات، مانایەکەی جیاوازتری لەوەی هیراکلیتیس هەیە. ئەوەی هیراکلیتیس بەمشێوەیە دێت «ئەوانەی کە پێ دەنێنە ناو هەمان ڕووبارەوە ئاوی دیکە دێتە ناو هەمان ڕووبارەوە». (هەمان سەرچاوەی سەرەوە)

ئەم وتەیە بە زۆر شێوازی جیاواز هاتۆتە گوتن و ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام بڕوام نییە هیراکلتیس ئەوەی لەخەیاڵدابێت کە ئەفلاتوون مەبەستێتی، چونکە شتێکی مەحاڵە، یەکێک نەتوانێت پێ بخاتە ناو هەمان ڕووبارەوە جارێکی تر، ڕاستە ئاوی تر هەمیشەو بەبەردەوامی دەڕۆن لەبەر ڕووبارەکە. ئەو گۆڕانەی ئەفلاتون ئیدعای بۆ دەکات لەژێرناوی هیراکلیتیسدا ڕاست نییە بەتەواوەتی. بەڵام ئەوەی کە حاڵەتە زۆر جیاوازەکە دروستدەکات، ڕەنگە کاتی جیاوازی چوونە ناو ڕووبارەکەوە بێت،

هەروەها ڕووبارەکە هەمیشە ئاوی تری لێدەڕوات و بەوشێوەیە ڕەنگە کتومت هەمان مانا نەدات بەدەستەوە. ئەفلاتون ئەوە بەوشێوەیە وەردەگرێت و لێکدەداتەوە، نەوەک بۆئەوەی لەگەڵ هیراکلتیسدا یەکڕانەبێت، بەڵکو یەکڕایە، چونکە ڕووبارەکەی هیراکلتیس ئەنۆلۆجیەکە بۆ واقیعی ئێمەو ئەم دونیایەی تیایدا دەژین. چونکە ئەگەر واقیعێکی وامان هەبێت و هەمیشەو بەبەردەوامی لەناو گۆڕاندا بێت و ئیتر وەکو حاڵەتێکی ڕاستەقینەو سابتو ڕاشیناڵ نابێت و دەرناکەوێت، بەڵکو جیهانێکە بێجگە لەوەهم و درزۆنی (گۆڕانی بەردەوام) هیچی تر نییە.

بەڵام هیراکلیتیس ئەوە ناڵێت، کە ئەفلاتون لەناو کەوانەی خۆیدا دایناوە، ئەفلاتون ئەوە دەکات بۆئەوەی ڕەخنەی واقیعێکی بەوشێوەیە بکات زۆر بەقووڵی کە ئەویش ئەزموونی مرۆڤایەتیە لەئاست دونیای مەتریالدا، هەروەها بۆئەوەی دڵسۆزی باوەڕی فەلسەفی خۆی، بۆ ئەو واقیعەی پەرامێنداس ئاماژەی دەکات بخاتە ڕوو. ئەو واقیعەش، کە دەبێت جەوهەری ڕاستەقینەیی و ڕاشیناڵ بێت، ئەویش واقیعێک بێت لەدەرەوەی گۆڕان و فرەیی، بەڵکو دەبێت یەکدیوی هەبێت و بتوانێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەبێ هیچ هەڵبەزودابەزو گۆڕانکارییەکیش.

«پێ ئەخەینە ناو، وە پێ ناخەینە ناو هەمان ڕووبارەوە. ئێمە خۆمانین و خۆمانیش نین».

ئەمە لەوەی خوارەوە وەرگیراوە: (لاپەڕە، ٣٠)

Edited by Cohin، Marc. Curd، Patricia، and C.D.C .Reeve

Readings in Ancient Greek Philosophy. From Thales .to Aristotle

١٩٩٥ ،.Indianapolis: Hackett publishing، Inc

هیراکلیتیس نایەت بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ دژی هەمووشتێک، تەنانەت ئەوکاتەی تیایشیدابن بوەستێتەوە، لەبەرئەوەی هەمووشتێک قابیلی گۆڕانەو دەبێت خۆی بەجێبهێڵێت، بەمشێوەیە سەنتەری بیرکردنەوەی هیراکلیتیس لەبەرئەوەی لەسەر گۆڕان و (فلەکس) دەوەستێتەوە، لەبەرهەمان هۆییش پێ لەسەر بوونی ئەو واقیعەش دادگرێت کە دەبێتە زەمینەو ڕێگاخۆشکردنی بۆ بوونی گۆڕانەکەی، چونکە بەشێکی سروشتیە بۆ هاتنەکایەوەی لەناو ئەو یەکێتیەی هیراکلیتیس لەخەیاڵیدایەتی. ڕووبارەکە هەیە وەکو خۆی، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەمیشە دەگۆڕێت و لەناو

ڕانەوەستانێکی بەردەوامدا خۆییشی نییە. ئەگەرچی لەناو زماندا، ڕەنگە ڕووبارێکمان هەبێت و ئێستا هەر وشکی کردبێت و ئاویشی تیادا نەبێت، بەڵام هەر بەناوی ڕووبارەوە ناوی دەهێنین.
وەکو ئێمە، ئێمە خۆمانین وەکو شووناس، لەدایکدەبین، دەبین بەمنداڵ، دەبین بەهەرزەکار، پیردەبین و دەگۆڕێین، بەڵام خۆشمانین لەگەڵ ئەوەی کە دەشزانین خۆمان نین وەکو ڕاوەستانێکی ئەبەدی، چونکە خۆمانین و هەمیشەش لەناو کەناڵەکانی گۆڕاندا لەناو کات و شوێندا گۆڕانمان بەسەردادێت.
بەکورتی ڕووبارەکەی هیراکلیتیس، ئاماژە بەجیهان و هەروەها حاڵەتی ئێمەشدەکات لەئاستی گۆڕاندا بەگشتی، بەڵام باوەڕمان نییە بەوەی گوایا نەتوانین دووجار لەو ڕووبارە نەپەڕینەوە، چونکە بەتێگەشتنە ئەفلاتونیەکە لەو بڕگەیەی هیراکلیتیس ڕووبارەکە هەمیشە دەبێتە ڕووبارێکی تر بۆ پەڕینەوە لێی. دیارە ئەفلاتون ئەمە دەکات لەبەرخاتری ئەوەی خۆی دونیای ئێمە وەکو ئەوەدەبینێت، بەڕەقی دژایەتی ئەو دونیایەشدەکات لەبەرخاتری ئەوەی ناتوانێت وەکو چۆن پەرەمێنداس بوونێکی ڕاوستاو جێگیری ئەبەدی دەوێت بۆ ڕاستی. هیراکلیتیس پێماندەڵێت ئەوە ئێمەین و ئێمەش نین، چونکە ئێمەین و لەهەمانکاتیشدا لەناو کات و شوێندا گۆڕانمان بەسەردادێت و کاریگەرین بەڕەگەزەکانی گۆڕانمانەوە لەناو جیهاندا. شایانی باسە، ئەفلاتون لەدایەلۆگی (تیتیتەسدا) لەنەفەسێکی درێژدا ئاماژە بە پرۆتۆگۆراس و هیراکلتیسی دەکات، ئارگیومێنتی ئەوەدەهێنێتە پێشەوە کە مەعریفەی پرۆتاگۆراس وەکو میتافیزیک ناتوانرێت بەرگری لێبکرێت، لەبەرئەوەی ئەنجامی گۆڕان دەهێنێتە کایەوە بەهەموو شێوەیەک دژایەتی دەکات، بەمەش هیراکلیتیس دەکەوێتە هەمان سەنگەرەوەو دژایەتی دەکرێت. ئیدی هەمان دیدی ئەفلاتونی بۆ پرتۆتۆگۆراس و هیراکلیتیس وەکو یەکی لێدێت لەئاستیاندا، ئەگەرچی هیراکلیتیس وەکو سۆفیستێک نەناسراوە، بەڵام پرۆتۆگۆراس یەکێکە لەناوە هەر زۆر دیارەکانی سۆفیست.

### جەنگ

ماناو چەمکی جەنگ بۆ هیراکلیتیس گرنگییەکی زۆرو بێوێنەی هەیە بۆ تەماشاکردنی گەردون، هەروەها ژیانی ناو سروشت و کۆمەڵگاش. بۆنمونە نەوەک هەر لەبەرئەوەی کە جەنگ دژی یان پێچەوانەی بیرۆکەی دووانەی ئاشتیە، بەڵکو بوونی جەنگ وەکو عەدالەت و هەوڵدان ئاماژەی پێکراوە لەلای هیراکلیتیس.
بۆنمونە لەبڕگەی چل و چواردا دەڵێت «جەنگ، وەکو باوکی هەموو شتەکان» یان

بەشێوەی تریش هاتووە، وەکو جەنگ پاشاو باوکی هەموو جیهانە. هیراکلیتیس، لەوەدەچێت کاتێک وشەی جەنگ بەکاردەهێنێت، لەناوکۆی کێشەو قەیراندا مەبەستی بێت، یان وەکو مانای وشەی (کۆنفلێکت)، واتە کێشەو تەنگوچەڵەمەکان. ئەگەر تەماشای بوونی ژیان و جیهانیش بکەین، ئەوا هەرگیز لەدەرەوەی کێشەو قەیران و تەنگوچەڵەمەو دوایش جەنگەکاندا نییە، بەڵکو بوون وەکو عەمانئل لیڤیناس، بیرمەندی زۆر نوێی ئەم سەدەیەمان، هەمان دەنگدانەوەی بیرۆکەی هیراکلیتیس ئاماژە پێدەکات. لەکتێبی (تۆتالێتی و ئینفینیتی، لاپەڕە ٢١)، ئەڵێت، بوون «وەکو جەنگ خۆی پیشاندەدات».

ئەم بیرۆکەیەی جەنگە ڕووبەڕێکی جەهەری هەیەو تەنانەت لەئەرستۆی لۆجیکی دژەکانیدا، ئەنتینۆمی کانت و هەڵبژاردەی سروشتی داروین و شەڕی چینایەتی مارکس و تەنانەت کەپتی ئید، لەڕێگای ئیگۆو سۆپەرئیگۆی فرۆیدەوە دووبارە دەکرێتەوەو درێژەی هەیە. ئەم تێرمە هیراکلیتیسەیە، وەکو ڕەگەزێکی گرنگ و دیاری ناو مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی بەزەقی دیارە. جەنگ، نەوەک هەر بۆ تۆماس هۆبز، کە سروشتی مرۆڤ دیاریدەکات و وەکو بوونەوەرێکی ترسناک و خۆپەرست وێنادەکارێت، هەروەها، بۆنمونە یەکێکی وەکو کانتیش، درەنگ لەژیانیدا هەستی بەوەکرد، وەکو جۆرە هۆبزیەک دەڵێت «حاڵەتی ئاشتی بۆ مرۆڤایەتی کە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا بەوشێوەیە بژین سروشتی مرۆڤ نییە، بەڵکو حاڵەتی سروشتی مرۆڤ حاڵەتی جەنگە».

کانت لەنووسینی (ئاشتییەکی بەردەوام)، ئەو ئاماژەیەی سەرەوە پێشکەشدەکات، کە وادەکات جەنگ حاڵەتی سەرەکی سروشتی مرۆڤ و جیهانە، کە دەیەوێت جۆرە ئاشتیەکی بـەردەوام و نەبڕاوەمان بۆ بهێنێتەدی، هەر ناوی بابەتەکەی دەنگدانەوەو وروژانێکی کاریگەرو قووڵی ئاینی لەبەرخاتری ئاشتی دادەمەزرێنێت. ڕۆسۆ بەمشێوەیە تەماشای حاڵەتی مرۆڤ ناکات، ئەگەرچی کانت کاریگەری ڕۆسۆی بەسەرەوەیە، بەڵام هاوڕانیە لەگەڵیدا.

ئەم زانیاریە لەم کتێبەی خوارەوە وەرگیراوە (لاپەڕە، ٢،٣)

.Hillman، James. A Terrible love of war

٢٠٠٤ ،New York: The penguin book press

بەڵام کاتێک چەمکی یەکێتی و بیرۆکەی دژەکانی هیراکلیتیس دەخوێنینەوە، وەکو ئەوەیە کە بڵێی جۆرە ئاشتیەک هەیە لەناوەوەیاندا، چونکە هەمیشە لەدوای باڵانسێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی سیستەمەکە لاسەنگ نەبێت و بتوانێت خۆی ببات

بەرێوە. بەڵام لەناو ئەو یەکێتییە هیراکلیتیسیەدا جەنگ گەمەیەکی قووڵدەکات، چونکە جەنگ پاشای ئەم جیهانەیە. ئەو یەکێتییەی ئاماژەی بۆ دەکات جۆرە ئاشتیەک نییە، بەڵکو جەنگێکە لەبەردەوامی خۆیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو جۆرە پێداویستییەکە، چونکە بەبێ ئەوە لەناو جۆرە ئاشتییەکی درۆزن و بێماندا دەژین، مانای جەنگ کاردانەوەیە بۆ عەدالەت، ئەمەش بۆخۆی پەیوەندە بەبیرۆکەی گۆڕانەوە لەناو جیهاندا.

ئەم بیرۆکەی جەنگە، بۆنمونە بەلای میریل ڕینگەوە، لەئەنەگزامێندەرەوە وەرگرتووەو پرتری کردووە. (میرێل ڕینگ سەرچاوەی سەرەوە، لاپەڕە، ٧١)، چونکە جیهانی هیراکلیتیس وەکو جیهانی گۆڕانە، ئەم گۆڕانەش لەناو یان بەناسینەوەو کارێکتەرایزی تێزەگەلی وەکو هەوڵدان و هاندان و هەروەها ڕووخاندنەوە دەبینرێت. لەبەرئەوە گۆڕان و جیهانی هیراکلیتیسی بەبێ دژەو ناکۆکی و جەنگەکان بوونی نابێت. لەبەرئەوەی قەیران هەمیشە ئامادەیە لەناو ئەم جیهانەدا، گۆڕانیش هەمیشە بەردەوامە لەناو حاڵەتەکاندا، ئیتر وادەکات کە جەنگ هەمیشە هەبێت وەکو بوونی گۆڕان. بۆنمونە لە برگەی پەنجاوسێ و هەشتاشدا، دەڵێت «زۆر گرنگە ئەوە بناسینەوە کە جەنگ شتێکی عامەیە و قەیرانیش عەدالەتە و هەربەوشێوەیە هەموو شتێک دەناسرێتەوە لەڕێگای قەیرانەوە» (هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ٧٢).

بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەم جەنگە بەوشێوەیە هەمیشە هەیەو هەروەها بوونی قەیرانیش بوونی ناسینەوەیە، بەڵام ستایشی بوونی هارمۆنی و باڵانسبوونی لۆگۆسەکەی کە تەواوی جیهان و گەردونە دەکات، ئەمەش بۆخۆی پابەندە بە دونیای یەکێتی و بیرۆکەی دژەکانییەوە. لێرەشدا مارکس و هیگڵ دەبیندرێن.

## هیراکلیتیس وەکو ئیلێت

فەلسەفە هەر لەسەرەتاکانییەوە کێشەو گرژی زۆری هەیە لەگەڵ نەتوانینی تێگەشتن لەدونیاو وەرگتنی و کارپێکردنی فەلسەفە بۆ جیهانی کەسی سادەو ئاسایی. هەروەها کەمنین لەو فەیلەسوفانەی بەزمانی ڕەق لەگەڵ کەسانی نافەیلسەسوفدا مامەڵەدەکەن و دەنووسن، ئەمەش جۆرە بۆشاییەکی لەنێوانیان فەیلەسوف و کەسانی ئاساییدا دروستکردووە. بەهەرحاڵ، هیراکیلتیسیش لەدەرەوەی ئەم هەستەدا نییە، زۆرجار هێرش دەکاتە سەر نەوەک هەر کەسانی ئاسایی، بەڵکو واپێدەچێت وەکو جۆرە ڕەشبینێک خۆی بینیبێتەوە لەبەردەم سروشتی مرۆڤایەتی بۆ فەرمنەبوونی و نەتوانینی تێگەشتن و ئیشکردنی ڕاستی و حەقیقەت و فەلسەفەش.

هیراکلیتیس، ئەگەرچی، بۆنمونە کاتێک ئاماژە بە لۆگۆس دەکات، بەشێوەیەک باسی لێوەدەکات کە بۆ هەمووانەو هەموانیش دەتوانن لێی تێبگەین، بەڵام ئەمەندەش بەئاسانی نییە بۆئەوەی هیراکلیتیس ئارامبێت و دڵنیاش بێت لەوەی مرۆڤایەتی دەتوانێت ئەوەبکات. بۆنمونە لەبڕگەی شەشدا، بەزۆربە دەڵێت «لەگەڵ ئەوەشدا نەهونەری گوێگرتن و نە هونەری قسەکردنیشیان هەیە»، وەکو میستکێک، لەبڕگەی حەوتەمدا، دەڵێت «هەرکەسێک نەتوانێت نادیاربببینێت ناتوانێت هیچ ببینێت، ڕێگای زانراو مانای داخستنە» هەروەها لە بڕگەی چواردا، دەڵێت «خەڵکی حیکمەتی خۆیان بەدرێژدادڕی (قسەکردنی بێتام) کوولکردووە، ناشتوانن چاوو گوێچەکەیان بەکاربهێنن» جەوهەری ئەم بڕگەیە لەناو هایدیگەریزمدا ئامادەیە، لەبەرئەمەیە هایدیەگەر لەماڵی بیردکردنەوەیدا، پیاسە نەبڕاوەکانی لەگەڵ ئەفلاتون و ئەرستۆو پەرمێنداس و هیراکلیتیسدا دەکات هەمیشە. پێموایە کتێبی لەسەر هەرهەموویان نووسیوە. کوولبوونی حیکمەت و عەقڵ بەقسەکردنی بێتام و زۆرەبڵەیی، وامانلێدەکات کاربکاتە سەر ئۆرگانەکانی بینین (چاو)، هەروەها گوێگرتن (گوێچکە). هیراکلیتیس زۆرجار، نەوەک هەردەکەوێتە حاڵەتێکی نیگەران و ئازاراوییەوە بەرامبەر زۆربە، کە ناتوانن و نایانەوێت بیربکەنەوەو لۆگۆس ببینن و هەستی پێبکەن کە لەناویدا دەژین (بوون)، بەڵکو تووڕەش دەبێت و بەڕەقی لەبڕگەی پێنجدا، دەڵێت «زۆرن ئەوانەی بەسەرنەکەوتوویی دەمێننەوە و نازانن چییان بینیوە، هەروەها ناشتوانن بڕیاری ئەوەبدەن کە فێری چیبوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەخۆیان دەڵێن دەزانین».

هیراکلیتیس، دیارە بۆ جۆرە مرۆڤێکە بتوانێت لەلۆگۆسەکەی تێبگات، ئەویش خودی ژیان و ئاگایی ناو دونیاو ژیان و گەردونە. لەبەرئەوەی هیراکلیتیس لە بۆ زۆربڵەیی و قسەکردنی بێماناو هیچ و زیادەش نییە، ڕەنگبێت شێوازی نووسینە کورتەکانی بەڵگەیەکیش بێت بۆ ئەمە، پێی باشترە بێدەنگی هەبێت وەکو جۆرە چارەسەرێک، لەبری ئەوەی کە خۆمان بدۆڕێنین، بۆنمونە لەبڕگەی سەدو سیدا دەڵێت «بێدەنگی، چاکبوونە» بۆ هیراکلیتیس، مرۆڤایەتی گرنگە بتوانێ بەئاگابێت و وشیار بێت لەناو ئەو جیهانەی تیایدا دەژی، لەناو جیهانێکدا هەست و بیرکردنەوەو کردارەکانی مرۆڤایەتی گرنگییەکی زۆریان دەبێت لەئاستی نرخ و بەهایاندا، بۆنمونە لەبڕگەی نەوەدو چوار دەڵێت «خەڵکی نابێت لەکاتی قسەکردن و کردارەکانیاندا وەکو خەوتووبن».

هیراکلیتیس لەگەڵ جیهانی سیاسەتدا بێئومێدەو ئەمەندەش هیواو خۆشحاڵی خۆی بۆ سیاسەتمەدارەکان دەرنابڕێت، ئەگەرچی وەکو دەڵێن، پاشایەتی لەخێزانەکەیەوە

بۆ ماوەتەوە بۆئەوەی ببوایە بە پاشای ئەو شارەی لێی ژیاوە، بەڵام ئەو پیشەیە ناکات و بۆ براکەی بەجێدەهێڵێت. بۆنمونە لەبڕگەی سەدووچواردەدا دەڵێت «وەکو لەبۆ خەڵکی شاری ئەفەسوسییەکان، گەنجەکانیان، پیرەکانیان، هەموو ئەوانەی لەنێوەندیشدان، بڕۆن خۆیان لەپەتی سێدارەبدەن، شار لەبۆ منداڵان بەجێبهێڵن».
واتە بەڕێوەبردنی شارێک لەلایەن منداڵانەوە باشترو مۆراڵترە لەلایەن سیاسی و پیاوە بەدەسەڵاتەکانەوە. لەزۆر شوێنی تردا ئەم بڕگەیە واهاتووە، سیاسییەکان خۆیان لەپەت بدەن و شار تەسلیمی منداڵان بکەن.
هەروەها لەبڕگەی سەدو هەژدەدا دەڵێت «لەکاتێکدا ئەوانەی دەمیان پڕە لەقسەی زل، ڕەنگە خۆیان بەخاوەنی عەقڵی گەورە بزانن، عەدالەت کتێبەکەی دەپارێزێت لەسەر درۆزن و دووڕووەکان» هیراکلیتیس بەهەموو شێوەیەک بێئومێدی خۆی بەرامبەر مرۆڤایەتی دەردەبڕێت، لەبڕگەی سەدو سیانزەدا دەڵێت «لەهەزار پیاو بەتەنیا پیاوێکم بدەرێ بەڵام ئەگەر باشترینیان بێت» هیراکلیتیس مرۆڤێکی دەوێت بەئاگابێت لەبوون و خەواڵ و نەبێت لەناو ژیانداو کوێر نەبێت لەناو خودی ڕووناکی بوون، لەبڕگەی نەوەدو چواردا دەڵێت «خەڵکی پێویستیان بەوە نییە بەشێوەیەک قسەبکەن و بجوڵێنەوە، وەکو ئەوەی هەمیشە لەخەودابن» دووبارە لەبیرکردنی بوونە هایدگەرییەکەی دەهێنێتەوە یادمان. ئیتر لەم ڕوانگەیەوە کە بێئومێد دەبێت لەبەردەم مرۆڤایەتیدا بەگشتی، لەبڕگەی نەوەدو شەشدا دەڵێت «خووی مەعریفە خوویەکی مرۆڤانە نییە، بەڵکو هی دیڤاینە».
خاڵێکی گرنگ ئاماژە پێبکەین، لەنێوان وەرگرتنی شێوازی نووسین و کاریگەری هیراکلیتیس بۆ سەر هەردووک هایدیگەرو نیتشە، بۆنمونە پیتەرسلۆتەردایک لە کتێبی (بیرمەندێک لەسەر تەختەی شانۆ: مەتریالیزمی نیتشە) لەباسی کتێبی زانستی شادا بۆ هایدیەگەر، ئاماژەیەکی گرنگ دەکات، بەوەی کە یاری و گەمەی نیتشەییانە دەبێتە ڕاستیەک بەتەنیا لەجیاوازیکردنیدا بەجدیەتی هایدیەگەرییانە (لاپەڕە ٥٧).
.Sloterdijk، Peter
.Thinker on stage: Nietzsches Materialism
.١٩٨٩ :Minnesota

ئەوەی گرنگبێت بۆ ئاماژەپێکردن لێرەدا، کاریگەری و بینینی شێوازی هیراکلیتیسە لەلای نیتشە، بەشێوەیەکی لەناوکۆیی گەمەکردندا، بەڵام لەلای هایدیگەر جدیەت هەستپێدەکەین بەهەموو شێوەیەکی، ڕەنگە ئەمە واشبکات کە نیتشە لە سنیکەکانەوە نزیکتربێت. لێرەدا ئەوەی هەستی نیتشەییانەیە بەزۆر ناوکۆیی جیاواز

دەخوێنرێتەوەو وەردەگیردرێت، بۆنمونە وەکو بوونگەراو وەکو بینین و مامەڵەکردن لەگەڵ نووسیندا وەکو حاڵەتی ژیان و هەستکردن لەناویدا چۆن لەناو ژیاندا بمانەوێت بگەینە ئاستی ئەو خۆشیانەی دەمانەوێت، ئەمە لەلای هایدیگەر نابینین. بۆنمونە بڕگەیەکی گرنگی هیراکلیتیس هەیە دەڵێت «کات گەمەیەکە تەنیا منداڵان بەجوانی دەتوانن یاری تیادا بکەن» هەروەها لەبڕگەیەکی تردا، نیتشە کاتێک ئاماژە بە فیکردەکات، دەڵێت مێژووی فەلسەفەم پیشان مەیە، بەڵکو فەیلەسوفەکەم پێ بڵێ، مەبەستی لەوەیە کە خودی فەیلەسوف وەکو هێزی نووسین و داهێنان و کاریگەری زۆرگرنگەو جیاوازی زۆرە لەمێژووی فەلسەفە وەکو تێکڕایی. هەروەها هیراکلیتیس، لەبڕگەی هەشتدا دەڵێت «پیاو بۆ دۆزینەوەی مسقاڵێک ئاڵتوون دەبێت خاک و خۆڵی دونیا هەڵبکەنێت» ئەمە بەو شێوەیە وەردەگێڕین کە خاتری نیتشە بێت، نووسینی بڕگەیەک وەکو مسقاڵە ئاڵتوونێک وایە، ئەگەر چیت ویست تیادا بیڵێیت (ئەگەر توانیمان) لەوە زۆر گرنگترە چەندین لاپەڕە تەرخانبکەین و ڕەشبکەینەوە. هەروەها نووسینەکانی نیتشە ئاماژەی زۆری لەفیگەرو ئەفسانەو چیرۆکی تیادایە، هەروەها زۆرینەی بەرهەمەکانی وەکو شێوەی پەرەگرافی کورت نووسراون.

## گۆڕان

لەسەرەتادا، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، ئایا بەڕاستی هیراکلیتیس ئەو فەیلەسوفە زۆر ڕادیکاڵەیە، کە لەلای زۆری ڕادیکاڵەکان بەشێوەیەکی بێ ئەندازە ستایش دەکرێت و گوتەزایەکانی بەکاردەهێندرێت هەمیشە؟ ئەمە ڕووبەڕووی ئەوەماندەکاتەوە، لەکاتی کۆندا، هیراکلیتیس بەتایبەتی لەسەردەستی ئەفلاتون بەوشێوەیە ناسرابوو، کە بوون لەناو گۆڕانێکی بەردەوام و ڕادیکاڵدا دەبینێت. بەڵام لەدونیای نوێماندا ئەم بیرکردنەوەیە دەخرێتە تای تەرازوویەکی ترەوەو بەشێوەیەک لێی هەڵدەگەڕێینەوە. چونکە هیچ نەبێت، ئەگەر هیراکلیتیس بەڕاستی بەوشێوەیە لەدونیاو بوونی ڕوانیبێت، کە هەموو چرکەیەک لەناو گۆڕانێکی بەردەوامەو هەرگیزیش ناوەستێت، گومانی لێدەکرێت. ئیتر ئەو خوێندنەوە ئیفلاتونیە بۆ هیراکلیتیس کۆندەبێت و هیراکلیتیس بەدیدی ترەوەو جیاوازەوە دەخوێندرێتەوە. دیارە دەزانرێت، بۆچی ئیفلاتون ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەر، چونکە دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە دونیای مەتریال و کۆمەڵایەتی و کەلتووریمان بەوشێوەیەیە، هەمیشە لەناو گۆڕانێکی بەردەوام و ترسناکە، کە نەوەک هەرخراپە، بەڵکو بەرهەمی کوشتنی فەلسەفەو عەدالەت و

جوانیە. ئەمە شەرعیەت بە ئەفلاتون دەدات، لەپێناوی عەقڵدا دژایەتی زۆربەی سۆفیستو، شاعیرو هونەرمەندانیش بکات، هەربەهەمان ئارگیومێنتەوە دژایەتی هیراکلیتیسیش دەکات لەپێناوی سەرخستنی ڕاشینالێتی پەرەمێنداسدا.
ئەگەر لەناو دونیایەکی هەمیشە بگۆڕی بەردەوامدا بژین، ئایا هیچ شوێنێکو مانایەک بۆ فەلسەفەو عەدالەتو جوانی دەمێنێتەوە وەکو خۆیان؟ وەڵامەکەی، بۆئەفلاتون نەخێرە. چونکە جەوهەرە هیراکلیتیەکەی دژایەتی ئەوەدەکات کە مرۆڤ ناتوانێتو نایەوێت فێرببێت، هەڵدەگرێتەوەو بۆچوونەکانی لەسەرگۆڕانیش لەقاڵبدەدات لەپێناوی سەرخستنی پەرەمێنداس وەکو فەیلەسوفی ڕاستی و حەقیقەتی نەگۆڕ.
بەڵام ئایا هیراکلیتیس چۆن چۆنی گۆڕان دەبینێت؟

هیراکلیتیس لەئاستی گۆڕاندا ئاماژەی زۆر گرنگ و جەوهەری دەکات و دەڵێت:
«ئەوەی هەمیشەییە بەتەنیا گۆڕانە».
«بەتەنیا لەناو گۆڕاندایە شتەکان ئامانجی خۆیان دەدۆزنەوە».
«هەموو شتێک لەگۆڕاندایە، هەموو شتێک بریتیە لەدژەکان».
«شتە ساردەکان گەرم دەبن، شتە گەرمەکانیش ساردەبنەوە، شتە شێدارەکان وشکدەبن، شتەکان کە تینوویان دەبێت شێداریی دەیانگرێت».
«گرنگە ئەوەیە بزانین کە جەنگ شتێکی ئاساییە، هەوڵدانیش عەدالەتە، هەموو شتێک ڕوودەدات لەبەرانبەریان لەگەڵ هەوڵدان و زەروورەتدا».
«جەنگ باوکی هەموانەو پادشای هەموانە. هەندێک خۆیان وەکو خوا دەردەخەن، هەندێکی تر وەکو مرۆڤ؛ هەندێک وەکو کۆیلە، هەندێکی تریش ئازاد».
گۆڕان بۆ هیراکلیتیس، خودی جیهانەو مەکینەی جەوهەری ژیانە، لەبەرئەوە گۆڕان سروشتێکی وای هەیە، جیهان و مرۆڤەکان مەحکوم دەکات بەو هەلومەرج و کەشوهەوایەی هەیەتی و دەیبێت و بەرهەمی دەهێنێت، بەڵام شوناس و جیاوازی وەکو دژەکانی ناو ئەو لۆگۆسەی وەکو یەکێتی بوون ئاشنادەکات بەیەکتری. لەناو کاتدا، ئەوەی هەیەو دەبێت و دێتە کایەوە، هەرگیز وەکو خۆی نامێنێتەوە، ڕاستی زۆر لەمەداهەیە، ئەوەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە خودی مەتاتیەتی واقیعی بوونە لەناو جیهانی گۆڕاندا، ئێمە خۆمانین و خۆمانیش نین لەهەمانکاتدا.
ئەمە گۆڕانێکی بەردەوامە، ئەوەی پابەندە بە بەرگەگرتنێکی ئێجگار قووڵ و مەزنەوە بریتییە لەجیهانی گۆڕان خۆی، بە بەردەوامی لەناو سروشتدا. وەکو هیراکلیتیس دەڵێت «هیچ شتێک بەرگەناریت تەنیا گۆڕان نەبێت» کەواتە بۆئەوەی دونیا

هەبێت لەبەرگەگرتنی خۆیدا، دەبێت گۆڕان بەبەردەوامی هەبێت و مەحکوم بێت. چونکە «ئەوەی هەمیشەییە بەتەنیا بریتییە لەگۆڕان». ڕەنگە ئەوەی لێرەدا پرسیار دروستبکات ئەوەبێت، ئایا ئەگەر گۆڕان بەوشێوەیە بێت و هەلومەرجی مەحکومیەتی هەبێت بەسەر جیهانەوە، ئایا ئەمە نابێتە حاڵەتێکی ڕادیکاڵی وا کە بوون بکاتە جۆرە وەهمێکی وا، یان هەرگیز وەکو خۆی نەبێت و نەشتوانێت لەبەردەم ڕاستیدا بوەستێت وەکو خۆی؟ لێرەدا لەبەردەم ئەوەدا خۆمان دەبینینەوە کە حەقیقەتی بوون چییەو چی نییەو چۆن پێناسەی بکەین.

بەحوکمی لۆجیکی گۆڕانبێت، هیچ شتێک نییە وەکو خۆی بمێنێتەوە بەتەواوەتی، هەروەها وەکو شتێکیش وەکو خۆی بمێنێتەوە وەکو نەبێت وەهایە، چونکە هەلومەجی هەبوون هەلومەرجی گۆڕانە بەوشێوەیەی هەیە لەناو بووندا، چونکە ئەمە هەمیشە لەبەردەوامیدایە بەرەو بەسەربردنی کات لەناو جیهانێکدا گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمە بەهەموو شێوەیەک ئاماژەی کات و شوێن گرێدەدرێتەوە بەبوونێکی مەتریالیانەوە بۆ شتەکان لەناو جیهاندا. گۆڕان مەحکومە بەسەر سروشت و جیهانەوە، ئیدی ئەمە موومکین نییە وانەبێت، هیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەمدا نامێنێتەوە بێجگە لەگۆڕان نەبێت. لۆگۆس، کە سیستەمی بەڕێوەبردنی گەردون و ژیانە، بۆخۆی جۆرە یەکێتییەکەو لەناو ئەو یەکێتییەدا جیهانی دژو ناکۆکییەکان بەشەڕو ئاشتی، بەشەوو ڕۆژەوە، بە زستان و هاوینەوە، بەهەژاری و دەوڵەمەندییەوەیەو بەبێ ئەم بەرزو نزمیانەی هەیە گۆڕانیش موومکینی نییە هەبێت.

لەبەرئەوەی شتەکان بەحوکمی بوونیان لەناو کات و شوێندا، لەناو هەلومەرجەکاندا گۆڕانیان بەسەردادێت، ئیتر گۆڕان ئەمەندەی پرۆسەیە ئەمەندە ئایدۆلۆجی نییە، دەتوانین بەوشێوەیە بیخوێنینەوە، چونکە گۆڕان بەرەو پێشەوە دەڕوات بەبێ ئەوەی لەسەر پرانسیپێکی دیاریکراو، جێگیر، فیکس ڕاوەستابێت، بەڵکو پرانسیپەکە بۆ خۆی خودی گۆڕانە (بەڵام باوەڕم نییە هیراکلیتیس ئەمەی بەمشێوەیە بینیبێت بەتەواوەتی).

بەم حکومە هیراکلیتیە، ژیان و بوون هەتاوەکو هەبن لەناو جیهاندا هەمیشە لەناو مەتاتیەتی گۆڕاندان، ئەمە حوکمی نادیکتاتۆریەتی خودی گۆڕانە بەسەر واقیعەوە، کە بەشێوەیەک لەشێوەکان دژایەتی ناکرێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە سنوری خۆشی هەیە. ئەگەر دیوە جیاوازو کراوەکەی بوون، هۆرمۆنیاو یەکانگیرێتی و یەکێتی بوون بێت، ئەوا دیوە ناجیاوازەکەی بوون مەحکومکردنی شوناسێکی تایبەت و جەوهەرییە، کە بەرهەمی تیرۆر دەخاتەوە، چونکە دەعوەتی جیاوازی و کراوەیی

شوناس ناکات، چەند جەستەی قورسی خۆی بەشوناس و جەوهەرگەراییەوە لکاندووە، بەتەنیا لەئاستێکی تەماشاکردنی بابەتەکەوە. دژایەتیکردنی حوکمی سروشتی گۆڕان، دژایەتیکردنی خودی هەلومەرجی گۆڕانە کە هەرگیز وەکو خۆی نییەو نامێنێتەوە. دژایەتیکردنی هەلومەرجی گۆڕان بەوشێوەیە، نەگوونجانو ناتەبایوون و ئاشنابوونیشە بەهەلومەرجی ژیان و بوون و جیهانی مرۆڤایەتیشەوە. کەوابێت ئاشنابوونمان بەگۆڕان و هەلومەرجی گۆڕان بۆخۆی دەوڵەمەندکردنی بوونمانە لەئاست ئەوەی، شوێن و ڕێگەو ئامانجمان چییەو چۆن دەبێت و بەرەوکوێ دەڕوات، کاریگەریی و وەرچەرخان و کردانەوەکان لەچی ئاستێکدا دەبن و چەند و چۆن شوێن دەست و ئارەزوو ئامانجی بوونمانی بەسەرەوە دەبێت، چونکە وەکو هیراکلیتیس دەڵێت «بەتەنیا لەناو گۆڕاندایە شتەکان ئامانجی خۆیان دەدۆزنەوە». بەمانایەکی تریش، دەتوانین ئەوە بڵێین، ئەگەر بەشێوەیەکی چالاکانەو پڕئامانجانە لەناو گەردونی گۆڕاندا خۆمان نەبینین و نەدۆزینەوە، ئەوا نەوەک هەر بیرکردنەوەی کوول و کەسایەتی تەمبەڵ و خراپ و کاراکتەری شێواومان لێدەردەچێت، بەڵکو بێ ئامانجیش دەبین، چونکە تەواوی شتەکان کە ماناو مەبەستێکیان هەبێت تەنیا لەناو گۆڕاندایە بۆ هیراکلیتیس.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوون بۆ هیراکلیتیس یەکەیەکی هەیە لەناوخۆیدا، هەروەها لەناو یەکێتییەکدا بەرقەرارە، ئیدی لێرەدا هیراکلیتیس تەنیا وەکو بیرمەندێک نایەتە پێش چاو، بەڵکو وەکو ڕۆحانییەکە (سەیجێک)، هەرهەمان ڕەنگدانەوەیە بۆ جیهان و بوون لەناو یەکێتی خۆیدا. هەرئەمەش هیراکلیتیس دەکات بەیەکێک لەو جۆرە بیرمەندانەی کێشەی دوالیزم چارەسەردەکات، چونکە یەکێتییەکەی تەنیا لەم دونیایە نەوەک لەو دونیاو شتی بەو جۆرە.

وەکو دەخوێنینەوە و فێر دەبین لەمێژووی فەلسەفەوە، کۆتری بیروبۆچوونی هیراکلیتیس ئەمەندە بەئاسانی لەناو قەفەسی زاراوەیەکدا یان تێرمێکدا زیندانی ناکرێن، لەهەمانکاتیشدا خودی بیروبۆچوونەکان و کاریگەریی و ڕەنگدانەوەو ڕەخنەکانیش بەتەنیا یەک ئاست و یەک تێفیکرینیان نابێت.

ئیدی گۆڕان، کەشوهەوایەکی وایدەبێت مرۆڤەکان مەحکوم دەبن بەهەلومەرجی نوێ، بەڵام ئەگەر لێرەدا لۆگۆس لەناو مێشکی خۆماندا دابنێین، ئەوا ئەو گۆڕانەش کە باسی لێوەدەکرێت لـەدەرەوەی حوکمەکانی ئەو لۆگۆسەشدا نییە، بەڵام لۆگۆس لەڕێگای وشەو تێگەشتنمانەوەیە بۆ دونیاو گەردون. کاتێک تواناو ئاکارو ئەدگارەکانی ئەو گۆڕانە لەچەندین لاوە پەلی هاویشتێبێت و زەمینەیان هەبێت، ئیتر

شتێک نییە لەبەردەم گۆڕاندا خۆی ڕابگرێت بەئاسانی. هێواشیی و خێرایی گۆڕان کاریگەریی و ڕەنگدانەوەو فاکتی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی لەپشتەوەیە، بەڵام لەدیدە زۆر گشتییەکەیدا گۆڕان لەگەڵ نەگۆڕاندا دەڕوات وەکو دووانەیەک، وەکو دەڵێت «بۆئەم مەبەستە گۆڕان وەستان دەبەخشێت».

**تێبینی: ئەوەی وەکو سەرچاوە بەکارهێنراوە لەسەرەوە نووسراون، بەڵام بڕگەکانی هیراکلیتیسم، لەکتێبەکەی برووکس هاکستۆن وەرگرتووەو وەرگێڕاوە.**


Haxton، Brooks.
Fragments، the collected wisdom of Heraclitus.
New York: the penguin group، ٢٠٠١.

# لەنێوان «سەرووتارە هەڕتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو» و «دانی مەرگ»دا: پاتوچکە لە تێگەیشتنی ئیتیکی ژاک دێریدادا

■ ئازاد حەمە

**تێبینی: ئەم نووسینە بەشێکە لەو کتێبەی لەژێرناوی (فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی یان پاتوچکە لە «سەرووتارە هەڕتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو») بۆ چاپکردن ئامادەیە. بەهیوای ئەوەی بڵاوکردنەوەی ئەم بەشە بەتەنیا تێگەیشتن لەسەر ڕەوتی توێژینەوەکە بەدەستەوە بدا و لەو مانایانە داینەبڕێ پرۆژەی توێژینەوەکە خۆی بۆ مەڵاسداوە.**

## مەرام و دەروازە

جێی سەرسوڕمان نییە ئاماژە بەوەبکەین کە لە گفتوگۆ فەلسەفییە هاوچەرخەکاندا کاتێ باس دێتە سەر شوێنی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی یان پاتوچکە ناوی ژاک دێریدا یەکێکە لەو ناوانەی لەمبارەیەوە ڕۆشنای دەخرێتەسەر کە لەتەک هزری یان پاتوچکەدا لە گفتوگۆدا بووە. لەم بەینەدا نابێ فەیلەسوفێکی فینۆمینۆلۆژی تری فەڕەنسی بەناوی «پۆل ڕیکۆر» مان لەبیرچێ کە لەگەڵ نووسینەکانی یان پاتوچکە دەست و پەنجەی نەرمکردووە و نووسخەی فەڕەنسی نووسینی «سەرووتارە هەڕتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو»ی یان پاتوچکە لەگەڵ پێشەکی ئەم فەیلەسوفە بەچاپگەیەندراوە (١).

بۆئەوەی لەسەر ئەو گفتوگۆ فەلسەفیەش بەردەوامبین، کە لەسەرەتاوە لەسەر کتێبەکەی پاتوچکە «سەرووتارە هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو» کارمان لەسەر کردووە، بەپێویستی دەزانین ئاوڕ لە دیتنی ژاک دێریدا لەو نووسینەیدا بدەینەوە کە بەناوی «دانی مەرگ» (یان بەخشینی مردن) (٢) بۆ خوێندنەوەی کتێبەکەی پاتوچکە ئەنجامیداوە، کە لەخودی خۆشیدا ئەم نووسینەی دێریدا بە یەکێ لە کارە فەلسەفییە دیارەکانی سەدەی بیستی ڕۆژئاواش لەقەلەمدەدرێ. لەرێگای ئەو نووسینەی دێریداوە تیۆریزە بەسەر ئەو لایەنانەوە دەکەین کە مانایان بۆ نووسینەکەی ئێمە تایبەت بە کتێبەکەی پاتوچکەوە هەیە. بەمجۆرە لەم بەشەی نووسینەکەماندا گفتوگۆی «سەرووتارە هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو»ی پاتوچکە لە تێگەیشتنی ئیتیکی (ڕەوشتی) ژاک دێریدادا دەکەین.
لە بنەڕەتدا نووسینەکەی دێریدا، «دانی مەرگ» (یان بەخشینی مردن)، باسێکبووە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێک لەژێرناوی «ئیتیکی دان» کە لە دیسەمبەری ١٩٩٠ دا لە پاریس سازکراوە (٣). ئەڵبەتە لەگەڵ ئەم نووسینەی دێریدادا وشەی «دان» قورسایی فەلسەفی خۆی پەیدادەکات و پێگەیەکیش لە نووسینە فەلسەفییە هەڵوەشانەوەییەکان بۆخۆی مسۆگەردەکات و دەبێ بە وشەیەک لە وشەکانی لێکسیکۆنی هەڵوەشانەوەگەری و دەچێتە خانەی وشە گەلێ تری بەکاربراو لەلایەن دێریداوە وەک «جیاوازیی»، «نووسین»، «پاشماوە» و..هتد.
گرنگە هەر لەم سەرەتایەوە ئەوەشبڵێین کە، هەڵوەشانەوەگەری، وەک ئاڕاستەیەک ڕەخنەی لە بواری فەلسەفەی هاوچەرخدا، چ بۆ واتای مەرگ و چ بۆ ئەو واتایانەی (بەرپرسیاریەتی، پیرۆز، نهێنی، ئاین) لەرێگای ئەو واتایەوە لە نووسینی «دانی مەرگ»دا بەرباسیدەخات خاوەنی بۆچوونی ئیتیکی خۆیەتی و ئەو بۆچوونەش وەک خۆی لە نێوەندە جیاوازەکانی فەلسەفە لە ڕۆژئاوا پێشوازی لێناکرێ. ئەمەش لەبەرئەوەی گەلێک لە ڕەخنەگران ئەو بۆچوونانە بە بۆچوونهایەکی ڕێژەگەر و یان هیچگەرا لەقەڵەم دەدەن و بەوپەڕی هەستیارییەوە مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن. ئەم لایەنە کە لە فەلسەفەی هاوچەرخدا مشتومڕێک زۆری لەسەرە و لەبەرئەوەی باسێکە دەچێتە خانەی گفتوگۆکردنی لەلایەک فەلسەفەی هەڵوەشانەوەگەری دێریدا و لەلایەکي تر هزری دێریدا بەگشتی بابەتی ئەم باسەی ئێمە نییە و لێرەڕا هەڵوێستەی لەسەرناکەین. وەلێ ئەوەی ئێمە لێرە کاری لەسەر دەکەین و ڕاوبۆچوونی خۆمانی لەبارەوە دەستنیشاندەکەین گفتوگۆی واتای مەرگ و واتای بەپرسیاریەتییە لە سنوری ئەو باسەی تایبەت بە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی پاتوچکە کاری لەسەر دەکەین.

بەپێی ئەوەش کە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی پاتوچکە، یاخود چاکترە بڵێین هزری فەلسەفی پاتوچکە، بۆ دێریدا لە کتێبی «دانی مەرگ»دا بابەتی گفتوگۆی فەلسەفی چڕ بووە بایەخی ئێمەش بۆ ئەم کتێبەی دێریدا لێرەوە سەریهەڵداوە.

دێریدا لە کتێبی «دانی مەرگ»دا قسە لەسەر چەند تێمای فەلسەفی ناوەڕۆکدار دەکات کە هەڵوێستی فەلسەفیی پاتوچکە لە «سەرووتارە هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو» تایبەت بە هەندێ سەیرکردنی ئیتیکی و ئاینیی و تەنانەت سیاسیش دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بالێرە ئەوەش بڵێین کە ئاوڕدانەوەی دێریدا لە پاتوچکە لە کتێبی «دانی مەرگ» (نوسخەی فەرەنسی ١٩٩٢) دەچێتە خانەی قۆناغی «دوا دێریدا»وە. ئەم قۆناغە، کە لە ١٩٩٠کانەوە دەستپێدەکات تا کاتی مردنی دێریدا لە ٢٠٠٤ بەردەوام دەبێ، قۆناغێکە دێریدا تیایدا زۆرتر ئاوڕ لە باسهایەکی چڕی سیاسی، یاسا، ماف، هاوڕێیەتی، ماتەمینی، مەرگ، لێبوردەیی، هاوسێیەتی، سوپاس و پرسیارە سیاسی و ڕەوشتی و ئاینییەکان دەداتەوە. ئەو جۆرە نووسینانە، مەبەست نووسینە سیاسی و ڕەوشتییەکانی دێریدا، بە نووسینەکانی سەردەمی پیری دێریدا دەناسرێن و خۆیان لە قەرەی باس ئاینی، ڕەوشتی (ئیتیکی) و سیاسی دەدەن و لە ڕەوتی نووسینە فەلسەفییە پووخت و ئەدەبییەکانی دێریدا کە لە قۆناغی لاویدان نووسراون، زێدە جیان.

شوێنی باسە، دێریدا لە نووسینەکەیدا گفتوگۆی بینینی فەلسەفی پاتوچکە لە «سەرووتارە هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو» دەکات و ئەمەش لەمیانەی واتا گەلێ وەک بەرپرسیاریەتی، مەرگ (شەهیدبوون، قوربانیبوون، خۆکوشتن)، پیرۆز-موقەدەس- و نهێنییەوە دەکات و ئەڵبەتە دێریدا بۆئەوەی مەودای گفتوگۆکەی تایبەت بە هزری پاتوچکە بەرین و فرەئاقارکا دێت و پردێک لە گفتوگۆ لەنێوان ئەم کارەی پاتوچکە و تێگەیشتنە فەلسەفییەکانی هایدیگەر لە «بوون و کات»، لێڤیناس لە «مەرگ و کات» و کیێرکگەرد لە «ترس و لەرز» دا دروستدەکات و ئەو واتایانەش کە لایسەرەوە گۆکران بەجۆرێک ڕاڤە دەکات کە لە نووسینەکەی پاتوچکە هەمان ئاڕاستەیان نییە، ئەڵبەتە دێریدا ئامانجیشی لەمە پەرەپێدانە بە بزاڤی بینینەکانی پاتوچکە لەئاستێکی فەلسەفی نا- میتافیزیکیدا.

دێریدا بۆئەوەی خوێنەری نووسینەکەی نووقمی بیری ئاینیی و ئیتیکیی بکات لە هێندێ شوێندا لە ڕێگای ئەم نووسینەیەوە میراتی مەسیحایەتیش تایبەت بە واتای بەرپرسیاریەتی لە ڕێگای تێخوێندنەوەی هەقایەتی ئیبراهیمەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لەم حاڵەتەدا دێریدا بە پشتبەستن بە هەقایەتی ئیبراهیم، کە ئیسحاقی

کوڕی دەکات بە قوربانی بۆ خوا و مەرگی ئیسحاق دەکات بە دیاریی لەپێناوی خوادا، باس لە دیاردەی خۆ بەقوربانیکردن لە ئاین دەکات و مەسیحای ئەوروپایش دەکات بە مۆڵگەی گفتوگۆکانی. ئەم بەرپرسیاریەتیەی ئیبراهیم بەرامبەر بەخوا دێریدا ناویدەنێت بەرپرسیاری بەرامبەر بە «گشت ئەویتر». ئەم ئەویترە، ئەویترێک ڕەها و نهێنییە کە مەبەستیش لێی یەزدانە (خوا). لوغزی ئەم جۆرە گفتوگۆیەش لە نووسینەکەی دێریدا خۆی لەو بینینە فەلسەفیانە حەشاردەدا کە دێریدا دەخوازێت لە ڕێگای ڕوونکردنەوەی لەلایەک نەشونمای واتای بەرپرسیاریەتی لە نەریتی ئەفلاتونی و مەسیحای هەروەها لەلایەکیتر پێوەندی نێوان قوربانی (هەقایەتی ئیبراهیم و ئیسحاق) و ڕەوشتگەریی ئەوەمان بۆ یەکلا بکاتەوە چۆن بەرپرسیاریەتی شیاو دەکرێ و چۆنیش ڕەوشتی دان (دان وەک دیاری یان خەڵات) لە ئایندا کار دەکات. دێریدا کە دیارە مێژووی ئەوروپا و مێژووی بەرپرسیاریەتی لێکدی جیاناکاتەوە خۆی دەخاتە بەردەم کۆمەڵێک پرسیاری زێدە ئاڵۆزی نەک هەر فەلسەفی یان سیاسییەوە بگرە ئاینیشەوە. چونکە بۆ ئەم بیرمەندە فەرەنسییە مێژووی بەرپرسیاریەتی بە مێژووی بەرپرسیاریەتییەوە گرێدراوە (٤) وەلێ لە توێژینەوە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوادا گەر ناهاوسەنگێک لە بینیندا تایبەت بەم لایەنە هەبێ ئەوا ئەم بیرمەندە پاریسیە دەیخاتە سەرئەستۆی مێژووکردی ڕۆژئاواییەوە. بەواتایەکی دی بۆ دێریدا بەهەڵەتێگەیشتنی مێژووکردی ئەوروپای لە مێژووگەری بەپلەیەک بریتییە لە بەهەڵەتێگەیشتن لەوەی چۆن مێژووگەری لە پێوەندیدایە بە بەرپرسیاریەتییەوە (٥). دێریدا، بۆ چڕترکردنەوەی دیتنەکانی، لەسەر زمانی پاتوچکە باسلەوە دەکات کە مێژووگەری هەمیشە وەک کێشە دەشێت بمێنێتەوە، کێشەی مێژووگەری کێشەیەکی کراوەیە و هەرگیز چارەسەرکراو نابێ (٦). ئەمە بەباوەڕی ئێمە هەنگاوێکە لەلایەن دێرێداوە بۆ چاندنی تۆوی گومان تایبەت بەو تێگەیشتنانەی سەبارەت مێژووی تازەی ئەوروپاش دەوترێ. تەنانەت بۆ دێریداش ئەوەیان باسە کە چۆن لەدایکبوونی ئەوروپا بەمانا تازەکەی ئەم وشەیە دەشێت لێکدرێتەوە؟ ( ٧). بەڵام بەپێی ئەوەی دێریدا پێیوایە دانی مەرگ بریتییە لە عەقدی نێوان بەرپرسیاریەتی و باوەڕ ٨) ئەم حاڵەتە سێرکردنە سیاسی و ئیتیکییەکانی دێریدا بەرەو شوێنێک دەبات کە ڕێک خۆیان لەسەر سنوری گفتوگۆی نێوان ئاین و ڕەوشتدا ببیننەوە. ئەڵبەتە ئەم لایەنەش دەرگا لەسەر گفتوگۆیەکي زێدە بە پیتی ئیتیکی و تیۆلۆژی (لاهوتی)یش دەکاتەوە کە بەهایەکي بێئەندازە گرنگ بە نووسینەکەی دێریدا دەبەخشێت.

بەپێی ئەو چەند دێرەی دوای بێ مەرامیی ئێمە لەم گفتوگۆکردنەی نووسینی «دانی

مەرگ»ی دێریدا خۆنووقمکردنە لە فێرگە فەلسەفییەکانی دێریدادا تایبەت بە ئاین و ئیتیک. ئەو شێوە گفتووگۆ فەلسەفیەی دێریداش لەو نووسینەیدا ئارەزوومەندە بهێنێتەپێشەوە هەر پرسیار نییە لەسەر دان (یاخود بەخشین)ی مەرگ، بەڵکو پرسیاریشە لەسەر چۆنیەتی بوونی ئاین بە باسێكي سەرەکی و زێدە سەرنجڕاکێش لەکاتی گفتوگۆی بابەتی مەرگ یان ڕەوشتی بەرپرسیایەتیدا.

هەر لەم نووسینەشماندا تایبەت بە هزری پاتوچکە و لەسەرەتای دەستپێکی کتێبەکەدا ئەوەمان بەرچاوخست کە دەمانەوێت پردێک فەلسەفی گفتوگۆئامێز لەنێوان پاتوچکە و دێریدادا دروستکەین. مەرام و مەبەستی ئێمە لە دروستکردنی ئەم پردە بۆئەوەیە کە دێریدا لەو کتێبەی لایسەرەوە ناویهات (واتە دانی مەرگ) هەندێک لایەنی تری کردووە بە سەکۆ بۆ مشومڕ لەسەر دونیابینینی پاتوچکە لە کتێبی «سەرووتارە هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو» کە ئێمە لە خوێندنەوەکەماندا ئەو لایەنانەمان ئاوا شینەکردووەتەوە و بەوشێوە دێریدایانەشەوە ئاوڕمان لێنەداوەتەوە. بەمانایەکی دی، دێریدا لەو کتێبەدا کە گفتوگۆی شیاویی و ناشیاوی دان دەکات و سروشتی ئەنترۆپۆلۆژی و ئابووری دان (بەخشین)یش دەخاتە بەرباس، ئەمە بۆ ئێمە و لە توێژینەوەکەمان تایبەت بە بیری پاتوچکە شوێنی تێڕامان نەبوو.

وێڕای ئەویوترا، ئەم نووسینەی دێریدا ئەوەش بیردەخاتەوە کە فەلسەفە کە خۆی وەک دۆزەرەوەی ئازادی، ئازادی مرۆڤ، نیشاندەدا ئەرکی لە ئێستادا گەورەیە. بەڵام ئەم بیریارە فەرەنسییە ئازادی لە چوارچێوەی بینینی هەڵوەشانەوەگەری ڕاڤە دەکات کە ئەوەش بریتییە لە بەرپرسیاریەتی ( ٩). بۆیە ئێمە، بۆ پتر قووڵبوونەوە لە هزری پاتوچکە و یەکلاکردنەوەی ئەوی گرنگ و سەرەکییە لە هەناوی ئەم هزرە بەچاکمان زانیوە کار لەسەر ڕاڤەکردنی ئەو واتایانەش بکەین (بۆنمونە: مەرگ، بەرپرسیاریەتی، ئاین، پیرۆز، نهێنی) کە بۆ دێریدا موتیڤ (پاڵنەر) بوون تا بیری خۆی لەسەر نووسینەکەی پاتوچکە بەوشێوە داڕێژێت. ئەڵبەتە ئەوەش لەسەرێکی ترەوە ئاقارێتری بە تێگەیشتنی ئێمە تایبەت بە هزری پاتوچکە داوە.

ئەم کتێبەی دێریدا کە بەسەر چوار بەشدا دابەش دەبێت (یەکەم: نهێنی بەرپرسیاریەتی ئەوروپایی. دووەم: لەودیو: دان بۆ وەرگرتن، فێرکردن و فێربوونی دان، مەرگ. سێهەم: بە کێ بدرێت و چوارەم: هەموو ئەویتر هەموو ئەویترێکە) تەنیا ئەو لایەنانەی کتێبەکە بەرگفتوگۆ دەخەین کە هزری پاتوچکە لە کتێبی

«سەرووتارە هەڕتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو» دەخاتە ژێرپرسیارەوە. چونکە دێریدا لەم کتێبە دا جگەلە پاتوچکە قسە لەسەر کیێرکگەرد و پەڕەگرافی ٤٩ ی کتێبی «بوون و کات»ەکەی هایدیگەریش دەکات. بەڵام لەو شوێنانەی کە پێویست بکات فەلسەفەی ڕەوشتی دان و واتای مەرگ و شیاوبوونی بەرپرسیاریەتی بەپێی بینینی دێریدا ڕوون بکەینەوە ئەوا ڕوومان لە دەرگای بابەتەکانی تری ئەو کتێبەی دێریدا ناوە.

مایەوە لەم دەروازەیەدا ئەوەش بڵێین کە ئەوەی لە نێوەندە فەلسەفییەکاندا تایبەت بە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی پاتوچکە باوە ئەوەیە کە پاتوچکە لە ڕووی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژییەوە قوتابی هۆسرڵ و دواتر هایدیگەر بووە و گفووگۆی ژێراوژێریشی لەتەک دیتنە فەلسەفەییە فینۆمینۆلۆژییەکانی لێڤینانسیش هەبووە، بەڵام ئەم لایەنە لەم نووسینەی دێریدا بەوجۆرە باسی لێناکرێت و تەنانەت دێریدا ئاماژە بە سەرنجێکی شەخسی خۆی تایبەت بە ئەزموونی پاتوچکە دەدا کە جیایە لەوەی لەسەرەوە وترا. چونکە بەقسەی دێریدا بێت پاتوچکە لە لەگەڵ هایدیگەر (کە کارەکانی چاک دەناسێت) و لێڤیناس (کە ڕەنگە و ڕەنگیش نییە خوێندبێتییەوە)دا لە گفتوگۆدا بووە، بەڵام ئەوی پاتوچکە، دێریدا وتەنی، لەو دوو بیریارە جیادەکاتەوە تەنیا مەسیحایەتەکەی پاتوچکە (ئەڵبەتە دێریدا گومان دەکات ئەو دوو بیریارە مەسیحای نیبوبێت) نییە (١٠). بەڵام بەشبەحاڵی خۆمان بۆ ئەوە دەچین کە مەسیحایەتی هزری فەلسەفی پاتوچکە کاریگەری بەسەر ئاوڕدانەوەکەی دێریدا بۆ پاتوچکە لە نووسینی «دانی مەرگ»دا هەبوو بێت. ئەمەو دێریدا پێشتریش، واتە پێش نووسینی «دانی مەرگ»، بە دۆزی ڕوناکبیری نووسەرانی چیکی دژە ڕژێمی کۆمۆنیزمی ئەو دەمەی چیکۆسلۆڤاکیا ئاشنا بووە و ئاگایەکی وردی لەسەر هەوڵە سیاسییە هزرییەکانی پاتوچکە و هاوبیرانی لە پراگ لە داڕشتنی بیرۆکەی چارتە٧٧، کە دەنگێکی مرۆی و ڕەوشتی بووە دژ بە زۆرداریی و ناهاوسەنگی سیاسی لە کۆمەڵگای چیکی، هەبووە (١١).

## هەولی دێریدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئیتیکی بەرپرسیاریەتی لە ڕێگای واتای مەرگەوە

لە هزری فەلسەفی فەیلەسوفی چیکی یان پاتوچکەدا مەرگ شوێنێکی گرنگی هەیە و ئەم مەرگە لەتەک بەرپرسیاریەتیدا لەپێوەندیدایە. یان پاتوچکە لە نووسینەکەیدا بۆئەوە دەچێت، بەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر قوربانی، زەبروزەنگ و بەدڕەوشتیدا

گەشەدەکات (١٢). جا لەبەرئەوەی پاتوچکە لە نووسینەکەیدا ئەو دیتنەمان لابەرجەستە دەکات کە مردن لە پێوەندیدایە بە بەرپرسیاریەتییەوە ئەم لایەنە گرنگی بۆ دروستبوونی گفتوگۆیەکی قووڵ لای دێریداش هەبووە. لەبنەڕەتیشدا سێرکردنی فینۆمینۆلۆژیانەی پاتوچکە بۆ مەرگ کاری وایکردووە بینینە فەلسەفییە ڕەوشتییەکانی دێریدا ئاقارێکی ئەوتۆش وەرگرن کە مەرگ، ڕەوشتی بەرپرسیاریەتی و سینگولاریتی (تاکی) لە کۆنتێکستی ڕاڤەکردنەکەدا بەجۆرێک پێکەوە پابەندبن کە کاردانەوەیان بەسەریەکەوە هەبێت.

لێرە بەسوودە ئەوەش بڵێین کە لەکاتی خوێندنەوەی نووسینەکەی دێریدا تایبەت بە کتێبەکەی پاتوچکە چەقترین شتێک کە دەشێت خوێنەر خەیاڵی بۆ بچێت بابەتی چۆنیەتی دانی یان بەخشینی مەرگە، واتە تەرکیزی دێریدا لە دانی مەرگدا کۆدەبێتەوە و مەرگ فۆڕمی ئەوتۆ وەردەگرێت کە دەدرێت یاخود دەبەخشرێت. لێرە دەکرێ بۆئەوەشبچین کە، لە بینینی دێریدا دا مەرگ دەبێ بە شتێک و دەدرێت، یان مەرگ بەویتر پێشەکەشدەکرێت. دانەکە، یاخود پێشکەشکردنەکە، شێوە وەردەگرێت کە پاشان دێینەوە سەری وەلی مەرگ لە هزری دانا خۆی چڕدەکاتەوە. دانی مەرگ کە لە بناغەدا لەم نووسینەی دێریدادا، بابەتی گفتوگۆکردنەکەی دێریدایە تایبەت بە پاتوچکە دەرگا لەو گفتوگۆیەش دەکاتەوە کە لەسەر نەرێتی مەسیحای و ئەفلاتونی دەهێنرێتە پێشەوە. چونکە بۆ دێریدا بێئەندازە گرنگە حاڵیبوونی ئیتیکی خۆیمان لە چەند بینینێکدا بۆ بەرجەستە بکات سەبارەت بە چۆنیەتی ڕەفتارکردنی مەسیحای و ئەفلاتونیزم لەتەک بەرپرسیاریەتی و باوەڕ و قوربانیدا.

لە نووسینەکەی دێریدادا جۆرە هۆنینەوەیەک تایبەت بە واتای قوربانی و مەسیحای لەگەردایە کە خۆی لەو بیرکردنەوەیەدا بەرجەستە دەکات کە ئەزموونی بەقوربانیدان لە مەسیحایەتەوە دەستپێدەکات. هەروەها لە نووسینەکەی دێریدادا مەسیحای وەک ئاینێکی میستری (ڕازاوی، نهێنیاوی، لوغزاوی)، ئاینی نهێنی و قوربانی دەخرێتەڕوو (١٣)، دێریدا بۆئەوەی ئەم لایەنەش لەتەک تێخوێندنەوەکەی بۆ پاتوچکە تێهەڵکێش بکات دێت و خوێندنەوە بۆ بابەتی قوربانی لەمیانەی خوێندنەوەی نووسینی «ترس و لەرز»ی کیێرکگەردەوە ئەنجامدەدا. ئەمەش لای ئێمە ئەوە دەگەیەنێت کە بۆ دێریدا بەرپرسیاریەتی گشتی لە دەرەوەی باوەڕی ئاینییەوە دەجوڵێ و پێویستە بەرباسبخرێت. گەروابێت ئەمە وا لە دێریدا دەکات باس لە ئاین و تەنانەت یەزدانیش بێنێتەگۆڕێ. چونکە لە هۆنینەوە فەلسەفییەکانی دێریدادا سەبارەت بە مەرگ وەک ئەوەی دەدرێت (یان دەبەخشرێت)، ئاین و بەرپرسیاریەتی لە پێوەندی ڕاستەوخۆدان

لەتەک ئەوەی دێریدا ناویدەنێت دانی مەرگ. دێریداش بۆ ئەو مەبەستە قسەی خۆی لەسەر بەرپرسیاریەتی لەناو باوەڕی ئاینیی و ئایدیۆلۆژیای ئاینیدا دەکات.
بێ چەندو چۆن دەڵێین: گرنگە خوێنەری ئەم نووسینەی ئێمە فوکوس (تەرکیز) لەسەر ئەوەشبکا کە «بەرپرسیاریەتی وەک مێژووی نهێنی» شتێ زێدە هەستیارە چ لە نووسینەکەی پاتوچکە و چش لەوی دێریدا دا، بەڵام ئەم لایەنە لە گفتوگۆی باسی ڕەوشتی،یاخود بەرپرسیاریەتی ڕەوشتی، ڕەنگدانەوەی خۆی خستۆتەوە. بەتایبەت بەپێی بۆچوونی دێریدا ڕەوشتی شتێکە لە دەرەوەی بەرپرسیاریەتی. ئەمەش ئەوەدەگەیێنێ کە ڕووشتی لە بەرپرسیاریەتی هەڵدێ. بەڵام ناکرێ بەهیچجۆرێ ئەو تێزەی دێریدامان لە نوسینەکەیدا، لە «دانی مەرگ» دا، لەبیرچێ کە نەخشە بۆ ئەوە دادەنێ بەرپرسیاریەتی و مێژوو پێکەوە گرێدات (١٤).
تێگەیشتنی دێریدا لەم توێژینەوەی تایبەت بە مەرگ و ڕەوشتی بەرپرسیاریەتی لە تێگەیشتنی کانتەوە نزدیکە هەروەها لای دێریدا ڕەوشت شتێ گەردووناوی نییە بەڵکو شتێ تاکیە (ئیندڤیدوالیە). وەلی ئەوشتە پڕگرنگ و بایەخەی لەمڕووەوە دێریدا ئاماژەی پێدەدا ئەوەیە کە، دێریدا پێیوایە واجیبێکی (ئەرکێک، ئیلتزامێک) ڕەوشتیە قوربانیدان بە ڕەوشت. لێرەوە بەباوەڕی ئێمە، دێریدا دەیەوێ وتارێ نا-میتافیزیکی بێنێتەکایەوە کە سەرتاپا دژی ئاڕاستەی نووسینەکەی پاتوچکەیە لە کتێبی «سەرووتارە هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو». بۆ هەندێ لە توێژەرەوان پاتوچکە لەو نووسینەیدا ئایدیالیستێکی کراوە نییە و داکۆکی لە وتاری میتافیزیکی ڕۆژئاوا ناکات، بگرە بەپێچەوانەوە کار بۆ کۆتایهێنان بە هزری میتافیزیکی دەکات و لەو شوێنانەی پێویست بکات بە هەناسەیەکی دژەمیتافیزیکیانەوە بیری خۆیمان بۆ ڕاڤەدەکات کە ئەمەش پاتوچکە فڕێدەداتە دەڤەرێکی فەلسەفی ترەوە. بەڵام لایەنێک لەو لایەنانەی پاتوچکە لەو نووسینەیدا ڕووناکی دەخاتەسەر و بە تەماشاکردنە ئێتیکی و سیاسییەکانی خۆیەوە تێهەڵکێشی دەکات بابەتی «بەڕوحانیکردن»ە.
لێرە و بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە و کاریگەری پاتوچکە لەم لایەنەوە بەسەر نەوەی پاشخۆیەوە دێینەسەر تێگەیشتنێکی پێتەر لوم لەو پێشەکیەی بۆ کتێبی «ئەفلاتون و ئەورووپا» ی پاتوچکە نووسیویەتی کە تیایا بۆ ئەوەچێت، پاتوچکە کاریگەری بەسەر هزری پۆستمۆدێرنی فەڕەنسییەوە هەبووە بەتایبەت لەسەرئاستی هەڵوەشانەوە و چێژوەرگرتنی یاریئامێزانەی ڕەوشت و ڕۆحانی (١٥). لوم پێیوایە ئەم لایەنە لە دوا کارەکانی فوکۆ و دێریدادا بە باشی دەرکەوتوون (١٦). ئەمەو لوم پێگیری لەوەشدەکات، لە ئەورووپا و بەزۆری لە گفتوگۆی سیاسی یان ناسنامەی

ئەوروپایدا ئیدیاکانی پاتوچکە و بەتایبەت دیتنی بۆ میراتی ئەوروپایی کە لە بنەڕەتدا ڕیشەی لە دیدی فەلسەفی «بایەخدان بە ڕۆح»ەکەی سوکرات داکوتیوە، لەبەرهۆی سیاسی و کەلتووری بەجدی سەرنجی دەخرێتەسەر (١٧ ). هەر لەم بارەیەوە ڕیکارد ڕۆرتیش قسەی خۆی هەیە و بۆئەوە دەچێت کە «پرسی ڕۆحانی یان ترانسندێنس» لەبیرکراوە و دانیشبەوەدا دێنێت کە لەمدوایەدا بۆ بەشێک لە فەیلەسوفانی کۆنتنێنتالی فەڕەنسی و ئەمەریکی بووە بە بابەتی توێژینەوە. بەوەشدەچێت ڕۆرتی لێرە مەبەستی لە کاریگەری پاتوچکە بێ بەسەر فەیلەسوفانی ناوبراوەوە. لەلایەکی تریشەوە دەکرێ بڵێین، هەردوو نووسینەکەی دێریدا چ «ئاین» و چش «دانی مەرگ» کە مانای بۆ ئاوەڕدانەوەی هەندێ لە ڕوناکبیرانی ڕۆژئاوای بۆ «بەڕۆحانیبوون» هەبووە کاری ئەوتۆشی کردووە «ترانسندێنس» لە فەلسەفەی چ سیاسی و چ ڕەوشتدا جارێکیتر ببێتەوە بە بابەتی گفتوگۆ. بەڵام ئەو تێکەڵکردنەی لەم دوو دەیەی دوایدا لەنێوان ڕۆحانیەت و ڕەوشت یان ڕۆحانیەت و سیاسەت یان ژیانی کۆمەڵایەتی کرا هەندێ حەساسیەتی سیاسی و کەلتووری خستەوە، ئەمەش بەزۆری پاش هەندێ لە ڕووداوەکانی سەدەی بیست (لەوانە ژینۆساید لە کۆسۆڤۆ یان ١١ی سێپتەمبەر) خۆیدەرخست.

با لەم سەرەتایەوە ئاماژە بەوەشبکەین کە لە هزری دێریدادا دانی مەرگ بەواتای ئەوەدێت کە مەرگ دەشێت بدرێت، یاخود پێشکەش بکرێت. واتە مەرگ وەک خەڵات دەدرێت، یان لەشێوەی دیاری بەویتر پێشکەش دەکرێت. گەرئەمەش بێ دۆزی مەرگ، مەرگ وەک دیاری، لەم نووسینەی دێریدادا دەشێت بپرسین کێ چی دەدا؟ و کێ چی وەردەبگرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارەش کە دەرگا لەسەر بەواتابوونی مەرگ لەو نووسینەی دێریدا دەکەنەوە، ئاساییە بڵێین: دێریدا وشەی دان وەک دیاری نابینێ، بەڵکو وەک نهێنی چونکە پێیوایە دیاری هەر بە نەدراوەی دەمێنێتەوە و خۆی وەک شتێکی نهێنی نیشاندەدا. بۆیە دێریدا نهێنی مەرگ وەک ئەزموونێکی نوێی مەرگ نیشاندەدا. ئێمە گەر لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا تەماشای دیتنەکانی دێریدا بۆ دانی مەرگ بکەین دەڵێین: لەزۆر حاڵەتەدا بۆنمونە جەنگ، قەتلوعام (هۆلۆکۆستی جووەکان یان کورد) مەرگ کە بەویتری دەدرێ ئەم مەرگە ویستێکە و بەسەر ئەویتردا دەسەپێنرێ. ڕوونتر بدوێین دەڵێین: ئەو دەمەی نازییەکان جووەکانیان دەسووتان یان بەعسییەکان کوردیان زیندەبەچاڵ دەکرد مەرگیان بەویتر بەزۆر دەبەخشی. لەم حاڵەتەدا مەرگ بەزۆرە ملێ دەبێ بە ڕیشی ئەویترەوە و ئەویتر ئازاد نییە لە ڕەتکردنەوەی. وەلێ لەحاڵەتیتردا مەرگ

بەخشین شەقلێکی تر وەردەگرێ، بۆنمونە بەشداری سەربازەکانی ئێرانی لە شەڕ دژ بە سوپای عێراقی و مردنیان لەبەرەی جەنگ لەسەر ئەو تێگەیشتنە گوزەری دەکرد کە مردووەکان بەڵێنی ئەوەیان پێدرابوو کە شوێنیان لەو دونیا، لەئاخیرە، هەیە. ئێمە وای بۆدەچین هەر مەرگێک بەرپرسیارییەکی خۆی هەیە. بەباوەڕی دێریداش بێ تەنیا مەرگ دەکرێ بەرپرسیار بێ. واتە، تەنیا مەرگ لە مەرگی خۆی بەرپرسیارە (١٨).

بەبۆچوونی پاتوچکەو بەقسەی دێریدا، وەرگر مەرگ وەردەگرێ و ئەگەر مەرگیش پێدراو بێ ژیانیش پێدراوە (١٩). بەڵام کێیە ئەوەی ئەم پێدراوە دەدا؟ گەر بە بەواتایەکی دێرێداییانە بپرسین، دەڵێین: ئەو شتە چییە کە مەرگ شیاو دەکات؟ ئایا ئەوە خوایە مەرگ شیاو دەکات یان کەسێ (یاخود شتێ) تر؟ هەروەها ڕاستە ئازادی لە مردندا نییە بەڵام مردن چۆن ڕوودەدا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەوەی ڕوونە لێرە بووترێ ئەوەیە کە، ڕوودانی مەرگ ڕووداوێکە و دێ. بەواتایەکیتر هاتنی مەرگ لەخودی خۆیدا ڕوداوە. هاتنەکەی مەرگ کە کتوپڕ و ڕووداوئاسایە خورپەهێنەرە. لێرەوە دەشێت بەو بینینەش بگەین کە بەمشێوەیە خۆی فۆرمولێرەدەکات: گەر مەرگ پێدراو بێ ئازادی لەم حاڵەتەدا ناتوانێت سنوری مەرگ ببەزێنێت. ئەمەو ئێمەی بوونەوەر دەبێ لە چاوەڕوانی مەرگدا، مەرگی ڕاستەقینەی خۆماندا، بین. لەوە زێدە گرنگتر بشێ لێرە بووترێ ئەوەیە کە کەس لە بڕی ئەویتر نامرێ. بەپێی ئەم دیتنە بێت لەسەر مەرگ، هەرکەسە لە چاوەڕوانی مەرگی خۆیدایە و جێگۆڕکێ بە مەرگی یەکتر ناکرێ. بەمانایەکیتر کە دەمرین ئەوە منە دەمرێ و منێکیتر لەبڕی ئەو منە نامرێ. واتە سینگولاریتێ (تاکێتی) لە پێوەندیدایە لەتەک مەرگدا. ڕوونتر بدوێین ئێژین: دێریدا وەک هایدیگەر پێیوایە هەریەکە مەرگی خۆی دەژی، کەس ناتوانێ لە شوێنی ئەویتر بمرێ (٢٠).

بەڵام نە دێریدا و نەش پاتوچکە ناتوانن هاتنی مەرگ وەک ڕووداوێک ئاسان بکەن. بەواتایەکیتر، هاتنی مەرگ شتێکی ئاسان نییە و خۆشی هێنەریش نییە لە چەند حاڵەتێکی ڕیزپەڕدا نەبێ کە زۆربەمان ڕەنگە بزانین کامانەن (بۆنمونە خۆزگە بە مەرگ خواستن لە زیندان، لە گیانەلایدا یان لەکاتی ئازارچەشتن بەدەست ئازاری نەخۆشییەکی کوشندەوە و... ). کەواتە ترس لە مەرگ شتێکە بوونی هەیە و گومانی ناوێت. دێریدا پرسیاری ئەوەدەکات ئەوشتە چییە کە وامانلێدەکات بلەرزێین (یان بترسین)؟ دێریدا پێیوایە خوا یان مەرگ ئەو شتەیە کە دەمانخاتە لەرزین (٢١). بەڵام ئەوی زێدەگومڕایە و کەمکەس باسیدەکات ئەوەیە کە هەموو

کەسێ ئامادە نییە بمرێ و ترسێک لە مەرگ هەمیشە بوونی هەیە، یان لەگەڵ نزدیکبوونەوەی مەرگدا هەموو هاواردەکەین و دەترسین بمرین. بەکورتی مەرگ خورپەهێنەرە. مەرگ میوانێ زێدە ئازیز نییە. مەرگ هاوڕێی میهرەبان نییە لە هەندێ دۆزی تایبەت و دەگمەندا نەبێ. لەوانەی وتمان سەیرتر ئەوەیە، لە مەرگدا زۆرداریێک هەیە، چونکە مەرگ دێت و خۆی دەسەپێنێ. دەکرێ ئەوەش بڵێین کە بەپێی ئەوەی مەرگ مەترسییەکی حاشا هەڵنەگرە بەسەر بوونمانەوە تێکدەری قەوارەی ئۆنتۆلۆژیشمانە. بەڵام کە مەرگ پۆلدەکرێ و مەرگ شێوەی جیا وەردەگرێ (شەهیدبوون، لەسێدارەدان، کوشتن یان تیرۆر) ئیدی مەرگ دەبێ بە کاتیگۆریێ زێدە ئاڵۆزی ڕەوشتی و تەنانەت سیاسیش. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوی هەیە و شێوەی جیا وەردەگرێ ئەوە مەرگە نەک شتێکیتر، مەرگیش ئەو شتەیە کە فەوتان و نەمانمان بەرجەستە دەکات. چونکە مەرگبوونمان نیشانەیە لەسەر لوغزی فەوتان و نەمانیشمان. مەرگبوونمان کۆڵەکەی نهێنی نەبوونمان لە بووندا شیدەکاتەوە.

بائەوەش بڵێین کە دێریدا کە خوا یان مەرگ دەکات بە هۆکاری لەرزین مەرگ دەکات بە هاو واتای خوا. لەبەرئەوەی خوا لە هزری دێریدادا نهێنییە، نەناسراو و شاراوەشە. خوا کە ئەمە بوو کەواتە مەرگیش نهێنییە. بۆیە هاتنی مەرگ نهێنییە و نادیاریشە. چونکە مەرگ دێ و لەناکاویش خۆی پیادەکات و ئەستەمیشە بەری لێبگیرێت. ئەمەش وا دەکات دێریدا، لەسەر قەولی هایدیگەر، لە نووسینەکەیدا زۆر ئەوە دووبارەکاتەوە کە هەریەکە مردنی خۆی دەژی (٢٢). ئەم جۆرە سەیرکردنە سیمای شیکردنەوەکەی دێریدا دەگۆڕێ. ئەمە جەغتکردنە لەلایەن دێریداوە بۆ سەرزەنشتکردنی بینینە فەلسەفییەکانی تر بۆ مەرگ. ئەمە ئوستادێکی هەڵوەشانەوەگەرانەیە کە مەرگە شتێ ئۆنتۆلۆژییە. ئەمە دەستەبەرکردنی تێگەیشتنە بۆ مەرگ کە لە بوونیا میتافیزیکیە. وەلێ ئەمە کۆی تێگەیشتنەکان نییە بۆ واتای مەرگ و بەمەرگبوون. چونکە ئەم جۆرە تێگەیشتنە دێرێدایانەیە ئەوەمان پێناڵێت چەند مەرگ لەتەک ژیاندا لە کۆنتراستدایە، چەند مەرگ تەحەمولی ژیان دەکات یان بەپێچەوانەوە.

وێڕای ئەوەی وترا با ئەوەش بڵێین کە دێریدا پێیوایە خوا بەوجۆرەی دەیەوێ ڕەفتار دەکات و بۆ چۆنیەتی یان شێوەی ڕەفتارکردنەکانی پرسیار لە ئێمە ناکات، هەروەها هۆ بۆ ڕەفتارکردنەکانیشی هەرگیز نادۆزێتەوە. کەواتە خوا لەکاتی بڕیار وەرگرتن هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ ئێمەدا نییە. ئەمەش بۆ دێریدا بەو مانایە دێ ئەگەر خوا ئەوەی بکردایە ئەوا خوا نەبوو. واتە خوا لەبەرئەوە خوایە کە لە کەس ناپرسێت

چی بکات و چۆنی بکات (٢٣). ئەڵبەتە دێریدا پێوەندییێک لەنێوان خوا و ئەویتردا دەبینێتەوە. چونکە خوا بۆ دێریدا بریتییە لە گشت (هەموو) ئەویتر. ئەم ئەویترە، دێریدا پێیوایە، ئەویدەیەویٚ دەیکات بێگەڕانەوە بۆئێمە ئەمەش لەبەرئەوەی خوا وەک گشت ئەویتر بریتییە لە نهێنی (٢٤). نهێنیش هیچی هاوبەشی لەگەڵ ئێمە نییە ئەگەرنا نهێنی نەدەبوو. ئەم بەنهێنیبوونەی خوا فۆرمێکی تریش بۆ خوا زیاد دەکات کە ئەوەش بێدەنگییەکەیەتی. خوا بەرامبەر بە ڕەفتارەکانی بێدەنگی هەڵدەبژێرێ. دێریدا بە هەناسەیێکی فەلسەفییەوە لە ڕێگای کتێبەکەی کیێرکگەردەوە خوا وەک ترانسندێنس (مەزن، باڵا)ی ڕەها دەبینێ، خوا وەک شتێ نهێنی دەبینێ، پێوەندی بە خواوەوە وەک ئەویتر، بریتییە لە پێوەندی بە ئەویترەوە، بەو ئەویترەی ڕەهایە، ئەڵبەتە ئەم ئەویترە مەزنیشە. بەرپرسیاریەتی ڕەهاش ئەو بەرپرسیاریەتیەیە کە هەیە بەرامبەر بەویتری ڕەها، واتە خوا. بەمشێوەیە، خوا وەک ئەویتر، وەک ئەویترێ ڕەها، شتێ ترانسندێنس (باڵا) و نهێنییە (٢٥).
بەمانایەکیتر، بەنهێناوی بوونی خوا کاریگەری بەسەر مەرگیشمانەوە هەیە. مەرگی ئێمە کە لەبنڕا نهێناوی و لوغزاویە بێئەندازە ڕەهایە. بەمجۆرە بێ دەستکاریکردنی واتای مەرگ دەستکاریکردنی ئەو شتەیە کە ڕەها و نهێنییە. چونکە مەرگی ئێمە لە نادیاری و لوغزا دەژی. مەرگی ئێمە لە نهێنیا پەنهانە. مەرگی ئێمە ئەو شتەیە زانیاریمان لەسەری نییە هەربۆیشە ڕەها و ناڕوونە. ناڕوونی مەرگ ناسنامەی ڕاستەقینەی مەرگە کە خۆی لە سرێکدا قایمکردووە هەموانی گیرۆدەی خۆیکردووە. بۆیشە مەرگ ڕووداوێکی زێدە گومڕا و نائاشکرایە. مەرگ دێ و ڕوودەدا کەبیەوێت. ڕووداوی مەرگ ئازادییەکە تەنیا بە مەرگبوون دەبەخشرێ. واتە، ئازادی ڕوودانی مەرگ، ئازادی نهێناویبوونی مەرگ مافێکە تەنیا بە مەرگ بەخشراوە.
هەر لێرە و تایبەت بەوەی لای سەرەوە بەرباسخرا ئەوەش دەڵێین، دۆزی مردن و نهێنی هەروەها پێوەندی نێوان مردن و جەستە دوو باسی گرنگن لە ڕیزی ئەو باسانەی دێریدا لە کتێبی ناوبراودا دەرگای گفتوگۆیان لێدەکاتەوە. ئەڵبەتە لەگەڵێ شوێن دێریدا دەچێتەوە سەر گفتوگۆی بۆچوونی هایدیگەر لە کتێبی «بوون و کات» لەبارەی مەرگەوە. وەلێ ئەوی هایدیگەر لەو کتێبە باسی دەکات درێژەپێدانەوەیە بە نەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەبارەی مەرگەوە، بەتایبەت وتنەکانی ئەفلاتون لە دیالۆگی فیدۆ لەسەر مەرگی سوکرات (٢٦). شایانیباسە، هایدیگەر مەرگ وەک شیاوی بۆ ڕۆح دەبینێ و لە جەستە جیای دەکاتەوە. بەڵام هایدیگەر ئەوەمان بە وردی بۆ شیناکاتەوە ئەوەی پێوەندی بە نهێنییەوەیە ئەوەیە کە ڕۆح یان خود

له پێوەندیدایە بە مەرگەوە. چونکە نهێنی مەرگ لەو ڕاڕاییەدایە کە لەتەکخۆیدا دەیهێنێ. هەروەها بەهاتنی مەرگ جەستە و ڕۆح دەکەوێتە حاڵەتێک لە شپرزەیی ئەوتۆوە کە پێوەندی نێوانیشیان ڕوو لە ترازان دەنێ.

بۆ زێتر شیکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە وترا دەڵێین، دێریدا لەڕێگای تێگەیشتنی هایدیگەر بۆ مەرگ، مەرگی هەریەکە، گفتوگۆی ئەو لایەنانە دەکات کە بە شیاوی مەرگی گشت منێکەوە تایبەتە. ئەمەش بەو مانایەی هەرمنە و مەرگی خۆی لەگەڵ خۆیەتی، یان هەر منە بەرامبەر بە مەرگی خۆی بەرپرسیارە. گفتوگۆی ئەم شیاویە گفتوگۆی واتای بەرپرسیاریەتیش دێنێتە پێشەوە. وەلێ تێگەیشتنەکانی هایدیگەر بۆ مەرگ لەتەک تێگەیشتنەکانی لێڤیناس یەکناگرێتەوە کە بۆ پاتوچکە بووە بە باس (٢٧). چونکە لێڤیناس سێری مەرگ بەوجۆرەی هایدیگەر ناکات و پێیوانیە مەرگ بریتیبێ لە مەرگی خۆژیان بەڵکو لێڤیناس بۆئەوەدەچێ مەرگ وەک ئەویتر وایە، وەک ئەو ئەویترەی لەناکاو دێ. کەواتە، مەرگ بەپێیبینینی ئیتیکی لێڤیناس بێ، بکوژە یاخود دزی شەوە. کەوابێ لێڤیناس دەیەوێ ئەو سەیکردنەمان لادروست بکات کە مەرگ وەک بکوژێ یان دزێ لە شەوداخۆی پیا دەکات و لەناکاودا دێ (٢٨). بۆیە مەرگ لەم حاڵەتەدا شتێکە لە ئەویتر نەک لە خۆ. ئەمەش ئەو دەگەیەنێت کە هزری لێڤیناس تایبەت بە مەرگ کە لەتەک هایدیگەردا یەکناگرێتەوە بۆئەوە دەگەڕێتەوە لێڤیناس تێگەیشتنی بۆ مەرگ لەسەر بناغەی بیرۆکەی «ئەویترگەری» بوونیاد دەنێ و ئیندڤیدوالیتێ لە مەرگا نابینێتەوە (٢٩). ئەو گرژییەش کە لەنێوان بینینە ئیتیکییەکانی لێڤیناس و هایدیگەردا هەیە سەرچاوە و ڕوونکردنەوەی خۆی هەیە و بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بینینی ئۆنتۆلۆژیانەی هایدیگەر بۆ بوون و مەرگ. لێڤیناس کە ئیتیک بە فەلسەفەی یەکەم دەزانێ نەک ئۆنتۆلۆژی ئەمە سەرجەم بینینەکانی بۆ مەرگ و ژیان دەگۆڕێت. ئەو «ئەویتر»ەی لێڤیناس باسی لێوەدەکات لە هزری هایدیگەردا ڕوو نییە و هەروەها بوونیادێکی ئۆنتۆلۆژی لە دازاین (واتە بوون، بوون لەوێ)دا هەیە (٣٠). لای هایدیگەر مەرگ ئیندڤیدوالیزەی دازاین دەکات (٣١) و ئەم مەرگە تاکییە شوێنی لە بووندایە و لەپێوەندیشدایە بە کاتەوە.

پێشەوەی لای خوارەوە وەک پێویستێک چەند سەرنجێک لەسەر فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی لێڤیناس و لایەنی ئیتیکی ئەم فەلسەفەیە بەرباس بخەین و تونێلێکیش لەنێوان واتای «ئەویتر» و دیاردەی مەرگ لای ئەم بیرمەندە هەڵچنین بەپێویستی دەزانین دەست بۆ ئەو هەقیقەتە فەلسەفیە ڕاکێشین کە گەلێ لە توێژەرەوانی هزری چ لێڤیناس و چ هایدیگەر دەرکیان پێکردووە کە لێڤیناس ئیتیک نەک ئۆنتۆلۆژی

که یەکەم فەلسەفەیە، دەکات بە بناغە بۆ تیۆریزەکانی، هەروەها ئەم بیرمەندە فەڕەنسیە بەڕەچەڵەک جووە کە لە بنەمالەیەکی ڕوسی جوو هاتۆتە دونیاوە هەر لە زارۆکییەوە خولیای خوێندنەوەی بیبل (کتێبی موقەدەس) بووە و پێشئەوەش کە دەست بە خوێندنەوەی فەلسەفە یان ئەدەبی کلاسیکی ڕووسی بکات زۆر مەیلی تەلمود (کتێبی عورف و عادەتی جووەکان) خوێندنەوەی هەبووە (٣٢).

با لەسەرەتاوە لەوێوە دەستپێکەین کە بۆچوونی فینۆمینۆلۆژی لێڤیناس کە ئیتیکیین بۆ دێریدا سەرچاوەیەکی بەپیتبوون. ئەم دوو بیریارە فەڕەنسییە، کە هەردوو بە ڕەچەڵەک جوون (یەهودیین) و فەڕەنسیش نین (لێڤیناس لە لیتوانیا هاتۆتە دونیاوە و دێریداش لە جەزائیر)، لە ژێر کاریگەری هزری فینۆمینۆلۆژی هاوچەرخی ئەڵمانیدا بوون، کە دەکات هۆسرڵ و دواتر هایدیگەر. ئیتیک بۆ لێڤیناس سەرچاوەی فەلسەفەیە و یەکەم فەلسەفەشە، واتە ئیتیک بۆ لێڤیناس پێش ئۆنتۆلۆژی دەکەوێ. فەلسەفەواویکردنی شتەکان لای لێڤیناس ڕیشەیەکی ئیتیکی هەیە. هەر لەسەرەتاشەوە توێژینەوە فینۆمینۆلۆژییەکانی لێڤیناس بۆ ئیتیک ڕووی لە باسی «ئەویتر» کردووە و ئەو لایەنەی بەرباسخستووە تایبەت بووە بە تێمای «ئەویتر»، کە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا هەقی خۆی نەدراوەتێ (٣٣). بەبێگومانیشەوە ئاماژە بەوەدەکەین کە کۆلەکەی ئەم ئیتیکە ئەو «ئەویتر»ەیە کە تووشی دەبین یان ڕێ بەدیدەکەین (ڕووبەڕووی دەبینەوە). فەلسەفەی ئیتیکی لێڤیناس بێ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە هەناسە نادات. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەویتر مانا بە بوونی ژوانێک دەدا دەبێ بە ڕیشەی ئیتیک. چونکە ئەم ئیتیکە تەنیا و تەنیا کارلەسەر ڕووبەڕوویی دەکات (دەمووچاو بەرامبەر بە دەمووچاو)

وێڕای ئـەوە، ئـەوەی لێڤیناس لەڕێگای ئەو فینۆمینۆلۆژییە ئیتیکیەی کاری لەسەرکردووە ئەوەیە کە «ئەویتر» لەگەڵ «خۆ» یان «خود» دا ڕووبەڕوو دەکاتەوە. بۆ لێڤیناس ئەمە دەکات؟ لێڤیناس ئەمە لەبەرئەوە دەکات، چونکە لە فەلسەفەی ئیتیکی ڕۆژئاوادا «ئەویتر» وەک «ئەویتر» قبوڵنەکراوە، بەڵکو وەک «هەمان» قبوڵکراوە. واتە «ئەویتر» وەک ئەوەی کە هەیە لە فەلسەفەی ڕۆژئـاوادا پەسەند نەکراوبووە. ئەم جۆرە فەلسەفەیە باوەڕی بە «من»ە (یان خودە) تەنیا لە سنوری جیاکردنەوەی «من» لە «ئەویتر»، «من» لە «تۆ». واتە، ئێمە، من و تۆ، نابین بەیەک بەهاوتابوونمان، بەڵکو ئێمە هەین و دەبین بە ناهاوتابوونمان (بەجیاوازبوونمان) ئەمەش بەو مانایە دێت کە من منم و تۆش تۆی، چونکە ئێمە لێکچوو نین. ئێمە دوو ڕوو (دەمووچاو، سیما)ی جیاوازمان

هەیە کە هەریەکە ڕوویەکی ترە. «ڕوو» بۆ فەلسەفەی ئیتیکی لێڤێناس بێئەندازە مانای هەبووە. لەبەرئەوەی ڕووی «ئەویتر» لەبنڕا لە ڕووی «من» ناچێت. ئەمانە دوو ڕووی جیان. ئەم دوو ڕووە جیایە بۆ هەمیشە ناهاوشێوەن وەلێ لەنێوان ئەم دوو ڕووەدا خۆشەویستی هەیە، ئەڵبەتە هەست بە «بەرپرسیاریەتی» و «قەرزاری»ش. ئیتیکی خۆشەویستی ئەو دوو ڕووەی ڕاگرتووە، ئەڵبەتە هەست بە بەرپرسیاریەتەکەش بێمانا گرنگی خۆی بۆ ئەو پێوەندیە هەیە کە لە نێوان «من» و «ئەویتر»دا دێتە سازاندن. واتە، ئەو ڕووەی «من» هەمە ڕووی «تۆ» نییە و نابێت، ئەڵبەتە «تۆ» ش ڕووی خۆتت هەیە و هەربۆیشە ئێمە لێکنەچووین. بۆیە ناشێت و نابێت ئێمە بەیەک بچوێنرێین. چوواندنی ئێمە بەیەکتر هەڵەیە. سمکۆ سمکۆیە و ساکاریش ساکارە. سمکۆ و ساکار دوو شێوە ڕوویان هەیە کە وێکچوو و هاوشێوە نین. بەڵام ئێمە بە جیاوازی لە ڕووەکانمان دەشێت هەبین و ببین بە ئێمە. ئەم جۆرە تێهزرینە فەلسەفییە بەسەر «من»ەوە لە بەرامبەر ئەوی تر کە «هەمان» نییە فەلسەفەی ئیتیکی لێڤیناس لە هی کانت و هیگڵیش جیادەکاتەوە. ئەو فەلسەفە ئیتیکیەی لێڤیناس باوەڕی پێبووە شتی «تایبەت»ی لە شتی «گشتی»ی جیاکردۆتەوە. چونکە فەلسەفەکەی وابوونیادناوە کە «من» هەمان نەبێت. بەواتایەکیتر، «من» لەتەک «ئەویتر»دا هەمانشت نیم. هەمانشت نەبوونی «من» و «ئەویتر» فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی لێڤیناس لە فەلسەفەی مامۆستاکەشی، هۆسرڵ مەبەستە، جیادەکاتەوە. ئەم جۆرە بناغە دانانە ئیتیکیە بۆ تێگەیشتن لە «من» یان لە «خۆ» ڕێگای لەبەردەم نەوەی پاش-لێڤیناس کردەوە قسە لە «ئەویترگەری» بکەن. ئەویترگەری باسی «جیاوازیسازی»ش دێنێتە پێشەوە. چونکە «من» و «تۆ» کە جیاوازین ئەمە کوفر نییە بەقەدئەوەی مافی خۆمانە و لە بوونیادماندایە ئەم جیاوازیە. لێرەوە دەکرێ هەردوو واتای «جیاوازی» و «هەمان» بێتە گۆڕەپانی گفتوگۆی فەلسەفیەوە و بۆ ئەو مەبەستەش لێڤیناس و لێڤیناسگەرەکان یادخرێنەوە. واتە تۆ خۆتی منیش خۆمم. بەمجۆرە ئێمە هەمان نین و جیاین لەیەکدی. ئەم بایەخدانە بە «ئەویتر» لە هزری لێڤیناسدا موحاسەبەکردنێکی فەلسەفیانەی فەلسەفەی ڕۆژئاواشی بەدەمەیەوە کە چۆن چۆنی ئەم فەلسەفەیە مامەلەی لەگەڵ «ئەویتر» کردووە. بەڵام نابێت لاریمان لەوەدا هەبێت کە کۆششی لێڤیناس بۆ جیاکردنەوەی «من» لە «ئەویتر» کۆشش بووە بۆ بەرپرسیاربوونی ئەم «من»ە بەرامبەر بە «تۆ» وەک ئەویترێک. کەواتە، بیرۆکەی بەرپرسیاریەتی لای لێڤیناس لەسەر ئەو بناغەیە خۆی دادەمەزرێنێ کە «من» بەرامبەر بە «ئەویتر»،

بەرامبەر بە «تۆ»ێک کە ئەویتری و جیای لە «من»، بەرپرسیارم.
ئەڵبەتە، نازداری فەلسەفەی ئیتیکی لێڤیناس لەمەڕ «ئەویتر « لەوەدایە لەناواخنیدا وتارێک تایبەت بە «بەرپرسیاریەتی» حەشاردەدا. لێڤیناس وەک جوو، وەک ئەوەی قوربانی ئەویترە، ئەویتری نازی، ورد لە چەمکی «بەرپرسیاریەتی» دەگات (٣٤).
بۆیە جەغتکردنی لە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە ئەویتر بەشێک لە ڕووبەری فەلسەفەی ئیتیکی لێڤیناس داگیر دەکات. ئەم بەرپرسیاریەتیەی لێڤیناس جەغتگیری لەسەر دەکات کەلێن ناخاتە نێوان «من» و «تۆ»وە، چونکە بەپێی ئەو فەلسەفەیەی ئەم بیرمەندە کاری لەسەر دەکات کە «من» لە «تۆ» جیام ئەم جیاوازیە ترسێک نییە بۆ سەر «تۆ». بۆیە بیرۆکەی بەپرسیاریەتییەکە لێرە «من» منم و «تۆ»ش تۆی دەپارێزێت. گەر هەموو «من»ێک خۆی بەرامبەر بە «ئەویتر» بە بەرپرسیار بزانێ ئیتیکی جیاوازی بۆ سەر هیچ یەکێکمان مەترسیدار نابێت. واتە فەلسەفەی ئیتیکی لێڤیناس ناتوانێ منێک دروست بکات کە بکارێک بەبێ ئەویتر هەڵ بکات. ئێمە جیاین بەڵام هەین. ئێمە هەین چونکە جیاین چونکە هەمانشت نین. تەنانەت «من» بۆ لێڤیناس جیاواز نییە، واتە «ئەویتر» نییە، «ئەویتر»یش ئەویتر نییە (٣٥). مەبەستی لێڤیناس ئێمە هەریەکە خۆمانین لەبەردەم «ئەویتر»دا.
کارکردنی بەشێک لە بیرمەندانی پۆستمۆدێرنەش لەسەر «ئەویتر»، «جیاوازیسازیی» و «ناهەمانشتی» لەگەڵێک لاوە قەرزاری فەلسەفەی ئیتیکی لێڤیناسە. چونکە لێڤیناس وەک قوربانی «هەمانشتی»، ئەوەی کە هەموو وەک یەکبین، هاوشێوە و لێکچووبین چاک لەوە دەگات باس لە «من» بێ باس لە «ئەویتر» شیاو نییە. نکۆڵی لەوەش ناکرێت گەر بڵێین: ئەم «هەمانشت»ییە لە فەلسەفە و سیاسەتی ئەوروپا کێشەیەکی زۆری خستەوە و پێویستی بە هەڵوێستەبوو، هیچنەبێت لەلایەن هزربەتەندروستان ویژدانباشانێکی وەک لێڤیناس یان دێریداوە. مەگەر هۆلۆکۆست، ئەو کێشەیەی بەدووی تاکڕوویدا وێڵبوو، کە دەیویست هەموو هاوشێوە بین و یەک ڕوومان هەبێت، یەکێک نییە لە دیوەکانی ئەو کێشەیە؟ لەوە گرنگتر کە باسکرا ئەوەیە، ئەو فەلسەفەی ئیتیکەی لێڤیناس داکۆکی لێدەکات ئەو فەلسەفەیەیە بەدووی شوێنێک دەگەڕێت بۆ کەسی غەریب، کەسی نامۆ و بێگانە، ئەو کەسەی لە ئێمە نییە و لە ئێمە ناکات. بۆیە یەکەمین ئەرکی ئیتیکی لێڤیناس بۆ دامەزراندنی ئەمجۆرە ئیتیکە ڕووکردنە لە «ئەویتر»، سێرکردنی «ئەویتر»ە، داکۆکیکردنە لە «ئەویتر» و خۆ بە بەرپرسیارزانینە بەرامبەر بە «ئەویتر». هەرلەبەرئەوە فەلسەفەی ئیتیکی لێڤیناس پڕ بەدونیایێک دەقیژێنێت و دەڵێ: مەمکوژە. لێڤیناسی

جوو، لێڤیناسێ کە کراوە بە «ئەویتر» دەیەوێ هەبێ و بژێت. ئەم لەرێگای ئەم بینینانەوە دەیەوێت زەمینە بۆئەوە دروست بکات هیچی تیانییە کە ئەم «ئەویتر» بێ. واتە ئەم کە هەیە و «ئەویتر»ە، ئەمە مەترسی نییە بۆ سەر کەس. ئەم، واتە لێڤیناس، مەبەستدارە لەوەی «ئەویتر» بێ و پەسەندکراویش بێ. بە «ئەویتر» بوون ڕەوایە، پێویستییێکی بوونی «تۆ»یە. «تۆ» کە ئەویتری ئەمە شیاوییە نەک ئەستەمیی وەلێ سالانێک لە ڕۆژئاوا دۆزێک هاتەگۆڕێ ئەویتربوونی حەرامکرد. هاوشێوەبوون و لێکچووی تاکە ئیتیکێکی سیاسی و کەلتووری بوو کە ڕۆژئاوا باوەڕی گەورەی پێبوو. ئێستاش ئەویتربوون و لە ئەویتر نەکردن هەر لەژێر هەڕەشەدایە. ئەو ئیتیکە سیاسییەی لەئێستادا لە جیهاندا گەشە دەکات زۆرتر ڕووەو ئاڕاستە پێچەوانەکە گەشە دەکات. لە گەلێ کۆمەڵگا تا هەنووکەش ئەویتر ناپەسەندکراو و پێشوازی لێنەکراوە. تائەمڕۆش کەلتووری باڵا هەوڵی قۆرخکردنی گشت ئەوانیتر دەدا و هەر هەموو بەیەک جۆر ڕەنگ دەکات و دەخوازێ یەک سیما و خەسڵەتیان هەبێ و بدرێتێ.

«ئەویتر» کە لە هـزری لێڤیناسدا لایەنێکی هێجگار پرشنگدارە مۆڵگەی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەتەک دەرەوەی «خۆ»دا، لەتەک ئەوەی پێیدەڵێن «من»دا. وەلێ چۆن لەتەک «ئەویتر» ڕووبەڕوودەبیتەوە، چۆن «ڕوو»ی خۆتی نیشاندەدەی ئەوە «تۆ»ی ئەوە دەکەیت نەک کەسێکی تر. کەوابێ دەبێت بزانیت کە «تۆ» چیدەکەیت و چۆنی ئەو شتە دەکەیت. ئەوەی دەیکات ئەوە «تۆ»ی ئەو شتە دەکەیت نەک کەسێکی تر. بۆیە «تـۆ» هەمیشە بەرامبەر بـەوەی دەیکەی بەرپرسیاری. هەریەکە لە کرداری خۆی بەرپرسیارە. بەرپرسیاربوون لە کرداری خۆ و خۆ بەرپرسیارزانینیش بەرامبەر بە «ئەویتر» کێشەیەکی گەورەی بەرپرسیاریەتیە کە تاهەنووکە وەک خۆی ماوەتەوە. ئیتیکی بەرپرسیاریەتی لەگەڵ مێژووی بەرپرسیاریەتیدا هاتۆتە کایەوە. بەڵام چەند ئەم ئیتیک و مێژووە لەتەک یەکدا هەڵدەکەن ڕوون نییە. ڕوون نییە چەند ئێمەی بوونەوەر لە بەرپرسیاریەتییەکانمان حاڵیبووین، هەروەها چۆن ئەم حاڵیبوونە پراکتیزە دەکەین. بۆیە هەڵە ناکەین بڵێین: ئایندەی ئیتیکی بەرپرسیاریەتیمان ناڕوونە و تابڵێی تەڵخیشە. چونکە مرۆڤی تازە کەمتر دەروەسی ئیتیک دێ. ئیتیک بۆ مرۆڤی سەردەم شتێکی وەزیفی و سەرپێیە. ئیتیک لەوەکەوتووە پێوەندیداربێ بە باوەڕ یان بە ویژدانەوە. سییەکانی ئیتیکی نوێ پڕە لە ویژدانی هەلە و باوەڕی خراپ.

لێرەوە دەمانەوێ بۆئەو سێرکردنە بچین کە ئیتیک ئەو مانایەی لە ژیانماندا نییە.

ژیانی ئێمه پتر خۆی لەگەڵ نائیتیکیدا (بێڕەوشتی) دەکونجێنێ. وەکیتریش ئیتیک بووە بە شەڕی نێوان واژە و واتاکان. ئاکار و ویژدانی ئێمە کە پشتی لە ئیتیک کردووە خۆی بە هەندێ زاراوە و مانای پەلە و سەرپێییەوە سەرقاڵکردووە کە ئیتیکی نین. بۆیە سەختە لەم بارودۆخەدا بکارین لە واتای ئەرک یان بەرپرسیاریەتی بگەین، چونکە لەبنەڕەتدا ئێمە لە مافی خۆمان و لەوەش کە پێیدەڵێن باشە ناگەین. بەکورتی ویستمان، ویست بۆ باشە، لە ئێمەدا ڕۆژبـەدوای ڕۆژ ڕوو لە لاوازی و کەمیدەنێ.

کاتێ لە فەلسەفەی ئیتیکی لێڤیناس قووڵدەبینەوە دەبینین لێڤیناس دەیەوێ فێری دوو شتمان بکات یەکەم تێگەیشتن لە «بەرپرسیاریەتی» و ئەویتریش لە «کرانەوەی». لێڤیناس لەڕێگای ئەو ئیتیکەوەی باوەڕی پێیەتی دەخوازێ ملکەچمان بکات بەوەی کە لەمیانەی ئەویترەوە لە خۆمان بگەین. باشە ئێمە چۆن دەکارین ئەمە بکەین؟ ئێمە تەنیا دەکارین ئەمە لەڕێگای دانپیاهێنانەوە بیکەین، دانپیاهێنان بەویتر، دانپیاهێنان بەو ئەویترەی نامۆ و غەریبە، ئەو ئەویترەی کە دەشێ ڕەش بێ یان جوو یاخود بستەباڵا یانیش قەرەج یاخود ئافرەتێک. کەوابێ شەرم نییە کە ئێمە قەرەج بین یان ئافرەت بین، یانیش سەرڕەش و تایبەت بین. ئێمە تایبەتین چونکە وەک ئەویتر نین و ئەویتریش وەک ئێمە نییە. ناشێت ئێمە هەموو جوان بین یان پیاو بین، یاخودیش سپیپێست بین دەکرێ شتیتر و کەسیتریش بین. بۆیە ئەو جیهانەی لێڤیناس لە فەلسەفە فینۆمینۆلۆژیەکەیدا چێیدەکات جیهانێکە بۆ هەموان، هەموان بەهەموو جیاوازییەکانمانەوە شوێنمان تیایدا دەبێتەوە. بەبێگومانەوە ئەو جیهانەی لێڤیناس قسەی لەسەر دەکات جیهانێکە پێچەوانەی ئەو جیهانە ترانسندنتالییەی مامۆستاکەی نەخشەی بۆ داناوە. چونکە جیهانی ترانسندنتالی (باڵا) کە جیهانی هۆسرل بوو، جیهانێکە منێ ترانسندنتال دایدەڕێژێ. ئەمەی هۆسرل بناغەی بۆ دادەنێت کار لەسەر بەتەنیا «من» دەکات و «من»ەکان هەموو پێکەوە یەک شتی هاوبەشیان هەیە ئەوەش «خود»ە. بەڵام لێڤیناس وایدەبینێ ئەمە دیتنێ فینۆمینۆلۆژیانەی ئایدیالیستیانەیە. کەواتە لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی ترانسندنتالیدا ئیتیکی «ئەویتر» شوێنی بزرە و باس لەم جۆرە فەلسەفەیەدا باسە لە «هەمان».

ئێستا لەرێگای ئەو خستنەڕووەی فەلسەفەی ئیتیکی لێڤیناسەوە کە لای سەرەوە کارمان بۆ کرد دەکارین بەو ئاکامە بگەین لەسەر واتای مەرگ کە مەرگ بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ «ئەویتر»دا. مەرگ بریتییە لە مەرگی «ئەویتر» و

ئەمەشە خاڵی جیاکارەی نێوان هایدیگەر و لێڤیناسە لەبارەی مەرگەوە (٣٦)، هەربۆیەشە لێڤیناس لە دێریداش جیادەکاتەوە. بەواتایەکیتر، مەرگ بریتییە لە «ئەویترگەری». مەرگ دێ و وەک ئەویتر خۆی پیادەکات هەروەک لای سەرەوەش ئاماژەمان پێدا. ئەم تێگەیشتنە لێڤیناسیە بۆ مەرگ پێچەوانەی بینینی دێریدایە کە بینینێ فەلسەفی- ئۆنتۆلۆژیانەی هایدیگەرانەیە. بینینی دێریدا کە خۆی لەسەر بناغەی بینینی هایدیگەر دەسازێنێ بینینێکی ئیندڤیوالیە (تاکییە). ئەو ئیتیکەی لێڤیناسیش کاری بۆ دەکات دێریدا پێیوایە میتافیزیکیە. لای لێڤیناس بوون سەرچاوەی مانا نییە و مانا لەودیو بوونەوە دێتەکایەوە، واتە هەیە. هەر بۆنمونە خوا بوونی دەکەوێتە دەرەوەی بوونەوە ئەمەش جۆرە ڕەتکردنەوەیەکی هایدیگەرانەی پرسیاری بوونە. چونکە پرسیاری بوون لەناو پرسیاری «ئەویتر» خۆیدەبینێتەوە بۆیە «ئەویترگەری» شوێنێکیشە بۆ پێوەندی بە خواوە، بۆیە ئەزموونی مەرگ لای لێڤیناس بریتییە لە ئەزموونی مەرگی «ئەویتر» (٣٧).
ئەو سەیرکردنە دێریداییەی لای سەرەوە باسمان کرد، کە بەخۆی گەشەدانە بە سەیکردنێکی هایدیگەرانە بۆ مەرگ، ئەوەشی تیابەدیدەکەین کە دێریدا زۆر بایەخ بە مردن وەک مردنی هەریەکە دەدا. واتە کەس مردنی ئەویتر ناکاریێ بژی و کەس ناتوانێ مەرگ لەویتر وەرگرێ (٣٨). دێریدا بۆ زۆرتر ڕاڤەکردنی بینینییەکانی لەمەڕ مەرگ دەگەڕێتەوە لای هایدیگەر و جارجارەش لێڤیناس و بۆئەوەش دەچێ کە مەسیحایبوونی پاتوچکە لە مەسیحایبوونی هایدیگەر و لێڤیناس جیایە (٣٩).
گەر ئەوی وتمان لە ڕوانگەی هایدیگەر- دێریداییانەوە فەلسەفاویکەین دەڵێین: مەرگ هەیە و یەک جاریش دێ. مەرگ قەرز ناکرێ و جێگۆڕکێشی پێناکرێ. مەرگ دێ وەک ئەوەی کە هەیە. مەرگ وەک خۆی، لەو فۆڕم و شقلەی کە دێت دەبێ پێشوازی لێ بکرێت. لەبەرئەوەی ڕوون نییە کەی دێ و چۆنیش دێ. ئەڵبەتە هەر ئەوەشە لوغزی گەورەی بوونی مەرگ. مەرگ بێ ئەم لوغزە ناژی. مەرگ تا ماوە لەسەر ئەم لوغزە، کە جەوهەری بەنهێنیبوونەکەشیەتی، مشەخۆرە. مشەخۆری مەرگ لەسەر بەلوغزبوونی خۆی بەنهێنیبوونەکەی دەپارێزێ. بۆیە کەم شت هەیە هێندەی مەرگ لوغزاوی بێت، هێندەی مەرگ نهێناوی بێت. مەرگ کە تەنیا شوێنپێی خۆی هەڵدەگرێتەوە دەستەمۆ ناکرێت. چونکە کەس فریای ئەوە ناکەوێ لەتەک مەرگدا چەن و چوون بکات. مەرگ نادیموکراسیترین دیاردەیە لە بووندا. بۆیە ئێمە ناپەرژێینە سەر ئەوەی مەرگ بوەستێنین و لەکاری بخەین. ئەوەی ئێمە وەستاندوومانە و لەکاریشمان خستووە مەرگی ڕاستەقینە نەبووە. بەپێی ئەوەی

مەرگ تەنیا دەمڕاستی خۆیەتی ئەستەمە لەگەڵ ئێمە سازش بکات. سازشی و مەرگ دوو شتی لێکەوە دوورن. چونکە مەرگ کەی بیەوێت دەستبەکارە و زێدەچالاکیشە. ئەمەش بەو مانایەدێت کە ئێمە ناکارین فشار بخەینە سەر مەرگ. ئەوەی لەمەرگدا زێدەشوێنی سەرنجدانە ئەوەیە کە مەرگ پەککەوتە و لاواز نییە. مەرگ تابڵێی گورج و بزێوە. مەرگ خۆی کاری خۆی دەکات و هەڵسوڕاوی نییە. وەلێ فەرمانەکانی میتافیزیکین. ئێمە ناکارین تەگەرە لەبەردەم فەرمانەکانی مەرگدا دابنێین. ناپەرژێینە سەرئەوەی مەترسیبین بۆ سەر مەرگ. بەپێچەوانەوە ئەوە مەرگە کە مەترسییە بۆسەر ئێمە. سەرزەنشتکردن و بوخزاندنی مەرگ هیچ لە کردەی مەرگ ناگۆڕێت. مەرگ کە بێباک و بێدەروەسە لەبەرئەوەیە چۆنی بوێ ئاوا دەیکات و کەی بیەوێت ئەو دەمە دێت. هەر بۆیەش بێدەنگبوون لەئاست مەرگ، هەڵوەستەنەکردن لە ئاست کارایەتی مەرگ تاکە شیاوییەکە کە بۆ ئێمە ماوەتەوە. لێرە مەبەستمان لە ئێمە ئەو ئێمەیەیە کە لەچاوەڕوانی مەرگدایە. چونکە هەموو لە چاوەڕوانی مەرگداین. ئێمە ناکارین پشت لە مەرگ بکەین، ئێمە تابڵێی مەرگمان بیرە بۆیەش بەردەوامین. بەردەوامین بەومانایەی کە بکارین فریاکەوین پێشئەوەی مەرگ زەفەرمان پێبەرێ. مەرگ کە ئاستەنگە لەبەردەم گەشەی هەمیشەیی حەزەکانمان تابڵێی واقیعیبینە. چونکە مەرگ خەمخۆری کردەکانی خۆیەتی. ئێمە دەتوانین مەرک وەک خەمسارد و خۆپەرستێ وێنە بکەین، وەلێ مەرگ لەرادەبەدەر دڵسۆزی بەئاکام گەیاندنی بەرپرسیاریەتی خۆیەتی. بەڵێ برێکی زۆر لە مەرگەکان پێویستە بێن و لەکاتی خۆشیاندا دێن، وەلێ مەرگ هەروەک زیانبەخش و خەمساردیی تەماشا دەکرێت. بەڵام ئەوەی لەمەرگا جێیتێڕامانە ئەمە نییە، بەڵکو ئەوەیە کە مەرگ گوێنەدەر و تایبەتمەندە. بەڵێ مەرگ سامناکە وەلێ شتێکی ئەوتۆ لەگەڵ ئەم بەسامناکبوونەی مەرگدا ناکرێت. ناتوانرێت مەرگ بمرێنرێت. دەکرێت مەرگەکان تاوتوێکرێن و هەروەها پۆلیشکرێن، بەڵام لەکۆتاییدا هەر ناوی مەرگی لێدەنرێ. ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە مەرگ ئەو شتەیە کە هەمیشە گومانی لەسەر دادەنرێ. کۆی پرۆسەی مەرگ لە ئەرکێکدا خۆی دەبینێتەوە ئەستەمە لێیبگەین ئەمەش زۆرجار وادەکات مەرگ وەک نادادپەروەر ببینرێ، وەلێ مەرگ بێباکە لە ئاوەڵناوەکانی ئێمە. ئێمە بێئەندازە ئازادین لە دروستکردنی ئاوەڵناو بۆ مەرگ، بەڵام چەند ئاوەڵناوەکانی ئێمە لە بزاوت و کارایەتی مەرگ کەم دەکەنەوە ئەمە پێویستە بۆ ئێمە ببێ بە پرسیار و شوێنی تێفیکرینێکی بەردەوام. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تیشکخستنەسەر مەرگ تیشکخستەسەر ئەستەمییە. جەنگی ئێمە تاهەتایە لەتەک مەرگا بڕەوی هەیە و

دەشبێت، وەلێ ئەوە هیچکات لە ئاماری مەرگ کەم ناکاتەوە. مەرگ ئاماری خۆی هەیە. مەرگ بیرکاری (ماتماتیک، ڕیازیات)ی تایبەت بەخۆی چێکردووە بەئێمە تێکنادرێت. ئێمە و مەرگ واتە ئێمە و دەسەڵات، بەڵام شای دەسەڵاتەکان. ئێمە لەبەرئەوەی لە مەرگ دەترسین و زۆریش حەزمان بەچارەی نایەتەوە، بۆیە بە کینەین لە مەرگ، بەڵام مەرگ ئەوە ڕەچاو ناکات چۆن ئێمە تێیدەڕوانین. مەرگ یەک بۆچوونی هەیە کە ئەوەش بەجێگەیاندنی فەرمانێکە تەنیا خۆی تێیدەکات. کەواتە ئەوە مەرگە ئاستەنگە نەک ئێمە. ئەوە مەرگە کە ناوەڕۆکدارە نەک ئێمە. ئێمە لە هەل (فورسەت) دەگەڕێین خۆمان لە مەرگ قوتار بکەین. خۆقوتارکردن لە مەرگ خۆ قوتارکردنە لەوشتەی تێیناگەین. ئێمە مەرگناس نین و بۆیە مەرگ دەکارێ کەی و چۆن بیەوێت زەفەرمان پێبەرێ. زەفەربردنی مەرگ بێوێنە تایبەتە. ئەمەشە زۆرجار وادەکات هەمیشە لەکاتی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو ئایندە مەرگمان لەبەرچاوبێ. ئێمە شتە ئایندەییەکانمان بێ مەرگ ناژین. مەرگ لە ئێستا و دواتریشماندا نیشتەجێیە. ترسی بنەڕەتی ئێمە لە مەرگ ترسە لەوەی نەبا مەرگ بێ، نەبا ئەوەی کردومانە، ئەوەی نەخشەمان بۆ داناوە، لەلایەن مەرگەوە سەروژێر بکرێت. ئێمە بێ ئەندازە لە مەرگ دەترسین. دەترسین چونکە ئاشکرا دەزانین مەرگ بوێرە. بوێری مەرگ ناگێڕدرێتەوە. بوێری مەرگ لە ناوەڕۆکەکەیدایە. ئەڵبەتە بەهانە هێنانەوەش بۆ مەرگ وەک ڕێگریوایە. هەروەک ئەوەی کە ئێمە ناکارین بەهانە بۆ مەرگ بێنینەوە ناکارینیش ڕێگری لێ بکەین. چونکە ئەوە مەرگە لەخودی خۆیدا ڕێگرە، ڕێگری لە مەرگەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە. ئێمە لە مەرگەوە فێری ئەوەدەبین ڕێگری چییە و چۆن ئیش دەکات. هاوکات بوونی مەرگ لەیەکحاڵەتدا پاساو دەکرێت ئەوەش کە مەرگ مەرگە نەک شتێکیتر. مەرامی مەرگ لە ئەرکە نرانسندنتالیەکەیدایە کە بەکەس دڵی لە لێدان ناوەستێ. بۆیە نابێ بیر لە ڕێگری بکەینەوە. ئەمە ستایشکردنی مەرگ نییە چونکە، هەروەک وتمان، مەرگ بێباک و بگرە نادادپەروەریشە. مەرگە کە هانماندەدا بژین و چالاکیشبین لە ژیاندا ئەمە بۆئەوەیە تا فریای ئەوە بکەوین کە پێش ئەوەی مەرگ زەفەرمان پێببات بیکەین. ئەمە گەورەترین لاوازی ئێمەیە هەروەها دڵنیاشمان دەکاتەوە هیچ لەتەک مەرگا ناکرێ. بۆیە ناوزڕاندنی مەرگە کارێکی هێجگار هیچگەرایە و پێویستە دەستی لێهەڵبگرین. مەرگ، خودی پرۆسێسکە، ڕەنگە بەدگومانیمان تیا بسازێنێ وەلێ مەرگ لە خودی خۆیدا تەنیا بەتەنگ ئەوەوە دێ کە دەیکات. مەرگە ئوستادی بەرپرسیاریەتیە. ئێمە کە لە مەرگ دەترسین لەبەرئەوەیە دەمانەوێ مەرگ بە کاری خۆی هەڵنەسێ، بەڵام لەوەحاڵێنین کە مەرگ لە هەوای ئیتیکی خۆیەتی.

ئیتیکی مەرگ لەڕادەبەدەر باڵایە و ناشێ دەستکاری بکرێ. ئیتیکی لەمجۆرە کە لەبنڕا لێوانلێوە لە ترانسندێنس جێیسەرسوڕمانی هەرهەموومانە. ئیتیکی مەرگ ختووکەی ژیان دەدا و کەی بیەوێت بە ژیان ئێژێ: بەسە. هاوکات ئیتیکی مەرگ قابیلی ڕەخنەکردن نییە. ئیتیکی مەرگ چارەی ڕەخنەی ناوێ. هیچ نەبێ لەو جۆرە ڕەخنانەی بە مەرگ دەڵێ: تۆ بۆ هاتی، هاتنەکەت ناوەختبوو، لەکاتی خۆیدا نەهاتی. ئیتیکی مەرگ تا ئەو شوێنە دڵساف و نەرمونیانە کە مەرگ، ئیتیکەکەی، وەک خۆی قبوڵ بکرێ و پێشوازی لێبکرێ. بەکورتی ئیتیکی مەرگ بەجۆرێ سازاوە حەز ناکات کەس دەستبخاتە کاریەوە. خۆشی بەوەنایەت ئێمە دەست لەکاری وەردەیـن. ئیتیکی مەرگ خووی بەوە گرتووە کە خۆی دەزانێ چی دەکات و ئەمجار چۆنیشی دەکات. ئیتیکی مەرگ هیچکات لەگیانەلادا نابێ. ئیتیکی مەرگ سەرووی گشت ئیتیکەکانی ترە چونکە ئیتیکێ تابلێی میتافیزیکییە. ئەڵبەتە مایەی خۆشحاڵیە بۆ ئیتیکی مەرگ کە سەرووی گشت ئیتیکەکانی ترە و هیچ ئیتیکێکی تر ناکارێ زەفەری پێبەرێ. ئەو کە خۆی بە هەقبێژ و ڕاستڕەو دەزانێ بەگژ ئێمەدا دەچێتەوە، ئێمە، کە نامانەوێ بمرین. ئەمە کە ڕاستییەکەو پەردەپۆش ناکرێ مەرگیش لێی بەئاگایە. بۆیە مەرگ بە ڕەفتارەکانی هۆشیاری ئەوەماندەداتێ بەگژاچوونەوەی من ناشیاوە. ئێمە دەکرێ لە میانەی تێگەیشتنی خۆمانەوە بۆ مەرگ بۆئەوە بچین کە بەگژاچوونەوە و ڕەتکردنەوەی مەرگ شتێکی هەمیشەییە، وەلێ ئەمە ناوزڕاندنی مەرگە، ناوزڕاندنی ئەو ئەرکە میتافیزیکییەیە مەرگ هەڵدەستێپێی. بۆیە ئێمە نابێ غەدر لە مەرگ بکەین دەبێ تێیگەین. کە لە مەرگیش گەیشتین بەدڵنیاییەوە لەوەشدەگەین کە مەرگ بێوێنە نادیارە. ئیشی مەرگ لە نادیارەکەیدایە. مەرگ نادیارنەبێ ناکارێ هەبێ. هاوکات مەرگ لەسەر ئەم بەنادیاریەی خۆی دەژی. جەغتدەکەینەوە، مەرگ لەبەرئەوە نادیارە تا بتوانێ هەبێ، بۆئەوەی ئیشی خۆی ئەنجامدا.

هاوکات لەتەک ئەوەی لای سەرەوە وترا ئەوەش دەڵێین: بەپێی ئەوەی دێریدا لە نووسینەکەیدا گرنگییەکی زۆر بە ڕوونکردنەوەی واتای مەرگ دەدا ئەو وێنەیەشمان لەلا دروست دەکات کە مردن چەند شێوەیەک وەردەگـرێ. واتە ڕاستە مردن خودی پرۆسێسەکە تاکییە و بریتییە لە نەمانی تاک، واتە نەمانی کەسێک لە ژیاندا، بەڵام ئەم نەمانە دەکرێ شێوە وەرگرێ. ئەو شێوانە بەبێگومانەوە لە: مردن لە شێوەی خۆکوشتن (ئینتیحار)، مردن لە شێوەی شەهیدبوون، واتە مردن وەک شەهیدێک، هەروەها مردن لە شێوەی لە سێدارەدان و دواهەمیشیان مردن

لەشێوەی کوشتن (تیرۆر) بریتین. بەڵام ئەم شێوانە بەدەرنین لە خۆگرێدانەوەیان بە بەرپرسیاریەتییەوە.

وەلێ پێشئەوەی ئەوەی لای سەرەوە وتمان گفتوگۆ بکەین دێینەوە سەر لایەنیەکیتر. بۆنمونە ئەوەی لە نووسینەکەی پاتوچکەدا بۆئێمە بابەتی تێڕامانێکی هێجگارە زۆرە تایبەت بە مەسەلەی بەرپرسیاریەتی، کە درێداش گفتوگۆی نەکردووە، ئەوەیە کە پاتوچکە لە نووسینەکەیدا واتای بەرپرسیاریەتی لە چوارچێوەی ئەوروپادا قەتیس دەکات. بۆنمونە کاتێ پاتوچکە بەرپرسیاریەتی تەنیا لە مەسیحایەتدا دەبینێتەوە ئەمە بۆخۆی نەبینینی مێژووە لە چوارچێوەیەکی گەردوناوییدا. مێژووی ئەوروپای کە بریتییە لە چەندین حاڵەتی وەک بەرفراوانگەری و داگیرکردن و زەوتکردنی خاک و مافی ئەویتر ئەمانە بە قووڵی لەلایەن پاتوچکەوە بەرباسنەخراون یان جوگرافیای غەیرە ئەوروپای لای پاتوچکە گفتوگۆی فەلسەفی یان سیاسی وردی ئەوتۆی بۆنەکراوە.

ئەڵبەتە نکۆڵی ناوێ گەر بوترێت، فەلسەفەی هەڵوەشانەوەگەری، یان تێگەیشتنی فەلسەفی دێریدا بۆ بەرپرسیاریەتی، هەوڵدانە بۆ بەستنەوەی بەرپرسیاریەتی بەوەی پێیدەڵێن خودی خۆ، واتە بەرپرسیاریەتی هەوڵێکە بۆ بەرپرسیاریەتی بۆ خودی خۆ (کە من دەکات). ئەم بەرپرسیاریەتیەش لەمیانەی خودی خۆوە بەرەو ئەویتر گەشە دەکات (٤٠). ئەم گەشەکردنەش لە فۆڕمی جۆرە خۆقوربانییەکەوە دەستپێدەکات. با لێرە ئاماژە بەوەش بکەین کە لەم نووسینە فەلسەفیەی دێریدادا واتای وەک قوربانی، ئەویتر و بەرپرسیاریەتی تا ئەندازەیێزۆر لەیەکتر تێهەڵکێش دەکرێن. قوربانی قوربانیدانە لەپێناو ئەویتر و لەپێناو بەئاکام گەیاندنی بەرپرسیاریەتی. بۆنمونە، دێریدا کردەی بەقوربانیکردنی ئیسحاق لەلایەن باوکییەوە وەک بەرپرسیارێک بەرامبەر بە خوا تەماشا دەکات. ئەوەی جێی سەرنجە لێرە ئەوەیە کە دێریدا بەرپرسیاریەتی لە ڕوانگەی مەسیحایەتەوە وەک بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە «گشت ئەویتر» دەبینێ (٤١). بۆیە دێریدا لە دوا بەشی کتێبەکەی (فەسلی چوارەمی) باس لە مەسەلەی زێدە ئاڵۆزی ڕەوشتی ئاینیی دەکات و ناویدەنێت «گشت (هەموو) ئەویتر و گشت ئەویتر». لێرە دێریدا باس لە خوا دەکات وەک گشت ئەویتر. بۆنمونە ئیبراهیم خۆی وەک بەرپرسیار بەرامبەر بەگشت ئەویتر، ئەویتر وەک خوا، نیشاندەدا (٤٢). لەڕوانگەی فەلسەفی دێریداوە ئەم بەرپرسیاریەتیە بەرپرسیاریەتیە بەرامبەر بە گشت ئەویتر. لەم حاڵەتەدا جەوهەری شتەکان لای دێریدا خۆی لەسەر ئەو بیرۆکەیە بووندیاددەنێ کە قوربانیدان بۆ ئەوی

تر بریتییە لە قوربانیدان بۆ ئەوانیتریش هەروەها بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە ئەویتر بەرپرسیاریەتییە بەرامبەر بە ئەوانیتر. دێریدا لە میانەی گفتوگۆکردنی مەسەلەی بەرپرسیاریەتی لەمڕووەوە جەغتلە گفتوگۆی لێڤیناس دەکات و ئەمەش وادەکات دێریدا پشتگیری لە بەرپرسیاریەتی لە گشت (هەموو) ئەویتر یان ئەویترەکان بکات. شیابووبونی بەرپرسیاریەتی بۆ دێرێدا مەسەلەیەکی زێدە ناوەڕۆکییە و بایەخدارە تیشکی بخرێتە سەر. هەر بۆئەو مەبەستەش دێریدا لە نووسینەکەیدا دەپرسێ کە لە چ هەلومەرجێکدا بەرپرسیاریەتی شیاوە؟ بەبۆچوونی دێریدا بەرپرسیاریەتی لەو هەلومەرجەدا دەشێکی شیاو بکرێ کە باشە ئیدی ئۆبژێکتیڤێ ترانسندنتال نەبێ، باشە پێوەندی بە شتە ئۆبژیکتیڤەکانەوە نەبێ، بەڵکو باشە تەنیا پێوەندی بێ بەویترەوە، ئەزموونێ بێ لە باشەی شەخسی و بزووتنەوەی ئامانج (٤٣). بۆئەوەی بەرپرسیاریەتیش هەبێ و بەردەوام بێ گرنگە نهێناوییبێ (نهێنیداربێ). نهێنی بەرپرسیاریەتیش ئەوەیە کە نهێنی بپارێزرێ. واتە، بەرپرسیاریەتی دەبێ لە پێوەندیی ڕۆحیدا بێ لەتەک نهێنیدا.

لێرە تایبەت بەو چەند گوزارەیەی لای سەرەوەی دێریدا ئەوەندە دەڵێین کە کاتێ دێریدا باشە دەکات بە شتێکی نامیتافیزیکی هاوکات مەرگیش بە نهێناوی دەکات. ئەوەی لەم حاڵەتەدا بۆ ئێمە شایانی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ هزری دێریدادا ئەوەیە کە لەکاتی لکانی باشە بە نامیتافیزیکەوە باشە لە ئاگایی باشی نائاینییەوە سەرچاوە دەگرێ ئەمەش لەسەرێکیترەوە لەئاینیخستنی باشەیە و بە عیلمانیکردنی ئەو شتەیە پێیدەوترێ ویژدانی باش، شتی چاک، بەڵام زۆربەی ئەو باشانەی کە سەرچاوەی ئاینییان هەیە خۆیان وەک شتی ڕەوشتی نیشاندەدەن ئەی ئەمەیان چۆن؟ لێرەوە پێکدادانێ لەنێوان چی باشەیی ئاینییە و چ نائاینییە دێتە سازاندن. چونکە جیاکردنەوەی ئەم دوو لایەنە لەتەک یەکدا پابەندمان دەکات بە جیاکردنەوەیەکی تر کە ئەوەش جیاکردنەوەی شتی ڕەوشتییە لە شتی ئاینی. لەبەرئەوەش کە بەشێکی زۆر لەباشەکان بە هەناسەی ئاینییەوە ئەنجامدەدرێن و سەرچاوەی ڕەوشتیشیان بۆ مسۆگەر دەکرێ ئەستەمە شتی ئاینی و ڕەوشتی بێ دەستنیشانکردنی سەرچاوەی واتای ئاین و واتای ڕەوشت لێکدی جودا بکرێتەوە. تایبەت بەم لایەنە بێسڵەمینەوە ئەوەش دەڵێین کە دەستنیشانکردنی ئەو دوو سەرچاوەیە بواری بەپیتە بۆ ناسینەوەی شتە ئاینی و غەیرە ئاینییەکان و سنوردانانێکیش لەنێوان ئاینی ڕەوشتی و ڕەوشتی ناڕەوشتی. ڕاستە ئەم جۆرە جوداکردنەوەیە بەخوێندنەوەی گشت مێژووی ئەوەی پێیدەڵێن ترانسندێنس مەحکومان دەکات، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوە لەتەک ئەم مێژووەدا

ڕووبوونەوەیە لەتەک مێژووی مرۆڤایەتی، یان بەرینتر بدوێین ڕووبەڕووبوونەوەیە لەتەگ گشت بوونمان. ئێمە هەروەک دیمان ئاین لە توێژینەوەکەی پاتوچکەدا شتێکی بیۆلۆگی نییە (٤٤)، بەڵام خودی پاتوچکە ئازادانە مەسیحایانە بیردەکاتەوە و لەگەڵێک شوێنی توێژینەوەکەشیدا هزریاری بەسەر مەسیحاییبوونەوە دەکات و هەربۆیشە پاتوچکە وایدەبینێ کە مێژوو هەمیشە لە جیهانی «سروشتییەوە» دێتە ناو ئەو جیهانەی کە پێش مێژووییە و لەسەر بناغەی یاسا سروشتییەکانیش دامەزراوە (٤٥). پاتوچکە وایدەبینێ کە سروشت شتێکە دەکەوێتە دەرەوەی مێژوو. بەڵام ناکرێ ئەوەمان بیربچێت کە بەبۆچوونی پاتوچکە مێژوو، هەروەک ئەوەی بوونیش، بریتی نییە لە تەماشاکردن (بۆچوون) بەڵکو لە بەرپرسیاریەتی (٤٦). هەروەکدیشمان بایەخدانی پاتوچکە بە تێگەیشتنی «جیهانی ژیان»ی هۆسرڵ لە چوارچێوەی دیدی مێژووگەری هایدیگەرەوە بووە. بەواتایەکیتر، واتای مێژوو کە لە نووسینەکەی پاتوچکە بایەخێکی زۆری دەدرێتێ سەرچاوەی هایدیگەریانەی هەیە و لەگەلێ شوێن دژایەتی دیتنی هۆسرڵیش بۆ مێژوو دەکات. وەلێ ئەو گەڕانەوەیە بۆ مێژوو پاتوچکەی لە هزری مەسیحاییبوون نەخستووە. ئەڵبەتە ئەمەی ئێمەش باسی لێوەدەکەین بۆ دێریدا شتێ دەرکپێکراوە، بەڵام دێریدا ئارگومێنتە ترانسندنتالیەکانی پاتوچکە زۆر وردناکاتەوە و سەرچاوە فەلسەفییەکانیشی پۆلناکات، وەلێ بلیمەتانە دووری تێگەیشتنە فەلسەفییەکانی دەستنیشان دەکات و هەیبەتی هزری پاتوچکە لەئاستێکی ئیتیکیدا وێنە دەکات.

شوێنی باسە کە بووترێ، دێریدا لە فەسلی دووەمی کتێبەکەیدا لە ڕێگای گفتوگۆی هزری ئیتیکی هایدیگەر و لێڤیناسەوە دێتەوە سەر گفتوگۆی واتاهێکی وەک بەرپرسیاریەتی، مەرگ، دان (یان دیاری) و قوربانیدان. گفتوگۆکان سەرەتا بەرەو ئەوە دەچن کە بەختکردنی ژیان لەپێناو ئەویتر، یان خۆقوربانیکردن لەپێناوی کەسێکی تر کردەیەکی تەواو ئیندڤیدوالییە (واتە خۆییە، تاکییە، فەردییە). بەباوەڕی دێریدا ئینڤیدوالیتێی ئەم کردارە لەوێوە دەستپێدەکات کە ئەوەی ئامادەیە قوربانییدا کەسێکی ئازادە و خودی کردەکەی بەخۆیەوە گرێدراوە و ئەوەی ئەو دەیکات تەنیا خۆی لێی بەرپرسیارە و کەسێکی تر ناتوانێ شوێنی ئەو بگرێتەوە. گفتوگۆکانی دێریدا لەبارەی تێگەیشتنی هایدیگەرەوە تایبەت بەم لایەنانە سەرچاوە لەو سێرکرنانەی هایدیگەرەوە هەڵدەگرێ کە ناوبراو لە کتێبی «بوون و کات»ەکەیدا بەرباسی خستوون. لەم حاڵەتەدا دێریدا جەغتلەو سێرکردنە هایدیگەریە دەکات کە باس لەوەدەکات ناکرێ کەسێک ژیانی خۆی بکات بە قوربانی بەو مانایەی کە بەم

خۆبەقوربانیکردنە بەلەجیاتی مەرگی کەسێکی تر بکات. بۆنمونە کە عیسا لەپێناوی ئێمە دەمرێ ئەم مردنە بەو مانایە نییە کە عیسا لەشوێنی ئێمە دەمرێ. هەریەکە پرۆسەی مردنی خۆی هەیە. ئەمەش ئەو تێکەیشتنە دروست دەکات کە قوربانی ناتوانێ لە مەرگی ئەویتر بگۆڕێت. هەروەها قوربانیدان بە ژیانی خۆ لەپێناو ئەویتردا دەبێ لەپێناو شتێک بێت شایانی ئەوەبێ. هەروەها ئەوەش باس دەکات کە ئەو کەسەی قوربانی بەژیانی خۆیەدا بەمە هیچ سوودێک وەرناگرێ و یان بەلەجیاتی مەرگی ئەویتریش ناکات. واتە ئەوەی مردووە مردووە و مردنی ئەو کەسەی مردووە مردنی خۆیەتی و شوێنی مردنی کەسێکی تر پڕناکاتەوە و بەلەجیاتی مردنی کەسێکی تریش ناکات کە ئەویش هەر دەبێ بمرێ. وەلێ دێریدا پێیوایە ئەوی دەدرێ شتێکی ئەوتۆ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە لەم دانە ئەوەیە کە ئەوەی دەدرێ باشەیە، کردەی دان یان باشەش کردەیەکە لە دان (یان دیاری)، واتە باشەکردن دانە (٤٧). ئەوەتا لێرە دێریدا جارێکیتر دەگەڕێتەوە سەر هزری ئاینی. جارێکیتر دەخزێتە ناو تێگەیشتنە ئاینییەکانەوە، بەڵام بە هزرێکی عیلمانییەوە. دێریدا زۆرجار بە هەناسەیەکی فەلسەفی عیلمانییانەوە بیرۆکە و ئامۆژگاریە ئاینییەکان پەسەند دەکات، وەلێ ئەوەی دێریدا چاوپۆشی لێناکات ئەوەیە کە ڕووداوی مەسیحایەت بریتییە لە خۆبەقوربانیکردن، کردنی مەرگی خۆ بە خەڵات بۆ ئەویتر، کە ئەمەش لەخودی خۆیدا بریتییە لە خۆشەویستیی ئەبەدی (بێکۆتای)ش. ئەم خۆشەویستیەش بۆ ئەویتر، لەپێناوی کەسێکی ترە نەک خودی خۆدا. واتە عیسا ئێمەی خۆشدەوێت بۆیە بەسەرخاچەکەوە ڕۆحی بۆ ماندەرێ، یان مامەڕیشە لەبەرخاتری ئێمە گیانی خۆی فیداکرد کە ئەوەش لەسەرێکیترەوە خۆشەویستییە بۆ خاکی کوردستان. ئەمە لە ئاستێکی تردا هەقایەتی سەربڕینەکەی حسێن و لەسێدارەدانەکەی قازی محەمەدیش دەگرێتەوە. چونکە ئەمانە هیچکات کەمتر خەمنەبوون لەوەی خۆیان بکەن بە قوربانی بۆ ئێمە. ئەمانە ئامادەبوون ببن بە قوربانی، چونکە لە پرەنسیپی بەرپرسیاریەتی گەیشتوون. ئەمانەش (واتە: قازی محەمەد، عیسا یان حسێن یاخودیش مامەڕیشە) بۆئەوەی ئەمە بکەن ئەوی هەیانبووە بریتیبووە لە گیانیان ئەویشیان بەختکردووە. خۆبەختکردن کە شتێکی زێدە میتافیزیکیە، بۆ ئەو کەسەی بەئاگاییەوە ئەمە دەکات زۆر دەگەیەنێت، چونکە ئەم کەسە دەزانی چی دەکات. لێرەوە بەسەرهاتی بەرپرسیاریەتی خۆی لەگەڵ بەقوربانیبووندا تێهەڵکێش دەکات. هەروەک لای سەرەوەش کارمان لەسەرکرد، ژیانی خۆبەختکردن فۆڕمی زۆرە. بەپێی نووسینەکەی دێریدا دەکرێ کەسێک ژیانی خۆی لە پێناو خوا یاخود خاک

(نیشتیمان) یان ئەویتر (بۆ نمونە لە خۆشەویستیدا) بەخت بکات، بەڵام ئەوەی دێریدا لەم حاڵەتەدا جەغتی لێدەکات بۆچوونێکی هایدیگەرە، کە مردن لەپێناو ئەویتر یان ژیانی خۆبەختکردن لەپێناو کەسێک بۆ هایدیگەر مانای ئەوە نییە کە ئەو کەسە لەبری ئەویتر دەمرێ (٤٨). واتە کە کەسێک ژیانی خۆی لەپێناو کەسێکدا بەخت دەکات ئەم کەسە بەمە دەمرێ، بەڵام ئەم مردنە مردنی کەسەکە خۆیەتی نەک ئەویتر، چونکە بەپێی تێگەیشتنی هایدیگەر یان گەر تێگەیشتنەکە هایدیگەر زۆرتر شیکەینەوە دەڵێین کەس لەجێی ئەویتر نامرێ و هەریەکە مردنێکی خۆی هەیە، هەرکەسە و مردنی خۆی دەژی و کەس مردنی ئەویتر ناژی. دێریدا لە ڕاڤەکردنەکەی بۆ بینینی مردن لای پاتوچکە داکۆکییەکی زۆر لەم تێزەی هایدیگەر دەکات، واتە دێریدا خۆمراندن یان خۆبەختکردن لە پێناو ئەویتر وەک ئەوە سەیر دەکات کە ئەو خۆمراندنە شوێنی مردنی ئەویتر ناگرێتەوە، بەڵکو ئەویتریش مردنی خۆی دەبێ بژی و لە چاوەڕوانی مردنی خۆیدا بێ. بەمجۆرە هەریەکە لەم دونیایە مردنێکی خۆی دەژی کە تەنێ ئەو ئاوا دەمرێ و ئەویتریش نۆبەی مردنی هەر دێ. چونکە بەبۆچوونی دێریدا، کە لەبنەڕەتدا بۆچوونێکی هایدیگەریانەیە، هەریەکە بۆخۆی دەمرێ، هەریەکە مەرگێکی هەیە (٤٩). ئەمە لە گشت ئاستەکاندا دەشێت وەک خۆی ببینرێ. ئەو پێشمەرگەیەی لەناو شاردا دەگیرێت و دواتر لەسێدارە دەدرێ یان لە شاخ لەکاتی شەڕ گیانی خۆی بەخت دەکات، ئەم کەسە ئەمەی لەپێناو کورد و خاکپارێزیی کردووە، ئەم جۆرە مەرگ و گیانفیدایيە مەرگە لەپێناو ئەویتر، واتە لەپێناو کورد و نەوەکان، بەڵام ئەم پێشمەرگەیە کە بەوجۆرە دەمرێ مردنی خۆی ژیاوە و نەوەکانیش کە ئەم خۆی کردووە بە قوربانی بۆیان ڕۆژێ دێ ئەوانیش مردنی خۆیان بژین. هەروەها ئەو کوڕە یان کیژە هەرزەکارەی لەپێناو خۆشەویستەکەی گڕ لەخۆی بەردەدا و کۆتایی بە ژیانی خۆیدێنێت ئەویش مەرگی خۆی بەوە دەژی و دولبەرەکەی کە جارێ لە ژیانە ئەویش پێویستە لەسەرەی مەرگی خۆیدا بێ. ئەو پۆل سیلانەی لەسەر پردی «پۆنت میرابۆ» لە پاریس خۆی فڕێدەداتە خوارەوە و خۆی دەکوژێ بەخۆکوژیی کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت و ئەوەی دەمرێ ئەوە سیلانە لە جێی سیلان مردووە نەک «ئیریک»ی کوڕی یان کەسێکی تر. مامەڕیشە یان جیڤاراش کە دەکوژرێن یان دەبن بە قوربانی لەپێناوی مەسەلەیەکدا ئەوە ئەوانن دەکوژرێن و یان دەبن بە قوربانی و بەو کوژرانە یان بەقوربانیبوونە مردنی خۆیان دەژین. ئەڵبەتە دێریدا لەژێر کارتێکردنی پاتوچکە و بەتایبەت ئەو فەسڵەی نووسینەکەی پاتوچکە تایبەت بە جەنگ ڕاستینەیەک بەرچاوی دەکات کە جەنگیش

ئەزموونێکی تری دانی مەرگە «دوژمنەکەم دەخەمە بەردەم مەرگەوە و ژیانی خۆم لەپێناو وڵاتەکەم بەختدەکەم» (٥٠). لێرە دێریدا دەگەڕێتەوە سەر گفتوگۆی واتای جەنگ لە نووسینەکەی پاتوچکە (ئەو بەشەی کە پاتوچکە تیایا قسە لەسەر «جەنگەکانی سەدەی بیست و سەدەی بیست وەک جەنگ» دەکات). بەڵام جەنگ مەرگە یان قوربانی ئەمە نە بۆ دێریدا و نەش بۆ پاتوچکە زۆر ڕوونییە و ویستێک لەئارادا نابینین کە ئەم دوو وشەیەی بەجۆرێ فەلسەفی قووڵ یەکلایکردبێتەوە. پرسیاری جیاوازیکردن لەنێوان دانی مەرگ و قوربانی یان ئەوەی کەسێ بمرێ لەپێناو ئەوی تر و مردن وەک خۆکوژی (٥١) یاخود جیاوازیکردن لەنێوان قوربانی، خۆکوژی و ئابووری ئەم دانە (٥٢) بووە بە تەوەرەیێکی سەرەکی لە توێژینەوەکەی دێریدادا، ئەمەش لەخودی خۆیدا زۆرجار دێریدای لە پاتوچکە نزدیکردۆتەوە و جارجارەش دوورخستۆتەوە. چونکە مەیلی کراوەی مەسیحای پاتوچکە ڕەنگە ڕێ بگرێ بێ لە نزیکبوونەوەی هەمیشەیی لەنێوان پاتوچکە و دێریدادا، بەڵام مەیلی دێریداش بۆ تێخوێندنەوەی ئاین و دەستکاریکردنی مێژووی بەرپرسیاریەتی ئەوروپای وادەکات دێریدا دەستبەرداری پاتوچکە نەبێ نەبێ هیچ نەبێ دێریدا بەخۆی دەزانێ پاتوچکەش عیسا و یان سوکرات ئاسا قوربانیە لەپێناوی ئەویتر.
ئێمە هەروەک لای سەرەوەش وتمان کە پاتوچکە لەلایەن دێریداوە تا ئاستێکی بەکاردەبرێ. مەغزای ئەم بەکاربردنە بۆ ئێمە پێوەندی بەوەیە کە دێریدا لەڕێگای پاتوچکەوە دەچێتە ناو ئەو جۆرە گفتوگۆ فەلسەفییانەوە کە بۆ دێریدا مانادارن لە ئاوڕدانەوە، جا ئەوەیان ئاین بێ یان بەرپرسیاریەتی، هەروەها مەرگ بێ یان نهێنی و پیرۆز. وەلێ لەو شوێنەی کە دێریدا بە هەناسەیەکی قووڵی ئیتیکییەوە گفتوگۆی بینینەکانی پاتوچکە دەکات بێچەندوچوون نەرێتی مەسیحای دەخاتە ژێر پرسیارەوە و لەوەش دەکۆڵێتەوە کە چۆن ئەم نەرێتە ڕەفتار لەتەک ئاین و ڕەوشت دەکات کە هەر ئەو جۆرە ڕەفتارەش دەکات بە بناغە بۆ قسەکردنەکانی لەسەر مەرگ و بەرپرسیاریەتی. بۆنمونە لەو شوێنەی پاتوچکە ئاین لە فۆڕمی شەیتانی قوربانی جیادەکاتەوە ئەمە وادەکات دێریدا لە ڕێگای نووسینەکەی پاتوچکەوە پرسیاری ئەوە دروست بکات کە ئاین چییە؟ (٥٣). دێریدا پێیوایە ئاین یان بەرپرسیاریەتیە یانیش لەبنرا هیچ نییە (٥٤). وەک دانپیاهێنانێک بەوەی دێریدا لەبارەی ئاینەوە دەیڵێت ئەوەش دەڵێین کە ئاین وەک ئەوەی هەیە لای دێریدا زەمینە بۆ بەرپرسیاریەتی خودێ ئازاد خۆش دەکات (٥٥) بەڵام بۆ دێریدا ئەوەش جێی باسە کە لە چ هەلومەرجێکدا دەکرێ قسە لەسەر ئاین، بەتایبەت ئاینی مەسیحی، بکرێ (٥٦). ئەوەی دێریدا

لەگەڵ پاتوچکە لەم ڕووەوە لەسەریەک خوانی بینین کۆدەکاتەوە ئەوەیە کە دێریدا لەسەر قسەی پاتوچکە جەغتگیری لەوەدەکات کە لەتەک باس لە ئاین باس لە ئەوەی پێیدەڵێین نهێنی شەیتانی و تقووسی عەربەدیش بێتەباسکردن (٥٧). بۆ چڕترکردنەوەی ئەم سەیرکردنە دێریداییە ئەوەشی دەخەینە سەر کە دێریدا پێوایە مەسیحایەت هەردوو توخمی ئەفلاتونی و عەربەدیشی تێدایە، گەر مەسیحایەتیش ئەو دوو توخمەی تیابێ ئەمە ئەوەدەگەیەنێت کە مەسیحای هەڵگری هەردوو حاڵەتی بەرپرسیاریەتی و نابەرپرسیاریەتیشە ( ٥٨) لەیەککاتدا.
بۆ فراوانکردنی مەودای گفتوگۆکە ئاماژەبەوەش دەکەین کە پاتوچکە باس لە بوونی دوو جۆر قوربانی دەکات یەکێکیان مەسیحییە و ئەویتر دیمۆنی (ئەهریمەنی) (٥٩) بەڵام دێریدا کوماندەخاتە ئەم ئارگومێنتەی پاتوچکەوە و پێیوایە کە هەریەک لەم فۆڕمانەی قوربانی لەیەکتر هەڵهاتوون (٦٠).
گشت ئەوانەش لەو چەند دیتنە فەلسەفییانەی لای سەرەوە وتران پێێ لەسەر ئەو ڕاستییە فەلسەفیە دادەگرن کە جیاوازی لەنێوان بۆچوونی دێریدا و پاتوچکە بۆ پێوەندی نێوان مەسیحایەت و ئەفلاتونیزم هەیە. دێریدا لە نووسینەکەی پێیوایە ئەفلاتونیزم سەرچاوەی مەسیحایەتە (کە ئەوە بۆچوونێکی نیچەییانەشە بۆ مەسیحای)، وەلێ پاتوچکە بەو جۆرە ناڕوانێتە پێوەندی نێوان مەسیحایەت و ئەفلاتونیزم (٦١)، بەڵام هەردوو تێکڕا بەیەک دەنگ نەفی بوونی ترانسندێنس لە بوون مانا ناکەن ئەگەرچی شێوازی جیایان لە ڕەنکردنەوەی هزری ترانسندێنسدا هەیە. لەو شوێنانەش کە باس لە قوربانیدان دەکەن خۆیان لە دەڤەری زاتی (منی) ترانسندنتالدا دەبینەوە. چونکە تاڕادەیەک هەردوو لەوێڕا کانتین (واتە کانت) بگرە پتر هۆسرڵیشن کە ئاگامەندی و بابەتی ئاگامەندی بەدووشت دەزانن.
بۆ بەرینکردنی ئاسۆی بۆچوونەکانی لای سەرەوە بائەوەش بڵێین کە لەدرێژەی وتنەکانی دێریدا و گفتوگۆکانی لەسەر بۆچوونەکانی هایدیگەر ئەوەشمان لەلا یەقیندار دەبێت کە خۆبەقوربانیکردن تەنیا لایەنی ئەوەش ناگرێتەوە کە ئەم خۆبەقوربانیبوونە بریتییە لە کردنی مەرگ بە دیاری (دانی مەرگ) و پێشەکەشکردنی بە ئەویتر، بەڵکو تایبەت بەم لایەنە گرنگە سەرنج بخرێتە سەر مەسەلەیەکی تریش کە ئەوەش بەرپرسیاریەتیە بەرامبەر بە مەرگی ئەویتر. بەڵێ دێریدا لە نووسینەکەیدا باس لە فۆڕمێکی زۆر ڕادیکاڵی بەرپرسیاریەتی دەکات (٦٢) و ئەم فۆڕمەش بە فۆڕمێکی نوێ لەقەڵەم دەدا، بەڵام دێریدا لەمیانەی پشتبەستن بە نەریتی مەسیحایەتییەوە کە نەریتێکی ئەوروپاییە، ئەو فۆڕمە بەرباسکردن دەخات. بۆنمونە مەرگی عیسا بەسەر

دارەکەوە کە نیشانەیە لەسەر گۆڕینەوەی ژیان (یان بوون بە قەولی هایدیگەر) بە مەرگ، ئەم مەرگە لای دێریدا وەک بەرپرسیاریەتی تەماشا دەکرێت بەرامبەر بە ئەویتر. بۆئەوەی ئەم بەرپرسیاریەتیە دەستبەجێکرێ پێویستە کەسێک ژیانی (یان بوونی) خۆی بکات بە قوربانی و ئەمەش دێریدا ناویدەنێت بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە ئەویتر.

ئەڵبەتە دێریدا لەرێگای گفتوگۆی بۆچوونەکانی پاتوچکەوە بۆ هەردوو واتای بەرپرسیاریەتی و پیرۆز دەچێتە سەر کتێبی «ترس و لـەرز»ی فەیلەسوفی دانیمارکی کیێرکگەرد و لەو گفتوگۆیەدا ئەوە نیشاندەدا کە فەیلەسوفی دانیمارکی بۆچوونەکانی بۆ هەردوو واتای بەرپرسیاریەتی و پیرۆز مەسیحاییە. هەروەها گفتوگۆی واتای بەقوربانیبوونیش دەکات تا ئەو وێنە فەلسەفییە لەسەر مەرگ دروست بکات کە مەرگ لە فۆڕمی قوربانی دەدرێ و ئەم قوربانیەش لەپێناوی ئەویتردایە. واتە کەسێک خۆی بۆئەویتر دەکات بە قوربانی. لێرەوە دێریدا دێتە سەر باسی بەرپرسیاریەتی ئیتیکی و بەرپرسیاریەتی ڕەها. بەهۆی ئەوەوە دێریدا دێتە سەر باسی ڕووداوی قوربانیکردنەکەی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم. بۆیە دێریدا هەوڵدەدا گفتوگۆکان تایبەت بە بەرپرسیاریەتی و قوربانی بەرەو ئەو شوێنەبەرێ کە پرسیاری ئەوە لای خوێنەر دروست بکات چ شتێک ئاینییە و چ ڕەوشتییە. کەواتە دەشێت خوێنەری گفتوگۆکانی دێریدا خەیاڵی بۆئەوە بچێت کە ئایا ئەوی ئیبراهیم دەیکات ڕەوشتییە؟ ئایا ئەو شتە ڕەوشتیە ئاینیشە؟ کەوابێ پرسیار لای خوێنەر تایبەت بە شیکردنەوەکانی دێریدا سەبارەت بە بۆچوونی دێریدا لەسەر دیاردەی قوربانی لە نەریتی مەسیحایەتی لەوێوە دەستپێدەکات کە کردەی بەقوربانیدانی ئیسحاق، کردنی ئیسحاق بە قوربانی بۆ یەزدان، چ جۆرە کردەیەکە. بەڵام ئەوەی لای ئێمە بووە بە تێبینی لەسەر دیتنی دێریدا بۆ ڕووداوی بەقوربانیدانی ئیسحاق لەلایەن باوکییەوە ئەوەیە کە دێریداش پاتوچکەئاسا و کێرکجارد ئاسا مەسیحاییانە لەم ڕووداوە دەڕوانێ بەتایبەت کە دێریدا پێیوایە «کەسمان لە ئیبراهیم بەڕەوشتترنین کە چەقۆکەی خستەسەر ملی کوڕەکەی و ویستی بیکات بە قوربانی بۆ یەزدان.» وێڕای ئەوە، دێریدا لەسەر قسەی پاتوچکە، پێیوایە ئاینی مەسیحای بناغەیە بۆ ڕۆحێت ئازادی دادپەروەر (کە لای دێریدا ئەم ڕۆحە دەبێ بە بناغە بۆ خودگەری)، ئەم بەرپرسیاریەتییەش ئاکامی پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و سیحری ڕۆحە لەگەڵ خوا و مەرگدا (٦٣).

سەرباری ئەویترا، گشت وتنەکانی لای سەرەوە بەرەو ئەوەمان دەبەن بڵێین: کەسێ کە ژیانی خۆی دەکات بە قوربانی بۆ ئەویتر ئەمە بەرپرسیاریەتی نواندنە. بەواتایەکی تر قوربانیدان یان خۆ قوربانیکردن ئەمە بۆ دێریداش وەک بەرپرسیاریەتی دەبینرێ. ئەم جۆرە بەربەرپرسیاریەتییە بریتییە لە خۆگیافیداکردن لەپێناو ئەویتر. ئەوی بەسەر عیسا یان سوکرات، ئەڵبەتە پاتوچکەش هات ئەوە ئەو بەرپرسیاریەتیەیە دێریدا باسی لێوەدەکات. ئەوەش لەخودی خۆیدا بەو مانایە دێ کە کەسێ ئامادەیە خۆی بۆ ئەوی تر بکات بە قوربانی، لەم حاڵەتەشدا مەرگ دەبێ بە دیارییەکو بەویتر دەدرێ. ئالێرەوە هەقایەتی دانی مەرگ دەستپێدەکات. ئەم هەقایەتە پابەندە بەوەی کە کەسێک، بۆنمونە عیسا یان سوکرات یاخود پاتوچکە، ژیانی خۆی دەکات بە دیاریی و پێشکەشی ئەویتری دەکات. ئەوی ئەمانە پێشکەشیانکردووە مەرگی خۆیان بووە. مەرگ کە دەبێ بە دیاری و بەویتر دەدرێ ئەوە ئەو بەرپرسیاریەتیەیە ئەم بە ئەویترەوە دەبەستێتەوە. ئەڵبەتە ئەم هاوکێشەیە خۆکوشتن (ئینتیحار) یش دەگرێتەوە. ئەم خۆکوشتنە یان شەهیدبوونە ئەو بەرپرسیاریەتیەیە خۆکوژ یان شەهید لەرێگای هەستی بەرپرسیاریەتییەوە هەڵدەستێ پێی. ئەو ژنە ئەڵمانیەی دێتە ریزی پێشمەرگەوە و دواتر شەهید دەبێ ئەم شەهیدبوونە ئامانج لێی بەجێگەیاندنی بەرپرسیاریەتیە. ئەو بەرپرسیاریەتیە تەنیا لە دۆزێکی وادا، لە پێشمەرگایەتیدا، دەکرێ بگەیەنرێت. واتە تەنیا رێگای مەرگ یان شەهیدبوون دەتوانی ئەوە پراکتیزە بکات. دانی مەرگ یان کردنی مەرگ بە خەڵات و پێشکەشکردنی بەویتر دەکرێ لەئاستێکی تریشدا ببینرێتەوە، بۆنمونە لە پێوەندی خۆشەویستیدا. بۆنمونە خۆبەختکردن بە ناوی خۆشەویستییەوە لەپێناوی کەسێکدا ئەم جۆرە مەرگەش بریتییە لە دانی مەرگ وەک دیاری بە ئەویتر. ئەڵبەتە مێژووی خۆشەویستیش گەلێ نمونەی لەو شێوەیەی تیایە (مەم و زین).

دێریدا لەسەر رەوتی هایدیگەر، بۆئەوە دەچێت کە هەریەکێک لە ئێمە ئەزموونی مەرگی خۆی هەیە. تەنانەت شەهیدبوون و یان خۆکوشتنیش (ئینتحاریش) ئەزموونێکی کەسیە و شەهید یان خۆکوژ مردنەکەی بە خۆی دەیژی. واتە هەریەکە مەرگی خۆی دەژی و هەریەکەش دەبێ تەحەمولی مەرگی خۆی بکات. تەنانەت کوشتن هەمان ئەو فۆرمەی هەیە. چونکە کە تۆ دەکوژرێ ئەوە تۆی کوژراوی نەک کەسێکی تر. واتە تۆ لەبری کەسێکی تر ناکوژرێیت. کاتێک هەوڵی کوشتنی مارتن لۆتەر کینگ دەدرێ ئەوە مارتن لۆتەر کینگە کوژراوە نەک کەسێکی تر. بەمجۆرە هەریەکە مردنی خۆی هەیە و دەبێ هەموو لە چاوەڕوانی سەرەی مەرگی خۆماندا بین. ڕاستە مەرگ

به عیسا یان به پاتوچکه دەدرێ و ئەمانیش مەرگی خۆیان دەژین، بەڵام ئەم مەرگە کە پێدراوە مەرگێ هەڵبژاردەیە لە دەرەوەی ئەوان. بەمجۆرە بێ کەس ناتوانێ لەبری عیسا یان پاتوچکە یانیش عەبدولخالق مەعروف بمرێ. ئەوی دەمرێ لەبری ئەوانە تەنیا خۆیانن.

دێریدا لە شیکردنەوەی دانی مەرگ، ئەگەر بکرێ بڵێین کردنی مەرگ بە دیاری، جەخت لە ڕۆڵی مەسیحایەت دەکات کە فۆرمێکی نوێ بە مەرگ دەدا و ئەم فۆرمە نوێیەش بەوە لێکدەداتەوە کە مەسیحایەت لە دانی مەرگدا مانایەکی نوێ بە مەرگ دەدا. ئەم بینینە بۆ مەرگ لەژێرکاریگەری مەسیحایەتدا دووریتر بۆ بینینە ئیتیکییەکانی دێریدا دروست دەکات. چونکە گفتوگۆی دێریدا لەسەر واتای بەرپرسیاریەتی لای پاتوچکە بەرەو قسەکردنی دەبا لەسەر مەسیحایەتی. مەسیحایەتی وەک مۆڵگەی بەرپرسیاریەتی. بەڵام دێریدا بۆئەوەش دەچێت کە ئەوەی تاهەنووکە لە مەسیحایەتدا نەقەوماوە مەسیحایەتە. واتە مەسیحایەت هێشتا نییە. ئەوی هەیە بۆ دێریدا مەسیحایەتی ڕاستەقینە نییە هەروەها بۆئەوەش دەچێ مەسیحایەتی ڕاستەقینە دەبێت لەتەک ئەفلاتونیزمدا لە دابڕان بێ. زۆر بە کورتی، بۆ دێریدا گرفتی مەسیحایەت لە نەبوونیەتی بە مەسیحای. کەواتە لە لکانیشیەتی بە ئەفلاتونیزمەوە. بەمجۆرە بێ، بۆئەوەی مەسیحایی ڕاستەقینە بوونی هەبێ پێویستە لە ئەفلاتونیزم دابڕدرێت.

گرنگە بزانین بەرپرسیاریەتی لە هزری دێریدا و لەمیانەی خوێندنەوەی هزری مەسیحای پاتوچکە شیاوە یان نەخێر؟ ئەڵبەتە لەمیانەی خوێندنەوەی دێریدا بۆ دیتنی پاتوچکە لەسەر واتای بەرپرسیاریەتی بەو وەڵامە دەگەین کە بەڵێ بەرپرسیاریەتی شیاوە. وەلێ ئەم شیاویە هەلومەرجی خۆی هەیە. واتە بۆئەوەی هەبێت پێویستە خۆی لە ئەفلاتونیزم دوور بخاتەوە، خۆی لەوە دووربخاتەوە کە تەگەرە لەبەردەم پێوەندیکردن بەویترەوە دروست دەکات. بۆیە دێریدا کە قسەلەسەر سیاسەتی ئەوروپایی دەکات و پێیوایە ئەم سیاسەتە دەبێت خۆی لە سیاسەتی ئەفلاتونی دوور بخاتەوە. بەواتایەکی تر سیاسەتی مەسیحای گرنگە خۆی لە سیاسەتی ئەفلاتونی یۆنانی-ڕۆمانی داببڕێ.

وەکیتریش دەڵێین، لە کتێبی ناوبراوی دێریدادا (واتە دانی مەرگ)، تەماشاکردنەکانی دێریدا بۆ بەرپرسیاریەتی لە دیتنە فینۆمینۆلۆژییەکانی پاتوچکەوە سەرچاوە دەگرێ. لای پاتوچکە بەرپرسیاریەتی لە پێوەندیدایە بە باوەڕەوە (٦٤). ئەمە کە دیتنێکی فینۆمینۆلۆژی پاتوچکانەیە سەرچاوەیەکی مەسیحای هەیە و کاردانەوەی بەسەر

نووسینەکەی دێریداشەوە بەجێهێشتووە. لەهەمانکاتدا، شیکردنەوەکەی دێریدا بۆ واتای بەرپرسیاریەتی ئەوەشی تیا دەدرکێنرێت کە بەرپرسیاریەتی کردەیەکە لە باوەڕ. واتە دەشێت لێرە ئەوەبووترێ کە بەرپرسیاریەتی شتێکی نەک هەر ئیتیکیە بەڵکو ئاینیشە. ئەم لایەنە کە لە فەلسەفەی ئاین و ڕەوشتی ڕۆژئاوایی گفتوگۆی قووڵی فەلسەفی لەپشتەوەیە لای دێریداش بایەخی خۆی دراوەتێ. دەکرێت بڵێین کە هەڵوەشانەوەی تیۆلۆژی کە دێریدا لەم نووسینە و لە هەندێ نووسینی تری، وەک نووسینی «ئاین» (نووسخەی فەڕەنسی ١٩٩٦)، کاری لەسەردەکات بەشێکی لەو توژینەوە هەڵوەشانەوەییانەی دێریدا پێکدێنن کە گەڕانەوەیان بۆ ئاین، باوەڕ و ئیتیک پێکەوەگرێداوە و ڕوونکردنەوەی گرنگیشیان لەسەر ئاین لە نەریتی مەسیحای و میراتی مەسیحی- یەهوودی ئەنجامداوە و هەروەها شوێنی ئاینیشیان لە شارستانی تازەی ڕۆژئاوادا نیشانداوە. وەکیتریش، ڕەچەشکاندنی دێریدا لە نووسینەکەی لەوێوە دەستپێدەکات کە دێریدا دەیەوێ مێژووی خوا و ناوی خوا وەک مێژووی نهێنی بخاتە بەر باس. بۆیە مەرجە ئاماژە بەوەبکەین کە بەهۆی ئەم نووسینەی دێریداوە (واتە دانی مەرگ) دەکرێ لە دوو شت بگەین. یەکەمیان ئەوەی کە چۆن دەشێت ڕۆڵی نوێی ئاین لە ژیانماندا دەستنیشان بکەین و دووەمیش ئەوەی کە چۆن چۆنی هزری فەلسەفە و ئیتیکی عیلمانی ڕۆژئاوا شتە ئاینییەکان، یان باوەر ڕاڤە دەکات.

### دوا پەیڤ و دەرئەنجامەکان

توێژینەوەی ئاین یان واتای مەرگ، ئەڵبەتە بەرپرسیاریەتیش، تابڵێی گرنگ و بایەخدارە. گرنگی و بایەخەکەی سەرچاوەیەکی تەنیا سیاسی یان فەلسەفی نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێک ئیتیکیشی هەیە. چونکە تەنێک لەمیانەی توێژینەوەکانەوە دەکرێ بەو هەقیقەتە سڵ لێنەکراوە بگەین کە چ شتێک لە ژیانی ئێمەی مرۆڤ ئاینییە و چ ئاینی نییە، هەروەها چۆن چۆنی شتی ئاینی و ئیتیکی لێکدی جیادەکرێنەوە.

باسی واتای مەرگ کە باسی ئاین و باوەڕ دێنێتە پێشەوە لە فەلسەفەدا سەدەها (چاخهای) بەسەر گفتوگۆکردنی تێپەڕیوە. وەلێ تێپەڕاندنەکە خودی باسەکەی لاواز نەکردووە و ئەڵبەتە لەهەمووی زێدە گرنگتریش کە دەبێت لێرە بیر بخرێتەوە ئەوەیە کە ئەو تێپەڕاندنە کارێکی واینەکردووە ئەو باسە خۆی وەک باسێکی چارەسەرکراو نیشاندا. بۆیە وەک دەرئەنجامی ئەو چەند لاپەڕەیەی لای سەرەوە دەمانەوێ بڵێین: ئاشکرایە کە خستنە ژێرپرسیاری بەرپرسیاریەتی ڕەوشتی و

ڕەوشتی بەرپرسیاریەتی، کە بابەتی گفتوگۆکردنی باوەڕیش زیندوو دەکەنەوە لە فەلسەفە و ئاینی ڕۆژئاوا، هەمیشە باسێکی زۆری لەسەر بووە، بەڵام ئەو باسە لەگەڵ کات باسی پتر سەرنجڕاکێش و گفتوگۆئامێزی پەلکێشی ناو ژیانی تاک و کۆمەڵگا کردووە.

هەروەک دیمان، دێریدا لەم نووسینەی «دانی مەرگ»دا لە ڕێگای گفتوگۆی کتێبی «سەرووتارە هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو»ی پاتوچکە ڕاڤەکردنێکی بەدەستەوەدەدا کە بەهۆیەوە پردێک لەنێوان بۆچوونەکانی خۆی و بۆچوونە فینۆمینۆلۆژییەکانی پاتوچکەش دروست دەکات، ئەڵبەتە دێریدا ئەمەش بەهۆی لەلایەک بەسەرکردنەوەی تێگەیشتنە فەلسەفییەکانی هایدیگەر لەسەر مەرگ و لێڤیناسیش لەسەر ڕەوشتی «ئەویتر» و لەلایەکیتریش بۆچوونە مەسیحاییەکانی فەیلەسوفی دانیمارکی کیێرکگەردەوە ئەنجامگیر دەکات.

بەبێگومان هەولێ دێریدا لەم نووسینەی لەلایەک دەکرێ وەک جۆرە هەوڵێک بۆ هەڵوەشانەوەی ئیتیک تەماشاکرێ و لەلایەکیتریش ئەم کتێبەی دێریدا لەخودی خۆیدا هەڵوەشانەوەی وتاری میتافیزیکیش دەکات بە یەکێک لە نیەتە سەرەکییەکانی. بائەوەشمان بیرنەچێ کە ڕوونکردنەوەی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە مێژووی ئاین و پیرۆز(موقەدەس) یەکێکە لە ئەرکەکانی ئەم هەڵوەشانەوەیەش (٦٥). هەرلەبەرئەوە لەم ڕاڤەکردنەی دێریدادا گەڕانێکی بەردەوام لەئارادایە بەدوای واتای خوا، بەرپرسیاریەتی، ڕەوشت و ئاین و گرنگییەکی زۆریش بە نەریتی فەلسەفی ئەفلاتون و نەریتی ئاینی مەسیحایی و یەهوودیش دەدرێ. ئەمەش لەوسەرەوە بە قازانجی ڕاقەکردنەکە گەڕاوەتەوە و وایکردووە ئاقاری ڕاڤەکردنەکە هەمەلایەنێکە ئیتیکی بێ.

ئێمە کە لای سەرەوە لە بەرکەوتنێکی هزریدا بووین لەتەک تەماشاکردنەکانی دێرید+ پاتوچکە لەلایەک و لەلایەکیتر هایدیگەر- لێڤیناس ئەوەمان گفتوگۆکرد کە واتای بەرپرسیاریەتی توانای ئەوە هەیە ئەو پرسیارەشمان تیا دروست بکات کێ بەرامبەر بە چی بەرپرسیارە. ئەم جۆرە پرسیارە دەکارێکی تێگەیشتنە ئاینییەکان بە تێگەیشتنە ڕەوشتییەکان تێکەڵ بکات. چونکە بەشێکی زۆر لە بەرپرسیارییەکان زۆرجار سەرچاوەی ئاینی بۆ دەدۆزرێتەوە و هەندێکیتریشی سەرچاوەی ڕەوشتی بۆ دەهێنرێتەوە. ئەڵبەتە گرنگە لەوەش بەئاگابین کە لەو شوێنەی کەسێک خۆی بە بەرپرسیار دەزانی بەرامبەر بە شتێک کەسێکی تر خۆی بە بەرپرسیار

نازانێت بەرامبەر بە هەمان شت، یان خۆی لە بەرپرسیاریەتی لەو شتە دەدزێتەوە. زۆرجاریش بەرپرسیاریەتی وەک خۆی ڕوون ناکرێتەوە و بەهەڵەتێگەیشتن لەپاشخۆی بەجێدێڵێت. بۆیە پێویستە دەرک بە پێویستی بۆ بەرپرسیاریەتی بکەین و بزانین کەی و بەرامبەر بە چی و کێ بەرپرسیارین. ئێمە ئەم لایەنەش دەکارین لەئاستی تریشدا ببین، بۆنمونە: بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە خاک (نیشتیمان)، پیر و پەککەوتە و یان هەژار هەروەها کەسێک نەخۆش و یان شێت. ئەڵبەتە بەرپرسیاریەتی دەشێت فۆڕمی تریش وەربگرێت وەک خۆ بە بەرپرسیارزانین بەرامبەر بە ئاژەڵ، ژینگە و تەنانەت لەئاستی هاوڕێیەتی و هاوسێیەتیشدا دەشێت هەر خۆمان بە بەرپرسیار بزانین.

ئەوەی بۆ ئێمە زێدە سەرنج ئامێزە و لێرە شایانی قسە لێکردنە ئەوەیە، دێریدا لە نووسینەکەیدا، ئەڵبەتە پاتوچکەش، ئەو شیاوییە بۆ گفتوگۆ دروستناکەن کە بکرێ لەدایکبوونی مەسیحایەت وەک ڕووداوێک لەدەرەوەی ئەفلاتونیزم تەماشا بکرێت؟ بەبۆچوونی پێتەر گۆڵدمان پاتوچکە باس لە هەڵوەشانەوەی شارستانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن دەکات و ئەفلاتونیزم و مەسیحایەت دەکات بە بناغە بۆ ڕەوشتێکی دژ بە بەدڕەوشتی و دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی (٦٦). ڕاستە پاتوچکە میستری (ڕاز، نهێنی) ئەفلاتونی وەک دژە جەمسەرێکی میستری مەسیحای دەبینێتەوە و بۆ پاتوچکە ئەوەی ئەفلاتونیزم کاری بۆ دەکات سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی بەراسیۆنالیکردنی بەرپرسیاریەتییە، بەڵام مەسیحایەت تەماشای بەرپرسیاریەتی وەک پێوەندی یان ئەرکی تاک بەرامبەر بە خـوا (٦٧) دەکات، بەڵام ئەوەی پاتوچکە و دێریداش باسی لێوەدەکەن لە سنوری یەک شارستانیدا دەخولێتەوە کە ئەوەش شارستانی ئەوروپاییە یان ورتر بڵێین شارستانی مەسیحاییە (بە یەهوودیەکەشیەوە). بۆیە گۆڵدمان وایدەبینێت کە پاتوچکە هەڵوەشانەوەی مۆدێرنیتێ وەک باغەی بۆ غروری ڕاسیۆنالیزمی ئەفلاتونی دەبینێت (٦٨) و مەسیحایەتیش ئاڕاستەیەکە بۆ زاڵبوون بەسەر بەدڕەوشتیدا. ئەمەو گۆڵدمان بۆئەوەش دەچێت کە هەردوو ئاڕاستەکەش بۆ پاتوچکە مانای بۆ مۆدێرنیتێ هەبووە. لێرەوە دەشێت پێ بنێینە ناو باسێکەوە کە لای پاتوچکە وروژاندنی زێدە مانادار بووە کە ئەوەش ترسە لە شارستانی تەکنەلۆژی نوێ یان ڕۆڵی ئەم شارستانیەتە لە دروستکردنی ترس. ئەم باسە کە لای هایدیگەر شوێنی مشتومڕبووە لە نووسینەکەی پاتوچکەدا ڕەهەندی دی لێدەکەوێتەوە. چونکە بینینی پاتوچکە بۆ ئەم مەسەلەیە لەوێوە بووە بە بابەتی ئاخاوتن کە شارستانی

تەکنەلۆژی نوێ ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر لەبیرکردنی پیرۆزییەوە (واتە لەبیرکردنی ئەو شتەی کە پیرۆزە) هەیە. لێرە گەر بگەڕێینەوە لای هایدیگەر دەڵێین : تەکنەلۆژیا جێگای ئاینی گرتۆتەوە. ئەم وتنەی هایدیگەر ئاماژەیە لەسەر ترس لە تەکنەلۆژیا. هایدیگەر بێ پێچ و پەنا لەو لێدوانەی بۆ هەفتەنامەی «دێر شبیگل»ی ئەڵمانی داویەتی و کە داواش دەکات پاش مەرگی بڵاوبکرێتەوە پڕبە دڵ لە تەکنیکی تازەی ڕۆژئاوا بەقینەو لێشی دەترسێت و مەیلی بۆ ئەوەنییە کە ئەم تەکنیکە شوێنی باوەڕ یان ئاین بگرێتەوە، هەرئەوەشە کە وا لە گەلێک لە بیرمەندانی پاش- هایدیگەری دەکات هایدیگەر، کە خۆی بە دژە میتافیزیک دەزانی، بە میتافیزیکی بزانن (٦٩).

وێرای ئەوەی وترا، ناونیشانی کتێبەکەی دێریدا جۆرە یارییەکی زمانەوانی تیا بەدیدەکرێ، چونکە دێریدا لە «دانی مەرگ» مەبەستی کردنی مەرگە بە دیاری (خەڵات). ئەم دانە جۆرە دیارییەکیشە کە وەک گشت دیارییەکی تر دەدرێ. ڕاستە، پەسەندکردنی مەرگ لە نووسینەکەی دێریدا شێوەی زۆری وەرگرتووە لەوانە خۆکوشتن (ئینتیحار)، بەقوربانیبوون، لەسێدارەدان و کوشتن (قەتل یان تیرۆر)، بەڵام خودی ئەم پەسەندکردنەی مەرگ لای دێریدا وەک بابەتێک لە دیاری و دیارییەک لە ناواخنێکی ئاینیدا گفتوگۆ دەکرێ و زۆرجار گفتوگۆکانیش تەنیا لەنێوان بابەتی مەرگ و هزری ئاینی مەسیحایدا قەتیس دەبن. گومانیشی ناوێ بڵێین: لە «دانی مەرگ»دا مەسیحایەت وەک ئاین، کە بۆ دێریدا پڕە لە نهێنی و قوربانی، خۆی وەک ئاینێکی میستری دەردەخا. گەر لێرە بۆچوونێکیش لە پێتەر گۆڵدمانەوە قەرز بکەین دەڵێین: کێشەی هەرە گەورەی دێریدا لە کتێبی «دانی مەرگ»دا لەوەدایە کە تێگەیشتنی دێریدا لەو کتێبە بۆ مەسیحایەت بەهەڵەتێگەیشتنی تیایە. بناغەی ئەم بەهەڵەتێگەیشتنە لای دێریدا، بەبۆچوونی گۆڵدمان، لەوەدا خۆی چڕدەکاتەوە کە میستری مەسیحای لەناواخنیدا هەڵگری توخمی ئەفلاتونی و پیرۆزییەکی دیمۆنی (شەیتانی)یە. چونکە گۆڵدمان پێیوایە تێگەیشتنی دێریدا بۆ مەسیحایەت تێگەیشتنێکی عیرفانییە، ئەمە و بەبۆچوونی گۆڵدمان شیکردنەوەی دێریدا بۆ بەرپرسیاریەتی لەو کتێبەدا خۆی نایەکانگیر و ناکۆکیش نیشاندەدا (٧٠). تا ئەندازەیەکی زۆریش ئەو نایەکانگیری و ناکۆکیانەش دەشێت بۆ ئەوە بگەڕێنەوە کە دێریدا مەسیحای و عیرفانیەت لەژێر یەک چەتر کۆ دەکاتەوە و لە ئەفلاتونیزمیشی دەخات. بۆیە پرسیارەکە بۆ زۆربەمان لێرە ڕەنگە ئەوەبێ کە ئەگەر مەسیحایەت لە عیرفانیەتەوە نزدیک بێ بۆ دەبێت لە ئەفلاتونیزمەوە دووربێت؟ مەگەر سەرچاوەی عیرفانیەتی مەسیحای ئەفلاتونیزم نییە؟

هەرلەهەمانکاتدا شوێنی ئاماژەپێدانیشە ئەوەش باس کرێت، هەروەک پێتر لومیش لەو پێشەکییەکەی بۆ کتێبەکەی «ئەفلاتون و ئەوروپا»ی پاتوچکەی نووسیوە جەغتی لێدەکات، کە پاتوچکە وەرچەرخاندنی ئیتیکی لە فەلسەفەی دێریدادا کردووە (٧١) بەڵام ئێمە وایدەبین ئەم وەرچارخاندنە لەلایەن دێریداوە خراوەتە خزمەتی ئیتیکی هەڵوەشاوەگەرییەوە.

فرە بایەخدارە ئەوەش بێژین: لە نووسینی ناوبراودا دێریدا گفتوگۆی ئەو دابەشکردنە دەکات پاتوچکە لەنێوان «حەماس» یان «ئەهریمەنی» و «بەرپرسیاریەتی» دەیکات. دێریدا وتەنی ئەم دابەشکردنەی پاتوچکە دەست و پەنجە لەتەک تیۆرییەکی تایبەت بە ئاین نەرم دەکات. لە دابەشکردنەکەدا شتی مرۆیی لە شتی ئاژەڵیی جیادەکرێتەوە، یان جیاکردنەوەکە لەسەر بناغەی جیاکردنەوەی ئەو شتەیە کە مرۆییە لەوی کە مرۆیی نییە، واتە ئەوەی کە یەزدانییە، ئەمەو ئەم جیاکردنەوەیە ئەوەش دەگرێتەوە کە نهێنییە یان پیرۆزە (موقەدەس) و جیایدەکاتەوە لەوەی کە ئەوە نییە، واتە ئەوەی کە نانهێنی و ناپیرۆزە. چونکە، پاتوچکە ئاین ڕووبەڕووی پرسیاری ئەوەدەکاتە کە چی نهێنییە یان نهێنییەکی شەیتانییە یان پیرۆزە و پیرۆزییەکی بەد ڕەوشتانەیە، بەڵام چ دێریدا و چ پاتوچکە دەکرا زۆرتر لەسەر ئەم دوو لایەنە بوەستن و ئەوشتانەش ڕوون بکەنەوە کە سەرچاوەی باشە و خراپەن، هەروەها ئەوەش کە چۆن شتی ئیتیکی لە شتی غەیرە ئیتیکی هەروەها شتی باوەڕئامێزی یان ئاینی لەشتی نا باوەڕئامێزی یان نا ئاینی جیادەکرێتەوە.

بۆچوونی پاتوچکە بۆ ئەوروپا بۆچوونێکە سەرچاوە لە نەریتی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژییەوە (هۆسرڵ، هایدیگەر) هەڵدەگرێت. بۆ فەیلەسوفێکی لۆگسۆمبۆرگی وەک ڕۆدۆلف گاشێ، کە توێژینەوەی لەسەر واتای ئەوروپا لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە هەیە، گرنگە لەوە بگەین چۆن فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هۆسرڵ، ئەڵبەتە هی هایدیگەر و پاتوچکەش فەلسەفیانە لە واتای ئەوروپا گەیشتوون. بەبۆچوونی گاشێ واتای ئەوروپا بۆ هۆسرڵ هاوشانی ئیدیای یۆنانیە کە لەسەر زانستێکی گەردوناویی خۆی بونیاد دەنێت. هەرچی بۆ هایدیگەرە ئەم واتایە لەتەک تێگەیشتنی فەلسەفەی یۆنانی بۆ فەلسەفە و شوێنی بوون لەم فەلسەفەیەدا هاوشانە، کەچی بۆ پاتوچکە واتای ئەوروپا پابەندە بە تێگەیشتنێکی ئەفلاتونیانەوە لە بایەخدان بە ڕۆح. بەپێی تێگەیشتنی گاشێ ئەم سێ سەیرکردنە بۆ واتای ئەوروپای (زانستێکی گەردوناویی، هزری بوون و بایەخدان بە ڕۆح) لەناوەڕۆکدا کێشاوین و دەمانخەنە بەردەم حاڵەتێکی لە ناسیۆنالیزم، ڕاسیزم، تریبالیزم، بەربەریت و..هتدەوە (٧٢).

بۆیە گاشێ بۆچوونی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هۆسرل، هایدیگەر و پاتوچکە بۆ واتای ئەوروپا پەسەند ناکات. لێرە پرسیاری ئێمە لە تێ خوێندنەوەکەی دێریدا ئەوەیە کە دێریدا دەبایە پەیبەم لایەنە ببردایە و هەڵوێستەی فەلسەفی و ئیتیکی خۆی لەوبارەوە دەستنیشان کردبا.

بۆئێمە کە خوێندنەوەمان لەم کتێبەماندا بۆ هزری پاتوچکە ئەنجامداوە لەوە حاڵین کە تێڕوانینی سیاسی پاتوچکە تایبەتیەتی خۆی هەبووە و ئەمەش تەنیا پێوەندی بە دۆزی سیاسی ئەو دەمەی چیکۆسلۆفاکیای جاران و ئەوروپاوە هەبووە کە دابەشی دوو بلۆکی سیاسی ببوو، ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بەڵام پاتوچکە لە توێژینەوەکەیدا (واتە لە «سەرووتارە هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو») کە قسەیەکی زۆر لەسەر بەدییەکانی هەردوو جەنگە جیهانییەکە دەکات، کە ژیانی مرۆڤی ئەوروپاییان خستە تالوکەوە، ڕوون نادوێت و ئەوە بە تایبەت شیناکاتەوە کە بۆ دەبایە جەنگ شوێنی مەرگ بگرێتەوە. وەلێ لەهەمانکاتدا پاتوچکە بێئەندازە بەئاگایە لەوەی کە ئەم دوو جەنگە کە مەرگیان شیاوکرد تێگەیشتنیان بۆ ژیان گۆڕی، هەروەها پاتوچکە لەو باوەڕەشدایە جەنگ وەک شتێکی بێمانا بۆ گشت فەیلەسوفانی مێژوو و گشت ئەوانەش جەنگی جیهانیان شیکردۆتەوە شتێکی نامۆ بووە. ڕوونکردنەوەکانی پاتوچکە تایبەت بە جەنگ خوێنەری نووسینەکەی بەرەو ئەوەشدەبات کە ویست بۆ جەنگ ویستە بۆ مەرگ. ئەمەش بە واتایەکی تر، جەنگ پەرەدانە بە ژیان. ژیان لەناو جەنگەوە دەستپێدەکات، واتە ژیان لە پێوەندیدایە لەتەک مەرگدا. لێرەوە دەشێت قسە لەسەر بیرۆکەی پۆلیمۆس بکرێت، کە بیرۆکە فەلسەفییە ناودارەکەی هێراکلیتۆسە کە هایدیگەر و نیچەش پێوەیبوون. بەڵام دێریدا گفتوگۆی ئەم لایەنە بەجۆرێ ناکات توونیەتی فەلسەفی خوێنەری نووسینەکەی بشکێنێت. مەگەر پاتوچکە لە نووسینەکەیدا داکۆکی لە بیرۆکەی پۆلیمۆس ناکات؟ ئەوەی کە پاش پێکدادان و شەر یەکێتی و ئاشتی بەرقەرار دەبێت. بەباوەڕی ئێمە دێریدا پێویست بوو بەوردی پۆلیمۆسمان لە هزری فەلسەفی هاوچەخی ڕۆژئاوا بۆ ڕاڤە بکات.

مایەوە لەم دەرئەنجامەدا ئەوەش بووترێت کە دێریدا لە نووسینەکەیدا بۆئەوە دەچێ کە کانت، هیگڵ و تەنانەت هایدیگەریش بەبێ ئاین شیاوییەکانی ئاین دووبارەدەکەنەوە. واتە، ئەم بیریارانە بە زمانێکی عیلمانی و بە هزرێکی عیلمانییەوە بەهەمان ئەو دەرئەنجامانە دەگەن کە ئاین پێی دەگات. ئەمە گەر لەڕووی لۆژیکییەوە

ڕاست بێت پێمانوایە ئەم دەرئەنجامە مەزنە کە دێریدا تایبەت بە تەقەلای ئەو سێ هزرەڤانە پێیگەیشتووە خۆشی دەگرێتەوە. دێریداش ئەوان ئاسا لە فەلەکی ئەو دەرئەنجامانە دەخولێتەوە کە میتافیزیکین. دێریداش بە هزرێ ئەنتیمیتافیزیکی هەڵوەشانەوەگەرانەوە لەگەلێ شوێن لە نووسینەکەی میتافیزیکییە (٧٣). لەسەرێکیتریشەوە ئەمە ڕەنگە پێوەندی بەوەوە بێت کە هەڵهاتن لە هزری میتافیزیک ئەستەم بێت. بەواتایەکی تر، گلان بە هزری میتافیزیکەوە هەمیشە شیاوە و ئەوی ئەستەم و سەختە دەربازبوونە لە مشتی ئەم هزرە و لە میتافیزیکیشدا قۆرخکردنێکی پەنهانە کەم تا زۆر هەموان تورهەڵ دەداتە ناوەوەی خۆی و گرفتاری دەستی خۆشیمان دەکات.

---

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. بۆ خوێندنەوەی پێشەکییەکەی پۆل ڕێکۆر لەسەر فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی یان پاتوچکە بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لایخوارەوە. ئەو پێشەکییەی پۆل ڕێکۆر لەتەک نوسخەی ئینگلیزی کتێبەکەی «سەرووتارە هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو»ی یان پاتوچکەدا چاپکراوە :

Jan Patočka. Heretical Essays in the Philosophy of History. Translated by Erazim Kohk. Edited by James Dodd. With P R Preface to the French Edition. Chicago Open Court Publishing Company،١٩٩٦.

٢. کتێبی «دانی مـەرگ»ی دێریدا کە لەم نووسینەی ئێمەدا بەکاربراوە ئەم سەرچاوەیەی لایخوارەوەیە:

Jacques Derrida. The Gift of Death. Trans. David Wills، University Of Chicago Press، ١٩٩٥.

پرۆفیسۆر داڤید ویلس. وەرگێڕی ئینگلیزی کتێبەکەی دێریدا، لەو پێشەکیەی بۆ نووسینەکەی «دانی مەرگ»ی دێریدای نووسیوە باس لە سەختی وەرگێڕانی وشەی فەرەنسی «دونێ» بۆ ئینگلیزی «گیفت»دەکات کە ئێمە بە «دان» لەقەڵەممانداوە

(یان دەکرا بە «بەخشین»یش لەقەڵەمی بدەین). وشەی «دونێ»ی فەڕەنسی لە ئینگلیزیدا دەشێت بە دان بێ و دەشێت بە دیاری (خەڵات)یش بێت کە چاوگی وشەکە بە دان دێ، بۆنمونە دانی فلانە شت بە کەسێک. ئەڵبەتە وەرگێڕاوی ڕووسی نووسینەکەی دێریدا وەک وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکە وایە، لەبڕی وشەی «دونێ» وشەی «دارِ» دانراوە کە ئەوەش لە واتا ئینگلیزییەکەوە بە نزیکی کە دەکاتە «دان». هەرچی لە نووسینی سویدیدایە ئەوا لەبڕی وشەی ناوبراوی فەڕەنسی وشەی «گۆڤە» دانراوە. کەواتە «دونێ»و «گیفت» و «دارِ» و «گۆڤە»ش هەمان ئەو مانایانەیان هەیە کە ئێمە لە کوردییەکەی «دان»مان بۆ داناوە نەک «دیاری» یان «دراو». بۆیە ئێمە گوزارە «دانی مەرگ» بەنزدیکتر دەزانین لە دیدی دێریداوە تا «دیاری مەرگ» یاخودیش «دراوی مەرگ».

٣. دێریدا لە نووسینی «دانی مەرگ»دا ئەو لایەنانە لە گفتوگۆکردندا پەرەپێدەدا کە لە نووسینی «دانی کات»دا سەرەتای گفتوگۆکردنی هاتووە. نووسینی «دانی مەرگ» لەگەڵ نووسینی «لەمەڕ ناو» و نووسینی «دانی کات»دا دەچنە خانەی ئەو باسەوەی لە کۆنفرانسی دیسەمبەری ١٩٩٠ لە پاریس، لە ڕۆیئاومۆنت، لەژێرناوی «ڕەوشتی دان» بەڕێوەچووە.

کتێبی «لەمەڕ ناو»ی دێریدا باس لەچەند تەوەرێک دەکات. چاپی فەڕەنسی کتێبەکە لە ١٩٩٣ لە چاپخانەی گالیلێ لەژێر ناوی «سۆزەکان، بەڵام ناو، چۆرە» دەرچووە کە لە ١٩٩٥دا چاپی یەکەمی هاتۆتە دەر. تەوەرەکانی کتێبەکە بەمجۆرەیە:١. سۆزەکان: قوربانییەکی لادراو، ٢. بێ ناو (پاشکۆ)، ٣. چۆرە.

لەم کتێبەدا دێریدا باس لە چەند بابەتێکی سەرنجڕاکێش دەکات لەوانە وەڵام و ئەرکی وەڵامدانەوە، لادان (ئینحیراف) لە وەڵامدانەوە. ئەمەش دێریدا ڕادەکێشێتە ناو باس لە بەرپرسیاریەتی وەڵامدانەوە و قسەکردن لە ڕەوشتی بەرپرسیاریەتی و وەڵامدانەوە. ئەمەو باس لە ناو و ناولێنانیش دەکات، هەروەها قسە لەسەر مەسەلەی شوێن یان وشەی «چۆرە» دەکات کە وشەیەکی یۆنانیە و لای ئەفلاتون لە «تیامۆس»دا بەکاربراوە.

هەرچی کتێبی «دانی کات»ی دێریدایە باس لەچەند لایەنێکی تر دەکات، بەڵام خاڵی هاوبەشی ئەو لایەنانە واتای دانە (دان لە فۆڕمی شتێکی پێدراو یان بەخشراو). لێرە دێرێدا باس لە شیاو و نەشیاوی دان دەکات. هەروەها لەڕێگای گفتوگۆی بۆچوونی فەلسەفی هایدیگەر و شتراوس و موسەوە دێتەوە سەر شیعری بۆدلێر.

جگەلە کتێبی «دانی مەرگ»، دێریدا لە کتێبی «گلاس» یشدا ڕوونکردنەوەمان

لەسەر واتای مەرگ پێدەدا، بەتایبەت دێریدا ئەم کتێبەی،  (واتە، گلاس)، پاش مەرگی باوکی نووسیوە.
بۆیە داوا لە خوێنەری ئەم نووسینەمان لەسەر نووسینەکەی دێریدا «دانی مەرگ» دەکەین بگەڕێتەوە سەر ئەو دوو نووسینەی تری دێریدا کە وا لای خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین. یەکەمیان بریتیە لە کتێبی «لەمەڕ ناو» و دووەمیان بریتییە لە کتێبی «دانی کات».

Jacques Derrida. On the Name. Edited by Thomas Dutoit. Translated by David Wood، John P. Leavey، Jr.، and Ian McLeod، Stanford Univ. Press، ١٩٩٥.

Jacques Derrida. Given Time : I. Counterfeit Money Vol) ١) trans. Peggy Kamuf University Of Chicago Press١٩٩٤.

٤. Jacques Derrida. The Gift of Death. Trans. David Wills، University Of Chicago Press، ١٩٩٥،p . ٥.

٥. هەمان سەرچاوەی لای سەرەوە لاپەڕە ٤.

٦. هەمان سەرچاوە لاپەڕە٥.

٧. هەمان سەرچاوە لاپەڕە٣.

٨. هەمان سەرچاوە لاپەڕە٦.

٩. بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە کە بە ڕووسییە و تایبەتە بە چەند تێکستێکی هەلبژاردەی دێریداوە کە کراون بە ڕووسی. لەوێ وەرگێڕ تێگەیشتنی خۆشی لەسەر ئەزموونی نووسینی دێریدا تایبەت بە «نووسین»، «جیاوازی»، «گراماتۆلۆژی»، هەروەها واتای وەک «مەرگ»، «دان» و «ئاپۆریا»ش ئەخاتەڕوو.
Гурко Е، Тексты деконструкции. Томск: Водолей، ١٩٩٩. С. ٨٧.
http://www.gumer.info/bogoslov_Buks/Philos/gurko/index.php

١٠. Jacques Derrida. The Gift of Death. Trans. David

Wills، University Of Chicago Press، ١٩٩٥،p . ٤٨.

١١. له ساڵی ١٩٨١ دا دێریدا لەگەڵ ژان پییێر ڤێرنان ڕێکخراوێک بەناوی «یان هاس» بۆ داکۆکیکردن له مافی ڕوناکبیره مونشەقه چیکییەکان (که مانفێستی چارتەر ٧٧ یان نووسیوەتەوه) دامەزراندووه. لیژنەی ئەم ڕێکخراوه چەند سەفەرێک بۆ پراگ، بۆ سازکردنی سمینار بۆ ئەو ڕوناکبیره چیکیانه، ئەنجامدەدا، له یەکێ له سەفەرەکاندا له ساڵی ١٩٨٢دا دێریدا دەگیرێت و دوو ڕۆژ له فرۆکەخانه دەستبەسەر دەبێ و بەهۆی هەوڵی سەرۆکی ئەو دەمەی فەرەنسا، فرانسوا میتێران، دێریدا ئازاد دەکرێت و بەرەو پاریس دەگەڕێتەوه. دێریدا ئەم سەفەرەی بۆ پراگ پاش مردنی پاتوچکه به سێ ساڵێک ئەنجامداوه.

مایەوه ئەوەش بڵێین که «یان هاس»، ئەو ناوەی دێریدا بۆ ناوی ڕێکخراوەکەی هەڵی دەبژێرێت، بیرمەندێکی ناسراوی چیکی سەدەی چواردەیه.

١٢. بڕوانه سەرووتاری شەشەم له نووسینەکەی پاتوچکه له کتێبی «سەرووتاره هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفه مێژوو». بگەڕێرەوه سەر ئەم سەرچاوەیه:

Jan Patočka. Ktterska esser om historiens filosofi. Inledning Ivan Dubsk versttning: Leo Kramr،Gteborg : Daidalos، ٢٠٠٦.

١٣. لەم سەرچاوەیەی لایخوارەوەدا «پێتەر گۆلدمان» گفتوگۆی «میستری مەسیحای و بەرپرسیاریەتی و عیرفانیەت له نووسینی «دانی مەرگ»ی دێریدا»دا دەکات.

Peter Goldman. Christian Mystery and Responsibility، Gnosticism in Derridas The Gift of Death

Anthropoetics IV، no. ١ (Spring / Summer ١٩٩٨)

http://www.anthropoetics.ucla.edu/ap٠٤٠١/DERR_pg.htm

١٤. بڕوانه سەرچاوه ڕووسییەکەی لای سەرەوه لاپەڕه ٨٩.

١٥. پرسیاری ڕۆحانی لەنێوان سیاسەت و ڕەوشت لەو بابەته گرنگانەیه کەلەم ساڵانەی دواییدا و له توێژینەوه فەلسەفییه سیاسییەکاندا بایەخێکی زۆری بۆ

گەڕاوەتەوە. ئەڵبەتە سەفەرەکەی فوکۆ بۆ ئێران بەشێکە لەو تەوژمەی لەپشت سەرهەڵدانی دیاردەی توێژینەوەی «ڕۆحانیەتی سیاسی»یەوەیە. بایەخی فوکۆ بۆ ئەم دیاردەیە لە ساڵی ١٩٧٨ەوە دەستی پێکرد کە فوکۆ وەک پەیامنێری ڕۆژنامەی «کۆرێر دیلا سێرا» و «لۆنوڤێل ئۆبزەرڤەتۆر» لە ئێرانەوە لەژێر ناونیشانی ڕۆژنامەوان نووسینی بۆ ئەو دوو ڕۆژنامەیە دەنارد. فوکۆ پێشەوەی سەفەری تاران بکات لە پاریس چاوی بە ئیمام خومەینی کەوتبوو. بەشێت زۆر لەوانەی لەو دەمەدا چاودێری دۆزی سیاسی ئێرانیان دەکرد پێیانوابوو پاش ئاوابوونی دەسەڵاتی شای ئێران هێزی چەپ دێتە سەر حوکم، بەڵام فوکۆ بەپێچەوانەی ئەو تەوژمەوە پێیوابوو کە ئیسلامی سیاسی پێویستێکە و توانای گۆڕینی گەلێک شتیشی لەو ناوچانە دەبێت.

نووسینە ڕۆژنامەییەکانی فوکۆ کە تا ساڵانێک بە چاپ نەکراوەیی مابوونەوە پاش کۆکردنەوە و چاپکردنیان بۆچوونی سەیری لای ڕوناکبیریانی ڕۆژئاوا تایبەت بە دیتنە سیاسی و ڕۆحانییەکانی فوکۆ دروستکرد. کتێبەکەی فوکۆ کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بەناوی «فوکۆ و شۆڕشی ئێرانی» چاپکراوە گەلێ بۆچوونی سیاسی و ڕۆحانی ڕادیکالی فوکۆی تیایە کە تایبەت بە شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی گوزارەی لێکردووە. بەڵام لای بەشێکی زۆر لە ڕوناکبیرانی ڕۆژئاوا ئەوە بووە بە پرسیار کە چۆن فوکۆ دواتر بێدەنگی تایبەت بە ئاڕاستەکانی ئەو شۆڕشە ئیسلامییە هەڵبژارد و تەنانەت شتێکی ئەوتۆشی لەسەر جەنگی ئێرانی- عێراقیش نەوت. فۆکۆ لە یەکێ لەو نووسینە ڕۆژنامەوانیانە کە لە ئێرانەوە ڕەوانەی ئەو ڕۆژنامانەی لای سەرەوەی ناویانهات دەکرد، ئیسلام بە «بەرمیلێک بارووت» ناو دەبات. ئەم بەرمیلەی باروتەی فوکۆ باسی لێوەدەکات ئەو تەوژمە ئیسلامییەیە ئەمڕۆ لێرە و لەوێ لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە و هەمیشە قابیلە بەتەقانەوە.

بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە کە بریتییە لە کتێبەکەی فوکۆ لەسەر ئێران:

Janet Afary and Kevin B. Anderson. Foucault and the Iranian Revolution: Gender and the Seductions of Islamism. Publisher: University Of Chicago Press، ٢٠٠٥.

١٦. پێتەر لوم لەگەڵ وەرگێڕانەکەی کتێبی «ئەفلاتون و ئەوروپا»ی پاتوچکە بۆسەر زمانی ئینگلیزی پێشەکییەکی نووسیوە و لەوێڕا داوامان لێدەکات بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێینەوە سەر ئەم دوو سەرچاوەیە :

Michel Foucault. Ethics : Subjectivity and Truth (Essential Works of Foucault، ١٩٥٤-١٩٨٤، Vol. ١). Edition ١ ; by Paul Rabinow، New Press ١٩٩٧.

Jacques Derrida. The gift of death. Chicago : University of Chicago Press، ١٩٩٥.

بەڵام بۆ بەراوردکاریی لەنێوان فوکۆ و پاتوچکە پێیوایە دەکرێت بڕوانینە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە :

Arpad Szakolczai. Thinking Beyond the East West Divide: Patocka، Foucault، Hamvras، Elias، and the Care of the Self. Publisher: Firenze: European University Institute ١٩٩٤. (EUI Working Papers in Political and Social Sciences).

خودی کتێبەکەی «ئەفلاتون و ئەوروپا»ی پاتوچکە کە پێتەر لوم وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی ئەمەی لای خوارەوەیە:

Jan Patočka. Plato and Europe. Translated by Petr Lom، Stanford University Press، ٢٠٠٢.

١٧. Jan Patočka. Plato and Europe. Translated by Petr Lom، Stanford University Press، ٢٠٠٢، p. xix.

١٨. بە پێی سەرچاوەی ژمارە ١٠ کە دەکات تێکستە وەرگێڕاوەکانی دێریدا کە لەلایەن گیرکۆ و کراون بە ڕووسی داوامان لێدەکات بۆ لاپەڕەی ١٢ی نووسخەی فەڕەنسی کتێبی «دانی مەرگ»ی دێریدا بگەڕێینەوە.

١٩. بڕوانە لاپەڕە ١٠ لە کتێبەکەی «دانی مەرگ»ی دێریدا :

Jacques Derrida. The Gift of Death. Trans. David

.١٠.p،١٩٩٥ ،Wills، University Of Chicago Press

٢٠. بڕوانە هەمان سەرچاوەی لای سەرەوە لاپەڕە ٥٧.

٢١. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٥٥.

٢٢. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٣.

٢٣. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٥٧.

٢٤. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٥٨.

٢٥. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٧ بۆ ٧٣.

٢٦. هەمان سەرچاوەی ژمارە ١٠ ی لای سەرەوە.

٢٧. دێریدا لە فەسلی دووەمی کتێبی «دانی مەرگ»دا لە میانەی دیتنی لێڤیناسەوە بۆ مەرگ دەگەڕێتەوە سەر هایدیگەر و لەوێ نەختێکی لەسەر بەهەڵەتێگەیشتنی لێڤیناس بۆ هایدیگەر دەوەستێت.

٢٨. خوێنەر بۆ زۆرتر ئاشنابوون بە تێگەیشتنەکانی لێڤیناس لەبارەی مەرگەوە دەکرێت بۆ خودی کتێبەکەی لێڤیناس لەمەر مەرگ بگەڕێتەوە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Emmanuel Levinas. God، Death، and Time. Translated .٢٠٠٠ ;by Bettina Bergo. Stanford University Press

.١٩٨٩ ،٣٨ .Hans Ruin. Ljusets frvandlingar i Kris nr .٢٩ .٤٩ .S

Emmanuel Levinas. Time and the Other. Translated .٣٠ by Richard A. Cohen Duquesne University Press .٤٠ .p .١٩٩٠

.١٩٨٩ ،٣٨ .Hans Ruin. Ljusets frvandlingar i Kris nr .٣١ .٤٩ .S

٣٢. بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە:

Emmanuel Levinas. Ethics and Infinity: Conversations with Philippe Nemo. Translated by Richard A. Cohen. ١٩٨٥ ١st edition ;Duquesne University Press.

ئەم کتێبەی لای سەرەوە کتێبێکی لێڤیناسە بەناوی «ئیتیک و ناپایانی» کە لێدوانێکی تێدایە بەناوی «بیبل و فەلسەفە» کە «فیلیپ نێمۆ» لەگەڵ لێڤیناس سازیکردووە. لەم لێدوانەدا، کە دەکەوێتە لاپەڕەکانی ١٩ بۆ ٣٥، لێڤیناس دانبەوەدا دێنێت کە بیبل (کتێبی پیرۆز، ئینجیل) کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر بیرکردنەوەیدا هەبووە.

٣٣. ئەڵبەتە لەبارەی واتای «ڕوو»ەوە (دەموچاو) یەکێک لە سەرچاوەکانی بیری لێڤیناس فەیلەسوفی یەهوودی (فرانز ڕۆزنزویک)ە. بۆ زێتر تێگەیشتن لەم لایەنە و بەگشتیش لە هزری لێڤیناس داوا لە خوێنەر دەکەین بگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە کە دەروازێکە بۆ لێڤیناس لەلایەن فەیلەسوفی دانیمارکییەوە «پێتەر کێمپ»ەوە نووسراوە:

Peter Kemp. Emmanuel Lvinas. En introduktion. ١٩٩٢ Daidalos.

٣٤. ئێمانوێل لێڤیناس (١٩٩٥-١٩٠٦) لە لیتوانیا، لە کۆڤنۆ (کاوناس)، لە بنەماڵەیەکی جوو لەدایکبووە کە زمانی ماڵەوەیان ڕووسی بووە و ئەدەبی کلاسیکی ڕووسیش (بەتایبەت پوشکین، تۆلستۆی و گۆگۆل و دیستەیۆفسکی) کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەندێشەیەوە هەبووە. لە ساڵی ١٩١٦ و لەماوەی جەنگی جیهانی دوودا خێزانەکەیان بەرەو ئۆکراینا گواستوویانەتەوە و لە شاری خارکۆڤ نیشتەجێبوون و پاش شۆڕشی بەلشەفی و لە ١٩٢٠ دا جارێکی تر گەڕاونەتەوە بەرەو شارەکەی خۆیان لە لیتوانیا. لە ١٩٢٣ لێڤیناس بەرەو شاری ستراسبۆرگی فەرەنسی سەفەر دەکات و لەوێ دەست بەخوێندن دەکات سەرەتا ساڵێک لاتینی دەخوێنێت و دواتر فەلسەفە. لەوێ دەبێ بە هاوڕێ هەرە نزدیکی مۆریس بلانشۆ، کە ئەو دەمە بلانشۆش لەهەمان زانکۆدا فەلسەفە دەخوێنێت. پاش ئەم قۆناغە لێڤیناس خۆی بۆ دیراسەکردنی توێژینەوە لۆژیکییەکانی هۆسرل تەرخان دەکات، بەڵام بەخۆ

دوورخستەوە لەوەی پێیدەڵێن ئیندوکشن، دیدوکشن و دیالیکتیک. ئەڵبەتە تیۆری ئنتویشنی هۆسرلی وەک باسێکی سەرەکی بۆ تێزی دکتۆراکەشی هەڵبژاردووە و لە ١٩٢٩-١٩٢٨دا ساڵێکی لە زانکۆی فرایبۆرگ بەسەردەبا و لەوێ فینۆمینۆلۆژی لەبەردەست هۆسرڵ دەخوێنێت و هەر لەو ماوەیەدا ئاشنایەتی لەگەڵ هایدیگەریش پەیدادەکات و هایدیگەر ئەوکاتە بەتازەگی لە تێزی دکتۆرانامەکەی لەسەر «بوون و کات» بۆتەوە. پاش ئەو ماوە کورتەی ئەڵمانیا جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ستراسبۆرگ و تێزی دکتۆرانامەکەی لەوێڕا لەژێر ناوی «تیۆری حەدەس لە فینۆمینۆلۆژی هۆسرڵ» داکۆکی دەکات و لە خودی ئینستیتوتەکەش خەڵاتی لەسەر وەردەگرێت و لە ١٩٣٠دا لە شێوەی کتێبێکیش چاپ دەکرێت و ئەم کارە دەشبێت بە سەرەتایەک بۆ بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هۆسرڵ لە فەڕەنسا و مانای بۆ سەرهەڵدانی سارتەر و نەوەیەک لە فەیلەسوفانی پاش جەنگ لە فەڕەنسا دەبێت. لێڤیناس وەرگێڕی کارە ناودارەکەی «تێرامانە دیکارتییەکان»ی هۆسرڵیشە بۆ سەر فەڕەنسی. لەماوەی جەنگی جیهانی دوودا زۆربەی خێزانە جووەکەی لێڤیناس لە لیتوانیا بەر شاڵاوی نازییەکان دەکەون و دەکوژرێن و ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر بەسەر لێڤیناسەوە جێدێڵێت و تەنانەت هاوسەرەکەی و منداڵەکانیشی لەهەمانکاتدا لە فەڕەنساش دووچاری هەمان گرفت دەبنەوە وەلێ خۆشبەختانە دەربازیان دەبێت. بۆئەو مەبەستەش بلانشۆ، هاوڕێی هەرە نزدیکی لێڤیناس، دەکارێت بیانشارێتەوە و لەبەرچاو ونیان بکات.

مایەوە ئەوەش بڵێین کە لێڤیناس موتو (شیعار)ێکی بەناوبانگی هەبووە کە بەمجۆرەیە: «گەلێ ئەڵمانی دەشێت لێیببوورین، بەڵام هەندێ ئەڵمانی هەیە، بۆنمونە وەک هایدیگەر، ئەستەمە لێیببوورین».

بۆئەم پێشەکیەی لای سەرەوە لەسەر لێڤیناس سوودم لە دەروازەکەی کتێبی «ئیمانوێل لێڤیناس: نووسینە بناغەییە فەلسەفییەکان» وەرگرتووە بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە:

Emmanuel Levinas. Basic Philosophical Adriaan T. Peperzak (Editor)، Simon Critchley(Editor)، Robert Bernasconi (Editor) Writings Indiana University Press ١٩٩٦.

٣٥. Emmanuel Levinas. Totality and Infinity : An

Essay on Exteriority. Translated by Alphonso Lingis. ٤th edition ; Springer ،١٩٨٠. p. ٣٧.

٣٦. Emmanuel Levinas. God، Death، and Time، Stanford، California: Stanford University Press، ٢٠٠١. translated by Bettina Bergo. P. ١٠.

٣٧. هەمان سەرچاوەی لای سەرەوە لاپەڕە ١٢.

٣٨. Jacques Derrida. The Gift of Death. Trans. David Wills، University Of Chicago Press ،١٩٩٥، p. ٤٤.

٣٩. هەمان سەرچاوەی لای سەرەوە لاپەڕە٤٨.

٤٠. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢.

٤١. هەمان سەرچاوە،لاپەڕە٣١.

لایخوارەوە دەربڕینەکەی دێریدا بە ئینگلیزی و فەڕەنسی دادەنێین کە ئێمە لەبری ئەوە گوزارەی «گشت (هەموو) ئەویتر گشت ئەویترە» مان بەکاربردووە:

tout autre est tout autre= every other (one) is every (bit) other

٤٢. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە٧٨.

٤٣. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە٥٠.

٤٤. Jan Patočka. Ktterska esser om historiens filosofi. Inledning Ivan Dubsk versttning: Leo Kramr،Gteborg: Daidalos، ٢٠٠٦. s. ١٨٩.

٤٥. Александр Бобраков-Тимошкин. Чешский вопрос: попытки разобраться в самих себе. В основе чешской философской традиции лежит склонность к саморефлексии.

http://kultura.prag.ru/litera٠٧.htm

٤٦. Jan Patočka. Ktterska esser om historiens filosofi. Inledning Ivan Dubsk versttning: Leo Kramr،Gteborg: Daidalos، ٢٠٠٦. s. ١٧.

٤٧. Jacques Derrida. The Gift of Death. Trans. David Wills، University Of Chicago Press، ١٩٩٥،p. ٤١.

٤٨. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە٤٢ و دواتر.

٤٩. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٣

٥٠. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە١٧

٥١. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە١٠

٥٢. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە١٠

٥٣. هەمان سەرچاوە،لاپەڕە٢

٥٤. هەمان سەرچاوە،لاپەڕە٢

٥٥. هەمان سەرچاوە،لاپەڕە٢

٥٦. هەمان سەرچاوە،لاپەڕە٢

٥٧. هەمان سەرچاوە،لاپەڕە٢

٥٨. Peter Goldman. Christian Mystery and Responsibility، Gnosticism in Derridas The Gift of Death
Anthropoetics IV، no. ١ (Spring / Summer ١٩٩٨).

٥٩. هەمان سەرچاوە و سەروتاری پێنجەمیش لە کتێبەکەی پاتوچکە «سەروتارە هەرتەقیەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو».

٦٠. هەمان سەرچاوە و لاپەڕەکانی ٨ بۆ ٩ ش لە کتێبەکەی «دانی مەرگ»ی دێریدا.

٦١. هەمان سەرچاوە کە ئاماژە بە لاپەڕەی ٩ی کتێبەکەی «دانی مەرگ»ی دێریدا ش دەکا لەگەڵ فەسلی پێنجەم لە کتێبەکەی پاتوچکە.

٦٢. Jacques Derrida. The Gift of Death. Trans. David Wills، University Of Chicago Press، ١٩٩٥،p. ٢٧.

٦٣. Гурко Е، Тексты деконструкции. Томск: Водолей، ١٩٩٩. С. ٨٨.

٦٤. هەمان سەرچاوەی لای سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٦٥ . گرنگە خوێنەری کتێبی دانی مەرگی دێریدا کتێبی «ئاین»، «ڕووشتی دان»، «دانی کات»یش بخوێنێتەوە تا لە کۆی ئەو پرۆژە هەلوەشاندنەوەگەرییە ئیتیکییە بگا دێریدا کاری لەسەر دەکات.

٦٦ . بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە نووسینەکەی پێتەر گۆڵدمان کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.
٦٧ . بڕوانە سەروتاری پێنجەم لە کتێبەکەی پاتوچکە «سەروتارە هەرتەقییەکان لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو».
٦٨ . هەمان سەرچاوەی لای سەرەوە.

٦٩ . هایدیگەر ئەم بۆچووانە لەو لێدوانە بەرباس دەخات کە هەفتەنامەی «دێر شبیگل»ی ئەڵمانی لەتەکیدا سازیکردووە. لێرەدا دەمەوێت چەند سەرنجێک لەبارەی ئەم لێدوانەی هایدیگەر بەرچاو خوێنەر بخەم کە هەفتەنامەی دیر شبیگلی ئەڵمانی لە سێپتەمبەری ١٩٦٦ دا لەتەکیدا ئەنجامیداوە.
لێدوانی ناوبراو ئەو دەمە لەتەک هایدیگەردا کراوە کە لە ئەڵمانیا لە میدیاکاندا باس لە پێوەگلانی هایدیگەر بە دیاردەی نازیزمەوە کراوە. هەفتەنامەی ناوبراو لە ئاداری ١٩٦٦دا نامەیەکی لەلایەن هایدیگەرەوە بەدەست دەگات کە لەوێڕا هایدیگەر هەندێ ڕوونکردنەوە سەبارەت بەو مەسەلانە بەرچاو دەخات کە لە میدیاکاندا لەبارەی ئەو پێوەگلانەوە دەوترێت، بۆیە لە سێپتەمبەری هەمان ساڵدا دوو کەسی ئەو هەفتەنامەیە (ڕودۆلف ئۆگستین، جۆرج ڤۆلف) پلان بۆ سازدانی لێدوانێک لەتەک هایدیگەردا دادەڕێژن. بەڵام لەسەر داوای هایدیگەر بڵاوکردنەوەی ئەم لێدوانە بۆ پاش مەرگی هەڵبگیرێت، بۆیە لێدوانەکە لە ٣١ ی ئایاری ١٩٧٦دا بڵاودەکرێتەوە. ئەم لێدوانە لە هەمان ساڵدا لەلایەن ماریە پ. ئاڵتەر و پۆن د.کەپوتۆ کراوە بە ئینگلیزی. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:
The Heidegger controversy: A Critical Reader، Edited by Richard Wolin، The MIT Press، Lodon، ١٩٩٣، p. ١١٠.

٧٠. Peter Goldman. Christian Mystery and Responsibility، Gnosticism in Derridas The Gift of Death

Anthropoetics IV، no. ١ (Summer / Spring ١٩٩٨).

٧١. Jan Patočka. Plato and Europe. Translated by Petr Lom، Stanford University Press، ٢٠٠٢، p. xix.

٧٢. Rodolphe Gasch. Anders Lundbergs samtalar med Rodolphe GaschAtt rdda tnkandets heder i Eurozine. http://www.eurozine.com/articles/٢٠٠٢-٠٥-٠٣-gaschelund-sv.html

٧٣. بڕوانه ئه‌م دوو سه‌رچاوه‌یه‌ی لای خـواره‌وه بۆ تێگه‌یشتن له‌به‌شێک له‌و گفتوگۆیانه‌ی تایبه‌ت به بیری ئیتیکی و ئاینی دێریدا ده‌کرێن:

Graham Ward. Barth، Derrida، and the Language of Theology. Cambridge University Press، ٢٠٠٨.

Andrew J. McKenna. Violence and Difference : Girard، Derrida، and Deconstruction: University of Illinois Press، ١٩٩٢.

**ئازاد حەمە عەبدوڵا**

لەدایکبووی شاری کەرکوک گەڕەکی ئاخورحوسێن/ حەسیرەکە ساڵی ١٩٦٢. بەکالۆریۆس لە ئابووری زانکۆی موستەنسیریەی بەغدا لە ١٩٨٦ و ماجستێر لە ئابووری پلاندانان لە ئۆکرانیا لە ١٩٩٠ لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەت (تێزی ماستەرنامە: پێوەندی ئابووری دەرەکی نێوان جیهانی سێ وڵاتە پێشکەوتووەکان). دواتر ساڵی دکتۆرای لە مۆسکۆ لە ئابووری دەرەکی خوێندووە (تێزی دکتۆرانامە: پێوەندی ئابووری نێوان وڵاتانی ئۆپێک و وڵاتانی پیشەسازی) دوای وازیلێهێناوە. لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە سوید دەژیت. ئامادەیی سەرلەنوێ لە سوید خوێندووەتەوە. خوێندنی هەردوو بەشی فەلسەفە (فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پراکتیک) لە زانکۆی ستۆکهۆڵم (١٧٠ پۆینگ) ٢٠٠٥، خوێندنی زمانی فەڕەنسی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم (٣٠ پۆینگ). دکتۆرا لە بەشی فەلسەفەی پڕاکتیک لە زانکۆی خارکۆڤ (تێزی دکتۆرانامە: سیاسەت و ڕووداوی ڕاستی. هەنووکەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ئالێن بادیو)، دبلۆم لە زمانی فەڕەنسی لە زانکۆی سۆڕبۆن. ئێستا کار لەسەر نووسینی دووەم دکتۆرانامە دەکات لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخی فەڕەنسی لە زانکۆی پاریس ٨.

# ئاسۆی چاوەڕوانی
# لەنێوان واقیعی نازمانی و نەبینراوی گوتراودا

## (خوێندنەوەیەکی شیکارئامێزی گوتاری گێڕانەوەیە لە ڕۆمانی ماچی یەکەم)

■ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

ناونیشانی سەرەکی ئەو خوێندنەوەیە لە (هانس ڕۆبێرت یاوس) وەرگیراوە، دەستەواژەی (ئاسۆی چاوەڕوانی) بە پشت بەستن بە مەسافەکان (واتە مەسافەی نێوان دەق و خوێنەر، بەپێی ئاستی خوێنەر و زەمەنی خوێندنەوە و لەسەردەمێک بۆ سەردەمێکی دیکە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە) دەشێت بەهاکانی دەق بگۆڕێت. بەهای جوانی دەق وەک (یاوس) ناوی دەبات، بەرفرەوان دەبێ، چەندە ئەو دەقە بتوانێت ئاسۆ چەسپاو و باوەکان بگۆڕێت. واتە هەر چەندە لە پێداویستی گۆڕانەوە پێشوازی لە تێگەیشتنێکی تازە بکات! بۆ نموونە چۆن (سێرڤانتس) لە ڕۆمانی (دۆنکیشیوتە) توانی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران بۆ (پاڵەوان) بگۆڕێت؟! لەسەر ئەو بنەمایە ئەو خوێندنەوەیە هەوڵدەدات بە هاوبەشی لەگەڵ دەقدا ئاسۆی چاوەڕوانی چەسپاو بەتاڵ بکاتەوە، لەوێشەوە جۆرێکی دیکە لە بیرکردنەوە بەرجەستە بکات، واتە ئەوەی ئەو خوێندنەوەیە بیری لێدەکاتەوە، ئەوەیە کە پێویستە لەمڕۆدا بیری لێ بکرێتەوە: بیرلێکردنەوە لە «ئەزموونەکان چۆن دەردەکەونەوە» ئەوە ئەو بیرکردنەوە هۆسرەلیەیە کە (تەماشامان لەدەرەوە بەرەو ناوەوە دەبات).. لەبەرانبەر ئەوەشدا

هەر چەندە ماوەی جوانی (مەسافەی ئیستێتیکی) تەسک بێتەوە و کاری ئەدەبی نەتوانێت (گۆڕان لە ئاسۆی چاوەڕوانی) باودا دروست بکات، ئەوەندە لە هونەری کۆنسیومەر و کاڵ نزیک دەبینەوە!

کەواتە ئەو میتۆدە دیاریکراوەی لەو خوێندنەوەیەدا ڕۆڵی سەرەکی وازی دەکات، لە تێگەیشتنی پەیوەندی کاری ئەدەبی و وەرگردا خۆی دەخاتە ڕوو. بەڵام وەک چۆن (یاوس) لە ڕێگەی (گادامێر)ەوە هەوڵدەدات سروشتی گۆڕانکارییەکانی مانای ئەدەبی ڕاڤە بکات. بە هەمانشێوەش ئەو خوێندنەوەیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری (گادامێر) و سوورە لە سەر ئەوەی مانا لە ڕێگەی پەیوەندی دەوروبەرئامێز، یان لە ناکاو نەبێت، مەیسەر نابێت.

هەڵبەتە وەک دەزانین (یاوس) جەخت لە دانەر، یان دەق، یان کاریگەرییە ئەدەبییەکان ناکات، بەڵکو جەخت لە پرۆسەی وەرگر دەکاتەوە کە لە ساتەوەختی نووسینەوە دەستپێدەکات و لە پرۆسەی تێگەیشتن (کە لە ڕێگە خوێنەرێک یان کۆمەڵێک خوێنەر لە هەنووکەدا ئەنجام دەدرێت) بە ئامانج دەگات..

بەڵام بۆ ناونیشانی دووەم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە (واقیعی نازمانی) و (نەبینراوی گوتراو) ی فەزای ڕۆمانی (ماچی یەکەم) دەکەم! واتە لە ڕێگەی کۆی کاراکتەرەکان و بەتایبەتی (پەری) و (کوڕی پیاوە مەستەکە) و پەری و (باوکی ماچ- مێردی پەری) هەوڵی خوێندنەوەی گوتاری بە وشە وێنەکێشراو و بە وێنە نووسراوەوە دەدەم و لەوێشەوە هەوڵدەدەم تێگەیشتن لە کاراکتەری ئیشکالئامێز ڕوون بکەمەوە.

وەک دەزانین ڕۆمان خۆی لە گفتوگۆدا هەڵدەگرێتەوە و گفتوگۆش بە خەسڵەتێکی جیاکارانەی هەموو گوتارێکی ئەدەبی دادەنرێت. گوتار وەک (میشل فۆکۆ) دەڵێ: هەڵگری لۆژیکێکی ناوەکی و دامەزراوئامێزە، هەر تەنها لە ڕێگەی خودی تاکەوە نایەتە بەرهەم، بەڵکو دەبێ لە دامەزراوێک، یان ماوەیەکی زەمەنی، یان لقێکی مەعریفی دیاریکراوەوە بێت. دەمەوێ بڵێم دەشێت چەمکی گوتار لەو نووسینەدا بە مانا فۆکۆییەکەی بە ماوەی دیاریکراوی زەمەنەکانەوە پەیوەست بکرێت.

### ڕۆمانی ماچی یەکەم

ماچی یەکەم ڕۆمانێکە (٢٥) بەشە لە (٢٦٦) لاپەڕەی مامناوەندی پێکهاتووە و (کەریم کاکە) نووسیوویەتی، لە سێنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، زنجیرەی (٩١) ساڵی (٢٠١٠) لەسەر نووسراوە و لە چاپخانەی شەهاب-هەولێر چاپکراوە. هەر یەک لەو بیست و پێنج بەشە، ناوی گێڕەڕەوەیەکی بەسەرەوەیە و

هەر یەک لەو گێڕەرەوانەش لە لایەن چیرۆکخوان و کەسایەتی (ماچ) ڕۆڵەکانیان بەسەر دابەش کراوە (من ماچم چیرۆکخوانی ماچی یەکەمم، من کچی پەری و کچی بابی ماچم و لە نامەیەکەوە خولیای چیرۆکی ماچی یەکەم کەوتە سەرم.. ل٢٢٢) هەڵبەتە لەو ڕۆڵ بەسەر دابەش کردنانەدا، چیرۆکخوان لەبەر ئەوەی دەستی لە هیچ ئاڕاستە کردنێکدا نییە، بۆیە گێڕەرەوەکان لە ڕێگەی ئەو دەلالەتانەی کە لە گێڕانەوەدا دەیخەنە ڕوو، تەعبیر لە خودێتی خۆیان دەکەن. بەڵام ئەگەر خودگەرایی هەر یەکەیان لەنێوان زاراوەی (پۆزەتیف) و (نێگەتیف)دا لێکبدەینەوە، دەبینین وەک یەک نایەنەوە؟! چونکە وێڕای قسەکردن لەسەر خۆیان هەندێکیان (نەبینراوێکی گوتراو) دەگێڕنەوە. هەندێکی دیکە لە گێڕەرەوەکان (واقیعێکی نا زمانی) دەگوازنەوە. بەڵام کاراکتەرە سەرەکییەکان لەنێوان (واقیعی نازمانی و نەبینراوی گوتراو)دا ڕۆڵەکانی خۆیان وازی دەکەن!

ئەگەر بە وردی سەیری پانتایی ڕۆمانەکە بکەین دەبینین (١٦) جار ئافرەت ڕۆڵی گێڕانەوەی بەردەکەوێت، لەو شانزە جارەشدا دوانزە جار (پەری) کاراکتەری سەرەکی ئەو ڕۆڵەی خۆی وەک واقیعی نازمانی و نەبینراوی گوتراو وازی دەکات... (٩) جاریش پیاو، لەو نۆ جارەش (٣) جار (کوڕی پیاوە مەستەکە) و (٣) جار (بابی ماچ) وەک دوو کاراکتەری سەرەکی دیکە ڕۆڵی خۆیان لەمیانی واقیعی نازمانی و نەبینراوی گوتراودا دەبینن! بەڵام هەر یەک لە (خوشکترین خوشک و نەخشەسازی گەرماو و ژنە کەسکپۆشەکە و کوڕی نەفتفرۆش) ڕۆڵی خۆیان زێتر وەک نەبینراوی گوتراو دەگوازنەوە، کەچی (پیاوە مەستەکە) زێتر واقیعێکی نازمانی دەگوازێتەوە. لەبەر ئەوەی کاراکتەری پەری بە تەنها (١٢) جار ڕۆڵی خۆی وازی دەکات، واتە سێ بە قەد هەر یەک لە کوڕی پیاوە مەستەکە و بابی ماچ، بۆیە بۆ خوێندنەوە، هەوڵدەدەم زێتر جەخت لەو کاراکتەرە پڕ جولەو ڕەمزئامێزە بکەم!

دەشێت بڵێین ماچی یەکەم ڕۆمانێکی (کۆمەڵایەتی/سیاسییە) لەوێوە کە پەیوەندی مرۆڤەکان بە دەسەڵاتی سیاسی و پەیوەندی مرۆڤەکان بە دابونەریت دەخاتە ڕوو، یان ڕوونتر بڵێین تەعبیر لە لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەشێک لە خەباتی سیاسی کوردی دەکات، وەک (زەمەن) نزیکەی (١٦)ساڵ لەخۆ دەگرێت، ئەو شانزە ساڵەش (٧) ساڵی دەکەوێتە (پێش ڕاپەڕین) و ئەویتریش (دوای ڕاپەڕین) واتە تا ساڵی (٢٠٠٣) ڕووخانی سەدام حسێن-سەرۆک کۆماری عێراق، وەک (شوێن) شاری (هەولێر) دەکاتە شوێنی پێکهێنان و بەرهەمهێنان. وەک دیارە ئەو ڕۆمانە بە شێوەیەکی گشتی لەرووی سیاسییەوە زێتر جەخت لەو پارتە کوردییانەی باشووری

کوردستان دەکاتەوە، کە بە ڕەنگەکانی (سوور) و (زەرد) و (سەوز) خۆیان دەنوێنن... وەک مەسەلە کۆمەڵایەتییەکەش جەخت لە خۆشەویستی و لاقەکردن و سێکس، بۆ نموونە لە نێوان پەری و کوڕی پیاوە مەستەکە و دوو پیاوە دەمامکدارەکە و پەری و باوکی ماچ، دەکات.

ئەگەر لەرووی سیاسییەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشت بە دیدی سیاسیانەی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەرین ببەستێت، نەک پێشکەشکردنی گوتارێکی سیاسی ڕاستەوخۆ، یان بە مانایەکی دیکە ئەگەر لەرووی سیاسییەوە لەرێگەی کاراکتەرە ئیشکالئامێزەکانی وەک پەری و کوڕی نەفتفرۆش و پیاوە مەستەکە، هەوڵی بەدەنگهێنانی دوێنێ و ئەمڕۆ بدات؟! ئەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێی کاراکتەرە ئیشکالئامێزەکانی وەک پەری، گوڵنار، ژنە لەخەو تۆراوەکە، پەردە لەسەر بەهای دابونەریتی کۆمەڵگای کوردی و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگای نێرسالاری کوردی نیشان دەدات، بەو مانایەش کەسێتی ئیشکالئامێز هەڵگری بیروڕایەکی مرۆیانەیە، بەڵام نایەوێت بیروڕاکانی ببێتە بابەتێک بۆ جێبەجێکردن، ئەگەرچی حەز بە تازەکردنەوەی کۆمەڵگا دەکات، کەچی لەلایەن دەسەڵاتی تەقلیدییەوە وەک دوژمن چاوی لێدەکرێت، بۆیە هەمیشە خۆی دوورەپەرێز دەگرێت، بەر لەوەی پەراوێز بخرێت!

بە کورتی ڕۆمانی ماچی یەکەم سەربردەی یەکەم حەزلێکردن و یەکەم ماچی خۆشەویستی نێوان پەری و کوڕی پیاوە مەستەکەیە، لە گەڕەکێکی هەژارنشینی شاری هەولێر (جاری یەکەمت بوو، عاشق بوویت... ل٥)، نەگەیشتنی ئەو خۆشەویستییەش بە هۆی مەرجی دەستهەڵگرتن لە سیاسەت (کچێ بۆ تۆمە خۆت لەو ئاگرە دوورخەوە، بۆ دەتەوێت هەردووکمان بسووتێنیت..ل٥٨) و دواتریش ژنهێنانی کوڕی پیاوە مەستەکە (بێ سێو و دوو ڕازیبووم، لەو ساتەدا کچی بارزگان لە چاوی من بە جوانترین کچ خۆی نیشاندا، لە پەریش جوانتر.. ل١٣٧) و مێردکردنی پەری (دەزانی چەند جوان لەیەکتر دێن، هاوکوفی یەکترن، هیچ کوڕ و کچێک نییە لەو دنیایە هێندەی ئەو کوڕ و کچەی من لەیەکتر بێن..ل١٨٠) بە کۆتا دەگات؟! هەر لە میانی ئەو بە ناکام گەیشتنەش هەر یەک لەو دوو دڵدار و دڵبەرە بە هۆی لەبیرنەکردنی عیشقی یەکەم و ماچی یەکەم، واتە لەسەر بنەمای –هیچ کەسێک ماچی یەکەمی لەبیر ناچێت– دەبنە هۆی شێوانی ژیانی یەکتر و (ئیدی من بە دیار ژنێکەوەم لە باوەشی دەخەوم بەڵام بە هەمیشەیی لەو پەنجەرەیەوە دەڕوانمە کۆڵانێک لە چاوەڕێی پەری شەو و ڕۆژ دەکەمەوە..ل١٤٠) (ئێرە کوێیە،

نهۆمی سەرەوەی میوانخانەکە یان ژووری کوڕی پیاوە مەستەکە ژووری دارپرتەقاڵ و هەنار و بیە بەرزەکە، من چ لەوە تێناگەم، کوڕی پیاوە مەستەکە ئەوەی ئێستا لە کچی بازرگان منداڵیشی هەیە، ئەوەی لە پێش وێنەگرەکە لاشانێکم دیت، بەم شەوە چۆن گەیشتە نهۆمی سەرەوەی ئەو میوانخانەیە و چۆن خۆی هاویشتە ناو ڕانەکانی من.. ل١٩٢) لە کۆتاییدا مێردی پەری بڕیاری سەر هەڵگرتن دەدات!
وەک گوتم ئامادەگی گێڕەڕەوەکانی هەر یەک لەو بیست و پێنج بەشە، چ لە ڕێگەی گوتنەوە چ لە ڕێگەی هەڵگرتنی دەلالەتەوە تەعبیر لە خودگەراییەک دەکەن، هێڵی سەرەکی ئەو خوێندنەوەیە هەوڵدەدات ئەو خودگەراییە بەسەر دوو بەشی (پۆزەتیف) و (نیگەتیف) دابەش بکات! یەکەمیان (پۆزەتیف) ئەو بینراوگەلە دەگرێتەوە کە واقیعێکی نازمانی دەگوازنەوە. دووەم (نێگەتیف) دەکەوێتە بەرانبەر نەبینراوی گوتراوەوە. سێیەمیش لەنێوان دوالیزمییەتی (پۆزەتیف) و (نێگەتیف) دا دەسوڕێنەوە!
ئەو خوێندنەوەی بەردەستتان بۆ جەختکردن لەو دوو کردەیە: واقیعی نازمانی، بە بینراو و وێنەکانی سەر دیوار و دواتر نامەی گوڵناری خوشکی خوشکترین خوشک تۆختر نێشان دەدات. بۆ دووەمیش دەکەوێتە بەرانبەر گوتراوە نەبینراوەکانی هەر یەک لە خوشکترین خوشک و ژنە کەسکپۆشەکە و نەخشەسازی گەرماو و کوڕی نەفتفرۆش. بۆ ئەوەی زێتر بەدوای ئەو دابەش کردنەدا بچین، هەڵبەتە پێویستە ئاگامان لە گوتاری بە وشە نووسراو و گوتاری بە وێنە دەربڕدراو هەبێت! وەک دەزانین گوتاری وشە/ڕستە ملکەچی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەبێت، بەو مانایەی کە دەنگە، بەڵام گوتاری وێنە/نیگار لە زانستی زمانەوانی بەرفراوانتر خۆی نیشان دەدات.

دەمەوێت بڵێم هەندێجار کردەی زمانەوانی بە کردەی قسەکردن، یان کردەی گوتاریش ناو دەبرێت. بەڵام مەبەستی (کردەی گوتار) لێرەدا ئەو یەکە بچووکانەی زمانە، کە بە هۆی ئەوەوە زمان کردەکانی خۆی بەجێدەهێنێت. هەموو کردەیەکی زمانەوانیش لە دووتوێی دامەزراوێکدا پلە پلە دەکرێت، کۆمەڵێک مەرجی هەیە، کە مەرجی سەرکەوتنە، مەرجی سەرکەوتن لەگەڵ ناوکۆیی هاوڕێک دێتەوە (واتە بۆ نموونە بگۆ یان بێژەر لەسەریەتی کە ڕاستگۆ بێت و بەرانبەریش گوێگری باش بێت، یان بۆ نموونە مەرجە ئەگەر یەکەم پرسیار بکات، دەبێ دووەم وەڵام بداتەوە) ئەوانە ماف و ئەرکی کرداری زمانەوانین! ئەوەش بە نسبەت ئەوانەی کە بەشداری لە پرۆسەی گوتاردا دەکەن، واتە پرۆسەی یەکتر دوواندن لە ڕێگەی دەنگ. بەو

مانایە دەمەوێ بڵێم بۆ شیکردنەوەی گوتار، پێویستە کردەی لێکۆڵینەوەی زمان، کە لەلایەن (قسەکەر) و (گوێگر)ەوە مەیسەر دەبێت، لەبیر نەکەین (لە درێژەی ئەو بابەتە قسەی زێتر لەو بوارەدا دەخەینە ڕوو) بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەگەر ئامادەیی دوو لایەنی بگۆ و گوێگر تەعبیر لە گلدانەوەی مانا بکات و بواری پەرتبوون نەدات، ئەوە نووسین ئەو کارە تێکدەدات، چونکە ماوەیەکی (کاتی) و (شوێنی) لە نێوان نووسەر و خوێنەر دەخولقێنێت، لەبەر هەندێ ناتوانین ئەو دوو جۆرە لە گلدانەوەو پەرتنەبوون لە ئامادەیی قسەکەر و گوێگر لە هەر یەک لە ئامادەگی یەکتردوواندن (دەنگ) و ئامادەگی نووسین (تۆمارکردن) وەک یەک نیشان بدەین.

بەڵام گوتاری وێنە، کە واقیعی نازمانی بەهۆی تیشکۆی ناوەندی دەگوازێتەوە، حەقیقەتی خۆی لە تەماهی بوونی شتگەرایيدا دەدۆزێتەوە، بەو مانایەی کە شتگەرایی بینراو و ڕەمزی و وێنەی وروژاو وەک شێوەگەلێکی زیاد لەپێویست بێلایەن، بەرجەستە دەکات. کەواتە بۆ خوێندنەوەی گوتاری بە وێنە نووسراو پێویستمان بە سیمیۆلۆژیا دەبێت، واتە دەکەوینە بەرانبەر زمانی ئاماژەیی بینراو و سیستمەکەی، بەڵام لە سیستەمی زمانەوانی دەکەوینە بەرانبەر زمانی دەنگی و سیستەمەکەی.

لێرەوە تێگەیشتن لە زاراوەی نێگەتیفی ئەو ڕۆمانە بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەوە بەندە؟! چونکە بڕوامان بەوە نییە زمان بتوانێت لە ڕێگەی دەنگەوە (واتە گوتاری بە وشە نووسراو)، هەموو ئەوەی کە مەبەستیەتی بۆ کەسی گوێگر بگوازێتەوە، بۆیە بە نێگەتیف ناوزەدی دەکەین! بەڵام تێگەیشتن لە زاراوەی پۆزەتیف، تێگەیشتنە لە وێنەگەلێک کە هەراوهۆریای بینینگەرا و عەقڵگەرا دروست دەکات؟! واتە (ئەویدیکەی بەرانبەر) دووچاری شۆک و سەرسامبوون دەکات، شۆک و سەرسامبوونێک کە لە واقیعەوە هەڵقوڵاوە، ئەویش لەسەر دوو بنچینە: یەکەمیان تێکشاندنی میسالییەت. دووەمیان بڕینی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پیرۆزی، بۆیە بە پۆزەتیف ناوی دەبەین!!

هەڵبەتە جیاوازی نێوان ڕۆمان و واقیع بەشێوەیەکی گشتی جیاوازییەکی هونەرییە، بەو مانایەی کە ڕۆمان هەندێ شتی نێو واقیع زیاد لەخۆی گەورە دەکات و هەندێکی دیکەی بچووک دەکاتەوە، ئەو کارەش لە پێناو سەرپێخستنی کارە هونەرییەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت. دەشێت ئەو ڕستەیەی نێوان واقیع و ڕۆمان، گەمەی جۆراوجۆری لەگەڵدا بکرێت. بەڵام من ئەو بەبیرهێنانەوەیەی سەرەوەم بۆ ئەوەیە کە بڵێم مەرج نییە گوتاری ڕۆمان و گوتاری واقیع یەک ئاڕاستەی هاوشانیان هەبێت، چونکە ئەگەر

گوتاری واقیع لە کۆمەڵێک کایەدا بدۆزینەوە، ئەوە گوتاری ڕۆمان لەوێوەیە کە بابەتی گێڕانەوەی ڕۆمانی لێوە دەردەکەوێت. دەشێت ڕۆمان کار لەسەر یەک بابەتی دیاریکراو بکات، بەڵام گوتارەکانی بگۆڕێت، وەک چۆن پێچەوانەکەشی دەشێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هونەری بتوانێت نووسین و ڕێکخستنی گێڕانەوەکەی بەرجەستە بکات، بۆیە (سەعید یەقتین) دەڵێ: ئەگەر یەک بابەت بخەینە بەردەم کۆمەڵێ ڕۆماننووس، دەبینین بەپێی ڕێباز و هەڵوێستیان کۆمەڵێک گوتاری جیاوازمان پێشکەش دەکەن.

وەک ئاماژەمان بۆ کرد ماچی یەکەم بە هۆی گێڕەرەوە بەکارهاتووەکانی هەر یەک لەو بیست و پێنج بەشە هەوڵیداوە کۆمەڵێک دیدو بۆچوونی جیاوازی تاکەکان بگوازێتەوە، هەر لە ڕێگەی ئەو شێوەیە لە گێڕانەوەش بە شێوەیەکی هونەری و لە ڕێگەی ڕیتمێکی خاوەوە خوێنەر تێکەڵ بە حەقیقەتی ڕووداوەکان دەکات. ئەگەرچی ئەو خوێندنەوەیە بەدوای ئەو تەکنیکە لە گێڕانەوەدا ناڕوات، بەڵام هەوڵدەدات ئاڕاستەی شێوازی تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕێگەی گێڕەرەوە جیاوازەکانەوە بەرز ڕابگرێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێت ڕاڤەکردنی جۆراوجۆر بۆ گوتاری گێڕەرەوەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت. بە دیوەکەی دیکەش ئەو خوێندنەوەیە پێیوایە لە بەرەوپێشچوونی هونەری ڕۆماننووسین، چەمکی (بۆچوون) بایەخێکی گرنگ دەگێڕێت و ناشێت ئەو لایەنە فەرامۆش بکرێت.

## پەری

## شۆڕشی جەستە/خەباتی کوردایەتی

لە ڕۆمانی ماچی یەکەمدا کاراکتەری ئیشکالئامێزی سەرەکی پەری، وەک نەبینراو، ڕەمزی شۆڕشی خۆشەویستی و وەک بینراو خەباتی کورداتییە، هەڵگرتنی ئەو دوو ئەرکە لە پرۆسێسەکردنێکی دیار و نادیاردا تەعبیر لەوە دەکات کە پەری (وەک کچە کوردێکی ئازا و بوێر و سەرکێشی بنەماڵەیەکی کوردپەروەر) هەوڵدەدا بیروڕای ئازادانەی خۆی لە پانتایی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پراکتیزە بکات.

پەری وەک قوتابییەکی خاڵ لە گەردنی جوان و تازە پێگەیشتوو لەرووی جەستەیی و فیکرییەوە، لەپاڵ باوکێکی ئەزموندار، کە وەک بیروڕای سیاسی بە ڕەنگی زەرد دەنازێت، دەیەوێت بیروڕای خۆی کە بەلای ڕەنگی سووردایە بە پشتبەستن بە باوکی لە نێو شار درێژە پێبدات و بۆ ئەو مەبەستەش چالاکانە ئەرکە سیاسییەکانی خۆی بە ئاکام دەگەیەنێت. بە دیوەکەی دیکەش وەک تازە پێگەیشتوویەک حەز و

ئارەزووەکانی جەستە لەبەرانبەر کوڕی پیاوە مەستەکە دەکاتەوە و دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەکی قووڵ، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو خۆشەویستییە زێتر پەرە دەسێنێت تا ئەو کاتەی کە بۆ یەکەمجار لە ژێر دار پرتەقاڵەکە و بەرانبەر دار هەنارەکەی ماڵی پیاوە مەستەکە، یەکەم ماچی خۆشەویستی.. ماچێک کە پیاوە مەستەکە گەواهی بۆ دەدات.. ماچێک کە پەری لەو ماچەوە تا (چل) ڕۆژ چاوی بە ماڵی پیاوە مەستەکە ناکەوێتەوە...

ئیتر وێڕای درێژەدان بە گەرموگوڕی خەباتی نێو شار تا نزیکبوونەوە لە ڕاپەڕین و خۆشەویستی کوڕی پیاوە مەستەکە، تا نزیکبوونەوە لە کردەی سێکسی، جەستەی پەری وەک ڕەمزی سەرفرازی و بەرخودان دەمێنێتەوە! بەو مانایە جەستەی پەری لە دوو کردەدا وازی دەکات: لە کردەی یەکەمدا هەوڵدەدات وەک مرۆڤێکی ئازادیخواز و هەڵگری بیروڕایەکی یەکسانیخواز و دادپەروەرانە بەرگری لە مرۆڤی چەوساوە بکات. کردەی دووەم لە ئازادی جەستە، کرانەوە بە ڕووی ئەویدیکەی پیاو و لە پێناو جیاوازی و ئازادی ئافرەت، دژی دابونەریت ڕادەبێتەوە!

دەشێت پرسیار ئەوە بێت، ئایا هەستکردن بە ئازادی چەند هۆشیاری گەرەکە؟ هەڵبەتە هەستکردن بە چەوسانەوەی مرۆڤ و چەوسانەوەی جەستە مێژوویییەکی دوور و درێژی هەیە، هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ هەستی بە جیاوازی و ستەم کردووە، بە خەباتی سەرفرازی و ئازادی ڕابۆتەوە. هەر لە سێوەکەی ئادەمەوە هەتا ئەمڕۆ توندوتیژی نواندن بەرانبەر جەستە (جەستەی مێ) بەردەوامە. چونکە جەستەی مێ وەک کانگای خەتا و گوناح سەیر کراوە! پاککردنەوەی جەستە لە خەتا و گوناح، یان لە ڕێگەی مردن و تۆبەکردنەوە دەبێت، یان لە ڕێگەی پاکبوونەوە، یان ڕووخان و تێکشکانێک کە بەسەر ناوەوەو ئەویدیکەدا دەهێنرێت! بەو مانایەش پاککردنەوەی جەستە لە گوناح، قەدەغەکردنی جەستە و ڕیسواکردنی جەستەی لێدەکەوێتەوە.

سێوەکەی ئادەم لە درەختی مەعریفەوە چنراوە، بەو مانایەش خواردنی سێو جگە لە دەرککردن بە مەعریفەی جەستە شتێکی دیکە ناگەیەنێت، هەر لەوێشەوە دەرک بەوە کراوە کە ئیدی جەستە بۆ خۆی هەم مەعریفەیە هەم ژیان. بەڵام جگە لەوە بۆچوونی دیکە هەیە، بە هەڵەی یەکەمەوە بەندە، هەندێک ئەو هەڵەو پیسبوونە بە پیرۆز و هەندێکی دیکە بە تاوان ناوزەد دەکەن! (سیگمۆند فرۆید) لەو بارەوە پێیوایە ئەندامە سێکسییەکانی جەستە پیرۆزن، بۆیە پەردە پۆش دەکرێن. بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن پیسن، بۆیە دادەپۆشرێن.

لێرەدا لە درێژەی خەباتەکان، لە کۆمەڵگایەکی تەقلیدیدا، جەستەی پەری وەک

ڕەمزێک ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کارەسات دەبێتەوە، یەکەم کارەسات لاقەکردنیەتی لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە (ئیدی هیچ چارت نییە، دەبێت شووم پێبکەیت... ل٩٣). دووەم لاقەکردنی لەلایەن هێزی نێرینەی دوو پیاوی دەمکدارەوە (لەو جێگەیەی کە جل زەیتوونییەکان، پەلاماریان دام، قەمەرەیەک لەبەر دەمم ڕاوەستا و پەلاماریان دام، دەمیان گرتم... هەر چارەکێک بەڕێوە بووم خۆم لەسەر قەرەوێڵەیەک دیتەوە... بلوزەکەمیان هەڵدایەوە... تەنوورەکەمیان داکەند، یەکیان چووە دەرێ، ئەویدیکە یەکسەر دەمی بە خاڵی گەردنمەوەنا... هاتە ناو ڕانم ئەو کارەی کوڕی پیاوە مەستەکە بە نیوەچڵی جێیهێشت... تەواوی کرد. ل١٢٧).

ڕەنگە لە یەکەمیان جۆرێک لە کرانەوەی جەستە ببینرێت، بەدیوەکەی دیکەش جەستەی پەری وەک نەبینراو، ئەکتیڤ (واتە هاوبەشی لە چێژدا دەکات) و وەک بینراو (واتە لە نیگارەکانی سەر دیوار- دوای شۆرینی دیوارەکە لەلایەن بابی ماچ) نێگەتیف دێتە بەر چاو. بەڵام لاقەکردنی دووەم توندوتیژی و ڕیسواکردنی جەستەیە و جەستە وەک کار لەسەر کراو دەکەوێتەوە. لاقەکردنی یەکەم لە بەرزبوونەوەی هەستی خۆشەویستی و غەریزەی سێکسی و نەتوانینی دەستبەسەراگرتنی وزەی سێکسی لەلایەن پیاو هەڵقوڵاوە، لەوێشەوە هەژموونی ڕەمزی بەرجەستەیە (ئای پەری لە سەرەتادا چەند هەوڵیدا بە پیرۆزی بیهێڵمەوە، نەمهێشتەوە.. ل١٣٥) ئەو هەژموونە نێرایەتییە، بە چاودێریکردنی پیاوە مەستەکە (واتە پیاوە مەستەکە لە ڕێگەی کردەی چاودێریکردنەوە هێزی خۆی تەماهی هێزی نێرانەی کوڕەکەی دەکات) خۆی بەرجەستەتر نیشان دەدات. بەڵام لاقەکردنی دووەم ڕاستەوخۆ تەعبیر لە سزادانی جەستە دەکات. لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆ لە کاتی گیرانی پەری وەک چالاکوانێکی سیاسی لەلایەن جل زەیتوونییەکانەوە، تەنها ئازار دەدرێت و لاقە ناکرێت؟ ڕەنگە بیرکردنەوە لەو مەسەلەیە بەرەو ئەوەمان بەرێت، کە ئافرەت وەک جەستە ناتەواوەو ناتوانێت تەعبیر لە خەباتی کوردی بکات! دەشێت ئەویدیکەی دوژمن، ناهۆشیاریی و کەم خوێنی فیکری سیاسی کوردی و خەباتی کوردی لە جەستەی ناتەواوی ئافرەت هەڵگرێتەوە، بەدیوەکەی دیکەش دەشێت تۆخکردنی ئەو پرسیارە و بەشێک لە وەڵامەکەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە بکات؟!

کەواتە لە ڕۆمانی ماچی یەکەم، پرسی جەستە لە نێوان خەباتی کوردایەتی (وەک بینراو) و خەباتی غەریزەی سێکسی (وەک نەبینراو) پرسێکە بەلای خەباتی غەریزەدایە!! خەباتی غەریزەش هەمیشە سەرکێشانە دەستپێدەکات و بە ناکامی

کپ دەبێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پەری وەک ڕەمزی خەباتی کوردایەتی و خەباتی جەستە، لە نێوان (ناهۆشیاریی/ناکاملْبوون) ئایندەی خۆی لە فیکرێکی سنورداردا کورت دەکاتەوە، ئەوەش گەورەترین کارەساتە کە لە دوای ڕاپەرین دووچاری جەستەی کوردی و لە دوای مێردکردن دووچاری جەستەی خودی پەری دەبێتەوە. ئەگەر یەکەمیان لە کۆمەڵێک دروشم و جەستەیەکی (هەڵایساو)دا بمێنێتەوە! ئەوە دووەمیان لە کۆمەڵێک نیگار و هێڵکاریی سەر دیوار و (ماچ)دا بەرجەستەیە؟! (هیوادارم جولەی چەمکی «هەڵایسان» و چەمکی «ماچ» لەلایەن خوێنەرانەوە قابیلی بەدواداچوون و چاوەڕوانییەکی گۆڕاو بێت).
ئەگەر لە میانی ئەو بیرکردنەوەیەدا قسە لە هونەری گێڕانەوە بکەین، بەڕای من لەرووی شێواز و فیکرەوە هەڕەمەکیانە دەردەکەوێت! ئەگەرچی وەک شت سەیری مرۆڤەکان ناکات، بەڵام ئازادی جەستە بە (هەڕەمەکی/دابونەریت) دەسپێرێت! هەر لەو عەفەویەتەوەش هەندێکجار گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی و لەوێشەوە شیعرییەت خۆی بەسەر گێڕانەوەدا زاڵ دەکات! وەک خۆسپاردن بە دابونەریتیش دەبینین لە گێڕانەوەدا لە ڕێگەی ڕیتمی شاراوەوە حوکم بەسەر هەستەکانەوە دەکات، بەو مانایەش ئەگەر بمانەوێت دەستکاری ڕیتمی وشەکان بکەین (بۆ نموونە لە خاوەوە بەرەو خێرا) دەبینین هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر گێڕانەوەدا نایەت، لەوەشەوە بۆمان دەردەکەوێت ماچی یەکەم چەند لە واقیعەوە نزیکە.
بەڵام ئەگەر هەر یەک لە لاقەکردنی کوڕی پیاوە مەستەکە و لاقەکردنی دوو پیاوە دەمامکدارەکان و ئازاردانی جەستە لەلایەن جل زەیتوونییەکانەوە وەک تەگەرەی بەردەم ئازادی تەماشا بکەین! ئەوە ماچی یەکەم دەکەوێتە نێوان ئەوەی دەبێت چۆن ئازادی بەدی بهێنین و دەبێت چۆن مومارەسەی بکەین؟ بە مانایەکی دیکە دەشێت بڵێین ژیان لە ماچی یەکەم لە هەڵەی یەکەمەوە دەستپێدەکات و لە مێردکردنی پەری (واتە لەخۆ تێکشاندنی پەری و ئەویدیکە شکاندن- کوڕی پیاوە مەستەکە) دەوەستێت.. هەر لەوێشەوە (لە خاڵی وەستانەوە) بە (چاودێریکردن و خەرجی کێشان)ی بابی ماچ، دەکەوینە نێو گوتارێکی (میتافیزیکی/عەدەمی)یەوە! واتە (سەرهەڵگرتن) پێشانمان دەدات کە چۆن بابی ماچ هەست بە هیچ و عەدەم دەکات، چۆن دەکەوێتە نێو چۆڵاییەوە... عەدەمیەتی بابی ماچ لەوێوە دەستپێدەکات کە هیچ لە دەستپێکی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ژن نازانێت؟! لەو ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ژن کە لە پەرییەوە دەسازێت، دواتر بە هیچ ناگات، بەڵکو ژن تەنها بریتی دەبێت لە دۆزینەوەی شوێنێکی خاڵی و تایبەت بەخۆی.. کەواتە پەری بۆ ئەو، چۆڵەوانییە؟!

بۆیە چۆڵاییش تەعبیر لە ساتەوەختە زاڵەکانی ئەو دەکات؟! یان ئەوەتا دەبێت خۆمان بۆ ئەو دیوو دونیا هەڵگرین!

دواجار دەمەوێت بڵێم هەر یەک لە (کوڕی پیاوە مەستەکە و بابی ماچ و پەری) نەیانتوانیوە لەنێوان جەستە و فیکر هاوگونجانێک بسازێنن، ئەگەر ئەو هاونەگونجانە بۆ بابی ماچ (مێردی پەری) بڕیاری سەرهەڵگرتن و خەرجی کێشانی لێبکەوێتەوە. بۆ کوڕی پیاوە مەستەکە، تێکشکان و جێگیربوونی لێدەکەوێتەوە، ئەو تێکشکان و جێگیربوونەش لە ڕێگەی نیگارە دیار و نادیارەکانی سەر دیوار (کوڕی پیاوە مەستەکە، لە کاراوە بۆ کار لەسەر کراو نیشان دەدات) واتە کوڕی پیاوە مەستەکە لە پرۆسەکردنی سێکسی زیندوودا کارا بووەو لە هێڵکاریی و نیگارکێشانی سەر دیوار (وەک دەرککردن بە حەقیقەت لەرێی نیگاری دەستکردەوە) کار لەسەر کراو دەردەکەوێت. بەڵام پەری لەو ئەزموونانەدا وەک پێگەییوێک دەتوانێت ڕەهەندی جەستە وەک مەعریفە ناس بکات، ئەو ڕەهەندەش دوو ڕووی هەیە ڕوویەکی (نەبینراو/بینراو) واتە ڕەهەندی ئازادکردنی جەستە لە دووتوێی خۆشەویستی یەکەم و مومارەسەکردن، تا نیگارە وێنەکێشراوەکانی سەر دیوار. ڕووی دووەم ئاشکرابوونی ئەو ڕەهەندە وەک بینراو لە (عیشقی دووەم)دا سنووردار دەبێ و لە لەدایکبوونی (ماچ) درێژ دەبێتەوە. (دەشێت وشەی ماچ وەک چەمک و وەک ناو، لەلایەن خوێنەرانەوە بخوێندرێتەوە)

بەڵام ئەگەر ئەو بۆچوونە تەرجەمەی سەر جەستەی کوردی بکەین، دەشێت (وەک بینراو) خەباتی کوردی لە چەند دروشمێکی سەر دیواری جێگیربوو هەڵگرینەوە. (وەک نەبینراو) لەجەستەیەکی هەڵایساوی جێگیرنەبووی دووبارە ئامادە بۆ خەبات بە دەستی بهێنینەوە.

## دەرککردنی جەستە
## لەنێوان کوڕی پیاوە مەستەکە و بابی ماچ

جەستەیەکی ئازادم بدەرێ، دەروونێکی میهرەبان وەرگرەوە، بەڵام جەستەی ڕیسوا و بەزیوو نە میهری تێدایە و نە ئازادی. دەمەوێت بڵێم عیشقی هەر یەک لە کوڕی پیاوە مەستەکە و بابی ماچ لەبەر ئەوەی ئازادی تێدا نییە، بۆیە میهر و بەزەیشی کەم تێدا بەدی دەکرێت، کەواتە ئەوەی ئەو عیشقە بەڕێوە دەبات جگە لە حەز و ئاڵوش و خۆبەدەستەوەدان و غەریزەی سێکسی و نێرسالاری، جگە لە توندوتیژی و ڕیسواکردن، شتێکی دیکە نییە.

ئەگەر خواردنی سێو لای ئادەم مەعریفەی جەستە بخاتەوە، مەعریفەی جەستە و ژیان بنوێنێت، ئەوە دەرککردنی جەستەی پەری لای کوڕی پیاوە مەستەکە ئەگەرچی لەلایەک دەرککردنی جەستەی مێ دەگەیەنێت (یەکەمجارم بوو، ئەو جێیەی ژن ببینم..ل٦٠)، بەڵام لەلایەکی دیکە مەعریفەی جەستە، ژیان نییە! چونکە ستایشی جەستە تەنها بۆ تێرکردنی غەریزەی سێکسی نییە، بەڵکو بۆ گەیشتنە بە ترۆپکی پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ و درێژ بوونەوەی ئەو شێوەیە لە پەیوەندی، بۆ بەیەکەوە ژیانێکی گونجاو. بەڵام کوڕی پیاوە مەستەکە هەرگیز نایەوێت لە پەرستنی جەستە سروتێک بسازێنێت، تا لەرێگەی ئەو سروتەوە جەستە بە بەهایەکی دیکە بگەیەنێت، وەک چۆن پەری هەستی پێدەکات. بەڵگەشمان ئەوەیە کە لە مەرجەکانی خۆی پەشیمان نابێتەوە (مەرجی دوور کەوتنەوە لە ئاگر-سیاسەت). کەواتە کوڕی پیاوە مەستەکە تەنها دەیەوێت کات بگوزەرێنێت! بۆ ئەو کات، ئەرک و مەترسییە: ئەرکە، چونکە دەبێت پەیوەست بێت بە خۆگونجاندن لەگەڵ پەری و بارودۆخێکی دیکەی نوێ! مەترسییە، چونکە دەشێت لە ڕێگەی کەشفبوونی چالاکییەکی سیاسی، کات ببڕێت! بۆیە هەمیشە کات خاو دەکاتەوە و ئیتر بەرەو سەربازی دەچێت، بەڵام (من ئەو کوڕە بناسم هەینێش بێ مەرج ناتخوازێ.. ل١٢٥) حەز بە لەناوبردنی کات دەکات، یان هەوڵدەدات بە ئارامییەکی زۆرەوە کات پێکبهێنێت. بە مانایەکی دیکە تەنها دەیەوێت ئیش لە ناو پەیوەندییەکانی سێکسدا بکات، یان ئیش لەناو جەستە وەک پانتاییەک بکات، هەڵبەتە ئەوەش بە مانا (هایدگەری)یەکەی وەرچەرخاندنی کاتە بۆ شوێن. لەبەرچی کوڕی پیاوە مەستەکە دەیەوێت کات، واتە زەمەنێکی هەڵایساوی خەباتی خۆشەویستی/سیاسی، بە شوێن بگۆڕێتەوە؟! پەری وەک شوێن بۆ کات بەسەر بردن تەماشا بکات؟! چونکە دەستبەسەراگرتنی شوێن ئاسانترە لە کات. دەیەوێت لە ڕێگەی دامرکانەوەی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانی (وەک پێداویستییەکی غەریزەیی) ئەو حەزە پێکبهێنێت!

کەواتە لەبەر ئەوەی خۆشەویستی ئەو بۆ پەری، خۆشەویستی یەکەمە و لە قۆناغی بەرایی و ساتەوەختی هەڵایسان و پێگەینی غەریزەی سێکسییەوە دەستپێدەکات، یان (ناهۆشیاریی/ناکامڵبوون)ە، بۆیە ئەو خۆشەویستییە بە هۆی مەرجێکی وەک مەرجی لە ئاگر دوورکەوتنەوە لەلایەن کوڕی پیاوە مەستەکە دەکەوێت و ناگاتە مومارەسەکردنی ژیان، یان ئەسڵەن مومارەسەکردنی ژیان وەک بەرئەنجامی خۆشەویستی لێکدانەوەی بۆ نەکراوە، بۆ ئەوەی ئەو بیروڕایەمان لە تەماشاکردن بۆ نێرایەتی زێتر دەوڵەمەند بکەین، دەشێت نامەی ناڕەزایی گوڵناری خوشکی

خوشکترین خوشک هاوکاریمان بکات. بەگشتی کەوتنی خۆشەویستی بە نسبەت کوڕی پیاوە مەستەکە و پەری هەنگاونان بەرەو هۆشیاریی و کامڵبوون دەگەیەنێت. لێرەدا ئەوەی دواجار کوڕی پیاوە مەستەکە و پەری بۆی دەگەڕێن (شەوی یەکەمیش من لەگەڵ پەری خەوتم، بانگمکرد پەریەکەم، ئەو ڕەنگە لە وشەی پەری خراپ تێگەیشتبێت، ئەو جوزانێت من حەفت پایز عەشقی کچێک بووم، دێوانەی کچێک بووم ناوی وی پەری بوو..ل١٣٥) (باشە من ئێستا لای کامیانم، ئەوڕۆ شووم بە کامیان کرد، ئەوەی لە ئێوارەوە لە باوەشیم کامیان بوو، چی ڕوویدا، خەونە.. ل١٩١-١٩٢) گەڕانەوەیە بۆ زەمەن و شوێنێک کە جەستە لە یەکەم تامکردن لە ژیان و یەکەم هەڵایسانی غەریزەی سێکسیدا خۆی دەبینێتەوە. ئەگەر ئەوە ڕووییەکی ئەو خۆشەویستییە بێت، ڕووی دووەمی نەک هەر لە دامرکاندنەوەی غەریزەکان بەرەو ساردبوونەوە دەچێت، بەڵکو جۆرێکیش بووە لە بە تاوانبارکردنی نێرانە بۆ جەستە، ئەو قسەیەشم دووبارە بە پشتبەستن بە نامەکەی گوڵناری خوشکی خوشکترین خوشک و دواتریش هێڵکارییەکان سەر دیوار زێتر پشتڕاست دەکەمەوە (کەسێک لە سەردەمی کچێنی شت بکات، لە سەردەمی ژنایەتی دەتوانێت وازی لێبهێنێت... چەند خۆش بوو ئێستا لەش و لارێک ببینم پێشتر نەمبینیبێت.. ل١١١) هەڵبەتە هەموو بە تاوانبارکردنێکی جەستە ڕیسواکردنی جەستەی لێدەبێتەوە، لێرەوە پرسیار کوڕی پیاوە مەستەکە لە جەستە ئەوەندەی پرسیارێکی ئاڵوشاوییە، ئەوەندە پرسیارێک نییە بۆ بە پیرۆزگرتنی عیشق و جەستە. واتە کوڕی پیاوە مەستەکە لە نێوان گەڕانەوە بۆ زەمەنی یەکەم و ماچی یەکەم و هەڵایسانی جەستە لەلایەک و بەرجەستەکردنی ڕەمزی نێرایەتی لەلایەکی دیکە، زێتر بەلای دەرکەوتنی نێرایەتییەوەیە.

کوڕی پیاوە مەستەکە لەلایەک دەیەوێت جەستەی پەری تەنها بۆ خۆی بێت و تەواوی ئازادییەکانی وەک تاک دەستبەسەردا بگرێت، کە ئەوەش مەیسەر نابێ بە هۆی مەرجەکانییەوە، دەیەوێت وەک سۆزێک بۆ زەمەن و مەکانی یەکەم بگەڕێتەوە، ئەوەش لەو هێڵکاری و نیگارانەوە دەردەکەون کە لەسەر دیوار نەخشێنراون. کەواتە پرسیاری کوڕی پیاوە مەستەکە لە جەستە ئەوەیە کە ژیان چۆن دەستپێدەکات، نەک چۆن مومارەسەی ژیان بکەین؟

بەڵام بابی ماچ (کوڕی درەختەکە) وەک لە ڕۆمانەکە هاتووە، لە ڕێگەی خۆشەویستی پەرییەوە لەگەڵ ژن ئاشت دەبێتەوە. لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە بەسەر گرێی ژندا زاڵ دەبێت و پەری دەبێتە پەری نێو خەون و خەیاڵەکانی.. ئەو خۆشەویستییەش

لە پەرییەوەیە (چەندی گەڕام، چاوم گێڕا، لە کوڕی درەختم باشتر نەدیتەوە، پێش ئەوەی یەکەم تەوقە بکەین، هەندێک شتم لە بارەیەوە زانیبوو.. من گەیشتمە ئەوەی کە چارەنووس بە خەتی درشت نووسیوویەتی «کوڕی درەخت، کوڕە کوێستانییەکە دەبێتە مێردی پەری» .... ل١٦٨)

ئەو ئاشتبوونەوەیەی کوڕی درەخت لەگەڵ ژن، تەعبیر لە ئاشتبوونەوە لەگەڵ جەستە ناکات، بەڵکو ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئافرەت وەک ئەویدیکەی جیاواز.. ئاشنابوونی دووبارە هەر تەنها ویستی بابی ماچ نییە، بەڵکو ئەو ویستە لەلایەن پەرییەوە دەوروژێنرێت و دەشێت ئەو وروژانەش وەک پەرچەکردار بەرانبەر ژنهێنانی کوڕی پیاوە مەستەکە چاوی لێبکەین (نامەکانی حەفت پایزەی کوڕی پیاوە مەستەکەم هێنا، لە پەنایەکی حەوشە، لە قوژبنێک ئاگرم بەردانێ، نامەی کوڕی درەختیش بە دەستمەوە..ل١٧٦) ئەو ویستە لەلایەک لەگەڵ خەون و خەیاڵەکانی کوڕی درەختەکە و لەلایەکی دیکە خوشکترین خوشک و قومری و ژنە کەسکپۆشەکە (کە تەعبیر لە ئەزموونی ژیان دەکەن) یەکدەگرنەوە. بەو مانایەش دۆڕاندنی خۆشەویستی یەکەم و هەنگاونان بەرەو خۆشەویستی دووەمی پەری، دەشێت بە ئەزموونەوە پەیوەست بکەین. ئەگەر خۆشەویستی یەکەم لە قۆناغێکی سەرەتایی و ناکامل و ناهۆشیارییدا بێت، ئەوە خۆشەویستی دووەم لە بەجیهێشتنی ئەو قۆناغە سەرەتاییەوە دەستپێدەکات. بۆیە خۆشەویستی دووەم لەلایەن پەری ناسکردنی جەستە وەک مەعریفە و ژیان دەگەیەنێت! بەڵام لەلایەن کوڕی درەختەکە ئاشتبوونەوە لەگەڵ ژن و ستایشکردنی جەستەی لێدەکەوێتەوە! کەواتە پرسیاری کوڕی درەختەکە لە جەستە دەبێتە پرسیاری، چۆن دەبێت ژیان کۆتایی پێبێت، نەک چۆن ممارەسەی ژیان دەکەین؟

لە نێوان پرسیاری کوڕی پیاوە مەستەکە و پرسیاری کوڕی درەختەکە لە جەستە، لەبری ئـەوەی جەستە بێتە بنەمایەک بۆ بەختەوەری، دەبێتە بنەمایەک بۆ دەردەسەری. ئەگەر کوڕی پیاوە مەستە ئەو بەدبەختییە لە کێشانی نیگارەکانی سەر دیوارەوە بۆ جەستە مەیسەر بکات! ئەوە بابی ماچ لە ڕێگەی بەجیهێشتنی خێزان ئەو بەدبەختییە تۆختر دەکاتەوە!

بەڵام ئەگەر پەری بۆ بابی ماچ نیشتمان بێت، ئەوە کوڕی پیاوە مەستەکە بۆ بابی ماچ مێژووە. دەمەوێت بڵێم ئەگەر سەرهەڵگرتن، بابی ماچ لە (شوێن-نیشتیمان) ڕیسوابوونی جەستە دەلالەتەکانی لەخۆ گرتبێت، ئەوە لە ڕووی (زەمەن-مێژوو) جۆرێک لە حەسانەوەی لەخۆدا هەڵگرتووە. دەشێت ڕزگاربوون لە نیشتیمان (وەک

جەستەیەکی پیس) دروستکردنەوەی نیشتیمانێکی نوێ بگەیەنێت. بەڵام ڕزگاربوون لە مێژوو (وەک دوژمن) واتە دامەزراندنەوەی کۆمەڵێک پەیوەندی نوێ. بە کورتی ئەگەر سەرهەڵگرتنی بابی ماچ ترس بێ لە نیشتیمانێک، کە ئەویدیکەی دوژمن (واتە کوڕی پیاوە مەستەکە) هێڵکاری ئازادییەکانی و سەربەرزییەکانی خۆی لەسەر کێشاوە، ئەوە عەدەمییەتی گوتاری سەرهەڵگرتن چەند بە دوژمنەوە بەندە، ئەوەندەش بە پیسبوونی نیشتیمانەوە! (خۆزی دەخوازم ماچی یەکەمی پەری لە یادگار نەبێت، هەر کێ بێت تەنها یادگاری هەمیشە تاڵ نەبێت، ماچی یەکەمی یادگاریش لە پەری نەبێت، بەڵام داری خۆزگە کەی بەری داوە.. ل٢٤٧)

وەک گوتم وێنەکێشانی هێڵکارییەکان لەلایەن کوڕی پیاوە مەستەکە دوای شۆرینی دیوارەکە لەلایەن بابی ماچ، تەعبیر لە چەسپاندن و جێگیربوون دەکات! هەر لە جێگیربوونی جەستەشەوە، واتە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیع، شەرمی پەری تۆختر خۆی دەنوێنێت. بە مانایەکی دیکە ئەگەر نیگارکێشانی سەر دیوار لە دوێنێ (وەک نەبینراو) تەعبیر لەوپەڕی ئازادی جەستە بکات، ئەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نیگارانە لەگەڵ دابونەریت، دوای شۆرینی دیوارەکە لەلایەن بابی ماچ (وەک بینراو)، دابەزین و ڕیسوابوونی جەستە لێدەکەوێتەوە و زێتریش (-بە من بڵێ تۆیان قەد فڕاندووە... ل٢١١) (-ئەو کوڕەش هەر ئەوەیە کە خۆشت دەویست؟+ خۆیەتی دەبێت خۆی بێت، بەڵام کێ بۆی کێشاون تێناگەم. —ئەدی شوێنەکە کوێیە؟- جگە لێرە، لەو ژوورە دەبێت کوێ بێت... ل٢١٧). لێرەوە پەری ئەگەرچی بە کوشتنی جەستە ڕانابێتەوە، بەڵام وەک گوتمان بە سووتانی نامەکانی کوڕی پیاوە مەستەکە (دوای ژنهێنان و مێردکردن) بە تێکشکاندنی ناوەوەی خۆی و تێکشکاندنی کوڕی پیاوە مەستەکە ڕادەبێتەوە. وەک چۆن بە نەوتکردنە ژێر دار پرتەقاڵی کوڕی پیاوە مەستەکە و ئاودانی پرتەقاڵی کوڕی درەختەکە (دوای سەرهەڵگرتنی بابی ماچ) ئەوەی کە دەیکوژێت عیشقی ناخە و ئەوەی کە بەرز ڕایدەگرێت بەزینی جەستەیە.

گوتاری گێڕانەوە لەنێوان بینراو و نەبینراودا

بە شێوەیەکی گشتی گوتار لە کردەی بەیەکگەیشتنی دوولا دروست دەبێت: یەکێکیان قسەکەر و دووەمیان وەرگری گوتار، لێرە لە نێوان یەکەم و دووەمدا پەیامێک هەیە، ئامانجی گوتار جێگیربوونی ئەو پەیامەیە لە عەقڵی وەرگر، هەڵبەتە ناوەڕۆکی پەیامیش لە گوتارێکەوە بۆ گوتارێکی دیکە دەگۆڕێت.

لەبەر ئەوەی قسە لە گوتاری ڕۆمان دەکەین، کەواتە دەکەوینە نێو ئامانجێک کە خۆی لە تەعبیرکردندا هەڵدەگرێتەوە. بەڵام ئەگەر لەپاڵ ئەوەدا ئاماژە بە گوتاری

ڕەخنە بکەین، ئەوە دەبێت ئاماژە بە کۆی ئەو پرۆسێسەکردنە ڕەخنەییە بکەین، کە لەمیانی ئەو نووسینە بەرچاوی خوێنەر دەکەوێت. لە گوتاری ڕۆماندا دەقنووس وەک بەرهەمهێن جێگای خۆی دیاری دەکات، بەڵام لە گوتاری ڕەخنەییدا ڕەخنەگر وەک بەرهەمهێن دەرناکەوێت، چونکە ناتوانێت کردەی گوتن بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵکو ئەوەی ڕەخنەگر هەوڵی بۆ دەدات، وەک گوتاری دەستلێدان و خۆلێکخشان، یان سمینی گوتاری دەقنووس دەردەکەوێت، بەو مانایەش ئەگەر (من)ی دەقنووس لە گوتاری ئەدەبیدا (من)ێک بێ لە دەرکەوتندا بوونی خۆی هەڵگرێتەوە، ئەوە (من)ی ڕەخنەگر، یان خوێنەر (من)ێکە بۆ پەیوەندییەکان دەگوازرێتەوە، (من) ێکە لە نێو پەیوەندی کاراکتەرەکان جوڵە دەکات.. جگە لە خۆلێکخشان و سمین هیچ شتێکی دیکەی بۆ نامێنێتەوە.. (من)ێکە جگە لە بێدەنگی لە پلەی سفری قسەکەردا هیچی دیکە نییە. بەو مانایەش (من)ی ڕەخنەگر هەرگیز ئەوە نییە، کە قسە دەکات، بەڵکو ئەوەیە کە لە گوازتنەوەی پەیوەندییەکاندا دەرگا و دەریچەی جیاواز، پێشبینی و چاوەڕوانی دیکەی جیاواز دەخاتە ڕوو! ئەو دابڕانە، ئەو جۆرە لە دەستلێدان و سمینە، گوتاری ڕەخنەیی لە ئامانجی تەعبیرکردن جیا دەکاتەوە. بەو مانایە ڕەخنە هونەرێکە لە هونەرەکانی خوێندنەوە و ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستێتیکی پەیوەندییەکان و ڕەهەندی مەعریفی و دەلالەتەکان و شیعرییەتی گێڕانەوەیە، نەک ڕەوایەتی بەخشین و سەندنەوە!

لە ڕۆمانی ماچی یەکەمدا چیرۆکخوان کەسایەتییەکە بە شێوەیەکی نەبینراو بەشێکی زۆری گوتاری کەسایەتییەکان و کردارەکانیان دەگوازێتەوە، ئەو گوازتنەوەیە جۆرێک لە ئازادی لەخۆدا هەڵگرتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین چیرۆکخوان دەست لە گێڕانەوەکان و کردارەکان وەرنادات و نایەوێت ئاڕاستەیان بەلایەکدا بخات، بەڵکو ئەرکی خۆی لە جوان بەرجەستەکردن و جوانگوتن و جۆرێک لە ڕاستگۆییدا دەبینێتەوە، دواجاریش نە دەیەوێت (سوود لە ئەزموونەکان) وەربگرێت و نە هەوڵی (لۆمەکردنی هەڵەکانیان) دەدا! کەواتە دەشێت بڵێین وەزیفەی چیرۆکخوان، وەزیفەیەکی سەربەخۆیە و لە سەر دەلالەتەکان وەستاوە و خۆی لە دەلالەتەکاندا دەدۆزێتەوە، هەر لەوێشەوە کردەی گەیاندن بە ئەنجام دەگەیەنێت و لە ڕێگەی کردەی گەیاندنیش دەیەوێت بگاتە هەست و ئاگایی کەسایەتییەکان. کەواتە چیرۆکخوان ئاوێنەی ئەو واقیعە بە هونەرکراوەیە، کە بە ماچی یەکەم ناوزەد کراوە، تەنها کارێک کە ئەو ئاوێنەیەش پێی هەڵدەسێت نیشاندانەوەیە. لەلایەکی دیکە لەرێگەی نیشاندانەوەی ئەو بیست و پێنج بەشە جۆرێک لە بەدوایەکداهاتن بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەو جۆرە لە

بەدوایەکداهاتنە وەک چۆن دەشێت سیستەماتیزەکراو بکەوێتەوە، بەهەمانشێوە دەشێت هەڕەمەکیش بێت؟!
دواجار ئەوەی کە چیرۆکخوان لەو بیست و پێنج بەشە جیا دەکاتەوە، چاودێریکردن نییە، بەڵکو گەیاندنە. ئەوەی بە ماچی یەکەمیش پەیوەستی دەکات، ئەوە نییە کە کچی پەری و کچی بابی ماچە، بەڵکو تەنها ناوەکەیەتی، هەر لە ڕێگەی ناوەکەشییەوە لەلایەک ماچی یەکەم وەک تیشکۆی مەعریفە و کانی ژیان تۆمار دەکات، لەلایەکی دیکە وەک تایتڵی سەرەکی ئەو گێڕانەوەیە دەردەکەوێت. بەو مانایەش ئەگەرچی ئەو نایەوێت بەهایەکی وجودی بۆخۆی لەنێو گێڕانەوەی ماچی یەکەمدا فەراهەم بکات (بەڵگەشمان ئەوەیە لەو بیست و پێنج بەشە ژمارەیەکی بەرناکەوێت) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بەشێوەیەکی جیوەیی لەنێو کۆی پەیوەندییەکاندا دەمێنێتەوە، هەر لەوێشەوە لە منی ئەو دێڕانە نزیک دەبێتەوە و وەک خوێنەرێکی ڕەخنەگر قەڵەم لە (من)ی نووسەری ئەو نووسینە وەردەگرێت و جوڵەی پەیوەندی نێوان کەسایەتییەکان و من و خۆی بەو شێوەیە دادەڕژێتەوە.
(ئەو ڕۆژانە هەمیشە هەستمدەکرد وێنەکانی سەر دیوار لە نێوان دایکم و بابم خەریکە کێشە دەنێنەوە.. ل٢٢٣) ئەو کێشەیە، دەشێت کێشەی گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی بابی ماچ بێت وەک وەرگرێک، یان تەماشاکەرێکی وێنەکان.. بەو مانایەش دەقی وێنەکانی سەر دیوار ئەو ئاسۆی چاوەڕوانییەی کە بابی ماچ لەمیانی هاوژیانی لەگەڵ ژن و ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ژن، لەسەری ڕاهاتبوو تێکدەشکێنێت؟! وەک چۆن دەشێت دواتر (ماچ)یش بەرانبەر هەمان ئەو ڕووداوە ئاڵۆزە و بەدواداچوونی دووچاری جۆرێک لە شۆک بێتەوە؟!
کەواتە گوتاری بینراوی وێنەکانی سەر دیوار، لە ڕێگەی گێڕانەوەی سەرهاتی سێکسئامێزی دوو جەستەوە، وەک چۆن بابی ماچ دەخاتە بەردەم ئاسۆی چاوەڕوانییەکی گۆڕاو، بەهەمانشێوە دووبارە پەریش دەخاتە بەردەم چاوەڕوانییەکی گۆڕاو؟! ئەگەر بۆ پەری چاوەڕوانی گۆڕاوی یەکەم ژنهێنانی کوڕی پیاوە مەستەکە بێت، ئەوە چاوەڕوانی گۆڕاوی دووەم سەرهەڵگرتنی بابی ماچی لێدەکەوێتەوە. بەڵام بابی ماچ، وەک لەچاوەڕوانی یەکەم لە ئەویدیکەی ئافرەت ترسا (من لە تەمەنم لە ژن ترساوم، ترساوم لێم نزیکبنەوە، لێیان نزیکبمەوە، زڕدایکم فێری دوژمنایەتی ژنی کردم، کچێکی ئەو زڕدایکە کە کچی باوکم بوو منیش چەند هەوڵمدا ببێتە خوشکم بەلاش بوو... ژنی برا گەورەکەم کە دیتی براکەم شەڕ قاچێکی پەڕاندووە، سێ منداڵی وردی بەسەردا بەجێهێشت ل١٧٣) لە چاوەڕوانی دووەمیش لە ژن تۆراو.

بەڵام کاتێک بەشێک لە گێڕانەوەی ڕووداوی ژێر دار پرتەقاڵەکە وەک واقیعی نازمانی لە لایەن پیاوە مەستەکەوە بە منی (خوێنەر/وەرگر) گەیشت (لەو دەمە منداڵەکە گەیشتە سەریان، دایکە ڕوو ڕووت بوو، باوکەش نیوە ڕووت، لە یەکتر ئاڵا بوون، لە ناو تریفەدا لە یەکتر ئاڵا بوون، منداڵەکە پتر چاوی کەوتە سەر دەمیان کە بە جۆرێک یەکتریان دەمژی مەگەر ئەوانەی بن دار پرتەقاڵەکە ئەوها مژیان لە لێوی یەکتر دابێت... ل٢٩) ڕستەی هێڵ بەژێر داهێنراو، ئاسۆی چاوەڕوانی منی (خوێنەر/وەرگر)ی لە بەرانبەر نیشاندانەوەی واقیعی نازمانی دووچاری هیچ گۆڕانێک نەکرد. وەک چۆن لە گێڕانەوەی گوتاری بینراوی وێنەیی سەر دیوار و گواستنەوەی بۆ نەبینراوی گوتراو (لەلایەن بابی ماچ و پەری: شەوی دواتر دەستی بابی ماچم گرت و بە ژوورەکەدا گێڕام، بە دیار وێنەکانەوە دەوەستاین، وێنەکام لە بن تیشکی گلۆپەکان هێند ڕوون بوون، هێند ڕوون بوون، لە چاوی من دەتگوت وێنەی فۆتۆگرافین و تازە گیراون و گوتم÷ من دەمەوێت یەکە یەکە ئەو وێنانەت بۆ ڕوون بکەمەوە. +واتە پێیان ئاشنایی! —بەڵێ ئەو لەو بن دارەوە تا ئەوەیان ئەها سێگۆشەکە.. ل٢١٧) چۆن جاری یەکەم واتە کاتێک ئەو گوتارە بە شێوەی (نەبینراوی گوتراو و واقیعی نازمانی) لەلایەن پەری و کوڕی پیاوە مەستەکە و پیاوە مەستەکە بۆ خوێنەر گواسترایەوە هیچ گۆڕانێکی لە ئاسۆی چاوەڕوانی منی (خوێنەر/وەرگر) دروست نەکرد، بەهەمانشێوە ئەوجارەش هیچ گۆڕانێک لە منی (خوێنەر/وەرگر) دروست ناکات؟!

کەواتە ئەگەر سەرسامنەبوونی منی (خوێنەر/وەرگر) یان نەگۆڕانی ئاسۆی چاوەڕوانی، ڕاستەوخۆی پەیوەندی بە نەبینراوی گوتراوەوە هەبێت، ئەوە گوتاری وێنەکانی سەر دیوار وەک هونەری گێڕانەوە بۆ بابی ماچ گوتارێکی بینراوی وروژاوە، بۆیە بابی ماچ (وەک وەرگر) دووچاری شۆک و سەرسامبوون دەکات، شۆک و سەرسامبوونی بابی ماچ، پەیوەندی بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ ژن و یادەوەرییەوە (واتە زڕدایک و زڕخوشک و ژنی برا) هەیە. بەڵام دەشێت سەرسامبوون و سەرسامنەبوونی (منی (خوێنەر/وەرگر) پەیوەندی بە بێلایەنییەوە هەبێت (واتە دەشێت خوێنەر هەبێت دووچاری سەرسامبوون بێ..)

بەمجۆرە کردەی زمانەوانی/جەستەیی نێوان پەری و کوڕی پیاوە مەستەکە لە گوتارێکی بە وشە نووسراو بۆ گوتارێکی بە وێنە کێشراو دەگوازرێتەوە، واتە لە کردەیەکی زیندووی ڕاستەوخۆی چێژاوی دەبێتە کردەیەکی هونەری ناڕاستەوخۆ و چێژبەخش. ئەگەر گوتاری (بە وشە نووسراو) بە نسبەت گشت خۆی لە گفتوگۆیەکی

سۆزئامێز و لێکخشانی سێکسی دوو جەستە ڕاڤە بکات، ئەوە گوتاری (بە وێنە نووسراو) بە نسبەت گشت لە وەشاندنی پڕشنگی ئیستێتیکی وێنەکانەوە ڕاڤە دەکرێتەوە.
گوتاری بە وشە نووسراوی نێوان پەری و کوڕی پیاوە مەستەکە لە باری هەبووندا بوونی پەری و کوڕی پیاوە مەستەکە دەنوێنێت و لە چێژی سێسکیدا ئەو بوونە درێژ دەکەنەوەو دواجار بەهاری عیشق بەهۆی ئاگری سیاسەت لێکجیا دەبنەوە و هەریەک بە دوو ڕێگەی جیاواز ئەو بوونەی خۆیان درێژە پێدەدەن (یەکەمیان لەگەڵ کچی بازرگان و دووەم لەگەڵ بابی ماچ). بەڵام گوتاری بە وێنە کێشراو لە بووندا هەبوونی پەری و کوڕی پیاوە مەستەکە دەردەخات و ئەو هەبوونە لە چێژی هونەری بەرجەستە دەکاتەوە و پڕشنگەکانی لە خوێندنەوەی جیاوازدا (جەستەیەکی هەڵایساو) و (جەستەیەکی جێگیر و کار لەسەرکراو) درێژ دەبێتەوە.
لەو خاڵەوە دەتوانم بڵێم جوڵەی بە وشە نووسراو مانا گلدەداتەوە، بەڵام جوڵەی بە وێنە کێشراو مانا پەرت دەکات، واتە یەکەم ئامادەگی جەستەیی دەنوێنێت، بەڵام دووەم ماوەیەکی کاتی و شوێنی دەخاتە نێوان ئامادەگی کار و کار لەسەرکراوی جەستەییەوە.

## گەمەی گوتارەکان

گوتاری سەرەکی ماچی یەکەم (لەنێوان گوتاری بە وشە نووسراو و گوتاری بە وێنە کێشراو، لە نێوان تەعبیرکردن بە وشە و تەعبیرکردن بە وێنە) خۆی وەک هەڵوێستێکی (کۆمەڵایەتی/سیاسی) بەرجەستە دەکات. بە مانایەکی دیکە خودی کاراکتەرەکان لەنێوان گوتراوی نەبینراو و واقیعی نازمانی هەوڵدەدەن ڕووداوەکانی واقیع بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یان ناوەکی بنوێنن، ئەوەی ئەو بەرجەستە کردنەش ڕوونتر و جوانتر نیشان دەدات، بە بڕوای من ململانێی هەڕەمەکیانەی نێوان گوتارەکانە، دەمەوێت بڵێم ئەوەی گوتارەکان لەیەکنزیک و لەیەکدوور دەخاتەوە، بیروڕای جیاواز و پرسی جیاوازی (پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین) و (خەباتی کوردایەتی و عیشقی جەستە) نییە، یان بە مانایەکی دیکە ئەوەی گوتارەکان لەیەک نزیک و لەیەک دوور دەخاتەوە، بێگومان پرسی مەعریفی: چۆن بژین، چۆن مومارەسەی ژیان بکەین، چۆن ئێستامان بخوێنینەوە، نییە! ئەوەی گوتارەکان لەیەک نزیک و لەیەک دوور دەخاتەوە، پرسی: (چۆن ژیان دەستپێدەکات؟! چۆن ژیان کۆتایی دێت؟!) لەخۆ دەگرێت.. بەو مانایەش ململانێی گوتارەکان لەنێوان ئەو

دوو پرسەدا خول دەخوات و بەردەوام یەکتر وێنە دەکەنەوە! واتە ئەو دوو پرسە وەک چۆن گوتارەکان بەیەکەوە دەلکێنن، بە هەمانشێوەش لێکیان جیا دەکاتەوە. ئەگەر لەنێوان پرسی (چۆن ژیان دەستپێدەکات) و (چۆن ژیان کۆتایی دێت) بڕوا بەوە بهێنین کە ململانێ ڕەگەزێکە بۆ لێک نزیکبوونەوە و لێکجیابوونەوەی گوتارەکان، کەواتە ڕەگەزی ململانێی دەشێت وەک جەوهەری کردەی درامی لە ڕۆمانی ماچی یەکەم تەماشا بکەین؟! کردەی درامی کۆی ئەو کارە دەگرێتەوە کە کاراکتەرەکان بە شێوەیەکی هونەری بەپێی ڕەگەزی نواندن پێیهەڵدەستن، بەمجۆرە کاراکتەرەکان فیکرو هەست و دەنگ و بێدەنگی و جوڵە.. وەک هۆیەک بۆ تەعبیرکردن لە ڕووداو، لە زەمەنی ئێستادا بەکاردەهێنن. بەڵام بۆ قسەکردن لە بونیادی درامی ماچی یەکەم دەشێت ئاماژە بە هێڵی ڕێکخستنی ڕووداوەکان و ڕووداوە هاوبەشەکان بکەین، کە لە ڕێگەی کاراکتەر و چیرۆکخوان (ماچ)ەوە هەنگاو بەرەو چارەسەری درامی دەنێت، هەڵبەتە ئەو هەنگاونانە وەک گوتمان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕاستگۆی و ڕاشکاوی بەرجەستەکردن و گەیاندنی هونەرییانەوە هەیە.
(شەو درەنگانێ لە ڕووخساری پەری هەستم بە گەرماییەک دەکرد، پتر لە گەرمایی شێتی دەچوو، من گەرمایی شێت بوون دەناسمەوە، ئەو شەوەی خوشکی گەورەم شێت بوو.. ل٩) ئەوەی لەو گوتراوە نەبینراوە دەردەکەوێت تەنها گەرمایی عیشقێک نییە، بەڵکو وێنەی عاشقێکە وەک قوربانی (ئەو نامەیە تایبەت بۆتۆ دەنووسم.. ئەو پیاوەی کە زۆر خۆشت دەوێت نەبێتە مێردت باشە.. ل١١٠) ئەو بە یەکچواندن و لێک دوورکەوتنەوەیەی نێوان تامەزرۆی پەری بۆ عیشق و تۆرانی گوڵنار لە عیشق، زۆر بە جوانی تەعبیر لە (چۆن ژیان دەستپێبکەین و چۆن کوتایی پێدێت) دەکات. ئەو دنیابینییە لەنێو ژیاندا پێماندەڵێ ژیان ئەزموونێکی لەدەستچووە، بۆ ئەوەی لە ژیان بگەین پێویستە دووبارە بژێینەوە! لەو خاڵەوەیە دەکەوینە بەرانبە قوربانییەکانی ژیان. بەو مانایەش هەر یەک لە پەری و گوڵنار و کچی بازرگان و... وەک قوربانی دەردەکەون و خوشکترین خوشک و قومری و ژنە کەسکپۆشەکە وەک وێڵگەردێک درێژە بە مەرگ/ژیان دەدەن؟!
ئەگەر چەمکی کۆمەڵایەتیبوونی ڕۆمانی ماچی یەکەم لە پەیوەندی نێوان تاکی (ڕۆشنبیر و نا ڕۆشنبیر) و دابونەریت هەڵگرینەوە، یان لە تێڕوانینی دابونەریت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەوە چەمکی بە سیاسیبوون، بارودۆخی هۆشیاری سیاسی دەگرێتەوە. بەڵام وەک دیارە هۆشیاری تاکەکان بەگشتی هەر تەنها هۆشیارییەکی سیاسی نییە! گێڕەرەوەکان هەر تەنها ئەو کەسانە نین، کە لە بواری سیاسی

چالاکی دەنوێنن، بەڵکو لە بواری کۆمەڵایەتیش ڕۆڵی هۆشیارانە وازی دەکەن. لەمیانی هۆشیاری (سیاسی/کۆمەڵایەتی)یەوە، ئەگەر هۆشیاری سیاسی (پێش ڕاپەڕین و عیشقی جەستە) بە ئەزموونێکی ترسناک و چارەنووسساز و ناجێگیر بەند بێت (ئەو سێ شەوەی پەری لە زیندان بوو... ل١٠٠، هەموو خەڵکی دەزانن هەر کچێک هەر ژنێک ئەگەر بۆ جغارەخۆریش بکەوێتە زیندانێ بێبنی دەکەن.. ل١٠١) ئەوە هۆشیاری سیاسی (دوای ڕاپەڕین و عیشقی جەستە) لەبری ئەوەی بیر لە شیکردنەوە و چارەنووس بکاتەوە و لە ڕێگەی ڕەفتار و پرۆسێسەکردن و داتاکانەوە ئامانجێکی دیاریکراو و ڕاستەوخۆ و بابەتی بگرێتە بەر و لەوێشەوە بەرچاوڕوونی و شارەزایی و ستایش و مەعریفە دابمەزرێنێت... پرسیاری خۆی لە (ئێمە چەند ساڵە بە شاخەوەین، مردین، با تۆڵە بکەینەوە، مافی خۆمانە شاهانە بژین... من بێ دڵی خۆم ناکەم، دەزانی من هەفتانە ژنم هەیە.. ل٢٠٦) چەمکی تۆڵەکردنەوە لە ئەویدیکە وەک دوائامانج تەماشا دەکات! هەڵبەتە ئەو دوو فۆڕمە لە هۆشیاری لەرووی ئەخلاقییەوە دژ بەیەک دەکەونەوە؟! هۆشیاری سیاسی و عیشقی جەستە، پێش ڕاپەڕین پەیوەندی بە پرسی هەژموون و ئەخلاقەوە هەیە و دەکەوێتە سەر واقیع و مێژوو، تاڕادەیەکیش مل بۆ لۆژیک لەلایەک و حەز لەلایەکی دیکە کەچ دەکات، بەڵام هۆشیاری سیاسی و عیشقی جەستە، دوای ڕاپەڕین ئامانجی خۆی لە تۆڵە و نائامادەگی ئەخلاقییدا دەبینێتەوە و لۆژیک و واقیع ملکەچی دەسەڵات و حەزەکانی خۆی دەکات.

هەڵبەتە ئەوەی لە گێڕانەوەی ئەو دوو فۆڕمەی لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بەرچاومان دەکەوێت، ئەوەی لە گەمەی گوتارەکان دەکەوێتە ڕوو، هەر تەنها لێک نزیکبوونەوەی دەسەڵاتەکان و لێک دوورکەوتنەوەی مرۆڤی ڕەسەن و مرۆڤی ناڕەسەن نییە، بەڵکو بەدیوەکەی دیکە وەک گوتمان بەرجەستەکردنی مرۆڤی ئیشکالئامێزیش لەخۆ دەگرێت. کەواتە گەمەی گوتارەکان، گەمەیەکی ڕەخنەئامیزە لەرێگەی مرۆڤی ئیشکالئامێزەوە نمایان دەکرێت. بۆ ئەو مەسەلەیەش وەک گوتمان ماچی یەکەم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕۆشنبیریی و ناڕۆشنبیرییەوە ناکات، بەهەمانشێوەش هیچ جیاوازییەک لەنێوان پارتەکان بەدی ناکات. بەڵکو کۆی ڕەخنە واقیعییەکان لە چرکەساتێکی ئیستێتیکی گێڕانەوەئامێز نمایان دەکات و گەمەی گێڕانەوەکانی لێدەهێنێتە بەرهەم؟!

کەواتە ئەو دیدە ڕەخنەئامێزە هەموو لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە گەمەی گێڕانەوەدا کۆ دەکاتەوە، هەر لەوێشەوە کاراکتەرە ئیشکالئامێزەکانی وەک کوڕی

نەفتفرۆش، پیاوە مەستەکە، گوڵنار، ژنە لەخەو تۆراوەکە... کە بەهای کەسێتی خۆیان ونکردووە، وەک دەرکەوتەی واقیع، یان حاڵەتێک لە چەپاندن نیشان دەدات، حاڵەتێک کە واقیعێکی گەندەڵ و نائومێد و شێواو دەگێڕێتەوە، بەو مانایەش کاراکتەرە ئیشکالئامێزەکان ناتوانن تێکەڵ واقیع ببنەوە، وەک چۆن هەرگیز نایانەوێت بەشداری واقیعێکی لەو شێوە شێواو و نامرۆییە بکەن، بەدیوەکەی دیکەش هەوڵ دەدەن ئاسۆی چاوەڕوانی گۆڕاو وەک ناکۆکییەکی سەرچاوەدار دیاری بکەن، ئاسۆیەک کە لەرووی بابەتییەوە بشێت دووبارە فۆرمەلە بکرێتەوە، بە مانایەکی دیکە (ماچ)ی کاراکتەرو چیرۆکخوان وەک جەستە (هەڵایساو) و وەک ناو (وێنەکراو)، بە دنیابینییەکی دیکەی جیاواز کۆی کارکتەرە ئیشکالئامێزەکان و ئاسۆی چاوەڕوانییە گۆڕاوەکانی (خوێنەر/وەرگر) لە گەمەیەکی گوتارئامێزی ڕەخنەییدا دووبارە دادەهێنێتەوە.

دەرئەنجام:

+ ماچی یەکەم ڕۆمانێکی (کۆمەڵایەتی/سیاسییە) ئەوەش لە پەیوەندی کاراکتەرەکان بە دەسەڵاتی سیاسی و بە دابونەریت دەردەکەوێت. لەرووی سیاسییەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشت بە دیدی سیاسیانەی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین دەبەستێت، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێی کاراکتەرە ئیشکالئامێزەکانییەوە دابونەریتی کۆمەڵگای کوردی و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگای نێرسالاری کوردی نیشان دەدات.

+ لە ڕۆمانی ماچی یەکەم، پرسی جەستە لە نێوان خەباتی کوردایەتی (وەک بینراو) و خەباتی غەریزەی سێکسی (وەک نەبینراو) پرسێکە بەلای خەباتی غەریزەدایە. خەباتی غەریزەش هەمیشە سەرکێشانە دەستپێدەکات و بە ناکامی کپ دەبێتەوە.

+ دیدی ڕەخنەئامێز لەو ڕۆمانەدا لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، ئەو کاراکتەرانەی کە بەهای کەسێتی خۆیان وندەکەن، ناتوانن تێکەڵ واقیع ببنەوە، یان نایانەوێت بەشداری واقیعێکی شێواو و گەندەڵ و نامرۆیی بکەن.

هەولێر/کانوونی یەکەمی ٢٠١٠

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

- گۆڤاری (النزوی)ی ئوردنی ژمارە (١٩) ی مانگی یۆلیۆی (١٩٩٩) ل ٢٣٩). لە پێشبینەکانی خوێنەرەوە بۆ ئەزموونی جوانکاری، لە نووسینی وەرگێڕو ڕەخنەگری ئوردەنی (فەخری سالح). -بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: جماليات التلقی/تاليف: هانس ڕوبيرت هاوس-ترجمە:رشيد بنحدو/ط١٢٠٠٤/القاهيرە-ص٤٤.

- هۆسرەل، ئەدمۆند Edmund Husserl (١٨٥٩-١٩٣٨) فەیلەسوفی نەمساوی. دامەزرێنەری فینۆمینۆلۆژیا یان زانستی دیاردەگەرایی phenomenology.

# هەڵوەشاندنەوەگەرایی پۆست بونیادگەری

ستاری پیرداود

**(بەشی یەکەم)**

**پێشکەشت:**

پاش بونیادگەری (Post-Structuraliseme) (١) زاراوەیەکی نەرێنی نێگەتیڤ (نفی سلبی)ییە،کە وەرگێڕانی زاراوەی (Postmodernism یاPost-modernism) هاوکات وشەی (Post modernity)ش هەمان دەلالەت دەگەیەنێت، هەندێ جاریش زاراوەی پاش تازەگەری (ما بعد الحداپە)بە مانای پاش بونیادگەری (ما بعد البنیویە) دێت، کە بە ئینگلیزییەکەی (Post-Structuralisem)، بەومانایەی کە فەلسەفەی پاش تازەگەری لەو کاتە بەدەرکەوت، لەدوای دەرکەوتن و ڕوخانی بونیادگەری (الفلسفە البنیویە)،کە وەختبوو زاراوەی پاش تازەگەری (ما بعد الحداپە) ببێتە هاو واتای زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی (التفکیکیە)، وە بۆ جیاکردنەوە لە نێوانیان دەتوانیین بڵێین: پاش تازەگەریی (ما بعد الحداپە) دیدگایەکی فەلسەفی گشتییە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەگەرایی (التفکیکیە) بە مانایەکی گشتی واتە یەکێکە لە ڕوخسار و ئامانجەکانی ئەو فەلسەفەیە (٢).دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە، زاراوەی پاش تازەگەری شێوە و ڕوئیای تر وەردەگرێ، لە بوارێک بۆ بوارێکیتر جیاوازە، بۆ نموونە دونیای ئەندازەی بیناسازی جیاوازە لەگەڵ هەندێ بواری تر وەک بواری ڕەخنەی ئەدەبی یا زانستی کۆمەڵایەتی یا..تاد. دەکرێ بوترێ پاش تازەگەری و پاش بونیادگەری وەک دوو ڕەنگی یەک شێوە بزاڤ بۆ ئەوە هاتونەتە بوون

که دژایەتی بونیادگەری و کلتووری هزری مێتافیزیکیەتی خۆرئاوا بکەن، هەر لە پلاتۆنەوە تا دەگاتە هۆسرەڵ و سۆسێر و هایدگر لە سەرجەم گۆڕانکارییە سۆسیۆلۆژی و ڕامیاری و ڕەخنەی ئەدەبی و زمان و فەلسەفە و کلتوورییەکان دەکات، زۆربەی ڕۆشن هزرە ڕۆژئاواییەکان وەک: (لیۆتار، بۆدریار، بۆل دیمان، کلێر، جیمسۆن،... تاد)، لە هەفتا و هەشتاکاندا بە دونیاگەلێک پرەنسیپ و ڕەهەندی جیاواز جیاوازی هاوشێوەی: بونیادگەری، هیرمنیۆتیکی، سیمیۆلۆژی، مارکسیستی،..تاد، کاری زۆر باش و گونجاویان لە سەر ئەم ڕەوتە مەعریفیەی پاش بونیادگەری کردووە.

پاش بونیادگەری (Post-Structuraliseme) یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە ئاخرو ئۆخری شەستەکاندا، وەک ستراتیژیەتێکی تازە بۆ لێکدانەوەی دەق و ڕوانگەیەکی دیکە بۆ ڕاڤەکردنی ئەدەب سەریهەڵدا (٣)، تەنانەت یەکێکە لەو چەمکانەی کە ناتوانین بە هارمۆنیەتێکی سادە وەک بزاڤ و ڕەوتێکی پەرچەکرداری فەلسەفی و ڕەخنەیی بۆ بزاڤی بونیادگەری فەڕەنسی تێبیڕوانین، بەڵکو بەدیوێکیتر دەکرێت وەک بزاڤ و هەتوانێکی پێویستی ئەپستمی و تیۆرێزەیی بۆ کلتوور و هزری فەڕەنسی و سەراپای ڕۆژئاوا سەیر بکەین (٤)، ئەم ڕەوتەی پاش بونیادگەری هەر لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە خۆی وەک سکێچ و ستایلێکی تیۆرێزەیی ئبستیمی و فەلسەفی خستەروو، یا بە دیوێکیتر وەک تیۆرێکی فرە شێوە و فراگمێنتاریسک (Fragmentaire) دەرخست، ئەم بەو مەبەستەی فەزای بزاڤەکەی ئاکتیڤتر بکات و جاویدانیەت بە خۆی بدات، دەستیکرد بە کار و چالاکی لە نێو سەرجەم ڕەهەندە جۆراو جۆرەکانی وەک: فەلسەفیی، ڕەخنەیی، ئەدەبیی، کلتووریی، ئەنترۆپۆلۆژیی، فێمینیزمیی، هۆمۆسێکسوێلێتی....تاد (٥).ئەم ڕەوتە فەلسەفییە لە ڕێگەی کار و چالاکییە فەلسەفی و ڕەخنەییەکانی هزرمەندەکانی هاوچەشنی : جاک دریدا (J. Derrida)،و جاک لاکان (J. Lacan)،و جیل دۆلۆز (G. Deleuze)و میشیل فۆکۆ (M. Foucault) و فیلیکس گاتاری (F. Guattari)، کە بە بەناوبانگترین ڕابەر و پێشرەوانی ئەم بزاڤە دادەنرێن، کە توانیان بە هۆی ئەو زەرورەتە بەرچاو و پێویست پێبوونەی کە لە فەڕەنسا و ڕۆژئاوا کاریگەری باشی هەبوو، لە ماوەی ساڵانی هەشتاکاندا، لە ماسیمیدیای جیهانی و نێوەندی ئەکادیمی بایەخی زۆر بە پاش بونیادگەری بدرێ (٦). ئەگەر لەڕووی تیۆرەوە بمانەوێ سەرەتاکانی ئەم ڕەوتە هزرییە دەستنیشان بکەین، ئەوا دەکرێ وەک لانەی یەکەم (فەڕەنسا) دەستنیشان بکەین، بە تایبەت لەگەڵ ئەو فەزا تێکچرژاوە ڕەخنەییەی کە وەک پرۆژەیەکی تۆکمە لە لایەن ئەنترۆپۆلۆژیست

(ليڤی ـ شتراوس) دەستی پێکرد، بە تايبەت لەگەڵ لە دەستدانی باوەڕ بە زانست و، بانگەوازەکانی عەقڵ و بەرپەرچدانەوەی ڕاستييە ڕەها و هەقايەتە گەورەکان (٧).
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باکگراوەندی نەشونما و چالاکييەکانی ئەم ڕەوتە لەو دونيای گلۆباليزەبوونەدا، ئەوە دەکرێ ئاماژە بۆ ڕۆڵ و ئەرکی ئەم بزاڤە پاش بنەما خوازەييەی فەڕەنسا لە ژيان و کلتووری وڵاتێکی وەک ئەمەريکادا بدەين کە وەک چەترێک بووە بۆ ڕۆشنبيرانی بەتايبەت لە ساڵانی کۆتاييەکانی هەفتا و هەشتاکان، ئەويش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەهميەتە پڕ بايەخەی کە ستراتيژيەتی پاش بونيادگەری وەک دۆسيەيەکی نێو فەلسەفەکەی کاری لەسەر دەکرد، بە تايبەت ئەو کەناڵ و ڕەهەندانەی کە پەراوێزخرابوون و ئاوڕيان لێنەدرابۆوە، وەک: قەدەری فەلسەفە، زمان، فێمێنيستی، هۆمۆسێکسوێليەتی....تاد.کەوک چەمک و دونيای ڕەهەندە فرە ڕەنگ و فرە شێوەکان لە نێو دونيای نووسينە هزرييەکانی هزرمەندانی ئەمەريکيدا خۆيان ڕوواندبوو، وەک بابەتێک خۆيان بەرووی ديدی خوێنەران دەکردەوە، کە دواتر ئەم بزاڤە لە دوای هەشتاکان خۆی وەک ڕەگەزێکی ڕووناکبيری و ڕاديکالی سياسی دەرخست (٨).
پاش پێکهاتە خوازی وەک ستراتيژيەتێک هەميشە لە شوێن ئەوەی وەڵامی پرسيارەکان بە ديوێک لە ديوەکان بداتەوە کە لە بارەی ماناکانی ئەوديو دەق (مێتادەق)دێنە کايەوە، دەست دەکات بە پرسيار وروژاندن، هەروەک (يوسف نور عوچ) لە پەرتوکی (تيۆری ڕەخنەی ئەدەبی نـوێ)دا ڕوئيای وايە (پاش تازەگەری) لە ڕاستيدا (بزووتنەوەيەکی پرسيار ئامێزە، لە گوتن و ڕێچکە و گريمانەی بونيادگەرييەکانەوە، کاردەکات لە پێناو بەرهەڵستکردنی هەموو ئەو گومانانە و ئاشکراکردنی دژەکان) (٩) ئەمەش زياتر بەو مەبەستەی کە فەزای دەق پڕبکات لە وروژانـدن، کە لە هەمانکاتدابە ديوێک لە ديوەکان کە مەبەستی سەرەکی ئەو ڕەوتە هزرييەيە کە حەقيقەتی کايەکانی نێو دەق ئاشکرا بکات، چونکە (ئەو شتەی دەق لافی بۆ لێدەداو دەڵێ باسی دەکەم لەگەڵ ئەو شتەی بەراستی باسی دەکات بە ئاشکرايی جياوازن) (١٠). ئەم بزاڤە ئەدەبيی و هزرييە بەردەوام کار لەسەر تێکستەکان دەکات و بەشوێن فرە ڕەهەندييەتی دەقەکان دەگەڕێت و ديواری ماناکان دەشکێنێت، بۆ ئەوەی دونيايەک ڕاڤە و تەئويلاتی جيا جيای بۆ بەرهەمبێت، چونکە کاتێک هەر دەقێک ڕاڤەی زۆر هەڵدەگرێت، ئەوا بەو مانايە دەکەوێتەوە کە ئەم دەقە دەقێکی زيندوو و داهێنەرە، بۆيە پاش پێکهاتەخوازی ديدگای وايەکە (ڕاڤە خۆی بارتەقای ئەو دەقەی ڕاڤە دەکرێت داهێنەرانەو گرنگە) (١١) بۆ دەق ئەو هەنگاوەش يەکێکە

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕەوتە کە خۆی جیادەکاتەوە لە ڕەوتە سەقامگیرەکانی بەر لەخۆی، ئەوەتا سەرجەم میتۆدە ڕەخنەییەکانی دوای بونیادگەری وەک خۆیان دەبێژن: بۆ ئەوە هاتوونەتە بوون و خولْقان، تا هەلْە و کەموکوڕییەکانی بونیادگەرییەکانی بەر لە خۆیان ڕاستبکەنەوە، بە تایبەت کردنەوەی فەزای دەق و مەرگی نووسەر و فەرامۆشکردنی زانستەکانی تر، سەرجەم ڕەوتەکانی وەک تیۆری خوێندنەوەو وەرگرتن، هیرمنیۆتیکی، هەلْوەشاندنەوەگەرایی، سیمیۆلۆژی،.. تاد، (وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەوە هاتن تا سنورێک بۆ بەبتبوونی دەق و داخرانی دەق دابنێن لە میانەی بایەخدان بە خوێنەرو خوێندنەوە) (١٢). ئەگەرچی ڕێچکە و ڕەوتە ڕەخنەییەکانی دوای بونیادگەری زۆرن، بەلاّم لەگەلْ ئەوەشدا ڕوئیاکانیان لە چەقێکدا کۆدەکەنەوە، بەوەی کە خالْێکی جەوەهری و جیاکەرەوەیە لە نێوان خۆیان و ڕەوتەکانی بەر لە خۆیان، ئەویش پێداگرتنە لە سەر کارکردن بۆ مەزراندنی فرە واتایی دەقە، دەشێت بە دیوێکی ترا بلْێین: ئەگەر ڕەوت و ڕێچکە ڕەخنەییەکانی دوای بونیادگەری بە شێوەیەکی ورد و مەعریفیانە کاریان لە نێو پێکهاتە و ستراکتۆری تێکستەکاندا ئەنجام دەدا، لە پێناو کردنەوەی کۆد ڕێژی دەقەکان و هەلْگرتنەوەی ماناکان و خولْقاندنی فەزایەکی ئازاد لە بەردەم دیدگاکانی خوێنەر، بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە هەنگاوەکانی پرۆسێسی تەئویلیانەی دەق، ئەوە ڕەوتی بونیادگەری ئەگەرچی گەمەکانی خۆی لە نێو بونیاد و پێکهاتەی دەقەکان هەلْدەگرتەوە و دەستنیشانیانی دەکرد، ئەوە وەک ڕەوتە دوا بونیادگەرییەکانی نەدەکرد کە نزیک بکەوێتەوە لەو دیو ماناکانی دەق کە یەکێکە لە کارە ستراتیژییەکانی ڕەوتی دوای بونیادگەری (ئەرکی دوای بونیادگەری خوێندنەوە و دەستنیشانکردنی وێنە شاراوەکانە، کە دەکەونە ئەودیو دێرەکان و وشەکان و فرێزەکان) (١٣).

ئەگەر بونیادگەری خاوەن بزاوتێکی قارەمانیەتیانە بێت بۆ هێنانەدی ئەو خواست و ئارەزووەکانی زالْبوون بە سەر دونیاگەلی ئاماژەکان کە مرۆڤەکان دایانهێناون، ئەوە ڕەوتی دوای بونیادگەری گالْتە بەو نەزعەیە و بانگەشەکانی دەکات، جێگەی ئاماژەپێدانە ئەو گالْتەئامێزانەی ڕەوتی دوای بونیادگەری بە ڕەوتی بونیادگەری جۆرێکە لە گالْتەپێکردنی خودیی، بە واتە لە بەر ئەوەی ڕەوتی پاش بونیادگەری لە هەناوی بونیادگەرییەوە خولْقاون و هاتوونەتە وجود (نوێنەر و پێشڕەوانی پاش بونیادگەرییەکان بۆ خۆیان بونیادگەرین، کە لە پڕدا ڕێچکەکانی خۆیان دۆزییەوە) (١٤). ئەگەر ئاوڕێک بۆ دوواوە بدەینەوە سەبارەت بە ئاکتیڤترین پێشڕەوانی بزاڤی پاش بونیادگەری، ئەوا دەکرێت بە شێوەیەکی ڕوون و بەرچاو ئاماژە بە

(دریدا) بدەین کە لە پێشەوەی ئەم کاروان و بزاڤەیە، چونکە تەنانەت (زۆر جار دەستەواژەی پاش پێکهاتە خوازی و پێکهاتە هەڵوەشێنی لە بڕی یەک بەکاردێن) (١٥)، تەنانەت (دیڤید پشبندر) ئەوەی بەیانکرد کە پێشگری (پاش-post) لە ڕەوت و تیۆری پاش بونیادگەری (Post-Structuralist) بەو مانایە نایەت کە هەڵوەشاندنەوە شوێنی بونیادگەری بگرێتەوە، بەوەی کە ڕەوتێکی نوێی هاوچەرخە، بەڵکو بەو مانایە دێت کە متمانە بە ڕەوتی بونیادگەری دەکات، بەوەی کە پرەنسیپێکی ڕاڤەیی پێشوو بوو (١٦) تەنانەت زۆربەی زۆری ڕۆشنفکرانی نێو ئەم بزاڤە دیدگایان وایە کە دریدا گەورەترین سەرچاوە و مەرجەعیەتە، ئەم مەسەلەی درەوشانەوەی ڕەوت و کاریگەرییەکانی پاش بنەماخوازیەش پەیوەست دەکەنەوە بەو کردە هاژێنەر و داهێنەرە هزری و فەلسەفیانەی کە دریدای فەیلەسوف ڕەخنەی لە بزاڤی بونیادگەری گرتووەو ئاریشەکانی بۆ ڕەواندونەتەوە، ئەوەش زۆر بە ڕوونی لە هەردوو کتێبەکەی بەناوی (هۆسڕل و بنەچەی ئەندازە، دەنگ و دیاردە)، کە سەرچاوەیەکی زۆر باشبوو بۆ دەرکەوتن و خوڵقانی ڕەوتی دوای بونیادگەری. نابێتیش کارە داهێنەرە ئاکتیڤەکانی هزرمەند (میشیل فۆکۆ)ش لە بیر بکەین کە وەک چراخانێک ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە نێو ئەم ڕەوتە تازەیەدا کە بێگومانیش (نیچە و هایدگەر)وەک دوو مەرجەع و دوو قوتابخانەی پڕ لە ئەزموون دەرکەوتوون و کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە بۆ سەر ڕەخنەی دوای تازەگەری و دوای بونیادگەرییەکان.
لێکۆڵەرانی بزاڤی پاش بونیادگەری لە ئەمەریکادا ڕوئیایان وایە کە ئەم ڕەوتە ڕەوتێکە بەدەر لە ڕەوتی بونیادگەری ئەوەتا (لیتش) زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی دەڵێت (بزاڤی دوای بونیادگەری بە واتای ڕەتدان و تەجاوزکردنی ڕەوتی بونیادگەرییە، تەنانەت پێویست بەوەش ناکات کە بە سەلیقەیەکی وردەوە تێدا قووڵببیتەوە لە نێو ڕایەڵەی خوێندنەوە سیمیۆلۆژییەکانیدا) (١٧).

### هەڵوەشاندنەوەگەرایی پۆست بونیادگەری

مێتافۆریەتی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ڕووی زاراوەوە:
بە حوکمی ئەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی چەمکێکی زۆر ئاڵۆز و تێکچرژاوی مێتازمانییانەی فەلسەفییە، بۆیە لێرەدا ئێمە بە چەشنە مێتافۆرێک (Metaphor) (١٨) دەیچوێنین، ئەمەش هاوکات لەگەڵ تێڕوانینی زۆر لە بیرمەندان و فەیلەسوفان یەکدەگرێتەوە، ئەویش بەو حوکمەی کە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی عەوام لە توانای

دانییە واژە و چەمک و ڕوئیا هزری و فەلسەفییەکان لە هەناوی خۆیدا بتاوێنێتەوە، بەو واتەیە ئەو بۆتەزمانییە لە توانایدا هەبێت کە هەڵگری تایبەتمەندییە ئاڵۆزە فەلسەفییە زمانییەکان بێت، بۆیە ڕوئیایان وایە لەو دیو ماناکان چەند یەکەیەکی کۆدرێژ هەیە، کە دەبنە مایەی بزاڤکار لە نێو ماناکان و ڕیشاڵەکانی دەق، چونکە دەق لە چرکەیەکدا (چەند سیستەمێکی (کۆدە) نەک بە تەنیا چەند مانایەکی دیارکراو(١٩) سیستەمی ئاماژەی کۆدیش وەک ئەمبیرتۆئیکۆ وای بۆ دەچێت کە (بریتییە لە ڕەهەندێکی ئاکتیڤ و بەگوڕ بۆ خزمەتکردنی سیمیۆلۆژیای خوڵقاندنی ئاماژەکان)(٢٠) ئەوا پەنا بۆ چەمک و دەستەواژەیەکی چڕ و کۆد ڕێژ دەبەن لە پێناو ئەوەی کە جۆرە تەوژمێکی فکری و ئەپستیمی بخوڵقێنێت، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێک بۆ ڤاڵکردنی ڕاڤە و تەئویلاتی نویێ.بۆ نمونە (نیتشە بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی لە گەلێک شوێندا بە مێتافۆر (Metaphor) دەربڕیوە)(٢١). بۆیە هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەک چەمکێکی مێتافۆریی وازی هەڵگری مێتازمانیانە زۆر وتوێژ و گفتوگۆی لای لێکۆڵەران و هزرمەندان دروستکردووە.

دریدا ئەوەندە زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئاڵۆزکردووەو بەکاربردووە کە لە ساتی وەرگێڕان و بەکاربردنی لای توێژەران ئاریشەی زۆری بۆ دروستکردوون، ئەوەتا وەک خۆی لەو نامەیەی بۆ هاوڕێ ژاپۆنییەکەی (تۆشیکۆ ئیزۆتسۆTo Shiko Izutsu ) (٢٢)ئەم تیکچڕژاویە مێتافۆڕیەی بە جوانی ڕوون دەکاتەوە، کاتێ تۆشیکۆ پرسیاری پێناسەکردن یا وەرگێڕانی دەستەواژەی هەڵوەشاندنەوە لە دریدا دەکات، دریدا بە دوو خاڵ وەڵامی دەداتەوە: یەکەم: هەر دەستەواژەیەک کاتێ بۆ وەرگێڕان یا پێناسەکردن بەکاردێت، دەشێت ئەم حاڵەتە بۆ خۆی ڕووەو جۆرێک لە پرۆسێسی هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەنگاو بنێت. دووەم: ئایە شتێکی ئاشکرا هەیە، تاکو بتوانین پێناسە یان وەرگێڕانی بۆ ئەنجام بدەین. کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییە کە دریدا بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوە دانییە کە ئەو زاراوەی کە وەک شوناسنامەیەک بۆ ئالییەتی ستراتیژیەتەکەی کە ئەو دایهێناوە بۆ جۆرە چەمکێک یا هەردەستەواژەیکی ڕووت بەکاربێت و وردبکرێتەوە، یاخود بە واتایەکیتر دریدا لە نامەکەی هاوڕێ ژاپۆنییەکەیدا دیدگای وایە کە (وەرگێڕانی واژەی (Dèconstruction) بۆ زمانی ژاپۆنی یا هەر زمانێکیتر تەنیا و تەنیا واژەیەک (یا هاو واتای زمانی واژەیەکی فەڕەنسی)نییە، واژە یا زاراوە هاو واتاکان دەبێت هەمان شت ڕۆشنبکەنەوە کە واژەیەک هەڵگریەتی)(٢٣) تەنانەت نەوەک پرۆسێسی وەرگێڕان بۆ زمانەکانی تر ناکارایە، بەڵکو دریدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە بەوەی کە

تەنانەت وەرگێڕان و شرۆڤەکردنی ئەم زاراوەیە لە نێو زمانی فەڕەنسیشدا دووچاری چەشنە پرۆبلیماتیکێکی زمانی دەبێتەوە و فەهمکردن و خوێندنەوەی وا سانا نییە، دواتر دریدا لە دووتۆی نامەکەیدا پرۆفیسۆر تۆشیکۆ ئاگادار دەکاتەوە بەوەی کە (هەڵوەشاندنەوە نە شیکارکردنە، نە ڕەخنەگرتن و نە میتۆدە، بەڵکو ستراتیژیەتێکی تۆتالیتاریانەی هەمەکییە) (٢٤). توێژەران هەریەکەو لە ڕوانگە و ڕوئیایەکی خودییەوە لێکدانەوەیان بۆ (هەڵوەشاندنەوە)کردووە، هەندێکیان بە پرۆسێسێکی ڕەخنەیی و هەندێکیتریان وەک کردەیەکی شیکاریی و هەندێکیان وەک میتۆدێک ناساندوویانە، (هەڵوەشاندنەوە میتۆد نییە، ناشکرێت بۆ میتۆدی بگوازینەوە، بەتایبەت ئەوکاتەی کە هەستمان بە دەلالەتی بەجێهێنان (الاجرائیە) یا وردەکارێتی (التقنیە) کرد (٢٥)، هەروەها دریدا لە دووتۆی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ هاشم ساڵحی لێکۆڵەر جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە (هەڵوەشاندنەوە ڕەخنە نییە، بەڵکو ڕاستر پرۆسێسێکە تەنانەت سنورەکانی ڕەخنەش تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ئەودیو ڕەخنە (مێتارەخنە) وە (٢٦) تەنانەت ئەمەش ڕوون دەکاتەوە کە بۆچ ڕەخنە نییە! چونکە پرۆسێسی ڕەخنە بەردەوام کاری بڕیاردانە و هەڵوێستێک دەنوێنێت، بە واتە لە نێوان دووانەی دوو کایەدا بڕیار لە سەر یەک کایە دەدات و یەکلایی دەکاتەوە، بەواتە هەمیشە بە شوێن مومارەسەکردنی ڕایەڵە دوالیزمییەکانەوەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە پرۆسێسی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە تەک داینەمۆی کردە هەڵوەشێنەرەکانی و هەموو ئەو تایبەتمەنێتیانەی کە هەڵگریەتی، ڕۆڵی هەڵوەشاندنەوەی کردەی ڕەخنە و چەمک و وەزیفەکانی ڕەخنەش ئەدا دەکات، وەلێ دەکرێ بێژین : (هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەموو ئەوانە لە خۆیەوە دەگرێت، شتێک لە فەلسەفە، شتێک لە میتۆد، شتێک لە شیکارکردن) (٢٧) خۆ ئەگەر وەک ڕەهەند و پرۆسێسێکی ڕەخنەیش دابنێین دەکرێ بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕاست بکەوێتەوە، ئەگەر هاتوو بەو جۆرە تەئویل و لێکدانەوە ڕەخنەییە ڕۆشنی بکەینەوە ئەویش (پرکسیس کردنێکی ڕەخنەیی مەبەستدارە، واتا مەبەست و ئامانجی خۆی هەیە و کاری بۆ دەکات ئەویش لە ناوبردنی سێنتەری گوتاری باڵا دەستیە) (٢٨) یا بە واتایەکی تر بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە (هەڵوەشاندنەوەگەرایی چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێن : (نوێترین تیۆری ئەدەبییە یان هێرشێکی بەردەوامە بۆ سەر میتۆدی فەلسەفەی ڕۆژئاوا) (٢٩).

هاوکات دریدا لەبەر ئەو چەشنە میتافۆریەت و فرە کراوەییەی واژەی هەڵوەشاندەوەگەرایی، لە دووتۆی ئەو نامەیەیدا دریدا ئەوە دەخاتەڕوو کە (هەڵوەشاندنەوە چی نییە؟ یان بە واتایەکی تر، هەڵوەشانەوە پێویستە چی

نەبێت؟) (٣٠) ئەمەندە واتاگەڵی هەناوی نێو ئەو چەمکە فەلسەفییە زمانییە، ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، تەنانەت دەگاتە ئەو قەناعەتە ڕەتکەرەوەی (کە چەمکێک هەبێت ناوبنرێ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، کە بچوک کرابێتەوە بۆ نێو وشەیەکی سانا لە دەرەوەی بوونی وشەکە، لە میانەی دیارکراوی شوناسێکی یەکلانەکەرەوەی ئاڵۆزکاوی (اللاحاسمە الغامضە)، بە واتە چەمکێک نییە بۆ گوێزانەوەی بۆ نێو وشەگەڵێکی تر، یا زمانانێکی تر) (٣١)، چونکە تاریفە کردنەکان و وەرگێڕانەکان هەمیشە لەو دۆخانەدانە کە هەمیشە ڕووبەڕووی کرداری میتافیزیکیانەی کلاسیکیانە ببنەوە، دریدا بۆ وەسفکردنی دەستەواژەی ستراتیژیەتەکەی وا بە باش دەزانێت، وا وەسفی بکات (هەڵوەشاندنەوەگەرایی گومانکردنە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هزرەی کە (ماهیەتی شت؟) ە) (٣٢)، هاوکات ئەگەر مەسحێکی تەواوی ئەجوا فەلسەفییەکانی جاک دریدا لە دووتۆی بەرهەم و چەمکگەلە فەلسەفییەکانی بکەین، ئەوە ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە کە ئاسانکارییەکی باشی بۆ توێژەران کردووە بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنیان لە زاراوە و پەیڤی هەڵوەشاندنەوە، ئەویش لە ڕێگەی هەڵگرتنەوەی ماناکانی نێو ئەو کۆنتێکستانەی کە دریدا لە میانەی ئەداکردنی ستراتیژیەتەکەی خستوویەتییەڕوو، بەواتایەکی تر دەکرێ کەشفی مێتافۆریەتی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بکەین و لێی تێبگەین بە هۆی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنمان بۆ زاراوەکانیتری نێو هەناوی ئالییەتی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە وەک : (جێکەوت، جیاوازی، پەراوێز، فارماگۆن، نووسین، ئاخاوتن، لۆگۆس، سێنتەر..تاد.) یاخود تەنانەت دریدا خۆی ویستوویەتی لە ڕێگەی فەرهەنگی (Littre)یەوە، هەندێ ئاسانکارییمان بۆ بکات، ئەویش بەوەی کە هەندێک لێکدانەوەی ئەم زاراوەیەمان بۆ دەستنیشان دەکات وەک : (هەڵوەشاندنەوە زاراوەیەکی ڕێزمانی و گراماتیکییە) (٣٣) ئەمە لە ڕووی تەماشاکردنێکی زمانییانەوە، وەلێ ئەگەر هەڵوەشاندنەوە وەک پرۆسێسێک سەیر بکەین ئەوە دەکارێ وای لێ بڕوانین (هەڵوەشاندنەوە وەک کردار واتە:

١- هەڵوەشانەوەی بەشەکانی هەمەیەک. هەڵوەشانەوەی پارچە ئالەتێک بۆ گواستنەوە بۆ شوێنێکی تر.

٢- هەڵوەشانەوە زاراوەیەکی گراماتیکییە) (٣٤)، جاک دریدا ئاماژە بەو ڕاستیە دەدات کە کاتێ واژەی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی) بەکارهێناوە، زانیاری ئەوەی لا هەبووە کە ئەم واژەیە لە زمانی فەڕەنسیدا ئامادەیی هەبووە، بە تایبەت لە ئینسکلۆپیدیاوە، کەئەم واژەیە توانای هەڵگرتنی مانایەکی گراماتیکی مۆرفۆلۆژیی

بەخۆوە هەبووە، تەنانەت لە هەندێ دۆخدا هەڵگری مانایەکی تەکنیکیشی هەبووە، دریدا دان بەوەدادەنێت کە بەر لەو (ریمی دیگۆرمۆن لە سەدەی ڕابردوودا لە بواری میتافیزیک و نیتشەدا بەکاری هێناوە، بەڵام بە ڕێگا و واتایەکی جیاوازی تر) (٣٥).
کاتێ لە دایەلۆگێکدا پرسیاری سەرەتای بەکاربردنی ئەم واژەی هەڵوەشاندنەوەیە لە دریدا دەکەن، کە ئایا لە وشەی (روخاندن- التدمیر)ی هایدگەرەوە وەرینەگرتووە؟ لە وەڵامدا دریدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە (لە سەرەتادا وا بیرم دەکردەوە کە ئەم واژەیە بۆ ستراتیژیەتەکەم گونجاوە کە بەکاری بهێنم، بۆیە هەڵسام بە بەکاربردنی ئەم واژەیە، بەڵام بە پڕاو پڕی نا، من تەفکیکم بە شێوازێکی ئەلفابێتێک و پڕاو پڕی هایدگەر بەکار نەهێناوە، بەڵکو ویستوومە کاروبارەکان لە شوێنەکانی خۆی بترازێنم) (٣٦) دریدا دەیەوێ بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوەمان پێبڵێت کە جگە لەوەی کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە هەناوی بونیادگەری هاتۆتە بوون، لە هەمان ساتیشدا سەرجەم ئاریشە و پرسە داخراوەکان، کە ڕەوتی بونیادگەری بە گرێ و ئاڵۆزیی و تێکچڕژاوی جێی هێشتووە و نەپەرژاوەتە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی، ئەوە هەڵوەشاندنەوە دێت سەرجەم ئەو ڕایەڵە داخراوانە دەکاتەوە و دەیانگەیەنێتە ئەنجام، هاوکات وەک ڕەوتێکی دژە بونیادگەری مومارەسە بەخۆی ئەدا، وەک ئەوەی کە لە ئەمەریکا ناوزەدیانکردووە، بۆیە لە دووتۆی دیالۆگەکانی ئاماژە بەوە دەدات کە (هەڵوەشاندنەوە بە حوکمی هەنگاونانی لە تەک زەمەنی درەوشاوەی بونیادگەری، لەهەمانکاتیشدا خۆی ئاڕاستەی هەژمونی بونیادگەری کردووە) (٣٧)، بە حوکمی ئەوەی کە هەڵوەشاندنەوە وەک دەستەواژەیەکی مێتافۆری سەرکەوتوو دەرکەوتووە لە ڕووی توانای هەڵگرتنی فرە واتایی و فرەدیوییەوە، زۆر خۆی بردۆتە پێشەوە بەتایبەت لای هزرمەندان و فەیلەسوفان ئەوەتا لە خستنەڕووی ڕاستییەکەوە سەبارەت بە نزیکبوونەوەی چەمک و دەستەواژەی هەڵوەشاندنەوە لە دەستەواژەی وێرانکاری هایدگەرییەوە دریدا لە یەکێک لە کتێبەکانی خۆیدا بە ناونیشانی (لە بارەی ڕۆح: هایدگەر و پرسیار) بۆ خۆی دەڵێت (لە بەرامبەر واژەی (Destruktion)ئەڵمانی، کە هایدگەر بەکاریهێناوە، سوودی لە دەستەواژەی هەڵوەشاندنەوە وەرگرتووە) (٣٨).
سەرەڕای هەموو ئەو بیرکردنەوانەی توێژەران لە بابەت ئەوەی کە واژەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی تاریفە وەرناگرێت، دریدا هەمیشە خۆی بە دوورگرتووە لە هەر بچووککردنەوە و چڕکرنەوەیەکی ئەو ستراتیژیەتەی بۆ هەر جۆرە بۆیەکردنێک یا لە قوتوونانێکی دیاریکراودا، بۆیە (نەیویستووە هەڵوەشاندنەوەگەرایی ناوی تیۆری

ڕەخنەگرانە، قوتابخانەی ڕەخنەیی، ڕێباز یان ڕەوشتێکی ڕەخنەی ئەدەبی یان فەلسەفەی لە سەر دابنرێ) (٣٩). تەنانەت پێداگری ئەوەش دەکات کە بەردەوام دریدا لە دووتۆی توێژینەوە و نووسینەکانی خۆی هەمیشە لە چوارچێوەی بەگەڕخستنی ستراتیژیەتەکەی کاری کردووە و وازییەکانی مانا هەڵگرتنەوەی ئەنجام داوە و بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکان نزیک نەبۆتەوە لە بۆتە و چوارچێوەیەکی ڕەخنەیی یا تیۆریزەیی، تەنانەت بە هیچ جۆرێک نەیویستووە هارمۆنییەتی کارەکانی خۆی لە چوارچێوەیەکی مۆرالیانەی هەڵوەشاندنەوەگەراییانە ڕەنگ ڕێژ بکات، ڕەنگە لە دووتۆی ڕاڤە هزرییەکانی خۆی سەبارەت بەو ستراتیژ و گوتارەی کە کاری بۆ دەکات لە چەند ڕایەڵە و واژەیەکی نێو ئەم ستراتیژیەتە بشێت ئاڕاستە و ڕوئیا هزریی و فەلسەفییەکانی دریدا هەڵبگرینەوە و نزیکاتیەک بەرجەستە بکەین، بەڵام هەرگیز نابێت لەو بڕوایەدا بین کە سەد دەر سەد سەرجەم وازییە هزرییەکانی لە نێو قوتوویەکی لە قاڵبدراودا وەربگرین وەک خۆی لەو بڕوایەدایە کە ناتوانرێ و (ناتوانێت شێوە دەربڕینێکی لە قاڵبدراوی (یاساکانی خۆی بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و نووسین) ئاشکرا بکات) (٤٠)، واژەی هەڵوەشاندنەوە بە حوکمی ئەو فرە مانا مەتاتیەتییەوەی توانیویەتی جۆرێک لە گومان لای توێژەران دروست بکات بەوەی کە هەڵوەشاندنەوە دەچێتە نێو هەموو درز و کەلەبەرەکانی بوون (چ شتێک نابێتە هەڵوەشاندنەوە؟ هەموو شتێک! هەڵوەشاندنەوە چییە؟ هیچ شتێک) (٤١). ئەم شۆڕبوونەوە و ئاوێتەبوونەی هەڵوەشاندنەوە لەگەڵ سەرجەم ڕەهەندە کلتووریی و ژیارییەکاندا کردووە، توانیویەتی فەزایەکی کراوەی ئازاد و فراوان بۆ ستراتیژیەتەکەی ڕەنگ ڕێژ بکات و دەستەبەر بکات و ئاوێتەی سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیان (زمان، ئەدەب، هزر، فەلسەفە، تەلارسازی، هیرمنیۆتیکا، سیمیۆلۆژیا، فێمێنیزم..تاد)بێت، هەر بە هۆی ئەم فەزا فراوانەیەوە دونیایەک دیدگای جیاوازی بۆ خۆی بەرهەمهێناوە. لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی بڵێین : (هەر هەوڵێک بۆ گەیشتن بە مانایەکی دیاری وشەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، دۆڕاندنێکی تەواو و پوچە، یەکێک لە گرنگترین ڕەگەزەکان لە هەڵوەشاندنەوەگەرایی، نەبوونی کۆتبەندیە بە یاسا و ڕێسای زانستی بوون) (٤٢). کەواتە چەمکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دژە کۆت و بەندییە.

**دووەم: زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە دیدگای توێژەرانی ئەورووپاوە:**

ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێدەدەین بریتی نییە لە کۆی سەرجەم ئەو ڕوئیا و بیر و بۆچوون و تەماشاکردنانەی بیرمەندان و توێژەرانی نێو ڕەهەندە هزری فەلسەفییەکانی

کلتووری خۆرئاواوە، سەبارەت بە تاریفکردن و لێکدانەوە و ڕاڤەکانیان بۆ زاراوە و چەمک و مانا و دەلالەتەکانی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، بەڵکو چڕکردنەوەی چەند ڕوئیایەکی هاوپەیوەستی نێو باسەکەمانە، کە بەباشمان زانی ئاماژە بە هەندێک لەو بیرمەندانەی کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو بدەین و دیدگاکانیان لە دووتۆی تەماشاکردنە جیاوازەکانیانەوە هەڵبگرینەوە.

ئەو ڕەخنەگر و توێژەرانەی کە توێژینەوەیان لە بابەت دریدا و ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە ئەنجامداوە، بە سەر دوو بازنە و گرووپ دابەش دەبن، بازنەیەکیان ڕەخنە لە پرۆسێسە ڕەخنەیی و هزری و فەلسەفییەکانی دریدا دەگرن، بەوەی کە لەڕێگەی ستراتیژیەتەکەیەوە ڕاست و چەوتێکی تەواو بەسەر مێتافیزیکیەتی خۆرئاوا دادەهێنێت و وردو خاشیان دەکات و دژەلێکدانەوەیان بۆ دەکات و دووبارە لە ژێر ڕوئیایەکی دریدایانە بونیادیاندەنێتەوە، بەڵام بازنەکەیتریان ڕێز و ستایشی ڕەسەنێتی کارەکانی دریدا دەکەن، بەوەی کە دریدا توانیویەتی ئەو تەوتەمییەت و تارماییەی کە بە درێژایی مێژووی هزرو فەلسەفە (لە ئەفلاتونەوە تا دەگاتە ئەمڕۆکە) باڵی بەسەر سەرجەم ڕەهەندەکان کێشاوە و جەستەی خۆی وەک سێنترالیزمیەتێکی لۆگۆسی نیشانداوە، هاوکات بوونی ئەم دوو شەپۆڵ و بازنەیەش، دواجار لە پێناو بەرفراوانکردنی ئەو ڕەهەند و ستراتیژیەت و قوتابخانە ڕەخنەییە تەواو دەبێت و دەبێتە مایەی فراوانترکردنی فەزای خوێندنەوە و توێژینەوە لەلایەن توێژەران، بۆ بابەت و ڕەهەندە پۆست مۆدێرنەکان بەشێوەیەکی گشتی لەلایەکەوە، بەشێوەیەکی تایبەتیش بۆ شرۆڤەکردنی سەرجەم ئەو واژە و چەمک و دەلالەتانەی دونیاگەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەلایەکەی ترەوە، بۆیە پێویستە توێژەران لە دیدگایەکی وردی مەعریفی و زمانییدا ڕاڤە بۆ ئەم ستراتیژیەتە تازەیە ئەنجام بدەن و سەرەڕۆیانە نەیخەنە دووتۆی خوێندنەوەکانیان، چونکە ئەم واژە فەلسەفییە خاوەن مەتاتیەتێکی زۆر تێکچڕژاوی زمانییانەی فەلسەفییانەیە و هەڵگرتنەوەی مانا لە نێویدا کارێکی زۆر گران و پڕ زەحمەتە و ئاریشەچنە. هەروەک گیۆف بیننگتۆن (Geoff Bennington) گوتەیەکی کاریگەری لەم ڕووەوە هەیە کە دەڵێت: (هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەوە نییە کە وای بۆ دەچیت، ئەو یەکێک نییە لە چەمکەکان) (٤٣).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: واژەو چەمک و دەلالەتە مەتاتییەکانی تیۆریزەی هەڵوەشاندنەوە بۆ پێدا هەڵگرتنی هەر چەشنە ڤالاکردنێکی سانا و تاریفەکردنێکی تەواو تەواو، خۆی لە ڕوئیاکانی توێژەران دەخزێنێت و خۆی بەدەستەوە نادات،

یا بە دیوێکیتر دەکرێت وا بێژین: کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەموو ئەو نیەتانە لە کاردەخات بەوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە بیری ئەوەدابین کە ئەم واژە هزرییە سانا بکرێتەوە بۆ نێو بۆتەیەکی دیاریکراودا کە ئێمەمانان بۆ چەند مەدلولێک یا چەند تەلوینێکی زمانییانەی ڕووت گواستوومانەتەوە و دەیگوازینەوە، بۆیە دەکرێ لە تەک دیدگای کریستۆڤەر نۆریسەوە وا بێژین : (ناشێت هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەکو کەلتوورێک یا سیستەمێک تەنانەت کۆمەڵێک هزری جێگیر پێشکەش بکرێت، ئەوەی واش بکات وەک ئەوە وایە لە دژی سروشتی ئەو تیۆرە بوەستێتەوە) (٤٤). هاوکات لە ڕوئیایەکی زۆر جیاوازتر (هیللیس میللەر)ی بانگخواز و هزرمەندی هەڵوەشێنەری نێو قوتابخانەی ێیلی ئەمەریکییەوە، هەڵوەشاندنەوە وەک منداڵێکی چەتوون و لاسار سەیر دەکات، بەوەی کاتێ دەستکاری کایە موقەددەسەکان دەکات، ئەو کایانەی کە بە پیرۆز ڕاگیراون لەلایەن گەورەکانەوە، دێت تێکوپێکیان دەشکێنێت و پارچە پارچەیان دەکات، وەک ئەوەی کاتێ دەڵێت : (هەڵوەشاندنەوە منداڵێکە یاری بە کاتژمێری باوکی دەکات و دەیکات پارچە پارچەی وا کە جارێکی دیکە چاک نەکرێتەوە) (٤٥). میللەر لە دووتۆی ئەم تەماشاکردنەیەوە تەوای وێناکانی دریدا سەبارەت بە سێنترالیزمیەتی لۆگۆسیەتی خۆرئاواومان بۆ سکێچ دەکات، ئەویش ئاماژەدان بە دوو کەناڵ و دوو گۆشەی جیاواز و دژ بەیەکتر دەکات و لە بەرامبەر یەکیان دادەنێت ئەوانیش (باوک/منداڵ) کە یەکسان دەبێتەوە بەرامبەر بە واژەی (خۆرئاوا/خۆرهەڵات)، لێرەدا باوک مێتافۆڕی جەستەی لۆگۆسیەتی خۆرئاوایە و منداڵیش مێتافۆڕی جەستەی خۆرهەڵاتە، یا بەواتایەکیتر دەشێت ئەو منداڵە دریدا بێت، کاتێ لە ڕێگەی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوەوە دێت هەیکەل و ئیمبراتۆریەتی خۆرئاوا، کە لە ڕەسمی باوک سکێچکراوە، بەوەی کە هێز و گەورەیی و پیرۆزیی تەنیا لای ئەوە، هیچ کەناڵێکیتر نییە ئەو ماهییەتانە بەخۆوە گرێبداتەوە و هەڵبگرێ. یا لە شوێنێکیتردا ڕوئیاکانی وا هەڵدەگرێتەوە بەوەی کە دەکارێ هەڵوەشاندنەوە بە کێڵگەیەکی مەعریفی ڕەوانبێژی وێنابکەین، هەر وەک دەڵێت : (هەڵوەشاندنەوە گەڕانە لەنێو ئەو میراتانەی کە چەمک و مەجاز یەکێک بۆ یەکێکیتر دەیگەڕێنێتەوە، بە هۆی ئەم فاکتەرەوە هەڵوەشاندنەوە بە کێڵگەیەکی مەعریفی ڕەوانبێژی هەژمارکراوە) (٤٦).

تیۆریستەکانی دونیاگەی سیمیۆلۆژیا لە هاوجووتکردنی واژەی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی) لە بەرامبەر واژەی (Dèconstruction)ی فەڕەنسییەوە دەستپێشخەریان کرد، کە جاک دریدا بۆ پرۆژە و ستراتیژیەتە فەلسەفییەکەی دەستنیشانی کرد و

بەکاریهێنا، یەکێک لەو سیمیۆلۆژیستانە (جۆزیت ڕای دوبۆف)ە، کە لە فەرهەنگی سیمیۆلۆژیەکەیدا، وا وێنای ئەم پرۆسێس و ستراتیژیەتە لەلای دریدا دەکات، بەوەی کە هەڵوەشاندنەوە (deconstruire) بەمانای هەڵوەشان یا ڕوخێنراو (فک او تقویچ)یی بونیادی ئایدیۆلۆژی جێماو (موروپ) دێت، بە پاڵپشتی شیکاری سیمیۆلۆژییەوە (٤٧). بەو واتایە دریدا لە ڕێگەی ستراتیژیەت گوتاری هەڵوەشاندنەوە وەک پرۆسێسێکی شیکاری سیمیۆلۆژی دەست دەکات بە هەڵوەشاندنەوەی ستراکتۆریەتی ئایدیۆلۆژیانەی خۆرئاواییانە. کریستۆڤەر نۆریس ڕوئیای وایە کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی یەکێکە لە بزاڤە دەقگەراییەکان بەوەی کە بریتییە لە (ئەنگێزەکردنی نیشانەی پرسیار لەبارەی جەوەهری بیرکردنەوەی میتافیزیکی، کە لە دەرەوەی وازیکردن بە زمان، لە ئاستێک کە لە سەرووی ئەو وازییەدایە و چەمکی هاوشێوە دادەهێنێت.) (٤٨) کەچی لە لایەکیترەوە. لە ڕوئیای ڕەخنەگری مێژوویی (کریس بلدیک - c.Baldick) خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی میتۆدە (a method) (٤٩). وەلێ لە دیدی (خوسیە ماریا ئیفانکوس)ەوە، (هەڵوەشاندنەوەگەرایی تیۆرێک نییە لە نێو زمانی ئەدەبیدا، بەڵکو (ڕێگەیەکە بۆ خوێندنەوە) یا دووبارە خوێندنەوە)ی فەلسەفە و گوتاری زانستە مرۆڤایەتییەکان) (٥٠) بەو واتایەوە ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا وەک میتۆدێک یا ڕەوتێک سەیریبکەین، بەڵکو دەکارێ وەک پرۆژەیەکی گەورەی فرە ڕەهەند سەیری بکەین و بەکاریبهێنین. کەچی لە دیوێکیترەوە زۆرێک لەو توێژەر و هزرمەندانەی کە کاریگەریی ڕەوت و قوتابخانەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی یێلی ئەمەریکیان لەسەرە، بەوەی کە ئەوان ئەم ستراتیژیەتەیان لە فەلسەفەوە بۆ ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی دەق و دونیاگەی ڕەخنەی ئەدەبی گوێزاوەتەوە، زیاتر لە دیدگایەکی ڕاڤەکارانەی دەقەوە لە هەڵوەشاندنەوەیان ڕوانیوە، هەروەک ڕەخنەگری ئوسترالی (دیفید بشبندر) ڕوئیای وایە کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی (نزیکبونەوەیەکی فەلسەفیە بۆ دەق، لەوەش زۆر زیاتر ئەدەبیە، ئەو تیۆرێکی پاش بونیادگەرییە (Post-Structuralist)لێرەدا ئەوە ناگەیەنێت (پاش - post) بەوەی کە هەڵوەشاندنەوە شوێنجێی بونیادگەریی بگرێتەوە، بەو ڕەچاوکردنەی کە تیۆرێکی نوێی زەمەنییە، بەڵکو بە شێوەیەکی کراوەتر ئەو وا پاڵپشتی بونیادگەری دەکات بەوەی کە سیستەمێکی شیکاری پێشووە) (٥١)، کەواتە ئەو ڕوئیایە جەخت لەوە دەکاتەوە بەوەی کە هەڵوەشاندنەوە وەک ڕەوتێکی دوای بونیادگەری هەژمارکراوە و بەو مەبەستەش کەوتۆتە بزاوت و جوڵەوە، بۆ ئەوەی درز و کەلێنە شاش و

واشەکانی نێو هەناوی بونیادگەری پڕبکاتەوە و (باربارا جۆنسۆن) ڕوئیای وایە کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی (زڕاندنێکی ڕێک و دروستی هێزی دەڵالەتە ململانێکەرەکانی دەقە) (٥٢) بەو واتایە ئەم پرۆسێسە ڕەخنە شیکارییە لە میانەی شۆڕبوونەوەی بۆ هەناوی تێکستەوە، دەست دەکات بە زەمین لەرزەیەک و خولْقاندنی کەشوهەوایەکی دژەوازیانەی چەمک و دەلالەتەکان، بەوەی لە ساتی دۆزینەوە و کەشفکردنی داڵە دژەلێکدانەوە و دژەواتاکان لە هەناوی دەقەوە، ئەم پرۆسێسە ڕەخنەییە لە ڕێگەی ئالییەتەکەیەوە دەست دەکات بە سازدانی وازییێکی زمانیانەی سیمیۆلۆژیانە، بەو مەبەستەی دەق و کۆنتێکستەکانی واڵابکات و ڕووەو فرەمانایی ئاڕاستەیان بکات. هاوکات نزیک لەمە ئەو تەماشاکردنەی (جیرار جنجومبر) سەبارەت بە خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی (lecture deconsteuctiviste) وا کەوتۆتەوە بەوەی کە (بە مانای تەقاندنەوەی دەق دێت، کە لە بنەڕەتێکی یەکنەبەستی (اللاتماسک ـnon coherence)ەوە دەستپێدەکات، وایلێدەکات کە لە دژی دەق خۆی وازی بکات) (٥٣).

**سێیەم: زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە دیدگای توێژەرانی عەرەبەوە:**

دەستەواژەی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی) ئەو دەستەواژەیەیە، کەوەک لە پێشوودا تیشکمان خستە سەر، بەوەی کە لە ڕووی دەلالەتەوە دەستەواژەیەکی زۆر ئاڵۆز و تێکچڕژاوە،، ئەوەتا نەوەک بەتەنیا لەنێو زمانی فەڕەنسی یا ئینگلیزییەوە، بەڵکو لە نێو زمانی عەرەبیشدا ئەم واژەی هەڵوەشاندنەوەگەراییە ئاریشەی لەبەردەم توێژەران و وەرگێڕەنەران بە تایبەت لەلای ئەو لێکۆڵەرانەی کە خەریکی کاری توێژینەوەو وەرگێڕانن، بەتایبەت لەو بابەتانەی کە دەکەونە نێو چوارچێوەی ڕەوتە تازەکانی دوای بونیادگەرییەوە، وەک ڕەوتەکانی هیرمنیۆتیکا و هەڵوەشاندنەوەگەرایی و سیمیۆلۆژیا و فێمێنیزم...تاد، زاراوەی هەڵوەشاندنەوە یا هەڵوەشاندن یا توێکاری یا ڕوخێنراوی لە زمانی عەرەبیدا لە بەرامبەر وشەی (Dèconstruction)ەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە بەکاردێت، کە خاوەن دەلالەتێکی فەلسەفی ڕەخنەیی ئالۆز و تێکچڕژاوی هەیە، کە جاک دریدای ڕابەر پێشکەشی کردین، کردەی هەڵوەشاندنەوەیی بەو زمانەی کە (نازانمی- اللا ادریە)یە، کە (نە شیکردنەوەیە و نە رەخنەیە) (٥٤). ئەگەر شۆڕببینەوە بۆ نێو فەزای توێژینەوە و ڕاڤە و خوێندنەوەکانی توێژەران، سەبارت بە پرۆسێسی شیکاریانەی بابەتیانەی ڕەوتە تازەکانی دوای بونیادگەری، بەتایبەت دەستەواژەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، ئەوە بەرجەستە دەکەین بەوەی

کە ئەم دەستەواژەیە وتوێژ و جەدەلێکی زۆری بەخۆوە هەڵگرتووەو هەڵدەگرێت، بەتایبەت لە کاتی بەرامبەر دانانی دەستەواژەی (تفکیکیە)ی عەرەبی لە بەرامبەر (Deconstruction)ی ئینگلیزییەوە، بەتایبەت لای توێژەرانی هاوتای (عبداللە غڑامی و یوئیل یوسف عزیز و عبداللە ابراهیم و محمد مفتاح و سعید علوش و عبالسلام المسدی و عبدالمالك مرتاچ و میجان الرویلی و سعد البازغی و محمد صالح الشنگی.... تاد)، (د. محمد عنانی) زیاتر ڕوئیای وایە کە (ئەم دەستەواژە عەرەبییە (تفکیکیە) بۆ لە شوێن دانانی دەستەواژە ئینگلیزییەکە، بەکارهێنانێکی سەرکەوتوانەیە، ئەم دەستەواژەیە کە لە بنەڕەتدا لە سەرچاوەیەکی کشتوکاڵی وەرگیراوە) (٥٥). یوسف وەغلیسی توێژەر لە بەرهەمێکی سەبارەت بە پێشەکی وەرگێڕانی عەرەبی بۆ پەرتوکی (ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی لە ١٨٩٠ەوە)ی (کریس بلدیک)ی ڕەخنەگری مێژوویی لەلاپەڕە (٥)دا، سەرچاوەکانی خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییمان بۆ دەردەکێشێت و دەدۆزێتەوە، کە دەکرێ لە موعادەلەیەکی ڕەخنەیی وادا بیخەینە ڕوو: (هەڵوەشاندنەوەگەرایی = هەڕەمەکیەتی نیشانەی زمانەوانی (دو سۆسێر)+ شتێک لە گومانی فەلسەفی (نیتشە و هایدگەر)+ ئالیەتی خوێندنەوەی پشکێنەر و ئەفکارییەکی تێکەڵکار (الالتباس) و داپۆشێنەر (التوریە)ی (ڕەخنەی نوێ)+ ئەولەویەتی زمان بەپێی ئاماژەی (قوتابخانەی یاڵ) (٥٦)، بۆ زیاتر تێگەیشتن و وردکردنەوەی زمانیانەی دەستەواژەی هەڵوەشاندنەوە (dèconstruction)، بەباش دەزانیین پارچەپارچەی بکەین و بە سەر چوار شێوگەوە دابەشی بکەین، وەک لە خوارەوە بەو شێوانە دەیانخەینەروو:

١- زیادە و پێشگری (dè): کە زیادە و پێشگرییەکی فرە مەدلوولی لاتینییە، کە مەدلولاتی زۆر بەخۆوە هەڵدەگرێت لە زمانی فەڕەنسیدا وەک: نێگەتیڤی، کۆتاگی، کەرتکردن، وەستان، شکاندن، هەڵوەشاندن...تاد.

٢- وشە (con) : کە واژەیەکە موورادیف و هاوواتایە بۆ پێشینەی تری وەک (co،col،com)، ئەم دەستەواژەیەش واژەی زۆر بەخۆوە هەڵدەگرێ و دەگرێتەوە کە ماناکانی لە پەیوەندی و بەستنەوەیی و هاوکۆکی (المعیە- avec).

٣- وشەی (struct) : بە مانای دروستکردن و بونیادنان (البناو) دێت.

٤- پاشبەند و پاشگری (ion) زیادە و پاشبەندێکە هاوواتای پاشبەندی (tion)، هەردووکیان بە واتای (شێوە) دێت، شێوەیەک لە شێوەکانی چالاکی و بزاوت (action). وە بە بەیەک بەستنەوەی دەلالەتی ئەو پارچە بەشبەشکراوانە، وشەی (Dèconstruction) ئەوە دەگرێتەوە (بزاوتی هەڵوەشاندنی پەیوەندی

بونیادنان)(٥٧)وە ئەو وشەیەی کە کۆتایی بە پاشبەندێک هاتووە، تەنیا بزاوتێک دەگرێتەوە (نەوەک ڕێبازێک وەک ئەو پاشبەندانە iqueˌisme)، کەچی هەندێک لە وەرگێڕانەکان وەک چاوگێکێکی ڕووت (مجرد) لەگەڵیدا هەنگاویان هەڵێنا (نەوەک وەک چاوگێکی پیشەسازیی): (هەڵوەشاندن، روخاندن، ڕماندن، هەڵدڕین..). بە ئامادەبوونی ئەو بەدیلە زاراوەییانە کە وەرگێڕانە عەرەبییەکان پێشنیاریان کردووە کە دەگاتە نزیکەی دە پێشنیاری تەواو (هەڵوەشاندن، هەڵوەشاندنەوەیی، هەڵدڕینەوەیی، هەڵدڕین، ڕوخاندن، ڕوخاندنەوەیی، تیۆری ڕوخاندن، داڕماندن، بونیادنەناندن، ڕماندن، شیکاری بونیادگەری...)(٥٨).

دوای ئەوەی کە زاراوەی هەڵوەشاندنەوە لە بەرامبەر واژەی (Dèconstruction)ی فەرەنسیدا دانرا و دریدا کردیە ناونیشانی پرۆژە هزریەکەی، ڕەخنەگرانی عەرەبیش توانیان بۆ ماوەیەک لە ڕێگەی چەندین توێژەری بە توانای هاو شێوەی (عبدالله غژامی و یوئیل یوسف عزیز و عبدالله ابراهیم و محمد مفتاح و سعید علوش و عبالسلام المسدی و عبدالمالک مرتاچ و میجان الرویلی و سعد البازغی و محمد ×الح الشنگی....تاد) لە دووتۆی پرۆسێسە جۆراو جۆرەکانیان لە بابەت خوێندنەوەی دەق و کردە هەڵوەشێنەرەکانیان لە نێو فەزای زمان و ئەدەبیات و سەرجەم رەهەندە کلتوورییەکانی عەرەبیدا، ئەم هەوڵەش دوای هاتنە ئارایی دونیایەک ئاریشەی جۆراو جۆر لە بەردەم توێژەران لە ڕووی تێنەگەیشتن و شیکارییەکی تەواوی زاراوە هزری و مێتازمانی و فەلسەفییەکانی نێو ئەم پرۆژە ستراتیژیەتەی دریدا توانرا بگوازرێتەوە بۆ نێو فەزا و مومارەسەکردنێکی ڕەخنەیی.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی زیاتری ئێمە دەپێکێت، شۆڕبوونەوەیە بۆ قسەکردن لە دووتۆی تانوپۆیەکی خوێندنەوەیی و شیکاریانە بۆ ئەو دیدگا و تێڕوانینانەی کە لەلایەن ئەو توێژەرانەی کە لە سەرەوە ناومان بردوون سەبارەت بە ئیشکالیەت و فرەدیوی ئەو واژەیە کە دریدا بۆ ستراتیژیەت گوتارەکەی خۆی تەنزیری کرد و دایهێنا کە ئەویش (Dèconstruction)ە، یەکێک لەو ڕەخنەگرانەش (عبدالله غژامی)یە، ئەگەر شۆڕببینەوە بۆ نێو هەناوی کارەکانی (غژامی)یەوە بۆ هەڵگرتنەوەی زانیاری سەبارەت بە گونجاندن و گەڕان بە شوێن زاراوەیەکی تایبەتمەند و نزیک لەو واژە فەرەنسییەوە، ئەوە بەرجەستەدەکەین کە (غژامی) وای بەباشزانیوە کە لەبەرامبەر ئەم زاراوەیەدا دەستەواژەی (توێکاریَ- التشریحیە)ی بۆ بتاشێت و دابینێت، هاوکات (غژامی) (بیری لە بەکارهێنانی واژەکانی (روخان/ هەڵوەشان) (النقچ/ الفك)یش کردۆتەوە، وەلێ لەبەرئەوەی هەستی بەوەکرد کە

ئەم دوو واژەیە دەلالەتێکی نێگەتیڤیانەیان بە خۆوە هەڵگرتووە کە دەبێتە مایەی لەباربردن و تێکدانی هزرەکە، بیری لە بەکاربردنی واژەی (شیکارێتی ـ التحلیلیە) یش کـردەوە، کە لە چاوگی (کردنەوە یا بوونەوە ـ (حل) ای نقچ )، وەلێ لەوە ترسا بەوەی کە تێکەڵ بێت لەگەڵ (شیکارکردنی وانەیی ـ حلل درس) بە شێوگێکی تەواو) (٥٩)لە دواساتەکانیش بە شێوگێکی کۆتاگییانە لە بەرامبەر واژە فەرەنسییەکەوە (توێکاری (التشریحیە) یا توێکاری دەق (تشریح النص)ی بۆ داتاشی و چەسپاند (٦٠)، بەو مەبەست و نییەتەوە لە چەمکی هەڵوەشاندنەوەی دەقدا ڕۆنیوە بەوەی (هەڵوەشاندنەوەی دەق لە پێناو دووبارە بونیادنانەوەیە، ئەویش وەسیلە و ئامرازێکە بۆ ڤالآخستنەوەی بوار لە بەردەم داهێنانی پرۆسێسی خوێندنەوەیی بۆ ئاوێزانبوون لەگەڵ دەقدا (٦١). کەچی کاتێ شۆڕدەبینەوەی بۆلای (سعید علوش)ی توێژەر بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو زانیاریانەی کە توێژەر بەکاریهێناوە سەبارەت بە وەرگێڕانی زاراوەی (هەڵوەشاندنەوە)، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ناوبراو ڕوئیای وایە بەوەی کە (گوتراوی فەرەنسی (Dèconstruction) کە لەلای جاک دریدا بەکارهێنراوە، بەرامبەر دەبێتەوە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە) (٦٢). توێژەرێکیتر بەناوی (عبدالسلام المسدی) لە دوو تۆی بەرهەمەکەی بەناوی (الاسلوبیە والاسلوب) هاوتای ڕوئیاکانی (سعید علوش)ی توێژەر، هەمان دیدگای هەیە، بەوەی کە گوتراوی فەرەنسی (Dèconstruction) هاوتا دەبێتەوە لە بەرامبەر زاراوەی (تفکیکیە)ی عەرەبییەوە، لەتەک هەندێک جیاوازی خستنە سەر، ئەوەش لەبەر ئەو حوکمەی کە بنچینەی زاراوەی فەرەنسییەکە ئەوەیە (lè Decodage)، هاوتای ئەو وەرگێڕان و لە بەرامبەر دانانە زاراوەییە چەند ڕەخنەگرێکی تر هەنە کە دیارترینیان : (توفیق الزبیدی) لە بەرهەمەکەی بەناوی (اپر اللسانیات فی النقد العربی الحدیپ)،وە (محمد ع×فور) لە وەرگێڕانەکەی (البنیویە وما بعدها) (٦٣). کەچی (عبدالله ابراهیم)ی توێژەر بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەکانی بەکارهێنانی زاراوەی هەڵوەشاندنەوە وەک چەمک و تیۆرێک، لە فراوانترین بوار لە یاداشتە ڕەخنەییەکانی خۆیدا، زاراوەی (Dèconstruction) ی فەرەنسی بەرامبەر زاراوەی (هەڵوەشاندنەوە) وەرگێڕاوە، وەک زاراوەیەک لە ئاستی یەکەمدا ئەوە مانایانە بەخۆوە هەڵدەگرێت (ڕماندن- التەدیم)، (روخاندن- التخریب)، ( توێکاری- التشریحیە) کە زیاتر دەلالەت لە شتی ماددیی و بینراو دەکات، بەڵام ئەگەر لە دەلالەتێکی قووڵترەوە بۆی شۆڕببینەوە، ئەوە بەو مانایە دێت بەوەی کە (هەڵوەشاندنەوەی گوتارەکان و دانراوە هزرییەکان و دووبارە

چاوپێخشاندنەوەیان... بزاوتێکی بونیادگەرییە، هاوکات دژە بونیادگەریشە) (٦٤).
هەروەها توێژەر (یۆئیل یوسف عزیز) یەکێکە لە وەرگێڕە سەرەتاییەکانی ئەم زاراوەیـە (١٩٨٧)دا کە ئەم دەستەواژەیەی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی – التفکیکیە) ی پێ نزیکترە، کە لە بەرهەمەکەی (ولیم ڕای) بە ناونیشانی (المعنی الادبی:من الظاهراتیە الی التفکیکیە)دا کە ئەویش بە شیکاری بونیادگەری وەریگێڕاوە، بەڵام گۆکراوەی هەڵوەشاندەوەگەرایی پێ نزیکترە (٦٥). هەروەها هەردوو توێژەری سعودی (د.میجان الرویلی و د.سعد البازعی)لە بەرهەمەکەیاندا بە ناونیشانی (دلیل الناقد الادبی) ڕوئیایان وایە کە (زاراوەی (التقویچیە) زاراوەیەکی گونجاو و نزیکە لەو شێوەیە واتاییەی کە دریدا وەریگرتووە و بەکاری بردووە بۆ وەسفکردنی هزری ئەودیو ڕۆژئاوایی، ئەوە دەگرێتەوە چەمکی ڕوخێنراو (التقویض) ڕمانی بونیاد و ڕوخاندنی (٦٦). بەڵام توێژەرێکی تر بەناوی (محمد صالح الشنگی)لە یەکێ لە وتارەکانیدا لە ژێر ناونیشانی (ملامح من المشهد النقدی المحلی) دەستەواژە و چەمکە ڕەخنەییەکانی لە یەک جیاکردۆتەوە، کە دیارترینیان :

١- خوێندنەوەی ڕوخێنراوەیی (القرأة التقویضیە – Destructive reading).

٢- خوێندنەوەی ڕوخاو (القرأة النقضیە– Deconstructive) (٦٧) هاوکات لە سەر ئەمەوە دووبارە بەم زاراوەیە (التقویچیە) وەک زاراوەیەکی عەرەبی ڕەسەن داهاتەوە، بەوەی کە چەمکێکە نزیک لە هەڵوەشاندنی پەیوەندی بونیاد لە لای (دریدا)، ڕوخاندن یا هەڵکۆڵین (الهدم و الحفر) لەلای (نیچە)وە. کەچی (علی حرب)ی هزرمەند و توێژەر، بەو ڕوئیایەوە لەو چەمکەوە تێگەیشتنمان پێدەبەخشێت بەوەی کە (هەڵوەشاندنەوە مەبەستێک نییە بۆ ڕوخان، ئەوەندەی کە خوێندنەوەیەکە بۆ ڕزگارکردنی عەقڵ و دژەکانی واقیع) (٦٨) لەلایەکیترەوە (عبدالملك مرتاض) ڕەخنەگر و مامەڵە لەگەڵ ئەم زاراوەیە دەکات، بەوەی کاتێ دەچێتە نێو سیاقاتی توێژینەوەی زمانەوانی بۆ دیاریکردنی ڕیشەی وشەی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی) (Dèconstruction)دەڵێت :(کاتێ تەئەمولمان لە زاراوە ڕۆژئاواییەکە کرد، کە بنەچەیەکی فەلسەفی پوختی هەیە (جاک دریدا، فەیلەسوف) بۆمان بەدیار کەوت کە گوتە ڕۆژئاواییەکە پێکهاتووە لە دوو پارچە (DE) واتە ئەو دیو، دواتر (Construction) لە دوای دێت کە واتای بونیادنان یان چەسپاندن) (٦٩). دواتر ئەم زاراوەیەی وا پێناسە کرد بەوەی :(هەڵوەشاندنەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە واتە بەشبەشکردنی کیانێکی لێکدراوی بڕاو، دواتر دووبارە لێکدانەوەی،

هەروەک ئەوەی لە پێشوودا هەبوو، وەک هەڵوەشاندنەوەی پارچەی بزوێنەرێک، یا پارچەکانی چەکێک، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوەشاندنەوە بە مانای بزربوونی هەربەشێک لەو شتەی کە هەڵوەشێنراوەتەوە) (٧٠). هەروەها (عبدالملك مرتاض) هاوتای زاراوەی هەڵوەشاندنەوە زاراوەیەکی تریشی پێشنیار کرد ئەویش (روخێنراو- التقویضیه) کە ئەویش بە واتەیە دێت (داهێنانی دەستەیەک لە دەستەکان، یا هەر شتێکی ماددیی، یا مەعنەویی، دواتر دووبارە بونیادنانەوەیەکی نوێ لە سەر پاشماوەکەی و بە سروشێکی (وحی) ئـەوەوە) (٧١). بەواتە سروش لەوەوە وەردەگرێ و بۆ بونیادنانێکی نوێتر.

**چوارەم: زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە دیدگای توێژەرانی کوردەوە:**

بە حوکمی ئەو نوێبوونێتی و تێکچرژاویەی پرسی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەلایەن توێژەرانی جیهان بە گشتی و لەلایەن توێژەرانی کوردیش بەتایبەتی، ئەم دۆخە وای لە هزرمەندان و توێژەرانی کورد کردووە، کەم تا زۆر بە جۆرێک لە جۆرەکان درەنگ بە ناسین و ئاوێتەبوون لەگەڵ چەمکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ڕابگەن، بەوەی کە دەستبەرن بۆ کردەی توێژینەوە و تەرجەمەکردنی ئەم پرس و چەمکە نوێگەرەی نێو ڕەوتی دوای بونیادگەریی، بۆ ئەوەی لە نزیکترین ساتەوەختەوە ئاوێتەی هەنگاوەکانی ڕەخنەی نوێی ئەدەبی کوردی بکەن و دوا نەکەوێت، بۆ ئەوەی خوێنەران و توێژەرە تازە پێگەیشتووەکانی نێو ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی لە نزیکترین بکاتەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەو چەمک و زاراوە نوێیە هەبێت و سوودی لێوەربگرن، ئەگەر شۆڕببینەوە بۆ نێو تان و پۆی هەنگاوەکانی نێو فەزای ڕەخنەی نوێی ئەدەبی کوردی، بۆ هەڵگرتنەوەی ڕاستی و دروستیی لە سەرەتا و دەستپێکی هێنانە ناوەوەی زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەک یەکێک لە چەمکە ڕەخنەییەکان، جا چ لە ڕووی توێژینەوە و نووسین و وتار بێت یا لە ڕووی وەرگێڕانەوە بێت، ئەوە دەکرێت ئاماژە بە کارەکانی هەندێک لەو نووسەر و توێژەرانەی کە ئێمە بینیبمان و ئاشنایەتیمان پێی هەبێت بدەین کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن لەوانە : (ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، عبدالخاق یعقوبی، ئازاد حەمە، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، ئازاد سوبحی، ئازاد خدر، هەندرێن، نیهاد جامی، نوری بێخاڵی، حەمە سەعید حەسەن، بەختیار سەجادی، هاشم سەڕاج، شوان ئەحمەد، عەتا قەرەداغی، حسێن لەتیف، یاسین عومەر، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، د. عارف حیتۆ، جەمال پیرە، هاوڕێ ڕشید، عەبدوڵڵا ئەژی، ئاسۆ ئەحمەد، فازیل عمر، مەسعوود بابایی، ئەحمەد ڕەزا،

ئسماعیل زراعیو سەبور سەیوانی...تاد).

سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەی (Dèconstruction)ی فەرەنسییەوە لەلایەن توێژەر و نووسەرانی کوردەوە، جۆرە دژە بەکارهێنان و دژە بۆچوونێکی زۆر و ئەوتۆ نابینینەوە، وەک ئەوەی لای توێژەرە ئەوروپی و عەرەبییەکانەوە بەرجەستەیان دەکەین، زۆربەی نووسەران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە زاراوەی (التفکیکیه) ی عەرەبییەوە یا لە (Deconstruction)ی ئینگلیزییەوە وەریانگێڕاوە و بەکاریانهێناوە کە ئەویش زاراوەی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی)ییە، وەلێ دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییەش بدەین کە جگە لەم زاراوە کوردییەوە، زاراوەیەکیتریش لە بەرامبەر زاراوەی (Dèconstruction)ی فەرەنسییەوە، داتاشراوە کە ئەویش زاراوەی (پێکهاتە هەڵوەشێنی)یە کە لە لایەن (عبدالخاق یعقوبی)یەوە، لە وەرگێڕانە کتێبی (ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی ـ پێشەکیەک بۆ تیۆری، چارلز بریسلێر) (٧٢). کە لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە و بەکاریهێناوە. کاتێ دەچینە لای (د. عارف حیتۆ) وە لە وتارێکی بەناوی (هلوەشینگەی ژ فەلەسفێ بورەخنە یا وێژەیی) (٧٣)، زاراوەیەکیتر دەبینین کە لە زاری کرماجی ژووروەوە بۆ داتاشیوە و بەکاریهێناوە ئەویش زاراوەی (هلوەشینگەری)یە. وەلێ کاتێ دەچینە لای (فازیل عمر)یشەوە لە کتێبێکی بەناوی (جاک دریدا و هلوەشاندن) (٧٤)، ئەوە زاراوەی (هلوەشاندن) دەبینین کە بۆی داتاشیوە و بەکاریهێناوە. هاوکات نووسەر لە دووتۆی بەرهەمەکەیدا بەرامبەر هەر زاراوەیەکی نێو ئەو ڕەوتەی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی)ییەوە زاراوەیەکی کوردیانەی بۆ داتاشیوە، کە بە پێویستی دەزانیین لێرە هەندێک لەو زاراوانە بخینە ڕوو:

(هلوەشاندن ← Deconstruction/ التفکیکیه)، (هلوەشیندە، هلوەشینەک ← Deconstructive/ تفکیکی)، (هلوەشینگەر ← Deconstructionist/ منسوب الی المدرسه التفکیکیه)، (هلوەشینگەری ← Deconstructionism/ المدرسه التفکیکیه) (٧٥)، دەکرێ ئەمانە و چەندین ئاماژەی تر ببنە نموونەی فرە رەهەندی لە جیاوازی بەکارهێنانی چەمکەکانی هەڵوەشاندنەوە لەلای لێکۆڵەرانی کوردەوە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

() ئەم چەمکە (پاش بنەماخوازی) یا (پاش پێکهاتە خوازی)یشی پێدەڵێن لە زمانی کوردیدا.

(٢) الحداثه وما بعد الحداثه، د. عبدالوهاب المسیری،د. فتحی التریکی، ط١، دار الفکر-

دمشق، تموز ٢٠٠٣، ×٨١.

**(٣) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی- پێشەکیەک بۆ تیۆری، چارلز بریسلێر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی، چ٢، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧،ل١٤١.**

(٤) اشكاليه المصطلح فى الخطاب النقدى العربى الجديد، د. يوسف وغليسى، منشورات الاختلاف، الدار العربيه للعلوم ناشروون، ط١،جزائر،٢٠٠٨،ص٣٣٥.

**(٥) بیری پۆست مۆدێرنیزم، ئازاد حەمە، بەشی یەکەم، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٧٧.**

**(٦)س.پ ل٢٧٧.**

**(٧) س.پ:ل٢٧٨.**

**(٨) س.پ:ل٢٧٨-٢٧٩.**

(٩) نظريه النقد الادب الحديث، د. يوسف نور عوث، دار الامين للنشرو التوزيع، القاهره، ط١، ١٩٩٤، ص٤٤.

**(١٠) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی - پێشەکیەک بۆ تیۆری:ل١٤١.**

**(١١) س.پ ل١٤١.**

**(١٢)ئەزموونی خوێندنەوە: چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چ١، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦:ل٢١.**

**(١٣) وێنە شاراوەکان، لێکۆڵینەوەیەکە پشت بە تیۆرەکانی دوای بونیادگەری دەبەستێت، د.** اهر لگيف كريم، **گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ٩، ساڵی ٢٠٠٢، ل٣٦.**

(١٤) النڨريه الادبيه المعاصره،ت: جابر عصفور، ڕامان سلدن، دار قباو للطباعەو النشرو التوزيع،القاهره،١٩٩٨،ص١١٧.

**(١٥) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی - پێشەکیەک بۆ تیۆری: ل١٤٢.**

(١٦) نظريه الادب المعاصرو قراوه الشعر، ديفيد بشبندر، ت: عبدالمقصود عبدالكريم، الهيئه المصريه العامه للكتاب، ١٩٩٦،ص٦١.

(١٧) النقد الادبى الامريكى من الپلاپيننيات الى الپمانينيات، فنسنت ب. ليتش، ت: محمد يحيى، مراجعه و تقديم: ماهر شفيق فريد، المجلس الاعلى للپقافه، المشروع القومى للترجمه، ٢٠٠٠،ص٢٥٩.

**(١٨) دەستەواژەیەکی ئاویتەیی یۆنانییە، پێشگری (مێتاMeta-)واتە ئەو دیو، فۆرین-phorein)واتە کردەی گوێزانەوە، دواجار بەو واتایە دێت کە وشەیەک هەڵگری خوازەیەک بێت.**

**(١٩) شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە (دەق و ڕەخنە)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠٠١،ل٢٧.**

(٢٠) المعنى الادبى من الڤاهراتيه الى التفكيكيه، وليم ڕاى، ت:د.يوئيل يوسف عزيز، دار المامون للترجمه والنشر، گ١، بغداد، ١٩٨٧، ص١٤٣.

**(٢١) نیتشە و پاش تازەگەری، د.محەمەد کەمال، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٦،ل١٥٩.**

**(٢٢) توێژەرێکی ژاپۆنییە، بە شێوەیەکی تایبەتی لە ڕەهەندەکانی فەلسەفەی ئیسلامیات خەریکی توێژینەوەیە، کە چەندین بەرهەمیشی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانانی دونیاوە.**

(٢٣) ساختار و تاويل متن، بابك احمدى، چاپ نهم، كتاب سوم، شالودەشكنى متن، فصل دوازده، ميتافيزيك حچور:دريدا، تهران، ١٣٨٦، ل٣٨٨.

**(٢٤) ژاک دریدا ـ نووسین، جیاوازی، جێکەوت، ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، گۆڤاری ڕامان، ژ٩٥، خولی دووەم ـ ساڵی نۆیەم، نیسان، ٢٠٠٥، ل٨**

(٢٥)الكتابه والاختلاف، جاك دريدا، ت:كاڤم جهاد، دار توبقال، المغرب، ١٩٨٨، ص٦١.

(٢٦)حوار مع جاك دريدا، اجراه هاشم صالح، الفكر العربى المعاصر، عدد٥٤-٥٥، ١٩٨٨، ص ١١٠.

**(٢٧)ژاک دریدا ـ نووسین، جیاوازی، جێکەوت:ل٨٥**

**(٢٨) (س.پ) ل٨٥**

(٢٩) اقدم لك...جاك دريدا، جيف كولينز، بيل مايبلين، ت:حمدى الجابرى، مراجعه واشراف وتقديم:امام عبالفتاح امام، المجلس الاعلى للثقافه، گ١، القاهره، ٢٠٠٥، ص١٢.

**(٣٠) بیری پۆست مۆدێرنیزم: ل٢٩٠.**

(٣١) اقدم لك...جاك دريدا:ص١٠٠. هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بڕوانیتە (ساختار و تاويل متن:ل٣٨٨).

**(٣٢) ن.م:×١٠١.**

**(٣٣) بیری پۆست مۆدێرنیزم: ل٢٩٠.**

**(٣٤) س.پ ل٢٩٠**

**(٣٥) حوار مع جاك دريدا:× ١٠٨.**

**(٣٦) ن.م × ١٠٨**

**(٣٧) ن.م: ×١٠٩.**

**(٣٨) ساختار و تاويل متن: ل٤٣٧.**

**(٣٩) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی ـ پێشەکیەک بۆ تیۆری:ل١٤٢.**

**(٤٠) س.پ ل١٤٢**

**(٤١) الكتابه والاختلاف:ض٦٣.**

**(٤٢) اقدم لک...جاک دریدا:ص١٠١**

**(٤٣) اقدم لک...جاک دریدا:ص١٠١.**

**(٤٤) له مۆدێرنەوه بۆ پۆست مۆدێرن، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی له عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چ١، چاپخانەی شڤان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٩، ل٢٢٣.**

**(٤٥) جاک دریدا..بڕوام بە کۆتایی فەلسەفە نییە، و:ڕێبین ڕەسوڵ اسماعیل، گۆڤاری پێشکەوتن، ژ٧٤، تشرینی یەکەم ـ١٩٩٨، ل١٢)**

**(٤٦)** الشعر العربی الحدیث، بنیاته وابدالاته، محمد بنیس، دار توبقال للنشر، الدار البیضاو، گ١، ١٩٩١، ص١٨٢.

(٤٧) اشكاليه المصطلح فی الخطاب النقدی العربی الجدید:ص٣٤٤.

**(٤٨) له مۆدێرنەوه بۆ پۆست مۆدێرن:ل٢٢٤.**

(٤٩) اشكاليه المصطلح فی الخطاب النقدی العربی الجدید:ص٣٤٠.

**(٥٠)** نڤریه اللغه الادبیه، خوسیه ماریا.بوپویلو، ت:حامد ابو حامد، مكتبه غریب، الفجاله، ١٩٩٢، ص١٧٤.

**(٥١)** نڤریه الادب المعاصر وقراوه الشعر:ص٧٥.

**(٥٢)** ن.م:×٧٦

**(٥٣)** اشكاليه المصطلح فی الخگاب النقدی العربی الجدید:×٣٤٠.

**(٥٤)** الكتابه والاختلاف:ص١٣٣.

**(٥٥)** المصگلحات الادبیه الحدیثه، د.محمد عنانی، الشركه المصریه العالمیه للنشر، لونجمان، گ١٩٩٧،٢،ص١٣١.

(٥٦) اشكاليه المصطلح فی الخطب النقدی العربی الجدید:ص٣٤٠.

(٥٧) اشكاليه المصگلح فی الخگاب النقدی العربی الجدید:ص٣٥٠.

**(٥٨)** ن.م:ص٣٥٠-351.

(٥٩) اشكاليه المصگلح فی الخگاب النقدی العربی الجدید:ص٣٤٥.

**(٦٠)** تشریح النص،عبدالله الغزامی،مقاربات تشریحیه لنصوص شعریه معاصره،گ١،دار الطلیعه،بیروت،١٩٨٧،ص٧١.

**(٦١)** الخطیئه والتفكیر، قراوه نقدیه لنموذج لسانی، عبدالله الغذامی، ط١، النادی الادبی الثقافی،

السعوديه،١٩٩١،ص٥٠.

(٦٢) معجم المصطلحات الادبيه المعاصره، سعيد علوش، منشورات المكتبه الجامعيه، الدار البيضاو، ١٩٨٤، ص٩٧.

(٦٣) **بۆ زیاتر زانیاری بڕوانه** (مصگلحات النقد العربى السيماووى، الاشكاليه والاصول و الامتداد٢٠٠٣-٢٠٠٤، د.مولاى على بوخاتم، منشورات اتحاد الكتاب العربى، دمشق، ٢٠٠٥، ص٢٠٩).

(٦٤) المعنى الادبى، من الڤاهراتيه الى التفكيكيه:ص٩.

(٦٥) مصگلحات النقد العربى السيماووى، الاشكاليه والاصول و الامتداد٢٠٠٣-٢٠٠٤:ص٢٠٨.

() دليل الناقد الادبى، د. ميجان الرويلى، د. سعد البازعى، گ٣، المركز الپقافى العربى، بيروت، لبنان، ٢٠٠٢، ص١٠٧.

(٦٧) ملامح من المشهد النقدى المحلى، محمد الصالح الشنطى، مجله قوافل النادى الادبى، الرياچ، السنه١، العدد٢، رجب١٩٩٤، ص٣٥.

(٦٨) هكذا اقرا ما بعد التفكيك، على حرب، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، بيروت، لبنان، ط١، ٢٠٠٥، ص١٦٦.

(٦٩) بين التناص والتكاتب، الماهيه والتطور، عبدالملك مرتاض، مجله قوافل النادى الادبى، الرياچ، السعوديه، السنه٤، عدد٧، ١٩٩٦، ص١٢.

(٧٠) القرأة وقرأة القرأة، خوث فى اشكاليه المفهوم، عبدالملك مرتاض، مجله علامات، جده، السعوديه، ج١٥، مجلد١٤، السنه١٩٩٥، ص٢٠١.

(٧١)مصگلحات النقد العربى السيماووى،الاشكاليه والاصول و الامتداد٢٠٠٣-٢٠٠٤:ص٢١٠.

**(٧٢) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی ـ پێشەکیەک بۆ تیۆری:ل١٤١.**

**(٧٣) هلوەشینگەی ژ فەلەسفێ بورەخنە یا وێژەیی، د. عارف حیتۆ، گۆڤاری بیاڤ، ژ١٧، هاوینی ٢٠٠٥، ل٧٨.**

**(٧٤) جاک دریدا و هەلوەشاندنەوە (لێکولینەکا دەسپێکی)، فازیل عمر، چاپخانەی هاوار ـ دهۆک، ٢٠٠٥، ل٣٤.**

**(٧٥) جاک دریدا و هەلوەشاندنەوە (لێکولینەکا دەسپێکی): ل١٦٠.**

ستاری پیرداود ماستەر لە ئەدەبی کوریدا بە ناونیشانی( هەڵوەشاندنەوە گەرایی لە ئەدەبی کوردیدا). خاوەنی کتێبێك بە ناوی( خوێندنەوەی میتافۆر) و چەندین لێکۆڵینەوەو ڕەخنەیی و ئەدەبی.

# مۆدێرنیزمی پشتبەستوو بە دەوڵەت

## ١_ دەستپێکی سەرهەڵدانی بەعس بەعس تا پێش ڕاپۆرتی ئەقائیدی یان کۆنگرەی قەومیی شەشەم

**رامیار مەحمود**

میشاڵ یوسف عەفلەق دەربارەی سەدام حسێن (سەدام خەڵاتی ئاسمانە بۆ بەعس، خەڵاتی بەعسیشە بۆ نەتەوە).

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ڕۆشنبیزی عەرەبی شەپۆلێکی سیاسی تازە بەخۆیەوە ئەبینێت کە ئێمە ئەو شەپۆلە بە شەپۆلی عروبە ناو دەبەین، لەسوریا ئەم ئایدیایە لە ماڵەکەی (السبکی) کە شوێنی بیرمەندی عروبی (زەکی الارسوزی) و کۆمەلە خوێندکارێکی پەناهەندەی ئەسکەندرونەیی بوو کە هەر لەو ماڵەدا بەگوێرەی ڕیوایەتی (سامی الجندی) دەروێشەکانی الارسـوزی (هکزا تکلم زرادشت)ی نیچە و (خطابات الی الامە المانیە) فیختە و (نشو القرن التاسع عشر)ی ه.ا. چامپرلین، و (کفاحی) هیتلەریان خوێندووەتەوە و پێی کاریگەر بوون (سامی الجندی، البعث، دار النهار ١٩٦٩).

لەعێراقیش (النادی المثنی) کە لە ساڵی ١٩٣٥ مۆڵەتی ڕەسمی

وەرگرت و لەهەمان ساڵدا دەستی بە چالاکی گرت کە شوێنی میوانداریکردنی فیکری عروبە کۆمەڵە کەسانێکی خاوەن نفوزی وەک سامی شەوکەت و عبدالرحمن بەزاز کە بوو بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە سەردەمی عبدالرحمن عارف، (یونس السبعاوی)یش کە بۆ یەکەم جار لە سەر ئاستی نیشتمانی عەرەبی کتێبی (کفاحی) هیتلەری لە زمانی ئینگلیزییەوە کرد بە عەرەبی، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە یەک ساڵدا ١٩٦٣، عروبییەکان لە سوریا و عێراق هاتنە سەر حوکم، بەڵام لە عێراق لە حوکم دەرکران و پاشان لە ساڵی ١٩٦٨دا گەڕانەوە سەر حوکم تا جەنگی هاوپەیمانەکان (ئەمەریکی- بەریتانی) ساڵی ٢٠٠٣ لە حوکمدا مانەوە لە عێراقدا، بەڵام لە ئێستادا دەتوانین دەربارەی قۆناغە سەرەتاییەکانی بەعس ئەدوێن، لە دەرفەتێکی لەباردا تێکستەکەمان بە فراوانی دەربارەی تێزی ڕەگەز و ئاستەکانی تەماهیکردن بۆ پێغەمبەر یاخود خیتابەکەی (عەفلەق) لە مودەرەجاتی زانکۆی سوریا بەناوی (ذکری الرسول العربی) لە ساڵی ١٩٤٣دا و سەدام حسێن دەخەینە ڕوو. لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ٧/ نیسانی/١٩٤٧ بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی بەعس بڵاوکرایەوە، بەعسییەکان قاوەخانەی الرشیدی هاوینەیان بەکرێ گرت بۆ کۆنگرەکەیان کە قاوەخانەی (اللونابارک)یشی پێدەوترا کە دەکەوێتە دەروازەی شەقامی بەغدادەوە کە پاش دەستدرێژی فەڕەنسی ناوەکەی بووە بە بیست و نۆی ئایار لەو شوێنەدا کە ئێستا سەنتەری ڕۆشنبیری ڕووسی تێدایە لە دیمەشق کۆنگرەکە سێ ڕۆژی خایاند، هەینی و شەممە و یەک شەممە و (چوار و پێنجی و شەشی مانگی نیسان) بەشەش دانیشتن کۆتایی هات، دانیشتنێکی بەیانیان و دانیشتنێکی ئێواران، ئەندامانی کۆنگرە زۆربەیان خوێندەوار و ڕۆشنبیران پێکهاتبوون، ژمارەی بەشداربووان بەگوێرەی ڕیوایەتی بەعسییەکان ئەوەی کە تۆمار کراوە دوو سەد کەسێک دەبوون‌و وشەی بەعس لە کۆنگرەی دامەزراندنی ١٩٤٧ەوە بەتەواوی دەستی پێکرد و بەعس سیفەتی حیزبی بەخۆیەوە گرت وەک (ناجی علوش) دەڵێت: تا ١٩٤٥ بەعس بزووتنەوەیەکی تەبشیری بوو لە نێوەندی خوێندکاراندا و بڵاوکراوەکانی بەناوی (بەعسی عەرەبی) بڵاودەکردەوە (بڕوانە: الثوره والجماهر- ناجی العلوش- دار الطلیعه- الطبعه الثالثه- بیروت). بەڵام لێرەدا ئەخوازم ئاماژە بە هەندێک ڕوونکردنەوە بدەم لەبارەی دامەزراندنی بەعسەوە و ئەو کێشەیەی لە ئارادایە سەبارەت بەوەی کێ خاوەنی ڕاستەقینەی (سەرکردە دامەزرێنەر)ە، واتا (عفلەق) یان (الارسوزی) زۆرێک بڕوایان وایە الارسوزی دامەزرێنەری ڕاستەقینە و یەکەمی حزبی بەعسە بەشێوەیەک بزووتنەوەی شوبات بەسەر کردایەتی (اللواو

صلاح الجديد)، (الارسوزی) یان وەک باوکی ڕۆحی حزبی بەعس دەستنیشان کرد، ئەوەی شایەنی باسە (الارسوزی) ئەمینداری نەێنی (عصبه العمل القومی) بوو لەلیوای ئەسکەندەرونە، ئەم ڕێکخراوە لە ئابی ١٩٣٠ لە گوندی (قرنایل)ی لوبنانی کۆنگرەی دامەزراندنی بەست (بڕوانە الباب الثانی، الفصل الاول/ الحرکه القومیه التقلدیه- بوعلی یاسین، ضمن الکتاب: الاحزاب و الحرکات القومیه العربیه، بو علی یاسین، محمد جمال باروت، محمد نجاتی گیارە- الناشر: المرکز العربی للدراسات الستراتیجیه) ئەم ڕێکخراوە ئەگەرچی کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی کەم بوو، بەڵام شوێنەواری فیکری و عەقائیدی ئەم ڕێکخراوە لەو عەرەبدا بەهێز بوو، الارسوزی پاش ئەوەی بڕواکانی عطبە هەرەسیهێنا کەوتە سەر هێرشکردن بۆ سەر سەرکردەکانی و دەستکێشانەوەی خۆی ساڵی ١٩٣٩لە ڕۆژنامەدا ڕاگەیاند، لەژیانێکی دژوارو پڕ لە بەدگوماندا ژیا بەشێوەیەکی بەد و خراپ ئەیڕوانییە هەموو گرووپ و کەسێک، تەنات هەڵوێستی بەعسەکەی (الارسوزی) لەسەرجەم حزب و ڕێکخستنەکانی ئەو کاتە ڕەفزی ڕەها بوو تاوەک خۆی ئەڵێت ((انالااتعاون مع احد-بڕوانە/ سنوات المخاچ١٩٤٠-١٩٤٧،جورج صدقنی/ چمن المجله،المناضل (المجله الداخلیه لحزب البعث العربی الاشتراکی،یصدرها مکتب الاعلام والنشر فی القیاده القومیه)،العدد ٢٤٨ایار-حوزیران ١٩٩١) لە دیارترین شاگردەکانی (د. وەیب الغانم) بوو کە دەربارەی ژیانی الارسوزی ئەڵێت (ئەتوانم ڕۆژانی زکی الارسوزی لەساڵی ١٩٤٢دا بە ڕۆژانی نیچە بشوبهێنم) وسلێمان العیسی —ش بە (پاشماوەی پیغە مبەران) ناوی بردوە __ بڕوانە ((هەمان سەرچاوە المناضل-العدد٢٤٨- ×١٧، ×١٨)وسامی الجندیش بە (ئیمامی زەمان) وەسفی کردوە..

پەیوەندی بەعسی الارسـوزی بە بزوتنەوەی (الاحیاوالعربی) (عەفلق)ەوە تا ڕادەێک لەسەر ئاستی بنکی حزبی تێکەڵ بوو، شاگرد و دەروێشە کانیان ئامادەی کۆبونەوە و دانیشتنە کانی هەردوولا ئەبوون، بەڵام (الارسوزی) هەرگیز (غەفلق) ی خۆشنەئەویست، چونکە لە لایەک (الارسوزی) وەک سەرکردەیەکی عروبی هاتە دیمەشق ئەو کات (عەفلق)لاوێک بوو بۆ دەسپێکردنی خەباتی سیاسی و فیکری خۆی ئامادە ئەکرد و هیچ ڕابردووێکی نەبوو، ئەمە جگەلەوەی (الارسوزی)تۆمەتی شیوعیەتی خستبوە پاڵ (عەفلق) بەڵام عەفلق شیوعی نەبوو، بەڵکو دۆستایەتی ئەو لەگەڵ شیوعییەکاندا تەنها لەژێر کاریگەری (ئەندریە جید) دا بوو بەڵام کاتێک (جید) چووە یەکێتی سۆڤێتی جاران و گەرایەوە لە ساڵی ١٩٣٧دا کتێبەکەی خۆی دەربارەی بێ ئومێدی بەرامبەر بە ڕژێمی شیوعی بڵاوکردەوە، عفلق لە ژێر کاریگەری جید

دا پەیوەندی خۆی بە شوعیەکانەوە تەڵاقدا و لە دۆستەوە بوو بە دوژمنیان بەڵام واباشترە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم کێشەیە ڕونکردنەوەی زیاتر بدەین لەم بارەیەوە دەربارەی ئەوەی کە حیزبی بەعس وەک سەرچاوەی عەقائیدی هەمیشە دوور و دژ بە کۆمۆنیزم و سۆشیالزم بووە، وشەی ئیشتراکییەت لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٥٢ بە دیاری کراوی لە کۆتای ساڵی ١٩٥٢ خرایە سەر حزبی بەعس پاشان بە گوێرەی ئەدەبیاتی بەعس لەو سەردەمەدا ئیشتراکییەت وەک پاشکۆ و لقێک لە ناسیۆنالیزمی عەرەبایەتی ڕاڤە کراوە بەو پێیەی ئەوەی کە بنەرەت و جەوەهری عروبەیە، بە گوێرەی شەهادەتی (جلال فاروق الشریف) بۆ یەکەم جار ناوی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە شوباتی ساڵی ١٩٥٣ دا دەرکەوت لەسەر بڵاوکراوەکانی حزبی بەعس، بڕوانە ( (البدایات الاولی فی ذاکره الرفیق جلال الشریف/ المناضل – العدد ١٦٦)) هەڵبەتە هۆی سەرەکی سەربار کردنی وشەی ئیشتراکییەت ئەگەڕێتەوە بۆ یەکگرتنی حزبی بەعس لەگەڵ حزبی ئیشتراکی عەرەبی کە (اکرم الحورانی) سەرۆکی بوو لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٥٢ بە گوێرەی ڕێکەوتنێک کە دەستووری حزب هەمان دەستووری دامەزراندنی بەعس ١٩٤٧ بێت. دووەمیان سەرباز کردنی ناوی ئیشتراکییەت بۆ سەر حزبی بەعسی عەرەبی، سێیەمیان سەرباز کردنی (اکرم الحورانی) بۆ سەرکردایەتی حزبی بەعس، واتا سەرکردایەتیەکە بکرێتە سەرکردایەتیەکی سیاسی (میشیل عفلق – صلاح الدین البیطار- اکرم الحورانی) هاوکات بە گوێرەی شەهادەتی (جلال فارووق الحورانی) ناوی ئیشتراکییەت لە کۆنگرەی قەومی دووەمدا بە تەواوی جێگیر بووە هەڵبەتە کۆنگرەی قەومی دووەم بە گوێرەی بەڵگەنامەی حزبی بەعس لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٤ لە دیمەشق بە ستراوە، ئەمە جگە لەوەی یەکگرتنەکە بایەخێکی جەماوەری هەبوو، بۆ حزبی بەعس چونکە پارتەکەی (اکرم الحورانی) بنکەیەکی جەماوەری و جوتیاری هەبووە، ئەمە لە کاتێکدا بەعس شێوە کارکردنێکی نوخبەوی و ڕۆشنبیری بە خۆوە گرتبوو، هەرچەندە لەو شوێنەدا قسە لەسەر ڕەگەز ئەکەین و لە کاتێکی تردا ورتر ئەم مەسەلەیە شی ئەکەینەوە، بەڵام ئەوەندەی بوارمان هەبێت بالێرە بزانین چیرۆکی خودی (عفلق و البیگار) چییە لە سەر کۆمۆنیزم لە وتاری (نحن والشیوعیه من خمسه عشر عاما/ صلاح الدین البیطار و میشیل عفلق) کە لە نامیلکەی : القومیه العربیه و موقفها من الشیوعیه/ مکتب البعث العربی- دیمشق ١٩٤٢)دا ئەڵێت: لە ساڵی ١٩٢٨ ئێمە خوێندکار بووین پاش ئەوەی ڕوومان کردە خۆرئاوا بۆ خوێندن هیچ سۆزێکمان بۆ مەسەلەکەمان بەدەستنەهێنا بۆ ئەو بڕوا سەرەتایانەی کە هەمانبووە، جگە لە هەندێک سۆزی سۆشیالست شیوعییەکانی پەرلەمانی فەڕەنسی، پاشان ئەوە ڕوون ئەکەنەوە

**که پەیوەندی ئەوان بە سۆشیالزمەوە لە ڕێی فیکرو زانستەوە بووە مەبەست لەوەی که حزبی شیوعی و ئیشتراکییەکانی ناو سوریا شتێکی مردوو و دۆگما بووە پاشان دێتە سەر ئەوەی ئەڵێن ئێمە دوو برینمان هەبووە برینێکی قەومی کە دەرئەنجامی ئیستیعمار بوو، لەگەڵ برینێکی کۆمەڵایەتی کە بەرەهمی جەهالەتی کۆمەڵگا بوو، پاشان دەڵێن ئێمە بە هیچ شێوەیەک گوێڕایەڵی عەقڵیەتی کۆمۆنیستی نەبووین لە کاتی نێشتەجی بوونیشمان لە خۆرئاوادا بەڵکو تەنها ئاگاداری ئێمە لە شۆسیالزم لەڕێگەی ئەدەبیە ئازادی خوازەکانی وەک (ئەندرێ جید) و (ڕۆمان ڕۆلان)ەوە بووە، پاشان دەڵێن کە هەمیشە هەوڵیان داوە لە باسەکانیاندا فیکری تازە دەرکەوتووی عەرەبی مورتەبە بکەن بە فیکرەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی (نیچە)ی دوژمنی گەورەی سۆشیالزم، لەسەر حزبی شیوعی سوریاش دەڵێن هێزی ڕاکێشانی ئەو کەمایەتیە نەژادی و ئاینیانە بووە کە نامۆن بە سروشتی ئومەی عەرەبی و ئامانجە قەومییەکانی.**

**لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین بەگوێرەی ڕیوایەتی (سامی الجندی) کە یەکێکە لە دامەزرێنەران و ئەو دەڵێت ئەو سەردەمە کۆبوونەوەیەکی زۆر هەبووە بەڵام سەرئەنجامی شکست بووە، ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە یەکێک لەو کۆبوونەوانە (عفلق) و (البیگار) یشی تیا بووە، لەهەمانکاتدا (فایز اسماعیل) کە لەپاڵ (سلێمان العیسی) ی شاعیری بەعس و** (وصفی الغانم) **برای سەرکردەی بەناوبانگی بەعس (د. وەیب الغانم) لە ساڵی ١٩٤٩ دا بانگەوازی بەعسیان بردە بەغداد بەڵام هەڵبەت زوو ئەگەڕێنەوە، بڕوانە** (بعث العراق، صلته صدام قیاما وحطاما- حازم صاغیه- دار الساقی- الطبعه الاولی ٢٠٠٣) **هەڵبەتە (فایز اسماعیل) شەهادەتی ئەوەی داوە دیدارێک لەنێوان (الارسوزی) و (عفلق) دا ڕووی داوە لە قاوەخانەی (لوازیس) کە ئەکەوێتە نێوان قاوەخانەی (هاڤانا) و سینما (ئەهرام)وە لە دیمەشق.**

**بۆ زیاتر وردبوونەوە لە خستنەڕووی کێشەی کێ سەرکردەی دامەزرێنەرە بە پێی شەهادەت و ڕیوایەتی (سامی الجندی) الارسوزی لە ساڵی ١٩٣٩ حزبێک بە سەرکردایەتی خۆی دایدەمەزرێنێت بە ناوی (الحزب القومی العربی) بەم شێوەیە بۆمان ئەخاتە ڕوو (الحزب القومی العربی — ڕمزە: نمر/**

١- العرب الامه الواحده

٢- للعرب زعیم واحد یتجلی عن امکانیات الامه العربیه یمثلها ویعبر عنها اصدق تعتبر.

٣- العروبه: وجد اننا القومی، مصدر المقدسات، عن تنبیق المیل العلیا وبالنسبه الیه تقدر قیم الاشیاو- العربی سید القدر) **بڕوانە** (سامی الجندی ص ٢٢) **هەر ئەم پرەنسیبانە هەمان پرەنسیبەکانی حزبی بەعسە کە (الارسوزی) ساڵی دواتر دایمەزراند، بەڵام**

پاش ماوەیەکی کەم الارسوزی سەفەرئەکات بۆ عێراق، هەڵبەتە ئەم سەفەرە بە ماوەیەکی کەم پاش دامەزراندنی (الحزب القومی العربی) بۆ ئەوەی ببێت بە مامۆستا لە یەکێک لە قوتابخانەکانە ڕەسمییەکانی بەغداددا، ئەم سەفەرەی ئەبێتە هۆی وردو خاشبوونی حزبەکە، هەڵبەتە سەفەرەکەی الارسوزی لە لایەک بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی بوو چونکە لە ژیانێکی بێدەرەتان و سەختدا ئەژیا، لەلایەکیش بۆ دۆزینەوەی هەلومەرجێکی لەبار بوو بۆ چالاکی سیاسی، بەڵام ئومێدەکانی لە چوون بۆ عێراق بە نائومێدی گەورە کۆتایی هات، (الارسوزی) وای دانابوو بۆ عێراقی عەرەبایەتی ئەڕوات (العراق العروبە)، عێراقی مەلیک غازی، بەڵام خۆی لەنێوان حوکمی سیانی (ئینگلیزی- عبدالالە- نوری سعید) بینیەوە، بۆیە الارسوزی لە کۆتایی وەرزی خوێندندا و لە هاوینی ١٩٤٠دا ئەگەڕێتەوە بۆ سوریا. هەڵبەتە باشترە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین عروبییەکانی لیوای ئەسکەندەرونە عێراقی مەلیک فەیسەڵی یەکەم و غازی کوڕیان بە سەردەمی (بروسیای عەرەب) لەقەڵەم ئەدا، تەنانەت عروبییەکانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوو عێراقیان وەک پێگەی دەوڵەتێکی گەورەی یەکگرتوو عەرەب تەمشا ئەکرد و (مەلیک فەیسەڵ)یش وەک بسمارێکی عەرەب، ئەمە جگە لەوەی بەعسییە بەراییەکان زۆر لەژێر کاریگەری شۆڕشی عەرەبدا بوون و خۆیان بەدرێژ کراوەی ئەو شۆڕشە دەزانی تەنانەت ئالای بەعسییەکان هەمان ئالای شۆڕشی عەرەبیە تەنانەت وەک (جورج ×دقنی) ئەڵێت پەیکەرێکی مەلیک فەیسەڵیان لە ساڵۆنی مەکتەبی حزبی بەعس لە گەڕەکی (السبکی) لە دیمەشق دانابوو، بڕوانە (جورج صدقنی: سنوات المخاض ١٩٤٠-١٩٤٧/ المناضل- العدد ٢٥١ تشرین الثانی- کانون الاول ١٩٩١) پاش گەڕانەوەی (الارسوزی) لە عێراق کار بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی حزب ئەکات لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی لە لیوای ئەسکەندەرونەوە کۆچیان کردبوو، ئەوانیش تۆیی حزبەکە بوون سەرباری ئەوانەی کە لە خانووەکەیدا ئەژیان، لە بینایەکی کوکش لەگەڕەکی (السبکی) بەگوێرەی وەسفی (سامی الجندی) لە ٢٩ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٠ کۆبوونەوەی دامەزراندنیان گێڕا لە ساڵڕۆژی دەستدرێژکردنە سەر لیوای ئەسکەندەرونە و (سامی الجندی) ئەڵێ (لە ٢٩ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٠ تەنها شەش کەس بووین لە ژوورێکی بچووکدا کۆبوونەوە، الارسوزی موحازەرەیەکی پێشکەشکردین لەسەر دیموکراسیەت و شیوعیەت و نازییەت کە چوار کاتژمێری خایاند) ئینجا ئەڵێیت کۆبوونەوەی دامەزراندن گیراو لە کۆتاییدا دامەزراندنی حزبێکی عەرەبی بەناوی (حزب البعپ) ڕاگەیەنرا. دەربارەی ئەو کێشانەی کە لەسەر ناوی بەعس هەن

تاڕادەیەک شوێنی ململانێیە لە نێوان هەوادارانی (الارسوزی) و (عفلق)دا، (د. وەیب الغانم) کە لە بەعسییە بەرابییەکان و کۆنگرەی دامەزراندنیش لە ساڵی ١٩٤٧ وەک ئەندامی لیژنەی تەنفیزی یەکەم هەڵیبژارد ئەمە جگە لەوەی دکتۆر (وەیب الغانم) وەک هەریەکێک لە شاگردەکانی الارسوزی بڕوایەکی قووڵی بە عروبە و نەتەوەی عەرەب هەبوو ئەم بڕوایە وای کرد (وەیب الغانم) کتێببی (رسائل الی الامە الالمانیە) ی فیختە وەرگێڕێت بۆ زمانی عەرەبی، ئەوەی شایەنی باسە (جلال فاروق الشریف) لە بیرەوەرییەکانیدا لە بارەی کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی بەعس ئەڵێت گەورەترین ئەنجامی کۆنگرە ڕازیکردن و پەیوەندییەکانی (د. وەیب الغانم) بوو بە گروپی (عفلق) و (البیگار)

البدایات الاولی فی ذاکرە الرفیق جلال الشریف/ المناچل - العدد ١٥٦کانون الپانی ١٩٨٢) هاوکات (وەیب الغانم) ڕیوایەتی ئەوەی کردووە کە الارسوزی لەگەڵ کۆمەڵێک لە لیواییەکاندا لە ماڵی (عبدالحلیم القدور) لە دیمەشق حزبێکی دامەزراندووە بە ناوی (حزبی بەعس) و هەمیشە ئەوەشی دووپاتکردۆتەوە کە ناوی حزبەکەی الارسوزی بەعس بووە، ئەوەش شایەنی باسە (د. وەیب الغانم) هیچ پەیوەندێکی بە بەعسی عەرەبی دیمەشقەوە نەبووە کە (عەفلق) و (البیطار) سەرۆکایەتی ئەکرد، بەڵکو بەعسی (وەیب الغانم) ڕەگ و ڕیشەی ئەچووە سەر ئەو بەعسییە عەرەبییەی کە الارسوزی لە ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩٤٠ دایمەزراند، بڕوانە (المناضل، العدد٢٤٨/ المناضل العدد/ ٢٤٦ سنوات المخاض، جورج صدقنی) بەڵام (سلێمان العیسی) لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت وشەی بەعس سەرەتا لە ماڵەکەی (السبکی) بەکارمان ئەهێنا پێش دامەزراندن و ڕاگەیاندنی حزبێک بەناوی بەعسەوە، بەڵام (جلال السید) کە سەرۆکی کۆنگرەکەی دامەزراندنی حزبی بەعس بوو لە ساڵی ١٩٤٧ دیارترین کەسێکە کە نکۆڵی لە بەعسیی الارسوزی دەکات و بە گوێرەی ئەدەبیاتی بەعسیش ئەو بە نوێنەری تەیاری ڕەگەز پەرستی و شۆڤێنی دائەنرێت لە کۆنگرەی دامەزراندندا و هاوکات لە پێشەنگی ئەوانەی کە لەگەڵ جیاکردنەوەی عروبە و ئیسلامیدا بووە و دژایەتی ئەو ئاڕاستەیەی کردووە کە ویستوویەتی پەیوەندی بەعس بە ئیسلامەوە تەڵاق بدات، ئەمەش لە یەکێک لە موحازەرەکانیدا بەناوی (الهجرە النبویە) کە لە (نادی الپقافە)ی (دیر الزور) کە یانەیەکی بەعسی بووە بەر لە دەرکردنی ڕۆژنامەی بەعس، پێشکەشی کردووە لە ساڵی ١٩٤٦ دەری بڕیوە، ئەوە ئەگێڕێتەوە کە لە بەردەم هۆتێلی (الاوریان پالاس) لە دیمەشق ساڵی ١٩٤٢ لەگەڵ (البیگار و عفلق)دا ئەبێت هەرسێکیان لە هۆتێل دێنە دەرەوە (زکی الارسوزی) ئەبینن بەگوێرەی ڕیوایەتی (جلال السید) بە حوکمی

ئەوەی الارسوزی پەیوەندی بە (جلال السید) باش ئەبێت (الارسوزی) جلال السید ڕائەگرێت و پێیدەڵێت: کیف الاحوال؟ ماذا تصنعون؟ ئەویش ئەڵێ: نحن نرسم دستور لحزب قومی اسمه (حزب البعث العربی) الارسوزی ئەڵێت: الحمدلله ان اصحابك لم يعودوا شيو عيين نزلوا الى الميدان القومى. بەڵام هیچ گومانێک لە بوونی بەعسی الارسوزیدا نییە بەر لە بەعسی عفلق و البیگار، سەرکردەی بەعس (سامی الجندی) وەک خۆی دەڵێت لە ساڵی ١٩٤٦دا پەیوەندی بە بەعسی عەرەبییەوە کرد ئەڵێت: من دوا کەس بووم لە بەعسی یەکەمەوە پەیوەندی بکەم بە بەعسی دووەمەوە، بەڵام لەڕاستیدا (وەیب الغانم) دواین کەس بوو کە ڕازیکرا پەیوەندی بکات بە بەعسی دووەمـەوە هەڵبەتە بەعسی (الارسـوزی) لە ساڵی ١٩٤٢دا لە ژێر پاڵەپەستۆی هەژاری و ژیانی پڕ لە ستەمی ئەو کاتەدا هەڵوەشایەوە بەتایبەتی سەرکردەکەی، بەڵام پرەنسیبەکانی بەعسی (الارسوزی) هەمان ئەو پرەنسیبانە بوو کە الارسوزی دایڕشتبوو بۆ (الحزب القومی العربی) بەگوێرەی ڕیوایەتی (سامی الجندی) کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بەڵام (وەیب الغانم) بەشێوە تێکستێکی جیاواز گوزارشتی لێکردووە، وەک (امه عربيه واحده-ه وگن عربی واحد- العربی السيد القدر) لە شوێنێکی تردا (العرب امه واحده- وگن العربى وگن واحد- العرب سيد القدر- الزعامه العربيه زعيمها عربى واحد) لە شوێنێکی تردا بە چڕتر و کورتتر (المبادیو: امه واحد، شعب واحد، زعيم واحد) ئەوەی شایەنی باسە ئەو کاتەی (الارسوزی) مامۆستا بوو لە (دير الزور) واتا لەسیبیەکاندا وشەی بەعسی لە پاڵ وشەی ڕێنسانس و (نهچە)دا بەکاردەهێنا (جورج صدقنى، سنوات المخاض ١٩٤٠- ١٩٤٧ / المانچل، العدد ٢٥٠ ايلول- تشرين الاول ١٩٩١) هاوکات (عبد الخالق النقشبندی) لە بیرەوەرییەکاندا ئەڵێت لە پۆلی حەفت یان هەشت بووم کە ئوستاد (زکی الارسوزی) وەک مامۆستا هاتە (دير الزور) تەنها چەند مانگێک مایەوە، بەڵام کاریگەری ئەو گەلێک زۆر بوو، (بدايات فى ذاكره الدكتور الرفيق عبد الخالق النقشبندى، اجرى اللقاو الرفيقان فۆاد بلاگ- یاسين سلمان/ الماچل، العدد ٩٩ تموز ١٩٧٧- دیمشق) هەڵبەتە (عبدالخالق النقشبندی) سەرەتای خوێندنی لە (دير الزور) بوو پاشان ئامادەیی لە دیمەشق تەواو کرد و لە ساڵی ١٩٤٧ کۆلێژی پزیشکی تەواو کردو پاشان هەر لە دير الزور کە بە یەکێک لە پارێزگا سەرەکییەکانی سوریا دادەنرێت بە پێی پۆلێنکردنی دەوڵەتی سوریا بووە پزیشک، سەر بە ڕێکخراوی (عبه العمل القومی) بوو پاشان لە بزووتنەوەکەی (ڕشید عالی الکیلانی) و دواتر بزووتنەوەی بەعس بوو، لەو ئەندامە دامەزرێنەرانەشە کە دەستووری بەعسیان لە ساڵی ١٩٤٧دا دانا لێپرسراوی لقی (دير الزور)یش بوو. ئەتوانین بڵێین بۆ یەکەم

جار بەکارهێنانی ناوی حزبی بەعس بە سەرکردایەتی (الارسوزی) بووە و پاشان (عفلق) ئەم پرۆژەیە تەواو دەکات ئەمە جگە لەوەی هەڵبژاردنی وشە (الاحیاو) و پاشان (البعپ) لەلایەن (عفلق)ەوە کە هەردووکیان هاو واتای یەکترن لەژێر کاریگەری ئەوەدا بوو کە (عفلق) عاشقی ڕابەری ئیتاڵی (ماتزینی) بوو.

**پەراوێز:**

١- صلاح الدین البیگار (١٩١٢) لە دیمەشق لە دایکبووە و سیاسەتمەدارێکی سوری و دامەزرێنەری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکییە، فیزیای لەپاریس خوێندووە و لە سییەکاندا گەڕاوەتەوە دیمەشق لەگەڵ عەفلەقدا لە بواری وانە وتنەوەدا کاریانکردووە و بواری خوێندنگایان کەڵک لێوەرگرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕەکانیان و لەگەڵ عەفلەقدا ڕێکخراوی (الاحیاو العربی) یان دانا، بوو بە وەزیری دەرەوەی سوریا لە سەردەمی (شکری القوتلی) لە ساڵی ١٩٥٦دا، بوو بە جێگری سەرۆک کۆمار پاش یەکێتی میسر و سوریا لە ساڵی ١٩٥٨ پاشان هاتە سەر حوکمی بەعسییەکان لە مارس١٩٦٣دا چوارجار کرا بە سەرۆکی وەزیران و پاشان بزووتنەوەی شوباتی لە ساڵی ١٩٦٦ گیراو پاشان توانی پەنا بباتە لوبنان، بە غیابی حوکمی لە سێدارەدانی درا، لە ساڵی ١٩٧٠دا لێبووردنی بۆ دەرچوو بۆ ماوەیەکی کەم هاتەوە بۆ سوریا، پاشان ڕۆیشتەوە بۆ پاریس و لەوێ ژیانی بەسەر برد و لە ساڵی ١٩٧٨ لە پاریس گۆڤاری (الاحیاو العربی) بەر هەڵستکاری دەرئەکرد، لەساڵی ١٩٨٠ تیرۆر کرا.

٢- میشال یوسف عفلق ساڵی ١٩١٠ لە دیمەشق لە خێزانێکی ناودار بە خەباتکردن دژی تورک لە دایکبووە، لە پاریس مێژوو دەخوێنێت.

لە ساڵی ١٩٦٨ کە بەعسییەکان بۆ دووەمجار بۆ یەکجارەکی هاتنە سەر حوکم لە عێراق ئەوکات بە تۆراویی لە بەڕازیل ئەژیا لەگەڵ ژنەکە و چوار منداڵەکەیدا لەماڵی خاڵی کە پزیشکی خانەنشین بوو، ئەوکات سەرکردایەتی قوتری (صلاح عمر العلی) ڕاسپارد بە چون بۆ بەڕازیل قەناعە پێکردنی عفلق بۆ گەڕانەوەی بۆ عێراق پاش ٣ هەفتە قەناعەتی پێکرد و گەڕایەوە بۆ عێراق، هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە بۆ بەخشینی شەرعییەت بوو بە دەسەڵاتی بەعس لە عێراقدا بە گوێرەی گێڕانەوەی (صلاح عمر العلی) ئەوەی لە پشت پێشنیاری گەڕانەوەی (عفلق)ەوە بووە (احمد حسن البکر) بوو.

**بڕوانە** ((صلاح عمر العلی یتذکر- الحیاه، ٧-٢٠٠٣/٤/١٢)

لەساڵی ١٩٨٩دا لەیەکێک لە خەستەخانەکانی پاریسدا مرد.
٣- پەسەندکردنی ئاڵای شۆڕشی عەرەبی کە بەعسییەکان کردییانەوە بە ئاڵای دەوڵەت و بریتی بوو لە ڕەنگەکانی سوور کە ڕەنگی شۆڕشی عەرەبییە و سەوز هی فاتمییەکانە و سپی هی ئەمەوییەکانە و ڕەشیش هی عەباسییەکانە.

## ساڵی ٢٠٠٥

## مۆدێرنیزمی پشتبەستوو بە دەوڵەت

## بەشێک لە بەعسیزم وەک خوێندنەوەیەکی مێژوویی و فیکریی

**سەرەتا:**

لەم باسەدا، قسەکردن لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی، وەک باسێکی تیۆری ڕووت و گشتی فەرامۆشکراوە... نەک لەبەرئەوەی لە گرنگی تیوریزەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی کەم بکەمەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی من هەوڵمداوە بە شوێن شیکردنەوەی تیۆری ئەو بابەتەدا بچم لە ڕێگای تاقیکرنەوەی لە ناو کایەی مێژووییدا و تێڕامان لە دۆخێکی دیاریکراو، لێرەدا هەوڵمداوە زیاتر سەرکەشی بکەم و فیکر لەناو کایەی سۆسیۆلۆجی- سیاسی کۆمەڵگایەکی دەستنیشانکراودا بخەمە گەڕ کە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگای کوردی پێوەی پەیوەستە.. بۆیە لێرەدا ویستوومە لەو جوڵە فەرهەنگییە بدوێم کە وەک کورد لەناویدا گوزەراوین و زۆر وریای ئەوەش بووم کە خۆم بە دووربگرم لە حوکمدانی پێش وەخت و شوبهاندنی ئەزموونی دەوڵەتی عێراق بە ئەزموونێکی دیکە. بۆ ئەم مەبەستە چەند توانیبێتم لەم باسەدا ڕەچاوی هەم سەردەمی عێراقی پاشایەتی هەم سەردەمی کۆماریش بکەم، بەشوێن ئەو ڕەگ و ڕیشە سیاسی و سۆسیۆلۆجییا-نەدا بچم کە کۆمەڵگای عێراق دەگەیەنێتە دۆخی (بەعسیزم). هەڵبەت وەرگێڕانی پرۆسەیەکی مێژوویی بۆ پرۆسەیەکی فیکری و پشکنینی ئەو پێکهاتە و فاکتەرانەی کە کۆمەڵگا لەسەردەمی بەعسیزمدا دەگەیەنێتە ترۆپکی دەمجسازیکردن لەناو دەوڵەتدا کارێکی قورسە و بە هەوڵی نەک من و چەندە نووسەرێکیش پڕ نابێتەوە، بەڵام بەشداریکردن لەو پرۆژەیەدا کارێکی بایەخدارە.
بە پلەی سەرەکی ئەم باسە لەسەر دەوڵەت خول دەبەستێت و لە شوێنەوارە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکەی دەوڵەت دەدوێت لە کۆمەڵگای عێراقیدا، دواجار قسەش لەسەر ئەو چینە کۆمەڵایەتییە دەکات کە بەچینی ناوەڕاست دەناسرێت و ئەدەبیات و ڕۆشنبیری ئێمە فەرامۆشی کردووە و کلۆڵییەکی گەورەمان هەیە بە ناسینەوەی

به حوکمی دۆگمایەکی ئایدۆلۆژی چەپڕەوانە کە چالاکی سیاسی و فیکری خۆی لەسەر لەوەهمی (پرۆلیتاریا) بونیاتناوە، چینی ناوەڕاست ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەیە بڕبڕەی پشتی دەوڵەتی تەکنۆ- بیرۆکراتی عێراقی پێکدەهێنێت و لەسەر دەستی بەعس سوڕی ژیانی کامڵ دەکات.

**دەروازەی یەکەم:**

جەنگی جیهانی یەکەم مەزنترین ڕووداوی کۆمەڵایەتییە لە مێژووی نوێی عێراق و کوردستاندا، چونکە ئاسۆیەکی وای خستە بەردەم کۆمەڵگا کە پێشتر نەبینراوە، عێراق بەر لەجەنگ لە بارودۆخێکی شێوە گۆشەگیردا ژیاوە خەڵک بەشێکی کەمی نەبێت هیچیان لە بارەی شارستانیەتی نوێ و ڕووداوەکانی دەوروپشتیان نەزانیوە و شارستانیەتی دەرەوە بە یەکێک لە دەرئەنجامە گرنگەکانی ئەم جەنگە لە قەڵەم دەدرێت.

سۆسیۆلۆجست و عێراقناسی گەورە (علی الوردی) دەڵێت: دەتوانین کۆمەڵگای عێراقی بشوبهێنین بە نووستوویەک خەبەری دەبێتەوە ڕووداوی سەیر دەبینێت و تووشی ململانێیەکی دەروونی- کۆمەڵایەتی دەبێت کە ئێستاش پێوەی دەتلێتەوە (١) (بڕوانە: دراسە فی الگبیعە المجتمع العراقی- د. علی الوردی- انتشارات المکتبە الحیدریە- سنە الگبع ١٩٩٦ الگبعە الاولی) هەڵبەت (الوردی) دەیەوێت ئاماژە بۆ یەکێک لە کارنامە بەناوبانگەکانی بکات یان یەکێک لە دۆزینەوەی سۆسیۆلۆجییە گرنگەکانی کە دەشێت بەم شێوەیە لێی بدوێین.. ئەویش ئەوەیە کە کەسایەتی عێراقی دەرئەنجامی دوو کلتوور یان دوو ڕۆشنبیرییە، ئەمەش بۆتە هۆی دوالیزمێکی ڕۆشنبیری.. کۆمەڵایەتی، کاریگەری قووڵ بەسەر پێکهاتنامانەوە دادەنێت و شایستەی بایەخ پێدانە، چونکە دوالیزم کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا ڕوو دەدات کە دوو سیستەمی بەهاکردنی دژ بەیەکی هەبێت، ئەمەش بەهۆی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و گەیشتنی کتوپڕانەی شارستانیەتی نوێ بۆ عێراق و بە هۆی ئیحتلالەوە واتە داگیرکردنەوە.

بۆیە شتێکی ئاساییە عوسمانییەکان بکەونە پڕوپاگەندەی ئەوەی ئەوانە کافرن و ئینگلیزەکان بۆ هەرەسهێنانی خەلافەت و ئیسلام هاتوون، دیارە ئەمەش دەرئەنجامی بەرکەوتنی دوو جۆر ژیان و جیهانبینی جیاوازە کە بەزمانی (داریوش شایگان) کۆمەڵگا تووشی حاڵەتێک دەبێت کە لە (شیزۆفرینیا) بچێت (٢) (بڕوانە: اوهام الهویە- داریوش شایگان- ترجمە: محمد علی مقلد- دارالساقی- الگبعە الاولی- السنە ١٩٩٣). هەر بۆیە کلتووری تەقلیدی لە عێراقی هاوچەرخدا ڕوو بەرووی

سێ سیمبولی نوێ بووەوە کە نامۆ بوون بە ژیان و کلتووری و کۆمەڵگای عێراق. یەکەمیان (قوتابخانە)و دووەمیان (سفور) و سێیەمیان (ئەفەندییە)یە. لێرەدا بەگونجاوی دەزانم بە تەنها کەمێک لەبارەی ئەفەندییەوە بدوێم. بەر لە جەنگی گەورەی یەکەم دەزگاکانی عوسمانی پڕبوون لە جۆرە کەسانێک کە پێیان دەوترا ئەفەندی، ئەفەندی هەموو ئەوانەیە کە جلوبەرگی ئەوروپیان لەبەردایە و لە دەزگای حکومیدا کاردەکەن، ئەوەی شایانی باسە ئەفەندییەکان توێژاڵێکی بە ژمارە زۆر و کاریگەر بوون. لونکریک دەڵێت: (چینی ئەفەندی خوێندەواریی و نووسین دەزانن و هەوڵی لاساییکردنەوەی ئەوروپی دەدەن بە جلوبەرگ و ڕقیان لە جوتیار و عەشایەرە)(٣) (بڕوانە: لمحات اجتماعیه من تاریخ العراق الحدیث- الجزو الپالپ- د. علی الوردی- بغداد ١٩٧٢، هەروەها بڕوانە بەشی شەشەمی ئەم کتێبە لەلاپەڕە ٣٠١- ٣١٧)، هەر بۆیە دەشێت ئاماژە بۆ دەرکەوتنی چینێکی نوێ بکەین لە عێراقدا کە (ئەفەندییە) کە زۆریش ئەمانە دەرچووی قوتابخانەی نوێن و ڕۆڵی کاریگەریشیان گێڕاوە لە گواستنەوەی خەسڵەتەکانی ژیاری تازە بۆ کۆمەڵگای عێراقی.. وەک حەڵقەی پەیوەندی دانیشتوانی ڕەسەنی عێراق و تورک بوون.. ئەوەی شایانی باسە وەزیفەی حکومی لەسەردەمی عوسمانیدا قۆرخکرابوو بۆ چینی ئەفەندی و پایەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتیان هەبوو، بەڵام پاش جەنگی جیهانی یەکەم گۆڕانکاریی لە وەزیفەی حکومیدا ڕوویدا. حکومی نوێ دەرگای وەزیفەی کردەوە، هەروەها قوتابخانەش بە فراوانی کرایەوەو ئەگەرچی لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە حەرام کرا. سەرەتا پێشوازیکردن لە قوتابخانە لاوازبوو، بەڵام لەگەڵ ڕەواجی وەزیفەی حکومیدا قوتابخانەش گەشەی کرد، ئەوەی شایانی باسە دەسەڵاتی عوسمانی لەگەڵ داگیرکەراندا کۆتایی هات و ساڵانی ١٩١٧بۆ ١٩٢٠ عێراق خەباتی دژ بە داگیرکەری ئینگلیزی بەخۆیەوە بینی، بەڵام گرنگترین ڕووداوێک لە مێژووی سیاسی عێراقدا، دروستکردنی دەوڵەتی عێراقە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، من لێرەدا ئەوەم بەلاوە گرنگ نییە بڵێین ئەم دەوڵەتە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز بووە، بەڵکو من لێرەدا قسە لەسەر ئەو دەرئەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوورییە دەکەم کە لە ئەنجامی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە هاتە گۆڕێ.

کۆمەڵگای عێراقی لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا یەک گەل و یەک کۆمەلەی سیاسی یەکگرتوو کۆی نەدەکردەوە ئەمەش نەک لەبەرئەوەی عێراق فرە نەتەوەو کەمایەتی و فرە مەزهەبە، بەڵکو هۆکەی بە بڕوای سۆسیۆلۆجیست و عێراقناسی گەورە (حنا بگاگو) دەگەڕێتەوە بۆ (ماوە)یەکی زۆر لەنێوان دانیشتوانی شار و دەرەوەی شار*

(العراق- حنا بگاگو- الکتاب الاول- ترجمه: عفیف الرزاز- الۆسسه الابحاپ العربیه- الگبعه العربیه الاولی ١٩٩٠ بیروت).. هەڵبەت وشەی (ماوه) بەمانای ماوەی سۆسیۆلۆجی و رۆشنبیری دێت. بۆیە ئەمەش ئاساییە وابکات بۆ شاییەک لە نێوان گەل و حکومەتی تازە دامەزراودا هەبێت. (علی الوردی) سەرنجی ئەوەی داوە کەچۆن گەل سەیری حکومەت دەکات وەک دوژمن و چۆنیش ئەمە لە ناوەندی گشتیدا ڕەنگی داوەتەوە، کاتێک ئەفەندییەک دەبینن بە قەڵەم و دەفتەرەوە دەڵێن یان بۆ باج هاتووە یان بۆ سەربازگیری، خۆ ئەگەر جلوبەرگی ئەوان لە بەربکات دەڵێن حکومەت ناردویێتی بۆ سیخوڕی. ئەوەی شایانی باسە دەوڵەتی عێراقی کارگێڕییەکی تەواو جیاوازی هەبوو لە کارگێڕی عوسمانی و لەسەر دوو ڕەگەز بونیاتنراوە، یەکەمیان (پەرلەمانی) و دووەمیان (دیموکراسی)یە.

بەکورتی حوکمڕانی ئینگلیزی کۆمەڵگای عێراقی لەناو هەیکەلێکی سیاسی و کارگێڕی جیاوازدا ڕێکخست کە گرنگترینیان ئەنجوومەنی تەشریعی و مەحاکم و دەزگای بیرۆکراتی جێگیر و دەزگای خوێندنە، ئینگلیزەکان کە لە قۆناغی داگیرکردن تەواو بوون بایەخدانی سەربازییان گۆڕی بە دروستکردنی سیستەمی ئیداریی و دەوڵەتی عێراقیان پێکهێنا (٤) (ساڵی ١٩١٧ بۆ ١٩٢٠ خەبات دژی داگیرکەری ئینگلیزی/ ١٩٢٠ بۆ ١٩٣٢ ئینتداب/ ١٩٣٢ بۆ ١٩٥٨ لاچوونی ئینتداب ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی عێراق، بەڵام بە پەیمانی ئینگلیزی عێراقی کۆتکرا تا ساڵی ١٩٥٨). ئەوەی شایانی باسە عێراقی پاشایەتی کەوتە بەردەم ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانی ئەمانیش بە عەقڵی سەربازی و کودەتایی بیریان دەکردەوە، ئەمانەش ئەو توێژاڵە ئەرستۆکراتی و سەربازییانە بوون لەسەردەمی عوسمانیدا پایەی سەربازی و بیرۆکراتییان هەبوو و پاش دامەزراندنی پاشایەتیش (١٩٢١) ئۆرستۆکراتە بەرپرسە کۆنەکان دەمچ بوون بە ئامێری کارگێڕی نوێ و پەیوەندییان لەگەڵ پاشا و ئینگلزیشدا باش بوو. پاشان ئەم چینە بوون بە بەشێک لە چینی سیاسی تازە دامەزراوی عێراق بە گوێرەی ئوستاد (حنا بگاگو) لە ساڵی ١٩٢١ بۆ ١٩٥٨ (١١٠) دامەزراندنی وەزارییان هەبووە، هاوکات لە درێژەی ئەم پەرەسەندانەدا زەمینەی لەدایکبوونی چینێکی نوێ لەدایکبوو ئەگەرچی گۆرپەش بوو ئەوانیش ئینتلیجنیسای نوێیە، بەڵام ئەم ناسیۆنالیزمەی پەیوەستەگییە کۆنەکانی نەگۆڕی، بەڵکو لەگەڵیدا ژیاوەو هاوکات عەشایەر لەماوەی پاشایەتیدا بوژاندنەوەی بەخۆیەوە بینی و پایەی حکومی وەرگرت کە دەتوانرێت پشت بە ئامار و بەڵگە نامەکەی (حنا بگاگو) ببەسترێت.

لەم ڕووداوەوە دەشێت بڵێین ڕۆنانی دەوڵــەت بۆ شەرعییەتی پارتی سیاسی

لەبار نەبووە ئەمەش قەیرانێکی بەردەوامی خستووەتەوە بەتایبەتی لە قۆناغی پاشایەتیدا.. ئەمەش واتە ونبوونی شەرعییەتی پارتی سیاسی دوو فاکتەر ڕێگری کردووە لە قۆناغی پاشایەتیدا: یەکەم: لەبەر ئەوەی زەوی شێوەیەکی گەورەی موڵکایەتی هەبووە، هەروەها دەوڵەتیش گەورەترین خاوەن زەوی بووە. جگە لەوە ئەم موڵکایەتییە پەیوەندی بە بەهێزی قەوارەی خێڵ و ئابووری کشتوکاڵییەوە هەیە. دووەمیش: نوخبەی (سیاسی- سەربازی) بیرۆکرات کە نوخبەیەکی خاوەن موڵک نەبووە، بوو بە نوخبەیەکی خاوەن موڵک بەمەش دەوڵەت چووەتە هاوپەیمانییەتی هێزی کلاسیکی کۆمەڵگاوە.. لێرەوە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و ئینتلجینیسای نوێ بەدەوڵەت و کۆمەڵگای تەقلیدی گەمارۆ دراوەو دووچاری تەنگەژەیەکی بونیادی کراوە، هەروەها گرنگترین ئیشکالییەتی قۆناغی پاشایەتی جیابوونەوەی سوپا و سیاسەت بوو. لێرەوە کودەتای ١٩٣٦ بکر الـ×دقی و کودەتای مایسی ١٩٤١ (رشید عالی الگیلانی) باشترین بەڵگەیە، هەر بۆیە (سەربازی سیاسی) پاڵێوراوترین گرووپە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و شۆڕشی ١٩٥٨ بەتەواوی دەستی درێژی بەخشی بە سوپا.. ئیدی لێرەوە سوپا بۆ ناو ڕەهەندێکی ئەقائیدی و ئایدۆلۆجی خلیسکا. هاوکات ئەوەی شایانی باسە هەردوو کودەتای بەعس ساڵی ١٩٦٣ و ساڵی ١٩٦٨ بە هاوپەیمانییەتی سەرباز بە ئەنجام گەیشتووە، کە بە زمانی (فالح عابد الجبار) (١٩٥٨- ١٩٦٣)نموونەی دەسەڵاتخوازی سەربازی نوێیە هاوکات لە قۆناغی پاشایەتیشدا میکانیزمی کارگێڕی ئینگلیزی پشتی لە خوێندەواران و چینی ناوەندی کرد، بەپلەی یەکەم خۆی لەناو عەقڵی سەربازیدا پەنادا، کەخۆی لەو ئەفسەرە عێراقییانەدا دەبینییەوە کە مەشقیان لە دامەزراوەی عوسمانییەکاندا کردبوو وەک (یاسین الهاشمی) و(جعفر العسکری) و (نوری سعید) و (جمیل المدفعی) و (علی جودت الایوبی)(٥) (بڕوانە: الحرب الوطنی الدیموقراطی العراقی فی العهد الملکی- جینی سنغلتون- مجموعه مترجمین- الطبعه الاولی ١٩٩٩- المؤسسه العربیه للدراسات و النشر). لێرەوە بە حوکمی مۆنۆپۆڵکردنی بڕیاری سیاسی لە دەستی نوخبەیەکی سەربازی- سیاسی بچوکدا، چینی ناوەنجی لە چالاکی سیاسی خرا، هەروەها خێڵایەتی هەم دەسەڵاتی ئابووری و هەم سیاسی و حکومیشیان پێدرا، ئەمەش لەلایەکی ترەوە ڕۆشنبیرانی تووشی شکستێکی دەروونی و سیاسی کرد، لێرەدا کە قسە لەسەر چینی ناوەڕاستی عێراقی دەکەین دەتوانین دوو گرووپ جیابکەینەوە.

یەکەمیان: گرووپی حکومی کە دابەشت دەکەین بەسەر دوو پۆلدا.

دووەمیان: گرووپی بەرهەڵستکار یان غەیرە حکومی.

یەکەمیان: بە حوکمی دروستبوونی دەوڵەت عێراق و دامودەزگاکانی چینێک نەک لەناو پەیوەندی ئابووریدا، بەڵکو لەناو ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی دامودەزگای دەوڵەتدا پەیدابوو، چونکە دەوڵەت پێویستی بە تەکنۆکرات و بیرۆکرات هەیە وەک چۆن پێویستی بە بازاڕ و بازرگان و مەعاریف و..هتد، ئەم چینە کۆمەڵایەتییە دەوڵەتییە لە دوو پۆلدا خۆی دەنوێنێت.
پۆلی یەکەم (بیرۆکراتی مەدەنی) و پۆلی دووەم (بیرۆکراتی سەربازی). ئەوەی شیاوی باسە ئەم بیرۆکراتییە سەربازییە دەشێت بە توێژی (دوو ڕەگی عوسمانی- عێراقی) ناوی بەرین و مەیلێکی ئیستیبدادی سیاسیان هەبووە.
دووەم: بریتین لەو تایپە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئەکادیمست و فەرمانبەر و قازی و پیشەگەر و خوێندەواراندا خۆی ئەنواند و هاوسۆز بوون لەگەڵ بەرهەڵستکاری ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان.
دەرئەنجام دەشێت بڵێین گەورەترین کێشەی چینی ناوەڕاستی ئەو ڕۆژگارە بەوە دەتوانین لە قەڵەمی بدەین کە دەوڵەت دەستی کاریگەری لە بەرهەمهێنانی چینی ناوەڕاستدا هەبووە و گەشەی پێداوە، بەڵام گەشەی بەلیبراڵیەتە سیاسی و فیکرییەکەی نەداوە و سەرکوتی کردووە، بۆیە ئەم چینە تووشی سەرکوتکردن هات لە مێژووی گەشە سەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراقی پاشایەتیدا و بۆیە سەیر نابێت ئەم چینە پەنا بباتە بەر توندوتیژی لە ڕەفتار و جموجوڵی سیاسییانەیدا وەک کاردانەوەیەک بۆ توندوتیژی ڕەسمی.

**دەروازەی دووەم:**
قسەکردن لەسەر جوڵاندنەوەی بەعسی عەرەبی یان بڵێین (حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) مەسەلەیەکی تەواو ئاڵۆزە و دژوارە، نەک لەبەرئەوەی (بەعس) لە ڕاڤەکردن یاخییە، بگرە لەبەر بە سیستەمبوونی بەعس لە کۆمەڵگای عێراقدا، لێرەدا دەخوازم ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی گرنگ بکەم کە دەشێت ناوی بەرم بە (دینامیکیەتی سیاسی ماوەکورت) لە مێژووی هاوچەرخی سیاسی عێراقدا، هەروەها بەعس تەواوترین نموونەی ئەم دینامیکیەتە سیاسییە ماوە کورتەیە، هەربۆیە من لەو بڕوایەدام پەنابردن بۆ توندوتیژی یان فاشیستێتی بەعس (ئەگەر گریمان زاراوەی فاشی دروست بێت) ڕێگایەکی ناچارییانەیە، دەبێت بەعس دینامیکیەتی سیاسی ماوە درێژی پێ زامن بکات ئەمەش ڕێگایەکە کە سەرکەوتن تیایدا هەرگیزە.. بەڵام لێرەدا پرسیار بکەم بەعس چۆن نوێنەری دینامیکییەتی سیاسی ماوەکورتە،

هەروەها ئەو بنەمایە چییە کە وا دەکات دینامیکییەتی سیاسی لە عێراقدا ماوە درێژ نەبێت؟ لێرەدا من دەتوانم دوو تەوەر دەستنیشان بکەم.
یەکەمیان: ئەو ناکۆکییە توندەی کۆمەڵگای عێراق دەچێتە ناوییەوە.
دووەمیان: فیکری سیاسی عێراق.
یەکەم: کۆمەڵگای عێراق بە حوکمی ئەوەی وەک ڕاستییەکی ئەزموونی، کۆمەڵگایەکی فرە پێکهاتەیە لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبی و کلتوورییەوە، جگە لە بوونی کەمایەتی ئاینی و نەژادی، بەڵام سیستەمی سیاسی ڕەچاوی ئەم فرەییەی ناو کۆمەڵگای نەکردووە، لێرەدا قەوارەی سیاسی عێراق چووەتە ناو ناکۆکییەکەوە کە وا دەکات قەوارەی سیاسی عێراق چ لەرووی بەڕێوەبردن چ لەرووی داپۆشینی ئەو ناکۆکییەی کە هەیەتی بە دۆخێک هەوڵی چارەسەرکردنی بدات کە دەشێت ناوی بەرم بە (سوڕی توندوتیژی) (ئەگەر ئەم دەبڕینە دروست بێت) لێرەوە کێشەی کورد و شیعە دەبێتە کێشەیەکی دریژخایەنی قەوارەی سیاسی عێراق.
دووەم: فیکری سیاسی لە عێراقدا نەیتوانیوە لەسەر فرە پێکهاتەیی عێراق خۆی بونیاد بنێت، لێرەوە قسە لەسەر ناسیۆنالیستی عەرەب دەکەین کە چۆن دەوڵەتی تاک نەتەوەیی ئایدۆلۆجی خستەوە و لەسەر دەستی بەعس فۆڕمێکی تەواوی وەرگرت، وەک (حسن العلوی) دەڵێت: سەرەتا بەعسس تەبشیرێکی ناسیۆنالیستانە بووو. تەبشیر (بەعسی عەرەبی) لێکەوتەوە و (حیزب) بوو بە ئەندامی بەرەی یەکێتی نیشتمانی کە لە ساڵی ١٩٥٧ دامـەزرا و بووبە یەکێک لە نەیارەکانی پاشایەتی، ئەوەی شایانی باسە لە سەرەتای چلەکاندا تەنها کۆمەڵە کەسانێکی ناسیۆنالستخواز بوون لە سوریا، لە ساڵی ١٩٤١ پشتگیرییان بۆ ڕووداوی مایسی ١٩٤١ی عێراق دەربڕی، پاشان لە ساڵی ١٩٤٣دا قۆناغی ڕێکخستنیان بە خۆوە بینی و بزووتنەوەی بەعسی عەرەبییان دامەزراند، لە تشرینی ١٩٥٢ ناوی ئیشتراکی خرایە سەر حیزبەکە و دروشمەکەی (امه العربیه واحده ژات ڕساله خالده) بوو ئەوەی شایانی باسە بزووتنەوەی بەعسی عەرەبی لە ساڵی ١٩٤٣ ویستی ڕۆژنامەیەک بەناوی خۆیە دەربکات، واتە بەناوی (بەعس)ەوە، بەڵام پاشان لە ساڵی ١٩٤٦ لە ٣ی تەمووزدا ژمارە (١)ی (بەعس) دەرچوو، میشیل عەفلەق لە ژێر ناوی (تۆوی بەعس) سەروتاری یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (بەعس)ی نووسی کە ئەمە دەقەکەیەتی (ئێمەش دەمانەوێت هەموو خەڵکی بکەینە خۆمان و بیر و باوەڕمان هەموو کەسێکی میللەتەکەمان بگرێتەوە، بەڵام ئەوەش دەزانین کە ئێستا ئەو شتەمان بۆ ناکرێت و بێ ماندووبوونیش نایەتەدی و ئێمە دوور دەڕوانین و چاومان لە

دوا ڕۆژە و خەباتی بۆ دەکەین، بۆ ئەمەش ئێستا دەکەین بە قوربانی سبەینێ، ئێمە ڕای خەڵکی پشتگوێ دەخەین تاڕادەیەکیان بۆ ئامادە دەکەین و گوێ بە ژمارەی ئێستاشیان نادەین...)١ (٦) (بڕوانە: نضال البعث- القطر السوری (١٩٤٣- ١٩٤٩)- دار الطلیعە- بیروت- الطبعە الثالثە. ص ٩٩). ئەوەی شایانی باسە چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٣ و چاپی دووەمی لە ساڵی ١٩٧٠ داو هەروەها ئەم چاپەیان لە ساڵی ١٩٧٢دا کراوە و ٤٥ بەڵگەنامەی نوێتری گرتووەتە خۆی کە بۆ یەکەم جار لەم چاپەدا بڵاوکراوەتەوە، کە هێندێکی هی ڕۆژنامەی بەعس و هەندێکیشی لە بڵاوکراوەی نهێنی ناو خۆیی بەعس وەرگیراوە.

لێرەوە دەشێت قسە لەسەر ناسیۆنالیزمی بەعس بکەین، بەو پێیەی ناسیۆنالیزمی بەعس ناسیۆنالیزمێکی داهێنراوە بە زمانی (بندکت اندرسن) (ئەگەر گریمان ئەمە لە ڕەوتی ئەزموونی عێراقدا گونجاو بێت)، بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزمی بەعس زیاتر ورد بکەینەوە دەخوازم ئاگادارتان بکەم لەسەر یەکەم بەیاننامەی (بزووتنەوەی بەعس عەرەبی) کە تیایدا هاتووە :(نوێنەرایەتی ڕۆحی عەرەبی دەکەین دژی شوعیەتی ماتریالیستی، نوێنەرایەتی مێژووی زیندووی عەرەبی دەکەین دژی کۆنەپەرستی مردوو و پێشکەوتنخوازی دەستکرد، نوێنەرایەتی نەوەی تازەی عەرەب دەکەین، نوێنەرایەتی عەرەبایەتی دەکـەیـن..) (٧) (دیمەشق تەموزی ١٩٤٣، هەمان سەرچاوەی ژمارە (٦) لا١٥).

بمبورن دەبێت زیاتر لە جارێک هاوەڵیم بکەن بتانگەڕێنمەوە سەر ڕەهەندی ئەرشیفی (بەعس) بۆ ئەوەی لێکدانەوەکەمان تەواو هەوڵی پێکاندنی ئیشکالییەتی (بەعس) بدات، لێرەوە ئەگەر تەماشای دەستووری سەرەتای حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بکەین، خاڵی دوو لە پرەنسیپی یەکەم (نەتەوەی عەرەبی یەک یەکەی کلتوورییە هەم جیاوازی نێوانیان ڕواڵەتی و پووچە، هەمووی بەڕابوونی ویژدانی عەرەبی نامێنێت) (٨) (بڕوانە: نچال البعپ ١٩٤٣- ١٩٤٩ (وثائق حزب البعپ العربی الاشتراکی)- دار الگلیعە- بیروت، هەروەها لەلاپەڕە ١١ نووسراوە (سیمای ڕێکخستنی حیزبی بەعس ڕێکخستنی عەرەبییانەی سەرتاپاگیرە) (٩) (هەمان سەرچاوەی ژمارە (٨))، هەروەها بەعس لە ٢٠ حوزەیرانی ١٩٨٩دا لە بڵاوکراوەیەکی تایبەتدا بۆ ئەندامانی خۆی جەخت لەسەر عەرەبێتی عێراق دەکاتەوە (١٠) (بڕوانە: نضال البحض- القضر العراق (١٩٥٨- ١٩٦٣)- جزو السابع) هاوکات مەندووبی ڕۆژنامەی (نضال) لە بارەی پرەنسیپی حیزبی بەعس و بەرنامە و هەڵوێستەکانی لە ١٦ ئەیلولی ١٩٤٥ کۆمەڵە پرسیارێکی ئاڕاستەی میشێل عەفلەق کردووە، عەفلەق لە میانەی وەڵامەکانیدا

دەڵێت (ئایدیای عەرەبایەتیمان لە ئبستراکت دەرکرد و لە چوارچێوەی مێژووی خۆی داماننا، بۆیە ناوی حیزبەکەمان نا (بەعس عەرەبی) نەک بەعس قەومی) (١١) (خوێنەر دەتوانێت بۆ زیاتر ئاگادار بوونی بگەڕێتەوە سەر دەقی دیمانەکە لە دوو سەرچاوەدا ئەوانیش ژمارە ٦و ٨)، هاوکات دەتوانین تەماشای ئەوە بکەین کە چۆن عەرەبایەتی دەبێت بە جەوهەر و پێکهێنەری ئایدۆلۆجی بەعسیزم (عەقیدەی بەعس عەقیدەیەکی نەتەوەییە) (لا٢٤) (مەسەلەی بەعس پاراستنی عەرەبایەتی عێراقە) (لا٤٢) (١٢) (المنهاج الثقافی المرکزی- الکتاب الاول حزب البعث العربی الاشتراکی- القیاده القومیه- مکتب الثاقافه والاعلام). بەعس جەختکردنەوەیەکی بەردەوامی لەسەر عەرەب بوون دەکاتەوە سەدام حسێن لە ٢٥/ ١١/ ١٩٨٩دا دەڵێت (ناوی حیزبەکەمان لەسەرەتاوە بەعسی عەرەبی بووە بەرلەوەی ناوی بنرێت بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) (١٣) (جوانب من خصوصیتنا- الطبعه الاولی- ١٩٨٩ دار الحریه- بغداد ص ١٠) هاوکات بەعس لەوەش زیاتر زیادەڕۆی کردووە و هەوڵیداوە سەرلەنوێ پێناسەی هەموو شتێک دابڕژێتەوە لە تێگەی عەرەبایەتی، لەم ڕووەشەوە هەوڵی جوتکردنی ئیسلام و عەرەبایەتی کردووە بە شێوەیەک ئیسلام یەکسان بێت بە عەرەبایەتی (صدام حسین) لەوتەیەکیدا بۆ لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کاروباری زانیاری بۆ گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندن و پەرەوەردە لە ١٣/ ١١/ ١٩٧٣دا دەڵێت (مێژووی موسڵمانییەتی لە بنەڕەتدا مێژووی عەرەبە) (١٤) (بڕوانە: شۆڕش و پەروەردەی نیشتمانی- صدام حسین)، هاوکات بەعس گرنگی بەژیانی پێغەمبەری عەرەبی دەدات بەو پێیەی ژیانی پێغەمبەر لە فەرهەنگی بەعسدا کورتەی ژیانی عەرەبە و (ئیسشلام عەرەبایەتی نوێ دەکاتەوە و کامڵی دەکات) (١٥) (المنهاج الثقافی المرکزی- الکتاب الثانی). لێرەوە هەوڵ دەدەین لەسەر تەرزی ناسیۆنالیزمی بەعس بدوێین تا بە تەواوی لەو ناکۆکییە بە ئەنجام کارەساتە تێگەین کە دەرئەنجامی دەمجکردنی بەزۆری کۆمەڵگای فرە پێکهاتەی عێراقە لەناو تاک ڕەهەندی ناسیۆنالیزمی بەعسدا.

سەرەتا ناچار دەبین ناسیۆنالیزمی پشت بەستوو بە چەمکی هاونیشتمانی کە مۆدێلی شۆڕشی فەرەنسییە و دانیشتوانی زەوییەکی دیاریکراو تیایدا دەبن بە هاونیشتمانی بەدەر لە پەیوەستەگی زمانی و نەژادییان جیابکەینەوە لە ناسیۆنالیزمی تەوحیدییانە ئاماژە بەوە دەکەم کە چۆن (سامی زبیده) ئەوە شیدەکاتەوە کە ناسیۆنالستە عەرەبەکان وێنەی خۆیان لەو ڕووەوە دەشوبهێنن، کە پارچە پارچەیی و بزوێنەریانە بۆ یەکێتی عەرەبی، ناسیۆنالیزمی تەوحیدی گرێدراوە بە نموونەی ئەڵمانی و ئیتاڵییەوە و پرۆسەی یەکخستنی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا. نمونەی ئەڵمانیا نمونەیەکە

لەسەر بنەچەی ئەڵمانیانە بونیادنراوە، وەک ڕاستییەکی پشتبەستوو بە کلتوور و ئیرادە کە دواجار ئەم ئیرادە هاوبەشە گوزارشت لەخۆی بکات لەشێوەی دەوڵەتێکی تایبەتدا. (سامی زبیدە) دەڵێت (سەیر نییە ئایدیای فەیلەسوفانی ئەڵمانی (هیردەر)و (نیچە) کاری گرنگی بەسەر ناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە جێبهێڵێت بە شێوەیەکی ئاشکرا لای (ساگع الحصری)(١٦) (النزعه القومیه والاسلام السیاسی- سامی زبیدە- چمن کتاب: القومیه مرچ العصرام- دار الساقی گ الاولی ١٩٩٥) کە دەشێت من ناوی بنێم (نیوتنی عەرەبایەتی) چونکە لەسەر ئاینی عەرەبایەتی کاری کردووە (١٧) (بڕوانە: العروبە اولا.. الساگع الحصری- دارالگلیعە- بیروت- الگبعە السادسە ١٩٧٨) ئەوەی شایەنی باسە ناسیۆنالیزمی بەعس لەسەر بنەمای (نیشتمان)و (هاونیشتمانی) پێک نەهاتووە، وەک پەیوەندییەکی چوارچێوە فراوان کە جێگای پەیوەندییە چوارچێوە تەسکەکان بگرێتەوە وەک خێڵ و عەشیرەت... هاوکات دەشێت بڵێین ئەو چوارچێوە ئایدۆلۆجییەی لە بەردەستی دەوڵەتی عێراقدا بووە بۆ ئەوەی لەناویدا بجوڵێتەوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بووە.. ئەمەش لەبەر چەندە هۆکارێک لەوانە پاراستنی عێراق لە تورکیا و ئێران، هەروەها هاوسەنگکردنی (سونی) لە دەرەوە بەرامبەر زۆرینەی (شیعی) لەناوەوە جگە لەوەی لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە (بەعەرەببوون) ڕێگای لەباری خۆجیاکردنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی عێراقە لە عوسمانییەکان، لەبەرئەوەی لە ڕوویی کلتوورەوە هاوئاینن، بەپێچەوانەی (میسر) کە ڕەهەندی ئاینیی تیایدا بڵندە و بۆ ئەوەی لە خۆرئاوای بە (ئاین) جیاواز خۆی جیابکاتەوە.

لێرەدا هەڵبەت قسە لەسەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکەین لە عێراقدا بەو مانایەی هاوتای (عەرەبایەتی)یە و لەسەر دەستی (بەعس) دەگاتە جلە و پۆپەی خۆسەپاندن (١٩٧٩- ١٩٨٨) هەڵبەت (بەعس) لەساڵی ١٩٦٨ بە دواوە هەوڵی سەر لەنوێ داڕشتنەوەی کلتوور و مێژووی داوە لە ڕوانگەی خۆیەوە، لێرەوە دەتوانین قسە لەسەر وەزیفەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی- بەعسی لە دوو ڕەهەنددا دەستنیشان بکەین.

یەکەمیان: لەبەرئەوەی دەوڵەتی عێراقی بەرەسمی جیاوازییەکانی ناوخۆیی عێراق ناناسێت دۆخێکی کوشندەی بۆ (جیاوازەکان) دروستکردووە.

دووەمیان: ناسیۆنالیزمی لەناو فەزای ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەک فۆڕمی تەواوی پێداوە لێرەشەوە (ناسیۆنالیزمی عەرەبی) تۆڕێکی ئایدۆلۆجی و یۆتۆبییە بۆ بەستنەوەی ناڕاستەوخۆی ئەندامەکانی کۆمەڵگا بە دەسەڵاتی سیاسی بەعسەوە هاوکات ناسیۆنالیزمی بەعس وێنەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی زەقکردووەتەوە وەک دوژمنێکی دەرەکی لە خۆیدا.

**لێرەوە ناسیۆنالیزم دەبێتە مەناعەیەکی گەورە بۆ خۆ شاردنەوەی (بەعس)... بۆیە شتێکی سەیر نییە لێدانی عێراق لە جەنگی کەنداودا، ناوەندە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی عەرەب بریندار بکات و ڕۆشنبیری عەرەبیش لەناو بێدەنگییەکی گەورەدا بمێنێتەوە، ئەوەی شایانی باسە کۆمەڵگای عێراقی وەک باسمان کرد یەک کۆمەڵەی سیاسی نانوێنێت، هەروەها ئەو سێ ویلایەتەش بەریتانیا عێراقی لێ دروستکردووە یەکگرتووییەکی سیاسی- ئابووری- جوگرافی نانوێنێت.**

**هاوکات ناسیۆنالیزم بەمانای (عەرەبایەتی) لە ساڵی (١٩٢١- ١٩٥٨) لە عێراقدا لاواز بووە، بەڵکو مەسەلەی سەربەخۆیی نیشتمانی لە بەریتانیا مەسەلەی سەرەکی بووە، خەیاڵدانی (عەرەبایەتی) بەسەر ناوەندی گشتی کۆمەڵگاوە کاریگەر نەبووە، کە مایەتییەکی بچووک خەونی دەمجکردنی عێراقی هەبووە بە قەوارەی عەرەبی گـەورەوە، هەم لەبەرئەوەی عێراق لەساڵی ١٩٣٤ەوە سەربەخۆیی (بەناویش بێت) وەرگرتووە، هەم لەبەرئەوەی خاوەنی سوپای خۆشی بووە، لانکی دەڵێت (مەملەکەتی عێراقی دوو گرفتی هەیە، یەکەمیان سیاسییە و پەیوەستە بە ئیدارەی نیشتمانییەوە و دووەمیان ئابوورییە و پەیوەستە بە پەرەپێدانی دەرامەتەوە) (١٨)** (**بڕوانە:** احزاب المعارچه العلنیه فی العراق ١٩٤٦- ١٩٥٤ عادل غفوری خلیل. الگبعه الاولی ١٩٨٤ ص٢). **لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین پۆلێنکردنی ناسیۆنالیزمی لە عێراقدا لەسەر دوو شێوەیە:**

**یەکەم: ناسیونالیزم لە ژێرەوەی (کەماوەی حوکمی پاشایەتییە لە ساڵی (١٩٢١ بۆ ١٩٥٨)**

**دووەم: (١٩٦٨)ەوە لە درێژ نەبێتەوە (١٩)** (منابع نشوو القومیه فی المشرق و نزعه العوبه فی العراق ــ مارویون فاروق سلکلیت و بینز سلکلیت چمن الکتاب: القومیه مرچ العصرام خلاصه ــ دار الساقی اعده للنشر فالح عبدالجبار: الگبعه الاولی **١٩٩٥) لێرەوە ئەخوازم ئاماژەیەکی بەڵگەیی بهێنمەوە لەو ڕووەوە (بەعس) یەکێک لە بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی هەرێمایەتی عێراق لە ساڵی (١٩٦٠) کە بۆ گۆنگرەی چوارەمی نەتەوەیی بەرز کراوەتەوە ئەمەیە** (دراسه موقف الحزب من قچیه الاقیات فی الوگن العربی و خصوصا قچیه الاکراد فی العراق و الاقیلم الشمالی)(٢٠)(بروانه نچال البعپ: القگر العراقی ١٩٥٨ ــ ١٩٦٣ الجزو السابع) **هەروەها لە دوای ئەیلولی (١٩٦١) بەیانێکی تری دەرکرد** (بیان حول التگورات الاخیره فی شمال العراق) تیایدا هاتووە (ڤهرت فی شمال العراق نزعات عنصریه مشبوهه تدعو زیفا بالسم الاکراد و مصلحتم لتجزئه أرچ العراق و تفتیت وحدته النچالیه) (٢١) **(بڕوانە هەمان سەچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٤) هەروەها**

هەر لە تشرینی دووەمی (١٩٦٢) بەعس لە ڕۆژنامەی (الاشتراکی) حزبی بەعس عەرەبی ئیشتراکیدا بڵاوکراوەیەکی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (مخاگر الحرکه المشبوهه فی الشمال و مواقف قاسم) بۆیە ئەشێت لە دەرئەنجامدا بڵێین قەوارەی سیاسی عێراق قەوارەیەکی ناکۆکە بە قەوارەی کۆمەڵگای عێراق لە ڕووەوەی ئەم قەوارەیە دواجار لە سەر ڕەسانەیەتی عەرەبی شەعییەتی وەرگرتووە، نەک ڕەچاوکردنی پلورالیزمی کۆمەڵگای عێراقی. هاوکات بەپێی پرۆگرامی بەعس ڕەسانەیەتی بەعس ڕەسانایەتییەکی عەرەبییە، یاخود بە زمانی بەعس (هەموو نەتەوەیەک هەوڵ ئەدات سنوری دەوڵەتەکەی جوتبێت لە گەڵ سنوری پێکهاتنی نەتەوەییدا) (٢٢) (المنهاج الثقافی المرکزی ــ الکتاب الاول ــ ص ٩) هاوکات دروشمی بەعسیش (الوحده الحریه الاشتراکیه) دروشمێکە بە زمانی بەعس ئامانجێکی گشتییە و پشتی بە دیدی نەتەوەیی بەعس بەستووە. لێرەوە بە بڕوای من خاڵی گرنگ کە ئەبێت دەرئەنجامی بکەین ئەوەی کە بەعس ناسیونالیزمێکی توتالیتارییە بڕوانە (الوحده و الحریه و اشتراکیه بوصفها الهداف عامه ستند الی نظره الحزب القومیه ویتمیز العصر الذی نعیش فیه بانه عصر العقائد السمواله ای العائد التی تحاول ان تکون نظره شامله مترابطه للکون و التاریخ الانسان فی حاضره و مستقبله و تحاول الرد علی کافه الاسئله المطروحه علی الصعید الجتماعی سواو السیاسیه منها ام الاقتصادیه ام الاجتماعیه) (٢٣) (بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپــەڕەی ١٥) لێرەوە ئەشێت توتالیتاریزمی بەعس لە توتالیتاریزمی ستالینی جیابکەینەوە. لە ڕووەوەی ستالینیزم لەسەر دوانەی (پرۆلیتاریا+ شۆڕشی جیهانی) بونیاتنراوە لەکاتێکدا بەعسیزم لە سەر دوانەی (شۆڕش + نەتەوە) بونیاتنراو. لێرەدا ڕەنگە بە کونجاوی بزانم لە دۆخێک بپرسینەوە و پرسیار بکەین ئاخۆ ئەوەی عێراقی فرە پێکهاتەی بەرەو دەوڵەتی تاک نەتەوە پەلکێشکردووە چییە؟ لێرەدا ئەشێت من ناوی بەرم بە (کەڵچەری سەربازی) ئەمش بە پێیەی کە (سەرباز) بە تــەواوی ئەزموونی عێراقدا ئەبێتە چەمێکێکی کلتووری تا ئەو ڕادەیــەی بە سەربازیکردنی کۆمەڵگا لە سەر دەستی بەعس بگاتە چڵەپۆپە لە ڕووی چەندایەتی کلتوورییەوە: بەڵام لێرەدا پرسیارێک هەیە کاتێک (سەرباز) ئەبێتە کلتووری سیاسی کۆمەڵگایەک، شوناسنامەی ئەو وەرچەرخانە چییە کە بەسەر دەسەڵاتدا دێت؟ ئەشێت بڵێم کاتێک (سەرباز) ئەبێتە ڕەهەندێکی کلتووری ئەکەوینە بەردەم بە دووجاکردنی کۆی سیستەمەی دەسەڵات بە مانایەک (دەسەڵاتی سەرباز) بە (دەسەڵاتی ئاین) بشوبهێت، ئەمەش لەو تەفسیرە هۆبزییەوە کە دەسەڵاتی ئاین لە دەسەڵاتی پۆلیس و سوپا ئەچێت بۆ ڕاگرتنی هێمنی کۆمەڵایەتی، بەڵام جیاوازییەکە

لەوە دایە دەسەڵاتی ئاین کەم خەرجی ترەوە بەر فراوان تریشەو لە ناخی هەر مرۆڤێکدا پۆلیسێک دائەنێت کە کە بەدەوام لەگەڵیدا بژی. خۆ ئەگەر کەمێکیش بۆ دواتر بگەڕێنەوە ئەتوانین تەماشایی عێراق (١٩٢١ ــ ١٩٥٨) بکەین، لە قۆناغی (١٩٢١ ــ ١٩٣٢) سوپا سەرەکیترین دامەزراوەی دەوڵەتەو ئۆپۆزسیۆنیش خۆڕسک و نارێکخراوە. لە ساڵی (١٩٣٣ ــ ١٩٤٥) بەر هەڵستکاری فۆڕمی پەرلەمانی ون ئەکات و شێوازی سەربازییانە بە تەواوی دێتە سەر شانۆی سیاسی و حکومەتداری کودەتای (بکر ×دقی) لە ساڵی (١٩٣٦) بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی (ئەهالی). ئەوەی شایانی باسە (ئەمە یەکەمین کودەتای سەربازییە لە نیشتمانی عەرەبی نوێدا) (٢٤) (بڕوانە هە دوو کتێبی العراق و المساله الکردیه ١٩٥٨ ــ ١٩٨٠سعد ناجی جواد / جمەوریە الخوف: تالیق سمیر خلیل. (الترجمه الکامله) ترجمه احمد ڕائف گ الاولی ١٩٩١ زەراو للاعلام العربی) ئەم کودەتا سەربازییە لە ڕووی سیاسییەوە سەباری ماوە کورتەکەی کاریگەرییەکی هەمیشەیی بەسەر ئەوەی سەبازی پاش خۆی جێهێشت. هەروەها شۆڕشی مایسی (١٩٤١) کە ناسیونالستە سەبازی و مەدەنییەکان پێی هەستان بە سەرۆکایەتی ڕەشید عالی گەیلانی. پاشان لە ساڵی (١٩٤٦ ــ ١٩٥٤) ژیانی فرە حزبی گەڕایەوە و پێنج حزبی سیاسی مۆڵەتنامەی کاری سیاسی وەرگرت (١) الحزب الوطنی الدیموقراطی (٢) حزب الاستقلال (٣) حزب الشعب (٤) حزب الاتحاد الشعب (٥) حزب الحرار. پاشان چوار حزبی تریش مۆڵەتی درایە (١) حزب الاصلاح (١٩٤٩ ــ ١٩٥١) (٢)حزب التحاد الدستوری (١٩٤٩) (٣) حزب الجبهه الشعبیه المتحده (١٩٥١) (٤) حزب الامه الاشتراکی (١٩٥١)، پاشان ئەم قۆناغەش بەمەرسومی ئیلغاکردنەوەی مۆڵەتی حزبەکان تەواو بوو، ساڵی ١٩٥٤ قۆناغی نهێنی دەستی پێکردووە (٢٥) بڕوانە: سەرچاوەی ژمارە ١٨). هەر بۆیە پاش مردنی مەلیک فەیسەڵی یەکەم عێراق تووشی شەپۆلی سەرکوتکردنێکی سیاسی هات کە سەرجەم پیاوانی دەسەڵات هاوبەشیان تیایدا کرد وەک (یاسین الهاشمی و ڕشید عالی الکیلانی و نوری السعید)... بە زمانی (حسن العلوی) سوپا بۆ ئەرکی جەندرمەیی بەکار هات و کاری سیاسی ئۆپۆزسیۆنیش بەکرداری جنائی حساب کرا، هەروەها لە ساڵی ١٩٣٣ بۆ ١٩٥٨ (٣٧) مەرسوم یاسایی سزادان دەکرا بۆ ئەوانەی لە هێڵی ئۆپۆزسیۆندا کار دەکەن، هەروەها (عبدالمحسن السعدون) (٢٦) کە (سەرۆک وەزیرانی عێراق بووە پاس ئیستفالەکردنی وەزیری ناخۆ ڕەشید عالی گیلانی وەزارەتی نوێی پێکهێنا مەرسومی (٢٥) جار لێدانی دەرکرد بۆ ئەو خوێندکارانەی بەشداری خۆپیشاندان ئەکەن (٢٧) بڕوانە: العراق دوله منئمە السریه ــ حسن العلوی. هەروەها پاش

شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ دەستووری هەمیشەیی بێگۆڕاو لە ٨/شوباتی ١٩٦٣دا حکومەتی نویٚ دەستووری کاتیی گۆڕی بە دەستوورێکی تری کاتیی. دوا جار ئەتوانم سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم ناسیونالیزمی سەربازی لە دوو ڕەهەندەوە لە سەری دەستی بەعس کلتووری سەربازی بەرهەم ئەهێنێت یەکەمیان وەک ئەوەی (خاڵی یەک) لە مادەی بیست و یەکی حزبی بەعس بریتییە لە (سەربازیکردن بە زۆر). دوومیان پرەنسیبە ڕێکخراوەییەکەی بەعس کە بریتییە لە (نفڎ پم ناقش) بەعس ئەڵێت (امامبدا التنفيذ پم المناقشه (نفڎ پم ناقش) الڎی هواساسی فی حیاه حزب البعپ العربی) (٢٨) (المنهاج الثقافی المرکزی ـ الکتاب الاول ص ٧٦) دواجار ئەم چەمکە لە ژیانی ناوخۆیی حزبەوە وەرئەچەرخێتە سەر کۆی ژیانی کۆمەڵگا و ئەبێتە پرەنسیبی سەرەکی کۆمەڵگا و سوپای پێدەگەیەنێتە قۆناغێک کە بەعس ناوی ئەبات بە (سوپای عەقائیدی) سەدام حسێن ئەڵێت (سوپا) بەعس سەرۆکایتی ئەکات و خاسییەتی سوپا ئەوەیە بەعسییە) (٢٩) (نص حديپ الرفيق صدام حسين ـ الاتحاد الوگنی للگبه العراق ص ١٤) شتیکی ئاسایی بەعس لە ٨ شوباتی ١٩٧٠دا (الجیش الشعبی) وەک یادی شۆڕشی ٨ شوباتی (١٤ ڕەمەزان) ١٩٦٣ دابمەزرێنێت کە دامەزراوێکی شێوە عەسکەرییەو ژمارەی بە کۆی پارێزگانی عێراق ساڵی ١٩٨١ بۆ ١٩٨٥ گەیشتە نیو ملییۆن.... پرۆسەی سیستەمی بەعس زاراوەی گەلی عێراق وەرچەرخانە سەر زاراوەی (الشعب المقاتل) بە گوێرەی گوتەزای بەعس ڕەهەندێکی کوژەرانەی بەرفراوانی چاند، بە شێوەیەک چەمکی دوژمن هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە (ولائی بەعس)یان نەبێت

ئەوەی شایانی باسەکە کۆتایی ئەم دەروازەیەدا ئەخوازم بڵێم ئەوەی لەم دەروازەیەدا لە بارەیەوە دوایین پایەگای (عەرەبایەتی) بەعسی بوو، بەڵام لە کۆتاییدا ئەتوانم سەرنجتان ڕابکێشم بۆ پایەگایەکی دیکەی بەعس کە تەواوکەری پرۆژەی (عەرەبایەتی) ئەویش (تەعریب)ە و ئەتوانم بڵێم (تەعریب) وەرگێڕانی بە کردەوەی (عەرەبایەتی) بەعسییەو لەبەر ئاڵۆزی پایەی (تەعریب) لە سیستەمی بەعسدا کە پێویستی بە باسی سەربەخۆ هەیە، ئەتوانم تەنها بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ سەرنجتان ڕابکێشم.... ئەویش ئەو دانپیانانەیە کە لە ڕاپۆرتی مەرکەزی کۆنگرەی نۆیەمی هەرێمایەتیدا هاتووە کە لە حوزیرانی ١٩٨٢دا. لێرەدا حەز ئەکەم لەگەڵمدا بن بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی بەعس پێیوایە مەسەلەی کورد تەنها بە چارەسەری عەسکەریی چارە نابێت تەنانەت ئەگەر دواسەنگەری دوژمنمان لە بەرزترین و دوورترین چیادا ڕوخان، بەڵکو بەعس پێیوایە ئەبێت چارەسەرێکی سەرتاپایی بۆ بدۆزرێتەوە و

ئاماژە بەوە ئەکات لەو گفتوگۆیانەی کە لە لیژنەی باڵای مەسەلەی باکوردا کران پرسیارێک کرا، ئایا گەورەترین سەرکەوتن چییە بەدەستمان هێنابێت، هەندێک وتیان گەورەترین سەکەوتن تێپەڕینە بۆ گەلی عەلی بەگ و زۆرشتی دیکە وترا، بەڵام لە ڕاستیدا گەورەترین سەرکەوتنی حەقیقی ئەوەیە کە یەکێتی عێراق بەهێزە لە دەروونی ئەو کوردەشدا کە لە سەنگەری دوژمنایەتیماندایە، مادام عەقڵییەت و سایکۆلۆجییەت یەکێتی خوازییە ئەوە مەزنترین سەرکەوتنە) ئەمەش دان پیانانێکی ڕەسمی بەعسە لە عەرەبایەتییەوە بۆ تەعریب.

**بەعس و دەوڵەت:**

بە درێژایی ئەم باسە هەوڵ ئەدەم لە ناو مێژووی سیاسی هاوچەرخی عێراقیدا بمێنمەوە. ئەو مێژووە هاوچەرخەی ئاکامی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقە، هەر لێرەشەوە لەو شوێنەوارە سیاسی فەرهەنگی و ئابوورییەی دەوڵەت عێراق ئەدوێین کە زەمینەی بەدیهێنانی بەعسیزمە. ئەمەش لەبەرئەوەی کە (دەوڵەتی پاش داگیرکردن) ئەو تەوەرە گرنگەیە کە کێشەکانی کۆمەڵگای نوێی عێراق لێک بداتەوە، چونکە کۆمەڵگای عێراقی تووشی دەزگایەکی سیاسی لە دەرەوە ڕاخولقێنراو هات بەهۆی داگیرکردنەوە، بۆیە لێرەدا ناچار دەبین تاڕادەیەک لە سەر کۆمەڵگای پاش داگیرکردن بوەستین، بەڵام لە سەرەتاوە بە پێویستی ئەزانم لە سەر دەزگای سیاسی قسە بکەین، بەو پێیەی دەزگای سیاسی لە ڕووی تەکنیکییەوە کۆمەڵە دامەزراوە و ڕێکخراوەێکە کە بوونیادی سیاسی کۆمەڵگایەک پێکدەهێنێت کە شەش دەزگای سەرەکی ئەگەیەنێت (دەزگای تەشریعی و دەزگای تەنفیزی و دەزگای قەزائی و–پارتە سیاسییەکانـ و گرووپەکانی بەرژەوەندی یان فشار بەرەو جەمعیاتی خۆویست) بۆیە ئەگەر قسە بێتە سەر کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراقدا کێشەکە لە وێوە دەستپێدەکات دەوڵەتی عێراقی دوو فاکتەری تیا ونە یاخود بە مانایەک دەوڵەت لە ئامادە نەبوونی دوو بنەمادا دامەزراوە.

یەکەمیان شەرعییەتە و دووەمیان ئینیستیوتی سیاسییە. بەبارێکی تردا کێشەی کۆمەڵگای مەدەنی لەوێوە دێت کە لە دوو ناتەواوییەو هاتووە. یەکەمیان ڕۆشنبیری سیاسییەو دووەمیان چڕێتیبە شارستانیکردن لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم کێشەی کۆمەڵگای عێراق لەوێوە دەستپێدەکات کە ناوی دەنێم (مۆدرێنکردن بە ڕێگای دەوڵەت) ئەم دەسەڵاتەش لە قۆناغی کۆماریدا لەسەر دەستی بەعس گەیشتە بەرهەمهێنانی توتالیتاریزم. بەو مانایەی دانانی دەسەڵاتی

ڕەهای دەوڵەت لە جێی هەموو شتێک، بە مانایەک کە دەوڵەت خۆی لە جێگای بکەرە سۆسیۆلۆژی و سیاسی و کلتوورییەکانە و لێرەشەوە کۆمەڵگای مەدەنی لە ناو دەوڵەتدا قوتدراوە و زانست و تەقەنیەتیش جڵەو کراوە بۆ خزمەتی دەوڵەت تاکیش لە ناوەندی خانەوادەیی و گەڕەک و شوێن و ئاینەکەی داماڵراوە بۆ خزمەتی دەوڵەت. بەڵام لەبەرئەوەی باشتر لە سەر ئەم تەوەرەیە زیاتر قسە ئەکەین ئێستا ئەگەڕێمەوە سەر کۆمەڵگای پاش داگیرکردن بەو پێیەی ئەم کۆمەڵگایە لە پلەی کامڵبوونی کۆمەڵایەتیدا نییە، بەو مانایەی نەگەیشتۆتە قۆناغی پێگەیینی ئینیستیوتی، هەروەها سیستەمی سیاسیش لە سەر چەمکی پێشبڕکێی سیاسی دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر دەستبەسەر داگرتنی سیاسی بونیات نراوە. لێرەوە دامەزراوەی سەربازیی ڕۆڵێکی ستراتیژی ئەگێڕێت بۆ گەشتنە حوکمڕانی لە ڕێی کودەتاوە. لەم جۆرە سیستەمە سیاسییانەدا هێزە سیاسییەکان بە ڕووتی و ڕاستەوخۆ بەرامبەر یەکتری ئەوەستن و هیچ دەزگایەکی (نێوەند)ی تیا نییە. ئەمەش بە زمانی (سامیوەل هەنتنگتەن) لە دەرئەنجامدا کۆمەڵگایەیکی بریتوری دروست ئەبێت، کە بە سیاسیکردنی سەرجەم کۆمەڵگا ئەگەیەنێت. واتە تێوەگلانی کۆمەڵگا بۆ ناو کاری سیاسی بە شێوەیەکی سەرەکی. واتە کۆمەڵگای بریتوری لە نا ئادەبوونی ئینیستیوتی کارا و قودرەتمەند سەرهەڵئەدان کە بێتە نێوەندێک بۆ چالاکی سیاسی، ئەم شێوازەش لە بە سیاسیکردنی گشتی هێزو دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەنوێنێت، واتە سەرجەم هێزو توێژە کومەڵایەتییەکان ڕاستەخۆ ئەتلێنە ناو کاری سیاسییەوە. ئەو دەوڵەتەش سوپا و پیاوانی ئاینی و زانکۆ و بیرۆکرات و سەندیکاکانی سیاسین کۆمەڵگایەکی شێواوە. ئەگەرچی بریتوری بەمانای دەستتێوەردانی بواری سیاسی دێت لەلایەن سەربازەوە، بەڵام لای (هەنتنگتەن) فراوانتر کراوەتەوە و بواری بەکارهێنانی. هاوکات ئەشێت بڵێین لای (هەنتنگتەن) دەستتێوەردانی سەربازی وەک خەسڵەتی بەرفراوانی کۆمەڵگای دواکەوتوو نیشاندراوە. هەڵبەت (هەنتنگتەن) کاری لەسەر کۆمەڵگای دەرەوەی ئەورووپی کردووە لە چەرخی نوێدا. ڕۆڵی سەباز) (بەبڕوای من) ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگای پاش داگیرکردندا (گرووپی سەرباز) و پاشان (بیرۆکراتی مەدەنی) یەکەمین گرووپن کەلە ئاکامی دەوڵەتدا ئەپشکوێن و سەربازیش ئەبێتە بڕ برەی پشتی ڕاگیرکردنی دەوڵەتێک کە شەرعیەتی تیا ونە. با بڵێم سەرئەنجام گەورەترین گیروگرفتی کۆمەڵگای بریتوری لەوێدا چڕئەبێتەوە توێژاڵی کۆمەڵایەتی نوێ تیایدا بەشدار سیاسەت ئەکات، بەڵام بێئەوەی ئیستیعابی بکات. چونکە ئەو توێژاڵە نوێیانە لە هەڕەمییەتی سیاسیدا جێگا ناکاتەوە و ئەمەش وا ئەکات ئینقلاب

بەشێکی گرنگی پرۆسەی سیاسەت پێکبهێنێت. بۆیە قەیرانی هەرە قووڵی کۆمەڵگای هاوچەرخی عێراقی لەوێوە دەستپێدەکات کە لە ئاکامی (بۆشایی ئینیستیوتی) کایە کۆمەڵایەتییەکان بە توندوتیژی و هێزی چەکدار پڕئەبێتەوەو کۆنترۆڵ ئەکرێت. ئەمەش قەیرانی هەرە گەورەی بزووتنەوەکانی سەربەخۆییە لە ئیستعمار. چونکە بزووتنەوەی سەربەخۆی ئەکەوێتە بەردەم کۆمەڵگایەک کە دینامیکییەتی ڕێکخراوەی نییە، بۆیە بۆشاییەکە بەم شێوەیە پڕئەبێتەوە و پاشان کێشەیەکی دیکەش ئەوەیە سەربەخۆی لە ئیستیعمار ئەکەوێتە پێش ڕێکخستنەوەی سیاسی کۆمەڵگاوە. هاوکات گۆڕانی سیستەمی پاشایەتی تەقلیدی لە عێرقدا بۆ دەسەڵاتی چینی ناوەڕاست لە ڕێی هێزی سەربازییەوە ڕووی داوە، چونکە هێزی سەربازی تەنها هێزە ڕێکخراوو زیاتر هاوچەرخ و یەکگرتووە لە بیرۆکراتییەتی سیستەمی پاشایەتی مەرکەزیدا. بۆیە دەبینین لە عێراقدا چینی ناوەڕاست لە بەشداریکردنی سیاسیدا (ڕۆشنبیرە قەومی و مەدەنییەکانی) مەحکومە بە هاوپەیمانێتی ئەفسەر، چونکە پاڵپشتی سیاسی بەردەوام و هێزی سیاسی ڕێکخراوەیی نییە بۆ (تعبئە)ی بۆشایی دەسەڵات و شەرعییەت. لێرەدا بە گونجاوی ئەزانم دوو ڕەهەندی تری کۆمەڵگای سیاسی عێراق باس بکەم یەکێکیان ئەو هێز دابەش نەبوونەیە بەسەر جەمسەری جیاجیادا بە مانایەک هێز لە ناو دەزگای دەوڵەتدا مۆڵ ئەخوات، ئەمەش وا ئەکات سنوری هێز لە سنوری دەوڵەت دەرنەچێت، ئەوەی تریان لاوازی ڕۆشنبیری سیاسی و بەشداری نەکردنی تاکە کەسە لە پرۆسەی سیاسیدا. کەوای کردووە زەمینەی نوخبەی حوکمڕان لە باربێت بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسی کۆمەڵگا. کەلە دواشیکردنەوەدا نوخبە مەحکومی توتالیتاریزم بێت. لێرەوە ناچارم بە شوێن شیکردنەوەی پێویستدا بتانبەم لە ڕووەوە وەک پێشتر شیمانکردەوە مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای عێراقی کە ئەشێت ناوی بەرم بە (مۆدێرنیزمی پشتبەستوو بە دەوڵەت) لێرەوە دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە کۆمەڵگای کلاسیکی عێراقی ئەبێتە بزووێنەری سەرەکی هاوچەرخیکردن کە لە سەردەستی بەعس ئەگاتە ترۆپکی دیسپلینکردنی ڕۆشنبیری و ماتەریالی کۆمەڵگا و دەوڵەت ئەگاتە قۆناغی دەمجسازیکردنی کۆی کایەکانی کۆمەڵگا لە ناو دەوڵەتدا بەڕادەیەک کە (سمیر الخلیل) بڵێت (بەعس ئیشکالی کۆمەڵگای مەدەنی بەوە چارەسەکردووە کە گەلی عێراق بکات بە فەرمانبەری دەوڵەت لێرەوە دەکرێت بڵێین هاوچەرخێتی کۆمەڵگای عێراقی بەڕادەی گەشەکردنی دەوڵەت ئەپێورێت نەک شار بەو مانایەی (شار) شوێنی چالاکی ئابووری و توێژی کۆمەڵایەتی و ژیاری نوێیەو خوێندن و پـەروەردەی هاوچەرخی تیا بەرهەم دێت کە جیاوازی

بنەڕەتی لەگەڵ (گوند)دا هەیە. گەشەسەندنی سەرمایەداری عێراق بەرەوڕەوەی دەوڵەتەوە گرێدراوە، چونکە بێ دەوڵـەت پرۆسەی گەشەی سەرمایەداریی لە وڵاتی دواکەوتوودا بەدی نایەت لێرەوە دەوڵەتییەت پێداویستییەکی بابەتییە لە گواستنەوەی پەیوەندییەکانی پێش سەرمایەداری بۆ پەیوەندییەکانی سەرمایەداری لە عێراقدا بە حوکمی بە هێزی دەوڵەت و زۆری دەرامەت لە دەستیدا، لەکاتێکدا ئەم دەرامەتەش سەرچاوەکەی لە داهاتی چینە خاوەن دەسەلاتە ئابوورییەکانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی بارودۆخی نێودەوڵەتی لە بارەوەیە بۆ بازرگانی کەرەستەی خاو کە عێراق پشتی پێ بەستووە. لێرەدا بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە وەڵام بدەینەوە کە ئایا نوخبەی حوکمڕان مەحکومە بە بەر هەمهێنانی توتالیتاریزم؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت سەرنجی کارنامە بەناوبانگەکەی گرامشی بدەین، لەمەڕ دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر کۆمەڵگای سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنیدا، هەڵبەت ئەبێت هەمیشە ئەوەمان لە یاد بێت کە ئەو پۆلێنکردنەی گرامشی لە (سەرخان)دا کراوە پاشان دەبێت لەوەتێبگەین کە گرامشی ڕەخنەیەکی قووڵ ڕووبەڕووی تێزی مارکسی بۆ شۆڕش ئەکاتەوە. لەو ڕووەوە کە مارکس ئامرازی سیاسی لە ناو دەوڵەتدا کورت ئەکاتەوە و کۆی سیاسەت و هێز لە دەوڵەتدا چڕئەکاتەوە و سەرکەوتنی شۆڕشیش ئەبەستێتەوە بە مەسەلەی گۆڕینی دەوڵەتەوە، بۆیە بەلێکدانەوەی گرامشی شۆڕشی ڕاستەقینە ئەوەیە کە کاری لە سەر بونیادی مەدەنی دابنێت بەر لە بونیادی سیاسی. بە مانایەک باڵادەستی ڕاستەقینەی هێزێکی کۆمەڵایەتی بەندە بە باڵادەستبوونی کلتوورەکەی لە ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا، هەر بۆیە بۆرجوازی فەڕەنسی لەوێدا سەرکەوت کە چەمکەکانی سیستەمی کۆمەڵگای گۆڕی بەر لە سیستەمی سیاسی هەر بۆیە گرامشی سەرچاوەی دیکتاتۆرییەت ئەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو حوکمڕانییە کە دەستبەسەر دەزگاکانی دەوڵەتدا ئەگرێت بێ باڵادەستبوونی لە ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا. لێرەوە ئۆپۆزسیۆن لە ئەزموونی عێراقدا بە حوکمی خولبەستنی لە سەر دەوڵەت، ئەمەش کورتبینی عەقڵی سیاسییەتی، کە بە تەنیا هێز لە دەوڵەتدا ئەدۆزێتەوە، لێرەوە دەسەلاتی سیاسی لە ئەزموونی عێراقدا خۆی لەسەر درێژی دەوڵـەت بۆ ناو کۆمەڵگای مەدەنی بونیات ئەنێت کە لە سەر دەستی بەعس ئەگاتە لوتکە.. هاوکات سەیر نییە ئۆپۆزسیۆن کاتێک ئەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتدا، کورتبینییەکەی ئەگاتە ئەو ڕادەیەی کە کێشەی سیستەمی سیاسی عێراق ئەوەندە بخوێنێتەوە کە لە چوارچێوەی حزب و کەسێک تێنەپەڕێت و لەوە تێناگات کە سیستەمی عێراق مێژووی هەیە و کە دەرئەنجامی بونیاد و کلتوورێکە کە

لەمەودایەکی زەمەنی درێژدا کامڵ بووە: لێرەوە سیستەمی سیاسی عێراق بە حوکمی کلتوورەکەی لە بارنییە بۆ گفتوگۆ و بە گفتوگۆش چارە ناکرێت.

## دەوڵەت لە کۆلۆنیالیزمەوە بۆ پاش کۆلۆنیالیزم:

ئەو کێشە جەوهەرییەی کە ئێستا لە بارەیەوە ئەدوێین لە مەرچەمکی دەوڵەت لە کۆمەڵگای داگیرکراودا ئەمەش شیکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە لە ژێر زۆرە ملێ ئیداریی و سیاسیدا هاتۆتە گۆڕێ و بە زمانی ڕای ناوی سیستەمی بەرهەمهێنانی کۆلۆنیالی لێنراوە. لێرەدا دەتوانم سەرنجتان ڕابکێشم بۆ ئەوەی (بول باران پۆلێنی کردووە. ١. ئیدارەی ئیستعماری ٢. سیستەمی سیاسی کۆمبرادۆری (کە ئەکرێت عێراق ١٩٢١ ـ ١٩٣٢ نمونەی یەکەم بێت و عێراقی ١٩٣٢ ـ ١٩٥٨ نمونە دووەم بێت) ٣. حکومەتی ڕیفۆرمخوازی (کە ئەکرێت عێراق کۆماری (پاش ١٩٥٨) بە نمونە بهێنینەوە کە لە پاش ١٩٦٨ەوە لە سەر دەستی بەعس ئەکاتە قۆناغی سیاسەتی بازی پەرەپێدان (التنميه لاعماريه). بەڵام همرە عەلەوی دەوڵەتی ئیستعماری بۆ سێ کۆڵەکە گەڕاندۆتەوە سوپا (بێگانە + نیشتمانی)، دەزگای بیروکرات، حکومەت) هەروەها دەوڵەتییش بۆ دوو شێوەیە بەرهەمهێنان گێڕاوەتەوە کە یەکەمیان شێوەی ئیستعمارییە و بە شێوەی بەرهەمهێنانی ئیستعمارییەوە بەستراوەتەوە پەیوەندی شێوە فیودالی تیایدا زاڵە. هەر بۆیە شتێکی ئاساییە لە عێراق ١٩٢١ بۆ ١٩٥٨ موڵکایەتی زەوی گەورەترین شێوەی موڵکایەتی بێت و کێشەی ڕیفورمی زەویش گەورترین کێشەی کۆمەڵایەتی بێت.

دووەمیان قۆناغی پاش ئیستعمارییەو دەوڵەت بەشێوە بەرهەمهێنانی پاش ئیستعمارییەوە بەندە و پەیوەندی سەرمایەداری نەک هەر کشتوکاڵ بەڵکو هەموو کەرتەکانی تر ئەگرێتەوە. ئەوەی شایانی باسە لە هەر دوو قۆناغەکەدا کێشەی بازاڕی ناوخۆ ئەبینینەوە، چونکە کۆمەڵگا ئەکەوێتە بەردەم بازاڕێکی لاواز لە ناو خۆدا کە دەرئەنجامی زاڵبوونی بونیادی هەناردنە (تصدير) هاوکات ئەمەش بەهۆی دەستی بەهێزی دەوڵەت لە ژیانی ئابووریدا یاخود پرۆسەی ئابووری پشتبەستوو بە دەوڵەت و وا ئەکات توێژە کومەڵایەتییەکان لە ڕووی پێکهاتنیانەوە (نارەسن) بن، ئەم دۆخەش بەلای (فرانک)ەوە ناو ئەنرێت بە (گەشەسەندنی پۆخڵ) تا ئەو ڕادەیـەی کە فرانگ پێیوایە ئەم وڵاتانە لە ناو دۆخێکدا کە ناوی بردووە بە (گەشەسەنی دواکەوتن). وا پێویست دەکات لەگەڵمدا سەرنجی ئەوەبدەن کە گەشەی سەرمایەداری لە عێراقدا خێرا بووە بە حوکمی بەستراوەیی ئەم گەشەیە

به ڕەوڕەوەی دەوڵەتەوە. هاوکات دەرئەنجامەکەی لە ڕەهەندە ئابوورییەکەیەوە، ئەوەیە لەکاتێکدا کەرتی بەڵێندەرایەتی تایبەتی (ناوخۆ و بێگانە) باڵادەستە بە سەر چالاکی ئابووری‌و بازاڕدا، پاشان بەهۆی نەوتەوە دەوڵەت ئەبێتە موشتەرییەکی گەورەتر لە بۆرژوازی ناوخۆ، هەر بۆیە ئەم قورساییە ئابوورییەی ئەکەوێتە دەستی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٦٨ەوە هاوکات بە حەتمی خۆی وەرئەچەرخێنێتی بۆ سەر ئاستی نوێنەرایەتی سیاسی... هەڵبەت وەک (د.عصام الخفاجی) سەرنجیداوە کەرتی دەوڵەت گەشەیەکی هێواش هەیە لە ساڵی ١٩٥٣ بۆ ١٩٧٣ بە چاو پۆشین لە وەرچەرخانە توندەکانی ئەو دەمەی عێراق، ئەمەش بەندە بەو گۆڕانکارییانەی ڕویدا لە سەر پەیوەندی دەوڵەتی بەرهەمهێنی نەوت و ئیحتکاراتی بیانی. نەک بەندبێت بە ئاڕاستەکردنێکی سیاسی ئابووری سیستەمەکەوە. بۆیە ئەو بازدانەی کەرتی دەوڵەتی لەو ماوەیەدا بەندە بە مۆرکردنی ڕێککەوتنی (قازانج بە نیوە) ساڵی ١٩٥٢، هەروەها بەرزکردنەوەی نرخی بەرمیلی نەوتی بەرهەمهاتوو لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی (ئۆپیک) ساڵی (١٩٧١ ــ ١٩٧٣) ئەمەش زیاتر بەشی کەرتی دەوڵەت زیاد کرد هاوکات لەگەڵ سیاسەتی خۆماڵیکردندا. ئەوەی شایەنی باسە ئەم قورساییە ئابوورییە لە ڕەهەند سیاسییەکەیدا لە ساڵی ١٩٦٨ەوە خۆی ئەنوێنێت کە سەرکردایەتی سیاسی بەعس لە عێراقدا خۆی وەک حزبی (هەموو جەماوەر) وێنا بکات. ئەمەش داخوازییەکی ئایدیۆلۆجی پێویستە بۆ یەکخستنی تەشکیلەی کۆمەڵایەتی ــ ئابووری و دروستکردنی دەوڵەتی مەرکەزی یەکگرتوو لە ڕوانگەی بازاڕی نیشتمانی یکگرتوو و سوڕی ناخۆی کامڵ بوونی سەرمایە.

لێرەوە هەوڵ ئەدەین لە سەر کۆمەڵگای سیاسی پاش پاشایەتی بدوێین، واتە ئەو قۆناغەی کە دەسەڵاتخوازی سەربازی جێگای دەوڵەتی (١٩٢١ ــ ١٩٥٨) ئەگرێتەوە. ئەم دەوڵەتە ئەگەر چی بەهۆی زنجیرە کودەتایەکەوە لاواز بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨ەوە پێینایە قۆناغێکی تازەوە کە قوناغی بە دەوڵەتکردنە. لێرەدا بۆ قووڵکردنەوەی تێڕوانینمان بۆ دەوڵەتی پاش پاشایەتی پەنا دەبەینە بەر دوو چەمکی گرنگی (حەمزە عەلەوی) کە یەکەمیان (هەڵئاوسان) دووەمیان (مەکەزییەتە)ە. واتە دەزگای دەوڵەت هەم هەڵئاوساوە و هەم مەرکەزییە. هاوکات ئەمەش کە دوو خەسڵەتی سەخانە لە ژێرخان جیابۆتەوە، چونکە دەوڵەت لە کۆمەڵگای پاش کۆلۆنیالیدا میراتگری دەزگایەکی بیرۆکراتی و سەربازی بەهێزە هەر بۆیە پاش بەدیهێنانی سەربەخۆی دەوڵەتی نوێ بە ناچاری ئەبێت میراتگری ئەم دەزگایە بکات و کۆمەڵگای پێ بەڕێوەبەرێت و پێی ملکەچ بکات، هاوکات هەڵئاوسانی

دەوڵەت بەندە بە فاکتەرێکی ناوەکییەوە ئەویش ڕۆڵی دەوڵەتە لە بەکاربردنی زێدەو پرۆسەی ئابووری، چونکە دەوڵەت بەشێکی گەورەی زێدەی بەر ئەکەوێت و بەکاری دەهێنێت بۆ پەرەپێدانخوازی سیما بیرۆکراتییەکەی، هەر بۆیە دەزگا ئیدارییەکەی دەوڵەت هەڵئەئاوسێ و بە مەرکەزییەت ئەناسرێتەوە.. ئەوەی شایەنی باسە مەرکەزییەت لەلایەک بەندە بە هەڵئاوسانی دەوڵەت و لەلایەکیش بەندە بەو وێنە بیرۆکراتەی لە ناو دەزگای دەوڵەتدا پێکهاتووە هەوڵ ئەدات بەسەر دەرامەتی بەرهەمداریدا زاڵ بێت و کۆنترۆڵی بکات لە ڕەوتێکی ئابووریدا کە دروستیکردووە بۆ خۆی (مەبەست کەرتی گشتییە) ئەمەش لە ئەنجامی فراوانبوونی چوارچێوە دەستتێوەردانی دەوڵەتەوە هەڵقوڵاوە.

ئەتەوانین لێرەدا تەماشی ژمارەی فەرمانبەرو ئیشکەری دەوڵەت بکەین

| | | | |
|---|---|---|---|
| لە | ٨٥ | هەزارەوە | ١٩٥٢ |
| بۆ | ٢٢٧ | هەزار | ١٩٦٨ |
| بۆ | ٦٣٠ | هەزار | ١٩٧٢ |

واتە تەنها لە ماوەی چوار ساڵدا سێ ئەوەندەی خۆی زیادیکردووە پاشان بۆ ٨٢٦ هەزار لە سەرەتای نەوەدەکاندا.

هەروەها دەزگای سەربازی لە ساڵی ١٩٥٠ەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠ لە ٣٠ هەزارەوە بۆ ٤٣٠ هەزار زیادیکردووە.

هەروەها لە ساڵی ١٩٩٠ کە قۆناغی جەنگ و سەربازگیرییە٣٤,٤٪ هێزی کاری گرتۆتە خۆی.

هەروەها دەزگای سەربازی بۆ ڕێژەی دانیشتوانی

| | | |
|---|---|---|
| ٣٢,٥ | بۆ هەزار کەس | ساڵی ١٩٨٠ |
| ٦٠ | بۆ هەزار کەس | ساڵی ١٩٨٧ |

لە ڕووی ئابووریشەوە ١٠٠٪ پیشەسازی نەوت لە دەستی دەوڵەتدایە و پیشەسازی دیکەش ٦٠٪ و کشتوکاڵ ٥٢,٧٪ و گواستنەوە ٢٤٪ و بازرگانی ٥٦,٢٪ هەروەها ئەگەر تەماشا بکەین بەشداری سەرمایەداری دەوڵەتی لە پێکهێنانی بەهای زێدەدا ١٤٪یە ساڵی ١٩٥٦ ئەبێتە ٣٢,٢٪ ساڵی ١٩٦٤ و پاشان ئەبێتە ٨٠,٤٪ ١٩٨٠.

ئەم بارودۆخەش بە زمانی (فالح عبدالجبار) توانەوەی دەسەڵاتی ئابووری سیاسییە لە ناو یەکتریدا لە سەر دەستی بەعس. ئەوەی شایەنی باسە کاتێک بارودۆخی دەستتێوەردانی ئابووری ڕوو ئەدات لەلایەن دەوڵەتەوە، بیرۆکراتیەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەچێتە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە و دەوڵەتی بکەر بەرژەوەندی خۆی لە

پەیوەندییە ئابوورییەکاندا ئەدۆزێتەوە و دەرئەنجامی ترسناکی ئەم بارودۆخەش دەوڵەت لە ڕەهەندی ئابوورییەوە ئەخزێت بۆ ڕەهەندی ڕۆشنبیری و ئینستیوتی، ئەمەش هێنانەکایەی پرۆسەی داگیرکردنی کۆمەڵگایە لەلایەن دەوڵەتەوە. لێرەدا ئەشێت باس لە چینی ناوەڕاستی عێراقی بکەین کە چینێکی تەواو بەرفراوان و دەرئەنجامی زیاد پێویست فراوانبوونی دەوڵەتە. ئەم چینە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا لەسەر دوو پایەگا ڕاوەستاوە (موڵکایەتی) و (مووچە) بەڵام چینی ناوەڕاستی سەردەمی قۆناغی دووەمی بەعس (پاش ١٩٦٨) چینێکی بەرفراوانی پشتبەستوو بە دەوڵەتە، ئەمەش لە ڕووی تایبەتمەندییەوە بە پلەی سەرەکی هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ شوێنی سەرهەڵدانی ئەم چینە لەناو دەوڵەتدا و گرتنە خۆی لەلایەن دەوڵەتەوە، چونکە بڕ بڕەی پشتی دەوڵەتی بەعس پێکدەهێنێت و هاوکات ناوەندێکی گرنگی کادیرو ئەندامای حزبی بەعسە. چونکە بە گوێرەی گرنگی ئەم چینە بەعس پێیوایە زامنکردن و متمانە وەرگرتنی ئەم چینە، متمانە وەرگرتن و زامنکردنی دەسەڵاتە. بەڵام پاش جەنگی عێراق و ئێران چینی ناوەڕاست لە عێراقدا بەتایبەتی فەرمانبەرانی دەوڵەتی تووشی قەیرانێکی گەورە هات بەتایبەتی پاش بەرزبوونەوەی تێکڕای نرخ لە بازاڕی عێراقداو دەرکەوتنی پاشماوە ئابوورییەکان جەنگی عێراق ئێران زیاتر گەشەکردنی کەرتی تایبەت، هەڵبەت ئەم ڕووداوە ناو خۆییەی عێراق تەنها بوومەلەرزەیەکی ئابووری نەبوو، بەڵکو بوومەلەرزیەکی سیاسی و ئابووری بوو کە لەیەککاتدا بەر چینی ناوەڕاست کەوت لە عێراقدا و هاوکات ئەمە هاوسەردەم بە تێکشکانی مۆدێلی دەستتێوەردانی دەوڵەت و عەقائیدی تۆتالیتاری لە سەر ئاستی جیهانی. لە عێراقدا قسەکردن لەسەر ئەم قەیرانە گەیشتە ئاستێکی ڕەسمی، چونکە دەوڵەتی بەعسی جڵەوکردنی ئابووری چینی ناوەڕاستی لە دەست دەرچوو، فەرمانبەری دەوڵەتی تووشی دوانەی کاری تایبەت و کاری حوکمی هات بەعسیش لە دەرئەنجام و شوێنەوارە سیاسییەکانی ئەم گۆڕانکارییە ئەترسا. سەدام حسێن لە ١٩٨٩/١١/٢٠دا سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد لە بارەی مەسەلەی دیسپلینکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە، خاڵی هەرە گرنگی باسکراو لە کۆبوونەوەکەدا، مەسەلەی کاردنی فەرمانبەری دەوڵەت بوو لە کەرتی تایبەتدا، پاش کاری حکومی. (تاریق عەزیز) کە وەزیری ناخۆو جێگیری سەرۆک وەزیران بوو ئاماژەی بۆ مەترسی دوو جۆر پشتبەستن ئەکات (بازاڕ+دەوڵەت) (٤١) هەڵبەت بە گوێرەی ئەم کۆبوونەوە بەڵگەنامەییە بەهیچ شێوەیەک نەتوانراوە ڕێگا لە کاری غەیرە حکومی بگیرێت..ئەمەش ئەو قۆناغەیە کەمن ئەشێت ناوی بەرم بە

قۆناغی تێکشکانی توانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە یەکتریدا ئێستا ئەگەر سەرنجی دەوڵەتی بەعس بدەین لە ڕەهەندە سیاسییەکەیدا لە دوانە یەکدا ئەژی، جیاوازە لە دوانەی کۆن و نوێی ساڵی ١٩٢١ ــ ١٩٥٨ کە دەرئەنجامی دەمجبوونی سیستەمێکی سیاسی تازەیە (دەوڵەت) بە کۆمەڵگای تەقلیدییەوە. لە ڕاستیدا دوانەی دەوڵەتی بەعسی دوانەیەکی ناوخۆییە. دەوڵەتی بەعسی لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە ئەچێتە قۆناغێکەوە (فالح عبدالجبار) ناوی ئەبات بە تۆتالیتاریزمی نوێ ــ چونکە لە سەر هاوپەیمانێتی خزمخواهی و تاک حزب پێکهاتووە لە تاک حزبیدا وەک ئەڵمانیا و ڕوسیا یەک حزب، یەک ئایدیۆلۆژیا، ئابووری فەرمان. یەکێتی نەتەوە و سەکردە دووەمیان حوکمە خانەوادەگییە دەوڵەتی بەعس سەرتاپای کۆمەڵگای قۆرخکرد و هەرسێ دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی و قەزائی یەکخست و لە ناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا. سەرۆکی دەوڵەت هەم سەرۆکی حزب و هەم سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و هەم بریکارێکی خانەوادەشە. (بڕوانە هێڵکاریی ژمارە١) ئەوەی شایەنی باسە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆی ٧ ئەندام ٣ دانەیان پەیوەندی خزم خواهی ئەیبەستنەوە بە یەکەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٠ لە کۆی ١٥ ئەندام ٦ی خزم خواهی بوون، زۆر بوونی خزم خواهی وای لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرد بڕیارێکی ڕەسمی لە ساڵی ١٩٩٧دا دەر بکات کە لە قەبی خێڵەکی و ناوچەیی بەکارنەیەت هاوکات دەوڵەتی بەعس بە شێوەیەک ڕۆشت هەم خاوەنی گەورەترین موڵگایەتی بەرهەمهێن و هەم زۆرترین هێزی نیشتمانی وەربگرێت تاوایلێهات دەوڵەتی عێراق سەربەخۆبێت لە کۆمەڵگای مەدەنی لە سەرچاوەی دەرامەتیدا بە تەواوی (٤٢).

ئەوەی شایەنی باسە مانەوەی خێڵ و پەیوەندی کلاسیکی لە کاتێکدا دەوڵەت گەیشتووەتە لوتکەی مەرکەزییەت و ئابووری بازاڕ دەگاتە دوورترین گوند دەگەڕێتەوە بۆ بە شارستانیکردنێک کە خێڵ سەیرورەیەکی کلتووری ناکات (٤٣) سیستەمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣تا ١٩٦٨ باڵی مەدەنی بە سەر باڵی سەربازیدا زاڵ بوو، لە ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٦٣ باڵادەستی خزم خواهی دەستپێکرد و پاشان لە ساڵی ١٩٧٩ بە دواوە باڵادەستی خانەوادەگی دەستی پێکرد (٤٤) لەهەمانکاتدا بەعس لە ٣٠/ تەمووزی ١٩٦٨ەوە بۆ ١٩٧٩ پێ دەنێتە قۆناغی پلورالیزمی ناچارییانە، چونکە بەعس لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا کاتێک دەسەڵاتی گرتە دەست لە ٨ی تشرینی ١٩٦٣تووشی شکست هات، کاریگەری ئەم شکستە بەرۆحی کودەتای ١٩٦٨ەوە دیاربوو وەک (زەیر الجزائری) ڕەچهتەی کردووە بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ەوە

توند بە دەسەڵاتەکەیانەوە نووسان، چونکە دەیانزانی ئەمە نەبە کۆمیدیا و نەبە تراژیدیا دووبارە نابێتەوە (٤٥) بەعس لەقۆناغی پلورالیزمی ناچارییانەدا واتە بەعس کەوتە بەردەم کۆمەڵگایەکی فرە پێکهاتەوە لەرووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە، هەروەها کەوتە بەردەم کۆمەڵگایەکی مەدەنی فرە ئاڕاستەی سیاسی و ئایدۆلۆژی، لێرەوە گوتاری سیاسی بەعس کەوتە بەردەم کۆمەڵێک بەرهەڵستییەوە، بۆیە بەعس ناچاربوو ئەو جیاوازییانە قبوڵ بکات، بەڵام بۆئەوەی بچووکیان بکاتەوە لە کاریگەرییان بخات، بەعس بۆ بچووکردنەوەی باڵی چەپی بەعس و قیادە مەرکەزی و لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی ڕیفۆرمی چەپڕەوانەی ئەنجامداو لە ئایاری ١٩٧٨دا (٣١) کەوادەری عەسکەری و مەدەنی شیوعی لەسێدارەدا و پێشتریش لەساڵی ١٩٦٩دا (عزیز الحاج)ی گرت، هەروەها لەمەڕ مەسەلەی کوردەوە ئەوەی شایانی باسە ئەم مەسەلەیە لەساڵی ١٩٥٨ ئەو مەسەلەیە بوو کە بەعس و جەماوەری بەعس خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو، (هانی الفکیکی) دەڵێت (بۆ زانین وشەی کوردستان هەر خۆی مایەی قۆشقیکردنی بەعسییەکان و عەرەبایەتییەکەیان بوو) (٤٦) هەربۆیە بە گوێرەی بیرەوەری (تالیب شبیب) لەساڵی ١٩٦٣دا بەعس هیچ چەمێکی بۆ مەسەلەی کورد نەبوو تەنها ئەوەنەبێت کە خەڵکێکی میوانن لەسەر وڵاتی عەرەب (٤٧). بەڵام بەعس لە ١١مارسی ١٩٧٠دا مافی خود موختاری بۆ کورد ڕاگەیاند، بەڵام لەساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ لەسەر ئاستی سەربازی و دیبلۆماسی لە بزووتنەوەی کوردایەتی و سەرکردە کاریزمییەکەی (مستەفای بارزانی)یدا، هاوکات بەعس چۆن لەدەرەوە هێزێکی عێراقی شیوعی و هێزێکی کوردی لاواز کرد لەسەر ئاستی حیزبیش کەوتە پاکتاوکردنی ڕیزە ناوخۆییەکانی خۆی لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ ١٩٧٩ (٣٣) کادیری پاککردەوە لەنێو خۆی حیزبدا (٤٨) هەروەها بەعس لەساڵی ١٩٧٩ بەدواوە ئەو ساڵەی کە سەدام حسێن تیایدا دەبێت بەسەرۆک کە بە گوێرەی ڕەچەتەی (حسن العلوی) (بەتەنها خۆی ڕێکخراوێکی نهێنی تەواو و سیستەمێکی تایبەتە) لەم قۆناغە بەدواوە دوو پرۆژە کامڵ دەکرێت:

یەکەمیان: ئاوەڵناوی سوپای عەقائیدی

دووەمیان: نەوەی تازەی پاش لەدایکبووی ١٩٦٨، چونکە بەبڕوای بەعس کەسبکردنی لاوان کەسبکردنی ئایندەی بەعسە، لەو ڕووەوە دەکرێت سەیری ڕاپۆرتی مەرکەزی کۆنگرەی نۆیەمی هەرێمایەتی بکەین.

یەکێتی گشتی لاوانی عێراق لەسێ ڕێکخراو پێکهاتبوو:

الگلائع ١٩٧٤ دامەزرا

الشباب ١٩٨٠ دامەزرا
الفتوه ١٩٧٨ دامەزرا
لەساڵی ١٩٧٤ بوجەکەی ٢٥٥ هەزار دینار بووەو زیادیکردووە بۆ (٣٠) ملیۆن دینار لەساڵی ١٩٨٠دا (٤٩) هەڵبەت بەعس لە ساڵی ١٩٧٩بۆ ١٩٨٨ بۆ هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا دەخزێت لە ساڵی ١٩٨٨ بەدواوەش ئەو چینە بەرفراوانەی کە بنکەی بیرۆکراتیەتی دەوڵەتی بەعس پێکدەهێنێت لەناو قەیرانێکی (دزمن)دا جێدەهێڵێت.

## پەراوێزەکان

١ (٣٠)- ئەگەر لەچاوی گەشتیارێکی بێگانەوە هەوڵ بدەین تابلۆی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و ئیداری کۆمەڵگای عێراقی بکێشین، گۆڕانێکی سیمبولی تەواو هەست پێدەکرێت.. یاخود بۆ کوردێک گەشتەکەی (ریچ) بۆ کوردستان بخوێنێتەوەو بەراوردی بکات بە کۆمەڵگای کوردی پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق زۆر گۆڕاوی سیاسی و ئیداری و فەرهەنگی دەدۆزێتەوە، لێرەدا نابێت خوێنەر واتێبگات کە وتوومانە (دابڕان) ڕوویداوە، چونکە من ئەم زاراوەیەم بەکارنەهێناوە، بەڵکو قسە لەسەر پرۆسەی ئەو گۆڕانە دەکەین کە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، دەتوانم یادتان بخەمەوە وەستا عەباسی دارتاش لە کتێبی (سلێمانی لە بیرەوەرییەکانمدا) ناوی (٧٨) پیشەی تۆمار کردووە لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی توێژێکی پیشەیی (ئابووری- کۆمەلایەتی) کە سەدەی ڕابردوو بە خۆیەوە نەیبینیوە.

- دەتوانم سەرنجتان ڕابکێشم بۆ ئەوەی کە سۆسیۆلۆجیستی عێراقی ناسراو (علی الوردی) لەپاش موحازەرەکەی بەناوی (شخصیه الفرد العراقی) کە لە دوانەی ژیاری عێراقی دەدوێ وەک دەرئەنجامی دەمجبوونی ژیارییەکی کۆچەری جەنگاوەر لەگەڵ ژیارییەکی کشتوکاڵی کە دوو سیستەم و بەهایان وەبەرهێناوە، بەڵام پاشتر بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە نوێیەکان لەمەڕ دوانەی کلتووری هقلیدی و نوێوە دواوە لە کۆمەڵگای عێراقیدا، هەر لە دەرئەنجامی بوونی تەقلیدگەرایی لە کۆمەڵگای عێراقیدا ناچار بوو ناونیشانی بەشی حەوتەمی کتێبەکەی (دراسه فی گبیعه المجتمع العراقی) ناوبنێت (لەسەر هەمیشەییە لە عێراق) هەڵبەت لەنێوان خێڵەکان خۆیاندا و لەنێوان خێڵ و حکومەتدا، لەنێوان گەڕەکەکاندا و لەنێوان و خێڵ و شارەکاندا

**لەنێوان شارو حکومەتدا، (خوێنەر بۆ زیاتر تێگەیشتن لە سەرهەڵدان و تایبەتمەندی دەوڵەت لە کۆمەڵگای پاش داگیرکردندا بگەڕێتەوە سەر بیردۆزەکانی قوتابخانەی پاشکۆیەتی پاشان سەرنجی ئەم سەرچاوانە بدات بۆ زیاتر تێگەیشتن لە تێڕوانینی** حمزه علوی- الدوله فی العالم الثالث، الرؤیه السوسیولوجیه، د. احمد زاید، الثقافه الجدیده- ٢٥٩) (الدوله والجتمعات ما بعد الاستقلال، د. عبدالمجید الهیتی)- (المجتمع المدنی فی العراق بین ١٩٢١- ١٩٣١- د. ماریون فاروق سلکلیت) (الاحزاب السیاسیه فی العالم الثالث- تألیف د. اسام الغزالی کرب- سلسله عالم المعرفه).

١(٣١) النقام السیاسی لمجتمعات متغیره- صموئیل هانتنتون- ترجمه: سمیه فلوعبود- دار الساقی- الگبعه الاولی ١٩٩٣.

**١* ئەگەر سەرنجی دەستبەسەرداگرتنی سیاسی بدەین لەسەردەمی کۆماریدا حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٩دا بەیانێکی دەرکرد دژی شیوعییەکان بەم شێوەیە (عن السیاسه المعادیه للشعب دالنوره التی ینتهجها الحزب الشیوعی العراقی) پاشان لە ٢٢ی حوزەیراندا بەیانێکی تری دەرکرد کە کێشەی دەستبەسەراگرتنی کۆمەڵگا و شۆڕشی پێوە دیارە، هەروەها حیزبی بەعس لە ٨ی نیسانی ١٩٦٠دا بەیانێکی دیکەی دەرکرد بەناوی (بیان داخلی الی جمیع الاعچار حول الموقف الراهن) کە بەعس تیایدا چاوەڕوانی ململانێی شیوعییەکان و قاسم ئەکات و بۆ فرسەت وەرگرتنی سیاسی خۆیان- بڕوانە (نچال البعپ- الجزو السابع- القگر العراقی (١٩٥٨- ١٩٦٣) دار الگلیعه: بیروت- الگبعه الپانیه ١٩٧٢).**

**١* بەعس لەماددەی دوانزەدا دەستووری کاتیدا نووسیویەتی (دەوڵەت نەخشە و ئاڕاستەی ئابووری نیشتمانی دەکێشێت) بڕوانە** (الدستور المؤقت- الصادر فی ١٦/ تموز/ ١٩٧٠- ١٩٨٣- وزاره العدل- قسم الاعلام القانونی).

**(٣٢) خۆ ئەگەر تەماشای دەمجسازیکردن بکەین دەتوانین سەرنجی کەرتی ئاینیی کۆمەڵگای کوردی بدەین ئەو دەمەی پرۆفیسۆر دکتۆر لیژەک ژیگیل لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا لەپاش نسکۆی هێنانی شۆڕشی (مستەفا بارزانی) هەوڵی بەرچاوخستنی وێنەی لادێی هاوچەرخی کوردستانی داوە لەپاش قۆناغی خۆشگوزەرانی زادەی نەوت و گۆڕانە تەکنەلۆجی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە خێراکانی، سەرنجیداوە کە میری مەلاکانی بەستەوە بە دەوڵەتەوە لە ڕێگای مووچەوە، بڕوانە (کۆمەڵی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراقی بەرامبەر بە نوێبوونەوە- پرۆفیسۆر دکتۆر لیژەک ژیگیل- و. لە ئینگلیزییەوە- عەزیز گەردی- چاپی یەکەمی ١٩٩٩).**

**١(٣٤) دەتوانین تەماشای ئەوە بکەین کە چۆن دەوڵەت لە قۆناغی بەعسدا**

**سیاسەتی خوێندنی بەزۆری پیادە کرد لە تەمەنی (٦)ساڵییەوە، هاوکات ئەگەر سەیری ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٦دا بکەین:**

**٢٢٦٢٠٠ جگە لە منداڵان.**

**١٧٤٩٣٤ نەخوێندەوار.**

**١٠٣٠٤ خوێندەوار.**

**بڕوانە بۆ کتێبی (جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان- وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد- چاپی سێیەم- ١٩٩٨ سلێمانی- بڵاوکراوەی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان).**

**- هەروەک (درک کینان) سەرنجی ئەوەی داوە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی جەنگی جیهانی یەکەم ڕووەو لەناوچوون دەچێت و ڕێژەی خوێندەوار ڕوو لەزیاد بوونە، ئەوەش کە یارمەتی لاوازکردنی ڕژێمی پێشووی داوە خۆ تێگەیاندنی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری نوێنەرانی حکومەت بووە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا چ لە گوند و چ لە شار.**

**- بڕوانە (درک کینان- کورد و کوردستان- و: ئەبوبەکر خۆشناو- سلێمانی- ١٩٩٩- ل ١٤).**

١ (٣٥) الملامح العامه لعام الاجتماع السياسی- تألیف: د. حسان محمد سفیق العانی- جامعه بغداد- ١٩٦٨.

**- تێبینی: ئەو سەرچاوانەی دیکەی گرامشی لێرەدا ئاماژەیان بۆ ناکەم بۆ جەختکردنەوە، چونکە لەو لێکۆڵینەوە تۆرییەدا بەکارم بردووە کەناوی (کۆمەڵگای مەدەنی و وڵاتی سەربازی سیاسی)یە.**

١(٣٦) نقریات مارکسیه عن التبعیه- انتونی برور.

١ (٣٧) البرجوازیه الرپه و تگور الرپ- اندریه غوندر فرانك- ترجمه: الهیپم الایوبی و اکرام دیری- دار العوده: بیروت ١٩٧٣.

١ (٣٨) الدوله والتگور الرأسمالی فی العراق (١٩٦٨- ١٩٧٨)- د. عصام الخفاجی- دار المستقبل العربی- القاهره١٩٨٣.

١ (٣٩) الدوله المجتمع المدنی والتحول الدیموقراگی فی العراق- فالح عبدالجبار- تقدیم: د. سعدالدین ابراهیم- مرکز ابن خلدون.

**- هەروەها لەعێراقی پاشایەتیدا هێزی پۆلیس لە ساڵی ١٩٢٠بۆ ١٩٤١ لە ٢٥٠٠ەوە زیادیکردووە بۆ ١٢٣٠٠و پاشان لە ساڵی ١٩٥٨ گەیشتووەتە ٢٣٤٠٠- ×٨٦- ە.س (ج. خ).**

**هەروەها وەزارەتی ناوخۆ کە گەورەترین وەزارەتی حکومەتە ژمارەی فەرمانبەرەکانی**

**١٠٢٤٢٢ەوە چووە بۆ ١٥١٣٠١ لەماوەی ساڵانی ١٩٧٦بۆ ١٩٧٨. ×٨٧- ه.س (ج. خ).**

٤١- جوانب من خصوصيتنا- صدام حسين- الطبعه الاولى- ١٩٨٩- دارالحريه- بغداد.

*** قەرزی دەرەوەی عێراق بەر لە غەزووی کوێت ٨٢ ملیار دۆلار بووە ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ فەوائد چووەتە ١٢٠ ملیار دۆلار.**

**رژێمی عێراق دان بە ١ ,٤١ ملیاریدا دەنێت، چونکە کوێت و سعودیەی لاداوە. ئەمە جگە لە خەسارەتی جۆراو جۆری دیکە. بڕوانە** (ص٩٦- الحزب الشيوعى العراقى وپائق المؤتمر الوگنى السادس- (٢٦- ٢٩)- تموز ١٩٩٧).

١ ٤٢- الديموقراگيه المستحيله- الديموكراگيه الممكنه (نموزج العراق)- صالح عبدالجبار- الگبعه الاولى: ١٩٩٨- دار المدى للپقافات و النشر.

٤٣- كيف انبپقت القبيله فى العراق البعپى و تعاقم دورها، رِغم بلوغ الدوله المركزيه ژروه التمركز- فالح عبدالجبار- گريق الشعب- گريق الشعب العدد(١١) السنه (٦٣) ايار ١٩٩٨.

٤٤- النخبه السياسيه فى العراق- عمر عبدالكريم سعداوى- المجله السياسيه الدوليه- السنته الخامسه والپلاپون- العدد ١٣٦ ابريل ١٩٩٩.

٤٥- لمحات عن ايدولوجيا البعپ (١٩٧٠- ١٩٨٠)- زەير الجزائرى- ص ١٧٠- چمن الكتاب (القوميه مرچ العصر ام خلاصه؟)س.

١ ٤٦- اوكار الهزيمه تجريتى فى الحزب البعپ العراقى- هانى الفكيكى- الگبعه الاول: ١٩٩٣- لندن- قبرص.

**١ ٤٧- بڕوانە خشتەی (سمير الخليل) لە پێنج لاپەڕەی کۆتایدا لە لاپەڕە (٤٤٩) بەدواوە لە کتێبی** (جمهوريه الخوف- سمير الخليل- ترجمه: احمد رِائف- الطبعه الاولى ١٩٩١- الزهراء للاعلام العربى).

٤٩- التقرير المركزى للمؤتمر القطرى التاسع- حزيران ١٩٨٢- حزب البعث العربى الاشتراكى.

## ئەرکی حوکمڕان بەرهەمهێنانی هاوڵاتییەکی چاکی ویستگەرایە

# تیۆری دەوڵەت لە ڕوانگەی پلاتۆ و ئەرستۆوە

### هەندرێن

«کۆمار»ی پلاتۆ (ئەفلاتون) و «سیاسەت»ی ئەریستۆ، تا ئەمڕۆش، وەک دوو سەرچاوەی دانسقە بۆ پرسگەلێکی وەک: دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ویستی مرۆڤ لە پێناوی هەبوونێکی سەرکەوتووانە، بواری سیاسی و... هتد، مایەی تێڕامانێکی بێسنوورن. هەرچەندە لە بواری ڕۆشنبیریی و سیاسیی کوردییدا، ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت، ئەو دوو بەرهەمە بایەخدارەی ئەوان نە کراون بە کوردی و نە بە تێر و پڕیش دانووساندن و گفتوگۆیان لەسەر کراوە. وێڕای ئەمەش، لەم نووسینە کورتیلەدا، هەوڵدەدەین بە چەند تیرێژێکی چڕ لە جیهانی پڕ گرنگی ڕوانگەی سیاسیی ئەو دوو فەیلەسوفە، دیدەی زمانی کوردی بڕازێنینەوە.

ئاشکرایە پلاتۆ لە «کۆمار»دا جیهانێکی باڵا و مەزنی نمونەیی لە واقیع بەدەر دەسازێنێ. وەلێ قوتابییەکەی، ئەریستۆ، ئەو جیهانەی کە مامۆستایەکەی خەونی پێوە دەبینی، لە سیستەمێکی سیاسییدا بەرجەسەتە دەکاتەوە. ئەریستۆ لە کتێبە نایابەکەی «سیاسەت»دا سیستەمگەلێک لە تیۆرییەکی ژیربێژانەدا دادەڕێژێ، کە گشت ماف و کار و بار و پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە دەگرێ. هاوکاتیش گشت مەرجە بنەڕەتییەکان لە پێناوی ژیانێکی سیاسی بۆ سەردەمە جوداییەکان پێشکەش دەکات.

وەک وتم، ئەوەی کە لەم نووسینەدا دەخوازم لەسەری بدوێم، سەرتاپای ئەو ڕوانگە و سیستەمگەلە نییە کە لەو دوو کتێبە فرە

ڕەهەندانەدا هەن، بەڵکو خوێندنەوەیەکی چڕە لەو پرسیارەی کە ئاخۆ لە ڕوانگەی پلاتۆ و ئەریستۆوە، حوکمڕانی دەوڵەتێک چۆن دەتوانێ ژیانێکی هاوبەشی چاک و سەرکەوتوو بۆ هاوڵاتییەکانی بسازێنێت؟
وەک دەزانین، ئەو پرسیارە لە تەواوی مێژووی سیاسیی مرۆڤایەتییدا، گەوهەریترین پرسیاری جڤاکە جوداییەکان بووە، هەروا ئەمڕۆش یەکێکە لەو پرسیارانەی کە لای کورد جێگەی دۆشدامان و دەمەقاڵییەکی بەربڵاوە.
هەر لەو ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەم لەم نووسینەدا دیمەنێکی خێرا لە بیرۆکەکانی ئەو دوو فەیلەسوفە نمایش بکەم، کە دەکرێ بۆ خوێنەری زمانی کوردی سوودبەخش بن. هەڵبەتە وەک دەزانین هەر دوای ئاوابوونی شارستانییەتی گریکی و کۆن و لەناو چوونی شاردەوڵەتەکانی گریکەوە، هەر لە ڕێنسانسەوە تا ئەمڕۆ، سەرتاپای فەلسەفەی ڕۆژئاوا قسەکردن و ڕاڤەکاریی بووە لە تیۆریی و ڕوانگە فرە ڕەهەندەکانی کتێبەکانی «کۆمار» و «سیاسەت»ی پلاتۆ و ئەریستۆ و کەلچەری هزری سیاسیی و کولتووری گریکی کۆن. بۆیە ئەم نووسینە تەنیا چەمکێکە لە کۆی ئەو جیهانە پان و پۆرەی کە لەو دوو کتێبەدا دەیبینینەوە.
ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە پلاتۆ لە دیالۆگی «کۆمار»دا جەختی لەسەر دەکاتەوە، بریتییە لەوەی کە «ئێمە چۆن بژین»، یان دادپەروەری چی دەگەیەنێ؟ لە کن پلاتۆ (ئەفلاتون) ڕەنگە ژیانێکی نادادپەروەرانە لە ژیانێکی دادپەروەرانە باشتر بێ، چونکە دادپەروەریی وەک چەمکێک لە تێگەیشتن بەدەرە. ئەمەش لە ڕوانگەی پلاتۆوە ئەوە دەگەیەنێ کە :«هەر کەسە و بۆ خۆی بڕوای وایە، کە نادادپەروەریی بۆ کەسایەتی خۆیان لە دادپەوەریی زۆر سوودبەخشترە؛ هەروا کەسەکان لەو تێگەشتنەیاندا ڕاستدەکەن، چونکە لای ئەوان ئەو تێگەیشتنە پشتڕاست دەکرێتەوە، کە بەو تێگەیشتنە گوزارە لە خۆیان دەکەن»، بۆیە دەبینین سۆکرات لە کتێبی دووەمدا بەم چەشنە پێشنیازی خۆی پێشکەش دەکات «مرۆ لە بری ئەوەی کە تەنیا لەسەر ئەو پەیوەندییانە بۆ مرۆڤ و ڕۆح، (کە لە سێ بەش پێکهاتووە: ئاوەز، تووڕەیی و مەیل) قسە بکات، کەچی مرۆڤ دەتوانێ ئەو پەیوەندییانە بە دەوڵەت و دەستوورەکان ڕابگەیەنێت.» (١)
لە بەرانبەر ئـەوەدا دەکرێ کتێبی «سیاسەت»ی ئەریستۆ وەک کۆنتراستێک، لێکناکۆییەک لە بەرانبەر پلاتۆ، سەیر بکەین. کتێبی «سیاسەت» لەمەڕ بنەمایەکانی دەوڵـەت ڕستێک لە ئەرک وردەکارییەکان پێشنیاز دەکـات. ئەریستۆ هەوڵدەدا ڕاشکاوانە هەندێ لە پرسیاری سەرەکی مشتوماڵ بکات، لەوانە پێناسە و ناوەڕۆکێکی

لەبار و گونجاو بۆ پرسی هاوڵاتی ڕوونبکاتەوە.
لە ڕوانگەی ئەریستۆوە مرۆڤ لە سروشتدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. ئەوەتا ئەریستۆ لە بەشی یەکەمی «سیاسەت»دا دەڵێ: ئەوە شتێکی سروشتییە کە مرۆڤ بۆ هاریکارییەکی گەورەتری هاوبەش پەنا بۆ مرۆڤەکانی دیکە ببات کە لەوێدا دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت کە پێداویستییە کولتوورییەکانی خۆی دەرببڕێ. ئەریستۆ هەر لە هەمان سەرچاوەشەوە پێیوایە کە دەوڵەت لە قانوون و نەریتەکانەکانیدا دەبێ ئەو بیرۆکەیە ڕەچاو بکات، کە چ جۆرە فەرمانڕەوایی یان دەوڵەتێک دەتوانێت بۆ هاوڵاتییەکانی ژیانێکی چاک و هارمۆنی دەستەبەر بکات. بۆیە بەلای ئەوەوە پیادەکردنی ئاکاری چاک لە لایەن دەوڵەتەوە بەهایەکی گرنگی هەیە.
لێ بەر لە ئەریستۆ پلاتۆ وتبووی «کە هەموو هاوڵاتیان لە سروشتی خۆیاندا توانایەکیان هەیە کە بەو دادپەروەریی و تێڕامانەی کە هەیانە دەتوانن ئەرکە گشتییەکانی دەوڵەت ڕاپەڕێنن و عادیلانە بڕیار بدەن.» (١)
لە بەردەوامی ئەوەدا پلاتۆ لە ڕێگای دیالۆگی سۆکراتەوە، باڵاترین نمونەی دەوڵەت وێنادەکات کە لەسەر مۆدێلی ڕۆح و بەشەکانیدا دروستیدەکات. پلاتۆ پێیوایە کە پاسەوانەکان زانیارییان هەیە لەسەر ئاکاری چاکە، بۆیە دەبێت پاسەوانەکان پارێزگاریی دەوڵەت بکەن، لەهەمانکاتدا پلاتۆ لە گۆشە نیگایەکی ئاوەزگەرایییەوە پێیوایە، کە دەبێ ئاوەز حوکمڕانی ڕۆح بکات. پلاتۆ لە دیالۆگەکانییدا هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو دەوڵەتە ئیدیال/نموونەییە پێویست ناکات لە واقیعدا هەبێت. بەڵام کاتێک ئەو دەوڵەتە دەکرێت بە واقیع ئەوکات پێویستە فەیلەسوفان بەڕێوەی ببەن. وێڕای ئەمەش نابێت ئەوان خێزان، ژن و منداڵی پێکەوە دروستبکەن.
هاوکاتیش لە هەندێ کۆپلەی «کۆمار»ەکەی پلاتۆدا چەشنێک لە کۆمۆنیستێکی ئۆتوپی دەبینینەوە. چونکە ئەزموونی دانسقەی (سپارتا) وەک دیاردەیەکی کۆمۆنیستی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەودا هەبوو. لەوێ لە ئەزموونی (سپارتا) دا، بۆ ئەوەی منداڵ ببێتە منداڵی هەمووان، دەبوو نەک هەر لای دایک و باوکییەوە پەروەردە بکرێ، بەڵکو لە باوەشی کۆمەڵگادا گەورە بکرێت. هاوکاتیش خاوەنداری تایبەتی و بەرپرسیاریی تاکە کەسەکان، ئەرکی هەموو ڕەگەزە جوداییەکانی ئەو کۆمەڵگا بوو. هەروەک دەبینین کە پلاتۆ لە کۆتایی کتێبەکەیدا زۆر بە ڕاشکاوانە و هۆشیارییەوە لە پێشمەرجێکی ئۆتوپیانەوە جەخت لە ژیانێکی چاک و بەختەوەر دەکاتەوە، یان ڕاستتر بڵێین «بەختەوەری بۆ هەموو هاوڵاتییەکانە، کە دەوڵەتێکی

هونەریی ڕاستینە نابێ لە ڕێگای دابەشینی شتە ماتریالەکانەوە ئەو بەختەوەرییە دەستەبەر بکات، ئەوە شتێکی سوودبەخش نییە کە ئەگەر لایەنە هەستەکییەکان چاک و شکۆمەند نەبن، بۆیە نابێ خەڵک زەنگین و بەهێز بن». (٢)
لێرەوە مرۆ دەتوانێت بێژێ کە ئەریستۆ لەسەر پرسی دەوڵەتێکی ئاکار چاک و دادپەروەردا، بە جۆرێک لە جۆرەکان، هەمان ڕوانگەی مامۆستایەکەی، پلاتۆ، هەیە «ئەوەی کە لە بەراییدا ئەو هاوبەشییەی {لە نێوان مرۆڤگەل} دامەزراند هۆکاری ئەو چاکە باڵایە بووە.» بەڵام جیاوازی لە نێوان پلاتۆ و ئەریستۆ لەسەر پرسی دەوڵەت ئەوەیە، کە بەلای ئەریستۆوە دەوڵەت ئارمانجی مرۆڤە «لەبەرئەوەی لە خودی سروشتدا هەموو دەوڵەتێک قبوڵکراوە، هەروا چونکە خاوەندارییەتییەکی بەرایی ئەو ئارمانجەی بەرهەمهێنا، دەوڵەتیش ئامانجێکە بۆ ئەو بەشە سەرەکییە کەمە.
وێڕای ئەمەش خواست و ئامانج باشتریانە؛ هەڵبەتە ئارمانج و باشترین هەردووکیان سەربەخۆن.» (٣)
بەهەمانشێوە پلاتۆ لە کتێبی هەشتەمی «کۆمار»ەکەیدا دەبێژێ، کە مرۆ دەکارێ سیاسەت بەسەر دوو بەش «زەبرو زەنگ یان خواستی ئازاد» دابەش بکات. لێ ئەو پشتگیری لەو سیاسەتە دەکات کە بە خواستی ئازادانە بونیاتدەنرێ، هاوکاتیش پلاتۆ ئەو سیاسەتەی کە بە زەبر و زەنگ بونیاتدەنرێ، بە ستەمگەر/تورانی ناودێر دەکات.
وێڕای ئەمەش پلاتۆ لە ڕوانگەی خۆیەوە دەستوور و قانوونە جوداییەکان پێناسە دەکات. لە کن پلاتۆدا ئەو جۆرە دەستوور و قانوونە ڕاستینانە، کە فەرمانڕواییەک پشت ئەستوورە بە زانیاری و ماریفە. بەڵام لە دیدی پلاتۆوە تەنیا خواییەکان دەتوانن ئەو دەوڵەتە ئیدیالییە بەڕێوە ببەن.
هاودەمیش لە دوا دیالۆگدا پلاتۆ ئەو تەرزە دەوڵەتە ئیدیالییە ڕووندەکاتەوە کە چۆن بۆ مرۆڤەکان بە واقیعی گەڵاڵە دەکرێت و بەرجەستە دەکرێتەوە. ئەوەی کە پلاتۆ باسی لێوە دەکات ئەوەیە، کە دەبێ، وەک ئارمانجێک، ئەو واقیعە لە دەوڵەتدا خۆی بەرجەستە بکاتەوە. بۆیە پلاتۆ وەک ڕەشنووسێک ئەو دەوڵەتە دادەڕێژێ، کە لەوێدا دەبێ فەیلەسوفەکان فەرمانڕەوایی بکەن. بۆیە لە ڕوانگەی پلاتۆوە ئەوە پێداویستییەکی گرنگە، چونکە مرۆڤەکان پێویستییان بە کۆمەکی و هەرەوەزی یەکتر هەیە. لە گۆشەنیگای ئەو پێویستییەڕا «وێدەچێ هەم بەلای پلاتۆ و هەمیش بەلای ئەریستۆوە ئەرکی هەرە سەرەکی دەوڵەت ئەوە بێ کە گەرەنتییەکی باڵا هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانێکی ستاندار بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر بکات یان کەرەسە ماددییەکان فرەوانتر بکات. دەوڵەت بەر لە هەموو شتێک ئامڕازێکە کە مۆراڵی

مرۆڤەكان خەملێو و باشتر بكات.» (٤)
كەچی لە ڕوانگەی ئەریستۆوە ئەو چەشنە بناخەڕێژییەی دەوڵەت كە لە ئارمانجە بالآیەكەیدا گومان لە بەدیهێنانی دەكردرێت، بۆیە خودی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ خۆیدا گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەكەنێت. بەڵام ئەوەی كە پێیوایە كە دەوڵەت بەر لە هەموو شتێك داكۆكیكارێكی هاوبەشە لە نێوان مرۆڤەكاندا، ئەوكات ئەو داكۆكیردنە هاوبەشەی هاوڵاتییان، لە شەڕیشدا بن دەتوانێت بمێنێتەوە و گەشە بكات، لێ كاتێك ململانێیەكە كۆتایی هات ئیتر ئەو یەكگرتنە كۆتایی دێت. لە ڕاستییدا ئەو دیدەی ئەریستۆ، وەك لێزیادكردنێك لە دیدەكانی مامۆستایەكەی، خاڵێكی سەرنجكێشە لە ژیانی سیاسی ئەمڕۆ كوردان و داكۆكیكردنییان لەو حكومەتە نادادپەروەرەی كوردستانی خواروو. وەك دەزانین كوردانێكی زۆر لە هەڵبژاردنەكاندا بە دەنگدان پشتگیریی ئەو دوو حیزبەیان كرد، هۆی ئەو دەنگدان و داكۆكیكردنە هاوبەشەی نێوان كوردان لەو دوو حیزبە، لەبەر خاتری ئەو دوو حیزبە نەبووە، بەڵكو لە هەستی ئەوە سەرچاوەی گرتووە، كە گوایە لەلایەن عەرەبەوە خاكی كوردستان و مافە نەتەوایەتییەكانی لە ژێر هەڕەشە دان. وەلێ هەروەك بەرە بەرە هەستی پێدەكرێت كە دوای كۆتاییهاتنی ئەو هەڵبژاردن و شەڕە ملەی پۆست وەرگرتنە لە حكومەتی ناوەندی، ئەو هەستی داكۆكیكارییە هاوبەشەی هاوڵاتیانی كوردان، بەرەو لێكدابڕان و ساردی دەچێت.
بۆ ئەوەی كە ئەو دەوڵەتە ئیدیالییەی كە لە خەمی بەرهەمهێنانی هاوڵاتیانی ئاكار چاكە دایە مكومتر بێ، ئەریستۆ لە كتێبی سێیەمییدا، بە پێچەوانەی پلاتۆ، هەوڵدەدا بەرچاوتر ئەو دەوڵەتە ئاكار چاكە بەرەو پێشەوە ببات: «دەوڵەتێكی هاوبەش بەشی كاروباری ناو ماڵ و خانەوادەكان لە ژیانێكی چاكدا بە خەڵك دەبەخشێت و ئارمانجی ژیانێكی خەملێو و سەربەخۆ دەگرێتە بەر. ئەو شتانە ئاكامگیرییەكە لە دۆستایەتی، چونكە ویستی ژیانێكی هاوبەش دۆستایەتییە.» (٥). لەو دیدەڕا ئەریستۆ سێ جۆرە شیان بۆ پێكهێنانی دەوڵەتێك پێشنیاز دەكات: هەڵبژێردراو، ئەرستۆكرات و دەوڵەتی هاوڵاتیان. هاوكاتیش لەبەرانبەر ئەو جۆرە دەوڵەتانەدا سێ چەشنە دەوڵەتی دژ هەیە، ئەوانیش: ستەمگەر، ئۆلیگاركی/تاكڕەو یان دیكتاتۆر و دیموكراسیین. (٦) لێ تیۆری دەوڵەتی ئیدیال و نمونەیی ئەریستۆ بریتییە لە دەوڵەتی هاوڵاتییان، كە بە حوكمڕانییەكی دیموكراسییانەوە دەكارێ ژیانێكی هاوبەشی بەختەوەر بۆ هاوڵاتییانی فەراهەم بكات.
ئەریستۆ لە بەشی حەوتەمین و هەشتەمینی «سیاسەت»دا لەسەر فەرمانرەوایەتییەكی چاك دەپەیڤێ كە چۆن وەك پێویستییەك لە پێوەندی لەگەڵ ژیانێكدا خۆی

نمایشدەکات. لێرەدا ئەریستۆ بەمجۆرە ئەوە ڕووندەکاتەوە «باشترین دەوڵەت بە دامودەزگایەک بەڕێوە دەبردرێ کە زیاترین توانا بۆ سەرکەوتن/بەختەوەری تەرخان دەکات.. کە ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە هەموو لە پێناو ژیانێکی بەختەوەر و سەرکەوتوودا تێدەکۆشن...» (٧) بەڵام تیۆری دەوڵەتە ئیدیالییەکەی ئەریستۆ لە دەوڵەتی هاوڵاتییاندا دەستەبەر دەبێت.

دەکرێ زۆر لە حوکمڕانەکانی ئەمڕۆی جیهان کە بانگەشەی بنەمای هاوڵاتیبوون دەکەن، کەچی هەر ئەو حکومەتانە لە پرۆسەی پیادەکردنی ئەو بانگەشانەدا، لە ڕێگای ئایدۆلۆژییەکی لێکێشراودا یاری بە مافەکانی هاوڵاتیان دەکەن. لە دواجاردا، بەشێکی زۆر لەو هاوڵاتییانە کە سەر بە نەژاد و ڕەگەزێکی تری نەتەوایەتیی و ئاینین، لە بندەستی ئایدۆلۆژی نەتەوەی باڵدەستدا مافە نەتوایەتییەکانییان پێشێل دەکرێت. ئەمڕۆ نمونەی دەوڵەتی تورکیا و زۆرێک لە دەوڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیشدا شایەتحاڵی ئەو سیاسەتە چەواشەکارەن. شایەنی باسە، هزرڤانی ئەڵمانی ڕەگەز جوولەکە، هەنا ئارێند، ڕاڤەگەلێکی سوودمەندی لەسەر ئەو بوارە پێشکەشکردووە، بەندەش لە وتاری «مرۆڤ/فەلسەفە ئاژەڵێکی سیاسییە»، کەمێک لەو ڕاڤانەی ئارێندەی شرۆڤە کردووە، بۆیە لێرەدا، بە هۆی دەستپێوەگرتنی پرەنسیپی چڕایەتیمەوە بۆ ئەم بابەتە، نیازم نییە لەسەر ئەو بیرۆکانەی هەنا ئارێند بپەیڤم.

هەر چۆنێک بێت، وەک دەزانین، بەر لەوەی کە ئەریستۆ باسی ئامانجی ئاکاری چاکە بکات، پلاتۆ لە «کۆمار»دا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوەکە باشترکردن و پایەدارکردنی مرۆڤ یەکێکە لە گرنگترین ئەرک و ئامانجی دەوڵەت. هەروا پلاتۆ لە «کۆمار»دا پێمان دەڵێ کە قانوونەکان «لە چوارچێوەیەکی گشتییدا مافێکی یەکسان و هاوبەش بە کۆمەڵگا» دەبەخشن. هاوکاتیش پلاتۆ پێیوایە کە لەو کۆمەڵگایەدا دەبێت «ئازادی، هاوڕێیایەتی و بیروبۆچوون» هەبێت. «بۆیە فرچکدان و پەروەردەکردنی هاوڵاتییان دەکەوێتە سەر شانی بەڕێوەبەر و بەرپرسانی دەوڵەت و گرنگترین ئەرکی ئەوانە ئەوەیە کە مرۆڤەکان فێری ئاکار و کردەی چاکە، ویژدان بەرز و بەختەوەریی بکەن.» (٨) لە دیدی پلاتۆوە دەوڵەتێکی دادپەروەر واتای تەندروستی دەگەیەنێت، کەچی دەوڵەتێکی نادادپەروەر واتای نەخۆشی دەگەیەنێت. هاوکاتیش لە کن پلاتۆ ئازادی و دیموکراسی لە دەوڵەتێکدا گرنگترین مانا دەگەیەنن. دیموکراسی بریتییە لەوەی کە مرۆڤەکان دەخوازن ئازاد بن. ئازادیش واتا لەو دەوڵەتە دیموکراسییەدا مرۆڤەکان بتوانن بە شێوەیەکی بێ لەمپەر گوزارە لە جیهانی

خۆیان بکەن. یان بە واتای پلاتۆ کاتێک ئەو ئازادییە بەرجەستە دەبێتەوە کە «بەو پەڕی ڕاشکاوییەوە کۆیلەکان وەک کۆیلەدارەکان هەمان ئازادییان هەبێت و پیاو و ژنان وەی یەکتر سەیر بکرێن.» (٩)

بەهەمانشێوە، لە ڕوانگەی ئەریستۆوە ئارمانجی دەوڵەت سەرکەوتنی هاوڵاتییانە؛ واتا هاوئاهەنگیی لە نێوان تاک و گشتییدا بە کارایی رەچاو بکرێ. چونکە دەوڵەت ئەرک و کار و بارێکی هەموو هاوڵاتییانە. لەوێدا گشت کارە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان ئارمانجێکیان هەیە. لێرەدا دەوڵەت باڵاترین شێوەیە لەو هاوژیانە کۆمەڵایەتییەدا، بۆیە دەبێ لەو کۆمەڵگایەدا بەختەوەریی و چاکە لە باڵاترین شێوەدا بەرجەستە ببنەوە. چونکە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە ئەوەی هەڵبژارد کە لە ژیانێکی هاوبەشی مۆراڵیدا لە پەیوەندییەکی هاوڕێیانەدا لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا بژی.
وەک دیارە هەم بۆ پلاتۆ و هەمیش بۆ ئەریستۆ، دەوڵەتێکی چاک دەتوانێ هاوکاری لەگەڵ مرۆڤەکان بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی مرۆڤەکان پێکڤە لەگەڵ دەوڵەتدا ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانییانە ئەنجامیبدەن.
لە کۆتاییدا دەخوازم بێژم، کە پلاتۆ و ئەریستۆ زۆر لەو دەسەڵاتدار، سیاستوان، ڕۆناکبیر و هزرمەندانەی ئەمڕۆ دیموکراسیتر و خەمخۆرتر بـوون، هـەروا زۆر ڕاستگۆیانەتر، دوور لە ئایدۆلۆژییەکان، لە خەمی ئەوە دابوون کە هاوڵاتییان بتوانن چالاکانە لە پرۆسەی دەوڵەتدا بەشدار بن و مافە رەواکانی خۆیان پراوە بکەن.
مایەی تێڕامانە، کە لە سەرتاپای کەڵچەر و جیهانبینی گریکی کۆنینە و بە تایبەتیش لە کن پلاتۆ و ئەریستۆدا، چەمکگەلی وەک «بەختەوەریی»، «ئاکاریی چاکە»، «ویستی سەرکەوتن»، «ئێتیک»، «هارمۆنییەکی سروشتی لە نێوان کۆی هاووڵاتییان و دەوڵەتدا»؛ لە زمانی گریکی کۆن و فەلەسەفەی گریکیدا، گشت ئەو چەمکەگەلە، لە دەستەواژەی «ڤیرتۆ»دا چڕ دەبنەوە، بەها و پێوانەیەکی گرنگیان هەیە. چونکە خودی ئەو خواست و پێداویستییانەن کە وەک بنەمایەکی سروشتیی، گەوهەری مرۆڤایەتییان پێکهێناوە، هانی ئەو مرۆڤە دەدەن لە پێناو بەرجستەکردنەوەی ئارمانجەکەیاندا، کە مەبەست و مانای گەڕان بە دوای سەروەریی ناوەکیی، ڕۆحییانەی هەبوونیەتی مرۆڤ دەگەیەنێت، لە ژیانێکی هاوبەش لە شێوەی دەوڵەتێکدا، یەکبگرن. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر حوکمڕانی دەوڵەتێک نەیتوانی ئەو ئارمانجە هاوبەشەی هاوڵاتییەکانی بەرجەستە بکاتەوە، ئەوە لە دواجاردا، نە ئەو حوکمڕانە بەختەوەر و سەرکەوتوو دەبێ و نە هاوڵاتییەکانیشی.

کەواتە ئەوەی کە دەتوانێ دەوڵەتێکی سەرکەوتوو بونیات بنێت، ئەوە هاریکاریی و هەرەوەزیی هاوڵاتییە چاکەکانە، نەک حوکمڕان و داروودەستەیەکی مشەخۆر و گەندەڵ.

**بەهاری ٢٠٠٦**

**ستۆکهۆڵم/سوێد**

**سەرچاوە و ژێدەرەکان:**


١. Platon Skrifter، وەرگێڕانی دەقە سوێدییەکە Claes Lindskog، Stockholm، Hugo Gebers förlag: ٦١ ٢. هەمان سەرچاوە، لاپەرە: ٢١٣

٣. Sven –Eric Liedman، Från Platon till kummunismens fall، لاپەرە : ٣٣

٤. Aristoteles، Politiken، övers. Karin Blomqvist، PAUL Åströms förlag، Jonsered، ١٩٩٣ لاپەرە ٧

٥. Aristoteles، Politiken، لاپەرە: ١٧١

٦. هەمان سەرچاوە، لەپەڕە: ١٦٥ و ١٦٧

٧. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: ٤٧١

٨. Platon skrifter، tolkning av Claes Lindskog، لاپەڕە: ٢١٣

٩. Sven –Eric Liedman، Från Platon till kummunismens fall، لاپەڕە : ٣٣

# هیومانیزم، ماسکێک لەدڕندەییەوە بۆ ژێرزەمینەکانی کەلتوور

■ ئیسماعیل حەمەئەمین

هیومانیزم وەک چەمک و دنیابینی، خەمێکی گەورەی مرۆڤە لەگەڕانیدا بەدووی جەوهەری ئینسانی خۆیدا، گەڕانێکی ئۆدیسۆسیانەیە بەدووی سوبێکتدا، بەدووی خودی خۆی لەنێو دنیادا، هیومانیزم بوونە لەنێو دنیایدا. هیومانیزم هەمیشە لەژێر زەمینەکانی کەلتووری کۆمەڵگاکاندا بەدووی خۆیدا دەگەڕێت و لەسەر بنەما کەلتوورییەکان خۆی فۆرم دەکاتەوە. هیومانیزم ئەو دۆزە ئاڵۆزەیە کەبوونی (زاین/ sein) لەسەر وەستاوە، بوونی ئێمە وەک ئینسان لەنێو دنیایەکی دڵڕەقدا، بوونی ئێمە لەنێو باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤدا، ئەو مرۆڤانەی لەوەحشەتگەراییەوە بەرەو باخچەکانی مرۆڤ ڕامکراون و ژیانیان لەنێو باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤەکاندا بەپێی یاساکانی باخچەکەیە، بەجۆرێک کە دەوڵەت و دەزگاکانی تەندروستی و ژمێریاری و فەرمانبەرەکانی کۆنترۆڵکراو بەڕێوەی دەبەن. مرۆڤ ئەو بوونەوەرە نامۆیە بەردەوام بەدووی خودی ئینسانی خۆیدا دەگەڕێت، جۆرێک گەڕانە بەدووی (خودێکی پەرتبوودا) لەنێوان حەزکردنێک بەوەی بازاڕیانە و وەحشیگەرانە پەلاماری دنیا بدەین، بۆئەوەی لەڕیزی بەهێزو سەرکەتووەکانی ژیاندا بین و لەنێوان ئەوەی مرۆڤبوونی خۆمان بدۆزینەوە. لەنێوان تەماع و چڵێسیدا لەسەر لیستی ونکردنی بوونی مرۆییمان و بوونمان وەک مرۆڤدۆستێک هەمیشە لەکێشەداین، ئێمەی مرۆڤ هەمیشە بەدەست مرۆڤبوونمانەوە دەناڵێنین. مرۆڤبوون بەدیوویکی تردا ئەو باجە قورسەیە کە سوکرات جارێک گوتوویەتی (باشترە زوڵم بچێژی وەک لەوەی زوڵم لەخەڵک بکەیت)، لەسوکراتەوە کە لەسەر زاری پلاتۆنەوە

گێڕاویەتەوە، فێردەبین، باشتر وایە ئەو خودە بین کە پابەندین بەهیومانبوونی خۆمانەوە وەک لەوەی دوور لەهیومانیبوونی خۆمان پڕ بکەین بەدنیادا. سوکرات نمونەی ئەو کەسەیە کەهیومانی بوونی خۆی پێش هەموو شتێک خستبوو، لەبازاڕەکانی ئەسینادا دەسوڕایەوە و ئەرکی خۆی لەوەدا دەبینییەوە خەڵکی هۆشیار بکاتەوە، لێرەوە هۆشمەندی بەڕای من بەشێکی گەورەی هیومانیبوونمانە، ئەو هوشیارییە لەڕۆمدا شێوازێکی تری وەرگرت کەدوایی دێنەوە سەری. ئیدی دۆزینەوەی (ڕۆحێکی باڵا) بەشێکی تری ئەو گەڕانەیە بەدووی مرۆڤدا. مرۆڤ لێرەو مرۆڤبوون لەشوێنێکی تر، مرۆڤ لەنێو جەنگەکاندا و مرۆڤبوون لەنێو ئاشتیدا، مرۆڤ لەتیژکردنەوەی ململانێیەکان و مرۆڤبوون لەنێو لێبوردەییدا، مرۆڤ لەنێو تەماعدا و مرۆڤبوون لەنێو زوهدیەتدا. مرۆڤ لەنێو خودی خۆیدا وەک ئاژەڵێکی ڕامنەکراو، مرۆڤبوونیش وەک ڕامکراوێکی هۆشمەند.. بەمشێوەیە لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤبوونماندا دنیایەک لەگرفت و ئاڵۆزی خۆی ڕادەکێشێت.

لەم پەرەگرافەی سەرەوە ئەوەندە لەهیومانیزم تێدەگەین، کە گرفتێکی گەورەیە و ئیشکالیەتێکە تالەناوچوونی جەستە ژیانی ڕۆحیمان هەڵدەسوڕێنێت، لەوەش تێدەگەین کەمرۆڤبوون و هیومانی بوون وەک ئازادی وەهایە پڕ ئازار و کێشەیە. بەڵام پێش ئەوەی بچینە نێو گرفتەکانی هیومانیزم باشتر وەهایە سەرەتایەک بۆ ئەم نووسینە دابنێین لەپێناسەکردنی چەمکی هیومانیزمەوە دەستپێبکەین، کە وەک چەمێکی ڕۆژئاوایی و لەئانتیکاوە (گریکی کۆن) ئاماژە بۆ بوونی مرۆڤ دەکات وەک بوونێک نەک تەنها بوونەوەرێک، وەک بوونێک و لێرەبوونێک (دازاین /Dasein) کەکردەی بوونی خۆی لەئینسانیبوونی خۆیدا دەدۆزێتەوە. گرنگترین توخمی هیومانبوومان بەختەوەریە، کەدەبێت مرۆڤەکان بەختەوەربن و بەختەوەری بۆ هەمووان بخوازین، کەرامەت پارێزراو و لوتبەرزی مرۆڤدۆستانەمان پەیوەندی ئێمە بێت بەدنیای دەرەوە. هیومانیەت لەوشەی لاتینی (Human) بەمانای مرۆڤ دەگەیەنێت، هاتووە. هومانیزم ئامانجی دۆزینەوەی وجودی مرۆڤە لەمرۆڤبوونیدا، ئەم کردەیە پێیدەگوترێت (هیومانیزم/هومانیتێت). ئەم ئەرکە چیرۆکی مرۆڤە لەهەموو پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیدا، هومانیزم لەجەوهەردا گەڕانێکی وجودیانەیە بەدووی خودێکی مرۆڤدۆستانەدا، کە هەروا بەئاسانی مرۆڤەکان ناگەنە بەردەم سنوورەکانی، هیومانیزم کەلتوورێکی باڵای ڕۆحێکی ئینسانی گەورەیە، مرۆڤ لەنێوان وەحشیگەرایی و دەسەڵاتخوازی و تەماع و چڵێسیدا، لەنێوان ئاژەڵێکی وەحشی و مرۆبووندا بەدووی خودی خۆیدا دەگەڕێت، پرسیاری سەرەکی ئەبەدی هیومانیزم ئەوەیە: مرۆڤ کێیە؟

مرۆڤبوون چییە و چۆن دەگەینە جەوهەری مرۆڤبوونمان؟! بەگەڕانەوە بۆ فەلسەفەی گریکی، فەیلەسوفێکی وەک (پرۆتاگۆراس) ئەو فەیلەسوفەیە کە بڕوایەکی بەهێزی بەمرۆڤ بووە، مرۆڤی وەک پێوانەیەکی دنیا سەیرکردووە، بۆ ئەو وەک فەیلەسوفێکی یۆنانی پێش سوکرات، لەو بڕوایەدا بوو کەمرۆڤ پێوانەی دنیایە، ڕستە بەناوبانگەکەی کە بەهۆمۆ مەنسورا Homo-Mensura ناسراوە دەڵێت: مرۆڤ پێوانەی هەموو شتەکانە، ئەوانەی هەن وەک بوون و ئەوانەشی نین وەک بوون... لێرەوە هیومانیزم لەپێش سوکراتەوە مرۆڤ دەکات بەپێوانەکاری دنیای دەرەوەی خۆی، پرۆتاگۆراس خودی مرۆڤ وەها دەبینێت کە دروستکردنی مەعریفە و زانینە، لەبەرئەوە دنیای دەرەوەی دەرەوە بەپێوانەی مرۆڤ پێوانە دەکات. ئەم ڕستە بەناوبانگەی ئیشکالیەتی شتەکان و دەرکەوتنیان، بەمانای شتەکان دەرکەوتنیان لەڕووی بینینی منەوە دیاریدەکرێت نەک وەک ئەوەی لەدەرەوەی خۆی هەیە، بەجۆرێکی تر ئەم ڕستەیە لێکبدەینەوە دەتوانین بڵێین کە (جیهانی ئێمە جیهانی پێوانەکارییەکانی مرۆڤە... پرۆتاگۆراس لەوبڕوایەدایە کە دنیای دەرەوە پێوانەکاری مەعرفی و زانینی ئێمە نییە، بەڵکو ئێمە، بیروڕای ئێمەی مرۆڤ پێوانەیە).

بڕوانە: Protagoras، Der Mensch alle Maß der Dinge، eine Vortrag von Dr. Philip Florian Roth، S٥

لێرەوە سوبێکت، خود، پێوانەی دنیایە، لێرەوە لەپێش سوکراتەوە ڕستە بەناوبانگەکەی پرۆتاگۆراس بەردی بناغەی هیومانیزم دادەنێت، بەوەی کە گەڕانەوە بۆ پێوانەکاری مرۆییانە، مانای ناسینی ڕاستەقینەیی دنیای دەرەوە دەگەیەنێت. بەشێوەیەکی تر ئەم ڕستەیەی پرۆتاگۆراس لێکبدەینەوە، لەوە تێدەگەین کە مرۆڤ لەچەقی دنیادا وەستاوە، خودی مرۆڤ لەنێو خودی خۆیدا و بۆ خۆی، دنیای دەرەوە تەفسیر دەکات. من هەمیشە گوتوومە دنیا ئەوکاتە هەیە کەمن بیری لێدەکەمەوە، کەواتە بوونی جیهان بەبوونی منەوە بەندە. پرۆتاگۆراس ئەو ئیشکالیەتە هیومانیەی لەمێژووی فیکری فەلسەفیدا هاروژاند، بەجیاوازی ڕاڤەکردنی ئەم ڕستە بەناوبانگەی پرۆتاگۆراس، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ وەک چەقی دنیا و شتەکان سەیربکەین. هیومانیزم لەئانتیکاوە باس لەمرۆڤ دەکات وەک چەقی دنیا لەبەرامبەر خواوەندەکان و جیهان. لێرەوە مرۆڤ وەک سەرچاوەی زانین، مرۆڤ وەک چەقی دنیا، مرۆڤ وەک خودێکی سەربەست، نەک هەر لەنێو گوتاریکی فەلسەفیدا دەمێنێتەوە، بەڵکو پەیوەندی مرۆڤ بەدەسەڵات و دەسەڵاتخوازی و دەستبەسەراگرتن و دوژمنکاری لەچوارچێوەی هیومانیزمیدا تاوتوێدەکرێت، ئەوەی هومان نەبێت، ئەوەی ئینسانی نەبێت پێوانەکاری

ڕاستەقینەی خۆی لەدەستدەدات، ئەمەش یەکێکە لەدۆزەکانی قسەکردن لەدەسەڵات وەک فۆڕمێکی بەڕیوەبردنی کۆمەڵگا مرۆییەکان. لەم سەرەتایەوە نێزیکدەبینەوە لەکتێبەکەی فەیلەسوفی ئەڵمانی (پیتەر سلۆتێردایک) دەربارەی هیومانیزم لەم کتێبەدا لەگەڵ هایدگەردا گفتوگۆدەکات، ئەم کتێبە یەکێکە لەنووسینە گرنگەکانی سلۆتێردایک، ئەم کتێبە لەبنەڕەتدا نووسینێک بووە کەلەشاری (بازل) سویسری لەلایەن سلۆتێردایک لە ١٥, ٠٦, ١٩٩٧ خوێندراوەتەوە، کۆنگرەیەک بووە دەربارەی گرفت و فۆڕمە (هەنووکەییەکانی هیومانیزم) لەئێستادا. بەڵام ئەم نووسینە جارێکی تر لە ڕۆژنامەی زەمەن (Die Zeit)ی ئەڵمانی لە ٢٠١١ ,٠٩ ,٢٣ بڵاو دەبێتەوە، لەدوایدا لەبەر گرنگی بابەتەکە جارێکیتر لەفۆڕمی کتێبێکدا بڵاودەبێتەوە. کتێبەکە لەژێر ناونیشانی گوتارەکەیە کە لەلایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی سورکامپ بەناوی (ڕێسایەک بۆ باخچەی مرۆئاژەڵیەکان، وەڵامدانەوەی نامەیەکی هایدگەر دەربارەی هیومانیزم) لە ١٩٩٩بڵاودەبێتەوە.

بڕوانە:

Peter Sloterdijk، Regeln für den Menschenpark: Ein Antwortschreiben zu Heideggers Brief über den Humanismus، edition suhrkamp

لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەک بۆ هیومانیزم بکەین لەڕوانگەی خوێندنەوەی کتێبەکەی سلۆتێردایکەوە.

**خوێنەری نادیار**

(لەڕاستیدا دەبێت وەها لەجەوهەری هیومانیزم تێبگەین، سێکتێکە، جڤاتێکە، یان یانەیەکی فانتازیایە، کۆمەڵێک خەوبینەرن، کە قەدەرێکی سۆلیدارێتی کۆیان دەکاتەوە. سۆڵیدارێتی ئەوانەیە کە نوخبەیەکن لەخوێنەران و ئەوانەن توانای خوێندەواریان هەیە..ه.س.پ. ل١٠) سلۆتێردایک لەو بڕوایەدایە کەخوێنەری نادیار ئەو بەشەگرنگەی گەمەی نووسینە کە هەمیشە تێکستەکان بۆ ئەوان ئاڕاستەکراوە، دەقەکان بۆ ئەو خوێنەرە نادیارەیە کە لەهەر شوێنێکی دنیادا بێت تێکست دەخوێنێتەوە و تەفسیری دەکات، خوێنەری نادیار بەم پێیە وەرگری ئەو نامە نێردراوەن، کە نووسەرەکانیان نازانن وەرگرەکەی کێیە. کەلتووری ڕۆژئاوایی لەسەر ئەو دەقانە دامـەزراوە کە فەیلەسوفە یۆنانییەکان لەڕێگەی نامەبەر و کاتیبەکانەوە دەیانارده ڕۆما، لەئیتاڵیا ئیمپراتوۆریەتی ڕۆما وەرگری ئەو نامە نێردراوانە بوون کە لەفەیلەسوفە گریگەکانەوە

دەنێردرا. ئەو تێکستە فەلسەفیانەی دەهاتن دنیایان تەفسیر دەکرد، بێگومان بۆ خوێنەرە نادیارەکان نێردرابوو، لێرەوە گەمەی ئەبەدی نێوان تێکست و خوێنەر، گەمەی نووسەرە لەگەڵ خوێنەرە نادیارەکانیدا. لەم سەرەتایەوە سلۆتێردایک لەو بڕوایەدایە کە پرۆسەی خوێندنەوە، سەرەتای ئەو بڕوایە بوو، کە ئەلفاباتیزەی، یان بەمانایەکی تر خوێندەواریکردن، مانای هیومانیزمی دەگەیەنێت، مادامەکی هیومانیزم مانای هاوڕێیەتیە لەگەڵ وشە و تێکستەکان، (لەزەمەنی سیسرۆ Cicro هیومانیزم بەمانا فراون و دیاریکراوەکەیەوە پابەندە بەئەلفاوباکردن) ە.س.پ. ل٧

هیومانیست لەم ڕوانگەیەوە لەگریکەوە بۆ ڕۆم ئەو کەسانەن کە خوێندەوارن، ئەوانەن کە خوێنەری نادیاری تێکستە فەلسەفییەکانین، ئەوانەن کە دەتوانن دەقەکان دەخوێننەوە. ئەم ڕایە تائێستا ڕوانینی گشتی بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکانە، بەوەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئاستی خوێندەواریان تێدا نزمە، توندوتیژی دەرگاکانی خۆی لەسەر واڵاکردوون، ئەم تێزە هەمیشە لەوبڕوایەدا بووە کە ئەلفابکردنی کۆمەڵگاکان پابەندە بەهیومانیزەکردنی کۆی کۆمەڵگا، کۆمەڵگا لەم تێزەدا پابەندە خوێندەواری وەک بەشێکی گرنگ لەدروستکردنی قەوارەیەکی هیومانی، ژیاریەک لەڕوونمای خوێندەواریەوە، مرۆڤدۆستی تێدا لەئاستێکی باڵادایە. ئەم ڕوانینە کلاسیکییە قسە زۆر هەڵدەگرێت و یەکێکە لەو پارادۆکسانەی ناتوانێت بەئاسانی قەناعەتمان پێ بکات و لەدوایدا دێینەوە سەری.

خوێنەرە نادیارەکانی تێکستەکانی فەیلەسوفە یۆنانییەکانی وەک پلاتۆن و سوکرات و پرۆتاگۆراس و ئەرستۆ و ئەوانیتر، شانۆکانی هۆمێر و سۆفۆکلیس و چیرۆکی خواوەندەکان، تەواوی تێکستەکانی پلاتۆن لەمەڕ دەوڵەت و مرۆڤ و ئەخلاق و کارکردن لەلایەن خوێنەرە نادیارەکانی ڕۆمـاوە جێگەی گفتوگۆ و تەفسیرکردن بوون، لێرەوە خوێنەوارەکانی ڕۆما، ئەو نوخبەیەن کە توانای خوێندنەوەیان هەیە، وەک خوێنەری نادیار تەواوی شارستانیەتی ڕۆمانیان لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژا، کە لەدواتردا فەلسەفەی یۆنانی لەلایەن خوێنەرە نادیارەکانی ڕۆماوە دەبێتە بنەمای ئەقڵی دەوڵەتی و فەلسەفەی گشتی هەموو ڕۆژئاوا. من پێموایە ئەو بیرۆکەیەی لەپشت ئەم تێزەی سلۆتێرادیکەیەوە ئەوەیە، کە تێزی هیومانیزم و دامەزراندنی ژیاری ڕۆژئاوایی و پێکەوە گرێدراون، بەوەی تیکستی یۆنانییەکان و خواوەندەکانیان پێش مەسیحیەت و دوایش تێکستەکانی کتێبی پیرۆز ئەو تیکستانەن دەم و چاوی دەسەڵاتی کەلتووری ڕۆژئاواییان دیاریکردووە، لێرەوە قسەکردن لەسەر نوخبەیەکی خوێندەوار قسەیەکە لەسەر نوخبەیەکی دەسەڵاتخواز بەمانا فۆکۆییەکەی، سلۆتێردایک

لەم تێزەدا کاریگەرە بەفۆکۆ بێیەوەی بەیەک وشە ئاماژەی پێبدات، یاخود لەوانەیە ئەم تێزە پشتە وێنەی تێزی هیومانیزم بێت وەک نوخبەیەکی خوێنەوار کە بەردەوام لەژێر ماسکی هیومانیزمیدا دەسەڵاتێکی کەلتووری فراوندەکەن کە لەدواجاردا دەبێتە بەشێک لەدەسەڵاتێکی سیاسی و میلیتاریستی. میلیتاریزم لەزەمەنی سیسرۆوە، لەزەمەنێکدا کاتێک ئیمپراتۆری ڕۆما دەیویست دیموکراسیەتی سینات لەناو بەرێت بەوەی لەشتادیۆنە (یاریگا) گەورەکاندا پاڵەوانەکان دژی یەکتر دەچوونە بازنەی کوشتنەوە، ئەوەی دەیباتەوە جارێکی تر دەکوژێتەوە و جەماوەری تەماشاکاریش چەپڵەیان بۆ لێدەدەن و چێژی لێدەبینین، بەمەش لەجیاتی خوێندنەوەی کتێبەکان، لەجیاتی دەسەڵاتی خوێندەوارەکانی نێو سینات (پەرلەمان)، کەداوای پاراستنی ڕۆمایان دەکرد لەڕێگەی حوکمێکی دیموکراسی نوخبەوی، ئاوەها ئیمپراتۆر شیوازێکی تر لەکەلتووری جەماوەری، کەلتووری مێگەلی کۆمەڵایەتی دەخاتە گەڕ لەدژی خوێندەوارەکان، بەمشێوەیە کەلتووری جەماوەری هەڕەمەکی، لەدژی خوێنەری کتێبەکان لەکارادا بوو، کتێب لەدژی چێژی کاڵ و کرچی بازاڕی جەماوەری، لەم ڕوانگەیەوە (ئەوەی خوێندەوارەکانی ڕۆما بەهیومانیزم ناویان دەبرد، نەدەتوانرا مەزندە بکرێت، بەبێ زوهدیەت و سکهەڵگوشین نەبێت لەدژی کەلتووری جەماوەری کەلەو نمایشە خوێناویانەدا خۆی بەرجەستەدەکرد..ە.د.پ. ل١٨ ). هیومانیزم بەم مانا کلاسیکیەی، دوورکەوتنەوەیە لە کەلتووری جەماوەری کەچێژ لەئاستێکی نزمدایە، ئەمڕۆش هەمان کێشە لەئارادایە بەوەی میدیای جەماوەری کەتەنها بەدووی مێگەلی کۆمەڵایەتیەوەیە، ڕۆژنامەکان تەنها هەواڵی حەیاچوونە سیاسی و ئەخلاقییەکان بڵاودەکەنەوە، هەواڵی ئەستێرەکان و کلیبە جەماوەرییەکان، مۆبایلە شیعر و شیعری کاڵ و کرچ و ڕۆژانەیی بێ بەهای ئەدەبی و زۆر گۆڤار و بڵاوکراوەی تر، ڕووی گشتی میدیای جەماوەریە. تەلەفزیۆنەکان لەهەموو دنیادا بەدووی ڕاکێشانی بینەری زۆرن، بەجۆریک دەتوانین وەک ئەو ستادیۆنە سەیری بکەین کە گلادیاتۆرەکانی (پاڵەوانبازەکان) ڕۆما لەگەڵ پڵنگ و دڕندەکاندا دەکەوتنە زۆرانبازییەوە، دیمەنی خوێناوی و کوشتن و چێژبینین لەزەمەنی ڕۆماوە تائێستا بەردەوامە، بەڵام شێوازەکان و فۆڕمەکانی گۆڕاوە، ئێستا هەمان فۆیریسم و تەماشا چێژە کەلەسەر ڕووبەری مۆبایل و یۆتۆب و تەنانەت فەیسبووکە کە دیمەنە ناشیرین و سەرسوڕهێنەرەکان دەبینین. لەئێستادا ئەوە زۆرانبازی نێوان کتێب و کەلتووری جەماوەرەی بەردەوامی هەیە، لەپشتیەوە کۆمپانیا و سیاسەت و حکومەتەکان وەستاون، ئەوانە ئەو ئیمپراتۆرە نوێیایەن کەلەپشت بازنەکانی چێژی گشتیەوە وەستاون، بێگومان لەدژی کتێب و

نوخبەی خوێندەواری جیدی، لەدژی ئەوانەی نامەی حەکیمانە دەنێرن بۆ خوێنەرە نادیارەکانیان. لەزەمەنی ڕۆمادا کاتێک یەکێک لەخوێندەوارەکان تەماشای زۆرانبازی وەهای بکردایە، لەدوایدا هەستیدەکرد لەهیومانیەتی خۆی دوور کەوتەوە، هیومانیزم بەم پێیە (قوتارکردنی مرۆڤە لەبەربەریەت.. ل١٦).

هیومانیزم وەک خوێنەرێکی نادیاری تێکستە فەلسەفییەکان و وەک خوێندەواری ئەلف و باتیزەکردنی کۆمەڵگا لەدژی بەربەریەت، ئەو تێزە بوو کەلەسەدەی نۆزدەوە تاوەکو کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بیروڕای باو بوو، بەوەی خوێندەوارەکان دەتوانن مرۆڤ لەبەربەریەت بپارێزن. مۆدێرنە لەترۆپکیدا لەسەدەی نۆزدەدا بڕوایەکی پتەوی هەبوو کە بەها ئەدەبییەکانی ڕۆمانتیک، خوێندەوارکردنی نەتەوەو پتەوکردنی پایەکانی هیومانیزمە لەکۆمەڵگادا، بەڵام زۆر نابات لەنێو ئەو نوخبە خوێندەوارەدا، کاتێک زانین و زانست پێدەگات، لەدوای ڕێنیسانس و لەدوایدا ڕۆشنگەری و پاشان مۆدێرنە وەک بەختەوەریەکی گەورەی خوێندەوارەکان بەوەی ئەوان دنیایەکی بەختەوەر بینا دەکەن، (بەهەقەت وابوو لە١٨٧٩ تاوەکو ١٩٤٥ خوێنەرە بەختەوەرەکانی هیومانیزمی نەتەوەیی لەترۆپکدا بوون..ل١٢)، ناسیۆنالیزم مۆدێلێکی هیومانستی، وەک مۆدێلێکی ئەدەبی باڵا و چێژ بینین لەتێکست و موزیک و بەهاکانی خوێندەوە، بەکورتی مۆدێلی خوێندەوارێک پێشکەش دەکات، بەڕای خۆی، دنیا لەبەربەریەت دەپارێزێت. بەڵام ئەوانەی داوای نەتەوەیەکی مرۆڤدۆستیان دەکرد لەڕێگەی خوێندەوارییەوە، دوو جەنگی ترسناک بەرهەمدێنن، خوێندەوارەکان، ڕۆشنبیرە لوتبەرزەکان، بەمانایەکی تر هیومانیستەکان، دوو جەنگی وەحشی بەرهەمدێنن. ئیدی خوێندەواری وەک مۆدێلی زانست و زانین و نوخبەی خوێندەوار، وەک دەسەڵاتێک گومانێکی گەورەی لێدەکرێت.. هیومانیزم لەسەدەی نۆزدە و بیستدا لەڕێگەی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، خۆی لەسەر مۆدێلێکی ئەدەبی خوێندەواری دامەزراندبوو، بەمانای نموزەجی هەڵمەتی خوێندەواری و ئەلفابتیزەکردنی نەتەوە بۆئەوەی لەژێر چەتری دەوڵەتی نەتەوەییدا خۆی ڕێکبخات یەکێک بوو لەئامانجە گەورەکانی هیومانیزم. بەڵام هیومانیەتی خوێندەوارەکان لەنێو سەنگەرە پڕ لاشەکانی هوردوو جەنگی جیهانیدا دەبێتە خەونێکی نەزۆک.. ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆ ئەدەبی کوردی لەسەدەی بیستدا، بەتایبەت شیعری کلاسیک و ڕۆمانسیەتی نەتەوەیی لەوەدا خۆی نمایش دەکرد کە ڕزگاری میللەتی کورد لەڕێگەی خویندەوارییەوەیە، بەجۆرێک کە جەهل و دواکەوتوویی و وەحشیەت هەمیشە پابەندبووە بەنەخوێندەوارییەوە، ئەو وێنەیەی نەخوێندەوارەی کورد لەشیعردا دەیبینین، مرۆڤێکە پابەندە بەدواکەوتوویەوە. وێنەی جەهل و دواکەوتوویی وێنەی

نەخوێندەوارە بەشێوەیەک لەشێوەکان. ئەم مرۆڤدۆستیە کوردیە کاڵ و کرچە پابەندە بەدژایەتیکردنی وێنەی نەخوێندەوار لەکۆمەڵگای کوردیدا، هیومانیزم لەشیعردا هەمیشە ڕزگاربوونی مرۆڤی کوردی لەخوێندەواریدا بینیوە. بەمەرجێک لەدوای کۆمەڵەی هیوا و دروستبوونی پارتی کوردی چاوەڕوانییەکان لەنوخبەی خوێنەوار لەو ئاستەدا نەبوو کەفانتازیای شیعری نیگارکێشی کردبوو. نمونەیەکی تر لەساڵی ١٩٧٩ دەبوو، کاتێک حکومەتی عێراقی و بەعس هەڵسا بەهەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئەو پڕۆگرامە پێنچ ساڵی خایاند و بەشێکی زۆری عێراق بەکوردستانیشەوە بەر ئەو هەڵمەتە کەوتن. ئەو تێزەی بەعس دەیویست نیشانی دنیای بدات ئەوەبوو کە حکومەتێکی مرۆڤدۆستانەیە و دەیەوێت لەدژی وەحشەتگەری کۆمەڵگای عێراقی هەڵمەتێکی ژیاردۆستی و مرۆڤدۆستی دەستپێبکات، هەنگاوێک بوو بۆئەوەی مرۆڤی عێراقی ببێت بەمرۆڤیکی ژیاری لەژێر سایەی زیاتر لەچەندەها دەزگای داپڵۆسێنەردا. بەمجۆرە دووفاقی ئەخلاقی بەعس لەم تێزەدا دەردەکەوت، کە دەیویست ماسکێکی مرۆڤدۆستانە ببەخشێت بەخۆی، ماسکێک دەیویست دەم و چاوی جەلادی خۆی پێ بشارێتەوە. بەڵام ئەوەی من دەمەوێت بیگەمێ ئەوەیە جۆرێک لەخوێندەواری لەم دەڤەرەدا پەیدابوو کە دەتوانم بە (خوێندەواری ماسکدار) ناوزەدی بکەم، جۆرێکە لەو مۆدێلەی کەبەعس خۆی لەپشتەوە دەشاردەوە، ئەویش ئەوەیە کە خوێندەوارەکان ڕوویەکی مرۆڤدۆستین. دیارە لەنێو ئەقڵی کۆمەڵایەتی کوردیدا، کاتێک خوێندەوارێک هەڵەیەک دەکات، توڕە دەبێت، شەڕدەکات، ئەوا سەرزەنشت دەکرێت بەوەی کە ڕۆشنبیر نابێت کاری وابکات، لێرەوە وشەی ڕۆشنبیر بەمانا گشتییەکەی کە بەکاردەهێنرێت مەبەستی خوێندەوارەکانە لەهەر پلەیەکی خوێندەواریدا بن. ئەو بیرۆکەی لەپشت ئەم دەستەواژەیەوە ئەوەیە، کە خوێندەوارەکان ئۆتۆماتیکی مرۆڤدۆستن. دیوی دووەمی ئەم تێزە ئەوەیە کە خوێندەوارەکانیش ئەو وێنەیە دەبەخشن بەخۆیان، مادامەکی خوێندەوارین کەواتە مرۆڤدۆستین، دیارە لێرەدا جیاوازی دەکەین لەنێوان ئەو وێنە ڕاستەقینەیەی خوێندەوارەکان و وەزیفە ڕۆشبیردا، ئەوەی ئەم مۆدێلەی بەرهەمهێنا ئەو وێنە شیعرییە بوو کە ئەدەبی کوردی تەقلیدی بەخشی بەخوێندەوار وەک مرۆڤدۆستێک و ڕزگارکەرێکی نەتەوە و کۆمەڵگا لەدواکەوتوویی و وەحشەتگەری. لێرەوە خۆنمایشکردنی خوێندەوار و ئەفەندییەکان دەبینین بەوەی خاوەنی ڕۆحێکی باڵای مرۆڤدۆستی و ژیارین لەدەڤەرەکەدا، نوخبەیەک لەسیاسی بەرهەمدێنێت ڕەوایەتی مرۆڤدۆستی و باڵایی ئینسانی بەخۆی دەبەخشێت، وێنەی ئەوەی ئەوان دەتوانن لەکۆمەڵگادا پرسە چارەنوسسازییەکان بەدەست بگرن، لەم گۆشەنیگایەوە

مەلاکان هەستیان دەکرد کەڕکابەری گەورەیان بۆ دروستبووە، ئەوان پێش ئەوەی وێنەی خوێندەوار، یان منەوەر، یان ئەفەندییە، پەیدان بن، هەبوون و دەبوایە بەرگری لەوێنەی خۆیان بکەن. ئەم فیگوری خوێندەوارە لەگەڵ دروستبوونی (کۆمەڵەی هیوا) دا توێژێک لەخاوەن بڕوانامە دەکاتە دەمڕاستی کۆمەڵگایەک، کە نەخوێندەواری تێدا لەئاستێکی ترسناکدایە و لەم هاوکێشەیەدا لەنێوان خوێندەوار و نەخوێندەواردا، لەنێوان ئەوانەی ئەلفاباتیزەنین، مافی قسەکردنیان بەناوی کۆمەڵگاو جڤاتەوە لێ زەوتدەکرێت. ئەوە خوێندەوارە بەمەلاو منەوەرەکانەوە مافی قسەکردنیان هەیە، ئەوانەن لەجیاتی هەمووان قسەدەکەن، لەجیاتی من و تۆو ئەوانی دیکە قسەدەکەن. لەجیاتی ئەوانەی کە بارودۆخیکی ناهەموار ڕێگەی نەداون ئەلفاوبا بخوێنینەوە و بنووسن، لەجیاتی ئەوانیتر قسەدەکەن و نوێنەرایەتی دەکەن، کە کۆدەکانی ئەلفاوبا دەکەنەوە و دەخوێننەوە. لێرەوە مافی ئەلفاباتیزەکردن، دەبێتە مافی مرۆڤدۆستەکانی لەجیاتی جاهیل و وەحشییەکان قسەدەکەن، (خوێندەواری دەمامکدار) بەدەمامکی مرۆڤدۆستانە وەک فیگورێک هەموو هێڵەکان لەم دەڤەرەدا بەدەستەوە دەگرێت، هەموو شۆڕش و حکومەتەکان لەم دەڤەرە و تەنانەت لەبەشێکی زۆری جیهاندا مافی ئەلفابتیزەکان بووە بەرامبەر ئەوانەی نەیانتوانیوە لەڕێگەی وشەی نووسراو تەعبیر لەخۆیان بکەن، لەم گۆشەنیگایەوە (خوێنەواری دەمامکداری هیومانی) لەنێو ئێمەدا تاوەکو ئەمڕۆ مافی سیاسەت و دەسەڵات و قسەکردنی بەخۆی داوە. لەشەڕی نێوان بارزانی و تاڵەبانیدا لەزەمەنی شەستەکاندا، زۆرانبازی نێوان دوو خوێنەوارە، یەکێیان مەلایەکی ئاینییە لەخێزانێکەوە بەناوی موقەدەسی ئاینییەوە تاوەکو ئێستا حوکمدەکات، لەگەڵ خوێندەوارەکانی وەک ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و ئەوانیتردا دەکەوێتە زۆرانبازییەوە. لەگۆشەنیگای سلۆتێردایکەوە قسە بکەین هیومانیەت ڕزگارکردنی مرۆڤە لەبەربەریەت، بەمانای قوتارکردنی مرۆڤە بۆ ئەوەی نەبێت بەوەحشی ئەم پرۆسەیەی ناوناوە لەوەحشیەتکردن (Entbestalisierung) بەمانای هیومانیزم ئەوەیە کەمرۆڤ نەبێت بەئاژەڵێکی دڕەندە، مادامەکی هیومانیزم قوتارکردنی مرۆڤە لەبەربەریەت، کەواتە لێرەوە ئەلفوباکردنی مرۆڤەکان دۆخێکە لەدۆخەکانی هیومانیزم. هیومانیزمی کوردی لەڕێگەی ماسکێکەوە خۆی نیشانداوە و خۆی نمایشکردووە، ماسکێک لەپشتیەوە ناشیرینی و بەربەریەتی سیاسی خۆی شاردۆتەوە، ئەم خوێندەوارە دەمامکدارانە بەدەمامکی هیومانیزم بەشێک بوون، لەگەمەی سیاسەت لەژیانی کوردیدا، گەر بێگومان هەمووی نەبووبێتن. مۆدێلی بەعس لەهیومانیزم ئەوەیە، کە هەڵمەتی خوێندەواری پابەندکردبوو بەو ڕتوش و ماسکە

هیومانیەی کەخۆدی خۆی پێ نمایشدەکرد، میکانزمیکی بەرگری بوو بەزمانی شیکاری دەروونی قسە بکەین لەو بەرپەرپەتەی لەنێو هەناویدا مۆڵی خواردبوو، بەهەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری نەک هەر کۆمەڵگای عێراقی و بەعس لەوەحشیەت ڕزگاری نەبوو، بەڵکو دوو جەنگی گەورەی ماڵوێرانی بەسەر ناوچەکەدا هێنا کە دەمامکی هیومانیزمی دەوڵەتی کە خۆی لەبەخوێندەوارکردنی کۆمەڵگای عێراقیدا دەبینییەوە، پوچەڵکردەوە. لێرەوە مرۆڤ بەڕوانگەی هیومانیزم (ئاژەڵێکە لەژێر کاریگەری )، هیومانیزم هەوڵدەدات ئەو دڕندەیە ڕامبکات.

## هایدگەر و زەمەنی ئاژەڵە مرۆییەکان

هایدگەر لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە نامەیەک دەنووسێت بۆ خوێنەرێکی نادیار دەربارەی هیومانیزم، لەو نامەیەدا، لە١٩٤٦ دا نووسیویەتی، ئیشکالیەتی هیومانیزم تاتوێ دەکات، لەوانەیە گرنترین خاڵ لەم نامەیەدا هەستیپێبکەین، ئەو ڕەشبینییە گەورەیە، ئەو سکێپتیزمەیە بەرامبەر بەچەمکی هیومانیزم، ئەم نامەیە دوای نووسینی کتێبە بەناوبانگەکەی (بـوون و زەمـەن) نووسیوە، دەستەواژە سکێپتیزمەکەی (ڕەشبین) ئەوەیە کە (ئەم وشەیە هیومانیزم، مانای خۆی ونکردووە.. ە.س.پ ل٢٢).. بەمانای هیومانیزم بەڕای هایدگەر زیاتر لەدوو هەزار ساڵە، لەفەلسەفەی یۆنانییەوە بیگرە تاوەکو کریستوم و مەسیحیەت و تادەگاتە ئەوەی فۆرمی ڕۆشنگەری، وەک فۆرمێکی بێ بیرکردنەوەی دووهەزارساڵە خۆی نمایشکردووە. هایدگەر پێیوایە کە هیومانیزم مانای (دووهەزار ساڵی بیرنەکردنەوە)، لەکتێبەکە گرنگەکەیدا وەها سەیری هیومانیزمی کردووە کە تێزێکە پێویستە بەجۆرێکی تر بیری لێبکرێتەوە، هایدگەر وەک لەزنجیرە بیرکردنەوەکانی سلۆتێردایکەوە لێی نێزێک دەبینەوە، بڕوای وەهایە کە دەبێت بیرکردنەوە لەهیومانیزم لەو چرکەساتەوە دەستپێبکات، کەخۆی لەمیتافیزیکیەتی ئەورووپایی قوتاردەکات، کە بڕوای وەهایە مرۆڤ ئاژەڵێکی ئەقڵانیە، مرۆڤ ئاژەڵێکە خاوەنی ئەقڵە. هایدگەر پێیوایە نابێت مرۆڤ لەم چوارچێوە ئاژەڵیە پێناسەبکرێت، بەڵکو دەبێت مرۆڤ لەچوارچێوەی مرۆڤبووندا پێناسە بکرێت. لەم خاڵەوە هیومانیزم لای هایدگەر خۆی لەو چەمکە تەقلیدیە دەپارێزیت کە مرۆڤ وەک (ئاژەڵێکی ئاقڵ) پێناسە دەکات، ئەم گۆشەنیگا میتافیزیکەیە، ئەقڵ دەکاتە پێوانە بۆ جیاکردنەوەی ئاژەڵ لەمرۆڤەکان، بەم پێیەش فەلسەفەی یۆنانی تەقلیدی و تەنانەت مەسیحیەت لەوبڕوایەدا بوون کە دەبێت لەڕێگەی بەهێزکردنی ئەقڵەوە، مرۆڤ مرۆڤبوونی خۆی دەدۆزێتەوە، لەبەرئەوە مەسیحیەت کاری ئەوەبوو لەڕێگەی

ئەقلانیەتی ئاینییەوە مرۆڤ ئەقڵی خۆی وەگەڕ بخات بێگومان بۆ دۆزینەوەی ڕۆحی بالآی مرۆیی لەخۆیدا، بەمەش مرۆڤ لەڕیگەی ئەقڵەوە دەگاتە خواوەند و مرۆڤبوونی خۆی دەدۆزێتەوە. بەهەمانشێوەش (ژان ژاک ڕۆسۆ) دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆیی و پەروەردەی دروست، کە ئەقڵ تێدا گەشەدەکات، بڕوای وەهایە مرۆڤ دەتوانێت لەڕیگەی ئەقڵیەوە بگات بەسروشتی خۆی، بگات بەسروشت بەمانا بالآکەی و خۆی لەئاژەڵبوون بپارێزێت. لێرەوە لەئانتیکاوە تاوەکو ڕۆشنگەری کە درێژبوونەوەی خۆی لەمۆدێرنەدا ڕادەکێشێت، بەڕای هایدگەر تائەو چرکە ساتە لەژێر ئەو کاریگەرییە میتافیزیکیە ترسناکەدا کاری کردووە کە مرۆڤ ئاژەڵێکی ئاقڵە..

هایدگەر پێیوایە مرۆڤ دەبێت لەکاتیگۆری و چوارچێوەی مرۆڤدا پێناسە بکرێت، نەک لەچوارچێوەیەکی ئاژەڵیانەی ئاقڵدا. هایدگەر پێیوایە ئەوەی (مرۆڤ لەئاژەڵ جیادەکاتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ جیهانی تایبەتی خۆی هەیە و لەنێو جیهاندایە، بەڵام ئاژەڵان لەدەورووبەریاندا دەمێننەوە.. ه.س.پ ل٢٥). ئەوەی لەم دەستەواژەیە تێدەگەین ئەوەیە، کە مرۆڤ خاوەنی جیهانی خۆیەتی و (خۆی لەخودی خۆیدا) خاوەنی دنیای تایبەتی خۆیەتی، جیهانێکی تایبەت بەخۆی هەیە و بوونی خۆی لەنێویدا پەرشدەبێتەوە و کۆدەبیتەوە و بـەردەوام خۆی لەنێو جیهاندا پێناسە دەکاتەوە. لەنێو جیهاندا بوونت هەبێت ئەمە پرسیاری مرۆڤە بەرامبەر بەخۆی پاشان بەرامبەر بەدەرەوەی خۆی، ئەوە خودە، یان چاکتر وایە بڵێین ئەو سوبێکتە کەمن لەئاژەڵ جیادەکاتەوە، من و خودی خۆم لەنێو جیهاندا بوونم هەیە کاتێک خودی خۆم لەنێو جیهانی تایبەتی خۆمدا دەدۆزمەوە، کەواتە بوونی من، کاتێک هەیە کە لێرەبوونی خۆم، دارایینیDasein خۆم دەدۆزمەوە لەڕێگەی سەلماندنی بوونی خۆم لەجیهاندا. من کاتێک بوونم هەیە، کە دەتوانم لەنێو جیهاندا بم، کەواتە مەرجی مرۆڤبوونی من لەوکاتەدایە کە لەنێو جیهاندام و مەحکومم بەجیهان. ئاژەڵەکان بەپێچەوانەی مرۆڤەکان تەنیا لەشوێن و مۆڵگەکانی خۆیاندا وەک بوونەوەرێکی بایۆلۆژی خۆیان لەنێو چوار دەورووبـەردا دەگونجێنن و دەژین، بەمەرجێک مرۆڤ کاتێک دەژیت کە جیهانی خۆی هەبێت، بەم پێیە مرۆڤ مەحکومە بەجیهان و لەنێو جیهاندایە، بەمەرجیک ئاژەڵان تەنها لەنێو جیهاندا دەژین و خاوەنی جیهان نین، مرۆڤ لە ڕوانگەی هایدگەرەوە لەنێو جیهاندایە و خاوەنی جیهانی تایبەتی خۆیەتی. خودی خۆت و خۆت لەنێو جیهاندا بوونت هەبێت خاڵی ئێکسیستێنتالیزمی، وجودی خودە بەرامبەر دنیا، کەواتە مرۆڤ لەنێو بووندایە، نەک پیناسەیەکی بایۆلۆژییە. ئەوەی ئێمە لەئاژەڵان جیادەکاتەوە ئەوە نییە، کە ئێمە لەئاژەڵان ئاقڵترین، یان ئێمە

ئاژەڵێکی ئاقڵین وەک فەلسەفەی کلاسیک و تەنانەت مۆدێرنەش لەو بڕوادایە بوو کە بوونمان وەک ئاژەڵێکی ئاقڵ و پەروەدەکردنی ئەو ئەقلانیەتە مانای گەیشتمانە بەمەدارەکانی هیومانیبوون، بەڵکو بوونی ئێمە لەنێو پیناسەی مرۆڤبووننماندایە. هیومانیبوون لەم تێزەی هایدگەردا پێناسەی مرۆڤە لەنێو چوارچێوەی خۆیدا وەک مرۆڤێک، بەمانای پێناسەی مرۆڤ لەخودی خۆیدا، نەک لەدەرەوەی خۆی، دەرەوەی خۆی مانای بەئاژەڵ بوونتە، ئاژەڵبوون مانای بوونە لەدەرەوەی پێناسسەی مرۆڤ، ئەوەی هایدگەر خەمی لێ دەخوات دووبارە پێناسەکردنەوەی مرۆڤە لەنێو خۆیدا وەک مرۆڤێک لەنێو جیهاندا، مرۆڤ لەنێو جیهاندا بوونی هەیە، نەک تەنها وەک ئاژەڵ لەنێو جیهاندا بژی. مرۆڤ نالەوەڕێت لەلێواری مێژوو، بەڵکو مێژووی بوونی خۆی بەدەستی خۆی دروستدەکات، مرۆڤ جیهان دروستدەکات و لەنێودا دەژی، لەنێو جیهاندا ژیان بەمانای بوونتە وەک مرۆڤێک لەنێو خودی خۆتدا. بوونی تۆ لەم هاوکێشەیەدا مانای پارێزگاریکردنە لەبوونت وەک ئەوەی هەیەت و وەک ئەوەی بوویت، تۆ وەک مرۆڤ مەحکومیت بەپارێزگاریکردن لەسەر خۆت وەک (شوانکاریکی بوونی خۆت)، وەک پارێزەرێکی بوونی خۆت..

ژیانی مرۆڤ وەک شوانکارێکی بوونی خۆی، وەک پارێزەرێکی بوونی خۆی، وەک بوونەوەرێکی وجودی، وەهای لێدەکات کە تەنها لەچوارچێوەی مرۆڤدا پێناسەی بکەین، مادامەکی مرۆڤ بوونی هەیە کەواتە بوونی ئەو پابەندە بەزمانەوە، زمان بوونی مرۆڤە، زمان ماڵی بوونە، هایدگەر دەڵێت (زیاتر ئەوەیە کە زمان خانوو و ماڵی بوونە، لەنێو ئەو ماڵەدا مرۆڤ بوونی هەیە، بەوەی هەقیقەتی بوونی خۆیەتی، هەقیقەتی بوونێک کە دەیپارێزیت و تایبەتە بەخۆی.. ه. س. پ. ل٢٦ ). لێرەوە ئێمە لەبەردەم مرۆڤداین وەک لەنێو زماندا، وەک پارێزەری بوونی خۆی لەپێناسە بایۆلۆجییەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە، مرۆڤ لەنێو زماندا بوونی خۆی دەپارێزێت، مرۆڤ دەبێتە ڕامکار و ڕاهێنەر و پارێزەری بوونی خۆی.

### دڕەندەبوون و پەروەردەکردنی بوون

مرۆڤ دەبێت لەگەڵ بوونی خۆیدا هـاوڕێ بێت، بەمەش بوون نامەدەنێرێت بۆ جیهان، مرۆڤبوون مانای ڕۆشنکردنەوەی بوونی خۆت، ئەم ڕۆشنکردنەوە لەفیکری هایدگەردا، ئەو پرۆسێسە بەهیومانیبونەیە کەخودی خۆمان لەدڕندەیی دەپارێزێت، ئێمە شوانکاری خۆمانین لەنێو خۆماندا و پارێزەری خۆمانین وەک بوونێک لەنێو خودی خۆمان. مرۆڤ شوان یان دراواسێی بوونی خۆیەتی، لەژیانیدا ڕۆڵی شوانکار

دەبینێت. کەواتە بوون نامەدەنێرێت بۆ ئەو دراوسێیانەی کە وەریدەگرن. هایدگەر بەمشێوەیە مرۆڤ پێناسەدەکات، کە ڕۆڵی شوانکار و دروسێی بوونی خۆیەتی بۆئەوەی لەدواجاردا مرۆڤبوونی خۆی بدۆزیتەوە. لەم کێشە ئەنتۆلۆژیەدا بوون پابەندە بەو ڕۆڵی شوانکاریەی خودی مرۆڤ بەرامبەر بەخودی خۆی. لێرەوە خودگەرایی مانای گەڕانی خۆمانە بەدووی بوونی خۆماندا. لەبەر هیچ نا تەنها بۆئەوەی خۆمان لەوبەدڕندەیبوونە بپارێزین، کە جودامان دەکاتەوە لەئاژەڵان، ئەو ئاژەڵانەی لەجیهاندا چەقبووستن و لەسەر دنیا دەلەوەڕێن، بەمەرجێک ئێمە لەنێو جیهانداین و جیهان دەدۆزینەوە لەنێو بوونی خۆماندا. هایدگەر پێیوایە کە مێژووی ئەوروپا مێژووی گەڕانی سوبێکتە بەدووی ئەو بوونە ئەوروپاییەدا، مێژوویەکە مافی بەخۆی داوە جیهان لەدڕندەیی و وەحشییەکان بپارێزیت، ئەم بیرۆکەیە کە بوونی هیومانی ئەوروپایی، مانای هیومانیزمێکی ئەوروپاییە لەدژی دڕندەکان، چەندها مۆدێلی میلیتاریسزمی بەرهەمهێناوە کە لە فاشیەتدا خۆی بەرجەستەکردووە. مۆدێلی بەلشەویەت و فاشیەت و ئەمریکانزم، ئەو سێ مۆدێلەن کە لەژێر ناوی شوانکاری و پەروەدەکاری بوونی جیهان بۆ ئەوەی شارستەنیەت بەجیهان ببەخشێت، پەنای بردۆتە بەر میلتاریزەکردن و کۆلۆنیالیزەکردنی دنیاکانی تر بەناوی بڵاکردنەوەی هیومانیزم، بەوەی هیومانیزم ڕزگارکردنی ڕۆحی جیهانە لەبێستالیزم (لەوەحشیەتگەرایی). ئەم سێ مۆدێلە هەموویان میتۆدی پەروەردەکار بوون بۆ بوونی جیهان، بەناوی پاراستنی هیومانیزم. میلیتاریزم پەلاماری دنیای ئەوانیتری داوە کە دنیای ئەوانیتر مانای دنیای دڕندەکان و لەخودی خۆشیدا هیومانیزمی ئەوروپایی لەو گۆشەنیگایەوە میتۆدی پەروەردەکاری خۆی بۆ ڕامکردن و بەخێوکردنی وەحشەکانی لەنێو کۆمەڵگا و دەرەوەی خۆی خستۆتە کار. ئەم سێ مۆدێلە کە دوانیان (بەلشەفیەت و فاشیزم) شکست دێنن، بەڵام مۆدێلی ئەمریکانزمی تائەمڕۆ بەناوی هیومانیزمیەوە ئاپارات و ماشێنی گەورەی ئامادەکردووە بۆ ڕامکردنی ڕۆحی وەحشیتگەری جیهان، ئەمریکانزم هەمیشە خۆی وەک مۆدێلێکی هیومانیزمی نمایش دەکات..

لەڕوانگەی هایدگەرەوە فاشیزم دەرئەنجامێکە، سانیتێزێکە، لەنێوان هیومانیزم و بێستالیزم (وەحشیەتگەرایی). ئەمە مانای ئەوەیە (کەپارادۆکسێکی هاوزەمەنیە و لەنێوان چەپاندن و ئازادبووندا... ه.س.پ ٣١ ). سلۆتێردایک پێیوایە کەفاشیزم لەخوێندنەوەی هایدگەردا دەرئەنجامەیەکی بیرکردنەوەیە لەنێوان هیومانیزم و وەحشەتگەریدا، دووزەمەن لەنێو ئەم مۆدێلەدا یاری خۆی کردووە، زەمەنی دڕندەییبوون و زەمەنی هیومانیزمی ئەوروپایی کەڕامکردن و پەروەردەکردن دەکاتە ئامانجی خۆی.

ئەم دوو زەمەنە ناماقوڵیەتی لەوەدایە، پاردۆکسیەتی لەوەدایە، لەنێوان چەپاندن و ئازادیدا، لەنێوان ئەم دوو ئیدیایەدا یاری خۆی کردووە. هەردوو زەمەنەکە لەنێویەکتردا بوونیان هەبووە و لەمبەر و ئەوبەر یاری خۆیان کردووە. هیومانیزمی ئەوروپایی و میلیتاریزمی ئەوروپایی هاوتەریب و هاوزەمەن لەگەڵ یەکتریدا کاریان کردووە، میلتاریزمی ڕۆژئاوایی کە ئەمڕۆ لە مۆدێلی میلتاریزمی مارینزی ئەمەریکاییدا خۆی دەبینێتەوە، لەکاتی پێویستدا پەلاماری دیکتاتۆرەکان دەدات، پەلاماری سەدام حسێن و قەزافی دەدات، ئەم میلیتاریزمە ماسکێکی هیومانیزمی هەڵگرتووە. لەنێوان میلتاریزم و دۆزی هیومانیزمدا هەردوو زەمەنەکە لەچرکەساتی ڕووداوەکاندا یەکدەگرنەوە، بەتایبەت کاتێک دیکتاتۆر لەگۆشەنیگای بەرژەوەندی ئابوورییەوە چیتر لەگەڵ ئەو کلێشەیەدا ناگونجێت، ئەوسا ڕۆحی هیومانیزمی بەرامبەر ئەو دڕندەیە وەئاگادێتەوە و لەدواجاردا بۆ ڕامکردن و پەروەردەکردنەوەی ئەو بێستالیزمە، میتۆدەکانی خۆی، کە میلیتاریزم میتۆدی دیارێتی، لەبەرامبەر دیکتاتۆرەکان بەکاردێنێت. نابێت ئێمە بڕوا بەو هیومانیزمە بکەین کە پێشتر ئاشنا بووە بەدیکتاتۆرانی وەک موبارەک و قەزافی و سەدام و عابدین و عەلی عەبدوڵا ساڵح و بینۆشیت و مۆبۆتو و زۆریتر.. لەپڕێکدا ویژدانی هیومانیزمی ڕۆژئاوا لێیان دێتە پێش و دەیانەوێت ڕامیانبکەن و دنیای وەحشیەتگەربوونیان جارێکیتر هیومانیزە بکەن. ئەم پارادۆکسە، ئەم تێکەڵبوونی دوو زەمەنەی بێستالیزم (وەحشەتگەری) و هیومانیزم، فینۆمینی ئێستای دنیایە کە لەسیاسەتدا خۆی نمایشدەکات. لێرەوە درۆی گەورە و هەڵەی گەورە لەچەمکی هیومانیزمدا دەبینین کەمیتۆدێکە بۆ ڕامکردنی هەموو ئەو دڕندانەی کە خۆمان لەنێو خۆماندا و لەباخچەی ئاژەڵمرۆییەکاندا پەروەردەمان کردوون. لێرەوە تێگەیشتنی هایدگەر تێدەگەین بەوەی هیومانیزم مانای دووهەزار ساڵە لەبیرنەکردنەوە، تێدەگەین کە هیومانیزم مانای خۆی ونکردووە.

قسەکردن لەسەر هیومانیزمی هایدگەری دەمانباتە سەر کەنارەکانی بیرکردنەوە لەمرۆڤ وەک بوونەوەرێک کەگرفتی یەکەمی ئاژەڵبوونە لەدنیادا، گرفتێکە دەیەوێت لەو ئاژەڵبوونە قوتاری بێت بەوەی ئەو مەحکومە بەقەدەری خۆی لەنێو زماندا، چونکە زمان ماڵی بوونی خۆیەتی، لەنێو ئەم ماڵەدا مرۆڤ لەئاژەڵەکان، لەدڕندەیی خۆی دەپارێزێت و هەوڵدەدات لەڕێگەی زمانەوە بونی خۆی ڕۆشنکاتەوە. هایدگەر دەستەواژەی (ڕۆشنکردنەوەی بوون) بەکاردەهێنێت (Lichtung des Sein)، بەوەی مرۆڤ خودگەرایی خۆی، سوبێکتیڤیتێتی خۆی ڕۆشندەکاتەوە، مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات، لەمەشقدایە بۆ ئەوەی بوونی خۆی ڕۆشنبکاتەوە، کەواتە مرۆڤ

هەوڵدەدات شوانکارێکی ڕۆشنکرەوەی خۆی بێت. زمان دەبێتە ماڵی بوون و لەم ماڵەشدا مرۆڤ هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە بوونی خۆی ڕۆشنبکاتەوە، ئەم هاوکێشە بوونگەراییە، ئەنتۆلۆژییە تەوەرەی سەرەکی نامەکەی هایدگەرە لەمەڕ هیومانیزم.
من پێموایە ئەوەی سلۆتێردایک بەچەند دێڕێک ئاماژەی پێدەدا، بەشێکە لەو پرۆژە فیکریەی کەلەدوایدا لەکتێبە نوێیە بەناوبانگەکەی کە دووساڵ لەمەوبەر بڵاوبۆوە (پێویستە ژیانی خۆت بگۆڕیت). ئەوە ئەو تێزەیە کە هیومانی بوون، مرۆڤدۆستی، لای سلۆتێردایک مانای ئەوەیە کە مرۆڤ مەشقدەکات لەسەر ئەوەی زوهدیەت بێت، مرۆڤ دەبێت خاوەنی ئیرادەیەک بێت بۆ خۆ بێبەریکردن، خود بێبەریکردن لەو چێژە گشتیانەی دوورماندەخاتەوە لەبوونی مرۆیمان. وەک چۆن لەنمونەی ڕۆماوە باسمان لێوەی کرد کەسیناتەکانی ڕۆم، ئەوانەی خۆیان بەخوێندەوار تێدەگەیشت، نەدەچوونە تەماشاکردنی زۆرانی خوێناوی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکان، پاڵەوان و گلادیاتۆرەکان لەگەڵ یەکتریدا. لێرەوە شەڕی کتێب لەگەڵ میدیای جەماوەری ئەو زوهدیەتە دەگەیەنێت دژی چێژی مێگەلی کۆمەڵایەتی کە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەچێژە ئاژەڵیەکانەوە نێزیکە. باڵاییبوون بەسەر ئەو چێژە ئاژەڵخوازیانە، ئەو ڕۆحە زوهدیەتەیە کە دەبێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی بوون خۆی پەرشکاتەوە بەسەر بوونی مرۆییدا. سلۆتێردایک بەپێی تێگەیشتنی من، مەشقکردنی مرۆڤ لەسەر زوهدیەت بە بەشێک لەهیومانیەتێکی تازە تێدەگات، کە هێشتا لەسوڕی لەدایکبووندایە. ڕۆشنکردنەوەی بوون پابەندە بەو مەشقکردنە بەردەوامەی مرۆڤ بەوەی بەسەر چێژە ئاژەڵخوازییەکانیدا سەرکەوێت. من پێموایە مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی، مێژووی زۆرانبازی ئەو دوو هێزییە، لەنێوان مرۆڤدۆستی و هێزی ئاژەڵخوازی.
لێرەوە پەروەردەکردن و ڕامکردنی خود دەبێتە یەکێک لەکارە گرنگەکانی بوونمان بەهیومانی، هیومانیزم لەم دۆزەوە بەشێکی گەورەی ڕۆشنکردنەوەی ڕۆحێکی مەشقخوازی بەردەوامە، بۆئەوەی مرۆڤ هەمیشە لەنێو جیهاندا بێت، هایدگەر دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی (جیهان / Welt die ) و ئەو دەستەواژەیە بەکاردێنێت بەوەی مرۆڤ دەیەوێت (بوونی لەنێو جیهاندا بێت.. in der Welt-Sein ) کەواتە مرۆڤ لەڕۆشنکردنەوەی خودی خۆیدا دەیەوێت بەرەو پیری دنیا بچێت و ئەمەش مانای ئەوەیە دەیەوێت بەرەو زمان خۆی ئاڕاستەدەکات. بەڵام لێرەدا سلۆتێردایک وەڵامی ئەم تێزەی هایدگەر دەداتەوە کە تەنها ئەوە نییە مرۆڤ دەیەوێت خۆی لەئاژەڵبوون بپارێزیت، لەبەر ئەوەی ئاژەڵان تەنها لەجیهانی خۆیاندا قەتس و نەجوڵاون، بەمەرجێک مرۆڤ خاوەنی جیهانە و خەمی ئەو جیهانە، بەڵکو (ئەوە مرۆڤە کەشکستی هێناوە

لەوەی ببێت بەئاژەڵ و وەک ئاژەڵێک بمێنێتەوە ە.س.پ ل٣٤)، ئەو ڕۆشنبوونەوەی خود کە قفڵی نامەکەی هایدگەرە لەسەر هیومانیزم بەڕای سلۆتێردایک ئەو ڕاکردنە بۆ نێو ماڵی زمان، بەڵام ئەمە مانای دۆزینەوەی سنورەکانی هیومانیزمی نییە، ئەوە مرۆڤە کە شکستی هێناوە لەوەی وەک بەئاژەڵی بمێنیتەوە، لەبەرئەوە مرۆڤ لەم تێزەی سلۆتێردایکەوە کە وەڵامی هایدگەر دەداتەوە (لەدایکبوویەکی دەرەکیی و تیژپەڕە، کە لەمەلۆتکەیەکەیەوە دەبێت بەجیهان بوونیەک...ل٣٤). سلۆتێردایک لەم تێزی ڕۆشنکردنەوەی بوونەوە جارێکی تر ئەم تێزەی هایدگەر هەڵدەگێڕێتەوە بۆ سەر شێوازێکی تر کەتەنها مرۆڤ بوونی خۆی، مرۆڤبوونی خۆی لەنێو ماڵی زماندا نادۆزێتەوە، بەڵکو مرۆڤ گردبوونەوەیەکی زمانەوانییە لەنێو خانووەکاندا، ئەوە مرۆڤەکانن کە لەنێو خانووەکاندا، خانووە ڕاستەقینەکاندا گردبوونەوە و بوونی خۆیان تەنها لەڕێگەی زمانەوە ڕۆشن ناکەنەوە، بەڵکو ئەوە خانووە جێگیرەکانە کەبڕیاردەدات چ شێوازێکی ژیان دەگوزەرێت، لێرەوە هیومانیزم تەنها لەنێوان خانووەکانی زمان و مرۆڤدا نییە، بەڵکو لەنێو شێوازی بیناسازی خانووەکاندایە!.

سلۆتێردایک دێتە نێو تێزی پەیوەندی نێوان خانووەکان و بوون، پەیوەندی نێوان بوون و جێگیر بوونەوە، ئیدی لەو سەردەمەوە کە مرۆڤ دەچێتە نێو خانووەکانەوە بوونی ئاژەڵێک پەیدا دەبێت کە دەچێتە نێو ماڵەکانەوە، ئاژەڵی ماڵێکراو لەگەڵ چەمکی مرۆڤی ماڵیکراودا یەکدەگرنەوە، مرۆڤەکان ئاژەڵەکان ڕامدەکەن لەنێو ماڵەکانیاندا، هەروەک چۆن خۆیان بەماڵیبوونی خۆیان لەنێو خانووەکانیاندا مەرجێک دەبێت لەمەرجەکانی مرۆڤبوونی خۆیان. لەم گۆشەنیگایەوە ئەوەی ڕۆشنکردنەوەی بوونە تەنها ئەوەنییە کەزمان دەبێتە ماڵێک بەڵکو ئەوە خانووەکانە دەبنە ماڵی بوون.

سلۆتێردایک گووتەنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بایۆلۆژی سیاسی لەنێو خانووەکاندا مرۆڤبوونی خۆی ڕادەکێشێت، لەکوێدا خانووەکان دروستکران، ئالەوێدا بڕیاردەدرێت دەبێت مرۆڤەکانی نێو ئەو خانوانە چۆن بن.. لێرەوە وەک ئەرکی ماڵەوەی مرۆڤەکان بۆئەوەی ببن بەمرۆڤ لەنێو ماڵدا، لەنێو خانوودا کاری تیۆری بەرهەمدێنێن. لەوێدا تێۆرەکان پێدەگەن وەک چۆن ئاژەڵەکان ڕامدەکرێن، ئاوەها تیۆرەکانی پەروەردە و مۆڕاڵ و ڕێساکانی ژیان بۆئەو مرۆڤانەی نێو ماڵەکان گەشە دەستێنێت. لێرەوە وێنەی مرۆڤ لەم نماشیکردنەوەی سلۆتێردایکدا، لەچەمکی (بوون لەنێو خانووی زماندا) بازهەڵدەدات بۆ نێو (بوون لەنێو خانووەکاندا)، بەمانایەکی تر بوونی مرۆڤ وەک ئاژەڵێک لەنێو ڕێسای خانووەکاندا.

**نیتچە و خانووی ئاژەڵە مرۆییەکان**

وەک ئاماژەمان پێدا لەکوێدا خانووەکان هەبن لەوێدا شێوازێکی ژیان بوونی هەیە، ژیان لەنێو خانوودا مانای ستایلێکی ژیان، مامانی شێوازی ژیانی سوبێکت لەپەیوەندیدا لەگەڵ جیهاندا. خانوو وەک فۆرمێکی ژیان لای نیتچە جیگەی سەرنج بووە، لە کتێبی (زەردەشت وەهای گووت)، گەڕیدەیەکی وەک زەردەشت بەسەر ئەو حیکمەتە ئەخلاقیەتەدا دەکەوێت، کە خانووەکان شوێنای دەسەڵاتێکن، شوێنای فۆرمکردنی مرۆڤن، بێگومان لەهەمانکاتیشدا فۆرمی مرۆڤەکان، لەفۆرمی خانووەکاندا خۆی بەرجەستە دەکات، نیتچە دەڵێت:

(زەردەشت ویستی بزانێت، لەم نێوەندەدا چی بەسەر مرۆڤەکاندا هاتووە، ئایا گەورەتر بوون، یان بچووکتر بوونەوە؟ جارێکیان ڕیزێک خانووی بینی سەریسوڕما و گووتی: ئەم خانووانە چ مانایەکیان هەیە؟ بەهەقەت هیچ ڕۆحێکی گەورە ئەوە دروست ناکات، هیچ ڕۆحێکی گەورە لەگەڵ ئەمەدا هاوسەنگ نابێتەوە.. ئەم قادرمانە ئەو ژووره بچووکانە، سەیرە! ئایا پیاوەکان دەتوانن بەنێویدا بین و بچن و بچنەدەرێ؟... زەردەشت لەشوێنی خۆی وەستاو بیری کردەوە و پاشان گووتی: هەموو شتێک بچووکبۆتەوە!.. لەهەموو شوێنێکدا دەروازەی بچووک و نزم هەیە، کەسانی وەک من بۆئەوەی پێیدا تێپەڕێت، دەبێت خۆی دابنەوێنێت..من بەنێو ئەم میللەتەدا تێدەپەڕم و چاوم دەکەمەوە: چونکە ئەوان بچووکبوونەتەوە و هەمیشە بچووکتر دەبنەوە... ئەمانە لەبنەڕەتەوە دەیانەوێت تاک ڕەهەند و سادە و کاڵفام بن، دەیانەوێت ئاوەها کەس ئازاریان نەدات، حیکمەت لەمە ئەوەیە ئەمانە دەیانەوێت بەم سادەیەی خۆیانەوە بمێننیەوە و داواکاریان نەبێت، دەیانەویت ئاوەها ڕامکراوبن. بەمەش گورگ ڕامدەکەن و دەیکەن بەسەگ و مرۆڤیش مرۆڤەکانی تر دەکات بەئاژەڵیماڵیکراو....ه.س.پ ٣٨).

خانووەکان هیچ مانایەکیان نییە کە ڕۆحەگەرەکان تێدا نەژی، خانووەکان تەنها شوێن نین بۆ حەوانەوە، بەڵکو بەرجەستەبوونی ئەو ڕۆحەن کە بەسەر شێوازەکانییەوە دەسوڕێتەوە. دیارە خانوو لەم تێزەدا تەنها مەبەست لەشێوازی بیناسازی نییە، بەوەی گەر مرۆڤێک دەرامەتی زۆربێت خانووی گەورەی هەبێت، مانای ئەوەیە ڕۆحێکی گەورە لەپشتیەوە وەستاوە!. هەروەها گەر خانووە بچووکەکان کە گەڕەکی میللی و گیتۆکانن مانانی ئەوەیە ڕۆحیان بچوکە. ئەوەی لێرەدا لەم تێزە فەلسەفیەدا باسدەکرێت پەیوەندی نێوان شوێن و ماڵیبوون و دەسەڵاتە. لەڕوانگەی زەردەشتی

نیتچەوە سەیری ئەم پەرەگرافەی سەرەوە بکەین، کلێشەی گشتی ئەم تێزە لەوەدا کۆدەبێتەوە کە مرۆڤەکان لەهەوڵدانی بەردەوامدان، مرۆڤی دڕندە ڕامبکەن و بیانکەن بەمرۆڤ. لەم ڕوانگەیەوە هیومانیزم دۆزێکی ڕامکردن و پەروەردەکردنە، هیومانست ئەو کەسەیە کە دەیەوێت مرۆڤەکان بەئاقڵی دانیشن و بخوێننەوە، خوێندەوار بن. ئەوەی سەرنجی من ڕادەکێشێت ئەم پرۆسەیەی تێگەیشتینی نیتچەیە بۆ هیومانیزم، بەمانای هیومانیزم لەپرۆسەی پەروەوەردەدا ئەم دوو توخمە لەخۆیدا هەڵدەگرێت: دانیشتن بەئاقڵی و خوێندەنەوە. ئەم دوو توخمە کە مرۆڤەکان بەئاقڵی دانیشن و بخوێننەوە و تێپەڕبن بەپرۆسەی ڕامکردن وماڵیبووندا، فەسڵێکی تاریکی ڕۆمانی هیومانیزمە، بەوەی چەمکی مرۆڤی دڕندە و پێناسەی بەپێی دەسەڵاتی کۆمەڵێک مرۆڤ لەکۆمەڵگادا دیاریکراوە، لەو پێوانەکاریەوە مرۆڤەکانی دیکە ڕامدەکرێن و پێناسە دەکرێن و ئاقڵ دەکرێن. وەهمی هیومانیزمی لەوەدایە کەمیکانیزمێکە بۆ ماڵیکردنی ڕۆحی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەژێر هەر ناوێکدا بێت. لێرەوە نابێت لەوە تێبگەین کەکۆی ئەم کتێبەی سلۆتێردایک دژەهیومانیزمە، بەڵکو گەڕانێکە بەدووی وێنەی مرۆڤ لەڕووبەری فراوانتر و ئازادانەتردا، ئەوەی نیتچە بانگەشەی بۆ دەکات قسەکردنە لەسەر ڕۆحێکی ئازاد و جیاکردنەوەی لەڕۆحێکی کۆیلە. هەندێک هەن بچووک و بچووکتر دەبنەوە لەبەرئەوەی خۆیان شلکردووە بۆ ئەو پرۆسێسەی ماڵیکردن لەماڵدا، لەفەرمانگەکاندا، لەخێزاندا بەئاقڵی دانیشتوون و نایەوێت دەست لەدنیای نەخشە بۆکێشراو بدەن، دەیانەوێت بەقەناعەتە ساکارەکانیەوە بژین و تامردن ئاقڵ و تەمیز بمێننەوە. ئەم مۆدێلی مرۆڤی ڕامکراوە لەنێو کلێسادا، لەنێو دەزگای ئایندا، لەنێو دەوڵەتدا، هیچ نییە جگە لەماڵیکردنی دڕندە نەبێت کە دەزگای ئاینی پێناسەی بۆ دڕندەو ئاقڵ دیاریکردووە، دەزگای دەوڵەتی مۆدێرن ڕامکردنی مرۆڤ بەناوی هیومانستیەوە بەئەنجامدەگەیەنێت، بێگومان بۆئەوەی مرۆڤەکان بەئاقڵی لەژێر سایەی ئەودا بژین. جۆری پێناسەی دڕندەو ئاقڵ، کێ دڕندەیەو کێ ڕامکراوە و کێ باڵایەو کێ بەخێوکاری ئەوانەیە، ئەمە خاڵی پارادۆکسی هیومانیزمە کە لەکۆی ئەم پرسەدا کۆدەکاتەوە. سلۆتێردایک پێیوایە کە ڕەخنەی نیتچە لەزاری زەردەشتەوە لەوەدا خۆی کۆدەکاتەوە کە (ڕەتکردنەوەی بێوەیی مرۆڤە.. ل٤٠)، بەمانای دەبێت مرۆڤەکان ئاقڵ و بێوەی بن، ئەوانەی کە مرۆڤە دڕندەکان دەکەن بەمرۆڤی بێوەی، هاونیشتمانی ماقوڵ، ئەندامی پارتێکی گوێڕایەڵ، فەرمانبەرێکی ڕێک..هتد. ئەوانە خۆیان بەمرۆڤی بەخێوکاری باڵا تێدەگەن. ئەم بەخێوکارە باڵایانە لەبەرامبەر مرۆڤەکانی دیکە دەچنە ژێر پرۆسەی بەخێوکار و ڕامکاری ئەوانەوە، لێرەوە دەبێت

باس لەو بەخێوکارانە بکەین کەپ پرۆسەی ڕامکردنیان مۆنۆپۆڵکردووە، ئەوە سیاسیە لەدەسەڵاتدا، فەرمانبەری گەورەیە، مامۆستایە و قەشەو مەلا و ئەندام پەرلەمان و شاعیری نەتەوەیە کە نوێنەرایەتی ئەو مرۆڤبوونە دەکەن لەکۆمەڵگادا. لەنێوان ئەمانەو مرۆڤدۆستی دیکەدا زۆرانبازی هەیە. مێژووی مرۆڤایەتی بەڕای سلۆتێردایک، مێژووی نێوان چەندەها بەخێوکار و ڕامکاری جیاوازە، نیتچە ڕای وەهایە ململانێیەکی سەخت هەیە لەنێوان (ڕامکارە گەورەکان و بچووکەکاندا). بەمانای ئێمە لەبەردەم دوو مۆدێل داین کە دژی یەکتری لەزۆرانبازیدان، یەکێکیان هیومانیستە تەواوەکان و ئەویتر هیومانیستە باڵاکانە، لەنێوان هاوڕیانی مرۆڤدۆست و سوپەر مرۆڤدۆستدا. لەنێوان مرۆڤی باڵای هیومانیست و هیومانیستی بچووک و سادەدا جەنگێکی گەورە لەئارادایە. لێرەدا وەک ئاماژەمان پێدا نیتچە کەباس لەم زۆرانبازیە دەکات نایەوێت مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ وەحشەتگەری، بەڵکو باس لەوە دەکات کە ئەم پرۆسەیە مرۆڤ دەکات بەڕەمزێک بۆ ئاژەڵێکیماڵیکراو، دیارە نابێت فاشیەت لەبیربکەین کە بەناوی پرۆسەی بەخێوکردن و پاکردنەوەی مرۆڤ لەخەوش و ئەوروپاش لەوەحشیەتگەری، ماشێنێکی گەورەیان لەڕامکردن و پەرەوەدەکردن خستبووە گەڕ، بەناوی مرۆڤی باڵا ناسیونال سۆسیالزمی ئەڵمانی گەورەترین جەنگی جیهانی هەڵگیرساند. لێرەوە جەنگی بینراو و نەبینراوی دنیا، جەنگی نێوان بەخێوکارەکانە، مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ بەخێوکارەکاندا لەقەیراندایە، هەر وەک ئەوەی مرۆڤ لەدۆزی هیومانستیدا ئاژەڵێک بێت و لەباخچەی مرۆئاژەڵیدا ژیان بەسەربەرێت. ئەم تێزەی نیتچە کە مرۆڤ لەبەردەم پرۆسەی بەخێوکردندایە، بەخێوکردنێک کە لەلایەن بەخێوکارە گەورەکانەوە بۆیان دیاریکراوە، هیومانیست بەتەعبیری سلۆتێردایک لەم دۆزەدا ئەوەیە کە گورگەکان دەکەن بەپرۆفیسۆر لەزانکۆکانی بازلی سویسریدا. ئەوە دەسەڵاتی بەخێوکارەکانە بەسەر مرۆڤەکاندا کەجۆرێک میکانزمی لەنێو مرۆڤە پەروەردەکراوەکاندا پێکهێناوە کەبە (ماڵیبوون Domestikation) ناودەبرێت. بەمانای میکانزمیک هەیە کە مرۆڤەکان لەژێر چەتری بەخێوکارە گەورەکاندا خۆیان ڕێکدەخەن، لێرەوە ئێمە لەبەردەم پرۆسەیەکداین کە نیتچە لایەنی تاریکی هیومانیزم هەڵدەداتەوە، لایەنی تاریکی ئەو هۆشمەندیە هیومانییە کە قەشەکان و مامۆستا گەورەکان ئەوە دیاریدەکەن کامە دڕندەیە و چۆن مرۆئاژەڵیەک دەبێتە مرۆڤێکی تـەواو. ئەوە هیومانیستە گەورەکان کە هاوڕێی مرۆڤن پرەنسیبی مرۆڤبوون دیاریدەکەن، گورگەکان دەکەن بەسەگی ماڵی. مرۆڤەکان لەم پرۆسەیەدا دەبن بەئۆبیکت و هەموو خودگەراییەکیان لێزەوتدەکرێت. بەمانای ئۆبێکتێکی بێ سوبێکتن، کار لەسەرکراوێکی خود زەوتکراون.

لێرەوە بەخێوکردن هەیە بەبێ بوونی بەخێوکار، بەمانایماڵیکراوەکان خۆیان ماڵی دەکەن، ئەمەش ئەم توخمە (نێرەموکییە ) کە نیتچە باسی دەکات، بەوەی ماڵیکردن ڕوودەدات بەبێ بوونی ماڵیکار (Zucht ohne Züchter). نیتچە ئەم لاپەڕە ڕەشەی هیومانیستی هەڵدەداتەوە بەوەی هۆشمەندی هیومانستی جۆرێکە لەفابریکیک بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی بێوەی (Harmlosigkeit)، لێسەندنەوەی مرۆڤبوونی سەربەستانەی خۆیەتی کە هیومانست، لەفۆڕمی قەشە، مامۆستا، پیاوی دەوڵەت و ڕۆشنبیری ڕەسمی..هتد لەنوخبەیەکی تایبەتدا دەردەکەون و بەهاکانی مرۆڤدۆستی دیاریدەکەن، بڕیاردەدەن کۆمەڵگا چۆن مرۆڤدۆست دەبێت. ئەم پرۆسێسە چەندە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەشێکە لەپرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، بەڵام بەدیوێکی تردا ئەو دەسەڵاتخوازییە کە پەروەردەکارە گەورەکان بەسەر پەروەردەکارە بچووکەکان و ئەوانیش بەسەر پەروەردەکراوەکاندا مومارەسەی دەکەن. پەروەدەکراوەکانیش خۆیان (خود ماڵیبوونێک/ خود ڕامکردنیک) لەخۆیاندا بەرهەمدێنن و ماڵی دەبن، بەمانای لەدڕندەوە دەبن بەمرۆڤ، لەگورگەوە بۆ سەگی ماڵی و لەوەحشەوە بۆ پڕۆفسیۆر..
لەم پرۆسەیەدا ئەلفاباتیزیرەی کۆمەڵگا بەشێکە لەو جیاکردنەوەی کۆمەڵگا لەنێوان خوێندنەوە و خوێندراوەدا، بەمانای نەوەیەک لەخوێندەواری باڵا هەیە کە تێکستەکان بۆ خوێندنەوە دەنووسێت، خوێنەریکی نادیار هەیە، هیومانی دەبێت بەتێکستەکانی هیومانتستە گەورەکان. خوێنەر و خوێندراوە، دەبنە دووجەمسەر کە یەکتری تەواو دەکەن، ئەوانەی دەخوێننەوە، کەلتووری وشە دەبێتە بەشێک لەپەروەردەبوونیان، ئەم ئەلفاباتیزەیە، ئەم خوێندەوارییبوونە، مانای ئەوەیە کردەی خوێندراوە و خوێندنەوەی تێکستەکان دەبێتە بەشێک لەکەلتووری هیومانی بوون، چەندە ئەم کردەیە لایەنی جوانی تێدایە، بەدیوێکی تردا کرۆکی دەسەڵاتخوازی هیومانیزم لەخۆدەگرێت، وەک ئەکتێک بۆ ڕامکردنی کۆمەڵگا لەسەر ئەوەی چۆن بەپێوەرەکانی ئەوان دەبن بەمرۆڤ. نابێت ئەوە لەبیربکەین کە شەڕی دێوەکان لەنێوان کەلتووری نووسین و کەلتووری دڕندەکاندا، لەئانتیکاوە تائەمرۆ درێژەی هەیە. ڕێگەکان پان و پۆڕ نییە بۆ هیومانستەکان بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆیان لەکۆمەڵگای مرۆییدا فراوان بکەن، ئەوان لە زۆرانبازییەکی سەختدان لەگەڵ ئەو شتەی کە من دەتوانم بە (کەلتووری وەحشییەکان) ناوی ببەم. ئەم کەلتوورە لە گریکی کۆندا جەنگ بووە لەنێوان کتێب و کەلتووری وەحشیەتدا، جەنگێک بووە لەنێوان ئارێناو یاریگای زۆرانبازی خوێناویی و شانۆی هۆمیرۆسدا، لەنێوان حیکمەتی گریکەکان و کەلتووری جەنگ و وەحشیەتی ئیسبارتیا، لەنێوان کەلتووری فەلسەفە و حیکمەت و شانۆی گاڵتەجاڕی و زۆرانبازی

گلادیاتۆرەکاندا...ئەمڕۆ ئەم زۆرانبازیە لەفۆرمێکی تردا خۆی نمایشدەکات، ئەوە گلەیی مامۆستا گەورەکان و پەروەردەکار و نووسەرەکانە لەوەی کە میدیای بینراو و ڕۆژنامەی بۆلیڤار و حەیاچوونەکان جێگەی بە کەلتووری خویندنەوەی کتێب و گۆڤارە جیدییەکان لێژ کردووە، ئەم دوو تیتانە، ئەم دوو دێوە گەورەیە، میدیای جەماوەری و کەلتووری نووسراو لەجەنگێکی بەردەوامدان. لەنێوان کتێبی گرنگ و یۆتۆب و فەیسبووک و سەتەلایت و بەرنامەی قەشمەرسازیدا، نەوەیەک پەیدا دەبن دوور لەکتێب و کەلتووری نووسراو خۆی بینادەکات. شەڕی نێوان گلادیاتۆرەکان ئەمڕۆ هاتۆتە نێو تەلەفزیۆنەکانەوە، لەشێوەی بەرنامەی چەنابازیی و تۆک شۆ و لەسەرێکی تردا کەلتووری نووسراودا. بەخێوکارەکان وەک خواوەندی ئەقڵ سیاسەت دادەڕێژێن و ڕۆڵی پڕەنیسیب ڕێژی حکومەت و دەزگاکانی پەروەردە و کەلتوور دەبینن. لەتەنیشت ئەمەوە هێزێکی تر هەیە کە لەنێو هەمان دەزگادا جۆریک لەتەوژمی چێژبەخشی لەدەرەوەی کەلتووری نووسین پشتگیری دەکات، لەوانەیە لەڕۆژئاوادا (بێرلۆسکۆنی) سەرۆک وەزیرانی ئیتالّیا نمونەی ئەو پیاوە بێت کە لەدەرەوەی کەلتووری سیاسی، وەک پیاویکی میدیایی جەماوەری، وەک گلادیاتۆریکی میدیایی، وەک قەشمەرسازێکی ئیرۆتیکی دێتە نێو دەسەلاتەوە، سەرەڕای حەیاچوونە سێکسوالیەکانی، سەرەڕای ڕەگەزپەرستیە دەمامکدارەکەی، بێرلسکۆنی توانای ئەوەیە جەماوەر بۆ خۆی ڕابکێشێت و لەهەڕەمی دەسەلاتی سیاسی ئیتالیدایە. ئەم دوو کەلتوورە، کەلتووری ئارێناو یاریگاکان و کەلتووری کتێب و نووسراو لەڕاکێش ڕاکێشیکی بەردەوامدان.

من پێموایە شەڕ لەدژی تیتانەکان، چیرۆکی دروستبوونی خواوەندە ئاقڵەکانە، لەهەمانکاتیشدا چیرۆکی دروستبوونی مرۆڤە لەسەر زەوی، تیتانەکان خاوەنی کەلتووری خوایەتی نەبوون، منداڵەکانی خۆیان وەک کرۆنۆس قووت دەدا و لەگەدەیاندا بەندیان دەکردن، نەبادا لەدەسەلاتیان بخەن. تیتانەکان ئەو خواوەندە سەرەتایانە بوون، نەوەیەک بوون پێش خواوەندەکانی وەک زیۆس و پۆسایدۆن و هادێس و ئافرۆدیتا و باخۆس..هتد.. ئەم دوو نەوەیە نەوەیەک لەخواوەندی سەرەتایی کە لەدوایدا کوڕ و کچەکانیان دژیان دەوەستنەوە و جەنگی تیتانەکان دەستپێدەکات. ئەم جەنگە جەنگی خواوەندی ئاقڵن و لەدژی تیتانە وەحشییەکان. لەدوای بردنەوەی زیۆس و براو خوشکەکانی، دنیا دابەش دەکەن بەسەر دەسەلاتەکانی جوانی و مردن و جەنگ و سێکسوالیەت و مرۆڤ بەکەلتووری خۆیانەوە مەحکوم دەکەن..من پێموایە کاتێک زیۆس و هادێس و خواوەندەکانی تر لەدژی تیتانەکان، ئەوانەی بێ کەلتوورن، دڕندەن و خاوەنی پەرستگاو ڕێسایەک نین، دەجەنگن. جەنگێکی ئەو هیومانیستانەیە کە

دەیانەوێت خواوەند لەدڕندەوە ببێت خواوەندی مرۆڤ و گەردوون. لێرەوە زیۆس بەڕای من ئەو هیومانیستە گەورەیە لەدژی وەحشیەتگەری، بێستالیزم لەنێو دینای خواوەندەکاندا، بەمانای گەورەیی زیۆس وەک خواوەند لەوەدایە کە خواوەندی ڕامدەکات و لەوەحشیبوون ڕزگاری دەکات، بەمانای لەوەحشیتکردنی خواوەندییە بەگشتی، ئیدی خواوەندەکانی تر بەو پرۆسەی ماڵیبوونەدا دەڕۆن بۆ ئەوەی ببین بەخواوەندی ڕاستەقینە، لێرەوە خواوەندی بوون لەیادەوەری مرۆڤاییدا بەشێکە لەو پرۆسەی هیومانیبوونەی ڕێسایەک دادەنێت لەنێوان تیتان و خواوەندا، لەنێوان دڕندە و خاوەن کەلتووردا، لەنێوان دڕندە و مرۆڤدا..بەڵام سلۆتێردایک بەپێچەوانەی ئەم ڕایەی منەوە لەو بڕوایەدایە کە لەزەمەنی شەڕی خواوەندەکانەوە لەدژی تیتانەکان، مرۆڤ لەسەر ئەم زەویە بۆچارەنووسی خۆی بەجێهێڵراوە، چیتر خواوەندەکان وەک تیتانەکان خۆیان لەژیانی مرۆڤەکان هەڵدەقورتاند، مرۆڤ بۆ یەکەمجارە دوای ئەم جەنگە بەتەنیا دەمێنێتەوە و بەرامبەر کردەی ڕامکردنی خۆی دەبێتەوە.

لەم تێزەوە لەو خەمە گەورەیەی نیتچە تێدەگەین کە چۆن مرۆڤەکان لەنێو خانووەکانیاندا ئەو مرۆڤانەن ئیرادەیان نییە، بێوەین، بێوەی کراون و ئیرادە لەسەر کراون، چۆن هیومانیزم هەڵگری ئەو مانا ئاشکرایەی دەسەڵاتخوازیە کە لەنێوان خوێندەوارە گەورەکان و ئەوانەی دەخوێننەوە، ئەوانەی بەخێوکاری گەورەن و ئەوانەی خۆیان ماڵیدەکەن و ماڵیبوون دەکەنە جۆرێک لەژیان، ئەم پەیوەندیە خۆی درێژدەکاتەوە. کەواتە ئاشنابوون بە وشە لەو گۆشەنیگایەی نیتچەوە بەشێکە لەو درۆ گەورانەی مۆدێرنە، وەرزێکی تری تاریکی دەسەڵاتخوازییە کە هیومانیزم بەسەر مرۆدا دەیسەپێنێت.

### هیومانیزمی نوێ، ئارشیفیستەکانی ئێستا

پلاتۆن باس لەبەخێوکارەکان دەکات، وەک جۆرێک لەفیگوری هەڵبژاردە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، کۆمەڵگاکان، میللەتان لەدیدی پلاتۆنەوە دەکرێت بە دووبەشەوە بەشێکیان (قۆچدار) و بەشێکی تریان (بێ قۆچ). بۆ ئەم مەبەستە لەزمانی قسەکردن لەگەڵ بێگانەیەکی نادیاردا پلاتۆن لەکتێبی (پۆلتیکۆس/سیاسی/Politikos) تەعبیر لەبیروڕاکانی خۆی دەکات. لەم کتێبەدا پلاتۆن هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت بەشوانکاری دەچوێنێت، لای ئەو شوانکارە باشەکان دەتوانن لەڕێگەی دۆزینەوەی ڕێسای ئەقڵانی مرۆڤەکان ڕامبکەن و بەڕێوەیان بەرن. بەڕای پلاتۆن (ئەفلاتون) ئێمە لەبەردەم (زۆیەک/ باخچەی ئاژەڵانێک/ Zoo) گەورەداین کە

پێویستە یاسا و ڕێسای ئەقڵانی بۆ بدۆزێتەوە، بێگومان بۆ ئەوەی لەدڕندەییەوە ببین بەمرۆڤی ئاقڵ. بەگەڕانەوە بۆ زنجیرە بیرکردنەوەی سلۆتێردایک لەوەتێدەگەین کەپشتبەستن بەچەمکی (بیرکردنەوە) لەئانتیکاوە ئەو مانایە دەگەیەنێت کە بیرکردنەوە (بردنەوەی هەقیقەتە لەڕێگەی بەڕێوەبردن یان بەشکردنی چەمک و شتەبابەتییەکان..ه.س.پ٤٧)، بیرکردنەوە لەگریکی کۆنەوە مانای بەشکردنی ڕاستییەکانە بەسەر چەمکەکاندا، گەڕانە بەدووی هەقیقەتدا لەڕێگەی دابەشکردن و بەڕێوەبردنی بابەتەکانی نێوان کۆمەڵگا و مرۆڤ و خواوەند، بەجۆرێکی تر لەم دەستەواژەیە بیربکەینەوە، بیرکردنەوە ئەو بوارەیە کە دنیای ئێمەی لەنێویدا تەفسیر دەکرێت و دابەشکرێت و بەڕێوەدەبرێت. سیاسەت لەم گۆشەنیگایەوە بەڕێوەبردنی دنیای هەبووەکاندا لەنێو چەمک و ئیدارەیەکدا، بەشێوەیەک کەسیاسەت دەبێتە دۆزێکی دەسەڵاتخوازی، ژیانی مرۆڤەکان لەم باخچە گەورەیەدا کەناوی کۆمەڵگایە ڕێکدەخات. ئەم بەڕێوەبردنە مرۆڤەکان بەڕای پلاتۆن دەکات بەدوو بەشەوە، بەشێکیان مرۆڤە شاخدارەکان و ئەویتریان بێوەی و بێ قۆچەکانن. لەنێوان هەردوو جۆرەکەدا کە پلاتۆن دیاریکردووە دووجۆر شوانکار پەیدادەبن، ئەوەی کە توانای ئەوەیە مرۆڤەشاخدارەکان ڕامبکات و شوانکاریان بکات و ئەوەی کە دەتوانێت مرۆڤە بێ قۆچەکان بەڕێوەبەرێت. سەرکردەی ڕاستەقینە کاتێکە کە مرۆڤەکانماڵئاوایی لەمۆدێلی شوانکاری شاخدار دەکەن. ماڵئاواییکردن لەم تێزەدا مانای بەڕێوەبردنی مرۆڤی شاخدار و بێ شاخە بەمیتۆدێکی هیومانیانە. پلاتۆن لێرەدا لەسەر زاری گفتوگۆ لەگەڵ بێگانەیەکی نادیاردا، باس لەوەدەکات کە پادشای چاک یان باسیلیاس basileis ئەو پادشایە کە دەتوانێت لەگەڵ مێگەلە بێ قۆچەکاندا بلەوڕێت.. پادشای مرۆڤ دۆست ئەوەیە هونەری بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئەوەندە مرۆڤدۆستانەیە کە دەتوانێت مرۆڤە قۆچدارەکان بەڕێوەبەرێت. دیوی دووەمی ئەم بیرکردنەوەیە ئەوەیە کە هیومانیزم دیسانەوە لەنێو ئەو نوخبە تایبەتەدا گەشەدەکات، کە فۆکۆس و زوومی کردۆتە سەر قۆچدار و بێ قۆچ، بێوەی و دڕندە. هەردوو جۆرە مرۆڤەکان بەلای هیومانیزمەکان گرنگ نییە، بەقەد ئەوەندەی بەچ میتۆدیک دەکرێن بەهیومان و مرۆڤ. ماناهەڵگری هیومانیزم لەوەدایە گرنیگدەدات بەدابەشکردن و بەڕێوەبردن و دیاریکردنی مرۆڤەکان بەسەر چەندەها کلێسە و کاتیگۆری جۆراوجۆر، لەدواجاردا ئەم دابەشکردنەوە و بیرکردنەوەیە لەمرۆڤ لەپێناو ئەوەدایە مرۆڤەکان ببنە مرۆڤی ڕاستەقینە لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکدا، کە وەک باخچەیەکی ئاژەڵانی مرۆیی وەهایە. لەبەرئەوە سەیر نییە لەم دنیایەی ئێمەدا ناوی باخچەکان، پارکەکان پێناسەیەکە

بۆ کۆمەڵگایەکی مرۆیی تەواو، وەک باخچەی نەتەوە، ناسیونال پارک، باخچەی شار، سیتی پارک، ئیکۆنۆمی پارک و لای ئێمەش بەهەشتی شار و باخچەی دایک و باخچەی سامی و باخچەی گشتی چەندەها ناوی تر کە لەدنیادا هەن.. مرۆڤەکان بەپێی ئەم تێزەی سلۆتێردایک دابەش دەبن بەسەر باخچەکاندا، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هیچیتر نییە لەڕوانگەی هیومانیزمەوە جگە لە دابەشکردنی مرۆڤەکان نەبێت بەسەر باخچەکاندا، کە لەدوایدا دەبن بەزوویەکی، بەباخچەیەکی ئاژەڵمرۆیی گەورە. لەم باخچە مرۆئاژەڵیەدا، مرۆڤەکان دابەشدەبن بەسەر دووچین و توێژدا، ئەوانەی وەک ئاژەڵ مرۆیی لەکۆمەڵگادا لەژێر دەسەڵاتی ئیداری و کەلتووری نوخبەیەکی تایبەت لەبەڕێوەبەرانی باخچەکە خۆیان ڕێکخستووە. قوک مامۆستا گەورەکان، فەیلەسوفەکان، ڕۆشنبیران و مەلا و سیاسیەتمەدار و زانایان، بەگشتی ئەو نوخبەیەن کە باخچەکە بەڕێوەدەبەن، لێرەوە کۆی ئەو خانووانەی تێدا دەژین و شێوازی ماڵداری پرۆسەیەکە بۆ ماڵیکردنی مرۆڤەکان کەدەیانەوێت هیچیان نەوێت! جگەلەوەی پێیان دەوترێت بتانەوێت.. بەمانای ئێمە لەبەردەم ئیرادەیەکی زەوتکرواین لەژێر چەتری پرۆسەیەکی بەهیومانیبوون کە ئەو هۆشمەندیە موزیەف و پوچگەرا و هەڵەیەت پێدەبەخشێت، بەوەی کە ئەوەی دەتەوێت ئەوەیە کە مرۆدۆستی دەیەوێت، بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین ئیمە ئەمڕۆ لەدنیای پۆست مۆدێرندا لەبەردەم مرۆڤێکداین کە وەها مەزندە دەکات ئەو ئیرادەیەی هەیەتی هی خۆیەتی، بەڵام لەجەوهەردا ئەو ئیرادەیە ئەوەیە کە ئیرادە بۆ کراوە، ئیرادە خوازراوە، لەلایەن بەڕێوەبەرانی باخچەکەوە بەناوی هیومانیبوونەوە وەک چەترێکی نهێنی و نەبینراو هەڵکراوە. لەم مۆدێلە نوێیەدا ئێمە لەبەردەم ئەو پادشا و نوخبەیەیەن دەتوانێت لەگەڵ مێگەلە قۆچدار و بێقۆچەکاندا بلەوڕێت و بەحیکمەتێکی هیومانییەوە مرۆئاژەڵییەکان لەنێو باخچەکەکاندا بەڕێوەبەرێت.

من لێرەدا هەڵوێستەیەک دەکەم لەسەر ئەم تێزەی سلۆتێردایک و لەوبڕوایەدام ئەم تێزە گەڕانەوەیەکی (میشێل فۆکۆ) یانەیە بۆ چەمکی دەسەڵات، فۆکۆ کە لەکۆی کارەکانیدا خود و سوبێکت دابەشدەکات بەسەر نەخشەی گشتی دەسەڵاتی گشتی کەلتووری کۆمەڵگا و زانست و زماندا. خود هیچ نییە جگە لەپێکهاتەیەک و پرۆیەکتێکی دەسەڵات نەبێت، دەسەڵات لەزانستەوە بیگرە تا دەگاتە پەروەردە و دەروونزانی و بیناسازی و زمانی نووسین، هیچ نییە جگە لەو دەسەڵاتەی کە خود، سوبێکت، بەوێنەکانی خۆی بارگاوی دەکەن، بێگومان کاراکتەری خود لەکۆمەڵگادا لەژێر چاودێرییەکانی هەموو ئەم هێزە زانستی و ڕۆحانی و زمانەوانییەدا بەندکراوە، بەجۆرێکی تر بیر لەسوبێکت بکەینەوە دەتوانین بڵێین: کەسوبێکت بوونی نییە، تەنها

لەو چرکەساتەدا نەبێت کە لەڕێگەی دەسەڵاتەکانەوە خۆی نمایشدەکات... ئەگەر بەندیخانەکان و کڵێساکان لەسەدەی ناوەڕاستدا دیار و ئاشکرا و بینراوبن بۆ خود، ئەوا بەندیخانەکانی ئەقڵانیەتی ڕۆژئاوایی لەشێوازی سیستەمێکی چاودێری و سزادانی ڕۆحی و ئابووریدا، خود دەخاتە بەردەم هەڕەشەیەکی بەردەوام. کەواتە خود چییە لەدنیای ئێمەدا جگە لە خۆگونجاندن نەبێت لەگەڵ ئەو هۆشمەندیە گشتییەدا، کە دەسەڵات لەژێر ماسکێکی هیومانییەوە نمایشی دەکات.

هیومانیزم لەڕوانگەی (میشێل فۆکۆ)وە سەیری بکەین هیچ نییە جگە لەمیتۆدێکی دەسەڵاتخوازی بۆ ڕامکردنی سوبێکت نەبێت، کەواتە سوبێکت هیچ نییە جگە لەسوبێکتێکی هیومان نەبێت کە لەژێر چەتری هیومانیەتی کەلتووریدا ژیان بەسەر دەبات. ئێمە چیتر خود نەماوین بەقەد هێندەیەی فۆکۆ گوتەنی: خود وەک دەم و چاوێک وەهایە لەسەر ڕووبەرێکی لم، زۆرنابات خودی ئێمە شەپۆلی هەڵکشاوی دەریا دەیسرێتەوە. بەدیوێکی تردا من پێموایە هیومانیزم وەک ئەو (هاوڕێیەکی هەڵە) یان چاکتر وەهایە بڵێم هاوڕێیەکی موزەیەف وەهایە کە (سلاڤۆ ژیژاک) باسی دەکات، مۆدێلی ئەو هاوڕێیە وەهایە کە بواری ئەوەت نادات ڕقت لێی بێت، بەڵکو هەمیشە ئەوەی دەیەوێت لەگەڵتدا بیکات لەچوارچێوەی هاوڕێیەتیدا و بەنازی هاوڕێیەتی بەخەڵکانی دەوروبەری دەکات. سلاڤۆ ژیژاک نمونەی ئەو بەڕێوەبەرە دەهێنێتەوە کە لەگەڵ کرێکار و فەرمانبەرەکانیدا بەبزەوە مامەڵە دەکات و قاوەت لەگەڵدا دەخواتەوە و گوێڕایەڵی خەمەکانە و ڕۆژانە وەک هاوڕێیەک لێت دەپرسێت، ئەم هاوڕێیەتیە ساختەیە چیدی بوار ناهێڵێتەوە بۆ هەڵگەڕانەوە و شۆڕشکردن لەدژی، میتۆدەکانی ئەوەندە هیومانین کە من لەم نووسینەدا بە (هیومانیەتی ماسکدار) ناوی دەبەم، وەها دەکات کە هەڵگەڕانەوە لێی مانای نامرۆڤدۆستی و دڕندەییت دەگەیەنێت. ژیژاک وەک فەیلەسوفێکی چەپڕە و لەو بڕوایەدایە کە پۆست کاپیتالزم وەک ئەو هاوڕێ موزەیەفە وەهایە لەژێر ناوی مۆڕاڵی مۆدێرن و هیومانستییەوە دەم و چاوی ناشیرینی خۆی، چەوساندنەوەی خۆی دەشارێتەوە. ئەم دووتێزەی فۆکۆ و ژیژاک نێزیک دەبنەوە لەمەدارەکانی بیرکردنەوەی سلۆتێردایک لەمەڕ هیوامانزم وەک دۆزێک کە بێستالیزمی، وەحشیگەرایی دەکات بە مرۆڤ و ڕێکیان دەخات لەباخچەیەکی ئاژەڵمرۆیی ڕێک و جواندا.

سلۆتێردایک لەو بڕوایەدایە کە لەزەمەنی تیتانەکاندا دەسەڵاتی خواوەندەکان زاڵبوون بەسەر مرۆکاندا، مرۆڤەکان لەلایەن خواوەندەکانەوە شوانکاری دەکران، بەڵام لەدوای زیۆسەوە خواوەندەکان مرۆڤیان بۆ چارەنووسی خۆیان جێهێشتووە و ئیدی مرۆڤایەتی

دەبێت خۆی شوانکاری خۆی بدۆزێتەوە و خۆی شوانکاری خۆی بێت. نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە فەلسەفەی ئیسلامی لەزاری پەیامبەرەوە چەمکی بوون بەشوانکاری خۆت و ئەوانیتری لە گوتەیەکدا چڕکردۆتەوە کە دەڵێت (کلکم ڕاع وکلکم مسۆل عن ڕعیتیە..).. بەمامانی هەموو یەکێک لەئێمە شوانکارە بەشێوەیەک لەشێوەکان و لێپسراوین لەمێگەلەکەمان، مامۆستا و فەقیە و والی. بەمانای نوخبەیەکی دیاریکراوی شوانکار هەیە لەفیکری ئیسلامیدا کە مێگەلەکە بەڕێوەدەبات. لەم پەروەرەدە ڕۆحانی و سپریتوالیەوە، ئەم کڵێشەیە لەمەسیحیەتدا ڕەنگدەداتەوە بەوەی پاپی گەورە لەڕۆم شوانکاری ڕۆحی کۆی مێگەلی کریستوومە لەدنیادا. لەم چەمکە ئاینییەوە دەتوانین بڵێین کە لەدوای پاشەکشەی خواوەندەکان مرۆڤ بەردەوامە لەبەرهەمهێنانی شوانکاری بۆ ڕێکخستنی مێگەلەکەی کە لەدنیای مۆدێرندا لەباخچەیەکی مۆدێرندا، لەلایەن نوخبەی شوانکارە پۆست مۆدێرنە هیومانستەکانەوە بەڕێوە دەبرێن. سلۆتێردایک پێیوایە نەک تەنها خواوەندەکان لەم زەمەنە نوێیەدا پاشکەشەیان کردووە، بەڵکو ئەوە حەکیمەکانیش پاشەکشێیان کردووە لەژیانی ئێمە، ئەوەی کە لەحیکمەت دەمێنتەوە تەنها کەلتووری نووسین و خوێندەنەوەیە، ئەو نامە گرنگانەن کە بۆ خوێنەری نادیار نووسراون. دنیای ئێمە چیتر نامەی لەلایەن حەکیمەکانەوە بۆ نانێردرێت، چیتر وەک ڕۆم نامەی لەفەیلەسوفەکانی یۆنانەوە پێناگات. دنیای ئێمە لەژێر چەتری هیومانیستەکاندا ڕێک و دابەشکراوە و چیتر حیکمەتی تر قبوڵ ناکات، سلۆتێردایک لەچاوپێکەتنیکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵی سویسری باس لەحەکیم دەکات و جوادای دەکاتەوە لەو هەموو پسپۆڕە لەبوارە جیاوازەکاندا کە ڕاوێژکاری دنیای تازەن، بەڕای ئەو سیحری حەکیم لەوەدایە کە خۆی یەکێکە لەکەسە شکستەخواردووەکانی ئەم دنیایە، حیکمەت لەوە پسپۆڕییەوە پێکنایەت، بەڵکو لەو ئەزموونە مرۆییەوەن، کە دەبن بەکتێب و نامەی ژیان دەنێرن بۆ خوێنەرەکانیان، ونبوونی حەکیم لەژیانی ئێمەدا مانای ونبوونی ئەو کتێبانەن کە توانای ئەوەیان نییە نامە بنێرن بۆمان، بۆ ئێمەی خوێنەری نادیار. کتێبەکان لەم سەردەمەدا بوون بە (ئۆبیکتی ئەرشیفیکراو)، ئەوە کتێبەکانە کە لەژێر زەمینەکانی کەلتووری پۆست مۆدێرنەدا کەڵەکە بوون. دەبێت کەی بێت ئارشیفست لەژێرزەمینەکانەوە بێتە دەرێ و بانگەشەی تێکستێک بکات، دەمێکە لای خۆیان تۆزی لەسەر نیشتووە. سلۆتێردایک لەهایدگەرەوە دەستەواژەی (ڕۆشنکەرەوەی بوون) هەڵدەگێڕێتەوە و ئەو پرسیارە دەکات: دەشێت لەداهاتوودا ژێرزەمینەکانی ئەرشیف ڕۆشنایی بەخش بن! پێدەچێت ئەرشیفەکان لەداهاتوودا جێگەی هیومانیستەکان بگرنەوە. ئەو ئارشیفستانەی

بەڕێکەوت بیر لەوە دەکەنەوە لەو کەڵەکەبوونەی کتێبەکان نامەیەک بنێرن بۆ خوێنەری نادیار. سلۆتێردایک هیومانیزم بەوەڵامێکی شێواو تێدەگات کە لەلایەن کەسانێکەوە پرسیار کراوە، کە نەیانزانیوە چۆن پرسیار بکەن. لەم تێزەوە هیومانیزم وازی لەوە هێناوە نامە بێت بۆ خوێنەری نادیار، وازی لەوە هێناوە حیکمەت بێت بۆ مرۆڤایەتی، وازی لەوەهێناوە ڕۆشنایی بێت بۆ بوونی مرۆڤ، وازی لەوە هێناوە وەڵامێکی ڕاستەقینە بێت بۆ مرۆڤ. وازی لەوە هێناوە مرۆڤ وەک مرۆڤ تەماشا بکات، بەڵکو وەک چۆن هایدگەر دژی ئەو پێناسە ئاژەڵییە بۆ مرۆڤ، وەک ئاژەڵێکی ئاقڵ، ئاوەهاش سلۆتێردایک هیومانیەت وەها دەبینێت کە دابەشکردنی مرۆڤە لەلایەن هیومانیستە تەواوەکان و سوپەر هیومانیستەکان کە ئیدارەی ئەو زۆیە و باخچەیە دەکەن، ئەو باخچەیەی پڕێتی لەئاژەڵەمرۆییەکان...

## چەند سەرنجیک لەسەر کالْفامی هیومانیزمی کوردی

شتیک نییە ناوی لێ بنێین هیومانیزمی کوردی کەبتوانین بەتەواوەتی لەژێر ئەم چەمکەدا پێناسەی بکەین، ئەوەی کە هەیە دیاردەیەکەی حکومەتییە لەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لەشێوەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی سەر بەپارتە سیاسییەکان و لەدوایشدا لەچوارچێوەی وەزارەتێکدا خۆی نمایشکردبوو. سەیر لەوەدابوو کە ئەم وەزارەتە لەبەردەم هەموو پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ بێدەنگ و کەڕە، بەجۆرێک کە ئەمنستی ئەنتەرناسیوانال وەک ئۆرگانێکی بێگانە بەوردی ڕاپۆرتی خۆی دەربارەی ڕەوشی خراپی مافی مرۆڤ پێشکەشکرد. کەچی ئەم وەزارەتە پەی بەیەکێک لەو هەقیقەتە سادانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ نەبردووە، چاکتر وایە بڵێین هیچ ڕەخنەیەکی جیدی لەپارت و گرووپ و حکومەت لەکوردستاندا نەگرتووە، بەکورتی ئێمە لەبەردەم مافی مرۆڤێکی ساختەداین کە جگە لەگاڵتەجاڕی نەبێت بەمافی مرۆڤ هیچیتر نییە. ئەوەی لای من لەم نووسینەدا گرنگە ئەو بیرکردنەوە سەیرەی پارتی کوردییە دەربارەی هیومانیزم کە لەشێوازی ڕێکخراوی کارتۆنی مافی مرۆڤ و وەزارەتەکەیدا خۆی نمایشکردووە، لەسەرێکەوە ئەم هیومانیزمە کوردیە لەو بڕوایەدایە کە هیومانیزم مانای زۆربوونی ژمارەی خوێندەوارانە لەکۆمەڵگادا، ژمارەی زۆری خوێندەوارانی زانکۆ مانای هیومانگەرایی و مرۆدۆست گەرایی ئەم حکومەتە دەگەیەنێت. سەیر نییە کاتێک بەڕێز تاڵەبانی دەچێت بۆ شارۆچکەیەک خێرا پەیمانی کردنەوەی زانکۆیەک، کۆلێژێک، پەیمانگایەکیان پێدەدات. ڕەمزیەتی ئەم پەیمانە لەوەدایە کە سەرکردە مرۆڤدۆستی خۆی لەڕێگەی کردنەوەی

زانکۆ و فێرگەکانی خوێندندا دەسەلمێنێت. لەپشت ئەم ئیدیا بچووکەوە دەتوانین لە (هیومانیزمی کاڵفامی کوردی) تێبگەین کە کردنەوەی ئەم هەموو زانکۆیە و دەرچوواندنی هەموو خوێندراکان بۆ زانکۆکان و کردنەوەی هەموو ئەم زانکۆیانەی کە لەژێر قەیرانی قووڵی زانستی و مەعرفی و سلوکیدا دەناڵێنین. لەو بیرۆکەوە سەریهەڵداوە لایەنی باشی پارتی کوردی بەرامبەر دنیا نیشانبدات. لەلایەکی ترەوە هاندانی خوێندەواری و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا ئیدیاکە کە پارتی کوردی لەدوای ڕاپەڕینەوە وەک بەشێک لەو ڕووبەرانە تەماشای کردووە کە پێویستە مۆنۆپۆڵ بکرێت. بەهەقەت ئێمە لەم ساڵانەی دوای ڕاپەڕین لێپرسراوەکانی حیزبیمان بینی بەلێشاو خۆیان کرد بەزانکۆکاندا و لەسەر کورسی خوێندکاری زانکۆ دادەنیشتن و بەهەر جۆرێک بێت بڕوانامەکان بۆ خۆیان مۆنۆپۆڵ کرد. ئەم هێرشە بەجۆرێک بوو کە لەماوەیەکی کورتدا لەبەر دکتۆراو ماجستێری ئەندامە حیزبییەکان، چیتر موزەیف لەڕاستەقینە جیانەدەکرایەوە و ئێستاش ئەم قەیرانە بەردەوامە. لەدوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی چیتر لێپرسراوی حیزبی و حکومی خۆی بە (بێگانە/نامۆ) نەدەزانی لەکۆمەڵگای نوێدا، ئیدی ئێمە لەبەردەم ئەو لێپرسراوانەدا بووین کە جلی کەتافە و چەکەکانیان گۆڕی بە قات و بۆینباخ و سەر و سمێڵ ڕەشکردنەوە، چەکەکانیشیان بوو بەبڕوانامەی بەرز. لێرەوە ئێمە لەبەردەم وێنەی جەنگاوەرێکی شەرکەرداین وەک دەرکەوتن، وەک ئەوەی چاوی گشتی دەیبینێت، وەک بینراوێک. ئەم دیکۆرە نوێیە بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی حکومەت بوو لەژێر ماسکی خوێندنی باڵاو بڕوانامەدا، لەجەوهەردا ئەم خوێندەواریە نوێیە، هیچی لەڕوانینی پارتی کوردی و ئەندامەکانی نەگۆڕی بەرامبەر کۆمەڵگای کوردی، بەمانای خوێندنی باڵا و بڕوانامەکانی ئەو هێزە نەبوو کە جەنگاوەرێکی بەتەماع بکات بەفەرمانبەرێکی دڵسۆزی حکومی. لێرەدا ئێمە لەبەردەم (دیکۆرێکی هیومانیزمی کوردین) کە دەوێت بڵێت: جەنگاوەرەکان لەڕێگەی خوێندەوارییەوە بوون بەمرۆڤدۆست. ئەم مۆنۆپۆڵکردنە بۆ ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەو کلێشەیەدا بگونجێت کە دەوڵەتی نوێ و حکومەتەکە نوێیەکان هەیانە. بەڵام ئاڕاستەی ڕاستەقینەی دەسەڵاتداری سیاسی لەناوەڕۆکدا و لەپشت ئەم ماسکەوە هەر بەمیتۆدەکانی زمانی توندوتیژی و میلیشاییەوە کاری خۆی دەکات. لەتەنیشت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە، چەندەها دەزگای حزبی و ژێرزەمین و بەندکردن و فڕاندن و تەنانەت کوشتن هەیە لەتاریکیدا. دۆسییەکانی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە ڕاستەقینەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕەوتی ڕووداوەکانی لەخۆپیشاندانەکانی حەڤدەی فێبرواری ٢٠١١ ئەو ماسکەی بەتەواوەتی هێنایەوە سەر ئاستی گومانکردن. ئیدی

لەڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی پارتەکانەوە بیگرە تاوەکو وەزارەتەکەی و پرۆسەی خوێندەواری بوون، لەخزمەتی ئەو ماسکە هیومانیەدایە کە دەسەڵاتی کوردی خۆی لەپشتەوە دەشارێتەوە. ماسکی هیومانیزمی کوردی ئەو ماسکەیە کە بەردەوام هەوڵی خۆ ئارایشتکردن دەدات لەنێو کڵێشەیەکی مرۆڤدۆستی پوچگەرادا.

بەدیوێکی تردا ئەو جەختکردنە لەسەر کردنەوەی بەردەوامی زانکۆ و پەیمانگا و بەلێشاوکردنی قوتابیان بەزانکۆکاندا، لەو بیرۆکەیەوە سەری هەڵداوە کە دەبێت (مرۆڤەکان دانیشن و ئاقڵ بن)، دانیشن و ببن بە هاوڵاتی خوێندەوار، ئەو وڵاتەی هاوڵاتی خوێندەواری زۆر بێت، وڵاتێکە هیومانی و مرۆڤدۆستە، ئەمە بیرکردنەوەی دەسەڵاتی کوردیە لەمەڕ کۆمەڵگا. دەزگاکانی هەرێم ئەو ماسکە هیومانیە لەدانیشتن و خوێندندا دەبینییەوە، هەر وەک لەخوێندنەوەی سلۆتێردایکەوە ئاماژەمان پێدا، کە چەمکی (ماڵ، خانوو) لەو ڕستە بەناوبانگەی هایدگەرەوە لێیبڕوانین کە (زمان ماڵی بوونە)، کەواتە خانووی بوون کە زمانە، ئەو وێنەیەمان لەلا دروستدەکات کە مرۆڤەکان لەنێو خانووەکاندا دادەنیشن و لەوێشدا دەخوێنن، بێگومان وەک سلۆتێردایک لەو ئیشکالیەتە قووڵ و پارادۆکسە ئاماژەی پێدەکات کە ئەم خوێندەواریە لەنێوان خوێندراوەو خوێندنەوەدا، لەنێوان ئەوانەی تێکستەکان دەنووسن و ئەوانەی دەیخوێننەوە و ئەوانەی خاوەن ئیرادەن و ئەوانەشی خاوەن ئیرادەبۆکراون، پەیوەندەییەکی ئاڵۆز و پڕ گرفت خۆی ڕاکێشاوە. مانا هەڵگری ئەم پرۆسەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە خوێندن لەنێو ماڵدا، خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی ماڵیکردنی مرۆڤەکانە لەکڵێشەی ماڵ و نیشتەجێبووندا. ئاوتۆریتێتی (دەسەڵاتخوازی) ئەم پرۆسەیە لەوەدایە کە مرۆڤەکان بەئاقڵی دادەنیشن و دەخوێنن، هیومانیزمی سادەی کوردی لەم گۆشەنیگایەوە دەیویست شکستییەکانی نەوەیەک لەزانکۆی شکڵیدا بەندبکات، بەهیوایەی کە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و قوتابیان ئەو دەستەمۆکردنەی مرۆڤە دڕندەکان بگرنە ئەستۆ. لێرەوە زانکۆکان کردەیەکی ئامبیڤالێنتنAmbivalenz، دوو دژەمانان، دژە ویژدانین لەڕووی سایکۆلۆژیەوە، بەوەی مرۆڤەکان کە خوێندەوار دەبن، دەبنەوە ئەو مرۆڤەی کە لەنێو کۆمەڵگای پڕ مافی مرۆڤی کوردیدا ژیان بەسەر دەبەن و بەئاقڵی دادەنیشن، ئەمە ئەم بیرۆکە نەستیەیە لەپشت ئەم پرۆسەی زۆربوونە سەیرەی دەرچوانی زانکۆوە وەستاوە. بەڵام لەڕاستیدا زانکۆکانمان هیچ نین جگە لەفابریکێک بۆ بەخشینی ماسکێکی هیومانی نەبێت بەحیزب و دەسەڵات، هیچ نین جگە لەبەتاڵکردنەوەی مانا مەعریفەیەکانی پرۆسەی خوێندەواری نەبێت لەجەوهەری ڕاستەقینەی خۆی، هیچ نین جگە لەپرۆسەیەکی ماڵیکردنی ئاژەڵمرۆییەکان نەبێت بۆ

دەسەڵات. لەدوای خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی فێبراورەوە بینیمان لەپڕێکدا لەهەولێر لەلایەن ڕێکخراوەکانی قوتابیان دەرگای زانکۆ دادەخرێت، ئەو چرکەساتە، چرکەساتی بەربوونەوەی ئەو ماسکە هیومانی و مەعرفییە کە دەسەڵاتی کوردی هەڵیگرتبوو، ئەو چرکە ساتە، چرکەساتی کەشفبوونی ماناڕاستەقینەکانی کردنەوەی زانکۆکانە لەلایەن حیزبەوە، بەوەی مادامەکی خوێندەوارەکان بەئاقڵی لەزانکۆکاکاندا دانانیشن، کەواتە بابچن لەماڵەوە دانیشن و ئاقڵ بن، خوێندکارانی هەولێر لەو چرکەساتەدا لەماڵدا ماڵیکران.

لەڕوانگەیەکی ترەوە سەیری کۆی دەسەڵاتی سیاسی کوردی بکەین و لەو ئەزموونە مێژووییانە بڕوانین کە دەسەڵاتی بەدنیای کوردییەوە پابەند کردووە، لەبەردەم کەلتووری دەسەڵاتی نوخبەیەکی سیاسیداین، کەچەقی بیرکردنەوەی هەموو شتێک بووە، تەنها مرۆڤ نەبێت. ئەمە بێگومان لەپرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆنمونە ئەوەندەی خێرا جادەکان پاندەکرێت و پردی سەقەت دروستدەکرێت، ئەوەندە گرنگی نادرێت بەشوێنای پەڕینەوە. گرنگی نادرێت بەخەستەخانەکان، خەستەخانە هەیە ساڵانێکی دوورودرێژە هێشتا لەهەیکەلدا کاری لەسەر کراوە، نەک هەر ئەوە لەجیاتی ئەوەی لەشوێنی هێمن و خامۆشدا بن، لەنێو سروشتدا بن، لەسەر جادەی خێرای پڕ ئۆتۆمبێلی تیژڕەو دروستدەکرێن. ئەقڵیەتی ئەندازیاری ئەوەندە دوور لەمرۆڤ کاری خۆی دەکات، کە جادەی بازنەیی مەلیک مەحمود لەسلێمانی و جادەکانی دیکە شوێنی پەڕینەوەی بەدەگمەن تێدایە، جەنگی مرۆڤەکان لەکوردستاندا لەدژی ئۆتۆمبێل جەنگێکی قورسە. بیرکردنەوە لەکەمئەندام و پیر لەنەخشەی بیناسازیدا لەغیابدایە. بیرکردنەوە لەنەخۆش و پەیوەندی بەشوێن لەئارخیتیکتۆری ئێمەدا فەرامۆشکراوە. قوتابخانەکان لەبیناسازیدا لەبەندیخانە دەچن و پۆلەکان ئەوەندە قەرەباڵغن بەجۆرێک منداڵان وەک ماسی نێو قوتوو لەچوارچێوەی دیوارەکاندا قەتیس بوون، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەهەشتی شار و پارکەکان و هەواری شارەکان و باخچەی ئاژەڵییە مرۆییەکان لەزیادبووندان.

کلێشەی بیرکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی کوردی نایەوێت ئەم مێگەلە کۆمەڵایەتیە بکات بەمرۆڤی ئاقڵ، بەڵکو کاری ئەو قووڵکردنەوەی کەلتووری وەحشیگەرایە کە لەگەندەڵیدا دەگاتە ترۆپک.. لەجەوهەردا کەلتووری دەسەڵاتی کوردی نەهیومانیە لەفۆڕمدا و نەخوێندەوارە لەفۆڕمێکی تردا، بەڵکو هەڵگری ناوەڕۆکێکی وەحشیگەراییە، بەجۆریک کە توندوتیژی فیزیکی بەکاردێنێت بۆ ڕامکردنی کۆمەڵگا، لەدەرکەتن و نمایشگەراییدا لەژێرماسکی هەڵبژاردن و دیموکراسی و مافی مرۆڤدا ئەو مرۆدۆستیە

نیشانی دنیا دەدات.
دیوی دووەمی (ماسکی هیومانستی) لەڕۆژئاوادا خۆی درێژدەکاتەوە، ئەو هیومانستیە دۆرینەیە یاریکردنە لەگەڵ ئەم چەمکەدا، هەر وەک چۆن من ئاژەم بە ماسکی هیومانستیدا لەپرۆسەی دەسەڵاتخوازی کوردیدا، ئاوەهاش ئەم ماسکە لەڕۆژئاوادا لەفۆڕمێکی دیکەدا دەردەکەوێت، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کەسلۆتێردایک لەم کتێبەیدا پەردە لەسەر ئەو هەڵەکارییە هەڵدەداتەوە کە ناوی هیومانیزمە، بەدرێژایی خویندنەوەمان بۆ ئەم کتێبە گرنگە، ئەو ماسکە دەبینین کە لەڕۆژئاوادا بەناوی هیومانیزمەوە دەسەڵاتخوازی خۆی مومارەسەدەکات. درۆی هیومانستی ڕۆژئاوایی لەو خۆبێدەنگکردنە لەهەموو ئەو تاوانە ترسناکانەی بەرامبەر مرۆڤ دەکرێت، خۆی بەرجەستە دەکات، کە حکومەتە دیسپۆتەکانی دنیای ڕۆژهەڵات و حکومەتەکانی دیکەی دنیا بەرامبەر میللەتانیان پەیڕەوی دەکەن. ئێمە لەبەردەم هیومانیەتێکی درۆیینەداین، دنیای ئێمە شانۆیەکە پڕێتی لەئەکتەری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی کە لەژێر ماسکی هیومانیزمەوە خۆیان نمایشدەکەن.
نمونەیەکی خێرا لەمەڕ ڕووداوەکانی ئەم دواییە ئەو کاردانەوەی ئەمەریکاو فەڕەنساو و ئەوروپادا بوو لەبەرامبەر هێرشی قەزافی بۆ هاوڵاتیانی خۆی لەلیبیا، ئەم بڕیارە چەندە هیومانیستی گەورەی ڕۆژئاوایی نیشاندا، ئەوەندەش ڕووداوێکی تر کۆدی ئەم هیومانیستیەی پوچەڵکردەوە. بۆ نمونە فەڕەنسا و سارکوزی یەکەم کەس بوون کە پەلاماردانی سەربازیان لەپێناو پاراستنی خەڵکی سیڤیل بەتوندی مەحکوم کرد و هەستی مرۆڤدۆستی خۆیان لەدژی خوێنڕشتنی هاوڵاتیان بانگەشەکرد، سەیر لەوەدایە لەهەمانکاتدا لە (کەناری عاج) لەدوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری، سەرۆک کۆماری کۆن نەیدەویست دان بنێت بەسەرۆکی تازەدا، لەگەڵ ئەوەی لەهەڵبژاردندا براوە بوو. بەمشێوەیە لەشەو و ڕۆژێکدا هێزەکانی سەرۆک کۆماری نوێ و تازە قەسابخانەی گەورەیان لەیەکتری نایەوە، بەجۆرێک لەشەو و ڕۆژێکدا سێ سەد کەس لەژن و منداڵ و گەنج و پیر قەسابخانەکران، ڕۆژانی دواییش بەهەمانشێوە. سەیر لەوەدابوو هەموو دنیا ئەوەندەی سەرقاڵبوون بەقەزافی و ڕاپەڕینی لیبیا، ئەوەندە ئاوڕیان لەوڵاتە ئەفریقایە نەدەدایەوە، بەتایبەت فەڕەنسا کە کەناری عاج کۆلۆنی پێشووی خۆی بووە، سەرۆکی هەڵبژاردەی وڵاتەکە لەفەڕەنسا پاڕایەوە بۆ ئەوەی بەهێزێکی سەربازی بەشداری بکات، کەچی فرۆکەکانی فەڕەنسا و جیهانی ئەوەندەی بەئاسمانی لیبیا چالاکی سەربازیان ئەنجامدەدا، ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نەبوو لەکەناری عاج چەندە مرۆڤی تر بەر ساتوری یەکتری دەکەون. ئەم هەڵبژاردنە سەیرە

کەسیاسەتی ڕۆژئاوایی پیادەی دەکات، ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ ئەو ماسکە هیومانیەی کە ڕۆژئاوا و دنیای پۆست مۆدێرن هەڵگرێتی. ئەم هەڵبژاردنە و پراگماتیە ترسناکە بەشێکە لەو ئەقلانیەتە ترسناکەی کە خۆی بەهەڵگری چەمکەکان دەزانێت، بەڵام ئەم ئەقڵە گاڵتەجاڕە، ئەم ئەقڵە سینیزمە دیوی نەبینراوی بیری ڕۆژئاواییە، ئەم سینیزمە ڕۆژئاواییە کەسلۆتێردایک لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا (ڕەخنەگرتن لەئەقڵی گاڵتەجاڕی) بیۆگرافیای دەگێڕێتەوە، هەڵگری ئەو ئامبیڤالێنتە ترسناکەیە کە لەنێو خودی پرۆژەی مۆدێرنەدا گەمەی گاڵتەجاڕی خۆی دەکات. نمونەی دوو ڕوویی بیرمەندێکی ڕۆشنگەریی ناتورالیستی (جان جاک ڕۆسۆ)مان بۆ دەهێنێتەوە و دەڵێت (گەر سەیری زیرەکی و نەرمی ڕۆسۆ بکەین ئەو دەبڵ مۆڕاڵ و دووڕوویيە دەبینین، کە دەیویست سروشت و منداڵی و ئیدیای پەروەردەیی پێکەوە گرێبدات. بەڵام خۆی منداڵەکانی بەدەستی خۆی نارده هەتیوخانە ئینکاری باوکایەتی خۆیەتی کرد، ئەمە تێگەیشتنێکە لە تێکشانی نێوان زانین و ژیان... ل١٢٧)
بڕوانە: پیتەر سلۆتێردایک: ڕەخنەگرتن لەئەقڵی گاڵتەجاڕی، سورکامپی ئەڵمانی ل١٢٧
Peter Sloterdijk، Kritik der zynischen Vernunft، suhrkamp ١٩٨٣، S١٢٧

چیرۆکی ئەم ئەقڵە گاڵتەجاڕییە لەسیاسەتی گشتی ڕۆژئـاوادا بەرجەستە بووە، لەسیاسەتی هەڵبژاردندا بەرجەستەیە کە هەڵبژاردنی بەپێی ئەو پێوەرانە نییە کە خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو بەپێی ئەو نەخشە دەسەلاتخوازییە کە خەونی خۆی پێوە ڕاگیرکردووە. ئەوە ڕۆژئاوایە کەدەیەوێت لەبەر سیاسەتی نەوتی خۆی بۆ ماوەی زیاتر لەچارەکە سەدەیەک بڕیاردەدات کە قەزافی و سەدام حسێن دڕندەنین و پیاوی دەوڵەتن و ئەوە ئەویشە لەپێچکدا چرکەساتی هیومانیستی خۆی زیندوو دەکاتەوە و بڕیاردەدا کە ئەمانە دڕندەن و دەبێت بخرێنە قەفەسەوە، چونکە تاوانکارن لەدژی مرۆڤایەتی. ئەم دووفاقیە، ئەم دەبڵ مۆڕالیە لەکۆی سیاسەتی ڕۆژئاوایدا، بریتییە لەو ئەقلانیەتە بەخێوکارەی کە هیومانیزمی ڕۆژئاوایی لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەو بڕیاردەدا کێ دڕندەیە و کێهاش دەبێت ڕامبکرێت، سیاسەتی جیهانی هیچ نییە جگە لەوەی جیهان دەبێتە پارکێکی گەورەی ئاژەڵەمرۆییەکان و نوخبەی تایبەت (بەخێوکارە مەزنەکان) مافی دەستەبژێری ڕامکردن وماڵیکردنیان لەئەستۆ گرتووە. خاڵیکی تر گرنگە ئاماژەی پێدەم ئەو گەمە هیومانستیەیە کە لەنێوان هێزەکانی

نێو کۆمەڵگای کوردیدا لەئارادایە. بەگشتی ئێمە لەبەردەم گەمەیەکداین کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرامبەر یەکتری بەرەو ڕووی یەکتری دەبنەوە، هەر یەکە خۆی بەخاوەنی دۆزێکی مرۆڤدۆستانە تێدەگات، ئەویتر دەچێتە خانەی دڕندەکانەوە، گەمەی دڕندە و مرۆڤدۆستی لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و پارتەکانی نێو دەسەڵات، بەجۆریکە کە ئەم ئەویتر قبوڵ نەکات، ئەم کردەیە کە دەتوانین بڵێین پشتە وێنەکەی ئەو کەلتوورە وەحشیگەرایییەیە کە گەورە بچووک دەخوات و بچووکیش بچووکتر.. ئەم داروینزمە کۆمەڵایەتیە کۆی پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دابەشکردووە بەدوو بەشەوە، بەشێکیان بەخێوکارە مەزنەکان و ئەویتر بەخێوکارە تەواوەکانن،  ئەوانی تریش ئاژەڵەمرۆییەکانن کە دەبێت لەپارکی ئاژەڵمرۆیی کوردیدا ڕامبکرێن وماڵیبکرێن. ئەوەی سلۆتێردایک لەکتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوە ئەو کلێشە نیتچەویە لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤی باڵادا، بەمانای ئێمە لەبەردەم مرۆدۆستە تەواوەکان و مرۆڤدۆستە باڵاکانداین، بەجۆرێکی تر قسە بکەین ئێمە لەبەردەم بەخێوکارە تەواوەکان و بەخێوکارە باڵاکانداین، شەڕی دنیای ئێمە ململانێی نێوان ئەم دوجۆرە بەخێوکارەیە. هەمان تۆبۆگرافیای فیکری لەنێوان گەمەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا دەبینین، کە دەسەڵاتی کوردی لەچوارچێوەی بەخێوکاری باڵای کوردی تێدەگات، پارتە کۆنزەرڤاتیڤەکان خۆیان لەگەڵ وێنەی باوکی سەرکردە یەکخستووە، بەجۆرێک کە بەخێوکاری گەورەن، لەنێوان بەخێوکارە تەقلیدییەکان و پرۆژەی ئۆپۆزسیۆنی داهاتوودا، دوو مۆدێلمان هەیە لەجەنگدان. دەکرێت بڵێین لەنێو خودی ئۆپۆزسیۆنی کوردیدا بەئیسلامییەکانیشەوە چەندەها مۆدێلمان هەیە، کە هەندێکیان کۆپیکردنەوەی وێنەی بەخێوکاری گەورەیە و گاڵتەجاڕانە لەنمونەی ئیسلامی سیاسیدا ئەم مۆدێلە تەقلیدیەی بەخێوکاری باڵای باوکسالاری خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام وەک گوتمان لەفۆڕمی ئۆپۆزسیۆندا خۆی نمایشدەکات.. هەردوو بەخێوکارەکان هەڵگری نۆرم و بەهای مرۆڤدۆستین، هیومانستن بەڕێگەی خۆیان، لەنێوان ئەم دوو بەخێوکارە باڵ او تەواوەدا زۆرانبازیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی لەکاردایە.

ئێمە لەدنیای پۆست مۆدێرندا لەبەرامبەر هۆشمەندیەکی هیومانین، کەهۆشمەندی سوستێمە، نەک مرۆڤ، مرۆڤ وەک خۆی لـەدەرەوەی پێناسە ئاژەڵیەکەی وەک هایدگەر ڕەتی دەکاتەوە، تائەمڕۆ لەکێشەدایە. مرۆڤ تائەمڕۆ لەدۆزی هیومانیتیدا هایدگەر گوتەنی خاوەنی هەزارەها ساڵ لەمێژووی هەڵەیە. ئەم هۆشمەندیە هەڵەیە لەنێو بیرکردنەوەی تاکەکاندا ژیانی مرۆڤەکانی کۆنترۆڵ کردووە، ئەم هۆشمەندیە بەناو هیومانیستیە، بەپشتبەستن  سلۆتێردایک کە (هۆشمەندی هەڵە Falsches

Bewusstsein) ناوی دەبات، هۆشمەندیەکی هەڵەی هیومانستیە. من پێموایە دنیای نوێ هیچیتر نییە جگە لەسوڕانەوە نەبێت لەنێو مەدارەکانی ئەم هۆشمەندیە هیومانستیە هەڵەیەدا، ئەم هۆشمەندیە بۆتە سیستەمی هۆشمەندی تاکەکان لەپەیوەندیاندا لەگەڵ کار و سەرمایە و خێزان و پەیوەندەیە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕەدوکەوتنی ئەو کلێشانە مانای دروستبوونی ئیرادەیەکە کە ئیرادەی ڕاستەقینەی خودی مرۆڤ نییە، ئیرادەی سوبێکت نییە وەک خۆی، بەڵکو ئیرادەیەکی دروستکراوی بەخێوکارە مەزنەکانە. من پێموایە هیومانیزمی ڕاستەقینە کاری کەشفیکردنی ئەو کۆدە هەڵانەیە کە مرۆڤەکان بەسیستەمیماڵیکردنەوە دەبەستێتەوە، هیومانیزم ئەو حیکمەتەیە کە نامەی نووسراو دەنێرێت بۆ خوێنەرە نادیارەکانی، کاری فیکریش بەڕای من هیچ نییە جگەلەوەی دەبێتە نامەیەکی ڕاستەقینەی حەکیمانە بۆ خوێنەرێکی نادیار...

**نورنبێرگ ١١ ,٠٤, ٠٨**

**سەرچاوەکان**


١. Peter Sloterdijk، Regeln für den Menschenpark: Ein Antwortschreiben zu Heideggers Brief über den (Humanismus (edition suhrkamp

٢. Peter Sloterdijk، Kritik der zynischen Vernunft، ١٩٨٣، suhrkamp

٣. Protagoras، Der Mensch alle Maß der Dinge، Vortrag von Dr. Philip Florian Roth

# تووڕەیی و کات

# تیۆریەکی نوێ بۆ ڕاڤەکردنی مێژووی جیهان

# خوێندنەوەی کتێبێکی فەیلەسوف پیتەر سلۆتەردایک

■ بەکر عەلی- بەرلین

شتێک کە من سەرنجم لە ئیشەکانی فەیلەسوف پیتەر سلۆتەردایک دابێت ئەوەیە، ئەو هەموو ساڵێک یان لە وەرزی پایزدا وەیان لە وەرزی بەهاردا وەیاخود زۆر ساڵ لە هەردوو وەرزەکەدا شاکارێک دەخاتە کتێبخانەی ئەڵمانییەوە و ئیدی گۆمی مەنگی کایەی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی دەشڵەقێنێت و بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات. وەک ئەوەی ئەو دوو وەرزە هێمای نەک مردن و دووبارەزیندووبوونەوەی سروشت بن بە تەنیا، بەڵکو هی چالاکییە ڕۆحییەکانی مرۆڤیش بن. ئەو وا دەکات هەموو کتێبێکی وەکو هەنارێکی گەیی و بێت، کاتێک لەدارەکەی بەردەبێتەوە سەر زەوی ئیدی خۆی بۆ دەیان دەنکە بیرۆکەی جۆراوجۆر واڵا دەکاتەوە. پایزی ٢٠٠٦ کتێبی (تووڕەیی و کات Zorn und Zeit)ی بڵاوکردەوە، لەوکاتەشەوە چەندین وتار و بابەتی لەسەر نووسراوە و چەندین دیداری ڕۆژنامەیی و تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی لەگەڵدا سازکراوە، ئەمە جگە لەوەی خۆیشی چالاکانە لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەڵمانیادا وەک میونشن، کۆلن، هانۆڤەر، هامبۆرگ و بەرلین کۆڕی خوێندنەوەی بۆ کتێبەکە، لە پێناوی پتر ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکەدا، ساز کردووە. ئەمەش کارێکە هەموو نووسەر و فەیلەسوفێک لە حەوسەڵەیدا نییە بیکات. هەروەها چونکە کتێبێکە وەک هەر کتێبێکی تری ئەو، بەزمانێکی زۆر نائاشنا نووسراوە، دارشتنی زمانی کتێبەکە لە بڵندترین ئاستی هونەری زمانی ئەڵمانیدایە، کە نە هەر بۆ خوێنەری سەرەتایی وەک ئێمەمانان سەختە، بەڵکو بۆ خودی ئەڵمانەکانیش سەختە، لەبەرئەوەی لەلایەک ئەو باوەڕی

وایە دەبێت ئەو گەمارۆیەی لەسەر زمانی نەتەوەییدایە هەڵبگیرێت تاوەکو زمانێکی ئەورووپی هەمەکی بەرپا ببێت، لەم پێناوەشدا سەرجەمی نووسینەکانی ئەو پڕن لە دەستەواژەی زمانە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا، بێگومان ئەو زمانانەی کە شارستانیەتان پێ نووسراوەتەوە لەوانە گریکی، لاتینی، فەڕەنسی و ئینگلیزی، بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەکە هەر هێندە نییە کە ئەو لەڕووی قامووسی و فەرهەنگییەوە زمانەکانی تر تێهەڵکێش بە زمانی ئەڵمانی دەکات، ئەگەر وەها بێت گرفت نییە، خوێنەر دەتوانێت بە بڕێک خۆماندووکردنەوە پەنا بەرێتە بەر لەکسیکۆن و فەرهەنگەکانی زمان و کارەکەی بۆ ئاسان بکەن، بەڵکو من وای دەبینم گرفتەکە لەوێدایە کە ئەو دێت و دەستکاری زمانە بنەڕەتییەکەش دەکات، ئەو وەکو ئەکرۆباتێک یاریەکی ئەوتۆ بە چمکەکان دەکات کە خوێنەری زمانە بنەڕەتییەکەش سەرسام دەبێت پێی و پێویستی بە بەکارهێنانی فەرهەنگ دەبێت. بەلایەکەی تریشدا ئەو پێیوایە قەیرانی هەنووکەی بیری خۆرئاوا بەندە بە گەمارۆکردنی زمانەکەیەوە، بۆیە ئەوەی فیکری ئەورووپی ئێستا پێویستێتی زمانیکی تر و فیلۆلۆگیایەکی ترە. ئەو لە هەموو کارەکانیدا کاری بۆ ئەو زمانە نوێیە کردووە، وەک لە دیدارێکدا لەمەڕ زمانی سەیری ئەو کتێبەیەوە پرسیاری لێ دەکرێت و دەڵێت :(ئێمە دەبێت خەمی داڕشتنی هیگینێکی باڵای زمانمان هەبێت، لەبەرئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بەدەست هەژاریەکی سامناکی گوزارەکانەوە لەدنیای سیاسەتدا دەناڵێنین. ئەمڕۆ ئێمە زەلیلین لەوەی بتوانین ناوی نوێ لە ڕووداوە نوێکان بنێین. بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەبێت خۆمان لەوە بپارێزین کە ناوە مێژووییەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دووبارەبەکاربهێنینەوە. بە نموونە با شیکردنەوەی چەمکی «چینەکانی کۆمەڵگا» وەربگرین کە من لە «تووڕەیی و کات»دا ئەم چەمکەم دووبارە بەکارهێناوەتەوە، بەڵام هۆشداری ئەوەشم داوە لە دووبارەوەرگرتنەوەی زاراوەناسی «مارکس» بۆ چەمکی «چینایەتی»، چونکە ئەم گوزارەیە هەڵگری جۆرێک لە کوشتنی کۆگەلییە، واتە ئەوەی لەژێر دروشمی مارکسیدا لەبارەی «چینایەتی»یەوە بدوێت وەک ئەوەیە جۆرێک لە کوشتنی کۆلێکتیڤی/کۆگەلی پیادە بکات). ئەمە سەرباری بیر تیژی و قووڵی بیرۆکەکانی ئەو کە ئەوەی بەلایەنی کەمەوە هێڵێک لە هێڵەکانی فەلسەفەی خۆرئاوا شارەزا نەبێت مەحاڵە بتوانێت لە تاکە دێڕێکی ئەو تێبگات. بەڵام ئەمە بەوجۆرە نییە کە تێگەیشتنی شتێکی نەکردە بێت، چونکە هەموو فیکرێک چەندە تەمومژ چواردەوری تەنی بێت و چەندێک چڕ داخراو بێت خوێنەری ڕەنجکێش دواجار دەتوانێت کەلێنک، کلاوڕۆژنەیەک، کلیلێک بدۆزێتەوە، کەواتە مەسەلەکە تەنیا لەوێدایە کە خوێنەر دەبێت ڕەنج و کۆششی نەپساوەی

هەبێت نەک بە تەمەڵی دەم پان بکاتەوەو گوێزی پاککراوی بۆ بێتە بەردەم، بەم پێیە کارەکانی پیتەر سلۆتەردایک دەشێت لە کاری گەلێک فەیلەسوفی تر ڕۆشنتر بن، بەڵگەش لێرەدا خۆخەریککردنی ئێمەیە بەوەوە، واتە مادامەکی من چێژێکی گەورە لە خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەودا وەردەگرم، سەرباری هەموو گرانییەکی، ئەوا بەخۆماندوو کردنێکی زۆرەوە بەردەوام دەبم لە خوێندنەوەی کارەکانی، نەخاسما کارەکانی ئەو تەنیا توێژینەوەی فەلسەفەی ئەبستراکت و ڕووت نین، کە تەنیا بۆ هۆڵەکانی زانکۆ نووسرابن بەڵکو لەبەرئەوەی کارەکانی ئەو هەوڵدانی شیکردنەوەی هەموو کایە و دیاردەکانی ژیانە بە زمانێکی فەلسەفی باڵا، کە پڕێتی لە شیعریەت ئەوا سەرچاوەیەکی گەلێک گونجاون بۆ تینوێتی شکاندنی ڕۆح و عەقڵ پێکەوە لای ئەوکەسانەشی کە نائەکادیمین، حاڵەتێک کە ئێمەش لەخۆکۆششکردن بەخوێندنەوەی کارەکانی ئەوەوە پێمانگەیشتووە من ناوی دەنێم بە لیبیدۆی خوێندنەوە.
لەم ئێوارەکۆڕەشدا لە ٢٠٠٧ ,٠٣ ,٢٦ ئێمە بە لیبیدۆیەکی گەورەوە چووینە کۆڕ و دیداری ئەو لەسەر شانۆی بێرتۆلد برێشت لە بەرلین بۆ گوێبیستی خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لەم کتێبە گرنگ و ناوازەیەی کە لێوانلێوە لە بیرۆکە و داڕشتەی زمانەوانی نەبیستراو و دوواتر گفتوگۆکردن لەگەڵیدا، بینیمان ئەم پیاوە چ بیرمەندێکی ئۆریگناڵە، بینمان سلۆتەردایک ئەکرۆباتیکێکە لە بواری زمان ئەفراندن و بیرۆکە واڵاکردندا.
سلۆتەردایک، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە نهێنی توانای ئەفسوونی داڕشتنی میتافەری زمانەوانی لە نووسینەکانی خۆیدا، دەڵێت (من هەمیشە خۆم بە نووسەرێکی فەیلەسوف داناوە، لەم ئەرکەشدا من خوێنەرانم وەڕس نەکردووە. بەڵکو هەموو ئەو چەمکانەی تاوەکو هەنووکە بەکارهێنراون من کەمێک لەجێی خۆیان دەیانترازێنم و بەس. واتە بابڵێین من لەژێر ئاسمانێکی تردا دەنووسم، نەک لەژێر ئەو کەشوهەوا باوەی زاڵە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگا و سروشتدا).

### تورەیی وەک مۆتۆڕی سیاسەتی کات

ئەم کتێبە هەوڵێکی سیاسی/ سایکۆلۆجیە لە گۆڕینی مانای مێژووی جیهان لەڕێی ڕۆچوونە ناو دیاردەی (تورەیی) لە مانا سیاسی و دەروونی و دینی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکەیەوە. دیاگنۆزەکردن و دەستنیشانکردنی جیهانی هاوچەرخمانە لە ڕۆحی مێژووەوە. شیکارێکی زۆرناباوی ئەو هەستانەیە (تورەیی، سەروەری و سەربڵندی، ڕق، نەفرەت، حەز و زەوتکردن، چنۆکی و ئیرەیی) کە بەشدارییەکی کارایان لە پێکهێنانی کەلتووردا هەیە و تاوەکو هەنووکە فیکر دەستی لێنەداون و

فەرامۆشکراون. ئەو لێرەدا ڕەخنە لە شیکاری دەروونی باو دەگرێت کە وزەی (تۆڵە) ی وەکو غەریزەیەکی لاوەکی تەماشاکردووە. بۆیە ئەو لەم پرسیارەوە دەستپێدەکات، ئایا ئەوە هێزی کام غەریزە وروژێنەرانەن کە وزەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ ڕەها دەکەن. بۆ سەلماندنی ئەم تێزەیەشی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرەتا، واتە بۆ لای گەنجینەی گریکەکان و بە دیاریکراوەیی بۆ لای هۆمیرۆس کە پێیوایە (توڕەیی) هەم وەکو کاریگەرییەکی سامناکی مرۆیی و هەم وەک خۆشیهێنێک لە (ئەلیادە) دا ئامادەیە و لە نمونەی ئەسخیلۆسیشدا باس لەوەدەکات چۆن ئەم پاڵهێزە کە دەبێتە مایەی شەڕ و کە دەبێتە مایەی خۆشی. چونکە ئەلیادەی هۆمیرۆس باس لە ئاکامە تراژیدییەکان و لەهەمانکاتدا پاڵەوانێتییەکانی ئەسخیلۆس دەکات، لەو داستانەدا هۆمیرۆس یەکەمین ڕستەی بە باسکردنی (توڕەیی خودا) دەستپێدەکات.
سلۆتەردایک توڕەیی لەسەردەمی ئەنتیکدا بەرزدەنرخێنێت، چونکە گوزارەکانی وەک، دراماتیک و ڤیتالیتێت و ئیرۆتیک و پاڵەوانێتی بەرهەمهێناوە. هەروەها نزیکایەتییەکی جەوهەرییانە لە نێوان (توڕەیی و سەبەرزیدا) دەبینێتەوە کاتێک پێیوایە، بەبێ شانازی خەباتکردن بۆ ئیعتراف پێکردن زەحمەتە هزری توڕەیی بکرێت. لێرەوە سلۆتەردایک بەتێڕامانکردنی لەسەر یەکەمین دێڕی ئەو کتێبە، دەرئەنجامی ئەوە دەکات کە سەرەتای کەلتووری خۆرئاوا (توڕەیی) بناغەی داڕشتووە. ئەو پێیوایە مێژووی فیکری خۆرئاوا بریتییە لە مێژووی «لەیادکردنی سەربەرزی». سلۆتەردایک هەر لەڕابردوودا نامێنێتەوە بەڵکو دەستنیشانی ڕۆڵی توڕەیی بەدرێژایی مێژوو لای کەنیسەی کاتۆلێکی ولای شۆڕشی فەڕەنسی و لای کۆمۆنیزمی سەدەی ٢٠ و لە کەلتووری توڕەیی ئیسلامگەرە توندڕەوەکاندا و لە دۆخی هەنووکەشدا دەکات و ئاسۆکانی ئایندەشمان بۆ دەخاتە بەردەست.
ئەو گرفتانەشی هەنووکە لەئارادان بەپێی سلۆتەردایک سیناریۆکانیان لەمێژە نووسراون. کەواتە هەموو مێژوو بە کەلتووری توڕەیی دەستپێدەکات. ئیدی چەمکی سەرەکی کتێبەکە بریتیە لە (توڕەیی / تیمۆس) کە بە زمانی گریکی مانای ئەو ئۆرگانە دەگەیەنێت کە بەرپرسیارە لە هەڵچوون و خرۆشاندنی توڕەیی. واتە سلۆتەردایک (توڕەیی/تیمۆس (Thymos دەخاتە پاڵ (خۆشەویستی/ئیرۆس Eros) و بەمەش دەخوازێت ئەنترۆپۆلۆژیای شیکاری دەروونی ڕاست بکاتەوە کە تاوەکو ئێستا مرۆڤی وەکو (قەرەقۆزی خۆشەویستی Hapelmann der Liebe) وێناکردووە. واتە شیکاری دەروونی باو مرۆڤی وەکو وەحشێکی کیسە پڕلە ئیرۆتیک و سێکس وێناکردووە کە هەمیشە دەکەوێتە ژێر بار و ڕکێڤی و جەبری هەڵکشان و

داکشانەکانیەوە. بەپێی فرۆید تورەیی ئەوەیە کاتێک ئیرۆس بەناتەواوی بەرزبێتەوە و هەڵبچێت. بەمەش سلۆتەردایک دێت و هاوتا لەگەڵ غەریزەی (ئیرۆس/ پاڵەێزی خۆشەویستی)دا غەریزەی (تیمۆس/ کە دەستگای تورەیی مرۆڤە) بە دیوێکی تری ڕاستەقینەی دەروونی مرۆڤ تەماشا دەکات. ئەمڕۆ شارستانیەتی خۆرئاوا نوقمی کەلتووری ئیرۆتیکی بووە کە پاڵهێزی غەریزەی ئارەزووکردنی شتەکانی وەک پارە و سێکس لە هەموو پاڵهێزەکانی تر بەهێزترە، ئەودەڵێت (ئێمە دیوە ئەفسانەییەکەی تورەیی و ڕێزدارکردنە جەنگاوەرییەکەی تورەییمان وەلاخستووە). لێرەوە سلۆتەردایک دەخوازێت شوێنێک و کایەیەک بکاتەوە بۆ ئەم دیاردەیە کە پاڵهێزی هەموو ڕووداوەکانی مێژوو بووە و کەچی چ شوێنێکی لەشیکارکردندا پێ نەبەخشراوە. ئەمەش ستراتیژی ئیشکردنی ئەوە، هەر لە سێینەکتێبی (کایەکان)ەوە خواستوویەتی جۆرێک لە ئۆنتۆلۆگیا ببەخشێت بە دیاردە هەناوگەرییەکان و ڕۆحییەکانی مرۆڤ، لەم ڕووەوە ڕەخنەگرێکی ئینگلیزی ناوی لێناوە (پیتەر سلۆتەردایک، دەروونناسێک لە فەزای دەرەوەدا). بەم مانایە ئەو چەمکی ئۆنتۆلۆگی لە کتێبی (بوون و کات)ی هایدگەردا دەگۆڕێتەوە بە تێگەیەکی پسایکۆلۆگی لە کتێبی (تورەیی و کات)دا. دیارە وەک خۆی لەسەرەتای کتێبەکەدا دەڵێت، مەبەستی ئەو لە (کات) واتە (مێژوو)ە. بەڵام ئەگەر لای هایدگەر زەمانیەت و مێژوو لە (بوون بەرەو مەرگ)دا بەرجەستە بێت ئەوا لای سلۆتەردایک وەهانیە بەڵکو (پێشبڕکێ و بەربەرەکانێ) زەمانیەت و مێژوو دروست دەکەن. بەمەش سلۆتەردایک شیکردنەوەی باوی دەروونناسی بۆ چەمکەکانی ئیرۆس و تانتانۆس دەباتە سەر ڕێگایەکی ڕاستتر بەوەی غەریزەی مەرگ وەکو (بونیادێکی سەربارخراوی درەنگوەخت) بۆسەر (ئیرۆس) هەڵدەوەشێنێتەوە. واتە ئەم کتێبە نەک هەر بەناونیشان لە کتێبەکەی مارتن هایدگەرەوە نزیکە بەڵکو بەپێی ناوەڕۆکەکەشی بێت توخمێکی گرنگی لە کتێبی (بوون و کات)ی هایدگەرەوە خواستووە. وەک چۆن هایدگەر ویستی لەدوای نیتچەوە تیۆلۆگیایەکی سیکولار (عیلمانی) یاخود بەزمانی خۆی بڵێین ئۆنتۆلۆگی بناغەییانە دابمەزرێنێت، سلۆتەردایکیش بەم کتێبەی دەخوازێت ئەو ڕەوتە سیکولار و ئۆنتۆلۆگییە لەناو شوێنێکی دەروونی مرۆڤدا ساتار بکات.

بەشی یەکەمی کتێبەکە بریتییە لە پشکنینی مێژوویانەی دیاردەی (تورەیی)، هەڵبەت لەناو یاریکردنێکی زیرەکانە بە وشە و گوزارە و ڕستەی نوێی ئەوتۆ کە تاوەکو هەنووکە بە هیچ مەرەکەبێکی ئەڵمانی نەنووسراوە. دەستەواژەی وەک (بانکی تورەیی Zornbank) و (ئابووری تورەیی Zornwirtschaft) ئاماژەن لەسەر ئەو

شوێنانەی کەتێیاندا (تووڕەیی) کۆ دەکرێتەوە و پاشەکەوت دەکرێت.
لەناو کەلتووری کوردیشدا پێموایە ئەم چەمکە کلیلێکی گونجاوە بۆ کردنەوەی دەرگا کلۆمدراوەکانی سایکۆلۆجیای سیاسیانەی مێژووی کوردی. بە نموونە؛ ڕاپەڕین گەورەترین ساتەوەختی هەڵڕشتنی ئەو تووڕەییە کەڵەکەبووەی ناو بانکی سکوردی بوو کە بەڕووی داگیرکەراندا تەقییەوە. لەئاستی تووڕەیی کۆمەڵایەتیشدا دەتوانین بڵێین تەقینەوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم دواییەی کوردستان بەڕووی دەستەڵاتدارانی کوردیدا نموونەیەکی دیارن لەسەرکەڵەکەکردن و پاشەکەوتکردنی تووڕەیی هاوڵاتیان، کەڵەکەکردن و پاشەکەوتکردنی تووڕەیی لەناو کۆمەڵگادا، خەڵکی ئەو دەڤەرە چەندین ساڵە ڕق و تووڕەیی بەرانبەر بەو ناعەدالەتی و ناڕەوایەتییە گلدەدەنەوە کە بووە بە تارماییەک بەسەر ئەو دەڤەرەوە تا لەم دواییانەدا توانیان بڕێکی لێ هەڵبڕێژن، وەلێ کەماسی هەڵڕشتنەکە لەوەدابوو کە ئەوجۆرە تووڕەییانە بەڕووی دەستەڵاتدا هیچ ئۆرگانیزە نەکرابوون. ئەگەرنا تووڕەیی مادەیەکی بەپێزە بۆ هەوێنکردنی هەویری هەر شۆڕش و یاخی بوونێک، چونکە تووڕەیی ئەوە نییە لەهیکڕا و هەڕەمەکیانە دەرپەڕێت، بەڵکو دەشێت پاشەکەوت بکرێت و بشخرێتە ناو پرۆژەی وەبەرهێنانەوە و لە فۆرمی شۆڕشدا ئۆرگانیزە بکرێت، چونکە شۆڕش هیچ نییە جگە لە فۆرمێک بۆ (بانکی تووڕەیی)، وەک ئەوەی هەنووکە لە کوردستاندا ڕوودەدات کاتێک سیاسییەکان گێلێتی خۆیان لەوەدا دەردەخەن پێیانوایە خەڵک گێلن و بە هەموو جۆرێک ملهوڕی دەسەڵات دەبن، بەڵام چیتر دەبێت لەوە تێبگەن کە خەڵکە فەرامۆشکراوەکان و بەکەم سەیرکراوەکان بانکێکن بۆ پاشەکەوتکردن و وەگەڕخستنی (تووڕەیی) و چاوەڕێی ساتەوەختی سروشتیانەی خۆیانن بۆ هەڵڕشتن. ئەگەر هێزێکی ڕیفۆرمخوازی دادوەر هەبێت دەتوانێت ئەو توانست و تووڕەییە زەخیرەخراوەی جەماوەر مۆبیلە بکات و شۆڕشێکی تووڕەیی پێ ئۆرگانیزە بکات، چونکە تووڕەیی لەجەوهەریدا دیوێکی پەیوەستە بە کێشەی نادادوەری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام جەوهەری گرفتەکە لەوێدا متبووە کە کۆمەڵگای کوردی لە ئێستاداو لەوانەشە بۆ ئایندەیەکی درەنگتریش ئەو هێزە شک نەبات چ چەپ چ ڕاست بێت کە بتوانێت ئۆرگانیزەی تووڕەیی هاوڵاتیان بکات.
ئەم تێزەیەی سلۆتەردایک پێمان دەڵێت (تووڕەیی) تەوەری هەموو ململانێکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەسوڕێنێتەوە. واتە مێژووی تووڕەیی لە بەرەبەیانی هەبوونی مرۆییەوە لەناو حیکایەتەکانی ئاین و ئەفسانە و شۆڕشەکاندا تاوەکو ئایدیۆلۆگیا سیاسییەکان و کۆدێتاکانیشدا ئامادە بووە. گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتایەکی دێرینتریش دەبینین لەناو

کتێبی پیرۆزدا (بیبل) لە چیرۆکی ئەفراندندا (گەنەسیس Genesis/ سفرالتکوین) دا باس لەبراکوژی هابیل و قابیل کراوە، کە کوشتنەکە بەرئەنجامی کەڵەکەکردنی تورەییە. چونکە مەسەلەکە دەربارەی هەڵچوونێکی خۆرسکی و هەرەمەکی و خۆڕایی نییە، بەڵکو شتەکە پتر یادەوەری تورەییمان پیشان دەدات.
ئەمڕۆش ئەوەی لە کەنیسەی کاتۆلیکیدا بە (تورەیی خودا) ناودەبرێت و ئەوەشی لە سیستەمی کۆمۆنیزمدا وەک ڕق و تورەیی بەرانبەر دنیای سەرمایەداری هەبوو، تیرۆریزمی هەنووکەی ئیسلامیش هەموو بریتین لە هەڵڕژانی ئەوەی لە (بانکی تورەیی)دا پاشەکەوتیان کردبوو.
سلۆتەردایک بەم تێزەیە جارێکی تر تەواوی مێژووی خۆرئاوا و مرۆڤایەتی لەدیوێکی تەواو نوێوە دەنووسێتەوە. ئەو باس لە وەرچەرخانی غەریزەی تورەیی و ڕق دەکات بەرەو جەوهەرێکی چالاک و بەرهەمهێن. واتە دەخوازێت دیوە پۆزیتیڤییەکەی (تورەیی) بدۆزێتەوە. مێژووی شارستانیەتی خۆرئاواش گرێدەداتەوە بە کارپێکردنی ئەم غەریزەیە بە هەردوو ئاراستەکەیدا، واتە بە دیوە پۆزەتیڤەکەی و نێگەتیڤەکەیدا. ئەو پێیوایە تورەیی غەریزەیەکە تەنیا هێزی ڕووخێنەر و وێرانکەری لێناکەوێتەوە بەڵکو دەشێت پاڵهێزێکی بەرهەمهێنیش بێت. سلۆتەردایک لەسەر بنەمای ئەم دۆخەدا (دەستگای تورەیی)یەگەورەکەی خۆرئاوادەنووسێتەوە. لەپاڵ ئەوەشدا کارابوونی ئەم غەریزەیە لە تەواوی کاروانی خۆیدا و لەهەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا دەنووسێتەوەو ڕاڤەیان دەکات، وەک لەناو ئاینە مۆنۆتایستەکان (جوولەکایەتی، مەسیحایەتی، ئیسلامایەتی) و ئیدیۆلۆگیای تورەیی سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕێبازی ئازادی لە شۆڕشی فەڕەنسیدا کە دواجار بووە مایەی زیاتر بەکارهێنانی (گیلۆتین/ مەقسەڵە) و غەزوەکانی ناپۆلیۆن. هەروەها سیستەمی تورەیی لەسەدەی ٢٠دا کە بەسەدەی (توندڕەوی) ناوزەدکراوە. ئەمانە هەموو دەخاتە پاڵ یەک. لێرەوەیە ئەو نەک هەر درێژە بە بەکارهێنانی تێگەی (ڕق و کینە/ ڕیسەنتیمێنتRessentiment) لای نیتچە دەدات لەناو مێژوویەکدا کە (ڕق بەرانبەر ژیان) بووەتە شتێکی کرۆنیکی، کە هەر لەم حاڵەتەشەوە مرۆڤ وێنەی (دوژمن)ی بۆ خۆی وێنا کردووە، بەڵکو سەرباری ئەوەش سلۆتەردایک شیکاری (کارگێڕی تورەیی) لەڕووی سیاسییەوە و بە ئۆرگانیکردنی ئەم غەریزەیە بەشێوەیەکی زۆر توند لەناو مێژوودا، بەوردەکارییەکی هونەرییەوە یەکالآدەکاتەوە. واتە هەوڵی دەرخستنی فۆرمی مێژووییانەی دیاردەی (تورەیی) بەشێوەیەکی کۆنکرێتی دەدات، نەک تەنیا لەناو تیۆرە ڕووتەکاندا بمانخولێنێتەوە. بۆ ئەم تێزەیە چەندین حاڵەت لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا شیکار دەکات، وەک کۆمۆنیزم و نازیزم کە

هەریەکەیان دوژمنەکەی خۆیان وەک (چین) و وەک (ڕەگەز) وێنا کردووە. هەروەها ئەو چەمکی (جبەخانەی هەڕەشە) بەکاردەهێنێت بۆ (دۆزەخ) لەناو گوتاری ئاینە مۆنۆتایزمەکاندا و دیدی قیامەتبینی پێغەمبەرانە و سیستەمی دۆزەخی پەیامبەرەکان تێکڕا بریتین لەو چەمکانەی دەکەونە بەر تیغی تیژی ڕەخنەی سلۆتەردایکەوە ئەو دەڵێت (دۆزەخ ئەو شوێنەیە کە بەشێوەیەکی ناڕەوا هەمووشتێکی تیادا هەڵدەگیرێت بۆ ڕۆژێک کە هاوسەنگکردنەوەی ئازارەکانی تیادا بەڕێ بکات)، ئەمە بەبێ ئەوەی فاشیزمی چەپ و ڕاست لە سەدەی ٢٠دا لەم ڕەخنەیەی سلۆتەردایک بەدەر کرابن. چونکە بزووتنەوەی چەپ کە لەماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕەبەقدا تاوەکو ئێستا هەرچییەکی بەئەنجام گەیاند بێت ئەوا ئەمڕۆ چیتر ئەو هێزە کارایە نییە. ئەو دەڵێت :(ئێمە نابێت باوەڕ بەوە بکەین کە سۆسیال دیموکراتی کۆن حیزبێکی بەکاربەری بوو Konsumpartei، بەڵکو ئەو بزووتنەوەیە بوو کە هەستی شانازی کرێکارانی تیایدا وروژێنرا. هەروەها ناشبێت باوەڕمان وا بێت کە ئەنارشیزمیش کۆمەڵەیەکی کۆنسومی بوو، بەڵکو پیلانگێڕێکی دڵخۆشی تۆڵەسەندنەوە بوو کە دواتر خۆی گۆڕی بۆ بزووتنەوەیەکی زۆر تاریکی پرۆتۆفاشیستی (سەرەتای فاشیستی) کە هەڵگرەکانی ئەو ئیدیالیستانە بوون کە هەوڵیاندەدا بە بۆمبا بفەلسەفێنن). هەروەها دەڵێت (یەکەمین کەس کە توانی بانکی جیهانی توڕەیی دابمەزرێنێت کۆمۆنیزمی لێنین بوو). بۆ ئەمەش ئەو دەستەواژەی (بانکئارایی توڕەیی Bankwesen) دادەڕێژێت کە لێیەوە مێژووی توڕەیی ناو کەلتووری خۆرئاوا بۆ پتر لە ٢٥٠٠ ساڵ دەستنیشان دەکات. ئەو دەڵێت (لە ٢٥٠٠ ساڵی ڕابوردوودا و لەگەڵ بەرپابوونی کەلتووری شار و کەلتووری ئیمپریالی و دیموکراتیدا، تەنیا یەکجۆر مرۆڤ داواکراو بوو، ئەویش ئەو مرۆڤەیە کە دەبێت هەستە شانازییبەخشەکانی خۆی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی چەپاندنەوە). لەناو سیستەمی ڕێکخستنە ڕۆحییەکانی مرۆڤدا ئەو جیاوازیەک دەخاتە نێوان ئیشکردنی هەستی توڕەیی/ تیمۆس کە دەبێتە مایەی (خرۆشاندنی شانازیمان) و نێوان هەستە ئیرۆتیکییەکانمان، واتە نێوان هەموو ئەو هەستانەمان کە پەیوەندیان بە ئارەزووەکانمانەوە هەیە. چونکە وەک ئەو دەڵێت (مرۆڤ لەئارەزووەکانیدا پتر گوێ بۆ حەز و چنۆکی ڕادەدێرێت وەک لە خۆشەویستی)، لەم سیستەمی ڕێکخستنەشدا ئیدی ئێمە هاوسەنگی خۆمان بزردەکەین. چونکە پرۆسێسی بەشارستانیبوون ئێمەی کردووە بە کەسانی ئیرۆتیکی گێل و بە کۆنسومیستی (بەکاربەری) چاوچنۆک. پرۆسێسی شارستانیەت لەسەر تێچووی هەموو سەربڵندیی و شانازی و شکۆ و دواجاریش هەموو توڕەیی ئێمە بەڕێوەچووە. لە کایەی ئاینیشدا ئەم چەپاندنە کڵێسە

لەڕێی بیرۆکەی (خودای تورە) و (دۆزەخ)ەوە وەکو یادەوەریەک کە مەحاڵە لێی قوتاربیت، داوایکردووە. واتە تورەیی دەبێتە گوناهی مەرگ (یەزدانی یادەوەرییە باشەکان بریتییە لە مەرجی بنەڕەتی تورەیی، چونکە لای ئەو یاسای کەڵەکەکردنی تورەیی هەیە).

دیارە ئەو مژدەیەی سلۆتەردایک دەیدات بە گوێماندا بریتییە لە (کۆتایی مێژوو)، سەردەمی (پاش مێژوو) کە ئێمە لەساتەوەختی مایەپووچبوونی دامەزراوە گەورەکانی تورەییەوە هەناسەی پێدەدەین. ئەوەشی ئەمڕۆ (گەنجە تورە ئیسلامیستەکان) دەیژێننەوە بریتییە لە دووبارە بارگاویکردنەوەی ئیسلامی مۆنۆتایست (یەکتاپەرستی)، بەو تورەییەی لە (بانکدا پاشەکەوت کراوە) لەلایەن (دۆڕاوە خراپەکانی مێژووەوە)، ئەوەش بریتییە لە شانۆیەکی کۆمیدیای هەرێمیانەی مێژووی (تورەیی). لێرەوەیە ئەو تێزەکەی فۆکۆیاما (کۆتایی مێژوو) پەسەند دەکات. مێژووش هیچ نییە جگە لە مێژووی پرۆسەی گلۆبالگەرایی. ئەو ئاسۆیەشی مژدەکەی ئەو بۆمان والا دەکاتەوە لەو (سیاسەتە مەزنەدا) بەرجەستە دەبێت کە تەنیا لەڕێی (مەشقکردنی هاوسەنگیدا) شیاو دەبێت چونکە وەک ئەو دەڵێت (سیاسەتی گەورە تەنیا لە فۆڕمی مەشقکردنی هاوسەنگیدا ڕوودەدات). چونکە سیاسەت جگە لە قۆستنەوەی دەرفەتی مێژوویی شتێکی تر نییە، زەمەنی مێژووییش جگە لە (زەمەنی فێربوونی شارستانیەت) چ شتێکی تر نییە، کە ئومێدی ئەوەی لێکراوە (چەپکێک لەدیسپلینی پێکەوە گرێدراوی نێو کەلتووری) لێ چاوەڕوان بکرێت. واتە کەلتوورێکی جیهانی کە دواجار لە خزمەتکردنی جیهاندا بێت، ئەمە لە دوا برگەکانی کتێبەکەدا دەخوێنینەوە.

تێبینی: ئەم نووسینە بە چەند ڕۆژێک پاش ئەو ئێوارەکۆڕە لە ٢٠٠٧ ,٣ ,٢٦ دا نووسراوە، لەکۆنتێکستەکەیدا ئاماژە بەوە دراوە کە تورەیی هاوڵاتی کوردی بەڕووی دەسەڵاتدا پێویستی بە لایەنێکە ئۆرگانیزەی بکات بۆ هەر پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕانە، لەو کاتەدا دیارە هیچ لایەنێک لەئارادا نەبوو، پاش چەند مانگێک بزووتنەوەیەکی سیاسی گۆڕانخوازانە لەدایکبوو، بەڵام تاوەکو ئێستا گومان لەوەدەکەین توانستی ئەوەی هەبێت بتوانێت کارگێڕی ئەو بانکی تورەییە بکات.

**ناوی کتێبەکە بە ئەڵمانی**

Peter Sloterdijk، Zorn und Zeit

٢٠٠٦ Suhrkamp Verlag

## بەکر عەلی

لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە دەستی بە نووسین و بڵاوکردنەوە و سیمینار گرتن کردووە لە دامەزرێنەری گۆڤاری (بوون)ە و دامەزرێنەری گۆڤاری کات کە یەک ژمارەی لێ دەرچوو لە ساڵی ١٩٩٨ لە ئەڵمانیا ئەژی لە گۆڤاری ڕەهەندو سەردەم و ڕامان چەندین شوێنی تر بە نووسین و وەرگێڕانەوە چالاک بووە کتێبێکی بە ناوی لە دایکبوونی میوزک لە ڕۆحی ڕۆمانییەوە بڵاوکردۆتەوە. لێکۆڵینەویەکی فەلسەفی لە سەر ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی نووسیوە و هەروەها کتێبێکی پیتەر سلۆتەردایک لە ئەڵمانییەوە کردووە بە کوردی بە هیوای ئەوەی زوو چاپ بکرێت.

# وەرگێڕان

**ڕێکخەری بەش : سەلام عومەر**

# توڕەیی و کینە لای سلۆتەردایک

■ لەئەڵمانییەوە : بەکر عەلی

یەکێک لە چەقی ئیشە سەرەکییەکانی سلۆتەردایک لەوێدایە، کاتیگۆرییە فەلسەفییە باوەکان بە دژە فەرامۆشکراوەکانیان تەواو بکات. بەمجۆرە دەبینین ئەو لە وتووێژە رەخنەییەکەیدا لەگەڵ هایدگەر سەبارەت بە (بوون ـ بەرەو ـ مەرگ) تراوما پێچەوانەکەی دەهێنێتە ئاراوە کە بریتییە لە (لەدایکبوون و هاتنە بوون)، واتە دۆخی چوونە نێو کرانەوەیی ژیانەوە و خۆفرێدانە ناویەوە.(١)

بەهەمان ئەمشێوەیە سلۆتەردایک لەم کتێبەیدا (توڕەیی و کات Zorn und Zeit) (٢)، کە ناونیشانەکەی ئاماژەیە لەسەر (بوون و کات Sein und Zeit)ی هایدگەر، لۆگیکی باوی حەز و ئیرۆس هەڵدەگەڕێنێتەوە بۆ دژە فەرامۆشکراوەکەی کە بریتییە لە کینە و توڕەیی thymos واتە تیمۆس. لەکاتێکدا حەز (ئیرۆس) کە بەمانای (داگیرکردن وزهوتکردن، پەیداکردن و چێژلێوەرگرتنی شتەکان) دێت، ئەو دێت پێچەوانەکەی کە بریتییە لەتوڕەیی/ تیمۆس (ئیرەیی و کینە، کێبڕکێ و دانپێدانان) دەخاتە کار.(٣)

سلۆتەردایک پێیوایە کەوا مانای ڕاستەقینەی داڕوخانی ڕژێمی کۆمۆنیستی لە ساڵی ١٩٩٠دا تەنیا لەبەر پاشخانێکی تیمۆتیکیدا تێگەیەنراو دەبێت. شیفرەی ١٩٩٠ هێمایە بۆ کۆتاییهاتنی لۆگیکی شۆڕشی ڕزگاریکردنی دەوڵەتی و بەهەمانشێوەش هێمایە بۆ کۆتاییهاتنی تەواوی لۆگیکی فریادرەسییانەی کۆکردنەوەی توڕەیی و تۆڵەسەندنەوەی هەمەکی، کە لەڕێی تەقاندنەوەی جوولەکایەتی و مەسیحایەتییەوە خۆی بەرفراوان کردبوو، بەڵام لەڕووە سێکولارییەکەیدا

خۆی لە پرۆژەی کۆمۆنیزمدا بەرجەستە کردبوو. هەروەها سلۆتەردایک پێشنیازی ئەوەش دەکات کەوا مێژووی خۆرئاوا بەشێوەیەکی نوێ بخوێنێتەوە: کە بریتییە لە مێژووی تورەیی. بە نموونە، ئیلیادە، یەکەمین دەقی خۆرئاوایە کە وشەی (تورەیی) تێدا هاتووە، لەوێدا هۆمیرۆس بانگەوازی خوداوەندەکان دەکات کۆمەکی بکەن لە چڕینی گۆرانی تورەیی ئاخیلس و بەرئەنجامە بێچارەکانی. کە شەڕی نێوان ئاخیلس و ئاگامەمنون شەڕێکی ئیرۆتیکی بێت (ئاگامەمنون ئاخیلسی کردە کۆیلەی بریسێس) ئەوا ئاخیلس بریتی نییە لە مادەی زەوتکردنێکی ئیرۆتیکی چڕو پڕ، بگرە ئەمە لە خودی خۆشیدا هیچ ڕۆڵێک نابینێت.
واتە شەڕەکە لەپێناوی بەدیهێنانی سێکسێکی قەدەغەکراودا نییە، بەڵکو لەبەر برینداربوونی شانازی و سەروەرییەکەیەتی. پابەند بەمە، شتی یەکلاکەرەوە بریتییە لە وەرچەرخانی دواتری مۆنۆتایستی جوولەکایەتی و مەسیحایەتی بۆ تورەیی. لەکاتێکدا تورەیی لە گریکی دێریندا ڕاستەوخۆ دەبووە مایەی ڕاپەڕین و تەقینەوە، کەچی لە ئێستادا لادەبرێت و دوادەخرێت و وەلادەخرێت بەوەی: ئێمە نا، بەڵکو یەزدان دەبێت تۆماری گوناهەکان بکات و لە دوارۆژی ئەو دنیادا حیسابەکان یەکلابکاتەوە. قەدەغەکردنی مەسیحیەت بۆ تۆڵە، کاتێک دەڵێت :(ڕوومەتەکەی ترت ڕاگرە) پێچەوانەیەکی تەواوی ئەو دیمەنەی قیامەتە لە ڕۆژی دواییدا.
هەروەها دووبارە بەگەڕخستنەوەی تیمۆس ڕۆڵێکی کلیلئاسا دەبینێت لە سەرمایەداری هاوچەرخدا. بە ئاماژەدان بە چەمکی (ئابووری گشتی) هەوڵدانی سەروەرانە و شانازانە لای جۆرج باتای، کە ئەو بەرانبەر بە (ئابووری سنوردار)ی سوودگەرایی بێسنووری سەرمایەداری دایدەنێت، لێرەدا سلۆتەردایک بەڕووخسارێکی زۆر گەورەوە نیگاری تەواوی پەرتبوون و دابەشبوونی سەرمایەداری لەناوەوەڕا دەکێشێت «سەرمایەداری دەگاتە بەرزترین پلەی خۆی، ئەگەر ئەوەی پێبکرێت کە دژیارە سەرسەختەکەی خۆی، کە هەم بەپیتترینیشیانە، لەخودی خۆیەوە بەرهەم بهێنێتەوە، بە واتایەکی تر، واتە کاتێک لێدەگەڕێت چەپی بەزیوی کلاسیک خەون بە کەمدەرامەتییەوە ببینێت» (٤)
ئەندریۆ کارنەگیس Andrew Carnegies باش باسی ئەم ئاڕاستەیەی کردووە :ئەو ئامارە باڵادەستەی خۆی لە کەڵەکەکردنێکی ناکۆتای دەوڵەمەندیدا نەرێ دەکاتەوە، دەبێت دەوڵەمەندییەکەی لەو شتانەدا خەرج بکات کە پاداشتیان تێدا نییەو کەچۆکیش بۆ سووڕی ژیانی بازاڕ نادەن، واتە: کاڵا گشتییەکان، هونەرەکان و زانستەکان و تەندروستییەکان و تاد. ئەم ئامارە «باڵادەستە» بەستراوانە کۆمەکی سەرمایەداری دەکەن لەو ژمارەگەلە بازنە شەیتانییە Teufelskreis بێشومارانەی

بەرهەمهێنان بچێتە دەرەوە، سەرمایەدارییەک کە تەنیا غەمی بەئابووریکردنی پارەیەتی لەپێناوی هەرچی زیاتر قازانجی پارەی تێدا هەبێت. کاتێک سەرمایەداری سامانە کەڵەکەبووەکەی خۆی بۆ کاڵا گشتییەکان دابمەزرێنێت، ئەوسا سەرمایەدار هەم وەکو هەڵگرێکی تەواوی سەرمایە و هەم وەکو سوڕی دووبارە بەرهەمهێنانەوەکەشی، بەمە خودی خۆی نەرێ دەکاتەوە. ئەوسا ئیتر ژیانیشی مانایەکی دەبێت. واتە ئەو چیتر لەوێدا نییە کە بەردەوام خۆی بەشێوەیەکی بەربڵاو دووبارە بەرهەم بهێنێتەوە. بەم جۆرە سەرمایەداران دەتوانن لە ئیرۆسەوە بگەنە تیمۆس. واتە لە لۆگیکی کەڵەکەکردنی ئیرۆتیکییانەی شازەوە بەرەو دانپێدانانی گشتی و ناوبانگ و ناوداری پەیداکردن.

ئەمەش ماناکەی کەمتر نییە لەوەی کەسانی وەکو جۆرج سۆرۆز و بیل گیتس لە بەرجەستەکردنی خۆلەناوبردنی پرۆسێسی سەرمایەداریدا کردوویانە، کە پێیانوایە دەبێت چاکەکارییەکانی و دامەزراوە بەرفراوانەکانی بۆ خۆشی گشتی بێت نەک تەنیا بۆ هەبوونی خودی خۆی. جا ئەمە بە هەند وەربگیرێت یاخود ڕیاییکردن بێت، ئەوا چاکەکەی بریتییە لە دواهەمین خاڵی لۆگیکییانەی سووڕی سەرمایەداری و گوێش بۆ پێداویستیبوونی ئەو ئابوورییە تۆکمەیەش ڕادەگرێت کە تێیدا ڕێ بە سیستەمی سەرمایەداری دەدات قەیرانەکانی خۆی دوابخات. ئەم چاکەکارییە، لەڕێی سیستەمی دووبارە دابەشکردنەوەی سامانەوە بەسەر نەدارەکاندا جۆرێک لە هاوتایی دێنێتە ئاراوە، بەبێئەوەی بکەوێتە ناو تەڵە سامناکەکەی لۆگیکە لەنێوبەرەکەی (کینە و نەفرەت Ressentiments) و دووبارە دابەشکردنەوە ناچارییەکەی دەوڵەتەوە، کە ئەمیان دەشێت تەنیا بە کلۆڵییەکی گشتی کۆتایی پێ بێت. بگرە دەتوانین بڵێین کەوا: ئەو خۆی لەهەموو ئەو دەرفەتانە لادەدات کە جۆرێک لە هاوسەنگی دروست دەکەن و لەڕێی خەرجکردنە باڵاکەشییەوە ماف دەداتەوە بە تیمۆس، واتە جەنگ.

ئەم پارادۆکسە شتێک لەسەر دۆخە دڵتەزێنەکەی خۆمان دەدرکێنێت، ئەویش ئەوەیە: سەرمایەداری هاوچەرخ ناتوانێت لەڕێی هێزەکانی خۆیەوە دووبارە خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، چونکە ئەو بۆئەوەی سووڕی دووبارەبەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی بپارێزێت پشت دەبەستێت بە چاکەکارییەکی نائابووری .

ئێستا دەبینین لە وێناکەی سلۆتەردایکدا ڕوویەکی زەقی مەسیحایەتی خۆی دەردەخات. کاتێک ئەو دروست ئاماژە بەوە دەدات، کەوا هەموو بێباوەڕییەک Atheismus لە ئاینەوە پەیدا دەبێت، واتە بێباوەڕی لەڕێی نەرێکردنی ئاینەوە دێتەئاراوە.(٥). بەڵام بێباوەڕێتییەکی جۆری تایبەتمەندی جوولەکایەتی ڕۆشنگەرانە هەیە لەوەی بیرمەندە

گەورەکانی جوولەکە هەر لە سپینۆزاوە تاوەکو فرۆید پیادەیانکردووە، بێباوەڕی پرۆتێستانیش هەیە بە بەرپرسیارێتی ڕاستەقینە و بەقبوڵکردنی چارەنووس لای هۆشە ترساوەکان بەرامبەر بە نەبوونی هیچ مسۆگەرییەکی تەواو لە سەرکەوتندا، کە هەر لە فریدریشی گەورەوە تاوەکو هایدگەر لە (بوون و کات)دا دەردەکەوێت. هەروەها بێباوەڕییەکی کاتۆلۆکیش لای شارلس مۆریس و لای بێباوەڕە موسڵمانەکانیش هەیە. موسڵمانەکان گوزارەیەکی گەلێک جوانیان بۆ بێباوەڕی هەیە کە بریتییە لە (ئەوەی باوەڕی بە هیچ نییە، واتە مولحید)وە تاد.

ئاینەکان تاوەکو بە ئاین بمێننەوە ئەوا چ ئاشتییەک لە نێوانیاندا لەسەر ئەم گۆی زەوییە بەرپا نابێت، ئاشتی دەشێت تەنیا لەڕێی نەیارە بێباوەڕەکانەوە بێتەئاراوە.

بەڵام مەسیحایەتی لێرەدا حاڵەتێکی ڕیزپەڕ پێشکەش دەکات، ئەویش بەوەی ئەو هەڵگەڕانەوە گومانئامێزەی بێباوەڕی لە ئاین دەباتە نێو خودی یەزدان خۆیەوە.

کاتێک مەسیح بەخاچەوەبوو هاواریکرد :(خودایە، خودایە، بۆچی بەجێتهێشتم)، بەمە خودی مەسیح ئەو گوناهەی کرد کە بۆ کەسێکی مەسیحی بریتییە لە گوناهی مەرگ. مەسیح باوەڕێکی لەقیوی هەبوو. لەکاتێکدا لەنێو هەموو ئاینەکانی تریشدا مرۆگەلێک هەن کە باوەڕیان بە یەزدان نییە، تەنانەت یەزدانیش لەنێو مەسیحایەتیدا باوەڕی بە یەزدان نییە.

بیرۆکەی مەسیحایەتی سەبارەت بە ڕۆژی حیساب، کەتێیدا هەموو گوناهە کەڵەکەبووەکانمان یەکلادەبێتەوە و دواجار ئەم جیهانە لەگرێژەنەچووەش دەخرێتەوە سەر کاریتەی خۆی، بەڵام لە فۆرمە سێکولارەکەدا دەچێتە نێو پرۆژەی چەپی مۆدێرنەوە. واتە لەمیاندا ئەوە یەزدان نییە کە دادگا بەرپا دەکات، بەڵکو گەل هەڵدەستێت بەو ئەرکە. جوڵانەوە سیاسییە چەپەکان (بانکی تووڕەیی Zornbank ) هاوسەنگ دەکەنەوە. ئەوان وەبەرهێنانی تووڕەیی مرۆڤ گرددەکەنەوە و گفتی تۆڵەسەندنەوەمان پێدەدەن لە پێناوی هێنانەئاراوەی دادوەرییەکی جیهانیدا. بەوەشدا کە ئاسوودەبوونی پڕی نێو بەرەنجامەکانی تەقینەوەی شۆڕشی تووڕەیی هەرگیز ڕاناگیرێت و نایەکسانی نوێ و هیرارشی نوێ دێنە ئاراوە، ئەوا فشارکردن بۆ شۆڕشێکی تری ڕاستەقینەی سەرانسەری خۆی دروستدەکاتەوە، شۆڕشێک کە نائومێدەکان ئاسوودە دەکاتەوەو ئیشە ڕزگاریخوازانەکەش بەباشی تەواو دەکات، بەنموونە: ١٧٩٢ بەدوای ١٧٨٩دا هات، شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەدوای فێبروەردا هات.

ئەمە بەرەو گرفتێکی گەورەی مارکسیزمی خۆرئاوامان دەبات، کە بریتییە لە دیارنەمانی سوبیەکتی شۆڕشگێڕی. واتە، بۆچی چینی کرێکار ئەوەی پێنەکرا لە

ئاستی (لەخوددابوونAnsichsein)ەوە بپەڕێتەوە بۆ ئاستی (بۆخودبوون Fuersichsein)تا بەشێوەیەک بتوانێت خۆی وەکو بکەرێکی شۆڕشگێڕی دابمەزرێنێت؟ ئەم گرفتە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ گەڕانەوەی مارکسیزم بۆ سەر شیکاری دەروونی، تاوەکو تەنیا ئەو میکانیزمی غەریزە و پاڵهێزانەی نەست ڕوون بکاتەوە کە ڕێ لە دروستبوونی هۆشیاری چینایەتی دەگرن و ئەوانەی لەنێو هەبوونی دۆخی کۆمەڵایەتییانەی چینی کرێکار خۆیدا تۆمار کراون. بەم شێوەیە هەقیقەتی شیکاری ئابووری کۆمەڵایەتییانەی مارکسیزم خۆی ڕزگارکرد، هەروەهاش تیۆری (پێداچوونەوە و دووبارەخوێندنەوە)ی هەڵکشانی چینی ناوەڕاست بەرگری لە خۆیکرد. بەهۆی هەمان هۆکارەوە، مارکسیزمی خۆرئاوایی هەمیشە خۆی لە گەڕان بەدوای بکەری تری کۆمەڵایەتیدا بینیوەتەوە، واتە بۆ ئەو نوێنەرە بێمیزاجانەی چینی کرێکار کە دەتوانن ڕۆڵی شۆڕشگێڕی وەربگرن، بە نموونە: لە دنیای سێدا جوتیاران، بەڵام بەدەر لە خوێندکاران و ڕۆشنبیران .

شکستی چینی کرێکار لەوەی ببێتە سوبیەکتێکی شۆڕشگێڕی لەهەناوی شۆڕشی بەلشەڤیدایە: چارەنووسی لێنین لەوەدابوو، (توانستی تورەیی Zornpotential) جوتیارە کلۆلەکان ئاشکرا بکات. تەنانەت سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش قەرزاری دروشمی (وڵات و ئاشتی)یە کە لای زۆرینەی چینە بەربڵاوەکەی جوتیارە بچووکەکان دەبیسترا و دواجار سوودی گەیاند بەو ناڕەزاییە توندەی هەیانبوو. لێنین خۆیشی بەر لە دە ساڵێک هەر بەو ئاڕاستەیە بیری دەکردەوە، لەبەرئەوە بوو دیمەنی سەرکەوتنی ڕیفۆرمی ستۆلپینی لە بواری کشتوکاڵدا ئەوی تۆقاندبوو. (کەبووە مایەی سەرهەڵدانی چینێکی بەهێزی نوێی جوتیارانی سەربەخۆ). لێنین لەمڕووەوە نووسیویەتی: ئەگەر ستۆلپین سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا هەلی سەرکەوتنی شۆڕش تا چەند دەیەیەکی تر پەکی دەکەوێت.(٦).

هەموو شۆڕشە سەرکەوتووەکانی سۆسیالیزم هەر لە کوباوە تاوەکو یۆگۆسلاڤیا دەبینین لەسەر ئەم مۆدێلە ڕەوتیان کردووە. ئەوان ئەو دەرفەتە دەگمەنانەیان قۆستۆتەوە کە لە دۆخی ڕەخنەیی و ناڕەزاییبووندا بوون و بەکاریانهێناوە بە مەبەستی ڕزگاربوونی نەتەوەیی و نیشتمانی و سەرمایەکانی تری تورەیی. هەڵبەت دەشێت لایەنگرێکی لۆگیکی پاوانخوازی ئاماژە بەوە بدات، کەوا لە ئێستادا ئەمە بەتەنیا بۆ لۆگیکێکی (ئاسایی)یانەی شۆڕش دەگونجێت، لەبەرئەوەی (جەماوەری ڕەخنەیی) تەنیا لەڕێی ڕیزێک بەشداربوونی نێوان گشت ئەو داخوازییە جۆراوجۆرانەوە، کە هەمیشە گرێدراون بە ڕستێک دۆخی تایبەتمەند و پابەندن بە هەڵکەوتەی جۆرایەتی

بارودۆخەکانەوە، بەمە دەگات. کەواتە شۆڕشێک هەرگیز بەرپا نابێت ئەگەر هەموو ناڕەزایەتییەکان بڕژێنە نێو تاکە ناڕەزایەتییەکی سەرەکییەوە، بەڵکو کاتێک بەرپا دەبێت کە توانا و دەسەڵاتی خۆی لەشێوەی کارلێکردنێکی هاوتای یەکتریدا کۆبکاتەوە. بەڵام دیارە مەسەلەی شۆڕش لە واقیعدا ئاڵۆزکاویترە. چونکە بەتەنیا ئەوە نییە کەوا شۆڕش لەکیسی چوو خۆی بگەیەنێتە شەمەندەفەری مێژوو، چیتر وەدووی یاساکانی خۆی ناکەوێت، چونکە مێژوویەکی وەها بەهیچ کلۆجێک بوونی نییە، بەڵکو مێژوو تەنیا وەکو پرۆسێسێکی کراوەی ناکاو هەیە. هەڵبەت گرفتەکە بریتییە لە: شتەکە وەهایە وەک ئەوەی پێداویستییەکی مێژوویی هەبێت، شاهێڵێکی باوی کەم تا زۆر ئاشکرای گەشەکردنی مێژوویی هەبێت و وەک ئەوەی شۆڕشیش تەنیا لەنێو لادانەکانی خۆیدا (واتەلەدژی شەپۆلدا) بتوانێت خۆی والابکاتەوە. کەواتە شۆڕشگێڕەکان دەبێت، لەچاوەڕوانیاندا بۆئەو قۆناغەی مێژوو کە زۆربەی جار کورتە و تێیدا سیستەم بەیەکجاری پەکیدەکەوێت، بەئارامبن. بگرە تەنانات دەبێت ئەم پەنجەرەیەی مێژوو بە هاوکاریکردنی دوژمنیش بێت، بەکاربهێنن، تاوەکو ئەو دەسەڵاتە بگرنە دەست، ئەگەر شیاوی گرتن بێت کە لەو چرکەساتەدا لەسەر شەقامدایە و ئینجا شوێنگەی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و دەزگایەکی سەرکوتکەر دابمەزرێنێت، بێگومان پاش ئەوەی قۆناغی چەواشەیی بەسەردەچێت، تاوەکو سەرلەنوێ جارێکیتر زۆرینە بەئاگادێتەوە و نائومێدی خۆی لەڕژێمی نوێ پیشاندەدات، ڕزگاربوون لەوە درەنگ دەخایەنێت، چونکە ئەو خۆی توند لەسەر زینی ئەسپەکە دادەنیشێنێت. بۆئەمەش یۆگۆسلاڤیای کۆمیونیستی نموونەیەکی بەرچاوە: لەجەنگی جیهانی دووەمدا کۆمۆنیستەکان سەرسەختانە لەسەر لووتکەی بەرگریدا لەدژی سوپای داگیرکەری ئەڵمانی ڕۆنیشتبوون و خەباتی دژەفاشیزمیان بۆخۆیان قۆرخکردبوو، لەهەمانکاتدا هەوڵیاندا لەهەموو بزووتنەوەیەکی تری بەرگری مەدەنی بدەن. لەکاتێکدا بەڕاشکاوی نکوڵییان لەخەسلەتە کۆمۆنیستەکانی خەباتەکەیان دەکرد، ئەگەر یەکێکیش گومانێکی وەهای بدرکاندایە کەوا ئەوان پاش تەواوبوونی جەنگ دەسەڵات دەگرنە دەست لەپێناوی ئەوەی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی ڕاپەڕێنن، ئەوا دەستبەجێ بە سیخوڕی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی دوژمن دادەنرا. کاتێکیش ئەوان پاش تەواوبوونی جەنگ دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەیەکجار و لەپڕێکدا ئەمەیان گۆڕی و ڕژێمیش سروشتە کۆمۆنیستییەکەی بەئاشکرا پیشاندا. ئەگەرچی کۆمۆنیستەکان تاوەکو دەوروبەری ١٩٤٦یش هێشتا لایەنی پەسەند کراوبوون، کەچی لەبەرچاوی هەموولایەک، بەکردەوە دەستیانکرد بە ساختەکردنی هەڵبژاردنەکەی

١٩٤٦، كە پرسیاریشیان لێکردن، بۆچی وەهاتان کرد خۆ ئێوە بەئاسانی هەڵبژاردنە ئازادەکەتان دەبردەوە، وەڵامەکەیان بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی ئەمە بوو: ئەوە ڕاستە، بەڵام لە چوارساڵی تردا هەڵبژاردنەکەمان دەدۆڕاند، جا وا باشترە ئێستا ئەوە ئاشکرا بکرێت، ئەو هەڵبژاردنە چۆنە کە توانای لێبوردەیی هەیە.
ناوازەبوونی ئەو دەرفەتەی ئەوانی بەرەو دەسەڵات برد، بەزەقی لەبەرچاویان دەبینرا. جگەلەمە، هەر لەسەرەتاشەوە دەرکیان بەوە کردبوو کە ئەوان بێتوانان لەوەی لەڕێی پشتگیری گەلەوە دەسەڵاتێکی درێژخایەن بەدەست بهێنن و بیشیپارێزن.
واتە سووک و سانا شتەکە وەهایە، کەوا سەرمایەی توڕەیی Zornkapital بەتەنیا بەش ناکات. لەبەر ئەم هۆیە مرۆ دەبێت ئامراز لەسەرچاوەی تری توڕەییەوە، جا نەتەوەیی بێت یاخود کولتووری، ئاشکرا بکات و یاخود دەبێت سەروکاری لەگەڵ هەردووکیاندا بێت. لە فاشیزمدا توڕەیی نەتەوەیی زاڵە، بەنموونە: کۆمۆنیزمی ماو توڕەیی جوتیارە هەژارە چەوساوەکانی مۆبیلە دەکرد، نەک هی پرۆلیتار. کەواتە سەیر نییە کە سلۆتەردایک بەشێوەیەکی سیستەماتیکی لەبارەی (فاشیزمی چەپەوە) دەدوێت و بەردەوامیش خۆی بە ئەرنست نۆلتە Erns Nolteەوە دەبەستێتەوە، کە ئەم مێژوونووسێکە پیاچوونەوەی ئەو دیاردەیەی کردووە و ئەگەرچی هزری سۆسیالیزمی نەتەوەیی وەکو بەدبەختییەک بینیوە، بەڵام بووەتە هۆی بەرپابوونی دووبارە ڕوودانەوەی پەرچەکرداری تیرۆری کۆمۆنیستی.
سلۆتەردایک فاشیزم وەکو جۆرێکی داتاشراو لە پرۆژەیەکی چەپی ڕاستەقینەی توڕەییەکی ڕزگاریخواز دەبینێت، هەروەها وەک پەرچەکردارێکیش لەسەر ئەمە دەیبینێت. پاشئەوەی ئەم توڕەییە جیهانییە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا توانستی خۆی دروستکردووە، ئەوا هێشتا دوو شێوازی تری سەرەکی توڕەیی دەمێننەوە: توڕەیی ئیسلام، توڕەیی قوربانیانی جیهانیکردنی سەرمایەدار و هەڵچوونە (ناعەقلانییەکانی) لاوان. ڕەنگە ئەوەش بلوێ بۆمان ئەم توڕەییە تەواوتر بکەین و بیخەینە نێو فۆڕمەکانی وەک، پۆپیولیزمی ئەمەریکای لاتین و ژینگەپارێزی و دژە کۆنزوم و فۆڕمەکانی تری ڕق و کینەی دوژمنکارانەی گڵۆبالیزمەوە. بزووتنەوەی Porto_ Allegre نەیتوانی خۆی وەکو بانکێکی جیهانی بۆ ئەم توڕەییە دابمەزرێنێت، لەبەرئەوەی نەیویستووە ئەلتەرناتیڤێکی پۆزەتیڤ پیشان بدات. سلۆتەردایک تەنانەت باسی (دووبارە پەیدابوونەوەی چپەیەکی فاشیزمی چەپ لەسەر قەراغەکانی ئەکادیمیا) دا (٧) دەکات کە پێموایە منیش سەر بەو جێگەیەم.
سەرباری ئەو هەڵچوونە نێوخۆییانەشی لەلایەن ڕەخنەگرێکی وەک فرانسیس

فۆکۆیاماوە نوقلآنەی (گەڕانەوەی مێژوو) لێدەدەن، بەڵام هێشتا ئەمانە جێگرێکی لاوازن و ناتوانن ئەو دۆخە بشارنەوە کەوا چیتر توانستێکی توڕەیی جیهانییانە هەبوونی نییە.
کەواتە ئایا پرۆگرامەکەی سلۆتەردایک چییە؟ مرۆ دەبێت شوێنگەیەک (لەودیوی کینە و نەفرەت Ressentiment)ەوە بدۆزێتەوە، بەم شێوەیە ئەو ئەنجامی کتێبەکەی کردۆتە ناونیشان (واتە توڕەیی و کات). دیارە مەسەلەکە بۆ ئەوەیە تاوەکو ئەو پەیوەندییە چارەنووسسازەی نێوان ڕۆشنبیران و کینە لە هەموو شێوەکانیدا بسڕێتەوە، تەنانەت گەر لەشێوازی ڕێزگرتنی مێگەرایی یاخود پۆستکۆلۆنیالی و ئابووریشدا دەربکەوێت. ئێمە دەبێت ئەو دەستپێکە لیبرالەی یەکەمجار جۆن لۆک بە سێینەی «ژیان، ئازادی وە هەبووندارێ» دایڕشتیوە یاخود وەک ئەوەی نیتچە بە دەرمانە تالەکەی «کینە، نەفرەت» ڕزگاری کردووە سەرلەنوێ کارا بکەینەوە. ئێمە دەبێت فێری ئەوەبین لە فەرهەنگی دنیای پاشتاکایەتیدا (پۆستمۆنۆتایزستی)دا بژین: واتە لە مێریتۆکراتییەکی دژەستەمکاریدا کە تیایدا پێوەر و نۆرمە مەدەنییەکان و مافەکانی تاکەکەس ڕێزی لێ بگیرێت و بەمەش هاوسەنگییەک لەنێوان دەستەبژێری Elitisismus و یەکسانی کەسەکاندا Egalitarismus ڕادەگیرێت.٨. بەپێی سلۆتەردایک ئێمە پێویستە ڕێسایەکی ڕەفتاری لیبرالانە دامەزرێنین، کە بتوانێت یاری گۆڕینەکە لە بکەرە هەمەجۆرەکانی توڕەییەوە هاوسەنگ بکات و بەمەش ڕێ لەو تێکشکانە ئیتیکی و ئابوورییە ڕێ بۆ خۆشکراوە دەگرێت کە لەبەردەمیدایە. کەواتە هیچ سەیر نییە، کەوا سلۆتەردایک تەنگ بەستراوە بە فەیلەسوفی فەڕەنسییەوە ئالان فینکلکراوت Alain Finkielkraut و پێکیشەوە کتێبێکی گفتوگۆیان دەرکردووە. کە فینکلکراوتیش لە کۆنتێکستێکی ئیدیۆلۆگی تردا شەڕ لەدژی هەمان ئەم شەڕی دژەتۆتالیتێرە دەکات. کە لەدواجاردا ئێمە لای والتەر بنیامین دەگیرسێینەوە: ئایا پـرۆژەی توندوتیژی یەزدانیش دەبێتە مایەی بەرپابوونی تەقینەوەی نەفرەت و توڕەیی؟ دیارە ئێمە لێرەدا پێویستیمان بە ستراتیژێکی دوولانی هەیە و سەرەتاش دەبێت چەمکی «نەفرەت» سەرلەنوێ بخەینەوە دۆخی خۆی. بۆئەمەش ئەوەی سیبالد W.G. Sebald لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەکەی ژان ئامێریس Jean Amerys لەگەڵ تراومای ئۆردوگاکانی زۆرەملێی نازیزمدا نووسیویەتی، یارمەتیمان دەدات (: ئەو وزەیـەی تینی دەدا بە گفتوگۆکەی ئامێریس، لە کینەیەکەوە دەردەهات کە دانەدەمرکایەوە. بەشێکی گەورەی لێکۆڵینەوەکەی ئامێریس سەروکاری لەگەڵ ئەوەدا هەیە، ئەمە لە مانا گشتییەکەیدا وەکو پێداویستییەکی ڕێگری تۆڵە

سەندنەوەی هەڵچوونی هەستە دەرکپێکراوەکان و وەکو توخمێکی حەتمی تێڕوانینێکی رەخنەییانەی دروست لەسەر ڕابردوو پاساو بکاتەوە. ئامێریس بە هۆشیارییەکی تەواوی هەوڵێکی نالۆگیکی پێناسەکردنەوە دەنووسێت: «کینە، هەریەکە لەئێمەی توند بەخاچی ڕابردووە کوشندەکەی خۆیەوە داکوتیبوو. بێهودەش داوای ئەوەی دەکرد، ئەوەی بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە دەبێت پێچەوانە بکرێتەوە، واتە وا بکات ڕوودانەکە بکرێتە نەڕوودان.» (...) کەواتە داخستنی کێشەکە مەبەستی وتووێژەکە نییە، بەڵکو کردنەوەکەی مەبەستە.
ئەو دڕکی کینەیەی ئامێریس لە گتوگۆکەیدا دەیداتەوە بەئێمە، داوای دانپێدانانی ماف دەکات بە کینەدا، کە ئەمەش تەنیاو تەنیا ئەوە دەگەیەنێت، درێژە بدرێت بە هەوڵێکی بەرنامەداڕێژراو بۆ بە هەستیاریکردنی دۆخی هۆشیاری گەلێک کە دیسانەوە خۆی لە مێژوو دا بەگەڕدەخاتەوە.(٩).
ئەگەریش سوبیەکتێک بەشێوەیەکی وەها قووڵ زامدار بکرێت، کەوا تەنیا بیرۆکەی تۆڵەسەندنەوەی ماف ius talionis کەمتر مایەی پێکەنین پێهاتنەوە نایەت وەک لە ئومێدی ئاشتبوونەوە لەگەڵ جەلادەکەدا. پاشئەوەی جەلاد تاوانێکی ئەنجامداوە، تاکە ڕێگەی دەربازبوونی ئەوەیە سوور بێت لەسەر داوەرییە بەردەوامەکەی نادادوەری. مرۆ دەبێت ئەم هەڵوێستە لە مانا تەواو دژەنیتچەییەکەیدا تێبگات: واتە ئەم کینەیە هیچ پەیوەندی بە مۆرالی کۆیلەوە نییە. بەڵکو هێمایەکە بۆ نەرێکردنەوەی (بەئاساییکردن)ی تاوان، و بۆ ئەوەی بیکاتە کەرتێک لە رەوتی باوو ڕوون و دیاری شتەکان و بیخزێنێتە نێو حیکایەتە هەمیشەیی و پڕماناکەی ژیانەوە. پاش ئەوەشی هەموو ڕوونکردنەوە بیرلێکراوەکانیش کران، ئیدی دیسانەوە (کینە) پرسیارەکەی خۆی دووبارە دەکاتەوە (ئا، من هەموو ئەوە تێگەیشتم، بەس، ئەی چۆن ئەوەتان توانی؟ ئەو حیکایەتەی ئێوە لەسەرئەوە دەیگێڕنەوە، هیچ مانایەکی نییە.)
ئەو کینەیەی سێبالد بانگەوازی بۆ دەکات، بە وشەیەکی تر بریتییە لە کینەیەکی پاڵەوانئامێزی نیتچەییانە، بریتییە لە نەرێکردنەوەی هەموو سازشێک و پێداگرییە لە دژی ئومێدەکان.

ئێستا ئەم کینە دروستە چۆن بەرامبەر سێینەی «سزا/تۆڵەسەندنەوە»، «بەخشین» و «لەبیرکردن»، وەکو ئەو سێ شێوازە باوەی هەمیشە لەگەڵ تاواندا مامەڵەی پێکراوە، چۆن دەوەستێتەوە؟ لێرەدا لایەنی باشەی ئەو باوەڕە جوولەکەییە کارایە کە بۆ تۆڵەو سزا یاساییەکە بریتییە لە (چاو بەچاو)، واتە لەبەردەم ئەم هاوکێشە باوەدا: (ئێمە لە تاوانەکەت دەبوورین، بەڵام هەرگیز لەبیری ناکەین) حەقسەندنەوە

داوا بکە. تاکە شێوازی دروستی (لێبوردن و لەبیرنەکردن) لەوەدایە، تۆڵەسەندنەوە ئەنجام بدەی یاخود سزایەکی ڕەوا بسەپێنیت ئەوەیە کە: پاش ئەوەی تاوانکارەکە بە شێوەیەکی ڕەوا سزا درا، ئیدی من دەتوانم تەماشای پێشەوە بکەم و تەواوی کێشەکە لەدوای خۆمەوە جێبهێڵم. لەدواجاردا شتە ڕزگارکەر و بەخشندەکە لەوەدایە سزایەکی ڕەوای تاوانکار بدرێت: من هەقی گوناهەکەی خۆم دایەوە بە کۆمەڵگا، لەبەرئەوە ئیتر ئازادم و باری ڕابردووم لەکۆڵ خۆم کردۆتەوە. ئەم لۆگیکە بەزەییمەندەی (لێیببوورە، بەڵام لەبیری مەکە) بەپێچەوانەی ئەمەوە زۆر چەوسێنەرەوەترە: (منی تاوانکار، کە لێم دەبوورن، بۆ هەتا هەتایە ئەم تاوانە بەرۆکم بەرنادات، چونکە تاوانەکە پاک نەکراوەتەوە)، هیگڵیش ئالەمەدا مانای سزای دەبینییەوە.

ئەم دادوەرییە توندەی جوولەکایەتی و ئەو بەزەییەی مەسیحایەتیش بۆ هەر ئاماژەیەکی ناڕەوای بەزەیی ناشایستە، پێکەوە ناکۆکی و دژواری دروست دەکەن. بەپێی هزری مەسیحی ئێمەی مرۆڤ لە گوناهدا لەدایکدەبین. کردەوەکانیشمان هیچ کاتێک ئەوەیان پێ ناکرێت ئەم گوناهانەمان هاوسەنگ بکەنەوە و ڕزگارمان بکەن. تاکە ڕزگاربوونمان وا لە بەزەیی یەزدانیدا، لەناو قوربانیدانە باڵاکەیدا. بەڵام هەر لەم ئاماژەیەدا کە زنجیرەی دادوەری لەڕێی کردەیەکی ناماقوڵی بەزەییەوە دەبچڕێت و گوناهەکەمان هاوتا دەبێتەوە، مەسیحایەتی گوناهێکی زۆر بەرزمان بەسەردا دەسەپێنێت: ئێستا ئێمە بۆ هەمیشە لەناو گوناهی مەسیحداین و ناشتوانین پاداشتی ئەوەی پێ بدەینەوە، کە ئەو لەپێناوی ئێمەدا کردی. ناوێکی دۆستانەش بۆ فشارێکی توندی لەو جۆرە، کە ئێمە هەرگیز پێمان هاوتاناکرێتەوە، هەڵبەت بریتییە لە: سەروو من Über Ich .

وا باوە مرۆ جوولەکایەتی بە ئاینی «سەروو من» دەزانێت و مرۆڤ دەخاتە ژێرەوەی خودایەکی توند و بەهێز و پڕ جۆشی ئیرەییەوە، جیاواز لە یەزدانی مەسیحایەتی کە ئاینی بەزەیی و خۆشەویستییە. بەڵام یەزدانی مەسیحایەتی بۆ بەزەیی لەوەدا خۆی ناجێگیر دەکات، کاتێک داوای نرخی گوناهەکانمان لێ ناکات، بەڵکو ئەو خۆی ئەو نرخە لە بەرزترین بکەری سەروو مندا دەدات :»من بەرزترین نرخی گوناهەکەتمدا، بەمەش تۆ لە هەموو کاتێکدا گوناهبار و قەرزارمی» ١٠.

کافکا لە نامەیەکیدا بۆ باوکی، ئەم پارادۆکسەی بەزەیی دروست ساغکردۆتەوە: «لە هەموو ئەو جارانەوەی کە من ڕای ڕاشکاوی خۆتم بەرامبەر بە لێدان پێ ڕەوابینراوە، کە بەهۆی بەزەییتەوە لەکیست چوو بوو، لەسەرئەمە لەلام هۆشیارییەکی گوناهی گەورە خۆی کەلەکە دەکرد. واتە لەهەموو لاکانەوە من کەوتمە گوناهتەوە».

بە شێوەیەکی گشتی ئەم بکەرە یەزدانییەی «سەروو من»، بەزەییەکەی ئەوەیە،

که گوناهـ و قەرزە پاکنەکراوەکەی باوەڕداران، تا دەگاتە ستالینیش، بهێنێتە ئاراوە. نابێت ئەوەشمان لەبیرچێت، کەوا ستالین لەو خۆتێهەڵقورتاندنە ڕاستەوخۆیەیدا خۆی بەزەییمەند پیشانداوە، کە چۆن ئەو پرۆتۆکۆڵە کراوەیەی بەیەکگەیشتنی نووسینگەی سیاسی و لیژنەی ناوەندی سەپاند. ئەگەر ئەندامە گەنجەکانی پارتی کۆمۆنیستی داوای سزای مەرگی دەستبەجێی (بوخارین) یان بکردایە، تاوەکو تێکۆشانە شۆڕشگێڕانەکەیان لەوەدا بسەلمێنن کە ڕێ لە ستالین بگرن و بە جۆرێک لە جۆرەکان بڵێن «ئارام بگرە. خۆ هێشتاکە گوناهەکەی نەسەلمێنراوە.» دیارە ئەمە دووڕوویی بوو، ستالین خۆی زۆر باش دەیزانی، کەوا ئەو خۆی هۆکاری ئەو هەوڵە تێکدەرانەیەیە، ئەندامە گەنجەکانی پارتییەکەشی بەدڵ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی نەرمایەتی خەسڵەتێکی پێویست بوو.

کەواتە زیاد لە ئیرۆنییەکی درێو لەوەدایە، سینتێزەیەکی دیالێکتیکی نادروستی هـەردوو چەمکەکە وەکو دەرچوونێک لەو تەنگژە هەمیشەییە «سـزادان یاخود لێبوردن» پێشنیازبکرێت «تاوانکار سزا بدرێت و دواتریش لێی ببوردرێت..» ئایا ئەمە ئەوە نییە، کە لەکۆتایی سێینە فیلمە مێینەکەی لەلایەن لارس ڤۆن ترییەرەوە Lars von Trier بەناوی « Breaking the Waves, Dancer in the Dark und Dogville » دەرهێنراوە، هەیە؟ (١١). لە هەرسێ ئەم فیلمەدا فیگوری سەرەکی مێینەیە و(Emily Watson, Björk, Nicole Kidman) ئازارێکی توندی میلۆدرامی هەڵچوو، سووکایەتی پێکردن دەردەکەوێت، کاتێکیش ئازار و ئەشکەنجەکە لە دوو فیلمی یەکەمیاندا دەگاتە لووتکەی مەرگێکی گوماناویی و ئازاراویی، ئەوا لە سێیەمیاندا Dogville بێبەزەییانە دێتەوە و زۆر بە توندی تۆڵە دەسێنێتەوە بۆ رەفتارە قێزەونەکەی لە دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیەی خۆی پەنای بۆ هێناوە. دۆستەکەی پێشووی بەدەستی خۆی دەیکوژێت «هەندێک شت هەیە دەبێت خۆت بیکەیت.» هەڵبەت ئەم چارەسەرە لای بینەر دەبێتە مایەی خۆڕازیکردنێکی قووڵ و لەهەمانکاتدا گرفتئامێزیانەی ئاکاری. هەموو چەپەڵەکان چەورییان لێ دەبێتەوە، بەتایبەت و بەبێ هیچ گومانێک بە فایدە و بە فایدەی فایدەشەوە. لێرەدا دەشێت هەوڵی جۆرێک دارشتەی مێگەرایی بدرێت: پاشئەوەی گەرەلاوژەی ئەو ئازارە ماسۆشییە مێیینەییە تا مەودایەکی دوورنەفەس لەبەردەمماندا خۆی بەرفراوانتر کردەوە، ئیدی دواجار کەسی قوربانی هێزەکانی خۆی کۆدەکاتەوە تاوەکو بە زەبر تۆڵەی خۆی بکاتەوە و خۆیشی وەکو ئەو خودە ڕابگەیەنێت کە داوا دەکات چارەنووسی خۆی بەتەواوەتی لەژێر ڕکێڤی خۆیدا بێت. وادیارە ئیدی ئێمە

باشترین شتمان لە هەردوو دنیاکەوە وەرگرت بێت: تینوێتیمان بۆ تۆڵە نەک هەر ناشکێت، بەڵکو لەژێر ئاماژەیەکی مێگەرایانەدا پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە. ئەوەشی لە بەردەم ڕێی ئەم چارەسەرە ئاسانەدایە، بریتی نییە لەو دژە ئەرگومێنتە فێمێنیستییە (بەڵام هەڵەیە) چاوەڕوانکراوە، سەرکەوتنی پرۆتاگۆنیستەکان (پاڵەوانەکان) بەوە دەستەبەر دەبێت کە پێویستە هەڵوێستەیەکی نێرینانەی توندوتیژی وەربگرێت. بگرە ئێمە نابێت بە هیچ جۆرێک مانای دیوەکەی تر بەکەم بگرین. ژنە پاڵەوانی فیلمی Dogville تەنیا ئەو ساتە لەو دۆخەدا دەبێت کە بەرەو تۆڵەسەندنەوە بێبەزەییانەکەی بڕوات، واتە کاتێک باوکی (کە سەرۆکێکی مافیایە) لەسۆراغی ئەودا دێتە شارەکەوە. بەکورتی بابڵێین: ڕۆڵە چالاکەکەی ئەو نیشانەی چۆکدادانێکی نوێیە لەژێر دەسەڵاتی باوکیدا.

داڕشتەیەکی تری ئەم سێینەیە ئەوەیە Dogville بە مانای وشەییانەی خۆی بە فیلمی بەزەیی ڕاستەقینە دادەنێت. گرەیس Grace کە کچە پاڵەوانی فیلمەیەکەیە، وەها بێبەزەییانەیە؛ کاتێکیش شارۆچکەکە پڕ لە خۆشی دەبینێتەوە و هەروەها خزمەتگوزاریش پێشکەشی ئەو دەکەن، لەگەڵیشیدا خامۆشانە بەرگەی ئازارچەشتنەکەی خۆی دەگرت و نکوڵیشی لەوە دەکرد کە تۆڵەیان بۆ بکاتەوە. باوکە مافیاییەکەی ڕاستی دەکرد کاتێک پێی دەگوت: لووتبەرزییەکەت ئا لەوەدایە. کاتێکیش بۆ یەکەمینجار بڕیاری تۆڵەسەندنەوە دەدات، هەرلە بنەڕەتەوە وەکو دانیشتوویەکی ئەوێ ڕەفتار دەکات و دەبێتە یەکێک لەوان و واز لەو لوتبەرزییەی خۆی دەهێنێت. کە دەیانکوژێت، بەشێوازێکی هیگڵییانە دان بەوەدا دەنێت. کاتێکیش دانیشتووان لەبەر «تیشکێکی نوێ»دا دەبینێتەوە، ئینجا دەبینێت ئەوان چۆنن، نەک وەک شارۆچکەیەکی هەژاری وێناکراو و ئیدیالی. ئەو لە هەر کوشتنێکدا کردەیەکی بەزەیی ئەنجامدەدا.

بیانووی سەرەکییانەی دژیارەکە بۆ سزای مەرگ تەنیا بریتییە لە ئاماژەدان بەو لوتبەرزییەی لەوێدایە کە مرۆڤێکی تر سزا بدەیت یان تەنانەت بکوژیت. بەڵام چی ئەو مافەمان بۆ ئەوە دەداتێ؟ ئایا بەڕاست ئێمە لەو شوێنگەیەداین بتوانین فەرمانی وەها بدەین؟ دیارە باشترین وەڵام لێرەدا ئەوەیە، بیانووەکە پێچ پێ بکەینەوە. لەڕاستیدا لووتبەرز و درێو ئەوەیە بگوترێت، سەروەری بۆ بەزەییە. کێ لە ئێمەی فانی، ئەگەر سەربەو قوربانییە ناڕاستەوخۆیانەی بکوژان نەبین، مافی ئەوەی تاوانی یەکێکی تر لەسەر لەوحەکە بسڕێتەوە و لێی ببەخشێت؟ دیارە ئەوە تەنیا خودا خۆیەتی، وەیا ئەگەر لەم تەماشایەدا دەوڵەت بدوێنین، کە لوتکەی هەڕەمی دەسەڵاتە، واتە ئەوە

پاشا و سەرۆکە بەپێی شوێنگە بەرزەکەی سەروەری و گەورەیی ئەوەی هەیە گوناهی کەسێکی تر بسڕێنێتەوە. بەرانبەر بەمەش ئەرکی ئێمە ئەوەیە شوێن لۆگیکی دادوەری بکەوین و تاوانکردن سزا بدەین. واتە: ئەم نەکردنە، ئەو کفرە دەگرێتەوە کە خۆت بخەیتە جێگەی خودا و وەک دەسەڵاتی ئەو رەفتار بکەیت.
پابەند بەمە، ئایا کینەی دروست چ ڕۆڵێک دەگێڕێت؟ وەکو چەمکی چوارەم بۆ سێینەی (سزا/تۆڵەسەندنەوە، بەخشین و لەبیرکردن) دەبینین (کینە) وەکو تاکە هەڵوێستێکی دروست دەردەکەوێت، کاتێک سەروکارمان لەگەڵ تاوانێکی قەبەی وەکو کۆمەڵکوژی جووەکانی ئەوروپادا دەبێت لەلایەن نازییەکانەوە، ئەوا یەکەمین سێ هەڵوێستەکە پووچ دەهێنن. تاوانێکی لەو جۆرە هەم بەخشین و لەبیرکردنی کەمە و هەم زەحمەتە سزایەکی گونجاوی بدرێتێ.
ئالێرەدا دیسانەوە ئێمە لای سلۆتەردایکین: ئایا ئەوە لە کوێوە دێت، کەوا ئەمە هەموو پرۆژەیەکی ڕزگاریخوازییانەی جیهانی وەکو حاڵەتی ئیرەیی و کینە سەرکۆنە دەکات، ئەو حەزە توندەی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت، دیارە لەژێر ڕووبەری هاوکارێتی ئیرەیی و تینوێتی تۆڵەی لاوازەکاندا دەبینرێتەوە. بەکورتی با بڵێین: ئایا ئەو هێرمەنیۆتیکە گوماناوییە هەڵچووەی لە کوێوە دێت، کە بە باشی بە دیداری کاریکاتۆرەکەی نیتچە گەیشتووە؟ ئەگەر ئەو حەزە لەلایەن خۆیەوە خۆراک لە ئیرەیی و لە کینەیەکی نەرێکەرەوە وەربگرێت، هەروەکو ئیرەیی بردن بە شوێنگەی ڕزگاریخوازانەی هەمەکی، بەوجۆرەی کە مرۆ هەردەبێت ئەو پەڵە پیسییە بە ڕیشەکانیەوە بدۆزێتەوە کە دەبێتە مایەی پاکێتییەکەی (١٢).
کەواتە بابەتی «ئیرەیی» بریتییە لە موعجیزەی هەمەکییەکی ئیتیکی، کە خۆی دانابەزێنێت بۆ سەر ئاستی دەرئەنجامێکی شێواوی «نزمی» کردەوەی پاڵهێزە ناوەکییەکان. رەنگە بایەخی کارە شیکارسازییەکەی ژاک لاکان بۆ ئەنتیگۆنە Antigone لەوەدابێت کە جەختی لەسەر ئەم پنتە کردۆتەوە: ئێمە لێرەدا تێمایەکی چاوەڕوانکراوی فرۆیدییانە نابینینەوە، واتە هیچ شتێک لەمەڕ پەیوەندی زینائامێزانەی نێوان خوشک و براوە نییە (١٣). هەر ئەمەش هەمان خاڵەکانی لاکانە بۆ (کانت لەگەڵ ساد )دا (١٤)
لەم چاخە پۆستئیدیالیستییەی هێرمەنیۆتیکای ئەمڕۆماندا هەموو یەکێک بڕوای وا نییە بزانێت، ئەم «لەگەڵ»ە مانای چی دەگەیەنێت، کەوا هەقیقەتی توندوتیژیی ئیتیکییانەی کانت دەکەوێتە نێو سادیزمی یاساوە، دیارە یاسای کانتی بە مانایەکی تر بریتییە لە بکەرێکی سەروو من Über – Ich کە گەمارۆدانی سوبیەکت

و بێتواناییەکەی بۆ ئەو داخوازییانەی هیچ چارەیەکی نێوبژیوانسازیان پێ نییە، بۆئەوەشی ئەم سەروو- منە بهێنرێتە دی، ئەوا سادیستانە چێژ وەردەگرێت. ئەمە لە نموونەی ئەو مامۆستایە دەچێت کە خوێندکارەکانی بە ئەرکی گران هەراسان دەکات و بە نهێنیش چێژ لە شکستەکانیان وەردەگرێت. بەڵام لاکان دەیەوێت بڕواتە دەرەوە بەرەو پێچەوانەی ئەو هاوبەشیکردنە هەرەمەکییە: واتە، کانت سادیستێکی شاردراوە نەبوو، بەڵکو دی ساد کانتییەکی شاردراوە بوو. واتە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کەوا کانت هەمیشە چەقی بایەخەکانی لاکانی داگیرکرد بوو، نەک دی ساد. ئەوەی مایەی بایەخدانی ئەو بوو، بریتی بوو لە دەرئەنجامە کۆتاییەکان و پێوەرە نکوڵی لێکراوەکانی شۆڕشی کانتی. گەر بەجۆرێکی تر بڵێین ئەوا: لاکان هەوڵ نادات، ئەو ئەرگومێنتە کەمکراوە باوانە پێشکەش بکات کە لەڕێیانەوە بەردەوام هەموو کردەیەکی ئیتیکی، هەرچەندە پوخت و یان بێبایەخ دەربکەوێت، لەنێو پاڵهێزێکی نەخۆشیناسیدا دادەمەزرێنێت. بایەخێکی درێژخایەنی ئەو بکەرەی حەزەکەی سەرسامی هاوشێوەکەی خۆی دەبێت، تاوەکو دەگاتە ئاسوودەییەکی «نێگەتیڤ» لەڕێی ئازار و فشارەوە، کە ئەمانیش زۆربەی جار لەگەڵ رەفتاری ئیتیکیدا رەوت دەکەن.
هەڵبەت لەنێو چەقی بایەخدانەکەی لاکاندا پێچکردنەوەیەکی پارادۆکس هەیە کە لەڕێیەوە خودی حەزکردن، واتە بابڵێین رەفتارکردن بەپێی ئارەزووی خۆت و گۆڕینە بێچارەسەرییەکەی، چیتر ناتوانێ خۆی لەنێو بایەخدانی نەخۆشیناسیدا (پاتۆلۆگیدا) یاخود پاڵهێزئاراییدا دابمەزرێنرێت، هەروەها پێوەرە ئاکارییەکانی کانت بە تەواوەتی بەسەر خۆیدا ببڕێت، بەوجۆرەی دەڵێت «وەدووی ئارەزووی خۆی بکەوێت» و «ئەرکی سەرشانی خۆی ڕایی بکات».
لەم هۆکارەوەیە لاکان چەمکی کرداری «هێرمەنیۆتیکی گومان» هەڵدەگەڕێنێتەوە: ئەگەر خودی کانت خۆی بداتە دەست گومان، بەوپێیەی ئێمە هەرگیز ناتوانین دڵنیا بین لەوەی ئاخۆ رەفتارەکەمان لەڕاستیدا کردارێکی ئیتیکی بوو بێت و بە نهێنی هیچ پاڵهێزێکی نەخۆشییانەی لە پشتەوە نەبوو بێت، ئەم پاڵهێزە تەنیا دەکەوێتە نێو خۆئاسوودەکردنێکی نارسیستییەوە، کە ئێمە لەو ڕاستییەوە دەریدەکێشین کەوا ئێمە ئەرکی سەرشانی خۆمان ڕاییکردووە. ئەوا ئەو لەمەدا هەڵەیەک بەئەنجام دەگەیەنێت.
بەشێوەیەکی تراوماتیکییانە، ڕاستی بۆ سوبیەکت بریتی نییە لەو بارودۆخەی کە کردارێکی ئیتیکی پاک (پێدەچێت) نەشیاو بێت، هەروەها (لەوانەیە) ئازادیش فێڵێکی ڕووت بێت، کە لە نەزانین و بێئاگاییمان لە پاڵهێز و مۆتیڤە ڕاستەقینەکانی رەفتارەکانمانەوە سەرهەڵدەدات. بەڵام ڕاستییە تراوماتیکییەکە بریتییە لە خودی

ئازادی خۆی، چونکە ڕاستی ئەوەی: ئازادی شتێکی شیاوە، بەڵام ئێمە بەگومانەوە دەگەڕێین بەدووی هەندێک پێناساندنی پاتۆلۆگییانەدا تاوەکو پێویست نەکات ئەم ڕاستییە بەسەر خۆماندا بسەپێنین. بە چەند وشەیەکی تر: تیۆرییە دروستەکەی فرۆید لەوەدا هیچی پێ نەکرا ئەوتۆنۆمی ئاکارییانەمان کورت بکاتەوە بۆ وەهمێک کە لەسەر چەپاندنی پاڵهێزە غەریزەییە (نەوییەکان)مان دامەزرا بێت.

لە کۆتاییشدا دەڵێین: ئێمە هەموومان هەوڵەکانی هایدگەر و تەنانەت ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر و بگرە ئەوەی ئاگامبێنیش دەناسین کە گوناهی کارەساتە سیاسییە ئیتیکییەکانی سەدەی ٢٠ یان، گەڕانەوە بۆ عەقلە ئینسترومێنتالییەکەی تەواوی نەریتی «میتافیزیکی خۆرئاوایی»، کە ڕاستەوخۆ لە (پلاتۆ تاوەکو ناتۆ)، بگرە تەنانەت تاوەکو گولاج، بەڕێی کردووە.

هەڵبەت سلۆتەردایک ڕاست دەکات کاتێک لەسەر بەگرفتاندنی گلۆبالییانەی شارستانی خۆرئاوا لەڕێی چەپەوە، دەڵێت «بەهۆی ئەو شێوە زۆرانەی ڕەخنەی کەلتورییەوە، بەگەڕانەوە لە ئاوشڤیتسەوە تاوەکو لوتەر و پلاتۆ، یان بەتاوانکردنی ترادیسیۆنی خۆرئاوایی بە گشتی، هەوڵدراوە ئەو شوێنەوارانە بسڕدرێنەوە کە ئەو نهێنییە دەدرکێنن، کەوا خودی مرۆ خۆی چەندێک لە نزیکەوە ددانی ناوە بە سیستەمی قڕکردنی چینێکیدا»١٥.

تەنیا دەبێت شتێکی تر سەرباری ئەمە بخەین: هەمان ئەم شتە بۆ هایدگەر و فاشیستەکانی پێشووش دەستدەدات، چونکە ئەوانیش تەرمە نازییەکەی خۆیان لەژێر ناوی چیای تەرمی میتافیزیکی خۆرئاوادا شاردۆتەوە.

## پەراوێزەکان

١. تەواوی داهێنانەکەی سلۆتەردایک لە سێینەکتێبی (کایەکان)دا، لەسەر ئەم ئەکسێنتە دامەزراوە «کایە» بریتییە لەو منداڵدانەی لە فۆڕمی تردا وەکو شەبەنگ و تارماییەک پێکدەهێنرێت، کە هەر لەخانووەوە تاوەکو خودی زمان وەکو «خانووی بوون» دەگرێتەوە.

٢. پیتەر سلۆتەردایک: توڕەیی و کات. لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی پسایکۆلۆگی. فرانکفۆرت.٢٠٠٦. بڕوانە ڕانانی ئەم کتێبە لەم ژمارەیەدا.ب.ع.

٣. لێرەدا سلۆتەردایک خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی گرنگ لە لاکان دەخاتە ڕوو: خاڵی سەرەکی لاوازی فرۆید لەوەدایە تەنیا جەختی لەسەر ئیرۆس کردۆتەوە، کە

بەهۆیەوە دەرفەتی ئەوە لەناودەبات کە شەڕە تیمۆتیکییەکان لەبەرچاو بگیرێت.
غەریزەی (پاڵهێزی مەرگ Todestrieb) کە بۆ ئەمە داهێنراوە هیچ نییە جگەلە شکستێکی توند: بۆئەوەشی دژیاری ئەم لاوازییە بکەینەوە، لاکان خۆی ئیرۆس دەکاتە تیمۆس، کاتێک لەڕێی تێڕوانینەکانی هیگڵ/کۆجیڤەوە سەرلەنوێ شیکاری فرۆید بەمجۆرە دەکاتەوە: حەز، هەمیشە بریتییە لە حەزکردن لە دانپێدانان، خۆئاسوودەکردنیش، واتە دانپێدانان بە حەزدا، بەڵام بەمە چ شتێکی ڕاست لەگەڵ سروشت و چییەتی ئیرۆتیکیدا ناکرێت.

٤. Sloterdijk:Zorn und Zeit, ٥٥.

٥. Alan Finkielkraut, Peter Sloterdijk: Was zaehlt, kehrt wieder. Frankfurt a.M. ١٣١, ٢٠٠٥.

هێندەی ئێمە ئاگاداربین ئەم کتێبە، کە گفتوگۆیەکی درێژی نێوان هەردوو فەیلەسوف فینکلکراوت و سلۆتەردایکە، تا ئێستا تەنیا بە فەڕەنسی بڵاوکراوەتەوە و هێشتا بە زمانی ئەڵمانی بڵاونەکراوەتەوە .ب.ع.

٦.(پیۆتر ستۆلپین ١٨٦٢ـ ١٩١١ ڕیفۆرمسازێکی کاریگەر بوو لە ئیمراتۆری ڕوسیدا، لە ١٩٠٦ بۆ ١٩١١ سەرۆک وەزیران بووە، لەو ماوەیەدا گەورەترین چاکسازیی لە کەرتی کشتوکاڵدا بەئەنجام گەیاند کە چینی جوتیاران گەلێک لەسایەیدا حەوابوونەوە، بە ڕادەیەک هەموو تروسکاییەکی لینینی بۆ دەرفەتی شۆڕشی جوتیاران کزکردبوو.ب.ع.).

٧.. Sloterdijk:Zorn und Zeit, ١٠٧.

سلۆتەردایک بەشێوازێکی ئیرۆنی گوزارەی «فاشیزمی چەپ» لە (تورەیی و کات)دا دەهێنێتەوە و دژیارە سەرسەختەکەی خۆی لە ئەڵمانیادا کە هابەرمازە بەمە سەرکۆنە دەکات: کە ئەمەش لە ١٩٦٨دا توندوتیژی خوێندکارانی لێکەوتەوە، لەبری ئەوەی وتووێژی (چالاکی ڕاستەوخۆ)یان بوێت. ئەم وردەکارییە ڕەنگە وتنی زۆرتر بڵێت وەک لەوەی لە یەکەمین تەماشادا دەردەکەوێت.

٨. میریتۆکراتی فۆڕمێکی فەرمانڕەواییکردنە کە تیادا دەسەڵاتداران و فەرمانبەرەکانی بەپێی تواناکانیان پلەوپایە وەردەگرن، واتە کەسی شیاو لەشوێنی گونجاو، بەپێچەوانەی ئیگالیتاریزم کە تاکەکان بەبێ ڕەچاوکردنی توانایان کار دەگرنە دەست .ب.ع.

٩. Winfried G. Sebald: Campo Santo. Muenchen/Wien ٢٠٠٣, ١٦٠f.

١٠. لە پێش ئەم پاشخانەدا دەبێت ئاماژە بەو هاوکێشە باوە بدەینەوە کە تۆڵەسەندنەوە لە کردەوەی توندوتیژی بەو پۆزشە پاساو بدرێتەوە کە هەمیشە لەلایەن ئیسرائیلەوە بەرانبەر بە فەڵەستینییەکان دەکرێت، ئەگەر ئەوان «ناچارانە» بۆمبابارانی ئەوان بکەن، ئەوا «من لەتاوانەکەتان خۆشدەبم، بەڵام هەرگیز ناتانبەخشم، کە ئێوە منتان ناچارکرد توندوتیژی بەکاربهێنم، چونکە هیچ هەڵبژاردنێکی ترم لەبەردەستدا نەماوە»، ئەوسا ئێمە باش دەتوانین ئەوە بهێنینە بەرچاومان کە چۆن هیتلەر یاخود هیملەر هەمان شتی دژ بە جوولەکەکان ئەنجامدا.

١١. فیلم دەرهێنەرێکی ناوداری دانیمارکییە، ١٩٥٦ لەدایکبووە، لە ناودارترین فیلمسازی ئەوروپایە و تا ئێستا چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە .ب.ع.

١٢. ئایا ئەمە هۆکاری شێتبوون و هەرەسەکەی نیتچە نییە؟ ئایا چەند مانگێک بەر لە لادانە تەواوەتییەکەی بەرەو شێتی هێما نین لەسەر ئیرەیی پێبردنی بە مەتەڵی مەسیح؟ با تەنیا بیر لەوە بکەینەوە، کە ئەو لەو ماوە سەختەی ژیانیدا چەند جار ناوی مەسیحی هێناوە.

١٣. J. Lacan: Das Seminar. Die Ethik der Pszcoanalyse.

١٤. J. Lacan, Kant mit Sade. Berlin ١٩٨٦, ١٣٣—١٦٣.

١٥. Sloterdijk: Zorn und Zeit, ٢٦٠.

**سەرچاوە:**

ئەم وەرگێڕانە کوردییە یەکێکە لەو لێکۆڵینەوانەی کۆمەڵێکی گەورەی پرۆفیسۆری کەلتوور و فەیلەسوف و دەروونناس و تەلارساز و ئیستاتیکەر و سۆسیۆلۆگی جیهانی، لە دووتوێی کتێبێکی قەبارە گەورەدا XXL، لەسەر فەلسەفە بە دیدی سلۆتەردایک نووسراوە. لەژێر نێونیشانی :

Die Vermessung Des Ungeheuren.

Philosophie nach Peter Sloterdujk.

Wilhelm Fink Verlag. Muenchen ٢٠٠٩. S. ٢٧٧-٢٨٨

# مارتین هایدێگەر لە گشت ڕوویەکەوە

## ڤیللێم فان ڕایین

■ لە ئەڵمانییەوە: کاوە جەلال

### ١- «بوون و کات» ئایا مەغزای بوون چییە؟

#### ڕەوتی مێژوویی

سەرکەوتنی مەزنی «بوون و کات» یەکسەر دوای بڵاوبوونەوەی لە ساڵی ١٩٢٧دا ئەو هەقیقەتەی شاردەوە کە «بوون و کات» مێژوویەکی درێژخایەنی هەیە. هایدگەر خۆی دەبێژێت، کە لە ١٩٠٧ بەدواوە لێکۆڵینەوەی دکتۆراکەی فرانتس برێنتانۆ بەناونیشانی «لەبارەی واتای هەمەلایەنیی بوونەوەر لەلای ئەرپستۆتێلیس» کاریکردۆتە سەر هزری ئەو. وەک هایدگەر دەبێژێت، ئاخافتن سەبارەت بە واتای هەمەلایەنیی بوونەوەر لای برێنتانۆ، بەبێ شیمانەی خۆلێلادان دەمانبات بۆ پرسیار لەبارەی «واتای بناغەی ڕابەریکەر»، یان بە وشەگەلی دیکە ببێژین، دەمانبات بۆ پرسیار لەبارەی :«ئایا بوون چییە؟». بەڵام هەروەها «توێژینەوە لۆگیکییەکان»ی ئێدموند هوسەرل و نووسینەکەی کارل برایگ بەناونیشانی «لەبارەی بوون. ڕوانینێکی پوخت لە ئۆنتۆلۆژی» (١٨٩٦)، فۆڕم بە هزری هایدگەری لاو دەدەن. بۆ ئەو هاوکات ئیشەکانی ئێمیل لاسک (١٨٧٥-١٩١٥) کە فێرخوازێکی ڕێکەرت و هوسەرل بوو، بە ناونیشانی «لۆگیکی فەلسەفە و تیۆریی کاتیگۆرییەکان» (١٩١١) و «تیۆریی بڕیار» (١٩١٢)، بەواتا بوون.

هەروەها «ناجەختی» لە «توێژینەوە لۆگیکییەکان»ی (١٩٠٠/٠١) هوسەرلدا بابەتێک بوو کە هایدگەری بە خۆیەوە خەریک کرد: هوسەرل لە لایەک لە بەندی یەکەمی «توێژینەوە لۆگیکییەکان»دا هەوڵ دەدات پیشانی بدات کە پسیکۆلۆژی بناغەیەک نییە بۆ تێگەیشتن لە هزرین و ناسین، بەڵام لە لایەکی دیکەوە لە بەندی دووەمدا، کاتێک بینای مەعریفە ڕووندەکاتەوە، لە ئەکتی بەئاگابوونەوە دەردەچێت.
جگە لەمە ئەریستۆتێلیس واتای بۆ هایدگەر پەیدا کرد. هایدگەر پایزی ١٩٢٢ لێکۆڵینەوەیەکی بەناونیشانی «ڕاڤەی فێنۆمێنۆلۆژیانەی ئەڕیستۆتێلیس (پیشاندانی دۆخی هێرمینیۆتیکی)» نووسی، ئەم لێکۆڵینەوەیە پیشانی دەدات کە چەند بەچڕی هایدگەر کاری لە هزری ئەڕیستۆتێلیسدا کردووە. ئەم ئیشە کە ناوی ڕاپۆرتی ناترۆپی لێنراوە، گەرەک بوو پشتیوانیی هایدگەر بکات بۆ دامەزراندن لە ماربورگ و گوێتینگن، چونکە ئەو دوای نووسینی هابیلیتاسیۆنەکەی هیچ نووسینێکی دیکەی بڵاونەکردبۆوە.
لەپاڵ پەیوەندییەکانی فەلسەفەی ئەڕیستۆتێلیسدا بە ژیانی ڕۆژانەوە، کە بۆ هایدگەر ڕێنوماییکەر بوون، پێویستە دوو پنتی دیکە دیاری بکەین کە هایدگەریان بە خۆیانەوە خەریک کردبوو: یەکەم ئەڕیستۆتێلیس گۆڕانی دابوو بە هەرەمی جۆرەکانی زانین و لە لوتکەیدا «یەکەم فەلسەفە» خۆی دەبینییەوە، هەروەها تێزی «بزوێنەری نەبزۆک».
هایدگەر لە «بوون و کات»دا هەوڵ دەدات لەم کۆنتێکستەوە بەرگری لەو تێزە بکات کە فەلسەفە بناغەی زانینی تاکە زانستەکانە. تەنیا فەلسەفە دەتوانێت پیشانی بدات کە بۆچی مەعریفەکانی زانستەکان بەهەقیقی ڕاستن، فەلسەفە کریتێرەکان دەخاتە بەردەم و ئێمەش بە یاریدەیان دەتوانین لەنێوان ڕاستی و ناڕاستیی بڕیارەکانماندا جیاوازی بکەین.
دووەم پنت ئەو جیاوازییە دەگرێتەوە کە ئەڕیستۆتێلیس لەنێوان «فرۆنێزیس» و «سۆفییا»دا کردبووی. ئێمە دەتوانین لە فرۆنێزیس زانینی پراکتیکی تێبگەین، واتا ئەو زانینە کە ڕوو دەکاتە بوونەوەر، لێرەشدا نەک تەنیا ڕوو دەکاتە ئەوە کە لە ڕووی پراکتیکییەوە بەبایەخە، بەڵکو، لە مەغزایەکی پڕکرۆکی ئێتیکییانەدا، ڕوو دەکاتە «ژیانی چاک» وەک سەرجەم. بەڵام «سۆفییا» بە پێچەوانەوە زانینی ئەوەیە کە بەدەرە لە هەموو دۆخگۆڕییەک (واتا: بوون). ئەم زانینە کە باڵاترە، نەک تەنیا لە «فرۆنێزیس» جیاکراوەتەوە، بەڵکو ڕابەریشی دەکات، ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت کە «فرۆنێزیس» لە لایەنی خۆیەوە بەشداری لە «سۆفییا»دا دەکات. ئەڕیستۆتێلیس لە کۆتاییدا جەخت دەکات کە تەنیا نەبزۆک یان ئەزەلێتی بابەتی گونجاوە بۆ «سۆفییا»، بۆ «نووس» یان بۆ «تێگەیشتنی ئاوەزمەندانە»

(das Vernehmen). خودی ئەم تێگەیشتنە ئاوەزمەندە، یان، لە پەرەسەندنی خۆپەرچیودا (selbstreflexiv)، «نۆئێزیس نۆئێزیوس» کە تێگەیشتنی ئاوەزمەندانەی تێگەیشتنە، نەبزۆکە، بەڵام هەموو شتێکی دی دەبزوێنێت. هایدگەر لە «بوون و کات»دا بەم چەشنە لە بوون تێدەگات: بوون خۆبزوێنەر نییە، بەڵام پابەند بە ئەرِیستۆتێلیسەوە جەخت دەکات کە بوون «تەواو ترانسێندێنتە» و سەرەڕای ئەمە نەگۆڕ نییە. پێشتر لێرە هەڵوەشاندنەوەی (دێـ(کۆن)ستروکسیۆنی) ڕیشەیی ئەرِیستۆتێلیس و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی دەستپێکردنەکەی خودی خۆی لە «بوون و کات»دا کە بە «وەرچەرخان» (die Kehre) ئەنجامی دەدات، دەردەکەوێت.
ئاخر زانینی ڕۆژانە، زانینی پراکتیکی (کەواتە نەک تەنیا «سۆفییا») و مامەڵەکردن لەتەک شتەکانی ڕۆژانەدا، خۆپەرچیون. هایدگەر لە «بوون و کات»دا دەبێژێت، کێشەی دازاین پرسیارە لەبارەی بوون، کێشەی ئەو مەغزای بوونە — بەمەش دازاین پرسیار لەبارەی بوونی خۆی دەکات. مەرجی ئەم پرسیارکردنە ئەوەیە کە دازاین لەنێو میزاجەکانی / شتیمونگەکانی (Stimmung) ڕۆژانەدا (کە بێگومان نابێت پسیکۆلۆژییانە لێیان تێبگەین) وەک «میزاج-مەندی» (Gestimmt-sein) ڕووی کردۆتە بوون، هەروەها لە پەرچاندنی ڕۆژانەدا تێگەیشتنێکی ڕوونەکراوەی — تێگەیشتنێکی پێشئۆنتۆلۆژییانەی — بوونی هەیە. هایدگەر دوای ١٩٣٤، بە «وەرچەرخان»، بوون وەک خۆپەرچیو دەکات بە تەوەرەیەک، ئەمە بێگومان لەو مەغزایەدا کە ئەو ئێستا بە واتای وشە وەک شۆڕشی بەردەوام، وەک چوونی بەردەوامی تەوەرەکانی بوون و هیچ بۆ نێو یەکتری، لە بوون دەهزرێت، بەڵام بوون و هیچ بە مەرجێک دەبن بە یەکتری، گەر ئێستا لە بوونەوەری ڕۆژانەوە پرسیار لەبارەی بوون نەکرێت، بەڵکو لە بوونەوە (لە زاینەوە = Sein) کە هایدگەر وەک (زاین = Seyn) دەینووسێت، پرسیار لەبارەی زاین (Seyn) بکرێت.
هایدگەر جگە لەوە ویستی پیشانی بدات کە تیۆلۆژیی کریستیانی بەندە بە فەلسەفەی ئەرِیستۆتێلیسەوە، یان بە ڕاڤەی چەرخی-ناڤینانەی فەلسەفەی ئەریستۆتێلیسەوە. گەر فەلسەفە بیەوێت سەربەخۆ لە ئیمانی کریستیانی هەڵوێستێکی خۆیی وەربگرێت، ئەوسا ناچارە ماڵئاوایی لەم تیۆلۆژییە و لە ڕاڤەی کریستیانەی ئەرِیستۆتێلیس بکات، یان با ئەمە بە زمانی «بـوون و کات» دەرببڕین: ناچارە هەردووکیان «هەڵبووەشێنێتەوە» و هاوکات سەرلەنوێ بینایان بکاتەوە. هایدگەر هیچ گومانێکی سەبارەت بەوە نەهێشتەوە کە «بوون و کات» دەیەوێت سەرجەم توخمە کریستیانییەکان لە تێگەیشتنی مەغزای بووندا لەکار بخات، لێرەشدا مەسەلەکە هیچی

دیکە نییە جگە لە «دەستهەڵبڕین دژی خودا». بەڵام هایدگەر نایەوێت ئێمە لەم کارە ئاتێیزمێک لە مەغزایترادیسیۆنیدا تێبگەین. ئەوە کە لێرە و لە «بوون و کات»دا لە مەترسیدایە، خۆی لەوبەر دژبەرییەکەی نێوان تێیزم و ئاتێیزمەوە دەبینێتەوە.
بەڵام پێویستە لەم لێهزرینە ڕێبەرییەدا تێبینییەکی کورت سەبارەت بەم پرسیارە بدەین: «ئایا، بەدەر لەوە، چی لە هایدگەر دەمێنێتەوە؟». ئێمە تەنیا بە وەڵامێکی دابەشێنراو دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.
جیهانی زانستەکان هەتا ئەمڕۆ بە ئیشی هەمەلایەنی سەبارەت بە پرسیارەکانی ڕاڤەی «بوون و کات»، سەبارەت بە «هایدگەر و پێشسۆکراتییەکان، هایدگەر و ئەرِیستۆتێلیس و هتد»، خزمەتی گۆڤار و دەزگاکانی پەخشی کتێب دەکات. «ڕێنومای تێگەیشتن لە هایدگەر» شرۆڤەی ئیشەکانی پتر لە سیی فەیلەسوفی بەواتا دەکات لە ڕووی پەیوەندییان بە هایدگەرەوە. بێگومان لەنێو ئەم فەیلەسوفانەدا لایەنگر و دژبەری سەخت هەن. بەڵام لە ڕووی ئۆبژێکتیڤییەوە هەموو لایەک لەوەدا کۆکن کە هایدگەر کاریگەریی لەسەر هێرمینیۆتیک هەیە، ئەمەش لەو شێوەیەدا کە گادامەر گۆڕانی پێدا و ئەمڕۆش پەیوەند بە فێنۆمێنۆلۆژییەوە درێژەی پێدەدرێت.
هەروەها پێشتر لە ڕووی واتای سیستەماتیکییانەی ئیشەکەی هایدگەرەوە بینیمان کە ئیدێی هەڵوەشاندنەوە (دێـ(کۆن)ستروکسیۆن) لە ناوچەی زمانی فەڕەنسیدا زۆر سەرکەوتوو بوو.
ئەوجا پرسیارێکی دی ڕوو دەکاتە هایدگەری ئەنتی-فەیلەسوف.
هایدگەر، هاوشێوەی ڤیتگنشتاین و نیتچە، هەوڵ دەدات پەیوەندیی خۆی بە ترادیسیۆنی فەلسەفەوە بپچڕێنێت، بەڵام ئەو سەرەڕای ئەمە وەک بەشێکی ئەو ترادیسیۆنە دەمێنێتەوە. ئێمە ناتوانین هێندە زوو ببێژین کە داخۆ لەو خۆپچڕاندنە کەللەڕەقەی هایدگەر لە ڕاسیۆنالێتیی کلاسیکی، چی بمێنێتەوە. بەڵام واتای قۆناغییانەی «بوون و کات»، هەروەها ئەو هەموو بابەتە کە هایدگەر لە دانوستاندنی پڕناکۆکیدا لێیاندوا، لەوانە زمان، هونەر، تێگەیشتن، مێژوو، پەیوەندیی مەعریفە و ژین جیهان، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئاگامەندیی فەلسەفەیی بۆ سەرجەم ئیشەکەی ئەو مسۆگەر دەکەن.

## بوون و کات

ئەمە، لە دەستپێکدا، پرۆگرامی «بوون و کات»ە. بەڵام هایدگەر ئەم پرۆگرامەی هەڵوەشاندنەوە نەک تەنیا بەسەر ترادیسیۆندا، بەڵکو بەهەمانشێوە بەسەر هزری خۆیدا

بەکاردەهێنێت، ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوە کە بۆچی ئەو نەیتوانی درێژە بە نووسینی بەشی دووەمی «بوون و کات» بدات. هەڵوەشاندنەوە لە فۆڕمی لێکۆڵینەوەدا، لە فۆڕمی ئاخافتنی دیسکورزیڤدا، ئەنجام نادرێت. ئەوجا لە کۆتاییدا ئەوە ڕادیکالێتیی ئەم سەرەتاگرییە هزرییە نییە کە هەمیشە لەنوێوە ئاسۆی نوێ ئاوەڵا دەکات و بەردەوام تێڕوانینە سەرەتاییەکانی خودی هایدگەر وەردەچەرخێنێت، کە ئیتر وەک سەرەنجامی ئەوە هزری ئەو ببێت بە سوڕمێنەرێکی وەک خۆ ماوە.

نەک تەنیا ئەڕیستۆتێلیس، بەڵکو هەروەها پێشسۆکراتییەکانی وەک پارمێنیدێس، هێراکلیتێس و ئاناکسیماندەر واتا بۆ پرۆژەکەی هایدگەر وەردەگرن. لێرەدا دەردەکەوێت کە هەتا چەند هزری هایدگەر مێژووییە — بێگومان مێژوویی (geschichtlich) نەک هیستۆریانە (historisch). هیستۆری بۆ هایدگەر بریتییە لە فۆڕمی داوەشـاوی مێژوو (Geschichte): هیستۆری گرنگی بە تۆماری داتەکان، بە قۆناغ و گرێبەست و فاکتی دیکە دەدات، بەڵام مێژوویی بە پێچەوانەوە تەنیا واتای ئەو شتە دەگەیەنێت کە یارمەتیمان دەدات چ لە سەرەتاکانمان و چ لە ئایندەمانەوە بەهەمانشێوە لە دۆخی ئەمڕۆمان تێبگەین. بۆیە هایدگەر فەلسەفەی پێشسۆکراتییەکان وەک ئەو سەرەتایانە دەبینێت کە نەک تەنیا لە پشتمانەوەن، بەڵکو هەروەها لە پێشمانەوەن. ئیتر لێرە بازنەکە دادەخرێت. هایدگەر لە پاشخانی سەرجەم بێخەوشیی مێژوویی و فیلۆلۆژیانەوە کە لە توێژینەوەی مێژووی فەلسەفەدا هەیە، دەبێژێت: تاکە پرسیارێکی گرنگ لە فەلسەفەدا پرسیارە لەبارەی بوون، بێگومان پرسیارێک کە هەرگیز نەکراوە. ئەو درەنگتر ئەرگومێنت دەهێنێتەوە، کە پێشسۆکراتییەکان ئەزموونی پرسیارەکەیان لەبارەی بوون کردووە، بەڵام هەرگیز ئەو پرسیارەیان نەهزراندووە، ئەوجا بـەدووی ئـەوەدا پلاتۆن و ئەڕیستۆتێلیس پرسیارەکەیان لەبیرچۆتەوە. پاشان تیۆلۆژیی کریستیانیی چەرخی ناڤین فەلسەفەی ئەڕیستۆتێلی وەردەگرێت و بەو وەرگرتنە بەتەواوی پرسیارەکە لەبارەی بوون لە هزری ئێمە دووردەخاتەوە. هایدگەر دەبێژێت: ئێمە لەبیرمانچۆتەوە کە ئێمە پرسیارمان لەبارەی بوون لەبیرچۆتەوە.

هایدگەر لەدژی ئەم لەبیرچوونەوە جووتەنییە هەڵوێست وەردەگرێت: بە «بوون و کات» گەڕانەوەیەک بەرەو ئەو پرسیارە سەرچاوەییە لەبارەی بوون دەهێنێتە نێوانەوە. بەڵام تەنیا کاتێک ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی سەرگرتوو دەکرێت، گەر ئێمە لەدژی دۆڕاندنی هزرین لەبارەی شوێنەواری ڕۆژانەمان و پەیوەندیی پراکتیکیمان پێوەی، پرسیاری بناغەیی لەبارەی دازاین و بوون بکەین. هایدگەر ئەمە ناودەنێت

ئۆنتۆلۆژیی بناغەیی کە ڕوو لە دوو جۆری کێشە دەکات:

١) پیشان بدرێت کە دازایـن، لە ئاڕاستە وەرگرتنی پراکتیکیانەیدا (نەک لە بەرپرسیاریی تیۆریانەیدا) بناغەی پرسیارە لەبارەی بوون.

٢) بسەلمێنرێت کە دازاین لەم پرسیارەدا لەسەر شێوازی خۆپەرچییی دەڕوات، ئەو تەنیا ڕوودەکاتەوە خودی خۆی. ئاڕاستە وەرگرتنی پراکتیکی خۆیشی لە سەرەتاوە پێشئۆنتۆلۆژیانەیە، لێرەشدا گەرەکە ئۆنتۆلۆژیی بناغەیی ئەو زانستە بێت کە بناغە بە سەرجەم زانستەکانی دیکە بدات.

بەڵام گرنگ ئەوەیە لە کێشەیەک بەئاگابین: هایدگەر بە واژەی بناغە ڕووناکاتە شتێکی سرەوتوو، شتێکی وەک بناغە دانراو، بەڵکو ڕوودەکاتە شتێک کە بەردەوام لە بزووتندایە، واتا ئێمە دەبێت لە کاتەوە لە دازاین تێبگەین — دازاین وەک بابەتی ئۆنتۆلۆژیی بناغەیی. ئەو ناونیشانە کە لەژێریدا ئەمە پیشان دەدرێت، بریتییە لە «بوون» و «کات»، بەمەش هایدگەر داواکارییەکی شۆڕشگێڕی بەرزدەکاتەوە. ئاخر لە ترادیسیۆنی ئۆنتۆلۆژیدا وا دادەنرا کە تەنیا نەگۆڕ، تەنیا بوونی هەمیشە وەک خۆ ماوە، بابەتی ڕەهای باڵاترین هزرینە.

کات بە دیدی هایدگەر بناغە بە بوون و بەمەش بە مەغزای بوون دەدات. بەڵام پێویستە بۆ تێگەیشتن لە بوون بزانین کە بوون بە هیچەوە / نەبوونەوە بەستراوە و نەشیاوە لێی جیاببێتەوە، بەڵێ هیچ بوونی تەنیوە. شیمانە و ڕیالێتیی نە-بوون لە کرۆکەوە دازاینی ئێمە دیاریدەکەن. مەرگ ئەو شیمانەیەی نە-بوونە کە هەموو چرکەیەک ئامادەیە. بێگومان ڕیالێتی لەو مەغزایەدا نە-بوونە، کە ئێمە دەزانین ماوەیەکی درێژخایەن پێش زایینمان نەبووین و کاتێکی درێژخایەنیش دێتە ئاراوە کە تێیدا ئێمە چیدی لێرە نابین. ئێمە هەروەها دەتوانین ببێژین: ئێمە لەنێو هیچدا ڕاگیراوین، ئەمەش لەو شێوەیەدا کە چۆن هیچ ئێمە دەتەنێت. یان با کەمتر سۆزمەندانە بدوێین: دازاین تەواو کاتەکییە. ئێستاش مەغزای بوون لەوەدایە کە ئێمە بەردەوام «ئەویدی» ڕووەو بوون، واتا هیچ، لەنێو ئامادەدا ڕادەگرین — ئێمە تەنیا کاتێک خۆیین (eigentlich)، گەر ئێمە بریتی بین لە بوون-رووەو-مەرگ. بەڵام ئێمە نابێت لەمە وەک گۆجبوون و وشکهەڵهاتن تێبگەین و پراکتیزەی بکەین، بە پێچەوانەوە، ئێمە دەبێت وەک ئەوپەڕی بزواوی لێیتێبگەین، ئەم بزواوییەش واتایەکی سۆزمەندی نییە (واتایەکی خۆش-میزاج)، بەڵکو بریتییە لە میزاج-مەندی (Gestimmt-sein) لە شێوەی خۆپەرچاندنی بەردەوامدا کە بۆ ئامادەیی شیمانە و ناشیمانەی (مەحاڵێتیی — و) بوون ئاوەڵامان دەکات.

ئاوەڵا هێشتنەوەی پرسیار لەبارەی بوون، وەک «تێگەیشتن»ی فاکتیسیتێی دازاین ڕیالیزە دەبێت. ئایا ئەمە چ واتایەک دەگەیەنێت؟ هایدگەر بە واژەی «تێگەیشتن» لێهزرینەکانی خۆی دەخاتە پاڵ هێرمینیۆتیکی کلاسیکی. ئەو دەمە هێرمینیۆتیکی فریدریش شلایەرماخەر لە بەردەم هایدگەری فێرخوازی تیۆلۆژیدا بوو. ئەو هەروەها لەم هێرمینیۆتیکەوە فێربوو کە لە تێگەیشتنی مەغزادا ڕوانگەی مێژوویی بەجیدی وەربگرێت. هایدگەر هێرمینیۆتیکی کلاسیکیی لکاند بە داواکارییەکەی فێنۆمێنۆلۆژییەوە کە بریتی بوو لە «ڕووکردنە خودی شتەکان». «خودی شتەکان» کە لەلای هوسەرل واتای ناوەڕۆکی ئاگابوون یان واتای پێشبینیی شتەکانی ڕۆژانە دەگەیەنن، لای هایدگەر وەک فاکتیسیتێ دەردەکەون، واتا وەک شتی ژیانراو و موئایەشەکراو، بەکورتی: وەک ژیان. بێگومان هایدگەر هەموو شێوە تێگەیشتنێکی بیۆلۆژییانە لەم حاڵەتە بەدوور دەگرێت، بەڵێ تەنانەت لەکاتی ئەنگاژمۆ ناسیۆنالسۆسیالیستییەکەیدا دەستبەرداری ئەم میانەگیرییە نابێت و ئەم هەڵوێستەش دەیپارێزێت لە قایلبوون بە ئەگەرە بیۆلۆژییە ڕەگەزگەرارییەکانی نازییەکان. هایدگەر بۆ یەکەم جار لە موحازەرەیەکدا کە زەمێستەری هاوینەی ساڵی ١٩٢٥ بەناونیشانی «ڕێبەری بۆ مێژووی تێگەی کات» خوێندییەوە، لەبریی «ژیان»، «دازاین» دادەنێت و «دازاین» وەک لە-بزووتند-بوون و فاکتیسیتێ دیاری دەکات. کەواتە ئێمە دەتوانین هزری هایدگەر لە «بوون و کات»دا ناوبنێین هێرمینیۆتیکی فێنۆمێنۆلۆژیانەی فاکتیسیتێ، یان بەناونیشانی موحازەرەکەی زەمێستەری هاوینەی ١٩٢٣ ناوی بنێین «ئۆنتۆلۆژی. (هێرمینیۆتیکی فاکتیسیتێ)». بێگومان ئەم دیاریکردنە تەنیا چواندنی بۆ بەشە بڵاوکراوەکەی «بوون و کات» هەیە. بەشی دووەم دەبوو هەڵوەشاندنەوەی (دێ(کۆن)ستروکسیۆنی) فەلسەفەی ترادیسیۆنی تەواو بکات. ئێمە دەتوانین ببێژین کە هایدگەر ئەم هەڵوەشاندنەوەیەی کرد بە ئامانجی خۆی. ئێمە پێویستە هێرمینیۆتیکی فاکتیسیتێ وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەم مەبەستە شۆڕشگێڕییە تێبگەین.

ئایا مەسەلەکە لە حاڵەتی ئەم ئۆنتۆلۆژییەدا چییە؟ کێ پەرەگرافی (٨)ی «بوون و کات» بکاتەوە، نەک تەنیا دەبینێت کە لێرەدا مەسەلەکە ڕوو لە چی دەکات، بەڵکو هەروەها دەبینێت، کە دەبوو مەسەلەکە ڕوو لە چی بکات. ئەو کەسە بەتایبەتی دەبینێت، کە لە بەشی دووەمی پلانبۆدانراو هیچ بڵاونەکرایەوە و لە بەشی یەکەمیش لە کۆی سێ تەوەر تەنیا دوو تەوەر بڵاوکرانەوە. هایدگەر ڕایگەیەندبوو کە تەوەری سێیەمی بەشی یەکەم کێشەی «کات و بوون» لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەو کاری تێدانەکرد و لەبریی ئەم تەوەرە، «کێشە بناغەییەکانی فێنۆمێنۆلۆژی»ی دانا کە

موحازەرەیەک بوو و زەمێستەری هاوینەی ١٩٢٧ لە ماربورگ خوێندبوویەوە.
بەشی دووەم دەبوو سێ تەوەر لەخۆبگرێت و هایدگەر نیازی وابوو لەو تەوەرانەدا خۆی بە کانت و دێکارت و ئەڕیستۆتێلیسەوە خەریک بکات. بەڕوونی دیارە کە هایدگەر دەیویست مێژووی فەلسەفە لە مۆدێرنەوە بەرەو پاش بباتەوە بۆ لای گریکەکان. تەوەری یەکەم دەبوو ناونیشانی «کانت و کێشەی مێتافیزیک» هەڵبگرێت، کە هایدگەر لە موحازەرەیەکی زەمێستەری زستانەی ١٩٢٥/٢٦دا گۆڕانی پێدا، پاشان لەکاتی دانوستاندنە بەناوبانگەکەیدا لەتەک ئێرنست کاسیرەر لە دافۆز (١٩٢٩) خوێندیەوە و هەمان ساڵ وەک ئیشێکی سەربەخۆ بڵاوکرایەوە. پەرەگرافەکانی ١٩ هەتا ٢١ ی «بوون و کات» یەکەم ئاماژەیەک ڕووەو تەوەری دووەم لە خۆ دەگرن. پێدەچێت تەوەری سێیەمی بەشی دووەم ئەو تێکستە بێت کە نووسینی «ڕاڤەگەلی فێنۆمێنۆلۆژیانەی ئەڕیستۆتێلیس» هەنگاوە سەرەتاییەکانی پێکدەهێنن.
کەواتە «بوون و کات» ئیشێکی تەواونەکراو مایەوە. پێدەچێت لەبەر ئەمە بووبێت کە هایدگەر لە نامەیەکدا بۆ ماکس کۆممەرێل (٤ی ئۆگوست ی ١٩٤٢) ئەم تاکە کتێبەکەی خۆی ناونا «شکستێک»: کتێبەکە، وەک هایدگەر دەنووسێت «پێش هەنگاوە بەواتاکە دەپچڕێت». کەواتە هایدگەر لەکاتی بڵاوکردنەوەیدا دەیزانی کە ئەو ناتوانێت پرۆژەکەی بەگوێرەی پلان ئەنجام بدات. پاشان «وەرچەرخان » (Kehre) ئاشکرای دەکات کە بۆچی پرۆژەی «بوون و کات» بە تەواونەکراوی مایەوە. ئێمە دەتوانین بەپوختی ببێژین کە «وەرچەرخان» چی لە خۆ دەگرێت: ئەوە بەس نییە کە لە بوونەوەرەوە پرسیار لەبارەی بوون بکرێت. بەڵام ئەمە هەروەها ئەو واتایە دەگەیەنێت کە: ئەوە بەس نییە لە دازاینەوە پرسیار لەبارەی بوون بکرێت، وەک چۆن هایدگەر لە «بوون و کات»دا دەیکات، بە پێچەوانەوە، مرۆ دەبێت لە زاینەوە / بوونەوە (Seyn) لەبارەی بوون (Sein) بپرسێت. بێگومان مەسەلەکە لێرەدا تەنیا گۆڕینێکی ڕوانگەکە نییە، بەڵکو پرسیارکردن لە بوونەوە (Seyn) ئەو واتایە دەگەیەنێت کە لە کاتەوە پرسیار بکرێت — بەڵێ زۆرتریش لەمە: ئەو واتایە دەگەیەنێت کە لە جیاوازیی ئۆنتۆلۆژییەوە پرسیار بکرێت.
کەواتە هایدگەر نەیتوانی فەلسەفەی کلاسیکی وەک بناغە وەربگرێت و لەسەری شۆڕشەکەی خۆی لەدژی لەبیرچوونەوەی پرسیاری بوون بگێڕێت. بێگومان ئەو مەبەستی بوو ڕەخنەیەکی شۆڕشگێڕ لە ترادیسیۆن بگرێت، بەڵام گەر ئەو ڕەخنەیەی بگرتایە، ئەوسا ڕەخنەکە کۆنسەپتگەل و شرۆڤەگەل و داڕشتنی دیسکورزیڤی دەتەقاندەوە، وەک چۆن ئیشەکانی «Beiträge zur Philosophie» و

«Besinnung» لە ١٩٣٦ بەدواوە ئەوە پیشان دەدەن. هەروەها دیاریکردنی تێگەی «بوون» لە پەرەگرافەکانی سەرەتای «بوون و کات»دا پیشانی دەدات کە هایدگەر چەند زۆر هەر لە سەرەتاوە خۆی لەسەر ئەم ڕێگە شۆڕشگێڕییە دەبینییەوە. ئەو هەوڵی دەدا پیشانی بدات کە مرۆڤ ناتوانێت لەبارەی «بوون» بەو شێوەیە پرسیار بکات کە لەبارەی ئەدگاری شتەکان بەگوێرەی فۆڕمە باوەکانی بڕیار دەیکات. گەر ئێمە ببێژین شتێک «هەیە« (ist)، ئەوا ئەمە ئاماژە بۆ واتایەک دەدات کە جیاوازە لە هەر مۆرکێک لە مەغزایەکی ئەمپیریدا، یان وەک هایدگەر دەبێژێت، جیاوازە لە هەر مۆرکێک کە لە کایەی «ئۆنتی»دا بە شتەکان دەدرێت. بڕیاری «مێزەکە سەوزە»، بڕیارە لە کایەی ئۆنتیدا، ئەم بڕیارەش دەشێت دروست (×حیح) یان هەڵە بێت، بەڵام گۆتەی مێزەکە «هەیە»، بە تێڕوانینی هایدگەر لە دووانەی دروست/ هەڵە تێپەڕ دەکات. «بوون» ڕاستیی (Wahrheit) گۆتەکە دەگرێتەوە. مەسەلەکە لێرەدا بریتییە لە ئۆنتۆلۆژێتی، واتا کێشەکە ڕوو دەکاتە شتێکی ترانسێندێنت. ئاخر «بوون تەواو ترانسێندێنتە«.

**دازاین**

ئەم ترانسێندێنتە تەنیا لە لایەن بوونەوەرێکەوە شیاوی هزرینە کە پەیوەندییەکی لەتەک خۆیدا هەیە، بوونەوەرێک کە پەرچاندن بە ئاڕاستەی خودی خۆی ئەنجام دەدات. ناوی ئەم بوونەوەرە دازاینە. بابەتە سەرەکییەکەی «بوون و کات» بریتییە لە «شرۆڤەی دازاین»، ئەمەش واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت کە دازاین تەنیا خۆی کردووە بە بابەت نەک شتێکی دیکەی جیاواز لە خۆی، ئەو شرۆڤەی خۆی دەکات و تەنیا و بەردەوام لەنێو ئەم شرۆڤەیەدا ئەکزیستێنس دەکات (existiert).

کەواتە دازایـن لای هایدگەر ئەو سەبژێکتە نییە کە لە ترادیسیۆنی فەلسەفەدا بیری لێکراوەتەوە، نەخێر، مەبەستی هایدگەر ڕوودەکاتە شیمانەی خۆپەرچاندن، ئەم خۆپەرچاندنەش پرسیارلێکراو و پرسیار لە بارەوە کراو و پرسیارکردن وەک یەکایەتییەک دیاری دەکات نەک لەنێو کاتیگۆریی (واتا بڕیاری) ئەبستراکت و گشتێنەردا بیانچەسپێنێت. ئێمە لەم جێ نێوەندییەدا بە پێشبینییەکی زۆر نائاسایی هایدگەر دەگەین. هەتا ئێستا هیچ گومانێک لەوە نەدەکرا کە مرۆڤ دەبوو لە توێژینەوەی فەلسەفەیی و زانستیدا بەڕوونی جیاوازی لەنێوان بابەت و مێتۆد و هیپۆتێزدا بکات، بەڵام ئێستا هایدگەر بە پێشنیارێکی سانا بۆ ئەوە، کە ئەم جۆرە تێگەیشتنە بناغەییە هەڵبوەشێنرێتەوە و لە جێگەیدا پەیوەندیی خۆپەرچیوی

پرسیارکەر و پرسیارلێکردن و پرسیار لەبارەوە کراو دابنرێت، تەحەدای ترادیسیۆنی فەلسەفە و بەمەش سەرجەم لۆگیک دەکات. ئەو تێکستانە کە تێیاندا «وەرچەرخان» دەردەکەوێت، پیشانی دەدەن کە چ مەعریفەیەک بەم پەیوەندییە خۆپەرچیوە شیاوی پێگەیشتنە، بەڵام هاوکات پیشانی دەدەن کە مرۆ دەبێت لە پێناوی گەیشتندا بەو مەعریفانە چ هەقێک بدات. هایدگەر لە موحازەرەی زەمێستەری هاوینەی ١٩٢٧دا («کێشە بناغەییەکانی فێنۆمێنۆلۆژی») بەرکولێکمان سەبارەت بەم کێشەیە پێدەدات. ئەو دەبێژێت: هۆی ئەوە کە لەبیرچوونەوە «نەک تەنیا لەبیرچووەوە، بەڵکو تەنانەت خودی لەبیرچوونەوەی لەبیردەچێتەوە»، دەگەڕێتەوە بۆ «کرۆکی ئێکستازیانەی لەبیرچوونەوە». ڕەخنەی هایدگەر لە ترادیسیۆنی فەلسەفە ئەوەیە، کە ئەو لە لایەک بوون و لە لایەکی دی پرسیار لەبارەی بوونی کردووە بە بوونەوەرێک، بە ئۆبژێکتێک، بەمەش لە خۆپەرچاندنی دەرکێشاون و دازاینی شتاندووە.

کەواتە بوون، دازاین و پرسیار لەبارەی بوون، حاڵەتێکی تایبەتییان هەیە و دەتوانین لەم حاڵەتە مەغزای بوون تێبگەین. «مەغزا بریتییە لە ئاڕاستەی (Das Woraufhin) پرۆژە کە بەڕێی مەبەست و ئاگاداری و بەشداریکردنەوە بونیادنراوە و لێوەی شتێک وەک شتێک شیاوی تێگەیشتن دەبێت». شرۆڤەی دازاین و تێگەیشتن هەرگیز تەواو نابن، ئەوان بەردەوام ئەنجام دەدرێن. گەر هایدگەر ئەمە ناوبنێت ئۆنتۆلۆژیی بناغەیی، ئەوا نابێت لە مەغزای بناغەڕشتنی کلاسیکیدا لێی تێبگەین. «بناغە» شیمانەیە (کە لە ڕوانگەی هایدگەر باڵاترە لە هەقیقەت) بۆ پرسیار لەبارەی مەغزای بوون. ئۆنتۆلۆژیی بناغەیی هەروەها پیشانی دەدات کە ئەو خۆی دەتوانێت و دەبێت ڕێنومایی بەشە زانستییە جیاوازەکان (ئۆنتۆلۆژییە دەڤەرییەکان) بکات. بەڵام هایدگەر دوای کۆتاییهێنان بە نووسینی «بوون و کات» واز لەم داواکارییەی فەلسەفە دەهێنێت.

دازاین نەک تەنیا توانستی تێگەیشتنی هەیە، ئەو خۆی تەنیا وەک تێگەیشتن شیاوی تێگەیشتنە. بێگومان ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت کە دازاین نەتوانێت ئەم جۆرەی بوون، کە لە ڕاستیدا سەرچاوەییە، پشتگوێ بخات یان تەنانەت ئاگامەندانە بیچێنێت، بەڵام گەر دازاین ئەم کارە بکات، ئەوسا جۆری بوونی خۆی لەبیردەچێتەوە، ئەوسا ئەو چیدی خودی خۆی نییە، بەڵکو بەربۆتەوە (verfallen). دازاین پێش هەموو شتێک ئاوەڵاییە بۆ بوون، کێشەی ئەو خودی بوونە. هایدگەر لە سێ ڕووەوە ئاوەڵایی دیاری دەکات: دۆخ و تێگەیشتن و قسە. دۆخ ئاماژەیە بۆ میزاجمەندی، بەڵام ڕووی میزاجمەندی نەکراوەتە ئەم یان ئەو موئایەشەیە، بەڵکو ڕووی کراوەتە شیمانە بۆ

ئەزموونکردنی سەرجەمێتیی لێرەبوونی خۆمان و شوێنەوارەکەمان. ئەو سەرەنجامە کە لە بەرانبەریەکدانانی «موئایەشە» (کە بۆ هایدگەری زاهید وشەیەکە بۆ دێکادێنس) و ئەزموون دەکەوێتەوە، ئەوەیە کە ئێمە لێرە مەبەستمانە. ئەزموون وشەیەکی دیکەیە بۆ ئەو یەکایەتییە کە لەنێوان ئاوەڵایی خۆپەرچیوی دازاین و بووندا هەیە. هایدگەر ئەمە بە نموونەی خایاندن (Langeweile / مەلەل) ڕووندەکاتەوە. ئێمە لە خایاندندا قێزمان لە ئەم یان لە ئەو نابێتەوە، بەڵکو لە سەرجەم.
دێکارت بە جیابوونەوەی شتی کشاو (ڕێس ئێکستێنزا) و شتی هزری و (ڕێس کۆگیتانس) ترادیسیۆنێکی چەند سەدساڵیی هێنایە گۆڕێ، بەڵام هایدگەر دەیەوێت بە هزری دازاین خۆی لەم جیابوونەوەیە بەدووربگرێت. دێکارت منی هزریوی وەک جەوهەر دیاری کرد و ناوی نا ڕێس کۆگیتانس (شتی هزریو). ئەم شتە هزریوە بەتەواوی لە دازاینی جەستەیی پەتی جیابۆتەوە و وەک ئەمەش ناشێت خاوەنی هیچ مۆرکێکی جەستەیی بێت، بەمەش لە سەرجەم شتە ئەستووییەکان، کە لەنێو لەشدا وەک شتێکی کشاو سەرهەڵدەدەن، جیابۆتەوە. بەمەش ئەستووی پەتی، وەک شتی کشاو، بەتەواوی لە شتی هزریو جیابۆتەوە. هایدگەر لە سەرەتای «بوون و کات»ەوە (پەرەگرافی ٨-١١) دژی پێشبینییەک دەوەستێتەوە کە بە بڕوای ئەو دەگەڕێتەوە بۆ دێکارت، ئەو پێشبینییەش داواکارییەکە بۆ دانانی سەبژێکت وەک بناغەی یان تەنانەت وەک سەنتەری فەلسەفە. بە دیدی هایدگەر کێ بەم چەشنە بەزرێت، ئەو کەسە بە هیچ شێوەیەک بە پرسیاری بوون و دازاین ناگات، چونکە ئەو ئۆنتییانە دەهزرێت. بەم تێڕوانینەی هایدگەر کێشەیەکی دی ڕووندەبێتەوە: ئەو وایدەبینێت کە لە ترادیسیۆنی فەلسەفەدا هەرگیز بەگونجاوی پرسیاری ڕاستی نەکراوە. لەم ترادیسیۆنەدا بنەمای لێوەدەرچوون (کە هەتا پارمێنیدێس بڕەکات و پاشان لێی دەدوێین) بریتی بوو لە جیابوونەوەی هزر و بوون، جیابوونەوەیەک کە بێگومان وەک گریمانە دانرابوو و پاشان سکۆلایستەکان هەوڵیان دا بە گریمانەی یەکگرتنەوەیەکی هۆش/زانین لەتەک شتەکان/بووندا پێکەوەی بگونجێننەوە (adaequatio intellectus ad rem).

هایدگەر لەدژی ئەمە هزرێک دادەنێت کە نەک تەنیا ڕەچاوی جیاوازیی نێوان بوون و بوونەوەر دەکات (بوون بوونەوەر نییە)، بەڵکو ئەم جیاوازییە هاوکات وەک یەکایەتی / ئیدێنتیتێ دادەنێت، چونکە پرسیار لەبارەی بوون پرسیار نییە لەبارەی بوونەوەر — پرسیارەکە سەر بە بوونە، پرسیارکردنێکی بوونە (genitivus objectivus / genitivus subjectivus). کە واتە ئەوە کە هایدگەر ناوی دەنێت «جیاوازیی

ئۆنتۆلۆژیانە» (Die ontologische Differenz)، بریتییە لە جیاوازیی بوون و بوونەوەر، بەڵام هاوکات بریتییە لە یەکایەتییان، بێگومان یەکایەتییەک کە هایدگەر وەک بزۆک دایناوە. ئەم یەکایەتییە شیاوی دیاریکردن یان پێناسەکردن نییە، بەڵکو لە ئاسۆ دەچێت: گەر مرۆ هەوڵ بدات لێی نزیک بکەوێتەوە، ئەو دوور دەکەوێتەوە. لێرەشدا ئەوە کە بۆ بوون چواندنی هەیە، بۆ دازاینیش هەیەتی «بێگومان دازاین لە ڕووی ئۆنتییەوە نەک تەنیا نزیکییە یان نزیکترینە، بەڵکو تەنانەت ئێمە خودی ئەوین. سەرەڕای ئەمە یان لەبەر ئەم هۆیە ئەو لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە دوورترینە». دوانەتیی دوورترین و نزیکترین، ئاشنا و نامۆ، بناغەیە بۆ ئەوە کە هایدگەر وەک جیاوازیی ئۆنتۆلۆژیانە دیاریی دەکات. هەموو هەوڵێک بۆ دیاریکردنی یان ئاشناکردنی تێگەییانەی ئەو جیاوازییە شکست دەهێنێت، چونکە ئەو هەوڵە هەمیشە تێگەییە. پاشان هایدگەر بە شرۆڤەی کۆنکرێتی فێنۆمێنۆلۆژیانە پیشانی دەدات کە پێویستە بە پێچەوانەی ترادیسیۆنەوە بیر لە ڕۆژانهێتی بکرێتەوە.

**زۆرگە، کراوەیی، ساما**

ئەوە کە ئێمە لە پێش خۆماندا دەیبینینەوە و لێرەیە بەبێئەوەی ڕەچاوی بکەین یان بەکارییبهێنێن (ئەم چەکوشە کە لەملا یان لەولا کەوتووە)، هەروەها بەردەستی، ئامراز (ئەم چەکشە) کە ئێمە لە ژێرزەمینەکە هێناومانە بۆ ئەوەی کاری پێبکەین، هەروا ئاسان لێرە نین، بەڵکو، وەک هایدگەر دەبێژێت، هەمیشە گرنگییەکیان (Bewandnis) هەیە: هەموو بابەتێک پێشئەزموونیانە (بە ئاپریۆری - و) لە هەبوونییەکەی تێپەڕدەکات، چونکە ئێمە هەمیشە لە سەرەتاوە لە جیهانی دەورمان تێگەیشتووین. گەرچی دازاین هەمیشە «هیخۆمییە»، بەڵام ئەم تێگەیشتنە هێشتا هەر لەلایەن منێکی دابڕاوی دێکارتییەوە ناهێنرێتە ئاراوە. دازاین «لە جەوهەرەوە لەتەکبوونە». بێگومان ئەم دیاریکردنە ئۆنتی نییە، مەبەستی لەوە نییە کە گوایە مرۆڤانی دیکە هەن. گەر مەبەستی هایدگەر ئەمە بووایە، ئەوسا دیاریکردنەکە بەڕاستی پووچ دەبوو. نەخێر، ئەم دیاریکردنە بە پێچەوانەوە مەغزایەکی ئەکزیستێنسیال-ئۆنتۆلۆژیانەی هەیە: نەشیاوە بەبێ ئەوانیدی بیر لە دازاین بکرێتەوە. تەنانەت لەو کاتەدا کە من بەتەنیام، ئەوا تەنیا لەبەر ئەو هۆیە کەسانی دی لەوێ نین، چونکە من لە کرۆکەوە «لەتەک-بوون»م. ئەوجا هایدگەر پەیوەندیی ئێمە بە شتە بێگیانەکانەوە، بە لەپێشدەستدا هەبوو و بەردەستییەوە، وەک بێزۆرگن (Besorgen) دیاری دەکات، بەڵام پەیوەندی بە ئەوانیدییەوە وەک فیورزۆرگە (Fürsorge)، و دازاین

وەک زۆرگە دیاری دەکات. واتای زۆرگە لای هایدگەر ئەوە نییە کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا لێیتێدەگەین، واتا وەک «هەبوونی خەم / مشوور بۆ ...» و بەتەنگەوەهاتن، نەخێر، «زۆرگە» جۆر و شێوازی بوونی کاتەکیمان پیشان دەدات. پێش ئەوەی رووبکەینە ئەم دیاریکردنە تایبەتمەندە، پێویستە ببینین کە هایدگەر بە ڕوونکردنەوەی پێشدەست هەبوو و بەردەستی و لەتەکبوون، لە ڕوانگەیەکی فەزاییەوە پێشبینیی دازاینی کردووە. مایەی سووڕمان نییە گەر لێرە کاریگەریی ئەو ڕوونکردنەوانە ببینین کە کانت سەبارەت بە لێڕوانین (Anschauung) ئەنجامی داون، ئاخر هایدگەر ساڵی ١٩٢٩ ئەم بابەتەی لە نووسینی «کانت و کێشەی مێتافیزیک»دا (واتا، وەک هایدگەر خۆی لە پێشگۆتندا بۆ چاپی یەکەم دەبێژێت، لە «یەکەم دارشتنی بەشی دووەمی (بڵاونەکراوەی) «بوون و کات»دا) بەفراوانی خستە بەر باس. کانت لە «رەخنەی ئاوەزی پەتی»دا فەزا و کات وەک فۆڕمی لێڕوانینی پەتی پێناسەدەکات. فەزا بریتییە لە فۆڕمی لێڕوانینی دەرەکی، کات بریتییە لە فۆڕمی لێڕوانینی ناخەکی. لای هایدگەر سەرەتا «لێرەکە» (das Da) لە حاڵەتی دازایندا ڕوودەکاتە لەنێو-جیهان-بوون-ی فەزایی. ئاخافتن لەبارەی لەنێو-جیهان-بوون یان لەبارەی لەنێو-بوون هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕەهەندەی هەیە کە «لەنێو»ەکە تەنیا تۆپۆگرافیانە دیاری نەکرێت. دازاین لەنێو جیهاندا نییە هاوشێوەی سەموون لەنێو زەرفدا. دازاین پەیوەندییەکی پەرچیوی (رێفلەکسیڤی) بە جیهانەوە هەیە، واتا «لەنێو»ەکە لە فەزایێتی تێپەڕدەکات. «بەڵام دازاین لەنێو جیهاندایە لە مەغزای مامەڵەی ئاشنا-. زۆرگەخۆر لەتەک بوونەوەری نێوجیهانییانە پێگەییودا». ئەم سیتاتە بە ئاماژەوە بۆ بێزۆرگن پیشانی دەدات کە کات، وەک فۆڕمی پەتیی لێڕوانین، بۆ هایدگەر زۆر لە فەزا گرنگترە. کات بۆ ئەو، هەروەها بۆ کانت، بریتییە لە «فۆڕمی سێنس ی ناخەکی»، واتا فۆڕمی «ڕوانین لە خۆمان و لە دۆخی ناخەکیمان». بەڕاستی مەسەلەکە بۆ هایدگەر بە چەشنێکە کە کات، وەک فۆڕمی سێنسی ناخەکی، نەک تەنیا بناغەییە بۆ دیمەنزیۆنی (دووریی- و) فەزاییانەی ئەزموونکردن، بەڵکو هەروەها پێکهاتەیەکی بناغەیی مەعریفەیە بەتەواوی. هایدگەر بەوەدا لەتەک کانتدا یەکدەگرێتەوە، کە ئەمیش هاوشێوەی کانت دەبێژێت: «کات پێشئەزموونیانە (بە ئاپریۆری — و) بریتییە لە مەرجی فۆرماڵی سەرجەم دیاردەکان».

ئێستا دەردەکەوێت کە واتای «لێرە»کە (das Da) ئەو پەیوەندییە تایبەتییەی دازاینە بە خۆی و جیهانەوە کە هایدگەر ناوی دەنێت ئاوەڵایی (Erschlossenheit). ئەو ئاوەڵاییە لە زۆرگەدا دەردەکەوێت، واتای زۆرگەش

بریتییە لە: «خۆ-لەسەرەتاوە-هەر-هەبێت-لەنێو (جیهاندا) وەک بوون-لەلا (ی بوونەوەری نێوجیهانییانە پێگەییودا)». پێکەوەدانانی «خۆ-لەسەرەتاوە»، کەواتە هێنی دەستپێشخەری (Vorgreifen)، هەروەها پێکەوەدانانی «هەر-هەبێت»، واتا «هەمیشە-هەر-هەبوو-بێت»، لەتەک ئامادەیی بەردەوامدا، گەرەکە پیشانی بدات کە دازاین لە سێ دوورییەکەی کاتدا: ڕابردوو و ئایندە و ئامادە، هاوکات و بەهەمانشێوە ئەکزیستێنس دەکات — دازاین زۆرگەی نییە، ئەو، وەک دەرپەڕینی ئەکزیستێنسیەل ڕووەو کات، بریتییە (ist) لە زۆرگە (...).

پێشتر بینیمان: «کاتێتی وەک مەغزای زۆرگەی خۆیی دەردەکەوێت»، هەروەها بینیمان: «یەکێتییە سەرچاوەییەکەی بونیادی زۆرگە خۆی لە کاتێتیدا دەبینێتەوە». بەڵام ئێمە ئێستا دەبینین، کە بۆچی هایدگەر دەتوانێت ببێژێت زۆرگە «بوون-ڕووەو-مـەرگ»ە. ئەو «کراوەییە تایبەتییەی دازاین» کە وەک دۆخ و تێگەیشتن و قسە (Rede) دەردەکەوێت، ڕوودەکاتە «سەرجەمێتیی سەرچاوەیی». ئەم سەرجەمێتییە لە سێ دوورییەکەی کاتدا شیاوی دەرکەوتنە. فاکتیسیتێ و فڕێدراوی پەیوەندی بە ڕابردووەوە دەکەن، بوون-ڕووەو-مەرگ پەیوەندی بە ئایندەوە دەکات، پرێزێنس (ئامادەیی)، واتا «لێرە»کە (das Da)، پەیوەندی بە هەنووکەوە دەکات. فاکتیسیتێ (فڕێدراوی) و ئەکزیستێنس (پرۆژە) دوو تەوەرەی درشتن و هەردووکیان مەرجی یەکترین. «لێرە»کە ئەو «نێوان»ـە زۆر جار جەختلێکراوەیە کە بناغە بە جیاوازی و یەکایەتییەکان دەدات.

ئاوەڵایی کە هاوکات ورەیە (Entschlossenheit)، شێوەیەکی جووڵێنەر وەردەگرێت، چونکە هایدگەر وەک بوون-ڕووەو-مەرگ لێیتێدەگات. ئەمە لە شێوەی «سام»دا (Angst) دەردەکەوێت. سام، جیاواز لە ترس (Furcht) کە بەڕێی شتێکی کۆنکرێتەوە دەهێنرێتە گۆڕێ، هیچ هاوبەندێکی ئەمپیریی نییە. ئێمە ساممان نییە، ئێمە بریتین لە سام، بێگومان گەر هاتوو ئێمە ئاوەڵا بین. ئێمە دەبێت ئەم سامە، واتا بوون-ڕووەو-مەرگ، قبووڵ بکەین. دازاینی خۆیی ورەیە بۆ قبووڵکردنی هیچ / نەبوون. بێگومان ئێمە بۆ نێو دازاین فڕێدراوین، بەڵام گەر دازاینمان بریتی بێت لە «ڕەوتبەستن ڕووەو مەرگ»، ئەوسا ئێمە هەروەها پرۆژەین. ئەم ڕەوتبەستنە باڵاترین شیمانەی ئازادبوونە. «دازاین شیمانەی ئازادبوونە بۆ خۆییترین شیمانەی بوون (für das eigenste Seinkönnen)». هەروەها ناشیمانە بۆ بوون هاوبەهایە بە شیمانە بۆ بوون. ڕەوتبەستن بۆ نێو مەرگ ئەزموونێکی سنوورییە / ئەوپەڕی نادیارە (Grenzerfahrung) لەتەک ئەم (نا)شیمانانەدا.

**«مرۆ» و ویژدان**

بێگومان مرۆڤ بەردەوام ئەزموونی سنووری ناکات. کەواتە هیچ شتێک ئاساییتر نییە لە هەوڵدان بۆ لابردنی باری ئەو ئەزموونە لەسەر خودی خۆ. هایدگەر بۆ خۆبەدوورگرتن لەم ئەزموونە سنوورییە، فۆرمولەکردنێکی شایانی سەرنج دەدۆزێتەوە: «دازاین لەنێو خۆیەوە بۆ نێو خۆی بەردەبێتەوە، بۆ نێو بێزەمینەیی و هیچێتی ی ڕۆژانەی ناخۆیی».

هایدگەر بە جێناوی «ناخۆیی» لە پەرەگرافەکانی ٣٥-٣٨ی «بوون و کات»دا هەموو شێوەکانی بەربوونەوە (Verfall)ی خۆیی، وەک چەقەچەق، فزوولییەت و دوواتایی، پیشاندەدات. بەربوونەوە (Absturz) بۆ نێو بێزەمینەیی بوونی ناخۆیی لە «مان» («مـرۆ»)ی بەناوبانگدا دەردەکەوێت. بەرێی «مرۆ»وە جارێکی دی ڕوون دەبێتەوە: هایدگەر سەرجەم فەلسەفە ترادیسیۆنییەکان کە مرۆڤ (سەبژێکت) وەک سەنتەر دادەنێن و لێرەشدا لە فێنۆمێنی دەروونییەوە (دۆخی دەروونــی، موئایەشە) دەردەچن یان ئاخافتنی دیسکورزیڤ و لۆگیک وەک پێور دادەنێن، بە هەوڵی سەرنەگرتوو دەزانێت. لە ڕوانگەی هایدگەر فێنۆمێنی «مرۆ» بەڵگەیەکی نەشیاوی هەڵوەشاندنەوەیە بۆ ئەو تێڕوانینە کە دۆخی ئەمرۆ وەک سەرجەم هیچی دیکە نییە جگە لە فۆڕمیکی بەربوونەوە. ئەم دیاریکردنە تەنیا کولتووری-ڕەخنەیی نییە، بەڵکو هەروەها پالەپێزێکی سیستەماتیکییە. «مرۆ» فیگورێکی خەوشداری دازاینە. دازاین بریتییە لەو بوونە تایبەتییە کە پرسیار لەبارەی مەغزای بوون دەکات. دازاین هاوکات ئەوەیە کە پرسیار دەکات و هەروەها پرسیار لەبارەی دەکرێت. بەڵام «مرۆ» بە پێچەوانەوە پرسیار ناکات، ئەو قایلە بە وەڵام، بە چەقەچەق. «مرۆ»، بە پێچەوانەی بزووتنی بەردەوامی پرسیارکردنەوە (کە کاتەکی و هیستۆریانەیە)، وشکەهلهاتووە. بەڵام کاتێک ئێمە هایدگەر دەخوێنینەوە، نابێت بە ئاخافتنی ئەو لە «مرۆ» بەسەهوودا بچین و بیر لە جەماوەری سەرجادەکان بکەینەوە. «مرۆ» ئەو دازاینەیە کە خۆپەرچیوییەکەی خۆی لەدەست داوە، ئەو بریتییە لە «غوربەت» بە ئێمەوە و لەنێو ئێمەدا.

تێڕوانینی هایدگەر سەبارەت بە هەبوونی «مرۆ» تێڕوانینێکی قەدەریی نییە. هایدگەر بە لۆگیکە تایبەتمەندەکەی دەبێژێت کە بەتایبەتی لە بەربوونەوەدا (Zerfall) شیمانە بۆ پێچەوانەکەی دیاردەدات. ئاخر بڕیارەکانمان زۆر هەڵەن. ئێمە دەبێت جیهان و مەئریفەکانمان لەسەر سەرەوە هەڵبگێڕینەوە بۆ سەر پێ، یان ئەوە کە ناخەکیترینە، ئاڕاستەی دەرەوەی بکەین بۆ ئەوەی ڕاستی ببینین. تەواو ئاشکرایە

که هایدگەر دۆخی سیاسی و کولتووری (و فەلسەفەیی) ی سەردەمەکەی بە گەندەڵ دادەنا. بەڵام هیچ چاکسازییەک لەدژی گەندەڵیی هەمەکییانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکان یارمەتیمان نادات، تاکە یارمەتیدەرێک کە هەبێت، شۆڕشە. دەتوانین ببێژین کە هایدگەر هەوڵ دەدات ئەم شۆڕشە لە «بوون و کات»دا بەبێ هیچ حوکمێکی مۆرالی یان بەبێ دیاریکردنێکی نێگەتیڤ ئەنجام بدات، هەروەها ئەو تێبینییەش ڕاستە، کە کاتێک ئەو هەوڵ دەدات خۆی لە دەنگێکی گەڤکەری مۆرالی بەدووبگرێت، هێندە جێی متمانە نییە، بۆیە دەتوانین لە «بانگی ویژدان»ـهکەی هایدگەردا هەروەها بانگەوازێک ببیستین کە لە وەسفکردنی (دێسکریپسیۆنی — و) پەتی تێپەڕدەکات. هایدگەر لە «بانگی ویژدان»دا لێهزرینەکانی پێشینی کۆدەکاتەوە. بە تێڕوانینی هایدگەر ویژدان وا دەکات کە ئێمە لە «شتێک» تێبگەین. ویژدان ئاوەڵاکەرە. کاتێک ویژدان بانگ دەکات، ئیتر بەو بانگکردنە (دازاین — و) ئاوەڵا دەکات. ئەوە خودی دازاینە کە بانگ دەکرێت — ئەو بانگ دەکرێت بۆ توانستی خۆییترین خودبوون و خۆییترین خەتابار گوناهباربوون. بەم پێیە ویژدان، بە هەمانشێوەی دازاین، خۆپەرچیوە. هایدگەر دەبێژێت: «دازاین لەنێو ویژداندا بانگی خۆی دەکات». ئێمە دەتوانین ئەو دەرەنجامە دەربکێشین، کە دازاین ویژدان نییە، بەڵکو بریتییە (ist) لە ویژدان، بەڵام ئەو تەنیا کاتێک ویژدانە، گەر ئەو ئاوەڵابێت، ئەمەش، لە ڕووی کاتەکییەوە، ئەو واتایە دەگەیەنێت کە دازاین «بوونـ ڕووەوـ مەرگ»ە. بێگومان بانگی ویژدان شتێک نییە و مرۆڤ بە کەیفی خۆی خاوەنی بێت. ئاشکرایە کە ئەو بانگە «لەنێو منەوە» دێت، بەڵام هەروەها «بەسەر مندا» دێت. لێرەدا دەردەکەوێت کە شرۆڤەکەی هایدگەر لە نێوان ئۆتۆنۆمییەکی ڕێژەیی و لەدەسەڵاتخستنی (لەسەنتەردەرهێنانی) دازایدا ئەمسەر و ئەوسەر دەکات — (لەنێو مندا) بانگ دێت (Es" ruft in mir"). هایدگەر تێبینی دەدات کە «بانگ بە شێوازی مەترسیی بێدەنگبوون دەدوێت»، بەڵام ئەو هاوکات بەم تێبینییەوە ڕەتکردنەوەی پێشبینییەک دەلکێنێت: گوایە ویژدان ڕێنماییەکی کۆنکرێت بۆ نواندنی کردار ڕابگەیەنێت. بانگی ویژدان ڕوو دەکاتە بوونـ ڕووەوـ مەرگی خۆیی (authentisch ) وەک سەرجەم و بەمەش ڕوودەکاتە سام کە بریتییە لە سەرچاوەییترین کراوەیی هیچ.

## کات و کاتێتی

دەتوانین ببێژین، کە بانگی ویژدان بۆ ئەو «نێوان»ـە بانگمان دەکات کە پێویستە وەک نێوانی فاکتیسیتێ و پرۆژە، بوون و بوونەوەر، لێیتێبگەین — بانگمان دەکات

بۆ نێو جیاوازیی ئۆنتۆلۆژیانه. ئەم «نێوان»ـە هاوکات یەکایەتی و جیاوازیی ئەو «تەوەر»انەیە کە ئێستا ناوبران. ئەم جیاوازییە، ئەم «نێوان»ە، لە «بوون و کات»دا بریتییە لە شوێن (Ort) و کاتی پرسیار سەبارەت بە مەغزای بوون، لێرەشدا ئەم جیاوازییە خۆپەرچیوە بەدوورگیراوە لە وشکهەڵهاتنێکی هەڕەشەکەر، چونکە گرنگ پرسیارکردنە نەک وەڵامی شیاو کە شتێکی چەسپیو وەک ڕەسەن و ڕاست بسەپێنێت. بێگومان «نێوان»ـەکە تەنیا شێوەکییانە (فۆرمال / ×وری) لە واتای باودا دیاریکراوە، بەمەشەوە دیاریکردنێکی ژێرینەیی ئامادە، واتا دیاریکردنی ئێستا، وەک سنووری نێوان فاکتیسیتێ (فڕێدراوی) و پرۆژە لە پەیوەندیدایە. هایدگەر ئەمەی لە ئەرستۆتێلیس وەرگرتووە. ئەو لە موحازەرە ناوبراوەکەی زەمێستەری هاوینەی ١٩٢٧دا کە بەناونیشانی «کێشە بناغەییەکانی فێنۆمێنۆلۆژی» خوێندییەوە، بەفراوانی لەتەک تێڕوانینی ئەرستۆتێلیسدا بۆ کات خەریک دەبێت. ئەرستۆتێلیس پێناسەی کات دەکات وەک سنووری نێوان ڕابوردوو و ئاینده. لایەنی هاوبەشی ئێستا لەتەک ڕابووردوودا کە چیدی نەماوە، هەروەها لەتەک ئایندەدا کە هێشتا نییە، ئەوەیە کە ئەویش وەک ئەوان نییە. ئاخر لەو ساتەدا کە ڕوودەکرێتە ئێستا، ئەو چیدی نەماوە. ڕەخنەی هایدگەر لە ئەرستۆتێلیس ئەوەیە کە گوایە ئەو بەم تێڕوانینەی بۆ کات لە تێگەیشتنی ڕۆژانەی کات تێپەڕناکات. خۆخەریککردنەوەی هایدگەر بە ئەرستۆتێلیسەوە هاوکات هەڵوەشاندنەوەی ((دیـ(کۆنـ)ستروکسیۆنی)) تیۆرییەکەی ئەوە. هایدگەر فەلسەفەی کاتی ئەرستۆتێلیس بەوە تیژ دەکاتەوە کە ئەو لەدژی «کات»، «کاتێتی» (Zeitlichkeit) دەهێنێتە نێوانەوە.

ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبێژین: «ئێستا»، بەڵام، لە ڕوانگەی هایدگەر، گەر ئێمە خۆمان بەپەرچیوی دەرببڕین، ئەوسا دەبێژین: «ئێستا کات هاتووە بۆ ...»، «ئێستا جارێ کات ماوە بۆ ئەوەی ...». ئێمە لێرەدا ڕوومان نەکردۆتە ئێستاکە، «بەڵکو ڕوومان لەوە کردووە کە بۆچی و لەبەرچی ئێستا (هێشتا — و) کات ماوە / هەیە» (ist) ڕابوردوو («هێشتنەوە»)، ئاینده («بەرەوڕووبۆوەیی« das Gewärtigen) و هەنووکە («ئامادەیاندن» das Gegenwärtigen)، کە هایدگەر بە پێچەوانەی ئێستای ڕۆژانەوە ناویان دەنێت «سات»، دەبن بە دیاریکەری واتای جیهان یان کاتی جیهانی (Weltzeit). کاتێتی کات دیاریدەکات. ئەوجا هایدگەر هەنگاوێکی دی بە ئاڕاستەی هەڵوەشاندنەوەی (دێکۆنستروکسیۆنی) هزری ترادیسیۆنیانەی کات دەنێت: ئەو پیشانی دەدات کە سێ «دوورییەکەی کات» دابڕاو لەیەک بیرناکرێنەوە و ئەزموون ناکرێن، بەڵکو لەنێویەکتریدان. هەر دوورییەکیان

ئاماژە بۆ دوانەکەی دی دەدات، بەنێو ئەواندا زیتبۆتەوە — ئێک-ستازییە، وەک چۆن هایدگەر ناوی دەنێت. ئەم ئێکستازە تەنیا تاکە دوورییەکان ناگرێتەوە، بەڵگو هەروەها، بەگوێرەی لۆگیکی خۆپەرچیوی هایدگەر، خودی کاتێتی دەگرێتەوە.

«کات وەک ئاینده و هەبوویی و هەنووکە بۆ نێو خۆی کشاوەتەوە. ئێمە ئەم کارەکتەرەی کشانەوە (Entrückung) بە شێوەیەکی فێنۆمێنۆلۆژیانە ناودەنێین کارەکتەری ئێکستازیانەی کات».

کەواتە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە نەک تەنیا دازاین، بەڵکو هەروەها کاتیش ئێکستازییە، ئەوجا هایدگەر جەخت دەکات کە ئەم ئێکستازێتییە شێوەیەکی هەژان نییە، بەڵکو ئاماژە بۆ ئەکزیستێنسی دازاین، بۆ یەکێتیی سەرچاوەیی سێ دوورییەکەی کات دەدات — بەڵێ مەرجی پێکهاتەی بوونی دازاینە. ئێکستازێتیی کاتێتی هیچی دیکە نییە جگە لە مەرج بۆ شیمانەی ترانسێندێنسی دازاین. کەواتە ئێمە دەبینین، موحازەرەکەی زەمێستەری هاوینەی ١٩٢٧ کە تەوەری سێیەمی بەشی یەکەمی «بوون و کات» پێکدەهێنێت، پاساوێک بۆ ئەو فەزلەی کات بەسەر بووندا لەخۆ دەگرێت کە هایدگەر جەختی لێدەکات.

دیاریکردنی کاتێتی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسیار سەبارەت بە پەیوەندیی بوون و بوونەوەر، سەبارەت بە جیاوازیی ئۆنتۆلۆژیانە. هایدگەر ماوەیەکی کورت دوای بڵاوبوونەوەی «بوون و کات» دەگات بەو تێڕوانینە کە ئەو جیاوازیی ئۆنتۆلۆژیانەی یان ئەم «نێوان»ـەی تا ڕادەیەکی زۆر بە کاتیگۆرییە گەیەنراوەکانی ترادیسیۆنی فەلسەفە هزراندووە. هایدگەر بەدووی ئەمەدا بزووتنێک بە جیاوازیی ئۆنتۆلۆژیانە دەدات و بەم ڕێیەشەوە فەلسەفەکەی خۆی، کە دوای «وەرچەرخان» (Die Kehre) ناوی دەنێت «هزرین»، وەک شۆڕشی بەردەوام دەفۆڕمینێت.

هێنانی بانگی ویژدان بۆ بەر باس دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارە کە داخۆ ئێمە بەڕاستی گوناهباری هیچبوونی خۆمان بین. ئایا ئەمە چ واتایەک دەگەیەنێت؟ ئایا ئێمە بەڕاستی گوناهبارین چونکە ئێمە تەسلیمی مەرگ کراوین؟ بێگومان دەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بدەین، مەبەستی هایدگەر ئەوە نییە کە گوایە ئێمە بەهۆی بمریمانەوە گوناهبارین، بەڵکو ئێمە گوناهبارین لەبەر ئەوەی ئاگامەندانە «بوون-ڕووەو-مەرگ» قبووڵ ناکەین. بەڵام ئایا دەشێت ئەم گرنگی پێنەدانە هەمان واتای ئەو گوناهبارییەی هەبێت کە ئێمە وەک باوە لێیدەدوێین؟ ئایا ئەرکی دازاین ئەوەیە کە بەردەوامییەکی نەبڕاوە بە «بوون-ڕووەو-مەرگ» بدات، ئەمەش وەک خۆپەرچاندنی میزاجی؟ ئەم پرسیارە زۆر لەمەش گرنگترە، چونکە ئێمە ناتوانین دازاین بە هەر

فۆڕمیکی سەبژێکتیڤێتی هاوتا بکەین. هەر دەربڕینێکی هایدگەر لەبارەی دازاین بگرین، ئەو دەربڕینە هیچی دیکە نییە جگە لە «پشاندانی فۆرمالی» پرسیار لەبارەی مەغزای بوون. بەڵام ئایا پرسیارکردنێک، کە نە پرسیارکردنی سەبژێکتێکە و نە پرسیارکردنە لەبارەی شتێکی کۆنکرێت، بەڵکو پرسیارکردنە لەبارەی خۆییترین شیمانە، دەکەوێتە ژێر نرخاندنی گوناهبار/بێگوناهەوە؟

هایدگەر، هاوشێوەی ئەو هزرمەندانە کە لە بۆگەنبوونی ڕیشەیی پەیوەندییەکانەوە دەردەچن، لە بەردەم کێشەیەکدایە: ئەو ناچارە ڕوونی بکاتەوە، کە چۆن هەقیقەتی ڕەسەن، واتا هەقیقەتی خۆیی، بریتییە لە بناغەی فۆڕمی بەربوونەوە یان ناخۆیەتی. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، چۆن کەسێک کە لەنێو «ناڕاستی»دا دەژی، دەتوانێت بەو ئیدێیە بگات کە ئەو لەنێو ناڕاستیدا دەژی؟ ئاخر ژیان لەنێو «ناڕاستی»دا ڕێ لە مرۆڤ دەگرێت بە کوێربوونی خۆی بزانێت. هایدگەر پابەند بەم کێشەیەوە دەبێژێت، کێشەکە شیاوی چارەسەرکردن دەبێت، گەر ئێمە وەک ترادیسیۆن لە «من-سەبژێکتێک»ی دابڕاوەوە دەرنەچین، بەڵکو لە دیاریکردنی «لەنێو-جیهان-بوون»ـەوە. گەر ئێمە ئەمە بکەین، وەک هایدگەر دەبێژێت، ئەوسا فێنۆمێنی بەربوونەوە «توخمیترین بەڵگەیە بۆ ئێکزیستێنسیالێتیی دازاین».

گەر ئەمە بهێنینە پێش چاومان، ئەوسا باشتر تێدەگەین کە بۆچی هایدگەر وەسفکردنی دازاین ناودەنێت «ئۆنتۆلۆژیی بناغەیی». کێشەی هایدگەر بریتی نییە لە ڕوویەکی ئۆنتیانەی (ئەمپیریی — و) بوونی ئێمە، بەڵکو کێشەی هایدگەر ئەو بوونەیە کە لەبارەی «خۆیەتی»، لەبارەی مەغزای بوون، دەپرسێت. بێگومان تەنیا لە ئاسۆی کاتدا دەشێت پرسیار لەبارەی ئەم مەغزایە بکرێت، لێرەشدا دەبێت بەئاگابین لەوە کە ڕابوردوو و ئامادە و ئایندە کاتیگۆریی شرۆڤەیی نین. کاتێک دازاین ئاوەڵایی و ورە (Entschlossenheit) ڕیالیزە دەکات، ئەوا لێرەدا خۆی وەک بوون-ڕووەو-مەرگ دەکات بە پرۆژە. جگە لەمە واژەی «ئۆنتۆلۆژیانە» ئەو واتایە دەگەیەنێت کە مەسەلەکە لێرەدا بریتی نییە لە ڕوویەکی پسیکۆلۆژیانەی یان ئەمپیریی دازاین، بەڵکو ئەوەیە کە هایدگەر ناوی دەنێت «پیشاندانی فۆرمال»ی دازاین. فۆرمال و ترانسێندێنت هاوواتان. زۆر جار ئەم هەقیقەتە لە ڕێسەپسیۆنی (وەرگرتنی) هایدگەردا ڕەچاونەکراوە، ئەمەش سەرەنجامێکی ئەوتۆی لێکەوتۆتەوە کە «بوون و کات» بە شێوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە و پسیکۆلۆژیانە وەرگیراوە نەک بە شێوەیەکی ئۆنتۆلۆژیانە. هایدگەر بە شێوەیەک وەسفی دازاین، خۆیەتی، ناخۆیەتی و تێگەیشتن، دەکات کە دەتوانین لێوەی دەرک بە بوونیادێکی خولگەیی بکەین — هایدگەر خۆیشی

ئەمە دەبینێت، بەڵام ئەو بە ئاماژەدان بۆ دانوستاندنی ئەم کێشەیە لە هێرمینیۆتیکدا دەبێژێت:

«ئەوە گرنگ نییە کە لە خولگەکە بێینە دەرەوە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە بە شێوازێکی گونجاو بچینە نێویەوە».

ئەم دەربڕینە دەشێت ببێت بە زامنێک بۆ ئەو تانووتە کە لە هایدگەر دەدرێت: ئەو گوایە لۆگیک ڕەتدەکاتەوە. ئەم تێڕوانینە ڕەخنەییە بەهێزتر دەبێت، گەر بڕوانین کە هایدگەر تەنانەت لە «بوون و کات»دا پیشانی دەدات، کە ئەو لە گۆتەی دژبێژ ناسلەمێتەوە. ئەو بۆ نموونە دەبێژێت: «لەبەر ئەوەی دازاین لە کرۆکەوە بەربوونەوەیە، ئەوا ئەو، بەگوێرەی پێکهاتەی بوونی، لەنێو «ناڕاستی»دایە». بەڵام هایدگەر هەروەها دەبێژێت: «دازاین لەنێو ڕاستیدایە». بۆیە پرسیارێک سەبارەت بە ئیشەکەی هایدگەر، بەتایبەتی سەبارەت بە ئیشەکەی کۆتایی، هێشتا هەنووکەییە: ئایا لە وەسفکردنی دۆخێکدا کە بەڕێی هێزی دژبەرەوە هێنراوەتە گۆڕێ، ڕێ بە دژبێژیی لۆگیکی دەدرێت یان دەبێت وەسفکردنەکە بە پێورەکانی لۆگیکی دووبەهایی بگونجێت؟

ئۆنتۆلۆژێتی بریتییە لە ئاپریۆرییەک. تەنیا لەبەر ئەوەی شتێکی وەک بوون هەیە، ئەوا دەتوانین بوونەوەر وەک خودی خۆی دەرکپێبکەین و بیهزرێنین. بەڵام کارەکتەری دینامیکییانەی هزرین لەوەوە دەکەوێتەوە، کە ئێمە تێدەگەین، بوون و بوونەوەر لە لایەنی خۆیانەوە سەرچاوەیی نین، بەڵکو، وەک هایدگەر دەبێژێت، ئەوان لە جیاوازیی ئۆنتۆلۆژیانەوە، واتا لە جیاوازیی بوون و بوونەوەرەوە، هەڵدەقوڵێن. ئێمە پاشان جیاوازیی ئۆنتۆلۆژیانە، کە بە «وەرچەرخان» واتای تەواوەتیی خۆی ئاوەڵا دەکات، بە فراوانی دەهێنینە بەر باس. بەڵام لەم پەیوەندییەی ئێرەدا ئەوەندە بەسە بزانین، کە هایدگەر لە تەوەرەی بەڕوونی پێناسەکراوەوە لە جیاوازی ناهزرێت، بەڵکو لە جیاوازییەوە لە تەوەرەکانی بوون و بوونەوەر دەهزرێت، لێرەشدا دەبێت لەوە بەئاگابین کە ئۆنتۆلۆژێتی فەزلی بەسەر ئۆنتێتیدا هەیە. بەڵام هەڵە دەبێت گەر جەوهەرگەرایانە بیر لە ئۆنتۆلۆژێتی بکەینەوە. ئۆنتۆلۆژێتی وەک شتێک کە بەرپرسە لە کرانەوە، لە ئاوەڵاکردن، نابێت سنوری بۆ دابنرێت یان پێناسە بکرێت، بەڵێ، تەنانەت زۆر جار لەوە دەچێت کە هەروەک بوون و جیاوازیی ئۆنتۆلۆژیانە لە یەک جیانەکرێنەوە.

بۆ هایدگەر «جیاوازیی ئۆنتۆلۆژیانە» تێگەیەکی بناغەییە، ئەمەش لەو مەغزایەدا کە ئەو لەو موحازەرەکەی زەمێستەری هاوینەی ١٩٤١دا («تێگەی بناغەیی») ڕوونی دەکاتەوە. تێگە بناغەییەکان، بەگوێرەی ئەم موحازەرەیە، بریتی نین لە

ئەبستراکتەکانی وەک «دەوڵەت»، «ماف»، «مرۆڤ»، بەڵکو پێویستە بەو تێگانە لە «بناغە» تێبگەین، بیگرین (greifen)، ڕاگیری بکەین (fassen)، بەڵێ پێیبگەین، یان سەرەتا تەنیا خورپەیەکمان بۆی هەبێت. «تێگەیشتن لە بناغە» ئەو واتایە ناگەیەنێت کە ئێمە لە شتێکی بە خۆمان دەرەکی تێبگەین، بەڵکو ئەو واتایە دەگەیەنێت کە ئێمە «لە پەیوەندیدا بە «بناغە»ی سەرجەم شتەکان بگەین». هایدگەر لە دیاریکردنی «بناغە»دا هەموو پێشبینییەکی بناغە وەک هۆکار یان وەک شتێکی شیاوی پێشبینیکردن ڕەتدەکاتەوە. کەواتە «بناغە» نەک تەنیا شتێکە کە ئێمە لێی تێدەگەین و دەیگرین، بەڵکو هەروەها وەک شتێک شیاوی تێگەیشتنە کە «ئێمە دەخاتە نێو کرۆکی خۆیەوە». کەواتە مەسەلەکە شتێکە کە هاوکات شتێکی جیاوازە لە ئێمە و «سەرەڕای ئەمە سەروەرە بەسەر کرۆکماندا». ئەم لایەنە، کە لە خۆیدا نەسازە، هەروەها تێگە بناغەییەکەی جیاوازیی ئۆنتۆلۆژیانە دیاریدەکات. ئەمیش، وەک چۆن پاشان بەفراوانی پیشانی دەدەم، شتێکە کە هاوکات «لە دەرەوە»ی ئێمە و «لەنێو» ئێمەدایە. جگە لەمە ئێمە «لەنێو» ئەوداین. هایدگەر بەم دیاریکردنانە هەوڵ دەدات شۆڕشگێڕێتی بدات بە دیاریکردنە باوەکانی تێگەی فەزا و کات، بە تێگەیشتنمان بۆ زانین و ڕاستی، هەروەها بە پەیوەندییە تڕادیسیۆنییەکەی تیۆریی و پراکسیس.

٢- ...

## ٣- مێتافیزیک. ئایا ئەمە چییە؟

بە دیدی هایدگەر پرسیار لەبارەی مێتافیزیک مەسەلەی پێناسە نییە، بەڵکو پرسیارێکی نێوەندییە سەبارەت بە شیمانەی یان ناشیمانەی خۆتێگەیشتمان لە فەلسەفەدا، یان باشتر بڵێین: لە هزردا. ژمارەکی زۆر تێکستی هایدگەر پیشانی دەدەن کە ئەم پرسیارە ماوەیەکی درێژخایەن کاریگەریی لەسەر هزری ئەو هەبووە. سەرەتای کاریگەریی ئەم پرسیارە نووسینێکی هایدگەرە لەبارەی بڕگەی شەشەمی شێماتیزم لە «ڕەخنەی ئاوەزی پەتی»دا (A١٣٧ / B١٧٦ ff.). ئەم نووسینە دەبوو بەگوێرەی پلانی هایدگەر تەوەرێکی «بوون و کات» پێکبهێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا نەیخستە نێو نووسینەکەوە، بەڵکو درەنگتر لە فۆڕمی کتێبدا بەناونیشانی «کانت و کێشەی مێتافیزیک» بڵاویکردەوە. بەدووی ئەمەدا ئەو موحازەرەیە دێت کە هایدگەر ١٩٢٩/٧/٢٤ پاش دامەزراندنی لە زانکۆی فرایبورگ بەناونیشانی «مێتافیزیک چییە؟» پێشکەشی کرد. پاشان هایدگەر ساڵی ١٩٤٩ «ڕێبەری»یەکی خستە سەر ئەم موحازەرەیە و تێیدا تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە مێتافیزیک، بەمەش سەبارەت

به فەلسەفە، دەردەبڕێت: فەلسەفە هەر لە سەرەتاوە ئامانجی خۆی نەهەنگێوتووە و هەتا ئەمڕۆ بەمەی نەزانیوە. هایدگەر بەم تێڕوانینە تێزێک دادەنێت کە بۆ فەلسەفەی ئەکادیمییانە فەزیحە بوو: «لەنێو بوونی بوونەوەردا هیچاندنی هیچ ڕوودەدات». هایدگەر سەرجەم ترادیسیۆنی فەلسەفەی بە شێوەیەکی نێگەتیڤ دەنرخاند و هاوکات بەهایەکی کەمی بۆ لۆگیک دادەنا، ئەمەش پێکەوە لەتەک تووڕەبووندا لە ڕابوردووی نازیانەی ئەو وایکرد کە ماوەیەکی کورت پاش تێکشکانی ڕژێمی نازی داواکارییەک بەرزبکرێتەوە: هایدگەر گەرەکە فڕێ بدرێتە دەرەوەی فەلسەفە.
هایدگەر لە موحازەرەی «ڕێبەرییەک بۆ مێتافیزیک»دا کە زەمێستەری هاوینەی ١٩٣٥ خوێندییەوە و ساڵی ١٩٥٣ بڵاوکرایەوە، پرسیارکردنی خۆی لەبارەی مێتافیزیک بەفراوانی ڕووندەکاتەوە و بناغە دەڕێژێت. هایدگەر لەنێوان ١٩٣٦ و ١٩٤٦دا بە کێشەی «گەورەترین گەمژەیەتی»ی خۆیەوە (وەک خۆی دەیگۆت) خەریک بوو، ئەم گەمژەیەتییەش بریتی بوو لە ئەنگاژمۆکەی بۆ ناسیۆنالسۆسیالیزم، ئەو تا ڕادەیەک لەم ماوەیەدا پابەند بە کێشەی ئەم ئەنگاژمۆیە و هاوکات لەگەڵ دانانی ستراتیژییەکدا بۆ ئەوەی مۆنۆپۆڵی نازییەکان لە ڕاڤەکردنی هوێلدەرلین و نیتچەدا لەق بکات، تێکستی جیاواز کۆدەکاتەوە کە بەناونیشانی «کۆتاییهێنان بە مێتافیزیک» لە کتێبی «Vortäge und Aufsätze»دا بڵاوکراونەتەوە. هایدگەر هاوکات خۆی لەتەک «بەسەر سنووردا»ی ئێرنست یونگەر خەریک دەکات و ساڵی ١٩٥٨ ئەم ئیشەی بەناونیشانی «سەبارەت بە پرسیاری بوون» بڵاودەکاتەوە. ئەو ساڵی ١٩٦٢ سەرلەنوێ بە نووسینی «تێزەکەی کانت لەبارەی بوون» ڕوودەکاتەوە ئەم کێشەیە.

**کانت و کێشەی مێتافیزیک**

یەکەم تەوەری بەشێکی دووەم لە «بوون و کات»دا کە هایدگەر پلانی بۆ دانابوو و بڵاونەکرایەوە، گەرەک بوو ئەم ناونیشانەی هەبێت: «تیۆریی شێماتزیم و کات لای کانت وەک پلەی سەرەتایی کێشەی تێمپۆرالێتی». هایدگەر لە موحازەرەیەکی زەمێستەری زستانەی ١٩٢٥/٢٦ و لە کۆرسە زانکۆییەکانی دافۆسدا کە ئەو لە ساڵی ١٩٢٩ لەتەک ئێرنس کاسیرەردا دانوستاندنی کرد، پرۆژەیەکی بۆ ڕاڤەی کانت دانا. ئەم ڕاڤەیە نەک تەنیا دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی بەڕوونی ڕەخنەکەی ئەو لە ئۆنتۆلۆژیی ترادیسیۆنی ببینین، بەڵکو هاوکات بڕوای ئەو بە زەرورەی مێتافیزیک پیشان دەدات. ئەم تێکستە هەمان ساڵ وەک کتێب بەناونیشانی «کانت و کێشەی مێتافیزیک» بڵاوکرایەوە.

بێگومان ناونیشانی ئەو تەوەرە کە دەبوو بەگوێرەی پلانی هایدگەر لە «بوون و کات»دا بڵاوبکرێتەوە، خرایە نێو کتێبەکەوە، بەڵام ئەم کارە بەدەگمەن پرسیار دەخاتەوە. خودی تێکستەکە لە بنەڕەتدا ڕاڤەیەکی تەوەری شێماتیزمە لە «رەخنەی ئاوەزی پەتی»دا. بەڵام تێکستەکە وەک کتێب و بەناونیشانی «کانت و کێشەی مێتافیزیک» زۆر لەوە تێپەڕدەکات و تەنیا لە ناونیشانەکەیەوە ڕیزێک پرسیار دەخاتەوە. ئایا مەبەستی هایدگەر لە «کێشەی مێتافیزیک» چییە؟ ئایا مێتافیزیک کێشەی هەیە یان خۆی کێشەیە؟ ئەوجا: ئایا ئەم کێشەیە چییە و بۆ کێ کێشەیە؟

یەکەم کێشە کە هایدگەر لەتەک مێتافیزیکدا هەیەتی، بەئاسانی فۆرمولە دەکرێت. مێتافیزیک لە سەرەتاوە، واتا لەکاتی هێراکلیتێس و پارمێنیدێسەوە، هەمیشە وای ڕاگەیاندووە کە گوایە بوون دەهزرێنێت، کەچی لەبریی ئەوە تەنیا لەبارەی بوونەوەر دەدوێت. کەواتە مێژووی مێتافیزیک مێژووی نەهەنگاوتنی پرسیاری بوون و ڕاستییە. کێشەیەکی دیکە پرسیاری دوایەکێتیی بوونە کە هایدگەر لە کۆتایی کتێبەکەدا وەک پرسیاری ئەنترۆپۆلۆژی پێوەی خەریک دەبێت. هایدگەر سەرەتا هزری خۆی وەک بەشێکی فەلسەفە دەبینێت، فەلسەفەش تەنیا مێژووی فەلسەفە نییە، بەڵکو هەروەها فەلسەفەی مێژووە. بەڵام هزری هایدگەر نەک تەنیا بەشێکی مێژووی فەلسەفەیە، بەڵکو هەروەها هەوڵێکە بۆ کۆتاییهێنان بەم مێژووە. بێگومان هایدگەر لێرەدا بەئاگایە لەو هەقیقەتە کە ئەو ناتوانێت هەروا ئاسان لە فەلسەفەی ترادیسیۆنی بدات. تەنانەت ڕیشەییترین لێدانی ئازادیخوازانە هێشتا هەر بە ئەو بابەتەوە پابەند دەمێنێتەوە کە خودی لێدانەکە دەیەوێت خۆی لێ ئازاد بکات.

لە نێوەندی نووسینی «کانت و کێشەی مێتافیزیک»دا ئەم پرسیارە خۆی دەبینێتەوە: ئایا ئەوە چ واتایەک دەگەیەنێت کە کانت لە چاپی دووەمی «رەخنەی ئاوەزی پەتی»دا (١٧٨٦) هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە کۆتێزی لێڕوانین و هزر دەگۆڕێت، واتا چیدی ئەو کۆتێزە وەک توانستی ترانسێندێنتالی وێناکردن نابینێت، بەڵکو وەک توانستی زەین (Verstand) دایدەنێت؟ هایدگەر ڕەخنە لەم ڕوانگە گۆڕینەی کانت دەگرێت، چونکە بە تێڕوانینی هایدگەر توانستی وێناکردن ئەو توانستەی مرۆڤە کە تێیدا پەیوەندییەکی تایبەتی بە کاتەوە دەردەکەوێت. من لێرەدا نە دەتوانم ڕوو بکەمە ئەو پرسیارە کە داخۆ ئەم ڕەخنەیەی هایدگەر لە کانت شیاوی قبووڵکردن بێت، نە دەتوانم ڕوو بکەمە بەزەبریی ڕاڤەکەی هایدگەر کە چەندین ڕەخنەی لێگیراوە و هایدگەر خۆیشی درکاندوویەتی- جا گەرچی بە جۆر و شێوازێکی دوواتایی. من لێرەدا دەبێت خۆم تەرخان بکەم بۆ پیشاندانێکی درشتی هێڵە سەرەکییەکانی

ڕوونکردنەوەی مەئریفە لە لایەن کانت، هەروەها پیشاندانی پەیوەندیی نێوان ئۆنتێتی و ئۆنتۆلۆژێتی لەو شێوەیەدا کە لە دیاریکردنی توانستی ترانسێندێنتالی وێناکردندا دەردەکەوێت.

سەرەتا پێویستە ئەوە بهێنمەوە یاد کە کانت لە بڕگەی شێماتیزمدا لێڕوانین (Anschauung) و هزرین وەک دوو توخمی مەئریفەی ئێمە دیاری دەکات. بەڵام لە ڕوانگەی کانت پێویستە لە هەردووکیان کۆتێزێک چێبکرێت. کانت ئەم کۆتێزە بە نموونەی دوو قەد پیشان دەدات کە یەک ڕەگی هاوبەشیان هەیە. ئەم ڕەگە بریتییە لە توانستی ترانسێندێنتالی وێناکردن. ڕەگەکە ترانسێندێنتالە چونکە — بە زمانی هایدگەر — پەڕینەوەیەک لە بوونەوە ڕووەو بوونەوەر بەدیدەهێنێت. کەواتە پێویستە ڕەچاوی حاڵەتێک بکەین: کاتێک هایدگەر لە ترانسێندێنس دەهزرێت، ئەوا ئەو لێرەدا لە بوونەوەرەوە «بەرەو ژوور» ڕووەو بوون ئاڕاستە وەرناگرێت، بەڵکو لە بوونەوە «بەرەو ژێر» ڕووەو بوونەوەر لێیدەهزرێت. «ڕاستیی ئۆنتی بەزەرورە بەندە بە ڕاستیی ئۆنتۆلۆژیانەوە». کەواتە، بەدیدی هایدگەر، توانستی وێناکردن توانستێکی ئۆنتۆلۆژیانەیە.

لێڕوانین، وەک چالاکیی ئەمپیری یان سێنسی، بەندە بە هەقیقەتی دراوەوە. چالاکییەکە وەرگرە (موستەوعیبە / ڕێسەپتیڤە). پێدەچێت ئەمە وەک ڕۆشن دەربکەوێت. بەڵام ناشێت لەم چالاکییە و هزر یان لەم چالاکییە دوایەکییەوە کۆتێزێک چێبکرێت، بە پێچەوانەوە بۆ ئەو کۆتێزە لێڕوانینێکی پەتی (کە ئەویش سێنسییە) پێویستە، بەڵام دەبێت بۆ خاتری هاتنەئارای مەعریفە لە خودی ئەم لێڕوانینەش کۆتێزێک چێبکرێت، ئەمەش بێگومان لەلایەن توانستێکی پەتیی ترانسێندێنتالی وێناکردنەوە. بەڵام ئێستا ئەم لێڕوانینە پەتییە ڕووناکاتە بوونەوەر، بەڵکو ڕوو لەوە دەکات کە کانت ناوی دەنێت فۆڕمەکانی لێڕوانین — ڕوو دەکاتە کات و فەزا. بەڵام کاتێک ڕێکخراوی فەزایی حاڵەتێکە بۆ سێنسی «دەرەکـی»، ئەوا ڕێکخراوی کاتەکی تایبەتە بە سێنسی «ناخەکی». کانت ئەرکی سەرەکی بۆ چێکردنی مەعریفە دەدات بەم سێنسە «ناخەکییە». هایدگەر لە فەزلی کاتدا بۆ مەعریفە لەتەک کانتدا یەکدەگرێتەوە و ئەمەش هیچ مایەی سوڕمان نییە. هایدگەر دەبێژێت: «لە بنەڕەتدا کات لە شێوەی فەزادا لە ناخی سەبژێکتدایە».

توانستی ترانسێندێنتالی وێناکردن کە تێگەکان بەرجەستە دەکات، بۆ هایدگەر ئەو توانستەیە کە نەک تەنیا مەعریفەی بوونەوەر، بەڵکو هەروەها دەرفەت بۆ مەعریفەیی بوون دەڕەخسێنێت. بەڵام هایدگەر لەو بڕوایەدایە بتوانێت پیشانی بدات کە کانت لە

چاپی دووەمی «ڕەخنەی ئاوەزی پەتی»دا لە ئەولەویەتی توانستی ترانسێندێنتالی وێناکردن کە هیچی دیکە نییە جگە لە «کاتی سەرچاوەیی»، «پاشگەزبۆتەوە». بە گۆتەی هایدگەر: کانت «ڕۆڵی سەرچاوەیی بۆ کۆتێز» داوە بە زەین، بەمەش قوربانیی داوە بەو تێڕوانینە شۆڕشگێڕە کە دەڵێت: کات بوون و مەعریفەی بوون، واتا ئەو قەنائەتەترادیسیۆنییە کە بوون لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە ئەولەویەتی هەیە، دیاری دەکات.

بەمە گەیشتین بە مەبەستە سەرەکییەکەی هایدگەر لە ڕاڤەکردنی «ڕەخنەی ئاوەزی پەتی»دا. ئەو ڕاڤەیە تەنیا بەڵگەیەکە بۆ ئەوە کە هایدگەر لەم کارەیدا هەوڵ دەدات «بناغەی مێتافیزیک بڕێژێت»، لێرەشدا مێتافیزیک ئەم واتایە دەگەیەنێت: «پرسیار سەبارەت بە بناغەی شیمانەی ناخەکیانەی سەرجەم کرۆکی مەئریفەی ئۆنتۆلۆژیانە». بەڵام ئەم هەوڵە شکست دەهێنێت گەر توانستی ترانسێندێنتالی وێناکردن وەک «کاتی سەرچاوەیی» و «وەک توانستی خۆیی بناغەیی بسڕدرێتەوە». هایدگەر لە «بوون و کات»دا هەڵوێست وەردەگرێت و لەدژی ئەم سڕینەوەیە هەوڵ بۆ بناغەڕشتنێکی ڕاستەقینەی مێتافیزیک دەدات، لێرەشدا بناغەڕشتن واتای «بزووتنی فەلسەفاندن» دەگەیەنێت، بزووتنێک «کە داتەپینی بناغە (Grund) و بەمەش نابناغەی (Abgrund) مێتافیزیک ئاشکرا دەکات». نابناغە بریتییە لە دوایەکێتی لەنێو مرۆڤدا، هەروەها بریتییە لە زەرووەرەی پرسیار سەبارەت بە دوایەکێتی. ئەم دوایەکێتییە ئەدگارێکی بەڕێکەوتی مرۆڤ نییە، بەڵکو ئەدگارێکی جەوهەرییە، ئەمەش بۆیە ئاوهایە، چونکە مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بەبێ تێگەیشتنێکی بوون ببێت. بەڵام تێگەیشتن هیچی دیکە نییە جگە لە تێگەیشتنی دوایەکێتی. «سەرچاوەییتر لە مرۆڤ، دوایەکێتیی دازاینە لەنێو ئەو خۆیدا». بەمەش ئێمە گەیشتین بەو ئۆنتۆلۆژییە بناغەییە کە هایدگەر لە «بوون و کات»دا گۆڕانی پێدا.

ئێستا ئەوەش ڕوونە کە بۆچی هایدگەر ناچار بوو واز لە تەواوکردنی «بوون و کات» بهێنێت. ئەو لە «بوون و کات»دا لە دازاینەوە پرسیار لەبارەی بوون دەکات، ئەمەش پڕکێشەیە، چونکە ئێستا لێرەوە دەرفەت دەڕەخسێت بۆ ئەوەی ناونیشانی «ئۆنتۆلۆژیی بناغەیی» لە سۆنگەی مێتافیزیکی ترادیسیۆنییەوە وەک دروست دابنرێت، لێرەشەوە ئەم ناونیشانە «مرۆڤی بەسەهوودا دەبرد»، چونکە، بە دیدی هایدگەر، پێویستە «هزرین لە ڕاستیی بوون» کایەی ئۆنتۆلۆژی جێبهێڵێت و لە دوایەکێتیی بوونەوە لە بوون بەزرێت. هایدگەر هەوڵ دەدات ڕوونی بکاتەوە کە لێرەدا مەسەلەکە ڕوو دەکاتە بوونێکی «دیکە»، بۆیە کاتێک لە نووسینی «لەبارەی

پرسیاری بوون»دا وشەی بوون دەنووسێت، هاوکات زەربی بەسەردا دەهێنێت.

## مێتافیزیک چییە؟

مێژووی بڵاوکردنەوەی موحازەرەی دامەزراندن پیشانی دەدات کە هایدگەر بە درێژایی چەند دەیەیەک گرنگییەکی زۆری بە مێتافیزیک دابوو: نووسینەکە ساڵی ١٩٢٩ وەک موحازەرە خوێنرایەوە، ١٩٤٣ پاشگۆتنێک خرایە سەر چاپی چوارەمی، ١٩٤٩ بە ڕێبەرییەک پەرەی پێدرا و ١٩٦٠ پێکەوە لەتەک هەردووکیاندا (پاشگۆتن و ڕێبەری) وەک چاپی هەشتەم بڵاوکرایەوە. هایدگەر بەم موحازەرەیە ئەو پەیوەندییەی گۆڕی و تایبەتێتیی پێدا، کە هزری ئەو لەکاتی وەرچەرخاندا، کەواتە سەرەتای سییەکان، بە مێتافیزیکەوە هەیبوو. هایدگەر سەرەتا وایدەبینێت کە فەلسەفەکەی بە شێوەیەکی تایبەتی بەردەوامی بە ترادیسیۆن دەدات. ئەو لە «بوون و کات»دا ڕەخنە دەگرێت: لە مێتافیزیکی ترادیسیۆنیدا هەرگیز بەڕاستی پرسیار لەبارەی بوون نەکراوە، پاشان ساڵی ١٩٤٩ هەمان ڕەخنە لە «ڕێبەری»دا دووبارە دەکاتەوە:

«لەبەر ئەوەی مێتافیزیک هەمیشە پێشبینیی بوونەوەر وەک بوونەوەر دەکات، ئەوا لە خودی بوون ناهزرێت».

هەر لەم ڕەخنەیەوە هایدگەر لە «ئۆنتۆلۆژییە بناغەییەکە»ی خۆی دەڕوانێت: وەک نوێکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە، بەڵام ئەو لە لایەکی دیکەوە هەوڵ دەدات پەیوەندیی خۆی بە مێتافیزیکەوە مسۆگەر بکات. ئەمە بەوەدا دەردەکەوێت، کە هایدگەر لە موحازەرەی دامەزراندندا دەبێژێت: ئەو لەبارەی مێتافیزیک نادوێت، بەڵکو «پرسیارێکی تایبەتی لەبارەی مێتافیزیک دەکات». لێرەدا یەکگرتنەوەیەکمان لەتەک مێتافیزیکدا هەیە، بێگومان هێندە نەبێت کە هایدگەر یەکسەر ڕێژەیەتیی پێدەدات، ئەویش بەوە کە یەکگرتنەوەکە وەک ڕواڵەتی دیاریدەکات. پاشان لە پاشگۆتن و ڕێبەریدا بە هایدگەرێک دەگەین کە بڕیاری داوە ترادیسیۆن تێکبشکێنێت (destruieren)، لێرەشدا بێگومان لەو هەقیقەتە بەئاگایە کە ئەو بەم داواکارییە شۆڕشگێڕییەی هێشتا هەر بە ترادیسیۆنەوە پابەند ماوەتەوە. سەرچاوەگرتنێکی نوێی ڕیشەیی نە لێرە و نە لە جێیەکی دی دەشێت. هێرش بۆ سەر ترادیسیۆن هێشتا هەر پەیوەند بە خودی ترادیسیۆنەوە ڕوودەدات.

ئەوجا هایدگەر لە پاشگۆتندا بۆ موحازەرەی دامەزراندن دەبێژێت، کە پرسیار لەبارەی مێتافیزیک لە خودی مێتافیزیک تێپەڕدەکات و ئەو پرسیارە لە هزرێکەوە هەڵدەقوڵێت کە «هەنگاوی ناوە بۆ نەهێشتنی مێتافیزیک»، بەڵام ئەو هزرە سەرەڕای

ئەمە «دەبێت تا ڕادەیەک هێشتا هەر بە زمانی ئەوە بدوێت کە یارمەتیی دەدات بەسەر خودی ئەودا زاڵببێت». ئاخر گەر وا نەبێت، ئەوسا بە هیچ شێوەیەک وەک زاڵبوونێکی بەو چەشنە دەرک پێناکرێت. تێکشکاندن (دێستروکسیۆن) و پێکهێنان (کۆنستروکسیۆن) مەرجی یەکترین.

سەرەتا ڕوودەکەینە تێکستە سەرەکییەکەی موحازەرەی دامەزراندن بەناوی «مێتافیزیک چییە؟». موحازەرەیەکی دامەزراندن گەرەکە ئەو پرۆگرامە پێشکەش بکات کە پرۆفیسۆری نوێ بۆ توێژینەوە و ڕێبازی خۆی کردوویەتی بە پرۆژە. هایدگەر بەتەواوی ئەم کارە دەکات. هێرشی ئەو بۆ سەر مێتافیزیکی ترادیسیۆنی، کە ئەو ناوی دەنێت نوێکردنەوەی مێتافیزیک لە ناخەوە، سەرەتا بە شێوەیەکی نیازباشانە ئەوە دیاری دەکات کە بریتییە لە ڕەفتار و هەڵوێستی ئێمە بەرانبەر بە جیهان و زانستەکان. لێرەدا هایدگەر ڕێ بە هیچ جیاوازییەک نادات لەنێوان واتا (مەغزای لە هزردا دەربڕراو) و شتدا کە واتا ڕووی تێدەکات، ئەمەش گرنگییەکی سەنتراڵیی هەیە. «فێنۆمێنۆلۆژی» بۆ هایدگەر ئەو واتایەی دەگەیاند و دەگەیەنێت کە بانگەوازی «خودی شتەکان» هیچ واتایەکی دیکەی نییە جگە لە دەرووی ئێمە ڕووەو شتەکان. هایدگەر، دەرچوو لە «بوون و کات»ـەوە و هاوکات بە هەڵوێستێکی ڕەخنەیی بەرانبەر ئەم ئیشەی، لە واتای هیچ / نەبوون دەتوێژێتەوە. ئەو دەبێژێت: زانستەکان کە «بوون بە سۆزی ئێمە»، هێشتا هەر لە ڕووی ئێکزیستێنسی پراکتیکیمانەوە ڕابەرن، بەڵام ئەوان «هیچ» ڕەتدەکەنەوە و لەبەر ئەم هۆیە کەم یان زۆر یەکلایەنین. ئەوان دەرەقەتی هەڵکەوتی دۆخی بوون نایەن — بوون کە بێگومان هاوکات هیچە. بۆ زانستەکان کە لە بوونەوەر دەتوێژنەوە، هەمیشە لەکاتی توێژینەوەیاندا لە بوونەوەر «شتێک» وەک پاشماوە دەمێنێتەوە. ئەم پاشماوەیە، بەگوێرەی ئاشنایەتیمان بە «بوون و کات»ـەوە، بریتییە لە بوون، بەڵام ئێستا لێرە بوون نییە، بەڵکو بریتییە لە هیچ / نەبوون. سەرلەنوێ دیاریکردنەکەی هایدگەر بە ڕواڵەت وەک نیازباش دەستپێکردەوە: «زانستەکان پێویستە تەنیا لە بوونەوەر بتوێژنەوە و — هیچ —ی دی؛ تەنیا بوونەوەر و — هیچ — ی دی؛ بەتەنیا بوونەوەر و جگە لەوە — هیچ». لەم دەربڕینەوە کە بە ڕواڵەت وەک پووچ دەردەکەوێت، ڕەوتی هزرۆکەکان درێژدەبێتەوە، ئەویش بەوە کە ئێستا دید بۆ سەر جیهانێک لە پشت جیهانی بە ئێمە ئاشناوە ئاوەڵا دەبێت. هایدگەر لە سەرەتای موحازەرەکەیدا، کاتێک لە هێگل دەدوا، گوتی: «گەر لە زەینی سەلیمی مرۆڤەوە بڕوانین، ئەوا فەلسەفە «جیهانی ئاوەژوو»ە «. گنۆزیس کە هایدگەر لە ماربورگ لای یۆناس ناسیی، وایدەبینێت، ئەو جیهانە کە

ئێمە تێیدا دەژین، جیهانێکی چەوتە. هایدگەر لە موحازەرەی «کێشە بناغەییەکانی فێنۆمێنۆلۆژی»دا (زەمێستەری هاوینەی ١٩٢٧) دەبێژێت:

«لەبەر ئەم هۆیە ئۆنتۆلۆژی یان فەلسەفە بەگشتی، بە پێچەوانەی زانستەکانی بوونەوەرەوە، زانستی ڕەخنەییە یان زانستی جیهانی ئاوەژووە«.

ئێستاش هایدگەر پیشانی دەدات کە چ جیهانێکی ڕاستەقینە خۆی لە پشت جیهانی ئـاوەژووەوە حەشارداوە – ئەوە بێگومان جیهانی فەلسەفە نییە، بەڵکو جیهانی هزرە. گەر بمانەوێت ئەم جیهانە ببینین، ئەوا دەبێت ئاوەژووەکە سەرلەنوێ ئاوەژوو بکەینەوە، ئەوجا دەبینین کە «تەنیا نەرێنیکردن و نییە (das Nicht) هەن، ئەویش چونکە هیچ (das Nichts) هەیە». هایدگەر دەبێژێت: «هیچ لە نییە و نەرێنیکردن سەرچاوەییترە»، هەروەها لە پاشگۆتندا ڕوونی دەکاتەوە کە: «ئەم هیچە وەک بوون دەکرۆکێت (ڤێزت / west)».

ئێمە دەبینین کە هایدگەر لە «هیچ»ی بە سمۆڵ نووسراو (واتا: nichts) هیچ / نەبوون (das Nichts) تێدەگات، لێرەشەوە وەک «نەرێنیکردنی تەواوەتیی هەمەکێتیی بوونەوەر» دیارییدەکات، بەمەش خۆپەرچیویی (Selbstreflexivität) کە لە پەرچاندنی خۆیدا ڕیالێتی (das Gegebene) بە نەرێنیکردنی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، وەک هێزی بەردەوام کارا دیاریدەکات. ئەمە لە تێگەیشتنی هایدگەرەوە بۆ بوون، کە هاوکات بریتییە لە «کرۆکاندن / ڤێزن / wesen» (بێگومان نەک وەک ئیدێی سرەوتووی پلاتۆنی، بەڵکو وەک کردار (Verb) و بەمەش وەک ڕوودان)، سەرەنجامێکی لۆگیکییە. دێتەوە یادمان: ئێمە چەند بناغەیی و چەند زۆر لە بوونەوەر بتوێژینەوە، هێشتا هەر بوون نابینینەوە. هاوشێوەی ئەمە: ئێمە چەند زۆر «نییە « (nichts) لە جیهانی ئەمپیریدا ئاشکرا بکەین، هەرگیز بە هیچ / نەبوون (das Nichts) ناگەین. ئۆنتێتی و ئۆنتۆلۆژێتی لە بناغە و نابناغەوە جیاوازن لە یەکتری. بێگومان ئاشکرایە کە بوون «بوونمەزنترە» لە بوونەوەری بەرێکەوت و تایبەت بە لەناوچوون، بەڵام ئەمە هەروەها چواندنی بۆ هیچیش هەیە.

با بڕوانین کە چۆن هایدگەر درێژە بە لێهزرینەکانی خۆی دەدات. سەرەتا هایدگەر گرنگی بە جیاوازیکردنێک دەدات لە نێوان: ڕەچاوی تاکە بوونەوەر لە لایەن ئێمە کە هەمیشە وەک هەبوو لەنێو سەرجەمێکی گشتگیردا ئەزموونی دەکەین، هەروەها ئاڕاستەوەرگرتنی ئێمە ڕووەو ئەو سەرجەمە کە شتێکە ئێمە ناتوانین بیکەین بە بابەتی پێوەخەریکبوون و دیاریی بکەین. بێگومان ئەمەی دوایی واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت کە گوایە ئێمە نەتوانین ئەزموونی ئەو سەرجەمە بکەین، بە پێچەوانەوە.

هایدگەر بۆ ئەم ئەزموونکردنە ئاماژە بۆ سێ نموونە دەدات کە بریتین لە خایاندن (مەلەل)، خۆشەویستی و سام. «خایاندنی قووڵ کە لەنێو نابناغەکانی دازایندا وەک تەمێکی بێدەنگ بەملا و لادا ڕادەکێشێت، هەموو شتەکان و مرۆڤان و لەتەکیاندا هەروەها خودی کەسێک بۆ بێموبالاتییەکی سەیر کۆدەکاتەوە». هایدگەر لە نموونەی خۆشەویستیدا کەمتر وشەی هۆنەریانەی پێدەدۆزرێتەوە. ئەو لەم پەیوەندییەدا تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە ئامادەیی مرۆڤێکی خۆشەویست بریتییە لە «شیمانەی دیکە بۆ دەرکەوتنێکی بەو چەشنە»ی سەرجەم.
هایدگەر ئەو جۆر و شێوازە کە تێیدا سەرجەم شیاوی ئەزموونکردنە، ناودەنێت میزاج / شتیمونگ (Stimmung) یان میزاج-مەندی (Gestimmt-sein). میزاج فێنۆمێنێکی فیزیکی نییە، هەروەها هەستێکی خۆیی نییە. ئاخر نەشیاوە سەرجەم لەنێو بڕیارێکدا دیارییبکرێت، بەڵکو تەنیا ئەزمووندەکرێت. ئەو میزاجە کە تێیدا سەرجەم بە شێوازێکی تایبەتی (هایدگەر ناوی دەنێت سەرچاوەییتر) و بەمەش باشتر وەک لە حاڵەتی خایاندندا شیاوی ئەزموونکردنە، بریتییە لە سام (Angst). هایدگەر بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە مەبەستی ئەو لێرەدا میزاجی ڕۆژانە نییە، جەخت دەکات کە سامی بنەڕەتی تەنیا ساتییە. دێتەوە یادمان کە ئەڕیستۆتێلیس باڵاترین فۆڕمی مەعریفە، واتا تێگەیشتنی ئاوەزمەندانەی تێگەیشتن (نۆئێزیس نۆئێزووس)، هەروەها وەک ئەزموونێکی ساتیی، یان دەتوانین ببێژین: وەک ئەزموونێکی ئەوپەڕی نزیک، دیاری دەکات. هایدگەر دەبێژێت: دازاین لە سامدا ئەزموونی هیچ دەکات. «هیچ خۆی لەنێو سامدا ئاشکرا دەکات»، بەمەش واتای بوونەوەر وەک سەرجەم لە چواندن دەکەوێت. بەڵام ئێستا هایدگەر هەنگاوێکی گرنگ دەنێت و دەبێژێت: لەچواندنکەوتنی بوونەوەر وەک سەرجەم بریتییە لە «کرۆکی هیچ. ئەوە خودی هیچە کە دەەیچێنێت (nichtet)». ڕودۆلف کارناپ کە سەر بە ئەڵقەی پۆزەتیڤیستە لۆگیکییەکان بوو، ئەم ئیدێیەی وەک بێمەغزا دانا. بەڵام ئەم هەنگاوەی هایدگەر لە بنەڕەتدا گرنگە، چونکە ئەو ئێستا نەک تەنیا ئاماژە بۆ کاریگەریی هیچ دەدات، بەڵکو ئەم کاریگەرییە وەک خۆپەرچیویی (Selbstreflexivität) دادەنێت. ئەو دەیەوێت بە ئیدێی خۆپەرچیویی ڕوونی بکاتەوە کە ترانسێندێنس چییە. ئێمە بەم شێوەیە گەیشتن بەو پرسیارە سەنتراڵییە کە هایدگەر لە موحازەرەی زەمێستەری هاوینەی ١٩٣٥دا دەیکات.

**ڕێبەرییەک بۆ مێتافیزیک**

پرسیارە بناغەییەکەی مێتافیزیک و ئەم موحازەرەیە، ڕاستەوخۆ پەیوەند بە لایبنیتسەوە، ئەمەیە: «بۆچی بەگشتی بوونەوەر هەیە نەک بە پێچەوانەوە هیچ؟!». ئێمە بە تێڕوانینی هایدگەر ناتوانین ڕاستەخۆ لەتەک ئەم پرسیارەدا خەریک ببین، بەڵکو پێش ئەوە پێویستە پرسیارێکی دیکە بکەین: «ئایا پرسی بوون چۆنە؟»، بەڵام ئەم پرسیارە لەبارەی بوون بە هیچ شێوەیەک ستراتیژییەکی ئامادەکەر نییە و پرسیارکەر بەێنێتە نێو کێشەکەوە، هەروەها پرسیارێکی مێتۆدۆلۆژیانەش نییە، بە پێچەوانەوە مەسەلەکە لێرەدا هیچی دیکە نییە جگە لە قەدەری ئەوروپا، جیهان، «لێرەشدا لێرەبوونی مێژووییمان وەک چەقی ئەوروپا دەردەکەوێت». ئەم چەقە شوێنێکە کە لە مەترسیدایە. ئەوروپا لەلایەن ڕووسیا و ئەمەریکاوە دەخرێتە ژێر پەستانەوە، هەردووکیان، لە ڕووی مێتافیزیکییەوە، وەک یەکن. چ لێرە و چ لەوێ «هەمان هەڵپەی ناکامیانەی تەکنیکی بەردراو و ڕێکخراوی بێزەمینەی مرۆڤانی ئاسایی سەرووەرە». کەواتە پرسیار لەبارەی بوون پرسیارێکی ئەبستراکتی فەلسەفەیی نییە، بەڵکو پرسیارێکی ئەوپەڕی سیاسی و لێرەبوونییە. ئەوجا هایدگەر ئەم پرسیارە لەبارەی قەدەری ئەوروپا دەلکێنێت بە پرسیارەوە لەبارەی مرۆڤ. بەڵام دەبێت سەرەتا جەخت بکەین کە پرسیار لەبارەی بوون پرسیارێکی مێژووییە، واتا ئێمە پێویستە لە پرسیارکردنی ئەمڕۆمان پرسیارێک تێبگەین کە بە ئاڕاستەی ترادیسیۆن کراوە، واتا بە ئاڕاستەی پرسیارە ترادیسیۆنییەکە لەبارەی ڕاستی کراوە. هایدگەر سەرەتای ئەم پرسیارکردنە لە فەلسەفەی پێشسۆکراتیدا دادەنێت. لە نێوەندی ئەم هزرەدا پرسیار سەبارەت بە فیزیس خۆی دەبینێتەوە. فیزیس بۆ هایدگەر بریتییە لە «خودی بوون کە بەڕێیەوە بوونەوەر شیاوی ڕەچاوکردنە و (وەک شیاوی ڕەچاوکردن — و) دەمێنێتەوە». بەڵام قەدەری ئێمە ئەوەیە کە لەتەک پلاتۆن و ئەڕیستۆتێلیسدا، پاشان بە وەرگێڕانی فیزیس (ی گریکی) بۆ سروشتی (ناتورای) لاتینی، نامۆبوونی کرۆکیانە و داوەشانی فەلسەفەی گریکی دەستیان پێکرد و هەتا نوێسەردەم بەردەوام دەبن.

ئەمە بەتایبەتی لەوەدا دەردەکەوێت کە بە وەرگۆڕینی واتای فیزیس چی لە لۆگۆسی گریکی دێت. واتای لۆگۆس بە تێڕوانینی هایدگەر بریتییە لە خڕکردنەوە، پەیڤینی دروست، ڕوودانی نەشاردراوە. کەواتە لۆگۆس لە بنەڕەتدا ڕاستییە (Wahrheit). بەڵام پاشان واتاکەی بە سەرەنجامێکی ستەمەوە وەردەگۆڕڕێت، لۆگۆس دادەوەشێت، واتا دەبێت بە گۆتە، بڕیار (قچیە)، بەمەش دەبێت بە دروست (✕حیح)ی پەتی،

بە جیاکردنەوەی دروست و هەڵە. «دروست» ئەو واتایە دەگەیەنێت (ئێمە دەبێت بەم شێوەیە لە هایدگەر تێبگەین) کە مەسەلەکە چیدی ڕووناکاتە ڕاستی، بەڵکو تەنیا ڕوودەکاتە زانیاری (ئینفۆرماسیۆن- و). زمان دەکرێت بە ئامراز. وەڵامی ئەو پرسیارە، کە داخۆ چۆن مرۆڤ بتوانێت بۆ وێستگەی شەمەندەفەر بڕوات، دەبێت بە دەسوێژ بۆ مەبەست.

هایدگەر لەدژی ئەم زمانە کە بە دیدی ئەو زمانی ئاڵوگۆڕی زانیارییە، زمانی بوون، زمانی نەشاردراوە، دادەنێت. زمان وەک ئاڵوگۆڕی زانیاری، جیابوونەوەی سەبژێکت و ئۆبژێکت لە خۆ دەگرێت: لە بڕیاردا شتێک لە لایەن کەسێکەوە لەبارەی شتێک دەوترێت. بەڵام زمانی نەشاردراوە و ڕاستی و پرسیارکردنی بنەڕەتی، زمانێکی خۆڕاگەیەنەرە (selbstreferentiell). لەنێو ئەم زمانەدا پرسیارکردن و پرسیارکراو و پرسیارلێکراو یەکێتییەکی نەشیاوی پەرتکردن پێکدەهێنن. گەر زمانی بەئامرازکراو زمانی «سەرچاوەیی» بچەپێنێت، ئەمەش بێگومان نەک تەنیا لەو مەغزایەدا کە زمانی سەرچاوەیی دەخرێتە کەنارەوە، بەڵکو لەو مەغزایەشدا کە ئەو زمانە «لەبیردەچێتەوە»، ئەوسا ئیتر هیچ دەرفەتێک نامێنێتەوە بۆ ئەوەی بەگونجاوی موخاتەبەی بوون (ڕاستی) بکرێت و بهزرێنرێت. هزری هایدگەر، بەگوێرەی خۆتێگەیشتنی ئەو، هەوڵێکە بۆ ڕزگارکردنی بوون لەم بیرچوونەوەیە. لەبەر ئەوەی وەرگۆڕینی واتای ڕاستی بۆ دروست (×حیح) یەکسەر لەتەک سەرەتای مێتافیزیکدا ڕوویداوە، ئەوا سەرجەم مێژووی مێتافیزیک بریتییە لە مێژووی نەهەنگاوتنی ڕاستی. بێگومان هایدگەریش لە هزری خۆی هزرێکی تەواو مێژوویی تێدەگات، واتا هزری ئەویش ناتوانێت خۆی بخاتە دەرەوەی مێژوو، کەواتە ئەو گۆڕانە چەوتە هەمیشە ئەمیش دەگرێتەوە، بەڵام هێندە نەبێت کە هایدگەر هاوکات هەوڵ دەدات هزری خۆی لە دانانی ڕاستی بە دروست، بوون بە بوونەوەر، ڕزگار بکات، لێرەشدا ئەو بەجەختی داوا دەکات، کە دەبێت هزری ئەو ناوبنرێت مێتافیزیک. هایدگەر بەم داواکارییەی دەیەوێت پیشانی بدات کە ئەو بەردەوام بەئاگایە لە نەبوونی شیمانەی قوتاربوون لەم میراتە و سەرباری ئەمە بڕیاری داوە خۆی لێ ڕزگار بکات.

کەواتە ئێستا واژەی «مێتافیزیک» بووە بە واژەیەکی دوواتایی. ئەم واژەیە نیشانەیەکە بۆ دارمانی هزر و هەروەها بۆ دووبارەکردنەوەی سەرەتای پێشسۆکراتییەکان، ئەم دووبارەکردنەوەیەش هەوڵێکە کە هایدگەر دەیدات بۆ ئەوەی بەگونجاوی پرسیار لەبارەی بوون (بێگومان نەک تەنیا لەبارەی بوونی بوونەوەر) بکات. بەڵام ئێمە ناتوانین بە مێتۆدە باوەکانی فەلسەفە لە دوواتایی ئەم مێژووە دەرباز ببین، ئێمە بە

مێژووییەکەوە پابەند دەمێنینەوە کە هایدگەر وەک «تەژماندنی جیهان» ئەزموونی دەکات. ئێمە ئەزموونی «هەڵاتنی خوداکان، کاولکردنی زەمین، توانەوەی مرۆڤ لەنێو جەماوەردا و فەزلی مامناوەندێتی دەکەین».

بەڵام کاتێک ئێمە «بە یەکەم ڕستە هەوڵ دەدەین لەم کایەیە دووربکەوینەوە، بۆ ئەوەی پرسیارکەرانە کایەیەکی دی بەێنینە بەر دیدمان»، ئەوا سەرەڕای ئەم هەولەمان هێشتا هەر بەم دۆخەوە پابەند دەمێنینەوە. کەواتە مەسەلەکە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە (دێکۆنستروکسیۆن / avant la lettre). ئێمە بە چەشنێک ڕوودەکەینە ترادیسیۆن، کە ئێمە هەڵە تێکدەشکێنین بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بۆ ڕاستی خۆش بکەین. بەڵام ئەمە بۆ هایدگەر، وەک چۆن ئەو لە جێیەکی دیکەدا دەبێژێت، واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت کە گوایە دەبێت هەڵە تەنیا بە شێوەیەکی نێگەتیڤ بنرخێنرێت. ئاخر هۆی پرسیارکردنمان لەبارەی بوون دەگەڕێتەوە بۆ هەڵێتی.

بێگومان ئێمە ناتوانین لەنێو چێوەی پارادیگما کۆنەکاندا ترادیسیۆن لەکاربخەین. ئەمە ڕوونیدەکاتەوە کە بۆچی هایدگەر بەئاشکرا دەبێژێت، ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ لەتەک پرسیارە پێشیانییەکەدا لەبارەی بوون خەریک ببین. ئێمە ناچارین پەیوەندیمان بە ترادیسیۆنەوە بپچڕێنین. با ئەمە بە مێتافۆر ڕوونبکەینەوە: کاتێک ئێمە پرسیار دەکەین، ئەوا دەبێت بازێک بدەین — بازێک لە کاتەوە کە وەک کاتی بەردەوام ڕەوتبەستوو دیاریکراوە. پرسیارکردن وەک بازدان هاوکات لەنێو بازداندایە، بریتییە لە یەکەم بازدان (Ur-sprung) و وەک ئەمەش بازدانە بۆ نێو بناغە، کە وەک پێشتر بینیمان، هاوکات نا-بناغەیە (Ab-grund). جگە لەمە ئەو پرسیارکردنە کە هایدگەر لێیدەڕوانێت، پرسیارکردنێکی خۆڕاگەیەنەرە (selbstreferentiell). پرسیارکردن تەنیا ئەکتی پرسیارکردن نییە، بەڵکو هاوکات پرسیارکراو و پرسیارلێکراوە. هایدگەر ئەم خۆڕاگەیاندنە لە هەشتەم فراگمێنتی پارمێنیدێسدا دەبینێتەوە. پارمێنیدێس لەم فراگمێنتەدا لەوە دەدوێت کە «تێگەیشتن (noein) و ئەوەش کە لێتێگەییوە (noema)»، وەک یەکن.

هایدگەر لە چوار ڕووەوە پرسیار لەبارەی بوون ڕووندەکاتەوە: ١) بوون و ئارایی، ٢) بوون و دیاردە، ٣) بوون و هزر، ٤) بوون و گەرەک (das Sollen). هایدگەر ئارایی و دیاردە، هزر و گەرەک، ناودەنێت ئاستەنگ، چونکە گەر ئێمە بمانەوێت بوون بهزرێنین، ئەوا ناچارین هەمەلایەنێتیی بوون کورتبکەینەوە بۆ ئەم ڕوانگە تایبەتییانە، لێرەشدا ئەم هزرە هێشتا هەر کورتەێن دەمێنێتەوە، چونکە ئێمە هێشتا هەر لە بوونەوەرەوە دەهزرێین و بەمەش گونجاو بە ترانسێندێنس ناهزرێین. کەواتە بوون

«لە سەرچاوەدا» بەشنەبووە و دەستپێڕاگەیشتنێکی بەزەبر پێویستە بۆ ئەوەی ئەم هەمەلایەنێتییە بکاتەوە.

هایدگەر لەبارەی ئاستەنگەکانی بوون دەبێژێت کە ئـەوان نەک تەنیا فۆڕم بە فەلسەفە دەدەن، بەڵکو هەروەها بە سەرجەم زانین و گۆتن و کردارمان. ئێمە لێرەدا بە پێویستی نازانین خۆمان بە هەریەکەی ئەو ئاستەنگانەوە خەیک بکەین، بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیەی مێتافیزیک (بێگومان مێتافیزیک لەو واتایەدا کە هایدگەر لێیتێدەگات) کە لێرە ئەنجامی دەدەین، شرۆڤەی بوون و هزر گرنگترینە. هایدگەر لەم شرۆڤەیەدا ناسێنەرانە ڕوودەکاتەوە لێهزرینەکانی پارمێنیدێس و هێراکلیتێس، ئەو بەتایبەتی پشت بە پێنجەم فراگمێنتی پارمێنیدێس دەبەستێت کە تێیدا دەگۆترێت، بوون و هزر یەکن. هایدگەر بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش ڕاڤەی ئەم گۆتەیە دەکات و پیشانی دەدات کە چۆن ئەو هزری سەرچاوەیی پێشسۆکراتییەکان و داوەشانی ئەو هزرە دەنرخێنێت.

ئێمەی مۆدێرن نزیکەی دەتوانین لە جیابوونەوەی بوون و هزر تێبگەین، لایەنی کەم ئەو کاتە کە ئێمە لە بوون ڕیالێتی و لە هزر چالاکییەکی زەینی (ئینتەلەکتوێلی- و) تێدەگەین. هایدگەر وای دەبینێت کە تێزەکەی پارمێنیدێس لەمەڕ یەکایەتیی بوون و هزر بەڵگەیەکە بۆ «پێکەوەبوونی ناخەکی»یان، ئەمەش واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت کە یەکایەتییەکی سەرچاوەیی هەبووە و هزری سەردەمانی درەنگتر چیدی نەیتوانیوە بیەزرێنێت، هزر یەکایەتییە سەرچاوەییەکەی لە یەک جیاکردۆتەوە، واتا کردوویەتی بە هزری ئامرازی و ڕیالێتی، بەمەش ڕێی لە خۆی گرتووە بۆ ئەوەی بەڕوونی یەکەم بازدانی (Ur-sprung) هزر یان سەرەتای هزر، واتا نەشارراوەیی کە بەڕێی لۆگیکی نوێسەردەمەوە بزربووە، پێشبینی بکات.

هایدگەر ئەم تێزە بەوە ڕوون دەکاتەوە کە هزر لای پلاتۆن و ئەڕیستۆتێلیس پێشبینیی بوون دەکات («vor-stellt» / لە بەردەم خۆی دادەنێت- و). هزر لای ئەوان هاوتا دادەنرێت بە فۆڕمی بڕیار، ئەمەش بە ئێمە ئاشنایە. لە بڕیاردا بابەتێک یان ڕەوشێک بەرجەستە دەکرێت، پێشبینی و دیار و پێناسە دەکرێت، بەمەش سەبژێکتێک کە دەهزرێت و ئۆبژێکتێک کە هزرین لەبارەی ئەنجام دەدرێت یان بڕیار بەسەریدا دەدرێت، لە یەکتری جیادەکرێنەوە. بەڵام ئەوە کە بۆ تێگەیشتن لە بوونەوەر و بڕیاردان بەسەریدا کێشە نییە، بۆ هزری بوون کێشەیە، چونکە بوون بوونەوەر نییە، پێشخۆدانراو (Gegen-stand = بابەت) نییە. لۆگیک کە پلاتۆن و دوای ئەو ئەڕیستۆتێلیس گۆڕانیان پێدا، بە تێڕوانینی هایدگەر بەرپرسیارە

لەم گۆڕانە. ئایا چۆن لە سەردەمانی درەنگتردا دەسەڵاتی خۆسەقامگیرکەری لۆگیک ڕوویدا؟ هایدگەر تا ڕادەیەک کتوپڕ وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: ئەم دەسەڵاتە هاتە ئاراوە، چونکە ڕاستیی سەرچاوەیی ڕستە چیدی شیاوی ڕاگیرکردن نەبوو. کەواتە تەنیا ئەوە دەتوانێت بە دەسەڵات بگات، کە چیدی (لە مەغزای سەرچاوەییدا) ڕاست نییە. ڕاستی تەنیا بۆ ئەو «بەهێز»انە هەیە کە دەتوانن بەرهەڵستیی چواندنی بەگشتی ناسێنراوی بڕیارە سەروەرەکان بکەن. ئەوان دەتوانن لە جووتبەهایی و دژبێژییەکان وەک نیشانەی ڕاستییەکی سەرچاوەیی تێبگەن و لە بەردەم زەبرە سەروەرەکەی یاساغی دژبێژیی لۆگیکیدا چۆک دانەدەن. ئەمە پێویستە، ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لەنێو «یەک-ێتیی سەرچاوەییدا» بەرگەی «زەبری گرژییەکەی دژەتەقەلا» بگرێت. بەڵام ئێستا پێویستە بپرسین، داخۆ پێکهاتەی «بەهێزەکان» چۆن بێت تاکو بتوانن بەرگەی ئەم دژبێژییانە بگرن. هایدگەر لە یەکەم گۆرانیی کۆری «ئەنتیگۆنە»ی سۆفۆکلێسدا (دێڕی ٣٣٣-٣٣٤) ڕوانین لە کرۆکی مرۆڤ دەبینێتەوە. لەوێدا دەگوترێت: «زەبەلاح زۆرە، بەڵام هیچ شتێک لە مرۆڤ زەبەلاحتر نییە». بەڵام وەرگێڕانەکەی هایدگەر بەم چەشنەیە: «ترسناکی هەمەلایەنییە، بەڵام هیچ ترسناکترێک لە سەرووی مرۆڤەوە ناجمێت». بەم پێیە مرۆڤ نەک تەنیا خاوەنی زەبرە، بەڵکو ئەو لە جەوهەرەوە بە-زەبرە، چونکە، بە دیدی هایدگەر، مرۆڤ بۆ خۆزاڵکەریی بوونەوەر و بەمەش بۆ بوون فڕێدراوە. دازاین ناتوانێت خۆی لە بوون ئازاد بکات- ئاخر هەردووکیان مەرجی یەکترین. دازاین بۆ ئەوەی بتوانێت خودی خۆی بێت، دەبێت خۆی بۆ شەڕی (یان زۆرانی، وەک هایدگەر خۆلکاندوو بە هێراکلیتێسەوە دەبێژێت) شاردنەوە و ئاشکراکردن، کەواتە: ڕاستی، بەربدات. مەسەلەکە لە کۆتاییدا شەڕی بوون و هیچە/نەبوونە. بەتایبەتی لەم شەڕەدا، لەم دژەتەقەلایەدا، بوون و دازاین بەیەکدەگەن و لە یەکتری جیادەبنەوە. هایدگەر ئەم بە-زەبرییە (deinon) وەک نەشارراوەیی (das Un-heimliche) یان تەنانەت وەک نەشاردراوەییترینی نەشاردراوەیی وەردەگێڕێت، ئەمەش بێگومان نەک لەبەر ئەوەی مەسەلەکە بۆ ئەو نرخاندنێکی هەستمەندانەیە، بەڵکو ئەمە دەکات بۆ ئەوەی ڕاییگەیەنێت کە پچڕانێکی ڕیشەیی لە ئاشنایەتی (لە ئەوە کە بە ئێمە ئاشنایە)، لە خۆماڵێتی و لەمەترسیدانەبوویی، هەیە. سرەوتن و وشکهەڵهاتن و مسۆگەری هەمیشە نیشانەی ناڕاستی و ناکرۆکێتین. ئێمە گەرەکە لە بوون و دازاین، هەروەها لە پەیوەندییان، تەنیا وەک مێژوویی، ئەوجا وەک خەبات، بەزرێین. کەواتە ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە لە هیچکوێ لەماڵی خۆماندا نەبین (خۆماڵی نەبین — و) و

بەمەش بەردەوام تێپەڕکردوو لە سنوورەکان بهزرێین و کردار بنوێنین. بەڵام بڕینی سنوورەکان ئەو واتایە دەگەیەنێت کە ئێمە بە-زەبر بین.
ئێمە دەبێت لەم جێیەدا بەئاگابین لەوە کە هایدگەر تێگەیشتنێکی تایبەتمەندی بۆ «زەبر» هەیە: ئەو هەموو شێوەیەکی زەبری مرۆڤ لەدژی مرۆڤ و سروشت ڕەتدەکاتەوە. زەبرێکی بەم چەشنەی مانیپولەکەر و چەوسێنەرەوە کە هەموو شتێک دەکات بە بابەت و هەوڵ دەدات بیڕووتێنێتەوە، چاو و هزرمان لە بەردەم ئەوەدا دادەخات کە ئێمە زەبری بەسەردا دەنوێنین — هەروەها لە بەردەم خۆماندا. زەبری مرۆڤی سەرجەم پەیوەندییەکان کورتدەکاتەوە بۆ سەر ئاستی مەبەست-دەسوێژ. ماکس هۆرکهایمەر لە کۆنتێکستێکی ئەوپەڕی هاوشێوەدا لە هزرێک لەوبەر هزری ئامرازییەوە دەدوا، بەڵام دەتوانین کۆنسەپتی کردار لای هایدگەر وەک کۆنسەپتێک لەوبەر سەرجەم زەبری مەبەست-دەسوێژەوە دیاریبکەین:
«زەبری پەیڤینی هۆنەری، پرۆژەی هزرمەندانە، پێگەیاندنی دروستکەرانە، کرداری ئەنجامدەری دەوڵەتی، ئەمانە چالاککردنی ئەو توانستانە نین کە مرۆڤ هەیەتی، بەڵکو جڵەوگرتن و ڕێکخستنی زەبرن و بەڕێیانەوە بوونەوەر خۆی بەتەواوی ئاوەڵا دەکات، ئەویش بەوە کە مرۆڤ دەچێتە نێویەوە (نێو بوونەوەرەوە — و)».
کردنی ئافرێنەرانە بەزەبرە، چونکە دەبێت فۆڕمینەرانە لەتەک ئەستووی بێفۆڕمدا، جا ڕەنگ بێت، یان دەنگ و بەرد و زمان بێت، مامەڵە بکات. بە دیدی هایدگەر مرۆڤی ئافرێنەر زەبرمەندانە دەچێتە نێو لێنەڕوانراو و لێنەهزرراو و نەگۆتراوەوە و بەسەر ئەوەدا زاڵ دەبێت کە شیاوی بینین و هزرین و گۆتنە (...). پێنجەم فراگمێنتی پارمێنیدێسمان دێتەوە یاد کە تێیدا دەگۆترێت بوون و هزر یەکن، هەروەها بینیمان کە ئێمە دەبێت بە شێوەیەکی بزۆک نەک سرەوتوو لەم یەکایەتییە بهزرێین وەک پەیوەندییەکی نێویەکی لەنێوان شاردنەوە و ئاشکراکردندا. ئەم پەیوەندییە نێویەکییە دیاریکردنێکی ئەمسەر و ئەو سەریانەی ناسک نییە لە تەوەرەیەکەوە بۆ تەوەرەیەکی دی، بەڵکو دیاریکردنێکی ئەمسەر و ئەوسەریانەی بەزەبرە. بوون تەواو ژێرخەرە. ئەم ژێرخەرە، بۆ ئەوەی بە نەشارراوە بگات، پێویستیی بە هزر و هونەر هەیە. نەشیاوە هەردوو تەوەرەی بوون و هزر بەبێ یەکتری هەبن.
بۆ هایدگەر ئامادە هێشتنەوەی نەشاردراوەی ڕووکـردووە شاردنەوە بریتییە لە مرۆڤبوون. کەواتە ئەمیش ڕاگیرکردنی ئەوە نییە کە جارێک بەدیهێنراوە، بەڵکو پرۆسەیەکە کە بۆ دازاین تەنیا بە مەرگ کۆتایی پێدێت. با ئەمە بە شێوەیەکی دی دەرببڕین: مەرگ دوایەمین هەڵمەتە لە زۆرانی دازاین لەتەک بووندا. «لێرە-

نەبوون باڵاترین سەرکەوتنە بەسەر بووندا». بەڵام ئەم سەرکەوتنەش خۆڕاگەیەنەرە (selbstreferentiell)، چونکە لە باڵاترین کرداری بەزەبری دازایندا دژی خودی خۆی بەدەست دەهێنرێت. بێگومان لە ڕوانگەی هایدگەر ئەم باڵاترین کردارە بەزەبرە شیمانەیەکی پەتی نییە کە دازاین هەیبێت یان بۆی بەردرابێت، بەڵکو، وەک هایدگەر دەبێژێت، دازاین بریتییە (ist) لە خودی ئەم شیمانەیە — ئەمەش بەردەوام.

## هایدگەر — نیتچە — مێتافیزیک

ئەوە مایەی سووڕمان نییە کە هایدگەر نزیکییەک لەنێوان خۆی و نیتچەدا دەبینێت. هەردووکیان لە هزریاندا ڕادیکاڵ بوون، دەیانویست شۆڕشگێڕێتی بە فەلسەفە و کولتوور بدەن، هەردووکیان لەو بڕوایەدا یەکیاندەگرتەوە کە چیدی ناشێت فەلسەفە وەک سیستەم بینابکرێت و هەروەها مێژووی خۆرئاوا بە کارەساتێک تەواو دەبێت، بۆیە هەردووکیان، وەک سەرەنجامی ئەم تێڕوانینە، ئەو بۆچوونەیان هەبوو کە تێکشکاندنی ترادیسیۆنی فەلسەفەیی و کولتووری مەرجێکە بۆ خۆقوتارکردن لەو کارەساتە. نیتچە ڕەوتی مێژوویی ناودەنا نیەیلیزم، ئەم تێڕوانینەی ئەو پێکەوە لەتەک داواکارییەکەیدا بۆ «لەبەهاخستنی سەرجەم بەهاکان»، بۆ هایدگەر تەریب بوو بە تێڕوانینەکەی خۆی لەمەڕ «مێژووی لەیادچوونەوەی بوون» و «کشانەوەی بوون» (Seinsverlassenheit). گۆتەی «خودا مردووە«»ی نیتچە هایدگەری هۆشسام کرد و لە ڕاڤەکردنی نیتچەدا («گۆتاردانی ڕێکتۆرات») بەئاشکرا هۆشسامی خۆی بە ئەو پیشان دەدات، لێرەشدا نیتچە وەک کەسێک دادەنێت «کە سۆزمەندانە بۆ خودا» گەڕاوە. ئایا ئەو ڕاڤەیەی نیتچە لەلایەن هایدگەر چواندنی بۆ ئەو خۆی نەبوو کە بۆ بوون (Seyn) دەگەڕا؟

هایدگەر لە «ساڵانی بزوێنەر»دا (١٩١٠ هەتا ١٩١٤) «ویست بۆ دەسەڵات»ی نیتچەی خوێندبۆوە، بەڵام ئەو دەمە دەرکی بەو هەقیقەتە نەکرد کە سەرجەم ئیشەکەی نیتچە لە ئایندەدا چ واتایەکی ڕاستەقینە بۆ ئەو وەردەگرێت. دەربڕینی ئەم هەقیقەتە لە «گۆتاردانی ڕێکتۆرات»دا یەکەم ئاماژەیە بۆ نزیکیی دەروونیانەی هەردووکیان، بەڵام ئێمە هەروەها دەتوانین ئەم ئاماژەدانە وەک تاکتیک بنرخێنین. بە هەر حاڵ، نیتچە بۆ هایدگەر بریتی بوو لە دوایەمین مێتافیزیکییەک و دەبوو، بەهەمانشێوەی سەرجەم مێتافیزیک، لەدژی ئەویش شەڕ بکرێت.

هیچ فەلسەفەیەک هێندەی فەلسەفەی نیتچە سەرچاوەی ئیلهام نەبوو بۆ ڕەخنەی هایدگەر لە مێژوو و کولتوور، بەڵام ئەو فەلسەفەیە هاوکات بۆ ئەو تەحەدا بوو.

مەسەلەکە لێرەدا ڕاڤەکردن نەبوو، بەڵکو هەڵ‌وەشاندنەوە‌یەکی (-Aus einander-setzung) خەباتگێڕانە بوو، هەروەها هایدگەر دەیگۆت کە نیتچە «ئەوی تێکشکاندووە». بەڵام ئەو لێرەش، هاوشێوەی ڕەخنەکەی لە کانت، درکاندی کە خەریکبوونە هۆشەکییەکەی بە نیتچەوە بەزەبرە. جگە لەمە هایدگەر لێرەدا خۆی بەتایبەتی بەو کۆمەڵە تێکستەوە خەریکدەکات کە خوشکی نیتچە لەژێر ناونیشانی «ویست بۆ دەسەڵات»دا بڵاوی کردنەوە و بەڕێیەوە براکەی گەیاند بە ناوبانگێکی جیهانی. بەڵام هایدگەر تەنانەت ئەو کاتە کە ئەندامی دەستەی ساغکردنەوەی ئیشەکانی نیتچە بوو بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیەکی نوێی سەرجەم ئیشەکەی ئەو، لەم ڕەوتەشدا هایدگەر بۆی دەرکەوت کە کۆمەڵە تێکستی «ویست بۆ دەسەڵات» ئیشێکی تەزویرکراوە، هێشتا هەر لە ڕەوتی خەریکبوونیدا بە نیتچەوە پێوەی پابەند مایەوە.

بەتایبەتی دوای ئەوە کە هایدگەر وەک سەرۆکی زانکۆی فرایبورگ شکستی هێنا، ئیشەکەی نیتچە واتای مەزنی بۆ ئەو پەیداکرد. هەڵوێستی هایدگەر دوای «شکست» (Verunglückung)ی «بوون و کات» کاریگەر بوو لەسەر ئەم واتایەی نیتچە بۆ ئەو. یەکەم بڵاوکردنەوە (١٩٣٥) کە هایدگەر تێیدا خەریکبوونی خۆی بە نیتچەوە پیشاندا، بریتی بوو لە نووسینی «خودا مردووەی نیتچە» لە نووسینی «Holzwege»دا (١٩٥٩). ئەوجا ١٩٥٤ لە «Vorträge und Aufsätze»دا نووسینێکی بەم ناونیشانە بڵاوکردەوە: «ئایا زەردەشتەکەی نیتچە کێیە؟». بەڵام ئەو تێکستانە کە بۆ وەرگرتنی (ڕێسەپسیۆنی) نیتچە لە لایەن هایدگەر کرۆکین، بریتین لە: ئەو موحازەرانە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٦ هەتا ١٩٤٠ پێشکەشی کردوون؛ ئەو موحازەرانە کە ساڵی ١٩٦١ بڵاویکردنەوە و بە کۆمەڵە تێکستی «١٩٤٠Abhandlungen aus den Jahren/١٩٤٦ » پەرەیان پێدرابوو. ئەم موحازەرە بڵاوکراوانە، بێگومان بە گۆڕانکارییەوە لە داڕشتنەکەی کاتی خوێندنەوەیاندا، ئەمڕۆ لەنێو سەرجەم ئیشی هایدگەردا لە بەردەستدان. هایدگەر کاتی خۆی نەیتوانیبوو لە «بوون و کات»دا جێی هونەر بکاتەوە، بەڵام ئێستا لەم پەیوەندییەی ئێرەدا نیازی وابوو لەنێو هزری خۆیدا شوێنێکی گونجاو بۆ هونەریش تەرخان بکات. موحازەرە و گۆتارەکانی ئەو سەبارەت بە سروودەکانی هوێلدەرلین کە لە زەمێستەری زستانەی ١٩٣٤/٣٥ بەدوواوە هەتا ١٩٤٢ خوێندنیەوە، کەواتە هاوکات لەتەک موحازەرەکانیدا لەسەر نیتچە، بەڵگەن بۆ ئەم تێڕوانینە.

پۆلیتیک و ئێتیک

«هەڵەیەکی گەورەیە بگوترێت گوایە لە زانکۆی ئەڵمانیدا ڕێئەکسیۆن (پاشڤەرۆیی — و) هەیە. هیچ پاشڤەرۆییەک نییە، چونکە هیچ وەرچەرخانێک (شۆڕشێک) لەگۆڕێدا نییە، ئەمیش بۆیە لەگۆڕێدا نییە، چونکە مرۆ هێشتا نەیزانیوە لەکوێوە دەستپێبکات».

هایدگەر و پۆلیتیک — ئەمە بەتایبەتی واتـای هایدگەر و ناسیۆنالسۆسیالیزم دەگەیەنێت. ئایا هەرگیز کۆتایی بەم بابەتە دەهێنرێت؟ زۆر کەم، چونکە مرۆ دەتوانێت ڕووداوە مێژووییەکانی ساڵانی ١٩٣٣/٣٤، هەروەها ئەو هەقیقەتانە کە هایدگەر لە نووسینە ڕەوایەتیدەرکەیدا بە خۆی («Tatsachen und Gedanken») دایاندەڕێژێت، هەمیشە لەنوێوە و جیاواز بنرخێنێت. بۆیە جێی سوورمان نییە، دوای لێشاوی ئەو گۆتار و کتێبانە کە کەم یان زۆر هێرشبەر بوون، لە ساڵانی ڕابوردوودا دوو کتێب بڵاوکراونەتەوە کە تەواو پێچەوانەی یەکترین.

سەرەتا ئێمانوێل فایێ ساڵی ٢٠٠٥ نووسینی (Heidegger. L›introduction du Nazisme dans la Philosophie) ی بڵاوکردەوە. ئەو بەم کتێبە لە چەند کتێبێکی باوکی، ژۆ پییا فایێ، تێپەڕدەکات، ئەویش بەوە کە دەنووسێت: لە سەرجەم ئیشەکەی هایدگەردا یەک تاکە ڕستە نییە کە تێیدا ئەو ڕەوایەتی بە ناسیۆنالسۆسیالیزم نەدات، بۆیە گەرەکە ئیشەکانی هایدگەر لە وانەی فێرگەییدا یاساغ بکرێن و لە کتێبخانەکان (بیبلیۆتێکەکان– و) دووربخرێنەوە. ئەم تێڕوانینەی فایێ بەفراوانی دژبێژی کرا. پاش دوو ساڵ کتێبێکی پێنجسەد لاپەڕەیی بەناونیشانی (Heidegger à plus forte raison) بڵاوبۆوە کە تێیدا پازدە پسپۆڕ هەڵە و چەوتەراڤەکانی فایێ، بێگومان زۆر جار ڕەوایانە، دەسەلمێنن. بێگومان مرۆ بەبێ شارەزاییەکی گشتگیری هایدگەریش دەتوانێت ببینێت کە تێزەکەی فایێ چەند بێواتایە. بەڵام ساغکردنەوەی ئەو هەقیقەتە کە فایێ بە هیچ شێوەیەک نیشان ناپێکێت، هێشتا هەر ڕێژەیەتی بە زەروورەیـەک بۆ یادهێنانەوەی ئەو هەقیقەتە نادات کە هایدگەر بە چ شێوەیەکی ئابڕووبەر خۆی لەکاتی سەرۆکێتیی زانکۆ (و درەنگتریشدا) دەربڕیوە.

«بانگەواز بۆ فێرخوازانی زانکۆیی ئەڵمانی» (٣ی نۆڤەمبەری ١٩٣٣)، «کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی زانست» لە لایپتسیگ (١ی نۆڤەمبەری ١٩٣٣)، گوتاردانێک لە تیوبینگن (٣٠ی نۆڤەمبەری ١٩٣٣) بەناونیشانی «زانکۆ لە دەوڵەتی ناسیۆنالسۆسیالیستیدا»، هەروەها «بانگەواز بۆ ڕۆشنبیرانی جیهان» (١٣ی دیسەمبەری ١٩٣٣) بەڵگەن بۆ ئەوە کە هایدگەر خۆی سووک و ئاسان خستبووە ژێر ڕکێفی هیتلەر و پارتەوە.

نموونەیەک بۆ ئەمە گۆتاردانەکەیەتی بەناونیشانی «بڕواهێنان بە هیتلەر و دەوڵەتی ناسیۆنالسۆسیالیستی» کە ١٩٣٣ لە درێزدن پێشکەشی کرد.
هایدگەر درەنگتر هەوڵیدا لە بایەخی ڕۆڵی خۆی وەک سەرۆکی زانکۆی فرایبورگ و سروودهەڵدانەکانی بەسەر «شۆڕش»ی ناسیۆنالسۆسیالیستی و هیتلەردا کەمبکاتەوە. بەڵام وەک نموونە بۆ بیروباوەڕی هایدگەر ئاماژە بۆ ئەو گۆتاردانە دەدەین کە ئەو لە بۆنەی یادی ئالبێرت لیۆ شلاگەرتەردا پێشکەشی کرد. شلاگەرتەر ساڵی ١٩١٣ لە لایەن سوپای فەڕەنسییەوە بە تۆمەتی پیلانگێڕی حوکم دراو و ئیعدام کرا، پاشان نازییەکان بەرزیان کردەوە بۆ سەر ئاستی پالەوان. هایدگەر لە گۆتارەکەیدا مەرگی شلاگەرتەر بە سۆزی ناسیۆنالسۆسیالیستی و مەزنکردنی مێتافیزیکیانەی شڤارتسڤالد دەدرەوشێنێتەوە. ئەو بۆ نموونە لە «سەختترین و مەزنترین مەرگ» دەدوێت، یان لە «ویستی پۆڵایین» و «خۆری پاییزەی شڤارتسڤالد» کە «دەمێکە خۆراک بە ڕوونیی دڵ دەدات».
هایدگەر هەروەها بۆ گۆتاردانەکەی بە بۆنەی دامەزراندنیەوە وەک سەرۆکی زانکۆ (ئەپریلی ١٩٣٣) ڕایگەیاند کە دەبێت گۆرانیی هۆرست-ڤێسل ببێژرێت و میوانەکان لەکاتی بێژتنی بەیتی چوارەمدا دەستی ڕاستیان بەرزبکەنەوە، جگە لەمە فەرمانی دەرکرد کە دەبێت فێرخوازان و وانەبێژان سەرەتای هەموو موحازەرەیەک دەستی ڕاستیان بۆ سڵاوی هیتلەر بەرزبکەنەوە. گەر ئێمە بەڕاستی بمانەوێت وێنەیەک لەسەر هەڵوێستی هایدگەر لەکاتی دیکتاتۆریی هیتلەردا چێبکەین، ئەوا پێویستە بۆ کێشەی یەکگرتنەوەی ئەو لەتەک ناسیۆنالسۆسیالیزمدا ڕەچاوی ئەو نموونەیە و نموونەگەلی دیکە بکەین. ئێمە دەبێت لێرەدا ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە گەرچی کرداری بەزەبر لەدژی جولەکە بەگەڕخرابوو، بەڵام جارێ ئەگەری زۆر گۆڕانی دی کراوەبوو. زۆر کەس، تەنانەت ئەو هاوچەرخانە کە بۆ دۆخی سیاسیی ئەو دەمە بەتایبەتی سێنسیبل بوون و کێشەکان ڕاستەوخۆ ئەوانیان دەگرتەوە، لەوانە ماکس هۆرکهایمەر، تیۆدۆر ڤ. ئادۆرنۆ و ڤیکتۆر کلێمپەرەر، بە هیچ شێوەیەک باوەڕیان نەدەکرد ئەو ئامانجانە بەدیبهێنرێن کە هیتلەر پرۆپاگەندەی بۆ دەکردن، جا نەخوازە بیتوانیایە ماوەیەکی درێژخایەن وەک کانسلەر بمێنێتەوە.
ئێمە پێش هەموو شتێک هەوڵ دەدەین لەم جێیەدا ڕوونی بکەینەوە کە داخۆ یەکگرتنەوەیەکی سیستەماتیکی لەنێوان هزری هایدگەر و گرنگترین ئامانجە ئیدیۆلۆژییەکانی ناسیۆنالسۆسیالیزمدا هەبووبێت، کەواتە داخۆ پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان هەردووکیاندا هەبووبێت. پاشان پێویستە پرسیار بکرێت، کە هەتا چەند

هەڵوێستی سیاسیی هایدگەر کاریگەریی لەسەر ئێتیکەکەی ئەو (گەر ئەو ئێتیکی هەبووبێت) نواندووە. من لەم جێیەدا تەنیا دەتوانم بەگشتی ڕووبکەمە پرسیارگەلی زۆر ئاڵۆز کە لێرەدا سەرهەڵدەدەن، بەڵام سەرەتا ڕوودەکەمە فاکتەکان.
هایدگەر ٢١ی ئەپریلی ١٩٣٣ هەڵبژێررا بە سەرۆکی زانکۆی ئالبێرت-لودڤیگ لە فرایبورگ/برایسگاو. ئەو خۆی وای بڵاوکردەوە (بێگومان درەنگتر پێچەوانەکەی سەلمێنرا) کە گوایە سەرەتا نەیویستووە بە سەرۆکی زانکۆ هەڵببژێردرێت، بەڵام پاشان لەژێر پەستانی زەمیلەکانیدا و هەروەها «بۆ ئەوەی ڕێ لە سەرەنجامی نالەبارتر بگرێت»، ناچار بووە ئەو پۆستە وەربگرێت. ماوەیەکە سەرەنجامی توێژینەوەکانی هوگۆ ئۆتس سەلماندوویانە، کە ئەم پاساوەی هایدگەر ناتەواوە. ئەو ٢٣ی ئەپریلی ١٩٣٤ لە پۆستەکەی کشایەوە.
هایدگەر ماوەیەکی زۆر پێش ئـەوەی بیر لـەوە بکاتەوە وەک سەرۆکی زانکۆ هەڵببژێرێت، زۆر نزیک بوو لەو هەڵوێست و بزووتنەوە و ڕێکخراوانە کە لە سەردەمی ناسیۆنالسۆسیالیزمیشدا ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا. ئەو لە ١٩٣٠ بەدواوە پەیوەندیی بە «یەکێتیی فێرخوازانی ناسیۆنالسۆسیالیستیی ئەڵمانییەوە (NSDStB)» هەبوو. هەروەها هایدگەر دژبەرێکی سەرسەختی کۆمونیزم و لیبرالیزم و «سیستەم»ی کاتۆلیسیزم بوو. ئەو بۆ نموونە ٦ی فێبریوەری ١٩٣٤ نامەیەکی بۆ ڕابەری فێرخوازانی ئەڵمانیی ڕایش نووسی: «مرۆ هێشتا هەر تاکتیکی کاتۆلیکی ناناسێت. مرۆ دەبێت ڕۆژێک بە سەختی هەقی ئەمە بدات». هایدگەر مەیلێکی زۆری بۆ بزووتنەوەی لاوانی ئەڵمانی هەبوو کە دەیویست — هاوشێوەی ڤاندەرفۆگل «Wandervogel»-فێرخوازان (ی فێرگەیی و زانکۆیی — و) لە پێشبینییە بەهاییە وشکهەڵهاتوو و تۆزلێنیشتووە بۆرژوازییەکان ئازاد بکات، پاشان هەر ئەم ڕێکخراوانە بوون هەوڵیان دەدا ڕیفۆرمی زانکۆ، کە هایدگەر وەک زەروویی دەیبینی، پێش هایدگەر و سەربەخۆ لە ئەو ئەنجام بدەن. داواکارییەکەی ڕیفۆرمی زانکۆ بەتایبەتی ئەوە بوو کە دەبێت فێرخوازان و وانەبێژان مافی بەشداریان لە بڕیارداندا سەبارەت خۆبەڕێوەبردنی زانکۆ هەبێت، هایدگەریش تەواو لەگەڵیدا بوو، بەڵام ئەم هەڵوێستە لە زانکۆی پرۆفیسۆراندا سەرەنجامێکی ئەوتۆی خستەوە کە زۆر زەمیلی دژی وەستانەوە، چونکە هەستیان دەکرد ئیمتیازاتەکانیان لە مەترسیدایە. هایدگەر بە بێڕێزی لە زانکۆی ئاستگەرای ترادیسیۆنیی دەڕوانی، چونکە بە تێڕوانینی ئەو دازنابوو بۆ سەر ئاستی بوون بە دوکانی خزمەتکردنی وانەبێژان. هۆیەکی دیکەی ئەو بێڕێزییەی ئەو بەرانبەر زانکۆی ترادیسیۆنی لەوەدا بوو کە وانەبێژانی گەنجی وەکو ئەو هەلی لەباریان بۆ تەرقیە

نەبوو. هایدگەری زاهید قێزی لە ئازادیی ئەکادیمیانە دەبوەوە و وەک دەرفەتی ڕەخسێنراو بۆ بێسەروبەری و هێدۆنیزم دەیبینی. ئەو کینی لە کۆماری ڤایمار دەبۆوە کە دیموکراتییەکی پەرلەمانی بوو بە کاراییەکی کەمەوە. ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت کە هایدگەر گوایە لایەنگری پەرلەمانتاریزمێکی باشتر بوو بێت، بە پێچەوانەوە، ئەو هاوشێوەی زۆر هاوچەرخی هیوای بۆ سەرەتایەکی نوێی نەتەوەیی و ڕابەرێکی بەهێز دەخوازت، ڕابەرێک کە گەر هاتوو داواکاری بۆ یەکانگیربوون لەتەگ گەلدا بەرزبکاتەوە، ئەوسا بە تێڕوانینی ئەو دەسەڵاتی ڕاستەقینەی گەل، دیموکراتیی ڕاستەقینە، ڕیالیزە دەکات. هایدگەر تەنانەت لە هەڤپەیڤینێکدا لەتەک ماگازینی دێر شپیگلدا (١٩٦٦) کە لەسەر داواکاریی خۆی پاش مردنی لە ٣١ی مای ١٩٧٦ بڵاوکرایەوە، بێمتمانەیی خۆی بە دیموکراتی دەربڕی.

ئەوجا لە کۆتاییدا: هایدگەر لەو بڕوایەدا بوو کە فەلسەفەی ترادیسیۆنی هەر لە سەرەتاوە پرسیاری هەڵەی کردووە و بۆ ماوەی ٢٠٠٠ ساڵە خزاوەتە نێو خۆفریودانەوە. بەڵام بە تێڕوانینی ئەو هیچ ڕیفۆرمێک ئەم دۆخە ڕزگار ناکات. سەرجەم تێڕوانینەکانمان بۆگەنیان کردووە — کەواتە: شۆڕشێک پێویستە! ناسیۆنالسۆسیالیزمی سەرهەڵداو کە بەهەمانشێوە داوای شۆڕشی دەکرد، بۆ هایدگەر بریتی بوو لە چالاکییەکی تەریب یان تەنانەت چالاکییەکی یەکگرتووەوە لەتەک تێڕوانینەکانی خۆیدا. ئێمە بێگومان دەتوانین لە مەسەلەیەکدا لەتەک ئەودا کۆک بین: ئەو لەکاتی بڕیاردانیدا بۆ پۆستی سەرۆکی زانکۆ مرۆڤێکی سیاسی نەبوو. بەڵام، سەرباری ئەمە، هایدگەر لەو لایەنەدا زۆر ساویلکە بوو کە وایدانا گوایە کۆنسپەتەکەی خۆی لەمەڕ شۆڕشی فەلسەفە وەک دووپاتکردنەوەی سەرەتاکەی فەلسەفەی گریکی، لەتەک «شۆڕش»ی ناسۆنالسۆسیالیستیدا یەکدەگرێتەوە. بێگومان نە هایدگەر و نە نازییەکان مەبەستیان بوو پرۆگرامێکی سیاسی بە یاریدەی دامەزراوە ڕیالیزەبکەن. کێشەی هایدگەر پرۆگرامی سیاسی نەبوو، بەڵکو شۆڕشی کولتووری بوو و لەوبەر هەر شێوەیەکی کرداری ڕۆژانەوە دابنابوو. ئەو چ لە «بوون و کات» و چ لە سەردەمی درەنگتردا هیچ پێشبینییەکی سەبارەت بە پەیوەندییەکی پراکتیکی لەنێوان دازاین و شوێنەوارە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکەیدا نەبوو. کاتێک ئەو خۆی بۆ ناسیۆنالسۆسیالیزم چالاک کرد، ئەوا لێرەدا شۆڕشە فەلسەفەییەکەی خۆی خستە خزمەتی سیاسەتێکی پراکتیکی و هەروەها ئەو جیهانبینییەوە کە وایدادەنێت گوایە ماف تەنیا لە لایەن یاسادانانەوە دەسەپێنرێت (Dezisionismus). ئەوە لە بنەڕەتدا بەریەککەوتنێکی فەلسەفە و پراکسیس بوو و هایدگەر بەم بەریەککەوتنە ناوەندیارێتی نەبووی فەلسەفەی گەیاند.

پلانی نازییەکان ئەوە بوو کە زانکۆ دابەزێنن بۆ سەر ئاستی «زانکۆی تەکنیکی»ی ڕووکردووە پراکسیس، بەڵام هایدگەر بە پێچەوانەوە دەیویست زانکۆ لەو دابەزاندنەی ئاستەکەی بپارێزێت و هاوکات فەلسەفە بەسەر زانستە تایبەتییەکاندا سەروەر بکاتەوە. هایدگەر تەنانەت ئەو دەمەش لەو بڕوایەدا بوو، کە تێگەیشتنی ئامڕازی لە زانست دەبێت بە هۆیەک بۆ ڕووتاندنەوەیەکی کارەساتاویی مرۆڤ و سروشت، ڕووتاندنەوەیەک کە تەنیا لە لایەن بەرژەوەندیی ئابوورییەوە دیاریکراوە. بەڵام مرۆ دەتوانێت بە شۆڕشی بەردەوام بەرهەڵستیی ئەو جۆرە تێگەیشتنە بکات. لە بنەڕەتدا هەر ئەم شۆڕشە بەردەوامە بوو کە هایدگەر دەیویست لە هزری خۆیدا ڕیالیزەی بکات. بەڵام تا ئەو کاتە کە ناسیۆنالسۆسیالیستییەکان جارێ دەسەڵاتیان نەسەندبوو، فونکسیۆنێرەکانیان شۆڕشیان وەک ئەگەرێک دەبینی، ئەوان لە مەبەستەکەی هایدگەر تێگەیشتن و بەوە سەرزەنشتیان کرد کە گوایە ئەو ناسیۆنالسۆسیالیزمی تایبەتی (پریڤات- و) پیادە دەکات.

با بگەڕێینەوە بۆ فاکتە مێژووییەکان. ئایا چۆن هایدگەر بە سەرۆکی زانکۆ هەڵبژێردرا؟ ئەو خۆی دەبێژێت: سەرۆکی پێشووی زانکۆ، ڤیلهێلم فۆن موێلندۆرف، پاش ماوەیەکی کورت لەو پۆستەدا لەسەر بڕیارێکی وەزیر کشاوەتەوە، پاشان پێکەوە لەتەک جێگری سەرۆکی زانکۆدا، یۆزێف زاوەر، داوایان لێکردووە ئەو پۆستە وەربگرێت، بەڵام ئەو گومانی هەبووە، چونکە زانیویەتی گەر ئەو پۆستە وەربگرێت، ئەوسا ڕووبەڕووی دوو دژبەری خاوەن نفوز دەبێتەوە: نوێنەرانی «کۆن» و «نوێ». مەبەستی هایدگەر لە «کۆن» زانستی ترادیسیۆنی و زانکۆیە، بە قسەی خۆی گوایە بەرگریکەرانی کۆن داکۆکییان لە پێشکەوتنی مەعریفەی زانستە تایبەتییەکان و بەگەڕخستنی پراکتیکییانەی ئەو زانستانە کردووە، هاوکات ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە مەسەلە سەرچاوەییەکە، واتا «تێگەیشتن لە بناغە کرۆکییەکان»، تێگەیشتنێکی «ئەبستراکتی فەلسەفەیی»یە و لەبەر ئەو هۆیە ڕەتیان کردۆتەوە، نەک ئەنجامی بدەن و «لەنێو ئەم ئەنجامدانەدا» (Vollzug) بەزرێن. کەواتە ئەوە کە لە دیدی زانستی ئاساییەوە ئەبستراکتە، واتا پرسیار لەبارەی بوون (بێگومان لەو شێوەیەدا کە هایدگەر لە «بوون و کات»دا کردی)، بۆ هایدگەر بریتییە لە کۆنکرێت و پراکتیکێتی وەک سەرجەم.

لەم جێیەدا کە هایدگەر ئەنگاژمۆی سیاسیی خۆی ڕووندەکاتەوە، دەگەین بە ستراتیژییەکەی ئەو لە هەڵگێڕانەوەی پێشبینییە باوەکاندا، ستراتیژییەک کە ماوەیەکە پێی ئاشنا بووین. تەنیا دەرەنجامی ئاوەژوو (دژەدەرئەنجام- و) دەرفەت بۆ ناسینی

ڕاستی دەڕەخسێنێت، لەمەشەوە سەرەنجامێک دەکەوێتەوە: ئەوە کە سەرەتا بە ڕاستی دادەنرێت، ناڕاستییە و هەروەها بە پێچەوانەوە. هەر لێرەدایە ڕەگی بڕوای هایدگەر بەوە کە بەگەڕخستنی پراکتیکیانەی مەعریفە دەبێت بە لەمپەر لە بەردەم دیدێکی ڕاستەقینەدا بە ئاڕاستەی جیهان و خۆمان. بەڵام هەروەها «نوێ» کە وەک «زانستی سیاسی» (هایدگەر لە ئاوڕدانەوەیدا وای ناو دەنێت) دەردەکەوێت، بەهەمانشێوە ڕاستی ناهەنگێوێت، چونکە ئەمیش مەعریفە دەکات بە شتێکی شیاوی بەگەڕخستن. کەواتە ڕۆشنە: مەبەستی هایدگەر لە واژەی «ئەنجامدان» (Vollzug) ئەوە نییە کە ئێمە بەگشتی لێی تێدەگەین، واتا چالاکییەکە کە ڕووی نەکردۆتە گەیشتن بە ئامانجێک، بەڵکو ڕووی کردۆتە «چالاکبوون» (و چالاکمانەوە)، کەواتە ڕووی کردۆتە مانەوە-لە-بزووتندا بە بەردەوامی، هەر ئەم هەڵوێستەشە کە پیشانی دەدات وشکهەڵهاتنی باو ناڕاستییە.

هایدگەر ساڵی ١٩٤٥ بە سێ ئەرگومێنت ڕەوایەتییدا بە خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆکی زانکۆ: ئەو وایبینیوە «کە بزووتنەوەی بە دەسەڵات گەیشتوو شیمانەیەک بێت بۆ کۆکردنەوەی ناخەکیانەی گەل و نوێکردنەوەی، هەروەها ڕێگەیەک بێت بۆ قەدەری مێژوویی-خۆرئاوایی»، جگە لەمە ئەو لە سەرۆکایەتیی زانکۆدا شیمانەیەکی بۆ ئەوە بینیوە کە «سەرجەم هێزە بەتواناکان، سەربەخۆ لە پابەندبوون بە پارت و دۆکترینی پارتەوە، بگەیەنرێن بە لێهزرین و نوێبوونەوە»، هەروەها (سێیەم) شیمانەیەکی بۆ ئەوە بینیوە «کە دەرفەت بڕەخسێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرەنگاری هاتنە پێشەوەی کەسانی ناشایستە و سەروەریی هەڕەشەکەری دەزگای پارت و دۆکترینی پارت ببێتەوە«.

لە ئەرگومێنتی یەکەمدا دەردەکەوێت کە هایدگەر لە «بزووتنەوە»ی بەدەسەڵات گەیشتوو دەدوێت نەک لە پارت. بەڕاستی هایدگەر جیاوازی لە نێوان بزووتنەوە و پارتدا دەکات. ئەو لەم ئەرگومێنتە و دەربڕینی درەنگتریدا وایدادەنێت کە بزووتنەوەکە پاڵهێزێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە و بەمەش لە پارت جیای دەکاتەوە. بەهەمانشێوە کاتێک ئەو ساڵی ١٩٥٣ بۆ یەکەم جار موحازەرەکەی زەمێستەری هاوینەی ١٩٣٥ («ڕێبەرییەک بۆ مێتافیزیک»)ی بڵاوکردەوە، ڕستەیەکی ئابڕووبەری هێنایە نێویەوە، کە تێیدا لە «مەزنیی ناخەکی و ڕاستیی بزووتنەوەکە» دەدوێت. ڕاینەر مارتن ساڵی ١٩٨٧ گێڕایەوە کە ئەم ڕستەیە لە داڕشتنی سەرەتایی موحازەرەکەدا نەبووە و هایدگەر لە کاتی بڵاوکردنەوەیدا هێناویەتە نێویەوە.

لە ئەرگومێنتی دووەمدا دەردەکەوێت کە هایدگەر پارتی وەک شێوەی وشکهەڵهاتووی

بزووتنەوەکە بینیوە. هایدگەر لێهزرین و نوێبوونەوە (کە بۆ ئەو واتای «شۆڕش» دەگەیەنێت) بەرەنگاری پارت دەکاتەوە — پارت وەک فۆڕمی دامەزراوەیی هزر (دۆکترین). بەڵام ئەمە دوو کۆنسەپتن کە بەزەحمەت دەخرێنە فۆڕمی دامەزراوەییەوە.
ئەوجا هایدگەر لە کۆتاییدا بە ئەرگومێنتی سێیەم لە «کەسانی ناشایستە» دەدوێت، لێرەشدا پێدەچێت مەبەستی لە ئیرنست کرییک و ئالفرێد بۆیملەر بێت کە هەردووکیان زەمیلی خۆی بوون و بۆ سەندنی نفووز لە پارتدا ڕکابەریی ئەویان دەکرد. جگە لەمە هێندە مەزەنەیی نابێت گەر گریمانە بکەین کە هایدگەر لە شۆڕشی سیاسیدا هەلێکی بینیوە بۆ ئەوەی پایەگایەکی مۆنۆپۆلی بە فەلسەفەکەی خۆی بدات. وەک پشتگیرییەک بۆ ئەم گریمانەیە دەتوانین ئەو کۆنسەپتەی ئەکادیمییەک بە نموونە وەربگرین کە هایدگەر دایدەنێت بۆ ئەوەی لەو ئەکادیمییەدا بەگوێرەی ڕێسا ڕاهێنانی هزری (واتا هایدگەری) بە سەرجەم مامۆستایانی زانکۆ بکرێت. بەڵام ئەم پرۆژەیە، هاوشێوەی پۆستی سەرۆکی زانکۆ، شکستی هێنا.
سەرەنجامی توێژینەوەکانی ئۆت جیاوازن لەوە کە هایدگەر سەبارەت بە کاتی پێش هەڵبژاردنەکە دەیگێڕێتەوە. بەم پێیە هیچ ڕاست نییە کە ڤیلهێلم فۆن موێلندۆرف، کە پێش هایدگەر سەرۆکی زانکۆ بوو، لەسەر داوای وەزیر وازی لە پۆستەکەی هێنابێت، بە پێچەوانەوە، ئەو کە مەیلی بۆ سۆسیال دیموکراتی هەبوو، لە پۆستەکەی کشایەوە، چونکە بە تێڕوانینە دیموکراتییەکانییەوە کەوتە ناکۆکییەوە لەتەک نازیەکاندا. نە ئەو و نە یۆزێف زاوەر کە پێش ئەو سەرۆکی زانکۆ بوو، داوایان لە هایدگەر کردووە ببێت بە سەرۆکی زانکۆ. پەیوەند بەم کێشەیەوە زاوەر و ڤۆلفگانگ شادەڤالد کە ناسیۆنالسۆسیالیستێکی بەبڕوا بوو، گفتوگۆیەک دەکەن و زاوەر لەو گفتوگۆیەدا گومانی خۆی لە گونجاویی هایدگەر بۆ ئەو پۆستە دەردەبڕێت، چونکە، وەک زاوەر دەبێژێت، هایدگەر جارێ هیچ ئەزموونێکی لە کاروبارەکانی بەڕێوەبەرایەتیدا نییە، بەڵام بۆ شادەڤالد بەزۆریی ئەوە گرنگ بوو کە سەرۆکی نوێی زانکۆ خێرایی بدایە بە دوو پلانی دانراو: یەکەم ئەوە کە لە بایەخی کەم دەکرایەوە و ناو دەنرا «هاوفورمکردنی» زانکۆ، دووەم دەرکردنی زەمیلە «نائاریەکان». جگە لەمە چەند زەمیلێکی هایدگەر کە بیروباوەڕی ناسیۆنالسۆسیالیستییان هەبوو، بە ئەوپەڕی تواناوە پشتگیریی خۆکاندیکردنەکەی ئەویان دەکرد. هەروەها گومان لەوە ناکرێت کە هایدگەر چ بۆ فەلسەفەکەی و چ بۆ خودی خۆی هەوڵی دەدا بە نفووز بگات. لێرەدا هاوکات دەشێت تەماحی ئەلفریدەی هاوسەری (١٨٩٣-١٩٩٢) کە هەتا سەرەمەرگ ناسیۆنالسۆسیالیستێکی بەبڕوا مایەوە، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕابێت.

ئەوە بوو ئیتر هایدگەر بەگوێرەی پلان، نزیکەی بە کۆی دەنگ، هەڵبژێردرا بە سەرۆکی زانکۆ. بەڵام دەبێت لێرەدا تێبینییەک بدەین: پێش هەڵبژاردنەکە لە کۆی نەوەدوسێ پرۆفیسۆر سیازدەیان پۆستەکانیان بەگوێرەی یاسا ناسیۆنالسۆسیالیستییەکانی ڕەگەز لێسەنرابۆوە. جگە لەمە زۆرینەی سێناتۆرەکان نەیاندەزانی کە هایدگەر مەیلی بۆ نازییەکان هەیە. ئەوان بەئاشکرا هیوادار بوون کە ئەم فەیلەسوفە لە ئیجرای ڕیشەییتر بیانپارێزێت. بەم شێوەیە هایدگەر بە ئامانجی خۆی گەیشت: ئێستا ناوی خۆی نا «رابەر ڕێکتۆر» و وەک ئەم ڕابەرە هەنگاوی نا بۆ ئەوەی لەسەر پاژنەی فەلسەفەکەی زانکۆ پینەبکات. یەکەم پرۆبەی ئەم هەنگاوەی بریتی بوو لە گۆتاردانی دامەزراندنی بە سەرۆکی زانکۆ کە ناسراوە بە «گۆتاردانی ڕێکتۆرات» و ٢٧ی مای ١٩٣٣ پێشکەشی کرد — دوای ئەوە کە لە ١ی مای هەمان ساڵدا بوو بە ئەندامی NSDAP (پارتی کرێکارانی ناسیۆنالسۆسیالیستیی ئەڵمانی).

### گۆتاردانی ڕێکتۆرات

دوای ئەوە کە هایدگەر بە سەرۆکی زانکۆی فرایبورگ هەڵبژێردرا، گۆتارێکی بەناونیشانی «خۆڕاگەیاندنی زانکۆی ئەڵمانی» پێشکەش کرد. لەم گۆتارەدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە ئامانجە فەلسەفەیی و سیاسییەکانی ئەو لەتەک ئەمانجەکانی شۆڕشی ناسیۆنالسۆسیالیستیدا، کە ئەو خۆی گریمانەی کردبوون، یەکدەگرنەوە. لەم گۆتارەدا ئەو سۆزە خەباتگێڕییە دەردەکەوێت کە ڤینفرید فرانتس دروست وەک «تاسە بۆ دەستی پۆلایین و بەرپرسیاری» دیاریی کرد. گۆتارەکە پڕە لە ئاخافتن سەبارەت بە خەبات، پاڵەوانێتی، قەدەر، ویستی کرۆک، سەختیی ڕاسپاردە هۆشەکییەکەمان، هەروەها شێوەی مێژوو. ئێمە لێرەدا تێکەڵێکی تایبەتی لە بانگەوازی چالاکیگەرایی و خۆخستنە ژێر قەدەر دەبینین، ئەمەش لەو شێوەیەدا کە لە «بوون و کات»ـەوە وەک هاوکاتێتیی «میزاج» و «فڕێدراوی» دەیناسین.
وەک لوێڤیت ئاگامەندانە گۆتی، ئەم بریسکانەوە تایبەتییە لە نێوان دروشمی خەباتگێڕی و ڕاڤەی پێشسۆکراتیانەدا سەرەنجامێکی ئەوتۆی خستەوە کە ئیتر دوای ئەوەی مرۆ گوێی لە گۆتارەکە گرتبوو، نەیدەزانی داخۆ بۆ ماڵەوە بڕواتەوە بۆ ئەوەی پێشسۆکراتییەکان بخوێنێتەوە، یان بچێتە ڕیزی مارشی ئێس-ئا-وە (SA).
گۆتاردانی ڕێکتۆرات تا ڕادەیەک ئیلهام لە «پۆلیتێیا»ی پلاتۆن هەڵدەهێنجێت. هایدگەر هاوشێوەی پلاتۆن سێ گرووپ لەنێو دەوڵەتدا جیادەکاتەوە. لە دەوڵەتدا ئەو

کەسانە هەن کە «خزمەتی سەربازی»، هەروەها کەسانی دیکە هەن کە «خزمەتی کار» و کەسانی دیکەش هەن کە «خزمەتی زانین» بەجێدەگەیەنن. ئەم سێ گرووپە گەرەکە «لە بنەڕەتدا یەک هێزی فۆڕمینەر» پێکبهێنن. بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە، ئەو کەسانە کە «خزمەتی زانین» بەجێدەگەیەنن، لە لوتکەدان. بێگومان ئەم تێڕوانینە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت کە گوایە هایدگەر داوای حوکمداریی فەیلەسوفەکان بکات، بە پێچەوانەوە ڕابەرییەکەی ئەوان ناڕاستەوخۆیە، ڕابەرییەکی هۆشەکییە، «هۆشەکێتیـ»ش بۆ هایدگەر شتێکی سرەوتوو نییە، ئەبستراکت نییە، یان لە هەقیقەت دابڕێنراو نییە، بە پێچەوانەوە زەبرمەندە. ئاشکرایە کە هایدگەر لە گۆتاردانی ڕێکتۆراتدا بەزۆریی لە کولتوور دەدوێت نەک لە کاری ڕۆژانەی سیاسی، ئێمە دەبێت هەر لەم مەغزایەشدا لە پێشبینیی ساویلکانەی ئەو تێبگەین کە گوایە بتوانێت «رابەریی ڕابەر (هیتلەر – و) بکات». هایدگەر ڕاڤەیەکی «لێچواندنی ئەشکەوت»ی پلاتۆنی کرد و تێیدا جەخت دەکات کە بەرزکردنەوەی داواکاری بۆ ڕابەرایەتییەکی بەو چەشنە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت «کە گوایە گەرەک بێت پرۆفیسۆرەکانی فەلسەفە ببن بە کانسلەر، ئاخر ئەمە هەر لە سەرەتاوە نەکبەتی دەهێنێت، بە پێچەوانەوە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە دەبێت مرۆڤانی هەڵگری دەسەڵاتی دەوڵەت فەلسەفێنەر بن».
گەڕانەوە بۆ پلاتۆن و مێژووی فەلسەفە پیشانی دەدات کە هایدگەر چ واتایەکی بە «مێژوویێتی» دەدا. «مێژوویێتی» دەرفەتی بۆ دەرەخساند کە لە بەردەم جەماوەرێکی فراواندا تێزەکەی خۆی لەمەڕ «سەرەتا»ی لەدەستچوو ڕابگەیەنێت. بەهۆی سەرەتای لەدەستچووەوە بوو کە دەرفەت بۆ «خوێندنەوەی کریستیانی-کاتۆلیکیانەی جیهان» و «هزری ماتماتیکی-تەکنیکی» ڕەخسا سەرکەوتن بەدەستبهێنن. کەواتە ئێمە دەبێت سەرلەنوێ هەوڵ بۆ ئەم سەرەتا نەهەنگێوتووە بدەینەوە، دەبێت «خۆمان بخەینە ژێر دەسەڵاتی «سەرەتا» ی هۆشەکی-مێژووییمانەوە». بێگومان سەرەتا لە پشتمانەوە نییە، بەڵکو لە پێشمانەوەیە. هایدگەر بۆ ئەم جۆرە هەوڵدانە ڕەوانبێژییەکی بەهێز و تا ڕادەیەک دوواتایی بەگەڕ دەخات: ڕەوانبێژیی ویستن، خەبات، زەرووره، قەدەر و گوێڕایەڵی. «تەنیا گەر ئێمە بە بڕواوە گوێڕایەڵی ئەو قەدەرە دوورە ببین، ئەویش بۆ ئەوەی سەرلەنوێ مەزنیی سەرەتا دەستگیربکەینەوە، ئەوسا زانست بۆ ئێمە دەبێت بە ناخەکیترین زەروورەی دازاین». کۆتایی ئەم گۆتاردانە بریتییە لە وەرگێڕانی بڕگەیەکی «پۆلیتێیا»ی پلاتۆن کە ماوەیەکە بە ناوبانگ گەیشتووە: «سەرجەم مەزنی لە هەڵمەتدایە» (٤٩٧ d ٩). ئەم وەرگێڕانە جێی گومانە، بەڵام گەر هایدگەر ئەم بڕگەیەی دروست وەربگێڕایە، ئەوسا بەدڵی نازییەکان نەدەبوو، بە پێچەوانەوە

وشەی هەڵمەت زۆر چاک بەو کەشە پاڵەوانییە دەگونجا کە ئەو دەیویست هۆشسامی خۆی بۆ دەرببڕێت.
هایدگەر ویستی بە گەڕانەوە بۆ گریکەکان و جەختکردن لە واتای مێژوویێتی و سەرەتا پیشانی نازییەکانی بدات کە هزری ئەو پێیدەکرێت پشتیوانی و ڕابەرایەتیی مەبەستە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوان بکات، بەڵام پێدەچێت ئەم هەوڵەی بۆ ئەوان سووڕهێنەر بووبێت. بە پێچەوانەی ئەم هەوڵەوە، زۆر دەربڕینی هایدگەر لەکاتی سەرۆکایەتییەکەیدا (ئەپریلی ١٩٣٣ هەتا ئەپریلی ١٩٣٤) بەڕوونی لەنێو کۆنتێکستی سیاسەتی ڕۆژانـەدا بوون. ئەو بۆ نموونە لە گۆتاردانێکی سەرەتای زەمێستەری زستانەی ١٩٣٣/٣٤دا دەبێژێت: «ڕێنمایی هزری و «ئیدێ» ڕێسای بوونی ئێوە نین، تەنیا خودی ڕابەر (هیتلەر — و) بریتییە (ist) لە هەقیقەتی ئەمڕۆ و ئایندەی ئەڵمانی و یاسای (ئەو هەقیقەتە —و)». هایدگەر تەنانەت دوای شکستهێنانی وەک سەرۆکی زانکۆ و هیوابڕکردنی لە لایەن ڕژێمی نازییەوە، هێشتا هەر سوور بوو لەسەر داواکارییە شۆڕشگێڕییەکەی. لە موحازەرەی «لۆگیک و پرسیار سەبارەت بە کرۆکی زمان»دا کە زەمێستەری هاوینەی ١٩٣٤ خوێندییەوە (هایدگەر بۆ ئەو زەمێستەرە پلانی بۆ خوێندنەوەی موحازەیەکی دیکە لەبارەی «دەوڵەت و زانست» دانابوو، بەڵام وازی لەم مەبەستە هێنا و ئەم موحازەرەیەی لەبریی ئەو دانا) دەبێژێت:
«هەڵەیە گەر بگۆترێت لە زانکۆی ئەڵمانیدا ڕێئەکسیۆن (هەڵوێستی پاشڤەرو- و) هەیە. هیچ ڕێئەکسیۆنێک نییە، چونکە هیچ وەرچەرخانێک (شۆڕشێک) لێرە نییە، ئەمیش بۆیە لێرە نییە، چونکە مرۆ هێشتا تێنەگەیشتووە لەکوێوە دەستپێبکات. جگە لەمە هەندێک کەس بە هیچ شێوەیەک شۆڕشیان ناوێت؛ ئاخر پێدەچێت دەربکەوێت کە ئەوان لەو حاڵەتەدا ئەوپەڕی زیادەن».
مەبەستی هایدگەر لە «هەندێک کەس» کادیرەکانی پارت و ئەو زەمیلانەیە کە پلانە ڕیشەییەکانی ئەویان بۆ هاوفۆڕمکردنی زانکۆ ڕەتدەکردەوە. پێدەچێت ئەوان وەک «زیادە» دەربکەون، گەر هاتوو سەرەڕای هەموو شتێک شۆڕشی ڕاستەقینەی ناسیۆنالسۆسیالیستی ڕوویبدایە، کە ئاشکرایە ئەو، بەگوێرەی بۆچوونی نەگۆڕی، خۆی لە لوتکەی ئەو شۆڕشەدا دەبینی. هەروەها کاتێک هایدگەر لە «دەستپێکردن» دەدوێت، ئەوا لێرەدا پێکەوەلکاندنی شۆڕشی سیاسی و فەلسەفەیی پیشان دەدات. لە فراگمێنتی ٥٣ی هێراکلیتێسدا دەگۆترێت، کە شەڕ باوکی سەرجەم شتەکانە، بەڵام هایدگەر پابەند بە ڕاڤەی ئەم فراگمێنتەوە دەبێژێت: «گەر ئێمە گوێمان بۆ ئەم سەرەتا گریکییە هەڵبخەینەوە، ئەوا ئەمە هەوەس یان نەریتێکی زانایانە نییە، بەڵکو

«قووڵترین زەرروورە»ی لێرەبوونی ئەڵمانیمانە، واتا: فێرببین تێبگەین کە ئەو سەرەتا مەزنەی لێرەبوونمان بەسەر ئێمەدا بۆ پێش خۆمان فڕێدراوە وەک ئەوەیەک کە گەرەکە پێیبگەینەوە، بێگومان نەک بۆ ئەوەی تەکمیلەی گریکایەتی بکەین، نەخێر، بەڵکو بۆ ئەوەی شیمانە بناغەییەکانی ڕەچەڵەکی هەرە جەرمانێتیمان هەڵبەێنجین و بە دەسەڵاتی بگەیەنین».

«سەرەتا» نەک تەنیا لێرە، بەڵکو بەگشتی وشەی کلیلییە بۆ تێگەیشتن لە هزری هایدگەر. هیچ پێویست نییە هەوڵ بدەین بەرەو پێش بڕۆین (ئەمە بریتی دەبێت لە پێشکەوتن، لە مۆدێرنە)، بەڵکو گەرەکە بەرەو سەرەتا بگەڕێینەوە: بەرەو ئەو سەرەتایە کە گریکەکان لە ئەزموونکردنی بووندا ئەنجامیاندا- جا گەرچی بێگومان لە هزردا نەیانکرد. بەڵام ڕاسپاردەکە بۆ بەدیهێنانی ئەم سەرەتایە، لە ڕووی فەلسەفەییەوە کەمێک ئاڵۆزکاوترە، چونکە هایدگەر دەیەوێت بەردەوامی بەم هزرینەی سەرەتا بدات، واتا دەبێت ئەم سەرەتایە هەموو ساتێک بەزرێنرێت. سەرەتا کە (وەک لەدەستچوو) لەپشتمانەوەیە، هەروەها ئەو سەرەتایە کە (وەک ئەرک) لە بەردەمماندایە، لەنێو هەموو «ئێستا»یەکدا لێرەیە. ئێمە لایەنی کەم ئەو کاتە کە «خۆیی»ن، ئیتر «سەرەتایین». هەموو فەیلەسوفەکان، بێگومان گەر ڕەسەن بن، سەرەتاگرن و هەر ئاوها دەمێننەوە. گەرچی هایدگەر دوای کشانەوەی لە پۆستی سەرۆکی زانکۆ بەناکامی ڕوو لە پارت وەردەگێڕێت، بەڵام ئەو هێشتا هەر ڕەخنە لە پارت دەگرێت کە گوایە دەستپێکردنێکی هێناوەتە گۆڕێ نەک سەرەتایەک.

هایدگەر دوای شکستهێنانی لە پۆستی سەرۆکی زانکۆ، بەتوندی ڕەخنەی لە ئیدێکانی ناسیۆنالسۆسیالیزم دەگرت و ڕەخنەکانی دەمەوەرییان پێوە دیاربوو. ئەو لە موحازەرەکانیدا لەبارەی هوێلدەرلین و نیتچە، کە نازیەکان کردبوویانن بە داشی تاشراوی ئیدیۆلۆژیانەی خۆیان، پیشانی دەدات کە ئەم ئاوەژووکردنەوە ئیدیۆلۆژییانە چەند بێبنجن. بە هەر حاڵ، هایدگەر لە مەسەلەی هوێلدەرلیندا خۆیشی فریو دەدات، ئەویش بەوە کە پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان خۆی و هوێلدەرلیندا دیاری دەکات: ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە باپیری لەکاتی سەرهەڵدانی «سروودی ئیستەر» (ئیستەر ناوە گریکییەکەی ڕووباری دۆناوە) و «یـادەوەری»ی هوێلدەرلیندا، لە دۆناوتال هاتۆتە جیهانەوە. ئەوجا هایدگەر بە ئاوڕدانەوەی لە پۆستی سەرۆکی زانکۆ دەگات بەم تێڕوانینە تاڵە:

«بۆ من دوو تیر، خەریکبوون لەتەک بڕوابووندا بە ڕەچەڵەک و شکستی پۆستی سەرۆکی زانکۆ، ئەوەندە قووڵن کە دەبێت برینەکانیان بەڕاستی سارێژ بکرێن».

هیچ گومانی تێدا نییە کە ڕەوانبێژییەکەی هایدگەر لە ١٩٣٣ بۆ ١٩٣٤ بەبێ کەلێن گونجابوو بە ژارگۆنی نازییەکان، ئەو تەنانەت درەنگتریش بەسووکی لە جوولەکە دەدوا. بەڵام سەرباری ئەمە دەبێت جەخت لە هەقیقەتێک بکەین: ئەو لە پرسیاری شیمانەی وەرگێڕانی فەلسەفەکەیدا بۆ سیاسەتی پارت بوو بە قوربانیی بەهەڵەتێگەیشتنێک لەلایەن خودی خۆیەوە. هایدگەر باوەڕی دەکرد، گەر لە ئەرێنییەکەی بۆ شۆڕشی ناسیۆنالسۆسیالیستی پاشگەز ببێتەوە، ئەوسا خیانەتی لە داواکارییە شۆڕشگێڕییەکەی هزری خۆی کردووە، بەڵام لێرەدا ئەو هەقیقەتەی نەبینی کە پارت تەقەلای بۆ ئامرازاندنی بێجلەوی مەعریفەکانمان دەدا، ئەمەش لە بنەڕەتدا بەتەواوی ئەوە بوو کە هایدگەر وەک لەبیرچوونەوەی بوون کردبووی بە بابەتی ڕەخنەکەی لە پێشسۆکراتییەکان. کەواتە لەو ساتەدا کە هایدگەر وای بۆچوو، ئەو دەتوانێت و دەبێت هزری خۆی بخاتە خزمەتی پارتەوە، فرەتوێژییەکەی هزری خۆی لەبیرچۆوە: ئەو هزرە کە تاکە ئەرکی ڕێگرتن بوو لە کورتکردنەوەی هزر بۆ سەر ئاستی دووبەشاندنی دروست/ هەڵە، پارت/دژە-پارت. گەر ئەو لە ئەنگاژمۆ نازییەکەی پاشگەز ببوایەتەوە، ئەوا بەو کارە (ئەمە بەڕاستی مایەی تەوسە) تێڕوانینە بنەڕەتییەکەی خۆی بەتەواوی ڕزگار دەکرد، بەڵام ئەو کاتێک دەیتوانی خۆی لە قەرەی ئەم داواکارییە بدات، گەر بەرانبەر بە هەڵوێستە سیاسییەکانیشی هەمان ئەو هەڵوێستە ڕەخنەییەی هەبووایە کە بەرانبەر بە ڕوانگە فەلسەفەییەکانی خۆی وەریگرتبوو.

## بۆچی هایدگەر وەک سەرۆکی زانکۆ شکستی هێنا؟

شکستهێنانی هایدگەر وەک سەرۆکی زانکۆ چەند هۆیەکی هەیە، بەڵام ئەو خۆی گرنگترین هۆیە. ئەو بە چالاکییە بێئەندازەکەی بۆ هاوفۆڕمکردنی زانکۆی فرایبورگ تەنانەت پێش دەرچوونی یاسای پابەند بەو مەبەستەوە، زۆر پرۆفیسۆری کۆنسەرڤاتیڤ و لیبرالی تووڕەکرد. جگە لەمە هایدگەر تەنانەت وێڕای بەرواری کۆنفرانسێکی ڕێکتۆران بەو ئامانجە ناوبراوەی سەرەوە تەزویر بکات. هەر چۆنێک بێت، زۆرینەی پرۆفیسۆرەکان هەڵوێستێکی گوماناویی بەرانبەر بە ناسیۆنالسۆسیالیزم و بەمەش بەرانبەر بە یەکگرتنەوەی هایدگەر لەتەک ئەودا وەرگرتبوو — جا گەرچی هیچ بەرهەڵستییەکیان دژی لەکارخستنی زەمیلی جوولەکە و زۆر کرداری شەرمەزارانەی دیکەی وەک سووتاندنی کتێب نەنواند. هایدگەر بەبێ قبووڵکردنی هیچ ڕێگەچارەیەکی نێوانی هەوڵی دەدا فێرخوازان لە سەمینار و موحازەرەکان بهێنێتە دەرەوە و ئەرکی ڕاهێنانی سەربازی و خزمەتی کاریان بەسەردا بسەپێنێت، بەڵام ئەم هەوڵەی لە

لایەن زۆر زەمیلییەوە نزم دەنرخێنرا. بەتایبەتی وانەبێژانی کۆلێژی پزیشکی کارێکی ڕێکخراوی نێو لابۆریان هەبوو و بۆیە هەستیان دەکرد کە پێگەیاندنی فێرخوازەکانیان بەڕاستی لە مەترسیدایە.

هەر چۆنێک بێت، شکستهێنانی هایدگەر وەک سەرۆکی زانکۆ ناگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیانە کە ئەو لە «Tatsachen und Gedanken»دا دیارییان دەکات. ئەو گۆتی، کە گوایە وەزیر داوای کردووە هەردوو ڕاگر موێلندۆرف و ڤۆلف لە پۆستەکانیان لابدات، بەڵام ئەو گوێرایەڵیی وەزیری نەکردووە و لەبەر ئەم هۆیە لە پۆستەکەی کشاوەتەوە. ئەمە ڕاست نییە. لە حاڵەتی ئێریک ڤۆلفدا بەڕاستی بەگوێی هایدگەردا درا لە پۆستەکەی لایبدات، بەڵام ئەمە نەک لەبەر هۆی سیاسی. ڤۆلف ئەو دەمە، جیاواز لە سەردەمی درەنگتر، بە باوەڕ ناسیۆنالسۆسیالیست و لایەنگرێکی دڵسۆزی هیتلەر بوو، بۆیە بۆ وەزارەت هیچ هۆیەک لەگۆڕێدا نەبوو تاکو لەدژی ئەو هەنگاو بنێت، بە پێچەوانەوە: ڤۆلف تەقەلایەکی زۆریدا بۆ ئەوەی کۆلێژی یاسا بەگوێرەی پرەنسیپی ڕابەر (هیتلەر —و) ڕێکبخات، بەڵام ئەمە کارێک بوو کە زۆر زەمیلی وەک تێپەڕین لە سنوور دەیاننرخاند، بۆیە ڤۆلف متمانەی ئەوانی لەدەستدا و چیدی لە زانکۆ شیاوی هێشتنەوە نەبوو.

**ئایا فەلسەفەی هایدگەر ناسیۆنالسۆسیالیستییە؟**

وەک بیستمان، ئێمانوێل فایێ دەبێژێت: «بەڵێ». بە تێڕوانینی ئەو یەک تاکە تێکستی هایدگەر نییە کە ناسیۆنالسۆسیالیستی نەبێت. پێش فایێ توێژەرانی وەک فاریاس، شنێبێرگەر و ئێبەلینگ هەمان تێڕوانینیان هەبوو. بەڵام نووسەرانی کتێبی «Heidegger à plus forte raison» دەبێژن: «نەخێر». زۆر نووسەری دیکەی فەڕەنسی هەمان تێڕوانینیان هەیە، بەڵام هەموویان، لەوانە ژۆ بوفرێت، ناتوانن بەسەرکەوتوویی بەرگری لە خۆیان بکەن دژی ئەو ڕەخنەیە کە گوایە ئەوان ڕێڤیزیۆنیستی توندڕاسترەون. هەروەها نووسەرانی ئەڵمانیی وەک ڤییت و پوێگەلەر هەمان تێڕوانینیان هەیە.

گەر ئێمە بمانەوێت «ئەرێ»یەک یان «نەرێ»یەک ڕوونبکەینەوە، ئەوا دەبێت لە خۆمان بپرسین کە داخۆ یەکگرتنەوەیەک لەنێوان فەلسەفەی هایدگەر و ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالسۆسیالیزمدا هەبێت و گەر وا بێت، ئەوا داخۆ ئەو یەکگرتنەوەیە کامە بێت. ئەمیان بەتایبەتی بۆ کاتی نێوان پۆستی سەرۆکی زانکۆ گرنگە و هێندە ئاسان دیاری ناکرێت، چونکە لە سەرەتای دەسەڵاتی نازییەکاندا زۆر جەرەیانی جیاواز و ناکۆکیی

سەخت سەبارەت بە ڕێبازی ڕاستەقینەی پارت لەگۆڕێدا بوون. با پەیوەند بەمەوە تەنیا بیر لە فراکسیۆنی ناسیۆنال-شۆڕشگێڕ بکەینەوە کە هەردوو برا ئۆتۆ شتراسەر و گریگۆر شتراسەر ڕابەرایەتییان دەکرد و ساڵی ١٩٣٤ بەهۆی کوشتنی ئێرنست بوێم و ڕابەرانی دیکەی ئێس-ئا-وە تێکشکێنرا.

ئێمە دەتوانین بەئاسانی دوو پایە دیاری بکەین کە ناسیۆنالسۆسیالیزم لەسەریان وەستابوو و گرنگن بۆ ساغکردنەوەی یەکگرتنەوەی و جیاوازیی نێوان هایدگەر و ناسیۆنالسۆسیالیزم: پرەنسیپی ڕابەر و ڕەگەزگەرایی. بنەمایەکی سێیەم بریتییە لە پەیوەندی بە زانستەوە، بنەمایەکی چوارەم کە گەرەکە ڕووی تێبکرێت، پرسیارە لەبارەی تێگەی شۆڕش لای هایدگەر و لە ئیدیۆلۆژیی نازییەکاندا.

١) پرەنسیپی ڕابەر: ئێمە لەم بنەمایەدا یەکسەر دەگەین بە جیاوازی لەنێوان ئەگەرە فەلسەفەیی و کەسی-سیاسییەکانی هایدگەردا. ئەو لە «پـرۆژەی سەرۆکایەتیی زانکۆ»دا بەڕوونی داوای ڕابەرایەتیی کرد، ئەو تەواو سەرسام بوو بە هیتلەر، ئەمە تەنانەت ماوەیەکی زۆر پاش شکستهێنانەکەی. بەڵام ئەم ئەرێنییە سیاسییەی «پیاوی بەهێز» بە فەلسەفەی هایدگەر ناگونجێت. دازاین لە «بوون و کات»دا، بێگومان گەر ئەو خۆیی / ڕەسەن (authentisch) بێت، نەک تەنیا «پرۆژە»یە، بەڵکو هەروەها «فڕێدراوی»یە، کەواتە بە هیچ شێوەیەک سەربەخۆ نییە. ئەوجا: «دازاین» لە «بوون و کات»دا وەک تاکەکەسی «مۆدێرن»، ئۆتۆنوم، شیاوی لێتێگەیشتن نییە، بەڵکو دەبێت تەنیا وەک پرسیارکردن لەبارەی مەغزای بوون لێی تێبگەین، جگە لەمە «بوون و کات» هیچ دەسوێژێک بۆ شرۆڤەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناخاتە بەردەم. سەبارەت بەم کێشەیە نابێت ئەو تێکستانە لەخشتەمان بەرن کە لە زۆرگە و لەتەکبوون دەدوێن، بە پێچەوانەوە ئەو تێکستانە بەتایبەتی پیشانی دەدەن، کە کێشەی هایدگەر پرسیارکردنی سۆسیال و سیاسی نییە، بەڵکو ئامانجی ئەو ڕوونکردنەوەی ترانسێندێنسە. هایدگەر لەگەڵ «وەرچەرخان»دا، هەروەها بەدووی ئەودا، بوون و هیچ، ڕاستی و ناڕاستی، هاوتا دادەنێت. سەرجەمی دژبەرییەکان بەردەوام بە یەکتری دەبن. شۆڕش بەردەوامیی پێدەدرێت. نە (rock bottom) ێک لە ڕووی تیۆری و نە باڵاترین دامەزراوەیەک لە ڕووی پراکتیکییەوە هەیە. کەواتە لەوێدا نە جێی ڕابەر و نە جێی ئێتیکێک دەبێتەوە، بەڵێ بە هیچ شێوەیەک ناشێت لەژێر ئەم مەرجەدا گۆڕان بە ئێتیک بدرێت.

٢) ڕەگەزگەرایی: ئێمە دەتوانین لە مەسەلەی ڕەگەزگەراییدا هاوڕابین لەتەک مارتندا (١٩٨٧) و ببێژین، کە هیچ یەکگرتنەوەیەک لەنێوان ڕەگەزگەرایی بیۆلۆژیانەی

ناسیۆنالسۆسیالیزم و ئەنتیسامیێتیی کولتووریانەی هایدگەردا نییە. ئەو ڕووبەرە کە هایدگەر لەسەری دەبزوا، ڕووبەری کولتوور بوو. کێشەی ئەو بریتی نەبوو لە «سروشت» یان لە هەر جۆرێکی ماتەریالیزم، بەڵکو بریتی بوو لە «Wesen / ڤێزن»ی (کرۆکی) مرۆڤ. ئێمە دەبێت ئەم ڤێزنە وەک ڤێرب (Verb)، وەک کراوەیی بۆ بوون، وەربگرین. هایدگەر هەمیشە لەنوێوە جەخت دەکات، کە کۆئەندامی ئاژەڵ شتێکی تەواو جیاوازە لە لەشی مرۆڤ. ئەو دەبێژێت، کە تێڕوانینی ترادیسیۆنی سەبارەت بە مرۆڤ وەک ئاژەڵی ئاوەزمەند نزمنرخاندنێکی پڕمەترسیی مرۆڤە. هایدگەر ئەو دەمە و درەنگتریش زۆر دوور بوو لەوە کە مرۆڤ بۆ سەر ئاستی «سروشت» کورتبکاتەوە، ئەو هەروەها هەرگیز بیۆلۆژیانە لە «گەل» نەدەهزرا، بەڵکو کولتووریانە. ئەڵمانەکان / دۆیچەکان (بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا ئەلەمانەکان) میراتگری ڕاستەقینەی گریکەکانن.

بێگومان ئەوە جەختە کە هایدگەر هەڵوێستی ئەنتیسامیانەی هەبوو، بەڵام پێویستە لەم کۆنتێکستەدا ئاماژە بۆ هەقیقەتێک بدەین: ئەو لەو ماوەیەدا کە سەرۆکی زانکۆ بوو، لە لایەک پشتی فێرخوازان و زەمیلی جوولەکەی گرت، لەوانە ڤێنەر برۆک کە هاوکاری زانستیی خۆی بوو، بەڵام ئەو لە لایەکی دیکەوە بەبێ هۆ خیانەتی لە زەمیلی دیکەی خۆی کرد، بۆ نموونە لە باومگارتن و شتاودیگەر. هەروەها (یان سەرلەنوێ) ئەو ساڵی ١٩٥٠ سکاڵای کرد لە دەست ژمارەی زۆری پرۆفیسۆری جوولەکە، کە سەرلەنوێ لە زانکۆکاندا کاری وانەبێژییان دەکرد. کەواتە لەمەوە وێنەیەکی سەرجەمییانە دەکەوێتەوە، بەڵام هیچ شیمانەیەک نییە بۆ ئەوە کە ئەم ئەنتیسامیێتییە کولتوورییەی هایدگەر بخزێنرێتە نێو فەلسەفەکەیەوە.

٣) زانست، تەکنیک، سیاسەتی زانکۆیی: ئێمە دەتوانین ببێژین کە هایدگەر لە «بوون کات»دا، لەپاڵ هەندێک داواکاریدا، ئەم داواکارییەی بەرزکردەوە: پێویستە فەلسەفە سەرلەنوێ ڕێنوماکانی توێژینەوە و فێرکاری دیاری بکات. بە دیدی ئەو فەلسەفە ئەم سەروەرییەی لەدەستداوە، چونکە زانستەکان، بەتایبەتی زانستە تەکنیکییەکان، سەرکەوتنی یەکجار مەزنیان لە چارەسەری کێشە پراکتیکییەکاندا بەدیهێناوە و دەتوانن ئەو سەرکەوتنانەیان پیشان بدەن، بەم ڕێیەشەوە فەلسەفە و زانستە کولتوورییەکان خزاونەتە پشتەوە. سەرەنجامی ئەم پاشەکشەیەی فەلسەفە ئەوەیە کە هەموو شتێک دەخرێتە ژێر فەرمانی بەگەڕخستن و ئەنجامخوازی و بەکارهێنانەوە. ئەمەش بەواتای: ئەوە کە بەڕاستی لە ژیاندا گرنگە و بریتییە لە پەیوەندیی مرۆڤ بە خۆی و بوونەوە، لە بەردید بزر دەبێت. بێگومان ئەم گۆڕانە نوێ نییە، تەنانەت

پارمێنیدێس و هێراکلیتێس ڕێیاندا لە تاکە پرسیاری ڕاستەقینەی فەلسەفە کە پرسیارە لەبارەی بوون، دووربخرێنەوە، ئەوانیش ڕێیاندا لە بەردەم بەگەڕخستنی مەعریفەکاندا لەخشتەببرێن و بەمەش، بەبێئەوەی لێی بەئاگابن، پرسیاریان لەبارەی بوون نەکرد، بەڵکو لەبارەی بوونەوەر کردیان. ئەم بەهەڵەداچوونە مێژووی خۆرئاوای بە شێوەیەکی کارەساتاوی دیاری کرد.

بەدیدی هایدگەر نەشیاوە ئەو مەعریفانە کە بەگەڕدەخرێن، وەک ڕاستی بناسێنرێن، بەڵکو لە هەموو حاڵەتێکدا وەک دروست (×حیح) شیاوی ناساندنن، ئەوان بوون بە دەسوێژ بۆ مەبەست. مەسەلەکە تەنیا کارابیە. تەکنیک و تەکنۆلۆژیای مۆدێرن بریتین لە لوتکەی ئەم گۆڕانە و نەک تەنیا بەهەڵەماندا دەبەن، بەڵکو تەنانەت ئەم بەهەڵەدابردنە دەشارنەوە. هایدگەر لە سییەکانیشدا ئەم ڕەخنە جووتەنییەی لە تەکنیک کرد بە پرۆژە و لە پەنجاکاندا ئاگامەندانە لە کایەی تەکنۆلۆژیای جینەکاندا بەگەڕیخست.

ئێمە تێناگەین چۆن هایدگەر توانیی وای دابنێت (هانا ئارنت ئاماژەی بۆ ئەمە داوە) کە ناسیۆنالسۆسیالیزم هاوخەباتێتی لەدژی تەکنیک و تەکنۆلۆژیا، بەمەش بزووتنەوەیەکە لەدژی سەروەریی مسیبەتییانەی هزری کەڵکخوازی. ئایا چۆن ئەم چەوتنرخاندنە پڕمەترسییە، ئەم هاوهەڵوێستییە وەهمییە هاتە ئاراوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، هاوشێوەی توێژینەوە لە هۆکارەکانی وێنەدانەوە (پرۆێکسیۆن)، مەزەنەییە. هەڵە نییە گەر ئەم گریمانەیە بکەین: نازییەکان ڕەوانبێژییەکی تایبەتمەندیان بەگەڕخست و تێیدا بە خوو و نەرێتی گەرمانییەکان و ترادیسیۆنی میللیی ناوچەکانیاندا هەڵدەدا، ئەوەش بۆ هایدگەر ڕاستاندنی هەڵوێستەکەی خۆی بوو: بەرزنرخاندنی ئەلەمانێتی. ئەو لە گۆتاردانێکدا بەناونیشانی «گەڤکردنی گەلی ئەلەمانی»، لە «ئەلەمانێتیی گەنج» دەدوێت کە نەسازە بە «مەدەنێتیی پیربوو و بە بێموبالاتیی بێزیان بەرانبەر بە دەوڵەت». دانانی ئەلەمانێتی بە سەرچاوەیی و ڕەسەن و ڕاست کە دانانێکی حەشاردەرە، تەریبە بە ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە وەک نوێنەری گشتیدان.

گشتیدان کە تەکنیک گرنگترین مۆرکێتی، جیهانی ڕۆژانەمانی داگیرکردووە، بەڵام پێویستە لەدژی ئەم داگیرکردنە جەخت لە خۆ و خۆیەتی بکرێت، ئەمەش تەنیا کاتێک دەشێت، گەر فەلسەفە (بێگومان فەلسەفەی هایدگەری) سەرلەنوێ بخەینەوە سەر لوتکەی تاکە زانستەکان، چونکە تەنیا فەلسەفە دەتوانێت ئەو کوێرکردنە کە تەکنیک و بەگەڕخستنی تەکنیک هێناویانەتە ئاراوە، هەروەها شاردنەوەی ئەم کوێربوونە، ئاشکرا بکات. ئێمە دەتوانین بەسەهووداچوونی هایدگەر لە نرخاندنی نازییەکاندا وەک

هەڵەیەکی ڕاچڵەکێنەر دیاری بکەین، چونکە ئەو سەرسامیی نازییەکانی بۆ تەکنیک نەدەبینی. بێگومان ئەم تێڕوانینە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت کە ئەو بەرپرسیار نەبێت لەم هەڵوێستەی. جگە لەمە ڕستەکەی نێو «ڕێبەری بۆ مێتافیزیک» پیشانی دەدات کە هایدگەر لەم ڕووەوە تەنانەت دوای ١٩٤٥ چەند بێئاگا بوو؛ ئەوجا ڕستەیەکی دیکە دێتە پاڵ ئەو ڕستەیە: «ئێستا کشتیاری تەنیا ئیندوستریی تێرکردنە، لە کرۆکدا هەمان شتە وەک بەرهەمهێنانی لاشە لە گازخانەکان و ئۆردوگاکانی قەلاچۆکردندا، هەمان شتە وەک دابڕاندن و برسیکردنی وڵاتان، هەمان شتە وەک بەرهەمهێنانی بۆمبی هایدرۆجینی».

٤) شۆڕش: هایدگەر تا ڕادەیەک لە سیاسەتی زانکۆییدا دەروازەیەکی بۆ پێشبینییەکانی خۆی لەمەڕ شۆڕش بینییەوە، چونکە (NSDAP) هێشتا لە بواری سیاسەتی زانکۆییدا ستراتیژییەکی سیاسیی نەبوو. هیتلەر بەرانبەر بە زانکۆ، بەگشتی بەرانبەر بە هزرمەندان (ئینتەلەکتوێلەکان — و)، هەڵوێستێکی ئەوپەڕی گومانداری هەبوو. هایدگەر لەم پنتەدا لە هیتلەر جیاواز بوو، بەڵام ئەم جیاوازییەی شاردەوە. ئەو دەیویست زانکۆکان وەک خۆیان بهێڵێتەوە، بەڵام هاوکات شۆڕشگێڕێتییان پێبدات. زانستەکان دەبوو بخرێنە ژێر ڕابەرایەتیی فەلسەفەی هایدگەرەوە، هەروەها دەبوو هەرەمی ترادیسیۆنیی زانکۆ، واتا زانکۆی ئۆردینارەکان، نەهێڵرێت. مەبەستی ئاشکرای هایدگەر ئەوە بوو کە لە خۆبەڕێوەبردنی زانکۆدا مافی بەشداریکردن بدات بە وانەبێژان و فێرخوازان، ئەمەش شۆڕشێک بوو کە پرۆفیسۆرەکان بەسەختی دژایەتییان کرد، بەڵام هایدگەر بە پشتیوانیی یەکێتی فێرخوازانی ناسیۆنالسۆسیالیستی و وەزارەتی فێرکاری بۆی لوا، یاسای زانکۆ بەگوێرەی تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت. هایدگەر هاوکات هەڵپەی کرد بۆ ئەوەی لە سیاسەتی زانکۆیی ڕایشدا دەسەڵات بەدەست بهێنێت، بەڵام کرییک و بۆیملەر و ڕۆزنبێرگ بەرهەڵستیی ئەم نیازەی ئەویان کرد و بۆیە بەبێ خستنەوەی بەرهەمێک شکستی هێنا. هایدگەر هەرگیز نەیتوانی ئەم شکستهێنانەی بەتەواوی بڕەوێنێتەوە. ئەوجا ئەو لە کۆتاییدا بە جرپنیی دیکە ئەوەندە زەمیلی دیکەی تووڕە کرد، کە ئیتر فێبریوەری ١٩٣٤ بڕیاری دا لە پۆستەکەی بکشێتەوە. بەڵام ئەمە هیچ شتێک لە پەیوەندیی فەلسەفەی ئەو بە بزووتنەوەی ناسیۆنالسۆسیالیستییەوە ناگۆڕێت. ئەو هێشتا هەر تەریبێکی پڕواتای لەنێوان شۆڕشە فەلسەفەییەکەی خۆی و شۆڕشی سیاسیدا دەبینی، ئەمەش شۆڕشێک بوو کە ئەو باوەڕی دەکرد لە بزووتنەوەکەدا بینیبێتییەوە. ئەو بۆ نموونە ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٣٣ ڕایگەیاند: «شۆڕشی ناسیۆنالسۆسیالیستی، وەرچەرخانی تەواوەتیی دازاینی ئەڵمانیمان دەهێنێت».

هایدگەر یەکسەر دوای شکستیهێنانی وەک سەرۆکی زانکۆ ئەو موحازەرەیەی لابرد کە نیازی بوو لەبارەی دەوڵەت بیخوێنێتەوە و لەبری ئەو موحازەرەیە موحازەرەیەکی دیکەی لەبارەی لۆگیک خوێندەوە، بێگومان نەک لەبارەی ئەو لۆگیکە کە ئێمە ئەمڕۆ پێشبینیی دەکەین، بەڵکو موحازەرەکە بریتی بوو لە ڕاڤەیەکی تایبەتیی لۆگۆسی گریکی. لەم موحازەرەیەدا دەردەکەوێت کە هایدگەر پشت دەکاتە لۆگیکی دووبەهایی، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو گاڵتە بە یاساغی ڕوونکردنەوەی خولگەیی دەکات و دەبێژێت، بەتایبەتی ئەوە گرنگە کە ئێمە بچینە نێو خولگەکەوە. لەم داواکارییەوە، وەک پێشتر بینیمان، سەرەنجامێکی ئەوتۆ دەکەوێتەوە کە هایدگەر ببێژێت: بوون هیچە و ڕاستی ناڕاستییە، واتا ئێمە هەمیشە لەسەر ئاستی دیسکورزیڤ تەنیا دروست (×حیح) دەدۆزینەوە و هەرگیز ڕاستی نادۆزینەوە. ڕاستی هەرگیز شتێکی چەسپیو، شیاوی پێناسەکردن، تەواوکراو، نییە، بەڵکو هەمیشە ئەوەیە کە پێویستە «بەزرێنرێت».
یەکایەتیی «قووڵ»ی یان یەکایەتیی ترانسێندێنتی نەسازییە تەوەرەییەکان (بوون/ هیچ، ڕاستی/نا-راستی) واتای یەکایەتیی دینامیکیانەی نەسازییەکان دەگەیەنێت، کە لێوەی دەشێت فێنۆمێنە لۆگیکی و ڕۆژانەییەکان دیاربدەن، ئەمەش بێگومان تەنیا وەک کورتکراوەیەکی دەستگیرکراو لەو یەکایەتییەوە. هەر بڕیارێک لەسەر ئەم ئاستە بدرێت، تەنیا دروستە، بەڵام هەرگیز ڕاست نییە. بێگومان دەشێت ئەو بڕیارە کارایی هەبێت، سەرەڕای ئەمە هەرگیز کرۆک ناهەنگێوێت. بەڵام گەر مەسەلەکە بریتی بێت لە بوون/هیچ، ئەوسا چیدی گرنگ نییە کە داخۆ دروست یان نادروست بڕیار بدرێت، بەڵکو ئەوە گرنگە کە بڕیاردەدرێت.
هەروەها کێشەکە لەسەر ئەم ئاستەی «کە» کردارێک نییە لە مەغزای باودا و مرۆڤ بتوانێت لەبارەی ببێژێت، گوایە ئەو کردارە هەڵبژاردنێکە لەنێوان ئەلتەرناتیڤی جیاوازدا یان گوایە بریتییە لە چێکردنی شیمانەی کردار. کردارەکە لەسەر ئەم ئاستە هزرێکە و هزرەکە کردارێکە، ئەوجا بەدووی ئەمەدا دەردەکەوێت کە داخۆ ئەو خۆی لەنێو ڕاستی یان نا-ڕاستیدا ببینێتەوە، واتا: داخۆ بوون بۆ ئێمە دەربکەوێت یان خۆی لێمان بەدووربگرێت. هایدگەر دەبێژێت: «کێ مەزن بەزرێت، دەبێت مەزن بەهەڵەدابچێت».
«ورە» (Entschlossenheit) و «کـــردار» بریتین لـە جۆرێکی «ئەنجامدان» (Vollzug). کراوەیی لە حاڵەتی ئەم ئەنجامدانەدا دەبینێت، کە خۆ-ئاشکراکردنی ڕاستی خۆی دەشارێتەوە و خۆ-شاردنەوەی ڕاستی خۆی تەواو پیشان دەدات. گەر سیستەماتیکیانە بڕوانین، دەبینین کە هایدگەر هیچ پەیوەندییەکی

به سیاسەتی ناسیۆنالسۆسیالیزم و تێگەیشتنی ئەوەوە بۆ سیاسەت نەبوو. دەوڵەتی نازی بەگوێرەی پرۆگرام کاری دەکرد، ئامانجی دادەنا و لۆگیستیکی ڕێکدەخست. بەڵام هایدگەر بە پێچەوانەوە لەسەر ئاستی ترانسێندێنت هەوڵی بۆ نزیکبوونەوە و ناسینێک دەدا کە لەسەر ئەو ئاستە شیاوی دەستگیرکردن نەبوو. ئەو وای بۆ دەچوو کە هزری خۆی و سیاسەتی نازیانە یەکبگرنەوە، بەڵام ئەم بۆچوونەی هیچ بنەمایەکی نەبوو. نازییەکان نەیاندەتوانی هیچ شتێک بە هزری هایدگەر ئەنجام بدەن. ئەوان بۆ ماوەیەک باوەڕیان دەکرد کە ڕەنگە ناوبانگی هایدگەر بۆیان سوودمەند بێت. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جیاوازیی نێوان هەردوو لا شیاوی یەکلاکردنەوە نەبوو. هایدگەر جەختی لە ئاستێکی خۆپەرچیوی ڕەوشگەلی فرەواتا دەکرد، لێرەشدا بێگومان بەئاگا بوو لە خودی تەوەرەکان کە بناغەی یەکتری دەڕێژن و لە پەیوەندیی بەردەوامی نێویەکیدا بە یەکتری دەبن، بەڵام ئەمە بۆ دەسەڵاتداران زۆر ناسک بوو، جگە لەمە چ لە ڕووی تیۆری و چ لە ڕووی پراکتیکییەوە هیچ سوودێکی بۆ ئەوان نەبوو. گەر مرۆ بیتوانییایە هزری هایدگەر بۆ مەبەستی سوود لێوەرگرتن کارا بکات، ئەوسا ئەو هزرە بەڕاستی دژبێژی خۆی دەکرد و خۆی لەکاردەخست.

بەڵام ئەم کێشەیە لە ڕوانگەی هایدگەرەوە جیاواز بوو. ئەو لایەنی کەم هەتا ساڵی ١٩٣٦ هەمیشە لەنوێوە جەختی دەکرد کە پەیوەندییەکی ناخەکی لەنێوان فەلسەفەی خۆی و ناسیۆنالسۆسیالیزمدا (درەنگتر «بزووتنەوەکە»دا) هەیە. ئەو ساڵی ١٩٣٦ گفتوگۆیەکی لە ڕۆما لەتەک کارل لوێڤیتدا ئەنجامدا و لەم گفتوگۆیەدا دەیدرکێنێت کە لایەنگریی ئەو بۆ ناسیۆنالسۆسیالیزم لەنێو کرۆکی فەلسەفەکەیدایە. بەڵام ئێمە دەتوانین پیشانی بدەین کە ئەمە بەهەڵەتێگەیشتنێکی یەکجار درشت بوو.

هایدگەر ویستی داواکارییە شۆڕشگێڕییەکانی پارت لەتەک داواکارییەکانی خۆیدا بگونجێنێت. ئەو لە نووسینی «بڕیاردان بۆ ئادۆلف هیتلەر و دەوڵەتی ناسیۆنالسۆسیالیستی»دا دەبێژێت: «شۆڕشی ناسیۆنالسۆسیالیستی تەنیا وەرگرتنی دەسەڵاتێکی هەبووی نێو دەوڵەت نییە لەلایەن پارتێکی پێگەییوەوە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵکو ئەم شۆڕشە وەرچەرخانی تەواوەتیی دازاینی ئەڵمانیمان دەهێنێت». هایدگەر ١٥/١٦ ی ئۆگوستی ١٩٣٤ پێکەوەبەستنی شۆڕش و مێژوو و گەل لە گۆتاردانی «زانکۆی ئەڵمانی»دا دەردەبڕێت: «بەڵام هەنووکەی ئەڵمانیمان بە وەرچەرخانێکی مەزن ڕڕبۆتەوە و بەنێو سەرجەم دازاینی مێژوویی گەلماندا دەتەنێتەوە. ئێمە سەرەتای ئەم وەرچەرخانە لە شۆڕشی ناسیۆنالسۆسیالیستیدا دەبینین».

**ئایا شۆڕشەکەی هایدگەر چ شێوەیەکی دەبوو؟**

گەر پێشبینی بکەین کە شۆڕشەکەی هایدگەر لە چی جیاوازە، ئەوا دەتوانین بەپوختی ببێژین: ئەو شۆڕشە دژی جیهانگەراییە، بەتایبەتی دیاریکردنێکی نێگەتیڤی پێدراوە، ئەنتیپەرلەمانییە، واتا دژی هاوڕایی چێکراوە بەرێی ئەرگومێنتەوە (یان لایەنی کەم دژی بڕیاری زۆرینەیە)، کەواتە دژی ئەو دامەزراوانەیە کە ڕەوایەتی بەو بڕیارانە دەدەن کە لە ڕەوتی پرۆسەدا هاتوونەتە ئاراوە. ئەو شۆڕشە ئەنتیمۆدێرنە، واتا دژی کۆنسەپتی تاکەکەسی ئۆتۆنۆم و کۆمەڵگای پڕجیاوازییە، بەڵام بەتایبەتی دژی تەکنیکە، چونکە تەکنیک بۆ هایدگەر بریتییە لە ڕەوایەتیدانی مرۆڤ بە خودی خۆی، واتا بریتییە لە تەقەلا بۆ دەسەڵات بەسەر مرۆڤ و سروشتدا و بەمەش تەکنیک خۆمەزناندنی سەبژێکتە — بریتییە لە دانانی خۆیەتی بە «تاجی خولقاندن». هایدگەر ئەم کێشەیە بەم چەشنە دەردەبڕێت: مرۆڤ سەروەری بوونەوەر نییە، بەڵکو «شوانی بوون»ـە. گەر مرۆڤ خۆی بەسەر بوونەوەردا سەوەر بکات — یان تەناتەت بەسەر بووندا-، ئەوسا جیاوازیی سەبژێکت و ئۆبژێکت دەچەسپێنێت و بەمەش ڕێ لە خۆی دەگرێت لە بوونەوە پرسیار لەبارەی بوون بکات.

بەڵام گەر بمانەوێت شۆڕشەکەی هایدگەر تەنیا بەو ڕێیەوە دیاری نەکەین کە ئەو چی ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو بەو ڕێیەشەوە کە ئەو چیی دەوێت، ئەوسا دەتوانین ببێژین: ئەو شۆڕشە نوێنەرایەتیی ڕوانگەی ناوچەگەرایی دەکات، لێرەشدا بەروونی دەبینین کە هایدگەر مۆرکی پاڵەوانێتی بە گەلی ئەڵمانی / دۆیچ دەدات وەک تاکە گەلێکی سەر ئەم زەمینە کە شایستەی ئەوەیە ناوی پاڵەوانی لێبنرێت، چونکە، تەنیا چونکە، گەلی ئەڵمانی میراتگری ڕاستەقینەی کولتووری گریکییە. ئەم تێڕوانینە بۆ هایدگەر بناغەیەکی فەلسەفەییانەی هەیە: گریکەکان، بەتایبەتی پێشسۆکراتییەکان، بناغەی کولتووری ئەورووپییان ڕشتووە، لێرەشدا تەنیا ئەڵمانەکان کولتووریان هەیە، بەڵام، وەک ئاشکرایە، فەڕەنسییەکان تەنیا سیڤیلیزاسیۆنێکی دێکادێنتیان هەیە. بێگومان بۆ هایدگەر زۆر خوازراوتر دەبوو کە ئەم ناونیشانی شەرەفەی تەنیا بە «گەل»ی ئەلەمانەکان بدایە، بەڵام گەر ئەم کارەی بکردایە، ئەوسا پێدەچوو لەلای دانیشتوانی دیکەی ڕایش هێندە سەرسامیی نەخستایەتەوە. هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە هایدگەر بە پێچەوانەی شاری مۆدێرنەوە واتایەکی پۆزەتیڤ بە «گوند» دەدات.

هایدگەر بەدرێژایی ژیانی سوور دەبێت لەسەر مەبەستە شۆڕشگێڕییەکانی، واتا لەسەر «ڕاسپاردەی هۆشەکی»و «ڕابەرایەتیی هۆشەکی» کە لە گۆتاردانی ڕێکتۆراتدا جەختی لێکردبوون. هایدگەر ٣٠ نۆڤەمبەری ١٩٣٣ تەنانەت دژی هیتلەر ئەم مەبەستەی خۆی

به شێوەیەکی ڕەخنەیی پیشاندا. ئەو ٣٠ نۆڤەمبەر لە تیوبینگن گۆتارێکی بەناوی «زانکۆ لە دەوڵەتی ناسیۆنالسۆسیالیستی»دا پێشکەش کرد، لەوێدا دەبڕینێکی هیتلەر وەک سیتات دەهێنێتەوە، کە گۆتبووی شۆڕش کۆتایی هاتووە و گەرەکە لە ئێڤۆلوسیۆن جیابکرێتەوە، بەڵام هایدگەر بە پێچەوانەوە دەبێژێت، کە شۆڕش لە زانکۆی ئەڵمانیدا بە هیچ شێوەیەک کۆتایی نەهاتووە — بەڵێ تەنانەت جارێ دەستیپێنەکردووە.

**سەرچاوە:**

Willem van Reijen
Heidegger im Profil
٢٠٠٩ Paderborn

**فەرهەنگۆک**

(تێبینی: بۆ تێگە تایبەتییەکانی هایدگەر لەنێو ئەم فەرهەنگۆکەدا، لەپاڵ فەرهەنگی هایدگەردا، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

٢٠٠١ Martin Heidegger: Sein und Zeit. Tübingen
١٩٩٩ :Michael Inwood: Heidegger. Freiburg im Breisgau
Thomas Rentsch (Hg.): Martin Heidegger. Sein und ٢٠٠١ Zeit. Berlin

ک.ج.)

ئاپریۆری: پێشئەزموونی، واتا هەبوونی دراوێک (بۆ نموونە مەعریفەیەک) پێش هەر ئەزموونکردنێکی ئەمپیری.

ئاتێیزم: (ئیلحاد)

بناغە: بناغەبوون بریتییە لە هۆکار-بوون (§ ٥٨ , S. ٢٨٣). بناغەبوون بەواتای: مانەوە لە پشت شیمانەکانی خۆیەوە؛ بەواتای: هەرگیز سەروەرنەبوون بەسەر بوونی خۆدا (§ ٥٨ , S. ٢٨٤). دازاین بریتی نییە لە بناغەی بوونی خۆی. دازاین وەک خۆبوون بریتییە لە بوونی بناغە. (§ ٥٨ , S. ٢٨٥). کاتێتی بریتییە لە بناغەی ئێکزیستێنسیالی زۆرگە (§ ٦٩ , S. ٣٥١). کاتێتی بریتییە لە بناغەی سەرجەم ی دازاینی فاکتی (§ ٨٣ , S. ٤٣٦).

بەربوونەوە: (فێرفالن / Verfallen). واتای وشەی فێرفالن بەگوێرەی فەرهەنگ بریتییە لە: داڕزین، داوەشان، کەوتن، هەروەها دەشێت تیۆلۆژییانە دیاریبکرێت وەک ژێرپەڕینی مرۆڤ بەهۆی گوناهە ڕەچەڵەکییەکەیەوە کە لە بەهەشتی خودایەتی ئەنجامی داوە. بەڵام ئەم وشەیە لەلای هایدگەر بریتییە لە ئێکزیستێنسیالێک: «بەربوونەوە بریتییە لە جۆرێکی ئێکزیستێنسیالانەی لەنێو-جیهان-بوون» (§ ٣٨ , S. ١٧٦). بەربوونەوە بریتییە لە ناخۆیەتیی دازاین (§ ٣٨ , S. ١٧٦). بەربۆوەیی دازاین بریتی نییە لە «ژێرپەڕین» (Fall) لە «دۆخێکی هەرە سەرەتایی» باڵاترەوە. دازاین لە خودی خۆی دازناوە و بۆ (نێو) جیهان کە سەر بە بوونی خۆیەتی، بەربۆتەوە. بەربوونەوە ئێکزیستێنسیالانە نەک تەنیا لەنێو-جیهان-بوون دیاری دەکات، بەڵکو هەروەها فڕێدراویش (§ ٣٨ , S. ١٧٩). بەربوونەوە بۆیە دەشێت، چونکە کێشەی دازاین لەنێو-جیهان-بوونەکەی خودی خۆیەتی. کەواتە بەربوونەوە ئێکزیستێنسی دازاین دەڕاستێنێت نەک دژبێژیی بکات (§ ٣٨ , S. ١٧٩-١٨٠). دازاین بەردەبێتەوە بۆ نێو قووڵایی و هیچێتیی ڕۆژانەی ناخۆیی (§ ٣٨ , S. ١٧٨). بەربوونەوە کارەکتەری گێژاوی (Wirbel) هەیە. (§ ٣٨ , S. ١٧٨) بەربوونەوە هەڵاتنی دازاینە لە خودی خۆی (§ ٤٠ , S. ١٨٤). بوون لە بەربوونەوەدا نەسڕدراوەتەوە و بەمەش بووبێت بە بوونەوەر، بەڵکو بێڕیشە بووە، بێگومان لێرەدا بوونەوەر ئاشکرا کراوە، بەڵام شێوێنراوە (وەک ڕواڵەت خۆی پیشان دەدات). دازاین لەنێو «ناڕاستی»دا بەربۆوەیە. داخراوی و داپۆشراوی سەر بە فاکتیسیتێی دازاینن (§ ٤٤ , S. ٢٢٢). بەربوونەوە ئاماژە بۆ هیچێتی دەدات: دازاین خودی خۆی نییە (§ ٥٨ , S. ٢٨٤). بناغەی بەربوونەوە لە هەنووکەدایە. دازاینی بەورە خۆی لە بەربوونەوەدا دەگرێتەوە و ئەو لە «سات»دا («چاو-تروکاندندا») «لێرە»یە (§ ٦٥ , S. ٣٢٨).

پارادیگما: نموونە

پرۆژە: پرۆژە (ئێنتڤورف / Entwurf): پرۆژە بریتییە لە بونیادی ئێکزیستێنسیالی تێگەیشتن. پرۆژە فەزای کردارە بۆ توانینی فاکتی بۆ بوون، نەک بریتی بێت لە گۆڕاندنێک بە خۆ کە لە سەرەتاوە پلانی بۆ دانرابێت (§ ٣١ , S. ١٤٥). پرۆژەیاندنی تێگەیشتن شیمانەی خۆیی بۆ خۆپێگەیاندن هەیە (§ ٣٢ , S. ١٤٨). پرۆژە بریتییە لە بوونی ئاوەڵاکەر بۆ توانینی خۆی بۆ بوون (§ ٤٤ , S. ٢٢١). پرۆژە لەتەک خۆیدا کارەکتەری هیچ ی هەڵگرتووە، چونکە هەڵبژاردنی شیمانەیەک واتای دەستبەرداربوونی شیمانەی دیکە دەگەیەنێت (§ ٥٨ , S. ٢٨٥).

پۆلیتێیا: ناوی دیالۆگە بەناوبانگەکەی پلاتۆنە کە وەرگێڕراوە بۆ «کۆمار» یان «دەوڵەت». بەڵام هەروەها دەشێت وەربگێڕدرێت بۆ «دەستوور»

پەرەگراف: بڕگە لە تێکستی یاسایی یان لێکۆڵینەوەی زانستیدا.

ترانسێندێنیس: تێپەڕین لە سنوورەکانی ئەزموون.

تۆپۆگرافی: تۆمارکردن و وەسفکردنی ناوچەی جیۆگرافی.

تێیزم: جیهانبینییەک کە خودایەکی خولقێنەر لە دەرەوەی جیهان گریمانە دەکات.

تیۆلۆژی: زانستی خوداناسی، کە لە هەبوون و مۆرکەکانی خودا دەکۆڵێتەوە.

جیاوازیی ئۆنتۆلۆژییانە: جیاوازیکردن لەنێوان بوون و بوونەوەردا. بوون بۆ هایدگەر بریتییە لە ئاسۆی تێگەیشتن کە مرۆڤ دەتوانێت لەسەر بناغەکەی بە شتەکان یان بە بوونەوەر بگات.

ترادیسیۆن: (بە عەرەبی «تقلید»)، ئەوەیە کە لە ڕابوردووەوە گەیەنراوە و سەروەری هەیە. ترادیسیۆنی فەلسەفە بەواتای دابی کارکردنی فەلسەفەیی.

دازاین: لێرەبوون. دازاین بۆ هایدگەر منِ-سەبژێکتێک نییە، تەنیا «ئاماژەیەکی فۆرماڵە / شێوەکییە». دازاین ئەو بوونەوەرەیە کە من هەردەم ئەوم. (دازاین ئەم مۆرکانەی هەیە: ١) ئەو دەتوانێت دەرکی خۆی و جیهان بکات. ٢) ئەو لە بوونەوەر تێدەگات. ٣) ئەو گرنگی بە بوونی خۆی دەدات (کێشەی ئەو خودی بوونی خۆیەتی). دازاین بوونەوەرێکی لەگۆڕێدابوو نییە، بەڵکو بەڕێی ئێکزیستێنس و هەردەمخۆمییەوە کارەکتەریزە دەکرێت (§ ٩ , S. ٤٣). لە شرۆڤەی دازایندا خۆ تەواو ئاگامەندانە لە وشەکانی «مرۆڤ»، «سەبژێکت»، «ژیان»، «دەروون»، «هۆش»، «کەس» و «بەئاگابوون» بەدوور دەگیرێت، ئەمەش بۆیە، چونکە ئەوان ناوچەی تایبەتیی فێنۆمێن دیاری دەکەن (§ ١٠ , S. ٤٦). پابەندی لە کرۆکەوە سەر بە بوونی دازاینە (§ ١٨ , S. ٨٧). دازاین تەنیا بۆ خاتری خودی خۆی نییە. ئەو وەک لەتەکبوون بۆ خاتری ئەوانیدیکەشە (§ ٢٦ , S. ١٢٣). دازاین سەرەتا و بەزۆریی مرۆیە / مانە (§ ٢٧ , S. ١٢٩). دازاین لە جۆری بوونی پرۆژەداناندا بریتییە لە فڕێدراو. دازاین هەر لە پێشەوە خۆی کردووە بە پرۆژە و هەمیشە پرۆژەدانەرە. دازاین هەمیشە وەک شیمانە لە خۆی تێدەگات (§ ٣١ , S. ١٤٥). کارەکتەرە ئۆنتۆلۆژییە بناغەییەکانی دازاین بریتین لە ئێکزیستێنسیالێتی، فاکتیسیتێ، بەربۆوەیی (§ ٤١ , S. ١٩١).

دۆکترین: دۆگم، بنەما

دەرەنجامی ئــاوەژوو: یان دژە دەرەنجام (بە لاتینی: argumentum e contrario) لە بنەڕەتدا تێگەیەکی یاساییە. بۆ نموونە: «کچی لەچک بەسەر بۆی

نییه له زانکۆ بخوێنێت»، دەرەنجامە ئاوەژووەکەی: «کچی بێ لەچک دەتوانێت لە زانکۆ بخوێنێت».

دەرەنجامی خولگەیی: هەڵەیەکە لە سەلماندندا. لەم هەڵەیەدا دەربڕینە سەرلمێنەرەکان ئەوە لە خۆ دەگرن کە گەرەکە بسەلمێنرێت، کەواتە تێزێک بە ئەرگومێنتگەل دەرئەنجامێنرێت و ئەم ئەرگومێنتانەش لە هەمان تێزەوە دەرئەنجامێنرێن.

دیسکورزیڤ: ئیستیدلالی، واتا هزرینێک کە بە زەرورەی لۆگیکی لە پێشبینییەکەوە بۆ پێشبینییەکی دی بەرەو پێش دەچێت.

دێکادێنت: تێکچوو بەرێی گەیینی کولتوورییەوە، کە نیشانەی داوەشانە. دێکادێنس، تێکچوون، دەبێت لە بۆگەنبوونی کۆمەڵایەتی لە واتای دازناندا جیا بکرێتەوە، چونکە مەرج نییە لە گەیی کولتووریدا بۆگەنی کردبێت. بۆ نموونە ئەمڕۆ وڵاتانی ئیسلامی بەگشتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مۆرالییەوە بۆگەنیان کردووە، بەڵام ئەمە واتای دێکادێنس ناگەیەنێت.

کاتیگۆری: تێگەی بناغەیی

کانسلەر: سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا

کریتێر: مۆرک، سەنگی مەحەک.

کشانەوەی بوون: (Seinsverlassenheit) کشانەوەی بوون واتا بوون بوونەوەری بەجێهێشتووە، بوون پەیوەستبوونی خۆی بە بوونەوەرەوە هەڵوەشاندۆتەوە و بۆ نێو خۆی کشاوەتەوە، بۆیە چیدی شیمانە نەماوە بۆ ئەوەی جگە لە بوونەوەری بابەتی هیچ شتێکی دی بە گرنگ دابنرێت. هەر شتێک کە هەیە، وەک بابەتی تەکنیک دەبینرێت.

کۆتێز: (پێکهێنان) مرۆڤ بۆ نموونە دەربڕینێکی وەک تێز هەیە، پاشان ئەنتیتێزێک یان دژە دەربڕینێکی دیکە ئاڕاستەی دەربڕینەکەی ئەو دەبێتەوە یان ئەو خۆی بەرەنگاری دەکاتەوە. مرۆڤ ئێستا دەتوانێت لەو تێز و ئەنتیتێزە کۆتێزێک چێبکات.

کۆنتێکست: (سیاق)

کۆنسەپت: پلانی یان خشتەی یان ئەسکەلای تیۆریی.

گنۆزیس: ڕێبازێکی هزرییە کە هەوڵ دەدات بەرێی ڕوانینەوە لە خودا ئەزموونی جیهانی سەرسروشتی بکات.

لۆگیکی دووبەهایی: لە لۆگیکی کلاسیکیدا هەموو گۆتەیەک تەنیا دوو بەهای ڕاستیی هەیە: دروستە یان هەڵەیە. بنەمای لۆگیکی دووبەهایی بریتییە لە «ڕێسای سێیەم بەردەرکەر»، واتا لەنێوان دروست و هەڵەی گۆتەیەکدا ناشێت سێیەمێک هەبێت.

گۆتەکە یان دروستە یان هەڵەیە.
فاکتیسیتێ: هەقیقەتی دراوی لێرەبوون. بەڵام لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە تەواو جیاوازە لە هەبوونی هەقیقی. فاکتیسیتێی دازاین بریتییە لە دەرککردنی دازاین پێکەوە لەتەک تێگەیشتندا لەوە کە من و دازاین یەکین (§ ١٢ ,S. ٥٦).
فراگمێنت: کەرتە ئیش، ئیشێکی / لێکۆڵینەوەیەکی تەواونەکراو
فزوولیەت: (نۆیگیير / Neugier) واژەی فزوولیەت تا ڕادەیەکی لەبار مەبەستەکەی هایدگەر دەداتەوە، بەڵام هێشتا هەر پێویستە ڕوونبکرێتەوە، چونکە تێیدا ئەو حەزە / خواستە (Gier) بۆ نوێ (Neu) بە تەواوی دەرناکەوێت کە هایدگەر دەیەوێت هەڵیبداتەوە. لە کوردیدا واژەی نوێخوازی واتای شێوازە هەڵوێستێکی ناترادیسیۆنی دەگەیەنێت کە کراوەیە بۆ هەر نوێیەک، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم واژەیە پوختتر مەبەستەکەی هایدگەر دەداتەوە: خوازیاری یان ئەودالبوونی هەواڵ و دەرکەوتەی نوێ.
فۆرمال: شێوەکی (بە عەرەبی: ×وری)
فونکسیۆنێر: هەڵسوڕاوانی باڵای پارتێک
ڤێزن: وەک ناو واتای کرۆک، جەوهەر، ئێسێنس (ماهیەت)، یان ئیدێی پلاتۆنی دەگەیەنێت، بەڵام هایدگەر (وەک کردار / ڤێرب) بەکاریدەهێنێت، واتا وەک کرۆکاندن، بەکرۆکبوون.
راستی:
راسیۆنالێتی: ڕاسیۆ واتای ئاوەز دەگەیەنێت، بەڵام ڕاسیۆنالێتی هزرینی ئاوەزمەندی پابەندە بە کاراییەوە، بە ئەنجامخوازییەوە، ئەمەش مۆرکێکی هزری نوێسەردەم و مۆدێرنی ئەوروپییە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ناشێت ڕاسیۆنالیزمی نوێ وەربگێڕرێت بۆ ئاوەزگەرایی یان ئەقڵگەرایی.
رایش: دەوڵەت
ڕەگەزگەرایی: دانانی ڕەگەزێکی مرۆڤی، بۆ نموونە ڕەگەزی سپیپێست، یان ڕەگەزی گەلێک، لە سەرووی ڕەگەزی دیکەی مرۆڤ و گەلانی دیکەوە.
رێڤیزیۆنیست: هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخێک، بۆ نموونە لەم کۆتێکستەی ئێرەدا بۆ گۆڕینی ڕاستڕەوانەی کۆمەڵگا.
رێکتۆر: سەرۆکی زانکۆ
رێکتۆرات: سەرۆکایەتیی زانکۆ
زۆرگە: (Sorge) بریتییە لە بوونی دازاین (§ ٣٩ ,S. ١٨٢). زۆرگە ناونیشانێکی

ئۆنتۆلۆژی — ئێکزیستێنسیاله، نەک ئۆنتیانە (ئەمپیریانە) بریتی بێت لە خەم یان بێخەمی. زۆرگە بریتییە لە: خۆ-هەر-پێشتر-هەبێت-لە (نێو-جیهاندا) وەک بوون-لەلا (ی بوونەوەری نێوجیهانیانە پێگەیودا). (§ ٤١ , S. ١٩٢). زۆرگە ڕەفتارێکی من نییە لەتەک خودی خۆیدا. ڕەفتار لەتەک خودی زۆرگەدا لە خۆ-پێشتر-هەبێتدا دەردەکەوێت، بەڵام زۆرگە هەمیشە بریتییە لە بوون-لەنێو (...) و بوون-لەلا (§ ٤١ , S. ١٩٣). بناغەی ویستن و خوازتن، تاسە و مەیل، لە زۆرگەدایە (§ ٤١ , S. ١٩٤). بانگی ویژدان بریتییە لە بانگی زۆرگە. گوناهباربوون بناغەی زۆرگەیە (§ ٥٨ , S. ٢٨٧). زۆرگە ڕوودەکاتە خودی خۆ، بە پێچەوانەی فیورزۆرگە کە ڕوودەکاتە ئەوانیدی. لە زۆرگەدا ئێکزیستێنسیالێتی و فاکتیسیتێ و بەربوونەوە سەرجەمێک پێکدەهێنن.

زۆرگاندن: (بێزۆرگن / besorgen) واتای «بێزۆرگن» پێشزانستیانە، ئۆنتیانە (ئەمپیریانە- و)، بریتییە لە ئەنجامدان، بەجێگەیاندن، تەواوکردن (erledigen)، بۆخۆهێنانی شتێک، بەڵام هەروەها: سڵەمینەوە لە شتێک. «بێزۆرگن» ئۆنتۆلۆژییانە بریتییە لە ئێکزیستێنسیالێک: بوونی لەنێو-جیهان-بوونێک ی شیاو» (§ ١٢ , S. ٥٦-٥٧).

ژارگـۆن: زمانی تایبەتیی گرووپێکی پیشەیی یان زانستی، بۆ نموونە زمانی فەلسەفەکاران، یاساناسان، پۆلیس یان بیناسازان.

سکۆلایست: سکۆلایزم شێوازی هزرینی کریستیانی بوو لە کۆتایی چەرخی ناڤیندا، واتای هزرینی فێرگەیی (سکۆلایی) دەگەیەنێت کە هەمیشە پابەند بە سێ دەسەڵاتە گومانلێنەکراوەکەی بیبل، باوکانی کڵێسە و ئەڕیستۆتێلیسەوە دەهزرا.

سیتات: (اقتباس)

سیڤیلیزاسیۆن: ژیارییەک کە تێیدا مەرجە ماتەریاڵەکان بەڕێی پێشکەوتنی تەکنیک و زانستەوە ئامادە و چاککراون.

سەبژێکت: بکەری ئاگامەند کە مێتۆدیانە زانست بینادەکات.

سێنس: بریتییە لە تۆماری یان چاپاندنی فیزیۆلۆژیانە لەنێو مرۆڤ و ئاژەڵە پێشکەوتووەکاندا. سێنسەکان بریتین لە سێنسی بینین، بیستن، چێژتن، بۆنکردن، گرتن.

سێنسیبل: کەسێک کە توانستی دەرککردنی وردی هەیە و لەلایەن کاریگەری و گۆڕانەکانی شوێنەوارەوە بەتایبەتی دەوروژێنرێت، بۆ نموونە هونەرمەندان.

شتاندن: بەشتکردن (ی هزر) کە واتای نامۆبوونی هزر دەگەیەنێت.

شێماتیزم: شێما واتا نموونە، فۆرم، یان داڕشتنی وێنەیی، شێماتیزم بریتییە لە لاسایی خۆبەخۆی شێمایەک.

فیوررزۆرگە: (Fürsorge) واتاکەی لە ڕووی فەرهەنگەوە بریتییە لە «مشوور بۆ ...»، «خەمخواردن بۆ ...»، بەڵام ئەم دوو تێگەیە لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە، لای هایدگەر، لەسەر بناغەی فیوررزۆرگە سەرهەڵدەدەن. فیوررزۆرگە بریتییە لە ئێکزیستێنسیالێک، بریتییە لە زۆرگە بۆ هاولێرەبووە نێوجیهانییەکان. فیوررزۆرگە فێنۆمێنە تەریبەکەی بێزۆرگنە (زۆرگاندنە / زۆرگەخواردنە)، ئەمیش خۆی بریتییە لە مامەڵەکردن لەتەک بوونەوەری نێوجیهانیدا (§ ٢٦ , S. ١٢١). فیوررزۆرگە زۆرگەیەکە کە بوون-لەلا کەی بریتییە لە هاولێرەبوونێکی ئەوانیدی (§ ٤١ , S. ١٩٣).

ڤاندەرفۆگل: بزووتنەوەیەکی فێرخوازانی فێرگەیی و زانکۆیی ڕەچەڵەک بۆرژوا بوو کە ساڵی ١٨٩٦ لە شتێگلیتسی نزیک بەرلین هاتە ئاراوە. ئەندامانی ئەم بزووتنەویە خۆیان لە ڕێنوما فێرکاری و کۆمەڵایەتییەکان جیاکردەوە و هەوڵیان دەدا لەنێو سروشتدا گۆڕان بە شێوازێکی خۆیی ژیان بدەن.

مێتافۆر: (مەجاز)

ناسیۆنالسۆسیالیزم: کورتکراوەتەوە بۆ نازیزم کە ئیدیۆلۆژییەکی فاشیستی بوو بە مۆرکە تایبەتمەندە ئەڵمانییەکەیەوە.

نیەیلیزم: جیهانبینیی بێهودەیی سەرجەم بوونەوەر؛ نەرێنیکردنی یان هیچاندنی نۆرم و بەهاکان.

وەرچەرخان (Die Kehre): گۆڕینی ڕوانگەی هایدگەر لە ئۆنتۆلۆژیی بناغەییەوە بۆ پرسیاری بوون، واتا کێشەی ئەو چیدی پرسیار نییە لەبارەی مەغزای بوون یان کات وەک ئاسۆی ترانسێندێنتالی بوون، وەک چۆن لە «بوون و کات»دا دەیکات، بەڵکو ئێستا هزرینی ئەو لە بوون بەند دەبێت بەو پرسیارەوە کە چۆن بوون لەنێو خۆیەوە خۆی چ ئاشکرا دەکات و چ دەشارێتەوە.

ئۆبژێکت: بابەتی یان ڕەوشی یان کێشەی دانراو لە لایەن سەبژێکتی ئاگامەندەوە.

ئۆتۆرێتی: دەسەڵاتدارییەکی وەرگیراو بەڕێی سومئەیەوە، هەروەها لێترسراوییەوە.

ئۆنتۆلۆژی: بوونناسی

ئەبستراکت: (بە ئەرەبی: مجرد)

ئەزموونی سنووری: ئەزموونێکە لەسەر سنووری دوو شیمانەیە و بۆیە بە زەحمەت بڕیاری بۆ دەدرێت. ئەم جۆرەی ئەزموون جیاوازە لە ئەزموون لە واتایەکی ئەمپیریدا.

ئەلەمان: هۆزێکی ئەڵمانین، گێرمانین، کە ئەوانیش ئەمڕۆ دۆیچن و شوێنی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای ئەڵمانیاوە.
ئەنتیسامی: هەڵوێستی دژبەر یان دوژمنانە بەرانبەر بە جوولەکە.
ئەنگاژمۆ: (ئیلتیزام)
هابیلیتاسیۆن: پلەیەک لە دکتۆرا بەرزترە، لێکۆڵینەوەیەکە کە پاشان بە زانا پلەی پرۆفیسۆر دەدرێت. هۆرست-ڤێسل: ئەم گۆرانییە بەناوی دانەرەکەیەوە، هۆرست-ڤێسل، ناونراوە، کە لە نێوان ١٩٢٧ و ١٩٢٨دا داینا. سەرەتا گۆرانیی خەباتگێڕانەی ئێس-ئا (SA) بوو، پاشان بوو بە سروودی (NSDAP).
هێدۆنیزم: هەڵوێستێکی فەلسەفەییە کە باڵاترین بنەمای ئێتیک لە تەقەلاداندا بۆ چێژ دەبینێت.
هێرمینیۆتیک: فەلسەفەی تێگەیشتن
هیچاندن: (نێگاسیۆن، نەفیکردن)
ئینتوئیتیڤ: (ئینتوئیسیۆن واتا حەدەس)، ڕوانینێکی ڕوون و ئاشکرای کرۆکێک یان ڕەوشێک.
ئیندوستری: کۆی فابریکە دروستکەرەکانی / بەرهەمهێنەرەکانی شمەک.
ئێڤۆلوسیۆن: گۆڕانێکی هێواش پێشڤەچوو کە پێچەوانەی شۆڕشە.
ئێکزیستێنس: واتاکەی بەگوێرەی فەرهەنگ بریتییە لە لێرەبوون، وجود، بەڵام لای هایدگەر واتای هەڵچوون، زیتبوونەوە (Aus-stand) بۆ نێو «بوون» دەگەیەنێت، ئەو هەروەها وەک «شێوازەبوونی لە بوون تێگەیەر»ی دازاین دیاریی دەکات. ئێک-زیستێنس تەنیا لە ئەزموونکردنی بوونەوە شیاوی تێگەیشتنە. کرۆکی دازاین خۆی لە ئێک-زیستێنسی ئەودا دەبینێتەوە، ئەمەش لە واتای ئێکزیستێنسکردندا. هایدگەر دژی ئەو تێڕوانینەیە کە گوایە مرۆڤ (دازاین) هەبوویەکە (مەوجودە)، ئاخر مرۆڤ دەبێت ژیان بەڕێوەبەرێت، ئەو لە کرۆکەوە ئەم بەڕێوەبردنەی یان بەجێگەیاندنەی ژیانە (Lebensvollzug)، بریتییە لە شیمانە.
ئێکستاز: واتا فەرهەنگییەکەی: حاڵلێهاتن، واتای وشەیی: دەرپەڕین لەنێو خودی خۆوە. ئێکستازەکانی کاتێتی لەلای هایدگەر بریتین لە ئایندە، هەبوویی (رابوردوو)، ئامادە (§ ٦٥ , S. ٣٢٩). کاتێتی سەرەتا بوونەوەرێک نییە کە لەنێو خۆیەوە دەربپەڕێت، بەڵکو لە کرۆکدا کاتاندنە لەنێو یەکێتیی ئێکستازەکاندا (§ ٦٥ , S. ٣٢٩). ئایندە لە پێش هەبوویی و ئامادەوە فەزلی هەیە، جا گەرچی هەر سێ ئێکستازەکە هاوسەرچاوەن (§ ٦٥ , S. ٣٢٩).

ئێس-ئا (Sturmabteilung = SA): لەکاتی کۆماری ڤایماردا ڕێکخراوێکی نیمچە سەربازیی (NSDAP = پارتی کرێکارانی ناسیۆناسۆسیالیستیی ئەڵمانی) بوو و ڕۆڵکێکی گەورەی گێڕا لە دەسەڵاتسەندنی (NSDAP)دا.

**کاوە جەلال**

ماگیستەر ئارنتیوم لە فەلسەفەدا، لە زانکۆی ئۆتۆ فریدریش (بامبێرگ- ئەڵمانیا)

بەرهەمەکانی نوسەر: ژۆن- ژاک ڕوسۆ (کتێب)لە تەک فینۆمینە ئەدەبییەکاندا (کتێب)،ڕێنێ دیکارت (لێکۆڵنەوە)، بناغەیەک بۆ نزیککەوتنەوە لە دیالەکتیکی ئادەرنۆ (لێکۆڵینەوە)، تێگەی میمێزیس لای ئەرستۆ تێلیس (لێکۆڵینەوە)، تیۆری کات و شوێن لای پلاتۆن، هەروەها چەند وەرگێرانێکی وەکوو: ڕێنێ دیکارت (کتێب)، ڕێبەرێک بۆ ئێستێتیک، ئانیماری گێتمان- زیفەرت ( کتێب)

# دیداری فەیلەسوفە ناوازەکە: سلاڤۆی ژیژک

■ ئینگلیزیەوە : عەلی زەڵمی

**بۆ ژیژەک؟**

خوێندنەوە و وەرگێڕانی کارەکانی ژیژەک ماندوکەرو حەوسەڵەی دەوێت، ئەو بەشێوازێکی زۆر نائاسای دەنووسێت و دەدوێ بگرە دەرکەوتنیشی نائاساییە. ئەم چاوپێکەوتنەی سالڤۆی ژیژەک لەلایەن گۆڤاری کەلتووری و رەخنەی بلیڤەرەوە سازدراوە، لەبەر چڕوپڕی و هەمەلایەنی بابەتە ورژێنراوەکانی بەباشمانزانی خوێنەری کوردی پێ ئاشنا بکەین. ژیژەک وەک ئادەم کریش دەڵێت مەترسیدارترین فەیلەسوفی هەنووکەی ڕۆژئاوایە، بەجۆرێ قسە دەکات لەسەر ئەو پیسابییەی دەیکەین و ئەو فیلمەی دەیبینین و ئەو کاڵایەی دەیکڕین و ئەو خەونەی شەوانە دەیبین و خەیاڵانەی دەمانبزوێنێت. فەیلەسوفی شتە ورد و قەبەکانە، ئەم فەیلەسوفە سلۆڤینییە، تورە بەڵام ئێسک شیرینە بەیەکێک لە رەخنەگرانی سەرسەختی کەپیتالیزمی نوێ، رەخنەگری فیلم و کەلتوور و هەروەها کۆمەڵناسی و دەروونشیکاری و تیۆری رەخنەی و فەلسەفەی نوێ دەژمێردرێت. لە بەرواری ٢١ئازاری ١٩٤٩دا لە شاری لوبیلنای کۆماری سۆسیالستی سلۆڤینا و یوگۆسلاڤیای جاران لەدایکبووە. وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات ئەو لەسەر سێ پێگەو میراتی فیکریی سەرەتا کاریکردووە، هیگلیزم و مارکسیزم و دەروونشیکاری جاک لاکان، کە دواتر سێ چەمکی گرنگ و بەپێزی لە بواری ناسینەوەی ڕق و شەڕانگێزی و ڕایسیزم لەمیانی پێکدادانەکانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەرهەمهانی، ئەوانیش چەمکەکانی : ڕاستی، رەمز، وێناکردن. ژیژەک خاوەنی زیاتر لە ٨٤ کتێبی گرنگە و بەزمانەکانی سۆلڤۆنی، کرواتی، ئینگلیزی، فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئیتاڵی دەنووسێت و بەباشی

دەدوێت. بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و ستونی ڕۆژنامەوانی بەردەوام دەنووسێت لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپادا. لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە ئەندامی یەکێتی ئەکادیمای سۆلڤانی بۆ زانست و هونەر، هەروەها پرۆفیسۆرە لە زانکۆی نیۆیۆرک. ئەم چاوپێکەوتنەمان بۆیە هەڵبژاردووە، چونکە بەکورتی و بەپێزی ژیژەک لەلایەن ڕۆژنامەنووس دایانا دیلۆرس دوێنراوە. لەسەر پێنج بواری گرنگ ئەم فەیلەسوفە ناوازە قسەمان بۆ دەکات و بۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو، وەک پۆلێن کراوە لەخوارەوە ئەوانیش: ستالینزم و نازیزم، لیبراڵیزم، قۆناغی نوێی ڕۆحگەرایی، ئاین و ڕۆحی ڕۆژهەڵاتی و فیلم. بەو هیوایەی دەروازەیەک بێت بۆ ناسینی بەرهەمەکانی ئەم بیریارە ڕادیکاڵەی سەدەی بیستویەک بە خوێنەری کورد.

(وەرگێڕ)

**٦-بۆچی ستالینزم خراپتر بوو لە نازیزم**

**بلیڤەر : بەهۆی بیروبۆچوونە ناوازەکانتەوە و تێڕامانە فەلسەفییەکانت لە ئەمڕۆدا خەڵکێکی زۆرت تووشی سەرسوڕمان کردووە . بۆ نمونە تۆ ئەڵێیت ستالینیزم خرابتربووە لە نازیزم، سەربارى کارەساتی هۆلۆکۆست. ئەکرێت بۆمانی ڕوون بکەیتەوە کە چۆن سەرنجتان بەلای ستالیندا ڕۆیی، هەروەها بۆمان باس بکەیت کە چۆن چۆنی ڕژێمەکەی ستالین لە ڕووی فەلسەفیەوە لە ڕژێمی نازیزم وێرانکەر تربووە؟**

**سالڤۆی ژیژەک :** شتێکی چاوەڕوانکرابوو لە فەلسەفدا لە دوایی شەڕی دووەمی جیهانی کە نازیزم و هۆلۆکۆست بە شێوازیک بهێنرێتە گۆڕێ کە وەک خرابترین ئەهریمەن وێنا بکرێت. بەهەر ڕێگاو ستراتیژیکی ئەقڵانی ناتوانین لەمە تێبگەین. ئایدیاکە وابوو کە گوایا ئەزموونی هۆلۆکۆست تەواوی بەها و ترادیسیۆنی فەلسەفە دەڕمێنێت، کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە ڕێکخستنی ئاسمانی و خواوەندی، ئایدیاک کە تەنانەت شتەکان گەرچی پاک دیار بن هەر دەڕمێن، دۆڕاون، هەتا دوایی، دواجار ئەمە شتێکە بریتییە لە ئەقڵانیەتی گشتگیر، هەموو ئەم تراژیدیانە ئەکرێت پەیوەستبن لە پرۆژەیەکی هاوشێوەدا. ئەکرێت پلانێکی ئاسمانی بێت، ئەشکرێت بە بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی دابنرێت یان هەر شتێکی دیکە. ئایدیاکە ئەوەیە لێرەدا کە هۆلۆکۆست ناکرێت بەعەقڵانی بکرێت لە ڕووی فەلسەفیەوە.

بەدڵنیاییەوە، من بڕوام وایە هۆلۆکۆست کردەیەکی ترسناک بوو (ئەی خوایە، لەوەش زیاتربوو کە دەوترێت)، بەڵام بەلای منەوە، ستالینزم لەرووی فەلسەفیەوە زۆرتر دژوارتربوو هەتا نازیزم. بۆ نمونە، جیاوازی سەرەکی هەیە لە نێوان ستالینزم و نازیزم لەرووی باری قوربانییەوە. لە گۆشەنیگای ڕێبازی دیاردەناسییەوە. زۆر بەسادەیی ئەگەر جولەکە بوویتایە لەژێر دەسەڵاتی نازیزمدا ئەکوژرایت، پرسیارت لێ نەدەکرا و پێوستی بەهیچ

بەڵگەیەک نەبوو بۆ کوشتنت. ئیدی تۆ تاوانباربوویت لەسەر ئەوەی کە هەبوویت، هەر لەبەر ئەوەی تۆ جولەکە بوی ئیدی تۆ دەکوژرایت، ئابەوشێوەیە. لەژێر دەسەڵات و ڕژێمی ستالینزمدا، بێگومان، هەموو قوربانییەکان لەدادگایکردندا بە نا ڕەوا تاوانبار دەکران، بەڵام زۆربەی زۆریان نە تاوانکارو و نە خاین بوون. سەرباری ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەر و سەیر هەبوو ئەویش زۆربەی قوربانییەکان یان بە پارە لەخشتەبرابوون یان بە هۆی ئازارو ئەشکەنجەدانەوە بەزۆر وایان لێکردبوون دان بنین بەوەدا کە خۆفرۆش بوون.

بلیڤەر: کەواتە تۆ ئەوەی بەلاتەوە گرنگە پرسیاکردنە لە ئەدا و کاری سیستەمکە؟

سالڤۆی ژیژەک : بەڵێ، بۆچی ئەم شتە سەیرە دەکەیت هەتا وابکەیت کەسێک بەناچاری دان بنێت بە تاواندا؟ بەڵام بۆچی ئەمە و نە لە تەواوی ڕژێمی فاشیزمدا؟ لە فاشیزمدا، ئەگەر تۆ جولەکە بیت ئیدی تۆ دەکوژرێت، ئیتر کەس بیری لەوە نە دەکردەوە جولەکە بگیرێت و ئەشکەنجەیان بدات هەتا ئیعترافیان پێ بکات. لەبەر ئەوەی لای فاشیزم تۆ تاوانباری لەبەر وجود و بوونی خۆت کەهەیت. ئەوەی کە تۆ وا لێبکات کە ئیعتراف بکەیت وادەکات کە سیستەمی ستالینزم دژوار و لادەر دەرکەوێت. ئایدیاکە ئەمەیە کە لە ڕێگایەکی سەیرەوە، واپیشان دەدات کە تۆ هێشتا کەسێکی ئازادی و خاوەنی هەڵبژاردنی خۆتی. ئیدی تۆ تاوانباری، دەبێت دانیشی پیا بنێیت. هەڵبەتە ئەمە وا ناکات لە سیستەمی ستالینزم کەمتر ئازاردەر بێت، هەرچۆن بێت ئەمە جۆرێکە لە کردەنە ئامانجی ڕیشەیی و ڕادیکالی. «تۆجولەکەیت ئیدی تۆ تاوانکاری هەر لەسەر جولەکە بوونت» لە ستالینزمدا بوونی نییە. بە شێوازێکی گشتگیریی لادەرانە، ڕێگایەکی پێچەوانە هەندێ لە مافەکانی ئازادی مرۆڤ دانی پیادەنرێت لە ژێر ڕژێمی ستالیندا. کەواتە بیروبۆچوونەکە ئاوهایە کە لە ستالینزمدا، هەمووان بە شێوەیەکی قووڵ و سەرتاسەری ئەبینە قوربانی.

**بلیڤەر: کەواتە تۆ زیاتر گرنگی بە دووبارە خوێندنەوەی ستالینزم دەدەیت هەتا خودی نازیزم؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** با بەسادەی دەربڕین، فاشیزم بە شێوازێکی ڕێژەیی ئاسانە خوێندنەوەی. دیاردەیەکی کۆنەپەرستییە. نازیزم چەند کەسێکی خرابەکاربوون و هەڵگری چەند بیرۆکەیەکی خراب بوون، کە بەداخەوە سەرکەوتوو بوون هەتا ئەو ئایدیا خراپانە بچەسپێنن. بەڵام لە ستالینیزمدا کارەساتەکە لەوەدا بوو کە بنەمای سەرچاوەی ئایدیاکانیان چەند پرۆژەیەکی ئازادیخوازانە ڕادیکاڵ بوون. بەڵێ لەسەرەتادا تۆ جۆرێک لە پرۆژەی ڕاپەڕینی کرێکاریت هەیە، گرێ کوێرەکە ئالێرەدایە کە چۆن ئەو پرۆژە ڕزگاریخوازییە ئاوها بە ڕێگایەکی هەڵەدا چوو. ئەمە گەورەترە لە گرێ کوێرە. گەورەترین نوێنەرایەتیکردنی بیریی مارکسیزم لە چاخی بیستەمدا — تیۆری ڕەخنەگرانەی قوتابخانەی فرانکفۆرت- نیگەرانی

بوو بەرامبەر فاشیزم، دژە سیمتیزم (سامیەت)، لەو بابەتانە، ئیدی بابەتی ستالینزم پشتگوێخرابوو. ڕاستە لێرەدا تەنها یەک دوو کتێبێک هەیە لەو بارەیەوە، بەڵام هیچ جۆرە تیۆرییەکی سیستەماتیکی نییە سەبارەت بە ستالینیزم . ئیتر بەلای منەوە، ستالینیزم وەک دیاردەیەکی سەرەکی لە سەدەی بیستەمدا دەبێت بە گرنگییەوە وەر بگیرێت. لەبەرئەوە جارێکی دی، فاشیزم زۆر سادەیە، کاردانەوەیەکی پارێزگارکارانە بوو بەهەڵەدا چوو. بەڵام گرێی ڕاستەقینە ئەوەیە بۆچی ستالینیزم یا کۆمینیزم بەهەڵەدا چوو؟

**بلیڤەر : ئیدی دەرئەنجامەکەی؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** زۆر زەحمەتە، من تا ئێستاش کاری لەسەر دەکەم. دەرئەنجامەکانی من نە دەر ئەنجامی پاریزگارن و نە هی ئەو جۆرە لیبراڵەی کە بەلایەوە وایە کە ستالینیزم دەبێت وا سەیر بکرێت کە وەک جۆرێک لە لۆژیکی بەیانکردنی هەر پرۆژەیەک، کە پێیدەوترێت سەردەمی کۆتایی سیاسی، واتە ئیدی سەردەمی پرۆژەکان بەسەرچووە، هەمووی ئەوەی پێمان دەکرێت ئەوەیە کە ڕازیبین بە جیهانی بازاڕی سەرمایەداریی ئابووری و جیهانگیریی. ئەمڕۆ، هەرکات هەرکەس ویستی هەر ترسێ تاقی بکاتەوە لەرووی سیاسییەوە، ئیتر یەکسەر تۆ ئەمەت دەستگیر دەبێ، «ئۆ، چییە ئەڵێی تۆ هیچ لە مێژووە فێر نەبوویت، ئەمە بە هۆلۆکۆست کۆتایی دێت.» ئەمە بووەتە بابەتێکی بێکۆتا لای بیریی لیبراڵ-پارێزگار، ئەمە ئەو دەرسەیە لە سەدەی بیستەمدا کە هەر هەوڵێکی ڕادیکاڵی بۆ گۆڕانی کۆمەڵ کۆتایەکی بە کۆمەڵکوژی کۆتایی دێت. بۆچوونەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ پراگماتیزم «با ئەسپایی جیاکاریەک بکەین لەنێوان سیاسەت و ئاکار، سیاسەت ئەکرێت دیاریکراوبێت، پراگاماتیک بێت، ئەوە تەنها ئاکارە کە ڕەهایە.» ئەوەی کە من کاری لەسەر دەکەم لە تێڕوانینەکانمدا ئەوەیە کە بەهۆی هەموو ئەم کێشانەوە ناکرێت هۆکارێک و دەرەئەنجامێک بخەینە ڕوو.

## ٢- کۆتاییهاتنی لیبراڵی شەرمن

**بلیڤەر: ئیدی تۆ بە شێوەیەکی توند ناتەبایت لەگەڵ خوێندنەوەی لیبراڵ بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیایەی لە پشت شەڕی دووەمی جیهانی بوو. ئەمەش وام لێدەکات کە بیر لە کارەکانی تۆ بکەمەوە کاتێ کە تۆ ناسراوی بە ڕەخنەگرتن لە لیبراڵیزم، کە خۆی دەبینێتەوە لە سیاسەتی ڕاستکردنەوە و پراگماتیزم و ئەکادیمیایی ئەمەریکیو.. هتد. ئایا ئەمەیە شێوازی کارکردن و ڕەخنەگرتنی تۆ؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** پێش هەموو شتێک، من هیچ جۆرە کێشەیەکی گەورەم لەتەک لیبراڵیزمدا نییە. لەبنەڕەتدا، لیبراڵیزم پرۆژەیەکی ناوازە و گرنگ بوو گەر لەو ڕووەوە سەیری بکەیت

که چۆن سەریهەڵدا. ئەمڕۆ بووەتە ڕەخنەگرتنێکی نمایشەگەرانە، لەتەک فیمینیزم، دژە-سەنترالی ئەورووپی، هتد. بۆ قوتارکردنی لیبراڵیزم، لە بنەڕەتدا بۆ ڕێگرتنەبەر بوو بۆ یەکسانی بۆ هەموولایەک لە کۆمەڵدا، بەڵام لە ڕاستیدا بووە جۆرێک لە قازانجی مرۆڤی، نێری سپی پێست لە دەستخستنی سەروەتدا، هەروەها چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان.
پاشان یەکێکی تر لە تۆمەتەکان لیبراڵیزم بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئەو کەسانەوە دۆزرایەوە، کە زۆرینەی ئەمەریکایە- ئەخلاقییە ئاینییەکان، پێیانخۆش بوو ناویان بەرن بە سیکۆلاری هیومانیزم: ئایدیاکە ئەمەیە کە هیچ بوونێکی باڵا نییە یان شتێکی شاراوە لە جیهاندا بوونی نییە. ڕەخنەکە یان ئاوها بوو — دواجار مرۆڤ توانی دەست بگرێت بەسەر چارەنووسی خۆیدا- ئائەمە خۆبەزلزانی مرۆڤە، ڕەخنەگرتن لەمە هەمووکات هەڵەیە و شتی لەم بابەتە.
سەرەتا، من وا نازانم هەروا ئاسان بێت ئەم شتە، لەبەر دوو هۆ. ئەمە خۆی ڕاستییەکی مێژووییە هەر لەسەرەتادا، بۆچوونەکان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ و هەموو ئەو شتانەی لەمەڕ سەربەستی نەتەوە، بەشێوەیەکی کاریگەر و ڕێگایەکی کڵۆم دراو و ناڕاستەوخۆ دوورخستنەوەی هەندێ خەڵک بوو. لەگەڵ ئەمەشدا، لە گرژی نێوانی دەرکەوتن و واقیعدا (دەرکەوتن: هەموو کەس مافی مرۆڤی هەیە؛ واقیع کەچی هەندێ بەهۆی چەند یاسایەکی نا ڕاستەوخۆوە هەندێک لەم مافانە بێبەش دەکرێن). هەڵبەتە گرژییەکی ڕوون لەوێدایە کە تۆ ناتوانی بە سانایی بڵێیت ئەو دەرکەوتنە تەنها ماسکێکی واقیعێکی سەرکوتکەرە. دەرکەوتن پێوستی بە هێزی سەربەستی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی هەیە.
بۆ نمونە، لەسەرەتادا هەڵبەتە، ژنان بێبەش بوون، پاشان هەر زوو ژنان وتیان باشە بۆ ئێمەش نەبین؟ هەروەها ڕەشەکانیش وتیان هەروەها بۆ ئێمەش نا؟ پاشان کرێکارانیش بەهەمانشێوەو.. هتد. مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە، هەموو ئەو گرووپانەی کە ڕەخنە لە لیبراڵیزم دەگرن لەدەرەوەی ترادییسۆنی بۆرژوازی هاتوون. کۆمەڵێک یاسان کە-وێنەی ئەو ترادیسیۆنەیە کە مافەکانی مرۆڤ جیهانین و بەم شێوەیە- ئەمە شتی یەکەم کە بیڵێین سەبارەت بە لیبراڵیزم.

**بلیڤەر: هەتا ئەگەرچی لیبراڵیزم بەکەمی و چوارچێوەدار دەستی پێکرد، لەناخی خۆیدا شتێکی ئاوهای بیناکرد کە هەمووان بتوانن بەکاری بهێنن سوودی لێوەرگرن؟**
**سالڤۆی ژیژەک:** بەڵێ، دووەم شت کە بیڵێین سەبارەت بە لیبراڵیزم سەرەتا و لە بنەڕەتدا هەڵسوکەوتی خۆبەزلزانی نەبوو، بەڵام تاڕادەیەک ساکار و شەرمن بوو، هەڵسوکەوتی ڕاستگۆیانەی هەبوو لە بەرەنگاربوونەوەی کێشەی لێبوردەیی ئاینیدا لەماوەی سی ساڵی

شەڕدا. لە سەدەی هەڤدەهەمدا، ئەوکات هەمووی ئەوروپا لە سەرسامی و شۆکدا بوو، ئیدی دوایی ئەم دۆخە گرژو و نیگەرانیە، تێڕوانینی لیبراڵی سەریهەڵدا. ئایدیاکە ئەوەبوو کە هەریەک لە ئێمە هەندێ باوەڕی وجودی و ئاینی هەیە، بەڵام ئەگەرچی ئەمە جۆرێکە لە پابەندبوونی ئێمە بەشێوەیەکی بنەڕەتی، بەڵام هەرگیز ناکاتە ئەوەی کە دەبێت یەکتر بکوژین لەپێناو ئەو شتانەدا. بۆ پێکەوەژیانی بونیادی کۆمەڵایەتی، واتە ئەو شوێنەی کە هەموو لا بیروڕا جیاوازەکانمان بەیەکەوە پراکتیک دەکەین. دووبارە دەیڵێمەوە کە هێچ شتێکی خراپ وەک بۆ ماوەیەی لە میراتی پرۆژەی لیبراڵیزمدا بەدیناکەم .

**بلیڤەر: منیش هەروەها، بەڵامساڵی پار من ئامادەی وتارێک بووم تۆ پێشکەشت کرد بەشێوەیەکی توند هێرشت کردە سەر لیبراڵیزم. ئەکرێت یارمەتیم بەیت و ئەمەم بۆ زیاتر ڕوون بکەیتەوە؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** کێشەی من هەنووکە لەتەک لیبراڵیزم، کێشەی ئابوریی لیبراڵیزم نییە، بەڵکو مافەکانی مرۆڤی ڕادیکاڵی لیبراڵیزمە، واتە ڕێبازی فەلسەفی. هەروەک دڵتەزێنترین شت کە هەمان بوو ئەوە بوو لەدەستدانی بڕوامان بە کۆمیۆنیزم لەماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، بگرە بە دەوڵەتی سۆشیال-دیموکراسی خۆشگوزەرانی لە ڕۆژئاوادا، ڕازیی بوون بەو واقیعەی کە کە چارەنووسی مرۆڤایەتی هەروا بەسانایی چارەنووسێکی نادیار نییە. ئەو بڕوایەی کە هەندێ قەدەری کوێر ناتوانن کۆنترۆڵی ئێمە بکات، ئەوە ئەگونجا، لەڕێگەی کردەی هەماهەنگی مرۆڤەکانەوە، بۆ پێشەوایکردنی بەرەوپێشچوون، ئیدی ڕۆی. من بڕوام وایە ئەوەی ڕوویدا لەم ساڵانەی دوایدا، ئەوەیە کە لۆژیکی قەدەری کوێرە گەڕایەوە ناومان. کەپیتالیزمی جیهانی وەک واقیعێکی لێهاتووە و هەموو ڕازییە لەسەر ئەمە و ناکرێت هیچ بکرێت بەرامبەری. تەنها پرسیار ئەوەیە، ئایا تۆ خۆتی تیا دەبینیتەوەو ڕاهاتووی لەگەڵی، یان تۆ بەرەنگاری دەبیتەوە و ئیدی هەڵبەتە پەراوێز دەخرێت؟ جۆرێک تایبەت لە پرسیار، هەروەها مەرج نییە بیخەینە مۆدێلێکی کۆنی مارکسیانەوە وەک ململانێی چینەکان، بەڵکو بەگشتی پرسیاری دژە-کەپیتالیزم، لەڕاستیدا ئەمە ون بووە و نابینرێت ئەمڕۆ.

**بلیڤەر: گەر بەگشتی قسە بکەین وایە، بەڵام من هاوڕانیم لەگەڵت، واشدەزانم کەسانی تریش هەن هاوڕانەبن، کە گوایا هەمووان بە کەپیتالیزمی جیهانی قایل بووین. ئەی چی دەڵێیت دەربارەی بزاڤەکانی ئەنتی-گلۆبالیزم کە لەسەرتاسەری جیهاندا ڕوو دەدەن و بوونیان هەیە لە دەساڵی ڕابردوودا؟ شاری سیتڵ، جنیوا.. هتد، ڕات چییە دەربارەی ئەو گرووپانە؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** دەربارەی بزاڤەکانی ئەنتی گلۆبالیزم، لەچەند ڕێگایەکی دیاریکراوەو دەرئەکەونەوە. بەڵام ئایدیاکە ئەوەیە کە جێگای بەرەنگاربوونەوەی بنەڕەتی چیدی ستونی

نییە واتە سەرەوە دژی خوارەوە لە ململانێ کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو زیاتر جیاوازییەکە ئاسۆییە لەنێوان من و تۆدا، لەنێوان گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا: گرفتی لێبوردەیی، گرفتی لێبوردەیی بەرامبەر ڕەگەزی تر، کەمایەتییە ئاینییەکان، بەم شێوەیە. ئیدی گرفتێکی سادە دەبێتە مەسەلەی قبوڵکردنی جیاوازییەکان. من ناڵێم ئەمە شتێکی خراپە، بێگومان دەبێت خەبات بکەین لەم پێناوەدا، بەڵام باوەڕم بەوە نییە کە ئاسۆیی بێت، ئەمە جێگای پرسیارێکی جەوهەرییە. کێشەی من لەگەڵ لیبراڵیزم کێشەیەکی بنەڕەتییە. ئەمەش چەپی نوێ و ڕادیکاڵی نوی بەجێدەهێڵێت بەرەو کێشەی ناسنامەی سیاسی (کەمینەی سیاسی، مافی هۆمۆسێکسواڵ، هتد) کە ناتوانێ بەروونی زیاتر ڕادیکاڵ بێت لە ناخیدا بۆ کاراکتەری دژایەتی کۆمەڵگا. ئەمجۆرە لە پرسیاری ڕادیکاڵی هەنووکە ونبووە.

بۆ نمونە هاوڕێم جوتس باتلەر وەرگرە. بێگومان ئەو ناو بەناو لێوی دەکاتەوە دژی کەپیتالیزم، بەڵام لەڕاستیدا هەمووی شتێکی کورت و دابڕاوە، بەکورتی ئەوەی ئەو دەیڵێت چۆن سەیری لەسبین (هۆمۆسێکسواڵ) و کەمایەتییەکانی تر کە لەرووی ڕەگەزییەوە سەرکوت کراون بکرێت و شوێنگەیان نەک وەک سووربوون لەسەر جۆرێک لە ناسنامەی ڕەگەزی بەرچاو، بەڵام وەک بونیادنانی ناسنامەیەک کە سەربەخۆ نەبێت، ئەمەش مانای وایە کە ئەوەی پێیدەوترێت ڕەگەزی ئاسایی هەر سەربەخۆ نییە، هەروەها هەمووکەس جۆرێک لە ڕێگای ناسەربەخۆی گرتووەتە بەر، هەمانشێوە، ئیدی بەمجۆرە، هیچ کەس وەدەرناخرێت. جیاوازییەکی گەورە نییە لەنێوان ناسنامەی ئاسایی و فرە ڕۆڵی. ئەو کێشەی من لێرەدا دەیبینم ئەوەیە هیچ شتێک لە بنەڕەتەوە نەهاتووە دژ بەکەپیتالیزم. بەڵام لەمە خراپتر ئەوەیە کە چ جۆرە سیاسەتی ڕاستکراوە هەوڵدەدا بۆ لێبوردەیی و شتی لەم بابەتە، لەبنەڕەتدا نەک هەر لەململانێدا نییە لەگەڵ ویستی جیهانی کەپیتالیزمی مۆدێرن، بەڵکو تەواو بەباشی لەگەڵی ئەگونجێت. ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە ئەوەیە کە کەپیتالیزم لە ئەمڕۆدا برەو ئەدات بە جیاوازییەکان. مەبەستم ئەوەیە کە تەنانەت خۆشباوەڕە دەروونناسە پۆسەتیڤەکانیش لەهەوڵی ئەوەدان کە پێمان بڵێن هەنووکە خودیەتی لەڕووی فرە خودییەوە، ناسنامەی وەستاو، ئەو خودەی کە هەردەم خۆی دائەهێنێتەوە، هەروەها. لەراستیدا من کێشەی گەورەم هەیە لەگەڵ ئەمە وێنەکێشانی دوژمن وەک جۆرێک لە خود-ناسینەوە و ڕاوەستاو و بەهێز کە ئەم ناسنامە فرەییانە و خودە خۆداهێنانەکان دەبێت پێچەوانە بێت. من پێموایە ئا ئەمە کێشەیەکی هەڵەیە، من هەرگیز سەرسام نیم بەم جۆرە لە کێشە. بروام وایە کە ئائەمە لۆژیکێکی دیاریکراوە، بەجۆرێ تەواوی چوارچێوەی کەپیتالیزمی ئەمڕۆی نەخشاندووە. کەپیتالیزم، لەپێناو خۆ بەرهەمهێنانەوەدا، بۆ ئەوەی بتوانێت کاری خۆی بکات لە ژینگەی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی

مەسرەفگەرادا، دینامیکیەتی شێتانەی بازاڕ، چیدی ناکرێ و پێوستیش ناکات لەگەڵ بابەتی تەقلیدی باوکسالارید تەبا بێت. بەڵکو پێوستی بە بابەتێکە کە هەردەم خۆی دابهێنێتەوە، ئیدی هەرچی بێت گرنگ نییە، گرنگ خۆبەرهەمهێنانەوەیە بەلای کەپیتالیزمەوە.

**٣- خواردنی سروشتی (ئۆرگانیک)، سەردەمی-نوێ، ڕۆحگەرایی، هەروەها ئۆتۆمبێلی مۆدێل نوێ**

**بلیڤەر : باشە، کەواتە تۆ پێتوایە ئەو جموجوڵانەی بەنێوی ئەنتی گلۆبالیزەیشن هەڵگری پرسی ڕاست و دروست نین، هەروەها ئەشی ئەمەش زۆر ترسناک بێت. من دەزانم تۆ چی دەڵێیت. ئەمە ئەوەم بیردەخاتەوە کاتێ کە تۆ نمونەی خواردنی تەندروستت هێنایەوە لە بازاڕدا. چۆن خواردنی ئۆرگانیک (بە سروشتی ڕواندن) بکڕین، وادیارە کە نییەت پاکی بێت، ئایا ئەگونجێت ئەمە ببێتە شتێکی خراپ، ئەکرێت بۆمان ڕوونبکەیتەوە کە ئەمە چۆنە؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** هەنووکە، هەتابێت بەشێوازێکی یەکلاکەرەوە بازاڕی تایبەت و تەرخانکراو زۆر دەبێت، ئیتر لەم ڕوانگەوە، من بڕوام وایە کە زۆر خۆش ئەبێت کە بزانین کە ئاڕاستەکان وەک لە بنەڕەتەوە مانای پێشڕەوی و ڕەخنەگرانەبوون جارێکی تر ئەگونجێنرێنەوە ڕێکدەخرێنەوە بۆ مەرامی زۆر خەرجکردن. خۆراکی ژینگەیی (ناکیمیایی)، خۆراکی ئۆرگانیک، بەرهەمی سەوز، هتد.، ئەمڕۆ بوونەتە یەکێک لە گومەزی و ڕووگەکانی بازاڕ. با کەسێک وەربگرین کە خواردنی ئۆرگانیک دەکڕێت : ئەو خواردنە ئۆرگانیکەکە ناکڕێت بەمەبەستی ئەوەی وەک کەسێکی تەندروست بژی، بەڵکو هەتا هاوسۆزی و هاوخەمی خۆی پیشان بدات بۆ سروشت. هەروەک هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی بکڕێت. ڕاست وەک ئەوە وایە کە کابۆیەکی دروستکراو لەپاشماوە بەرهەمییەکان دەکڕی، ئیدی تۆ لەبەر خاتری خودی پانتۆڵەکە نایکڕی، بەڵکو تۆ ئەتەوێت لەو ڕێگەوە ناسنامەی کۆمەڵایەتی خۆت پیشان بدەیت. ئەویش بەهەمانشێوە تۆ لەبەرخاتری بەرهەمەکە خۆی نایکڕێت، بەڵکو لەبەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی خۆت، یا ئایدیۆلۆژی، شتەکە دەکڕی و هەروەها.

**بلیڤەر : ئایا ئەمەی تۆ دەیڵێیت ئەو مۆدێلە نوێیە لە (بودیزمی ڕۆژئاوایی) دەگرێتەوە وەک سەردەمێکی نوێی فەلسەفی کە بەرهەم هاتبێت کە بتوانرێت بیکڕی لە کەپیتالیزمدا (هەڵبەت بودیزمی ڕاستەقینە هەرگیز ناکرێت و نابێت لەدەرەوەی ڕۆژهەڵات بەدیار بکەوێت)؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** بەڵی، ئەزانی بۆچی؟ چونکە لە ڕێنماییە سەرەتاییەکانی بودیست

ئەوەیە کە خودی بەردەوام نییە، بابەتی بەردەوام نییە، تەنها ڕووداوە ئیدی بەمشێوەیە. لەڕێگەیەکی زۆر سەیرەوە بەگونجاوی ئاوێنەی ئەم دیدوبۆچوونەیە کە بەرهەمەکان خۆیان گرنگ نین، بەڵکو گرنگییەکە لەو ئازادییەدایە کە تۆ چۆن بەرهەمەکە دەکڕی و هەروەها لە دیدوبۆچوونەی کە چیتر بازاڕ نابێت تیشک بخاتەسەر بەرهەم. ئیتر نابێت سەیری ئەوە بکرێت ئاخۆ ئەم ئۆتۆمبێلە چ جۆرە کوالێتی و باشەیەکی تیایە لەمجۆرە قسانە، نەخێر بەڵکو تۆ چی دەکەیت لە ئۆتۆمبێلەکە و بۆ چی بەکاریدەهێنیت؟ ئەوان هەوڵدەدەن ئەوەندی پێان بکرێت و بۆیان سەربگرێت کە ئەزموونەکانی تۆ بفرۆشن، بۆ نمونە تۆ چی دەتوانی بکەیت لەگەڵ ئەم ئۆتۆمبێلەدا، نەک خودی ئۆتۆمبێلەکە وەک بەرهەمێک. بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا لەمڕووەوە چەمک و تیگەیشتنی هەنوکەیی ئابوورییە، کە زۆر بەسانای تۆ هەڵدەسنگێنێت و دەتنرخێنێ بە نرخێک کە وەک هێزێکی کڕیار بیت بۆ کڕینی خودی ژیانی خۆت. وەک ئەوەی تۆ چەندە دەهێنیت، لەو پێودانگەوە کە هەمووی ئەوەی خەرجی دەکەیت بۆ کڕینەوەی ژیانی خۆت وەک جۆرێک لە چۆنایەتی ژیان. تۆ چەندە بۆت بکرێت خەرج دەکەیت لای دکتۆر، بۆ خۆجوانکردن، بۆ بەرزبوونەوە و ڕاهێنانی ڕۆحی، بۆ میوزک، ئابەم شێوەیە. ئەوەی دەیکڕی جۆرێکە لە وێنە و پراکتیکی خودی ژیانی خۆت. واتە هێزی بازاڕی تۆ چییە و کامەیە، وەک کڕیارێکی ژیانی خۆت لەم بارەوە؟

بلیڤەر : باشە، بەشێوەیەکی زۆر سەیر، کاتێ ڕۆژئاواییەکان تێگەیشتنی بودایی دەکڕن، ئیدی وا دەکەن لەخۆیان کە ببنە کڕیارێکی زۆر لەبارو گونجاو لە سیستەمی کەپیتالیزمی هاوچەرخدا. لەڕاستیدا شتێکی سەیرو سەمەرە و خەمباریشە لەیەککاتدا. لەمیانی گەڕانیاندا بۆ ڕۆحگەرایی و خواوەند، کەچی دەبنە کڕیارێکی لەبار لە بازاڕەکاندا . ئەمە ڕاست وەک چیرۆکە خەیاڵییەکان وایە.

**٤- ترسناکی ڕۆحگەرایی ڕۆژهەلات لە ڕۆژئاوادا و هەروەها شۆڕشی سانت پۆڵسی مەسیحی، ئەمانە هەمووی لە دیدی کەسێکی بێباوەڕەوە**

**بلیڤەر: ئایا تۆ بڕوات بە خوا هەیە؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** نەخێر، من کەسێکی تەواو بێ باوەڕم.

**بلیڤەر: کتێبێکی تۆ دەربارەی سانت پۆڵس بە ناوی ‹بووکەشوشەکەو و قەزەم›، لەڕاستیدا، مەسیحیەتی سانت پۆڵس بەرز ڕادەگرێت لەبەرامبەر هەموو شێوازە ڕۆحییەکانی ترەوە. نمونەی ڕێبازی جینۆتیزم، قۆناغی نوێ- ڕۆحگەری، هتد، باشە بۆ ئەبێت کەسێکی بێبڕوا بەرگری لە کرستیانیەتی بکات؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** ئەمڕۆ، ڕۆح و ڕۆحگەرایی بووەتە شتێکی مۆدێل و لاساییکردنەوە. یان هەندێ لێبوردەیی ڕۆحی بتپەرستی لەسەر بنەمای مێینەیی، ڕێبازی یەکگیریی دژی تەوژمی پیاوسالاری لۆژیکی ئیمپریالی ڕۆژئاوایی، هەر لەناو ترادیسیۆنی ڕۆژئاوایدا، هەندێ جۆرو شێوازی پەیدابوونەوەی جودیزم (ئاینی جولەکە) هەیە کە ڕێز لە ئەوانی دیکە بگرێت، هتد. یاخود دەبێت تۆ کریستیانیەتی خۆت بکەیت، بەڵام بەمەرجی یەک دوو شت دەبێ بکەیت لەپێشدا کە ڕێگەیان پێدراوە. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو ترادیسیۆنە سەرکوتکراوەی لە مێژینەی هەڵگرانی کتێبی ئینجیل یاخود گروپە سۆفیە سەرەتاییەکان کە تیایدا ماوەی نێوانی ناهەژموونی/باوکسالاری و دەر دەکەوێت. یا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی عیسا کە دژی سانت پۆڵسە. بۆچوونەکە ئەمەیە کە سانت پۆڵس لەراستیدا خراپ بووە، ئەو کریستیانەتی وەرگێڕاوەتە سەر هێزو دەسەڵاتێکی پیاوسالاری، بەڵام عیسا خۆی شتێکی جیاواز بوو. ئەوەی من پێمخۆشە، بینینی هێزی ڕزگاریخوازی بەدەزگایکراوی کریستیانەتی، بێگومان مەبەستم دەوڵەتی ئاینی نییە، بەڵکو مەبەستم چرکەساتی سانت پۆڵسە. کە من چەند شتێکم لێ هەڵکڕاندووە. بیروبۆچوون لەمەڕ ئینجیل، یان مژدە، کە بەتەواوەتی لۆژیکی جیاوازە لە ڕزگاری، ئازادی، یەکسانی . هەر بۆنمونە: لە دابونەریتی بتپەرستیدا، نایەکسانی بە مانای نارەزای دێت بۆ فەرمانی سروشتی. لە ئاینی هیندۆیزمی کۆندا، تەنانەت لای ئەفلاتونیش یەکسانی وا پێناسە کراوە بەواتای ئەوەی ئەمڕۆ دەناسرێتەوە بە چەمکی فاشستی، هەریەک لە شوێنی خۆیدا یاسایەکی یەکسانی هەبێ. ئیدی پیاو ببێتە خێرخوازو بژێوی پەیداکەر باوک بۆ خێزان، ژنان کاری خۆیان بکەن و ئاگایان لە خێزان بێت، کرێکار کاری خۆی بکات و ئیتر ئابەم شێوەیە. هەموو کەس لە وەزیفەو پێگەی خۆیەوە، ئەوکات نایەکسانی دەبێتە شتێکی تەلەزگە کاتێ یەکێک لە هۆکارەکان ویستی بێتە مەیدانەوە، بۆ نمونە، لەبەری ئەوەی بە ڕێگایەکی باوک و دایکانەوە بێت ئاگای لە کۆمەڵ و دانیشتوان بێت، کەچی پادشا هەر بیر لە هێزو دەسەڵاتی بکاتەوە کە چۆن خراب بەکاریبهێنێت. هەڵبەت دواتریش لەڕێگەیەکی توندوتیژیەوە.. هتد.

بەڵام ئەو نامەیەی ئینجیل ناردی جۆرێکە لە خۆپەڕاندنەوەی ڕادیکالی لە ئایدیای هاوسەنگی سروشتی؛ بۆچوونی ئینجیل و هەندێ لەهەڵەکانی ئەوەیە کە ئازادی سفرە. ئێمە لە خاڵی سفرەوە دەستپێدەکەین، کە بەلای کەمەوە ئەو خاڵەیە کە لەبنەڕەتدا یەکسانی ڕادیکالیە. سەیرکە بزانە سانت پڵس چی نووسیوە و چ جۆرە دەستەواژەیەکی بەکارهێناوە، کە یەهودی و مەسیحیە، کۆتاییهێنانی کات، جیاوازییەکان هەڵپەسێردراون. لەڕاستیدا جیهانێکی تەواو جیاوازە کە بونیادی فەرمی ئەوەیە کە شۆڕشی ڕادیکاڵی بکات. هەتا لە یۆنانی کۆندا، ئەمە نابینیت– ئەوە بۆچوونەی کە گوایا جیهان ئەکرێت سەربەرەو

خوار بکرێتەوە، بەمانای ئێمە بەشێوازێکی هەرگیز دانەبڕاو نەبەسراوینەتەوە بە زنجیرەکانی ڕابردوومانەوە. ئەشێ ڕابردوو بسڕدرێتەوە، دەکرێت ئێمە لە خاڵی سفرەوە دەست پێبکەین و هەروەها یەکسانییەکی ڕادیکاڵ فەراهەم بهێنین، خۆی ئەمەیە لۆژیکی سەربەستی. هەر لەبەرئەمەیە من هەر جۆرە موغازەلەیەکی ئەوەی پێیدەوترێت قۆناغی نوێ ڕۆحگەرایی بە ترسناک دەزانم. زۆر چاکە دیوی تری چیرۆکەکە بزانین، بەلای کەمەوە، کاتێ قسە لەسەر بودیزم دەکەین و هەموو ئەو جۆرە لە ڕۆحگەرایی. داوای لێبوردن دەکەم، نازیەت هەموو ئەمانەی کرد. بەلای هیتلەرەوە باگڤاد گیتا کتێبێکی پیرۆز بووە ؛هەموو دەم ئەم کتێبەی لە گیرفانیدا هەڵگرتبوو. لە نازیەتی ئەڵمانیادا سێ پەیمانگای توێژینەوەی تبتی هەبوون و هەروەها پێنج پەیمانگاش بۆ لێکۆڵینەوە لە چەند گرووپێکی بودیزم.

**بلیڤەر: لەڕاستیدا ئەمە خاڵێکی سەرنجڕاکێشە، من کەسێکی ئاینیی نیم هەرگیز، بەڵام کاتێ کە قسە دێتە سەر ئاین من هەموو کات بێ متمانەی خۆمم دەربارەی قۆناغی نوێی ڕۆحگەرایی نیشانداوە.**

**ساڵڤۆی ژیژەک:** من لەگەڵتام، بەلایەنی کەمەوە ڕوونی بکەینەوە کە کوێی ڕۆژئاوا مەفتونە لە ڕۆحگەرایی ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە. بەدڵنیاییەوە بانگەوازی من بۆ کەلتووری کۆنی کرستیانەتی، من زۆر بە ڕوونی باسمکردووە کە ئەو کەلتوورو توراسە ئەمڕۆ زیندوو نییە چ لە کاسۆلیک و یان هەر جۆرە کەنیسەیەکی تر. ئا لێرەدایە کە من کەسێکی ستالینی خراپەکارم : واتە کەنیسەکان یا دەبێت بڕوخێنرێن یاخود بکرێنە خانوو ئەنتیکە و مۆزەخانە بۆ فلیمە ترسناکەکان (بەپێکەنینەوە). نەخێر، نەخێر، هەرگیز وانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، جۆرێک لە لۆژیکی ئازادی ڕادیکالی لەوێدا دەتەقێتەوە. هەروەها هەموو جموجوڵە ئازادیخوازە ڕەسەنەکان لەوێدا وەستاون. هەڵبەت دەبێت دانبنرێت بەم ڕاستیەدا، خاڵەکە ئەوە نییە کە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ کەنیسە، بۆ هێنانەوەی کریستیانەتی، بەڵکو بۆ زیندووکردنەوەی ئەو جۆرە لە لۆژیکی شۆڕشگێڕانە. من دەڵێم ئەوە هەواڵێکی خۆشە کە ئینجیل واتای: تۆ دەتوانی بیکەیەت، ئیدی مەترسییەکە بگرەبەر و ئەنجامی بدە.

### ٥- تەماهیبوون لەگەڵ فلیمی خەیاڵی و لەتەک بکوژدا

**بلیڤەر: ئیدی تۆ کێشەت لەگەڵ هەموو کرستیانەتی هەیە واتە ئایدیۆلۆژیای بەدامەزراوەکردنی ئاین؟**

**ساڵڤۆی ژیژەک:** ئەمە ئایدیۆلۆژیا نییە. بەلای منەوە ئایدیۆلۆژیا چەمکێکی تایبەتییە.

ئایدیۆلۆژیا لە ڕوانگەی مارکسیزمی کلاسیکییەوە، هیچ پەیوەندییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەوڕۆ وەریدەگرین وەک پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی. پرۆژەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵانە، ئەمە ئایدۆلۆژیا نییە لەخۆیدا. ئەشێت زۆرترین وابەستەبوون، نەرمی هەڵسوکەوت ببێتە ئایدیۆلۆژیا. ئایدیۆلۆژیا جۆرێک لە ئەزموونی تایبەتە لە جیهاندا و ئەو جێگایەی تۆ تیایدا، بۆ ئەوەی بیخەینە چوارچێوەیەکی ستانداری چەمکەوە، هەتا بتوانێ خزمەت بە بەرهەمهێنانی پەیوەندییەکانی دەسەڵات بکات ..هتد. من لەسەر ئەوە پێدادەگرم کە کەمترین پێوستی گرنگی خۆراکی بونیادنانی هەر ئایدۆلۆژیایەک ئەوەیە کە خۆی بەدوور بگرێت لە ئایدیۆلۆژیای دیکەوە، هەتا ئەویدی خەتابار بکات کە ئەو ئایدیۆلۆژیایە. هەموو ئایدیۆلۆژیایەک ئەمە دەکات، هەر بۆیە ئەمڕۆ خراپترین ئایدیۆلۆژیا ئەوەیە کە خۆی بە پاش (پۆست) ئایدیۆلۆژیا ناوزەد دەکات. وا پیشان دەدەن کە ئەوان داوای چوونە ناوەوەی سەردەم و قۆناغێکی نوێ دەکەن، دانوستانەکان، ویستی فرەیی، چیدی باوی بانگەشەی پرۆژەی ئایدیۆلۆژیا گەورەکان نەماوە.

**بلیڤەر: کەواتە تەنانەت پاش ئایدیۆلۆژیاکانیش هەر ئایدیۆلۆژین؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** بەلای منەوە، ئایدیۆلۆژیا تەنها کاتێ پێناسە دەکرێت کە چۆن چۆنی هاوکاری دەکات لە ئەزموونی ماناداری جیهانی تۆدا، هەروەها جێگا و پێگەی تۆ لە ناو کۆمەڵگەدا، پەیوەندیدارە بە گرژییە سەرەتاییەکان و دوژمنایەتیکردنی ڕێساکانی کۆمەڵگە. هەر بۆیە بۆ من هیچ ئاکارێک نییە ناوی ئایدیۆلۆژیای پێشوەخت بێت. تۆ ئەتوانیت کەسێکی تا سەر ئێسقان ماتریالست بیت، پێت وابێت کە گەشەی ئابووریی هەموو شتێک دیاریدەکات و بنەمای هەموو شتێکە، ئیدی تۆ بەڕاستی ئایدیۆلۆژیت. تۆ ئەکرێت کەسێکی توندڕەوی ئاینیی چاخە کۆنەکان بیت، ئیتر تۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیا نیت. ئەشێت پێگەی تۆ زۆر بەچاکی بە داتا بخوێنرێتەوە واتە زانستی بیت، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا ئەکرێت مەبەستەکەت ئایدیۆلۆژی بێت. بۆ نمونە من لێرەدا پێم خۆشە نمونەیەکی جوانی لاکان بهێنمەوە. وای دانێ کە تۆ کەسێکی هاوسەرداری و بەشێوازێکی مەترسیدار تۆ خانەگومانی و غیرە ئەکەیت، وا بیر ئەکەیتەوە کە ژنەکەت لەگەڵ پیاوانی دەوروبەرت دەخەوێ. باشە با وا دابنێین کە تۆ زۆر ڕاستیت و ئەویش خیانەتت لێدەکات. سەیرکە لاکان هێشتا پێیوایە کە خانەگومانییەکەی تۆ نەخۆشییە. ئەگەرچی هەمووشت ڕاست بێت هەر ئەمە نەخۆشییە، چونکە ئەوەی وا دەکات ئەمە نەخۆشی بێت پەیوەندی نییە بە ڕاستی و درۆیی شتەکەوە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بەوەی کە تۆ بۆ ئەوەندە لەو پێناوەدا خەرج دەکەیت؟ هەمان شتی نازییەکان و جولەکەکانە. پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئەوان تایبەتمەندی خراپیان دابوو لە جولەکەکان، بەڵکو خاڵەکە

ئەوەیە بۆچی نازییەکان هاتن جولەکەیان خستە ناو پرۆژە ئایدیۆلۆژیەکەیانەوە؟ زۆر ڕوونە بۆچی: پرۆژەکەیان ئەوە بوو کە کەپیتالیزمیان دەیویست بەبێ پرۆژەی تاکگەریی، بەبێ گرژی، کە کەپیتالیزم ئەتوانێت بە شێوەیەکی سیحرئاسا پارێزگاری بکات لەوەی پێیدەوترا ماوەی هاوبەش، هەستی جڤاتی خۆرسک و شتی لەم بابەتە. ئیتر بۆ ئەوەی ئەم شتە دەست بخەن، تۆ دێت جێگای سەرچاوەکانی ئەهریمەن و شەڕەنگێزی دەکەیتەوە نەک لە خودی کەپیتالیزمدا، بەڵکو لەناو هەندێ بێگانەدا.

**بلیڤەر: ئیدی هیچ دەربازبونێک نییە لە ئایدیۆلۆژی؟ ئێمە هەردەم بەشداری تیادا دەکەین؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** من ئەکرێت بڵێم هەمووجار ئەمە جۆرێک لە ویست و داوامان بۆ دەهێنێت کە هەردەم لێرەدا ئامادەیە. وەک ئەوەی ئەگەر من بەگشتی بدوێم بۆ نمونە دەربارەی دیاردەی ڕیاڵەتی تیڤی، ئەو وانەی لێ وەردەگرین زیاتر ئاڵۆزە، چونکە مەفتوون بوونەکە لەوێدایە کە هەندێ پەرچە کرداری شاراوە خۆی حەشارداوە. لەراستیدا هەر ئەوە نییە کە ئێمە سەرنجی دیمەنێکی خێرا دەدەین کە کەسەکان شتی ڕاستی دەکەن. بەڵکو قسەکە ئەوەیە کە ئێمە دەزانین کە ئەوان دەزانن وێنە دەگیرێن و کارەکانیان تۆمار دەکرێت. لەراستیدا ڕیالەتی تیڤی ڕاستەقینە ئەوەیە کە کامێراکە بەشاراوەیی دانراوە لە شوێنێکدا و وێنەیان دەگرێت ئەوان نازانن کە سەیر دەکرین دواتر.

**بلیڤەر : ئایا ئەوە هەبووە پێشتر؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** من نازانم ئایا ئەوان ئەتوانن بگەنە ئەو ئاستەی کە وەک بەرهەمهێنانی فیلمی کوشتنی ڕاستەقینە نەک دروستکراو. من پێموایە کە شێوازی ناسینەوەی ئێمە بۆ جۆری فیلمی خەیاڵی، لەگەڵ کوشتندا، ئەوە هەرگیز ناسینەوەی نییە، نەخێر: هۆشیارییەکە ڕاست نییە بەڵکو جۆرێکە لە تەماهیبوون. هەتا ئەگەرچی کاتێ بۆی دەگرێن و لەمجۆرانە. چونکە وابزانە کە تۆ سەیری فیلمیکی چیرۆکی بەدواداچوونی ڕووداوی کوشتن دەکەیت، کە کەسێک تەقەی لێکراوە کوژراوە. ئەگەر تۆ بۆ ئەوەی لەوێیت کە بزانی بەڕاستی ئەو کوژراوە مانای وایە تۆ سەیرکردنەکەت لێتێکچوو لەکاتی سەیرکردنەکەدا بۆ چیرۆکەکە. کاتی خۆی فیلمێکی پۆڵۆنی هەبوو لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، دیمەنێکی مێژوویی دەربارەی فیرعەونێک کە کاتێ ئەسپێک دەکەنە قوربانی. هەروەها چۆنیەتی کوشتنی کاتێ کە ڕمەکان دەهاوێژن بۆ ئەسپەکە، چۆن خوێنەکەی دەبینێت دەچۆڕێ. بەڕوونی دیار بوو کە ئەوان بەراستی ئەسپەکەیان کوشت. لەوێدا خاڵێکی دراماتیکی بوو، خەڵکی لە پۆڵەندا ناڕەزاییان دەربڕی، خەڵکی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا نەیانویست فیلمەکە ببینین. ئیتر ئەزانی تۆ چەندە تەماهیبوون دووبارە دەبێتەوە لە فیلمدا.

**بلیڤەر: ئێمە زیاتر تەماهیبووین لەگەڵ فیلمی خەیاڵیدا؟**

**سالڤۆی ژیژەک:** ئەوەی من دەمەوێت بیلێم ئەوەیە؛ کێشەکە لە ڕۆڵبینینە. من بڕواموایە لێرەدا تەنها ئەنجامگیرییەک هەیە، دەربارەی زنجیرە ڕیالەتییە تیڤییەکان، کە ئێمە خەڵکانێک دەبینین کە ڕۆڵی خۆیان دەبینن. هەروەها دەرئەنجامێک کە من ئەمە دەڵێم ئەمە ئەوەنییە کە دروستکراو بێت، بەڵکو ئەوەیە کە لەمیانی هەموو ڕۆژێکی ژیاندایە، ئێمە ڕۆڵی تیا دەبینین، لەو سۆنگەوە کە ئێمە هەریەک جۆرێک لە وێنەی نمونەییمان داناوە بۆ خۆمان و ئێمە دەوری ئەو کەسە دەگێڕین.

**سەرچاوە:**

Nov٧ , The Believer, Vol٢

http://www.believermag.com/contributors/?read=dilworth, +dianna

لە ١٩٩٣ وە دەنوسێت سەرەتا بە ڕەخنەی هونەری و ئەدەبی دەست پیکردوە. سالی ١٩٩٩ لە کۆمەلێک هاورێ سەنتەری لیکۆڵینەوەی فیکری ژیاریان دەرکرد و دەستەی منوسەرانی گۆڤاری ئەو گۆڤارە ببوو کە گرنگی بە ڕەخنەی ئاینی و فەلەسەفی یئاینی دەدات.سالی ٢٠٠٠ وە لەدەروەی ولات دەژی لە شاری برستۆل، هەر لەزانکۆی ئەو شارە بەکالیۆریسی لە کەلتورناسی و کۆمەلناسی خویندوە و پاشان ماستەر لە پەیوەندیە نێوکلتوریەکان.خێزانداره و خاوەنی دوو مداڵە، ئەندامی چەندین دەزگای ئەکادیمی و پیشەییە وەک کۆمەڵگەی کۆمەلناسان، تۆڕی ڕۆژنامەنوسانی گەڕیدە، ئەمنستی ئانتەرباسیۆنال...خۆت ئەتوانی هەلینژێری و چاکی بکەیەت

# فۆکۆ و شۆڕشی ئێران
# جێندەر و فریوی ئیسلامیزم
## نووسینی: جانێت ئافاری و کێڤن ب. ئاندرسن

**ئینگلیزیەوە: ئالان عەتوف**

**پێشەکی:**

**دانەر بەرهەمێکی ئایدیۆلۆژیە، چونکە ئێمە وەک پێچەوانەی وەزیفە ڕاستەقینەکەی خۆی نوێنەرایەتی ئەکەین لەرووی مێژووییەوە.**

**فۆکۆ، وتاری «دانەر چییە؟»**

لە ساڵانی ١٩٧٨-٧٩ دا و لە کاتی شۆڕشێکی مەدەنی گەورەی چەند ملیۆن کەسیدا، خەڵکی ئێران ڕژێمی محەممەد ڕەزا شا پەهلەویان ڕووخاند (کە لە ١٩٤١ تاکو ١٩٧٩ حوکمڕانی کرد) کە پەیڕەوی لە بەرنامەیەکی ستەمکاریانەی نوێگەریی ئابووری و کەلتوری دەکرد. لە کۆتایی ١٩٧٨ دا دەستەی ئیسلامگەرای توندڕەو کە لە لایەن ئایەتوڵڵا ڕووحوڵڵا خومەینییەوە سەرۆکایەتی دەکرا، دەستی گرت بەسەر ڕاپەڕینە دژە ڕژێمەکەدا کە ناسیۆنالیستە عیلمانییەکان و لیبراڵ و چەپەکانیش تێیدا بەشدار بوون.١ ئیسلامگەراکان ململانێی خۆیان لە دژی شا بە شێوەیەک ڕێکخست وەک دووبارەکردنەوەیەکی ڕووداوەکانی شەڕی کەربەلا (٦٨٠ ز)، ئەمەش موسڵمانانی شیعە هەموو ساڵێک لە مانگی موحەڕەمدا لە یادی شەهیدبوونی ئیمام حوسەیندا (کچەزای پێغەمبەر موحەممەد) یادی دەکەنەوە.

ئیمام حوسەین بە دەستی یەزدی دوژمنی لە بیابانی کەربەلادا (کە ئێستا دەکەوێتە وڵاتی عێراق) کوژرا، لە شەڕێکدا کە جێنشینیی خەلافەتی بۆ (یەزد) زامن کرد. لە ساڵی ١٩٧٨ دا، خومەینی حوسەینی بێتاوانی لەخۆیدا بەرجەستەکرد و شای ئێرانیش وەک یەزد پیشاندرا و ئەو خۆپیشاندەرانەشی کە بەهۆی سەرکوتکردنی دڕندانەی شاوە کوژران، وەک شەهید تەماشا کران. ئەمەش لەسەر عورفی شوێنکەوتووانی حوسەین لە سەدەی حەوتەمی زاییندا.

بە ناوی یەکێتی نیشتمانییەوە، گوزارشتکردن لە داواکارییە عیلمانی و چەپ و ناسیۆنالیستییەکانی زۆرێک لە خۆپیشاندەرانی دژی شا زیاتر لە ڕووی ئاینیی و لەڕێی سرووتەکانی یادکردنەوەی مردنی حوسەینەوە ئەنجام دەدرا. ئیسلامگەراکان دەستیان گرتبوو بەسەر دروشم و ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکاندا، ئەمەش مانای ئەوەبوو زۆر لەو ژنە عیلمانیانەی کە پەیوەندیان بە خۆپیشاندانەکانەوە کرد فشاریان لێکرا لەچک بکەن وەک گوزارشتێک بۆ هاوپشتیکردنی موسڵمانە تەقلیدییەکان. مانگی موحەڕەم کەوتە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ ەوە کە گەرمەی ڕاپەڕینەکە بوو و ئاهەنگێڕانیشی ملیۆنێک خەڵکی هێنایە سەر شەقامەکان. لە مانگی شوباتی ١٩٧٩ دا، شا هەڵهاتبوو و خومەینیش لە تاراوگە گەڕایەوە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست. مانگی دواتر، خومەینی ڕیفراندۆمێکی نیشتمانی ڕێکخست و تیایدا ڕایگەیەندرا کە ئێران کۆمارێکی ئیسلامیە. ڕاستەخۆ دوای ئەوە، کاتێک خومەینی بە نزیکەیی دەستی کرد بە گرتنەدەستی دەسەڵاتی ڕەها، سەردەمێک لە ترس بەدوایدا هات. سەرەتا ڕۆشنبیرە پیشکەوتنخواز و چەپەکانی جیهان بوو بوون بە دوو بەرەوە لە هەڵسەنگاندنەکانیاندا بۆ ئەو شۆڕشەی ئێران. لە کاتێکدا پشتگیری ڕووخانی شایان دەکرد، کەمتر بە پەرۆش بوون بەرامبەر بە چەمکی کۆمارێکی ئیسلامی. هەڵاوێرکردنێکی سەرەکی ئەم کاردانەوە جیاجیایانە میشێل فۆکۆ بوو. فۆکۆ لە ساڵی ١٩٧٨ دا دوو جار سەردانی ئێرانی کرد و بە پەرۆشی و بێ ڕەخنە لەبارەی شۆڕشەکەوە نووسی و دوا. لە سەرانسەری ژیانیدا، چەمکی (ئەسڵیەت — authenticity) لای فۆکۆ بریتی بووە لە ڕوانین لەو بارودۆخانەی کە خەڵک تیایاندا لە مەترسیدا ژیاون و موغازەلەی مردنیان کردووە، ئەمەش ئەو شوێنەیە کە داهێنان لێیەوە سەرچاوەی گرتووە. هەر لەسەر عورفی

فریدریک نیتشە و جۆرج باتای، فۆکۆ ئەو هونەرمەندەی لە ئامێز گرتووە کە پاڵ بە سنوورەکانی عەقڵانیەت (rationality)یەوە دەنێت و زۆر بە هاوسۆزیەوە لە نووسیندا بەرگری لەو ناعەقڵانیەتانە کردووە، کە سنوورە تازەکان (تازە دانراوەکان) دەشکێنن. لە ساڵی ١٩٧٨ دا، فۆکۆ ئەم جۆرە هێزە سنوربەزێنانەی لە کەسایەتی شۆڕشگێڕی خومەینی و لەو ملیۆنان خەڵکەدا بینییەوە، کە ئامادەبوون تا مەرگ سەرکێشی بکەن کاتێک لەماوەی شۆڕشەکەدا شوێنی دەکەوتن. فۆکۆ دەیزانی کە ئەو جۆرە ئەزموونانەی (سنوور) دەشێت لە ئاکامدا فۆڕمی نوێی داهێنانیان لێبکەوێتەوە و زۆر بە پەرۆشەوە پشتگیری خۆی بۆ ئەمە دەربڕی. ئەمە تاکە ئەزموونی ڕاستەوخۆی فۆکۆ بوو بۆ شۆڕش و هەر ئەمەش بووە مایەی بەرهەمهێنانی بەرفراوانترین ژمارە لە نووسینەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگەیەکی ناخۆرئاوایی.

فۆکۆ یەکەمجار لە ئەیلولی ١٩٧٨ دا سەردانی ئێرانی کرد و پاشان لە تشرینی یەکەمدا چاوی بە خومەینی کەوت لە شوێنی نیشتەجێبوونی تاراوگەی لە دەرەوەی پاریس. فۆکۆ بە مەبەستی دووەم سەردان، لە تشرینی دووەمدا سەفەری بەرەو ئێران کرد کاتێک بزوتنەوەی شۆڕشی دژی شا لەوەدا بوو بگات بە لوتکە. لەماوەی ئەم دوو سەفەرەدا، فۆکۆ وەک پەیامنێری تایبەتیی ڕۆژنامەی (Corrier della sera) ڕاسپێردرا کە ڕۆژنامەیەکی سەرەکی ئیتاڵی بوو و وتارەکانیشی لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیەدا بڵاودەکرانەوە. مەراقی فۆکۆ بۆ شۆڕشی ئێران زۆر زیاتر بوو لە فزولیەتێکی ڕۆژنامەنووسیی. کارە پێشینەکانی پەیوەستبوونێکی یەک ڕەنگ، هەرچەند زۆر وردیان، پیشانداوە بۆ خۆرهەڵات و بۆ نۆرمە کۆمەڵایەتیە تەقلیدیترەکانی خۆرهەڵات و هەروەها بۆ سەرقاڵبوونێک بە فیکری خۆرهەڵاتی پڕ جۆش و خرۆشەوە. فۆکۆ باوەڕی وابوو کە نەمانی کۆڵۆنیالیزم لە ١٩٦٠کاندا فیکری خۆرئاوای هێنایە بەردەم خاڵێکی وەرچەرخان و قەیرانەوە. لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ساڵی ١٩٧٨ دا لە پەرستگایەکی (زێن)دا لە یابان، فۆکۆ ئاماژەیدا کە ئەوە «کۆتایی سەردەمی فەلسەفەی خۆرئاوایە. بەو پێیە ئەگەر فەلسەفەی داهاتوو بوونی هەبێت، ئەشێت لە دەرەوەی ئەورووپا یاخود بە یەکسانی لە بەرەنجامی پێگەیشتن و کاریگەرییەکانی نێوان ئەورووپا و نائەورپا لە دایک بێت» (١٩٩٩، ١١٣).

دواتر لەو ساڵەدا، فۆکۆ چووە ئێران «بۆ ئامادەبوون لە کاتی لەدایکبوونی بیرۆکەکاندا». لە نووسینێکدا دەڵێت شێوازی «ئیسلامیانە»ی نوێی سیاسەت دەشێت ئاماژە بدات بە سەرەتای فۆرمێکی نوێی «رۆحانیەتی سیاسی»، نەک هەر بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو بۆ ئەوروپاش کە لە کاتی شۆڕشی فەڕەنسییەوە سیاسەتێکی عیلمانی گرتووەتە بەر. وەک لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا لە (Corrier della sera)دا دەنووسێت:

لەسەر زەوی، بیرۆکەی زیاتر هەیە لـەوەی ڕۆشنبیران وێنای دەکـەن. ئەم بیرۆکانە چالاکتر و بەهێزتر و بەرهەڵستکارتر و پڕجۆشترن لەوەی «سیاسییەکان» بیری لێئەکەنەوە. پێویستە لە کاتی لەدایکبوونی بیرۆکەکاندا لەوێ بین، لە کاتی تەقینەوەی هێزیاندا بـەرەو دەرەوە: نەک لە کاتی دەربڕینیان لە کتێبەکاندا، بەڵکو لە کاتی دەربڕینیان لەو ڕووداوانەدا کە ئەم هێزە مانیفێست دەکەن یان لە کاتی دەربڕینیان لەو ململێیانەدا کە دەوامیان کێشاوە بەرمەبنای بیرۆکەکان، لە پێناو یان لە دژیاندا. بیرۆکەکان حوکمڕانی جیهان ناکەن. بەڵام ئەمە لەبەرئەوەیە کە جیهان خاوەنی بیرۆکەکانە (و بە بەردەوامی بەرهەمیان دەهێنێت) بە جۆرێک کە بە شێوەیەکی ناکارا حوکمڕانی ناکرێت لە لایەن ئەوانەی سەرۆکایەتی دەکـەن یان لە لایەن ئەوانەی کە دەیانەوێت وەک وانە ئەوە بڵێنەوە کە (جیهان) بیر لە چی دەکاتەوە تا هەتا هەتایە. ئەوە ئەو ئاڕاستەیەیە کە دەمانەوێت «ئەم ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنووسیانە» بیگرنە بەر. تەحلیلێکی فیکری دەبەسترێتەوە بە تەحلیلی ئەوەی کە ڕوو دەدات. ڕۆشنبیران پێکەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا کار دەکەن لە ساتێکدا کە بیرۆکە و ڕووداوەکان یەکتر دەبڕن. (Cited in Eribon ١٩٩١ , ٢٨٢)

سەربارى (Corrier della sera)، فۆکۆ لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە فەڕەنسییەکانیشدا لەسەر ئێران نووسینی هەبووە، وەک ڕۆژنامەی (Le Monde)ی ڕۆژانــە و (Le Nouvel Observateur) کە هەفتانەیەکی چەپ بوو و بە ئاستێکی بەرفراوان بڵاودەکرایەوە. چالاکوانە قوتابیە ئێرانییەکان لانیکەم یەکێک لە وتارەکانی فۆکۆیان وەرگێڕایە سەر فارسی و لە پاییزی ١٩٧٨ دا هەڵیانواسی بە دیوارەکانی زانکۆی تاراندا.

لە بەهاری ١٩٧٩ دا کۆمەڵەی نووسەرانی ئێران چاوپێکەوتنێکی فۆکۆیان بڵاوکردەوە کە لە ئەیلولی ساڵی پێشوودا لەسەر چەمکی شۆڕش و ڕۆڵی ڕۆشنبیر لەگەڵیان سازکردبوو. هەموو نووسین و چاوپێکەوتنە بڵاوکراوەکانی فۆکۆ لەسەر ئێران بە تەواوی لە پاشکۆی ئەم بەرگەدا بۆ یەکەمجار بە ئینگلیزی دەبینرێن هاوشان لەگەڵ نووسینی هەندێک لە ڕەخنەگرەکانی.

فۆکۆ بەرگری لە سنوورەکانی زنجیرەیەک لە هەڵوێستی سیاسی و تیۆری دیاریکراو و تایبەت کرد لەسەر شۆڕشی ئێرانی. بەشێکی لەبەرئەوە بوو کە تەنها سیان لەو پانزە وتار و چاوپێکەتنەی لەسەر ئێران هەیبوو بە ئینگلیزی دەرکەوتبوون، ئەمەش بڕێکی کەمی گفتوگۆی لە دونیای ئینگلیزی زماندا دروستکردبوو. بەڵام ئەمە لەخۆیدا فزوڵیەتە. سەرباری چنگکەوتنی چاوپێکەوتنەکانی و نووسینە لاوەکییەکانی تری بە ئینگلیزی، بۆچی ئەم تێکستانەی فۆکۆ پێشتر دەستەبەر نەکراون بۆ جەماوەری ئینگلیزی زمان بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی هەبوونی ئارەزویەکی زۆر بۆ فۆکۆ لە لایەن لێکۆڵەرانی کۆمەڵگە نا ئەورووپییەکانەوە. زۆر لە لێکۆڵەرەوان لەسەر فۆکۆ ئەو نووسینانە وەک لادان لە پێوەرە قبوڵکراوەکان یان بەرهەمی هەڵەیەکی سیاسی سەیر دەکەن. پێشنیازی ئێمە ئەوەیە کە نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر ئێران لەراستیدا پەیوەندیان هەیە بە نووسینە تیۆرییە گشتییەکانییەوە لەسەر گوتارەکانی دەسەڵات و مەترسییەکانی مۆدێرنیتی، هەروەها مشتومڕی ئەوە دەکەین کە ئەزموونی فۆکۆ لە ئێران کاریگەرییەکی هەمیشەیی بەجێهێشت بەسەر کۆی کارەکانی دواتریەوە و مرۆڤ تێناگات لەو وەرچەرخانە لەپڕە کە لە نووسینەکانی فۆکۆدا بەدیدەکرێت لە ١٩٨٠ کاندا بەبێ داننان بە گرنگیی بەسەرهاتی ئێران و زیاتر سەرقاڵبوونی بە خۆرهەڵاتەوە بە شێوەیەکی گشتی.

زۆر پێش زۆربەی کۆمێنتدەرەکانی تر، فۆکۆ تێگەیشت کە ئێران جۆرێکی ناوازە لە شۆڕش بەخۆیەوە دەبینێت. هەر زوو پێشبینی ئەوەی کرد کە ئەم شۆڕشە پەیڕەوی مۆدێلی شۆڕشە مۆدێرنەکانی تر ناکات. لەنووسینێکیدا دەڵێت کە ئەو شۆڕشە بە دەوری چەمکێکی یەکجار جیاوازدا خۆی ڕێکخستووە، کە ناوی نا «ڕۆحانیەتی سیاسی». فۆکۆ درکی بە هێزی قەبەی گوتاری نوێی ئیسلامی توندڕەو کرد، نەک تەنها لەسەر ئێران، بەڵکو لەسەر هەموو جیهان. ئەوەی خستەڕوو کە ئامانجی بزووتنەوەی ئیسلامی نوێ پچڕانێکی کلتوری

و کۆمەڵایەتی و سیاسی بنەڕەتیە لەگەڵ ئۆردەری خۆرئاوایی مۆدێرن و هەروەها لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و چیندا.
وەک بزووتنەوەیەکی «ئیسلامی»، دەتوانێت ئاگر بەرداتە هەموو ناوچەکە، ناسەقامگیرترین ڕژێمەکان قلْپ کاتەوە، پتەوترین سەغڵەت بکات. ئیسلام — کە بە سادەیی ئاینێک نییە، بەڵکو شێوازێکی تەواوی ژیانە، خۆئالاندنێکە بە مێژوویەک و شارستانیەتێکەوە — دەرفەتێکی باشی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە بەرمیلە باروتێکی زۆر گەورە، لەسەر ئاستی سەدان ملیۆن کەس.... لە ڕاستیشدا گرنگە درک بەوە بکەیت کە داواکردنی «مافە شەرعییەکانی خەڵکی فەلەستین» بە زەحمەت گەلانی عەرەبی هەژاند. چی دەبێت ئەگەر ئەم مەسەلەیە دینامیەتی بزووتنەوەیەکی ئیسلامی لەخۆگرتبێت، شتێک زۆر بەهێزتر لەوانەی کە کارەکتەرێکی مارکسیستی، لینینستی، ماویستیان هەیە؟
(«بەرمیلە باروتێک کە پێی دەڵێت ئیسلام،» app. , ٢٤١)٢
هەروەها بە بەسیرەتەوە تێبینی ئەوەشی کرد کە ئەم چەشنە گوتارە «هاوسەنگی ستراتیژی جیهانیی» دەگۆڕێت (ibid.).
ئەزموونی فۆکۆ لە ئێران بەشداربوو لە دروستکردنی خاڵێکی وەرچەرخاندا لە فیکریدا. لە کۆتایی ١٩٧٠ دا، لە سەرقاڵبوونییەوە بە تەکنەلۆژیاکانی زاڵبوون جوڵا بەرەو ئارەزوویەکی نوێ کە ئەو ناوی نا تەکنەلۆژیاکانی خود (self)، وەک بنەڕەتێک بۆ فۆڕمێکی نوێی ڕۆحانیەت و بەرهەڵستی بەرامبەر دەسەڵات.٣ شۆڕشی ئێران بە چەندین شێوە کاریگەرییەکی هەمیشەیی بەسەر نووسینەکانی دواتریەوە هەبوو. لە نووسینەکانیدا لەسەر ئێران، فۆکۆ تەئکیدی کردە سەر بڵاوبوونەوەی ئامرازی دیاریکراوی مۆدێرنیتی وەک هۆکارێک بۆ بەرهەڵستی. سەرنجی دەوربەری بۆ ئەوە ڕاکێشا کە چۆن ئیسلامییەکان داهێنەرانە سوودیان لە کاسێت و پەخشی ڕادیۆیی لە دەرەوە وەرگرت. ئەم تێکەڵکردنەی گوتارە ئاینییە تەقلیدیترەکان لەگەڵ ئامرازە مۆدێرنەکانی گەیاندن (اتصالات) یارمەتی چالاککردنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەیدا و دواجار ڕژێمی پەهلەوی مۆدێرن و ستەمکاری ئیفلیج کرد.
فۆکۆ شەیدای ئەفسانەکانی شەهیدبوون و سروتەکانی تۆبە بوو لای شیعە، کە لەلایەن بەشێکی زۆری بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەوە بەکاردەهێنران و هەروەها شەیدای ئامادەییان بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ لەپێناو تاکە ئامانجیان کە ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەوی بوو. دواتر، لە گفتوگۆیدا لەسەر «ئیستاتیکای

بوون» — کە بریتی بوو لەو نەریتانەی کە دەشێت دووبارە پێکبهێنرێنەوە بۆ زەمەنی ئێمە و وەک بنەڕەتی فۆڕمێکی نوێی ڕوحانیەت خزمەت بکەن — فۆکۆ زۆرجار ئاماژەی دەدا بە تێکستە گریکۆ-ڕۆمانییەکان و نەریتەکانی مەسیحیەتی بەرایی. هەرچەندە، زۆرێک لەم نەریتانە لێکچوونێکی بەهێزیان هەبوو لەگەڵ ئەوەی ئەو لە ئێران بینی. هەروەها، زۆر لە لێکۆڵەرەوەکان سەریان سوڕما لە وەرچەرخانی لەپڕی فۆکۆ بەرەو جیهانی گریکۆ-ڕۆمانی کۆن لە بەرگی ٢ و ٣ ی کتێبی (مێژووی سێکشواڵیتی)دا و لە حەزی ئەو بۆ پـەردەلادان لەسەر نەریتە هۆمۆسێکسواڵە نێرینەکانی ئەو سەردەمە. ئێمەش لێرەدا پێشنیاری تایبەتمەندخوازییەکی «خۆرهەڵاتی» دەکەین. وەسفی فۆکۆ بۆ «ئاکاری خۆشەویستی» نێر لە جیهانی گریکۆ-ڕۆمانیدا بە هەندێ نەریتی لە ئاراداهەبووی هۆمۆسێکسواڵیی نێرینەیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای باکوور دەشوبهێت. لەبەر ئەوە پێدەچێت تێوەگلانی پڕ حەماسەتی فۆکۆ لە جیهانی گریکۆ-ڕۆمانیدا پەیوەندی هەبووبێت بە شەیدابوونی درێژخایەنیەوە بە (هونەری چێژ -ars erortica) و بە تایبەتی هونەرە ئیرۆتیکییەکانی خۆرهەڵاتەوە، چونکە هەندێ جار ئەو گفتوگۆی نەریتە جنسییەکانی خۆرهەڵاتی هاوچەرخی بەستووەتەوە بەوانەی کۆمەڵگەی گریکۆ-ڕۆمانی کلاسیکییەوە.

ئەزموونی ئێران هەندێ پرسیاریش دەوروژێنێت سەبارەت بە ڕێبازی گشتی فۆکۆ بەرامبەر بە مۆدێرنیتی. یەکەمیان ئەوەیە کە لێکۆڵەرەوان زۆرجار گریمانە دەکەن کە بەدگومانی فۆکۆ لە یۆتۆپیانیزم و دوژمنایەتی ئەو بۆ حیکایەتە گەورەکان و کولییاتەکان (grant narratives & universals) و جەختکردنی ئەو لە جیاوازی و (تاقبوونەوە — Singularity) لەبری هەمەگیری (totality) کەمتر ئەگەری ئەوەی هەبێت، لەچاو پێشینەکانی خۆیدا، حیساب بێت لەسەر (چەپ) بە پێناو بە میسالی کردنی سیاسەتێکی ستەمکارانە کە ڕادیکالانە پەیمانی دووبارە پێکهێنانەوەی ژیان و فیکری خەڵکانێکی داوە لە پێناو قازانجی ڕووکەشی خۆیدا. هەرچەندە، نووسینەکانی لەسەر ئێران ئەوەیان پیشاندا کە فۆکۆ پارێزراو نییە بەرامبەر ئەو جۆرە وەهمانەی کە زۆر لە چەپەکانی خۆرئاوا هەیانبوو سەبارەت بە یەکێتی سۆڤیەت، دواتریش چین. فۆکۆ پێشبینی لەدایکبوونی دووبارە دەوڵەتێکی تری مۆدێرنی نەدەکرد کە دەشێت تیایدا تەکنەلۆژیا ئاینییە کۆنەکانی

هەیمەنە دووبارە پێکبهێنرێنەوە و بە دامەزراوەیی بکرێن، ئەمە دەوڵەتێک بوو ئایدیۆلۆژیایەکی عورفیانە (traditionalsit)ی دەخستەڕوو، بەڵام خۆی پڕ چەک کردبوو بە تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکانی ڕێکخستن و کۆنترۆڵ و جەنگ و پڕوپاگەندە.

دووەمیان، پەیوەندی پڕ کێشەی فۆکۆ لەگەڵ فێمێنیزمدا کێشەیەکی گەورترە لە بۆشایی ڕۆشنبیریدا لە حاڵەتی ئێراندا. لە چەند بۆنەیەکدا، فۆکۆ هەندێ وتەی دووبارە بەرهەمدەهێنایەوە کە لە کەسایەتیە ئاینییەکانەوە بیستبووی لەسەر پەیوەندییە جێندەرییەکان لە کۆمارێکی ئیسلامی شیمانەیی داهاتوودا، بەڵام هەرگیز گومانی لە پەیامی «لێکجیاکەرەوە بەڵام یەکسان»ی ئیسلامییەکان نەدەکرد. فۆکۆ گوێی بە خەمی فێمێنیستەکان نەدەدا سەبارەت بەوەی شۆڕشەکە بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار مل ئەنێت، پێدەچوو ئەو ئاگادارکردنەوانە بە تۆزێک زیاتر لە هێرشی خۆرهەڵاتیانە لەقەڵەم بدات لەسەر ئیسلام، بەم پێیە خۆی مەحروم دەکرد لە بیروبۆچوونێکی هاوسەنگتر لەسەر ڕووداوەکانی ئێران. لەسەر ئاستێکی گشتی تر، فۆکۆ ناهەستیار خۆی هێشتەوە بەرامبەر ئەو شێوازە هەمەچەشنانەی کە تیایاندا دەسەڵات کاریگەری هەبوو لەسەر ژنان لەبەرامبەر پیاواندا. ئەو ڕاستیەی پشتگوێخست کە ئەوانەی زیاتر تووشی سەدمە بوون بەهۆی نەریتە ئینزیباتیە پێش-مۆدێرنەکانەوە زۆربەی کات ژنان و منداڵان بوون، کە بە ناوی عورف و ئەرک یان شەرەفەوە چەوسێنراونەتەوە. لە چاپتەری یەکدا، دەچینە بنج و بناوانی بێباکیی فۆکۆوە بەرامبەر ژنانی ئێران لەو هەڵوێستە گیروگرفتئامێزانەیدا بەرامبەر جەندەر لە نووسینە ناسراوەکانیدا، لە کاتێکدا لە چاپتەری سێ و چواردا، مشتومڕ لەسەر وەڵامی فۆکۆ بۆ ئەو هێرشانە دەکەین کە فێمێنیستە ئێرانی و فەڕەنسییەکان سەبارەت بە نووسینەکانی لەسەر ئێران دەیکەنە سەری.

سێهەمیان، ئیمتحانکردنێکی نووسینەکانی فۆکۆ پشتگیرییەکی زیاتر فەراهەمدەکات بۆ ئەو ڕەخنەیەی کە زۆرجار گوزارشتی لێدەکرێت کە ڕەخنەی یەک لایەنەی فۆکۆ لە مۆدێرنیتی پێویستی بەوەیە دووبارە بەشێوەیەکی جیدی لەبەرچاوبگیرێتەوە بە تایبەتی لە دیدگای زۆر لە کۆمەڵگە ناخۆرئاواییەکانەوە. لە ڕاستیدا چەند نیشاندەرێک هەن کە فۆکۆ خۆی بەرەو ئەم جۆرە ئاڕاستەیە

دەڕۆیشت. لە وتارێکی ١٩٨٤یدا بە ناوی «ڕۆشنگەری چییە؟» هەڵوێستێکی دەرخست لەسەر ڕۆشنگەری، کە جیاوازتر بوو لە هەڵوێستەکانی پێشووی، هەروەها جولانی لە فەلسەفەیەکی دوو جەمسەرەوە دەربارەی مەعریفە و دەسەڵات بەرەوە فەلسەفەیەکی سێ جەمسەر کە (ئاکار)یشی لەخۆ گرتبوو. هەرچەندە، سنووری ئاکارەکانی میانڕەوبوون لای ئەو سەبارەت بە جێندەر و سێکس پێویستیان بە لێوردبوونەوە و پشکنینە کە ئەمەش بابەتی دوا چاپتەری ئەم کتێبەیە.

لە بەرامبەر فۆکۆدا، هەندێ لە چەپە فەڕەنسییەکان هەر لەسەرەتاوە زۆر ڕەخنەگربوون لە شۆڕشەکەی ئێران. لەسەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩٧٨دا بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەک وتار لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ( لومۆند)دا، لێکۆڵەری دیاری بواری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمێنتنووسی چەپ ماکسیم ڕۆدینسن، کە بە بایۆگرافیا کلاسیکیەی ناسراوە لەسەر محەممەد، چەند ڕەخنەیەکی زمانزبری لەسەر ئیسلامیزم لە ئێران بڵاوکردەوە و بە «مۆدێلێکی سەرەتایی فاشیزمی کۆن» ناوی برد («Islam Resurgent app. , ٢٣٣»). وەک ڕۆدینسن دوایی کەشفی دەکات، بەدیاریکراوی مەبەستی لە فۆکۆ بووە لەو وتارانەدا، کە پشتیان بە چەمکی کاریزما لای ماکس ڤیبەر و چەمکەکانی چین و ئایدیۆلۆژیا لای مارکس و زنجیرەیەک لێکۆڵینەوە لەسەر ئێران و ئیسلام بەستبوو. لە ئازاری ١٩٧٩ دا، نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر ئێران کەوتنە بەر هێرشێکی زیاتر دوابەدوای لەسێدارەدانی پیاوە هۆمۆسێکسواڵەکان لەلایەن ڕژێمی نوێوە و بە تایبەتی ئەو خۆپیشاندانە گەورانەی لە لایەن ژنانی ئێرانەوە لەسەر شەقامەکانی تاران ئەنجامدەدران لەدژی ڕێنماییەکانی خومەینی بۆ کردنی حیجاب بە زۆرملێ. هەروەها، فێمێنیستی بەناوبانگی فەڕەنسا و فەیلوسوفی وجودی سیمۆن دو بۆڤوار ناڕەزایی خۆی پیشاندا دژی چەوساندنەوەی مافەکانی ژنان لەلایەن ڕژێمەکەی خومەینیەوە و پەیامێکی هاوپشتی ئاڕاستەی ژنانی ئێران کرد («وتەی سیمۆن دو بۆڤوار،» app. ,٢٤٦-٤٧). فۆکۆ وەڵامی هێرشە نوێیەکانی نەدایەوە، تەنها ڕەخنەیەکی نەرمی گرت لە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران کە هیچ نەچوو بە لای مافی ژنان و مافی هاوڕەگەزەکاندا و پاش ماوەیەکی کەم بێدەنگ بوو لەسەر مەسەلەی ئێران.

له فه‌ڕه‌نسا، ئه‌و مشتومڕه‌ی نووسینه‌كانی فۆكۆ له‌سه‌ر ئێران ناویه‌تییه‌وه زانراوه و به‌رده‌وام له‌سه‌ر ناو و ناوبانگی ده‌كه‌وێت. بۆ نموونه، له ماوه‌ی ئه‌و جه‌ده‌له‌ی كه سه‌باره‌ت به هێرشه تیرۆریستییه‌كانی ١١ ی سێپته‌مبه‌ری ٢٠٠١ بۆ سه‌ر نیویۆرك و واشنتۆن هاته ئاراوه، كۆمێنتده‌رێكی فه‌ڕه‌نسی دیار به شێوه‌یه‌كی توند و بێ هیچ ڕوونكردنه‌وه‌یه‌كی ئاشكرا، له وتارێكی ڕاوسه‌رنجدا كه لاپه‌ڕه‌ی یه‌كه‌می لومۆندا بڵاوكرایه‌وه، ئاماژه‌ی دا كه «میشێل فۆكۆ، كه داكۆكیكاری خومه‌ینیزمه له ئێران  و له‌به‌رئه‌وه له ڕووی تیۆریشه‌وه سه‌پێنه‌ریه‌تی» (Minc ٢٠٠١).٤ ته‌نانه‌ت ئه‌و كۆمێنتده‌ره فه‌ڕه‌نسیانه‌ی كه هاوسۆزتر بوون بۆ فۆكۆ، دانیان به سروشتی پڕگیروگرفتی هه‌ڵوێسته‌كه‌یدا نا له‌سه‌ر ئێران. ژیاننامه‌نووس دیدیێ ئێریبۆن، كه خۆشی موحه‌ریر بوو له (Le Nouvel Observateur) و هاوڕێی فۆكۆ بوو، له نووسینێكدا ده‌ڵێت «ئه‌و ڕه‌خنه و مه‌سخه‌ره‌یه‌ی ڕووبه‌ڕووی (هه‌ڵه‌ی) فۆكۆ بووه‌وه ده‌رباره‌ی ئێران، بێئومێدبوونه‌كه‌ی زیاتر كرد پاش ئه‌وه‌ی پێشوازییه‌كی ڕه‌خنه‌گرانه‌ی گونجاو كرا له به‌رگی یه‌كه‌می كتێبی (مێژووی سێكسواڵێتی) دا. ئێریبۆن ئه‌وه‌شی وت: «بۆ ماوه‌یه‌كی درێژ له‌وكاته به‌دواوه فۆكۆ به ده‌گمه‌ن كۆمێنتی له‌سه‌ر سیاسه‌ت و ڕۆژنامه‌نووسی ده‌دا» (١٩٩١، ٢٩١). ئێریبۆن ده‌وڵه‌مه‌ندی كردین به‌وه‌ی تاكو ئێستا وردترین و هاوسه‌نگترین گفتوگۆیه له‌سه‌ر فۆكۆ و ئێران. یه‌كێكی تر له ژیاننامه‌نووسه‌كان، جیانێت كۆلۆمبێل، كه ئه‌ویش هه‌ر هاوڕێی فۆكۆ بوو، ئاماژه ده‌دات به «هه‌ڵه‌كه‌ی ئه‌و» له‌سه‌ر ئێران و له ئاكامدا ده‌ڵێت ئه‌و مشتومڕه «برینداری كرد» (١٩٩٤، ٢١٦).

له دونیای ئینگلیزی زماندا، ڕه‌خنه‌یه‌كی كه‌متر له ئارادا هه‌بووه له فۆكۆ سه‌باره‌ت به تێوه‌گلانیه‌وه به ئێران. یه‌ك له هه‌ڵاوێردنه‌كانی ئه‌م حاڵه‌ته ژیاننامه ڕه‌خنه‌ئامێزه‌كه‌ی جه‌یمس میله‌ری فه‌یله‌سوفی بواری سیاسه‌ته كه به‌سه‌رهاته‌كه‌ی فۆكۆ له‌سه‌ر ئێران به «نه‌زانیی» وه‌سف ده‌كات (١٩٩٣، ٣٠٩). میله‌ر تاكه ژیاننامه‌نووس بوو ئه‌وه‌ی خسته‌ڕوو، كه مه‌فتونبوونی فۆكۆ بۆ مه‌رگ ڕۆڵی هه‌بووه له په‌رۆشی ئه‌ودا بۆ ئیسلامگه‌را ئێرانییه‌كان كه جه‌ختیان له شه‌هیدبوونی به كۆمه‌ڵ ده‌كرده‌وه. له گفتگۆیه‌كی كتێبه‌كه‌ی میله‌ردا، (مارك لیلا)ی فه‌یله‌سوفی كۆمه‌ڵایه‌تی ئه‌م بیرۆكه‌یه‌ی هه‌ڵبژارد و نوسی كه له ماوه‌ی به‌سه‌رهاتی ئێراندا، فۆكۆ دووباره «گوێی له ده‌نگی

ئینزاری «ئەزموونی سنورداریکردن» بووەوە لە سیاسەتدا» (٢٠٠١،١٥٤).
تیۆرناسی سیاسی میشێل کۆهن ئەوەی خستەڕوو کە نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر ئێران «نیشانەی شتێکی پڕ دەردە سەری بوون لە جۆری ئەو بیرکردنەوە چەپگەرایەی کە پۆست مۆدێرنیزم و جیهانی سێهەمگەرایی ساکار و مەیلی نالیبراڵ تێکەڵدەکات» (٢٠٠٢، ١٣).٥ دەیڤد مەیسی، دانەری تەواوترین ژیاننامەی فۆکۆ تاکو ئەمڕۆ، ئاڵۆزتر بوو لە ڕوونکردنەوەکەیدا. مەیسی هێرشە فەڕەنسییەکانی بۆ سەر فۆکۆ سەبارەت ئێران بە گەورەکراو و بەخیل هەژمارکرد، بەڵام سەرباری ئەوەش دانی بەوەدا نا کە فۆکۆ زۆر «سەرسام» بووە بەوەی لە ١٩٧٨ دا لە ئێران بینیویەتی بەشێوەیەک کە بە هەڵە «ئەو پەرەسەندنە شیمانەییانەی داهاتووی لێکدایەوە کە شایەت بوو بەسەریانەوە» (١٩٩٣، ٤١٠).
لەلایەکی تر لە دونیای ئینگلیزی زماندا کە نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر ئێران تەنها بە هەڵبژاردە وەرگێڕدراون و وەڵامە فەڕەنسییە هاوچەرخەکان بۆیان بە هیچ شێوەیەک وەرنەگێڕدراون، ئەم نووسینانەی فۆکۆ لەسەر ئێران میهرەبانانە تر مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. دوا دوو وتاری لەسەر ئێران، کە لەوێدا زۆر درەنگ وەخت چەند ڕەخنەیەک ئاڕاستەی ڕژێمی ئێران دەکات لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بەرامبەر ئەو هێرشانەی لە لایەن ڕۆشنبیرانی فەڕەنسی دیکەوە کرایە سەری، تاکە وتار بوون کە بە بەرفراوانی بڵاوکراونەتەوە لەنێو ئەوانەیدا کە کراون بە ئینگلیزی. جەیمس بیرنۆێر، کە لێکۆڵەرەوەیەکی هاوسۆزە لەگەڵ فۆکۆ، نزیکەی دوو دەیە لەوەو پێش یەکێک لەو دوو وتارەی وەرگێڕاوە (فۆکۆ ١٩٨١). ئەم وتارە و یەکێکی تری تا ڕادەیەک ڕەخنەئامێز، کە هەردووکیان شتێکیان لە جیایی تیایە لە نێو نووسینەکانی فۆکۆدا، تەنها نمونەن لەنێو ئیشەکانیدا لەسەر ئێران کە لە کۆکراوەیەکی تەواوی ئینگلیزی نووسینە کورترەکانیدا دەرئەکەون (فۆکۆ، ا ٢٠٠٠).
لە پیاچوونەوەیەکی ئەو بەرگەدا، ڕەخنەگری ئەدەبی ئیدوارد سەعید، کە بە ئاستەم تا ڕاددەیەک هاوسۆز بوو لەگەڵ فۆکۆدا، بە شوێن ئەوەوە بوو کە خۆی کەنار بگرێت لە هەردوو نووسینەکە لەسەر ئێران کە لەو بەرگەدا هەبوون بەهۆی پێشنیازکردنی ئەوەی کە «وا دێنەپێشچاو وادەیان بەسەرچووبێت» (ب ٢٠٠٠، ٦٦-١٧).

فاکتەرێکی تری ئەوەی کە وای کرد ئەو گفتوگۆیەی نووسینەکانی فۆکۆ دەربــارەی ئێران بچووک بکاتەوە لە دونیای ئینگلیزی زماندا، مەیلی لێکۆڵەرەوە هاوسۆزەکانی فۆکۆ بوو بۆ دانانی نووسینەکانی دەربـارەی ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک وتاری تردا لەسەر چەند مەسەلەیەکی سیاسی لە هەمان سەردەمدا. مەیسی ئەمەی ئەنجامدا لە ژیاننامەکەی ١٩٩١ یدا. پاش ماوەیەکی کورت، جەیمس بیرنۆێر و مایکڵ ماهۆن نووسیان کە شۆڕشی ئێران و (سۆلیدارنۆسک)ی پۆڵەندا «دوو ڕووداو بوون لە کایەی سیاسیدا» کە فۆکۆ کۆمێنتی لەسەر داون لە ماوەی دوا ساڵەکانی تەمەنیدا (١٩٩٤، ١٤٤). لە پێشەکییەکەیدا بۆ نووسینە کورترەکانی فۆکۆ لەسەر دەسەڵات، جەیمس فاوبیۆن ئەم لیستەی درێژکردەوە بۆ ئەوەی خۆهەڵقورتانی ساڵی ١٩٧٩ ی تێبکات کە فۆکۆ لەبری ئەو پەناهەندە ڤێتنامیانەشی کە بە بەلەم دەیانویست ڕزگاریان بێت (بڕوانە فۆکۆ ٢٠٠٠a, XXXvi).

لـە کاتێکدا هەرچۆنێک بێت بچووککردنەوەی گرنگیی سیاسی ئەم خۆتێهەڵقورتاندنانە سەبارەت پۆڵەندا و پەناهەندەکانی ڤێتنام، هەریەکەیان کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر سیاسەتی فەڕەنسی، پشتگیری لەوە دەکەین کە سروشتکی زۆر جیاوازیان هەبوو لەچاو نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر ئێران. ئەگەر لەرووی بڕەوە سەیر بکەین، فۆکۆ زۆر زیاتری نووسی لەسەر ئێران لەچاو پۆڵەندادا، ئەوە مەسەلەی پەناهەندەکانی ڤێتنام هەر لەولاوە بووەستێت. ئەگەر لەرووی جۆرییەوە سەیر بکەین، جیاوازی گەورە بەدی دەکرێت لەنێوان نووسینەکانی لەسەر ئێران و ئەم خۆتێهەڵقورتاندنانەی تردا. سەبارەت بە پەناهەندەکانی ڤێتنام، کە مەسەلەیەک بوو لە بەهاری ١٩٧٩ دا هاتەپێش، فۆکۆ لەگەڵ چەند ئەستێرەیەکی ڕۆشنبیر وەک ژان پۆڵ سارتەر و ڕایمۆند ئارۆن یەکی گرت بۆ داواکردنی مافی پەنابەرێتی بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە دەستی دیکتاتۆریەتە ستالینیە چەوسێنەرەکان هەڵدێن. دەربارەی پۆڵەندا، هاوشان لەگەڵ کۆمەڵناسی بەناوبانگ پییێر بۆردیۆ و کچە ئەکتەری ناودار سیمۆن سینۆرێت، لەنێوان ئەوانی تردا، لە ١٩٨١ — ١٩٨٢ دا کاری کرد بۆ پشتگیریکردنی (سۆلیدارنۆسک یاخود بزوتنەوەی هاوپشتی) کە بە نهێنی ئیشی دەکرد لە کانونی یەکەمی ١٩٨١ دا. بەم پێیە، هەڵوێستێکی زۆر نایابی (ممیز) وەرنەگرت لەسەر ئەم مەسەلانە و لە ڕاستیدا لەوانەیە ئەم خۆتێهەڵقورتاندنانەی بەکارهێنابێت بۆ بەدەستهێنانەوەی پایەی خۆی لە

جیهانی ڕۆشنبیریی فارسیدا، پاش شەرمەندەبوونی لە بەسەرهاتی ئێراندا لە ١٩٧٨-٧٩ دا. هەروەها، سەبارەت بە پۆڵەندا و ڤێتنام، هەڵوێستەکانی فۆکۆ بەشێک بوون لە گۆڕانێکی فراوانتر لەناو چەپی ڕۆشنبیری فەرەنسادا پاش چەندین دەیە لە هەبوونی مەیل بەلای ڕوسیا و پاشان کۆمۆنیزمی چیندا. بەڵام لەسەر مەسەلەی ئێران، فۆکۆ بە فیعلی تەنیا مایەوە.

لەبری تێکەڵاوکردنی بەسەرهاتی ئێرانیی لەگەڵ ئەم خۆتێهەڵقورتاندنە سیاسیە کەمتر گیروگرفتئامێزانەی تردا، ئێمە جەخت لە (تاقبوونەوە — singularity)ی دەکەینەوە، ئەمە هەر بۆ ئەوەی زاراوەیەکی پەسەندکراوی فۆکۆ بەکاربهێنین. لەو باوەڕەداین بێجگە لە چالاکییە ڕێکخەرە چڕوپڕترو و درێژخایەنەکانی بۆ بزووتنەوەی پشتگیریکردن لە زیندانییەکان لە ماوەی سەرەتای حەفتاکاندا، نووسینەکانی لەسەر ئێران نوێنەرایەتی گرنگترین و پڕجۆشترین پابەندبوونی سیاسی دەکەن لە ژیانیدا. ئەمە بەسەرهاتێک بوو کە بە شکست کۆتایی هات هەروەک لەوە دەچوو خۆی دانی پێدابنێت لەو بێدەنگیەیدا کە لە دوای ئایاری ١٩٧٩دا هەڵی بژارد. هەروەها لەو باوەڕەشداین، بەهەمانشێوەی نووسین و چالاکوانبوونی دژ بە فۆڕمە مۆدێرنەکانی سزا، نووسینەکانی ئێرانی گوزارشت لە لایەنە جیاکەرەوەکانی جیهانبینی فۆکۆ دەکەن.

نەمانتوانیوە هیچ گفتوگۆیەکی فۆکۆ بدۆزینەوە دەربارەی شۆڕشی نیکاراگوای ١٩٧٩، کە شۆڕشێک بوو سیمای فۆڕمێکی ڕوحانیەتی سیاسی و لاهوتیەتی ڕزگاریخوازی هەبوو و کراوەتر و هیومانیستیانە تر بوو لە ئیسلامگەراییەکەی ئێران. لاهوتیەتی ڕزگاریخوازی ئەمەریکای لاتین نە ئاینزایەک (کەڵتێک)ی شەهیدبوون و مەرگی هێنایە ئاراوە و نە بزووتنەوەیەکی ستەمکار بوو. لە هەمانکاتدا ئەم نمونەی لاهوتیەتە ڕزگاریخوازە لەبەر هۆکارێکی تر گرنگە. لەسەدەی ڕابـردوودا، ژمارەیەکی بێشومار لە فۆڕمی ڕوحانیەتی سیاسی هاتوونەتە ئاراوە. هەندێکیان وەک لاهوتیەتی ڕزگاریخواز و غاندیانیزم، یاخود زۆربەی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمەریکا، ئەمانە سیاسەتێکی دیموکراسی و لێبوردەیی و هیومانیزم و تاڕادەیەکیش مافەکانی ژنانیان لەلا پەسەند بووە. ٦ دەکرێت هەمان شت بوترێت دەربارەی بیرمەندە موسڵمانە پێشکەوتنخوازەکان کە لە ١٩٩٧ەوە پەیوەندیان کردووە بە بزووتنەوەی ڕیفۆمخوازی ئێرانەوە. ئەوانەی دی وەک ئیسلامگەرایی ئێرانی ساڵانی ١٩٧٨

— ٧٩ بزووتنەوەی ستەمکاری بوون، کە کەمینە ئاینی و ئیتنییەکان و هەروەها ژنانیان کردە ئامانج. لە گەڕانی ئێستاماندا بۆ پەیوەندی فۆکۆ بە بە ئیسلامگەرایی ئێرانەوە، ڕەخنەی خۆمان لە ڕوحانیەتی سیاسیی بەم چەشنانەوە لە فۆرمی ستەمکاری سنوردار دەکەین. لە جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆدا، دەشێت ئەم فۆڕمانە بەراوردبکرێن بە بنەڕەتخوازیی مەسیحی خۆرئاوا و شەپۆلە توندڕەوەکانی ناو زایۆنیزم و یاخود بە بوژاندنەوەگەرایی ستەمکاری هیندۆس لە هیندی هاوچەرخدا.
هەندێ لە لایەنگرانی فۆکۆ لە دونیای ئینگلیزی زماندا هەوڵیان داوە لە ڕێی گفتوگۆکانیانەوە لەسەر بەسەرهاتی ئێران کۆنترۆڵی ئەو زەرەر و زیانانە بکەن کە (کە لە بۆچوونەکانی فۆکۆ کەوتووەتەوە – وەرگێڕ)٧. هەرچەندە لێکۆڵەرەوە ئینگلیزی زمانەکانی بواری دیراساتی ئاین و لایەنگری فۆکۆ بەجۆرێک لە وریایی زیاترەوە خۆیان داوە لە قەرەی نووسینەکانی ئێرانی. جەیمس کارێت، کە دوو بەرگی لەسەر فۆکۆ و ئاین دەرکردووە، خۆی کەنارگرت لەو ئامێزکردنە کوێرانەیەی کە فۆکۆ بۆ ئایەتوڵڵا ئێرانییەکان هەیبوو و دەنووسێت «بە ئاشکرا حیساباتی هەڵەی گەورە هەبوو دەربارەی ئێران و ئیسلام لە کاری ڕۆژنامەوانی فۆکۆدا، بەڵام هێزی مەراقی ئەو بۆ دەسەڵاتی زاتیەتی ئاینیی لەپێناو شکڵدان بە ژیانی مرۆڤ ڕوونە» (Carrette ٢٠٠٠ , ١٤٠; see aslo Carrette ١٩٩٩). میشێل لیزنبێرگی فەیلەسوف، کە دانیشتووی ئەمستردامە، دەڵێت «فۆکۆ بە ڕاستی و دروستی ڕەچاوی گرنگی یەکلاکەرەوەی ئیسلامی سیاسی کرد لە خۆپیشاندانەکانی» ١٩٧٨ دا، بەڵام ئەم تێگەیشتنە «هاوجووت بوو لەگەڵ ژمارەیەک وتەی پڕ لەکە و زۆر سادە کراوە لەسەر شیعەگەرایی» (١٩٩٨ , ٧٩). چەمکی ئەوەی کە فۆکۆ هەندێ «حیساباتی هەڵە»ی لەسەر ئێران کردووە، ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕاستیەی کە ڕژێمی ئایەتوڵڵاکان خێرا بووە سیۆکراسیی (حوکمڕانییەکی ئاینیی) دڕندە کە ئەمە شتێک بوو فۆکۆ پێشبینی نەکردبوو. لێوردبوونەوەیەکی قووڵتر بۆ حەماسەتی گشتی فۆکۆ بەرامبەر «سیاسەتی ڕۆحانی» ئیسلامگەرا و ڕەتکردنەوەی توندی بۆ هەبوونی بەدیلی تر بۆ ڕژێمی شا، ئیدی ئەو بەدیلانە لیبراڵ، ناسیۆنالیست یان سۆشیال دیموکرات بن، لێرەدا نادۆزرێنەوە. مەسەلەیەکی تری پەیوەندیدار بە بە پرۆژەکەی فۆکۆ خۆیەوە ئەوەیە کە ئایا ڕەغبەتی ئەو بۆ شۆڕشی ئێرانی پەیوەندی هەبوو بە گەڕانێک بۆ دۆزینەوەی

فۆرمی بەدیل بۆ مۆدێرنیتی نا-خۆرئاوایی کە بیتوانیایە ڕۆحانیەت و سیاسەت پێکەوە ببەستێت.

هەوڵە باوترەکان بۆ پۆلێنکردنی نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر ئێران وەک «حیساباتی هەڵە» و هەندێ جاریش بەو مەودلولەوە کە لەراستیدا فۆکۆیی نین، ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە کە فۆکۆ خۆی لە وتارە بەناوبانگەکەی ساڵی ١٩٦٩یـدا بەناوی «دانـەر چییە؟» ڕەخنەی لێگرتووە، ئەمە کە کاتێک هەندێک لە کارەکانی نووسەرێک وەردەگرین لەماوەی پیشەکەیدا و ئەوانی تری کە بە «ستایلێکی جیاواز» یان «ئاست نزم» نووسراون وەدەرئەنێین (Foucault , ١٩٦٩ , ١١١)، ئەوا لەمەدا یەکانگیریەکی شێوازیی و هاوبیرییەکی تیۆری دروستدەکەین. ئەمە ئەنجام دەدەین لەرێی مومەییزکردنی هەندێ نووسین وەک ئەسڵی و وەدەرنانی ئەوانەی تر کە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێمە کە دانەر دەبێت چیبێت ناگونجێن: «لەبەرئەوە، دانەر ئەو کەسایەتیە ئایدیۆلۆژیەیە کە لە ڕێیەوە یەکێک ئەو ڕەفتارە دیاری دەکات کە بەهۆیەوە دەترسین لە تەشەنەسەندنی مانا» (Foucault , ١٩٦٩ , ١١٠). لەبەر ئەم هۆکارانە و هەروەها ئەوانەی پێشتر باسکران، بانگهێشتی خوێنەر دەکەین تا لەگەڵمان بێت لە لێوردبوونەوە لە نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر شۆڕشی ئێران. ئێمە ئەم دێڕانە لە ٢٠٠٤ دا دەنووسین، کە یادی بیستەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی میشێل فۆکۆیە و یادی بیستوپێنجەمین ساڵڕۆژی شۆڕشەکەی ئێرانیشە.

## بەشی یەکەم

## گوتاری فۆکۆ: دەربارەی ترۆپک و تەڵەزگەکان

### چاپتەری ١

**دونیای پارادۆکسیی فۆکۆ**
**نیزامە (ئۆردەر)ە کۆمەڵایەتییە مۆدێرن و تەقلیدییەکان**

بۆچی فۆکۆ بڕیاریدا دووجـار سەفەری ئێران بکات و لەسەر شۆڕشی ١٩٧٨=٧٩ی ئێران بنووسێت لە کاتێکدا هیچ ئارەزوویەکی هاوشێوەی بۆ شۆڕشی نیکاراگوا پیشان نەدا، تەنها یەک تۆز گرنگییەکی زیاتریدا بە بزووتنەوەی (سۆڵیدارنۆسک)ی پۆڵەندا؟ بۆچی، لە نووسینەکانیدا لەسەر شۆڕشی ئێرانی، تەنها پشتگیری باڵە ئیسلامیستەکەی دەکرد؟ پێدەچوو

هەندێ ڕووی سەرجەمی کارەکانی فۆکۆ هاوسەدا بێت لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەدا کە لە ئێران خۆی دەردەخست. نزیکایەتییەکی سەرلێتێکدەر لەئارادا بوو لەنێوان ئەم فەیلەسەفە پۆست-بونیادگەرا و ڕەخنەگرە ئەوروپیەی مۆدێرنیتی و ڕادیکاڵە ئیسلامیستە دژەمۆدێرنیستەکانی سەر شەقامەکانی ئێران. ١ هەردوولا بەدوای فۆرمێکی تازەی ڕۆحانیەتی ساسیدا دەگەڕان وەک دژەگوتارێک بۆ جیهانێکی تەواو ماتریالیستی، هەردوولا توند خۆیان هەڵواسیبوو بە چەمکە ئایدیاڵەکانی نیزامە کۆمەڵایەتیە پێش-مۆدێرنەکانەوە، هەردوولا بە چاوێکی سوکەوە سەیری سیستەمە قەزاییە لیبراڵە مۆدێرنەکانیان دەکرد، هەردوولا سەرسام بوون بەو کەسانەی کە تا مەرگ ڕیسکیان دەکرد لە هەوڵیاندا بۆ گەیشتن بە وجودێکی ئەسڵی تر. لەوانەیە نزیکایەتی فۆکۆ لەگەڵ ئیسلامیستە ئێرانیەکاندا، کە زۆرجار بە «هەڵە»کەی دەربارەی ئێران لێکدراوەتەوە، هەندێک دەرئەنجامی گەورەتری گوتارە نیتشەیی-هایدگەریەکەشی دەربخات.
ئەم چاپتەرە بە لێوردبوونەوەیەک لە بەشداریە ئەسڵییەکانی فۆکۆ دەستپێدەکات لەسەر دەسەڵات و گوتار و جەستە. دەشڕوانینە ئارەزووی بۆ فۆرمە خۆرهەڵاتییەکانی تێفکرینە زوهدییەکان و ئەوە دەخەینە ڕوو کە کۆمێنتەکانی لەسەر ئەمەی دواتریان کرۆکێکی گرنگ بۆ کۆی کاری فۆکۆ پێکدەهێنن، هەرچەندە دابڕاویش بووبن لە یەکدی. پاشان دەچینە سەر میتۆدی جینالۆجی فۆکۆ، کە خۆی وا بانگەشەی بۆ کرد، بەهۆی میتۆدێکی سەروو-مێژوویی هیستۆریۆگرافیەوە پچڕاوە. بەڵام مشتومڕی ئەوەش دەکەین کە دەکرێت میتۆدۆلۆژیای فۆکۆ خۆی وەک حیکایەتێکی گەورەی سەروو-مێژوویی لێی بڕوانرێت. جیاوازی نێوان حیکایەتی گەورەی فۆکۆیی و حیکایەتە لیبراڵ و مارکسییەکان ئەوەیە کە حیکایەتی فۆکۆ پایە نابەخشێت بە مۆدێرنیتی، بەڵکو دەیبەخشێتە نیزامە (ئۆردەر)ە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان. بە دیاریکراوی، دەڕوانینە نووسینەکانی فۆکۆ دەربارەی ئەدەبیاتی ڕەهبانی مەسیحی، لەوانەش ئەو موحازەراتانەی کە پێش سەفەرەکەی بۆ ئێران وتنیەوە کاتێک لە خۆئامادەکردندا بوو بۆ نووسینی بەرگی ٢ و ٣ ی مێژووی سێکسوالێتی. بەگوێرەی ترادسیۆنی مارتن هایدگەر، فۆکۆ حەزی هەبوو بۆ خوێندنەوەیەکی عیلمانی و هیرمێنیۆتیکی بۆ مەسیحیەت، بە تایبەتی بۆ ئەو سروت و تەکنیکانەی کە دەکرا دووبارە دابهێنرێنەوە بۆ ڕۆحانیەتێکی تازە و

فۆرمێکی مۆدێرنی تۆبە. هەروەها فۆکۆ چەمکێکی تری هایدگەریی بە تایبەت وەرگرت، کە ئەویش «ئازادیی بەرەو مەرگ» بوو وەک شوێنێکی دەستپێک بۆ ئەفراندنی هونەری و سیاسی. دوا بەشی ئەم چاپتەرە دووبارە دەچێتەوە سەر ئێران لە ١٩٧٨ دا کاتێک ئایەتوڵڵا خومەینی، سەرکردەی شۆڕشەکەی ئێران، ملیۆنەهای قایلکرد ڕیسک بە ژیانیانەوە بکەن لە خەباتیاندا دژی شا. لای فۆکۆ، پێدەچوو (خومەینی) خۆی بووبێتە بەرجەستەبووی «ئیرادەی دەسەڵات»ی نیتشە.

**بەشداریە ئەسڵییەکانی فۆکۆ: دەسەڵات، گوتار، جەستە**

ئەوەی وا لە فۆکۆ دەکات کە بیرمەندێک بێت موقاوەمە نەکرێت، تەنانەت بەلای زۆر لە ڕەخنەگرەکانیشیەوە، هاوکێشە ئەسڵیەکانیەتی لەسەر دەسەڵات، کە خۆی پێیاندەڵێت گوتارەکانی مۆدێرنیتی. دەسەڵاتی مۆدێرن نەک تەنها داپڵۆسێنەر و سلبی و کۆتوبەند دروستکەرە، وەک خۆی باسی لێوە دەکات، بەڵکو ئیجابی و بەرهەمهێن و ئەفرێنەرە لەهەمانکاتیشدا. فۆکۆ لە کتێبی دیسپلین و سزادا دەنووسێت «دەسەڵات واقیعەکان بەرهەم دەهێنێت» و «سروتەکانی حەقیقەت» دروستدەکات. گەمەکانی دەسەڵات تەنها لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ڕەعیەتەکانیدا یان لە نێوان ئەندامانی چینە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکاندا خۆیان مانیفێست ناکەن. دەسەڵات زۆر لەوە زیاتر پەلوپۆ دەهاوێت. دەسەڵات ڕۆدەچێتە ناو تۆڕی هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانەوە تا «تەواو قوڵایی کۆمەڵگەوە» (Foucault ١٩٧٧a , ٢٧). تەواوی نەوەیەک لە تیۆرناسی بواری فێمینیزم و پۆستکۆڵۆنیاڵیزم جەختیان لەوە کردووەتەوە کە فۆڕمەکانی مەعریفە سەربەخۆ نین لە دەسەڵات. فۆکۆ لە هاوکێشەیەکی تیۆری ڕۆشندا گوزارشتی لەم بیرۆکەیە کردووە. «هیچ پەیوەندییەکی دەسەڵات بوونی نییە بەبێ پێکهێنانێکی دوو لایەنەی کایەیەکی مەعریفی، هیچ مەعریفەیەکیش بوونی نییە ئەگەر لە هەمانکاتدا پێشتر گریمانەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات نەکات و پێکیان نەهێنێت.» (٢٧).

وەک باش زانراوە، لە دیراسە مێژووییەکانیدا لەسەر دەزگای نەخۆشیە

عەقڵییەکان، دەزگای سەربازی، قوتابخانە، نەخۆشخانە، بەندیخانە، فۆکۆ مشتومڕی ئەوەی کرد کە «تەکنەلۆجیا» مۆدێرنەکانی «دەسەڵات» کائینی دەستەمۆ و سوودگەرا دروستدەکەن. ئامڕازەکانی دەسەڵاتی مۆدێرن ئاسانن: «شێوازێکی هەڕەمی چاودێریکردن» لە دەزگای سەربازی و قوتابخانە یان بەندیخانەدا دامـەزراوە «کە وا دەکات موکین بێت بۆ یەک تاکە ڕوانین هەمیشە هەموو شتێک ببینێت.» (Foucault ١٩٧٧a , ١٧٣). ئینجا «حوکمدانێکی ئاساییکەرەوە،» کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک یاساو ڕێسا کە پێویستیان بە چاودێری بەردەوامە، دادەنرێت. قوتابی و سەرباز و نەخۆشی عەقڵی و زیندانییەکان ئەم یاساو ڕێسایانە داخڵی بیروبۆچوونیان دەکەن بە ناوەکی دەکەن. ئێستا هەموویان موعەرەزن بۆ میکانیزمێکی سزایی (جزائی) بچووک. ئەمە (واتە ئەم دەسەڵاتە) «بەراورد دەکات، جیاوازی دەکات، ڕیزبەندی هەڕەمی دروستدەکات، هاوتوخمی ئەنجامدەدات و وەدەر دەنێت. بەکورتی، هەڵدەستێت بە ئاساییکردنەوە.» (١٨٣; the orginal emphasis). دواجـار، «تاقیکردنەوە» لە ئارادایە، کە بریتییە لە پرۆسەیەکی یەکجار سروتیی کە پاداشتی پابەندەکان دەداتـەوە و سزای ناپابەندەکان دەدات. بەم پێیە، دەسەڵاتی مۆدێرن ڕووکەشانە کاردەکات بەهۆی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک مەعریفە دەربـارەی تاکەکان (قوتابیان، نەخۆشە عەقڵییەکان، سەربازەکان، زیندانییەکان) کە لە ڕێیەوە (ئەو تاکانە) بە بەردەوامی چاودێری دەکرێن. سیستەمەکە سەرکەوتووتر دەبێت کاتێک «دەسەڵاتە ئینتیزامیە» تازەکە دەسەپێنرێت نەک تەنها لەلایەن مامۆستا، ئەفسەری نیزام، بەرپرسی بەندیخانەوە بەڵکو لەلایەن تاکەکە خۆشیەوە کە ئەمەی داخڵی بیروبۆچوونی کردووە. مەبەستی دەسەڵاتی مۆدێرن هەم بەدەستهێنانی «ئەوپەڕی شیدەت»ەو هەم کردنی ئەمەیە بە کەمترین تێچوون لەرووی ئابووری و سیاسیشەوە. ئامانجەکە گردکردنەوەی ژمارەی گەورەیە لە تاکەکان لە دەزگایەکدا، بەڵام بەکارهێنانی ئەم میتۆدە شاراوە و نادیارانەی کۆنترۆڵە بۆ ئەوەی»بەرهەڵستکاری کەم» بوروژێت. بە کورتی، مەبەست لە تەکنەلۆژیای نوێی دەسەڵات «زیادکردنی دەستەمۆکردن و سوودوەرگرتنە لە هەموو توخمەکانی سیستەمەکە» (Foucault ١٩٧٧a , ٢١٨). لە زۆربەی نووسینەکانی پێش ساڵی ١٩٧٦یـدا، فۆکۆ ئەوەی خستەڕوو کە هیچ تەحەدیەکی سەرکەوتوو ناشێت ببێت بەرامبەر دەسەڵاتی تەوحیدی و

ئینتیزامی مۆدێرنیتی. بەڵام دواتر، ماترێکسی دەسەڵاتی بە تەواوەتی خاڵی نەبوو لە بەرهەڵستکاریش، وەک لە مێژووی سێکسوالیێتیدا دەبینرێت کە یەکەمجار لە ١٩٧٦دا بڵاوکرایەوە. لەبەرئەوەی دەسەڵات لە ئاستی ناوچە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگەدا لەگەڕدایە، ئەوا شوێنەکانی بەرهەڵستی، کە «لە هەموو شوێنێک لە تۆڕی دەسەڵاتدا مەوجودن» (Foucault ١٩٧٨a , ٩٥)، ناوچەییش دەبن و لە مەشقە ڕۆژانەییەکاندا خۆیان مانیفێست دەکەن. دەشێت شوێنە هەمەلایەنەکانی بەرهەڵستی نۆرمەکان تێکبشکێنن و ڕێگری بکەن لە دروستبوونی کۆمەڵگە هاوشێوە و هاوتوخمەکان. هەروەها فۆکۆ ئاماژەی داوە بە «فرەیی بەرهەڵستکارییەکان»: «بەرهەڵستییەکان لە ئەنجامی چەند پرەنسیپێکی ناهاوتوخمی (هێترۆجینیەس)ی کەمەوە دروست نابن، هەروەها هەڵفریواندنێک و پەیمانی پێویستیەکی خیانەتلێکراو نین. ئەوان گوزارشتە نامۆکەن لە پەیوەندیدا بە دەسەڵاتەوە، ئەوان وەک پێچەوانەی نکۆڵی لێنەکراو (irreducible opposite) لەسەر دەسەڵات هەڵکۆڵراون (٩٦; emphasis added). دوو ساڵ دواتر نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر ئێران تەرکیزیان کردە سەر بزووتنەوەی ئیسلامگەرا، کە وەک لە دواییدا دەبینین، وەک فۆڕمێکی بەرهەڵستی «نکوڵی لێنەکراو» بەرامبەر بە هەیمەنەی خۆرئاوا جیای کردنەوە.

یەکێک لە تەحەدیە تووڕەکەرترەکان لای فۆکۆ بەرامبەر لیبراڵیزم، و لانی کەم بەرامبەر مارکسیزمی ئۆرسۆدۆکس، ڕەتکردنەوەی ئەو بوو بۆ بانگەشە سەربەستیخوازەکانی ڕۆشنگەری. مشتومڕی ئەوەی کرد کە چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان بەرەبەر وازیان لە فۆڕمە تەقلیدی و توندوتیژترەکانی دەسەڵات هێنا نەک لەبەرئەوەی چینی هەڵبژاردە بوونە چینێکی «مەدەنی» تر و خەمخۆرتر، بەڵکو لەبەرئەوەی لە سەدەی هەژدەدا «تەکنەلۆژیایەکی کۆیلایەتی» زیرەکانەتریان داهێنا، تەکنەلۆژیایەک کە کاریگەرتر و بەرهەمهێنتر بوو لە سزای دڕندانە. بە بۆچوونی فۆکۆ،» (ڕۆشنگەری،) کە کەشفی ئازادیەکانی کرد، دیسپلینەکانیشی داهێنا» (١٩٧٧a , ٢٢٢). هەتا زیاتر چوارچێوەی یاسایی یەکسانخوازی شۆڕشی فەڕەنسی دەشاردرایەوە، میکانیزمی کۆنترۆڵکەری دەسیسەئامێز زیاتر دەبوو لە کارگە و دەزگای سەربازی و قوتابخانە و بەندیخانەدا:

پەرەپێدان و گشتاندنی میکانیزمە ئینزباتییەکان لایەنە تاریکەکەی تری

ئەم پرۆسانە دەردەخــەن. ئەو فۆڕمە یاساییە گشتیەی، کە هەستاوە بە زامنکردنی سیستەمێک لەو مافانەی کە بە شێوەیەکی سەرەتایی یەکسانخواز بوون، لەلایەن ئەم میکانیزمە بچووکە ڕۆژانەییە فیزیکیانە و هەروەها هەموو ئەو سیستەمانەی دەسەڵاتی جوزئی کە لە بنەڕەتدا نە یەکسانخوازن و نە هاوسەنگن و ئێمە پێیان دەڵێین دیسپلینەکان، پشتگیری کراوە. هەروەها بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕژێمی نوێنەر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بە هەبوونی گەیەنەر و بەبێ گەیەنەر، شیاوی دەکات بۆ ئیرادەی هەمووان بۆ ئەوەی ئۆتۆریتی سەروەری پێکبهێنن، دیسپلینەکانیش لە بناغەدا گەرەنتییەک بۆ ملکەچبوون بۆ هێزەکان و دەزگاکان فەراهەم دەکەن. دیسپلینە ڕاستەقینە جەستەییەکان بنەڕەتی ئازادییە ڕەسمییە یاساییەکانیان پێکهێناوە. (٢٢٢)٢.

هەڵوێستی یەکجار ڕەخنەگرانەی فۆکۆ لە مۆدێرنیتی و ڕۆشنگەری چەندین دەیەیە مشتومڕی لەسەر کراوە. دیارترین ڕۆشنبیرە نەیارەکانیشی، یۆرگن هابرماس، ڕەخنەی گرتووە لە عەقڵانیەتی ئامرازیی ڕۆشنگەری و هەیمەنە تەکنەلۆژیەکەی. بەڵام هابرماس ئامادەنەبوو دەستکەوتەکانی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتی ڕەت بکاتەوە. لەبری ئەوە، مشتومڕی ئەوەی کرد کە میتۆدی جینالۆجی فۆکۆ بۆ نووسینی مێژوو لەسەر بۆشایی و غەفڵەت دامەزراوە. لەبەر چی بوو کاتێک فۆکۆ باسی لە ڕیفۆرمەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری دەکرد لە سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، چەند مەسەلەیەکی جیا کـردەوە وەکو کێشەکانی تیۆری ئەخلاقی لای کانت، پەرەسەندنی سیستەمی دادوەریی (تاوان)جینایات، هاوکێشەی فەلسەفەی سوودگەرا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جەوهەری گفتوگۆ لەسەر دامەزراندنی فۆڕمە دەستوورییەکانی حکومەت بکات کە دەسەڵاتی دەوڵەتیان «ئایدۆلۆژیانە دەگواستەوە لە سەروەری ئەمیرەوە بۆ سەروەری خەڵک» (Habermas ١٩٩٥ , ٢٨٩)؟

هەروەها لەبەر چی بوو فۆکۆ گرنگییەکی زۆر کەمی دەبینییەوە لە یاسا مۆدێرنەکانی دوو ســەدەی ڕابــردوو، کە بەشێوەیەکی بەرچاو ئازادیە مەدەنییەکانیان بۆ زۆرێک لەو ئەندامانەی کۆمەڵگە بەرفراوان کرد، کە پێشتر

بێبەش و مەحروم بوون، لەوانەش ژنان و کەمینەکان؟ بۆچی ئەم جۆرە یاسا مەدەنیانەی تەنها وەک سەرچاوەی فریودان دەبینیەوە «نابێت هەڵخەڵەتێین بە هەموو ئەو دەستوورانەی کە لەسەرانسەری جیهاندا لە دوای شۆڕشی فەڕەنسییەوە داڕێژراون، یاساکان نووسراونەتەوە و پیاچوونەوەیان بۆ کراوە، سەرجەم چالاکییەکی تەشریعی نەوەستاو و پڕ دەنگە دەنگە: ئەمانە ئەو فۆڕمانە بوون کە وایان لە دەسەڵاتێکی لە بنەڕەتدا ئاساییکەرەوە کرد قبوڵکراو بێت» (Foucault , ١٩٧٨a , ١٤٤). هابرماس دانی بەوەدا نا کە میکانیزمە یاساییەکان، کە ئازادییەکان لە دەوڵەتی ڕەفاهی مۆدێرندا بۆ هاوڵاتی زامن دەکەن، هەمان ئەو میکانیزمە یاساییانەن کە «ئازادی سوودمەندە گریمانکراوەکان دەخەنە مەترسییەوە.» بەڵام لەمشتومڕیدا ئەوەشی خستەڕوو کە لەبری ئەوەی ڕەخنەگرانە چارەسەر بۆ ئەم کێشانە بدۆزرێتەوە و لەسەر «جموجۆڵە سەربەستیخوازەکان»ی ڕۆشنگەری شت بنیات بنرێت، فۆکۆ بە جۆرێک «ئاستی ئاڵۆزیی مۆدێرنەکردن دەهێنێتە خـوارەوە» کە ئەم جیاوازیانە بە سادەیی لە دیراسە ئارکۆلۆجیە کەرت کەرتبووەکانیدا بزردەبن (Habermas ١٩٩٥ , ٢٩٠).

## کرۆکێکی ئیستشراقی هایدگەریانە؟

پێدەچێت زیاتر لە هەر هەڵوێستێکی تری فەلسەفی، ڕەخنەی مارتن هایدگەر لە تەکنەلۆجیا و مۆدێرنیتی کاریگەری کردبێتە سەر کاری فۆکۆ. هایدگەر هەوڵیدا خۆی لە هەردوو ترادسیۆنی (میتافیزیکی و عەقڵانیەکان) و ترادسیۆنی (زانستی و تەکنەلۆژییەکان)ی خۆرئاوا بەدوور بگرێت. لە نەخشەکێشانیدا بۆ بیروبۆچوونێکی نوێی ئۆنتۆلۆژی و دژەمێژووگەرا، هەستا بە وەگەڕخستنی چەمکگەلێکی لاهووتی ڕۆمان-کاسۆلیکی زۆر بۆ بەدواداچوونە بە ڕووکەش عیلمانییەکەی لەسەر «شکستی» مرۆڤی مۆدێرن (Heidegger ١٩٦٢). هایدگەر مۆدێرنیتی بە زاتیبوون (Subjectivity) وەسفکرد کە هەنگاوێک بوو دوور لەو بەها سیۆکراتی و تەقلیدیانەی بۆ چەندین سەدە ئاکار و سیاسەتیان پێناسەکرد. لە غیابی ئەو تەقلیدانەی کە مانا و بونیاد و یەقینیان بە جیهان بەخشی، بابەتی مۆدێرن پشتی بە ئیدراکی مرۆڤ و هەست و عەقڵانیەت (rationality) بەست. باڵادەستبوون بەسەر

سروشتدا له ڕێی زانست و کارەوە بووەتە ئامانجی ژیان. بەدواداچوونە مێژووییە مۆدێرنەکان چەمکێکی پێشکەوتنیان بەرهەمهێنا کە پشتی بە چنگ کەوتنی تەکنەلۆژیا و بە کۆنترۆڵکردنی سروشت بەستووە. هەرچەندە، بە لای هایدگەرەوە، ئەم بزوێنەرە هەرگیز کۆتایی نەهاتووە بۆ باڵادەستبوون بەسەر ئۆبجێکتەکاندا (و بەسەر بابەتەکانی تریشدا گەر پێناسەیان بکەین) ئاکامی کارەساتئامێزی هەبووە. گەڕان بـەدوای مرۆڤایەتیدا لە جیهانی مۆدێرندا بە تەواوی «نامرۆڤایەتی» بەرهەمهێناوەتەوە. زاتیەت و مۆدێرنیتی لە «تەکنەلۆژیایەکی جیهانی تۆتالیتاریدا» دەگاتە لوتکە، ئیدی لە ڤێرژنە ئەمریکییەکەیدا بێت یاخود لە ڤێرژنە سۆڤیەتی و نازییەکەیدا، هەرچەندە هایدگەر ناهاوسۆز نەبوو لەگەڵ ئەوەی دواهەمینیاندا (Steiner ١٩٨٧ , ٢٨; see also Gillepsie ١٩٨٤ , ١٢٧ – ٢٨). تەنها لە ڕێی داننان بە سنوورەکانی ئینساندا و لە ڕێی سەرەنجام ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگی خۆیانەوە مرۆڤەکان دەتوانن خۆیان لە دۆگمای زانست و تەکنەلۆژیا ئازاد بکەن و ژیانێکی ڕەسەن بژین.

بانگەشەی هایدگەر بۆ ویژدان و پرسینەوە لە مۆدێرنیتی خۆرئاوا بە فۆڕمە خۆرهەڵاتییەکانی تێڕامان تەشبیهکراوە، لەوانەش نەریتە یابانیەکانی ئەندێشە زوهدییەکان (Steiner ١٩٨٧ , ٣٣; Gillepsi ١٩٨٤ , ١٧٤). ئەم حاڵەتەش دووبارە شوبهێنراوە بە فۆکۆ. چەندین کۆمێنتدەر، بە تایبەتی ئوا شاوب ئاماژەی بە سەرقاڵبوونی فۆکۆ داوە بۆ چەندین فۆڕمی جیاجیای سۆفیگەری (چ مەسیحی و چ جولەکە) و هەروەها جادووگەری، غەیبناسی، عیرفانناسی (Schaub ١٩٨٩ , ٣٠٦). هەندێکی تر بەدواداچوونیان بۆ ئەوە کردووە کە داخۆ سەرقاڵبوونێک بە فیکری خۆرهەڵاتییەوە، لەوانەش بودیزم، کاریگەر بووبێت لە پشت ڕەخنەی فۆکۆوە لە تەکنەلۆژیا خۆرئاواییەکانی دەسەڵات و ئەخلاقی خۆرئاوا. شاوب ئەوە دەخاتەڕوو کە تەحقیقکردنی بەردەوامی فۆکۆ لە سنوورەکان و ئیکتشافی ئەو بۆ سنوورشکاندنەکان لەلایەن «دژە-گوتارێکی خۆرهەڵاتییەوە کە مەعریفەی خۆرهەڵاتی وەردەگرێت دژ بە ستراتیژە خۆرئاواییەکانی کۆنترۆڵکردن کاری تێکراوە»، خۆرهەڵاتێک کە بەشێوەیەکی گریمانکراو هەر بە نامەفهومی مایەوە بۆ دنیای ئەورووپی مۆدێرن و عەقڵانی (٣٠٨). هەر وەک ڕۆمانسییەکی توند، پێدەچێت فۆکۆ هەر لە دوورەوە و نامۆیانە ستایشی خۆرهەڵاتی کردبێت و پێی سەرسام بووبێت، لە

کاتێکدا لە ژیانی خۆیدا هەر وەک خۆرئاواییەک مایەوە (Brinton ، ١٩٦٧ ، ٢٠٦).

سەرباری ئەمە، فۆکۆ لە پێشەکیی ئەسڵی کتێبی ( شێتی و شارستانێتی ) دا (١٩٦١)، ڕەخنەی گرت لە چەمکە خۆرهەڵاتییەکان و وەک «ئەوی دی» موتڵەق لە خۆرئاوای عەقڵانی فراوانخواز سەیریکردن:

لە گەردوونیبوونی ڕێژەیی خۆرئاوادا بەشێک هەیە، کە خۆرهەڵاتە، ئەو خۆرهەڵاتە وەک ئەسڵ بیری لێدەکرێتەوە، وەک خاڵی گێژبوون خەونی پێوە دەبینرێت کە شوێنی هاتنە دونیا و نۆستالژیا و پەیمانەکانی گەڕانەوەیە، ئەو خۆرهەڵاتەی کە خۆی بۆ هزری ئیستعماریی خۆرئاوا پێشکەش دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا بەدەستگەیشتنی ناکۆتا سەختە، چونکە هەمیشە وەک سنوورێک دەمێنێتەوە، وەک شەوی دەستپێکردن کە تیایدا خۆرئاوا دروستبوو، بەڵام هەر لەوێشدا هێڵێکی جیاکەرەوەی کێشا. خۆرهەڵات هەموو شتێکە بۆ خۆرئاوا لە کاتێکدا خۆرئاوا هیچ نییە (بۆ خۆرهەڵات) بەڵام لێرەدایە کە (خۆرئاوا) پێویستی بە گەڕانە بۆ هەرشتێک کە دەشێت حەقیقەتە دروستکەرەکەی بێت. پێویستییە لە مێژووی ئەم دابەشبوونە گەورەیە بکۆڵیتەوە. (Foucault ، ١٩٦١ ، iv)

سەرباری ئەمە، کاری فۆکۆ خۆشی دەناڵێنێت بەدەست هەمان جۆر لە دوالیزمەوە. هەرچەندە لە وەرچەرخانێکی سەیردا، پێدەچێت «ڕۆژهەڵات»ی فۆکۆیی، دونیای گریکۆ–ڕۆمان و هەروەها دونیای خۆرهەڵاتی مۆدێرنیش لەخۆبگرێت، چونکە ئەو کۆنتراستەی ئەو وێنەی دەکێشێت، بە شێوەیەکی سەرەکی لە نێوان تەقلید و مۆدێرنیتیدایە وەک لەوەی لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بێت. جۆرە پۆلێنکردنێکی پەیوەندیدار لە (جینالۆجیای ئەخلاق)ی نیتشەدا بەدی دەکرێت کە لەوێ لە پۆلێنکردنیدا بۆ «نەژادە خانەدانەکان» و — لە وەسفیدا بۆ دەرکەوتنە زەرورییەکانی توندوتیژی — ژمارەیەک لە کۆمەڵگەی پێش–مۆدێرنی فرەچەشن ناو دەهێنێت: «ناتوانیت شکست بهێنیت لە بینینی ئەوەی کە لە ژێر هەموو ئەم نەژادە خانەدانانەدا، دڕندە

کێویەکە، دڕندە سپی ڕوخسارە شکۆمەندەکە بە تاسەوە خۆی مەڵاس داوە و لەگەڕاندایە بۆ غەنیمەت و سەرکەوتن. ئەم کرۆکە شاراوەیە ناو بە ناو پێویستی بە تەقینەوە هەیە، پێویستە گیانەوەرەکە دووبارە بێتەوە دەرەوە و بچێتەوە ناو ژیانی کێوی: خانەدانیی ڕۆمانی، عەرەبی، جێرمانی و یابانی، قارەمانە هۆمیرۆسییەکان، جەنگاوەرە ئەسکەندەناڤییەکان. ئەم پێویستیە لە نێو هەموویاندا هاوبەشە» (١٩٦٧ , ٤٠-٤١).

لای فۆکۆ، دوالیزمێک سەرهەڵدەدات کە تیایدا نیزامی (ئۆردەر)ی کۆمەڵایەتی پێش-مۆدێرن (کە وا دانراوە لە زۆر لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ئاسیای ئەمڕۆ ئیشی پێبکرێت) ئیمتیازی زیاتری پێدەدرێت لەچاو نیزامە خۆرئاواییە مۆدێرنەکەدا. ئەم بیرکردنەوەیە گرفتئامێزە، نەک تەنها لەبەرئەوەی فۆکۆ گریمانەی خۆرهەڵاتێکی بێگەردی شاعیری دەکات لەبەرامبەر خۆرئاوایەکی «عەقڵانیدا» بەڵکو لەبەرئەوەش کە هیستۆریۆگرافیای بێ بابەت و خۆرهەڵاتی ئایدیاڵ لای فۆکۆ ئەو تەرزانەی گوتار دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە، کە تەرکیز دەخەنە سەر پیاو. بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی ١٩٨٢ دا، فۆکۆ سەرسامبوونی بۆ «شەرق» بەستەوە بە هەندێک نۆستالژیاوە بۆ سیستەمی ڕیعایەتکردنی فەرمانپێکراوەکانی کە سیستەمێکی ئەرستۆکراتی و باوکسالارە و مۆدێرنیتی بە فۆڕمێکی بێڕەحمانەی تاکگەرایی جێگەی گرتووەتەوە. ئەم جۆرە نەریتە پڕ پلەبەندیە هەستاوە بە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان گەورە و گەنجەکان، پیاوان و ژنان، چینی سەرەوە و خوارەوە لە کۆمەڵگە پێش-مۆدێرنەکاندا، کە ئەمە شتێکە لەوە دەچێت فۆکۆ لەم ستایشەی لای خوارەوەدا بۆ بێدەنگی زۆر لەبارەیەوە بێئاگا بێت:

لەوانەیە بێدەنگی ڕێگایەکی زۆر سەرنجڕاکێشتر بێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا.... پێموایە بێدەنگی یەکێکە لەو شتانەی کە بە داخەوە لابراوە لە کلتورماندا. ئێمە خاوەنی کلتورێکی بێدەنگی نین، هەروەها خاوەنی کلتورێکی خۆکوژیش نین. وابزانم یابانییەکان هەیانە. ڕۆمانیە سەرەتاییەکان یاخود یۆنانیە سەرەتاییەکان فێرکران کە بە ڕێگەی زۆر جیاواز بێدەنگ بن بەگوێرەی ئەو خەڵکانەی کە لەگەڵیاندا تێکەڵ دەبوون. بەم پێیە بێدەنگی فۆڕمێکی دیاریکراوی ئەزموونکردنی پەیوەندیەک بوو لەگەڵ ئەوانی تردا. پێموایە ئەمە شتێکە کە لە ڕاستیدا شایەنی ئەوەیە گرنگی پێبدرێت. من

پشتگیری له پەرەپێدانی بێدەنگی ئەکەم وەک ئیسۆسێکی (ethos) کلتوری. ٣ (cited in Carrette ١٩٩٩ , ٤٠)

دووباره لێرەشدا، سەدای هایدگەر هەیە، کاتێ له (بوون و کات)دا دەنووسێت ئەو گوتارەی دواجار له ڕێیەوە خود له قسەکردنی بەرزی بێهودەی ئەوانی دیەوە دەهێنرێتەوە و ویژدان بەدەست دێت، گوتاری بێدەنگییە. «مانەوە بە بێدەنگی وەک ئەگەرێکی سەرەکی گوتار وەسفکراوە.... گوتاری ویژدان هەرگیز نایەتە گۆ» (Heidegger ١٩٦٢ , ٢٤٦). هەروەک له کۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەیبینین، تا ئەو ڕادەیەی کە کرۆکێکی ئیستیشراقی لە کاری فۆکۆدا بە دی دەکرێت، گوتارەکە گوتارێک نییە پەیوەست بە جوگرافیا و شوێنەوە، بەڵکو گوتارێکی فەلسەفی و زەمانییە، گوتارێک کە بەنێو دابەشبوونی خۆرهەڵات/خۆرئاوادا گوزەر دەکات و زۆر بە چڕیش پشت بە نیتشە و هایدگەر دەبەستێت. «خۆرهەڵات»ی فۆکۆ بەشێوەیەکی شاراوە ئیمتیاز دەدات بە بەسیرەت (intuition) و بێدەنگی (بڕوانە بێدەنگی زۆربەی گەنجان، ژنان و چینەکانی خوارەوە لە نیزامە کۆمەڵایەتیە پێش-مۆدێرنەکاندا) وەک شێوازە پەسەندکراوەکانی گوتار و دەرگای ئەو ئەگەرەش دەخاتە سەر پشت کە فۆڕمە پێش-عەقڵانییەکانی فیکر دەشێت بە هەڵە وەک فۆڕمە سەرو-عەقڵانییەکان لێکبدرێنەوە.٤

لای فۆکۆ، بە شێوەیەکی تایبەت بایەخ بە بێدەنگی دراو ە لە گوتاری خۆرهەڵاتیدا سەبارەت سێکس (واتە، ئەوەی فێمێنیستەکان ئیشی لەسەر ئەکەن لەبارەی خۆرهەڵاتەوە تەنها سەرەتایەکە بۆ تەحەدی). لە کتێبی (مێژووی سێکسواڵێتی)دا، فۆکۆ دەنووسێت کە دوو ئیجرائاتی گەورە هەبووە بۆ بەرهەمهێنانی حەقیقەتی سێکس. خۆرئاوا زانستێکی سێکس (scientia sexualis)ی بەرهەمهێنا، کە چەند ئیجرائاتێک بوون بۆ وتنی حەقیقەتی سێکس بە ئاڕاستەی فۆڕمێک لە مەعریفە وەک دەسەڵات، لە کاتێکدا خۆرهەڵات شتێکی زۆر جیاوازی بەرهەمهێنا. بەڵام تێبینی ئەوە بکە کە لێرەدا چۆن ڕۆما بە یەکەوە لەگەڵ کلتورەکانی ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕیزکراوە:

چین، یابان، هیند، ڕۆما، کۆمەڵگە عەرەبی-ئیسلامییەکان ... هونەری ئیرۆتیکا (ars erotics)یان بەخۆیان بەخشیوە. لە هونەری ئیرۆتیکادا، حەقیقەت لە چێژ خۆیەوە وەردەگیرێت... مەعریفەیەک پێکدێت، کە

دەبێت بە نهێنی بمێنێتەوە، نەک بەهۆی توخمێکی بەدناویەوە کە لەوانەیە بخرێتە پاڵ مەبەستەکەیەوە، بەڵکو لەبەر پێویستی هەڵگرتنی لە مەزنترین زەخیرەدا، چونکە، پەیێی عورف، بەهۆی درکاندنەوە کاریگەرییەکەی و چاکییەکەی لەدەستدەدات. لە دەرەنجامدا، پەیوەندییەکە لەگەڵ بالادەست، کە نهێنییەکان لای خۆی هەڵدەگرێت، گرنگییەکی زۆری هەیە و تەنها ئەو، کە بە تەنیا ئیش ئەکات، دەتوانێت ئەم هونەرە پەخشکاتەوە بە شێوازێکی نهێنی. (Foucault ١٩٧٨a , ٥٧-٥٨)

لێرەوە، دەکرێت ئەو دەرەنجامە بەدەست بهێنرێت کە لای فۆکۆ ئەوانەی بەدگومانن لەم بە ڕۆمانسیکردنەی هونەری ئیرۆتیکا (ars erotics)، یا هیواخوازبوون پەردە لادەن لەسەر ئەم بێدەنگیانە بە سانایی هەڵوێستی خۆرئاوایی مۆدێرنیان بەرامبەر سێکس دووبارە بەرهەمهێناوەتەوە. ئەگەر خۆرهەڵاتناسی مانای لە قاڵبدانی خۆرهەڵات و شێوازی خۆرهەڵاتیانەی ژیان بێت (ئیدی لەرێی شکۆمەندکردنییەوە بێت یا بەدناوکردنییەوە)، ئەگەر مانای بە ڕۆمانسیکردنی سێکسی نامۆی خۆرهەڵات بێت (چ سێکسی فرە ڕەگەز بێت یاخود هاورەگەز)، ئەوا ڕەنگە فۆکۆ خۆرهەڵاتناس بووبێت. ئەمە حاڵەتەکەیە، هەرچەندە پێدەچوو هاوسۆزی فیکری و سیاسی فۆکۆ بەلای خۆرهەڵاتا بڕوات بەهۆی شێوەژیانی پێش-تەکنەلۆژیایی تر و خۆبەختکردنییەوە لە ڕێی ئیمپریالیزمی خۆرئاواوە.

دەرەنجامێکی دووەمی ئەم جیهانبینییە دووفاقیە لە تەحلیلی فۆکۆدا بۆ سێکسواڵێتیە ئەوروپییە مۆدێردنەکان دەردەکەوێت کە هەر لە کتێبی مێژووی سێکسواڵێتیدا هەیە. لە کەشفکردنی ڕیشەکانی تەکنەلۆژیا تازەکانی سێکسواڵێتی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا، فۆکۆ بەکورتی باسی کاریگەری کۆڵۆنیاڵیزمی لەسەر بانگەشە زانستییەکان کردووە و تەحلیلی نەژادپەرستی کردووە وەک ئەوەی کە لە خۆرئاوا گوزارشتی لێکراوە. وەک ئان ستۆڵەر دەڵێت، گوتاری ئەوروپی مۆدێرن لەسەر سێکسواڵێتی، لانی کەم بەشێوەیەکی جوزئی، بەر مەبنای هەندێ نەریتی (تەتبیقی) کۆمەڵایەتی بنیاتنراوە کە ئەنجامی ئیمپریالیزمی خۆرئاواییە. لە ڕاستیدا، زۆر لایەنی تری ئابووری و سیاسەت و کلتوری ئەوروپیش لە ڕێی ئەم پەیوەندیەوە دروستبوون. ستۆڵەر دەنووسێت شووناسە بۆرژوازییەکان لە هەردووک موستەعمەرە و پایتەختە ئیمپریالییەکاندا «بەشێوەیەکی توند موشەففەر بوون بە نەژاد»

و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک مەراق بوون کە لە پەراوێزە نا ئەمینەکانی نێوان نوخبەی ئەوروپی و ڕەعیەتەکانیان لە موستەعمەرەکاندا سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ سپی پێستە هەژارەکان و منداڵە خوێن تێکەڵەکاندا کە ئەو سنورە هەڕەمەکیە پێناسە دەکەن. چەمکە تازەکانی سێکسواڵێتی وادانران هێڵێک بکێشن لە نێوان ئەم پولێنکردنە کۆمەڵایەتیە بەردەوام گۆڕاوانەدا ٥ (Stoler ١٩٩٥ , ١٠٠).

بەڵام فۆکۆ مشتومڕی ئەوەی کرد کە لە تەکنەلۆژیا تازەکانی خۆرئاوادا، ئامانجی گوتاری سێکس ئەوە نەبوو هەستێت بە کۆیلەکردن و ئیستغلالکردنی (چینە کارگەرەکە یان ژێردەستەکە)ی تر، تەنها ئامانجی دووپاتکردنەوەی خودی بۆرژوازی بوو. هەرچەندە تامەزرۆییانە نزیک بوەوە لە دانپیانانێک کە دەڵێت جەستەی بۆرژوازی دەبوایە «تەریک بکرێت» لەم «ئەوی دیانە»، فۆکۆ هەڵنەستا بە دەستنیشانکردنی سروشتی نەژادیی ئەوەی کە گەیشتووەتە ترسێک لە دوورەگ بوون (هەجین بوون – métissage):

مەراقە گەورەکە سەرکوتکردنی سێکسی چینەکان نەبوو بۆ ئەوەی ئیستغلالکرێن، بەڵکو جەستە و قودرەت و درێژی تەمەن و فرزەند و نەسەبی چینەکان بوو کە «حوکمیان دەکرد.».. پێویستە وەک خود-دووپاتکردنەوەی یەک چین لێی بڕوانرێت نەوەکو وەک بەکۆیلەکردنی یەکێکی دی.. بۆرژوا جەستەیەکی بۆخۆی فەراهەمکرد کە ڕیعایەت بکرێت، بپارێزرێت، پەرەی پێبدرێت، ئیدامەی پێبدرێت بەرامبەر چەندین مەترسی و بەریەککەوتنی زۆر و بۆئەوەی تەریک بکرێت لەوانی دی لە پێناو هێشتنەوەی بەها جیاواز و نابەرابەرەکەی. (Foucault ١٩٧٨a , ١٢٣)

وەک ستۆڵەر ئاماژەی پێدەدات، بەکارهێنانی بکەرناديار لەم ڕستەیەی فۆکۆدا ئەو ڕاستیەی داپۆشیوە کە ئەم نازهەڵگرتن و پەرەپێدانەی جەستەی بۆرژوا پێویستی بە کۆمەڵێکی تەواو کەنیزەک و خزمەتگوزار و خزمەتکاری سەرەکی و دایەنەکان هەبوو کە لە موستەعمەرەکاندا ئەم ئەرکانەیان ڕادەپەڕاند. ئەم تەکنەلۆژیا تازانەی جەستە پشتیان بەستبوو بە «کۆمەڵێک پەیوەندی سێکسی و خزمەتگوزاری گەرموگوڕی ئیستغلالکەر لەنێوان پیاوانی ئەوروپی و ژنانی ئەسڵیی شوێنەکان، لەنێوان ژنانی ئەوروپی و پیاوانی

ئەسڵیی شوێنەکان، کە ئەمەش بەهۆی سیاسەتی سێکسیی چین و نەژادەوە بەرجەستە کرابوو» (Stoler ١٩٩٥ , ١١١).

بەڵام بۆچی فۆکۆ لە گفتوگۆیەکی قووڵتری کلتوری کۆڵۆنیاڵی خۆی بەدوور گرت، لە کاتێکدا ژمارەیەک بیرمەندی فەڕەنسی هاوچەرخ تەواو خەریک بوون بەم جۆرە پرۆژەیەوە؟ لەوانەیە شەیدایی فۆکۆ بۆ نۆرمە کۆمەڵایەتییە تەقلیدیترەکانی خۆرهەڵات و ئەو جیاکاریە دووفاقیەی کە لەنێوان نیزامە کۆمەڵایەتیە مۆدێرن و پێش-مۆدێرنەکاندا بەردەوامی پێدەدا، نەیهێشتبێت هەستێت بە کەشفکردنی ڕیشە کۆڵۆنیاڵیەکانی تەکنەلۆژیا ئەوروپییەکانی سێکسواڵێتی. کەشفکردنێکی وردتری ئیمپریالیزم پێویستیی بە گفتوگۆیەک دەبوو لەسەر تەحەولکردنی بەرەبەرەی خۆرهەڵات بەهۆی مۆدێرنیتی و مۆداڵیتیە خۆرئاواییەکان و پەیوەندیە سێکسییە فرەنەژادییەکانی نێوان ڕۆشنبیر، کۆڵۆنیالیست یان گەشتیارە خۆرئاواییەکان لەگەڵ دانیشتوانە ئەسڵییەکاندا. هەموو ئەمە دەکرا وای لێبکات دووبارە بە شێوەیەکی جیدی بیر لە پرۆژەکەی بکاتەوە. بەم پێیە بێت، لە گوتاری فۆکۆدا ئاڵوگۆڕێکی نائەمینتر و ناجێگیرتر و هەجینتر لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بزرە، هەرچەندە دەکرێت لە نووسینی زۆرێک لە هاوچەرخەکانیدا بەدی بکرێت، لەوانەش فرانز فانۆن و ئەلبێرت مێمی کە تێڕوانینە دەروونشیکارییەکانیان لەسەر سێکس لەناو دابەشبوونە نەژادییەکاندا پشتی بە فرۆید و لاکان و هەروەها هیگڵ و مارکس و سارتەر بەستووە (بڕوانە فانۆن ١٩٦٧،مێمی ١٩٦٥ ).

**حیکایەتی مەزنی فۆکۆ**

وەک فۆکۆ لە ساڵی ١٩٧١ دا لە «نیتشە، جینالۆجیا، مێژوو»دا دەنووسێت، دونیای کۆمەڵایەتی دووبارەبوونەوەیەکی ناکۆتای پرۆسەی هەیمەنەی نیشانداوە، کە «لەو سرووتانەدا خۆی ئاشکرا دەکات کە ماف و ئەرکیان سەپاندووە» (Foucault ١٩٧١ , ٨٥). گەڕان بەدوای حەقیقەتدا لەناو مێژوودا مومکین نەبووە. هەبوونی ئارەزوو بۆ مەعریفە، کە ئەرکی موتڵەقی مێژووە، بێکەڵک و تەنانەت وێرانکەر بووە، چونکە «لەوانە بوو دواجار مرۆڤ بەهۆی ئەم حەزەوە بۆ مەعریفە تیاچێت» (٩٦). لەبەرئەوە، خاڵی سەرەکی لە ئەنجامدانی مێژوودا کەشفکردنی پچڕانەکانە (discontinuities). لەم شێوازە تازەیەی نووسینەوەی مێژوودا، کە ئەو لە باتی ئەو دەستەواژەیە ناوی نا «جینالۆجیا» یا «مێژووی کاریگەر- فعال»، فۆکۆ ئەوەی خستەڕوو

که جینالۆجیست واپیشان نادات که دەتوانێت لەکاتی خۆیدا تەنها بگەڕێتەوە بۆ «نوێکردنەوەی بەردەوامییەکی لێکنەپچڕاو.» کاری ئەو (جینالۆجیست) لە «گەشەسەندنی جۆرێک،» ناچێت و گرنگیش نادات بە کێشانی نەخشەی «چارەنووسی خەڵکانێک.» بەڵکو خەمی جینالۆجیست بۆ (ڕووداوەکان – accidents) و «لادانە گچکەکانە»، خەمی جینالۆجیست بۆ ئەو «هەڵانە»یە کە بوونەتە مایەی زانی میحوەرە مۆدێرنەکانی دەسەڵات و مەعریفە (٨١). بەم بەپێیە، بە گوێرەی عورفی نیتشە، فۆکۆ بانگەشەی بۆ جۆرێکی تر لە مێژوو کرد لەگەڵ پچڕانێک لەوەدا کە ئەو بە هیستۆریۆگرافیای «سەروـ مێژوویی» وەسفی کرد.

بەڵام تێڕوانینێکی وردتر لە نووسینە جینالۆجییەکانی فۆکۆ پێشنیاری ئەوە دەکات کە فۆکۆ زۆرجار حیکایەتە مەزنەکانی پێشووتری لەسەر مۆدێرنیتی جێگە گرتووەتەوە بە میتاـ حیکایەتی خۆی، کە ئەمەش تەرحێکی دوو فاقیە تیایدا نیزامە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان ئیمتیازیان پێبەخشراوە لە چاو نیزامە کۆمەڵایەتیە مۆدێرنەکاندا. فۆکۆ هەستا بە جێگرتنەوەی حیکایەتە مێژوویە لیبراڵی و مارکسیستی و دەرونشیکارییەکان بە گوتارێک لەسەر دەسەڵات و مەعریفە و چێژ (و هەندێ جاریش بەرهەڵستی)، کە تەوەرە سەرەکییەکەی ئەم (گوتارە) کۆنتراستێک یان تەرحێکی دووفاقی بوو لەنێوان کۆمەڵگە ئەوروپییە مۆدێرن و پێش- مۆدێرنەکاندا. لە هەر یەکێک لە دۆزینەوە جینالۆجیە تەجریبیترەکانیدا، فۆکۆ هەوڵیدا ئەو پرۆسەیە پیشان بدات، کە لە ڕێیەوە فۆڕمە فیزیکییە پێش- مۆدێرنەکانی سەرکوتکردن و سزا جێیان گیراوەتەوە بە فۆڕمی مۆدێرنی سایکۆلۆژیتر و بورهانیتر. ئەم فۆڕمە تازانەی کۆتوبەندکردن مرۆییانەتر دەرکەوتن، بەڵام لەراستیدا سەراپاگیرتر و بەهێزتر بوون، چونکە هەستان بە پۆلێنکردن و شت خستنە پاڵ و تەشخیسکردنی پزیشکی (diagnosed) و چاودێریکردن بە گوێرەی ڕژێمێکی عیلاجیی.

لە کتێبی (شێتی و شارستانێتی)دا (١٩٦١)، فۆکۆ مشتومڕی ئەوەی کرد کە لە خۆرئاوای ئەوروپادا لە کاتی ڕێنیسانسدا، شێتیی ڕاستییەکی ئاسایی ژیان بوو و تەنانەت بە هەندێک ڕێزیشەوە لێیان دەڕوانی. فۆکۆ ئاماژەی داوە بە شکسپیر و سێرڤانتس بۆ پیشاندانی ئەوەی کە شێتەکان «بوونێکی

ئاسان و سەرگەردانیان» بردووەتە سەر لە ناوچەی دێهاتیی کراوە یان لەسەر «کەشتی گەمژەکان» (Foucault ١٩٦٥ , ٨). شێتیی شوێنێکی دەستپێکی لەخۆگرت لەم کۆمەڵگەیانەدا. هەندێ جار ببووە پەنجەرەیەک بۆ دانایی و مەعریفە، کە ئاماژەیەکی دەدایتێ لەسەر جیهانێکی دی. (بۆ نموونە) تەنها لەو کاتەدا کە شێت بوو، شا (لیر)ی شکسپیر درک بە سروشتی ڕاستەقینەی کچە بێڕەحمەکانی دەکات و تێدەگات لەوەی کە بە چ گێلییەکەوە مامەڵەی لەگەڵ کچە بچووکەکەی (کۆردێلیا)دا کردووە. لەیدی ماکبێس کاتێک داڕمایە ناو شێتییەوە، حەقیقەتی تاوانەکەی خۆی بۆ کەشف بوو. لە کاتی تردا، شێتی چارەنووسێکی تراژیدی بووە و شایانی بەزەییمان بووە، هەروەک حاڵەتی ئۆفیلیا لە (هاملێت)دا. لە دونیای پێش-مۆدێرندا، شێتی هەمیشە تاڕادەیەک پەنجەرەیەکی کردووەتەوە بەسەر خەیاڵدا و هەروەها گەلێ لە «داهێنانەکانی هونەر» قەرزاری «خەیاڵی دێوانە»ی شاعیران و وێنەکێشان و مۆسیقارەکانن (٢٩).

لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا، شێتەکان دەستگیر دەکران، ئەشکەنجە دەدران، ئەزیەت دەدران. فۆکۆ مشتومڕی ئەوەی کرد کە لە ماوە و دوای شۆڕشی فەڕەنسی، ئەزیەتدانی جەستەیی کەمبووەوە، بەڵام بە ئەزیەتدانێکی سایکۆلۆژی جێی گیرایەوە. لای فۆکۆ، وەک جەیمس میللەر تێبنیی دەکات، بەرووکەش بەکارهێنانی مرۆییانەی مەعریفەی زانستی لە ڕاستیدا بووە «فۆڕمێکی نوێی هەست پێنەکراو و تەفرەدەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی» (١٩٩٢ , ١٤). لە فەڕەنسا و ئینگلتەرا، شێتەکان لە زنجیرەکان ڕزگارکران و هێنرانە نەخۆشخانە دەروونییەکانەوە. بەنزیکەیی فۆکۆ هیچ پشتگیرییەکی پیشان نەدا بۆ هەردوو گەورە ڕیفۆرمخوازی ئەو سەردەمە، (ویلیەم تیوک)ی کوەیکەر (١٧٣٢ — ١٨٢٢) لە ئینگلتەرا و (فیلیپ پینێڵ)ی شۆڕشگێڕی فەڕەنسی (١٧٤٥ — ١٨٢٦). هەردوو ڕیفۆرمخواز بە سانایی شێتەکانیان موعەرەز کرد بۆ لێڕوانینی یەکجار زۆری «ئەوی دی». بەرە بەرە، لەرێی ئیشکردن و تێبینیکردن و چاودێریکردنی ڕێکخراوە و لە ڕێی گۆڕانکاری هێنان بەسەر پاداشت و سزادا، هەستان بە چاندنی سیستەمێکی چاودێری زاتی و زەبتکردنی زاتی. مەبەست لەم تیمارکردنە تازەیە باشتر تێگەیشتن نەبوو لەوانەی بە دەست نەخۆشی عەقڵییەوە دەیانناڵاند یاخود سووکردنی زەبری دەروونیان نەبوو، بەڵکو مەبەست کۆنترۆڵکردنی ڕەفتار

و ڕەوشتیان بوو بۆ ئەوەی ملکەچیان بکەیت بۆ کۆدەکانی ئاساییکردنەوە و ئەخلاقی گونجاوی کۆمەڵگە. دیسان لێرەدا فۆکۆ شوێن نیتشە کەوتەوە لە هەڵسەنگاندنە نێگەتیڤەکەیدا بۆ شۆڕشی فەڕەنسی. نیتشە مشتومڕی ئەوەی کرد کە شۆڕشی فەڕەنسی نوێنەرایەتی سەرکەوتنی ئەخلاقی کۆیلەی کرد، نوێنەرایەتی سەرکەوتنی «یەک ئاستکردن» و «ویستی ینیاتنانی مافە باڵاکانی زۆرینە»ی کرد (Nietzche ١٩٦٧ , ٥٤). فۆکۆ ڕەخنەی گرت لە دەسەڵاتی میعیاریی شۆڕشی فەڕەنسی و دامودەزگا تازەکانی. ٦

**-ماویەتی —**

**سەرچاوە:**

Foucault and the Iranian Revolution
Gender and the Seductions of Islamism
by The University of Chicago ٢٠٠٥

# فرۆیدو لاکان

**لویس ئەڵتوسێر**
**لەئینگلیزییەوە: سەلام عومەر**

هاوڕێیان ڕاست بوون لەڕەخنەگرتنیاندا لێم لەسەر باسکردنی لاکان بەسێ دێڕ. ئەمە زۆر بوو بۆ ئەوەی وتم دەربارەی لاکان، کەمیشبوو بۆ ئەو دەرئەنجامانەی لەوەوە هەڵمهێنجابوون. داوایانلێکردم تاچەند وشەیەکی کەم بنووسم بۆ ڕەوایەتیدان بە وەهم و بابەتەکەشی. ئەمەی خوارەوە ئەو چەند وشە کەمەیە کە پێویستی بەکتێبێک بوو.

لەمێژووی عەقڵانیەتی خۆرئاوادا، هەر چاودێریکردنێک، پێشبینیکردنێک، ڕێوشوێنگرتنەبەرێک و ئاگادارکردنەوەیەک تەرخانکراوە بۆ لەدایکبوونەکان. چارەسەری بەرلەدایکبوون کارێکی شەرعییە. کاتێک زانستێکی نوێ لەدایکدەبێت، بازنە خێزانییەکە هەمیشە ئامادەیە بۆ سەرسوڕمان خۆشی دەربڕین و باپتیزم (تەعمیدکردن: مەراسیمی لەئاوهەڵکێشان بۆ بوونە ئەندامی ئاینی مەسیحی). بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بەهەر منداڵێک؛ تەنانەت بێلانەیەکیش دەوترا کە کوڕی باوکێکە، کاتێکیش ئەگەر منداڵەکە بلیمەتبووایە، باوکەکان لەبەردەرگا دەبووە شەڕیان ئەگەر ئەو منداڵە بەهی دایکی ئەژمارنەکرایەو ڕێزەکە بۆ ئەو بگەڕێنرایەتەوە. لەم جیهانە جەنجاڵەماندا جێگەیەک تەرخانکراوە بۆ لەدایکبوون، تەنانەت جێگەیەکیش تەرخانکراوە بۆ پێشبینیکردنی لەدایکبوونێک «پێشبینیکراو».

بەگوێرەی زانیاریی من، سەدەی نۆزدەیەم لەدایکبوونی دوو یان سێ منداڵی بەخۆوەبینی کەپێشبینینەکراوبوون: مارکس، نیتچەو فرۆید. منداڵە «سرووشتی»یەکان، بەو واتایەی کەسروشت سەرپێچیی نەریتەکان، پرەنسیپەکان، ئەخلاقیەت و پەروەردەیەکی باش دەکات:

سروشت ئەو یاسایەیە کە پێشێلکراوە، دایکێکی بێمێردە، لەمەشەوە دەزانین باوکی شەرعی ئامادەیی نییە. عەقڵانییەتی خۆرئاوا وا دەکات منالێکی بێباوک باجێکی قورس بدات. مارکس و نیتچەو فرۆید ناچاربوون زۆرجار باجی مانەوە بدەن: باجێک کە لە وەلانان، ئیدانەکردن و ئیهانەکردن، هەژاریی و برسێتی و مردن یان شێتیی؛ لەخۆگرتبوو.

تەنیا باسی ئەوان دەکەم (دەکرێت ناوی بەدبەختی دیکە بهێنرێن کەسزای مەرگی خۆیان بەدەنگ و ڕەنگ و زۆر بەجوانی بینیوە). تەنیا باسی ئەوان دەکەم، چونکە ئەوان لەدایکبووی زانستەکان ڕەخنەن.

فرۆید هەژاریی و ناوزڕاندن و چەوساندنەوەی بینیوە بەشێوەیەک ڕۆحی زۆر بەباشی پەیوەستبووە بەخۆگریی و خۆڕاگرتن و لێکدانەوەی هەموو ئیهانەکردنەکانی ئەو سەدەیە، ئەم شتانە پێدەچێت پەیوەندییان هەبێت بەهەندێک لەو سنوربەندیی و ڕێگەداخراوانەی بلیمەتییەکەیەوە. تاقیکردنەوەی ئەم خاڵە پێدەچێت پەلە پەلەی پێوە دیاربێت. با لەبری ئەوە بیر لە تەنیایی فرۆید بکەینەوە لە کاتە تایبەتەکانی خۆیدا. مەبەستم تەنیایی مرۆڤ نییە (مامۆستاو هاوڕێی هەبوون، هەرچەندە سەرەڕای ئەوەش ڕووبەڕووی برسێتی بووەوە)، مەبەستم تەنیایی تیۆرییە. بۆیە کاتێک ویستوویەتی بیربکاتەوە، بەواتایەکی دیکە بۆ دەربڕینی ئەو دۆزینەوە نائاسایییە لە فۆڕمی سیستەمێکی زۆروردی چەمکی ئەبستراکدا کە هەموو ڕۆژێک بە پراکتیکی ڕووبەڕووی بۆتەوە، یان لەکاتی گەڕان بەدوای پێشینە تیۆرییەکانیدا، باوکە تیۆرییەکانی، هیچی لێسەوزنەبوو. پێویستبوو لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا هەڵبکات: خۆی ببێتە باوکی خۆی، بەدەستە ڕەنگینەکانی ئەو بوارە تۆرییە بخولقێنێت کە دۆزینەوەکەی تیادا جێبکاتەوە، ئەو تۆڕە مەزنەی بەدەزوویەک چنیوە کە خۆڕسکانە بەلای ڕاست و چەپدا جوڵاندوویەتی تا بەهۆیەوە لەقووڵاییە تاریکەکانی ئەزموونیدا پۆلە ماسی نەست ڕاوبکات کە خەڵک بەدەبەنگ ناویان دەبەن، چونکە لەکاتی نووستنیشیاندا ئەو هەر قسە دەکات.

ئەگەر ئەمە بەزاراوەی کانتییانە دەربڕین: پێویستبوو فرۆید بیر لەدۆزینەوەکەی و پراکتیزەکردنی بکاتەوە لەڕێی چەمکی هاوردەکراوەوە، ئەو چەمکانەی لەفیزیای سێرمۆداینامیکەوە وەرگیرابوون و ئەوسا لەبواری ئابووریی سیاسیی و بایۆلۆژییدا باوبوون. لەگەڵ ئەوەی میراتێکی شەرعی بۆ بەجێنەمابوو، جگە لەچەپکێک چەمکی فەلسەفی (هەست، بەرلەهەست، نەست، هتد) کە ئەوانیش زیاتر وەک ڕێگرییەک وابوون لەبری ئەوەی یارمەتیدەربن، چونکە ئەوانیش ئامادەیی هەست وەک کێشەیەک

پێیانەوە دیارە تەنانە لەهەڵوێستەکردنەکانیاندا (بێ هیچ گەنجینەیەک کە بۆیمابێتەوە جا هەرچییەک بێت لەپێشڕەوانو نووسەرەکان: سۆفۆکلیس، شەیکسپێر، مۆلێر، گۆتە یان پەندی پێشینان و ...هتد). لەڕووی تیۆرییەوە، فرۆید بەتەنیا بناغەی کارەکەی دانا: چەمکی لە«ماڵەوە-داڕێژراو»ی بەرهەمهێنا لەسایەی پارێزگاریی چەمکی هاوردەکراو لەو زانستانەی هەبوون، پێویستە ئەوەش بوترێت، هەروەها لەباوەشی ئاسۆکانی جیهانی ئایدیۆلۆژیدا کە ئەم زاراوانە تیایاندا مەلەیان دەکرد.

ئابەو شێوەیە فرۆید گەیشتە ئێمە. زنجیرەیەکی درێژ لەتێکستی واتادار، هەندێکجار ڕوون، هەندێک جار ناڕۆشن، زۆرجار تەماویی و دژبەیەک و پڕکێشە کە بارکرابوون بەو چەمکانەی ژمارەیەکی زۆریان لەیەکەم دەرکەوتنیاندا لای ئێمە وا دەکەوتنەوە کە بەسەرچوو و ناتەبابن لەگەڵ ناوەڕۆکەکانیاندا یان زیادەڕۆییان تیادابێت. بەڵام ئەمڕۆ ناتوانین گومان لەبوونی ئەم ناوەڕۆکە بکەین، واتە پراکتیزەکردنی شیکاریی خۆی و کاریگەرییەکەی.

با ئێستا کاکڵەی ئەوە وەربگرین کە فرۆید بۆ ئێمە چی دەگەیەنێت:

یەکەم؛ پراکتیزەکردن (چارەسەری شیکاریی). دووەم؛ تەکنیک (میتۆدی چارەسەرکردن) کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی خستنەڕوویەکی ئەبستراکت لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆرێکدا. سێیەم؛ تیۆرێک کە لە پەیوەندییدایە لەگەڵ پراکتیزەکردن و تەکنیکدا. ئەم پێکهاتە ئۆرگانییە پراکتیکییە: ١. تەکنیکییە ٢. تیۆرییە ٣. بەیەکەوە پەیوەستەو پێکهاتەی هەر دیسپلینێکی زانستیمان بیردێنێتەوە. بەفەرمی، ئەوەی فرۆید دەیخاتە بەردەستمان پێکهاتەی زانستێکە. بەفەرمی، بەهۆی ئاستەنگەکانی زاراوەسازیی چەمکی فرۆید، هەندێکجار نەگونجانی مادیی لەنێوان چەمکەکانی و ناوەڕۆکیاندا، پێشنیازی پرسیارێک دەکات: ئایا لەم پێکهاتە ئۆرگانییە پراکتیکی (تەکنیکی ــ تیۆریی)یەدا پێکهاتەیەکی تەواومان هەیە کە بەڕاستی سەقامگیربێت و لەئاستی زانستیدا دامەزراوبێت؟ بەواتایەکی تر ئایا تیۆرییەکە بەڕاستی تیۆرە لەگۆشەنیگایەکی زانستییەوە؟ یان وا نییە، بەپێچەوانەوە گۆڕانکارییەکی سادەیە لەڕیزبەندی تیۆریی مەنهەجیەتی پراکتیزەکردن (چارەسەرکردن)؟ لێرەوە، بۆچوونی مۆدێرنی باو ئەوەیە کە لەسایەی ڕووکەشە تیۆرییەکەی (کە لەوبارەیەوە ئێمە قەرزارباری ئیدعا خاوەن ڕێزە، بەڵام بێسوودەکانی فرۆید خۆین) دەروونشیکاریی بەتەنیا پراکتیزەکردن دەمێنێتەوە کە هەندێکجار ئەنجام دەدات بەدەستەوە، بەڵام هەمیشە نا، کتومت پراکتیزەکردن دەگاتە سنووری تەکنیک (یاساکانی میتۆدی شیکاریی)، بەڵام بێ تیۆر، لانیکەم بێ تیۆرێکی ڕاستەقینە: ئەوەی پێیدەوترێت

تیۆر کتومت چەمکە کوێرە تەکنیکییەکانن کە لێیانەوە یاساکانی پراکتیزەکردن تیشکدەدەنەوە. پراکتیزەکردنێکی ڕووتی بێ تیۆر... پێدەچێت ئەوسا زۆر بەئاسانی ببێتە جۆرێک لەسیحر؟ ئەوە سەردەگرێت، وەک هەموو سیحرێکی تر، بەهۆی پێگەکەیەوە، پێگەکەشی بەکاردێت بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەک یان داواکارییەکی کۆمەڵایەتی، ئەوەش تاکە پاساویەتی، تەنیا پاساوی ڕاستەقینەیەتی. دواتر، لیڤی شتراوس ئەم سیحرە، پراکتیزە کۆمەڵایەتییە، دەروونشیکارییەی تیۆریزەکرد لەڕێی ئاماژەدان بە (شامان) وەک باووباپیری فرۆید.

پراکتیزەکردن سکپڕە بەتیۆرێکی نیوە بێدەنگ؟ پراکتیزەکردن شانازی دەکات یان شەرمەزاردەبێت کە تەنیا سیحری کۆمەڵایەتی سەردەمی مۆدێرن بێت؟ ئینجا دوای ئەوە دەروونشیکاریی چییە؟

یەکەم وشە لاکان لەوبارەیەوە بیڵێت ئەوەیە: بەشێوەیەکی گشتی، فرۆید زانستێکی بنیاتنا. زانستێکی نوێ کە زانستی بابەتێکی (Object) نوێ بوو کە: نەستە. لێدوانێکی تـەواو ورد لەوبارەیەوە ئەوەیە: ئەگەر دەروونشیکاریی زانست بێت لەبەرئەوەیە کەزانستی بابەتێکی جیاوازە، زانستیشە چونکە پێکهاتەکەی وەک هەموو زانستەکانە. تیۆری هەیە لەگەڵ تەکنیک (میتۆد) کەوادەکات مەعریفەی هەبێت و گواستنەوەی بابەتەکەشی پراکتیزەکردنێکی دیاریکراوبێت. وەک لە هەر زانستێکی تری ڕەسەنی دامەزراودایە، پراکتیزەکردن تەواوی زانستەکە نییە، بەڵکو ساتێکی تیۆریی کەمبایەخترە، ساتێک کەتیایدا تیۆر کە دەبێتە میتۆد (تەکنیک)، دەگاتە ساتی پەیوەندییکردنی تیۆریی (مەعریفە) یان پەیوەندییکردنی پراکتیکی (چارەسەرکردن) لەگەڵ بابەتە دیاریکراوەکەیدا (نەست).

ئەگەر ئەم گریمانەیە ڕاستبێت، پراکتیزەکردنی شیکاریی (چارەسەرکردن) کە تەواوی سەرنجی ئەو شرۆڤەکارو فەیلەسوفانەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە کە پەرۆشن بۆ لێکنزیکی و هاوسۆزیی دووانە نهێنییەکە کە نەخۆشکەوتنی ئاشکراو نهێنیی پزیشکی پرۆفیشناڵ بەڵێنە پیرۆزەکانی بارودۆخی نێوان خۆیی بوون و بابەتیی بوون ئاڵوگۆڕ دەکەن، نهێنییەکانی دەروونشیکاریی لەخۆناگرێت، تەنیا بەشێک لەحەقیقەتی دەروونشیکاریی لەخۆدەگرێت. نهێنییە تیۆرییەکانی لەخۆناگرێت. ئەگەر ئەم گریمانەیە ڕاست بێت، تەکنیک و میتۆدیش نهێنییەکانی دەروونشیکاریی لەخۆناگرن، جگە لەوەی وەک هەر میتۆدێکی دیکە دەیکەن بە لەجیاتییدانان نەک لەپراکتیزەکردنەوە، بەڵکو لەتیۆرەوە. تەنیا تیۆر ئەوانەی لەخۆگرتووە، وەک هەر دیسپلینێکی زانستی تر.

لەسەد شوێن لەکارەکانیدا، فرۆید خۆی بە تیۆرسێن ناوزەدکردووە. دەروونشیکاریی، تا

ئەو ئاستەی لایەنە زانستییەکەی پەیوەندیداربێت بەراوردکردووە بەزانستە فیزیاییەکان کە لە گالیلۆوە سەرچاوەیان گرتووە. جەختی لەوە کردۆتەوە کەتەنیا پراکتیزەکردن (چارەسەرکردن)و تەکنیکی شیکاریی (میتۆدی شیکاریی) ڕەسەنن، چونکە لەسەر تیۆرێکی زانستی بنیاتنراون. فرۆید چەندینجار دووبارەی دەکاتەوە پراکتیزەکردن و تەکنیک، تەنانەت ئەگەر ئەنجامیشیان هەبێت شایەنی ناوی زانست نین مەگەر تیۆر ئەو مافەیان پێببەخشێت، نەک تەنیا بەئیدیعاکردن بەڵکو بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر.
یەکەم وشەی لاکان ئەوەیە کە پێیوایە دەبێت ئەم قسانەی کتومت وەک خۆی لێوەربگرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەرئەنجامە بدەن بەدەستەوە کە: گەڕانەوە بۆ فرۆید گەڕان و جیاکردنەوەو هەڵاوێردنی ئەو تیۆرە بێت لەودا کە لێیەوە هەموو ئەوەی ماوەتەوە لەهەردوو بواری پراکتیکیی و تەکنیکی ڕەگی داکوتاوە.
گەڕانەوە بۆ فرۆید. ئەم گەڕانەوە نوێیە بۆ سەرچاوەکە بۆچی؟ گەڕانەوەی لاکان بۆ فرۆید وەک گەڕانەوەی هەسێرڵ نییە بۆلای گالیلۆ یان سەیلز بۆ ڕاوکردنی لەدایکبوونێک لەساتی لەدایکبوونیدا، بەواتایەکی تر بۆ دەستکەوتنی ئەو (بۆچوونە) ڕا پێشوەختە ئاینییە فەلسەفییە کە پاکییە کە وەک هەموو ئاوێک لـەزەوی هەڵدەقوڵێت تەنیا لەساتی یەکەمەوە پاکە، پاکیی ساتی لەدایکبوون، لەڕاڕەوی پاکی نازانستەوە بۆ زانست. بەڕای لاکان، ئەم ڕاڕەوە پاک نییە، هێشتا پیسە: پاکی ئەو ساتە دێت کە ئەو ڕاڕەوە هێشتا قوڕاوییە (ئەو قوڕە نەبینراوەی ڕابردووی لەو ئاوە تازە لەدایکبووە جیابکرێتەوە کە ئیدیعای شەفافیەت دەکات، بەواتایەکی دیکە بێتاوانی). گەڕانەوە بۆ لای فرۆید واتای گەڕانەوەیە بۆ ئەو تیۆرەی بنیاتنراوە، جێگیرکراوەو بەشێوەیەکی توندوتۆڵ دامەزراوە لەفرۆید خۆیدا، گەڕانەوە بۆ ئەو تیۆرە پێگەیشتووە، پەخشبووە، پشتگیریکراوە سەلمێنراوەیە. گەڕانەوەیە بۆ ئەو تیۆرە پێگەیشتووە کە لەناو ژیاندا جێگیربووە (بەژیانی پراکتیکیشەوە) بۆ دروستکردنی ماڵەکەی و بەرهەمهێنانی میتۆدەکەی و لەدایکبوونی پراکتیزەکردنەکەی. گەڕانەوە بۆ فرۆید، گەڕانەوە نییە بۆ لەدایکبوونی: بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ پێگەیشتووییەکەی. گەنجێتی فرۆید ڕاڕەوی گواستنەوە لەهێشتا زانست نەبوونەوە بۆ زانست (سەردەمی پەیوەندییەکان لەگەڵ چارکۆت، بێرنهایم و بریوێر تا دەگاتە لێکۆڵینەوەی هیستیریا ١٨٩٥) پێدەچێت مایەی گرنگیپێدانی ئێمە بێت، بەڵام لەئاستێکی تەواو جیاوازدا: وەک نموونەیەکی ئارکیۆلۆژیی زانستێک یان وەک بەڵگەیەکی ناپێگەیشتوویی، کە لەڕێیەوە بەوردی مێژووی پێگەیشتوویی و گەیشتنی دیاری بکەین. گەنجێتی زانستێک لوتکەی ژیانییەتی، پێش ئەم تەمەنە بەساڵاچووە، تەمەن تەمەنی بیرۆکەیەکی پێشتر

هەڵقوڵاوە کە بەهۆیەوە دەژی، وەک منالێک کە ڕای پێشوەخت بەشێکە لێی و لێرەشەوە سەردەمی دایک و باوکییەتی.

گەنجێک؛ کەلێرەدا تیۆرێکی پێگەیشتووە دەکرێت بچێتەوە قۆناغی منالّیی، بەواتایەکی تر بچێتەوە سنووری ڕای پێشوەختی کەسانی بەتەمەنترو باوباپیرانی، ئەوەش سەلمێنراوە لەلایەن هەموو مێژووی دەروونشیکارییەوە. ئەمە ئەو مانا قووڵترەی گەڕانەوەیە بۆ لای فرۆید کە لاکان باسی لێوەدەکات. پێویستە بگەڕێینەوە بۆ فرۆید بۆئەوەی بگەڕێینەوە بۆ پێگەیشتوویی تیۆری فرۆیدی، نەک منالّیی، بەڵکو بۆ لوتکەی ژیانی ئەو کە گەنجێتی ڕاستەقینەیەتی. پێویستە بگەڕێینەوە بۆ فرۆید بەدەر لەقۆناغی منالّیی تیۆریی، گەڕانەوە بۆ منالّیی کە تیایدا هەموو یان بەشێک لەدەروونشیکاریی هاوچەرخ، بەتایبەتی لەئەمریکا، تامی سوودەکانی خۆبەدەستەوەدان دەکات.

گەڕانەوە بۆ قۆناغی منالّی ناوێکی هەیە کە زانایانی فینۆمینۆلۆژی ڕاستەوخۆ تێیدەگەن ئەویش: سایکۆلۆژیزمە یان ناوێکی تر کە مارکسیستەکان ڕاستەوخۆ تێیدەگەن ئەویش: پراگماتیزمە. مێژووی مۆدێرنی دەروونشیکاریی بۆچوونەکەی لاکان ڕووندەکاتەوە.

عەقڵانیەتی خۆرئاوا (یاسایی، ئایینی، ئەخلاقی و سیاسی و زانستیش) قایلدەبێت بەگەیشتنە ڕێککەوتنێکی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ دەروونشیکاریی دوای چەندین ساڵ لەدانپیادانەنان، ڕقلێبوونەوە، سووکایەتیپێکردن (ئەوە واتای ئەوەیە بەهەرحاڵ هێشتا ماون ئەگەر ئەوانی تریش شکستیان خواردبێت. بەمەرجی پێکەوەلکاندنی بەزانستەکانی یان ئەفسانەکانی: سەبارەت بەسایکۆلۆژیا جائەگەر ڕەفتارگەرایی (داڵبیەی)، فینۆمینۆلۆژیای (مارلۆ پۆنتێ)، یان وجودییەتی (سارتەر) بێت. بۆ سۆسیۆلۆژیای کەڵچرەڵیست و ئەنسرۆپۆلۆژی (کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زاڵن: کاردینێر، مارگرێت مید، هتد)، تا فەلسەفەش (دەروونشیکاریی وجودی) سارتەر، «دەیسن ئەنەلیسیس»ی بینسوانگەر، هتد). سەبارەت بەم سەرلێشێوانانە، سەبارەت بەم بەئەفسانەکردنەی دەروونشیکاریی، دیسپلینێک بەفەرمی دانپیادانراوە لەسەر حیسابی هاوپەیمانێتییە دەستبەرداربووەکان کە مۆرکراوە بە ڕاهێڵەکانی لەخۆگرتنی خەیاڵی، بەڵام بەدەسەڵاتی زۆرەوە، هەندێک لە دەروونشیکارەکان کە بەشدارییانکرد زۆر دڵخۆشیش بوون ئەوەی دواجار لەگێتۆ تیۆرییەکەی خۆیان دەرچوون تاوەک ئەندامێکی تەواو دانیان پێدابنرێت لەخێزانی گەورەی سایکۆلۆژیی، پزیشکی دەمارناسی، پزیشکی دەروونی، پزیشکی، سۆسیۆلۆژیی، ئەنسرۆپۆلۆژیی، فەلسەفە، تەنیا بەوەش دڵخۆش بوون کەسەرکەوتنی پراکتیکی خۆیان بسەلمێنن بەم دانپیادانانە تیۆرییە

کەدواجار دوای چەندین دەیە لەسووکایەتیپێکردن و نەفیکردن مافی هاوڵاتیبوونیان پێدەبەخشێت لەجیهاندا: جیهانی زانست و پزیشکی و فەلسەفە. ئاگادارنەکرابوونەوە لەدیوە گومانادوییەکەی ئەم ڕێککەوتنە، لەو باوەڕەدابوون جیهان دەخولێتەوە تابگاتە پێگەی ئەوان، لەکاتێکدا ئەوان خۆیان بەم شانازییکردنەوە دەخولانەوە بۆ ئەوەی بگەنە پێگەکانی جیهان (شانازییەکانیان لەبری سووکاتییەکردنەکەی) بەلاوە پەسەندتربوو. ئەوان بەوشێوەیە ئەوەیان بیرچۆتەوە کە زانست تەنیا ئەو کاتە زانستە ئەگەر ئیدیعای خاوەنێتی بابەتێکی خۆی بکات. بابەتێک کە هەر هی خۆیەتی و تەنیا هی خۆی نەک تەنیا جێپێیەک لەبابەتێکدا قەرزکرابێت، دەستی لێهەڵگیرابێت، وازیلێهێنرا بێت لەلایەن زانستێکی دیکەوە، یەکێک لەتێڕوانینەکانی ئەمەی دواییان ئەوەیە ئەو پاشماوانەی کە لەمەتبەخدان دەکرێت کۆبکرێنەوە پاش ئەوەی گەورەی ماڵەکە تێری خوارد.

بەدیاریکراویی، ئەگەر هەموو دەروونشیکاریی کورتبکرێتەوە بۆ ڕەفتارگەراو فۆڕمی فێربوونی پاڤلۆڤیان کە لەمناڵییەکی زووەوە فێردەبین، ئەگەر کورتبکرێتەوە بۆ میتۆدی بەراوردکاریی قۆناغەکان کە زاراوەسازیی فرۆید بەدەمیی، کۆمیی، ئەندامانی زاوزێ، پووکانەوەو باڵقبوون ناساندوونی، ئەگەر دواجار کورتکرایەوە بۆ ئەزموونی بەرایی خەباتی هیگڵ، فینۆمینۆلۆژیای ئەوانی تر، یان لە«کەنداوی بوونی هایدگەردا»، ئەگەر هەموو دەروونشیکاریی ئەم هونەری تێکەڵکردنی پاشماوەکانی زانستی دەمارناسی، بایۆلۆژیی، سایکۆلۆژیی، ئەنسرۆپۆلۆژیی و فەلسەفە بێت، دەتوانێت چی بکاتە بابەتی تایبەتی خۆی، بەڕاستی چی جیای دەکاتەوە لەم دیسپلینانەو وا دەکات بەتەواویی ببێتە زانست.

ئالێرەدا لاکان دێتە ناو بابەتەکەوە: ئەو بەرگریی لە بە کەم سەیرنەکردنی شیکارکردن دەکات دژی ئەم بچووککردنەوەو لەڕێلادانانە کە زاڵە بەسەر زۆربەی لێکدانەوەی تیۆریی هاوچەرخدا. بەرگریی لە بە کەم سەیرنەکردنی دەکات، کە واتای بەکەم سەیرنەکردنی بابەتەکەیەتی. ئا ئەم بەرگریکردنە پێویستی بەڕوونی و جێگیریی هەیە کە بەشی ئەوە بکات ئەو پەلامارە چاوچنۆکە کراوەیەی دیسپلینەکان کە پێشتر ڕیزمکردون ڕەتبکاتەوەو ناکرێت گومانی لێبکرێت لەلایەن هەر کەسێکەوە کە لەژیانیدا پێوانەی پێویستی بۆ ئاساییش (تیۆریی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریی) کردووە، بەواتایەکی تر، نیگەرانی ئەو دامەزراوانەی (کە بارودۆخیان بەشێوەیەکی لێکدانەبڕاو زانستی-پرۆفێشناڵی- یاسایی و ئابوورییە) کە هاوسەنگیی و ئاسوودەییەکەی لەبەردەم هەڕەشەی دەرکەوتنی دیسپلینێکی ناوازەدایە کە زۆریانلێدەکات هەموویان دووبارە

لێکۆڵینەوەبکەن نەک تەنیا لەدیسپلینەکانی خۆیان، بەڵکو لەو هۆکارانەش کە بۆچی باوەڕیان پێیانە، بەواتایەکی تر گومانیان لێبکەن، لەڕێی دەرکەوتنی زانستێکەوە کە هەرچەندە بچووکە، بەڵام باوەڕدەکرێت کە ببێتە هەڕەشە بۆ پێشێلکردنی ئەو سنوورانەی بوونیان هەیەو لێرەشەوە ئەو بارە چەقبەستووەی هەندێک لەدیسپلینەکان بگۆڕێت.

لێرەوە، ئەو حەزو تامەزرۆییە قەتیسماوەو سۆزە پڕ ناکۆکییەی زمانی لاکان ناتوانێت بژی و بمێنێتەوە جگە لەوەی لەبارێکی ئامادەباشیی و تۆمەتبارکردندابێت: زمانی پیاوێک کە پێشڕەوانی گەمارۆدراون، سەرکۆنەشکراوە لەلایەن ئەو هێزە زەبەلاحەی ستراکچەرە هەڕەشەلێکراوە دامەزراوانە بۆ لەباربردنی گورزەکانیان یان لانیکەم پێدانی وەڵامێکی هەڵخەڵەتێنەر پێیان پێشئەوەی بگەنە جێ، بەو شێوەیەش ورەی ڕکەبەرەکانی بەردەدا لەوەی بتوانن وردو خاشی بکەن لەژێر پەلامارەکانیاندا. لێرەشەوە هەروەها زۆرجار ئەو پەنابردنە پارادۆکسییە بۆ ئاسایش کە لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە باسیلێوەکراوە بەتەواوی دوورە لەئەرکە زانستییەکەیەوە (هیگڵ و هایدگەر)، وەک ئەو ژمارە زۆرەی شایەتحاڵە ترسێنەرانەی لەبەردەم بەشێک لەبینەرانیدا قوتکراونەتەوە بۆ پارێزگاریکردن لەو ڕێزەی هەیانەو ئەو ژمارە زۆرەی شایەتحاڵ بۆ پیشاندانی بابەتیبوونێکی چاوەڕوانکراو کە هاوپەیمانێکی سروشتی ئەندێشەی ئەوە بەمەبەستی دڵنیاکردنەوەو پەروەردەکردنی ئەوانی تر. لەبەرئەوەی ئەم پەنابۆبردنە کارێکی بنەڕەتی بوو بۆ بەردەوامیدان بەو گوتارە کە لەناوەوە تەنیا بەرەو ڕووی پیشەی پزیشکی ئاڕاستە دەکرێت، پێویست بوو مرۆڤ ئەو لاوازییە بەلاوەبنێت کە لە چەمکەکانی خوێندنی پزیشکییدا بەگشتی دەبینرێت لەگەڵ ئەو پێویستییە قووڵەی بۆ تیۆر لەلایەن باشترین زاناکانی پزیشکییەوە هەستیپێدەکرێت تا بێ بیرکردنەوەیەکی زۆر سەرکۆنە بکرێت. لەبەرئەوەی من مامەڵە لەگەڵ ئەو زمانەی ئەودا دەکەم، ئەو زمانەی کە کۆی گشتی پێگەیەتی بۆ هەندێک هەواداران («گۆنگۆرەی دەروونشیکاریی»، «دراگۆنی مەزن») کە پێشڕەوێکی مەزنی تایەفەیەکی بچووکە کەتیایدا ئاماژەکردن، نەرمونیانی و جیدیەت دەبێتە بنەمای سرووتێک بۆ پەیوەندیکردنێکی ڕاستەقینە- یان سیحرێکی تەواو پاریسیانە-و بۆ ئەوانەی تریش کە دەمێنێتەوە (لەسەروو هەموویانەوە زاناکان یان فەیلەسوفەکان) فڕوفێڵەکەی، نامۆییەکەی و «هێرمێتیسیزم»ەکەی، ئاشکرایە کە هەندێک پەیوەندی هەیە بە بارودۆخی کارکردنییەوە وەک مامۆستا: لەبەرئەوەی پێویستە تیۆری نەست بەپزیشکان، شرۆڤەکارو ئەو کەسانەش بڵێتەوە کەدەروونشیکارییان بۆ دەکرێت. لەڕەوانبێژی گوتارەکەیدا جۆرێک نمایشی بێدەنگ هەیە

کە هاوواتای زمانی نەستە (وەک ئەوەی پێیناسراوە لەقووڵایی ناخی «ویتز» دایە، سەرکەوتوو یان شکستخواردوو لەیاریکردن بە وشەکان و خواستن (Metaphor): هاوواتایی ئەزموونێکی زیندووی پراکتیکی ئەوان، جا وەک شرۆڤەکار یان ئەوکەسەی دەروونشیکاریی بۆ دەکرێت.

تێگەیشتن لەم پێشمەرجە ئایدۆلۆژیی و پەروەردەییانەی زمان، بەواتایەکی تر توانای پارێزگاریکردن مەودای نێوان ڕووە مێژوویی و تیۆرییەکەی دەرەوەی لەگەڵ ڕووە پەروەردەییەکەی ناوەوەی بەسە بۆ ئەوەی ڕێمان پێبدات تێبگەین لەواتای بابەتییبوونەکەی و مەوداکەی و داننان بەپێشنیازە بنەڕەتییەکەی تا بتوانین پێوانەیەک بدەینە دۆزینەوەکەی فرۆید لە چەمکە تیۆرییەکان لەڕێی پێناسەکردنی نەست و یاساکانی واتە «تەواوی بابەتەکەی خۆی» بەشێوەیەکی زۆر وردو ئەوەندەی بکرێت لەئێستادا.

بابەتی دەروونشیکاریی چییە؟ ئەوەی تەکنیکی شیکاریی مامەڵەی دەکات لەپراکتیکی شیکاریی چارەسەرکردندا بابەتەکەیەتی، بەواتایەکی تر چارەسەرکردن خۆی نا، ئەو سیستەمە دووانەییە گریمانکراوەش نا کەزۆر بەگونجاویی دروستکراوە بۆ هەر فینۆمینۆلۆژیایەک یان مۆراڵێک، بەڵکو ئەو کاریگەرییە درێژ بووەوانەیە بۆ کەسێکی پێگەیشتوو کە توانای مانەوەی هەیە، بۆ ئەو سەرکێشییە نائاساییە کە لە لەدایکبوونەوە هەتا دیارنەمانی قۆناغی ئۆدیبی گیانلەبەرێکی بچووک کە پیاوێک و ژنێک دروستیان کردووە دەبێتە منالێکی مرۆڤی بچووک.

یەکێک لەکاریگەرییەکانی بەمرۆڤکردنی ئەو زیندەوەرە بایۆلۆژییە بچووکە کە لەئەنجامی ژانی لەدایکبوونی مرۆڤەوەیە: ئەوە هەر لەشوێنی خۆیدا بابەتی دەروونشیکارییە، بابەتێک کە ناوێکی سانای هەیە ئەویش «نەستە». شتێکی تریش ئەوەیە ئەم بوونەوەرە بچووکە بایۆلۆژییە دەمێنێتەوە، نەک وەکو بەچکە گورگێک کە بۆتە گورگێکی بچووک یان ورچێک (وەک ئەوەی پیشاندراوە لەدادگا شاهانەکانی سەدەی هەژدەدا)، بەڵام وەک منالێکی مرۆڤ (کە لە هەموو مردنەکان هەڵاتووە، کە زۆریان مردنی مرۆڤانەن، مردنێک کە سزای شکستی بە مرۆڤ بوونن)، ئەوەش تاقیکردنەوەیەکە کە هەموو مرۆڤێکی پێگەیشتوو پیایدا تێپەڕیوە: ئەوان شایەتحاڵی هەرگیز لەیادنەچوون، زۆرجاریش قوربانی ئەم سەرکەوتنەن کە لەوپەڕی ناخیاندا هەڵیانگرتووە، بەواتایەکی تر لە بەشە زۆر دەرکەوتووەکانیاندا، برینەکان، لاوازییەکان و ئەو خۆڕاگرییەی کە ئەنجامی ئەم خەباتەیە بۆ ژیانی مرۆڤ یان مردنی. هەندێک، زۆرینە کەم تا زۆر بێ

زیان دەرچوون، یان لانیکەم بەمشێوەیە دەرچووە ژمارەیەکی زۆر لەو جەنگاوەرە کۆنانە هەڵگری ئەو نیشانانەن بەدرێژایی ژیانیان، هەندێک لەکاتی شەڕکردنیاندا دەمرن، هەرچەندە کەمێک ئەولاتر زامە کۆنەکان لەناکاو دووبارە لەتەقینەوەی نەخۆشییەکی دەروونییدا دەکولێنەوە، لەشێتیدا دەرپەڕاندنی یەکجارەکی کاردانەوەیەکی چارەسەرکردنی نێگەتیڤ. ئەوانی دیکە، ژمارەیان زیاترە، ئەوەندەش سادەن کە تۆ حەزی پێدەکەیت لەبەرگی بۆگەنکردنێکی ئۆرگانیدا. مرۆڤایەتی تەنیا ناوی مردووە فەرمییەکانی لەسەر پەیکەری یادگارییەکان هەڵدەکۆڵێت: ئەوانەی توانیویانە لەکاتی خۆیدا بمرن، بەواتایەکی تر، ئەوانەی دواکەوتوون وەک مرۆڤ لەجەنگەکانی مرۆڤدا کە تیایاندا تەنیا گورگی مرۆڤانەو خواکان یەکتر لەت و پەتدەکەن و یەکتردەکەن بەقوربانی. تەنیا لەوانەی ماون، دەروونشیکاریی گرنگی دەدات بەململانێیەکی تر، گرنگی دەدات بەتەنیا جەنگێک کەبێ یادەوەریی و پەیکەریی یادگارییە، ئەو جەنگەی مرۆڤایەتی وا خۆی دەردەخات کە هەرگیز هەڵنەگیرساوە، ئەو جەنگەی کە هەمیشە وا بیری لێدەکرێتەوە پێشتر بەلاداخراوە، بەسادەییش لەبەرئەوەی مرۆڤایەتی هیچ نییە جگە لەڕزگاربوون لەم جەنگە، ژیان و منداڵ گەورەکردن وەک کەلتورێک لەکەلتوری مرۆڤانەدا: جەنگێک کەبە بەردەوامی لەهەر یەکێک لەکوڕەکانیدا هەڵگیرساوە، ئەو کوڕانەی دەخرێنەڕوو، دەشێوێنرێن و ڕەتدەکرێنەوەو داواکراوە لێیان هەریەکەو لای خۆیەوە بەتەنیایی و دژی مردن درێژەبدات بەو ڕێپێوانە زۆرەملێیە کە قۆزاخەیەکی شیرخۆر دەکاتە منداڵی مرۆڤ، بابەتی نێرو مێ.

ئەم بابەتە کاری زانای بایۆلۆژیی نییە: ئەم چیرۆکە بەدڵنیاییەوە بایۆلۆژیی نییە!- لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتاوە سنووردارکردنی ڕیزبەندی سێکسی مرۆڤ زاڵە بەسەریدا، ئەویش ئەوەیە کە هەر دایکێک پەیوەستە بەگیانلەبەرێکی مرۆڤی بچووکەوە لەڕێی خۆشەویستییەکی دایکانەوە یان ڕقلێبوونەوە کە بەشێوازی خۆراکپێدان و ڕاهێنان دەستپێدەکات. مێژوو، «کۆمەڵناسی» یان ئەنسرۆپۆلۆژیی لێرەدا هیچ کارێکیان نییە، ئەمەش موفاجەئە نییە، چونکە ئەوان سەروکاریان لەگەڵ کۆمەڵدایە، لەوێشەوە لەگەڵ کەلتور، بەواتایەکی تر، لەگەڵ ئەوەی کە چیتر ئەم گیانلەبەرە بچووکە نییە، کە تەنیا دەبێتە مرۆڤێکی خاوەن سێکس لەڕێی تێپەڕین بەو دابەشبوونە ناکۆتایەی کە ژیان لە مرۆڤایەتی، بایۆلۆژیی لە مێژوویی، «سروشت» لە «کەلتور» جیادەکاتەوە. لێرەدا سایکۆلۆژیی لەدەستچووە، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر نامۆیە، چونکە وا بیردەکاتەوە کە لە «بابەتە»کەیدا مامەڵە لەگەڵ هەندێک «سروشت»ی

یان «ناسروشت»ی مرۆڤ دەکات کە بنەڕەتی ئەم بوونەی لەلایەن کەلتور خۆیەوە (لەلایەن مرۆڤەوە) پێناسەدەکرێت و پەسەند دەکرێت- کاتێک بابەتی دەروونشیکاریی ئەو پرسیارەیە لەوپەڕی پێویستییدا، لەدایک ببین یان نەبین، ئەو خەرەندە پشت بە بەختبەستووەی مرۆڤی خاوەن سێکس خۆی لەهەر نەوەیەکی مرۆڤدا. لێرەدا، فەلسەفە بەشێوەیەکی سروشتی پەیوەندییەکان و ڕووپۆشەکەی لەدەستدەدات- لەبەرئەوەی ئەم بنەڕەتە بێهاوتایانە لەو تەنیا بنەڕەتانە دەدزێت کەشایستەی ڕێزن بۆ مانەوەی: خودا، ئەقڵ، هەست، مێژوو کەلتوور. ئەوە ئاشکرایە پێدەچێ بابەتی دەروونشیکاریی دیاریکراوبێت و شێوازی مادەکەی هەروەها دیاریکراویی «میکانیزمەکان»ی (ئەگەر یەکێک لەزاراوەکانی فرۆید بەکاربهێنم) بەتەواوی جۆرێکی ترن لەچاو ئەو مادەو میکانیزمانەی کەلای زانای بایۆلۆژیی، پزیشکی دەمار، ئەنسرۆپۆلۆژیی، کۆمەڵناس، دەروونناس و فەیلەسوف ناسراون. تەنیا پێویستمان بە ناسینی ئەم دیاریکراوییەیەو لێرەشەوە جیاوازیی بابەتەکە کەلێوەی هاتووە بەمەبەستی ناسینەوەی مافی بنەڕەتی دەروونشیکاریی بۆ جۆرێک لەدیاریکراویی لەچەمکەکانیدا هاوتەریب بەدیاریکراویی بابەتەکەی: نەست و کاریگەرییەکانی.

لاکان یەکەم کەسە دانبەوەدا بنێت ئەو هەوڵی بەتیۆرکردنەی ئەستەم دەبوو ئەگەر بەمەبەستی دەرکەوتنی زانستێکی نوێ نەبوایە کە زمانەوانییە. ئەوە لەسروشتی مێژووی زانستەکاندایە کە زانستێک زۆرجار پێناچێت ببێتە زانست جگە لەڕێی پەنابردنەبەر ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێی زانستەکانی ترەوە، نەک ئەو زانستانەی کە بوونیان هەبووە لەکاتی باپتیزمکردنیدا، بەڵکو هەندێک زانستی تری نوێ لەنێو زانستەکاندا کە پێویستیان بە کات بووە پێشئەوەی بتوانن لەدایکبن. ئەو لێڵییە کاتییەی ئەو سێبەرەی بەسەر تیۆری فرۆیدەوە بوو لەلایەن مۆدێلەکانی هێلمۆلتزو سێرمۆداینامیکی فیزیای ماکسوێڵ ڕەویوەتەوە بەهۆی ئەو ڕووناکییەی زمانەوانی ستراکچەریی دەیخاتە سەر بابەتەکەی، ئەوەش وادەکات ڕێڕەوێکی ئاسان هەبێت بۆ تێگەیشتنی ئەو بابەتە. فرۆید خۆشی وتوویەتی هەموو شتێک پشتی بە زمان بەستووە. لاکانیش وردتر باسی ئەمە دەکات «گوتاری نەست لەسەر شێوەی زمانێک دامەزراوە». لەیەکەم کاری مەزنیدا «لێکدانەوەی خەونەکان» (کە گێڕانەوەیەکی تایبەتی و دروستکراو نییە وەک زۆرجار پێشنیاز دەکرێت بەڵکو بنەمایەکی هەیە). فرۆید میکانیزم و یاسای خەونەکانی خوێندووەو ئەو هەمەچەنییەش کەهەیانە کورتیکردوونەتەوە بۆ دوو دانە: وەدەرنـان، چڕکردنەوە. لاکان ئەم دوانەی وەک دوو فیگەری بنەڕەتی قسەکردن ناساندووە کە لەزمانەوانییدا پێیاندەوترێت (مێتۆنمی-ناوهێنانی شتێک یان چەمکێک

بەناوی یەکەمی خۆیەوەنا، بەڵکو بەناوێکی ترەوە کە زۆر لە وشتە یان چەمکە نزیکە) (Metonymy)و خواستن (Metaphor). لێرەوە، قسە لەدەم دەرچوون، شسکتهێنان، نوکتەکردن و دەرهاویشتەکانی لەوانە پێکهاتەکانی خەونەکان خۆشیان بوونەتە ئاماژە دەرەکان (Signifiers)، کە خۆیان لەزنجیرەی گوتاری نەستدا دەبیننەوە کە بەبێدەنگی دوو ئەوەندە ئەبن، بەواتایەکی تر زۆر بەئاشکرایی لەداننەنان بە «چەپاندن»، زنجیرەی گوتاریی (زارەکی) شەفەیی بابەتی مرۆڤ. لێرەوە ئێمە ئاشنابووین بەپارادۆکسێک پێشتر زمانەوانی پێی ئاشنا بووە کە گوتارێکی دووانەیی، بەڵام هاوکات تاکیشە، نەستییە بەڵام هاوکات (زارەکییشە) شەفەییە، بۆ بوارە دوانییەکەشی یەک بواری هەیە، بێ هیچ سنوورێک جگە لەوەی ناوخۆیدایە: بواری «زنجیرەی ئاماژەکردن». لێرەدا گرنگترین دەستکەوتە مەعریفییەکانی دیسێسوێرو (دی سوسێر) ئەو زانستی زمانەوانییەی لەوەوە داکەوتووە رۆڵێکی دادوەرانە دەبینێت لەتێگەیشتنی پرۆسەی نەستدا لەگەڵ گوتاری شەفەیی بابەتەکەو پەیوەندی نێوانیان، بەواتایەکی تر لەپەیوەندییە هاوشێوەکانیان و ناپەیوەندییەکانیان بەواتایەکی تر، لەدووبارە کۆپیکردنەوەو شوێن گۆڕینەوەیان. بەوشێوەیە، لێکدانەوە فەلسەفییە ئایدیالەکانی نەست وەک دووەم هەست، هی هەست وەک باوەڕێکی خراپ (سارتەر)، یان نەست وەک مانەوەیەکی مەترسیداری ستراکچەرێکی نائامادە یان بێهەست (مارلۆ پۆنتێ)، هەموو لێکدانەوەکانی نەست وەک بابەتێکی بایۆلۆژیی نمونەیی (ئەو) (Id) (یۆنگ) بوونەتە ئەوەی کە هەبوون: نەک سەرەتاکانی تیۆرێک بەڵکو تیۆریی بەتاڵ و ناکاریگەر، لێکتێنەگەیشتنی ئایدیۆلۆژیی.

ئەوەی مایەوە پێناسەکردنی (ناچارکرام بکەومە ناو سادەو گشتگیرترین پلانداڕێژییەوە، بەڵام چۆن لە وتارێکی ئاوها کورتدا خۆمی لێبەدووربگرم؟) واتای لە پێشینەیی و گرنگیی ستراکچەری فەرمی زمان و میکانیزمەکانییەتی وەک ئەوەی دەردەکەون لەکاتی پراکتیزەکردنی لێکدانەوەی شرۆڤەکارییدا، وەک ئەرکی هەرە بنەڕەتی ئەم پراکتیزەکردنە: بابەتەکەی، بەواتایەکی تر ئەو کاریگەرییانەی کە هێشتا ئامادەن لەوانەی ڕزگاریان بووە لە بە زۆر مرۆڤکردنی ئەو گیانلەبەرە بچووکە مرۆڤە بۆ پیاو یان ژن. ئەم پرسیارە ناکرێت وەڵام بدرێتەوە تەنیا لەڕێی پەنابردنەبەر ئەو گرنگییە حاشاهەڵنەگرەی زمان وەک تەنیا بابەت و هۆکاری پراکتیزەکردنی شرۆڤەکاریی. هەرشتێک ڕوودەدات لەچارەسەرکردندا لەناوو لەڕێی زمانەوە دەبێت (کە بێدەنگی، ڕیتم و پێوانەکردنی کێشی شیعریش لەخۆدەگرێت). بەڵام پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی حەقیقی زمان بۆچی و چۆنە لە چارەسەرکردندا وەک هەردوو مادەی خامی پراکتیزەکردنی شیکاریی و هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی کاریگەرییەکانی (ڕاڕەویێکە وەک لاکان ناوی ناوە، لە«قسەیەکی بەتاڵ»ەوە بۆ «قسەیەکی تەواو») بەڕاستی تەنیا لە پراکتیزەکردنی شیکارییدا دامەزراوە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی لە بابەتەکەیدا دامەزراوە، ئەو بابەتەی لەدواییین شرۆڤەکارییدا ئەم پراکتیزەکردنەو تەکنیکەکەی دەدۆزێتەوە: لێرەدا لەبەرئەوەی زانستە لەتیۆری بابەتەکەیدا. ئا لێرەشدا، گومانی تیادا نییە ئەوە گرنگترین لایەنی بنەڕەتی کاری لاکانە، کە دۆزینەوەکەیەتی. لاکان ئەوەی دەرخستووە کە ئەم گواستنەوەیە لەبوونە بایۆلۆژییە (تائەوپەڕی پاکی) یەکەیەوە بۆ بوونێکی مرۆڤانە (منداڵێکی مرۆڤ) لەچوارچێوەی یاسای ڕێکخستندا (Law of Order) بەدەستدێت، ئەو یاسایەی کەمن پێیدەڵێم یاسای کەلتور. ئەم یاسای ڕێکخستنەش سەرلێشێواوییەکی تیادایە لەناواخنە فەرمییەکەی لەگەڵ ڕێکخستنی زماندا. دەبێت ئێمە چی تێبگەین لە پێکهاتەکەیەوە، کە لەیەکەم بینیندا زۆر ناڕۆشنە؟ یەکەم، دەکرێت لەهەموو ئەم گواستنەوەیە تێبگەین لەڕێی زاراوەکانی زمانێکی دووبارەبووەوە، وەک ئەوەی ناونراوە لەلایەن زمانی کەسانی پێگەیشتوو یان منداڵەوە لەبارودۆخی چارەسەرکردندا، کەناونراوەو ئەرکی خراوەتە ئەستۆو بەلۆکالێکراوە لەچوارچێوەی یاسای زماندا کە تیایدا هەموو ڕێکخستنی مرۆڤ دامـەزراوەو پێشکەشکراوە، بەواتایەکی تر، هەر ڕۆڵێکی مرۆڤانە. دووەم، ئالەم ئەرکپێسپاردنەشدا لەلایەن زمانی چارەسەرکردنەوە ئامادەبوونێکی بەردەوامی تەواوی کاریگەریی ڕێکخستن لەگواستنەوە خۆیدا دەردەکەوێت، واتا هی زمانی کەلتور لەپرۆسەی بەمرۆڤبووندا.

بۆ ئەوەی لەچەند وشەیەکی کەمدا لەسەر ئەو بیرۆکەیە هەندێک بدوێم، ئاماژە بەدوو ساتی مەزنی ئەم گواستنەوەیە دەدەم. یەکەم؛ ساتی پەیوەندی دووانی بەر لە قۆناغی ئۆدیبی کە تیایدا مناڵەکە گرنگی بەهیچ نادات جگە لەتەنیا یەک منی دووەم (Alter-ego)، کە دایکەکەیە ژیانیشی لەڕێی ئامادەبوون و نائامادەیی ئەوەوە دووپات دەکاتەوە، ئەم پەیوەندییە دوانییەش لەشێوەی سیحرێکی خەیاڵی من (Ego) دەژی، کە خۆی دەبێت و ئەویتریش، هەریەکێکی تر، هەموو یەکێکی تر، هەموو ئەوانی تری هاوشووناسی سەرەتایی نێرجسییەت هەرگیز ناتوانن ئەو دوورییەی بابەتی سێیەم لەپەیوەندیدا بەویترەوە یان خۆیەوە پڕبکەنەوە. دووەم؛ ساتی ئۆدیبی کەتیایداستراکچەرێکی سیانی سەرهەڵدەدات لـەدژی پاشخانی ستراکچەرە دوانییەکە، کاتێک سێیەم (باوکەکە) خۆی لەئاسوودەیی خەیاڵی سیحرە

دوانییەکە هەڵئەقورتێنێت، ئابوورییەکەی ژێروژوور دەکات، سیحرەکەی لەناودەبات، لەگەڵ ئەوەشدا مناڵەکە بەئەوەی لاکان پێیدەڵێت ڕێکخستنی سیمبولی دەناسێنێت، ڕێکخستنی زمانی بابەتەکە کە دواجار ڕێی پێدەدات بڵێت: من، تۆ، ئەو (کچ)، ئەو (کوڕ)، یان ئەو (بێگیان) کە بەو هۆیەشەوە، ڕێ بەمناڵە بچووکەکە دەدات کە خۆی وەک مناڵێکی مرۆڤ لەجیهانی پێگەیشتووە سیانییەکان دابنێت.

ئەمەش دوو ساتە مەزنەکەن: ١- ساتی خەیاڵی (بەر لەقۆناغی ئۆدیبی) ٢- ساتی سیمبولی (گۆڕانکاریی ئۆدیبی) یان ئەگەر زمانێکی جیاواز بەکاربهێنین، کە ئەویش بابەتیبوونە لەبەکارهێنانە ڕەمزییەکەیدا دەناسرێتەوە، بەڵام هێشتا نەزانراوە (مەعریفەی بابەتیبوون لەتەمەنێکی تەواو جیاوازو هەروەها لەپراکتیزەکردنێکی تەواو جیاوازدا دەردەکەوێت).

ئەو خاڵە گرنگەش کە لاکان ڕووناکیی خستۆتە سەر ئەمەیە: ئەم دوو ساتە تەنیا یەک یاسا زاڵ دەبێت بەسەریاندا، حوکمیان دەکات و نیشانەیان دەکات ئەویش یاسای سیمبولی. تەنانەت ساتی خەیاڵییش، لەپێناوی چاکەدا هەر ئێستا باسمکردووەو پێش ساتی سیمبولی کەوتووە، وەک جیا لێی- لێرەدا وەک یەکەم سات کەمناڵەکە یەکەم جووتبوونی ڕاستەوخۆ دەژی لەگەڵ مرۆڤێکدا (دایکی) بێئەوەی بەپراکتیکی بزانێت وەک جوتبوونێکی ڕەمزی وایە (بەواتایەکی تر وەک جووتبوونی مناڵێکی مرۆڤی بچووک لەگەڵ دایکێکی مرۆڤدا) کە نیشانەکراوەو دامەزراوە لەجەدەلیەتییەوە لەلایەن جەدەلییەتی ڕێکخستنی ڕەمزیی خۆیەوە، بەواتایەکی تر، لەلایەن جەدەلیەتی ڕێکخستنی مرۆڤانەوە، هی نۆرمی مرۆڤانەوە (نۆرمەکانی ڕیتمی کاتیی خۆراک پێدان، پاک و خاوێنی، ڕەفتارکردن، هەڵوێستە کۆنکرێتییەکانی دانپیادانان - پەسەندکردن، ڕەتکردنەوەی مناڵەکە، بەڵێ و نەخێر وەک تەنیا گۆڕانی بچووک، شێوازە ئەزموونییەکانی ئەم ڕێکخستنە بناغەییە، ڕێکخستنی یاساو مافی ئەرکی پەیوەستبوون و وەدەرنان)، لەفۆڕمی ڕێکخستنی ئاماژەدار خۆیدا، بەواتایەکی دیکە، لەسەر فۆڕمی ڕێکخستنێک کە هاوشێوەی ڕێکخستنی زمان بێت.

لەشوێنێک کە خوێندنەوەیەکی ڕووکـەش و کورتبینانە بۆ فرۆید تەنیا بینینی مناڵییەکی بەختەوەرو بێ یاسا بێت، بەهەشتێکی شێوە هەمەڕەنگی لەڕێلادان بێت، جۆرێک لەحاڵەتی سروشتی کە تەنیا جەختی لێدەکرێتەوە لەلایەن قۆناغەکانی جۆری بایۆلۆژیی کە پەیوەستە بەپێشینەیی ئەرکی هەندێک بەشی جەستەی مرۆڤ، شوێنی پێویستییەکی گرنگ (دەمی، کۆمی، ئەندامی زاوزێ)، لاکان باس لەکاریگەریی ڕێکخستن، یاسا دەکات، کە دانراوە لەچاوەڕوانی هەر ساوایەکدا کە لەدایک دەبێت

لەکاتی پێش لەدایکبوونییەوە، بۆ هەڵگیراوە بەر لەیەکەم قیژەی و شوێنێک و ڕۆڵێکی بۆ دیاریدەکات و لەمەشەوە چارەنووسێکی دیاریکراو. هەر قۆناغێک کە لەلایەن مناڵە خاوەن سێکسەکەوە تێدەپەڕێنرێت لەجیهانی یاسادا تێدەپەڕێنرێت، جیهانی کۆدەکانی ئەرکی مرۆڤ، پەیوەندییەکان و ناپەیوەندییەکان. «قەناعەتەکانی» هەڵگری هێمای لەناونەچوون و بەربنەمای یاساکەیە، هی ئیدیعاکانی یاسای مرۆڤە، ئەوەی وەک هەموو یاسایەکی تر، ناکرێت پشتگوێبخرێت لەلایەن هیچ کەسێکەوە، لانیکەم لەلایەن ئەوانەی بێئاگان لێی، بەڵام پێدەچێ خۆی لێ بەدووربگیرێت یان پێشێل بکرێت لەلایەن هەر یەکێکەوە، لەسەروو هەمووشیانەوە لەلایەن هەرە شوێنکەوتووە دڵسۆزەکانییەوە. بۆیە هەر کەمکردنەوەیەک لەشۆکی دەروونی مناڵی بۆ تەنیا هاوسەنگییەکی «بێئومێدی بایۆلۆژیی» لەبنەڕەتدا هەڵەیە، چونکە ئەو یاسایەی بەسەریدا جێبەجێدەبێت، وەک یاسایەک خاڵییە لە هەموو ناوەڕۆکەکان کە بوونیان هەیەو ڕەفتاردەکەن وەک یاسایەک تەنیا لەناو و لەلایەن ئەم دابڕینەوەو مناڵەکەش دەچێتە ژێرباری پابەندبوون بەم یاسایەو لەگەڵ یەکەم هەناسەشیدا وەریدەگرێت. ئەمە سەرەتایەو هەمیشەش سەرەتا بووە، تەنانەت ئەوکاتەش کە باوکی زیندوو ئامادەیی نییە، ئامادەبوونی فەرمیی ئەو باوکە (کە یاسایە)، لێرەدا بەواتای ڕێکخستنی ئاماژەدەری مرۆڤ، بەواتایەکی تر هی یاسای کەلتور: ئەم گوتارە، پێشمەرجی بێ چەندوچوونی هەر گوتارێکە، ئەم گوتارە لەسەرەوە ئامادەیی هەیە، بەواتایەکی تر لەقووڵاییدا ئامادەیی نییە، لەهەموو گوتارێکی شەفەهیدا، گوتاری ئەم ڕێکخستنە، گوتاری ئەویتر، هی سێیەمی مەزن، کە ئەم ڕێکخستنە خۆیەتی: گوتاری نەست. ئەمە تێگەیشتنێکمان دەداتێ، تێگەیشتنێک لەچەمکی نەست، کە لە هەموو مرۆڤێکدا کتومت ئەو شوێنەیە کە گوتاری تایبەت بە کەسەکە بەدوای شوێنی خۆیدا دەگەڕێت، دەگەڕێت، لەڕێلادەدات، لەڕێلادانیشدا شوێنی خۆی دەدۆزێتەوە، لەنگەردەگرێت بەرەو شوێنی خۆی، لەسەپاندن، فریودان، دەستتێکەڵاوکردن و نکۆڵیکردن لە سیحرە خەیاڵییەکانی خۆی.

لەقۆناغی ئۆدیبیدا مناڵە خاوەن سێکسەکە دەبێتە مناڵێکی مرۆڤی سێکسی (پیاو یان ژن) لەڕێی تاقیکردنەوەی سیحرە خەیاڵییەکان لەبەرامبەر سیمبولیدا. ئەگەر هەموو ئەمە بەباشی بڕوات بەڕێوە لەکۆتاییدا دروستدەبێت و خۆی پەسەند دەکات وەک ئەوەی هەیە: کوڕێکی بچووک یان کچێکی بچووک لەنێو گەورەکاندا، لەگەڵ بوونی مافەکانی مناڵێک لەم جیهانەی گەورەکاندا، وەک هەموو مناڵانیش، لەگەڵ بوونی مافی تەواوی ئەوەی ڕۆژێک «وەک بابەی» لێبێت، بەواتایەکی تر مرۆڤێکی نێر کە ژنێکی

هەیە (کە چیتر تەنیا دایک نییە)، یان «وەک دایە»، بەواتایەکی تر مرۆڤێکی مێ کە مێردێکی هەیە (کە چیتر تەنیا باوک نییە)- ئەم شتانە تەنیا چارەنووسی ئەو ڕێڕۆیشتنە دوورودرێژە زۆرملێیەیە بەرەو قۆناغی منالّی مرۆڤ.
هەموو مەتریالّی ئەم دراما بنەڕەتییە لەلایەن زمانێکی پێشتر داڕێژراوەوە دابینکراوە کە لەقۆناغی ئۆدیبیدا لەدەوروبەری ئاماژە دەری چووک (Phallus) چەقی بەستووەو بەتەواوی ڕێکخراوە: کە هێمای باوکە، هێمای مافی یاسایە، وێنەی خەیالّی هەموو مافێکە- پێدەچێ ئەمە سوڕهێنەرو هەڕەمەکی دەرکەوێت، بەلاّم هەموو دەروونشیکارەکان وەک حەقیقەتی ئەزموون شایەتی بۆ دەدەن.
دوایین قۆناغی ئۆدیبی کەخەساندنە (Castration) پێمان دەلّێت بۆچی کاتێک کوڕێکی بچووک بارودۆخی تراژیدیی و بەسوودی خەساندن دەژیی و تێیدەپەڕێنێت، ئەو حەقیقەتە پەسەند دەکات کە ئەو هەمان مافی نییە (چووک) وەک باوکی، بەتایبەتی، ئەوەی کە هەمان ئەو مافەی نییە وەک باوکی بەسەر دایکیدا، کە ئەمیان بەم شێوەیە وادەردەکەوێت وەک ئەوەی گیرۆدەی بارێکی قبولّنەکراوی دوو بەکارهێنان بێت، دایکی کوڕە بچووکەکە، ژنی باوکەکە. بەلاّم بەپەسەندکردنی ئەوەی هەمان مافی وەک باوکی نابێت، دلّنیادەکرێتەوە کە ڕۆژێک، دواتر کە گەورە بوو، ئەو مافە بەدەستدەهێنێت کە ئێستا لێی بێبەشکراوە بەهۆی نەبوونی «هۆکارەکانەوە».
تەنیا مافێکی بچووکیشی هەیە کە گەورە دەبێت، ئەگەر ئەو خۆشی گەورە بێت لەڕێی گرنگیدان بەباشترین شێوەی هەلّسوکەوتکردن. دەربارەی ڕۆلّی کچەکە، کاتێک کچە بچووکەکە بارودۆخی تراژیدیی و بەسوودی خەساندن دەژی و گریمانەی دەکات، ئەوە پەسەند دەکات هەمان مافی دایکی نییە، لەمەشەوە بەتەواوی ئەوە پەسەند دەکات کە هەمان مافی نییە (چووک) وەک باوکی لەبەرئەوەی دایکی ئەم مافەی نییە (چووکی نییە)، هەرچەندە ژنیشە، لەبەرئەوەی کە ژنە ئەوەش پەسەند دەکات کەئەو هەمان مافی وەک دایکی نییە، بەواتایەکی تر، ئەو هێشتا وەک دایکی ژن نییە. بەلاّم لەبەرامبەردا لەبری ئەوە مافێکی بچووکی خۆی وەردەگرێت: مافی کچێکی بچووک لەگەلّ بەلّێنی مافێکی گەورە، مافی تەواوی ژنبوون کاتێک گەورە دەبێت، ئەگەر گەورەبوو یاسای ڕێکخستنی مرۆڤی پەسەند کرد، بەواتایەکی تر، ملدان بۆی ئەگەر پێویستیکرد ئاڕاستەی بگۆڕدرێت- لەڕێی بەڕێکوپێکی هەلّسوکەوت نەکردنەوە.
لەهەردوو باردا، ئەگەر ساتی سیحری دووانەی خەیالّیی بێت (١) یان ساتی (ئۆدیبی) دانپیادانانی بێچەندو چوونی چوونە ناو و ڕێکخستنی سیمبولی بێت (٢)، تەواوی دیالێکتیکی ئەو گواستنەوەیە بەهەموو وردەکارییە گرنگەکانییەوە مۆرکراوە بەمۆری

ڕێکخستنی مرۆڤ، هی سیمبولی، بۆئەوەش زانستی زمانەوانی یاسا فەرمییەکانی بۆ فەراهەمکردووین، بەواتایەکی تر چەمکی فەرمی.
تیۆری دەروونشیکاریی دەکرێت بەم شێوەیە ئەوەمان فێر بکات کەوا دەکات هەر زانستێک گریمانەکردنێکی ڕووت نەبێت، بەڵکو زانست بێت: پێناسەی جەوهەری فەرمی بابەتەکەی بێت، پێشمەرجی هەر پراکتیزەکردنێک، جێبەجێکردنێکی تەکنیکی بابەتە کۆنکرێتییەکانی بێت. بەوشێوەیە، تیۆریی دەروونشیکاریی لەو دژیەکییە کلاسیکی و ئایدیالییانەی لەلایەن پۆڵیتزەرەوە داڕێژراون هەڵدێت، بۆ نموونە، کاتێک داوا لەدەروونشیکاریی دەکرێت (کە بواری تیۆریی شۆڕشگێڕانەکەی ئەو کەیەکەم کەس بووە لە فەڕەنسا لەبارەیەوە بدوێت) کە زانستی ڕاستییەکی کۆنکرێتی بێت، سایکۆلۆژییەکی کۆنکرێتی، ئەو هێرشیکردۆتە سەر بەهۆی تەجریدبوونەکانیەوە: نەست، گرێی ئۆدیب، گرێی خەساندن، هتد. پۆڵیتزەر دەیوت چۆن دەروونشیکاریی دەتوانێت بانگەشەی ئەو کۆنکرێتییە بکات کە ئامانجییەتی و لەتوانایدایە، ئەگەر سووربێت لەسەر بیرۆکە ئەبستراکتەکان کە تەنیا بەشێوەیەکی کۆنکرێتی وەدەرنراون لەسایکۆلۆژیای میتافیزیکی و ئەبستراکتدا؟ چۆن کەسێک دەتوانێت بگاتە باری کۆنکرێتی لەو ئەبستراکتانەوە، لە ئەبستراکتەوە؟ لەڕاستیدا، هیچ زانستێک بێ ئەبستراکتەکان کارناکات، تەنانەت لەکاتی پراکتیزەکردنیشیدا (کە پراکتیزەکردنی تیۆریی ئەو زانستە نییە، بەڵکو پراکتیزەکردنی جێبەجێکردنی کۆنکرێتییەتی)، تەنیا مامەڵە لەگەڵ گۆڕاوە نامۆو دەگمەنەکان کە پێکهێنەری هەر تاکە «درامایەکە». وەک ئەوەی لاکان بیریان لێدەکاتەوە لەفرۆیددا+ لاکان بیر لەهیچ ناکاتەوە جگە لەچەمکەکانی فرۆید، فۆڕمی زانستییانەمان دەداتێ، تەنیا فۆڕمی زانستییانە دەبێت- ئەبستراکتەکانی دەروونشیکاریی لەڕاستییدا چەمکی زانستی ڕەسەنی بابەتەکانیانن، لەمەشەوە وەک چەمکەکانی بابەتەکەیان، کەئاماژە، پێوانەو بنەمای پێویستی ئەبستراکتەکەیان لەخۆگرتووە، بەواتایەکی تر، پێوانەی پەیوەندییان بە«کۆنکرێتبوونەوە»، لەمەشەوە پەیوەندی دیاریکراوییان بەکۆنکرێتبوونی جێبەجێکردنەکەیان کە بەشێوەیەکی باو پێیدەوترێت پراکتیزەکردنی شیکاریی (چارەسەر).
بۆیە قۆناغی ئۆدیبیواتایەکی شاراوە نییە کە تەنیا لە نەست و قسەکردنی کەم بێت- ستراکچەرێک نییە لەڕابردوودا حەشاردرابێت و هەمیشە بتوانرێت جارێکیتر ستراکچەری دابڕێژرێتەوە یان دەربکەوێت بە دووبارە چالاککردنەوەی واتاکەی. گرێی ئۆدیب ستراکچەرێکی دراماتیکییە، «ماکینەیەکی دروستکراوە» لەلایەن یاسای کەلتورەوە بەسەر هەموو کاندیدێکی مرۆڤایەتییدا کە بێ ویستی خۆی ناونووسکراوەو

بەسەریدا سەپێنراوە، ستراکچەرێکە کە لەخۆیدا نەک هەڵگری ئەگەری ئەوەیە، بەڵکو هەڵگری پێویستی بۆ گۆڕاوە کۆنکرێتییەکان کە تیایدا بوونی هەیە، بۆ هەر تاکێک کە دەگاتە سەرەتاکەی، تیایدا دەژیی و بەسەلامەتی لێیدەردەچێت. لەکاتی جێبەجێکردنیدا ئەوەی پێیدەوترێت پراکتیزەکردن (چارەسەرکردن)، دەروونشیکاریی کار لەسەر کاریگرییە (effects) کۆنکرێتییەکانی گۆڕاوەکانی دەکات، بەواتایەکی تر لەسەر شێوازی دیاریکراوو بەتەواویی ناوازەی ڕایەڵەیەک کە تیایدا گواستنەوەی ئۆدیبی دەستیپێکردووەو دەستپێدەکات، تەواودەبێت، تووشی لەڕێلادان دەبێت یان خۆی لێدەدزرێتەوە لەلایەن هەندێک کەسی دیاریکراوەوە. ئەم گۆڕاوانە دەکرێت بیریان لێبکرێتەوەو بناسرێنەوە لەجەوهەریاندا لەسەربنەمای ستراکچەری نەگۆڕاوی ئۆدیبی، بەدیاریکراویی لەبەرئەوەی هەموو ئەم گواستنەوەیە لەسەرەتاوە لە سیحرەکەیدایە، لەئەوپەڕی شێوازی نامۆو هەروەها ئاساییدایە، لەلایەن یاسای ئەم ستراکچەرەوە، فۆڕمی بنەڕەتی بەرەو ساتی سیمبولی لەناو یاسای سیمبولی خۆیدا.
ئەزانم ئەم پێشنیازە کورتانە تەنیا وادەرناکەون بەڵکو هەرواشن کە پوختەو پلانرێژیی بۆکراوە، واتە ژمارەیەک بیرۆکە کە لێرەدا خراونەتەڕوو پێوستیان بەگەشەپێدانی زیاتر هەیە بۆئەوەی بەهانەی بوونیان بسەلمێنرێت و دابمەزرێن. تەنانەت ئەگەر بەباشی دامەزراندنیشیان و ئەو پەیوەندییانەی هەیانە بەکۆمەڵێک لەو بیرۆکانەوە کە بە بناغەیان دادەنرێن ڕوونکرابنەوە، تەنانەت ئەگەر بەراوردیش کرابن بەنامەکەی فرۆید دەربارەیی شیکاریی، یەک دوای یەک کێشەی خۆیان دەخوڵقێنن: نەک تەنیا ئاریشەی دروستبوونی چەمکەکان، پێناسەکردن و ڕوونکردنەوە، بەڵکو کێشەی حەقیقی و نوێ وەک پێویستییەک لەلایەن گەشەکردنی کاری تیۆریزەکردنەوە دروست دەبێت کە هەر ئێستا باسمانکرد. بۆنموونە، چۆن دەتوانین بەوردی پەیوەندی نێوان ستراکچەری فەرمی زمان و پێشمەرجی ڕەهای وجوودو ڕوونی نەست دابڕێژینەوە، ئەمە لەلایەکەوە، ستراکچەری کۆنکرێتی نزیکایەتیش (Kinship) لەلایەکی ترەوە، لەکۆتاییشدا ئەو پێکهاتە کۆنکرێتییە ئایدیۆلۆژیانە دەخرێنەڕوو کە تیایاندا کردارە دیاریکراوەکان لەلایەن پێکهاتەی نزیکایەتییەوە (باوکایەتی، دایکایەتی، منداڵی) دەژین. ئایا ئەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە گۆڕاوە مێژووییەکانی ئەم ستراکچەرانەی دوایی (نزیکایەتی، ئایدیۆلۆژیا) پێدەچێت لەڕووی مادییەوە کاریگەری بکەنەسەر هەندێک یان لایەنیتری ئەو نموونانەی لەلایەن فرۆیدەوە جیاکراونەتەوە؟ یان دووبارە، تا چ ئاستێک پێدەچێ پێناسەی سادەی بابەت و پێگەی دۆزینەوەکەی فرۆید، بەشێوەیەکی عەقڵانی هەوێنی گرتووە، کاردانەوەی هەیە بۆ ئەو دیسپلینانەی

کەلێیانەوە خۆی جیاکردۆتەوە (بۆ نمونە، دەروونناسی، دەروونناسی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی)و وروژاندنی ئەو پرسیارانەی زۆرجار ئاڕاستەی بارودۆخی پڕکێشەی بابەتەکانیان دەکرێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا یەک پرسیاری تر لەنێو ژمارەیەکی زۆر پرسیاری تردا کە ئەکرێت بکرێت ئەوەیە: ئایا ئەو پەیوەندییانە چین کە لەئارادان لەنێوان تیۆریی شیکاریی و ١. پێشمەرجە مێژووییەکانی دەرکەوتنی و ٢. پێش مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی جێبەجێکردنیدا؟

١. باشە کەواتە فرۆید کێ بووە، هاوکات دامەزرێنەری تیۆری شیکاریی و ناسێنەری بووە، وەک شرۆڤەکاری ژمارە یەک، ئەو کەسەی شرۆڤەکاریی بۆخۆی کردووەو باوکی ڕەسەنی ئەو ڕیزە درێژەی پزیشکانە کەخۆیان بەنەوەی ئەو دەزانن؟

٢. باشە ئەی دەروونشیکارەکان کێن، کە هاوکات گەر بەدیاریکراویش ئاماژەی پێنەکەین تیۆری فرۆید، ترادیسیۆنی دیالێکتیک کە لە فرۆیدەوە بۆیان ماوەتەوە لەگەڵ هەلومەرجە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان پەسەند دەکەن (حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی «کۆمەڵەکانیان» کە بەتوندی پەیوەستن بەهەلومەرجی دامەزراوە پزیشکییەکانەوە) کە لەسایەیاندا پراکتیزەی دەکەن؟ تا چ ئاستێک بنەڕەتە مێژووییەکان و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە- ئابوورییەکانی پراکتیزەکردنی دەروونشیکاریی کاردانەوەیان بۆ تیۆریی شرۆڤەکاریی و تەکنیک دەبێت؟ لەهەمووی گرنگتر تا چ ئاستێک بێدەنگی تیۆریی دەروونشیکارەکان دەربارەی ئەم پرسیارانە (لەبەرئەوەی بەدڵنیاییەوە ئەمە بارودۆخەکەیە)و چەپاندنی تیۆریی ئەم کێشانە لەچوارچێوەی جیهانی شرۆڤەکردندا بەیەک دەگەن و کاریگەرییان دەبێت لەسەر هەردوو تیۆریی شیکاریی و تەکنیکی شیکاریی لەناوەڕۆکی خودی خۆیاندا؟ ناکرێت پرسیاریی سەرمەدی «کۆتایی شیکاریی»، لەنێو ئەوانی تردا، پەیوەندیداربێت بەم چەپاندنەوە، بەواتایەکی تر بۆ بیرنەکردنەوە لەم کێشانە کەڕیشەکەیان لەمێژووی ئەبستمۆلۆژیی دەروونشیکاریی و مێژووی کۆمەڵایەتی و (ئایدیۆلۆژیی) جیهانی شرۆڤەکردندایە؟

ئەمانە ژمارەیەک پرسیاری واقیعین، کە بەواقیعی ئاڕاستەکراون و بەنزیکەیی ژمارەیەکی یەکسانی بواری توێژینەوە پێکدێنن. پێدەچێت لەداهاتوویەکی نزیکدا هەندێک بیرۆکە سەرهەڵبدەن کە لەم تاقیکردنەوەوە سەریانهەڵدابێت.

ئەم تاقیکردنەوەیەش ڕەگوڕیشەکەی لەتاقیکردنەوەی فرۆیدەوە لەبوارەکەی خودی خۆیدا کە جێبەجێ دەبێت بەسەر بوارێکی دیاریکراویی یاسایی، ئیتیکی و فەلسەفی، بەواتایەکی تر بەدیاریکراوی وێنەیەکی ئایدیۆلۆژیی «پیاوێک»، «بابەتێک»ی مرۆڤانە. بەخۆڕایی نییە هەندێکجار فرۆید بەراورد دەکات لەنێوان پێشوازیکردنی

ڕەخنەگرانەی دۆزینەوەکەی لەگەڵ گۆڕانکارییە بومەلەرزەئاساکانی شۆڕشی کۆپەرنیکۆس. لەسەردەمی کۆپەرنیکۆسەوە، زانیومانە زەوی «سەنتەر»ی گەردوون نییە. لەسەردەمی مارکسەوە، زانیومانە کە بابەتی مرۆڤ، من (Ego)ی ئابووریی، سیاسی یان فەلسەفی «سەنتەر»ی مێژوو نییە- تەنانەت بەپێچەوانەی فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەریی و هیگڵیشەوە، مێژوو «سەنتەر»ی نییە، بەڵامستراکچەرێکی هەیە کە«سەنتەرێک»ی پێویستنییە جگە لە دانپیادانەنانی ئایدیۆلۆژیی. دوابەدوای ئەوە، فرۆید بۆی ئاشکراکردین کە بابەتە ڕاستەکە، تاک لەجەوهەرە ناوازەکەیدا، فۆڕمێکی ئیگۆی نییە لە«ئیگۆ»دا چەقی بەستبێت، لە«هەستدا» یان لە«وجوود»دا- جا ئیتر ئەمە وجوودی بۆ خودی خۆی بێت، هی جەستەیەکی تەندروست یان هی «ڕەفتار»- بەواتای ئەوەی بابەتی مرۆڤ بێ چەق کراوە، لەلایەن ستراکچەرێکەوە دروستبووە کە «سەنتەر»یشی نییە، جگەلە دانپیادانەنانی خەیاڵیی «ئیگۆ»وە نەبێت، بەواتایەکی تر لەپێکهاتە ئایدیۆلۆژییەکانی کە تیایاندا دان بەخۆیدا دەنێت.

پێویستە ئەوە ئاشکرابێت ئەمە یەکێک لەو ڕێگایانەی کردەوە کە پێدەچێت ڕۆژێک بەرەو تێگەیشتنێکی باشترمان بەرێت لەم ستراکچەری دانپیادانەنانە کە مایەی نیگەرانییەکی تایبەتە بۆ هەموو لێکۆڵینەوەکان لەئایدیۆلۆژیا.

Freud and Lacan _Louis Althusser, (Lenin and Philosophy and other essays- Translated from the French by Ben Brwester _NLB Second edition ١٩٧٧

# هونەر لە كۆنتێكستدا

پێكخەری بەش : شیروان خان

## هەڤپەیڤین

کاوە جەلال

هونەرمەندانی بەشدار

گارا- ماستەر لە هونەر- ئەڵمانیا
شیروان خان- ماستەر لە هونەر- ئەڵمانیا
ئاڤان سدیق

## پێشگوتن

ئەم هەڤپەیڤینانە (گەر بۆمان هەبێ ناویان بنێین هەڤپەیڤین!) هاوینی ٢٠٠٧ لەگەڵ گارا، شیروان خان و ئاڤان سدیق لە ئەڵمانیا ئەنجام دران. لێرەدا ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە هێنانەگۆڕێی دانوستاندن لەبارەی هونەری شێوەسازی ( ) و کارایيە کولتوورییەکەی. بەڵام لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە تەوەرەکانی هەڤپەیڤینێک نەچەسپێنرابوون، بەڵکو کێشەکان لە ڕەوتی خۆدەربڕینەکانی ئەوانەوە وەک پرسیار دەگیران یان گۆڕان پێدەدران، ئەوا وەک سەرەنجام ئەوەی لێکەوتەوە کە ئەوان بەسەر کێشەی هونەر و هونەرمەندی شێوەسازییەوە هاوکات هەڵوێست لەسەر هونەرەکانی دیکە وەردەگرن و بەتایبەتیش دەپەڕێنەوە بۆ ڕەخنەی کولتوور.

ئەم هەڤپەیڤینانە بەرهەمی پێکەوەکارکردنی ڕاستەوخۆن «گفتوگۆکان» وەک ئەنجامی دانیشتن لەگەڵ هەر یەکەی هونەرمەندان گارا و شیروان خان و ئاڤان سدیقدا لەسەر کاسێت تۆمار کراون. ئەوان خۆیان ڕاستەوخۆ دەدوێن، کەواتە ئەم هەڤپەیڤینانە ڕاستگۆیانەن، واتا پرسیارەکانیان بۆ نەنێردراونەتە ماڵەوە و ئەوانیش بە ئیسراحەت و بە یاریدەی کتێب وەڵام بنووسنەوە و وەک گوتار پوختی بکەنەوە. نەخێر. بێگومان دوای نووسینەوەی سەرجەم هەڤپەیڤینەکان، پێکەوە لەگەڵ هەر یەکەی هونەرمەندەکاندا بەجیا (جگە لە ئاڤان سدیق) بەسەر دەربڕینەکانیاندا چووینەوە و ئەوەی ئەوان بە کەم یان بە زیادەڕۆییان زانیبێ (ئاخر ئەوان ڕاستەوخۆ دەدوان)، کوژێنراوەتەوە، یان گەر گوزارشتێکی پوختتریان لە گوزارشتێکی دەربڕدراوی سەر کاسێتەکە هەبووبێ، وەک لەبریی دانراوە. بەڵام تۆماری هەڤپەیڤینەکە لەتەک ئاڤان سدیقدا کێشەیەکی تەکنیکیی لێکەوتەوە: تۆماری سەر کاسێتەکە لە جێیەکی تایبەتی بەدوواوە هێندە تیژ دەبێتەوە کە ئیتر تێگەیشتن لێی پڕئەرک بوو و نووسینەوەی لەسەر کاغەز پێویستیی بە ڕێکخستنەوەی زمانییانە هەبوو. بەڵام ئەم کێشەیە تەنها توانرا لە دوو پرسیاردا چارەسەر بکرێ، چونکە تا ڕادەیەک شیاوی لێتێگەیشتن بوون، واتا توانرا دەربڕینەکان بە یاریدەی گونجاندنی ڕێزمانی پێکەوە بلکێنرێن بەبێ ئەوەی ڕستەی زیادەیان پێوە بنرێ. بەڵام نووسینەوەی دەربڕینەکانی دیکەی ئەو نزیکەی مەحاڵ بوو و لەبەر ئەم هۆیە وازمان لێهێنان.

**کاوه جەلال**

ڕێبەری١

هونەر بەدەگمەن توانیویەتی لە لای کورد کارایی کولتووری وەربگرێ و لە لای وەرگر (ڕێسیپیەنت) وەک جیهانێکی وێنەیی-ئەندێشەیی ئەوتۆ دەربکەوێ کە لەنێو خۆیەوە بۆ وەرگر ببێ بە شیمانەگەلی هەڵوێست وەرگرتنی ڕەخنەیی. بەڵام بۆ پاڵ ئەم کێشەیە کە ڕیشەی لەنێو شێوازی ترادیسیۆنییانەی هزرینی کوردیدا داکوتاوە، کێشەیەکی دی خڕدەبێتەوە: لەگەڵ پیربوونی «کۆمەڵان»ی کوردی عێراقدا (واتا ئەوە کە ئەوان سۆزمەندانە ناوی دەنێن «کوردەواری!»)، ئینجا لەتەکیدا پەککەوتنی سەرجەم نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانیان، هەمیشە پتر «ئیشکەرانی قەدیمی» داواکاری بۆ هونەرمەندبوون بەرز دەکەنەوە و لە نێوەندی هونەریشدا هێشتا وەک هونەرمەند چواندنیان پێدەدرێ؛ ئەم «چالاکە قەدیمییانە» زۆر جار لە بواری هونەرە جیاکاندا دژەهەڵوێستێکی دوژمنکارانە ئاڕاستەی دیدی نوێی هونەری دەکەنەوە و لێرەشدا زۆر جار هەڵوێستەکانیان لەسەر دەستووری «پشتبەستن بە دەسەڵاتی باڵا» دەپارێزن.

ئەم حاڵەتە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی توخمییە و پێویستە ڕەخنەییانە بپشکنرێ. چاکترین پنتی لێوەدەرچوون بۆ ئەم پشکنینە ڕەخنەییە بریتییە لە هەوڵدان بۆ گرتنی خودی هونەر: هونەر وەک دیاردەی سێنسی (دیار و وێنەیی) کە هەردەم لە خۆیەکی ئازادەوە سەرهەڵدەدات.

ئێمە لەم ڕوانگەیەوە خۆمان لە بەردەم سێ کێشەی توخمیدا دەبینینەوە: فێنۆمێنی هونەر، ئەقڵیەتی ترادیسیۆنیی بەرهەمهێنەر و وەرگر، ڕەخنە و زانستی هونەر.

ئێمە بە سەرنجێکی ڕەخنەیی دەبینین کە فێنۆمێنی هونەر دیاریکردنێکی ڕوونی ئێستێتیکییانەی لە ترادیسیۆندا نییە، واتا هونەر وەک دیاردەی سێنسی نەکراوە بە کێشەیەکی هزر. هونەر کە لە کاتی ئەڕیستۆتێلیسەوە کایەیەکی خۆمەندی ئەفراندنە و نە سەر بە کایەی زانین (مەعریفە) و نە سەر بە کایەی زانستەکانی کردارە (ڕەوشتناسی)، بۆ خۆی وەک بوونەوەرێک لەپاڵ زانستە تیۆرییی و پراکتیکییەکانەوە هەیە و هاوکات نەشیاوە لە ژیانی مرۆڤ بسڕدرێتەوە. بە پێچەوانەوە هونەر کە خۆمەبەستە، بە واتایەکی دی بەدەرە لە مەبەستی دەرەکی، لە پێکەوەگەریی ئازادی هەستی سێنسی و زەینەوە ئاوەڵا دەبێ و سستبوونی هەر یەکەی ئەم دوو تەوەرە واتای بەهێزبوونی لایەنێکیان دەگەیەنێ کە پاشان وەک سەرەنجام شتێکی دیکەی جیاواز لە هونەر لێدەکەوێتەوە: یان بەرهەمێکی سۆزمەند کە بەهۆی لاوازیی زەینەوە

نوقسانیی لە فۆڕمدا هەیە (ئاخر ئەوە زەینە کە دەفۆڕمینێ)، یان بە پێچەوانەوە کارێکی زەینییە کە لە زانست نزیکی دەخاتەوە.
ئێمە لە ڕووی پرسیاری بەرهەمهێنان و وەرگرتنەوە (پرۆدوکسیۆن و ڕێسەپسیۆنەوە) پوختتر دەتوانین کێشەی هونەر دیاربهێنین. هونەرمەند لە خۆیەکی ئازادەوە، واتا ئازاد لە دید و ڕوانگەی وەرگر، وەک کەسێکی خاوەن موعانات و بەهرەمەند بە ڕۆشنبیرییەکی تایبەتییەوە دەئافرێنێ، کەواتە دەتوانێ و دەوێرێ خۆی بۆ وێنەکانی تەرخان بکات، بەڵێ تەنانەت ڕێ دەدات وێنەکانی لەتەک خۆیاندا کێشی بکەن. ئەم هونەرمەندە جیاوازە لەو کەسە سۆسیۆکولتوورییە کە لە بەهرەی هونەری و بڕێک ڕاهێنانەوە چاوی بڕیوەتە ئەو دیاردە هونەرییە جیهانییانە کە وەک ئیشی تاکە یاخیبووانی هونەرمەند هێنراونەتە گۆڕێ، واتا ئیشە جیهانییەکان وەک مۆدێل بۆ کارکردنی خۆیی وەردەگرێ، یان گەر کەرەستەیەکی خۆمەندی لە بەردەستدا بێ، ئەوا لە جیهان-بینییەکی وەرگیراوەوە بەبێ بەئاگابوون لە فۆڕماندنی هونەری «ڕێکی دەخات» — فۆڕماندنی هونەری کە هەمیشە خستنەوەی «هەقیقەتێک»ی تایبەتیی هونەرییە. گرنگترین مۆرکی ئەم کەسە سۆسیۆکولتوورییە ئەوەیە کە «من»ێکی پێنەگەیوی هەیە و ئەو منەی لە پشتی کرداری ڕۆژانەوە متکراوە. کەس لێرەدا وەک یەک-ێکی سەر بە ئاپورە لە ڕوانگەی ڕەزامەندیی گشتییەوە کار دەکات (ئاخر دەبێ وەک ئەم کەرتە ئاوها بێ) و هەوڵ دەدات پرێستیژێک لەنێو بینای کۆمەڵایەتیدا دابین بکات. لەم پەیوەندییەدا توخمێکی هەرە سەرچاوەیی ئەفراندنی هونەری سڕدراوەتەوە یان کەس بە هیچ شێوەیەک لێی بەئاگا نەهاتۆتەوە: ئـازادی. ئازادیی تاک لەو کراوەییەدایە کە ئەو بۆ وێناکانی نێو هۆشی هەیەتی، ئەمەش لە خۆیدا ئاڕاستە وەرگرتنێکی سەبژێکتیڤییە کە بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی وەرگری هونەری ناکات. ئاخر هەر کارکردنێکی هونەری، ڕەهەندی وەرگر لە خۆ بگرێ، نشوستی دەهێنێت، چونکە دەبێ بە ئاستەنگ لە بەردەم خۆتەرخانکردندا بۆ وێنەکان، هەروەها کەسەکە بە زەرووره دەخزێنێتە نێو «موراعاتەوە»، لێرەشەوە کەس ناچار دەبێ زۆر وێنەی جەوهەریی ڕەسەن لە ئیشەکەی بقرتێنێ و حاڵەتە-وێنەی بەگشتی خوازراوی بخاتە سەر. بەڵام بە پێچەوانەوە ئیشکردنێک کە وەرگری لێ بەدەرکرابێ، حاڵەتێکە کە تێیدا هونەرمەند بە تەواوی ئاڕاستە ڕووەو وێناکانی وەردەگرێ و لەنێو پێکەوەگەریی زەین و شعوردا جیهانێکی تایبەتی وێنەیی دەفۆڕمینێ. ئاخر فۆڕماندن بریتییە لە کاری سەرەکیی هونەری، بە واتایەکی دی، ئێمە داڕشتنێکی وێنەییمان لەنێو سەرجەمێکی هونەریدا هەیە، لێرەشدا فۆڕم سەرەکییە و کەرەستە یان ناوەڕۆک

لاوەکییە: زۆر دەشێ حاڵەتی ئەوپەڕی گچکەی مرۆڤی کە وەک جوانی هۆشسامکەر کەسی هونەرمەند دەپێکێت، ببێ بە کەرەستەی فۆڕماندنی جوان، بەڵام هەروەها بە پێچەوانەوە زۆر دەشێ سەرجەم نەکبەتیی کاتشوێنێکی تایبەتیی گەلێک نەبێ بە هونەری مەزن، ئەمەش بەتایبەتی کاتێک ڕوو دەدات، گەر ڕووداوەکان سەرجەمییانە دەرکنەکرابن و وەک دەرککراو نەبووبن بە جیهانێکی ناڕێکخراوی وێنەیی (خەیاڵی) کە پاشان هونەرمەند لەنێو خۆتەرخانکردنی ئازادەوە بۆ فۆڕماندن ببزوێنن — جا هەر جۆرێکی فۆڕماندن بێ، نەخێر، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕووداوەکان تەنها کەس وەک ئەڵقەیەکی کۆمەڵایەتی بەهژێنن، یان کەس بۆ نموونە لە بەئاگابوونی گشتیی نەتەوەییەوە «بەزۆر» پێکەوەیان بلکێنێت.

بەڵام ئێمە هاوکات گەرەکە پابەند بە بەرهەمهێنانی (پرۆدوکسیۆنی) هونەرییەوە کێشەکی دی دیار بهێنین. لەو هەقیقەتەوە کە هونەر زۆر ئاسان بۆی دەلوێ بەسەر سنووری نێوەندە کولتوورییەکەی خۆیدا بپەڕێتەوە، ئەوا شیاوە و دەشێ بەتایبەتی لە کۆمەڵە ترادیسیۆنییە داخراوەکاندا، بۆ نموونە لە کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا، بکرێ بە مۆدێل بۆ کارکردنی خۆیی. ئەمە لە بنەڕەتدا هەڵوێستێکە کە بەرەهایی ئەفراندنی خۆیی دەکوژێ، چونکە لێرەدا هۆشسامبوون و پرسیار نەهاتوونەتە ئاراوە، بەڵکو لێرەدا تەنها «ئەندامێکی کۆمەڵایەتی»کار دەکات کە بەزۆریی (با لایەنی بەرژەوەندیی مادیی وەلاوە بنێین) پابەند بە دید و خۆزگەی وەرگرەوە چالاک دەبێ، واتا ئەو وەرگرە کە کەمینە چالاکەکەی نێو کایەی هونەر نییە، بەڵکو ئەو «عەوام»ەیە کە بەزۆریی چێژ لە کیچ (Kitsch) دەبینێ و کەمترین چێژی پاکژێنراو یان کارتێداکراوی هونەریی نییە، بەڵکو تەنها کەسێکی ترادیسیۆنیە بە ناخێکەوە کە بە کچ دەخرۆشێ: حەزی لە وێنەی «ژنی چاو بە فرمێسیک یان تەشیرێسە»، یان پیاوی «کوژراو کە خوێن لە لەشی دەتکێت»، بەڵام هاوکات بە گۆرانییەکی میللی و بەبێ هیچ سەلیقەیەکی «شایی» دەست دەگرێ و تەنها «شایی چەپی» دەزانێ، هەروەها حەزی بەزۆریی لە کرووزانەوەی مازۆخیستییانەی گۆرانیبێژانی عەوامە، ئینجا بەدیار «بەرنامەی بەرنامەوە» قاقا پێدەکەنێ! بەڵام لەم پەیوەنییەدا پێویستە هاوکات ئاماژە بۆ ئەو وەرگرە کەمینەیە بدەین کە دەبوو لە بواری هونەردا چالاک بێ. گەرچی ئەم وەرگرە تا ڕادەیەک چێژ دەبینێ، بەڵام کێشە کرۆکییەکەی لەوەدایە کە پەروەردەیەکی ئێستێتیکیی نییە: ئەو هێشتا تێگەیشتنێکی تایبەتمەندی ئێستێتیکیانەی نییە و لێوەی بڕیار بەسەر هونەردا بدات کە بەڕێیەوە دانوستاندنی نێوبکەریی (ئینتەرسەبژێکتیڤیی) هونەری بێتە ئاراوە، بە پێچەوانەوە دەربڕینەکانی

ئەم وەرگرەش لەسەر هونەر بەزۆریی سۆزمەندن یان جیهانبینییانەن یان سووک و ئاسان لە ئەقڵیەتی کوردیـ‌ئیسلامیـ‌خۆرهەڵاتییەوە دەردەبڕدرێن، واتا: بەبێ بینینی بابەت بەزۆر بەسەر بابەتەکەدا «دەکێشرێن».
ئێمە بەم پێیە دەگەین بە توخمی سێیەمی کێشە تێماتیزەکراوەکەمان: زانستی هونەر، ڕەخنەی هونەری و ئەدەبی. بەڵام لێرەدا گەرەکە سەرەتا ڕوو بکەینە خەریکبوونە «زانستییەکان» بە ئەدەب و هونەرەوە، ئەمەش چ لە نێوەندی ڕۆشنبیری و چ لە دامـەزراوە زانستییەکاندا. ئێمە لەم حاڵەتەدا بەتایبەتی دیدی خۆرهەڵاتیـ‌ئیسلامییانەی هونەر دەبینین کە کارە سەرەکییەکەی بریتییە لە تەفسیر (ی پەیڤی هونەر وەک هونەرمەندی سەرەکی). گرنگترین لەنگیی ئەم جۆرە تێڕوانینە لەوەدایە کە هزرێکی مێتۆدییانەی نییە و هەوڵ بدات لە پەیوەندیی نێوان خۆی و تێکستەوە، لە سەبژێکتیڤێتییەکەیەوە پابەند بە دەرکراوییە سەبژێکتیڤییەکانی خۆیەوە، کێشەی نوێ بەبێ ڕەچاوی هیچ سەرچاوەیەک ئاوەڵا بکات. بە پێچەوانەوە ئەم جۆرە تێڕوانینە ترادیسیۆنییە «تەنها» پێی دەکرێ بە یاریدەی «شابلۆن» (پێش‌ـنموونە) کار بکات: ڕوانگەی ئەدەبی یان هونەری لە شێوەی دۆگمدا وەردەگرێ و لەسەر بناغەکەی بابەتەکەی بەسەر «مەبحەس» و «مەتلەب»دا دابەش دەکات و تەواو.
کەواتە ئاشکرایە بۆچی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری، هێنانەگۆڕێی پرسیار دەگمەنە، ئەمەش چ لە نێوەندی ڕۆشنبیری و چ لەنێو «دامەزراوە زانستییەکان»دا. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە پێویستە سەرەتا ئاماژە بۆ هەقیقەتە بدەین کە هەڵوێستی ڕەخنەیی لە لای کوردەکان (یان لە کولتووری داخراوە هاوشێوەکانیدا) وەک تێکدەر، وەک لادەر لە ڕێچکەی گەیەنراوی ترادیسیۆنی، وەک دوژمنکاریی ناهونەر و هونەری سەروەر، دادەنرێ و لێرەشدا بە تایبەتی «هونەرمەندانی» خۆگونجاندوو لەتەک دۆخدا، بەڵام هەروەها پیاوانی ئایین، چەکی بەرەنگاری بەرز دەکەنەوە. ئێمە لێرەدا ترادیسیۆنێکی هونەریمان هەیە کە وەک لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە، ڕاستەوخۆ و ئاگامەندانە هەوڵ دەدات بە گوێرەی ڕەزامەندیی گشتی کار بکات. بەڵام چ ئەم هونەر و ناهونەرە ترادیسیۆنییە و چ هونەری خۆی ئازاد، بێپەیوەندی ماونەتەوە بە هزرێکی ڕەخنەییەوە. بێگومان لێرەدا ئەوە جەختە کە ئەقڵییەتی کۆنی خۆداکوتیو نە دەزانێ و نە دەوێرێ خۆی لە قەرەی دانوستاندنی کراوەی شیمانەکانی کاری هونەری و وەرگرتنی هونەری بدات، ئەویش چونکە ئەم شێوە هزرینە قەدیمییە لەسەر دەستووری زانست‌ـکردنی ئیسلامی، لەسەر پەرەپێدانی ئێستێتیکی عێراقی و بەعسی، لە کەسی سۆسیۆکولتوورییەوە ئاوەڵا دەبێ و زۆر جار دەشێ ئەو خۆی

لەو حاڵەتەی بەئاگا نەبێ. ئەم جۆرە ئەقڵیەتە نازانێ کە مرۆڤ لەنێو دامەزراوەی زانستیدا، بە دیراسەکردنی زانکۆیی، نابێ بە ڕەخنەگری هونەر، بەڵکو دەشێ لەم پەیوەندییەدا فێری هەندێک ڕوانگەی ڕەخنەیی و تەکنیکی دارشتنی ڕەخنەیی ببێ. ئاخر ئەوە پێش هەموو شتێک هۆشێکی ڕەخنەییە کە سەرەتا لە هەڵوێستی ژیانییانەی کەسدا دەردەکەوێ و «رەنگە»، گەر ئەو خۆی بیەوێ، بۆ ڕەخنەی هونەری خۆی پێیبگەیەنێ. هۆشێکی ڕەخنەیی لە ناخییەوە بە گومان تەنراوە، هەروەها ناسکە، چێژبینە، ڕاهێنانپێکراوە لە لایەن خودی کەسەکەوە، هۆشێکی قووڵبووەیە لەنێو جیهانی جوانیدا: لەنێو هونەردا، هەر بۆیە دەتوانێ جوان و ناشرین و ناجوان چ لە پەیوەندییە نێوکەسی و کومەڵایەتییەکان و چ لەنێو کایەی کارکردنی هونەریدا ببینێ. ئەم کەسە دەتوانێ لەنێو سەرسامبوونەوە بە جوانی گۆڕان بە دیدێکی ڕەخنەیی هونەر بدات و ئینجا کارا ببێ.
بێگومان ئەوە تەنها ڕەخنەگران و زانایان نین کە لەتەک فێنۆمێنی هونەر و کێشە کولتوورییەکانی هونەردا خەریک دەبن، بەڵکو زۆر جار دەشێ هونەرمەندان خۆیان هەڵوێستی ڕەخنەیی ڕووەو نێوەندی کولتووری وەربگرن: «زۆر جار ڕوو دەدات کە هونەرمەندان خۆیان هەوڵی تێماتیزەکردن دەدەن، ئەوان وەک هونەرمەند دەیانەوێ لەسەر شێوازی تایبەتمەندیان یان شێوازی بەخۆیی گۆڕانپێدراویان کۆمونیکاسیۆنێک بهێننە گۆڕێ، پردێک بۆ ڕاڤەی جیهان ڕابکێشن، یان، وەک چۆن لە ئیدیالیزمی ئەڵمانیدا دەگوترێ: دەیانەوێ «جیهانبینییەک» بگەیەنن».
ئاشکرایە هەموو هەوڵێکی خۆتێماتیزەکردن لە کۆمەڵە ترادیسیۆنییەکاندا کارێکی ڕەخنەیی هەڵوەشانگەرانەیە بە ئاڕاستەی ئەو کولتوورە، ئەویش چونکە کەس لەم پەیوەندییەدا بەڕێوەیە بۆ گۆڕاندان بە خۆیەکی ئازاد، یان کەس خۆی لەو ترادیسیۆنە ئازاد کردووە و بەدووی ئەمەدا بە ڕوانگەکەی خۆی گەیشتووە. بەڵام لێرەدا پێویستە جەخت لەو هەقیقەتە بکەین کە خەریکبوونی هونەرمەند بە پرسیارە هونەری و ئێستێتیکییەکانەوە، یان بە کێشە کولتوورییەکانی هونەرەوە، جیاوازە لە خەریکبوونی زانستی لەتەک هەمان ئەو کێشانەدا، جا گەرچی هیچ گومانی تێدا نییە کە لێرەدا هونەرمەندیش هەڵوێست ڕووەو هەمان ئەو کێشانە وەردەگرێ کە زانایان پێوەیان خەریکن. بەڵام کاتێک زانایان لە خۆتێگەیشتنی تایبەتمەندیانەوە بۆ دیسپلینەکەیان لەتەک هونەردا خەریک دەبن، ئەوا هونەرمەندان سەرەتا لە ئەزموونی هونەرییەوە، جا خۆیی بێ یان ڕەچاوکراو، هەڵوێست ڕووەو کێشەکان وەردەگرن. ئەوان خۆیان بەشێکن لە کێشە تێماتیزەکراوەکان، بەڵێ، ئەوان تا ڕادەیـەک خۆیان تێماتیزە

دەکەن. بەڵام ئەوان لێرەدا لە خۆیان نادوێن (گەچی دەشێ ئەمەش بکەن)، بەڵکو دەچنە نێو خەریکبوونی سەبژێکتیڤییەوە لەتەک کێشەکانی هونەر، لەتەک ئەقڵییەتی سەروەری کارکردنی هونەری و ئەو بڕیاردان و خۆدەربڕینانەدا کە مۆرکی تایبەتمەندی کولتوورییان هەیە.

## ٢

گارا سەرەتا پەیوەست بە هونەرەوە ئەو ڕوانگەیەی هەیە، کە هونەر ژیانە و و ژیان هونەرە. ئەم دوو تەوەرەیەی ژیان و هونەر لە یەکتری جیاناکرێنەوە. بێگومان لێرەدا هونەرمەند خۆی فاکتەری سەرەکییە. ئەوە هونەرمەندە کە گۆڕانی بە کارەکتەری هونەرمەندانەی خۆی داوە، واتا سەرەتا کاری لە خۆیدا کردووە؛ ئاخر مۆرکێکی کرۆکیی هونەرمەند بریتییە لە کراوەییەکەی. ئەو، وەک هونەرمەند، گەر لە نێوەندێکی ترادیسیۆنیشدا بژی، هێشتا هەر دەتوانێ مۆدێرن بێ، مۆدێرن-بوونیش ڕەهەندی ئازادی لە خۆ دەگرێ. کەواتە کەسی خەملّیوی نێو ترادیسیۆن ناتوانێ داواکاری بۆ مۆدێرن-بوون بەرز بکاتەوە، ئەویش چونکە کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە هەتا چەند تاکەکەس وەک ئازادێک بۆ ژیانی مۆدێرن، بۆ قبووڵکردنی ژیانی مۆدێرن، کراوەیە. کەواتە کەس بێ چەند و چوون هەڵوێستێکی ڕەخنەیی بەرانبەر کۆمەڵگای مێگەل، شێوەی ژیانی مێگەل، وەرگرتووە، ئەمەش لە خۆدا دڵسۆزییە بۆ ئەو ڕەهەندە نوێیە کە لە ناخی ئەو خۆیدا هاتۆتە گۆڕێ. بەڵام نەشیاوە بەبێ بەئاگابوونێکی ڕەخنەیی، واتا بەبێ خۆشیکاریی، پەرە بەم مۆرکە ژیانییە بدرێ و ببێ بە هەڵوێست. بێگومان مەرج نییە مۆدێرن و نامۆدێرن دوو تەوەرەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ بن، بۆ نموونە مەرج نییە تاکێکی دەرکەوتوو کەسێکی کراوە بێ بۆ هۆشی مۆدێرنە، بەڵکو دەشێ دەرکەوتوویەکەی تەنها لە تەنیاییەوە، لە نامۆییەوە، هاتبێ. هەستکردن بە مۆدێرنە بناغەکەیە، پاشان ڕادەی کارکردن لە خۆدا دێتە پاڵی و کەس بەو ڕێیەوە دەرفەت بۆ خۆی ئاوەڵا بکات فێر ببێ ئەو هەستە مۆدێرنە بکات بە بەئاگابوون لە مۆدێرنە. لەم ڕوانگەیەوە ئازادی لە هونەر جیانابێتەوە. هونەر شیاوی جیاکردنەوەیە لە ئیدیۆلۆژی و ڕەوشت، بەڵام لە ئازادی جیانابێتەوە. بێگومان بۆ پاڵ ئەمە ڕۆشنبیرییەکی ئازادیش پێویستە، ڕۆشنبیرییەک کە پرسیار بکات و ڕەخنە بگرێ، چونکە گەر ئەم ڕۆشنبیرییە لە گۆڕێدا نەبێ، ئەوسا زۆر دەشێ دەرفەت بۆ کەسانی ناڕاستگۆ و خۆهەڵواسیو بە هونەرەوە بڕەخسێ، کارەکانی خۆیان بە خشکەیی وەک هونەر ساغ بکەنەوە، یان ئەوسا زۆر دەشێ کەسانی ناڕاستگۆ خۆیان بە بابەتە نەتەوەییەکانی

وەک ڕووداوی هەڵەبجە و ئەنفال یان شەهیدەوە بگرن و جێگەی خۆیان خۆش بکەن.
بێگومان لێرەدا هیچ مەرج نییە کە ئەو جۆرە کارانە کە بە تێمە نەتەوەییەکانەوە خەریک دەبن، هونەر نەبن، بەڵام سەرباری ئەمە لێرەدا لایەنێک گرنگە: لە هونەری ڕەسەندا نەشیاوە، لەپاڵ فۆڕمدا، هەرگیز پرۆسە هونەرییەکە گرنگییەکەی خۆی لەدەست بدات. بەڵام ساغکردنەوەی ئەم کێشەیە هێندە ئاسان نییە. کەی هونەر لە کوردستان چووە نێو دانوستاندنەوە، یان پرسیار و دانوستاندنی هێنایە ئاراوە، ئەو کاتە دەروازەی تێگەیشتن لە هونەر دەکرێتەوە، وەرگری هونەریی ساغ دروست دەبێ و سەرەنجامەکەی دروستبوونی کولتوورێکی ساغ دەبێ.
بە تێڕوانینی گارا زەحمەتە کارە هونەرییەکانی ئەمڕۆ بە حوکمی مەزن و نامەزن بنرخێنرێن. هەر لەم ڕوانگەیەوە تەنها دوای هاتنەئارای «هونەر» و کارکردنی تیۆرییانە تێیدا، تەنها دوای دانوستاندنی ئەو پرسیارانە کە هونەرەکە لە خودی خۆیەوە هێناونییەتە ئاراوە، دەرفەت دەڕەخسێ هونەری مەزن و هەروەها ئەو ئیشانە کە کەم یان زۆر مۆرکی هونەری لە خۆ دەگرن، بەڵام لەبەر نوقسانیی تایبەتی ناشێ مەزن بن، لە یەکتری جیابکرێنەوە، بەڵام ئەمە هاوکات ئەو واتایە دەگەیەنێ، کە تەنها بەدووی سەرهەڵدانی ئەم دانوستاندنەدا دەرفەت دەڕەخسێ، لە بەئاگابوونی کولتوورییەوە مۆزەخانە بۆ هونەری مەزن دروست بکرێ. کەواتە دروستکردنی مۆزەخانەی هونەر پێش دانوستاندنی هونەر کە بە زمانی هونەری شێوەسازی ئەنجام بدرێ، ڕێگەیەکی پێچەوانە و هەڵەیە، بەڵێ ئەو کارە لە ڕواڵەتخوازی و لاساییەوە هاتووە و تەنها کولتوور دەشێوێنێ. ئاخر ئەو کارانە کە لە بواری هونەردا دەکرێن، گەر نەتوانن دانوستاندن بهێننە گۆڕێ، مافی ئەوەیان نییە بخرێنە مۆزەخانەوە.
ئەم پرسیارە هاوکات ئاڕاستەیەک ڕووەو ئەو هۆنەر و نووسەرە کوردانە وەردەگرێ، کە بە زاراوەی ئەدەبی لەبارەی هونەری شێوەسازی دەنووسن و بە هیچ شێوەیەک لەتەک هونەری شێوەسازیدا نەژیاون، ئەمەش کێشەیەکە کە تایبەتمەند نییە تەنها بە کوردەکان، بەڵکو تایبەتمەندە بە سەرجەم جیهانی ئیسلامی. هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام. بێگومان ئاشکرایە کە ئیسلام ئەدەبی مەزنی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام هونەری شێوەسازیی مەزنی نەهێناوەتە ئاراوە. بۆیە زۆر گرنگە کە زانایانی ئیسلام سەرلەنوێ دیراسەی قورئان بکەنەوە، تاکو بەو ڕێیەوە دەرفەت بۆ هەڵهێنجانی تێڕوانینی نوێ بڕەخسێنن کە دەشێ بەرهەمەکەی لە سەرەنجامدا، لەپاڵ کارەکانی ئەواندا، بریتی بێ لە سەرهەڵدانی ئێستێتیکێکی نوێ لە نێوەندی کولتووری ئیسلامیدا.
بێگومان دەشێ جارێ پرسیار بکرێ کە بۆچی خۆرهەڵات ئەوەندە پابەندی ئەو جۆرە

هزر و ئاڕاستە هونەری و ئەدەبییانەیە کە لە خۆرئاوا دەمێکە بوون بە فێرگە، لەوانە ڕۆمانتیک، سیمبۆلیزم، سوریالیزم و هتد. هۆی ئەم پابەندبوونە لە ڕوانگەی گارا لە «فوگر»ەوە دێ، واتا لە هەژاریی کولتووری و هونەرییەوە سەرهەڵدەدات. ئاخر فێرگە هونەرییە مەزنەکانی خۆرئاوا لە لایەن کۆمەڵێک کاری ئاگامەندانەوە هاتوونەتە ئاراوە نەک لە خۆوە دروست بووبن، لێرەشدا جوان نییە کەسانی کولتوورەکانی دەرەوەی خۆرئاوا لاسایی ئەو جۆرە هونەرانە بکەنەوە. بێگومان دەشێ کەسێک ئەو جۆرە شێوازە هونەرییانە بەکاربهێنێ، بەڵام دەبێ ئەو کەسە خۆی جەخت لەو بەکارهێنانەوەیە بکات. بە پێچەوانەوە خۆهەڵواسین بە فێرگەیەکی هونەریی خۆرئاواییەوە کارێکە کە زەحمەتە ناوی هونەری لێبنرێ.
کێشەیەکی کرۆکی لە کولتووری ئیسلامیدا بە کوردی و عەرەبیشەوە ئەوەیە، کە مامەلەکردنی هونەرمەندان لەتەک خۆرئاوادا بە چەشنێکە کە ئەوان شتەکان نابینن یان لەتەکیاندا ناژین (موعایەشەیان ناکەن)، کە ئیتر پاشان لە ئەنجامی ئەم لەتەک ژیانەدا شتێکی تایبەتمەند بە خۆیان بهێننە ئاراوە. بێگومان دەشێ لێرەدا ئایین کاریگەریی هەبێ، بەڵام سەرباری ئەمە کێشەکە بەندە بە خودی تاکە کەسەوە. بێگومان ئاشکرایە کە ئاینی ئیسلام پشتگیریی تەلارسازیی کردووە: هینی مزگەتی گەورە بە زەخرەفە و تەلارسازی و لایەنەکانی دیکەوە، هەروەها ئیسلام پشتگیریی گرافیکی کردووە، بەڵام پشتگیریی هونەری شێوەسازیی نەکردووە. ئایا هۆی ئەمە لە چیدایە؟ ڕەنگە هۆ سەرەکییەکەی ئەمە لە هەڵوێستی یەکلایەنیی پیاوانی ئایندا بێ بەرانبەر بە وێنەی مرۆڤ. بەڵام لە بنەڕەتدا هەتا ئەمڕۆ ساغ نەبۆتەوە کە داخۆ لە ئیسلامدا وێنەی مرۆڤ حەرام یان حەلاڵ بێ. بەگشتی کۆمەڵگا ئیسلامییە خۆرهەڵاتییەکان هونەرمەندی شێوەسازیان نەگرتۆتە خۆیان، نەخێر، لەو کۆمەڵگانەدا هونەرمەندی شێوەساز نامۆیە، سەرەنجامەکەشی سەرهەڵدانی تەنگژەی سایکۆلۆژییە لە ناخی هونەرمەندانی شێوەسازدا.
کێشەیەکی کرۆکیی جیهانی ئیسلامی ئەوەیە کە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دەترسن: ئەوان دەترسن شوناسەکەیان، ئاینەکەیان، لەدەست بدەن و هەموو شتێک ببێ بە خۆرئاوایی. بەڵام کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ مامەڵە لەتەک ئەو ترسەدا ناکەن، کە ئیتر لە سەرەنجامدا ترسەکە ببێ بە هێزێکی پاڵنەر بۆ کارکردن لە خۆدا. بێگومان خۆرئاواش دەترسێ، بەڵام کاتێک خۆرئاوا لە ترسدا کار لە خۆیدا دەکات، ئەوا ئیسلام بە پێچەوانەوە دەترسێ و لە ترسدا خۆی دادەپۆشێ. ئیسلام لە ترسدا تۆقیوە. ئاخر خۆرئاوا لە هەموو کونێکی خۆرهەڵاتدا کار دەکات. تەلارە

بەرزەکانی دوبەی و ڕیاز بەرهەمی خۆرئاوان، گەلەرییەکانی ئەسکەندەریە خۆرئاواییین. کێشەی مۆدێرنە لەنێو خودی وڵاتە عەرەبییەکاندا ئەوەیە کە مۆدێرنە نەیتوانی بەرهەڵستیی ترادیسیۆن بکات و بۆیە نشوستیی هێنا. بێگومان نەشیاوە نکۆڵی لەو هەقیقەتە بکرێ کە هەندێک ڕۆشنبیر کاریان لە کولتوورەکەی خۆیاندا ڕووەو مۆدێرنیزەکردن کردووە، سەرباری ئەمەش سەرجەم موفرەداتی مۆدێرنە، بۆ نموونە تەلەڤیزیۆن، جادە و ئۆتۆمۆبیل، پانتۆڵ و مێز و کورسی و هتد، نەبوون بە بابەتی دانوستاندن. ئاخر کولتووری دانوستاندن لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکاندا نییە، بۆیە ئەو دەگمەنە کەسانە کە دەیانەوێ کاری ڕەخنەیی لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا بکەن، دەکەونە بەر دژایەتیی سەلەفییەکان.

شیروان خان سەرەتا ڕوو دەکاتە کێشەی پەسەندکردنی هونەری وڵاتانی دەرەوەی خۆرئاوا لەنێو گلۆبالدا. ئەو دەبێژێ لە «دۆکومێنتای ۱۰» بەدوواوە هەوڵ دراوە هونەری شێوەسازیی وڵاتانی دیکەش لە خۆرئاوا پەسەند بکرێ، بەڵام جارێ پرسیارەکە لەوەدایە کە داخۆ چۆن هونەری ئەو وڵاتانە جێی خۆی لەنێو گلۆبالدا بکاتەوە. ئایا ئێمە دەتوانین بە گەڕانەوە بۆ مێتۆدی هونەری ئەورووپی هونەری ناوچەیی هەڵببژێرین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە باشترە سەرەتا پرسیارێکی دیکە بکرێ: ئایا چۆن دەتوانرێ ڕەخنەی هونەر بهێنرێتە گۆڕێ؟ ئاشکرایە بەئاگابوونی ئەورووپی و مێژووی هونەری ئەورووپی ئەوەی ناکرێ، بەڵکو پێویستە پرسیارەکە ئاڕاستەی بەئاگابوونی خۆیی بکرێتەوە. بۆیە چاکتر دەبێ کە مرۆڤ پرسیارێکی هەرە سەرەتایی و سادە بکات: ئایا «لای ئێمە»، لای کوردەکان، هونەرمەندی شێوەساز هەیە هەتا ئیتر هونەری شێوەسازی هەبێ؟ ئەم پرسیارە ئێکسپێریمێنتییە دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێ پرسیارێکی دیکە بکەین: ئایا هونەرمەندی ئازاد هەیە؟ پێدەچێ گەڕانەوە بۆ مێژوو دەرچۆیەک بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە: سەرەتا لە بیستەکاندا هونەری کلاسیکیی ئەورووپی بەڕێی عوسمانییەکانەوە هات و هونەر لە هەندێک ڕووەوە لەژێر کاریگەریی هونەری کلاسیکی ئەڵمانیدا بوو، پاشان لە سی و چلەکاندا هونەرمەندانی عێراق بەر هونەری مۆدێرنی ئەورووپی کەوتن، بەڵام جۆری تێگەیشتنی هونەرمەندانی عێراقی بوو بە پاڵنەر بۆ پەرەسەندنی هونەری ناسیۆنالیستی، کە دوای گەڕانەوەی «هونەرمەندانی شاخ» لە نەوەدەکاندا جارێکی دی زیندوو دەبێتەوە. بەڵام گرنگ لەم گۆڕانەدا ئەوەیە کە بەئاگابوونی خۆیی هەمیشە ناکاریگەر ماوەتەوە، بەڵێ تەنانەت شکۆفەی نەکردووە. بۆیە پرسیار سەبارەت بە

هونەری مۆدێرن دەکەوێتە بەردەم کێشەی نرخاندنی: ئایا لەوحەیەک بەگوێرەی مێژووی هونەری ئەوروپی مۆدێرنە یان پەیوەست بە هونەری لای خۆمانەوە؟ ئەم پرسیارە دەمان خاتە بەردەم کێشەیەکی هەرە کرۆکی: «خۆ»ی نادیار کە ناشێ هەبوونەکەی هەر وا سووک و ئاسان خۆمەندانە بسەپێنرێ: «ئەم کارەم خۆییە». ئاخر هەتا ئەمڕۆ «خۆ» و جیاوازییەکەی لە«ترادیسیۆن» ساغ نەبۆتەوە، ڕەنگە هۆی ئەمەش لەوەدا بێ کە هەتا ئەمڕۆ پرسیارەکانی فۆڕم و ڕاوم (فەزا) و هتد بە شێوەیەکی مێتۆدی نەکراون، بەڵکو مرۆڤ بەزۆریی شوێن تیۆرییە نوێکانی هونەر کەوتووە. بەڵام پەیوەست بەم کێشەیەوە پرسیارێکی دیکەی کرۆکی نەشیاوی دەستبەرداریيە: ئایا هونەرمەندی کورد دەتوانێ لە ترادیسیۆن بچێتە دەرەوە؟ وەک ئاشکرایە، کۆمەڵگا و خێزان ترادیسیۆنین، جادە و تەلارسازی ترادیسیۆنین، تەنانەت خودی فۆڕم ترادیسیۆنییە. بۆیە کاتێک مرۆڤ فۆڕمێکی نوێی تەلارسازی یان هەر دیاردەیەکی دیکەی نوێ دەبینێ، ئەوا دەشێ لە لای پرسیارێک بێتە ئاراوە، کە داخۆ ئەو دیاردەیە پەیوەندیی بە بازاڕی گلۆباڵەوە نەبێ. ئەم پرسیارەش گونجاوە، چونکە ئایا کەسی ترادیسیۆنی کە گەر خۆکەی نەگرتبێ تاکو کاری تێدا بکات و بەم ڕێیەوە نوێی بکاتەوە، لە کوێوە ئەو فۆڕمە نوێیەی هێنا؟ گەر ئەو لەو ترادیسیۆنەوە ڕووەو ئازادی و داهێنانی نوێی ئازاد نەچووبێ، بەڵکو تەنها لەنێو فەزای ترادیسیۆنیدا بژی و بەزرێ، جا گەر ئەو تەنانەت لە خۆرئاوا بژی، ئەوا ناتوانێ ئەفراندنی ئازاد بکات. ئاخر ئەو فەزا ترادیسیۆنییە شرۆڤەی گەرەکە، کەواتە مێتۆدێک پێویست دەبێ و مەرجی ئەم مێتۆدەیش بریتییە لە بکەرێکی هەمەلایەنی و ئازاد. پرسیارێکی دیکەی کرۆکی ڕوو دەکاتە دروستنەبوونی بەئاگابوونی فۆڕم یان ساغنەکراوەیی ئەو بەئاگابوونە، ئەمەش تەنها کێشەیەکی کوردی نییە، بەڵکو کێشەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی دیکەشە، بەڵێ تەنانەت کێشەی هەموو کولتوورەکانی دەرەوەی خۆرئاوایە. بەڵام هەتا دەرککردنی خۆیی بۆ فۆڕم شرۆڤە نەکرێ، پرسیاری فۆڕم ساغ نابێتەوە. ئاخر ئاشکرایە بینینی ئاسیایی و ئەوروپی بۆ فۆڕم جیاوازن، ئەمەش پرسیارێکی گرانە و شیروان خان بەکراوەیی دەیهێڵێتەوە. بەڵام لایەنێک جەختە: کەسی چالاکی نێو هونەر، تەنانەت هونەرمەندیش، لەژێر کاریگەریی هونەری دەرەکیدایە و ئەویش پێی نازانێ یان دان بەوەدا نانێ کە ئەو فۆڕمە هینی ئەو نییە.

شیروان خان هاوکات کێشەیەکی کرۆکیی هونەرمەندان دەهێنێتە نێوانەوە: کێشەی پەیوەندی یان ڕاستتر ناپەیوەندی لە نێوان نەوەکاندا. کوردەکان لە ترادیسیۆنەوە بەئاگابوونی نەوەییان نییە. بەڵام شیروان خان ئاماژە بۆ نەوەکەی خۆی دەدات کە لە

لای جۆره بەئاگابوونێکی نەوەیی هاتە ئاراوە، بێگومان بەبێئەوەی مێتۆدێکی خۆیی بۆ کارکردن لەو بەئاگابوونە نەوەییەدا هەبووبێ. هێشتا ئەوە ڕوون نەبۆتەوە کە ئەو نەوەیەی نەوەدەکان چۆن بوو. جگە لەمە ئەو نەوەیە نەیتوانی دیالۆگێک لەگەڵ نەوەی هەشتاکان و حەفتاکاندا بهێنێتە گۆڕێ و بەڕێی ئەو دیالۆگەوە بتوانێ پوختتر بائاگابوونی خۆی بۆ خوێندنەوەی جیاوازییەکان گۆڕان پێبدات. بەڵام هۆکەی بە تێڕوانینی شیروان خان دەگەڕێتەوە بۆ نەوەی هەشتاکان کە لە ناخییەوە بەئاگابوونی نەوەیی نەبوو. ئاخر هەرچۆنێک بێ نەوەی نەوەدەکان هێندە کراوەیی هەبوو کە دەرفەتی بۆ ڕەخساند بتوانێ لەتەک نەوەی پاش خۆیدا شێوەیەکی پەیوەندی دروست بکات. بێگومان لە نێوان ئەو دوو نەوەیەشدا کێشەی دیالۆگ هەیە، هۆی ئەمەش بە تێڕوانینی شیروان خان لەوەدایە کە، گەرچی نەوەی نەوەدەکان هەڵوێستێکی بەبەرهەمی بەرانبەر بە «من» وەرگرت، سەرباری ئەوە بۆ ئەو هێشتا هەر پرسیاری شوناسی خۆیی و هونەری ساغ نەبوونەتەوە. هەمان کێشە نەوەکەی پاشا خۆیشی دەگرێتەوە. بەڵام هەر چۆنێک بێ ئەوان توانیویانە هەتا ئەمڕۆ درێژە بە هاوکارییە هونەرییەکانیان بدەن، لێرەشدا ئەوان لەکاتی کارکردنی هونەریدا هەوڵ دەدەن دیالۆگ بهێننە گۆڕێ نەک لە ئەنجامی دانوستاندنەوە. لەم دیدەوە لایەنێک ئاشکرا دەبێ: نەوەی حەفتا و هەشتاکان بە پەککەوتەیی ژیانە سادە و ناڕەخنەییەکەی خۆی بەڕێوە دەبات.

بە تێڕوانینی ئاڤان سدیق هونەر لە دەرەوەی هەر مەبەستێکی دەرەکیدایە. هونەر کایەیەکە بۆ خۆی، ئەو خۆی مەبەیتی خۆیەتی. بێگومان ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێ کە هونەر لە دەرەوەی ژیاندایە. هونەر دیوێکی ژیانە، بەڵام نەک وەک دیوێکی ڕوون و ئاشکرا کە بە مرۆڤ بڵێ «ئەمە ڕاستە و ئەوە هەڵەیە». ئاخر گەر هەوڵ بدرێ هونەر وەک ڕۆڵێکی ڕیفۆرمیستی وەربگرێ، ئەوسا بەم هەولەی کارێک ئەنجام دەدات کە ناچێتە چێوەی هونەرەوە.
ئاڤان سدیق مێژووی هونەری شێوەسازی لە عێراق وەک مێژوویەکی زۆر نوێ دەبینێ. ئەم مێژووە لەو کاتەوە سەرچاوە دەگرێ، کاتێک هونەرمەندانی عێراق لە سییەکاندا دەڕۆن بۆ دەرەوەی عێراق و پاشان کە دەگەڕێنەوە، «هەندێک شتی نوێ لەگەڵ خۆیاندا دەهێننەوە». بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە داخۆ هونەرمەندی کوردی-خۆرهەڵاتی بۆی هەبێ پشت بە هونەری ئەوروپی ببەستێ یان درێژەپێدەری هونەری ئەوروپی بێ. ئەمە لە ڕوانگەی ئاڤان سدیق نەشیاو نییە، هۆی ئەمەش ئاشکرایە:

گەر چێوەیەک تەنها سنوورێکی مرۆڤیی هەبێ، ئەوا مرۆڤ زۆر چاک دەتوانێ لەسەر مێژووی هونەری ئەوروپی کار بکات، بەڵام نەک بە شێوەی لاساییکردنەوە، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێ ئازادانە و بە تێپەڕاندن کار بە هەموو شیمانە هونەرییەکان بکات، وەک بۆ نموونە ئیشی ڕیالیستی، ڤیدیۆ-ئینستالاسیۆن یان ڕاوم-ئینستالایۆن، ڕەسم بە شێوە ئەبستراکتەکەی یان ئێکسپرێسیۆنیستییەکەی (تەعبیرییەکەی). بەڵام زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ بەبێ ئاوەڵاکردنی خۆیەتی، ئیشەکەی لە فۆڕمێکی نوێدا ئەنجام بدات، چونکە گرنگ لێرەدا ئیزافەکردنێکی نوێیە نەک درێژەپێدان. کەواتە پێویستە تاک خۆی دابڕێ، تاکو خۆی بگەیەنێتە ئاستێکی ئەوتۆ کە ئیتر ڕەخنەی خودی خۆی پێ بێ، ئەمەش لەو واتایەدا کە ئەو لە پێشینەی خۆی تێبگات.

**کاوە جەلال: ئەزموونی ژیان بۆ هونەرمەند گرنگە. چۆن ئەم کێشەیە لە ڕوانگەی خۆتەوە دەبینیت؟**

**گارا:** من لەم حاڵەتەدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو کتێبە کۆنانە کە دەڵێن ژیان هونەرە و هونەر ژیانە. پەیوەندیی هونەر بە ژیانەوە ئەوەیە کە لە یەکتری جیا ناکرێنەوە، ئەوەش دەکەوێتە سەر هونەرمەند خۆی کە ئەزموون دەکات. من حەز ناکەم بڵێم پێویستە هونەرمەند ئاوها یان ئاوها بێ. هونەرمەند تا هونەرمەند کەوتووە، هونەریش لە خودی هونەرمەند جیا نابێتەوە. ئەو لە هەر کوێ بێ، هونەرمەندە، ئەوەش زەحمەتە کە ئەو خۆی بڕیاری لەسەر بدات. کارەکتەری هونەرمەند یەکێکە لە بەرهەمە سەرەکییەکانی ئەو خۆی. ئەو کارەکتەرە کە هونەرمەند هەیەتی، بەشێکی گرنگی کارەکەی خۆی دروستی کردووە، یان پەیوەندیی بە کارەکەی خۆیەوە هەیە.

**کاوە جەلال: کێشەیەکی گرنگت هێنایە نێوانەوە: کارەکتەری هونەرمەند. دەتوانین بڵێین هونەرمەند دەشێ داخراو یان کراوە بێ، دەشێ زۆر خۆویستانە و یەکچاوی دوای مەبەستەکانی خۆی بکەوێ، هونەرمەند هەروەها دەشێ بەپێی کارەکتەری بۆ نێوەندە کولتوورییە جیاوازەکان، بۆ نموونە کولتوری خۆرئاوایی، کراوە بێ. ئایا تۆ چۆن ئەمە دەبینیت؟**

**گارا:** بۆ من هونەرمەند مرۆڤێکە کە هەمیشە کراوەیە. من هونەرمەندی داخراو ناناسم.

کاوە جەلال: ئایا ئەمە جیاوازییەکە لە نێوان هونەر و ناهونەردا؟

گارا: نەخێر، من لە هونەر و ناهونەر نادوێم، من لە کارەکتەری هونەرمەند دەدوێم.

هونەرمەند وەک هەموو مرۆڤێکی سێنس-ناسک (حەساس) ترسێکی وجودی هەیە، بەڵام ئەو هەمیشە کراوەیە: کراوەیە بۆ ئەزموونی نوێ، بۆ مرۆڤی دیکە، بۆ کارەکتەری نوێ، ئەو تەنانەت بۆ کارتێکەریی سروشت و ڕیالێتی (واقیع) لەسەر خودی خۆی، لەسەر کارەکانی، کراوەیە. ئەو کراوەیە. ئەمەیە کە ڕەهەندەکانی هونەرمەند فراوان یان ئازاد دەکات. من هونەرمەندی داخراو ناناسم.

**کاوە جەلال: لە کوردستان یان بە گشتی لە جیهانی ئیسلامیدا باس لە ترادیسیۆن و مۆدێرنە دەکرێ. ئایا داهێنانی مۆدێرن لە کەسی تاک جیا دەبێتەوە؟ ئایا بۆ نموونە کوڕێکی شاری سلێمانی، کە کتومت کوڕی شارەکەی خۆیەتی، دەتوانێ مۆدێرن بێ؟**

**گارا:** بەڵێ ئەو دەتوانێ مۆدێرن بێ. گەرچی مۆدێرنە بە واتا ئەکادیمییەکەی پرۆسەیەکە لەنێو کۆمەڵگای مەسیحیی خۆرئاوادا هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام ئێمە لێرەدا پەیوەست بەم پرسیارەوە دەتوانین باس لە ڕۆحی مۆدێرنە بکەین. ڕۆحی مۆدێرنە چەمکێکە (تێگەیەکە) کە هینی من نییە، بەڵکو کەسانی دی دۆزیویانەتەوە و کاریان لەسەر کردووە؛ بەڵام مەرج نییە مەسیحی یان جولەکەیی بێ، بەڵکو زۆر دەشێ کەس خۆی لە سروشتییەوە بەرانبەر مۆدێرنە پۆزەتیڤ بێ. جگە لەمە مۆدێرنە ڕەهەندی ئازادی لە خۆ دەگرێ. لێرەوە ئەو کەسە دەتوانێ، جا کوڕ بێ یان کچ، لە کەرکوک بێ یان ڕیاز یان مەراکیش، لە وڵاتەکەی خۆیشیدا مۆدێرن بێ. بەڵام دەبێ لێرەدا بزانین مۆدێرن و مۆدێرنە دوو چەمکی جیاوازن لە یەکتری.

**کاوە جەلال: بەڵام مۆدێرنبوونیش لە خودی کەس جیا نابێتەوە. کەس لەنێو ترادیسیۆندا پێگەیشتووە، پەروەردەیەکی ترادیسیۆنی کراوە، کەواتە بۆ مۆدێرنبوون پێویستیی بە پرۆسەیەکی خۆنوێکردنەوە هەیە، ئەو بەدووی ئەمەدا دەتوانێ دیدێکی گشتی بەرانبەر ترادیسیۆن گۆڕان پێبدات، ژیانێکی مۆدێرن بەڕێوە بەرێ یان کاری مۆدێرن بخاتەوە.**

**گارا:** کرانەوە بۆ مۆدێرنە یان مۆدێرنبوون شتێکی دەستکرد نییە، یان بڵێین، کەسەکە خۆی ئەو شتە بەزۆر دروست بکات. تۆ باسی کۆمەڵگای ترادیسیۆنی و مۆدێرن دەکەیت، ئەمە زۆر قسەی لەسەر دەکرێ، بە تایبەتی لە کۆمەڵگاکانی دەرەوەی مۆدێرنەدا. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە هەتا چ ڕادەیەک کەس خۆی هەست دەکات کراوەیە بەرانبەر ژیانی مۆدێرن، هەتا چ ڕادەیەک کراوەیە بۆ قبووڵکردنی ژیانی مۆدێرن، جا گەر تەنانەت ئەو خۆیشی لە کۆمەڵگایەکی زۆر ترادیسیۆنیدا بژی. دەشێ بۆ نموونە کەسان هەبن شاز بن، پەروەردەیەکی ترادیسیۆنی قبووڵ نەکەن،

یان هەست بە نەگونجان بکەن لەگەڵ کۆمەڵگاترادیسیۆنییەکەدا. ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بەدی دەکرێ، ئەمە لە مەودای تاکەکەسدا هەیە، زۆر هەیە؛ ڕاستە لە کۆمەڵگای ترادیسیۆنیدا مێگەل هەیە، ئەو خۆی کۆمەڵگای مێگەلە و خەڵکەکە لەگەڵیدا دەڕۆن، بەڵام هەموو کات کەسان هەن کە لەو ترادیسیۆنە یاخی بوون؛ ئیتر دەشێ کەس لێرەدا فۆڕمێکی هونەری بەو یاخیبوونەی بدات، جا ئەمە لە بواری هونەر یان ئەدەبدا بێ، یان بە ژیانی ڕۆژانە و فۆڕمی خۆپۆشین ئەو فۆڕمەی پێبدات. کەسەکە خۆی هەست دەکات هەتا چەند دڵسۆزە بۆ ئەو ڕەهەندە ڕاستگۆیە کە لە ناخیدا هاتۆتە ئاراوە. ئینجا گەر ئەو ئێستا پەرەی پێبدات یان نەیدات، ئەمەیان مەسەلەی هوشیارییە؛ ئەو دەتوانێ بە خوێندنەوە، بە بینین و هتد، توانای پەرەپێدان ئاوەڵا بکات. بێگومان سەختە گەر کەسێک مۆدێرن بێ یان ڕەهەندی مۆدێرنی تێدا بێ، لەنێو کۆمەڵگایەکی ترادیسیۆنیدا بژی، بەڵام ئەو جۆرە کەسانە هەن. بە پێچەوانەشەوە دەبینین، کە کەسانی زۆر ترادیسیۆنی لەنێو کۆمەڵگا مۆدێرنە خۆرئاواییەکاندا هەن. ئەمانە خەون بە ژیانی ترادیسیۆنییەوە دەبینن.

**کاوە جەلال: کەواتە کەس پێویستە بەئاگابوونی خودی خۆی هەبێ، تاکو بتوانێ بەسەر ئەو ناخەشدا بەرز ببێتەوە کە سەرەتا بەڕێی پەروەردەوە خودی کەسێتیی ئەوی پێکەێناوە. ئایا هەر ئەوەندی لەنێو خودی کەسدا پرسیاری جیاواز سەریانهەڵدا، سەرەتا پێویست نابێ ئەو هەوڵ بدات بە شێوەیەکی ڕەخنەیی بەسەر خودی خۆیدا بچێتەوە؟**

**گارا**: ئەوە دەکەوێتە سەر کەسەکە. من هەموو مرۆڤێک بە مۆدێرن و نامۆدێرن دیاری ناکەم. مەبەستم لەوەیە کە مەرج نییە مۆدێرن پۆزەتیڤ بێ و نامۆدێرن نێگەتیڤ بێ. مۆدێرن ئەوە نییە کە من هەمیشە بە پۆزەتیڤ ببینم. ڕاستە ڕەهەندی یان توخمی تاک یان تاکەکەس بۆ مۆدێرنە زۆر گرنگە، بەڵام تاک هەیە و تاک هەیە. جگە لەوە مەرج نییە ئەو شێوازە کراوەیی بێ بۆ ڕۆحی مۆدێرنە، دەشێ کەس کێشەی دیکەی هەبێ، دەشێ ئەو تاک بێ، تەنیا بێ، یان غەریب بێ. من وای دەبینم، ئەوە سەرەتا هەستکردنە بە مۆدێرنە، پاشان ڕادەی کارکردنە لە خۆیدا، تاکو بتوانێ زۆرتر بکەوێتە دوای ئەو هوشیارییەی یان ئەو حاڵەتانەی کە ئەو خۆی هەستیان پێدەکات؛ ئەوە جوانە، گەر ئەو ڕاستگۆ بێ لەگەڵ خۆیدا و کاری بۆ بکات، مستومالّی بکات (×قلی بکات) تاکو دەگاتە ئەنجامێک یان ناگات.

**کاوه جەلال: تێڕوانینێک ئەوەیە، کە مۆدێرنە لە فۆڕم جیا نابێتەوە. ئایا لەم حاڵەتەدا، کە باس لە کێشەی فۆڕم دەکەین، دەشێ فۆڕم وەک هەڵهاتنی ئیدێ بەنێو کەرەسەدا ببینین، وەک چۆن بۆ نموونە ئەرِیستۆتێلیس دیاریی دەکات، یان فۆڕم سووک و ئاسان شێوەیە؟**

**گارا:** بێگومان! فۆڕم بە کوردی واتای شێوە دەگەیەنێ، یان بە عەرەبی واتای «شکل» دەگەیەنێ. من شارەزای ئەرِیستۆتێلیس نیم، بۆ من ئەزموونی خۆم گرنگە. فۆڕم شێوەیە، ئەمەش نەک (تەنها) بە واتا زمانەوانییەکەی، بەڵکو بە واتا کانتییەکەشی. فۆڕم ناشێ هەرگیز پشتگوێ بخرێ. هەروەها فۆڕم دەشێ ناوەڕۆک بێ. بێگومان زەحمەتە بڵێین ناوەڕۆک فۆڕمە، بەڵام دەشێ فۆڕم ناوەڕۆک بێ. فۆڕم لە هونەری شێوەکاریدا زۆر گرنگە، هەر بۆیە ئەم هونەرە ناو دەنرێ هونەری شێوەکاری، واتا مامەڵەکردن لەگەڵ فۆڕمدا. زۆر سەختە لە هونەری شێوەکاریدا قوربانی بە فۆڕم بدرێ؛ ناوەڕۆک شتێکی دیکەیە، ئەمە دەکرێ بە شێوەیەکی دیکە دانوستانی لەسەر بکەین: ناوەڕۆکی کارەکان چۆنە و چۆن نییە، بەڵام لە هونەری شێوەکاریدا فۆڕم بە ڕادەی یەکەم دێت.
شێوە ئەو حاڵەتە گشتییەیە کە یەکسەر لە یەکەم چرکەساتدا بەر چاو دەکەوێ. شێوە زوو دەبینرێ یان زوو هەستی پێدەکرێ. ئەوە یەکەم جار شێوەیە کە کاریگەری دەنوێنێ، پاشان دوای ئەمە ناوەڕۆک دێت. ئەمەش دەشێ شێوەی ڕەنگ، شێوەی هێڵ، شێوەی فەزا، شێوەی گشتیی کارە هونەرییەکە بێت، پاشان ناوەڕۆک دێت. پاشان کەسەکە دەتوانێ بە هوشیارییەوە، بە هۆشییەوە، بە بینینەوە (من باس لە بینینی چاو ناکەم، باس لە بینینی ئەقڵ دەکەم) لە ناوەڕۆکدا قووڵ ببێتەوە، ئەو لەوانەیە نەتوانێ پێی بگات، لەوانەیە بگات بە حاڵەتێک بڵێ: «لێی تێگەیشتم»، بەڵام ئەمە زەحمەتە، سەختە، بە تایبەتی لە حاڵەتی هونەری شێوەکاری یان موزیکدا.

**کاوه جەلال: ئێمە دەتوانین ساغکردنەوەیەک دابین بکەین: کاری هونەریی مەزن خۆی خۆی لە ژیاندا دەهێڵێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە مەسەلەکە چیدی ئەوە نییە کە مرۆڤ بتوانێ بە کردنەوەی مۆزەخانەی هونەری هەنگاو بنێ بۆ مەزنیدان بە هونەر.**

**گارا:** سەرەتا من ناڵێم چ کارێکی هونەری مەزنە و چ کارێکی هونەری مەزن نییە. من ئەوەندە متمانەم بە مێژووی هونەر نییە. ئەمڕۆ هەندێک کاری هونەری هەن چوونەتە

مێژووەوە. بەڵام ئەو کارانەی ئەمڕۆ دەکرێن، زەحمەتە لەبارەیان بگوترێ کە گوایە هەندێکیان مەزنن و هەندێکی دیکەیان ئەوها نین. پاشان حوکمدان لە هونەردا یەکێکە لە هەرە هەڵە گەورەکان. بە نیسبەت مۆزەخانە و کاری هونەرییەوە من بڕوام وایە کە هەمیشە ناوەڕۆک شێوە بۆ خۆی دروست دەکات، لە بواری هونەری شێوەکاریدا پێویستە جارێ هونەر هاتبێتە ئاراوە، خەملا بێ، دانوستانی لەسەر کرابێ، هونەرەکە پرسیاری دروست کردبێ، پرسیار لەسەر هونەرەکە هەبێ، کاری تیۆریانەی زۆری تێدا کرابێ، ئەو کاتە هوشیاریی کولتوورەکە دەتوانێ مۆزەخانە دروست بکات، بۆ ئەوەی ئەو کارە هونەریانە لە خۆ بگرێ. بەڵام هەڵەیەکی گەورە دەبێ، گەر پێش هاتنەئارای هونەر و دانوستاندن لەسەر هونەر، ساختمانی مۆزەخانە دروست بکرێ، چونکە نەشیاوە هونەر دروست بکرێ، نەشیاوە هونەر بەبێ دانوستانکردن لەسەر هونەر بێتە ئاراوە. کولتوورێک کە نەتوانێ دانوستاندن لەسەر هونەر بهێنێتە گۆڕێ، بۆی نییە مۆزەخانە دروست بکات. کولتوورێک نەتوانێ پرسیارە هەرە ڕاستەقینەکان، هەرە گرنگەکان، لە هونەرمەند بکات، ناتوانێ مۆزەخانە دروست بکات، ئەگەر دروستیشی کرد، ئەوا کارێکی هەڵەی کردووە. کاری هونەری یان هونەرێک کە نەتوانێ جەماوەرێک بۆ خۆی دروست بکات، یان نەتوانێ پرسیارێک بخوڵقێنێ، چەند دانوستاندنێک بهێنێتە گۆڕێ، بۆی نییە بچێتە مۆزەخانەوە. کێشەی مۆزەخانە زۆر گرنگە، خۆرئاوا ئەزموونی تێیدا هەیە. ڕەنگە هەندێک دەوڵەتی خۆرهەڵاتیش هەبن ئەزموونیان بۆ مۆزەخانە، بۆ هەندێک لەو کارانە، هەبێ کە چوونەتە مێژووەوە، وەک مۆزەخانەی کارە هونەرییە مێسۆپۆتامییەکان، جا بابلی یان ئاسوری بن، یان مۆزەخانەی کارە هونەرییە فیرعەونییەکان. ئەمە ئاساییە. بەڵام مەبەستی من هونەری نوێیە، ئەو بوارەش کە من کاری تێدا دەکەم، هونەری نوێیە، یان هونەری هاوچەرخە. من ئەمە دووپات و سێپات دەکەمەوە، بەبێ دانوستاندنی گەورە، بەرفراوان و قووڵ، دانوستاندنێک کە بە زمانی ئەدەبی و کولتووری ئەنجام نەدرێ، بەڵکو بە زمانی هونەری شێوەکاری، چوونی ئەو هونەرە بۆ نێو ساختمانی مۆزەخانە هەڵەیە.

**کاوە جەلال: کەواتە گەر ئێستا ئەم پرسیارە بە کولتووری کوردییەوە پابەند بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین، کە لەبەر ئەوەی کوردەکان دانوستاندنیان لەو بوارانەدا زۆر کەمە، ئەویش چونکە زمانی هونەری هێشتا دروست نەبووە، زانای جیاوازی لێتوێژەرەوەی بابەتە هونەرییەکان نییە، جا لە زانکۆ بێ یان وەک کاری کەسانی لێتوێژەرەوەی سەرخۆ بەریخرێ، ئەوا لێرەدا بەو حاڵەتە دەگەین، کە لێتوێژینەوە و خەریکبوون**

**بە بابەتە هونەرییەکانەوە کەموکورتییان هەیە لە بواری زانستی هونەریدا، هەروەها کەموکورتی هەیە لە تیۆریزەکردن لە بواری هونەریدا، بۆیە گەر بە کوردی لەسەر زۆر کێشەی هونەری بدوێین، ئەوسا دۆش دادەمێنین بۆ تێگە بناغەییەکانی هونەر. ڕای تۆ سەبارەت بەمە چییە؟**

**گارا:** من بەگشتی کولتوورناس نیم، هەروەها من شارەزاییم لە کولتووری کوردیدا کەمە، بەڵام هەندێک لەو نووسینانەی لەسەر هونەر دەیانخوێنمەوە، بەگشتی سەیرن؛ ئەوانەی هونەرمەندە شێوەکارەکان خۆیان دەیان نووسن، تا ڕادەیەک دەشێ زانستیان تێدا بێ. بەڵام کێشەیەک بەتایبەتی لە نووسینی شاعیر و نووسەرە کوردەکاندا هەیە، کە من هەروەها بەگشتی لە کولتووری ئیسلامیدا تێبینیی دەکەم. مەبەستم لە نووسینە لەبارەی هونەری شێوەکاری. من ئەمە وەک کێشەیەک دەبینم. هەر نووسینێک لەبارەی هونەری شێوەکاری بنووسرێ، بەبێ ئەوەی کەسەکە لەتەک کارە هونەرییەکەدا ژیابێ، نووسینێکی هەڵەیە، پاشان تێکەڵاوکردنی نووسین یان تێکستی ئەدەبی لەگەڵ تێکستی هونەری شێوەکاریدا کێشە دەخاتەوە. ئەو نووسینانە کە من لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، یان تەنانەت لە کتێبدا، دەیان بینم، بە زاراوەی ئەدەبی لەسەر هونەری شێوەکاری نووسراون، بەڵام هەڵەن، چونکە هونەری شێوەکاری هونەرێکە کە واژەی تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەو واژانە مامەڵە لەتەک خودی هونەری شێوەکاریدا دەکەن. هەتا ئەم چرکەساتە، کە من قسە دەکەم، ئەم زمانەم بەدی نەکردووە. خۆرئاوا ئەم زمانەی هەیە و بەم زمانەش لەبارەی هونەری شێوەکاری دەنووسێ.

**کاوە جەلال: هۆی ئەمە لە چیدایە؟**

**گارا:** لەوەدایە کە کولتووری خۆرهەڵاتی، بێگومان بە کوردیشەوە، ئیسلامییە یان لەژێر کاریگەریی ئیسلامدایە. ئاینی ئیسلام ئەدەبێکی مەزنی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام هونەرێکی شێوەکاریی مەزنی نەهێناوەتە ئاراوە. من لێرەدا ڕەخنە لە ئیسلام ناگرم، بەڵام دەشێ دیراسەی ئیسلام سەرلەنوێ بکرێتەوە، دەشێ زانایانی قورئان یان ئیسلام بەگشتی هەبن، کە چەند جارە بە قورئان و تێکستە ئاینییەکاندا بچنەوە و تێڕوانینی نوێ هەڵبهێنجن، ڕەنگە لێرەوە بشێ ئێستێتیکێکی ئیسلامی بینا بکرێ؛ ڕەنگە ئەمە بتوانێ زمانەکەی بگۆڕێ. من ڕێز لەو نووسەرانە دەگرم کە خۆیان هێندە لە هونەری شێوەکاری هەڵناقورتێنن، چونکە دەزانن کە هونەری شێوەکاری زمانی تایبەتمەندی خۆی هەیە. من ڕێز لەو نووسەرانەش دەگرم کە هەوڵ دەدەن لە هونەرمەندی شێوەکار

و جیهانەکەی نزیک بکەونەوە.

**کاوە جەلال: ڕات چییە سەبارەت بەو تێڕوانینە کە دەڵێ لە نێوان فەلسەفە و هونەردا خزمایەتی هەیە؟**

**گارا:** بێگومان خزمایەتی هەیە، چونکە هونەری ئەمڕۆ هونەری سەردەمی فیرعەونەکان نییە، بەڵکو هونەری ئێستایە، ئەمەش بە واتای هونەرێکی ئاڵۆزە. ئەقڵێکی فەلسەفی تا ڕادەیەک دەتوانێ کار لە هونەردا بکات، دەتوانین بڵێین، دەشێ هونەرمەندی شێوەکار فەیلەسوف بێ و بە پێچەوانەشەوە. سنوورەکان لە نێوان هونەری شێوەکاری و فەلسەفەدا هێندە ڕەق نین. من بێگومان لێرەدا بەزۆریی باسی فەلسەفەی خۆرئاوا دەکەم. فەلسەفەیەک کە پەیوەندیی بە هونەرەوە هەبێ، فەلسەفەیەکە کە هەتا ڕادەیەک ئاشنایە بە وێنە؛ هەروەها هونەرمەندی شێوەکاری خۆرئاواش زۆر پەیوەندیی بە تێکستی فەلسەفییەوە کردووە، واتا بە ڕۆشنبیرییەکەوە کە ئەو خۆی تێیدا ژیاوە و لەگەڵیدا هونەرەکەی پێشخستووە.

**کاوە جەلال: زۆر جار لە کوردستان کێشەیەک لە بەردەمماندا زیت دەبێتەوە: کێشەی ڕاستگۆیی لە داهێنانی هونەریدا، بەڵام بەزۆریی کێشەی ناڕاستگۆیی هەیە، ناڕاستگۆیش دەشێ بچێتە نێو قاڵبی هەوڵدان بۆ خۆجێکردنەوە لەنێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکاندا.**

**گارا:** یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرنگەکان بۆ کارکردن لە هونەردا، یان بۆ ژیان لە هونەردا، بریتییە لە ئازادی، واتا ئازادیی قسەکردن، ئازادیی پرسیار و وەڵام. ناشێ هونەر لە ئازادی جیا بکرێتەوە، بەڵام دەشێ لە هەندێک شت جیا بکرێتەوە، بۆ نموونە لە ئایدیۆلۆجیا، لە سیاسەت، لە ڕەوشت، بەڵام ناکرێ لە ئازادی جیا بکرێتەوە.
سەبارەت بە کێشەی هونەرمەندی ڕاستگۆ و ناڕاستگۆ دەڵێم، ئەمە کێشەیەکە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە، بەڵام ئەمە لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا کەمترە، چونکە چ هونەرمەند و چ بوارە هونەرییەکە بەگشتی شارەزان، دەتوانن ئەو شتانە تا ڕادەیەک جیا بکەنەوە، بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا کە تا ڕادەیەک بە هونەری شێوەکاری نامۆ بێ، دەشێ کەس بتوانێ کارە ناهونەرییەکانی خۆی وەک هونەر ساغ بکاتەوە. گەر کەسێک لافی هونەری تازە لێبدات یان شتی لەم چەشنە، ئەوا ئەگەر بێت و ڕۆشنبیرییەکی ئازاد نەبێت کە ئەو ناڕاستگۆیە لێی بترسێ، ئیتر ئەو کارەکەی خۆی دەکات. بەڵام پرسیار سەبارەت بەوە کە هەتا چەند کەسێک هونەرمەندە، ئەمە دەکەوێتە سەر

خودی کەسەکە، یان با بێمەوە سەر کێشەی کارەکتەر: تا چەند کەسەکە هونەرمەندە یان هونەرمەند نییە. گەر کەسەکە هونەرمەند بێ، ئیتر ترسی نییە، پێویستیی بەو ناڕاستگۆییە نییە، بۆ نموونە پێویستیی بەوە نییە کە خۆی بە هەندێک بابەتی سیاسی یان نەتەوایەتی یان کۆمەڵایەتییەوە هەڵبواسێ، تاکو بە ئەنجام بگات. هونەرمەند لەگەڵ خۆیدا، لەگەڵ هونەرەکەیدا، ڕاستگۆیە، ئەو لەگەڵ خێزانەکەیدا، هاوسەرەکەیدا، ژیانێکی هاوسەنگ دەژی، کە پڕە لە جوانی و ئازادی، پڕە لە بەرهەمی جوان و ئازاد. ئەمڕۆ مرۆڤ چەمکی (تێگەی) ئێستێتیک لە کۆمەڵگا عەرەبی ئیسلامییەکاندا، لە کۆمەڵگای کوردی ئیسلامیدا، دەبیستێ یان دەخوێنێتەوە. زۆر کەس واژەی ئێستێتیک بەکار دەهێنن. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەو کەسانە بە ڕاستی تا ڕادەیەک لە ئێستێتیک تێگەیشتوون و خۆیان تا ڕادەیەک ژیانێکی ئێستێتیکییانەیان هەیە؟ ئەمانە هەموو پرسیارن. بەڵام خۆهەڵواسین زۆرە، بەتایبەتی لە کوردستاندا کەسان هەن کە خۆیان بە ڕووداوی گەورەوە هەڵدەواسن، وەک بۆ نموونە ڕووداوی هەڵەبجە یان ئەنفال یان بابەتی شەهید. من لێرەدا حوکم بەسەر هیچ کارێکی هونەریدا نادەم، بەڵام ئاشکرایە کە هونەرمەند هەیە و خۆی بەو ڕووداوانـەوە هەڵدەواسێ، چونکە دەیەوێ جێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵگادا بکاتەوە یان دەیەوێ بگات بە پایە و مەقام، یان بە ناو. بەڵام ئەمەش بێگومان دەکەوێتە سەر هونەرمەندەکە. من ناڵێم گشت ئەو کارانەی لەبارەی هەڵەبجە و ئەنفال دەکرێن، ڕاستگۆن یان ڕاستگۆ نین، بەڵام ئەم جۆرە کارانە بە تایبەتی لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەن کە ڕووداوی تراژیدی ڕوو دەدات، وەک لە لای کوردەکان هەڵەبجە و ئەنفال. بەڵام لە هونەری ڕەسەندا، لەپاڵ فۆرمدا، هەرگیز پرۆسە هونەرییەکە، کارەکتەرە هونەرییەکە، گرنگی لە دەست نادەن. کاتێک پەیکەرێکی مامە ڕیشە یان شەهیدێکی دیکەی کوردستان دەکرێ و دەخرێتە بەر چاوی بینەر، ئەوا پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا بینەر شەهیدێکی کوردستان یان کارێکی هونەری دەبینێ؟ پەیوەست بەمەوە دەڵێم کە هونەر هەتا ئەمڕۆ لە کوردستان نەچۆتە نێو دانوستاندنەوە، یان دانوستاندن و پرسیاری نەهێناوەتە ئاراوە، پرسیاری گەورە و پوخت لە هونەردا یەکجار کەمن. بەڵام کەی ئەم پرسیارانە دروست بوون، ئەو کاتە دەروازە بۆ تێگەیشتن لە هونەر دەکرێتەوە، بینەری ساغ دروست دەبێ، ئەوسا ئەنجامەکەشی دەبێ بەهۆی دروستبوونی کولتوورێکی ساغ. من ڕێزی کولتووری خۆرئاوا دەگرم، بەڵام من سەر بەخۆرئاوا نیم؛ من لێی دەژیم، بەڵام ڕێزم هەیە بۆ ئینجازەکانیان کە پەیوەندییەکی زۆریان بە ئازادی و زانستەوە هەیە.

**کاوە جەلال: گەل ژیانی خۆی داوەتە دەست فرەخۆری، هەڵپەڕکێ، ئینجا کەسانێکی فرە کە لە بواری کولتووردا کار دەکەن، پابەندی دەسەڵاتدارانن، لە بواری دەسەڵاتداریدا دەبینین کە کتومت سیاسەتی نێو دیوەخان پیادە دەکرێ، ئەمەش تەنانەت لە ژووری سەرۆکەکان، پارێزگارەکان یان بەرپرسانی حیزبدا، هەروەها وڵاتەکە ئەوەندە داخراوە، کە مرۆڤ بەزۆریی بە شێوەیەکی تەزویرکراو بەر کولتووری دراوسێکانی دەکەوێ، خەڵکی بەگشتی شارەزاییان تەنانەت لە زمانەکەی یان دیالێکتەکەی خۆیاندا کەمە، بەڵێ تەنانەت زۆرینەی ئەکادیمییەکانیان بە دەگمەن زمانێکی بێگانە شارەزان، دەتوانین ئەم لیستەی بەدپەیوەندییەکان پتر درێژە پێبدەین، بە هەر حاڵ، هۆی سەرجەمی ئەمە تەنها بۆ کایەی سیاسی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ مێنتالیتێی خەڵکەکەش کە ناتوانن ئەقڵییەتێکی ڕەخنەیی بهێنێتە ئاراوە، بە پێچەوانەوە هێشتا هەر لەنێو ئەقڵییەت و چێژی جوتیاریدا وشکهەڵهاتوون و ژیان زۆر بە سادەیی بەڕێوە دەبەن، جا گەر تەنانەت خاوەنی شێڤرۆلێت و خانووی سێ نهۆمی بن و هەموو ڕۆژێک گۆشت و برنجی چەور بخۆن؛ بەڵێ لە وڵاتی کوردەکاندا تەنانەت ئەدەبەکەی خۆیان ناخوێنرێتەوە!**

**گارا:** پەیوەست بە سەرجەم ئەم کێشەیەوە دەڵێم: ئەوەی بە لای منەوە گرنگە، تاکە کەسە، جا کەسی تاکی ئاسایی بێ یان هونەرمەند. زەحمەتە من چەمکی بەکۆمەڵ بۆ قسەکردن لەسەر هونەر بەکاربهێنم. من ناتوانم بڵێم، هونەرمەندی کورد بەگشتی ئاوهایە، یان ئیسلام بەگشتی ئاوهایە و خۆرئاوا ئاوهایە، من دەتوانم بڵێم: «ئەم هونەرمەندە»، بۆ نموونە ئەحمەد، محەمەد، ئازاد، ئاوهایە یان کارەکانی ئاوهان.

پرسیاری دیوەخان کە لە کوردستان لە ژووری مەسئولەکان یان وەزیرەکان دەبینرێ، ئەمە حاڵەتێکە کە هونەرمەند دەتوانێ بیکات بە کاری هونەری. کە من لێرەدا باسی کاری هونەری دەکەم، ئەوا تەنها لە ڕەسم و پەیکەر و هێڵکاری نادوێم، بەڵکو باسی فیلم و پێرفۆڕمانسیش دەکەم، یان دەشێ تێکستێک بێ، کە شێوەکاری بێ نەک ئەدەبی. ئەمە دەشێ. هەروەها کاری هونەری شێوەکاری هەیە کە زۆرتر لە ئەدەبەوە نزیکە نەک لە هونەری شێوەکارییەوە. زەحمەتە هونەرمەند بتوانێ واقیع بگۆڕێ، بەڵام هونەرمەند لەگەڵ واقیعدا دەژی، ئەو کار دەکات بەپێی کارتێکردنی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە، بەپێی هوشیاریی خۆی، بەپێی هەستی خۆی بۆ شتەکان. هونەرمەند هەیە کە کارەکانی هەمیشە ڕەهەندی ڕەخنەیی لە خۆ دەگرن، هونەرمەندیش هەیە کە تەنیا کاری جوانی دەکات، ڕاڤەی شتەکان دەکات؛ ئەمانە حاڵەتی جیاوازن، نازانم چییان ناو بنێم: تەقلیدی، کۆمەڵایەتی، دینی! من خۆم بە لامەوە سەیرە کە

چۆن مەسئولەکان لە هۆڵێکی گەورەدا دادەنیشن، زەلامێک یان دوان لەتەکیانەوەن ... من لە ڕوانگەی هونەری شێوەکارییەوە دەدوێم. ئەو کەسانە کە بەو چەشنە لە دیوەخان دادەنیشن، ئەم دانیشتنەیان شێوەیەکی چالاک بۆ دیالۆگ دروست ناکات، تەنیا سەرکردەکە یان وەزیرەکە، کەسێکی ئەملای یان ئەولای، دانیشتوون و قسە دەکەن. ئەمە دەشێ هونەرمەندی شێوەکار وەک فیلمێک نیشانی بدات، وەک فیلمێکی شێوەکاری، بیکاتە کارێکی ڕەخنەیی، ئەمە شتێکە کە هونەرمەندێک یان نووسەری هۆنراوە یان چیرۆک دەتوانێ بەکاری بهێنێ. من بە پێویستی دەزانم تا ڕادەیەک جیاوازی لە نێوان دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە لایەک و کاری هونەری لە لایەکی دی بکەین. کۆمەڵێک دیاردە هەن، کۆمەڵێک ڕووداو هەن کە سیاسین یان کۆمەڵایەتین. هونەرمەند کار دەکات، ئەو بە کارەکەی لەنێو کۆمەڵدا کاریگەر دەبێ، ئەو کارەش ئەنجامی هوشیاریی خۆیەتی، ئەنجامی ئەزموون و تەکنیکی خۆیەتی. ئیتر چ ڕووداوێک، چ کارەساتێک زیاتر کاری تێبکات، ئەوە زۆرتر دەیبزوێنێ، ئەمەش لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی دیکە دەگۆڕدرێ. هونەرمەند هەیە وەک ئەوەی لە خۆرئاوادا هەیە، هونەرمەندیش هەیە کە هونەرمەندی نیشتمانە و ڕەسمی دیوەخان و پاشا و لەم جۆرانە دەکات بەبێئەوەی ڕەهەندی ڕەخنەیی هەبێ، هونەرمەندیش هەیە کە لەگەڵ حاڵەتەکانی خۆیدا زیاتر ژیاوە و زاتی خۆی بەلاوە گرنگە؛ من بێگومان لەگەڵ ئەمەیاندام، بەڵام هونەرمەندیش هەیە کە هەست بەمە ناکات، ئیتر ئەمە لە کۆمەڵگایەکی کوردی یان عەرەبیدا بێ. ئەم جیاوازیانە هەن. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە چ کارێک زیاتر لە ڕۆحی هونەرەوە نزیکە. ئەوەی گرنگە زاتی هونەرمەندەکەیە، یان گونجاویی هونەرمەندەکە لەگەڵ ئەو کارەدا کە ئەو دەیکات، یان پرسیار ئەوەیە، تا چ ڕادەیەک ڕووداوەکە کە ئەو دەیبینێ، کاری تێدەکات.

**کاوە جەلال: بە ڕای تۆ هۆی چییە کە خۆرهەڵات ئەوەندە پابەندی ئەو ناوەڕۆکە یان ئاڕاستە هونەری و ئەدەبییانەی خۆرئاوایە کە دەمێکە بوون بە فێرگە، بۆ نموونە ڕۆمانتیک، سیمبۆلیزم یان ئێکسپرەسیۆنیزم؟ ئایا ئەمە لە هەژاریی هزرەوە دێ، لە پابەندبوون بە ترادیسیۆنەوە؟**

**گارا:** بێگومان ئەمە لە فوگرەوە (هەژارییەوە) دێ، ئەمە لە هەژاریی کولتووری و هونەرییەوە دێ، بە واتایەکی دی لە دواکەوتوویییەوە دێ. ئاشکرایە خۆرئاوا جێی لەدایکبوونی ژمارەیەک ستیل و فێرگەی هونەریی مەزنە، بەڵام زەرووره ئەو فێرگانەی هێناوەتە ئاراوە، یان دەشێ بڵێین دەربڕینی موعاناتێک بوون یان تەنانەت بەبێ

موعانات هاتوونەتە ئاراوە. کۆمەڵێک کاری هۆشمەندانە ئەو شێواز و فێرگانەی هێناوەتە ئاراوە نەک لە خۆوە دروست بووبن. جوان نییە گەر هونەرمەندێکی دەرەوەی ئەو کولتووورە بێت لاسایی ئەو شێواز و فێرگانە بکاتەوە. بێگومان دەشێ کەسەکە ئەو شێوازە بەکار بهێنێ، بەڵام پێویستە خۆیشی دان بەوەدا بنێ کە ئەو شێوازەی بەکار هێناوە. لێرەدا هونەرمەندبوون حاڵەتێکی جوانە، حاڵەتێکە کە چێژێکی گەورە بە کەسەکە دەدات. بەڵام خۆهەڵواسین بە هونەرەوە، یان بڵێم ئەنجامدانی کاری هونەری لەژێر ناوی ئەو فێرگە هونەرییە خۆرئاواییانەدا کارێکە کە زەحمەتە هونەری پێبگوترێ، چونکە هونەر بە واتای داهێنان، هونەر دووپاتکردنەوە نییە. پرسیار ئەوەیە کە هەتا چەند داهێنان لەو کارەدا هەیە؛ مەرج نییە کەسەکە شارەزاییەکی چاکی لە بەکارهێنانی ڕەنگ و خەت و توخمە ئەکادیمییەکاندا هەبێ، نەخێر ئەمە مەرج نییە؛ هونەرمەندبوون حاڵەتێکە کە پەیوەندیی بە کارەکتەری هونەرمەندەکەوە هەیە، ئەمە لە هونەرمەندەکەدایە کە شتەکان بە ئامرازەکانی ڕەنگ و شێوە، هێڵ و ماتەریال دەردەبڕێ، هەروەها دەرککردنەکانی خۆی، هەست و هوشیاریی خۆیی ئەو بە ئەزموونێکی خەملێنراوەوە گرنگن. لە کولتووری ئیسلامیدا، بە عەرەبی و کوردیشەوە، کێشەکە ئەوەیە کە مامەڵەکردنی هونەرمەندان لەگەڵ خۆرئاوادا بە چەشنێکە کە ئەوان شتەکان نابینن یان لەتەکیاندا ناژین و پاشان لە ئەنجامی ئەم بینین و لەتەکژیانەدا شتێکی تایبەتمەند بە خۆیان بهێننە ئاراوە. ئەمەیان بێگومان کارێکی باشە، بەڵام لاسایی بەڕاستی کێشەیە، هەروەها نەبوونی تیۆری کێشەیە، مەبەستم لەوەیە، ئەو هەموو کارە هونەرییە وەک پەیکەر یان تابلۆ هەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک دانوستاندنێک یان تیۆرییەک یان فەلسەفەیەک نییە کە ساغی بکاتەوە، کارێک هونەری ڕەسەنە و لاسایی نییە.

بەڵام پرسیارێکی دیکەش هەیە: گەر ئێمە بەگشتی باسی مۆدێرنە بکەین، ئەوا دەکرێ هەموو کارێکی هونەری بەراورد بکرێ بە شاکارەکانی خۆرئاوا، بەڵام پێویستیشە تا ڕادەیەک پێی بەراورد بکرێ، چونکە کۆمەڵێک کاری هونەری هەن کە لە خۆرئاوا ئەنجام دراون و تەجاوز کراون، وەک ڕیالیزم، ئیمپرەسیۆنیزم یان ئێکسپرەسیۆنیزمی ئەڵمانی، یان هەندێک لەو کارانە کە لە ترادیسیۆنی سوریالیزمەوە دروست دەکرێن. بەڵام کەسێک تابلۆیەک بکات کە حەفتا ساڵ لەمەوبەر هونەرمەندێکی خۆرئاوایی کردوویەتی، ئەمە کارێکە کە پێویست نییە. ئەم شتە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا یان وڵاتە ئیسلامییەکاندا باوە. لە ١٩٧٠کاندا گرووپێک یان ناوێکی وەک «الانگباعیون العرب» دەردەکەوێ، یان ئینتیباعیە کوردەکان یان ئێکسپرەسیۆنیستە کوردەکان، ئەمە

سەیرە. ئێمە پێویستە لەم حاڵەتەدا پرسیاری ئەوە بکەین کە ئیمپرەسیۆنیزم چییە، کاتی ئیمپرەسیۆنیزم چییە، یان داخۆ ئەو گرووپە گرووپێکی ئیمپرەسیۆنیستیی نوێ بێ یان ئەو ئیمپرەسیۆنیزمەیە کە مۆنێ هێنایە ئاراوە، یان ئێکسپرەسیۆنیزمێکی نوێیە کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لێرەدا ئاساییە واژەی ئێکسپرەسیۆنیزم بەکاربهێنرێ. قسەکردن لەسەر مۆدێرنە بەگشتی جۆرێکە، قسەکردنیش لەسەر کاری هونەری جۆرێکی دیکەیە. من بێگومان ناتوانم لێرەدا هیچ مەرجێک دابنێم، بڵێم دەبێ ئاوها یان ئاوها بێ. یەکێک لەو وشانەی سەغڵەتم دەکات، وشەی «دەبێ»یە، هەروەک چۆن دەگوترێ: «دەبێ هونەرمەند ئاوها بێ». ئەمە بەڕاستی کەسێک نایڵێت کە هونەری خۆش بوێ یان پەیوەندیی ئازادی لەگەڵ هونەردا هەبێ. گەر ئەم وشەیە لە دەمی من دەربچێ، ئەوا هەموو ڕەخنەیەک قبووڵ دەکەم. ئەم دەربڕینە ئازادی دەکوژێ. هونەر پەیوەندیی بە ئازادییەوە هەیە، پێویستە کەسەکە ئازاد بێ. پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەو دەبینێ یان نا، یان مامەڵەکردن لەگەڵ حەدەسەکاندا چۆنە، لەگەڵ جۆری ژیانی ڕۆژانەدا چۆنە، ئایا لە ئازادییەوە هاتووە یان نا، ئەمەش بێگومان وەک تاکە کەس. دەشێ چەند کەسێک وەک گرووپ کار بکەن، کە لە نێویدا هەر کەسێکی تاک تایبەتمەندیی خۆی هەبێ؛ گرووپی هونەری ڕەسەنێتیی خۆی هەیە و تێیدا هەر یەکێک تایبەتمەندیی خۆی دەپارێزێ.

**کاوە جەلال: دەشێ پەیوەست بەمەوە ئاماژە بۆ دەربڕینەکەی هیگڵ بدەین کە دەڵێ زانا موسڵمانەکان لە خۆیانەوە هیچ کارێکی مەزنیان نەهێناوەتە ئاراوە، بەڵکو ئەوەیان بەزۆریی داوەتەوە کە کولتووری گریکی هێنابوویە ئاراوە. ئەو بێگومان پەیوەست بە فەیلەسوفە موسڵمانەکانەوە ئەم دەربڕینەی کردووە، بەڵام دەتوانین بەروونی ببینین، کە ئەمڕۆش لە سەرجەم جیهانی ئیسلامیدا هەر کار بە دەستکەوتە مەزنەکانی خۆرئاوا دەکرێ، ئەمەش بەزۆریی لە شێوەی لاساییدا. ئایا ئەمە بە بڕوای تۆ ڕەگی لەنێو ئاین و پەروەردەی ئایینیانەی ناوچە ئیسلامییەکاندا نییە؟**

**گارا:** دەشێ ئاین لێرەدا کاریگەر بێت، یان سەرجەم کولتووری ئەو ناوچانە کاریگەر بێ، بەڵام ئەمە پەیوەندیی بە خودی کەسەکەوە هەیە. من لێرەدا ناتوانم وەڵامی هیگڵ بدەمەوە، چونکە ئەو توانا زانستی و فەلسەفییەم نییە، بەڵام پێشبینی دەکەم کە ئیسلام لە هەندێک بواردا هەندێک ئینجازی کردووە، بەڵام گەر باس لە هونەری شێوەکاری بکەین، ئەوە لێرەدا بە کێشە دەگەین. ئاینی ئیسلام پشتگیریی دروستکردنی مزگەوتی کردووە بە زەخرەفە و تەلارسازی و هەموو لایەنەکانی دیکەیەوە، لێرەدا مزگەوتی گەورە و چاک هاتوونەتە ئاراوە، وەک «قبە الصخرە»، مزگەوتەکانی هیند،

یان هەندێک مزگەوت لە مەغریب و سەمەرقەند و بوخارا؛ ناشێ نکۆڵی لەمە بکرێ. ئاینی ئیسلام پشتگیریی گرافیکی کردووە کە پەیوەندیی بە قورئانەوە هەیە، بەڵام لەنێو ئاینی ئیسلامدا یان بەگشتی لەنێو ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا کۆمەڵێک کێشەی مەزن هەن کە هەتا ئێستا بە تەواوی ڕوون نەکراونەتەوە. یەکێک لەو کێشانە وێنەی مرۆڤە، کە ئایا حەڵاڵە یان حەرامە. هەتا ئەمڕۆ لەسەر ئەمە مشتومڕ هەیە، بەڵام زانایانی خۆرئاوا تا ڕادەیەک کاری باشیان تێدا کردووە، سەرباری ئەمەش کێشەکە بە تەواوی ساغ نەبۆتەوە. لەبەر ئەم هۆیە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان هونەرمەندی شێوەکاریان نەگرتۆتە خۆیان، هونەرمەندی شێوەکار لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا نامۆیە، ئەمەش تەنگژەیەکی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیی بۆ هونەرمەندی شێوەکار دروستکردووە.

**کاوە جەلال: کێشەیەکی گەورە ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور ئەوەیە، کە هەڵپەیەکی لە ڕادەبەدەر بۆ خۆدەربڕین لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و هزردا هەیە. ئایا هەڵپە بەشێکە لە کاری ئەدەبی و هونەری یان هزری؟**

**گارا:** بە پێچەوانەوە، هەڵپە هەرگیز سەر بە کاری هونەری نییە. گەر باسی داهێنان بەگشتی بکەین، ئەوا لێرەدا مرۆڤی داهێنەر هەرگیز هەڵپە بۆ هیچ شتێک ناکات. ئەو کەسانە کە هەڵپە دەکەن، کەسانی ئەوتۆن کە متمانەیان بە خۆیان نییە، ئەمەش لە پەیوەندییاندا لەگەڵ خۆیان و دەوروبەریاندا، یان بۆ نموونە لەگەڵ هاوسەرەکەیاندا بەختەوەر نین؛ ئەمە حاڵەتێکی سایکۆلۆژییە. بەڵام مرۆڤی داهێنەر بە پێچەوانەوە خۆی لە ئازادی جیا ناکاتەوە، ئەو لەگەڵ خۆیدا گونجاوە، لێرەشەوە بە هیچ شێوەیەک پێویستیی بە هەڵپە نییە. لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان کارە هونەرییەکاندا بکەین، هەروەها لە نێوان هونەرمەندەکانیشدا. ئێمە پێویستە بپرسین کە تا چ ڕادەیەک کارەکە لە هونەرەوە نزیکە، تا چ ڕادەیەک هونەرییە، تا چ ڕادەیەک دوورە لە هونەرەوە، تا چ ڕادەیەک بریتییە لە مۆدە. ماوەیەک ئینستالاسیۆن هێرشی هێنایە نێو هونەرەوە، بوو بە بەشێکی گرنگی هونەری شێوەکاری، بەڵام ئەمە وەک زەروورەی کاتەکە. مرۆڤ ئەمڕۆ ناتوانێ بڵێ کاتی ئینستالاسیۆن و ڕەسم نەماوە، یان کاتی ڕەسم گەڕاوەتەوە و کاتی ئینستالاسیۆن نەما؛ ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە هەموو ئەم بوارە هونەرییانە هەر دەمێنن، ئەوەش دیسانەوە دەکەوێتە سەر هونەرمەندەکە، دەکەوێتە سەر ڕادەی بینین و لەنێوداژیانی ئەو، ئەمانە دەری دەخەن کە تا چ ڕادەیەک ئەو کارە هونەرییە ڕەسەنە، لە زەروورە و ئازادییەوە هاتووە.

**کاوە جەلال: بەگشتی لە کارکردن لە بواری هونەردا (بێگومان نەک تەنها لە کارکردنی هونەریدا) کێشەیەکی دیکەش لە کوردستان هەیە: مرۆڤ بۆ نموونە پەیکەری ئەو پیاوە مەزنانە دەسازێنێ کە لە ڕابردوودا هەبوون، بەڵام بەبێئەوەی شێوەی ئەو کەسانەی بینیبێ. ئەو کەسە لە ئەندێشەوە وێنەی هۆنەرێک دەسازێنێ کە ڕەنگە پێش دووسەد ساڵ لەمەوبەر ژیابێ و هیچ فۆتۆیەکی نییە، یان پەیکەری سیاسییەکی ناسراوی دێرین دروست دەکات. ئایا ئەمە هەتا چەند دەچێتە نێو چێوەی هونەرەوە؟**

**گارا:** ئەمە زەحمەتە. هونەر بە واتا پوختەکەی، بەرفراوانەکەی، بریتییە لە داهێنان. ئەو کارانە کە من بێگومان هەندێکیانم نەبینیوە، ئەو هەستەیان پێنەداوم کە هونەرن، جوانیشیان تێدا نییە. ئەو کارانە دەشێ وەک ڕاسپاردە (Auftrag) بە هونەرمەندەکان درابن، واتا بەو هونەرمەندە پرۆفیسیۆنێلانە (موعتەریفانە) کە لە بواری سیاسی یان کۆمەڵایەتیدا چالاکن. بەڵام زەحمەتە ئەو کارانە وەک داهێنانی هونەری ببینرێن. هەروەها ئەم جۆرە کارانە تا ڕادەیەک بەشداری لە شێواندنی کولتووردا دەکەن. ئەمە دەشێ پاشماوەی کاریگەریی ئەو مامۆستایانە بێ کە زۆر زوو چوونە دەرەوەی عێراق: چوون بۆ فلۆرێنسا، لەندەن یان پاریس، فێری شتە ئەکادیمییەکان بوون، ئینجا گەڕانەوە و لەقەبی پرۆفیسۆر یان مامۆستای هونەریان وەرگرت، پاشان هەندێک خەڵکیان فێری شتە ئەکادیمییەکان کرد، ئەو خەڵکانەش ئەو بت و پەیکەرانە دروست دەکەن. بەڵام ئەمانە لە بواری جوانیی شارەکەدا بەشداری ناکەن، تەنانەت لە بواری چالاکیی هونەریشدا بەشداری ناکەن.

**کاوە جەلال: لێرەدا کێشەیەکی دیکە هەیە و بەڕاستی پێویستە بهێنرێتە ژێر باس و دانوستاندن. ئێمە لە کوردستاندا پارکمان بە واتای پارک نییە، ئەوەی ئێمە بەزۆریی هەمانە، بریتییە لە ئەتککردنی سروشت، بۆ نموونە «پارکی ئازادی» لە سلێمانی. ئایا هونەری پارکسازی بریتی نییە لە ئەنجامدانەوەی ئەوە کە سروشت خۆی لەگەڵ خۆیدا دەیکات و ئینجا مرۆڤ بە هونەری پارکسازی دەستێکی ڕێزمەندانە دەنێتە نێوییەوە؟**

**گارا:** پارک حاڵەتێکە یان دیاردەیەکی کولتورییە کە خەڵکی شار پێویستیان پێیەتی. مرۆڤ دەتوانێ لە جۆری پارکەکان بزانێ کە خەڵکی ئەو شارە چۆن دەژین. زۆر لە کولتوورەکان بە خۆرهەڵاتیشەوە پارکیان هەبووە، واتا کولتووری پارک تەنها خۆرئاوایی نییە. بێگومان لە شارەکانی خۆرئاوادا پارکی جوان هەیە، لە پاریس، بەرلین، لەندەن، کوێلن، بەڵام تارانیش پارکی جوانی تێدایە. هەروەها بەغدا زوو پارکی تێدا بوو. ئەمە شتێک نییە تایبەت بێ بە کولتوورێک. بەڵام بەگشتی لە هەندێک شاردا کە زۆر بە پەلە گەورە دەبن، هێرشێکی چیمەنتۆ و بلۆکی چیمەنتۆ هەیە کە یەکجار دڕندانە و

ناشیرینە، یەکجار دژ بە سروشتە، دژی چێژی ساغ و دروستی مرۆڤە. لێرەدا دەشێ پارکی جوان وەڵامی ئەو هێرشە بداتەوە، کارمەندانی شارەکە کە شارەکەی خۆیانیان خۆشدەوێ، دەتوانن پێکەوە لەگەڵ هونەرمەنداندا هاوکاری بکەن.

**کاوە جەلال: باسی چێژ دەکەیت. چێژ یەکێکە لە مۆرکەکانی ژیانی ئێستێتیکی و داهێنانی هونەری، بەڵام هەروەها وەرگرتنی کارە هونەرییەکانیش دەگرێتەوە. بەڵام چێژ دەچێتە کایەی خۆراک و خۆپۆشینەوە، کایەی بیناسازی و پارکسازییەوە. بەڵام گەر سەرجەم ئەم کایانە تێکچووبن، ئەوا ئەمە واتایەک دەگەیەنێ کە چێژ نییە. ڕات چییە سەبارەت بە کێشەی چێژ لە لای کوردەکانی باشوور؟**

**گارا:** چێژ بە واتا فراوانەکەی هەیە، بەڵام چ چێژێک؟ من لە مەبەستی تۆ تێدەگەم. من تێدەگەم کە تۆ مەبەستت لە چ چێژێکە: چێژێکی مرۆڤێتی کە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە، بە هێمنییەوە، بە قووڵبوونەوەی ئیحساسەوە، بە پێداویستییەکانی مرۆڤەوە، هەیە، هەروەها بە جۆری دانیشتن و نانخواردن و ڕۆیشتن، بە جۆری ماچکردن، جۆری خۆشەویستی لە نێوان ژن و پیاودا. من لێرەدا لەبارەی ئاستەکانی چێژ دەدوێم کە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگۆڕدرێن. مرۆڤێک کە کار لە خۆیدا دەکات، لە خۆیدا قووڵ دەبێتەوە، تێکستی چاک دەخوێنێتەوە، فیلمی چاک دەبینێ، ئەمانە هەموو ئاستی چێژی ئەو دەگۆڕن، ئاستی چێژی ئەو کەسە بەرز دەبێتەوە، لێرەشەوە وردەکارییەکان لەنێو ناخیدا پەرەدەسێنن ...

**کاوە جەلال: کەواتە ئێمە دەتوانین جیاوازی لە نێوان ئاستی نزم و بەرزی چێژدا بکەین، یان بەگشتی لە نێوان چێژی جوتیاری و مەدەنیانەدا، شاری و گوندیدا!**

**گارا:** بێگومان دەتوانین جیاوازی بکەین، بێگومان ئەو جۆرە چێژانە هەن، بەڵام ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێ کە چێژی شاری باشە و جوتیاری نزمە. هەندێک جوتیار هەن چێژیان زۆر بەرزە، لێرەدا بابەتی چێژ یەکجار گرنگە؛ ئاستی چێژ لێرەدا، وەک گوتم، دەوەستێتە سەر ئەوە کە هەتا چەند کەسەکە کاری لە خۆیدا کردووە، هەتا چ ڕادەیەک کەسەکە بۆ خۆی هەندێک ئاست قبووڵ دەکات یان نایکات. هەتا چەند مرۆڤەکان کار لە خۆیاندا بکەن، ئەوەندەش ئاستی چێژیان بەرز دەبێتەوە، لێرەشدا دەشێ مرۆڤەکە جوتیار بێ، کەسێک بێ کە لە گوند بژی، بەڵام زۆر چاک لەگەڵ خۆیدا، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا گونجاو بێ، بەڵام دەشێ لێرەدا مرۆڤەکە مامۆستایەکی زانکۆ بێ یان لە بواری هونەردا کار بکات و لە شار بژی، بەڵام ئاستی چێژی نزم بێ. لە کۆنتێکستی چێژدا ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆدا زۆر گرنگە. بێگومان ڕاستە، کە شار بە بەراورد لەگەڵ ژیانی گونددا ئاڵۆزترە، پەیوەندیی لەگەڵ سروشتدا کەمترە، بۆیە چێژەکان جیان، ئەوەش دەکەوێتە سەر کەسەکە، کە خۆی لە

چ جۆرە چێژێکدا دەدۆزێتەوە، لە چ جۆرە چێژێکەوە نزیکە و لە چ جۆرێکەوە دوورە، یان تا چ ڕادەیەک کەسەکان لەسەر بناغەی لەیەکچوونی چێژ یەکتری قبووڵ دەکەن، یان یەکتری لەسەر بناغەی جیاوازی چێژ ڕەفز دەکەن. چێژ فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ ژیان، چێژ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هونەردا هەیە. زەحمەتە مرۆڤی شار بتوانێ ئاستی چێژی خۆی بەرز بکاتەوە، ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ کولتووردا، لەگەڵ بەشەکانی هونەردا بە شێوە و ئەدەب و موزیک و شانۆوە نەبێ، بەڵێ تا ڕادەیەک دەتوام بڵێم ئەوە مەحاڵە. بەڵام مرۆڤی گوند دەتوانێ تا ڕادەیەک پەیوەندیی لەگەڵ سروشتدا بکات، چونکە سروشت هەیە و شاریش هەیە، سروشت هەیە و هونەر هەیە، بەڵام لە لای گوندییەکە سروشت هەیە، ئەو دەشێ لەگەڵ کانییەکدا، بەردێکدا، چیایەکدا، پەیوەندیی زۆر بەهێز ببەستێ و ئاستی چێژی خۆی بەرزبکاتەوە. ئەمە بۆ مرۆڤی شار زۆر زەحمەتە، ئەو لەگەڵ شەقام و ئۆتۆمبێلدا دەژی، لەگەڵ دامەزراوێکی زانستیدا دەژی، لەگەڵ هۆڵەکانی ئاهەنگ و پێشانگا و کۆڕی ئەدەبیدا دەژی، لەگەڵ ساختماندا، لەگەڵ کافیتەریادا، لەگەڵ زۆر شتی دیکەدا کە هەموو پەیوەندییان بە ژیانی شارەوە هەیە. ئەو جۆرە بەرهەمە کولتووری و هونەرییانە، هەتا چەند ئاستیان بەرز بێ، ئەوەندەش کاریگەرییان بەهێزتر دەبێ لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی چێژ. دەتوانین بڵێین، چێژی مرۆڤی نیویۆرکی بەگشتی جیایە لە چێژی مرۆڤی شارۆچکەیەکی بچووکی وەک دیمەشق، یان چێژی پاریس جیایە لە چێژی لەندەن یان مۆسکۆ. ئەمانە ئاستی کولتووریی جیاوازن، نەک تەنها زمان، بەڵکو ئاستی هونەریی جیاوازن و هەتا ڕادەیەک ئاستی دیکەی چێژی جیاوازیان بۆ کەسان دروستکردووە، ئەمانە مێنتالیتێیان جیایە، کارەکتەریان جیایە، واتا بریتییە لە کارەکتەری بەرلینی، مۆسکۆیی، قاهیرەیی ...

**کاوە جەلال: حەسەن زیرەک گۆرانیبێژێکە کە هیچ شارەزاییەکی لە هونەردا نییە، بەڵکو تەنها دەنگخۆشە؛ گۆرانییەکانی ئەو بەزۆری، گەر نەڵێین بەڕەهایی، خۆرسک دێنە ئاراوە. هەروەها جەماوەرەکەی چ لەنێو دانیشتوانی شار و چ لەنێو دانیشتوانی گونددایە. بەڵام هۆمەر دزەیی هونەرمەندێکی نوێیە و گەرچی گۆرانییەکانی بەندن بە موعاناتی گوندییەوە، کەچی نوێن و جەماوەرەکەیشی نزیکەی تەنها لەنێو شاردایە، لەنێو شاریشدا نزیکەی تەنها لەنێو ئەو کەسانەدایە، کە بەگشتی بۆ هونەری کولتوورەکانی دیکە کراوەن. ڕات چییە بە هونەرە سادە و «سروشتییەکەی» حەسەن زیرەک لە لایەک و هونەرە نوێکەی هۆمەر دزەیی؟**

**گارا**: من ڕای زانستیم لەو بوارەدا نییە، بێگومان گەر من لەسەر ئەم پرسیارە قسە بکەم، ئەوا زۆر بە ڕاشکاوی، بەساکاری دەدوێم. حەسەن زیرەک گۆرانیبێژی من نییە،

بەڵام عومەر دزەیی تا ڕادەیەک؛ ئەم هەندێک گۆرانی گوتووە، کە کاریان تێکردووم. بەڵام من ناتوانم بە هیچ شێوەیەک بییان سەنگێنم، ئەمە دەچێتە بواری زانستی موزیک و گۆرانییەوە.

**کاوە جەلال: ڕات چییە سەبارەت بە کولتووری پرسیار؟**

**گارا:** پرسیاری چاک کولتوورێکی چاک، کولتوورێکی زیندوو دروست دەکات. نەشیاوە کولتوور بتوانێ بەبێ پرسیار خۆی نوێ بکاتەوە، ئەگەر نوێکردنەوەش لە کولتووردا نەبێ، یان لە بەشێکی هونەردا نەبێ، ئیتر نزیکەی مردن چاوەڕێی دەکات. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پرسیار.

**کاوە جەلال: هۆی چییە ئێمە لە کۆمەڵی کوریدا زۆر جار نازانین پرسیار بکەین؟**

**گارا:** پرسیار ئاستێکی بەرزە لە هوشیاری، لە چێژ، لە جوانی. ئەمە بێگومان دەوەستێتە سەر جۆری پرسیارەکەش. ئەو مرۆڤە کە ئیشی چاکی لە خۆیدا کردبێ، پرسیاری چاک دەهێنێتە ئاراوە. کولتوورە زیندووەکان هەمیشە پرسیاری زیندوویان هەیە، کولتوورە جوانەکان هەمیشە پرسیاری جوان دروستی کردوون؛ بەبێ پرسیار نەشیاوە کولتوور دروست ببێ؛ ئەگەر پرسیار نەبوو، ئەوا کولتوورەکە ناتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە و مردن چاوەڕێی دەکات.

**کاوە جەلال: بەڵام ئایا بۆ پرسیار چ ئازادی و چ ئاگابوون پێویست نین؟**

**گارا:** بەڵی، هوشیاری، ئازادی، زانست، موتابەعە، خۆشەویستی بۆ ئەو بابەتەی کەسەکە کاری تێدا دەکات و پرسیاری تێدا دەکات، دڵسۆزی بۆ بوارەکەی، ئەمانە هەموو کۆمەڵێک توخمی گرنگن بۆ دروستکردنی جۆری پرسیارەکان. مرۆڤێک کە موتابەعە و خوێندنەوە و گرنگیپێدانێکی جوانی بە شتەکان نەبێ، ناتوانێ پرسیاری جوان دروست بکات. پرسیار تا ڕادەیەک، چ لەنێو ژیانی ڕۆژانە و چ لە ئاستێکی بەرزی هونەر و کولتووردا، کارەکتەر و مرۆڤێتی و ئاستی چێژی کەسەکە دەر دەخات، واتا ئەو کەسە چ جۆرە پرسیارێک دەکات. ئایا پرسیاری جوان لە کەسێک دەکات، بۆ ئەوەی دیالۆگی جوان بێتە ئاراوە، یان پرسیاری ناشیرین دەکات کە دەبێ بە مایەی سەغڵەتبوونی کەسەکە، کە دەبێ بە مایەی خستنەوەی ناکۆکی؟ پرسیار ئیتر بە فۆڕمێکی ئێستێتیکییەوە بێ یان بە فۆڕمێکی جەلەبییەوە، گرنگە بۆ دروستکردنی تەبایی و جوانی یان چێکردنی ناکۆکی، بۆ ژیان یان بۆ مردن. گەر مرۆڤ لە بوارێکدا کاری دڵسۆزانە بکات، نەشیاوە پرسیاری نابەجێ بکات؛ ئەو کەسە هەمیشە چاوەڕوانی پرسیارە. کولتووری چاک هەمیشە چاوەڕوانی پرسیاری چاکە، وەکو دی دەمرێ. بەڵێ کولتوور بەبێ پرسیار دەمرێ.

**کاوە جەلال: هۆی چییە کولتووری ئیسلامی لەم سەردەمەدا، کە جیهان بووە بە گوندێک، توانای زۆر کەمە بەقووڵی دانوستاندنی کێشە کرۆکییەکانی خۆی بکات، کاری مۆدێرن بە زانستەکان بکات، گەرچی زانکۆی فرە لەم کولتوورەدا هەن؟**

**گارا:** کۆمەڵگای ئیسلامی دەترسێ. ئێستا زۆر باس لە شوناس دەکرێ، واتا کۆمەڵگای ئیسلامی دەترسێ شوناسەکەی، ئاینەکەی خۆی لە دەست بدات و هەموو شتێک ببێ بە خۆرئاوایی. بەڵێ ئەم ترسەیە کە زۆر کاریگەرە، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ مامەڵە لەگەڵ ئەو ترسەدا ناکات، کە ئیتر ترس ببێ بە پاڵهێز بۆ کارکردن، وەک چۆن داهێنەر یان خۆرئاوا دەیکات. خۆرئاوا دەترسێ، بۆیە کار لە خۆیدا دەکات، ئیسلام دەترسێ، بۆیە خۆی دادەپۆشێ؛ ئیسلام لە ترسدا تۆقیوە. بۆ نموونە دوبەی، ئیمارات، وا خەریکە کولتووری عەرەبی-ئیسلامی لە دوبەیدا نامێنێ، یان بڕوانە هەندێک لە تەلارە نوێکانی ڕیاز؛ ئایا کێ ئەو تەلارانە دروست دەکات؟ ئەوە خۆرئاوایە کە لەو وڵاتە عەرەبییانەدا کار دەکات. ناوەندی چالاکی هونەری، گالەرییەکانی ئەسکەندەرییە، خۆرئاوایین. ڕابەری مۆزەخانەی کازا بلانکا ژنێکی سویسرییە، گالەرییەکەی کازا بلانکا لە لایەن پیاوێکی فەڕەنسی و ژنێکی ئۆکرانییەوە بەڕێوە دەبرێ.

**کاوە جەلال: ئایا مۆدێرنە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا نشوستیی هێناوە؟**

**گارا:** بەڵێ. مۆدێرنەی عەرەبی نەیتوانی بەرهەڵستیی ترادیسیۆن بکات. ئەمە بەڕاستی کارەساتە. بەڵام پرسیاری ئەوە کە داخۆ ماوەیەکی دی شەپۆلێکی نوێ بێتە ئاراوە، من ناتوانم ئەمەیان بزانم. بێگومان هەندێک نووسەر و هونەرمەندی ڕۆشنبیر کاری باشیان لە کولتوورەکەی خۆیاندا ڕووەو مۆدێرنیزەکردن کردووە، جگە لەمە مەسەلەی مۆدێرنە قبووڵکردن و ڕەفزکردن نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێک لە خۆ تێگەیشتنە، لە یەک تێگەیشتنە؛ پرسیارەکە ئەوەیە کە هەتا چ ڕادەیەک کەس لە خۆی تێدەگات و لە خۆیدا کاری کردووە، ئینجا بەدووی ئەمەدا لە مۆدێرنە تێدەگات و دەزانێ چۆن لەگەڵ کۆمەڵگای مۆدێرندا مامەڵە بکات. ئەمانە گرنگن. مۆدێرنە چۆتە نێو گشت بوارەکانی ژیانەوە، تەنانەت چۆتە نێو مزگەوتەوە (میکرۆفۆن و کارەبا)، چۆتە نێو گوند و هەموو جێیەکییانەوە؛ هەموو تەلەڤیزیۆنیان هەیە، لە هەموو جێیەک جادە و ئۆتۆمبێل، کورسی و مێز هەن، لە هەموو شوێنێک پانتۆڵ هەیە، ئەمانەش هەموو موفرەداتی مۆدێرنەن. بەڵام ئایا ئەمە دەکرێ بە بابەتی دانوستاندن؟ نەخێر، دانوستاندن نییە، ئەمەش پرسیارێکی گەورەیە. کولتووری دانوستاندن کولتوورێکی خۆرئاواییە. دانوستاندن هەروەها پەیوەندیی بە پڕی و کراوەییەوە هەیە. کۆمەڵگای ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای خۆرئاوایی-مەسیحیدا کەمتر کاری لە خۆیدا

کـردووه، ئەو کەسانەش کە دەیانەوێ کاری تێدا بکەن، دەکەونە بەر دژایەتیی سەلەفییەکان و لێرەشەوە ژیانیان سەختتر دەبێ، ڕەنگە تەنانەت ژیانی هەندێکیان بکەوێتە مەترسییەوە. لەمەدایە کارەساتەکان. ژمارەیەکی زۆر لەوانەی بە ڕەهەندی ڕەخنەییەوە کار دەکەن، یان لە وڵاتەکانی خۆیاندا زیندانین، یان کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بۆ دروست کراوە کە بوونەتە تەگەرە لە پێش بەرهەمهێنایان، بەڵێ تەنانەت تۆمەتی ئەخلاقیشیان دەخەنە پاڵ، یان ئەو کەسانە دەبێ لە تاراوگە بژین.

**کاوە جەلال: ئەمڕۆ مرۆڤ لە دەرەوەی خۆرئاواش، بۆ نموونە لە لای کوردەکان، گوێی لە وشەی «پۆستمۆدێرنە» دەبێ. ئایا خۆگرتن بەناوە مەزنەکانەوە یان ناونیشانەکانەوە نیشانەیەک نییە بۆ مۆدەخوازی یان بێپیشەیی خودی کەس؟**

**گارا**: من بەڕاستی ئەمەم بەلاوە سەیرە. من لە خۆرئاوا دەژیم، بەڵام ناتوانم بەوردی وەڵامی پرسیاری لەم چەشنە بدەمەوە. من تەنانەت ناتوانم بە خۆم بڵێم کە گوایە هونەرمەندێکی مۆدێرن یان پۆستمۆدێرنم. بەلای منەوە گرنگە هونەرێکی باش دابهێنم، بەلای منەوە چۆنێتیی هونەرەکە گرنگە. ئینجا گەر کەسانی دی لە ئەفغانستان یان کوردستان خۆیان بە پۆستمۆدێرن دابنێن، ئەمە کێشەیەکە کە پەیوەندیی بە منەوە نییە.

بێگومان ناوی باش هەیە، ناوی بەرز لە هونەری خۆرئاوادا هەیە. گەر هونەرمەندێک هەست بکات کارەکانی لە هونەرمەندێکی بەرزەوە نزیکن، ئیدی گەر ئەو خۆی بە کارەکانی ئەو هونەرمەندە بەرزەوە خەریک بکات، ئەوە من بە شتێکی باشی دەزانم؛ بەڵام نەک وەک لاسایی، وەک ئەوە کە تەنها ناوی گەورە بەکار بهێنێت، بەڵکو وەک زەروورە. من زۆر جار کێشەی هونەرییم تووش دەبێ، دەزانم کارەکانم لە کاری چ هونەرمەندێکەوە لەنێو مەزنەکاندا نزیکن؛ من بەدووی ئەمەدا دەگەڕێمەوە، دەڕۆم بۆ کتێبخانە، کتێبی ئەو هونەرمەندانە دەردەکەم، سەیری کارەکانیان دەکەم و دوایی کێشەکانی خۆم چارەسەر دەکەم. چەندین جار تووشی کێشە هاتووم، بەڵام نەمتوانیوە چارەسەری کێشەکان بکەم، لێرەشدا مەسەلەکە تەواو دەبێ، ئیتر دەزانم کارەکەم لە کاری چ هونەرمەندێکی گەورەوە نزیکە، بۆ نموونە هونەرمەندی ئەڵمانی ئانزێلم کیفەر، یان شوماخەر. ئیتر سەیری کارەکانیانم کردووە، سەیری ڕەنگەکانیان یان فۆرمەکانیانم کردووە، بەبێئەوەی لاساییان بکەمەوە. لە لای من لاسایی نییە، بەڵکو کاریگەری هەیە، ئەمەش پۆزەتیڤە. زۆر شیاوە کە هونەرمەندێک بکەوێتە ژێر کاریگەریی هونەرمەندێکی دیکەوە، بەڵام ئەمە لاساییکردنەوە نییە.

هونەر تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەمیش بەئاسانی نایەت، شتێکی دروستکراو نییە؛ مرۆڤ ناتوانێ تەسەنوع بکات، بەڵکو ڕێگەی کارکردنەکە هونەرەکە دروست دەکات. بەردەوامیی کارکردن بە هوشیارییەوە، بە هێمنییەوە، بە ڕاستگۆییەوە، تا ڕادەیەک ڕاڤەی ئەوە دەدات کە هونەرمەندەکە ڕێگەی تایبەتمەندی خۆی بدۆزێتەوە.

**کاوە جەلال: ئایا چۆن دەکرێ مافی ژیانێکی گونجاو بەو مرۆڤانە بدرێ، کە دەکەونە نێوان دوو کولتوورەوە؟**

**گارا:** دادپەروەری شتێکە کە وجودی زۆر کەمە. داد خوایە، بەڵام لەسەر زەمین داد نییە. تۆ لەسەر زەمین کار دەکەیت، هاڤرکێ دەکەیت. هاوکات لە بواری هونەری شێوەکاریدا کۆمەڵێک کێشە هەن. سیستەمی هونەریی خۆرئاوایی بەزەحمەت ئەو هونەرمەندە شێوەکارانە قبوڵ دەکات کە سەر بە کولتوورەکانی دەرەوەی خۆرئاوان، چونکە لە تێڕوانینی ئەوەوە کارەکانی ئەو هونەرمەندانە بەردەوامبوون نین بۆ جەرەیانەکانی مۆدێرنە. بەڵام ئەو هونەرمەندانە هاوکات لە کۆمەڵگاکانی خۆیان تووشی نامۆبوون هاتوون، کەواتە لە هەردوو لا تووشی نامۆبوون هاتوون، ئەوان نە سەر بە کولتووری خۆرئاوا و نە سەر بە کولتووری خۆرهەڵاتن، نە سەر بە ئەرد و نە سەر بە ئاسمانن. تراژیدیا ژیانی ئەو هونەرمەند و داهێنەرانەیە کە کارەکتەریان لە کولتووری خۆرهەڵاتی-ئیسلامیدا شکۆفەی کردووە و ژیانیان لە تاراوگە بەسەر دەبەن.

**کاوە جەلال: تۆ نموونەی خۆتت هێنایەوە. تۆ خۆت قۆناغ قۆناغ بە ئۆبژێکتێکەوە (مەوزوع) خەریک دەکەیت، واتا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن یەک ئۆبژێکتت هەیە، بەڵام بە ڤاریاسیۆنی جیاواز دایدەڕێژیتەوە.**

**گارا:** من خۆم بابەت هەڵنابژێرم. گرنگ بەلای منەوە ئازادییە، خۆشلکردنە بۆ ئەو مەیلانەی کە لە ناخمدا دێنە گۆڕێ. من خۆم بە بابەتێکەوە نابەستمەوە، بەڵکو بابەتەکە خۆی بە منەوە دەبەستێتەوە. من کار لە بابەتەکەدا دەکەم. بۆ من گرنگە کار بکەم. کاتێک کار لەنێو ڕەنگ یان شێوەدا دەکەم، ڕەنگەکانم شێوەیەک وەردەگرن، ئینجا پاش ماوەیەک دەزانم، کە بۆچی ئەو فۆڕمانە یان جۆرە ئەتمۆسفێرێک لەنێو کارەکانمدا هەن. دوای کارەکە، دوای تەواوبوونی لەوحەکانم، کارەکەم تیۆریزە دەکەم. بێگومان پەیوەست بە هونەرمەندی شێوەکارەوە تیۆریزەکردن پێش کارکردن هەڵەیە. کارەکانی من بە چەند قۆناغێکدا ڕۆیشتوون: قۆناغی شین، ڕەش، پاشان قۆناغی ڕەنگە خاکی و کراوەکانی وەک سپی، زەرد. بەڵام من خۆم بەدووی ئەو قۆناغانەدا نەگەڕاوم، هەڵم نەبژاردوون، بەڵکو ئەو ئەتمۆسفێرانە خۆیان هاتوون، بۆ نموونە من ماوەیەک مەیلم بۆ ڕەنگی شین ڕۆیشتووە، یان شین بەسەر کارەکانمدا زاڵ بووە، ئیتر

بەگوێرەی ئەو ئەتمۆسفێرەی خۆم تێیدا دەژیم. بێگومان هونەرمەند یان کاری هونەری سنوری هەیە. ڕاستە، ئازادیی جوان ئەو ئازادییەیە کە سنوری هەیە، ئازادییەک کە سنوری نەبێ، زەحمەتە من پێی بڵێم ئازادی. مەبەستی من لە سنور پابەندبوون نییە، بەڵام سنورێک هەیە. من نامەوێ خۆم شل بکەم بۆ خەم و پەژارە. گەر بزانم خەم و پەژارە بۆ لای من دێن، ئەوا من هێندە بەرەنگارییان ناکەم. هونەر ژیانە، ژیانیش گشت شعورەکان لەخۆ دەگرێ. ژیان لەنێو مردندایە و مردن لەنێو ژیاندایە. دەشێ مرۆڤ بە زمانێکی فەلسەفی لەسەر ئەو کێشانە قسە بکات، بەڵام زمانی من فەلسەفی نییە، بۆیە زۆر بە ساکاری دەڵێم هونەر ژیانە و ژیانیش مردنە. واتا لەبەرئەوەی هونەر ژیانە، ئەوا گرنگە تابلۆکان تا ڕادەیەک هەستی ژیان بدەن، جا ئەمە بە ڕەنگەکانیان بێ یان بە فۆرمەکانیان. بێگومان ماوەیەک مردن لە کارەکانمدا بابەتێکی سەرەکی بوو، تابلۆم هەیە بە ناونیشانی «پێش مردن»، تابلۆم هەیە بە ناونیشانی «دوای مردن»، چونکە من خۆم حەزم لە مردن دەکرد، حەزم نەدەکرد بژیم. بەڵام هاوکات ژیانیش، تروسکایی، لەنێو ڕەنگەکانمدا دەبینرێ، تیشک هەمیشە لە قۆناغی ڕەشمدا ڕۆڵێکی بەرجەستەی هەبوو، هەرچەندە قۆناغی ڕەشم قۆناغێک بووە کە هەستی مەرگ بەسەریدا زاڵ بووە.

**کاوە جەلال: پەیوەست بە هەمان کێشەوە: تۆ ماوەیەک تەنها لەگەڵ «کەلاوە»دا خەریک بوویت، کەلاوە بابەتی کارکردنت بوو. ئایا کەلاوە تۆی بۆ لای خۆی ڕاکێشا یان ئەوە یادوەرییەکی دێرین بوو؟**

**گارا:** وەک گوتم، من بەدووی بابەتدا ناگەڕێم، بەڵکو خۆشیم بەچیدا هات، دەیکەم، واتا کاتێک دەچمە سەر تابلۆکەم، خۆم شل دەکەم بۆ ئازادییەکانی ناخم. من ئەمەم بەلاوە گرنگە، ئازادیی کارکردن لەسەر تابلۆکە بەلامەوە گرنگە. کاتێک من باس لە ئازادی دەکەم، مەبەستم لەوەیە کە من ئازادیی سەر تابلۆکە بە هیچ شتێکەوە پابەند ناکەم. ڕاستە من شێوەی بۆ دادەنێم، بەڵام شێوەکانم پابەندی نین، واتا تەحدیدکردنی ئازادی نین. ئیدی کە زیاتر خۆشەویستی یان زیاتر مەیلم بەلای کەلاوەوە چوو بێت، ئەوە شتێک نییە من هەڵمبژاردبێ! من پاشان لە خۆم دەپرسم: بۆچی کەلاوە؟ بۆچی شوێنی جێهێڵراو؟ دەتوانم بڵێم، تەنانەت کارەکانم لەو ئیشانەشمدا زۆرتر ڕوخساری کەسی خۆمن، جا گەر تەنانەت ڕوخسارێک یان وێنەی مرۆڤیشیان تێدا نەبێ.

بەڵام هەتا ڕادەیەک بەجێهێڵراوەکان، بەتەنیا ژیاوەکان، کەلاوە، پاشماوەی شتی ڕوخاو، شکستی، تێکچوون و ڕماندن، هەموو ئەم جۆرە ڕووداوانە ڕەنگیان دەدەمێ، فۆرمیان پێدەدەم. من خۆم حەزم لەم جۆرە ژیانە نییە، هیچ کاتێک حەزم لە ژیانی شکستی و ڕوخان، ئازار و خەم نییە، بەڵام گەر ئەمانە هەبن، من نامەوێ بە دەوریاندا

بسوورێمەوە، بەلایاندا بڕۆم، بەڵکو دەمەوێ ڕووبەڕوویان ببمەوە، فۆڕمیان بۆ دابنێم، کاری هونەرییان لێ دروست بکەم. من بە هیچ جۆرێک نامەوێ لە ڕابوردوودا بژیم. کارەکانم هەوڵن بۆ تازەکردنەوەی خۆم، بۆ هەنووکەییکردنی ڕابوردوو، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێ کە من لە ڕابوردوودا دەژیم. کارکردنی من لە ڕابوردوودا نییە، بەڵکو هەنووکەییکردنی مێژووە یان ڕابوردووە، چونکە ڕابوردوو ژیانی تێدا نییە، ژیان لە ئێستادایە، هەمیشە کارەکانم دەربڕینی ئێستان، بەڵام ئێستایەک کە مێژووش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. من هەموو مێژووی خۆم دەهێنمەوە نێو ئێستا. ئینجا ئەو تابلۆیە کە تەواو دەبێ، بریتییە لە دەربڕینی ڕۆحی ئەو کاتە کە تابلۆکەی تێدا تەواو بووە یان لە سەرجەمی ئەو کاتانە کە تێیاندا کارم لە تابلۆکەدا کردووە. بۆیە فۆڕمی کەلاوە فۆڕمیک نییە کە من حەزی لێبکەم یان هەڵمبژاردبێ، بەڵکو فۆڕمێکە کە خۆی دێت. ئەمە هەمیشە هۆی خۆی هەیە. دەشێ کەسێکی ڕۆشنبیر، بینەرێکی چالاک، فەیلەسوف، چەند ڕاڤەیەکی دیکەی بۆ دابنێن، بەڵام هیوادارم ڕاڤەکان دوور نەبن لە ژیانی تایبەتمەندی خۆمەوە. سەرجەم ژیانی تایبەتمەندی خۆم لە لەدایکبوونمەوە لە گوندی شۆڕاو و ژیانی کەرکوک و هەندەران و سەرجەم ئەو ڕووداوانەی بەسەر کەسی خۆمدا هاتوون، بابەتی کارەکانمن. من ئەوەندە ناچم بۆ بابەتی نیشتمانی و نەتەوەیی و سیاسی. ئەمانە بابەتی من نین. من هونەرمەندی نیشتمان نیم، من هونەرمەندی سیاسەت نیم، نەخێر، بە هیچ جۆرێک.

**کاوە جەلال: بەڵام لە هەندێک کارتدا هەست دەکەم پەیوەندییەکت بە کەرکوکەوە هەیە!**

**گارا:** بەڵام نەک وەک سیاسەت، بەڵکو وەک جێگایەک کە لێی ژیاوم. جێگەکان بۆ من گرنگن. نەک تەنها کەرکوک، بەڵکو شۆڕاویش، هەموویان دەگەڕێنەوە نێو تابلۆکانم و شێوەی نوێ وەردەگرن: شێوەیەک کە هەستی جێهێڵراویی بگەیەنێ. جگە لەمە من خۆم زنجیرەیەک تابلۆم هەیە کە ناوم ناون «کەرکوک یەک»، «کەرکوک دوو» هەتا «کەرکوک بیست» (یان سیی، تەواو لەبیرم نەماوە چەندن)، بەڵام من دوای تەواوبوونی کارەکان ناوم لە تابلۆکان ناوە. کاتێک مەیلم دەچێ بەلای دروستبوونی شارێکی کاولبوودا، شارێکی جێهێڵراودا، ڕماودا، ئەوا تەنیا شارێک کە پەیوەندیی مێژوویم لەگەڵیدا هەبێ، تا ڕادەیەک شاری کەرکوکە. ڕاستە لە هەندێک شاری ئەڵمانیا ژیاوم، بەڵام شێوەیان ئەوەندە لە تابلۆکانمدا دەرنەکەوتووە. بڕوا ناکەم ڕۆژێک تابلۆیەکم کردبێ کە سیمای شارێکی ئەڵمانیای تێدا بووبێ. بەڵام تا ڕادەیەک کولتووری خۆرهەڵاتی، ڕۆحی خۆرهەڵاتی، هەستی خۆرهەڵاتی، ناوەڕۆکی کارەکانمن. خۆرهەڵات هەمیشە واتای دواکەوتوویی و خۆرئاوایش تەنها واتای پێشکەوتوویی

ناگەیەنێ. لێرەدا من کارەکانم لە هەستی خۆمەوە، لە فیکری خۆمەوە، بە گرنگ دەزانـم. من ئەمەیان بە پێویست دەزانـم. ئەوە گرنگە کە من گونجاو بم لەگەڵ کارەکانمدا و کارەکانیشم لەگەڵ مندا گونجاو بن؛ ئێمە هاوتا بین، پێکەوە لەگەڵ کارەکانمدا هاوڕێ بین؛ ئەوە بەلای منەوە گرنگە کە کارەکانم مۆرکی جیهانی ناوەوەی خۆم بن، هینی جیهانی ناوەوە و دەرەوە، خۆم و پەیوەندییەکانم.

**کاوە جەلال: گەر تۆ ئەمڕۆ ڕوویکەیتەوە ئەو نێوەندە کولتوورییە کە لێوەی هاتوویت، مەبەستم نێوەندی کولتووری خۆرهەڵاتی ئیسلامییە، پاشان ڕوو بکەیتەوە نێوەندی ژیانی ڕابوردووی خۆت کە کوردستانە، ئەوا چۆن دەیاننرخێنیت؟**

**گارا:** هیچ نرخاندنێکم نییە.

**کاوە جەلال: هەستی تۆ بەرانبەر بە ژن؟**

**گارا:** ئەمڕۆ کتێبێکی ئەدۆنیسم بەناونیشانی «ال×وفیە والسوریالیە» خوێندەوە؛ کاتێک نووسینەکانی ئەو شاعیرە لەبارەی ئافرەت یان خۆشەویستی دەخوێنمەوە، هەست دەکەم زۆر گونجاوم لەگەڵیاندا. دەتوانم بڵێم ئەدۆنیس هەستی من یان هەڵوێستم یان مەیلی من بۆ ژن جوان دەردەبڕێ. من خۆم ناتوانم هەستم بەو جۆرە دەرببڕم. هەبوونی ژن لە ژیانمدا، مرۆڤبوونم و هونەرمەندبوونم بەهێز دەکات. من هەبوونی خۆم لە خۆشەویستیدا بۆ ژن دەبینمەوە، هەبوون بە واتا گەورەکەی، بە فرە ڕەهەندەکانییەوە. هەتا چەند خۆشەویستیم بۆ ژن قووڵ بێت، بەرفراوان بێت، ئەوەندە مەیلم بۆ ژیان بەرفراوان دەبێت؛ هەتا چەند خۆشەویستییەکەم کەم بێت، ئەوەندە هەبوونم کەمە. جیهانی من جیهانی خۆشەویستییە، تەنانەت دەتوانم بڵێم، هونەر لەچاو خۆشەویستیدا بۆ ژن شتێکی لاوەکییە. بێگومان من نامەوێ شتەکان لەوێدا کۆتایی پێ بهێنم کە ئەدۆنیس نووسیونی. ڕاستە ئەو هۆنەرە، ئەو بە زمانە هۆنەرییەکەی، فیکرییەکەی خۆی، جوان دەری دەبڕێ، بەڵام منیش هەوڵ دەدەم بەم زمانە هەژارەی خۆم، لەچاو ئەدۆنیس یان کەسانی ڕۆشنبیردا، تا ڕادەیەک ئەوە دەرببڕم، کە ژن، کاتێک من خۆشم دەوێ، دەبێ بە هەموو شتێک و واتا بە هەموو بەشەکانی دیکەی ژیانم دەدات.

**کاوە جەلال: ئایا تەنیایی دۆخێکی سروشتییە بۆ مرۆڤ؟**

**گارا:** ئەو تەنیاییە کە هونەرمەند خۆی هەڵیدەبژێرێ، تەنیاییەکی پۆزەتیڤە، چونکە هونەرمەند تێیدا پەیوەندیی خۆی لەگەڵ خۆیدا پتەوتر دەکات و ئەنجامەکەی کاری هونەریی باش دەخاتەوە.

**کاوە جەلال: تۆ هەتا ئەم تەمەنەیش هەر فێرخوازی زانکۆیت. پێشتر چەند ساڵێکی درێژخایەنت وەک «قبووڵکراوی میوان» بە دیراسە لە زانکۆ بەسەر بردووە. ئایا ئەمە ئامانجێکە کە تۆ لەپاڵ کارکردنی هونەریدا بۆ خۆتت داناوە؟**

**گارا:** من ئەمە وەک ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی کاری هونەری دەبینم. تێگەیشتنی من بۆ کاری هونەری ئەوە نییە (من ئەمە پەیوەست بە خۆمەوە دەڵێم و فەرزی ناکەم بەسەر هونەرمەندانی دیکەدا) کە لەنێو ئاتەلییەکەمدا دابنیشم و ڕەسم بکەم، ئینجا بە خۆم بڵێم هونەرمەندم. دەشێ مرۆڤ ڕۆحی ئاتەلییەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرێ بۆ هەر جێیەک؛ دەشێ من لەسەر جادە، لەنێو پارکێکدا، لە سەفەردا لەنێو ئۆتۆمبێلێک یان پاپۆڕێک یان فڕۆکەیەکدا هونەرمەند بم، بەڵام دەشێ لەنێو ئاتەلییەکەی خۆمدا بم و هونەرمەند نەبم. هونەرمەندبوون لێرەدا کارەکتەرێکە، مێنتالێتییەکە، هوشیارییەکە، کۆمەڵێک هەستە.

بوونم بە فێرخواز ڕەهەندێکە لە ڕەهەندەکانی هونەرمەندبوونم. من هونەر دەخوێنم، مێژووی هونەر، پەروەردەی هونەر، زانستی ئیسلام دەخوێنم. ئەم دیراسەیە هۆشم بەرفراوان دەکات، دەیکاتەوە. بۆچی مرۆڤ بۆ نموونە کار لە هونەردا دەکات؟ بۆ کرانەوەی هۆش، دەروون، بەرفراوانکردنی ڕەهەندەکان. گەر ئاتەلییەکەم ئەمە نەکات، دەچم لە هۆڵی زانکۆ دادەنیشم و لە سەمینارەکاندا بەشداری دەکەم، لەگەڵ خوێندکار و مامۆستاکاندا کار دەکەم و خۆم بەرەو پێش دەبەم. گرنگ ئەوەیە هەست بکەم جووڵانەوەیەک لە ژیانمدا هەیە، هەست بکەم دەژیم، بە گرنگیشی دەزانم هاوکات لە هونەر جیا نەبمەوە. بێگومان ئەمە شتێکە کە من ناتوانم بەزۆر بیکەم، واتا بڵێم لە هونەر جیا نابمەوە. گەر هونەر ماڵئاوایی لە من بکات، ئەوا بەبێ بێگومان پێم ناخۆشە، بەڵام من هەمیشە هەوڵ دەدەم کە هونەر لە من جیا نەبێتەوە. من هونەرم خۆش دەوێ، جا گەر خۆیشم مومارەسەی هونەر نەکەم. کۆمەڵێک واتای جوانی و ئاستی بەرز لە هونەردان، نەک بگرە تەنها جوانی، بەڵکو تەنانەت واتا بۆ ژیانیش، بۆ چالاککردنی هزرین و هەستکردن و پەیوەندی لەگەڵ شتی جوان، لەگەڵ مرۆڤی جوان و جێگەی جواندا. ئەگەر مرۆڤ هونەرمەندیش نەبێ، دەشێ خۆی جوان بکات لە پەیوەندیدا لەگەڵ هونەر یان هونەرمەند. کەسانێکی فرە هەن لە خۆرئاوا (ئەم دیاردەیە زۆر بڵاوە) دەچن بۆ ئاتەلییەیەک تاکو لەگەڵ هونەرمەندەکەدا دابنیشن؛ ئەوان لەگەڵ ئەودا دەخۆنەوە، یان هاوڕێیەتیی لەگەڵدا دەبەستن، تاکو تا ڕادەیەک ڕەهەندی جوان بە خۆیان ببەخشن. بەڵام بە داخەوە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا ئەم دیاردەیە نییە. ئەم کۆمەڵگا ئیسلامییانە حاڵی حازر بۆ هونەرمەندی شێوەکار

دۆزەخن. کۆمەڵگای ئیسلامیی ترادیسیۆنی هونەرمەندی شێوەکاری لە خۆ نەگرتووە، بەڵکو بە شەق و زللە دەری دەکاتە دەرەوە. حاڵی هونەرمەندی شێوەکار، بێگومان دەشێ فەیلەسوفیش، لە کۆمەڵگا ئیسلامییە ترادیسیۆنییەکاندا یەکجار خراپە. چونکە خوێندنەوەی ترادیسیۆنی بۆ قورئان و حەدیس، بۆ زاڵبوونی قسەی مەلا و داعیە و ئەو زەلامە دەجال و تێکدەرانە (موخەریبانە)، تەخریباتکەرانە، کە بەناوی دین و کولتووری ئیسلامییەوە کار دەکەن، کۆمەڵگای ئیسلامییان کردۆتە دۆزەخێک بۆ هونەرمەندی شێوەکار. ئەمە حاڵەتێکی ترسناکە. هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێ بە شێوەیەکی ساغ و سەلیم پێش بکەوێ، ئەگەر ئەو ژمارە بچووکە زیرەک و هەستیارە لە بەشداریکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕەچاو نەکات. سەرەنجامی ئەم هەڵوێستە کۆمەڵگایەکی ناشرینە. حاڵی حازر کۆمەڵگا ئیسلامییەکان لە مەغریبەوە هەتا پاکستان جوان نین، هۆکان بۆ ئەمە زۆرن؛ من ناچمە بن و بنچینەی لایەنە سۆسیۆلۆگی و سیاسییەکانەوە، ئەمە کاری من نییە، هەروەها ناڵێم ئەمەش تاکە هۆیەکە کەوا هونەرمەندی شێوەکار دەوری تێدا نییە، بەڵام من ئەم لایەنە دەبینم؛ بێگومان من لایەنێکی دەکەش دەبینم: من غەدر دەبینم، غەدر تەنانەت لە ژن و منداڵیش.

**کاوە جەلال: بڕێکی وڵاتانی ئیسلامی، وەک نێوەندی کولتووریی عەرەبی، فارسی، لە بواری کولتووردا، هیچ نەبێ لەنێو خۆیاندا، سەرانی مەزنیان تێدا هەڵکەوتووە. هۆی چییە کورد هەتا ئێستا لە هەنگەشەلێدایە بەدووی ئەو سێ دراوسێیەیدا؟**

**گارا:** نازانم. من ناتوانم بڵێم لە هەنگەشەلێدایە، بەڵام دەتوانم وەڵامێکی سەرپێیی بدەمەوە. فارس و عەرەب، من باس لە تورک ناکەم، خاوەنی کولتوورێکی دێرینن، کولتوورەکانیان یەکجار بەهێزن و زمانێکیان هەیە کە کاریان تێدا کردووە؛ قورئان بە زمانی عەرەبی بۆ پێغەمبەر هاتۆتە خوارەوە، دوایی خەڵکانێکی زۆری بیرکار (هزرڤان) ی عەرەب کاریان بەو زمانە کردووە و پێشیان خستووە. وڵاتانی عەرەبی هەرچەندە لە ڕووی مادییەوە، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها ئابووریشەوە، هێندە پێشکەوتوو نین، بەڵام دەوڵەتی سیاسییان هەیە، دەوڵەتیش سنورێکی هەیە. هیوادارم کوردیش ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی سیاسیی خۆی هەبێ.

**شیروان خان**

**کاوه جەلال: با بە کێشەی مۆدێرنە سەرەتا بگرین ...**

**شیروان خان:** سەرەتا ئەو تێڕوانینە هەبوو، کە مۆدێرنە موڵکی ئەورووپایە، بەڵام دوای «دۆکومێنتای ١٠» و لەژێر ڕابەرایەتی کاترین داڤیددا هەوڵ درا هونەری شێوەکاریی وڵاتانی دیکەیش پەسەند بکرێ. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا هونەری وڵاتانی دی بەچی دێتە ناوەوە؟ ئێستا گەورەترین کێشە ئەمەیە: ئایا بۆ مێژووی هونەری ئەورووپی دەگەڕێینەوە و بە میتۆدی هونەری ئەورووپی هونەری ناوچە (لۆکاڵ) هەڵدەبژێرین، یان ئایا چۆن هونەری ناوچە دەتوانێ وجودی خۆی لەنێو گلۆباڵدا دابین بکات؟ ئەم پرسیارە کە نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەشدا هەیە، تا هەنووکە لای کەسمان نەکراوە.

**کاوە جەلال: بەڵام ئاخر پرسیارەکەش ئەوەیە کە چۆن ئەمە دەکرێ! کە ئەو پرسیارە دروست نەبووە، ئەوا ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێ کە پرسیارەکە نییە، یان ئەوپەڕی لە کەناردا لە لای کەمینەیەکی زۆر بچووک هەیە، بەڵام کە ناتوانرێ جارێ پرسیارەکە بکرێ، ئایا ئەمە هەمان ئەو کێشەیە نییە کە پرسیار بکرێ داخۆ چۆن تیۆری هونەری و پاشان ڕەخنەی هونەری بێنە ئاراوە؟**

**شیروان خان:** پرسیاری چۆن! چۆن دەتوانرێ ڕەخنەی هونەری بهێنرێتە گۆڕێ! جارێ هوشیاری ئەورووپی و مێژووی هونەری ئەورووپی ئەوەی پێناکرێ، ئەوە شتێکی نەشیاوە. بێگومان هوشیاری پێویستە، بەڵام پرسیار لێرەدا سەرەتا هوشیاریی خۆمانە. بە پێشبینیی من لایەنە قورسەکەی لای خۆمانە. باشترە سەرەتا بپرسین، ئایا جارێ هونەرمەندی شێوەکار هەبووە، تا هونەر هەبێ؟ ئایا جارێ ئەو هونەرمەندە ئازادە هەیە؟ سەرەتا لە بیستەکاندا، کاتێک لە عێراق بەڕێی عوسمانییەکانەوە هونەری کلاسیکی هات، لە هەندێک ڕووەوە لەژێر کاریگەریی کلاسیکی ئەڵمانیدا بوو، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە لە سیی و چلەکاندا، تا پەنجاکانیش، بەر هونەری مۆدێرنی ئەورووپی کەوتین، ئەوا تێگەیشتنمان لەو هونەرە مۆدێرنە بوو بە پاڵهێزی پەرەسەندنی هونەری ناسیۆنالیستی. ئەم هونەرە ناسیۆنالیستییە تەنانەت لە نەوەدەکانیشدا دوو جاری دی زیندوو دەبێتەوە: جارێک لا کۆنەکەی هونەری ناسیۆنالیستی دەگەڕێتەوە، واتا هونەرمەندانی شاخ دەگەڕێنەوە، ئینجا لایەکەی دیکەی کە نۆستالجی دروستکەرێتی، واتا ئەو هونەرمەندانە کە لە ئەورووپاوە گەڕاونەتەوە. ئێستا گلۆباڵ جارێکی دی ناسیۆنالیزم لە فۆڕمێکی نوێدا زیندوو دەکاتەوە. دەبوو جارێ ئەم کێشەیە بخوێنرێتەوە. جگە لەمە بە بڕوای من کێشەکە تەنها هینی سلێمانی یان کوردستان بەگشتی نییە،

بەڵکو کێشەی کولتوورەکانی دیکەشە، مەبەستم لە هەموو کولتوورەکانی دەرەوەی خۆرئاوایە.

**کاوە جەلال: بەڵام تێڕوانینەکەی تۆ ئەوە بوو کە جارێ لای خۆمان کێشەی هوشیاری هەیە. ئەمە لایەنە گرنگترەکەیە. هاوکات مرۆڤ پێویستە شارەزایی لە هونەر و هزری ئەورووپیدا هەبێ. بەڵام ئێستا پرسیارەکە پەیوەست بە هونەرمەندێکی کوردی-خۆرهەڵاتییەوە ئەوەیە کە داخۆ پێویست بێ ئەو خۆی لە ترادیسیۆن ئازاد بکات، بچێتەوە نێو ناخی خۆی، تاکو هزرێکی نوێ گۆڕان پێبدات، واتا لە خۆیدا کار بکات تاکو خۆی بکات بە هونەرمەندێکی ئازاد؟ یان گەر پرسیارەکە بە چەشنێکی دیکە بکەین: ئایا ئەو کەسانە کە ئێستا لەو بوارەدا خەریکی هونەرەکانی نووسین و شێوەسازی و موزیکن، دەتوانن مۆدێرن بن؟**

**شیروان خان:** من ئەم پرسیارە دەکەمەوە: ئایا کام مۆدێرن؟ ئایا ئەو لەوحەیە مۆدێرنە کە بەپێی مێژووی هونەری ئەورووپی مۆدێرنە، یان ئایا ئەو هونەرە هەیە کە پەیوەست بە هونەری لای خۆمانەوە مۆدێرن بێ؟ هەندێک جار هونەرمەندێکی لای خۆمان لەبارەی کارەکەی دەبێژێ، کە ئەو کارەی «خۆ»ییە یان بەرهەمی خۆیەکی ئازادە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەمەیە: ئایا «خۆ» کامەیە و جیاوازییەکەی لە ترادیسیۆن چییە؟ هەروەها ئەی ترادیسیۆن کامەیە؟ ئێمە جارێ لەم تێکەڵبوونە ڕزگارمان نەبووە، ئێمە تا ئێستا بە دیدێکی مۆدێرن موزیکی کوردیمان شی نەکردۆتەوە. ئایا کامەیە موزیکی کوردی؟ واتا ئەو موزیکە کە بڕێکی زۆر کاریگەریی فارسی و تورکی، هیندی و ئەفغانی و ئەرمەنی بەسەرەوەیە؟ کێشەکە لەوەدایە کە کاتێک من خۆم بۆ ئەو منە دەگەڕێم، ئەوا پرسیارێک دێ: ئایا ئەو منە هەیە، تا لەم منەوە پەیوەندییەک لەگەڵ هونەری ئەورووپادا، لەگەڵ هونەری گڵۆباڵدا، بهێنمە ئاراوە؟ بە پێشبینیی من پێویستە ژمارەیەک کێشەی دیکە ڕوون بکەینەوە. ئایا تەکنیکی هونەر دروست بووە، تا هوشیاریی هونەر دروست بووبێ؟ یان کێشەی «راوم» (فەزا)؛ ئایا هەتا ئێستا هوشیایی ڕاوم بووە بە کێشەیەک لە لای ئێمە، هەتا لەم کێشەیەوە بەر کۆمەڵێک تیۆریی نوێ بکەوین؟ یان مەسەلەکە زۆرتر ئەوەیە کە ئێمە هەردەم دوای تیۆرییە تازەکانی هونەر کەوتووین؟ یان ئێمە بۆ نموونە باسی تاک دەکەین. بەڵام ئایا خۆیەتییەکی ئازاد هەیە، هەتا تاک هەبێ؟ ئایا ڕاومی تاک لەنێو کۆمەڵگادا دروست بوو؟ سادەترین پرسیار ئەوەیە، ئایا جارێ خانوو بۆ تاکە کەس دروست بووە، ژوور بۆ تاکە کەس دروست بووە؟ ئایا لەنێو خێزاندا ڕاومی یەک کەسی دروست بووە، هەتا

**کاوە جەلال: بەڵام ئەو پرسیارەیش هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە کە داخۆ مەرجی زەرووری بۆ سەرهەڵدانی ڕاوم (فەزا) بەڕێی هوشیارییەکی نوێی گەردوونییەوە نەیەتە ئاراوە! ئایا کەسێکی ناوچەی کوردی-ئیسلامی لە تیۆریی گەردوونێکی سێ دیمەنزیۆنی (سێ بوعدی) تێدەگات یان ئەو تەنها لەسەر دەستووری ترادیسیۆنی کەمێک لێی نزیک دەکەوێتەوە و پاشان زیرەکانە ڕاڤەی دەکات؟ ئەم پرسیارە هونەرمەندی شێوەسازیش دەگرێتەوە. ئایا پێویستە هونەرمەند بەدووی هوشیاریی ڕاومدا لە دەرەوە ڕوو بکاتە کێشەی ڕاوم لە ناوەوە، واتا لە ناخی خۆیدا؟ بە زمانێکی دیکە ببێژم، ئایا پێویستە هونەرمەند سەرەتا خۆی لە کۆمەڵگای ترادیسیۆنی ئازاد بکات، ئینجا دوای پرۆسەیەکی درێژخایەنی کارکردن ڕووی تێبکاتەوە؟ بێگومان ئەم پرسیارە هەموو هونەرەکان، بەڵێ تەنانەت کایەی هزریش دەگرێتەوە.**

**شیروان خان:** بەڵام کێشەکەی من لەوەدایە، کە ئایا هونەرمەندی لای خۆمان دەتوانێ لە کۆمەڵگای ترادیسیۆنی بچێتە دەرەوە؟ وەک ئاشکرایە کۆمەڵگا خۆی ترادیسیۆنییە، خێزان ترادیسیۆنییە، تەنانەت جادە و تەلارسازی ترادیسیۆنین، خودی فۆرم ترادیسیۆنییە، ئینجا کاتێک ئێمە فۆرمێکی تەلارسازی نوێ دەبینین، یان هەر دیاردەیەکی نوێ، ئەوا پرسیارێک دێتە پێشەوە، کە ئایا ئەم دیاردە نوێیە پەیوەندیی بە بازاڕی گلۆباڵەوە هەیە یان نا. بە پێشبینیی من دیاردەکە پەیوەندیی بە گۆڕانی ئیدراکی (Wahrnehmung) خۆییەوە نییە. بە بڕوای من بۆ هونەرمەند قورسە لەو ترادیسیۆنە بێتە دەرەوە، چونکە پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەو لە ترادیسیۆن دێتە دەرەوە و ئینجا بەدووی ئەمەدا دەچێتە ڕاومێکی دیکەوە؟ بۆ نموونە ئەو هونەرمەندانە کە لەوێوە بۆ ئەورووپای دێن. یان با پرسیارەکە بەم شێوەیە بکەین: ئایا ئەو هونەرمەندانەی لای خۆمان کە لە ئەورووپا دەژین، لە ترادیسیۆن هاتوونەتە دەرەوە؟ پرسیارێکی گرنگ بە بڕوای من ئەوەیە کە چۆن ئەو ڕاومە ترادیسیۆنییە شیبکرێتەوە! بە چ میتۆدێک؟ ئایا بە میتۆدێکی ئەوێ ڕوون دەکرێتەوە (ئاخر ئەوان میتۆدیان هەیە؟) یان بە میتۆدێکی ئەورووپی؟ کاتێک من گەشە بە هوشیاری خۆم بۆ ڕاوم بدەم، ئایا لێرەدا پێویستم بەوە دەبێ کە ڕوانگەکان لە ئەنتیکەوە هەتا تیۆرییە تازەکان ڕەچاو بکەم، یان پێویستم بە تیۆریی دیکەی ڕاوم دەبێ؟ ها؟ ئاخر تیۆریی دیکەی ڕاوم هەیە، بەتایبەتی تیۆرییە ئاسیاییەکان. ئاشکرایە ئەم پرسیارەی ڕاوم لە

هزری سۆفیزمیشدا، یان هیندوئیزم و بودیزمیشدا هەیە. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن خۆمان بە هوشیاری ڕاوم دەگەین، هەتا ئیتر بەدووی ئەمەدا بتوانین لەگەڵ تیۆرییە نوێکانی ڕاومدا لێرە خەریک بین و بە شتێک بگەین.

**کاوە جەلال: با بۆ پاڵ ئەم کێشەیەی ڕاوم پرسیارێکی دیکەی گرنگ بهێنینە نێوانەوە: پرسیاری فۆرم. ئایا بە ڕای تۆ ئەو هوشیارییەی فۆرم لە لای کوردەکان، بەتایبەتی کوردەکانی باشوور، لە چیدایە؟ یان با بوێرین پرسیارەکە بەم چەشنەیش بکەین: ئایا هوشیارییەکی مۆدێرنی فۆرم، مەبەستم لە فۆرمی سێدیمەنزیۆنییە، هەیە؟**

**شیروان خان:** ئەمە بۆ من پرسیارێکی قورسە. بەڵام پێشبینی دەکەم، کێشەی فۆرم لای خۆمان جارێ دروست نەبووە یان ساغ نەکراوەتەوە. باشترە ئەم پرسیارە گشتیتر بکەین: کێشەی هوشیاریی فۆرم تەنها کوردی نییە، بەڵکو فۆرم لە کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچانەشدا، وەک کۆمەڵگای ئەفغانی یان ئێرانی یان تورکی کێشەیەکی گەورەیە. ڕەنگە فۆرمی کۆمەڵگا بەزۆر شێوە گۆڕدرا بێ، بەڵام بە بڕوای من ئەو گۆڕانە بەڕێی ئاڵوگۆڕی کولتوورییەوە نەبووە، بەڕێی تێگەیشتنەوە نەبووە، بەڵکو بەڕێگەی بەزۆرکردنەوە بووە، جا ئایا ئەمە بەهۆی کۆلۆنیالیزمەوە بێ یان ڕێگەی بەمۆدێرنکردنی ئەوێوە، وەک لە تورکیا لە لایەن ئەتاتورک. لە ئێرانیش، بە کوردستانیشەوە، پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن بەگەڕ خرا، بەڵام ئایا دەتوانین ئەو فۆرمە ناو بنێین فۆرمی کوردی؟ ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە. ئەم کێشەیەی فۆرم لە کۆمەڵگاکانی دیکەشدا هەیە. ئایا تێگەیشتنی ئاسیایی، عەرەبی، ئەفریقایی، بۆ فۆرم چییە؟ ئەو فیکرە ئاسیاییە یان عەرەبییە یان ئەفریقاییە چییە؟ ئاخر ئەوانیش کاریگەریی گەورەیان بەسەرەوەیە، ئەوەش کە ناودەنرێ فۆرم، جارێ دیراسە نەکراوە، تاکو پێم بڵێ «کامەیە فۆرمی من». ئەمە بە پێشبینیی من لێنەتوێژراوەتەوە کە ئیتر ئەو توێژینەوەیە پێمان بڵێ: ئەمە ئەو فۆرمەیە کە دەمانەوێ هەمان بێ. من ناتوانم ئەو فۆرمە دەستنیشان بکەم، پێش ئەوەی دەرککردنی (Wahrnehmung) خۆمان بۆ فۆرم شیبکەینەوە. ئایا بینینی ئاسیایی بۆ فۆرم هەمان بینینی ئەوروپییە بۆ فۆرم. من ئەم پرسیارە بە قورس دادەنێم، چونکە جارێ زانیارییەکانی (مەعلوماتەکانی) دەوروبەری فۆرم لای ئێمە دروست نەبوون، ئەم زانیاریانەش بریتین لە نوقتە، هێڵ، ڕووبەر، دەنگ، دروستبوونی ڕەنگ. ئایا پێرسپێکتیڤە جیاکان بۆ فۆرم کامانەن؟ لە جیهانی ئیسلامیدا دەگوترێ کە گوایە کۆمەڵێک پەیوەندی پتەو لە نێوان هونەری ئەبستراکتی ئەورووپی

و هونەری ئەبستراكتی ئیسلامیدا هەیە، گوایە نزیكییەک هەیە. بەڵام بە پێشبینیی من ڕوئیای ئیسلام بۆ ئەبستراكت جیاوازە لە ڕوئیای ئەوروپا بۆ ئەبستراكت. هونەری ئیسلامی سروشت تەجرید دەكات، بەڵام ئەمە جیاوازە لە هونەرە ئەبستراكتەكەی ئەوروپا، واتا لەو هونەرە ئەبستراكتە كە فۆڕم لە هەموو ئیدیۆلۆژییەک، لە هەموو هزرێک، دادەبڕێ. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو فۆڕمە ئەبستراكتە لە هونەری ئەبستراكتی ئیسلامیدا مانایەكی هەیە، واتا زۆر جار ئەبستراكتێكی سیمبۆلی (ڕەمزی) دروست دەبێ، وەک بۆ نموونە ئەو هونەرە ئەبستراكتەی لای شاكیر حەسەن دروست بوو، كە هونەرێكی ئەبستراكت بوو لە تەسەوفەوە هاتبوو، ئەویش چونكە ئەو دەگەڕێتەوە بۆ پیت، بۆ وشە، بۆ سیمبۆل، بۆ مانا. ئەم هونەرە ئیسلامییە بەرەو ئەبستراكسیۆنێكی دیكە دەڕوات، كە نەیتوانی، یان ناتوانێ فۆڕم لە مانا و سیمبۆل ئازاد بكات.

من پێشبینی دەكەم، ڕەنگە جارێ زوو بێ ئێمە بەدووی فۆڕمێكدا بگەڕێین، چونكە گرتنی هەر فۆڕمێک لەلایەن ئێمە ڕاستەوخۆ مردنی فۆڕمەكە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. بە پێشبینیی من ئێمە جارێ پێویستمان بە هوشیارییەكی فراوان هەیە، تاكو بتوانین فۆڕمێكی جوان بگرین و بتوانین بڵێین «ئەمەیانە كە من دەمەوێ»، ئەمە بێگومان بە مەرجێک، گەر لێرەدا ئامانجەكە ئەوە بێ كە ئێمە ئەم فۆڕمە بگرین. بەڵام هونەرمەندی ئێمە، لەوانەیە ئەم نەوەیەی ئەمڕۆ، یان نەوەی ئێمە كە لە نەوەدەكاندا دروست بووین، ڕەنگە جارێ نەوەی ئەوە نەبووبێ كە فۆڕمێكی تایبەتیمان داهێنابێ. پەیوەست بە نەوەی خۆمان و ئەمڕۆوە دەڵێم، لەوانەیە ئێمە نەوەیەک نەبین كە بڕیار بدەین «ئەمە هونەری ئێمەیە». بەڵام دەبێ بڵێم، نەوەی من بە «نەئـ»، بە نوقتەی سفر، هەڵوێستمان نیشاندا، ئەویش كاتێک گوتمان «ئەو فۆڕمەمان ناوێ، هەروەها ئەم فۆڕمە و ئەوی دیكەشمان ناوێ». ئێمە گوتمان با جارێ سەرەتا حاڵەتەكە دروست ببێ، با منەكە دروست ببێ، ئینجا دوای ئەوە بڕیار دەدەین. بڕیاری فۆڕمگرتن لە هونەر خۆیەوە، لە پراكتیزەكردنی هونەرەوە دێ، نەک هوشیارییەک لە دەرەوە دیاریی بكات. ڕەنگە ئەمە كێشەیەک بێت لە نێوان هونەرمەند و تیۆریستدا، واتا، ئایا هوشیارییەک پێویستە بۆ ئەوەی بتوانین هونەری جوان دروست بكەین، یان كارە هونەرییەكە تیۆرییەكی نوێ دروست دەكات؟ بەڵام دەبێ لێرەدا ئەو پرسیارەش بكەین، كە ئەو كارە هونەرییە لە كوێدایە؟ ئایا ئەوەندە ئازاد دەردەچێ كە ئیتر تیۆرییەكی نوێ بهێنێتە ئاراوە؟

**كاوە جەلال: بەڵام خۆ هونەرمەند نائاگامەندانە دەئافرێنێ ...**

**شیروان خان:** خۆی خۆشە گەر هونەرمەندێک هەبێ هیچ كاریگەرییەكی دەرەكیی

بەسەرەوە نەبێ، واتا کەسێک هەبێ کە لە خۆیەوە خەریکی هونەر بووبێ بەبێئەوەی لەژێر کاریگەریی هیچ هونەرێکدا بووبێ. من زۆر ڕێزی ئەم ئازادییە دەگرم، بەڵام ڕێزی ئازادییەک ناگرم کە خۆی بە ئازادی دادەنێ و هاوکات لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێک فۆڕمی عەرەبی یان فارسیدایە، جا ئەمە لە هونەری موزیکدا بێ یان لە هونەری شێوەکاریدا، کەسەکەش خۆی هیچ هوشیارییەکی بەرانبەر ئەو فۆڕمە نییە کە لە هەقیقەتدا ئازاد نییە. ئەو فۆڕمە لە ئەسڵدا هینی ئەو نییە، کەچی ئەو شووناسی خۆی پێوە دەبەستێتەوە و دەڵێ: «من ئازادم». من مەبەستم لەو هوشیارییەیە کە نییە. بەڵام ڕەنگە هەبوونی ئەو هوشیارییە لای ئەو کەسە ئازادە، کە خۆی لە خۆیەوە کار دەکات، زەروور نەبێ. گەر بە پێچەوانەوە هوشیارییەک و ئازادییەک نەبێ، چاکترە نائازادییەکیش نەبێ و وا بزانێ ئازادە، چاکترە خۆی هوشیار بکاتەوە، تاکو بزانێ نائازادە، نەک وەک نائازادێک شەڕی ئازادییەکەی بکات. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە کە داخۆ ئەو هونەرمەندە دروست بووبێ، لێرەشدا مەبەستم لە هەردوو حاڵەتەکەی هونەرمەندە: ئەو هونەرمەندە کە ئاگامەندە بەرانبەر بە هەموو شتەکان، هەروەها ئەو هونەرمەندەش کە لە ناخی خۆیەوە شتەکان دەکات، بەبێ هیچ ئاگابوونێک لە تیۆریی تازە. بە ڕای من هەنووکە ئەم دوو حاڵەتەی هونەرمەند کێشەیەکی گرنگن.

کاوە جەلال: خۆ لە هونەری شێوەسازی و دەرەوەیدا، واتا لە هونەرەکانی موزیک و هۆنراوەدا، هەندێک هونەرمەندی بەواتا هەن کە کەم یان زۆر گرنگێتی خۆیان هەیە، جا گەرچی دانوستان نەکراون، بۆ نموونە حەسەن زیرەک لە موزیکدا، یان تاڕادەیەک، سەرباری میانەی مێژوویی و مۆرکی تایبەتمەندی هونەری، لای عومەر دزەیی ...

شیروان خان: یان حەیران، یان فۆڕمێک لە فۆڕمەکانی حەیران ...

**کاوە جەلال: بەڵام لێرەدا دەچینە نێو فۆلکلۆرەوە. من مەبەستم لە هونەری خۆییە.**

**شیروان خان:** من کەمێک دەترسم لەسەر موزیک بدوێم، گەرچی لێرە ساڵێک خەریکی موزیک بووم، یان بەهۆی پەیوەندیمەوە لەگەڵ ئاری و هیوادا کەمێک شارەزاییم هەیە. ئێمە دەتوانین ئیشکردنی کولتووری ئێمە بۆ ئەدەب و موزیک جیابکەینەوە لە هونەری شێوەکاری، چونکە کولتووری موزیک لە کولتووری هونەری شێوەکاری بەهێزترە. موزیک لای ئێمە، بۆ نموونە لە ئێران، چەند سەدەیەکە ژمارەیەک ترادیسیۆنی چاکی موزیک هەن، لەوێ چەند فێرگەیەکی موزیک هەبوون. بەڵام لە حاڵەتی موزیکیشدا، بۆ نموونە کاتێک ئێمە لە حەسەن زیرەک دەدوێین، ئەوا ئایا ئێمە جەختین لەوە کە گۆرانییەکانی هینی ئەو خۆین؟ چونکە چەندین گۆرانی حەسەن زیرەک هەن کە لە ئەسڵدا ئەرمەنین یان ئازەرین، بەڵام ئەمە هەتا ئەمڕۆ دیراسە نەکراوە. بێگومان

حەسەن زیرەک گۆرانی جیاوازی گوتووە، بەڵام ئایا لە موزیکەکەیدا گۆڕانی هونەریی ڕوویداوە یان سوللەمەکەی لە نێوان ئەو چەند سوللەمەی خۆرهەڵاتدا دەمێنێتەوە کە لە موزیکی کوردیدا باوە؟ من تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە فۆڕمی موزیکەکەی ئەو مۆدێرن نییە. قەیناکات ئاوازەکەی خۆشترە، خەفەتبارترە، یان تێکستەکەی جۆرێکی تایبەتیترە و حەزمان لێیەتی. بەڵام ئەمڕۆ دەبێ بپرسین کە هەتا چەند خودی موزیکەکە گۆڕانی بینینوە؟ ئایا، وەک بۆ نموونە موزیکی جاز کە بەدووی کلاسیکدا هات و گۆڕانی لە موزیکی کلاسیکدا کرد، ئێمەی کورد گۆڕانێکی موزیکییانەی هاوشێوە، بەڵام بێگومان تایبەتمەند، لە لای حەسەن زیرەک دەبینین بێجگە لە ئاواز و تێکستی خۆش؟ من لە دانیشتنەکانمەوە لەگەڵ کەسانی شارەزای موزیکدا دەگەم بەو بڕیارە کە موزیکی کوردی گۆڕانکاری لە خۆیدا نەکردووە کە ئیتر لێرەوە بەر ئاکۆردەکانی دیکەش کەوتبێ، وەک بۆ نموونە لە جازدا کە بەر ئاکۆردەکانی حەوت دەکەوێ، بەڵام گۆڕانێکی هاوشێوە، بێگومان تایبەتمەند، لە موزیکی کوردیدا نییە کە بەرەو کۆمەڵێک ئاکۆرد و سوللەمی دیکەت بەرێ، کۆمەڵێک جیهانت لە لا ئاشکرا بکات نەک هەمیشە بگەڕێتەوە سەر ئەو نوقتەیەی کە لێوەی دەستی پێکردووە. ئاخر لێرەدایە کە تاکی موزیکی دروست دەبێ.

**کاوە جەلال: پەیوەست بەم کێشەیەی موزیکەوە ئەم پرسیارە هەیە: ئەو شێوە موزیکەی لە شەستەکانەوە دروست بوو، وەک «تیپی مۆسیقای سلێمانی»، بریتی بوو لە وەرگۆڕینێکی پاشڤەڕۆیانەی چێژی شار بۆ چێژی گوندییانە. ئەو هونەرمەندانە، لەوانە ئەنوەر قەرەداغی، لە شاردا پەرەیان بە چێژی لادێییانەدا، ئەو چێژەیان کرد بە مۆدە، نەک شارییانە موعاناتی خۆیی دابڕێژن!**

**شیروان خان:** من ئەمە لە هونەری شێوەکاریشدا دەبینم. کاتێک تۆ بەر مۆدێرنە دەکەویت، لەوێدا لایەنی ترادیسیۆن زیندوو دەبێتەوە. ئێمە دەبێ مۆدێرنە بەراورد بکەین بە ترادیسیۆن. لێرەدا دۆستایەتی و دژایەتیی غوربەت (غەریبێتی) دێتە ئاراوە: چ توخمێک لەگەڵ ترادیسیۆندا یەکبگرێتەوە، من ئەوە دەهێنم، چ توخمێک لەگەڵ مندا نییە، من ئەوەیان ناهێنم. ئەو فۆڕمە نوێیانە کە هاتوون، هەمیشە بەراوردێکیان لەگەڵ ترادیسیۆندا پێکراوە. گەر ئێمە لە پەنجاکان بڕوانین، دوای ئەوە کە لە کۆتایی سییەکانەوە یەکەم بەعسەی ئەکرەم شوکری، جواد سەلیم و فایەق حەسەن چوون بۆ خۆرئاوا، ئەو کێشەیەمان بەڕوونی لا دەردەکەوێ. ئەوان دەگەڕێنەوە و هونەری بە حیساب مۆدێرنی عێراق دروست دەکەن، بەڵام کێشەی ئەم زانیاری هێنانە لەوێوە

چەند هۆیەکی هەیە: یەکەم کێشەی چوونە نێو کولتووری خۆرئاواییەوە، کە ئەو لەوێ لە لایەک هێندە ئاسان وەرناگیرێ و ئەویش خۆی ناتوانێ بچێتە نێوییەوە، دووەم لە عێراقیشدا پرسیاری دروستبوونی هوشیارییەکی ناسیۆنالیستی هەیە، کە سیاسییەکان و دامەزراوە حکومییەکانیش دەگرێتەوە، لەو واتایەدا کە ئەوان دەڵێن ئێمە پێویستمان بە هونەری مۆدێرن هەیە. ئەوان بۆ ئەم مەبەستە خوێندکاریان دەنارده دەرەوەی عێراق، بەڵام ئەوەندەی ئینتەرەسەکە سیاسی بوو، ئەوەندە ئاڵوگۆڕی کولتووری نەبوو. خوێندکاران بەو ئەرکە دەڕۆن بۆ خۆرئاوا کە هونەری خۆرئاوایی بهێننەوە و لەگەڵ ترادیسیۆنی خۆیاندا کاری پێبکەن، ئێستاش هێندە بەرەو ڕابوردوو دەگەڕێنەوە کە ئیتر هونەرەکانی میسۆپۆتامیا ئاشکرا دەکەن و لەگەڵ هونەری ئیسلامیدا دەیخەنە پەیوەندییەوە، بەبێئەوەی هوشیارییەکیان بۆ ئەو دابڕانە مێژووییە بەرینە هەبێ، کە دەکەوێتە نێوان ئامادە و ڕابوردووی دوورەوە. لێرەشدا هونەرمەندان کار بەو مۆتیڤانە دەکەن کە لە ڕاوم و کاتێکی تایبەتمەندی خۆرئاوادا دروست بوون، واتا پەیوەندییان بە هوشیاریی خۆرئاواییانەوە بۆ ڕاوم هەیە. بەڵام لێرەدا هونەرمەندە گەڕاوەکان بۆ عێراق هوشیارییەکیان بۆ هوشیاریی خۆرئاواییانەی ڕاوم نییە. ئەوان لەنێو خۆیاندا ئەو فۆڕمە نادۆزنەوە، ئەوان بەراوردکارانە فۆڕمێک وەردەگرن کە داهێنراوی هزری خۆرئاواییە. بۆ نمونە ئەوان پەیوەندییەک لە نێوان هونەری ئەبستراکتی خۆرئاوایی و هونەری ئەبستراکتی ئیسلامیدا دەهێننە ئاراوە، بەڵام ئەم دووانە لە بنەڕەتدا جیاوازن، چونکە وەک پێشتر گوتم، فۆڕم لە هونەری ئەبستراکتی ئیسلامیدا ئازاد نییە، بەڵکو مانا و سیمبۆلێک نیشان دەدات، ئەمەش پێچەوانەی هونەری ئەبستراکتی ئەوروپییە، کە فۆڕم لە مانا ئازاد دەکات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی ئەو هونەرمەندانە هونەرێک ناهێنن کە لایەنەکەی «من»ی تێدا بێ، بۆ نموونە پێرفۆڕمانس. مەبەستەکە لەم هونەرەدا «چی-کردن» نییە، بەڵکو لە پرسیاری «چۆن کارەکەم ئەنجام دەدەم؟» پرسیاری دیکە دەکرێتەوە، وەک پرسیاری لەش کە گەورەترین پرسیاری پێرفۆڕمانسە، لێرەشەوە، لەم پرسیارەوە، هونەر دەگەڕێتەوە بۆ نێو ژیان، واتا هونەرمەند لە شوناسی گرووپەوە دەگەڕێتەوە بۆ شوناسی تاک. گەر بەگشتی بڕوانین، دەبینین کە نزیکەی هەموو هونەری عێراقی هونەری گرووپە نەک هونەری تاک بێ لەنێو ژیاندا بەبێ هیچ ئوتۆپیایەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی. بە بڕوای من لێرەوەیە کە ئەو جوڵە سەرەتاییە تاکگەراییانە، وەک وجودییەت، کە لە حەفتاکاندا هاتنە ئاراوە، نەیانتوانی بەهێز بن، چونکە تاکەکانی کۆمەڵ خۆیانییان لە گرووپدا دەبینییەوە. لێرەوە دەتوانین تێبگەین کە بۆچی هێزە چەپەکان و ڕاستە

ناسیۆنالیستەکان توانییان پەرەبسێنن و هێز پەیدا بکەن. بۆیە ڕێکخراوە سیاسییەکان لەسەر بناغەی کولتووری دروست نەبوون و نابن، بەڵکو بە پێچەوانەوە کولتوور لەسەر بناغەی ئۆتوپیای سیاسی یان تێڕوانینی هێزە سیاسییەکان دروست دەبێ، بۆ نموونە «یەکێتی هونەرمەندان». بەڵام هەر چۆنێک بێ لای ئێمە هەوڵی سەرەتاییانەی تاکگەرایی هەر بەردەوام بوو، وەک لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا. بەتایبەتی نەوەیەکی نەوەدەکان، بۆ نموونە لە هونەری شێوەکاریدا، گوتی پێویستە لەگەڵ هوشیارییە نوێکەی «من»دا، کە لە لای ئەو دروست بوو بوو، بە هەموو لایەنە سایکۆلۆژی و کولتوورییەکانییەوە خەریک ببێ، نەک خۆی لە هێزێکی سیاسیدا ببینێتەوە.

**کاوە جەلال: ئایا ئەمە کێشەیەکی نەوەیی دروستکردووە؟**

**شیروان خان:** بێگومان. لە لای ئێمە لە ترادیسیۆنەوە هوشیاریی نەوەیی نەبووە، بەڵام لە لای ئێمە، نەوەی خۆمان، هوشیارییەکی نەوەییمان لە لا دروست بوو. ڕاستە ئێمە میتۆدێکی خۆییمان نەبوو کە لەسەری لەو هوشیارییەدا کار بکەین. بۆ نموونە ئەو پرسیارە بە کراوەیی دەمێنێتەوە کە لە نەوەدەکاندا چ نەوەیەک دروست بوو، هەروەها نەتوانرا لەگەڵ نەوەی هەشتاکان یان حەفتاکانیشدا دیالۆگ چێبکرێ. بە پێشبینیی من ئەمڕۆ ئەو دیالۆگە دروست نەبووە کە ئێمە خوێندنەوەی خۆمانمان بۆی هەبێ و ئیشە هونەرییەکانیش ئەو گۆڕانکارییانە لە خۆ بگرن. بەڵام دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بدەم کە ئەم کێشەیە تەنها کوردی نییە، بەڵکو بە پێشبینیی من کێشەیەکی کرۆکییانەی وڵاتانی دەرەوەی خۆرئاوایە. ئەم کێشەیەی دیالۆگ کایەی هونەری موزیکیش دەگرێتەوە، هەروەها هۆنراوە و تیاتەریش. من بێگومان بە تایبەتی لە بواری هونەری شێوەکاریدا لەم کێشەیە ئاگادارم.

**کاوە جەلال: بێگومان ئەمە ئاوهایە. لە بوارە هونەرییەکانی دیکەشدا دیالۆگی نەوەیی نییە، تەنانەت هۆنەرانیش، بەتایبەتی ئەو هۆنەرانە کە لە شەستەکانەوە هەتا ئەمڕۆ دەرکەوتوون، لێنەتوێژراونەتەوە و پرۆفیسۆرە کوردییەکانی زانکۆش گرنگییان پێنادەن. بۆ نموونە کوان دەیان دکتۆراکە لەسەر هەر یەکەی هۆنەران و نووسەرانی وەک حسێن عارف، شێرزاد حەسەن، ڕەفیق سابیر، شێرکۆ بێکەس و هتد؟ من وای بۆ دەچم خەریکبوون بە نەوەکانی نوێوە، یان ڕووکردنە نووسەرانی بۆ نموونە ناوبراو، وەک خۆسووککردن تەماشا بکرێ، یان «مرۆڤ بێزی نایەت ڕوویان تێبکات»، یان ئەوپەڕی هەندێک جار دەبینین کە زۆر بەناچاری لێکۆڵینەوەیەکی یەکجار ترادیسیۆنی لەسەر هۆنەرێک دەنووسرێ. ئێمە هەتا ئەمڕۆ ناتوانین هونەر بە دیدی مۆدێرن بخوێنینەوە.**

**شیروان خان:** پرسیاری دیالۆگی نەوەیی زۆر پێویستە. تەنانەت نەوەی ئەمڕۆ کە دوای ئێمە هاتووە، ئەم پرسیارە لە ئێمە دەکات، هەوڵ دەدات لێمان تێبگات. ئێمە خۆمان تا ئەمڕۆ نەمان توانیوە نەوەی پێش خۆمان بناسین، چونکە نەوەی پێش ئێمە هوشیاریی نەوەیی نەبوو. بەڵام ئێمە هیچ نەبێ هەڵوێستێکی بە بەرهەممان بەرانبەر «من» وەرگرت، بێگومان من نامەوێ خەتایەک بخەمە سەر نەوەی پێش خۆمان، چونکە ڕەنگە هەلومەرجەکان لەنێو ئەو سەردەمانەدا نەبووبن، بەڵام نەوەی ئێمە و نەوەی پاش خۆمان شێوە پەیوەندییەکمان دروستکرد، ئەمڕۆش گرنگی بەو پەیوەندییە دەدەین، بەڵام دەبێ بڵێم، ئێستاش کێشەی دیالۆگ لە نێوانماندا هەر هەیە، چونکە پرسیاری شوناسی خۆیی و هونەری نە لە لای ئێمە و نە لە لای ئەوان ساغ نەکراوەتەوە. بەڵام گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئێمە درێژە بە هاوکارییە هونەرییەکانمان دەدەین، لێرەشەوە ئەو دیالۆگە لەکاتی کارکردنی هونەریدا دێتە گۆڕێ نەک لە ئەنجامی دانوستانەوە.

**کاوە جەلال: با ڕوو بکەینە کێشەی سروشت و هونەر. ئایا لە کوردستاندا سروشتێتی ماوە کە ئیتر مرۆڤ بتوانێ خۆی بدۆزێتەوە؟ ئایا ئێمە لە کوردستان نامۆبوونێکی هەمەکیمان لە سروشتێتی نییە، واتا لە خودی خۆ؟ مەسەلەکە ئەوەیە، کە گەر مرۆڤ هێندە بەهێز بەکۆمەڵایەتی کرابێ، کە ئیتر تەنها نزیکەی بتوانێ کۆمەڵایەتی بێ، ئایا ئەمە واتای نامۆبوونی هەمەکی لە سروشتێتی ناگەیەنێ؟**

**شیروان خان:** من وای دەبینم کە مرۆڤی لای ئێمە بـەردەوام لەنێو سروشتدایە بەبێئەوەی هەڵوێستێکی هوشیاری بۆ ئەو سروشتە هەبێت! گەر من ئەو هوشیارییە خۆییە، مرۆڤییە، هەروەها جیۆلۆجی و توپۆگرافییەشم نـەدۆزمـەوە، ئەوا ئەو هوشیارییەش نایەتە ئاراوە. مرۆڤ بەدووی ئەمەدا سروشت دەناسێ، بۆ نموونە لە جوانییەکەی یان زەبریدا، یان لە نەخۆشخراوییەکەیدا، وەک بۆ نموونە ژەهراویکردنی سروشت لە لایەن بەعسەوە لە هەشتاکاندا. بەڵام پەیوەست بەم پرسیارەوە پێویستە ڕەچاوی هزرینی ئاینیی، یان لە ڕووی فەلسەفییەوە، ڕەچاوی مێتافیزیکیش بکەین، چونکە، لەبەرئەوەی لە هزرینی مێتافیزیکیدا تاک کەرتێکە لە سروشت و لێرەشدا ئەو تاکە هەرگیز پرسیار ناکات، بەڵکو مێتافیزیک تەنها دەرفەتی پێدەدات بە هەبوونە خوایەتییەکەی ناخییەوە خۆی لەسەر ڕێگە ببینێتەوە، ئەوا ئەو جۆرە هزرینە دەرفەت بەو ئاڕاستەیە ڕووەو ناسینی تاکییانەی سروشت نادات. لە هزری ئاسیایی و ئیسلامیدا کەس جیاکەرەوەی سێ دیمەنزیۆنەکە نییە، بەڵکو ئەو لەنێو دوو دیمەنزیۆنی پانی و درێژیدا خۆی دەبینێتەوە، واتا هزرینەکەی لە کاتدایە نەک لە ڕاومدا. بە پێشبینی

من ئەمە یەکێکە لە ڕێگرە سەرەکییەکانی دروستبوونی تاک، چونکە وەک گوتم کەس بیەوێ و نەیەوێ کەرتێکە لە گەردوون، هەمیشە بەشێکی خودایی تێدایە کە ڕێگرە لە سەرهەڵدانی تەعەجوب.

**کاوە جەلال: بەڵام ئەمە کاریگەریی لەسەر «چێژ»یش هەیە. ئایا بە ڕای تۆ چ جۆرە چێژێک لەنێو ئەو نامۆبوونەوە لە خودی خۆ سەریهەڵداوە؟ خۆ مرۆڤەکان خۆیان داوەتە دەست ڕواڵەتخوازی. ئێمە لێرەدا لەبەردەم کێشەی چێژداین. ئەو چێژە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان سەروەرە، بریتییە لە فرەخۆری، ڕواڵەتخوازی یان تەنانەت چڵێسی لە تەلارسازیشدا، بەبێئەوەی زۆرینەی بینا و تەلارەکان ستروکتوریان هەبێ، بەڵکو بەزۆریی بە شێوەیەکی ئەندازەیی دروستکراون و ئینجا فاسادەکەیان پێدا هەڵواسراون، واتا فاسادەکە بەنێو بیناکەدا هەڵنەهاتووە، هەروەها موخاتەبەی لێڕوانەر ناکات!**

**شیروان خان:** دەتوانین بپرسین: ئایا لای ئێمە چێژی هونەری لە سەرووی دەسەڵاتەوەیە یان چێژی هونەری لە لایەن دەسەڵاتەوە دروست دەکرێ؟ بە پێشبینی من هزری سیاسی بناغەییە بۆ دروستبوونی هزری هونەری. ئەمڕۆ کە باس لەو هونەرە ناسیۆنالە دەکەین کە لە عێراقدا بە کوردستانیشەوە دروست بووە، دەبینین، ئەوە بونیادی هزری ناسیۆنالیستییە کە هونەرەکەی دروستکردووە، هەروەها حیزبە ناسیۆنالەکانیش پشتگیریی ئەو جۆرە هونەرە دەکەن. ئێستاش یەکێتی هونەرمەندان لە سلێمانی یان لە هەولێر ڕێکخراوی حیزبین، هەردووکیان یارمەتی داراییان لە حیزبەوە بۆ دەهات؛ هەمووی ماوەی دوو ساڵێکە چوونەتە سەر وەزارەت. ئینجا هونەرمەندی شاخ هەبووە. لە شاخ هونەرمەند و سیاسی بەردەوام بە یەکەوە کاریانکردووە. بەڵام لەبەرئەوەی ئیشکردنی هزری سیاسی لەسەر بونیادێکی هونەری و کولتووری دروست نەبووە، بەڵکو بە پێچەواوە، ئەوا ئەو چێژە سیاسییە یان چێژەی دەسەڵات هەتا ئەمڕۆ هەر کاریگەر ماوەتەوە.

یان با بڕوانینە هوشیاری تاک بەرانبەر بە لەش، ئەو لەشە کە لە شەڕەکاندا دەیبینینەوە؛ لێرەدا لەش لە ئەوپەڕی حاڵەتی قوربانیدایە. خودی کەس هیچ گرنگییەک بە لەش نادات، بۆ نموونە چەندین کەس دەچوونە ئەودیو سنورەوە و دەگەڕانەوە، یان کەسان هەبوون بە هەویەی تەزویر لە کوردستانەوە دەچوون بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی شەوێک لەوێ بن، بەڵام ڕەنگ بوو لە ڕێگە بمرن.

ئەم پرسیارانە بۆ من ئاڵۆزن، چونکە لایەنی سایکۆلۆژی و پەروەردەییش لە خۆ

دەگرن. بەڵام ئەوە هوشیاریی تاکە کە کاریگەری لە دروستبوونی چێژی خۆیدا هەیە. لەمەدایە کە بۆچی بۆ نموونە هوشیارییەکی پوختی تەلارسازی لای ئێمە دروست نابێ، ئەمە بەهەمانشێوە موزیک و هونەری شێوەکاریش دەگرێتەوە. لە بنەڕەتدا پەیوەندییەک لە نێوان هوشیاری فەلسەفی، موزیکی، شێوەکاری، شانۆ و تەلارسازیدا هەیە. بۆ نموونە هونەری شێوەکاری دەتوانێ کاریگەری لەسەر موزیک بنوێنێ و چێژێکی نوێ دروست بکات، وەک چۆن لە تیاتەردا پێرفۆڕمانسی دروستکرد. ئەم دیالۆگەی نێوان دیسپلینەکان زۆر گرنگە، بەڵام لەلای ئێمە جارێ ئاڕاستەی یەکتری نەکراون، هەتا ئیتر لێرەوە بتوانین باس لەوە بکەین کە چێژەکان چۆن دروست بوون، چونکە ئەو چێژە پەیوەندیی بە چێژەکانی دیکەشەوە هەیە.

**کاوە جەلال: حەز دەکەم بە تایبەتی لە بواری تەلارسازیدا بمێنینەوە، چونکە ئەمڕۆ لە کوردستان لایەنی بینا و تەلار تەقیوەتەوە! کوێرانە لە هەموو جێیەکدا بینا دروست دەکەن و بەهیچ شێوەیەک ڕەچاوی ڕاوم ناکەن. هەموو پارچە زەوییەک لە هەموو جێیەکدا وەک شیاو بۆ دروستکردنی بینا دەبینن، یەک کەس نییە لەدژی ئەم ساویلکەیی و دڕندەیەتییەی دەسەڵاتداران دەنگ هەڵببڕێ. تۆ کێشەی تەلارسازی و ڕواڵەت چۆن دەبینیت؟**

**شیروان خان:** من ناتوانم بە چێژی ئەوێ باس لەو چێژی تەلارسازییە بکەم کە لە کوردستان هەیە. لەوێ چێژی تەلارسازی تورکی یان عەرەبی بەگەڕ دەخرێ. بێگومان ئەم بەگەڕخستنەش پەیوەندیی بە بازاڕەوە هەیە. جاری وا هەیە کەرەستە بڕیار دەدات کە فۆڕمی بیناکان چۆن بێت. ئێستا پەیوەندیی گڵۆباڵ بەڕێی بازاڕەوە هەیە. کاتێک بڕیاری ماستەر پلانی سلێمانی درا، بەڵێندەرایەتییەکی بینا لە ئەڵمانیا ڕاسپێردرا ئەنجامی بدات، ئەم ئەنجامدانەش لە نێوان ئەندازیارەکانی سلێمانی و ئەڵمانیادا بوو. بەڵام ئایا ماستەر پلانی شارێک لەلایەن فیرمایەکی بینا یان بەڵێندەرایەتییەوە دروست دەکرێ؟ ئەمە لە بنەڕەتدا ئەرکی کۆمەڵێک ئەنستیتوت و پرۆفیسۆری زانکۆیە، چونکە ماستەر پلان پەیوەندیی بە کولتووری ئەو شارەوە هەیە، نەک پەیوەندیی بە بەڵێندەرێکەوە هەبێ کە بچێ لەوێ وەک بازاڕ کار بکات، ڕاسپاردەی بەڵێندەرایەتییەکەی بدرێتی و ماستەر پلانەکە دابنێ. لەو ماستەر پلانە پێویستە ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد، دامەزراوە کولتوورییەکان، لاوان و.. هتد ئاگادار بن، چونکە ئەوان بەشێکن لەو شارە. لە بنەڕەتدا تەلارسازی تەنها بینا نییە، بەڵکو لایەنە کولتوورییەکەش لە خۆ دەگرێ.

**کاوە جەلال: ئایا تا چ ڕادەیەک ئاین دەوری لەم ئاڵۆزکاوییانەدا هەیە؟ خۆ مرۆڤ تەنها پەروەردەیەکی کولتووریی نییە، بەڵکو هاوکات پەروەردەیەکی ئاینیشی هەیە!**
**شیروان خان:** کێشەکە لەوەدایە، کە ئاین شیکاریی خۆی نەکردووە، ڕۆشنایی خۆی ئەنجام نەداوە. کێشەکە ئەوەیە کە ئاین بووە بە ڕۆژانە (ALLTAG)، چیدی سیستەمێکی ئاینی نەماوەتەوە، بەڵکو سیستەمێکە کە لە دەرەوەی خۆی کار دەکات. بۆ نموونە ئێمە دکتۆرمان هەیە کە موسڵمانە، یان فیزیکی و کیمیایی و سایکۆلۆژمان هەن کە موسڵمانن، تەنانەت ئەو سوننەتە، کە کاتێک کەسێک دەچێتە دەرەوە و سڵاو لە دراوسێکەی دەکات، ئاماژەیەکە بۆ ڕۆژانەیبوونی ئاین. بەڵام پەیوەست بە ئاینەوە پێویستە ئاماژە بۆ تەسەوف بدەین کە زۆر کاریگەریی بەسەر هونەرەوە هەیە، چونکە کەمێک باسی کەسایەتی دەکات. بەڵام لێرەشدا کێشەیەک هەیە: ئەو کەسە هەمیشە لە نێوان دوالیزمەکەی چاکە و خراپەدایە، ئەو کەسە ئیندیڤیدوێل (تاکمەند) نییە، بەڵکو هەمیشە بەشێکی خوایی تێدایە. گەر پەیوەندییەک لە نێوان هونەر و ئایندا دروست بکرێ، یان دیالۆگ دروست ببێ، لەوانەیە بەڕێی تەسەوفەوە بکرێ، ئەمەش نەک تەنها لە موزیک و ئەدەبدا، بەڵکو لە هونەری شێوەکاریشدا، بۆ نموونە لای شاکیر حەسەن، لای سامان کەریم. بەڵام کێشەی هزری تەسەوف لەوەدایە کە ڕێگرە لە دەرکەوتنی هزری «من»ەکە، واتا ئەو منە کە من خۆم بم. ئەمەیە کە بۆ هونەر زۆر زەرووره.
**کاوە جەلال: هەڵپە بۆ نووسین یان بۆ هونەر لە کوردستان بەگشتی زۆر بڵاوە (با ئەو حاڵەتە وەلاوە بنێین کە تا ڕادەیەک هەندێک نووسەری باشمان هەیە). بەڵام مرۆڤ زۆر هەڵپە دەکات بۆ دەرکەوتن، زۆربەی جار پێش ساغکردنەوەی خودی خۆی لەگەڵ هونەرەکەیدا، پێش گەیشتنی بە ڕوانگەیەکی چەسپ، بەبێئەوەی هەر زانیبێتی فۆرم کرۆکییە بۆ نووسین، خۆی وەک نووسەر یان هونەرمەند یان زانا و تەنانەت فەیلەسوف ڕادەگەیەنێ. ئەم نەخۆشییە زۆر تەنیوەتەوە!**
**شیروان خان:** لە هونەری شێوەکاریدا چەندین هونەرمەند هەبوون کە زۆریی بەرهەم کاریگەریی زۆر نێگەتیڤی بەسەر ئیشەکانیانەوە بەجێهێشتووە. لەوانەیە هۆی ئەو هەڵپەیە داواکردنی لەوحەکان بێ، واتا کڕین بێ، هۆکەی بازاڕی هونەر بێ. ئەو بازاڕەش کاریگەرییەکی خراپی تێدایە. لەوێ بازاڕێک دروست بووە، کە کۆمەڵێک هونەری ترادیسیۆنی دەکرێ، یان ئەو چێژە خراپە سیاسییەی کە دەسەڵاتێکە و لەوحە دەکڕێ، لەبەر ئەوەی سیمبۆلەکانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر هونەر هەیە. پێشبینی دەکەم ئەو هەڵپەیەی لە کوردستان دروست بووە

وەک ئەوەی ئێرە نییە، کە کێشەی خێراییە، واتا خێرایی ژیان. بێگومان لەوانەیە ئەو خێراییەی ژیان لە کوردستانیش تۆزێک دروست بووبێ، بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە کە بۆ نموونە ڕۆژی چەندین پێشانگا لە سلێمانی یان هەولێر بکرێنەوە و هونەرمەندەکانیش بکەونە بەر کێشەی هەڵپەی ناوبانگ پەیداکردن. نەخێر، لەوێ هەڵپەی فیکری یان ئێستێتیکی نییە، ئێمە بەگشتی دەتوانین بڵێین ئاڵۆزکانێک لە ئارادایە و ڕووە ئاشکراکەشی بازاڕە، کە بێگومان بازاڕێکی هونەری نییە، بەڵکو بازاڕێکە کە هونەر وەک دیکۆر بۆ ڕازاندنەوەی نێو ماڵ یان دەزگا حکومییەکان دەبینێ. بەڵام چێژی هونەری یان بازاڕی هونەر پێویستە بە پێشبینی من پێوەری هەبێ و ئەو پێوەرانەی بەند بن بە گۆڕانکارییەکانی هونەر خۆیەوە.

**کاوە جەلال: لە بنەڕەتدا ئەوە سیاسییە کە بڕیار دەدات، دەڵێ، بۆ پێشانگا پێویستت بە نوقڵ هەیە، ئینجا تۆش بۆ «میوانەکان» (نەک جەمەور!) شیرینی دەگێڕیت.**

**شیروان خان:** ئاخر لەوێ هونەرێکی دیکە نییە کە لەو ئادەتە یان لە جەمەور بدات، ئەوەی لەوێ هەیە هونەرێکە کە هەمیشە لە ڕازیبووندایە لەگەڵ جەماوەردا. تۆ هەست دەکەیت، هەموو ئێوارەکە ئەو پێشانگایە سەغلەتی نەکردوویت، چونکە ئەوەی لەوێدا هەیە میواندارییە.

**کاوە جەلال: ئایا کردنەوەی مۆزەخانەی هونەری لە کوردستاندا کردارێکی هونەرییە یان لاسایی گۆڕانەکەی خۆرئاوایە، هەروەک بڵێین، «ئەها، ئێمەیش شتی لەو بابەتانەمان هەیە»؟**

**شیروان خان:** لێرە دەمێکە پایەگای مۆزەخانە نەماوە، مۆزەخانە ئەو فونکسیۆنەی بۆ ئیشی تازە نەماوە، بەڵکو ئیشەکان ئەرشیف دەکات، هەروەها فونکسیۆنی بازاڕ وەردەگرێ. من هیوام بە مۆزەخانە لە کوردستان نییە کە بتوانێ کەشی هونەری بگۆڕێ. جگە لەمە مرۆڤ مۆزەخانە بۆ کام ئیشانە دەکاتەوە؟ کێ ئیشەکان هەڵدەبژێرێ؟ کام ئیشی هونەرییە کە من بتوانم وەک مێژووی هونەری خۆم بونیادە تیۆرییەکانی خۆمی لەسەر بینا بکەم؟ ئەمە پرسیارێکە. بەڵام ڕەنگە لە لایەکی دیکەوە باشیی مۆزەخانەی هونەری لەوەدا بێ کە ئیشە هونەرییەکان کۆ بکاتەوە و لە لەناوچوون بیانپارێزێ، هەروەها لە دەسەڵاتی سیاسییەکانیان بهێنێتە دەرەوە. زۆربەی لەوحەکان لای سیاسییەکانن. بەڵام ڕەنگە ڕێکخراوی هونەریی بچووک کە یارمەتیی هونەرمەندان بدەن، لە مۆزەخانەی هونەری باشتر بن. بێگومان مەبەستم لەو ڕێکخراوانە نییە کە هونەرمەندان کاریان تێدا دەکەن یان کاریان تێدا بکەن، بەڵکو مەبەستم لە کۆمەڵێک ڕێکخراوی هونەریی سەربەخۆیە کە یارمەتیی پرۆژەی هونەری بدەن. ئەمە دەبێ بە

لەبرییەک بۆ ئەو یارمەتییە کە لە حیزب و وەزارەتەکانەوە ئاڕاستەی هونەرمەندان دەکرێ.

**ئاڤان سدیق**

**کاوە جەلال: هونەر وەک ئامراز بۆ مەبەستی دەرەکی! ڕات چییە لەسەر ئەم کێشەیە؟**

**ئاڤان سدیق:** ئەگەر هونەر بکرێ بە دەستوێژ، بخرێتە چێوەیەکی سیاسی یان ئایینییەوە (کە ئەمە دەڵێم، مەبەستم لەوەیە کە مەوزوعی ژیانیش هەر دەچێتەوە لای چێوە کۆمەڵایەتی یان ئاینی یان سیاسییەکە)، من دەڵێم، گەر هونەر بکرێ بە ئامراز، بە دەستوێژ بۆ دەربڕین لەسەر ئەم جۆرە شتانە، ئەوا هونەر لێرەدا بچووک دەکرێتەوە، چونکە ئیشکردن لە هونەردا لە دەرەوەی هەموو ئەو شتانەیە.

**کاوە جەلال: چۆن لە دەرەوەیە؟**

**ئاڤان سدیق:** زۆربەی کات وەڵامی ئەم پرسیارە بە پرسیار دەدەمەوە، پرسیارەکەش لەسەر موزیکە، بۆیە دەڵێم موزیک، چونکە موزیک کەمێک زیاتر لە ڕەسم، کەمێک زیاتر لە شانۆ، لە دەرەوەی کۆمەڵگادایە، بە پێچەوانەشەوە دەتوانین بە دیوێکی تردا بڵێین، لە هەموویان زیاتر لەنێو کۆمەڵگادایە. کە دەڵێم موزیک، ئەوا پێویستە بزانین کە موزیک خۆی ئەبستراکتە، جگە لە نۆتە، لە ئاواز. بۆ نموونە لەنێو ڕەسمدا دەتوانین فۆڕمێک ببینین کە گوزارشت بێ لە حاڵەتێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتیی باو، بەڵام لە موزیکدا قەد ناتوانین ئەو سیمبۆلە دەقیقە باوە ببینین. من دەتوانم بۆ نموونە بپرسم، کە موزیک چی لە ژیان دەکات، لە کوێی ژیاندایە، لە کوێی کاری سیاسی یان کۆمەڵایەتیدایە، لە کوێی ئایندایە. خۆی ماوەیەک، گەر وا باسی لێبکەینەوە، موزیک لە مێژووە کۆنەکاندا، یان ئێستاش لەنێو کلێسەکاندا، بەتەنیا بەکاردێ، کە دەڵێم موزیکی پەتی (خاڵس)، مەبەستم لەوەیە، وەک پێشتر وتم کە لەنێو ڕەسمدا فۆڕمەکە مەئلوفە، واتا بۆ چاو، بۆ بینین ڕوونترە (وازحترە)؛ لە شانۆدا، کە تا ڕادەیەک تێکەڵێکی زۆرتری لەگەل بینەردا، لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە، مەئلوفترە. بەڵام بە پێشبینیی من کێشەیەکی زۆر گەورە کە لە کوردستان هەیە، تێکەڵکردنی ئەو حاڵەتانەی هونەرە بۆ نێو حاڵەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان؛ یان گەر سەیری مێژووی هونەری عێراقی بەگشتی بکەین، دەبینین کە سیاسەت زۆر دەستی ناوەتە نێویەوە، کاتێکیش کە ئۆپۆزسیۆن دروست بووە، ئەو ئۆپۆزسیۆنە دیسان بە هونەرمەندەکان هونەری بەکارهێناوەتەوە، کە حاڵەتێکی گوزارشتیانەی (تەعبیری) وەرگرتووە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان یان بۆ ئەوە کە شتەکان هێندە ڕوون (وازیح)

پێشان نەدرێن، هونەر بووە بە حاڵەتێکی گوزارشتی یان ڕەمزی. بەڵام کێشەکە لەوەدایە گەر ئەم حاڵەتە بەم شێوەیەی ئێستای بمێنێتەوە. گەر هەتا ئێستا سەیری کۆڕ و سەمینارەکان بکەین، یان لە نووسینەکان لەسەر هونەری شێوەکاری بڕوانین، دەبینین کە هیچ کەس باسی ئەو پەتییەتییەی (خاڵسییەی) هونەر ناکات. بێگومان کاتێک من دەڵێم هونەر پەتییە، ئەوا مەبەستم لەوە نییە کە هونەر بەتەواوەتی لە دەرەوەی ژیاندایە و هیچ هەقی بەسەر ژیانەوە نییە. بەڵام هونەر دیوێکی دیکەی ژیانە؛ بێگومان دیوە وازیحەکە نییە، کە پێت دەڵێ ئەمە ڕاستە یان هەڵەیە، یان ئەمە دەکرێ و ئەوە ناکرێ؛ هونەر هەرگیز ڕیفۆرمیست نییە، ئەو کەسانەیش کە هونەر وەک حاڵەتێکی ڕیفۆرمیستی بەکاردەهێنن، باوەڕ ناکەم ئەو کارەی لە هونەردا دەیکەن بچێتە چێوەی هونەرەوە، یان چێوەی گۆڕانی زنجیرەیی مێژووی هونەرەوە. بۆ نموونە ناتوانین بڵێین قۆناغێک وەک لای ڕیالیزم هەبووە، دەتوانین وا سەیری بکەین کە گۆڕانێکی سیاسی زۆر کاریگەریی بەسەر قۆناغێکی هونەرییەوە هەبووە، بەڵام من پێشبینی ناکەم هونەر لەویا زۆر لە دەرەوەی ئەوە ئیشی کردبێ.

**کاوە جەلال: کێشەیەک لێرەدا ئەوەیە، کە هونەری شێوەکاری لە بەراورد لەگەڵ موزیک و گۆرانیدا زۆر نوێیە. پرسیارێک لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەم هونەرە تەواو نوێیە یان لەنێو ئێمەدا ڕەگێکی مێژوویشی هەیە؟**

**ئاڤان سدیق:** گەر مێژووییانە بڕوانین، ئەوا من لێرەدا باوەڕ دەکەم، لەوەتەی مرۆڤ لەسەر زەمین هەیە، هونەری شێوەکاریش زەروورەیەک بووە، من باوەڕ ناکەم مرۆڤ لە هونەردا کاری نەکردبێ. بەڵام لە زۆر جێدا مێژووی ئێمە گومە و دیار نییە، ئەمەش شتێکە نکۆڵی لێناکرێ. هەندێک شتی کەم تا ئێستا لەم لا و لا کۆکراونەتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە نییە کە تەواو پشتی پێ ببەسترێ. مێژووی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ لە عێراقدا زۆر نوێیە، لەو کاتەوەیە کە بۆ نموونە کۆتایی سییەکان هونەرمەندان دەچنە دەرەوەی عێراق و هەندێک شتی نوێ لەگەڵ خۆیاندا دەهێننەوە، بەڵام کە ڕژێمی بەعس دێ، هەموو ئەو شتانە سەرکوت دەکرێن. وەک گوتم، دەسەڵاتە سیاسییەکە دەرفەتی دەرکەوتنی شتی تازە نادات، بەڵام مێژووی هونەری عێراقی یان «کوردی!» زیاتر پشتی بە فێرگە ئەوروپییەکان بەستووە؛ با سلێمانی وەک نموونە بهێنمەوە، چونکە تا ڕادەیەک لەبارەی هەولێر و دهۆکەوە شارەزا نیم، چونکە لەو شارانە نەژیاوم، بەڵام ڕەنگە ئەوانیش هەر وەک سلێمانی بن. مێژووی هونەریی، لەو سەردەمانەدا کە من لەوێ ژیاوم، بێجگە لەو کتێبانە کە لەسەر هونەری شێوەکاری لە بازاڕدا هەبوون،

زۆر کەم بوون. ئەو مێژووە کورتە ناکامڵەی هونەر زۆر قووڵ نەبوو کە لە پەیمانگا و ئەکادیمییەکاندا خوێنراوە، هەر لە هونەری قیبتییەکانەوە هەتا دادایییەکان، ئێمەش تەنها پشتمان بەوە دەبەست. لای ئێمە لەوە زیاتر نەدەخوێنرا. بەڵام ئایا ئێمە وەک هونەرمەندی خۆرهەڵاتی، گەر پرسیاری دی بێنە پێشەوە، ئەوا ئایا دەتوانین پشت بە شتی ئەوروپی ببەستین یان ئێمە درێژکراوەی ئەوێ بین؟ من دەڵێم بۆ نا! چونکە گەر چێوەیەک خۆی سنوری نەبێ، بەڵکو سنورەکەی تەنها ئینسانی بێ، ئەوا دەتوانین پشت بەوە ببەستێن کە لەسەر ئەو مێژووە کار بکەین، بەڵام نەک بە شێوەی لاساییکردنەوە. بۆ نموونە ئێستا دوای مۆدێرنەی دووەم هەموو ئیحتمالەکان شیاون، بۆ نموونە هەر لە ئیشی ڕیالیستییەوە هەتا ڤیدیۆ ئینستالاسیۆن یان ڕاوم-ئینستالاسیۆن، ڕەسم بە شێوە ئەبستراکتەکەی، یان ئێکسپرێسیۆنیستییەکەی، وەک لای بازیلوس و ئەوان؛ هەمووی شانبەشانی یەک لە جیهاندا دەڕوات، واتا دەشێ کار بە هەموو ئەو شیمانانە بکرێ. کەواتە ئیتر پرسیارەکە زۆر قورس دەبێتەوە: ئایا ئێمە ئیش بە چی بکەین، ئایا بۆ نموونە وەک هونەرمەندە کوردەکان لە کوردستاندا کاربکەین، تاکو تازەگەر بین؟ ئایا وەک باقییەکەی جیهان کار بکەین یان تەنها سوود لە جیهان وەربگرین؟

**کاوە جەلال: کاتێک ئێمە دەڵێین «کاری مۆدێرن»، ئەوا بەئاگاین لەوە کە ئەو کارە مۆدێرنە لە خۆیەتییەکی ئازاد جیا نابێتەوە. بەڵام ئایا مرۆڤی کورد کە ئەو پەڕی کۆمەڵایەتییە و تاکێتی ناناسێ، پێویست نییە سەرەتا فێرببێ ئەو خۆیەتییەی باش بناسێ و ئینجا بەدووی ئەمەدا دەست بکات بە کاری هونەری؟**

**ئاڤان سدیق:** بەجەختی ئاوایە! نەک تەنها کەسێکی کورد، هەموو کەسێکی دی لە جیهاندا، پێویستە بگات بە خۆیەتی. بەڵام گەر بمانەوێ پێناسەی مۆدێرن بکەین، بمانەوێ بزانین مۆدێرن چییە، ئەوا ئەمە لە خۆیدا ئیشکالییەتێکی گەورەیە. لە دوای ڕێنیسانسەوە، دوای ئەوە کە ڕیالیزم و ڕۆمانتیک و ئیمپرەسیۆنیزم دێن، هەموو باس لە مۆدێرنە دەکەن. ئەو مۆدێرنەیە کە لێرە دروست بووە ڕەگێکی قووڵی لە مێژوویاندا هەیە. گەر باسی کەسی تاکیش بکەین، ئەوا لێرەش ئەو ئیشکالییەتە هەیە. ئێمە ناتوانین هەموو ئیشێکی تازەی ئێرە وەک نوێ یان مۆدێرن دابنێین، لێرەدا ئەوە گرنگە کە هونەرمەند چ ئیزافەیەکی نوێی داهێناوە. هەتا تاک نەگاتە دابڕان، ناتوانێ هیچ کارێکی نوێ دابهێنێ.

**کاوە جەلال: واتا تاک دەبێ خۆی سەرەتا لە سەرجەم جیابکاتەوە و پاشان ڕووی تێبکاتەوە!**

**ئاڤان سدیق:** من وا پێشبینی دەکەم. هەتا تاک نەگاتە ئەوە کە ڕەخنەی پێشووتری خۆی پێبێ (ڕەنگە وشەی ڕەخنە کەمێک کۆن بێ)، با بڵێین هەتا تاک نەگاتە ئەوە کە لە پێشینەی خۆی تێبگات، نەگاتە ئەو پلەیە کە ئیشکالییەتەکانی یان تێگەیشتن و خوێندنەوەی بۆ خۆی نەبێ (لێرەدا وشەکانی چاک و خراپ باش نین)، خۆی هەڵنەسەنگێنێ، ناتوانێ بگات بەو ئاستە کە بەرهەمی نوێ بخاتەوە.

**کاوە جەلال: بەڵام نێوەندی کولتووری ئیسلامی، کە زۆر پشتگیریی هەندێک هونەری کردووە، بۆ نموونە زەخرەفە، موزیک، گرافیک، بە هیچ شێوەیەک پشتگیریی هونەری شێوەکاریی نەکردووە. لە ئیسلامدا وێنە یاساغکراوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەوە هەبووە، کە هونەری شێوەسازی ترادیسیۆنێکی قووڵی لە ڕابوردوودا نەبێ. ئایا کێشەکان تا ڕادەیەک بەند نین بەم مێژووە کورتەی هونەری شێوەسازییەوە؟**

**ئاڤان سدیق:** بەڵی، چونکە گەر تۆ مێژوویەکی قووڵت لە هونەری شێوەکاریدا نەبێ، تێگەیشتنێکی تەواوت بۆی نەبێ، دابڕانێک لە نێوان زەمەنەکاندا هەبێ، ئەوا کێشەی لێدەکەوێتەوە، مەبەستم لەوەیە، کە تۆ نزیکەی بەتەواوی پشت بە دەرەوەی خۆت دەبەستیت، بەڵام بە بینینی کوڕاسەکان یان بە بینینێکی دوور دەگەیت بە تێگەیشتنێک، یان یەکێک لە دەرەوەی خۆت کۆمەڵێک کتێب دەهێنێ، کە گەر خراپ وەرگێڕدرابن، ئەوا هەموو شتەکان بە جۆرێکی دی بە تۆ دەگەن، چونکە لێرەدا کەسانی لای خۆت دیراسەی تەواوی شتەکانیان نەکردووە، ئەم هەموو زانیاریانە کە ڕەنگە بە هەڵە یان نیوەناچڵی بە تۆ بگەن، کاریگەرییان لەسەر ئەو پاشخانە هەبووە کە هونەری شێوەکاری تێیدا بووە یان لەسەری دروست بووە.

**کاوە جەلال: نووسەرانی باش هەن کە هەتا ئەمڕۆ بە زانستی مۆدێرن نەتوێژراونەتەوە، موزیکی کوردی زۆر کۆنە، بەڵام هەتا ئەمڕۆ بە دیدێکی مۆدێرن نەخوێنراوەتەوە، ئەمە بەهەمانشێوە هونەری شێوەکاری دەگرێتەوە. هۆی ئەمە بە ڕای تۆ چییە؟**

**ئاڤان سدیق:** من پەیوەست بە هونەری شێوەکارییەوە وەڵام دەدەمـەوە. هۆکەی نەبوونی ڕۆشنبیریی شێوەکارییە، هۆکەی نەبوونی ئەو زەمەنە مێژووییەیە کە ئیسلام دروستی کردووە: ئیسلام داپچڕانێکی دروستکردووە. ڕەخنەی هونەر هەرگیز دروست نەبووە؛ پسپۆڕییەک نەبووە کە لە هونەری شێوەکاری بکۆڵێتەوە. من بە ڕاستی پێم خۆش نییە ئەدیبەکان باس لە هونەری شێوەکاری دەکەن؛ تا ئێستا چەند شتێکی بچکۆلە و کورت نووسراون، جاری وا هەیە هەندێک نووسەر سەرەقەڵەمێک یان لە سووچێکەوە شتێک لەسەر هونەری شێوەکاری دەنووسن، بەڵام بە ڕای من چاکترە ئەو کارانە نەنووسن، چونکە زۆر لە هونەری شێوەکارییەوە دوورن یان تەنانەت هەر

فرپیان بەسەرییەوە نییە، چونکە زمانەکەیان زمانی هونەری شێوەکاری نییە. بە پێشبینی من پێویستە جارێ کەسانی پسپۆڕ (سپێسیالیست) لەم بوارەدا دروست بین. کەسان هەن لە فەلسەفەدا دیراسەی چاکیان کردووە، بەڵام ئەو کەسانە کە لە فەلسەفەدا تێگەی (چەمکی) هونەری شێوەکارییان گرتووە، زۆر کەمن یان تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەوانە لە ڕاستیدا هەر نین. هونەرمەندانی شێوەکار تەواو پشتیان بە خۆیان بەستووە، تا ئێستا، ئەوەندەی من ئاگادار بم، هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەم بوارەدا نییە. کاتێک کەسێک لای ئێمە پێشانگایەک دەکاتەوە، ئەوا هیچ باسکردنێکی ئاقڵانە لەسەر ئیشەکانی نایەتە ئاراوە بەقەد ئەوەی باسکردنەکەی ئەو خۆی باسکردنێکی ڕۆحیانە یان شاعیریانەیە، کە گوێت لێی دەبێ، دەخوازیت بڵێیت :«برام، کاکە، تۆ ئەم قسە جوانانە لەسەر ئیشەکانت دەزانیت، ئیتر بۆچی ڕەسم دەکەیت؟ ئەوە خۆ هەمووت هێنایە دەرەوە!». یەک شت لە لای ئێمە زۆر سادەیە، بەڵام زۆر لەبیرکراوە: موزیک گوێ دەیبیستێ، شانۆ چاو و گوێ بە یەکەوە وەریدەگرن، بەڵام لە هونەری شێوەکاریدا چاو وەرگرە. ڕاستە ئێستا کۆمەڵێک ئیشی تازە هەن کە لەگەڵیاندا تێکست زۆر زەرووره، چونکە ئیشەکان بەبێ تێکست نیوەناچڵ دەبن و زەروریشە تێکست لەسەر ئەو جۆرە ئیشە تازانە هەبێ، هەتا بزانین ئەو هاوسەنگییە کە هەیە، ئەقڵی و فۆڕمییە. ئەمە بە پێشبینیی من ڕۆڵێکی نوێ دەبینێ، وەک بۆ نموونە لە ڤیدیۆئینستالاسیۆن یان ڕاومئینستالاسیۆندا، کە گەر فۆڕم و تێکستەکە (قسەکردنەکە) لە یەک ئاستدا نەبن، ئەوا خەلەلێکی گەورە لە ئارادا دەبێ. بەڵام کە من لە کوردستان بووم، کاتێک پێشانگا کرابۆوە، بۆ کۆمەڵێک دانیشتن ڕۆیشتم، کە گوایە کۆڕی ڕەخنەیی بوون بۆ پێشانگاکە. بەڵام لە قسەی جوان، لە بە شان و باڵی یەک هەڵداندا زیاتر، لە قسەی نالۆگیکی زیاتر، هیچم نەبیست. ئەوەی کە باس نەدەکرا، بریتی بوون لە ڕەنگ، تیشک، کۆمپۆزیسیۆن (تەرکیب)، تابلۆکە، یەکەکانی (دێتایەکانی) نێو ئیشەکە، تەکنیکی ئیشەکە، حەجم، واتا هەموو ئەو شتانە کە پەیوەندییان بە هونەری شێوەکارییەوە هەیە، باس نەدەکران، بەقەد ئەوەی شتی شاعیری یان ڕۆحی دەردەبڕدران کە هەر فرپیان بەسەر هونەری شێوەکارییەوە نییە. ئەمەش وەک سەرەتا گوتم، خەلەلەکە تەنها لە شێوەکارەکاندا نییە. بێگومان ڕاستە، کە شێوەکار کارێک دەکات، دەبێ بزانێ چۆن دەیکات، لە چ ئاستێکدایە، لەبەرچی دەیکات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، کاتێک ڕەخنەگریش نییە کە ئەو پرسیارانە بخاتە بەردەمیان و لە ئیشەکان بکۆڵێتەوە، ئەوا ئیتر خەڵکان قسەی زیادە دەکەن بەبێئەوەی لێپرسینەوە هەبێ. هەستی بەپرسیاری نییە، چونکە (هونەرمەند) وا دەزانێ جەماوەر ساویلکەیە

و گوێی لە ئەو گرتووە. جەماوەریش وا فێربووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەلەلەکان هەر لە سەرەتاوە لەنێو توێژەکەی ڕۆشبیراندان، ئەوا لێرەدا لۆمەی خەڵکان ناکرێ. خەڵک ئاوای لێهاتووە ... بەڵام جمهور ساویلکە نییە، ئەو زیاتر چێژی هەندێک شت دەکات، گەر باسی کۆمەڵێک بابەتی ڕاستی و لۆگیکییانەی بۆ بکرێ، ئەوسا ئەو زیاتر چێژ دەبینێ و زیاتریش پێی خۆش دەبێ و ئەو شتانەش وەردەگرێ. بەڵام نەقسی ئەو شتانە، کە پێشتر باسم کردن، وای کردووە کە لۆگیک لە ئیشکردن و قسەکردن و داڕشتندا نەبێ. هونەرمەند یەک تەن ئیشی لە لەوحەکەدا کردووە، کەچی ناتوانێ باسی بکات؛ ئەو باسی داڕشتن ناکات، باسی ڕەنگ و تیشک ناکات ...

**کاوە جەلال: پێویستە ئاماژە بە کێشەیەکی دی بدرێ: تۆ باسی جەماوەرت کرد. ئایا ئەو جەماوەرە کە زۆر جار پاسیڤ دەمێنێتەوە، نازانێ چی بلێ؟**

**ئاڤان سدیق:** من سەرەتا گوتم ئیشکالییەتەکە لە ڕۆشنبیرەکاندایە، ئەوان بەتەواوی تێگەیشتنیان بۆ حاڵەتەکانی خۆیان نییە. گەر من لە خۆم تێنەگەم، چۆن بتوانم لە تۆ تێبگەم؟

**کاوە جەلال: بەڵام ئایا ئێمە لە بەردەم پرسیاری فۆڕمدا نین؟ ئاخر ئەوە فۆڕمە کە خوێنەر یان لێڕوانەر دەگرێ؟**

**ئاڤان سدیق:** ئێمە ناتوانین ئەم کێشەیە بگشتێنین (تەعمیم بکەین)، چونکە بەڕاستی کەسان هەن کە بە کۆششی خۆیان باش هەڵکەوتوون، خۆیان موتابەعەی کەسی خۆیانیان کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەمە بە تەنیایی ماونەتەوە. بە بڕوای من ناشێ هونەرمەندەکان بخرێنە تای تەرازووییەکەوە، چونکە چەند کەسانێک دروست بوون کە سەرە دەزوولەی مۆدێرنیتەیان تێدایە، لێرەشدا ئەو کارانەی هاتوونەتە بەردەممان، کاری کۆششی کەسن، بەڵام کاری ڕەخنەگرانەیان بۆ نەکراوە، ئەمەش تا ڕادەیەک بۆ هونەرمەندەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، کە خۆیان لە گۆشەگیریدا هێشتۆتەوە و نەیانتوانیوە بچنە نێو دیالۆگێکی عەقلانییەوە کە بەرانبەری هەبێ.

**کاوە جەلال: حەز دەکەم لە پرسیاری فۆڕمدا بمێنینەوە. ئایا تۆ کێشەی فۆڕم لە کوردستان چۆن دەبینیت؟**

**ئاڤان سدیق:** کێشەکە بە سادەیی زۆر جار لە فۆڕمدا نییە، بەقەد تێگەیشتنمان بۆ تیشک. دەڵێم بەسادەیی. تیشک دەبێ سادەیی بێ، گەر تیشک نەبێ، ڕەنگ نابێ، گەر ڕەنگ نەبێ، فۆڕم نابێ، گەر فۆڕم نەبێ، ئەوا کاری هونەری هەر لە بناغەوە ناتەواوە. ئەو شتانە کە زۆر گرنگن، تەنها فۆڕم نین. فۆڕم کە دروست دەبێ،

دەوری هەیە، فەزای هەیە، ئینجا تیشک، ڕەنگ، حەجم، کۆمپۆزیسیۆن. ئەم توخمانە پێویستە بتوانن پێکەوە لەناو بۆشاییدا جێگیر بن (جا گەر جێگیرێکی ناجێگیریش بن، ئەمەیش دەشێ). هەموو توخمەکانی ناو ئیشەکە پێکەوە فۆڕم دروست دەکەن. ئیشکالییەتەکەی فۆڕم لەوێدایە، کە ئێمە ئاگامان لە دەوری فۆڕم نییە — ئایا من چ فۆڕمێک دروست دەکەم؟

**کاوە جەلال: زۆر جار دەبینرێ کە مرۆڤ خۆی پەرش دەکاتەوە، ئەمە لە سەرجەم بوارە هونەرییەکاندا بەدی دەکرێ، تەنانەت لە هزریشدا. لێرەدا پرسیارەکە ئاڕاستەی کێشەی فۆڕم و خۆهەڵڕشتن دەبێتەوە. ئایا هەست ناکەیت خۆهەڵڕشتن سەروەرە؟**

**ئاڤان سدیق:** بەڵێ، حاڵەتە عاتیفییەکە نەک ئەقڵانییەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسەکە، بۆ هونەرمەندەکان. لایەنە ڕۆحییەکە لای ئێمە بەهێزترە، بۆ نموونە لە خۆشەویستیدا، لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاودا. کەسەکە دەکەوێتە ئەوپەڕی شیعراندن و شیعراندنەکەشی ئەوپەڕی ئاماژەیە بۆ حاڵەتە تایبەتییە دەروونییەکانی و بەدەرە لە جیهانی زانستی ئەو شتە، زانستی نووسین، ڕەسمکردن، ڕۆمان. ئەوە پێشبینییەکی تەواو زاتی خۆیەتی. ئاخر زات لە لای ئێمە بچووکە، تاک لەنێو کۆمەڵدا کوژێنراوەتەوە. ئەو زاتە بۆیە دروست نەبووە، چونکە ئەوان نەیانتوانیوە حاڵەتێکی ئەوتۆ بهێننە ئاراوە کە تەعمیم ببێتە شتێکی لاوەکی. نەبوونی من بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. بەڵام لە لای من پرسیارێکی دیکە دروست دەبێ: پرسیاری من و جیهان — من وەک هونەرمەند. من وا باوەڕ دەکەم کە پێویستە شتەکان تەواو لە زاتی هونەرمەند خۆیەوە بێنە دەرێ، من بڕوام بەوە نییە کە کێشە شەخسییەکانی کەسێک ببن بە بیرۆکەی کارێکی هونەری. ڕاستە کە دەشێ کێشە سەخسییەکان پەیوەند بکرێن بە کێشەکانی جیهانەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم، کە نەک تەنها پەیوەندکردن بە کێشەکانەوە شیاوە، بەڵکو هەروەها بەو شتانەشەوە کە لە جیهاندا ڕوو دەدەن، بەڵام لێرەدا ناشێ شتە شەخسییە ڕواڵەتییەکان وەک خۆیان نیشان بدرێنەوە. بێگومان ئەمە دەکەوێتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری، واتا کەس بە چ ڕۆشنبیرییەک کار دەکات. بەڕاستی گۆرانی وا هەیە کە زۆر موزعیجە، یان دروستکردنی ڕەسمی شێخ مەحمود. ئایا جیهان چ ئینتەرەسەیەکی بۆ ئەم ڕەسمە هەیە؟ ئەم ڕەسمە شتێکە کە تەنها لە قاڵبێکی بچووکی داخراودا دەمێنێتەوە. بەڵام با لە نموونەیەکی دی بدوێین: بڕوانە تابلۆکانی پیکاسۆ! ئایا ئەو تابلۆیانە گوزارشت نین لە حاڵەتی جەنگێکی ناوخۆ؟ بۆ پیکاسۆ توانیوییەتی ئەو ئیشەی خۆی بەجیهانی بکات و ئێمە ناتوانین؟

ئێمە گەر لە هەڵەبجە و ئەنفال و ئەمە و ئەوەدا ئیش بکەین، ئەوا لە حاڵەتی بچووکدا دەیانبینین، ئێمە ئەوانە لە حاڵەتێکی سیاسیدا دەبینین. گەر هەڵەبجە تەنها وەک هەڵبجە بهێڵرێتەوە و مەوزوعە ئێستێتیکییەکەی، مەوزوعی جوانییەکەی، هونەرییەکەی، پەیوەندییەکەی بە هەموو جیهانەوە، بقرتێنین، ئەوا ئێمە غەدرێکی گەورەی لێدەکەین و کارێکی هونەریش ئەنجام نادەین. گەر لێرەدا زات هوشیاریی لەسەر دەرەوە نەبێ و لە خۆیدا ئیش بکات، ئەوسا ئیشکالییەتێکی هونەریی گەورە دروست دەکات. بەڵام گەر زات لە زاتێتیی خۆیەوە، لە تەنیایی خۆیەوە ئیش بکات، گەر هوشیار بێ لە دەرەوەی شتەکانی خۆی، ئەوسا شتەکانی خۆی بە شێوەیەکی گەورەتر دروست دەکات. من لەم حاڵەتەدا دوو شێوەی من دەبینم. لای ئێمە من نییە و کەچی هەموویان باسی من دەکەن. بەڵام چ منێک؟ ئایا ئەو منە کە گوزارشت لە خۆی دەکات یان منێکی ڕواڵەتی؟ ئەو منە کە بە هەموو جیهانەوە بەندە یان منێک لەنێو چێوەی چەپاندن و ڕواڵەتدا؟

# پاشکۆ

## ژیاننامەی هونەرمەندەکان

### گارا

١٩٥٥ لە شۆراو / کەرکوک هاتۆتە جیهانەوە
خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە کەرکوک
١٩٨٢ تەواوکردنی کۆلێژی زانست، بەشی جیۆلۆجی لە زانکۆی موسڵ
فێربوون و خوێندنی هونەر:
- ١٩٧٣ لای مامۆستا فەخری جەلال / کەرکوک
- ١٩٧٦-١٩٨٢ لای مامۆستایان نەجیب یونس، زرار ئەلقەدۆ، ڕاکان دەبدوب لە زانکۆی موسڵ

هەڵبژاردەیەک لە پێشانگا هاوبەشەکان:
١٩٧٣ قوتابخانەی ئیمام قاسم لەگەڵ ئەیوب شەریف و ئاری بابان (یەکەم پیشانگا)
١٩٧٩ فیستیڤاڵی زانکۆکانی عێراق — زانکۆی موسڵ
١٩٨٠ فیستیڤاڵی زانکۆکانی عێراق — زانکۆی بەغدا
١٩٨١ فیستیڤاڵی زانکۆکانی عێراق — زانکۆی بەسرە
١٩٨٣ پێشانگایەکی هاوبەش لە سورداش
١٩٨٣ پێشانگایەکی هاوبەش لە کۆتەڵ
ساڵانی ١٩٨٧، ١٩٨٨، ١٩٨٩، ١٩٩٠، پێشانگای هاوبەش لە گوندی لۆرهاوپتن لە هەرێمی هێسن/ ئەڵمانیا
١٩٨٨/١٩٨٩/١٩٩٠ پێشانگای ساڵانەی هونەرمەندانی گوێتینگن لە خانەی هونەرمەندان لە شاری گوێتینگن/ئەڵمانیا
١٩٨٨ پێشانگایەکی هاوبەش لە شاری ئاشافنبورگ/ئەڵمانیا، لە گەلەری شاری ئاشافنبورگ
١٩٩٠ لە خانەی هونەر (Kunsthaus) لە هامبورگ/ئەڵمانیا
١٩٩١ گالەری شاری ئاشافنبورگ/ئەڵمانیا
١٩٩١ مۆزەی شار لە شاری سۆفیا/بولگاریا
١٩٩١ ئەنستیتوی گوێتە لە شاری ئەسینا/یۆنان

١٩٩١ گەلەری نواسا (Naussa) لە یۆنان
١٩٩١ مۆزەی تێسالونیکی بۆ هونەری هاوچەرخ لە شاری تێسالونیکی/یۆنان
١٩٩١،١٩٩٢ پێشانگای ساڵانەی یەکێتی هونەرمەندانی فرایبورگ لە شاری فرایبورگ/ئەڵمانیا
١٩٩٣ بینالەی گۆڕینەوەی هزر (exchange thought) لە شاری جان مای/تایلاند
١٩٩٦ گەلەری ٦٨١١ لە شاری کۆلۆنیا/ئەڵمانیا
٢٠٠١ Galerie Elisabeth den Bieman de Haas، لە ئەمستەردام/هۆللاند
٢٠٠٣، ٢٠٠٦ Galerie Largus لە کۆلۆنیا/ئەڵمانیا
٢٠٠٥،٢٠٠٦ گەلەری کالیگا لە تونس/تونس
٢٠٠٧ فێستیڤالی هونەری شێوەکاری لە شاری محرس/تونس
هەڵبژاردەیەک لە پێشانگا تایبەتییەکان
١٩٨٠ یەکەم پێشانگا لە مۆزەی هونەر، زانکۆی موسڵ
١٩٨٧ Galerie in der Weststadt لە شاری هۆخهایم/ئەڵمانیا (یەکەمین پێشانگای تایبەتی لە ئەڵمانیا)
١٩٩٣ یەکێتی هونەرمەندانی ئازاد لە فرایبورگ/ئەڵمانیا (Freie Künstlergruppe Freiburg)
١٩٩٤ و ٢٠٠٤ گالەریی یوتا فینک (Galerie Jutta Fink) لە هایتەرسهایم / ئەڵمانیا
١٩٩٦ گالەری ئارتینگ (Galerie arting) لە شاری کۆلۆنیا/ئەڵمانیا
١٩٩٧ هۆڵی کونستفۆروم (Kunstforum) لە شاری بۆن/ئەڵمانیا
٢٠٠٤ پێشانگایەکی بچووک بە بۆنەی بنینیەوەی شاری کەرکوک پاش ٢٢ ساڵ لە قشلەی شاری کەرکوک.
٢٠٠٥ هۆڵی سەندیکای هونەرمەندان لە شاری کۆلۆنیا/ئەڵمانیا

ئێستا فێرخوازە لە زانکۆی کۆلۆنیا، ئەڵمانیا لە بەشەکانی:
-مێژووی هونەر
-پەروەردەی هونەر
-زانستی ئیسلام

نووسینەکانی:
١- هونەری شێوەکاری مۆدێرن، هەولێر ٢٠٠٥
٢- چەند نووسینێک لە گۆڤارەکانی «یەکگرتن»، «رەهەند»، «شێوەکار»، «ئاینده».

سیمینارەکانی:
١- لایەنە لەیەکچووەکان لە نێوان هونەری نازی و هونەری قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی لە سلێمانی و هەولێر (ساڵی ٢٠٠٤)
٢- فەزا (راوم) لە هونەری شێوەکاری مۆدێرندا (بلۆک سیمینار) لە شاری سلێمانی.

## شیروان خان

١٩٧٩ لە سلێمانی / عێراق هاتۆتە جیهانەوە
١٩٩٠- ١٩٩٥ خوێندن لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی
١٩٩٨- ٢٠٠١ خوێندن لە ئاکادیمیای هونەر، زانکۆیماینتس/ئەڵمانیا (لە لای خانمی پرۆفیسۆر کریستا بیدەربێک)
٢٠٠١- ٢٠٠٣ خوێندن لە شتێدلشوله (Städelschule) لە فرانکفورت (فێرگەی پێگەیاندنی مامۆستا لە لای هێرمان نیچ)
هەڵبژاردەیەک لە پێشانگاکان
١٩٩٨ پێشانگایەکی تایبەتی پەیکەر لە سلێمانی
١٩٩٩ ئینستالاسیۆنی ڕووناکی لە سلێمانی
١٩٩٩ ئینستالاسیۆن لە مۆزەی شارەوانی لە سلێمانی
٢٠٠٠ سیمپۆزیومی پەیکەر لە ڕۆم / ئیتالیا
٢٠٠١ سیمپۆزیومی پەیکەر لە سالامانکا /ئیسپانیا
٢٠٠٢ پێشانگای «پۆئیزیس» لە کرۆیتسگانگی سانکت شتێفان لە ماینتس/ ئەڵمانیا (پێکەوە لەتەک فرێدهێلم مێنێکس)
٢٠٠٣ پێشانگای تایبەت لە بیففار شتودیۆ لە فرانکفورت ئام ماین / ئەڵمانیا
٢٠٠٣ ئەبزۆلڤێنت لە شتێدلموزیۆم لە فرانکفورت ئام ماین / ئەڵمانیا
٢٠٠٣ ئارت بیناله لە شاریقە
٢٠٠٤Largus m٢١٥٠ لە کۆلۆنیا / ئەڵمانیا

٢٠٠٥ پێشانگا لە کونست–شتاتسیۆن لە زانکت پێتەر، کۆلۆنیا / ئەڵمانیا
٢٠٠٦ فیستیڤاڵی ئینتەرناسیۆنالی فیلم (Tirana International Film) لە تیرانا /ئەلبانیا

هەڵبژاردەیەک لە ڤیدیۆفیلمەکان

٢٠٠٢ ڤیدیۆ ئینستالاسیۆن، بێ ناونیشان، لە ماینتس / ئەڵمانیا
٢٠٠٣ پێرفۆڕمانس، بێ ناونیشان، لە عێراق
٢٠٠٥ فیلمی ئێکسپێریمێنتال، گولەبەڕۆژە
٢٠٠٦ ڤیدیۆ پێرفۆڕمانس، بێ ناونیشان، لە عێراق
٢٠٠٦ فیلمی ئێکسپێریمێنتالی دۆکومێنتار، واتەر وێل (Water Well)
پرۆژەکانی لە چێوەی تاقیگەی هونەر هونەردا (Art Art Labor)

٢٠٠٣ پرۆژەیەک پێکەوە لەتەک د. فرێدهێلم مێنێکس (کونست–شتاتسیۆن زانکت پێتەر، کۆلۆنیا / ئەڵمانیا)
وۆرکشۆپ «٦١،٥*٥٨*٤٧،٧» لە عێراق
٢٠٠٥ پرۆژەیەک لەتەک خانم ئوتە مێتا باوەر (پڕۆفیسۆر و بەڕێوەبەری MIT Visual Arts Program، لە ئەنستیتوی تەلارسازی، کامبریج / ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)
٢٠٠٦ پرۆژەیەک پێکەوە لەتەک ئینگۆ مێلەر (ئەنستیتوی گرافیک و هونەری کتێب / لایپتسیگ) و د. فرێدهێلم مێنێکس
٢٠٠٦ پرۆژەیەک پێکەوە لەتەک خانم ئیڤۆن پ. دۆدەرەر (پڕۆفیسۆر لە بواری Gander Media Design لە زانکۆی تەکنیکی دیوسلدۆرف)
٢٠٠٦ پرۆژەیەک لەتەک د. مێمەت سیرای (دکتۆر لە کایەی پێرفۆڕمانس و تیاتەردا، ئیستەنبول / تورکیا)
٢٠٠٧ پرۆژەیەک لەتەک د. چارلس مێروێزەر (بەڕێوەبەری هونەری و کوراتۆرد) لە بینالەی ٢٠٠٦ ی سیدنی / ئوستراليا
٢٠٠٧ – وۆرکشۆپ سەبارەت بە کێشەی ڕاوم (فەزا) پێکەوە لەتەک لیڤێنت کونت (لە عێراق)
– پرۆژەیەک پێکەوە لەتەک هونەرمەندانی کورد لە زانکۆی گرافیک و هونەری کتێب، لایپتسیگ / ئەڵمانیا

**ئاڤان سدیق حەسەن**

١٩٧٤ لە سلێمانی هاتۆتە جیهانەوە

١٩٩٤ تەواوکردنی دیراسە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە سلێمانی

٢٠٠٤ تەواوکردنی دیراسەی هونەری شێوەکاری ئازاد لە زانکۆی یۆهانس گوتنبێرگ (ماینتس/ئەڵمانیا)

پیشانگاکان:

٢٠٠٠ لە مۆزەی شارەوانی سلێمانی

٢٠٠١ لەگەڵ پرۆفیسۆر تسینیوک لە شاری میونشن/ئەڵمانیا

٢٠٠٢ گالەری M-Art لە شاری ڤین/نەمسا

٢٠٠٣ Intern Kunst von Frauen لە شاری ڤین/نەمسا

٢٠٠٣ Kunstauktion SOS – Mitmensch لە شاری ڤین/نەمسا

٢٠٠٤ Kreuzgang لە Sank Stephan لە شاری ماینتس/ئەڵمانیا

٢٠٠٤ Largus ١٥٠m٢ لە شاری کۆلۆنیا/ئەڵمانیا

٢٠٠٥ Kommunale Galerie لە شاری دارمشتات/ئەڵمانیا

٢٠٠٧ Zeit und Raum لە گالەریی سەردەم/سلێمانی

٢٠٠٩ Kunsthof لە کایزەرسلاوتەرن/ئەڵمانیا

# ئایا هونەرمەندان چ ڕۆڵێک دەبینن لەم گۆرانکاریانەدا؟

■ شیروان خان

شیروان خان
لەم ڕۆژانەدا گوێم ئەگرت لە گۆرانییەکی گرووپی (The Cure) بە ناونیشانی (Lullaby) .ئەم گرووپە لە ناو مۆسیقای شەپۆلی تاریکدا «Dark wave» دا بەناوبانگن و هەمیشە ڕەشپۆش دەرئەکەون. ئەم گۆرانیە باس لە کەسێک دەکات کە لە شەوێکی تەنهادا جاڵجاڵۆکەیاک هاتۆتە ژوورەکەیەوەو خەریکی بە خوانکردنی جەستەی ئەوە. ئەمیش لەنێو ترسی خۆیدا بێهیوا ماوەتەوە و هەست بە پرۆسەی خواردنەکە ئەکات کە چۆن جەستەی لەلایەن جاڵجاڵۆکەکەوە هەزاران کونی تێئەبێت. لە کۆتایی گۆرانییەکەدا ئەڵێت خۆ ئەزانم کە بەیانی لەخەو هەڵئەستم، بەڵام جاڵجاڵۆکەکە هەر بەبرسێتی لە ژوورەکەمدا ماوەتە وە. (لەکاتێکیشدا کە دڵنیایە کە تەواوی ڕووداوەکانی پێشوو بە شێک بوون لە خەونێک، بەڵام دواجار ترس خۆی وەک بابەتێک لای ئەم ماوەتەوە، تا ئەو کاتەی لە خەوەکەی بە خەبەر هاتووە و هەست بە بوونی هەمان ترسە دەکات، نەوەک لەگەڵ بەخەبەرهاتنیدا ئەو ترسەش ڕەوییبێتەوە. واتا مانەوەی ئەم ترسە پابەندە بەمانەوەی جاڵجاڵۆکە کە لەژوورەکەدا).

لەگەڵ گوێلێبوون لەم گۆرانییە، بیرم لە مێژووی دەسەڵاتی ستەمکاری لە کوردستاندا دەکردەوە، ئەو دەسەڵاتەی کە تا ئەمڕۆ چۆن کاریگەری لەسەر تێکشکاندنی کەسێتی تاکی کورد کردووە . لە پاڵدا دەبینین کە چۆن لە ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، لە ڕێی سەرکوتکاری ئەو ڕژێمەی پێشووەوە چۆن تاکی کورد تووشی بێهیواییەکی گەورە ببوو. پاشان لە دوای ڕاپەڕینەوە واماندەبینی کە هیوایەک هەیە لەپاش ئەو بێهیواییەی کە لە دەرەنجامی سەرکوتکاری ئەو ڕژێمەی پێشوو

پراکتیزەی دەکرد . بەڵام ئەمڕۆ پاش دوو دەیە لە ئەزموونمان لەم هەرێمەدا، دەبینین هێشتا لە سایەی دەسەڵاتێکدا ژیان دەگوزەرێنین کە بەهیچ شێوەیەک کە نەوەکو یاریدەدەر نییە بۆ ئەوەی خەون ببینین و هیوامان بە داهاتوو هەبێت، بەڵکو زەحمەتە لە بێهیوایی کەڵەکەبووی ڕابردوو لەگەڵ بێهیوایی ئەم دوو دەیەدا دەربچین. کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئەم دوو دەیەیەی پاش ڕاپەڕین هیچ هیوایەکی تیاماندا نەچاند هەر بۆیە بە هیچ جۆرێک ئەم دوو دەیەیە نا چێتە ئەو ئاستەی کە بڵێین شتێک هەبێت بەناوی گۆڕانەوە، چونکە تائێستا نەبوونەتە هۆی دروستکردنی شوێنێکی کۆمەڵایەتی/ کلتووری جیاواز کە کەسایەتییەکی جیاوازتری لەو کەسایەتیە بێهیوایەی بەر لە خۆی بەرهەمهێنابێت.

لێرەدا وەک بەراوردێکی بچووک، گەر بەشێوەیەکی کورت باسێک لەو گۆڕانکاریانە بکەین کە لە شەستەکاندا بەسەر کلتووری خۆرئاوادا هات، بە خۆپیشاندانی (٦٨)ی قوتابیانەوە تا هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بوارە جیاوازەکانی کۆماڵایەتی ڕوویاندا، بۆنمونە ڕەخنەگرتن لە هەموو دۆگما کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و بەرامبەر کۆمەڵێک پەیوەندی وەک پەیوەندی (خێزانی، نێوان جەستەی ژن و پیاو، خوشەویستی، سێکس)و هەروەها لەسەر ئاستی سیاسیش ڕەخنەگرتن لە سیستەمی سەرمایاداری لە هزری ناسیۆنالیزم و کۆلۆنیالزم، لە سەر ئاستی کلتووری ڕەخنەگرتن لە هزری ڕاسیۆنالی مۆدێرن کە سیستەمێکی داخراوبوو بۆ دەستەبژێرێکی دیاریکراو مابۆوە، لەهەمانکاتدا هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی کلتوور بۆناو ژیانی ڕۆژانە. ئەگەر بەنمونە باس لە مۆسیقای ڕۆک بکەین لە دوای شەستەکانەوە، ئەتوانین باس لە دوو گرووپی سەرەکی مۆسیقی بکەین کە ئەوانیش (The Beatles) و (Rolling stons)ە . من لێرەدا باس لەو گۆڕانکاریەی ناو مۆسیقای ڕۆک ناکەم کە بە سەر ڕتموسی مۆسیقای پێشخۆیدا کردویەتی، بەڵکو باس لە بەشداریکردنی ئەم شێوازە لە مۆسیقایە دەکەم لە سەرجەم ئەو گۆڕانکاریانەی لە کاتی خۆیاندا هاتووتەکایەوە. لە کاتێکدا گرووپی (The Beatles) لە گۆرانییەکانیاندا زیاتر بە شێوازێکی نەرم لە مۆسیقا باس لە ئازادی مرۆڤ، خۆشەویستی، هەڵوێستی دژبە جەنگ دەکەن. بەڵام بەپێچەوانەوە گرووپی (Rolling stons) بە شێوەیەکی (توندو زبر) لاڕەش و تێکشکاوەکەی نێو ژیان بە هەموو بێ مانایی و بێئومیدیەکییەوە پیشان دەدات، لە گۆرانی (Paint it Black) ئەیانەوێت هەموو ڕەنگەکانی ژیان ڕەشبکەنەوە و هەوڵدەدەن بۆ پیشاندانی ئترۆپکی بێهیوایی. کاری (Rolling stons) ڕەخنەگرتنە لە سەراپای مۆڕاڵ و ئەو مانا چەقبەستوانەی ناو ژیان خۆی

و ڕشانەوەیە بەسەر هەموو ئەو ترادیتسیۆنەدا کە ئەو دۆخەی بەرهەمهێنابوو. هەر بە تەنها بە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی نەوەستانەوە، بەڵکو ئەو توڕەییە بۆ ناو فۆڕمی مۆسیقا خۆشیان ئاڕاستە کرد.

ئەگەر لە هونەری شێوەکاریدا بەنمونە باس لە ڕێڕەوی "فلوکسوس" بکەین کە ئەوانیش لە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە شەستەکاندا ڕوویاندا دروسبوون. فلوکسوس جگە لەوەی ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر کاریگەریان گرتووە، لە هەمانکاتدا ڕەخنەکانیان کاریگەری لەسەر بنەماکانی هونەر خۆشی هەبووە. ڕەخنەگرتن لە هونەری دەستەبژێر، هونەرمەند وەک خالق، یان لە پەیوەندی نێوان هونەرو خەڵک، چونکە بۆ ئەمان "کاری هونەر ژیانە و ژیانش کاری هونەرییە" کەواتە هونەر فۆڕمێکی وەستاوی نییە، بەڵکو وەک ڕووداوێک سەیردەکرێت، پرۆسە ئامێزە. فلوکسوس جگە لەوەی ڕەخنەیەکی توندی ئاڕاستەی پێگەی هونەری مۆدێرن دەکات بەوەی کە پێوەندی لەگەڵ ژیاندا نەماوە، لەهەمانکاتدا ڕەخنە لە فۆڕمی ناو هونەرو پرسیارەکانی ناو ئێستێتیک دەگرێت، چونکە کاری هونەریی بەرهەمی خالقێک نییە، یان سوبیەکتێکی ڕەها نییە، بەڵکو ڕووداوێکی کۆلێکتیڤە لە نێوان چەند سوبیەکتێکدا یان چەند گرووپێکی جیاوازدا بەرهەمدێت. لە کاتێکدا ئەم ڕەخنەیە لەنێوکایەی هونەریدا سەریهەڵداوە، بەڵام کاریگەریشی بەسەر کلتووری سیاسی ئەو سەردەمەشەوە هەبووە، لە دوای هەفتاکانەوە دەوڵەت زیاتر هەوڵی گەڕاندنەوەی هونەر بۆ نێو ژیان دەدات، لە ڕێی کردنەوەی نێوەندی کلتووری لە ناو گەڕەکەکاندا و دابینکردنی ستروکتورێکی کلتووری کە یارمەتیدەربوو لە گەشەپێکردنی خەڵک لە بواری داهێناندا. نەوەک کلتوور ببێتە کارێک کە تەنها لە ناو دەزگا کلتووری نوخبەیەکاندا وەک گەلەری، مۆزەخانە، بەرهەم بێت.

ئەوەی من هەستی پێدەکەم لەم گۆڕانکاریانە کە ئێستا لە کوردستاندا ڕوودەدات و ڕۆڵی زۆری گرووپە هونەرییەکان لە بارێکدایە، کە دەیەوێت لە بەرامبەر ئەم دۆخە هەڵوێستێکی سیاسی وەربگرێت، لە ڕێی مانیفیست نووسینەوە یان چالاکییە هونەرییەکانیانەوە. کە ئەمان لە هەموو کاتیدا ئەتوانن وەک هەر هاوڵاتییەک ئەم هەڵوێستە سیاسیەیان هەبێت، بەڵام ئەم گرووپانە دەیانەوێت وەک هونەرمەند هەڵوێست وەربگرن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو هەموو هەڵوێستە جیاوازانە چ ڕۆڵێک دەبینن لەو گۆڕانکارییانەدا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەتوانین بچینە لای (نیکۆلاس لومان) کە پێیوایە کۆمەڵگا پێکهاتوە لە سیستەمێکی کۆمۆنیکەیشن، ئەم سیستەمە بەهۆی پەیوەندی نێوان چەند

کایەیەکی یان سیستەمێکی جیاواز وەک کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کلتووری و خێزان..هتد دروست بووە، کە بەیەکەوە سیستەمی کۆمەڵگا دروست دەکەن. بۆ لومان هەموو سیستەمێک بۆ ئەوەی وەک شوناسێکی ئۆتۆنۆم لە ناو ئەو هەموو سیستەمانەی تردا بمێنێتەوە دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە لە ناو جیاوازییەکانی خۆی و لە هەمانکاتدا لە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا سیستەمەکەی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، کەواتە هەموو سیستەمێک ئەگەر وەک کایەیەکی سەربەخۆ بمێنێتەوە دەبێت لە پەیوەندییەکی ئەکتیڤدا بێت لەگەڵ "ناوەوە" و "دەرەوە"ی خۆی. بۆ لومان کۆمەڵگا لە کۆمەڵێک سیستەمی جیاواز (هیتروگێن) پێکهاتووە، بە هەموو ئەو جیاوازیانەوە کۆمۆنیکەیشن دروست دەبێت، نەک لە سیستەمێکی (هۆموگێن) لەیەکچوو.

لێرەوە بەشداریکردنی هونەرمەندان لەم خۆپیشاندانەدا لەرێی ئەو چالاکییە جیاوازانەوە، بەتەنها هەڵوێستێکی سیاسی خۆیانە کە بەڕووی دەرەوەی سیستەمەکەی خۆیان نیشانی دەدەن. بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەم هەڵوێستە بەرەو "دەرەوە" رەنگدانەوەی "ناوەوەی" سیستەمی ناو کایە هونەرییەکەی خۆی نییە، بەڵکو بەتەنها هەستکردنە بە ئامەدەیی دەسەڵاتێکی سیاسی لە دەرەوەی خۆی. ئاخر خۆ ئەم سیستمە لەگەڵ چەمکی دەسەڵات لە ناو سیستەمەکەی خۆیەوە نەکەوتووەتە بەر دانوستان، ئەو دەیەوێت بەرەو دەرەوەی خۆی هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت، بەڵام تائێستا چەمکی دەسەڵات لەناو کایە کلتوورییەکەدا بەبەردەوامی بەرهەم دێتەوە. لەکاتێکدا دەیەوێت لەم ساتە وەختەدا لەگەڵ هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا بەشداربێت، بەڵام سیستەمی کایە کلتوورییەکەی خۆی بەڕووی کۆمەڵگادا لە دۆخێکی داخراودایە. ئەم هەڵوێستانە لە دیالۆگێکی ئەکتیڤدانین بەرەو ناوەوە، کەواتە ناشتوانن لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا لە دیالۆگدابن. لەهەمانکاتدا ئەم گرووپانە لەناو جیاوازییەکانی خۆیاندا بەشداریی ناکەن، بەڵکو خۆیان لەناو یەک هەڵوێستی گشتیدا دەبیننەوە، بۆیە هەموویان لە دۆخێکی هۆموگێندان. کەواتە کۆمۆنیکەیشن لەم بەشداریکردنەدا لە نێوان ئەوان و خەڵکدا لە ئارادا نییە. هەموو ئەو گرووپە جیاوازانە وەک کایەیەکی هونەری ئامەدەنین، بەڵکو وەک هەرهاوڵاتیەک کە دەخوازن هەڵوێستێکی سیاسیان هەبێت.

بۆ سوسیۆلۆژی فەڕەنسی هینری لیفیڤرە شوێن پێکهاتەیەکی فیزیکی نییە کە مرۆڤەکان تێدا بژین، بەڵکو شوێن لە ڕێی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە و ژیانی ڕۆژانەییەوە دروستدەکرێت، کەواتە شوێن نەک هەیەو مرۆڤی تێدا دەژی بەڵکو

شوێن بەرهەمدەهێنرێت. دەکرێت بۆ لێفڤرە "هەر شۆڕشێک کە نەیتوانی شوێنیکی کۆمەڵایاتی جیاوازتر لە پێشخۆی بەرهەمبهێنێت ئەوا دۆڕاندویەتی". چونکە بەبی شوێن هیچ شتێک ڕوونادات . ئەوەی من لەڕێی میدیاکانەوە دەیبینم، ئەم ویستی گۆڕاندنی سیستەمی سیاسیە زۆر جیاوازترنییە وەک لە ویستی نەوەداکاندا، چونکە ئەوانیش سیستەمی دەسەڵاتیان گۆڕی، بەڵام چەمکی دەسەڵات لەناو کایە کولتووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردە، خێزان...هتد بە بەردەوامی وەک کەلوپەلی پێویستی ڕۆژانە هەردەم بەرهەم هێنراوەتەوە.

کەواتە پێش ئەوەی لە ڕووداوەکە هەڵوێستمان هەبێت، دەبێت پرسیارلە چۆنێتی دروستبوونی ئەو شۆینە کۆمەڵایەتیەی بکەین کە لە دوای نەوەدەکانەوە دروستمان کردووە و ئێستا خواستی ئەوەمان هەیە کە شوێنێکی دی لە بری ئەو بەرهەم بهێنین؟ ئایا ئەو گرووپە کلتووریە جیاوازانە بەو سیستەمەی کە کاری پێدەکەن چی ئەتوانن بۆ داهاتوو بەرهەمبهێنن؟

ئەگەر لێرەدا بە گشتی باس لە مێژوویی هونەری شێوەکاری بکەین لە کوردستان، بەبڕوای من ڕۆڵی هونەرمەندان زیاتر دەربڕینێکی تاکەکەسی هونەرمەندەکە بووە لـەرووداوەکـان، بەشێوەیەکی تر دروستکردنی وێنەیەک وەک وەڵامێک بۆ ناو ڕووداوەکـان. ئەوەندەی هونەرمەندەکان وەڵام بۆ دەرەوەی خۆی بەرهەمدێنێت، ئەوەندە پرسیاری لە (کۆنتێکست) سیاقی کایە هونەرییەکەی خۆی نییە کە ئەو وەڵامەی تێیدا بەرهەمهاتووە.

بە جۆرێکی دی، ئەگەر باسێک لەو ڕەخنانە بکەین کە لەم ساڵانەی پێشوودا لە هونەری شێوەکاریدا کراون بەتایبەتی لە هونەری پەیکەرسازیدا، ئەوەیە کە هونەرمەندان دەبێت زیاتر کاریگەریان هەبێت لە بونیادنانەوەی یادەوەرە مێژووییەکاندا و یان لە جوانکردنی شاردا، لەڕێی دروستکردنی مۆنۆمێنت لە و شوێنەی ڕووداوەکان تیادا ڕوویداوە، یان پەیکەر دروستکردن بۆ شوێنە گشتییەکان. لەهەمانکاتدا دەبێت دامودەزگا کلتووریە پەیوەندیدارەکان کەسی شیاو بۆ ئەم کارە هەڵبژێرن نەک لە ڕێی دەستتێوەردانی حیزبییەوە. لە سەر ئاستی هونەریش ڕەخنەکە ئەوەیە کە هونەرماندەکان بۆ دروستکردنی مۆنۆمێنتێک یان پەیکەرێک دەبێت ڕەچاوی شوێن و ئەو تەلارسازیانە بکەن کە لەو شوێنەدا هەن یان دەبێت ئەو پەیکەرانە بە ماتیریالی باشتر بکرێن بۆ ئەوەی بۆ کاتێکی زیاتر بمێننەوە. کەواتە ڕەخنەکان لە بابەتی ماتریالی هونەری و هونەرمەندانی شارەزا لە سەر ئاستی تەکنیکیدا خۆی دەبینێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا هونەرمەند پرسیاری هەیە کە تا ئێستا نەبۆتە بابەتی ڕەخنە لە

لای، ئایا کارەساتێک یان ڕووداوێکی مێژوویی دەکرێت بە پەیکەرێک یان لە فۆڕمێکدا دابڕێژرێت؟ ئایا دامـەزراوە حکومییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بیرەوەرییە گشتیانەدا چ ستراتیژییەک پەیڕەو دەکەن؟

کەواتە پێشئەوەی ڕەخنە لە ماتریالی کارە هونەرییەکان بگیرێت، یان لە دەزگا کلتوورییەکان کە کەسی شیاوتر بۆ دروستکردنی ئەو پەکەرانە بدۆزێتەوە. دەبێت ڕەخنە لەلایەک ئاڕاستەی سیستەمی هونەری کارە هونەرییەکان بکرێت. بۆنمونە ئەو پەیکەرانەی کە بۆ کارەساتی هەڵەبجە کراوە ئەگەر بە باشترین ماتریالی یان لە گونجاوترین شوێنی هەڵەنجەدا دابنرێت، دەتوانێت ئەو کارەساتە پڕ لە گرێیاویە لە فۆڕمێکی وەستاودا بۆ ئێستاو هەموو نەوەکانی دوارۆژ وەک ڕاستیەک نیشانبدات؟ چونکە مێژوو خۆی ڕاستییەکی وەستاوو نەگۆڕ نییە، مێژوو هەردەم لە ئێستامانەوە بە جۆرێکیتر دەخوێندرێتەوە. وەک (سگرت سیگرسۆن)دەڵێت "ڕابردوو داهاتوویەکی درێژخایانی هەیە". بۆ نمونە کارەساتی هەلەبجە لەم ساڵانەدا نەک وەک دەستدرێژی کردنێکی دوژمنکارانەی دەرەکی بوو بە بابەتی ناو میدیاکان، بەڵکو وەک هەڵەیەکی سیاسی ناوخۆیی حیزبە کوردییەکان لەبەینی یەکێتی و گۆڕاندا لە کاتی هەڵبژاردندا. دوای زیاتر لە بیست ساڵ کارەساتی هەڵەبجە بە جۆرێکی تر خوێندرایەوە. کەواتە ئایا ئەو پەیکەرانەی کە بۆ هەڵەبجە کراون ئەتوانن لە هەموو ساتێکدا هەموو نادیارەکانی ئەو کارەساتە بە بینەر پیشانبدەن.

لەلایەکی دی دەبێت ڕەخنە ئاڕاستە ی سیاسەتی کلتووری لە کوردستاندا بکرێت، چۆن لە ڕێی کایە هونەرییەکانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بیرەوەریە مێژووییانەدا دەکات. کە زۆر نزیکایاتی لەگەڵ سیاسیەتی مۆنۆپۆڵکردنی سەردەمی دەسەڵاتە ناسیۆنالزمەکان یان وڵاتە سۆسیالستاکاندا هەیە. کە دەسەڵات هەردەم هەوڵدەدات لە ڕێی دروستکردنی مۆنۆمێنتێکەوە وێنەیەکی خۆی بۆ ئەو ڕووداوە بکاتە وێنەیەک بۆ بیرەوەری گشتی. کە ئەمە بەڕاشکاوی لە کوردستان دەیبینین کە ڕاستییە مێژووییەکان لە سنوری هەردەسەڵاتێکدا بێت بە جۆرێکیتر دەخوێندرێتەوەو بیرەوەری گشتی مۆنۆپۆڵ دەکرێت و سمبۆلەکان دابەشدەکرێت بەسەر دیدە سیاسییەکاندا، نەک خەڵک خۆی وەک تاکێکی ئازاد لەگەڵ مێژوو و بیرەوەری گشتیدا لە بەرکەوتنێکی ئەکتیڤدا بێت، بەڵکو ئێمە ڕووداوە مێژووییەکانی خۆمان لە ڕێی ئەو وێنانەوە دەبینین کە میدیای حیزبی بۆمان دروستدەکرێت. (بۆنمونە ئەو وێنەیەی کە یەکێتی بۆ شێخ مەحمودی دروستکردبوو بە مەلیک مەحمود ناو دەبرا ئەوەی پارتی بە خولە قۆپچە) کەواتە هونەرمەند دەبێت جۆنێتی مامەڵەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ هونەردا بخاتە

ژێر پرسیارەوە، کە هەردەم هونەری وەک یاریدەدەری دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سمبۆلەکانی دەسەڵاتی خۆی لە شوێنە گشتییەکاندا سەیرکردووە.

لەهەمانکاتدا ستراتیژو سیاسەتی کلتووری دامەزراوە کلتووریە حکومییەکان بخەینە ژێر پرسیارەوە کە خۆی لە سیستەمی دامەزراوەیەکی سەنترالیستی وەک وەزارەتی رۆشنبیری کە وەک دەوڵەتە سۆسیالستەکانی بلۆکی خۆرهالاتی جاران ماوەتەوە، کە زۆرترین پرۆژە بۆ یادەوەرییە نەتەوەییەکان بۆ دیدێکی تایبەتی حیزبی دەکات. رێکخراوی هونەرمەندان کە تا ئێستاش نەیانتوانیوە لە ژێر کاریگەری ئیدولۆگی حیزبی دەربچن و سەربەخۆ کار بکەن. کە کاری سەرەکی ئەم دەزگایانە رێکخستنی فیستیڤاڵی نەتەوەییە کە پرۆژەکان وەک پرۆپاگەندەیەکی سیاسی و وێنەیەکی دیاریکراو بۆ رووداوەکان دروستدەکەن. کە ئەم سیاسەتی کلتووریە وایکردووە کە دەسەڵات هەردەم ئەو بودجەیەی کە بۆ لایەنی کلتووری تەرخان دەکات لە راستیدا بۆ مانەوەی ماناکانی خۆیەتی لەناو رۆژانەدا، نەک کلتوور وەک کایەیەکی سەرەکی هەوڵی کارئاسانی و رێخۆشکردن بۆ داهێنان بدات لە ناو کۆمەڵگادا. بەڵام بۆ من رەخنەکە بەتەنها خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە بڵێم ئەو ستراتیژیەی کلتووری سیاسی یان پرۆگرامەکانی ئەو دامەزراوانە کە نابنە هۆی دروسبوونی داهێنان، کاریگەری نێگەتیڤی بەتەنها لەسەر دۆخی هونەری بە جێدێڵیت، بەڵکو داهێنان یەکێکە لە کایە هەرە سەرەکییە ئابوورییەکان لە ئێستای "کۆمەڵگای زانیاریدا"، چونکە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا بەرهەمهێنان لە شێوەی ماتریاڵدا (هارتوێر) خۆی دەبینییەوە، بەڵام لە دوای هەشتاکانەوە بە هاتنی شۆڕشی دیجیتاڵ، ئەم دۆخە دەگۆڕدرێت بۆ بەرهەمهێنانی (سۆفت وێر) لێرەدا بۆ پێشکەوتنی ئابووری وەک لە سەردەمی پیشەسازیدا کە زیاتر پێویستی بە توانای جەستەیی بوو، لە سەردەمی زانیاریدا پێویستی بە زانین و داهێنان هەیە بۆ بەرهەمهێنان. بۆ نمونە پرۆگرامەکان یان بەرهەمە دیجیتاڵییەکان. بۆ نمونە لە دوای نەوەدەکانەوە باس لە "ئابوورییەکی داهێنەر" دەکرێت کە زۆربەی شارەکان لە سەر ئەو سیستەمی ئابوورییە کاردە کەن، وەک لەندەن، ڤییەننا، ئەمستەردام، بەرلین،، بۆ نمونە لە بەرلین لە ٢٠٠٩ دا ٢١٪ داهاتی شار لە بەشە کلتوورییەکانەوە هاتووە وەک میدیاتازە، دیزاین، مۆسیقا، مۆزەخانە. لێرەدا داهێنان وەک کایەیەکی ئابووری کۆمەڵایەتی سەیردەکرێت، لە هەر شارێک وزەی داهێنانی زۆربێت ئەوا ئابوورییەکی بەهێزی دەبێت. کەواتە ئەگەر سەیری دۆخی کلتووری شاری سلێمانی بکەین وەک شارێکی کلتووری، دەبینین نەک سیاسەتی کلتووری ئەم وزە کلتوورییە هەردەم وەک نمایشکردنی ئیدۆلۆگی سیاسی بینیوە، ئەمە لەلایەک نەهێشتنی جیاوازییەکانی ناو

کۆمەڵگایە کە کاردانەوەی نێگەتیڤی لە سەر فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی شاردا دەبێت، لەلایەکی تر بایەخنەدان بەو وزە کلتووریە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر دۆخی ئابووری شاردا دەبێت، ئەگەر سەیری داهاتی ئێستای کوردستان بکەین ٪ ٩٠ لە فرۆشتنی نەوتەوە دێت، نەک لە بەرهامهێنانی ناوخۆیی، پرسیارەکە لەوەدایە کاتێک لە ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵیتر کە نەوت بەرەو کەمبوونەوە بچێت ئەم شارانەی کوردستان بەچی دەژین؟! کەواتە سیاسەتی کلتووری دەتوانێت پلانێکی بۆ کلتوور هەبێت کە وەک فاکتەریکی ئابووری شار ببینرێت. من لێرەوە نامەوێت هونەر بەتەنها بە لایەنی ئابوورییەوە گرێبدەمەوە، بەڵکو لە ڕێی ئەو نمونەیەوە دەتوانین کاریگەری هونەر لە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بە شێوەیەکی تر پیشان بدەین کە هونەر دەتوانێت لە قەیرانە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسییەکاندا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت. هونەر دەتوانێت لە پرسیار لە کێشە هەر سەرەکییەکان بکات کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سەر ئێستاو داهاتووی هەموو کۆمەڵگایەوە هەیە.

ئەگەر لە کۆتاییدا بەنمونە باس لە هونەرمەندی ئەمەریکی مارک لومباردی بکەم کە لەڕێی کارە هێڵکارییەکانییەوە چ کاریگەرییەکی هەبووە بە سەر ستراکتۆری دەسەڵات لە ئەمەریکا. لومباردی لە دوای لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیارییەکی زۆر لە سەر سیستەمی سیاسی/ئابووری لە ئەمەریکا، ئەم زانیاریانە دەکاتە لە کارێکی هێڵکاریی و هەموو ئەو پەیوەندیانەی نێوان کەسایەتییە سیاسییەکان و کارگە پیشەسازییەکان کە لە لێکۆڵینەوەکانیدا کۆی کردۆتەوە پیشانی دەدات، لە ڕێی ئەو هێڵکارییانەوە هەموو پەیوەندییە شاراوەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەردەکەوێت ئەمە لەکاتێکدا ئەم هێڵکارییانە وەک کارێکی هونەریی سەیر دەکرێت، لەهەمانکاتدا ئەو زانیاریانەی کە کارە هونەرییەکە دەیبەخشێتە بینەر، کاریگەرییەکی ئەوەندەی لەسەر سیستەمی سیاسی، ئابووری ئەمەریکا هەبوو، تا ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن دەسەڵاتەوە لومباردی دەکوژدرێت، لەوڵاتێکدا کە خۆی بە دیموکراتیترین سیستەمی سیاسی لە جیهاندا دەزانێت.

# چیرۆک بە وشە...

# چیرۆک بە ڕەنگ و سینەما.

ئەم بابەتە بریتییە لە وەڵامـی پرسیاری کۆمەڵێک سینەماکار و ڕۆژنامەنووسی هونەری کە چەندینجار ڕووبەڕووم کراونەوە. من ویستم لە شێوەی دیالۆگێکی کراوەدا وەڵامیان بدەمەوە و هەم دەرگایەک بۆ نووسین و لێکدانەوەی نووسەران و سینەماکاران بکەمەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا من وەک بابەتێکی سەربەخۆ کارم تێداکردووە.

**■ جەبار جەمال غەریب**

*** گێڕانەوە لە نێوان ڕۆمان و سینەمادا:**

تاکە پەیوەندی نێوان سینەما و چیرۆک «گێڕانەوەیە»، چیرۆک، سینەما هەریەکەیان بەشێوازی خۆیی حیکایەتێک دەگێڕێتەوە، بەڵام ئالیەتی گێڕانەوە لەنێوانیاندا زۆر جیاوازە. تاکە ئالیەتی چیرۆک بۆ گەیاندنی بابەتەکەی وشەیە. وشە وێنەکانی دەکێشێ و هەست سۆز دەگوازێتەوە. وشە ژیانی و مردن دەنووسێتەوە. سینەما دەوڵەمەندترین کایەی گێڕانەوەیە کە ئێستا مرۆڤ ناسیبێتی. هەموو هونەر بەرهەمهاتووەکانی دونیا بێ بەرانبەر داهێنراوەکانی خۆیان خستۆتە خزمەت سینەما. هەر بۆنموونە تەکنۆلۆژیا ئەوەندەی خەریکی داهێنانی ئامێری پزیشکی و بیناسازی و فڕۆکەوانیە ئەوەندەش خەریکی بەرهەمهێنانی کامێرای پیشکەوتوو، پێداویستییەکانی دیکەی سینەمایە. ئەوە جگە لەو خزمەتە گەورەی مۆسیقا بە سینەمای کردووە، ڕۆمان و چیرۆک خزمەتکارە هەرە لە پێشەکانی سینەمان. تائێستا بەنازترین و نازدارترین کچی دونیا سینەمایە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سینەما چەند هونەرێکە بۆ گێڕانەوە ئەوەندەش پیشەسازی و سەنعەت و بازرگانییە. سینەما پێش ئەوەی هیچ شتێک بێت پیشەسازییە. لەگەڵ ئەوانەشدا سینەما بێ

چیرۆک پەیکەرێکە لە ئاسن و بەرد. واتە چیرۆک دڵی سینەمایە.
بەڵام کام چیرۆک؟
دۆزینەوەی زمانی سینەما لە چیرۆکی کوردیدا کارێکی قورسە، چیرۆکنووسانی ئێمە چونکە شارەزایی هونەری کامێرانین یانی مەبەستیان نییە خۆیان بەتوانای دیاریکراوی کامێراوە ببەستنەوە لەکاتی ئامادەکردنی چیرۆکێکی کوردی بۆ سینەما کێشە و ئاستەنگی گەورە دێنە پێشێ. نووسینی چیرۆک بۆ خوێندنەوە و نووسینی چیرۆک بۆ سینەما دووکاری زۆر لەیەک جیاوازن. دەکرێ هەموو کەلەپوری حیکایەت و ئافسانە و چیرۆکی کوردی وەک کەرەستەیەکی خاو دابنێین کە لەتوانادا هەیە بۆ سینەما ئامادە بکرێن. نەک هەر ئەوە من بە کەرەستەیەکی زۆر دەوڵەمەندیشی دەزانم.

### * فیلمساز و چیرۆکنووس

پەیوەندی پرۆسەیەکی هاوبەشە، واتا پرۆسەیەکە زیاتر لە لایەنێک تێیدا هاوبەشە. لێرەدا دوو تەوەری پەیوەندی هەن فیلمسازان و ڕۆماننووسان، بێگومان مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئەوانە بە فیلمساز ناسراون لەگەڵ ئەوانەی بە ڕۆماننووس ناسراون. بەرهەمهێنانی فیلم بۆ کوردی کارێکی تازەیە و زەحمەتیشە. هەموو فیلمسازە کوردەکان، هیچ نەبێ ئەوانەی کە دیارن و خەڵاتکراون بۆ نموونە بەهمەنی قوبادی و شەهرامی عەلی دی و شەوکەت ئەمین بێگومان لە فیلمسازی دیکەشمان هەن، بەڵام بۆیە ناوی ئەو هاوڕێیانەم دەهێنم چونکە لەو ماوە کورتەی دوایدا فیلمی گێڕانەوەیان بەرهەمهێناوە وەتا «ناکرێ ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی فیلمی «دایکانی منی» زەهاوی سنجاوی و برایمی سەعید بەدەستهێناوە لەبیر بکرێ». با زۆر لەو بابەتە دوورنەکەومەوە ئەوانەی لەو ساڵانەی دوایدا خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمی گێڕانەوەی چیرۆک بوون، ئەو برادەرانە کەمتر شارەزای هونەری گێڕانەوەن بەوشە، کەمتر هاوڕێی ڕۆمانن، ئەوان لەڕێگای کامێرا و هونەری تەکنۆلۆژیاوە هاتوونەتە ناو سینەما. سینەما لە شوێنێکدا ئەوانی ناچار کردووە بگەڕێنەوە ناو ڕۆمان و وشە. ئەو ناگەیەنێ کە ئەوان ڕۆشنبیر و خوێنەر نین بەڵام ڕۆحی ئەوان لەگەڵ لێنز و فیلتەر و برغودایە دەستیان لەناو وشەدایە، یان چاویان لەسەر شاشە و ڕووناکی ئەکتەرەو پێیان لەناو کتێب و کاغەزدایە.
لەبەرانبەریشدا چیرۆکنووس و ڕۆماننووس لە قووڵایی وشـەدان، بەناو کاغەز و مەرەکەبدا بڵاوبوونەتەوە. تا ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە نووسەرانی گێڕانەوە لە کورددا ئاگای لە سینەما نییە، گرنگی بەوە نادات کە چیرۆکەکانی جگە لە خوێندنەوە بە

کەڵکی وێنەگرتنیش دێن. لە شوێنێکدا ئەوە خاڵێکی وزەبەخش و گرنگە بۆ نووسەر کە تەنها وشە دنیایەکی دیکە ڕەسم دەکات و فەزایەکی دیکە بگوازێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەوە خۆ مەحرومکردنیشە لە کایەیەکی گرنگی وەک سینەما. ڕاستە نووسەری هەمیشە لە دڵەوە چاوی وشەکانە بە چ ڕەنگ و شێوازێک دەگەنە سەرشاشە. واتا نووسەری سینەما دەستی بەقەڵەمەوەیە و دڵی لەسەر شاشەیە.

هەندی ڕۆمان و چیرۆک هەن زۆرپێش دەرکەوتنی سینەما نووسراون، دیارترینیان «بەرزاییەکانی وێزەینگ»ی نووسەری سیحربازی وشە و دیمەن ئیمیلی برۆنتێ «Emily Bronte»Wuthering Heights»، کە بە عەقڵێکی ئەو پەڕی سینەماییەوە نووسراوە. دیمەنەکان لە جیاتی وشە هەر دەڵێی کامێرا کێشاونی. ڕۆحیەتی کارێکتەرەکان تەواو ئەو ڕۆحیەتە ڕاوڕاو، هێمن و شەڕانی و ڕۆمانیانەن کە دیمەنی سینەمایی دەیەوێ. لە کوردیدا ڕۆحیەتی سینەما لە چیرۆکی پەنجاکاندا بەڕوونی دیارە، چیرۆکی پەنجا فلسی محەمەد مەولود مەم، سەیرانی ئەزمڕی موحەڕەم محەمەد ئەمین و چەند چیرۆکێکی حسێن عارف، بەلای منەوە دیارترین کۆمەڵە چیرۆک کە ڕۆحیەتی سینەمای تێدایە. پێکەنینی گەدای حەسەنی قزڵجییە.

راستە سینەما داهێنراوێکی تازەیە بە بەراورد لەگەڵ نووسین، بەڵام خەیاڵ و خولیای بوونی سینەما لەگەڵ نووسینی یەکەم چیرۆک هەبووە. هەمیشە پەردەیەکی گەورەتر لە پەردەی سینەما لەبەرچاوی نووسەردا هەبووە بەڵام پەردەیەکی وەهمی..

ئەوەی تائێستا نووسیومە قسەی ئەمڕۆیە بەس بۆنی دوێنێی لێدێت. قسەی ئەمڕۆ ئەوەیە ئەو پەیوەندییە کە لە ڕاستیدا هەیە؟

سینەما بەهەموو فیزی خۆیەوە هێرشی بردۆتە ناو ماڵی کەلتووری هەموو نەتەوەکان، ئەوەتا ئەو هێرشە لەناو کوردیش دەستی پێکردووە. بۆ ئەو پەیوەندیە دوو ڕێگامان لەبەر دەمدایە:

یەکەم: یان سینەماکاری ڕۆشنبیری و دانا، شارەزا لە چیرۆک و ڕۆمان و ئەفسانە و بەندی کوردی لەناویاندا هەڵدەبژێرێ و ئامادەیان دەکاتەوە بۆ سینەما و دەیانکاتە سیناریۆ. لەوەش دڵنیام کاتێک سینەما دەبێتە سەنعەتێکی کوردی ئەو بەرهەمانە دەبنە پاڵپشت و سەرچاوەی کاری سینەمایی. لە حیکاتەکانی ناو توحفەی موزەفەرییە تا بەندی ئاسۆسی سەید عەلی و شێخ فەرخ تا ڕۆمان و چیرۆکی تازەی کوردی.

دووەم: دەشێ نووسەری کوردیش بەجیدی بیر لەو کایە سیحریە بکاتەوە و کەڵک لە ئەزموون و توانای بیرکردنەوەی خۆی وەرگرێت و بۆ سینەما بنووسێت.

لەنێوان ئەو دوو ڕێگایەدا ڕێگای سێیەمیش هەیە ئەویش دروستبوون و سەرهەڵدانی

کۆمەڵە نووسەرێکە کە هەم لەبواری سینەما شارەزابن و هەم لەزمانی نووسینیش بەتوانا و لێهاتووبن.

* من و فیلمی «سرتە لەگەڵ با»دا کە بە فیلمی دووهەزار و نۆی کوردی ناسرا.

من سینەما بە ژانەرێکی گرنگی هونەری دەزانم و هەست بە کاریگەری و سیحری شاشە دەکەم، لەتەمەنی بیستساڵیمدا زۆر هەوڵمدا سینەما بخوێنم بەڵام بواری سیاسی ئەو کاتە ڕێگای پێنەدام. من یەکەم فیلم بۆتە بەشێک لە یادەوەری منداڵیم. من ئەوکاتە ئۆلیڤەر ڕیدم ناسی و وەک هاوڕێیەک لەگەڵم ژیا. من ئەوکاتە لەگەڵ لایەنی کۆمەڵایەتی و سینەما ڕەنگ و وێنە و جوڵەی شاشە تێکەڵ بووم.

شەهرامی عەلیدی کە دەرهێنەری فیلمی سرتە لەگەڵ بایە، ماوەیەکی زۆریش دەستپێکردن بە وێنەگرتنی فیلمەکە چیرۆکی فیلمەکەی هێنا بۆ لام و دەیان دانیشتن وتوێژی دوور و درێژمان لەسەر کرد و چەندان جار وێنە و سکانسەکانمان گۆڕی و زیاد و کەممان کردن. بەراستی شەهرامیش لەگەڵ ئەو فیلمە ماندووبوو.

یەکەم هۆکار هانیدام دیالۆگی ئەو فیلمە بنووسم خراپی دیالۆگە لەسەرجەم فیلمە کوردییەکان. بەشی هەرە زۆری تەمسیلە کوردییەکان کەمترین گرنگیان بە دیالۆگداوە کە زمانی فیلمە. ڕاستە ئەو دیالۆگانە بەتەواوی بەدڵی من جێبەجێ نەکرا لەبەر زۆر هۆکار، بەڵام بەراستی شێوازێکی زۆر سەرکەوتوو بوو لە سینەمای کوردیدا، ئەویش بووە خاڵێکی بەهێز بۆ فیلمەکە شانبەشانی جوانی وێنەگرتن و دانانی دەنگ و باشی دەرهێنان.

کاتێک سینەما کارێکتەری زیندوو و ئامادەم دەداتێ من تەنها ئەوەندەم لەسەرە دڵی ئەو کارێکترە بەدیالۆک و دەنگ و وشە بخەمە قسە. ڕێزیشم بۆ شەهرام هەیە کە گرنگی بەزمان و دیالۆگی فیلمەکەی داوە، ڕۆژ بەڕۆژ چاوەڕوانی دیالۆگەکانی کردووە.

*** کارەکانی من و بە سینەماکردنیان.**

ڕاستە سینەما کوری واقیعە. سینەماکار لەگەڵ دنیای بینراودا دەکات، بەڵام داهێنان و کامێرا ئەو ئەستوورەیان سینەمای تەقلیدیان بەزاندووە ئێستا سینەما کایەیەکی ئەو پەڕی فەنتازیاییە و کارە هەرە گرنگەکانی ئەو بیست ساڵەی ڕابردووی سینەما لەسەر میتۆلۆژیا و ئەفسانە بووە. سینەما میتۆلۆژیای وەک دنیایەکی بینراو ڕاستی هێنایە سەر شاشە.

ئەو قسانەی سەرەوەم بۆ ئەوەیە کە بێمە سەر بابەتە گرنگەکە (پەیوەندی سینەما و ئەفسانە.. بە ئومێدەی لە شوێنێکی دیکەدا زیاتر لەو پەیوەندیە بدوێم) چونکە

له نووسینی مندا ڕۆحی ئەفسانە و میتۆلۆژیا و سیحر زۆر بەگەرمی و توندی ئامادەیە ئەوەش وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی من و گواستنەوەی بۆ سەر شاشە گران دەکات بەتایبەتی بۆ ئەو دەرهێنەرانەی کە کوڕی کتێب و ڕۆمان و خوێندنەوە نین. ئەوە لە ڕووی زمانەوە. بە دیوێکی دیکەدا تەکنیکی ڕۆمانەکانی من لەسەر وێنە بنیاتنراون کە وێنە ڕۆحی سیناریۆیە. سەرەڕای هەموو ئەوانە دەرهێنەر لە گۆشە نیگای خۆیەوە ڕۆمان یان حیکایەتی ناو ڕۆمان دەبینێ. لەو نیگایەشەوە ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە هەر دەرهێنەرێک بیەوێ لە گۆشە نیگای خۆیەوە کار لەسەر ڕۆمانێکی من بکات من پێش ئەوەی بچمە ناو وردەکاری کارەکەی دەستخۆشی لێدەکەم، چونکە دەزانم کارکردن لەسەر ڕۆمانێکی من چ ماندوو بوون و چ چاوێکی ورد و چ ڕۆحێکی خوێنەری مەزنی دەوێت. بەڵام من وا هەست دەکەم ئەگەر دەرهێنەرێک بۆ خۆی خوێندنەوەیەکی تایبەتی هەبێت و حەز بکات من یارمەتی بدەم دڵنیام فیلمێکی ئەوەندە گەورە و تایبەت دروستدەکەین کە جێگای سەرنجی شارەزایان بێت. ئەوە کارێکە بەراستی حەز دەکەم هاوبەشی تێدا بکەم ئەوەش ناشارمەوە من لە سینەمادا حەزم لە کوالێتی هەرەبەرزە، حەزم لە وێنە و هونەر و فێڵەکانی سینەمایە. کە ڕۆمانەکانی من پڕن لەو وێنانە، بەڵام دۆزینەوە و پیشاندانیان ئەوەندە ئاسان نییە.

*** پەیوەندیم بە سینەماکارانەوە**

زۆرترین و گەورەترین هەوڵی من لە ژیانی خۆمدا بۆ ئەوەیە بەشی زۆری ژیانم بۆ ئەدەب و خوێندنەوە و نووسین تەرخان بکەم، لەو پێناوەشدا ڕێگا بە هیچ شتێک نادەم کاتم داگیرکات و هێمنی نووسینم بشێوێنی. نازانم سینەما بە چ هێزێکەوە توانیویەتی بێتە ناو ژیان و کاتەکانم بۆخۆی بەرێت، هەر بۆنموونە دوومانگی تەواوی ژیانی خۆم داناوە بۆ کارکردن لەگەڵ هونەرمەند و دەرهێنەر هەڵکەوت مستەفادا، بۆ ئەوەی پێکەوە سیناریۆی فیلمی «دڵی سوور» بنووسین. بۆ من ئەوە کاتێکی هێجگار زۆرە تەنها سینەما دەتوانێ ئەوکاتە لەمن بەرێت. فیلمی دڵی سوور فیلمێکی ڕیالیتە و بە کامێرای ڕێد و ستافێکی نەرویجی ناسراو لەسەر ئاستی سینەما دنیایی وێنەی گیراوە.

چیرۆکەکەی چیرۆکێکی سادەیە و نووسینی سیناریۆش بۆ چیرۆکی سادەی ڕۆژانە بە ئاستێکی تا ڕادەیەک بەرز بەراستی قورسە. ئەوەش ناشارمەوە کە کارکردنی ڕۆژانەم لەو فیلمەدا بەتایبەتی لەڕووی ماتماتیکی فیلمەوە فێری زۆر شتی کردم. ڕاستە ئەو شتانە زۆر سادە و تاڕادەیەک بێبەها دیارن، بەڵام سیستەمێکی گشتی فیلم تەواو دەکەن.

من ئـارەزوو دەكـەم سيناريۆ بنووسم، ئـەوەی تەمبەڵی كردم و وايكردووە ئەو لايەنە تۆزێک فەرامۆش بكەم نەبوونی سيستەم و ڕێگای دياريكراو و بێ واستە و سەرئێشەيەک لە بە فيلمكردنی سيناريۆدا، حەزيشم نەكردووە سيناريۆ بۆ هەڵگرتن و ناو مەكتەبە بنووسم. باوەڕم وايە سيناريۆ بۆ سەر شاشەيە، لەگەڵ ئەوەشدا نيم كە سيناريۆ بۆ داهاتوو بنووسم، ئەوە ڕۆمانە يان چيرۆكە بۆ داهاتووی دەنووسرێ، بەڵام سيناريۆ نا هەرچەند ئەوە بيركردنەوەيەكی تەندروست نييە، بەڵام تائێستا لەسەری سوورم. لەرۆحی خۆمدا وابيردەكەمەوە كە لە ساڵانی داهاتوودا زياتر كار لەسينەمادا دەكەم. ئومێدەواريشم سينەمای كوردی بەهەنگاوی گەورە بچێتە پێشێ خەريكە دەڵێم سينەماش ئەوەندەی دروستبوونی دەوڵەتی كوردی گرنگە.

*** كتێب و فيلم.**

سەرەڕايی ئەوانەی لەسەر پەيوەندی نێوان سينەما و چيرۆک يان ڕۆمان نووسيم، قسەی گرنگی ئەوەيە: سينەما لەسەدا سەد هونەرێكی ئەوروپی يان ڕۆژئاواييە، گەشەكردن لە سينەمادا كەلتوور و شارەزايە (skull) و گەشەكردنی ئاستی پيشەسازی و شارستانی و دەيان كايەی ديكەی دەوێت كە پەيوەندييان بە جەستەوە هەيە. بۆ ئەوەش دوو پرسياری گرنگ دەبێت، دەبێ وەڵام بدرێتەوە.

يەكەميان ئەو بەشەی كە تەنها پەيوەندی بە بەرهەمهێنانی فيلمەوە هەيە وەک كارێكی هونەری لەرووی (پيشەسازی و سينەما و هونەر و جەستە) كورد دەكرێ لەو بوارەدا چۆن بەشدار بێت يان بچێتە ناو دنيای سينەماوە. ئەو بەشەی پرسيارەكە من بۆ بوارێكی ديكە يان كەسانی ديكەی جێدەهێڵم.

پرسياری دووەم ئەوەندە پەيوەندی ڕاستەوخۆی بەو بابەتەوە هەيە: نووسەری كورد چەند لە سينەماوە نزيكە، ئايا دەكرێ هەر نووسەر و ڕۆماننووس و چيرۆكنووسەكانمان هەر ئەوان سيناريۆنووس بن؟ ئايا ئەوان لەو بوارەدا تا چەند دەكرێ سەركەوتووبن؟ يان دەكرێ سينەماكاری كورد تەنها پشت بەو دەقە ئەدەبيە كورديانە ببەستێ كە تا ئێستا نەيبەستووە؟

من لەو بـاوەردام كە نووسين بۆ فيلم و سينەما لەگەڵ نووسين بۆ خوێندنەوە (چيرۆک و ڕۆمان) تەواو لێنز جياوازن دەشێ لە زۆركاتدا پەيوەنديشيان بەيەكەوە نەبێت. سينەما نەبۆتە بەشێک لە بيركردنەوەی نووسەری كورد، نووسەری كورد تەنها خەياڵی لای ڕستە و وشەيە وێنەی پێ دروستكات. ئەو هونەری لێنز (lens) ناناسێ، ئاڕاستەی كامێرا و گۆشەی كادير و كاريگەری ڕێپەلۆەی (railway) بەوە

گرنگ نییه. دەشێ تاڕادەیەک بتوانم بڵێم ئامادەکردنی ڕۆمانێک یان چیرۆکێکی کوردە بۆ سینەما لە نووسینی سیناریۆیەکی تازە زەحمەتترە. هەموو ئەوانە ڕێگای ئەوەمان لێناگرن کە بڵێم، ناکرێ سینەمای کوردیش بەدەردی هەندێ کایەی هونەری دیکە بچێ و بنووسرێ لە ئاواز و دەرهێنان و هۆنراوە و گوتنی (فلان کەس). سینەما بەرگەی ئەو گەمەیە ناگرێ. زۆر کەمن ئەوانەی لە هەموو هونەرەکانی بەشدار لە فیلمێکدا بەهرەمەند بن.

ئەوەش ئەو ڕاستیە دووبارە دەکاتەوە کە سینەما هەر لەسەرەتای دەستپێکردنییەوە کارێگی هاوبەشە. کارێکی شارستانی و ڕوئیایەکی نوێیە بۆ جیهان. کورد ئێستا لە هونەری سینەمادا لە قۆناغی (imitate) دایە، ڕاستە ئیمیتەیت زۆر سەرەتا، بەڵام نیشانەی دەستپێکردنە. وەختێک کورد دەستپێدەکات کە ئەو هونەرە جیهانییە قۆناغی هێجگار دوور و درێژی بڕیوە.

سەدان فیلمی یەکجار نایاب بەرهەمهاتوون. ئەمڕۆ سینەما بەشدارێکی ڕاستەقینەی لە ئاڕاستەکردنی کەلتووری گەلانە، لە ئاڕاستەکردنی سیاسەت و ئابووری، دین و فەلسەفە. ناکرێ ناوی ئەو سەدان ئەگەر نەڵێم هەزاران فیلمە ڕیز بکەم کە ئەمڕۆ بوونە شاکاری مرۆڤایەتی. لە ڕۆبن هود و دڵە ئازاکەوە بگرە تادەگاتە تایتانیک و (The legend of ١٩٠٠) تا دەگاتە ئەڤەتار. فیکر و فەلسفەی گەورەی مرۆڤایەتی بەدیان شێوازی هونەریی لەو بوارەدا کاری لەسەرکراوە و نیشاندراوە. لەوکاتەدا کەمن ئەو وتانە دەنووسم سینەماش ئەو قۆناغە گەورانەی پڕیوە لە شارەکانی وڵاتەکەی مندا ئەو هۆڵە نابووتانەی هەشبوون وێرانکران و کرانە باڵەخانەی پڕ فرۆفێڵ و تەڵەکەبازی و گەراجی ئۆتۆمبێلی ژینگە و سینەما پیسکەر.

دەشێ هەوڵی دروستکردنی سینەما هەبێت، بەڵام سینەما کەنگێ دێت؟

سینەما کاتێک دێت کە مۆسیقا لە پێشوازیدا بێت، کە مۆسیقا گوێی خەڵکی کردبێتەوە، سینەما کاتێک دێت کە مۆسیقا دەروونی خەڵکی ئارام کردبێتەوە، ڕۆحی پڕکردبێت لە خۆشنوودی، گیانی پڕکردبێت لە لێبووردەیی.

سینەما کاتێک دێت نەخشەی ژیان، تەکنیکی ژیان شوێنێکی بۆ پێشوازی ئەو تەرخانکردبێت. سینەما کاتێک ڕەنگ، شێواکاری و پەیکەرە باڵاکانی وڵات بانگی بکەن. شارستانیەت و پیشەسازی ڕێگایان بۆ خۆشکرد بێت.

سینەما کاتێک دێت کە کوڕ و کچانی وڵاتێک، باڵندە و کۆترەکانی، بۆق و پشیلەکانی شەرم نەکەن و هەروا بێپەروا لەسەر ڕەقی جادە یەکتر ماچ بکەن.

من دەبینم فیلمگەلێک لەو وڵاتە دروست دەکرێت، بەڵام ئەوانە فیلمی ژووری داخراو

و چەند کەسێکن زیاتر منداڵی ناو ئەنبوب دەچن. سینەما، مۆسیقا، ڕەنگ نایەتە ناو وڵاتێکەوە هەر هەمووی هەوار بکات، هەر هەمووی یەکتر بەتاوانکار و بەکرێگیراو و جاش بزانێت.

ببوورن من لە وتارەکەم دوورکەوتمەوە بەو ئومێدەی لە بابەتێکی داهاتوودا بتوانم لە پەیوەندی نێوان ئەدەب (ڕۆمان و چیرۆک) و سینەما بدوێم.

# ئیشی هونەری وەک دابڕین لە ڕابوردوو

**کاوە جەلال**

جەنگ دەشێت بە ڕوانگەی جیاواز لە ئیشی هونەریدا تێماتیزە بکرێت: سکاڵا لە دەست نەهامەتییەکانی جەنگ کە بەسەر مرۆڤاندا هاتوون، مەزنیدان بە جەنگ کە پاڵەوانانی چەک بەدەست دادەڕێژێت. لە بنەڕەتدا هونەری پێشمەرگەی قارەمان و کیژی زنجیرپچڕێن دێنە نێو ئەم کایەیەی تێماتیزەکردنی جەنگەوە. ئەمە بەگشتی لە هونەرەکانی شێوەسازیدا باوە، بەڵام گەر مەسەلەکە لەم پەیوەندییەدا ڕووبکاتە ئینستالاسیۆن، ئەوا چەند پرسیارێکی کرۆکی زیت دەبنەوە. گرنگترین پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئینستالاسیۆن ترانسفۆرماسیۆنە لەنێو کۆمەڵگا یان لەنێو هونەرمەنددا. پرسیارێکی دی ئەوەیە کە داخۆ چۆن ئینستالاسیۆن بەگشتی دەخوێنرێتەوە: لەلایەن لێڕوانەرەوە بەگشتی و چالاکڤانانی نێوەندی کولتوورییەوە بەتایبەتی. ئایا مەبەستی ئینستالاسیۆن یادهێنانەوەیە یان خۆی وەک هونەر لەمە گەورەترە؟ ئاخر ئینستالاسیۆن لایەنێکی ئێستێتیکیش لەخۆدەگرێت و لە بنەڕەتدا مەزنترە لەوە کە تەنها ناوەڕۆکێک بێت بۆ یادهێنانەوەی حاڵەتگەل، بۆ کێشەگەلی سۆسال یان مرۆڤی و ئیکۆلۆژی و هتد.

ئینستالاسیۆن ڕاستەوخۆیە، کەواتە یەکسەر لێڕوانەر دەگرێت. بەڵام چ لێڕوانەرێک؟ لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت لێڕوانەر، وەک کەسی گرنگیدەر بە هونەر یان وەک ڕەخنەگری کولتوور، پاشخانێکی قووڵی مەعریفیی هەبێت، هەروەها ئەو تەنها بابەتێکی تێماتیزەکراو نەبینێت، بەڵکو لایەنە ئێستێتیکییەکەش، واتا ئەو گەرەکە لە بابەتەکە وەک فۆرمێک بڕوانێت.

ئیشەکەی زانا ڕەسوڵ کە «ئینستالاسیۆنێکە لەمەڕ تێمی جەنگ» بە

سندوقی فیشەک و کتێب، پەیوەندیی نییە بە هونەری جەنگەوە کە بە مەبەستێکی ئاپۆلیۆگیانە ئەنجام دەدرێت. ئەم ئیشە هونەری نیشتمان نییە، ئەو کیچە نییە کە ناونراوە «هونەری شاخ». چاک دەبێت گەر ئێمە بەرانبەر بە ئاپۆلۆگی، تێگەی ڕەخنە دابنێین، جا گەرچی تێگەی ڕەخنە بەڕاستی بەس نییە بۆ ئەوەی ئیشەکەی زانا ڕەسوڵ دیاری بکەین. ئاخر ئەم ئیشە تەنها دۆکیۆمێنتکردنی کاتێکی مێژوویی تایبەتی نییە. با ئەو پرسیارە بۆ ڕەخنەگرانی هونەر جێبهێڵرێت کە هەتا چەند ئیشەکەی ئەو لە بواری ڕەخنەی ئینستالاسیۆندا دانوستاندنی هەمەلایەنیی پێدەبڕێت، هەتا چەند ئیشەکە ترانسفۆڕماسیۆنە لەنێو هۆشی ئەو خۆیەوە نەک لە دەرەوە، بەڵام گرنگ لەم ئیشەی ئەودا ئەوەیە کە لە لای ئەو مەستی بۆ جەنگ نییە. ئەو بێگومان ماتەریالێکی جەنگی (سندوقی فیشەک)ی ئێستێتیزە کردووە، بەڵام بەبێئەوەی ئەو ماتەریالە بێوەی بکات یان جوانیی پێبدات. جگە لەمە هونەرمەند سەرباری مەبەستە ڕەخنەییەکەی ناکەوێتە نێو داوی «تەشویقکردنی» ڕووداوی جەنگەوە، ئاخر لەوە

دەچێت کە لەم سەردەمەدا ترادیسیۆنی دێرینی تەشویق بە نەهامەتییەکانی جەنگ (لەقەنارەدانی مەزنێک، شەهید کە لە باوەشی دایکیدا خوێن لە لەشی دەتکێت، کیژی دەربەدەر و هتد) قرچەڵوک بووبێت، بەڵێ تەنانەت بەسەرچووبێت. چیدی «خەباتی مەزنی گەلە چەوساوە قارەمانەکە» تێمی دارشتن نییە، جگە لەمە بەڕاستی نەشیاوە ئەو موعاناتانە کە جەنگ بەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیەیدا هێنا، لە هونەردا دابڕێژرێن، تەنانەت ناشێت لە شێوەی لوغزدا بخزێنرێنە نێو ڕاومی (فەزای) وێنەیەکەوە. ئاخر ئایا چۆن هەڵەبجە و ئەنفال دادەڕێژرێن؟ ئەمە ڕەنگە ئەوپەڕی لە شێوەی کۆکردنەوەی چیرۆکی زارەکیی خەڵک و فۆتۆگرافییەوە بشێت نەک لە دارشتنی هونەریدا. ئێمە لێرە پچڕانێکمان لە ترادیسیۆن هەیە: ترادیسیۆنی مەزنیدان بە چەک و نەهامەتی و لێرەشەوە خستنەوەی کیچ، بەکورتی: هونەری نیشتمان.

من نامەوێت «بەپوختی» بزانم ئیشەکەی زانا ڕەسوڵ بە دانانی کۆنتراستێک (سندوقی فیشەک و کتێب) ئاماژە بۆچی دەدات، ڕەنگە لەم ئیشەدا شتێک ببینم، ڕەنگە ئەم ئیشە چەند پرسیارێکم لەلا دروست بکات، بەڵام ئەم پرسیارانە بۆ خۆمن. من ئەمەندەم بەسە. ئەم دژبەرییە کە دانانێکی پاڵیەکی نییە، بەڵکو کەرەستەیەک هەڵبژێردراوە (سندوقی فیشەک) کە دژبەرەکەی (کتێب)ە دەچێتە نێوییەوە و پێکەوە لەنێو ڕێکخستنێکی فەزاییدان، بۆ خۆی بوونێکی سەربەخۆی وەرگرتووە. هەردووکیان، پێکەوە، لە لایەنی سوودمەندی دابڕاون: سندوقی فیشەک کە تێیدا فیشەک دەپارێزرێت و دەگوێزرێتەوە، کتێب کە تێیدا جیهانی هزر تۆمارکراوە و دەشێت دەسوێژی پێگەیاندنی مەعریفەی کەسیی بێت: هینی مرۆڤ، کەسی هونەرمەندەکە. بەڵام هونەرمەند پەیوەندیی «خۆی» بە کتێبەکانی «خۆ»یەوە نەهێشتووە، نەفیی کردووە، کتێبەکانی لەنێو بابەتێکدا داناوە کە جارێک لەنێو کۆمەڵدا، لە ماڵی کەسێکی خۆی وەک ئیشێکی ئاتاجیانەی مرۆڤ، ئەزموونی کردووە – بەڵام لە خۆی دایبڕیون. لەم پێکەوەبوونەی سندوقی فیشەک و کتێبدا چیدی هیچ کامیان پەیوەند نییە بە ڕابوردووەوە، هەردووکیان، پێکەوە، خۆیان «لەنێو دۆخی ئامازەدان»دا دەبیننەوە. ئایا ئیشەکە ئاماژە بۆ چی دەدات؟ ئەمە پرسیارە، بەڵام ئەمە هەروەها خوێندنەوەیەکە. ئەم ئیشە، ئەم جۆرە ئیشانە، پێویستە بخرێنە نێو دانوستاندنی هونەرییەوە – نەک هۆنەری! با هونەر بزووێنەری ئەندێشەش بێت، بەڵام ئەم ئەندێشەیە پابەند بە جیهانە بۆخۆ هەبووەکەی خودی هەر هونەرێکەوە بزوێنراوە.

**فەرهەنگۆک**

ئاپۆلۆگی: داکۆکی یان بەرگریکردنێکی لایەنگیرانە

ترانسفۆرماسیۆن: وەرگۆڕینی یان وەرفۆڕماندنی شێوە یان بونیاد

ئینستالاسیۆن: ئیشێکی هونەریی سێدورییە کە لە فەزادایە و بەندە بە شوێن و دۆخێکەوە.

هونەری نیشتمان: ئەو هونەرەیە کە لە خەباتی ژێرزەمینی و شاخدا ئاوەلابوو و گرنگترین مۆرکی بریتییە لە کیچ. هونەری نیشتمان (لایەنی کەم لە شێوە کوردییەکەیدا) لە خۆیەتییەوە ئاوەڵا نابێت، بەڵکو ئاپۆلۆگییانەیە و کەسی بەرهەمهێن خۆی خستووەتە خزمەتی مەسەلەیەکەوە نەک خۆی ڕەخنەییانە پێگەیاندبێت و ئەو خۆیەتییەشی لە هونەرەکەیدا بەرجەستە بووبێت.

کیچ: تێگەیەکی ئەڵمانییە کە بووە بە تێگەیەکی نێونەتەوەیی. مۆرکەکانی هونەری کیچ بەگشتی بریتین لە: ١) چەندپاتکردنەوەی ئەوە کە پێشتر لە لایەن خوێنەر یان لێڕوانەرەوە ناسراوە، بە پێچەوانەی ئیشی هونەریی ڕەسەن / خۆیی؛ ٢) کاتی هەڵە، بۆ نموونە گۆرانییەکی وەک «کوردستان بەهەشتی سەر زەمینە»، کەواتە جیهانێک کە لە بنەڕەتدا نییە؛ ٣) بەکارهێنانی ڕواڵەت لەبریی هەستی ڕاستەقینە، بۆ نموونە «من تینوێتیم بە گڕ دەشکێت»؛ ٤) ناسکاندن، بۆ نموونە «دڵەکەم من بەبێ تۆ ناژیم»؛ کیچ لە هونەری شێوەسازیدا بۆ نموونە بریتین لە: بەرهەمەکانی پیشەسازیی هونەری (فریشتەی دروستکراو لە شووشە یان پلاستیک)؛ پەیکەری دایک لە سلێمانی کە لە هەستێکی هەڵئاوساوەوە دروستکراوە، یان بۆ نموونە پەیکەری «کیژی زنجیرپچڕێن».

ئێستێتیزەکردن: دانانی بابەتێک لە کۆنتێکستێکی (سیاقێکی) ئێستێتیکیدا، ئەم جۆرە دانانەش جیاوازە لە مامەڵەکردن لەتەک بوونەوەرە زەرورییەکانی ژیاندا، چونکە بابەتە ئێستێتیکییەکە لەنێو ئەو کۆنتێکستەدا لە ڕوانگەکانی جوان و ناشیرینەوە دەرک دەکرێت.

# قێزەوەنییەکی دڵگیر.....!

**نەهرۆ شەوقی**

دەرکردەکانی تەکنۆلۆجیا، هەندێک لەوانەی پێشتر لە سروشتەوە سەرچاوەیان گرتووە وەک بەرد و دار، مێتال و شووشە، جارێکی تر بەکاردەهێنرێنەوە، جێیان لە سروشدا بۆ دەکرێتەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەگونجێنرێنەوە، بەلام ئەوانەی کە بەدەردەکرێن لەم راستیە، گرنگترینیان ئەو دەرکردانەن کە وابەستەن بە سیاقی جەنگەوە، واتە هەڵگری مانا و بیروەریی کوشتن و وێرانکاری و دەربەدەرین، کە خۆیان لە ئاسەواری چەک و تەقەمەنی و ئامێرەکانی دیکەی جەنگدا، وەک ماشێنەکانی گواستنەوەی سەربازی و بەرماوەی تانک و زرێپۆشەکان، دەبیننەوە. بۆیە لە روانگەی سیاقەوە کەرەسەکان دەناسرێنەوە و لەگەڵ هاوچوونەکانیاندا دیاری دەکرێن! ئەگەرچی بەرماوەی ئەو چەک و تەقەمەنیەی کە رۆژانە لە سروشتی کوردستاندا دەدۆزرێنەوە، بەکاردەهینرێنەوە بە شێوەیەکی دیکە بۆ دروستکردنی سەرلەنوێی خانووەکانیان، بۆ دیاریکردنی زەویەکانیان و بەسیاجکردنی باخەکانیان، بەڵام بوونیان هەر بەنامۆیی دەمێنێتە و ئیقاعی فەزاکە دەشێوێنێت، هەروەها دەبێت بە یادەوەرییەکی بەردەوامی پڕمەینەتی و خەم و کەسەر. ئەم ئۆبژێکتانە نەسب ئاسا مێژووی مەرگەسات و وێرانکاریەکان دەگێرنەوە، یان داستانی پاڵەوانیی کەمینەیەکی زۆرلێکراو کە چۆن بەرەنگاری زلهێزێکی شەرخواز بووەتەوە، (مرۆڤ) لە سروشتەکەدا دۆکومێنت (یان) دەکات، کە دواجار بۆ داهاتوو لە بەئەرشیفبوون (یاندا) سوود (یان) لێوەردەگیرێت. بۆیە ماڵێک لەم شێوەیە و بەم کەرەستانە دەبێت هەر لە سروشتی کوردستانێکی وێرانی دوای جەنگە یەک لە دوای یەکەکاندا دروستبکرێت نەک لە جێیەکی دیکە! بەڵام ئەو تەلارانەی کە بەتایبەتی بۆ ونکردن و کوشتن و لەناوبردن دروستکراون، وەک تەلاری ئۆردوگا زۆرەملیەکان وەک هۆڵۆکۆست، لە هیچ تەلارێکی دیکە ناچن و سەختیشە ئەم تەلارانە بگۆڕدرێن بۆ خەستەخانە یا تەلاری قوتابخانەیەک یا گوزەرانکردن. خۆشبەختانە نموونەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ مەتریالدا زیندووە و دەتوانرێت لای خۆمان بە ئاشکرا ببینرێت و هەستی پێبکرێت، بۆیە هەستکردن ئاسانە بەو جیاوازیە گەورەیە کە لە نێوان مامەڵەکردنی شارییەک و

لادێییەک لەگەڵ کەرەسەدا هەیە، گەر بمانەوێت گشتگیرتری بکەین، دەڵێین لە نێوان کۆمەڵگەیەکی مەسرەفگەر و کۆمەڵگەیەکی نەداردا هەیە! گرووپی دووەم هەردەم ئاشت و تەبایە لەگەڵ کەرەسەدا، ئەگەرچی ئەو کەرەسەیە نێردرابێت بۆ کوشتن و وێرانکاریی ئەو خۆی، یان بۆ پیسکردن و تێکدانی ژینگەکەی، هۆکاری ئەم تەباییەش دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستی رۆژانەی ئەو بۆ کەرەسە جیاوازەکان و فزولی بەکارهێنان، بۆ ئەزموونکردنی کەرەسە نوێ و نامۆکان بە ژینگەکەی ئەو، بۆیە فەنتازیای ئەو دێتە گەڕ و جارێکی دی بۆ داهێنان و ئەنجام دانی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خۆیان لە فۆڕمێکی نوێدا.

ئەم ئۆبژێکتە کە زانا رەسوول دروستی کردووە، هێنانی نێوەندەکانی گواستنەوەی مەرگە و کۆکردنەوەیەتی لە گەڵ دژبەرەکەیدا کە ئەویش نێوەندەکانی بەخشینی ژیان و دروستکردنی پاشخانێکی مەعریفییە، ئەویش بێگومان کتێبە! زانا پەیوەندییەکی دیزهارمۆنی لە کتێبخانەکەیدا دروست دەکات و لە کۆکردنەوەی دژبەرەکانەوە هارمۆنییەک دەبەخشێت بەو فۆرەی کە دروستی کردووە، بێشک ئەو تاقەی ئەو بۆ کتێبەکانی دروستی کردووە، جیایە لە تاقی کتێبخانەیەک کە بەتایبەتی بە دروستکردنی درابێت یا بە تەواوی کڕابێت و دانرابێت. ئەم کارە ئۆبژێکتی کارەکەی بۆلتانسکیم دێنێتەوە یاد کە بە باوڵی یەهودیەکان دروستکراوە و چیرۆکی مەرگەساتی ئەوان دەگێڕێتەوە، گوزارشت لە راپێچکردنیان دەکات بەرەو سەفەرێکی هەتاهەتایی، بەرەو ئۆردوگاکانی مەرگ، بەلام ئەمەی لای زانا جیایە و ئەوەی جێی سەرنجراکێشانە ئەوەیە کە ئەو وەک تاقی کتێبخانەیەک بەکاریدەهێنێت و لە فەزای ژوورەکەی خۆیدا دەیگونجێنێت، نەک وەک کارێکی هونەری بۆ مۆزەخانەیەک.

جا ئیتر ئەو ئۆبژێکتە بەزیندوو هێشتنەوە و ئەرشیفکردنی یادەوەریەکانی کوشتن و ماڵوێرانیەکانە یان دەستەمۆکردنی مەرگ و ترسە لە وێرانکاری!!

لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ دێتە کایەوە، کە ئایا کارێکی هونەری یان ئۆبژێکتێکی هونەری لەم شێوەیەی کارەکەی زانا، چەند گوزارشت لە مەرگەساتێکی وا گەورە دەکات یان هێندە بە باڵای گەورەیی ئەو زامەدا هەڵدەدات. جا بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتێکی وەهادا ئاسان نیە و سڵی لێدەکرێتەوە، بۆیە باشترە ئەم کارە هونەریە وەک بەزیندووهێشتنەوەی مەرگەساتەکان سەیربکرێت و تەبایی و لێبووردەیی هەردەمی ئێمەی کەمینە بەرامبەر هەموو ئەو زۆرلێکردن و وێرانکاریانەی کە بە درێژایی مێژوو دووچاری میللەتەکەمان بوون لە پێناوی خۆشەویستی و بەردەوامیمان بۆ ژیان بناسرێت.

# فیشەک و کتێب

ڕێبین هەردی

لە میانەی چالاکیەکانی «فێستیڤاڵی کلتوری دوای جەنگ»دا کە مانگی رابردوو لە لایەن رێکخراوی ئارت رۆڵ و ناوەندی خاکەوە لە موزەخانەی نیشتمانی بەرپاکرا، هونەرمەند زانا رەسوڵ بە چالاکیەک بەشداری لەم فیستڤاڵەدا کرد. نمایشەکەی زانا رەسوڵ ئامادەی کردبوو بریتی بوو لە پیشاندانی چەند کتێبخانەیەک کە بە سنوقی فیشەک دروستکراون. سنوقی فیشەکی کۆن کە سەربازەکان لەکاتی جەنگدا بۆ زەخیرەی فیشەک بەکاری دێنن، لەم نمایشەدا بە شکڵی جیاواز و لەسەریەک دانراون و پڕکراون لە کتێب. کتێبحانەیەک بە سنوقی فیشەک. چەندان سنوقی فیشەک کە لەبری ئەوەی بە فیشەک و کەرەسەی جەنگی پڕ بکرێنەوە، بە کتێب پڕ کراونەتەوە؟ زەخیرەی جەنگ! بەڵام ئایا کتێب خۆی زەخیرەیەکی جەنگی نیە، ئایا جەنگێک هەیە بەبێ کتێب و بەبێ نوسین بەرپابووبێت؟ ئایا کتێب هەمیشە پێش فیشەک و جەنگ و کوشتار نەکەوتووە؟ ئایا ئەوەی لە نمایشەکەی زانا رەسولدا لەبری فیشەک چوتە ناو سنوقەکانی فیشەکەوە، بەردەوامی فیشەکە یان پێچەوانەکەی؟ پێشنیارە بۆ بەجێهیشتنی ئەو جیهانەی فیشەک و پاشهاتەکانی دروستی ئەکات، یان درێژەدان و راستر بەردەوامی و دەستپێشخەری ئەو جیهانەیە؟ پەیوەندی فیشەک و کتێب چیە و چۆن ئەو دوانە بەیەک ئەگەن و لەیەک جیا ئەبنەوە؟

هەست ئەکەم پرسیار لە پەیوەندەی فیشەک و کتێب لە پرسیاری پەیوەندی فکر و جەنگ جیا نابێتەوە. پەیوەندی ئەم دوانەش بەیەکەوە بەپێی کلتور و شوێنە جیاوازەکان ئەگۆڕێن. بەپێی ئەوە ئەگۆڕێن کە ئەو کتێبانە چین و بە چ ئاراستەیەکدا هوشیاری مرۆڤەکان پێکئەهێنن و بە چ ئاقارێکدا ئەیبەن. روی کتێبەکان لە چ جۆرە پەروەردەکردن و فێرکردنێکە. کتێبەکان ئازادن یان لەناو دنیاییەکی دیسپلینکراودا کار بۆ دیپسلینی زیاتر و داخرانی زیاتر ئەکەن؟ چونکە ئەو بۆچونە راست نیە کە جیهانی کتێب و فکر وەک جیهانێکی پێچەوانەی جەنگ و کوشتار وێنا ئەکات، ئەوە راست نیە لە هەرکوێیەک کتێبی و فکر ئامادەبوون، جەنگ و توندوتیژی ئامادە نابن. بگرە رەنگە پێچەوانەی ئەم بۆچونە راست بێت و لەگەڵ زوربەی ئەزمونە مێژووییە راستەقینەکانیشدا بێتەوە. جەنگ و شەڕ و ململانێ توندوتیژەکان لە کتێب و نوسینەوە دەست پێئەکەن. چیرۆکی سەرکوتکردنێک نیە، گەر پێشتر کتێبەکان

زەمینە و ئامادەکاریان بۆ نەکردبێت. یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی فکری میشل فۆکۆی فەیلەسوفی بەناوبانگی فەرەنسی ئەوە بوو سەرنجی هەموانی بۆ ئەوە راکێشا گوتار ئەرکی ئازادکردن نابینێت، بەڵکو بەشدارێکی چالاکی دەسەڵاتو گەمەکانی دەسەڵاتە. گوتار رێک ئەخات، لە قالّب ئەداتو سنوردارئەکات. هەندێک شت ئاشکرا ئەکاتو هەندێکی دی ئەشارێتەوە. لە هەندێک شت بێدەنگ و لە هەندێکیش ئەدوێت. هەموو ئەمانەش بەشێکی گرنگی ستراتیژی کارکردنی دەسەڵات پێکئەهێنن. بگرە ئەم فەیلەسوفە بۆ گۆڕانی شێوازەکانی دەسەڵات، گۆڕان لە گوتارەکاندا ئەپشکنێت و هەموو ئەو گۆڕانانەش نەک بە پێشکەوتنو ئینسانی بوونی تری دەسەڵات، بەڵکو بەکاراترکردنی دەسەڵاتو چالاکبوونی تەفسیر ئەکات. کاتێک شێوازی دەسەڵاتێک ئەگۆڕێت بۆ شێوازێکی تر، ئەم گۆڕانە زۆرتر ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەکنیک و هونەرانەی چاودێری کە گوتارەکان لە زیاد لە بوارێکی فکری و تیوریدا بەرهەمیانهێنا. کتێب و فکر هەرگیز لە گەمەی دەسەڵاتەوە دوور نەبوون و بگرە بەشێکی سەرەکی پێکهێنەری دەسەڵات و ئاراستەکانی کارکردنین. تەکنیکەکانی دەسەڵات، ئەو تەکنیکانەن کە لە کتێب و فکرەوە لەدایکبوون و ستراتیژی کارکردنی دەسەڵاتیان دیاریکردووە.

لەمەش بترازێت ئەو سیستەمە سیاسیە پاوانخوزانەی لە سەدەی بیستدا دروستبوون و بۆ ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی زیاد لە وڵاتێکیان کەوتە دەست، لەژێر کاریگەری ئەو تێز و بۆچون و ئایدۆلۆژیانەدا بوون کە پێشتر لەلایەن بیریار و تیورەساز و چەندان فەیلەسوفەوە بەرهەمهاتبوون. کەم رژێمی تۆتالیتاری سەدەی بیستەم هەیە، دەرئەنجامی بەرهەمەکانی فکر و کتێب و نوسین نەبووبێت. بگرە ئەم ئەزمونانە، ترسناکی و هێز و کاریگەری گەورەی کتێبیان لە ئاراستەکردن و رێکخستن و لەقالّبدانی هوشیاری مرۆڤەکاندا ئاشکرا کرد. ئەوەی دەرخست کتێب چەند ئەتوانێت دەوری گەورە لە کۆکردنەوە و رێکخستن و دروستکردنی بیرو باوەڕدا ببینێت.

جیهانی کتێب هەرگیز لە جیهانی دەسەڵات و گەمەکانەوە دور نەبووە و بگرە بەشێکی پێکهێنەری دەسەڵاتی دروستکردووە. ریزبەندی نێوان کتێب وەک ئەڵتەرناتیڤێکی فیشەک و جەنگ، خەیاڵێکی درۆزنانەیە و لەگەڵ ئەو پێدراوە واقعیانەدا نایەتەوە، کە پەیوەندی بە گێڕانەوەی چیرۆکی مێژووی دەسەڵات و دروستبوون و فراوانبوونیەوە هەیە. ئەتوانین ئەم راستیە تەنانەت لە دروشمە سەرەکیەکانی ئەو بزوتنەوە شۆڕگێڕانەشدا ببینین کە دوانەی قەڵەم و چەک وەک ئامرازە سەرەکیەکانی خەبات تەماشا ئەکەن. کەم شۆڕش و بزوتنەوەی بەرگری سەدەی رابردوو هەیە، قەڵەم وەک دیوێکی تری چەک تەماشا نەکات کە کاری سەرەکی خەبات و تێکۆشانە. بە

دەستێک چەک و بە دەستێک قەڵەم، یەکێکە لە دروشمە گەردونیەکانی زوربەی بزوتنەوە چەکداریە سیاسیەکانی دنیا. بەوەشدا کە ژیانی سیاسی کوردستان بە خەباتێکی چەکداری دورودرێژی پڕ لە هەوراز و نشێودا تێپەڕییوە، ئەوا بەردەوام ئەم دروشمە یەکێک بووە، لە هەرە ئەو دیدە سەرەکیانەی تەماشاکردنی ئێمەی بۆ کتێب دەستنیشانکردووە. بینینی کتێب وەک چەکێکی بەرگریکردن و ئامرازێکی چالاکی خەبات، وەک درێژەپێدەری هەمان ئەو کارە کە فیشەک ئەبێت ئەنجامیبدات.

لە راستیدا کتێبەکان لە سنوقی فیشەکدا (وەک لە نمایشەکەی هونەرمەند زانا رەسولدا هاتووە) ئاشکراکردنی جیهانێک نیە کە تیایدا کتێب لەبری فیشەک دانیشتووە، گۆڕانێک نیە لە شێوازی حوکمڕانی توندوتیژەوە کە فیشەک رەمزەکەیەتی، بۆ حوکمڕانیەکی مەدەنی و کراوە کە کتێب رەمزەکەیەتی، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێمایە بۆ ئەوەی کتێب درێژەپێدەری هەمان ئەو شێوازی حوکمڕانیەیە کە فیشەک بەرهەمیدێنێت. کتێبەکان وەک فیشەک کارئەکەن و هەمان ئەو مەبەستانەش ئەپێکن کە فیشەک بە دوایەوەتی. نمایشەکەی زانا رەسول ستایشی قۆناغێکی تازەی حوکمڕانی نیە کە لەبری فیشەک، کتێبی داناوە، بەڵکو رەخنەکردنێکی رادیکالی سیستەمێکە کە کتێب وەک کەرەسە و درێژەپێدەر و جێگرەوەی فیشەک تەماشا ئەکات. رەخنەی سیستەمێکی حوکمڕانیە کە کتێب وەک کەرەسەی جەنگ و کوشتار و فیشەک بەکاردێنێت. کتێبەکان تا لەناو سنوقی فیشەکدا بن، هەمان ئەو ئەرکانە ئەبینن کە فیشەک ئەنجامی ئەدات. ئەوەی لەم نمایشەدا رەخنە ئەکرێت ئەو جیهانە سیاسیەی دوای راپەڕینە کە تیایدا کتێب دەوری فیشەک و بەرهەمهێنانی دنیایەکی توندوتیژ دەبینێت.

## وەرگێڕان و ئامادەکردن: ئالان عەتوف

تێبینی:

ڕۆژی ١١/١٧ لە سلێمانی، گروپی هونەری سولی ئۆن سیمینارێکیان بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی شێوەکاری ڕێکخست. بەشی یەکەمی سیمینارەکە لەسەر بابەتی پەیوەندی نێوان هونەرو کامپینی میدیایی بوو و بەشی دووەمیش دەربارەی تێکست و فۆرم بوو. سیمینارەکە لە لایەن ئالان عەتوف وترایەوە. گۆڤاری کۆنسێپت بە پێویستی زانی هەندێک لە بابەتەکان لەم ژمارەیەدا بڵاوبکاتەوە.

سەرچاوە: ، Phaidon Press Limited(The 20th-Century Art 1996 Book)

نوکتەیەکی بێ لەزەت و ساردوسڕ بە چاپی سکرین لەسەر کانڤاس نووسراوە. نوکتەکە، کە یەکێکە لەو چەندین نوکتەیەی کە لەلایەن پرینس خۆیەوە لە چەندین سەرچاوەوە کۆکراونەتەوە، دەستبەجێ پێکەنیناوی نیە بەڵام دیقەتدانێکی وردتر بێ هودەییەکەی دەرئەخات. لایەنی شوێن و شوناسی هەڵە ئاماژەیە بۆ نادڵنیایی پرینس خۆی لە جیهانێکی پڕ قەلەقدا کە هیچ شتێک تیایدا هەرگیز ئەوە نیە کە وا دەرئەکەوێت. هەروەها دەلالەتە بۆ ئەوەی کردەی ئەنجامدانی ئەم جۆرە تابلۆیە خۆی لەخۆیدا نوکتەیەکە، گاڵتەجاڕیەکە بەرامبەر جیدیەتی مینیماڵیستەکان کە تابلۆ مۆنۆکرۆماتیکیەکانیان (تاک ڕەنگەکانیان) بەرهەمهێنا وەک ئەمە. هەروەها پرینس پرسیار لە ئایدیای (تەئلیف — دانان) و ڕۆڵی تەقلیدیی هونەرمەند دەکات، کە هەڵدەستێت بە بردنی شتێک لە دونیای ڕۆژانە و تەحویلکردنی بۆ ئۆبجێکتێکی هونەری. زۆربەی کارەکانی تەکنیکی پۆستمۆدێرنیستی بردن لەخۆ دەگرن کە بریتیە لە قەرزکردن یان وەرگرتنی وێنەی بێ ناوونیشانی گۆڤار و ڕیکلامەکان (ئیعلانات). هەروەها پرینس ناسراوە بە شەیدابوونی بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا دەژین وەک شوانی مانگاکان (Cowboys)، ماتۆڕسوارە شەقاوەکان کە لە زنجیرەیەک فۆتۆدا بە ناوی ئەمریکای ڕۆحانی یادی کردوونەتەوە.

**پرینس، ڕیچارد — (نوکتە)ی بێ ناو**

(نوکتە)ی بێ ناو. ١٩٨٧. ئاکریلیک لەسەر کانڤاس. بەرزی ٢ ،١٤٢ X پانی ٩ ،١٢١ سم. بەرزی ٥٦ X پانی ٤٨ ئینج. کۆکراوەی تایبەت.

**دەقی نوکتەی سەر کارە هونەریەکە:**

**« ئێوارەیەک ئۆتۆمبیلی فرۆشیارێکی موسافیر پەکی دەکەوێت لە سەر ڕێگایەکی چۆڵ و پرسیار لەو تاکە ماڵە دەکات کە لە کێڵگەکەدا لەچاوەوە دیارە. «ئەتوانی ئەمشەو ڕێم بکەیت؟» «وابزانم ئەتوانم،» جوتیارەکە دەڵێت «بەڵام دەبێت ژوورەکە لەگەڵ کوڕە بچووکەکەم هاوبەشی پێبکەیت.» فرۆشیارەکە هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێت «چۆنە ئەمە!». «من لە نوکتەیەکی هەڵەدام.»**

لەسەر مێزێکی سێگۆشەی سیرامیک، چەند تاقمێکی ناخواردن چاوەڕێی هاتنی چەند میوانێکی تایبەت دەکەن. ناوی ژنێکی بەناوبانگ بۆ هەر یەکێکیان دانراوە. لە هەمووی سەرنجراکێشتر قاپەکان خۆیانن کە قەد کراون لەسەر شکڵی لێو. ئەم پارچە هونەریە گرنگە ئاهەنگی مێینەیەتی دەگێڕێت و مانا ڕەمزیەکانی فۆرمی ئەندامی زاوزێی ئافرەت کەشف دەکات. جودی کۆهن لە شیکاغۆ لەدایک بووە و هونەرمەند ناوی شوێنی لەدایکبوونیی خۆی (وەک نازناو بەکارهێناوە) بە ئامانجی دروستکردنی شوناسێکی سەربەخۆ. کارەکانی گەلێک قەرزاری تیۆرە هونەریە فێمینیستیەکانی سەرەتای حەفتاکانە کە تیایاندا فۆرمە تەقلیدیەکانی ئیشی ژنان وەک دوورمان و لێفەدوورین بەرزکراونەتەوە بۆ ئاستی پایەیەکی هونەری. دواتر، نەوەیەکی نوێی هونەرمەند و ڕەخنەگری ژن، کە سەربەخۆیی داراییان بردنیە دەرەوەی فەزای ماڵ و خێزان، ئەم ڕێبازەیان ڕەت کردەوە. سەرباری ئەمە، زۆریی چنراوە زەخرەفەلەسەرکراوەکان و سیرامیک و لێفەکان کە لەم ماوەیەدا سەریان هەڵدا ئاماژەیەک بوون بۆ گۆڕانێک لە دووپاتکردنەوەی جیهانە داخراوەکەی هونەرەوە بەرەو مشتومڕێکی گەورەتری مەسەلەی جێندەر و سێکشواڵیتی.

شیکاغۆ، جودی
خوانی ئێوارە

خوانی ئێوارە. ١٩٧٩. Mixed Media. بەرزی ٦ ,١٤ X پانی ٦ ,١٤ م.
بەرزی ٤٨ X پانی ٤٨ پێ. کۆکراوەی هونەرمەند.

ئەم فۆتۆیە، کە هەردوو هونەرمەند پشت لە یەک وەستاون و قژیان پێکەوە لولدراوە، لە پێرفۆرمانسێکی جێگیرەوە وەرگیراوە. بەشی ناوەندی کارەکە بریتیە لە چەمکی هاوسەنگی، ئەو قژە پێکەوە بادراوە پەتێکی وەک پەتی وێڵاش پێک دەهێنێت لە نێوان جەستەی نێر و مێدا. ئەنجامەکەش بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە نێرەمووکئامێزە. هەرچەندە پەیوەندیە جەستەییەکە هەمیشە ئامادەیە، بەڵام مەبەست لەم پارچەیە ئەوەیە کە هەردوو هونەرمەند بگەنە خاڵێک کە لە ڕووی عەقڵیەوە دووبارە خۆیان بە تاک (فەرد) دابنێنەوە. بۆ زاڵبوون بەسەر لایەنی جەستەییدا بەم شێوازە پێویستی بە تەرکیزی بێ ئەندازەیە. لەم ڕووەوە، کارەکە کردارێکی مانەوەیە (بەرگە گرتن - بقاو)ە کە تیایدا پەیوەستی و جیابوونەوە سووڕەکانی چالاکی دروست دەکەن. وەک هاوسەر، ئۆلای و ئەبرامۆڤیچ تەحەدای ڕۆڵە لەقاڵبەدەرەکان دەکەن بۆ هەردوو ڕەگەز لەو پێرفۆرمانسانەدا کە پشت ئەستوورن بە پشتبەستنی موتەبادەل. وەک ئەوەی بەسترابن بە تیر و کەوانێکەوە، هەردووکیان دەبنە بارستایی هاوسەنگکەر لە گەمەیەکدا کە بەشێوەیەکی مەترسیدار ئامادەکراوە. لە لەباوەشکردنێکی پڕسۆزدا، ئۆکسجین لە دەمی یەکدیەوە هەڵدەمژن بە هەناسەدانێک کە لە هەموو کاتێ زیاتر مەئیوسە. لە کارەکەیاندا، ئایدیای ئەم کەپڵە شەپۆل دەدات لەنێوان ژیان بەخشین و مشەخۆربووندا.

لەم فۆتۆیەی واباش ئاڤێنیوی باشووردا لە شیکاغۆ، تا ڕاددەیەک ئەو هەستەمان لەلا دروست دەبێت کە ئێمە ئەم شەقامە دەناسین کە وێنەی گیراوە. بۆردە گەورەکانی ڕیکلامکردن و قیتعەی دوکانەکان و ئەو دیمەنەی لە دووریەکی ناوەندیەوە پیشاندراوە وامان لێدەکات هەست بکەین کە ئێمە بەراستی لەسەر شۆستەکە وەستاوین. نەبوونی خەڵک و جووڵە ئینتیباعی شارێکی پڕ خێومان دەداتێ. هونەری فۆتۆگراف توانای دۆکیومێنتکردنی شوێن و خەڵک و ئەزموونە شەخسیەکانی هەیە بەو جۆرە دیققەتەی کە وێنەکان دەشێت بەهێزتر و سەرنج ووروژێنەر تر بن لە یادەوەری ڕاستیمان. بەم ئیشە، سترەس تا ئەوپەڕی هێزی ناوەند (وسگ) پاڵ پێوەدەنێت. پۆرترێتەکانی لەسەر خەڵک واتایەکی هاوشێوەی گرنگیی و ئامادەییبوونیان تێدایە کە لەرێی وەزعیەتە وەستاوەکانیانەوە دەرکەوتەیەکی سەمەرەی بووکەڵە مۆمیەکانیان پێوەدیارە. لە کۆمەڵە زنجیرەیەکی تردا، سترەس هەستاوە بە وێنە گرتنی سەردانکەرانی مۆزەخانە و گەلەرەیەکان لەکاتی سەیرکردنی تابلۆکاندا، بەمەش پەیوەندیەکی ئەفسوناوی لەنێوان بینەر و ئیشە هونەریەکاندا دروستکردووە.

سترەس، تۆماس-
"واباش ئاڤێنیوی
باشوور" شیکاغۆ
١٩٩٢

واباش ئاڤینیوی باشوور' شیکاغۆ ١٩٩٢. ١٩٩٢. فۆتۆی ڕەش و سپی. بەرزی ٤ ,٤٥ X پانی ٧ ,٥٨ سم. بەرزی ١٧ ٨/٧ X پانی ٢٣ ٨/١ ئینج. چاپی ١٠.

جەستەیەکی نێر و مێ تواونەتەوە بەسەر یەکدا لەم پەیکەرە گەورەیەدا کە مامناوەندانە ئیرۆتیکیە.پارچەی بڕاون لە تەبەقی لێکئالاوی کانزا کە بریقەدارانە ڕەنگکراون و ڕێدەدەن بە ڕووناکی پیایاندا تێپەڕێت و ئەو ئینتیباعەت دەدەنێ کە سەماکەرەکان لە بۆشاییدا مەلە دەکەن. بەهرەمەند بە خوێندنەوەی جۆنز بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی نیتشە و دەروونشیکارناسی نەمسایی فرۆید و دەروونناسی سویسری یەنگ، ئەم ئیشە توخمە نێرینە و مێیینەکان پێکەوە دەبەستێت لە هەوڵێکدا بۆ ئاشتکردنەوەی سروشتی گوایا (بایسێکشواڵ)ی (دەروونی) مرۆڤ. بە نمایشکردنی بۆچونێکی بە ڕۆمانسیکراوی یەکبوونی ژن و پیاو، ئەم ئیشە نمایندەی جۆنز دەکات بەهۆی ئەوەی کە ئیشەکە جەخت لە سێکشواڵیتی دەکاتەوە. هونەری جۆنز ئیمتیحانی ڕەغبەتی سێکسی دەکات، زۆرجار وێنەی ئیستفزازی و ئاشکرای ژنان نمایش دەکات وەک ئەوەی لە فەنتازیای ئیعلانات و خەیاڵی نێرینەدا وێنا دەکرێت. وەرگرتنی وێنە لە دونیای ماس میدیاوە، جۆنز دەبەستێتەوە بە بزوتنەوەی پۆپ ئارتەوە. جۆنز، کە هاوچەرخێکی (هۆکنی)یە، دیزاینی دیکۆری سەر تەختەی شانۆ و جلوبەرگیشی کردووە و هەروەها هونەرمەندێکی گرافیکیی بەهرەمەندیش بووە.

جۆنز، ئالن–
سەماکەران

سەماکەران. ستیلی (Cor-Ten) ڕەنگکراو. بەرزی ٣,٧ م. بەرزی ٢٤ پێ.
ئاتریەمی کۆتۆن، لەندەن بریج سیتی، لەندەن.

# پەکخستنی پرۆسێسی فێرکردێن لەڕی فێرکەرەوە

سۆران ڕەفعەت

پرۆسێسی خوێندن لە فێرگەکان بەئاستی یەکەم لەڕێی فێرکەرەکانەوەیە ئەوان ڕێنمایی ئەوە دەکەن کە فێرخوازان چی فێربن تەنانەت ڕێنمایی تیۆری پرۆسەی فێربوون خۆی، واسەیر دەکرێت کە پرۆسەی فێربوون بەبێ فێرکەر (مامۆستا) بەفێربوونێکی جەنگەڵی سەیر دەکرێت، هەروەک لەوکاتەدا کە فێرخواز شتێک بەبێ فێرکەر بزانێت دیسانەوە دەیگەڕێننەوە بۆ فێرکەرەکە، لەو دەزگایەی کە ئەرکی فێرکردن لە ئەستۆی خۆی دەگرێت، سەرەتا ئەو میتۆدانەی کە بۆ پرۆگرامی خوێندن دادەنرێت لەگەڵ فێرکەرەکان باسدەکرێت کە چۆن ئەوان بەو میتۆدانە کاربکەن و فێرخواز فێربکەن. واتە هەرلە سەرەتاوە لەناو ئەو دەزگایە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بۆ فێرخوازەکان لەگەڵ فێرکەرەکاندایە. لەو پرۆسەیەدا ئەو میتۆدانە دەبێت ڕەچاوی زانستی فێرکردن لەگەڵ سۆسیۆلۆگی و پسیشیۆلوگی ئەو میتۆدو تیۆریانە دەبێت بە فیلتەرانەدا تێپەڕن، دەبێت سیاسەتی پیتاگۆگی بپێکێت. بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەی کوا فێرخوازان لەم پرۆگرامەدا، لەسەرێکەوە ئەگەر سەیربکەین ئەم پرۆسێسە لەبەر فێرخوازان دەکرێت و فێرخوازان دەبێت لە فێرگەکانەوە فێری ئەوەبن ژیانێکی تەندروست و دەستڕەنگینی و مرۆڤێکی ئومێدەوار و کامڵیان لێ دروست ببێت. ئەوەی کەباسمانکرد ئەو ڕایانەن کە دەڵێن لەرێی پرۆسەی خوێندنەوە دەبێت فێربن، بەڵام ئەگەر سەیری لاکەی تری بکەین فێرخوازان لەم پرۆسێسەدا کارەکانیان و هەوڵەکانیان دیار نییە ئەوان دەبێت بۆ پرۆسەی فێرکردن زۆریان لێ بکرێت بۆئەوەی بچنە ناو فێرگەکانەوە یاخود بۆ بەشداریکردنیان لەو پرۆسێسە، بەڵام فێرخوازان ڕێنادەن بەزۆرەملێ بۆ ناو پرۆسێسەکە ڕابکێشرێن بۆیە دەستدەکەن بە دژایەتیکردن و ئەوانەشی لەگەڵ پرۆسێسکە کاردەکەن یاخود ئەوانەشی لەگەڵی دەگونجێت هەر هێشتا

هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەن لەوەی کە بەرامبەریان دەکرێت.
ئەگەربێین ئەوە بە چاوێکی ئیتنۆلۆگی سەیر بکەین ئەوە هەستی پێدەکەین کە فێرخوازان نەک فێربوون، بەڵکو ئەوان پرۆسەی فێربوون تێکدەدەن چونکە ئەوان بەهۆی ئەو کۆنترۆڵکردنەی دەزگاکە دەشێوێنن دەزگاکەش ئەوە قبوڵناکات لە سەروی ئەو هیچی دی هەبێت، بۆیە فێرخوازان لە دەزگای فێرکردنەکان جێی بەخێرهاتن نین، چونکە لێرەدا کێشە لە نێوان دەزگاو فێرخواز دەچێتە ئاستی کێ حوکمی هەیە لەو جێگایەدا و دەزگا دەست دەکات بە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر فێرخواز.
لێرەدا کێشەکە کار دەکاتە سەر کارەکتەری فێرخوازەکە چونکە سیستەمەکە وەک رەفتار نواندن بەرامبەر تاکایەتی فێرخواز دەبێت ئەو سیستەمەی کە بۆ فێرخواز دروستکراوە دەبێت هەربەو کۆنترۆڵی دەزگایە دژایەتی فێرخواز دەکرێت، دیسانەوە فێرکەر واهەست دەکات کە فێرخواز دژی پلانەکەی ئەو کار دەکات هەوڵ دەدات ئەو پلانەی کە بۆی داڕێژراوە تێکی بدات یاخود پەیڕەوەی نەکات، لێرەدا دووفاقییەکە دەردەکەوێت پلانی فێرکەرەکە فێرخوازەکە قبوڵناکان، چونکە ئەو هیچ بەشدار نەبووە لە دانانی ئەو پلانە تەنانەت فێرکەرەکەشت بەشدار نەبووە، بەڵکو فێرکەر تەنها ئاگاداربووە کە ئەو پلانە هەیە دەبێت بەڕێوە ببرێت بۆیە لێرەدا هیچ دژایەتییەک نابێت دروست ببێت بەڕای فێرکەرەکە، چونکە بەڕای ئەو فێرخوازەکە دەبێت بەو ڕێسایەدا بڕوات ئەمەش ئەو پەستانە پسیۆلۆگیە دروست دەکات کە وا لە فێرخواز بکرێت ئەوە بکات کە فێرکەر دەیەوێت.
لێرەوە ئەوە ڕوو دەدات کە سوبێکت دەچێتە ڕیزی ئۆبێکتەوە ئەوەش ئەوەیە کە ئەو پلانە بە سەبێکت دانراوە، بەڵام لەکاتی پەیڕەوکردنی پلانەکە گرنگتر دەبێت لە سوبێکت .
ئەگەر بێین پێگەی فێرکەر شیبکەینەوە، ئەوە نابێت هەمان پێگەی هەبێت لە میتۆدی فێرکردن، بەڵکو ئەو میتۆدە دەبێت بێتە پێگەی فێرکەر چونکە ئەو پێگەی خۆی هەیە ئەو میتۆدە دابەشدەکات یاخود ئەو سەرچاوەکەیە کە زانست پەخشدەکات، دواتر فێرخوازەکە دێت کە دەبێت وابکات چۆن فێرکەرەکە ئەو زانینەی داوەتی دەبێت ئەو، ئەو زانینە بۆ واقیعی خۆی وای وەربگرێت ئەوەش وادەکات فێرخوازەکە ئەو واقیعەی کە دەبێت کاری پێبکات سەرچاوەکەی ئەوەبێت کە بە پرۆسەی وەرگرتنی زانینەوە بچێت کە لە فێرکەرەکەوە وەریگرتووە، لێرەوەش ئەو سەبەبەمان بۆ دەردەکەوێت بۆچی فێرخوازەکە ئەگەر ئەوە قبوڵنەکات دواتر ناتوانێت دەربچێت.

فێرگەکە وادەکات کە فێرخوازەکە بخاتە ناو کۆمەڵێک کێشەوە کە حەزەکانی ئەو دەبێت بە هەرشێوەک بێت پەیڕەو بکرێت و فێرخوازەکە وادەکات کە کێشە لەگەڵ فێرکەرەکەدا دروست بێت و هەروەها لەگەڵ فێرخوازەکانی دی لەگەڵ دایک و باوکیدا، چونکە فێرخوازەکە ئەوە واقیعی نییە بەڵکو فێرگەکە ئەوەی بەزۆردەیداتێ دەیکات بە ژیانی ڕۆژانەی. بۆ ئەوەی تووشی ئەو کێشانە نەبێت دەبێت پەیڕەوەی ئەو شتانە بکات کە هی ئەو نییەو ژیانی ڕۆژانەی ئەو پێک ناهێنن! ئەمەشە هەر وادەکات ئەو کێشە ئینتەرناسیۆناڵە دروست دەکات کە ئەم پەیڕەوی پیتاگۆگیە لە ناو بازنەیەکدا بسوڕێتەوە هەمیشە لەناو کێشەکانی خۆی سەرقاڵ بکات نەک لەگەڵ کێشەکانی فێرخوازدا سەرقاڵ بێت، بە ڕای من دەبێت ئەو دەزگایە ئەو کێشانەی کە میتۆدەکە دروستی کردووە ئەوە چارەسەر بکات و هەوڵی ئەوە بدات وەلاّم بۆ ئەوانە بدۆزێتەوە نە خۆی بەکێشەکانی خۆیەوە خەریک بێت بۆ نمونە کە لە قوتابخانە بووم ئەبوایە ئێمە مامۆستاکەمان ڕازی بکردایە ئێمە لەگەڵ کێشەکانی ئەو بڕۆشتینایە نەک ئەو لەگەڵ کێشەکانی ئێمە ئەوەش ئەوەی دروستکرد کە هەمیشە هەوڵی ئەوەمان دەدا ئەو ڕازیبێت لێمان، ڕازیکردنەکەش تەنها ئەوە نەبوو، بەڵکو ئەوەی ئێمە ترسمان لێی هەبوو ئەمانویست بە هەرشێوەک بێت ئازار نەدرێین.
بۆیە هەمیشە ئێمە لەو کاتەی کە لە فێرگەبووین هیچ پەیوەندییەکمان نەبوو بە ئەو کاتەی ئێمە تێیدا دەژیان، مەبەستم ئەوەیە ئەو تەمەنەی کە هەمان بوو بەڵکو دەبوایە تەنها ڕەچاوی ئەومان بکردایە فێرکەرەکەمان لە ئاستێکدایە لەبەرئەوە نەمانتتوانی هیچ بەهەمێک بۆ ئەو کاتی ئەو تەمەنەی کە هەمان بوو بە دەستبهێنین، هەروەها هیچ بە هەرمێک دروست نەدەبوو چونکە ئێمە لەگەڵ میتۆدێکدا کار مان دەکرد کە فێرکەرەکەمان دەیویست. تەنها ئەو دەیزانی کە ئەو بابەتە بۆ ئێمە بە سوودە ئەو بڕیاری ئەوەی دەدا ئەو بابەتە بۆچی بەکاربهێنین یاخود کەی بەکاری بهێنین، کە ئێستا بیر لەو بابەتە دەکەمەوە هەر ئەو دەرئەنجامەم دەستدەکەوێت لەوانەیە بەس فێرکەرەکە سوودی لێ بینیبێت یاخود تەنها ئەو شارەزایی لێبووبێت. ئەم میتۆدە وایکردووە لێمان کە تێیدا دەرچین یاخود لە بەری بکەین، بەڵام هەر نەمانتوانی لێی تێبگەین بەلاّم ئەگەر بێین باسی ئەوە بکەین ئەوە میتۆدە چەند کاریگەری کردە سەر کارەکتەرمان چەند بیرکردنەوەی گۆڕین سەرئەجام هەرئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو میتۆدە ڕۆحی دژایەتی تێدا زاڵکردین ڕۆحی بەرەنگاربوونەوە دژی ئەو میتۆدە.
لێرەدا کە باس لەو بارودۆخە دەکەم مەبەستم تەنها ئەو پەیوەندییە کە پەیوەندی بە پرۆسەی زانست و گەیاندنی زانیارییە لێرە نامەوێ ئاوڕێک لە هەموو ڕابردووی سۆسیۆلۆگی بدەمەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەم بابەتە ڕاستەخۆ باس لەو پەیوەندیە دەکات کە پێشتر باسمکرد.

لێرە باسەکەمان تەنها لەسەر ئەو فێرخوازانە نییە کە لەوانەیە لە وانەکانیاندا باشنەبن یاخود هەندێ کێشەی تێگەیشتنیان هەبێت لە وانەکاندا یاخود لە سەرتاپای میتۆدەکان، بەڵکو باس لەو فێرخوازانەش دەکەین کە لە هەموو وانەکان یاخود میتۆدەکان کێشەی تێگەیشتنیان نییە، واتە لەم نووسینە لایەنگیری ناکەم، بەڵکو دەمەوێ ئەو لایەنە باسبکەم کە هەموومان پێیدا ڕۆشتووین و هەستمان پێکردووە.
هەندێ تاقیکردنەوە لەسەر مەسەلە پیتاگۆگی کراوە لەلای چەند لێکۆڵەرەوێک بە نمونە (١). ئەو منداڵانەی لەکاتی ڕەسمکردندا بە جۆرێک لە قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ ڕەسمدەکەن زۆر لایان خۆشە ئەو کارکردنە و ئەو ئیشە ئەگەر لەکاتی کارکردنیاندا پێیان بوترێت باشە یاخود خەڵات بکرێن، چونکە ئەگەر خەڵات بکرانایە ئەوا تووشی گومان دەبوون لە کارەکەیان ئایا ئەو ڕەسمە لەزەتی بۆخۆیان هەبوو یاخود بۆ ئەو فێرگەیە کە لە ناویدان و دەرسی وێنەکێشانیان هەیە، چونکە ئەگەر لەناو ئەو فێرگەیە ئەوە بکرێت کەواتە ئەوە بۆ ژیان نییە بەڵکو تەنها بۆ ئەو فێرگەیەیە.
لێرە ئەگەر بێین باسی بەرهەمهێنانەوەی ئەو زانیاریانە بکەین کە لە بەرئەنجامی خوێندنمان دروست دەبێت ئەو ڕایانەی کە لە کاتی وانە وتنەوەکاندا هەندێجار ڕاستە کە فێرکەرەکە ڕای لەسەر هەبێت یاخود ئاگاداری بێت و لەکاتێکیشدا ئەوە ڕاست دەبێت کە فێرکەرەکە ئیشارەتێک بدات ئەوە ڕاستە ئەوسا فێرخوازەکە دەزانێت زیاتر لە سەر ئەو بابەتە قسە بکات و هەروەها هەندێکجار ڕای خۆشی بڵێت، کەواتە لێرە یارییەکە تەنها ڕازیکردنی فێرکەرەکەیە ئەو کاتەشی کە ئەو ڕازییە دووەم هەنگاو دروست دەبێت کە ڕەنگدانەوەی پسیۆلۆگیە کە وا پیشان دەدرێت کە فێرخوازەکەش دڵخۆشە بەو دەرئەنجامە، بەڵام ئایا هەموو فێرخوازەکان هەست بەوە دەکەن نەخێر چونکە ئەوان ناکەونە ژێر ئەو پەستانە پسیۆلۆگیە ئەمەش واتای ئەوە نییە کە ئەوانی تر هەستی پێناکەن، بەڵکو هەموو فێرخوازێک کە ئەچێتە ئەو حاڵەتەوە هەست بەوە دەکات، بەڵام ئەوانی تر لە دەرەوەی ئەو حاڵەتەوەن بۆیە شتەکان بەبێ پاڵپەستۆ دەبینن بەڵام ئەگەر لە کاتی وانەکەدا وەڵامێکی نیوە ڕاست هات بەدوایدا چەند پرسیارێکی دی دروست دەبێت بەڵام ئەگەر وەڵامێکی ڕاست هات ئەوا کپ دەبێت هەتا کۆتایی وانەکە ئەوەش پیشان دەدات کە ئەو فێرکەرە لە وانەکە ڕازی بووە وەڵامی خۆی وەرگرتووە فێرخوازەکان هەستدەکەن کە ئەرکەکەیان تەواوبووە ئیتر پێویست بە پرسیاری تر ناکات. لەوێش ئەوانەی تر نازانن بۆ ئەو وەڵامە ڕاستە چونکە وادەرکەوتووە کە تێنەگەیشتوون، بەڵام فێرکەرەکە زیاتر لەسەر ئەو مەسەلەیە ناڕوات بۆ ئەوەی هەمووی بەتەواوەتی تێبگەن.

لێرە کێشەکە ئەوە نییە زانینەکە بەتەواوەتی بەهەمووی بگات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ٤٠ دەقیقەی وانەکە تەواو بوو کێشەی ئەو وانەیە چووە ڕابردووەوە.
فێرکەرەکە نازانێت ئایا هەموو ئەوانەی لە وانەکەدان چیان لە مێشکدا هەبوو ناشیەوێت بزانێت، چونکە ئەو کاتی وای نییەو بەشی ئەو هەموو پرسیارو وەڵامانە ناکات، چونکە ئەو تەنها کاتێکی دیاریکراوی هەیەو مەنهەجێکی هەیە ئەبێت ئەو لە ماوەی ساڵێکدا تەواوی بکات، کەواتە لێرە کێشە نییە چەند کەس تێگەیشتووە بەڵکو کێشەکە کاتە، چونکە لەو کاتە ناتوانرێ زیاتر بکرێت.
نمونەیەکی تر لەسەر سیستەمی پەروەردەش ساڵی ١٨١٨ مامۆستا جۆزسف یاکۆت کە مامۆستای ئەدەبی فەرەنسی لەزانکۆی لۆڤین دەبوایە لە زانکۆیەکی هۆڵەندی هەندێ وانەی لەسەر ئەدەبی فەرەنسی بوتایەتەوە، بەڵام فێرخوازەکان لە هۆڵەندا هیچیان فەرەنسییان نەدەزانی، مامۆستاکەش تەنها فەرەنسی دەزانی بەڵام فێرخوازە هۆڵەندییەکان زۆر حەزیان لە وانەی ئەو مامۆستایە بوو لەبەرئەوە پێش ئەوەی مامۆستاکە بچێت بۆ ئەوێ هەموویان خۆیان فێری فەرەنسی کرد، بەڵام فەرەنسیەک کە تەنها لەو مامۆستایە تێبگەن، کە مامۆستاکە دەچێت بۆ ئەوەێ کە سەیردەکات ئەوان هەموویان فەرەنسی فێربوون ئەسا دەڵێت هەموو ئیشەکەی من ئەوبوو لە سمینارەکە باسی ئەدەبی فەرەنسیتان بۆ بکەم کە ئێوە فێری فەرەنسی بوون کەواتە ئەوە ئەوەیە کە من بۆی هاتم. کەواتە زانین شتێک نییە هەر لەلای فێرکەربێت لەلای فێرخواز نەبێت، بەلکو ئەوە کارێکە کە بە هەردوولا پێدەگەن.
ئەمەوێت ئێستا لێرە نموونەیەکی خۆم لە کاتی خوێندنی ماستەرەکەم لە زانکۆی بەرلین باس بکەم، لەلای مامۆستا کلاودیا هومل. ئەم مامۆستایە لە مامۆستایانەیە کە بڕوای بە سیستەمی تازەی وانە وتنەوە هەیە لە کلاسەکەی ئەودا خوێندکار ئازادە کە هەموو شتێک بڵێت یاخود ئەتوانێت بابەتی سمینارەکە هەڵبژێرێت و خۆشی هەندێ جار وەک مراقیبێک بەسەر ئەو وانەیەوە دادەنێت بۆ من هەندێ جار قورسە کە ئەو ئازادیە تەواوەم هەبێت، چونکە من لە ناو ئدمۆسفێرێکی تری پەروەردەیی گەورەبووم هەمووجارێ پێویستم بە فشار دەبێت بۆ ئەوەی هەندێ کاری وانەکە ڕاپەڕێنم، بۆیە لێرەدا زۆر بەگرنگی دەزانم کە سیستەمەکەی من تیا پەروەدەکراوم نامەوێت هەندێ جیلی تری تیا پەروەردە بکرێ، چونکە من لە سیستەمە هیچ زانیارییەک بۆ ژیان فێر نەبووم ئەو زانیارییانەی کە لەناو سیستەمی پەروەردە فێربووم تەنها بۆ ڕازیکردنی فێرکەرەکەم بوو هەروەهاش بۆ ئەوەی بتوانم ئەو پۆلە ببڕم و تێیدا نەمێنمەوە.

Holzkamp، K. (١٩٨٦). Die Verkennung von Handlungsbegründungen als empirische Zusammenhangsannahmen in sozialpsychologischen Theorien: Methodologische Fehlorientierung infolge von Begriffsverwirrung. Zeitschrift für Sozialpsychologie ١٦، ٢١٦٢٣٨

Holzkamp، K. (١٩٨٧). Lernen und Lernwiderstand. Skizzen zu einer subjektwissenschaftlichen Lerntheorie. Forum Kritische Psychologie ٢٠، ٥٣٦

Jäger، M. (١٩٨٥). Die Methode der wissenschaftlichen Revolution. Berlin (West): ArgumentVerlag

Lave، J. (١٩٨٨a). Word problems: A microcosm of theories of learning. Institute for Research an Learning (vorläufiges، unveröffentlichtes Manuskript)، ١٣٣

Lave، J. (١٩٨٨b). Cognition in practice. Mind، mathematics and culture in everyday life. Cambridge: Cambridge University Press||٢٢|

Lave، J.، Smith، St.، & Butler، M. (١٩٨٧). Problem solving as an everyday practice. University of California، Irvin. In Randy، Ch. (ed.)، National Research Agenda in Math learning

Lave، J.، & Wenger، E. (١٩٩١). Situated learning: Legitimste peripheral participation. New York: Cambridge University Press

Lepper، M. R.، Greene، D. & Nisbett، R. E. (١٩٧٣).

Undermining children›s intrinsic interests
wich extrinsic rewards: A fest of the »overjustification«
hypothesis. Journal of Personality and
Social Psychology ٢٨، ١٢٩١٣٧
McGraw، K. O. (١٩٧٨). The detrimental effects of reward
an performance: A literature review
and a prediction model. In M.R. Lepper und D. Greene
The hidden costs of reward ، (Eds.).
Hillsdale N.J.: Erlbaum
Mehan، H. (١٩٨٥). The structure of classroom discourse.
In van Dijk (Ed.)، Handbock of Discourne
Analysis، Vol. ٣، Discourse and Dialogue (١١٩١٣١).
London: Academic Press

# فۆیلیتۆن

فۆیلیتۆ یان فۆیلیتۆن Feuilleton وشەیەکە لەبنەڕەتدا فەڕەنسییە و بەمانای پەڕاوێک دێت کە گرنگی دەدات بە فەلسەفە، ئەدەب، شانۆ، شێوەکاری، کلتوری سیاسی.. لەهەموو دنیادا فۆیلیتۆ وەک چەمکێک بەکاردێ بۆ پەڕاوە کلتورییەکان.. ئێمە ئەم وشەیەمان لەبری (تێکست) بۆ ئەم بەشە هەڵبژارد و لێرەبەدواوە مامەڵە بە فۆیلیتۆ وەک ناوێکی جیهانیی دەکەین.

**ڕێکخەری بەش: توانا ئەمین**

# من میوانی حەقیقەت نیم.. حەقیقەت خودی منە

## *گفتوگۆی کۆنسێپت لەگەڵ یوستاین گاردەر*

**■ سەلاح گوڵ ئەندامی**

ساڵی ٢٠٠٥ پاش هەشت مانگ چاوەڕوانی توانیم بە هاوکاری خاتوو ماریانا چاوم بە یوستاین گاردەر بکەوێ، ماریانا کچە پوری یوستاین گاردەرە و ئەگەر زەحمەتەکانی ئەو نەبا بێشک ئەو بەختەم نەدەبوو وەها ملاقاتێکم ببێت، دیتن و قسەکردن لەگەڵ نووسەرێک کە کتێبەکانی بە زۆربەی زبانەکانی دونیا تەرجومە کراوە و یەکێک لە نووسەرە بە ناوبانگەکانی جیهانە، بۆ من جێگای خۆشحاڵی بوو، یوستاین گاردەر ئەو نووسەرەیە کە ساڵی ١٩٩١ کتێبی جیهانی سۆفیای دایە دەرێ و پتر لە بیست ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا و بە زیاتر لە چل و پێنج زبان تەرجومە کراوە، زبانی فەلسەفی سادە بۆ مێرمنداڵ و منداڵان تان و پۆی چیرۆکەکانی ئەون، پێش ئەوەی بیبینم ئاگاداری کردبووم کە لە وتووێژی ڕۆژنامەوانی بێزارە، هەر بۆیە زۆر دۆستانە و بە شێوەیەکی سادە و سەمیمی ئێمەی بۆ نانی نیوەڕۆ لە هۆتێلێک لە (ئۆسلۆ) دەعوەت کرد، لەگەڵ چاوپێکەوتنی یەکەم وەها سادە و ساکار لەگەڵ من هەڵسوکەوتی کرد کە گوایا ساڵەهایە لەگەڵ یەک دۆستین، ڕەزا سوک و هەتا حەز دەکات سادە و لە بەر دڵان، چاوەکانی بێ ئارام و بێ ئۆقرە وەک منالێک کە بۆ یەکەم جار بڕوانێتە دونیا، پڕ لە پرسیار و زیندوو و پەتین. کۆی ئەو چاوپێکەوتنە کە ٣ سەعاتی خایاند بەشێکی بە شێوەی فیلم تۆمار کراوە، لە ڕاستیدا هیچ کات بەتەما نەبووم ئەو چاوپێکەوتنە بڵاوبکەمەوە، بەڵام لە سەر داوای چەند دۆستێکی بەڕێزم و هاوڕێیانم لە گۆڤاری کۆنسێپت

و بەتایبەت توانا ئەمین ئەو کارەم دەستپێکرد. من وەک ڕۆژنامەنووسێک کە بەهۆی ڕاپۆرتێک سازکار قسەم نەکردووە، بەڵکو وەک نووسەرێک دیدارێکی ئاساییم هەبووە، هەر بۆیە لە زۆر جێگە یوستاین گاردەریش پرسیاری جۆراو جۆری لە من کردووە، بۆ نمونە داوام لێدەکات لە سەر ئەو کورتە چیرۆکەی خۆم قسە بکەم کە پێشتر یوستیان خوێندبوویەوە، یان پێوندی دونیا منداڵی و تەجروبەکانی نووسین و..هتد، کە من لێرەدا باسیم نەکردووە و ئەگەر پێوست بوو لە داهاتوودا ئەو کارە دەکەم و بڵاوی دەکەمەوە. لێرەدا بەشێک لە چاوپێکەوتنە دەخەمە بەر دیدی خوێنەران.

**سەلاح گوڵ ئەندامی: با بزانین یوستاین گاردەر بۆ دەنووسێ؟**

**یوستاین گاردەر:** زۆر جار ئەو پرسیارەم لێ دەکرێت کە بۆ دەنووسم، کاتێک منداڵێکی دوازدە یان سیازدە ساڵە بووم تەجروبەیەکی زۆر بە هێز و قووڵم پەیداکرد، ژیان لە ناو حەقایەتێکی جادوییدا. ژیان بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو ڕەمزاوی و هەر لەو کاتەشدا کورتە. لە خۆم دەپرسی ئێمە لە کوێوە هاتووین و ژیان بەرەو کوێ دەڕوات، ژیان چییە، چۆن جیهان شکڵی گرتووە، ئاخۆ بنەماکانی هەبوون زانستی لە پشتە یان کەس بە کەس و هەرچی پەرچییە؟ بیرم لە ژیان لە ناو ئەستێرە دوورە دەستەکان دەکردەوە. ئێستاش سەرقاڵی هەمان چەشنە پرسیاری کاتی منداڵێم و لە خۆم دەپرسم ژیان چییە؟ حەز دەکەم ئەو تەجروبەی خۆم کە ژیان حەقایەتێکی جادوییە لەگەڵ خەڵکانی دیدا بەش بکەم. زۆر سادە هۆکاری نووسینم ئەوەیە کە وەک ئینسانێکی ئاسایی ناژیم و ئێستاش درێژەی پرسیارەکانی سەردەمی منداڵیم لە چیرۆکەکانمان دەدەمەوە. من حەزم زۆر لە ڕێپێوان و کێوبڕینە، زۆر دەچمە ناو سروشت و پیاسە دەکەم، لە کاتی ڕۆیشتنندا هەمیشە سەر قاڵی ئەو پرسیارانەم و لەگەڵ خۆم قسە دەکەم، ئا لەوکاتەدایە زۆر جار یەکەم تروسکەی چیرۆکەکەم دەروونم ڕووناک دەکات و چیرۆک شکڵ دەگرێ، دواتر دادەنیشم و دەیهێنمە سەر کاغەز.

**سەلاح گوڵ ئەندامی: بۆ وەڵامی پرسیارەکانت ڕووت دەکردە کتێب یان چاوەڕوان دەبووی لە دەروونی خۆتەوە وەڵام وەربگرێ؟**

**یوستاین گاردەر:** من کتێبی جۆرواجۆری ئەدەبی دەخوێنمەوە، هەم نەورویژی هەمیش هی وڵاتانی دیکە، بەڵام لەو ئاخرانەدا زۆرتر و زۆرتر حەزم لە خوێندنەوەی کتێبی زانستییە، وەک کتێبی فیزیک، یان ئەستێرەناسی، ئەوە

جۆرێک گەڕان بە دوای وەڵامی پرسیارەکانمە، فیلمیش تەماشا دەکەم.

**سەلاح گوڵ ئەندامی: تا چ ڕادەیەک فیلم کاریگەری لەسەر ژیانی تۆ داناوە؟**

**یوستاین گاردەر:** ماوەیەک لەوە پێش فیلمێکی کوردیم بینی (ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان)، زۆرم پێ خۆش بوو، بەڵام فیلمێک کە بەردەوام کاری لە سەر ژیانم کردبێ فیلمەکانی چارلی چاپلینە، دەزانی چارلی باسی گەورەترین عەشقەکان و ڕەمز و ڕازی ژیان دەکات، کاتێکیش بۆ یەکەمجار جیهانی سۆفیام دی، سەیر کاری تێکردم، ئەزموونێکی ئێجگار بە نرخ و تازە بوو بۆ من، من چاوم لە فیلمێک دەکرد کە لە ڕاستیدا لە کتێبی من وەرگیرا بوو.

**سەلاح گوڵ ئەندامی: منیش چەند جار تەماشام کردەوە کارێکی زۆر بە نرخە، ئەی ئەگەر کەسێک ویستی ژیاننامەی تۆ بکات بە فیلم؟**

**یوستاین گاردەر:** لە چەند جێگای دیکەش وتوومە، حەز دەکەم ودی ئالێن دەرهێنەری فیلمەکە بێت، خۆشم ئەکتەر بم، فیلمەکە باس لەوە بکات من کتێبەکانی خۆم لە بن هەنگڵ دابێ و بە دەوری دونیادا بگەڕێم و لەبارەیانەوە بدوێم، وا هەست دەکەم توانای ئەو دەورگێڕانەم هەبێ. تەجروبەی ژیان وام پێدەڵێت.

**سەلاح گوڵ ئەندامی: تا چەند باوەڕت بە تەجروبە لە ژیاندا هەیە؟ ئەگەر کەسێک پرسیار بکات گەورەترین تەجروبەت لە ژیاندا چییە، تۆ دەتوانی وەڵام دەربیت؟ مەبەستم ئەوەیە ئاسانە بۆت؟**

**یوستاین گاردەر:** بڕێک سەختە وەڵامی ئەو پرسیارە ڕەنگە سەیر و سەمەرە بێ، بەڵام گەورەترین تەجروبەی ژیانم ئەو کاتە بوو کە لە دایکبووم! بیست و چەند ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕ دەبێ کە من بۆ هەوەڵ جار کتێبێکی چاپکراوی خۆم بە دەستەوە گرت، ئەوەش تەجروبەیەکی گەورە و خۆش بوو لە ژیانمدا. ڕووبەرووبوونەوە لەگەڵ حەقیقەتیش خۆی لە خۆیدا تەجروبەیەکی نایابە.

**سەلاح گوڵ ئەندامی: دەبینم سەیر غەرقی ڕەمز و ڕازی هەبوونی..؟!**

**یوستاین گاردەر:** من لە دونیادا نیم، خۆم دونیام، من میوانی حەقیقەت نیم، حەقیقەت خودی منە، فەلسەفە بە پرسیاری بچووک و گەورە تەندراوە، کەسێک کە لە سەرەمەرگ دایە بۆی گرنگ نییە کە دونیا لە چی ساز کراوە، بەڵام پرسیاری بچووکی وەک ئایا فڵانی خۆشی دەوێم؟ بۆ ئەو گرنگترین

پرسیارە. ئەوەی کە ئێمە لە کوێرا هاتووین و بەرەو کوێ دەچین پرسیاری گەورە و لە مێژینەی فەیلسوفان بوون، بەڵام بە لای منەوە زۆر گرنگە کەسێک لە خۆی بپرسێ چۆن کەسێک پەیدا بکەم کە منی خۆشبووێ و مانای عیشق بۆ ئەو گرنگ بێ. یا ئەو کەسە لە کوێیە کە شیاوی ئەوەبێ باقی ژیانمی لەگەڵ دابەش بکەم، هەر ئینسانەی جۆرە وەڵامی خۆی هەیە بۆ ئەو پرسیارانە. وەک کەسێک کە هەوڵمداوە زبانی فەلسەفە بۆ کەم تەمەنەکان ئەوە ئاسان بکەمەوە بە لامەوە گرنگە کە چ شتێک ئێمە بە رەهایی دەگەیەنێت؟ عیشق؟ دین و مەزهەب؟

**سەلاح گوڵ ئەندامی: باسی دینت کرد، هێندێک پێیانوایە دین کۆیلایەتی دێنێ، پێمخۆشە بزانم تۆ وەک چیرۆکنووسێک ڕوانگەت بۆ دین چییە؟**

**یوستاین گاردەر:** بنەمای فەلسەفە کە بە پرسیار لە هەبوون و نەبوون دەستپێدەکات خۆی زۆر نزیکە لە دین، فەیلەسوف دەپرسێ دونیا چۆن ساز بوو، دینیش ئەو پرسیارە دەکات، بەڵام وەڵامەکانی فەیلەسوف یەک شت نییە و لق و پۆپی زۆر لێدەکەوێتەوە، کەچی دین وەڵامێکی بۆ هەیە و هیچ کاتیش ئەو وەڵامە ناگۆڕدرێ، حەز دەکەی بزانی من بۆچی وا بیر دەکەمەوە؟

**سەلاح گوڵ ئەندامی: بۆ من زۆر خۆشە بزانم..**

**یوستاین گاردەر:** من لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی و دەرگا ئاواڵا گەورە بووم لە شاری ئۆسلۆ، دایکم جگە لەوەی مامۆستا بوو زنجیرە چیرۆکێکی منداڵانەشی بڵاودەکردەوە، بابم مودیری قوتابخانەی کۆتایی بوو، ماڵی هەموو جۆرە کەسێک ڕووی تێدەکرد، لە ئینسانی چەپ ڕا بگرە تا مەزهەبی و دەستە ڕاستی و.. هتد، ئەوە بوو کە من خۆم بە هیچ بیرۆکەیەکی تایبەت نەبەستەوە، نازانم تۆ ئەو کتێبەی منت خوێندۆتەوە یا نا، ژیان کورتە؟

**سەلاح گوڵ ئەندامی: بەڵێ من بە کوردی خوێندومەتەوە..**

**یوستاین گاردەر:** کراوە بە کوردیش؟

**سەلاح گوڵ ئەندامی: بەڵێ چەند کتێبێکی تۆ کراوە بە کوردی.**

**یوستاین گاردەر:** من لەو کتێبەدا باسی عیشق دەکەم، عیشق بە خودا و عیشقی بە ئینسان، قارەمانی چیرۆکەکە لە بەر عیشقی بە خودا پشت لە خێزانی خۆی دەکات، من لێرەدا نەهاتووم ببمە قازی و بڵێم حەق بە کامەیانە، خوێنەر خۆی بەو ئاکامە دەگات، ئەو جۆرە بیرکردنەوەی خۆم لەو

ماڵەی خۆمان دەزانم کە میوانداری هەر جۆرە فیکرێک بوو.

**سەلاح گوڵ ئەندامی: کاتێک بیر لە چیرۆکەکانی تۆ دەکەمەوە دەبینم زۆربەیان بە شێوەیەک دەیانەوێ زیەنی منداڵ و مێرمنداڵان بە بیری فەلسەفی ڕابهێنن، ڕەفیقێکی من بە ناوی ئیدریس ئیسلامی تەرحێکی عەملی بە وەزارەتی پەروەردە لە ئێران پێشنیار کردووە کە منداڵان فەلسەفە بە زبانێکی سادە بخوێنن، یانی فەلسفە ببێتە کتێبێکی دەرسی منداڵان.**

**یوستاین گاردەر:** شتێکی زۆر بە نرخە، ئێمە لێرە شتێکی وامان نییە، زۆر خۆشحاڵ دەبم نوسخەیەکی ئەو تەرحە ببینم، تەرحێکی وا دەتوانێ گۆڕانکارییەکی جیدی و گەورە لە پەروەردەی منداڵاندا ساز بکات، ئەگەر قسەت لەگەڵ ئەو ڕەفیقەت کرد، لە لایەن منەوە دەست خۆشانەی لێ بکە، بە بڕوای من لە هەوڵ و هەنگاودا زۆر گرنگە دەسەڵاتدارانی حکومەتی، ئەوانەی کاریان تەئیدی ئەو جۆرە تەرحانەیە لە بایەخی کارەکە تێبگەن، ئەو جۆرە کارانە بۆ هەوەڵ جار زۆر دیواری سەخت و بڵیندیان دێتە پێش، هەموو کارێکی چوارچێوە شکێن و نوێ ئەو موشکیلانەی هەیە.

**سەلاح گوڵ ئەندامی: کاتێک جیهانی سۆفیات دەنووسی هیچ کات بیرت دەکردەوە کە منداڵان لە مەبەستە فەلسەفییەکان نەگەن؟ ئەو دیوارەی باسی دەکەی لە پێش کارەکەتدا بەرز بۆوە؟**

**یوستاین گاردەر:** من دەمزانی کە منداڵان و مێرمنداڵان جەزبی ئەو کتێبە دەبن، چونکە من بە ڕۆحیەیەکی منداڵانەوە دەمنووسی، من نەمویستووە دەرسی مێژووی فەلسەفە بدەم، گرنگ ڕاکێشانی سەرنجی منداڵان بۆ لەزەتەکانی فەلسەفەیە، چێشتنی تامی شیرینی فەلسەفە، ئەوەیە مەبەستی سەرەکی. بەڵام زۆر گرنگە کە خوێنەر بزانێ چیرۆک دەخوێنێتەوە نەک مێژووی فەلسەفە.

**سەلاح گوڵ ئەندامی: کاتێک کتێبی جیهانی سۆفیاتم خوێندەوە کوت و پڕ کەوتمە بیر کتێبی بابە لینگ درێژ، قارەمانی چیرۆک جودی ئابوت کە منداڵێکە لە ڕێگای نامەوە لەگەڵ کەسێکی نادیار دەبێتە دۆست، لە جیهانی سۆفیایشدا منداڵێک لە ڕێگای نامەوە لەگەڵ پیاوێکی نە ناسراو دەبێتە دۆست.**

**یوستاین گاردەر:** بیرێکی جوانە و بۆ من تازەیە، کەس تا ئێستا ئاماژەی بەوە نەکردووە، بەڵام ئاشنا بوونی سۆفیا لەگەڵ پیاوی نەناسراو، دەبێتە

هۆی ئەوە کە سۆفیا بچێتە ناو دونیایەکی گەورە و نەناسراو، تەنانەت سۆفیا خولیای زانینی زۆرتر لە بارەی دونیای فەلسەفەدایە، بۆ سۆفیا گرنگ ئەوە نییە پیاوە کێیە، رەنگە ئەگەر پیاوەکە چیرۆکی فەلسەفەی پێنەبا و سەرنجی سوفی ڕانەکێشا با، ئەو پێوەندیە بەردەوام نەبا. لە بابە لینگ درێژدا، جودی ئابوت منداڵێکی بێ باب و دایکە، دەیەوێ بخوێنێ و بچێتە قوتابخانە، بەڵکو لەو ڕێگاوە بتوانێ بۆشایی هەتیوبوونی خۆی پڕ بکاتەوە، بابە لینگ درێژ یارەمەتی مەعنویی و مادیی جودی دەدات تا جودی وەک ئەوانی دیکە بژی، بەڵام سۆفیا دەیەوێ وەک ئەوانی دیکە نەژی و لە ڕاستیدا پێ دەنێتە دونیایەکی تەواو جیاواز.

# پێکهاتەکانی چیرۆک لەچوار ئەزموونی جیاوازدا

■ ئاوات محەمەد

**چیرۆکەکان:**
**دوایەمین ناو.. عەتا محەمەد**
**جیابوونەوە.. ئارام کاکەی فەلاح**
**من لەبلورا یان نارەوەنێک لەسەر ئاو.. توانا ئەمین**
**گریڤ.. ڕامیار مەحمود**

ئاسان نییە چوار ئەزموون و چوار تێڕوانین لەیەک لێکدانەوەدا خوێندنەوەی بۆ بکەیت، جائەگەر بشتەوێت لەسەر ئاستی چەمک لێکدانەوەشی بۆ بکەیت، لەبەرئەوەی هەر یەک لەو ئەزموونانە لەکەمترین خاڵدا دەچنەوە سەر یەک، مەگەر ئەوەی بڵێین هەر چواریانن چیرۆکن، بەڵام لەشێوەی گێڕانەوە و ئاماژەسازی و لێکدانەوەی مانا و زمان و گوتاردا لەیەکتر جیاوازن، ئەمەش وادەکات ناچار بم هەندێک جار لەسەر هەر یەکەیان هەندێک هەڵوەستە بکەم، بۆ نمونە لەسەر ئاستی گێڕانەوە، گێڕانەوەی زەمەن لەچیرۆکی (دوایەمین ناو)ی عەتا محەمەددا، جیاوازترە لەگێڕانەوەی زەمەن لای ئارامی کاکەی فەلاح، لەیەکەمیاندا زەمەن بەرەو وشە دەچێت، واتە بۆ بەر لەدرووستبوون، کە لەو چرکەساتەدا گێڕانەوە ون دەبێت و خولقاندن جێگەی دەگرێتەوە، بەڵام چیرۆکەکەی ئارامی کاکەی فەلاح بۆ چەند ئاستێکی زەمەنی دەمانگوازێتەوە، لەئایندەوە بۆ ئێستا و پاشان بۆ ڕابردوو، واتە شێوەیەک لەسیمۆلۆژیای گێڕانەوە هەیە، دەکرێت لەهەموو ڕووەکانەوە نیشانەکان لێک بدەین بۆ ئەوەی

ڕووداوەکان لامان ڕوون ببنەوە، ئەمە جگە لەوەی کارەکتەرەکان بەئارەزووی خۆیان گەمە دەکەن، یەکێک گەمە لەسەر سایکۆلۆژیەتی بەرامبەر دەکات، ئەویتریان لەسەر خەونە بچووکەکانی، سێیەم دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ژیان پێرفێکت نییە، بەڵکو کەلێن زۆرن بتوانین ئاشکرای بکەین، دواجار دەگەینە ئەو بڕوایەی ئاشکراکردنی ئەو کەلێنانە چی بەمن دەبەخشێت؟! لای ڕامیار دوو جۆر گێڕانەوە لەسەر ئاستی سایکۆلۆژی هەن، کە هەردووکیان یەک خولیایان هەیە، ئەویش چۆنیەتی خۆدەربازکردنە لەچیرۆکەکان و خۆ ونکردنە لەناو حەزەکاندا، خۆ دزینەوە لەهەموو ڕسکانەی تووشی ژیانیان دەبێت، یەکێک نەخۆش و یەکێک چارەسەرکەر، بەڵام کامیان نەخۆشە و کامیان چارەسەرکەر؟ ئەوە خوێنەر خۆی دیاری دەکات، نەک نووسەر لەبەرئەوەی نووسەر ئاماژەکانی داوە نەک وردەکارییەکان، هەروەها لای توانا گێڕانەوە لەشێوەی دیاریکردنی ڕەوەندی ڕووداوەکانە لەڕێگەی کەسێکەوە چیرۆکی من بۆ خۆم دەگێڕێتەوە، کەئەم جۆرە لەگێڕانەوە ناچارم دەکات بەرەو ئەو شوێنە بچم کە ئەو دەیەوێت، ئەمە جگە لەوەی هێشتا کۆکردنەوەی ئاماژە گێڕاوەکان لەناو جۆرێک لەگەمەی ڕستەسازیدا دیار نامێنن، لەهەندێک باردا چیرۆک وەک ڕیتم و شێوەی گێڕانەوە هەندێک لەتایبەتمەندییەکانی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە گەمەیەکی زمانەوانی، کە ئەم حاڵە لای عەتاش بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لای عەتا مەسەلەکە جیاوازترە لەوەی لای توانا ئەمین هەیە، ئەو بەر لەدروستبوون تەنها وشەی هەبووە، کە ئەم چیرۆکە بەپێی هەنگاوەکانی خولقاندن دەکەوێتە پێش زەمەنی دروستبوون، کە ئەمەش خۆبەخۆ گێڕانەوەی بەشێوەیەکی سیستەماتیک تێدا ونە یان هێشتا زەمەنی گێڕانەوە سەریهەڵنەداوە، واتە بەر لەزەمەنی خولقاندنە، لێرەدا کاتێک تەنها وشەت هەیە و هیچی تر ناکرێت گێڕانەوە خاوەنی ئەو ڕیتمە بێت کە لەهەر دەقێکی تردا هەیە، واتە گێڕانەوە لێرەدا تەنها بۆ دۆزینەوەیە، نەک کتوپڕی یان بونیادنانی دەقێک لەسەر بنەمای شوێنکات.

گێڕانەوە لەلای توانا لەو ئاستەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەق دەبێتە گەمەیەکی زمانەوانی و دەیەوێت لەشاردنەوەی ڕستەکان ئاماژەیەکمان پێبدات لە گەمەی چیرۆکنووسین بچێت، کە ئەمەش هەندێکجار لەناو دەقدا ناتوانێت ئاماژە و ئاماژەپێدراو بەشێوەیەکی تیوار دەربخات و خوێنەر لەبەردەم دەقێکدا خۆی ببینێتەوە کەشیکردنەوەی ئاسان نەبێت، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر

بونیاد دادەنێت.
زمان لەهەر چوار چیرۆکەکەدا هەڵگری کۆمەڵێک ئاستەنگی خۆیەتی کە بوونیادی دەق نابێتە هۆکارێک بۆ لێکدانەوەی ڕووداو، یان زمان دەبێتە هۆکارێک بۆ گوزارشتکردن نەک وێناکردن، بەتایبەتی لەچیرۆکەکانی عەتا و ڕامیار، هەمان حاڵەت جگە لەبەکارهێنانی ڕاناوی کارەکتەر، چیرۆکەکەی تواناش لەهەمان جوغزدایە، بەڵام ئەوەی جیاوازترە چیرۆکەکەی ئارامە کە زمان لەو چیرۆکەدا لەسەر چەند ئاستێک دەردەکەوێت، یەکێک لەئاستەکان وێناکردنی ڕووداوەکـانــە، هەروەها لەوێناکردنی کارەکتەرەکاندا زمان ڕۆڵێکی باشی هەیە کە دەتوانین لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە بگەینە تێگەیشتنی خودی کارەکتەرەکان و لێکدانەوەی ئەو خۆپەرستیەی هەر یەک لەکارەکتەرەکان هەیەتی، ئەگەرچی هەریەکەیان دەیەوێت خۆی بەپێرفێکت و ئایدیایی وێنا بکات، بەڵام ئەم درۆیە زوو ئاشکرا دەبێت، لای عەتا وشە جێگەی زمان دەگرێتەوە کە دەیەوێت لەچیرۆکەکەیدا پێش ڕستە بنووسێتەوە، واتە ئەیەوێت لەوەسفدا ماتریال بدۆزێتەوە، کە بەم تێڕوانینەی ئەمانباتەوە لای بیرکردنەوەی ئایدیالیستیانەی کە بەر لەبوون دنیا وشە بووە، کە لەخودی ڕەهاوە دەرچووە، بەڵام زمان لای ڕامیار هەواڵێکە بۆ دۆزینەوەی کارەکتەر بەکاربهێنێت کە ئێمە لەڕێگەی بەکارهێنانی یەکەکانی زمانەوە لەخودی کارەکتەرەکان دەگەین، ئەمە جگە لەوەی ڕامیار لەلێکدانەوەی بۆ زمان دەیەوێت وێنای ئەو شوێنەمان بۆ بکات کە کارەکتەرێک دەیەوێت لەنەستیدا وێنەی بکێشێت و ڕەهەندی واقیعی پێببەخشێت، بۆ نمونە ناونیشانی ماڵی سەرۆک و ئەو شوێنەی داگیریکردووە، لای توانا زمان لێکدانەوەیە بۆ حاڵەت نەک ڕووداو، کە ئەمەش لەناو دەقدا دەبێتە جۆرێک لە ناسیستەمیی یان ڕیتمێکی جیاواز لەچیرۆک.
پێکهاتەکانی دەق لەم چیرۆکانەدا زۆر جار لەزمانی شیعر نزیک دەبنەوە، هەندێکجار دەق وەک لێکدانەوەیەکی نەستی دێتە بەرچاو، وەک چۆن ئەو ڕیتمەی ئارام لەگێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بەکاری دەهێنێت، ڕاستە گێڕانەوە لەوێدا خاوەنی ڕیتمێکی تایبەتە، لەهەمانکاتدا خاوەنی پێکهاتەیەکی شیعریانەیە، کە ئەمە ئاسانکاری بۆ خوێنەر دەکات کە بتوانێت بەشێوەیەکی ورد لەو دەقە تێبگات، ئەو زمانە لەچیرۆکەکانی عەتا و توانادا باشتر دەرکەوێت، لەبەرئەوەی ئەم دوو دەقە پشتیان بەگێڕانەوەی ڕاستەوخۆ

نەبەستووە، بەڵکو باس دەکەن یان شیکردنەوە بۆ لێکدانەوەی مەسەلەیەک دەکەن کە لەوانەیە لەدەقێکی تردا یان لەشێوە مەتنێکی تردا جێگەی ببێتەوە، ئەمەوێت لێرەدا کەمێک لەسەر ئەم دوو دەقە بوەستم، کە ئەم جۆرە لەدەق زیاتر لەو زمانە سیحرییە نزیکمان دەکاتەوە کە بەشێک لەئەدەبی لاتینی داگیرکردووە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە ئەمان نەیانتوانیوە لەو لۆکاڵیەتی نووسین کە لای ئێمە هەیە خۆیان ڕزگار بکەن، واتە تەکنیکەکان لەئاستێکی دیاریکراودا بەکارهاتووە، ئەمەش وادەکات وەک دەقێکی لۆکاڵی لێکدانەوەی بۆ بکەین، ئەگەر نا سوود وەرگرتن لەو تەکنیکە هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی دەقێک لەئاستێکی تردا، کە هەم کارەکتەر هەم گێڕەرەوە هەم پێکهاتەکانی تر بەرەو کتوپڕییەکی سەیر یان لێکدانەوە و تێڕامانێکی ترمان دەبات کە بۆ ساتێک لەبەردەم حاڵەتێکی نائاسایی دەمانوەستێنێت، ئەوەی لەم دوو چیرۆکەدا بەدیدەکرێت ئامادەیی ئەم کتوپڕیە لەئاستی داواکراودا نییە، بەمەش توخمەکانی تر ناتوانن ئەم لایەنە بەتەواوەتی پڕ بکەنەوە، بەڵام کاتێک تەماشای دەقەکەی ئارام دەکەیت، هەست دەکەیت پێشتر چیرۆکێکی لەم بابەتەت خوێندووەتەوە یان پێیدا تێپەڕیوویت، لەبەرئەوە لەهەندێک برگەدا ڕاتدەگرێت، دواجار لەبەردەم هەڵوێستێکدا ڕاتدەگرێت، ئایا تۆ بوویتایە چیت دەکرد، چیرۆکەکەت تەواو دەکرد تا هەموو لەئابڕوچوونەکان بگەن، یان دەستکاری زەرفەکەت نەدەکرد، یان ئەوەتا هەستت دەکرد پێویستە لەسەرت درۆیەک کەشف بکەیت، یان دوای کەشفکردن ئایا درۆ کۆتایی پێدێت؟ ئەم چیرۆکە هەڵگری چەندەها پرسیارە کە پێویستە خوێنەر بەشێوەیەکی جیاواز بیر لەچەند چارەسەرێک بکاتەوە، نەکا بگاتە ئەوەی نازانم چی بکەم.

ریتم لەچیرۆکەکاندا لەسەر چەند ئاستێک دەردەکەوێت، ئەو چیرۆکانەی پشت بەزمان و وشە دەبەستن هەندێکجار لەزمانی شیعر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا نزیک دەبنەوە، کە دەکرێت هاوشێوەی جۆرێک لەلیرکیەت بێت، بەڵام ئەو چیرۆکانەی گێڕانەوە لەسەر بنەمای وەرگر و ئاڕاستەکەر دروست بووە لێرەدا ڕیتم بەپێی ڕووداوەکـان بەرز و نزم دەبنەوە، واتە لێرەدا ڕیتم لەو رەوتـە یەک ئاڕاستییە لادەدات و دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی وەرگر لەیەک ئاست و پێگەدا نەتوانێت بوەستێت و لێکدانەوە بۆ ئاماژە و ئاماژەپێدراوەکان بکات، کەواتە ڕیتم لەسەر چەند بنەمایەک لەم

چیرۆکانەدا بوونی هەیە و کالێک لەگەڵ هارمۆنیتیەی ڕستە دەکەن و جۆرێک لەئاڵوگۆڕی میلۆدیانە دروست دەکات کە بۆ خودی وەرگر پێویستە، بەڵام لەو دوو چیرۆکەی عەتا و تواناادا ڕیتم ناکرێت بەهەمانشێوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، لەبەرئەوەی زمان لەوێدا لە نەستەوە نزیکە و نایەوێت وێناکان نیشان بدات، وەک ئەوەی پێشتر باسمان کرد کە زمان لێرەدا گێڕەرەوە نییە بەڵکو ئاماژەیە بۆ حاڵەتی ناماتریالی، کە ئەمەش بەتەواوەتی لەدەقەکەی عەتادا بەدیار دەکەوێت، بەشێوەیەک دەتوانین ڕیتم لەم چیرۆکەدا لەسروتێکی بەر خەلیقەت دەچێت، واتە لەسروتێکی پڕ دەربڕینی گۆرانی دەچێت، لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەم چوار ئەزموونە لەهەموو ڕوویەکەوە لەیەکتر جیاوان و خوێندنەوەی هەر چواریان پێکەوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دەکرێت لەهەمان ڕاستادا هەندێک لێکچوون لەگەڵ زۆرێک لەجیاوازی لەنێوانیاندا بدۆزینەوە .

یەکێک لەخاڵە جیاکانی ئەم ئەزموونانە ئەوەیە هەر یەکەیان دەیەوێت شتێکمان بۆ بگێڕێتەوە، وەک چۆن ژیانی هیچ کەسێک لەویتر ناچێت بەهەمانشێوە چیرۆکی هیچ کام لەنووسەرانەش لەویتر ناچێت، ڕاستە هەرچواریان چیرۆک دەنووسن، بەڵام هەریەکەیان بەشێک لەژیان و بوون دەگێڕنەوە کە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی لەناو یەک بازنەدا چیرۆکەکانمان نەنووسینەوە، جۆرێک لەگێڕانەوەمان نەبێت، سار و بیرکردنەوەکان جیاواز بن، بەڵام ئەوەی گرنگە چێژوەرگرتن لەهەر ئەزموونێک جیاواز بێت، لێرەدا دەق لەنووسەرەوە بۆ منی خوێنەر دەگوازرێتەوە و دەتوانم بەشێک لەتێگەیشتنی خۆمیان بەسەردا زاڵ بکەم، بەڵام لەشوێنێکی تر و لەلای وەرگرێکی تر مەسەلەکان دەگۆڕێت، لێرەوەیە خوێنەر و خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەق دروست دەبێت، وەک لەسەرەتاوە گوتم خوێندنەوەی چوار ئەزموون کارێکی ئاسان نییە لەهەمانکاتدا خوێندنەوەکەش بێ کەموکورتی نابێت، بەڵام هیوادارم توانبێتم چەند سەرخەتێک لەبارەی ئەو چوار دەقەوە بدەم

# نتیزمی ڕووسەکان لە سەردەمی گۆگۆل و پوشکین

■ بەیان سەلمان

٢٠١٠ساڵی میوانداریێتی ڕووسیا بوو لە فەڕەنسا، مۆزەخانەی ژیانی ڕۆمانتیزم لە پاریس پێشوازی لە ٧٥ بەرهەمی هونەریی هەمەجۆر کردبوو. بەو بۆنەیەوە چەند پەیکەرێک و ئیکۆن و تابلۆی هونەرمەندە ناودارەکانیان نمایش کرابوون. هەموو بەرهەمەکان لە نێوەندی سەدەی هەژدە بۆ سەدەی نۆزدەدا، واتە بۆ سەردەمی قەیسەر ئەلکسەندەری یەک ١٧٧٧-١٨٢٥ و براکەی نیکۆلای یەک ١٧٩٩-١٨٠٣ دەگەڕێنەوە. کۆی بەرهەمەکان لە مۆزەخانەی تریتیاکۆڤ لە مۆسکۆوە بۆ پاریس گواسترابوونەوە.

بەرهەمی ڕۆمانتیزمە ڕووسەکان لە ئەوروپا هەتا سەردەمی قەسەر میشێل ڕۆمانۆڤی یەک لە سەدەی حەڤدەدا نەناسراو بوون، ئەم ناسینەوەیەش لە ئازایەتیی و بلیمەتی ئەوەوەیە. لەهەمانکاتدا وەک میراتگریی سەدە ناوەڕاستەکانیشە. ئەم قوتابخانەیە بە دەستپێکی سەدەی ڕووناکییەکان ستیلی بارۆکی ئەوروپی لە خۆگرت و گەشەی بە خۆوە بینی هەتا بەشی یەکەمی سەدەی نۆزدە و لەوەدوا «نیو کلاسیزمی» لە خۆگرت. ئیمپراتوریەتی نوێی ڕووسیا بە دامەزراندنی پایتەختە نوێکەی سان پترسبۆرگ کە قەیسەر پێیری یەکەم

له ساڵی ١٧٠٣ بڕیاری لەسەردا، دەستی پێکرد. لەگەڵ ئەم دامەزرانەدا، شازادە کاترینی دوو فەرمانی دروستکردنی پەیکەری «لو کەڤالییە ئێغا» یاخود «شۆڕەسواری ئاسن»، بە دەستی هونەرمەند «فالکۆنیە» بەکرددا. ئەم پەیکەرە دواتر ئەندێشەی شاعیری بەناوبانگی ڕووسی پۆشکینی هەژاند، ناوبراو هەڵبەستێکی درێژی بە هەمان ناونیشانەوە بڵاوکردەوە و نووسەری فەڕەنسی ناسراو «ئەلکسەندەر دیوما» لە سەردەمی دەسەڵاتی قەیسەر ئەلکسەندەری یەک و بە تایبەتی لە کاتی شەڕە خوێناوییەکانی ناپلیۆن لەگەڵ ڕووسیادا، وەریگێڕایە سەر فەڕەنسی و بە بازنەی ئەدەبیی فەڕەنسیی ئەو سەردەمەی ناساند.

دواتر لە سەردەمی نیکۆلای یەکەوە و هەتا ساڵی ١٨٥٥ کۆمەڵە هونەرمەندێکی ڕووسی دەستپێشکەرییان لە نوێکردنەوەی جۆرە هونەرییەکاندا کرد کە هەتا ئەو کاتە تەنها بۆ هونەری نێو هۆڵ و ڕارەوەکانی مۆزەخانەی «کۆشکی زستان»دا تەرخانکرابوو. ئەو کۆمەڵە هونەرمەندە ڕوانگە و بۆچوونی نوێیان سەبارەت بە هونەر پێکهێنا و بەرهەمەکانیان بە ڕەوایی لە دەرگای ڕۆمانتیزمی ڕووسیەوە هاتە نێو مێژووی هونەری جیهانەوە.

ئەگەر باسی ساڵانی نێوان ١٨٢٠ بۆ ١٨٤٠ بکەین ئەوە جیاوازییەکی ئێجگار گەورەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە نێوان ڕۆمانتیزمی ڕووسەکان و وڵاتە ئەورووپییەکانی دی. هەرگیز ناتوانین ڕۆمانتیزمی فەڕەنسی و ئیتاڵی و ئینگلیزی لە هەمان پلەی ڕۆمانتیزمی ڕووسیدا دابنێین. چونکە ئەو وڵاتانە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانتیزمی ڕووسەکان ڕابردوویەکی زۆر دوور و درێژیان لە هونەر و ئەدەبدا هەبووە. لەکاتێکدا بەرهەمی ڕووسەکان لە موزیک و هونەر و هەڵبەستدا تەنها بۆ سەرەتای سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە و بە هاندانی «پێیری مەزن» ئەم لایەنە گەشەی پێدرا.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە هەتا سەردەمی سەدەی هەژدە هونەر تەنها ئەوە بووە کە دەسەڵاتی پیاوە ئاینییەکانی کلێسە ڕێگایان پێدابوو، هەر بۆیە هونەر لە قاڵبە ئاینییەکەیدا چەقی گرتبوو و هونەرمەندی ئازاد و سەربەست و داهێنەر مایەی گفتوگۆ نەبووە و نەزاندرابوو.

سەدەی هەژدە وەرچەرخانێکی بە خۆوە بینی، هونەرمەندە بیانییەکان بەرە بەرە دەگیشتنە ڕووسیا و هونەرمەندە ڕووسەکانیش بەرهەمەکانی ئەوانیان کۆپی دەکردەوە و لەلای خۆشیانەوە ئەوانیش ئیتر گەشتە بچووکەکانیان بەرەو وڵاتە ئەوروپییەکان بە تایبەتی فەڕەنسا و ئیتاڵیا و گەشتە گەورەکانیان بەرەو ڕۆژهەڵات دەکرد، ئەمەش وایکردبوو سوود لە هەموو بواری هونەر و ئەدەبی ئەو وڵاتانە وەربگرن. زۆر کەمی خایاند و ئەو نووسەر و هونەرمەندە ڕووسانە بە ئەندازەیەک کە پسپۆڕانی هونەری سەرسام کرد، شێوازی تایبەتی خۆیان دوور لە کاریگەریی ئەدەب و هونەری ئەوروپی پێکهێنا و سەربەخۆیی خۆیان سەلماند.

بە بڕوای ڕەخنەگرانی ئەدەب، یەکێک لەو نووسەرانە، شاعیری گەورەی ڕووسی پوشکینە کە بە یەکەم نووسەریشیان دادەنرێ، تەنها بەرهەمەکانی ئەو بە بەراورد لەگەڵ هەموو نووسەرە ئەوروپییەکانی ئەو سەردەمە شوێن ڕێز و سەرسوڕمانە. وێڕای ئەوەی ساڵی ١٨٢٠ قەیسەر ئەلکسەندەری یەک حوکمی دوورخستنەوەی پوشکین دەدا، نووسەر لە ماوەی ئەو شەش ساڵەی لە تاراوگە گرنگترین بەرهەمە ڕۆمانسییەکانی وەک «زیندانییەکەی قوقاس» دەنووسێتەوە.

بە باسی نووسەری ناوداریان گۆگۆل، ئەوە ئەو نووسینانەمان وەبیردێتەوە کە لە سەرەتای ساڵی ١٨٣٠ نووسیویێتی، بێجگە لە بەرهەمی ڕۆمانە شیعرییەکەی «ڕۆحە مردووەکان» بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی نووسەرانی فەڕەنسای ئەو سەردەمە «بەلزاک» و

«ستندال» تەواو شوێن سەرنجە، چونكە ئەزموونی نووسینی ئەدەبی لەلای بەلزاك و ستندال زۆر لە پێشتر بووە كەچی بەرهەمەكانی گۆگۆل بە ماوەیەكی كەم بە هەموو جیهان ناسرا. نكۆڵی لەوە ناكرێ كە هاتوچۆی نێوان وڵاتان كاریگەریی زۆری لەسەر گەشەكردنی هونەر هەبووە، ئەمەش وایكرد بەرهەمی ڕۆمانتیزمە ڕووسەكانیش ببێتە بەشێك لە میراتگەریی نێو نەتەوەیی.

لێرەوە دەپرسین ئایا ئەو هونەرمەند و نووسەرە ڕووسانە بە ڕۆمانتیك دادەنرێن؟

بەڵی، بەڵام لەهەمانكاتدا ئەوان بە كلاسیكیش لەقەڵەم دراون. ڕوونە لەلای پسپۆڕانی ئەو بوارانە كە ڕۆمانتیزم لە هاودژی كلاسیك هاتۆتە كایەوە، كەچی لە ڕووسیا ئەم لایەنە پشتگوێخراوە و هەتا ڕادەیەكیش تێكەڵبووە، چونكە لە لایەكەوە ئەو هونەرمەند و نووسەرانە دەبوایە وەدووی ئەزموونی نوێی ڕۆمانتیزم بكەون، لەلایەكی دیكەوە دەبوو ڕێز لە هەندێ یاسا و قاڵبە كلاسیكەكان بگرن. هەر ئەم دوو لایەنەشە تایبەتمەندی بە قوتابخانەی ئەدەب و هونەری ڕووسی داوە و لە بەرهەمی ئەوروپییەكانی جیاكردۆتەوە.

هەر وەك باسمان كرد كە وێنەكێشانیش لە ڕووسیا بە چەشنی موزیك و ئەدەب بە گەشتكردنی هونەرمەندەكان دەستیپێكرد. هونەرمەند «كارل باڤلۆڤیتش بریۆلۆڤ» نموونەیەكە لەو هونەرمەندانە كە لە ساڵی ١٨٢١ و لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا لەلایەن كۆمەڵەی پشتگیریی هونەرمەندان نـاردرا بۆ ڕۆما و هەر لەوێ ساڵی ١٨٣٠ تابلۆی «دوا ڕۆژی پۆمپێیەی» كێشا و تابلۆكە بووە مایەی نەمریی ئەو هونەرمەندە كە لەو بارەوە وتراوە :» تابلۆی «دوا ڕۆژی پۆمپێیە» سەرەتای هونەری وێنەكێشانی ڕووسیە» .

هونەرمەندێكی تری هەمان ماوە بەڵام لە تۆماركردنێكی تەواو جیاواز لە بریۆلۆڤ، هونەرمەند «سیلڤیستر تاتشیدرین» كە بە یەكەم

وێنەکێشی سروشتیشیان دادەنرێ. هەستیاری ئەو هونەرمەندە بەرامبەر بە جوانی ئاسمان و شیعریەتی وێرانە، واتە پاشماوەی شوێنەوار پلەیەکی ئیستاتیکی خستۆتە سەر بەرهەمەکانی. لە تابلۆی «خەرمانەی مانگ لە ناپل» بە چاکیی رەشبینی و رەنگدانەوەی خەواڵویی شوێنەکە تێبینی دەکرێ. دەپرسین ئەگەر ئەمەش ڕۆمانتیکە؟ بەڵێ، وەلێ بە فیلتەرێکی سروشتی کلاسیکی ڕووسیدا تێپەڕیوە.

جگە لە دوو تابلۆی دیکە کە یەکێکیان پۆشکینە بە فڵچەی «ئوتکین» و گۆگۆل بە فڵچەی «مۆلەر»، چەندین تابلۆی تریش شوێن دەستی ئەو هونەرمەندە ڕۆمانتیکانەی ڕووسیا ڕوون دەکەنەوە. تابلۆی «دوو خانمی شازادە» بە دەستی بریۆلۆڤ کە رەنگی ئاویی تێدا بەکارهێناوە و هەردوو خانمەکە بە شێوەی دانیشتنی یەکێکیان و ڕاوستانی ئەوی تریان، بە رەنگی جلوبەرگەکانیان و پشت لە سروشتێکی هێمن، نمونەیەکی ترە لە ئەزموونی ڕۆمانتیزمی هونەرمەندە ڕووسەکان.

لە پۆرتریتی «ئیگۆر ئیڤراڤۆڤیتش» بە فڵچەی «کیپنیسکی» ڕووناکی خراوەتە سەر دەموچاوی سەربازە لاوەکە، لە تەماشایەکی خەواڵوودا رەنگەکان لە تۆنێکی کاڵ و هەتا ڕادەیەک بۆرباو نزیک لە پێنووسی رەش، رەهەندێکی تایبەتی بەم تابلۆیە داوە. هونەرمەند تەنها بەو شێوەیە ستیلی خۆی وەک یەکێک لە ڕۆمانتیزمەکان دەسەلمێنێ.

لەو تابلۆیانەی سروشتی ڕووسیمان بە شێوەیەکی ڕۆمانتیکی بۆ دەخەنە بەرچاو تابلۆی «پەڕینەوە لە دینیپر» هونەرمەند «ئیڤانۆڤ ئەنتۆن ئیڤانۆڤیتش»، سێ کەسایەتی لە سەر بەلەمێک کێشاوە، یەکێکیان ئیڤانۆڤ خۆیەتی و یەکێکی تریان نووسەر گۆگۆلە. لە ڕووبارێکی هێمن و لە ئێوارەیەکی هێمنتر، رەنگەکان و

کەسایەتییەکان لە ڕووبارەکەدا ڕەنگدەدەنەوە، دوا تیشکی خۆرەتاو هێڵێکی بەرەو ناخی ڕووبارەکە کێشاوە و وێنەیەکی پڕ خەون لە پێناسەی شەوێکی تایبەتیدا ئامێز بۆ ڕۆمانتیکیەتی سەدەیەک کردۆتەوە.

تابلۆیەکی گرنگی تری ئەم پێشەنگایە، بە دەستی هونەرمەند «ڤۆروبییێڤ»، تابلۆی «هەورە تریشقە»یە، لێرەدا هونەرمەند ڕاپەڕینێکی دژ بە سروشت داهێناوە، تێیدا هەورە تریشقەیەک بە هێڵێکی سپی لە دارێکەوە تێپەڕیوە. ئەم یاری نێوان سێبەر و ڕووناکی و تاریکییەکی زاڵ بە سەر سروشتدا نیشانەی ئاگادارکردنەوەی مرۆڤە بەرامبەر بە مەترسی سروشت، لەهەمانکاتدا بێ دەسەڵاتیی مرۆڤیشە و سیمبۆلێکە بۆ کارەساتە جیهانییەکان.

لە هەردوو تابلۆی «دیمەنێکی ناوەوە»، هونەرمەند «تیخوبرازۆڤ» دیمەنی دوو خانمی کێشاوە لە نێوماڵدا دانیشتوون، ئەو دوو وێنەیە بەڵگەنامەیەکە لە سەر ژیانی ئەریستوکراتە ڕووسەکانی ئەو سەردەمە، لەلایەکەوە هونەرمەند بایەخی بەلایەنی کەلوپەلی نێو ژوورەکە داوە، لەلایەکی تریشەوە وێنەیەکە بۆ داخراویی جیهانی ئەریستوکراتەکان.

لە تابلۆی «سروشتی شارێک» لەودیو کاغەزێکی شەفافدا، هونەرمەند «تۆلیستوی فیۆدۆر بیترۆڤیتش» تابلۆیەکی بۆ هەڵخەڵەتانی چاو کێشاوە، دیمەنی شارێک لەودیو کاغەزێکی چرچ و لۆچەوە، ڕاستی و ئەندێشەی تێدا تێکەڵ کردووە، ئەم تابلۆیە هەستی ئەوەمان لەلا دروست دەکات کە تابلۆکە تەواو نەبووە، بەو جۆرە ڕۆمانتیکیەتی کارەکە دەسەلمێنێ و پلەیەک دەخاتە سەر ئاستی داهێنانی.

گرنگیشە باسی «بۆڵشۆی» بکەین کە بە ڕۆحی ڕۆمانتیزمی ڕووسەکان دادەنرێ، شانۆی «بۆڵشۆی» بە واتای «شانۆی گەورە»یە، لە ساڵی ١٨٢٥ لە شوێن شانۆی پیترۆڤیسکی دامـەزرا و بە هۆی ئاگرەوە بە تەواویی لە ناوچووبوو. ئەم شاکارە وەرچەرخانێکی

گەورەی لە مێژووی هونەری ڕووسیا دروستکرد. «بۆڵشۆی» لەو ساتە وەختەوە بۆیە مەڵبەندی ئۆپێرا و هونەری کۆریگرافی و نمایشی موزیک و دەیان شاکاری ئەدەبی ڕۆمانتیکەکانی لێ نمایشکرا.

پووختەی ئەم ماوەیە لە سەردەمی ڕۆمانتیزمی ڕووسەکان لە هونەردا خۆی لە چەند بۆچوونێکدا کورت دەکاتەوە: سروشت لەلای ئەوان بە ڕووناکییەکی زیوی داپۆشراوە و ئاسمانێکی تاریک باو، وەلێ شەوێک بە ڕەنگی سپی وێناکراوە. کاریگەریی گەشت و بەرهەمی هونەریی و ئەدەبی وڵاتانی ترەوە بەسەر ڕووسەکان و دواتریش هی ئەمان بەسەر کلتووری ئەوانەوە. هەمە جۆریی بەرهەمەکان لەو سەردەمەدا بایەخێکی زۆری خستۆتە سەر جۆری هەڵبژاردنی بابەتەکان تا فۆرم و ناوەڕۆکێکی تایبەتی بەخۆی داوە. ئەمانە هەمووی فلّچەی ئەو هونەرمەندانە کێشاوێتی و پەڕی ئەو نووسەرانە دایڕشتۆتەوە کە لە ناخی ڕۆمانتیزمەوە بەهرەیان سەریهەڵدابوو.

# بەرزەخ و پێچەکانی پاکبوونەوە

**بەیان سەلمان**

گەشتێکی سەیرە
لە پانتاییەکی نێوان بەهەشت و دۆزخدا
بازنە بازنە سەردەکەوتم و دەگەڕام
بۆ خاکێک دەگەرام
خشتەکانی کەسی پیرۆز نەبن
و نە «میتێک» ڕابەریان بێ
ئا لە وێدا، واتا بەرهەم دێ و
بەری ڕووباری سەحەرێک بەردەبێ
ئەو کاتە
وشەیەکیش لەو قوژبنی کەونەدا لەدایک دەبێ و
لە باخچەیەکی زستانیش شەو دەکاتەوە

من چاوەڕوانی شەو ناکەم تا
بە ئەزموونی خێڵ ڕۆژکەمەوە، نە
پەیمانی یەقین لەگەڵ پەڕەی پیرۆزدا دەبستم
کەس لەوێ هەڵە نیە، نە کەسیش یاخیی
نە کەس مردوو و نە کەسیش زیندوو
ئەوێ پانتاییەکی ڕەهایە
پرسیاری ئیبلیسەکان بە ڕێوەی دەبەن
هەر دەبێ بۆشی بڕۆین
چاوی ڕۆح بکەنەوە و بڕوانن ئەوێ کوێیە!؟
دەشت و دەڤەری بەهانەن و
لە ئێمە وەڕسن، ئێمەش هەمیشە وەڕسین
کێیە ئەو ڕەچەڵەکەی...

لە خواوەندێکەوە دادەبەزێ
بۆ جاریکیش فەرمانەکانی دەگەێنێ؟!
تۆ هیچ ناڵێی و وەک من دەگەڕێی
بۆ شەپۆلێک خۆی لە ڕۆح بدات و
بە یەکجار پاکیکاتەوە

تۆ و من
بۆ خواوەندێک دەگەڕێن
ئاسنگەر نەبێ، شیرەکانی
لە قینی ڕۆح تیژنەکاتەوە
لەبیرتان نەچێ ئێمە
سەردەکەوین و ڕێگای
دابەزین چیتر نیە

من و شاعیر وێنەیەکی فاوستین
وێرای جوانی بەدوی شتێکدا وێڵین
نە خۆشی دەبەینەوە، نە ڕۆحیش دەکڕینەوە
لە کۆتاییشدا هەردووکمان
لە یەک کاسە دەتوێینەوە

من جۆگەلەیەکیشم
لە ڕۆحی شاعیرێکەوە هەڵدەقوڵێم و
بە بەرزەخدا تێدەپەڕم، ئەوجا
لە ناخی دۆزخ دەگیرسێمەوە
بەهەشتیشم هەر ناوێ

من و هاوڕێ شاعیرەکەم
لە دەربەندێکی دڕکاوی و
پڕ لە ئاخ بە ڕێ کەوتین تا
دواجار لە ئاوی پاکبوونەوە بخوێنەوە و

دیسان توی هەتاو بڕوێنینەوە
ئەوێ چاوی ئاسمانە و دەرگاکانی
بەسەر چاوی هەستمدا داخستووە
بڕوا بەو پاڕانەوانە ناکات، پشتیش
بە هەڵبەستی شاعیرێک نابەستێ

چ خاکێکی نەخۆشە ئەوێ و
چاوەڕوانی تۆفانێکە تا دیسان
لە سفرەوە دەستپێکەینەوە

من و شاعیری هاوڕێم دەگەڕاین
پاش دۆڕانی هەموو شتێ هەر دەگەڕاین
بۆ ئەو سنوورانەی کەشتیەک بەڕێ دەکەن
تا بگەینەوە لێواری حەق
دیسان دەگەشتینەوە ڕووباری پاکبوونەوە
ئەوێ بەرزخە و ئێرە بەرێکی تاریکی بەهەشت
هەر کۆتایی دوامان دەکەوێ

نە بەری دەریا، نە سنووری هیچ، دیارە
نە دەنگ، نە گۆڕانی و نە شادی
ئێرە کەناری فرمێسکە و تەنها
ڕووبارێک ئاوی لێدەخواتەوە

من و هاوڕێ ناسکەکەم
بۆ ئەوەی بگەینەوە ئەوسەری بەرزەخ
تاقە دەرگای باوەڕمان شکاند
گۆڕی هەموو هەڵەکانمان هەڵدایەوە
تا جەستە بدۆزینەوە و ئەم جارەش
بۆ گۆڕی ژیانی بەرینەوە
ئای هاوڕێکەم!

چەند وشکبوو ئەو ڕووبارە پیرۆزە
وشەی لەسەر لێوم ڕەق دەکرد و
هەرچی وێنەبوو لە ڕۆحمدا دەیسڕیەوە

گۆناه و پاکبوونەوە
شوێنەواری پەنجەیەکی بێ نینۆکن
چیتر ئاماژەی پێناکرێ
نە تامی دۆشاوی پێ دەکرێ

من و هاوڕێ شاعیرەکەم
جارێکی دی کەوتینەوە ڕێ
بە شوێن وشەیەکەدا گەڕاین
پشتمان بە هەموو ساتە خۆشەکان بەست
نە وشە، نە شیرینی،
نە تارمایی خەونێکشمان بەدی نەکرد
پاش شەڕە خوێناویەکانی دڵمان
بێ وچان دەچووینەوە سەر ڕێگای هزر
بەردمان دەگرتەوە شار و دیسان
گۆڕی نامەکانمان هەڵدەدایەوە
ئەوجا ڕێگای شێتیمان دەگرتەوە بەر

لەگەڵ شاعیری هاوڕێم
پێمان لە بازنەی ئەو کەنارانە گیردەکرد
و دەپسان
خۆمان لەهەرچی ئاو هەیە دەدا و
مەلەمان نەئەزانی
دەمانویست بگەینە ئەوپەڕی پردێک و
دەڕوخا
بە نێو مەیتی وشەکاندا دەڕۆیشتین
ئەوجا چنگمان لە ڕەگی هیوا دەگرت

هەر ئەو ساتە
چاوم بە ئەستێرەیەک پۆشی
کەچی مانگ پشتی تێکردم

هاوڕێ شاعیرەکەم و من
دوور لە خاکی دایک
پارچە شیعرێکی سەوزین
ڕەبەنێکی سرووشتین و خۆر دەپارێزین
تەنها لەو پانتاییەدا، خوا لێمان دەگەڕێ
بە هەوەسی خۆمان بیرکەینەوە
هەر لەوێ بە خۆمان بگەینەوە
ئەوێ دەشتێکی ونە و
شاعیریش هەر لەوێ خۆی دەدۆزیتەوە

هاوڕێم
چاو بنووقێنە و سەرکەوە
دڵنیایی لە هیچ کوێیەک نیە
گومانیش پەڵەیەکی کوێرە و
بە دوی ڕووناکیدا وێڵە

تۆ شاعیری و
ئەوێش دەشتێکی قوربانیە
ئەمەش هەڵەیەکی ڕاستی خەیاڵە کە
لە خوارەوە بەرەو سەرەوە دەجووڵێ و
لە کۆتاییەوە دەست پێدەکات
تۆ چەقۆی ئەو «زیکرانەت» لەبیرچوو کە
حاڵی پێدەکردی و لە پەنای ئیشقدا
هەر بڕوات بە تاریکی مرۆڤ دەکرد؟

تۆی شاعیر
نە لە خواروی کەسەوەی، نە لە سەروو
نە لە باشترین مرۆڤەوە پەیدابووی و
نە لە خراپترین بوونەوەرەوە هاتووی
تۆ لە مردن نەرمتری و لە ژیان ڕەقتر
هەڵبەستەکانم بە دیواری تۆ دەشکێن
هیند بە حەسرەتەوە ڕەقی
ژیانیش دەستبەردارت دەبێ

دوی هەنگاوی شوپۆلەکانم کەوە و وەرە
لە بازنەکانی بەرزخەوە سەرکەوە
ئەوێ پاکبوونەوەی لێ نیە
ئێرەش بە گەشیی پیرت دەکات
لە هەردوولاش لێبوردون نیە

تۆی هاوڕێ
تامی میوەیەک دەکەی کە
بە کرمی ئادەمیزاد بەنە
دەرگای وەرزێک دەکەیتەوە کە
بە ڕوونی نابینێ
هەند نزیکە و هەر هیچ نابینێ
تۆش...
توینیتە و ڕووبار نابینی
سەرماتە و خۆر نادۆزیتەوە
وەرە... و
قاچت لە قووڕی ئەو ململانێیە دەرکە
پەندێک لە ڕۆحی ئاگرەوە وەرگرە
و... وەرە
دەست بەرداریی ئەو پەتا ڕەشەبە

ئەو هەموو مەراقە ڕیسواکە و
بە بازنەکاندا سەرکەوە
ئەگەر ئەوێ بەهەشتیش بێ
هەر پاکبوونەوەی لێ نیە

دەنگی تۆ
جاڕی قوژبنێکی بەرزەخە و
بەتەمای ڕەوانیی مەبە
بڕۆ...

لەو پێچی حەسرەتانە مەوەستە
پێم گوتی...
پاکبوونەوە لەوێ نیە
فیردەوسی ئیشقیش دوورە
سەرکەوە بەرەو جوغزی بەندەرێک
کە گوێت لە دەنگی پێغەمبەرێک بوو
بڕۆ، مەوستە، ئەوێ سەرەتایی کۆتاییە
حەیا لە غەمی مرۆڤدا دێتە شەرم و
دڕندەکانیش دەبنە باڵندەیەک و تاردەبن
هیواش بەرەو دۆزخ دەپەڕێتەوە

ئا لێرەدا
کەس پاڵە پەستۆ ناکات،
نەکەسیش بیر لە یاخیبوون دەکاتەوە
هەموو لە باوەشی یەکداین و
هەمووش تاق و تەنیا
لەوانەیە شاعیرێک بمێنێتەوە و
باسی دوا گەشتی زستانی بگێڕیتەوە
ئەوسا سەر لە نوێ

ئەگەر تاریکیی بەرەنگارمان نەبۆیەوە
ئەوە وانەکانی وشە دەسپێکەینەوە
لێرەدا گەشتەکەمان کۆتایی پێدێ و
بەتەواوی دەرگای دۆزەخ دەبەینەوە

**پاریس ٢٠١١**

**بەیان سەلمان**
ماجستێر لە ئەدەبی فەرەنسی و ئەدەبی هاوچەرخ
بڵاوکراوەکانی:
رۆمانی ‹›بوراق›› بە زمانی عەرەبی
رۆمانی ژیان نامەی ڕەو››تلک الغیمە الساکنـە‹› بە عەرەبی
دیوانی شیعر بە عەرەبی ‹›انا کما فی حکایات الجنیە‹›
وەرگێڕانی ڕۆمانی سەلیم بەرەکات لە عەرەبیەوە بۆ فەرەنسی››کهوف هایدراهوداهوس››
دوو بابەتی کوردی تەواوبوونە و بۆ چاپکردن ئامادەی دەکەم:
رۆمانێک
یەکەم دیوانی شیعر

# فایەق بێکەس
## ئەگەڕێتەوە بەر دەرکی سەر!

شێرکۆ بێکەس

دە ساڵ جارێ
بەر لە نەورۆز
باوکە مۆڵەتی دووسێ ڕۆژ
لەخوای گەورە وەرئەگرێت و
ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ!
بۆنی باوکم وەکو بۆنی
خۆشی مۆرد و
بۆنی نێرگز
دوور دوور ئەڕوا
بۆیە ئیتر
وەختێ زانیمان وا ئەگا
هەموو ئەچینە بەردەرگا
دایکم پۆشاکە کوردییەکەی
لەبەر ئەکا
بەڵام شەرم و سەرپۆشەکەی
لە ژوورەوە فڕێئەدا
هەموو ئەچینە بەردەرگا
خوشکەکانم وەکو ئەستێرەی سەوز و سوور
بەناو یەکدا دێن و دەچن و
ئەیکەن بە گۆرانی و سەما.
لە سیلەی کۆڵانیشەوە
وەختێ باوکم دەرئەکەوێ

چاومان لێیە
قاتێکی سپی لەبەردا و
هەڵاڵەیەک بەدەستییەوە و
چەند بولبولێ لەسەر شانی
نیشتوونەتەوە و
شان بەشانیش ئەرخەوانێ
لەگەڵیایە و ورد ورد ئەڕوا
باوکم ئەگاتە بەر دەرگا

لە خۆشیاندا
دایکم «هەل هەلە» لێئەدا
هەل هەلەکان زۆر درێژن و
تیایاندایە تا ئەوپەڕی
گەڕەک ئەڕوا
دایکم لە ڕەشەڕێحانەی
ناو حەوشەکەی خۆمان
سێ چوار پەلکی پێشکەشئەکا.
ئێمەیش بە ماچ و بابەگیان
بەتریقە و بە قریوە دایئەپۆشین.

لە پاش تۆزێ
بە بولبول و ئەرخەوان و
بەهەل هەلە و بەشیعرەوە
هەموو ئەچینە ژوورەوە.
باوکم لەسەر کورسییەکەی جارانی
دائەنیشێ
لە پشت سەریەوە ئەرخەوان
وەکو بوبێ بە پاسەوان
ڕائەوەستێ.
دایکم ڕووی تێئەکا و ئەڵێ:

- فایەقەفەندی! لاوازبووی
زۆر لاوازبووی!
وەکو توابیتەوە وایە!
باوکم ئاو ئەزێتە چاوی و
لە دواییدا بە گوڵێکی دارئەرخەوان
چاوی ئەسڕێ و
ئینجا ئەڵێ:
- بۆ مەراقی کورد ئەهێڵێ؟!
شەفیق! لەوێش خەمی ئێوە
وەکو سەیوان لەگەڵمایە
شەفیق! لەوێش
لەمەملەکەتی خودایشدا
ئەم کوردستانە تەنیایە!
ئەو شەوانە، دوو قوربانیی
زۆر گەنج و قۆز
بوونە هاوسێم
لە نووکەوە، لە حەڤدەی دووی گوڵاڵەوە
چی ڕویدابوو، هەمویان بۆ گێڕامەوە!
شەفیق! من هەر بەناو لەوێم
بەڵام بەجەوهەر و بەڕوح.. بە دەنگ
عەشق و شیعر و خەیاڵاتم
وا لەبەر دەرکی سەرایە!.
باوکم تۆزێ بێدەنگ ئەبێ
لە دواییدا
داوای قەڵەم و کاغەز و لاستیکی خەت کوژانەوە و
قەڵەم دادانمان لێئەکا
ئەسا ئیتر
من هەڵئەسم
ئەوەی داوایکرد ئەیهێنم
دایکم ئەڵێ:

- فایەقە فەندی! بۆ ئێستاش
شیعر ئەنووسیٚ؟!
باوکە ئەڵێ
- ئەی چۆن شەفیق؟! بۆ نازانی
لەوە دنیاش
خودایش بەبیٚ شیعر ناژی؟!
باوکم دەست ئەکا بە نووسین
ناو بەناویٚ دارئەرخەوان
شتێکی بیر ئەخاتەوە.
هەر ئەنووسێت و ئەنووسیٚ
چوار پێنج پەڕە تەواو ئەکا
لە دواییدا قەدیان ئەکا و
ئەیانخاتە بەر باخەڵی.
لە پڕێکدا باوکم هەڵئەسێت سەرپێیان
دایکم ئەڵێ:
- ئەوە بۆ کویٚ؟! فایەقەفەندی!
ئەوەندە نابیٚ گەیشتی
ئاخر بۆ کویٚ؟
- شەفیق! ئەڕۆم! ئەبیٚ بڕۆم.
بۆ بەر سەرای جارانی خۆم
بۆ ناو ئاپۆرەی ئازادی.
دوای هەشتا ساڵ
دیسانەوە «وەتەن»ە کەم
شیعرێکی تازەی پێنووسیم!
ئاخر شەفیق!
ئەو بەر سەرای ئازادییە
بیٚ «فایەق بێکەس» چۆن ئەبیٚ؟
ئەبیٚ بڕۆم..
شیعرەکەی خۆم بخوێنمەوە.
شەفیق! تۆیش ئەبیٚ بێی

له بیرت چوو؟!
«مەلیش بەباڵێک نافڕێ!»
ئەبێ بڕۆین.. هەموو بڕۆین
بە منداڵ و بە پەپوولە و
بە شیعرەوە
هەر ئا ئێستا
بۆ بەر سەرا!.

**نیسانی ٢٠١١**
**سلێمانی**

# رامانەکانی ئاگرپەرستێک

■ ئەحمەدی مەلا

ئاگرپەرستێکی مەدهۆشبووم
لە پەرستگاکانی سەردەشت،
مێزەرکەم تەنها خوناو و
پڕدێنەکەم ئالآبووە جوانیی.

ئاگرپەرستێک بووم
لە هەیوانەکانی پەنگر
دڵی خۆم بەوە دەدایەوە
باوباپیرانم توێشویان
گزنگ و
لە جیاتی بازوو
پەڕوباڵیان لێ دەڕوا.

شەوان هەردوو لەپم
تیری ڕووناکی دەبوون
دڵۆپ دلۆپ تاریکیی
میهرەبان
دەڕژانە بیلبیلەکانمەوە.

جەژنان
خۆم بە سوتماکە هێورەکان
سواغ دەدا
لەبەرم دەڕۆیشت

خەت و ختوورە
دەرژانە بیرەکەی برایمەوە.

ئاگرپەرستم
لە سەر ئەم سەکۆیانە
لیمۆ و شەمامەکان
بە سەر لبادی ئەبەدییەتدا
غل دەکەمەوە...

رۆندکی مۆمێکم
یا پزیسکێ
سێبەرەکان دەلەرێنمەوە
تارمایی لە بەر پێم لە دایک دەبێ...

دوا خەونەکانم
بە سەر تەنافی مالآن هەلّواسی
مێروولەگرێ
هێلّەکانی ئاسۆی شەق دەکرد.

شەهەوەتی گڕ
لە نێرگزەوە تا بەهەشت
موژدانەی دەبەخشییەوە
هەموو ڕچەکان بە بێ ئامان
دەگەیشتنەوە ناولەپم...

عەبا شینەکەی ئاسمانم
دایە سەرشان و
بە بیابانە سەرابییەکاندا
ئاوا بووم.

ئەستێرەیەک هەڵهات
لم کەوتە گۆرانی
درووودێک بە ژێر زمانما
ژیلەموو
دونیایەک داگیرسا.

گەڕامەوە
نێو سرووتەکانی سەرەتا
مێزەرم خووناو
پڕدێنەکەم ئاڵابووە جوانی.

دەگریام و هۆن هۆن
شیعر
بە باڵایی جەستەم دا
دادەباری...

٢٠١١

# ئاوێزانبوون

**رەفیق سابیر**

تۆ دەزانیت ئێمە لە کوێین؟
چەند دوور چوین و
بەرەو کوێ باڵمان گرتووە؟
تۆ دەزانیت ئەشق تا کوێ
ئێمەی لەگەڵ خۆی بردووە؟

ئێمە ڕۆحمان بەیەکتری سپاردووە.

قەت ناپرسم لە کوێ بوویت و
بۆ کوێ دەچیت
لە هەر جێ بیت
ئاساییە
چەند لێم دوور بیت
هەر نزیکیت
دووری چییە؟

گەر بە جەستە لای من نەبیت
لای هەر کەس بیت
گرنگ نییە
هەر تۆ شاد بیت بەرگە دەگرم
جەستە چییە!
ئێمە ڕۆحمان تا هەتایە
ئاوێزانی یەکترییە.

# من کەس نیم ئەگەر تۆ یەکێکی بە منیش بڵێ کێم

■ ڕامیار مەحمود

ئازیزەکەم گریمانی ڕۆژێکی خۆش بکە
دونیا زۆر بەرەو خراپی دەچێت
من کەس نیم ئەگەر تۆ یەکێکی بە منیش بڵێ کێم
دڵم خۆشی نازانێت چی ئەوێت
ئازارەکانم نابەڵەدی کردووم
گریمانی ژیان بکە وەک خۆی چۆنە
بەڵام من کەس نیم
هەتا زیاتر بنوسم زیاتر لە خۆم ون ئەبم
هەست ئەکەم بەردەوام بەجێ ئەمێنم
ئەو هەستە ناخۆشە چییە هەست ئەکەیت جیهان لە دەرەوەی تۆیە
ئایا بە ڕاست تۆ لە دەرەوەی جیهانیت
ئەگەر هیوایەکی بچوکیش هەبێت
ئەتوانم منیش بێمە ڕیزەوە
ئینسان ئەگەر بە تەنها عەقڵ بوایە
ئیشەکە ئاسان تر ئەبوو
ئێستا ژیانم خۆشە ئەگەر وازم لێبێنن
نازانم ئەم دەردو ئازارە بۆ بەرۆکم بەرنادات
ئەو پاساوانەی مرۆڤ بۆ کۆیلە بوون هەیەتی زۆر لاوازە
هەموو مرۆڤێک چەند خولەکێک پێش مردن ئەڵێت:
ئاخ بۆ بە شوێن ئازادییەوە نەبووم
من وەک هەموو کەسێک ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمرم
بەڵام هەموو کەس ئەو ژیانە ناژی کە خۆی هەڵیبژاردووە (سوپاس بۆ سارتەر)

ئێستا خەریکە بێزار ئەبم
لە نوسینەوەی ئەو شتانەی بەجێیان هێشتووم
چونکە بروام بەوە نییە نوسین مرۆڤ لە بە جێمان ڕزگار بکات
ژیان کەڵکی ئەوەی نییە بیری لێ بکەیتەوە
تەنها ئەتوانی بیکەیت
ئەگەر ژیان درۆ نەبوایە
ئەمردین لە پێکەنینا
خوایە گیان ئەوەندە بیزارم خەریکە
گوو لە دەم و قنگمەوە دێتەوە دەرەوە
حەز ئەکەم لەسەر هەندێک شت ڕێک کەوین
من شەو دەرنگ ئەنووم
بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بیدارم و بە زەحمەت خەوم لێ ئەکەوێت
من کۆمەڵێک شتی خۆم هەیە
بەڵام لە ڕاستیدا من شتم نییە، تەنها خۆمم هەیە
ئادەمەکان ئەبینم بە کۆمەڵ سێو ئەخۆن و
لە بەردەرکی سەراوە بەرد ئەهاون بۆ بەهەشتی درۆ
بە من بێت حەز ئەکەم جیهان هەمووی بڕوخێت
با سەما بە خۆڵەمێشەکەی بکات
هەموو ڕاکەین لە ژیان بەهۆی خەریکبونمان پێوەی
گریمان ڕۆژێک شادمان ئەبین
هەموومان دڵمان ئەبێت بە دراوسێی یەکتر
بەڵام ژیان نابێت گریمان بکرێت
بەڵکوو ئەبێت بکرێت.

**نیسانی ٢٠١١**

# كۆلانەكانی پیری

## عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

**«پیری دەریا»**

لەبەر ئاوێنەی پیری دەریا
باران پرچی كردەوە
ئاو بە لەنجەیەک کە دڵ دەبا
کە چاو مەست دەكا
كۆڵان كۆڵان
دەستی ماسییەكان دەگرێ
لە ژێر تاشە بەردێكدا ماچ بە ماچەوە دەكەن
ژیان بە ژیان
زەوی دەخەنە سەمایەكی شین
ئاسمان دەخەنە سەمایەكی شین
كۆڵان كۆڵان
سەیری ماسییەكان بكەو
دەریا بگۆڕەوە بە با

**«پیری با»**

لەبەر ئاوێنەی پیری با
بەر لەوەی دنیا بخەیتە دەرەوەی خۆت
بەر لەوەی تەوقە لەگەڵ شەو بكەیت
بە سپێدەی خەیاڵدا بڕۆ
بزەیەک هەڵدە بە تامی سەفەر
گوڵەكانی ئاو لە ئامێز گرە

کۆڵان کۆڵان
سەیری باران کە و
ئەو ساتانە یادکەوە کە «با» و «با» جێما
ئەو ساتانەی شەپۆل شەپۆل سەرما دەیبردی
ئەو ساتانە بەکراسێکی سپی
شەڕت بە هەتاو دەفرۆشت
وەک ئەوەی دڵت لە دڵۆپێک ڕاست بکەیتەوە
کۆڵان کۆڵان
سەیری «با» بکە و
بڵێ ژیان پێشبڕکێیە کات دەیچنێ
یان بەیەکجاری بڵێ
ئەگەر خەیاڵ نەبێت
هەڵدەوەرێ مرۆڤ
سەیری ئاوێنەکانی ژیان بکە و
تەنیایی دڵۆپە ئاوێ
کە حەزی کەوتن لە ئاسمان شۆڕ دەکاتەوە
کە پەیامی زەوی بە با دەکا
بە باخێک بچوێنە کە پڕە لە سپێدە
بە دڵێک کە پڕە لە خەون
کۆڵان کۆڵان
تەنیایی دڵۆپە ئاوێ
لە خەمی بەفر ڕاستکەوە.

**«پیری بەفر»**
لەبەر ئاوێنەی پیری بەفر
سپی سپی بیرم دەکردەوە
وەک ئەوەی تەمەنم درێژکرنەوەی سپێدە بێ
وەک ئەوەی بەفر بە دزییەوە
لاسایی تەنیایم بکاتەوە
لە تریقەی پێکەنیم دا

له دڵی خۆم گوتم ئەمڕۆ زۆر نووستم
شەو پێنازانێ
له دڵی خۆم گوتم
وەک بەفر له شەو ڕاست دەبمەوە
کۆڵان کۆڵان
خۆم بە باوەدەکەم
خۆم بە ژیانەوەدەکەم
دەچمەوە بەردەم ئاوێنەکانی دەریا
باران له ئاو درێژ دەکەمەوە
تا قڵپەی پێکەنین.

**هەولێر**
**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩**

# باران لەپێچی خەمێکی گوندییانەدا

یاسین عومەر ئیبراهیم

تەنها، وەکو باران
تەنها، وەکو نەورەس
تەنها، وەکو گوڵ.

نە پشتێک شک دەبەم نە پەنا
دەبارێم بەسەر زەمەنێکی لنگەوقوچا
دەبارێم بەسەر خاکێکی بەیاری بێ پرسیار
بێ عەشق
بێ میوە..

دەبارێم بەسەر خۆما
دەبارێم بەسەر دنیادا
دەبارێم بەسەر نیشتیمانا..

دەبارێم و وندەبم
ئیتر بۆ هەتاهەتایە نابارێم
وشک دەکەم
چاوەڕێم باران بەسەرما ببارێت
ئەوەتا بارانە نم نم و تاوتاو
خوڕەی سۆزێکی پڕ لە گریانم لێدێت
بارانە و هەستاوە لافاو
پڕم لە ورشەی ئەسرینێک بۆ پووچی زیندەگی
بارانە و لە دەلاقەی هەورێکەوە هەتاو

دەرکەوتووە و
منیش دەبمەوە بە ئاو
دەبمەوە بە شەتاو.

بارانەو
دەچینەوە ناو پیاسەی شەپۆلە خەوتووەکانی باران
بەسەر شەقامە بەرز و نزمەکانی شاردا
تا مەدەد هەیە سەیری بێهودەیی دەکەین
تا ئاسۆ چاومان قبوڵ دەکات گاڵتە بە هیوا دەکەین
قەشمەری بە خۆمان و
بە ڕۆژنامە و بە تیڤی و
بە ئەسڵ و بە فەسڵی خۆمان دەکەین،
بارانە و ئێمە وەرزی هەڕاجی خۆمان دەگوزەرێنین
هەڕاجی دڵمان کە لەسەر دەسەسڕی سینەمان دامانناوە
هەڕاجی ڕۆحمان کە لە لاشەماندا قوت دانیشتووە
هەڕاجی چاومان کەلەسەر تەختی ناوچاومان بۆ جوانی دەڕوانێت.

ئێمە وەرزی گەڕەلاوژەی بیرکردنەوە و
ساردی مامەڵەی بازاڕ و
فرتوفێڵی ئەم نووسینانە دەژین.

کێ دەزانێت بە ڕاستی ئێمە چ وەرزێک دەژین؟

کەس نازانێت
چ قۆناغێک ئێمەی لە خۆیدا نیشتەجێکردووە!
مەردوومێک نییە پێمان بڵێت ئێمە لە چ زەمەنێکداین
خۆشمان لە خۆمان ناپرسین
خۆشمان بە تەنگ ئازاری ئەم جەستەیەوە نیین
کە لە تاو قورسبوونی ڕۆحمان دەزریکێنێ
خۆشمان نە خواردنێک دروستدەکەین

نە کتێبێک دەخوێنینەوە
نە خانوویەک تێکدەدەین
نە بیرێک لە خوشکەکانمان دەکەینەوە،
کێ دەزانێت ئێمە بەسەر پشتی ئەسپی چ هەرێمێکەوە غار دەدەین؟

بارانە و گەڕەک پڕە لە دڵۆپی منداڵیی
پڕە لە قەترە ئاوییەکانی خەیاڵ
پڕە لە ئەوان، خاڵییە لە ئێمە
تژییە لە مناڵ،
مناڵانێک
ئەنفالی جەستەمان بە ئەفسانە و
ژەهراوییبوونی چاومان بە حەکایەت و
پرسیارە کوشندەکانی ناو ئەپارتمانە داپڵۆسێنەرەکان وەک فشەیەکی مەعقول
ڕوخسارە هێشتا گەنجەکانی ئێمەش بە غەریبە دادەنێن،
کۆڵان پڕە لە مناڵانی بەناز گەورە بوو
مناڵانێک کە ئێمە سیابەختی گەورەیی خۆمانی پێدەپێوین
پڕە لە مناڵانێک تێکەڵ لە ڕەگەزی ئەفسانە و
لە ڕەگەزی مێ
لە ڕەگەزی ڕۆمان و
لە ڕەگەزی نێر
هێندە بێ گرێوگۆڵ قالە قومبەلە دەکەن
خەریکە ئاگری ئارەزووی عەشقێک
لە سەر و
لە گیان و
لە جەستەم بەرببێت.

ئیتر باران خۆشناکاتەوە
دایکم دڵەخورپەیەتی تەڕ نەبم
من تەڕبووم
باران منی لە هەموو گوزەشتەیەک شتۆتەوە

حەیرانم
لە هەوەسی ئێمە بۆ بەرزتر فڕین و
ئەو هەموو ئارەزووەی باران بۆ ڕۆچوون
حەیرانم
لە خێرایی خۆکوتانی باران بۆ پیاسەی شەقامە تەسکەکانی شار و
لە حەزی بێ سنووری ئێمەش بۆ پیاسەی گەردوون..

سەیردەکەم، سەیری باران
ئەو دۆستە ئازیز و سەنگینە
چۆن یادەوەرییەکانمان لەسەر دیوارەکان و
جێپەنجەمان بەسەر پەنجەرە و
چۆن ڕەنگی پێیەکانی پیاسەمان لەشەقام و
چۆنیش ڕوانینەکانمان لە ئاسمان دەستێنێتەوە
ئێمەش دەبینین خۆمان لە شێوەی یادەوەریدا
چۆنچۆنی تێکەڵ بە گەردەکانی باران بووین و
بە قەراغ شۆستەیەکی نائەندازەیی شارا
ڕووە و خوار
بە ئاڕاستەی باشووری پەراوێزکەوتن
بۆ گەڕەکی تەنیایی
بۆ کووچەی لە یادچوونەوە
بۆ سووچی بوونە غوبار دەڕۆین.

تۆ سەیرکە باران چ سەنگینە
تۆ سەیرکە چەندە جوانە
تۆ بنواڕە چەند نگینە.

لەگەڵ بارانا شەڕ ناکرێت
لەگەڵ باران مشتومڕ ناکرێت
دەبینیت بێدەنگ
زۆر ناسک

له هەموو شتێک دەمانشواتەوە
لە ئازارە زۆرەکانمان
لە چێژە کەمەکانمان
لە خزمەکانمان، کە بە دزی ئێمەوە ڕۆیشتوون بۆ بەهەشت
لە هاوڕێکانمان، کە لەبەر هاوسەرەکانیان ئێمەیان بیرنەماوە
هەر خۆمان دەمێنینەوە و
دەبینیت بەتەنهاین
ڕووتبوەوە لە خۆمان
داماڵراو لە عەشقەکانمان
لە گوناە و لە بەرائەت و
لە ڕابووردومان....

ئیدی باران دەڕوات و ئەوەی دەمێنێتەوە ئێمەین
بێباک لە دنیا
بێباک لە ژیان
بێباک لەوەی کوکوختییەکان هێلانەیەک نییە تیایدا جووت ببن
بێباک لە کەنناسەکانی شار
کە ناتوانن ئەو هەموو زبڵە ڕژاوەی عەشق کۆکەنەوە
بێباک لە شار کە هەر گەورە دەبێت و کەچی
هێندەی هێلانەی کولاوکوڕەیەکیش ئەوین لە ئەپارتمانەکانیدا نییە
بێباک لە خۆمان
بێباک لەمەرگ کە پێنج فەرزە بانگی خۆی دەدات و
کەسێکیش نییە کوفری ژیان بە ئاشکرایی بخوێنێت
بێباک لە شەقامەکان
کە لەنەبوونی پیاسەکەراندا تەسکتر دەبنەوە
بێباک لە خۆمان
بێباک لە گۆرانی و لە ئاوازەکانمان
بێباک لە باران کە جارێکیتـر زیارەتی ماڵەکانمان ناکات.

باران گۆشەنیگای پەنجەرەکانی بەدڵ نییە بۆ ڕوانینە ئەزەل

باران لە سەربانی ئێمەوە داناکات
ئاهەنگی شەکراوخواردنەوەیەکی پێ جوانترە
لە کەرنەڤاڵی ئەم خوێنڕژانی شیعرە
باران ئاهـ لە باران
داخ لە باران
یاخی بووە و نایەتەوە لە دەشت و کۆساران
تامی نییە وەکو جاران
گوێمان بۆ ناگرێت و
مەستە بە گرمەی برووسکە
سەرخۆشە بەنەرمی باوەشی هەوران
لە ئاسمانە باران
لە زەوییە باران
لە پێچی خەمێکی گوندییانەدایە باران.

ئەی باران ئێمە وەکو تۆ نیین؛
نەماڵمان هەیە نە نشینگە
ئێمە وەکو تۆ نین هەر کە ویستمان بتوانیین بێینە دەر
ئێمە کرێچییین ئەی باران
ئێمە کرێچییین
کرێچی هەمیشەیی خودا
کرێچی مرۆڤەکانیتـر
کرێچی هەموو شتێک جگە لە خۆمان
ئێمە هەر ساڵەی لە سووچێکەوە
ئێمە هەر ڕۆژەی لە بن دیوارێکەوە
ئێمە هەر ساتەی لە کونی دەرگایەکەوە
حەقیقەت و جوانی دەبینین.

بەڵام ئەی باران ئێمە وەکو تۆ لە باوەشی هەورێکەوە ناڕوانیین بۆ ئاسمان
ئێمە لە بنی ژێرەوەی ئەپارتمانەکانەوە ئەستێرەکان نابینین.
ئێمە وەکو تۆ نابارێین

تۆ دەتەوێت عاشقانە ببارێیت
بەڵام سیاسییانە دەبارێی
سیاسییانە ببارێ، کە ئێمە ناتوانین لەسەر ڕیتمی چڵە زەیتوونێک
بە بوولبول ببێژین «بەیانیت باش ئەی خۆشەویست»
سیاسیانە ببارێ
کە ئێمە ناتوانین دۆستانە بە گوێ سووکەکانی کانییەکی درەوشاوەدا بچپێنین
«سڵاو ئەی کەمێک لە مانگ درەخشانتر»
سیاسییانە ببارێ
کە ناهێڵن عاشقانە ئەم جەنگانە کۆتایی پێبهێنین
سیاسییانە داکەرە سەرمان
کە پەرژین ڕێگرە لەوەی زیندەگیی پەرستانە گوڵ و باخچە بەیەکەوە ماچکەین.
سیاسییانە ببارێ ئەی باران
کە عاشقانەبارینت هیچ کۆمەکییەک بە ئینسانیبوونمان ناکات.

سەرەنجام بە جەستەیەکی شەڵاڵ لە حەزی تەڕبوون و
بە ڕۆحێکی سیخناخ لە ئیرادەی پاکبوونەوە
لەگەڵ بارانا
وەکو دوو ئەستێرە بەرەو ماڵ دەکشێین
ئەو پڕ بەدەم «ئەی موتریبی حەریفان»
من بێدەنگ، زۆر بێدەنگ.
ئەو تەڕ بە خەندە
من تێر بە هەنگوینی خەم
ئەو خۆی دەکات بە ماڵەکەی (حاجی)یا
من خۆم دەکەم بە ماڵەکەی خۆمانا
من قورس، غەریبانە ڕادەکشێم
ئەو لەشسووکانە، وەک غەزەلێک پاڵدەکەوێت
من وەک دۆندرمەیەک لە هاوینێکی بێ کارەبادا
بەسەر جێگەکەما دەتلێسێمەوە
ئەو وەکو نێرگزێک دەپشکوێت،
ئەو باڵدەگرێت و دەفرێت بۆ ئاسمانی شین

بۆ گەردوونی بێبن
منیش بەسەر سیسەمەکەما دەتوێمەوە و ون.
ئیتر هەمووتان تێدەگەن
هەرهەمووتان دەزانن چ دڵشکاوانە ڕاکشاوم
ئەو هەموو برینە لەسەر لاشەم دەبینن
برینی ڕەنگی سەوز
برینی ئاڵای زەرد
برینی ڕەنگ ماتی قاوەیی،
دەمبینن..
بەو هەموو پرسیارەوە دەمبینن
بەو هەموو گوڵەوە دەمبینن
بەو هەموو لێزمەیەی باران و
بەوهەموو شەستەیەی باران و
بەو هەموو ئازارەی بارانەوە دەمبینن...

ئەو بارانە نەباریوانەی ناوەوەم دەبینن
ئەو بارانەی گەر پێیان بگرتایە و بەرە و کیشوەرەکانی خواروو بفڕینایە
هێمنانە هەروەکو ئەو بارینەی ناو ڕۆحم ببارینایە
ڕەنگبێت مناڵانێکی زۆری تەنزانیا-یان بخستایەتە سەر سەما
ڕەنگبێت ئافرەتانێکی ڕەشپێستی زۆریان بخستایەتە نەشوە

ڕەنگبێت لەو دوورانە
لە زەوی خەندەی زۆریان بڕواندایە
ڕەنگبێت لەسەر بەرد نانی زۆریان بهێنایەتە دەر
بەڵام ئێوە ئێستاکە دەمبینن چ شکستخواردووانە گینگڵ دەدەم،
بیرتان دێت ئەوسا چەند گوندییانە ئەڤینداربووم
ئێستا نیگامدەکەن چەند شارستانییانە،
بێهودە
پڕ جەفا
وا مردووم.

مردووم و
یەکێکتان گومان دەکات خەیاڵ بردبێتمی بۆ خۆی
یەکێکتان بڕوای وایە دوێنێکە
پاش گەڕانەوەم لە ئامێدی هەر لەوێ ڕۆحمم بیر چووبێت
مردووم و خۆشم دەزانم کە مردووم.

مردم و لەم وڵاتی شەڕبازاڕەدا شەڕێکم نەکرد
لەو هەموو شەڕ هەڕاجەدا شەرەفی شەڕێکم بەر نەکەوت
مردم و وتەی دێرینی دۆستێکی دێرینم بیرکەوتەوە
«سەرەنجام تۆ بەبێ شەڕ دەمریت».

قەدەری من بوو کۆتر ئاسا بمرم
چارەنووسی من بوو بەبێ خوێن سەروەنێم
مردم و شەڕێکم لەگەڵ ئەم هەموو سوڵتانانەدا نەکرد
مردم و لەگەڵ ئەم هەموو ستەمەی شارەوانییا شمشێرێکم نەوەشاند
لەگەڵ ئەم هەموو نازەی حکومەتا ڕمبازێنێکم نەکرد
لەگەڵ ئەم هەموو شۆڕشگێڕانەدا پێکی سووری زۆرانبازییەکم هەڵنەدا.

مردم؛
بە بێ جەنگ مردم
بە سپێتی مردم
ترسنۆکانە مردم
شکستخواردووانە بەرامبەر ئەم هەموو گومانە
بەرامبەر ئەم هەموو پرسیارە
بەرامبەر ئەو هەموو ئازارە مردم.

**سلێمانی**
**٨ / ١١ / ٢٠٠٤**

# مناڵەکانی دۆزەخ

■ **حسەین لەتیف**

**١**

شەمەندەفەرەکە کەوتە گەڕ
بلیتی دۆزەخمان پێبوو،
جانتاکان پڕ بوون لەو کتێبانەی،
پیتەکانیان بەچەخماخەی هەورە بروسکە نووسرابوون،
بە تاسەوە دەمانخوێندنەوە
حەرفە ئاگرینەکانمان تیلاوەت ئەکرد
دێڕە ئاگرینەکانمان تەفسیر ئەکرد
مناڵە لە ئاگر خولقاوەکان بووین
کراسی گڕمان لە بەردابوو
بۆ مەست بوون پێکی گڕمان ئەخواردەوە
سەیری ئەتڵەسی دۆزەخەمان ئەکرد
جوگرافیای دۆزەخ ئەگەڕاین
دۆزەخ دەکەوێتە باشوری خەیاڵی ئێمەوە
کچەکان ئاوی ئاگر ئەکەنە گۆزەوە
دۆزەخ دەکەوێتە کوێستانی خەیاڵی ئێمەوە
کوڕەکان گوڵی ئاگر ئەچنن

**٢**

کچەکانی ئاگر،
چەن جوانن ئافەریدەکانی دۆزەخ.
کوڕەکانی ئاگر،
چەن میهرەبانن مەخلوقەکانی خەیاڵی ئێمە.

٣

شەمەندەفەرەکە کەوتە گەڕ

بەرلەوەی بگەینە مەنزڵ

گەمژەیەک پرسی:بەڕاست ئەم شەمەندەفەرە بۆ کوێ دەڕوات

من بلیتی بەهەشتم بڕیوە!

٤

گەمژەکان سۆراغی خوا دەکەن لە ئاسمان

نازانن خوا حەوسەڵەی دانیشتنی لە بۆشاییدا نییە

لە بەندەنەکان گوێ بۆ دەنگی هەڵدەخەن

نازانن حەوجەتی بە کۆساران نییە

لە بیابانەکاندا عەوداڵی شوێن پێیەکی خودان

نازانن خودا بەرگەی بینینی لێوی لەتینوا وشک هەڵاتووی خڕنوکێ ناگرێ

لەقەراغ دەریاکان

لە شورای باغەکان

بۆی دەگەڕێن

نازانن ئەو چەن نیگەرانە لەو هەموو ترسەی ماسی لەکەنار هەیەتی

لەو هەموو ترسەی باڵندە لە باخەوان هەیەتی

چی پەناو پەسێوە دەگەڕێن

نازانن گوند چ کوخێکی سارد و سڕە بۆ خوا!

چی میترۆ و ئۆفیسە دەگەڕێن

نازانن شار چ زیندانێکی تاریکە بۆی!

خودا نیازی بە هاتنە گوند نییە

نیازی بە هاتنە شار نییە

لە گوند ئەمرێ

لەشار ئەمرێ

لەناو کتێبەکاندا.

خودا لە دڵی منالانی ئاگردا لە دایک ئەبێ

٥

شەمەندەفەرەکە کەوتە گەڕ

دایکم گریانی ڕاگرت..و

له
پەنجەرەی فارگۆنەکەوە پێی وتم:
سەفەرت خێر،
پێت نەوتم: منت خۆش ئەوێ یان خودا؟
من وتم:
ڕەنگە دڵم بەشی هەردوکتان بکا
ڕۆژێ لە ڕۆژان لێرە بوو
«قوربانی ناوی بم ناوی لەناوا نەما خودا»
ئەو وتی:لەسەفەر چەندت پێئەچێ؟
من وتم:
تا ئاشت بوونەوەی ماسی و کەنار
باڵندە و باخەوان
تا دڵی دراوسێکان پڕ دەبێت لە خودا.

- **ئەوەی ناو کەوانەکە دێڕە شیعرێکی مەحویە.**

**٢٠١٠\١١\٢٨**

# لەمانەش کورتتر

## نەشمیل عەلی بەرزنجی

### ١

کەبیر لەخڕی زەوی ئەکەمەوە
دڵم تێک ئەچێت....
تۆ لە کوێیت ومن لەکوێ؟؟

### ٢

کۆڵانەکەی ماڵی باپیرە بونبەس بوو
داپیرەش تا مرد هەر بەژنی باپیرە مایەوە
من ماڵێکم ئەوێ سەقفی نەبێ
لەهەورا ئاو بێنم بەشان
لەهەتاو ئاگردانە پێکەم
لەبەر چاوی مانگە شەوا ڕووت بمەوە
هەر کاتیش ویستم بدەم لەشەقەی باڵ
داپیرەش بکەم بە مێژوی تاڵ...

### ٣

دوینێ شەو لەخەومدا
شەکردانەکە قسەی بۆ ئەکردی و
شەکر لەزاری دەهاتە خوارێ
کەچی تۆ هەر تورە ئەبوویت
داخۆ ئەمڕۆ چی ڕووبدات؟!
ئەگەر بزانی ئەم هەموو ساڵە
درۆم کردووە!...؟!

٤

شیعر وەک مێزی کۆبوونەوە نییە
قسەکان درێژ بکاتەوە...
کەچی شاعیر
وەک سیاسەتمەدار درۆزنە!

٥

دیوار هەر ئەمەیە
بە من ئەڵێن زەعیفە و
تۆش جوامێر...

٦

لەو فێڵەی شەیتان ناگەم
چۆن ئەتوانێ گوڵ نەگرێ؟
ئەو هەموو تفەی تێئەکەن.

٧

گەنمیش بڕوێ لەسەرم
نازانم کولێرە بکەم
هەرکەس بەجۆرێک هەژارە.

٨

پێکەنینی سێوو تەماتەکان زۆری نەبرد
دوکانەکەی ڕەش کرد بەباینجان بەقاڵەکە...

**٩**

عیسا هات و موسا وەک یادگاری مایەوە
پێتوایە دوینێی من و تۆ هێشتا زیندووە؟
پەلەش نەکەین هەر بەجێنامێنین...

**١٠**

هاوسەنگی یەعنی
بۆق بەو دەمە زلەیەوە میشولەی بچوک بخوا
مێشولەش خوێن

**١١**

ڕەنگ بەش کرا تا من لەوێ بووم
منالّەکان هەر ئەگریان
ڕەنگیان بۆ نەمابوو
بەڕەشەکەی ئێمە قایل نەبوون
پیاوەکانیش
توند سوورەکەی خۆیان لەباوەش کردبوو و
مندالّەکان هەر ئەگریان.....

# یاری

فاروق هۆمەر

وا ڕێدەکەوێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆمەڵێک منداڵ پێکەوە کۆببنەوە و یارییەکی ئەندێشاوی دابهێنن. سەرەتا منداڵەکان لەو یارییەدا لاسایی جەنگاوەرانی ئازادیخواز دەکەنەوە؛ کە چۆن بە پاتەی قوڕاوی و خەندەی شیرینیانەوە بە خۆیان و تفەنگە شڕەکانیانەوە لە شاخەوە دێنە خوارێ و ئازادی بۆ نیشتمان دەهێنن. منداڵەکان داوایان لە برا و خوشکە بچۆلەکانیان کرد بوو، هەر ئەوەندەی بە خۆیان و تفەنگە دارینەکانیانەوە و بە سەرو پۆتەڵاکی خۆڵاوییانەوە خۆیان کردەوە بە کۆڵانەکاندا، لەو دیووی پەنجەرەو دەم دەرگاکانەوە بێنە دەرێ و گوڵبارانیان بکەن. کاتێک منداڵەکان تێکەڵاوی یارییەکە بوون و وەک جەنگاوەرە دێرینەکان، ئازادیان بەدەست هێنا، لەناو لێشاوی ئەو حەشامەتەدا کە بە دوو ڕیز لەمبەر و بەری شەقامەکانەوە هاتبوونە تەماشایان و بەسەرسوڕمانەوە لێیان ورد دەبوونەوە، دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان دانابوو و وەک سوپایەکی دڕ و جەربەزە و سەرکەوتوو هێواش هێواش بەرەو خوارەوە ملیان دەنا.

ئاسان نەبوو لەناو پێشوازی ئەو گوڵبارانەدا کە لەهەموو لایەکی دونیاوە لێیان دەکرا، ددان بەخۆیاندا بگرن و وەک باڵندە لە خۆشیاندا نەدەنە شەقەی باڵ. منداڵەکان چێژێکی زۆریان لەو گاڵتە و گەپە سەیر و سەمەرەیەی خۆیان بینی و چی دی ڕازی نەبوون هەر وا بەسادەیی دەسبەرداری بن. بەڵکو وردە وردە لە سنورەکانی ئەو یارییە دەچوونە دەرێ و جیهانێکی دیان تاقیدەکردەوە، جیهانێک کە چی دی دەروازەکانی خۆی بۆ یارییەکی ڕووت و سادە نەخستبووە

سەر گازەرای پشت، بەڵکو تادەهات یارییەکی ترسناک لە سینەیدا گڕی دەگرت و لە لێوارەکانی جەنگێکی هەقیقی نزیکی دەخستنەوە.

 منداڵەکان لێرە و لەوێ بە تفەنگە دارینەکانی دەستیانەوە خۆیان لەپەناو پەسێوی کۆڵان و کەلاوەکاندا حەشار دابوو و چاوەڕوانی هەڵگیرسانی جەنگەکەیان دەکرد. بەر لەوەش جەنگ هەڵبگیرسێت، منداڵێکیان کە ڕۆڵی سەرهەنگێکی سەربازی دەگێڕا، ئاگری ئۆقرە هەڵیگرتبوو و هیوای دەخواست هەرچی زووترە یارییەکە دەست پێبکات و جەنگ بەرپا بێت، وەک دەروێشێک لەنێو سەنگەرەکەی خۆی هەستابووە سەرپێ و لەسەر قاچێک سەمای دەکرد و لەبەرخۆیەوە و بێئاگایانە تا هێزی تیابوو تفەنگە دارینەکەی دەستی بە چوار دەوری خۆیدا هەڵدەسوراند و خولی دەدا.
زۆر نابات، پارچەدار لە دەستی سەرهەنگ بەر دەبێ و لە ئاسماندا خوول دەخوات. پارچەدار شێوەی تەڵەزگەیەکی ئاگراوی لە ئاسماندا دێ و دەچێ و دەخولێتەوە. منداڵەکان بە حەزێکی سەرشێتانەوە لەو پارچەدارە ئاگراوییەیان دەڕوانی کە لەژێر پانتایی ئاسمانی شیندا دەدرەوشایەوە.

بەرلەوەی چرکەساتەکانی ئەو یارییە دەستپێبکات و منداڵان بکەونە نێو دونیای خۆیانەوە، بەر لەوەش پارچە داری لە ئاسماندا گێژ خواردوو بکەوێتەوە خوارێ، لە شوێنێکی دی ئەو شارەوە و کەمێک دوورتر لەو گەڕەکەی منداڵەکان یارییان تێدا دەکرد، جەنگێکی ڕاستەقینە هەڵدەگیرسێت، جەنگێک کە دەشێت لە ڕۆژگارێکی دیدا ئەویش بۆ خۆی بەشێک بووبێت لەو یارییە و لەخۆوە درێژەی کێشا بێت یاخود ئەو جەنگەش هەر بۆ خۆی یارییەک بووبێ و دونیا و سنورەکانی خۆی گەورەتر کردبێت. هێندەی چاوتروکانێک شریخەی گوللە و هاوار و هەڵلای خەڵکی و دوکەڵی شەڕ و قریوە و شادی منداڵان هەموو پێکەوە تێکەڵاوی یەک دەبن. لەنێو قوڵایی ئەو هەرایەدا و لەپڕێکا قریشکەی منداڵێک دێتو ئەوەندەی ببیسترێ و نەبیسترێت، هاوار دەکات و دەڵێت «ئای خودایە کوێر بووم» ئێستاش منداڵەکان ئەو ڕۆژەیان لەیادە بۆ تاوێک قریشکەیەکی تاڵ و ترسناک هات و کپبۆوە، بۆ تاوێک شریخەیەک لە ئاسمانی کش و خامۆشی ئەو شارەدا دڕی بەدوکەڵ و تاریکی ئەو دونیا و ڕۆژگارەدا و بەدوایدا منداڵێک چاوێکی کوێر بوو.

ئیدی ئەو یارییە سەرشێتە لەنێوان سنوورەکانی چاوەڕوانی و بەرپابووندا بۆ هەتا هەتا درێژە دەکێشی و قەتیس دەخوات. ئەفسونەکانی ئەو یارییە؛ ئەو چەند خولەکە پر لە گاڵتو گەپە جێدەهێڵێت و لە چوارچێوەی ئەو گەڕەکە خۆی دەرباز دەکات و دەڕواتە ناو مێژووەوە. مێژووی یارییەک کە دەشێ لە شوێنێکی ئەم دونیایەدا دەستی پێکردبێت و دەستی پێنەکردبێت، یارییەک ڕەنگە لەگەڵ خۆیا چاوی منداڵێکی کوێر کردبێت و کوێر نەکردبێت؛ دەکاتە ئەفسانەیەک و لەگەڵ خۆی دا دەیبات و دەیهێنێت. دەمێک وەک هەقیقەت و دەمێک وەک ئەفسانە لەبارەیەوە دەدوێت. تاوێک وەک ڕوداوێک کە لەڕابردودا ڕویدابێت وکۆتایی پێهاتبیت؛ تاوێک وەک کارەساتێک کە دەشێت ڕوووینەدابێت و لەئانو ساتا ڕووبدات. ئیدی هەر یەکە بەجۆرێک لەو یارییە دەڕوانن. بەشێک لە مێژوونووسان وا ڕادەگەیەنن ئەو یارییە لە کۆلان و گەڕەکێکی هەژارنشینی ئەو شارەدا دەستی پێکرد و زۆری نەخایاند و تەواو بوو. بەشێکی دیش لە مێژوونوسان پێیانوایە ئەو یارییە هێشتا دەستی پێنەکردووە و هەموو منداڵانی ئەو گەڕەک و شار و دونیایە تێکرا چاوەڕوانن هەرچی زووترە و ئەمڕۆ بەر لە سبەی ڕوو بدات. بەڵام یاری دەستپێکرد بێت یان نا، ئێمە منداڵێکمان هەیە لەنێو ئەو ڕووداوە پڕ لە کارەساتبارانەی ئەو ڕۆژگارەدا بەدەم کوێربوونی چاوێکیەوە دەناڵێنێت. منداڵێک چی دی ناتوانێ ژیانی سروشتی خۆی بژی و خەڵکی لە هەموو دونیاوە و بە درێژایی ساڵ و ڕۆژگارە یەک لەدوا یەکەکان دێنە تەماشای و بەسەرسوڕمانەوە لێیدەڕوانن. منداڵێک هەر وەک ئەفسانەکان لەبارەیەوە دەدوێن؛ ناوی کوێرەیە.

کوێرە ناوی ئەو منداڵەیە کە دەشێ هێشتا لەدایک نەبووبێت و ئەمڕۆ یان سبەی لە کوچە و کۆڵانە خۆڵینەکانی گوندێک یان لە یەکێک لەو شارە پەڕپوتانەی کە بونەتە بیابان و چیدی سیمای شاریان پێوە نەماوە و چۆلەکەکان لە کانی و دەریاچەی وڵاتانی دراوسێوە بە دەنووک ئاوی بۆ دەهێنن، لەدایک ببێت؛ یاوەخود ناوی منداڵێکە و لە دێرزەمانەوە لە دایکبووە و لەوەتەی هەیە وەک خۆی وایە و گەورە نابێت. نەوەکان یەک لە دوای یەک دێنو دەڕۆن کەچی کوێرە هەر لەجێی خۆیەتی، نە گەورە دەبێ و نەدەمرێ. خەڵکی پیر دەبن و دەمرن کەچی کوێرە هێشتا لەناو بێشکەیەکدا دەژی و دەمی گەورە بوونی نەهاتووە.

حیکایەتی کوێرە بە چەندین گێرانەوەی جیاواز کەوتۆتە سەر دەم و زاری خەڵکی و لەنێوان ڕاستی و ئەفسانەدا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە. هەر ئەوەشە وای لێکردوە

که تاکو بەرۆژگاری ئەمڕۆمان دەگات دۆکۆمێنتێکی نوسراو لەبارەی ژیانی کوێرەوە لەبەردەستا نەبێت و حیکایەتە ئەسڵیەکە بەو جۆرەی هەیە و ڕویداوە لە نێو تەمومژو نهێنیا بهێڵێتەوە. بەڵام ئەوەی تا ئیستاش کەسێک بۆی ناکرێ حاشای لێبکات و وەک ئەندێشە و خەونی شاعیرانەی بداتە قەڵەم بوونی کوێرەیە. کوێرە منداڵێکە و لە شوێنێکی ئەو شارەدا دەژی، ئەو شارەی کە تا ئیستاش منداڵەکان بە عەشقەوە چاوەڕێی هەڵگیرسانی ئەو جەنگەن و لەناو گوڵبارانی خوشک و دایکەکانیاندا ئامادەن بەرەو پیری مەرگەوە بچن.

لەبەشێک لەو حیکایەتانەدا کە پیرەمێردەکان بەدەم خواردنی گوێز و مێوژ و بادامەوە لەدەم گوێ ئاگردانەکانی شەوانی زستان بۆ نەوەکانیانی دەگێڕنەوە؛ دەڵێن کوێرە پیرەمێردێکی ئەفسانەیی خێر لەخۆ نەدیوە و دوایین تەمەنی پیری خۆی لەناو بێشکەیەکدا دەگوزەرێنێت؛ دووریش نییە ئەمڕۆ یان سبەی بەدەم ئازار و ئەشکەنجەی ئەو ژیانە پڕ لە کولەمەرگیەوە کە لەنێو جەنگە یەک لەدوا یەکەکاندا بەسەری بردوە بۆ هەتا هەتایی سەربنێتەوە. جارجارەش لێرە و لەوێ گوێبیستی کەسانێکی دی دەبین، کوێرە بە حیکایەتێک نازانن و هەوڵدەدەن بەسەرهاتەکەی لە کلک و گوێی ئەو ئەفسانانە خاوێن بکەنەوە و بەرگە هەقیقییەی خۆی بکەنەوە بەبەرا؛ لای ئەوان کوێرە هەر ئەو منداڵە ساوایەیە کە لە دوای کوژرانی دایکییەوە دەیان ساڵە لەناو بێشکەکەی خۆی نەهاتۆتە دەرێ و پێشیان وایە هەتا دونیا دونیا بێت وەکو ڕۆشناییەک لەنێوان مردن و ژیاندا بەو جۆرەی ئیستای درێژە بە ژیانی خۆی بدات. لەو دەمەوەی کوێرە لەدایک بووە دونیای دەرەوەی خۆی نەدیوە و لەنێو بێشکەیەکدا ژیان دەباتە سەر، بێشکەیەک لە هەیوانێکی سارد و سڕی خانوویەکی کاولکراوی جێماوی نێو جەنگەکان فڕێدراوە. نە زمانی گرتوە و نە پێ. نە پێدەکەنێ و نە دەگری.

ئەوانەی بەسەرهاتی کوێرە لەناو حیکایەتێکدا بەند دەکەن، لەو خەڵکانە پێکهاتوون کە هیچ ئاگادارییەکیان لە یاری منداڵەکان و ئەو جەنگە یەک لەدوای یەکانەوە نییە کە لەناو جەرگەی ئەو یارییەوە هاتوونەتە دەرێ و درێژەیان بەژیانی خۆیان داوە، بەڵکو لەدایکبووی ڕۆژگاری دوای ڕوداوە پڕ لە کارەساتبارەکانن و دەڵێن پیرە بۆ خۆی چێژ لەو بێشکەیە وەردەگرێ و دەیانجار دەرهێنراوە و لەبێشکەکەی دورخراوەتەوە کەچی ئوقرە ناگرێ و هەرچی لەگەڵ دەکەی ڕۆشنایی و فراوانی دونیای دەرەوە

جێدەهێڵێ و دەچێتەوە نێو بێشکەکەی خۆی. ئەوانی دیش کە نایەنەوێ کوێرە لەناو حیکایەتێکدا بهێڵنەوە لەو خەڵکانە پێکهاتوون کە بۆ خۆیان لەنێو کارەساتەکاندا ژیاون و چاودیتی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەن و دەڵێن لەو کاتەوەی دایکی؛ کوێرەی خستۆتەوە نێو بێشکەکەی هەتا بە ئەمڕۆمان دەگات کەسێک نییە لە خۆی ببورێ و بوێری ئەوە بکات لێینزیک بێتەوە و بیهێنێتە دەرێ.

خەڵکانێک هەن، کوێرە بە ئەفسانە دەزانن و بەپەرجوشی دەدەنە قەڵەم. بەشێکیش لەوانە بە نەفرین و تورەبوونی خوداوەند لە مرۆڤی دادەنێن و هەموو نەهامەتییەکانی دونیا دەخەنە پاڵ کوێرە و دەڵێن، لەوەتەی ئەو لەدایک بووە شەری براکوژیش تەنگی بەم وڵاتە هەڵچنیوە، تا ئەویش لەژیاندا مابێ خۆشی و ئاوەدانی ڕوو ناکەتە هیچ شوێنێک. ئەوەتا شەڕ لەدوای شەر هەڵدەگیرسێ و هەر شەرێکیش سەدان ڕۆڵە و جوانی ئەم وڵاتەی لەگەڵ خۆ بردووە و لەوسەرەوە تەنیا کۆمەڵێ لاشەی ساردو سڕی بۆ خێزانە بەدبەختەکانیان گەڕانۆتەوە. دایکە ڕەشپۆشەکان بەدەم سنگکوتان و خۆ لە قوڕ هەڵکێشانەوە هاوار دەکەن و دەڵێن :

«کوێرە.. خودا لەوە کوێرترت بکا»

«کوێرە خودا تەمەنت کورت بکا و خێر و خۆشی لە خۆت نەبینیت»

«کوێرە پیری کردین»

«نەفرینی کوێرەیە ئەم شارە تا دێت تاریک و تاریکتر دەبێت»

کۆنترین حیکایەتێک لەبارەی کوێرەوە بیستبێتم، لەدەمی ئەو پیرەمێردەوە بوو کە لە دوکانێکی قوڕینی شەقامێکی دێریندا کە دەشێت ئیستا لەو شارەدا هیچ ئاسەوارێکی نەمابێت؛ لە قوڕ بولبوولی بچکۆلە بچکۆلەی دروست دەکرد و بەمندالانی دەفرۆشت. پیرەمێرد پشتی چەمابۆوە و دەتگووت خودا هەر بۆ خۆی لە قوڕ دروستی کردووە. هەمیشەش لەگەڵ دروستکردنی بولبوولەکانیدا حیکایەتێکیشی بۆ دەخولقاندن. ئێمەی منداڵ کە بوولبوولەکانمان لێدەکڕی کەمێکیش لەلایەوە دەوەستاین و خۆمان دوا دەخست تاوەکو ئەو حیکاتانەشمان لەگەڵیا بۆ بگێڕێتەوە کە بولبولەکەی ئێمە پاڵەوانی بوو. هەندێکجار بولبوولەکان پێشتر بۆ خۆیان منداڵەکانیان هەڵدەبژارد، پیرەمێرد بەدەم خەندەیەکی گوڵینەوە کە بۆنی گوڵەباخی لێدەهات؛ پێیدەگوتین.. ئەم بولبولە خەمبارە دەبینیت، لەبەیانییەوە چاوەڕیی تۆ دەکات بێیت و لەگەڵ خۆتی بەریت.. یاخود دەیگووت.. ئەوە تۆ بۆ ئەمڕۆ دوا کەوتیت، کەمێک درەنگتر

بهاتیتایە ئیتر بولبولوکەت بەتەمابوو تا مردن لەگەڵتا ئاشت نەبێتەوە. ئا تۆ.. سبەی نیوەڕۆ لەگەڵ خۆتا پێنج فلس بێنە و باڵندەیەکت لە تەختە بۆ دروست دەکەم. ئەگەر زۆریشم پارە بۆ بهێنن و پەلەشم لێنەکەن ئەوا هەڵۆیەکی زێرینتان لە بەرد بۆ دادەتاشم. زۆرجار بەبێ ئەوەی پارەشمان پێ بێ، دەچووینە لایەوە دادەنیشتین و لەگەڵ فرۆشتنی ئەو بولبولانەدا کە خۆزگەمان دەخواست هی ئێمە بوونایە و هی منداڵانی دی بوون، یاخود هەر بە ئەندێشە بە هی خۆمان دەزانی؛ گوێمان بۆ ئەو حیکایەتە سەیر و سەمەرانە ڕادەگرت کە ڕۆژانە لەناو سنگیا لەدایک دەبوون. لەو کاتەدا کە هەوڵی دەدا کەسێتی کوێرە لە سیمایەکدا بنەخشێنێت دەیگووت، کوێرە ئەفسانە نییە، کوێرە منداڵێک بوو لەم شارەدا لەدایک بووە. کەمێک دەوەستا و بەدەم کۆخەیەکەوە کەمەکێک قوڕی سووری لە نێو دەستەکانیا دەهێنا و دەبرد و تەماشای گومەزی ئەو حەمامەی دەکرد کەوتبووە ئەوبەری دوکانەکەیەوە و دەیگووت ئا لەوێدا لە کۆڵانی حەمامەکەدا لەدایکبووە.. جارجارەش فرمێسکێک لە چاوەکانی سەری دەردەهێنا و نەدەهاتە خوارێ و لە ناو پێڵوویدا دەمانەوە.. من پێموابوو ئەو فرمێسکانە لەوێدا دەبنە سەهۆڵ. بەدەم ئەو فرمێسکانەوە کە نازانم بۆ کوێرەی پاڵەوانی حیکایەتەکەی بوو یان بۆ ئەو کوێرەیەی کە دەیویست بەدەم ئەندێشەوە بیخولقێنێت، درێژەی بەقسەکانی خۆی دەداو دەیگووت، ئەو ڕژگارەی کە منداڵەکان سەرقاڵی ئەو یارییە ئەندێشاوییە بوون؛ کوێرە شەش ڕۆژ بوو لە دایک ببوو.. تەنیا شەش ڕۆژ. ئەوانەی کە دەڵێن کوێرە هاوبەشی یاری منداڵەکانی کردووە، ڕاست ناکەن..

ئێمەی منداڵان بەدەم گوێگرتنەوە بۆ حیکایەتەکانی تەماشای کلکی زەرد و سور، ژێر ملی ئاڵتونی، سەرباڵی ڕەنگینی ئەو بوولبولانەمان دەکرد کە بێناز لەجامخانەی دوکانەکەیدا فرێدرابوون و هێشتا هیچ حیکاتێکمان دەربارەیان نەدەزانی، پێمان وابوو ئیستا نا تۆزێکی دی بولبولانی ناشاد و خەمبار لە تاو بێ حیکایەتی خۆیان بە کوڵ بکەونە قوڵپی گریان، یاوەخود لە داخاندا بدەنە شەقەی باڵ و لەو چنگە ئاسمانە چکۆلەیەدا کە دونیای منداڵی ئێمەیان داپۆشیبوو، لەداخی ئێمەی بێ وەفا کە نەماندەکرد بیانکڕین و لەگەڵ خۆمانیان بەرینەوە ماڵێ؛ بفڕن و جارێکی دی نەگەڕێنەوە.

بەڵام من جارجارە دەستێکم تێوە دەدان و بە هێواشیەوە دەمچرپاند بە گوێیاندا و دڵنەوایم دەدانـەوە کە هەر ئەوەندەی بۆم بلوێ و پارەیەکم بێتە دەست ئەوا هەموویان بکڕم و لەگەڵ خۆمیان بەرمەوە ماڵێ.. بەڵێنم پێدەدان و پێمدەگووتن هەر

هەمووتان دەبەمەوە ماڵێ و لە قەفەزیشتان دانانێم.. هەر بۆ خۆتان لە ژورەکەمدا بفڕن و گۆرانی پڕ شادی و دڵفرێنم بۆ بڵێن. بەڵام نەکەن لە درزی دەرگا و پەنجەرەی کراوەوە ڕابکەنە دەرێ و بڕۆن. ئەگەر هاتوو بیریشتان لە ڕۆیشتن کردەوە، هەر هیچ نەبێ پێشتر پێم بڵێن.. یاوەخود تاوێ لەدەرەوە بفڕن و وەرنەوە ماڵێ.

پیرەمێرد هێشتا سەرقاڵی دروستکردنی کەپووی خڕ و گۆشتنی کوێرە بوو، دەیگووت، ئەگەر منداڵان لە تەمەنی شەش ڕۆژەیاندا توانای بینیان هەبێت، ئەوا باوڕم وایە کوێرەش لە بێشکەکەی خۆیەوە لەو یارییەی ڕوانی بێت. لەبەر خۆمەوە دەمگوت بۆ نا.. ئەوە نییە دار و بەردی ئەم دوکانە ئەفسوناوییە دەکەونە قسە و حیکایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆ نابێ منداڵێکی شەش ڕۆژانەش چاوەکانی بپشکوێت و تێر تەماشای دونیا بکات. ئاخر لەوانەیە پێیگوترابێت کە تۆ دوای شەش ڕۆژی دی چاوەکانت کوێرە دەبن و چی دی دونیا نابینیت.. من هێشتا بیرم لەوە دەکردەوە منداڵان لە دوای چەند ڕۆژ چاوەکانیان دەپشکوێن..
ئەو دەیگووت.. ئەگەر منداڵانی شەش ڕۆژە لەو تەمەنەیاندا یادەوەرییان تێدا برسکێت، بۆ بەدواچوونی ڕووداوەکان و دۆزینەوەی هۆکارەکانی کوێر بوونی ئەو منداڵە کە ئیتر لێرە بەدواوە ناوی لێ دەنێین کوێرە، دەشێت بۆمان بکرێت پەنا بەبەر یادەوەرییەکانی خۆی بەرین.. یادەوەرییەکانی منداڵێکی نابینا.. ڕەنگە ئەو دارەی کە لەدەستی یەکێک لە منداڵەکان ترازاوە و بۆ تاوێک لە ئاسمانی ئەو کۆڵانەدا خولاوەتەوە بەر چاوێکی کەوتبێت و کوێری کرد بێت یاخود کاتێک ئاڕاستەی یارییەکە گۆڕاوە و منداڵەکان بوونەتە دوو بەشەوە و جەنگێکی سەختیان لە دژی یەکدی بەرپا کردووە گوللەی لایەنێکیان بەرچاوی کەوتبێت و کوێری کرد بێت. من لەبەر خۆمەوە دەمگوت کێ دەزانێ..

ئەوانەی لەنزیکەوە بە ژیانی کوێرە ئاشنابوون، دەیانگووت؛ دەبێ هەموو خەجاڵەتی ئەو منداڵە خێرلەخۆ نەدیوە بین کە هێشتا بەتەواوی پێی نەخستبوە نێو ئەم دونیایەوە لەبەرەبەیانییەکدا دایکی لەناو ئاگربارانی جەنگدا مرد و بۆ خۆشی گوللەیەک بەرچاوی کەوت و کوێر بوو. ئیدی بۆ هەتا هەتایە ڕۆژگار و دونیاش ئەو منداڵەی بە فەرامۆشی سپارد.
نەخشەکە وا داڕێژرا بوو هەر کە یارییەکە دەستی پێکرد، جەنگاوەرەکان ببنە دوو دەستە و لە دوو قۆڵەوە هێرش بکرێتە سەر دوژمن و بە کتوپڕی شار لە پیاوخراپەکان

پاک بکرێتەوە و هەرچی زووترە بارەگاکانیان پێچۆڵ بکرێت. بەر لەوەش یارییەکە دەست پێبکات منداڵەکان هەموو ڕۆڵی ئازادیخوازانیان هەڵبژارد و کەس ئامادە نەبوو ڕۆڵی دوژمن ببینێت. کاتێک پێشرەویمان کرد کەس نەبوو بەرگری بکا و شارەکەمان سووک و ئاسان کەوتە بەردەست.

«جەنگ کۆتایی هات و شار ئازاد کرا» سەرکردە کە لەوسەری کۆڵانەکەوە گەڕابۆوە و دوو جەنگاوەری بچکۆلەش لەدوایەوە بەسنگی دەرپەڕیوەوە پاساوانیان لێدەکرد نیمچە سەرسام و نیمچە حەپەساو وایگووت. ئەو ڕووی کردە ئەو دوو جەنگاوەرە بچکۆلەیەی لە پشتییەوە ڕاوەستابوون و بەخرۆشانێکی سەیرەوە داوای لێکردن برۆن و هاوڕێکانیان بدۆزنەوە، بیاندۆزنەوە و پێیان بڵێین بەمزوانە خۆمان بۆ کۆبوونەوەیەک ئامادە دەکەین.
«جەنگ کۆتایی هات و شار ئازاد کرا» دوو جەنگاوەرە بچکۆلەکە دوای خامۆشییەکی کتوپڕ، بێوچان و بێسەبر کە هەریەکەیان ڕووی کردبووە لایەکی کۆڵانەکە و بەدەم هەناسەبرکێوە ڕایاندەکرد و هەڵدەهاتن، وایانگووت. زۆری نەبرد جەنگاوەران بە هەڵچوون و هوتافی شۆڕشگێرانەوە لە هەموو کونوقوژبنێکی شارەوە گەڕانەوە. سوپای گڕگرتوو وەکو دەریایەکی هەڵچوو بە قژ و ڕوخساری خوڵاوییەوە خۆیان کردەوە بەنێو ئەو گۆڕەپانەدا کە دەبوو کۆبوونەوەکەی تێدا ساز بکرێت.

لەپڕ شەستە بارانێکی سەیر دایکرد. بارانێکی وا لەو چلەی هاوینەدا شوێنی سەرسوڕمان بوو.. لەپر دایکرد و لەپریش خۆشی کردەوە. جەنگاوەرێک کە چاوی بەناو منداڵەکانی هاوڕێیدا دەگێڕا؛ هاواری کرد «بارانی ئازادییە» باڵندەکانی سەر دەرختەکان کە تا ئەو کاتە چاودیتی سەرکەوتنەکانمان بوون و کۆڵان کۆڵان لەگەڵماندا هاتبوون و بەشوێنمانەوە بوون، زۆر نەبوو گەڕابوونەوە و تەماشایان دەکردین، لەوە دەچوو ئەوانیش لەگەڵ ئێمەدا هەوای ئازادییان هەڵمژی بێت؛ پۆل پۆل هەڵفڕین و دوور کەوتنەوە. هەر زوو لوتمان پڕ بوو لە بۆنی خاک و خۆڵی تەڕ. هەموومان بۆ تاوێک بێدەنگ بووین و لە خۆشیاندا خەریک بوو دڵمان لە قەفەزەی سنگمانەوە بێتە دەر. سەرکردە تا ئەو کاتە لەژێر بارانەکەدا هەڵدەلەرزی، بەدەستەسڕێک کە لەگیرفانی شەرواڵەکەی دەرهێنا کەوتە وشکردنەوەی دەموچاوی. بۆ تاوێک غەمگینیەکی ترسناک نیشتە سەر ڕوخساری و بەدەم سڵەمینەوەیەکەوە لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و گووتی :«ئازادی»

که بۆ یەکەمجار لە دەمی سەرکردەوە گوێم لە وشەی ئازادی بوو، بەو جۆرەی ئەو بە تێکەڵەیەک لە خۆشی و خەمگینییەوە دریکاندی، بەو جۆرەی ئەو بە ڕوخسارێکی تەڕەوە کە نائارامی لێدەباری؛ خەریکبوو لە خۆشیان بدەمە پرمەی گریان. هەستم کرد بۆ تاوێک چاوەکانی لەنێو بارانەکەدا دەدرەوشانەوە.

جەنگاوەرە نیمچە توڕە و نیمچە شێتەکان لوولەی تفەنگەکانیان کردە ئاسمان و دونیایان پڕ کرد لە گوللە.
«یاری تەواو..» ئەو منداڵەی کە تا ئەو کاتە ڕۆڵی سەرکردەی یاری دەکرد بەدەم هەڵتەکاندنی شانەکانییەوە کە لەوە دەچوو جلوبەرگە تەڕبووەکانی ئارامی لەبەر هەڵگرتبێ ئەوەی گووت و بەردەوام بوو، «ئەمڕۆ لێرەدا نیشتمان پێویستی بە ئێمە نەما، ئیدی دەتوانن هەر یەکەتان ڕوو بکاتەوە نێو ماڵ و منداڵی خۆی و بۆ هەتا هەتایە بە ئازادی بژین» کش و ماتییەکی سەیر هەموومانی داگرتبوو. چۆن دەبێت شۆڕش وا سادە و ئاسان کۆتایی پێ بێت.
منداڵێکی مەچەک ئەستوور و لەش کەڵەگەت کە تائەو کاتە من گوێم لەدەنگی نەبوو بوو هاتە بەردەم سەرکردە و چاوی بریە خۆر کە لەودەمەدا بەرەو ئاوابوون دەچوو؛ کەوتە پاککرنەوەی قورگی و بەدەنگێکی گیراوەوە، دڵگەرمانە گوتی :«یاری تەواو نەبوو.. یاری تازە دەست پێدەکات».
لەو دەموساتەدا کە بێدەنگ بێدەنگ لە شوێنەکانی خۆماندا ڕاوەستابووین و باران لەسەرخۆ جلەکانمانی تەڕ دەکرد، هەموومانی تووشی واقوڕمانکرد. بۆ قەدەرێک دونیا کش و ماتی دایگرت.. چ کش و ماتییەکی سەیر بوو.. لەوەی دەکرد بیەوێ هەتا هەتایە درێژە بکێشێت. کەسێک لە شوێنی خۆی نەبزوا. شار لە نێوان سوتان و بارانبارینا شادومانی تیا نەمابوو.
لەوسەری کۆڵانەکەوە پیاوێکی نائومێد، نیمچەگێژ و خەواڵوو بۆ تاوێک دەرکەوت و دیارنەما، دیاربوو لەو تاریکیەدا و لەناو لاشەی مردوواندا بەدوای کەسێکی نزیکیا دەگەڕا. قەڵەڕەشکەیەکی تەڕ لەو ئێوارە درەنگەدا لەناو ئەو دووکەڵ و بۆکروزی سوتانەدا کە سەرتاپای شارەکەی خوار و ژوور داپۆشیبوو دەیقاغاند. سەرکردە نیگایەکی بێهودەی برییە ئەو ئەڵقەی دووکەڵەی لە پشتیەوە حەوا دەچوو، ویستی شتێک بڵێ و وەستا، جارێکی دی سەرێکی هەڵبری و ویستی قسەیەک بکات، بەڵام لەپڕ ژاوێک قسەکانی پێ بڕی.
«یاری تەواو نابێت» گەلێک لە منداڵەکان وایانگووت و یەک لەدوای یەک چوونە

پشتی ئەو منداڵەوە کەمێک لەمەوبەر بەردەوامی شۆرشی ڕاگەیاند. منداڵەکە گوتی، کەسێک هەموو ژیانی لە نێو کارەسات و شەڕو شۆردا بەسەر بردبێت، بڕوا ناکەم ئیتر هەرگیز تامی ئارامی بکات.
ئێوە دەڵێن چی هاوڕێیان؟ کەسێک قسەی نەکرد. لەوە دەچوو لەو دەمەدا تێکرا دونیا لەسەر ئەوە هاوڕا بووبن کە هیچ نەڵێن. تەنانەت گەڵایەکیش چییە لەجێی خۆیدا نەدەبزوا.
سەرکردەش بۆ خۆی بێدەنگ بوو. نەیدەویست وەڵام بداتەوە. لەوەی دەکرد لە هەموو ژیانیا کاتی وا پڕ دەرد و مەینەتی نەگوزەراند بێت.
منداڵەکە کەمێک لە شوێنی خۆی جوڵا و چاوێکی بەناو هەمووماندا گێرا و جارێکی دی گووتی، لەو دونیایەدا کە لێوانلێو بووە لە دڵرەقی و زەبرو زەنگ زەحمەتە هەرگیز میهرەبانی پەیدا ببێت. ئێمە چی دی ناتوانین بەو تێکشکاوی و وێرانییەوە ڕوو بکەینەوە نێوماڵەکانی خۆمان.. تازە ئێمە بەکەڵکی شەڕ نەبێت بەکەڵکی هیچی دی نایەین.

ئێستاش کە من ئەم چیرۆکە بۆ تۆ دەگێرمەوە، وێنەی منداڵێکم لە ئەندێشەی خۆما هەڵکۆڵیوە و هەوڵ دەدەم ناوی لێبنێنم کوێرە، منداڵێک هەر دوو دەستی لەناو بێشکەکەیدا توند پێچراوە و لەچاوێکیا ڕوون و ئاشکرا قەوانی گوللەیەک دەدرەوشێتەوە. کوێرە هێواش هێواش دەداتە پرمەی گریان و ژیر نابێتەوە.. بە کوڵ دەگری و کەس گوێی لە گریانی نابێت. شار لەو دەمەدا سەرقاڵی وێرانبوونی خۆی بوو.. شپرزە و نیگەران دەسوتا و لێشاوی دوکەڵ خەریکبوو تەواوێک دایدەپۆشی.. کوێرە دەگری و ڕۆحە بچکۆلانەکەی پڕ دەبێ لە ژان و ئێش.. لەوکاتەدا پۆلێ چۆلەکەی ڕەش هەڵگەڕاو کە لەوەی دەکرد بۆنی دوکەڵ هەراسانی کردبن یاوەخود ترس و دڵەڕاوکێ گیانی تەنی بن، خۆ دەکەن بە حەوشەکەدا و پاش قەدەرێک باڵەفرە و گەڕان لە گوێسوانەی هەیوانەکەدا دەنیشنەوە.. پۆلە چۆلەکە بەسەرسەری کوێرەوە دەنیشنەوە و دەکەونە جریواندن.. کوێرە بەدەم گریانێکی بەکوڵەوە دەڕوانێتە چۆلەکەکان و تاوێک گوێ بۆ جریوەیان ڕادەگرێ و تاوێک ژیر دەبێتەوە.. لەوە دەکات جریوەی چۆلەکەکان لەو بەرەبەیانییەدا ئارامیان بە ڕۆحی بەخشی بێت و ژان و ئێشی دڵە بچکۆلەکەیان سارێژ کردبێ.. کوێرە چی دی ناگری و دڵنیا دەبێت لەوەی لەو دنیایەدا گریان چ دادێکی نادات.. دواتر هەر بۆ خۆی لە نێو بێشکەکەی دێتە دەرێ و بەدەم ئازارێکەوە کە لەقوڵایی گیان و ڕۆحیەوە هەڵدەقوڵا دەڕواتە

دەم هەیوانەکە و دەڕوانێتە ئاسمان. ڕەنگە لەو کاتەدا کوێرە بیری لەوە کردبێتەوە ببێتە چۆلەکەیەک و ئەو جیهانە بەجێبهێڵێت کە جێگەیەکی بۆ منداڵی ئەم تیا نابێتەوە.. چەند چرکەساتێک تێدەپەڕێ و کش و ماتی دونیا دادەگرێت. دەشێت ئەو چرکەساتانە ئاسایی نەبووبن و ساڵانێک درێژ بووبێتەوە. لێرەدا کوێرە چی دی منداڵێکی ساوا نییە و وەک گەنجێک کە هەموو ژیانی لەنێو جەنگەکان بەسەربردبێ و تا سەر ئێسقان ڕقی لە جەنگ و توند و تیژی بوو بێتەوە؛ ڕادەوەستێت. دەست دەبات و قەوانی گوللەکە لە چاوی دەردەهێنێت و فڕێی دەدات.. چاوەکانی بۆ تاوێک وەک دوو کوژەکەی شین دەدرەوشێنەوە.. ئەو بەیانییە ئاسمانی شار پڕ بوو لە گریان و جریوە و دووکەڵ. کۆڵانەکانی بۆنی خوێن و ژان و ئازاری مرۆڤیان لێدەهات. کوێرە لە بێشکەکەی خۆیەوە دێتە دەرێ. بونەوەرێکی سیسەڵە و بێگیان، ئەوەندەی کە لە ئاژەڵێک دەچێت، لە بنیادەم نا؛ دێتە بەردەم هەیوانەکە و تەماشای ئەو دونیایە دەکات کە دوکەڵ و ڕەشاوی لێبەرز دەبێتەوە. تەماشای ئەو حەشامەتە دەکات لەو کۆڵانە پیس و پۆخڵانەدا تا چاو بڕکات زبڵ و خاشاک داپیۆشیوە، لە پیاوێکی پۆشتە و گۆشتن کۆبوونەتەوە و بێدەنگ و سەرسام گوێیان بۆ وشە سیحراوییەکانی ڕاگرتوە.
«خودا ئاگای لێیە ئەم جەنگە ئێمە دەستمان پێنەکرد و حەزیشمان لێنەبوو، خودا ئاگای لێیە لە دەرەوە و لە سنورەکانی وڵاتانی بێگانەوە بۆیان ڕەوانە کردین. هەر خودا بۆ خۆی دەزانێت..» ئەمجا کەمێک دەوەستێ و خۆی خەمبار نیشان دەدات..
«بەڵام خۆ نابێت دەستەو ئەژنۆ لێیدابنیشین و تەماشا بکەین» ئیدی حەشامات گڕ دەخوا و دەکوڵێ و شەپۆل دەدات. گەنجەکان کە لەهەر چوار لاوە ڕاست و چەپ پشتێنەی گوللەیان لە خۆ بەستبوو هاواریان دەکرد و تفەنگەکانیان لە ئاسماندا ڕادەوەشاند. پیاوەی پۆشتە و پەرداخ دەستێکی هەڵدەبڕی و ئاماژە بەرەو ئەو شوێنەی کە جەنگەکەی لێیە دەڵێت:
«دەی کوڕینە ئەمە جەنگە و یاری منداڵان نییە. ئەمە جەنگە و دەمەوێت سەر بە دوژمنانمان شۆڕ بکەن»

هەناسەکانی ئەو شارە پڕبوون لە پەژارە و نیگەرانی، کەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد خواوەند بێ لە نەفرەت شتێکی دی بەسەردا برژێنێ. پێموایە خواوەندیش بۆ خۆی لە کار و کردەوەکانی ئەو جەنگاوەرە نامەرد و بێ شەهامەتانە بێزار بووبێت. دایکەکان لێرە و لەوێ، بەدەم کوڵی گریانەوە باوەشیان بە ڕۆڵەکانی خۆیاندا دەکرد و بەدەم ماچکردن و ڕاموسانیانەوە بەرەو جەنگ ماڵئاواییان لێدەکردن.

دەزگیران و خۆشکەکانیش کە ڕوویان نەدەهات باوەش بەدۆست و براکانیاندا بکەن دەستەسڕە سپییەکانیان لە ئاسماندا دەشەکانەوە و لە نێوان گریانی دایکان و هوتافکێشانی گەنجەکاندا سەرسام وێستابوون. زۆری نەخایاند گەنجەکان بە خۆیان و بزەی سەر لێوەکانیانەوە کە لەناو گالیسکەکاندا دانیشتبوون و دەستی خواحافیزیان ڕادەوەشاند، بەرەو جەنگ کەوتنە ڕێ و سەرکردەش بەرەو ماڵەوە گۆڕەپانەکەیان چۆڵکرد؛ بێدەنگییەکی دڵتەنگیش هەموو دونیای داپۆشی.

ئەو بەرەبەیانییە کیژۆڵەیەک ڕوخساری نابوو بە شووشەی پەنجەرەی ژورەکەی خۆیانەوە و تەماشای کۆترەکانی دەکرد کە لەناو بارانەکەدا هەڵفرین و ئیدی نەهاتنەوە. لە ناو باڵەفرەی هەزاران کۆترا، کوێرەی بینبوو لەدەم هەیوانەکەیانەوە تەماشای ئاسمانی دەکرد. کیژۆلەکە بۆ دایکی دەگێرایەوە کە چۆن کوێرە سەری بەرز کردۆتەوە و هەردوو چاوەکانی دەرپەڕاندوە و بۆ قەدەرێک بەکوڵ گریاوە و قاقا پێکەنیوە. دایە بەهەردوو چاوی خۆم بینیم، تۆ بۆ تاوێک لە قوڵایی ئەم چاوە ناشادانەم بڕوانە؛ لە چاوە ناشادەکانی شادەی بچکۆلەت بڕوانە. دایە تۆ بۆ تاوێک دڵت بنێ بە دڵی ئەم شادەیەی کچتەوە کە بۆ دونیایەکت هێناوە تا مردن پرچی سپی قەیرەیی تیا بهۆنێتەوە.. لێیبڕوانە و لێیوردبەرەوە، لەو گوڵەی خۆت وردبەرەوە کە لە باخچەکانی شارێکدا ڕواندت تۆزقاڵێک جێ چییە بۆ شادومانی تیا شک نابات. لێمبڕوانە، بەم دوو چاوانەی خۆم کوێرەم بینی لەپێش هەیوانەکەی ماڵی خۆیان لەبەردەم لاشەی ڕۆح تیا نەماوی دایکیا، دەستی برد و قەوانی گوللەیەک کە بەم دوو چاوانەی خۆم بینیم لەدورەوە سوور دەچۆوە؛ بەتوڕەییەوە لە چاوەکانی خۆی دەرهێنا و تووڕی دا و تا هێز لە قورگیا بوو قیژاندی. کوێرە قیژاندی و هاوارێک لە قورگییەوە دەرپەڕی، دونیایەک ئەشکەنجە و ئازار لە قوڕگیەوە شەپۆلی دا و ڕژانە دەرێ.

لە حەوشەی ئەو ماڵەوە هاوار لە دوای هاوار هەڵدەستێت و هێواش هێواش بەرز دەبێتەوە و دەڕوات، شەپۆلی گریان و ئازار بەناو هەموو شاردا گرێک دەخوا و بەرز دەبێتەوە. هاوارێک، هەموو ئەوانەی ئەو ڕۆژگارە گوێیان لەو هاوارە بووە؛ دەگێڕنەوە و دەڵێن، هاوارێکی ئەفسوناوی بوو لە جێگەیەکی ئەمشارەوە هات و بەرەو ئاسمان ڕۆی. بۆ تاوێک هەموو دونیا بێدەنگ بوو، سەرتاپا شار ئارام و هێوڕ گوێی بۆ ئەو هاوارە ڕاگرتبوو. باڵندە و درەخت و ماسییەکانی نێو ئەو چەم و شیوو و دۆڵانەش، هەموو تێکڕا ببوونە یەک پارچە گوێ و گوێیان بۆ ئەو هاوارە شل کردبوو. دایە چۆنم

بینی ئاوا بۆت دەگێرمەوە، کوێرە هەر کە لە هاوارەکەی بۆوە ئیدی وەک ئەوەی شاخێک بێ و هەناسەی لەبەربڕا بێت لەو چەند بستە خاکەدا کە کەوتبووە نێوان بێشکەکە و دەمی هەیوانەکەی ماڵی خۆیان بچوک بۆوە و نەما. بچوکبۆوە و گەڕایەوە بۆ ناو جەستەی ئەو منداڵە ساوایەی کە تەنیا تەمەنی شەش ڕۆژان بوو. بچوکبۆوە و گەڕایەوە نێو بێشکەکەی خۆی. ناو ئەو بێشکەیەی کە هێشتا چۆلەکەکان لەژوور سەریەوە نوقمی جریوەی پر ئاهو نزولەی خۆیان بوون.

دایە شتێکی دیشت بۆ دەگێرمەوە، بەڵام ئەمەی کە ئیستا بۆت دەگێرمەوە ڕەنگە ڕاستی نەبێت و هەر بەتەنیا خەونێکی خۆم بوو بێت و هیچی دی، دایە نازانم ڕووداوێکە و وەک سێبەرێک بەناو ڕۆح و گیانما شۆڕبۆتەوە و دڵنیا نیم لەوەی لێرە ڕووی داوە یان لەوێ. لە کوێ ڕوویداوە، نازانم. نازانم لەوەی ڕوویداوە یان ڕووینەداوە، بەڵام شتێکی وامدیووە و نامەوێت چی دی لەناو خۆما بەندی بکەم و بیهێڵمەوە. دواتر لە شوێنێک کوێرەم بینی. باوەشی بە جەستەی دایکی لە خوێن هەڵکێشراویا کرد و بەرزی کردەوە و بردی. لە دەرگای حەوشەی ماڵەکەی خۆیانەوە هاتە دەرێ و ڕۆیشت. نا نا نەرۆیشت. هەروا ئاسان نەڕۆیشت، کوێرە کەمێک لە پێش دەرگای حەوشەکەیاندا خۆی دواخست و ڕوانییە ژورێ و چاوێکی بە خوار و ژووری ماڵەکەیاندا گێرا. هێشتا دایکی بەباوەشەوە گرتبوو، قژە خاو و نەرم و درێژەکەی دایکی شۆڕببونەوە سەر ئەرزەکە و لە خۆڵ و خاکی ئەرزەکە دەخشا. باکە بە ئارەزووی خۆی یاری بە تاڵە قژە خوێناوییەکانی دەکرد و لەگەڵ خۆیا دەیهێنا و دەیبرد. کوێرە تۆزێک لە درەختەکانی ڕوانی.. لە بەرمیلی ئاوەکەیان کە تەڕایی تیا نەمابوو.. لەو جلانەی ڕوانی هێشتا دایکی لە تەنافەکەی نەکردبوونەوە.. دواتر ڕۆیشت و دەرگاکەی بە کراوەیی بەجێهێشت. تا من لە ژوورەکەی خۆمەوە هاتمە دەرێ و خۆم گەیاندە دەرگای حەوشێ، نەمزانی چی لێهات و بەرەو کوێ چوو. هیچ ئاسەوارێکی کوێرەم بۆ نەدۆزرایەوە. کوێرە بووە سێبەرێک و دیار نەما. کوێرە چی لێهات، نازانم دایە. دەشێ بوو بێتە باڵندەیەکی سپی و لاشەی دایکی بەرەو دونیایەکی دی بردبێت. دونیایەک لەم شار و جیهانەی ئێمە میهرەبانتر..
هەر یارییەکە دەستی پێکرد، پەلاماری بنکە و بارەگاکانی دوژمنمان دا و ئەوانەی وێرایان و بەرگرییان لە خۆ کرد کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەو کوژران. کۆڵان و شەقامەکانمان پڕ کرد لە لاشەی بریندار و کوژراو... ئەو شارە جوانەی تۆزێک لەمەوبەر پڕی شادی و ژیان بوو، پڕمان کرد لە دوکەڵ و ئاگر. لەپشتمانەوە هێواش

هێواش شار دەسوتا.. دونیا نیشتبووە سەر ئاگر و دوکەڵی لێ بەرزدەبۆوە. ئیدی زۆری نەخایاند هەموو شارمان ئازاد کرد.. دونیامان ئازاد کرد.. لەوکاتەدا کە بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتین و خەریکبوو لەسەرکەوتنی یەکجارەکی نزیک دەکەوتینەوە؛ لەپڕ توشی سەرسوڕمان بووین و لە شوێنێکدا هەموو ڕاوەستاین. بەو هەموو گوللە و بارووت و ئاگرەی لەگەڵ خۆمان هەڵمان گرتبوو دەستەوسان و دەم داچەقیوو لە شوێنی خۆمان ڕاوەستاین و نەچووینە پێشێ.. هەموو لەو شوێنەدا کە نازانم کوێ بوو ئێستێکمان کرد و لەیەکدی ورد دەبووینەوە. ترس و دڵەڕاوکێ سەرتاپای گیانمانی تەنیبوو.. ئەوانەی لەبەردەمماندا وەستابوون هاوڕێکانی خۆمان بوون. تفەنگەکانیان ڕووە و ئێمە.. ڕووە و ڕوخسار و سەر سنگی ئێمە ڕاگرتبوو و پێیان دەگوتین ڕاوەستین. لەنێوان ڕاوەستان و ڕانەوەستاندا سەرتاپا گیانمان نیشتبووە سەر ئارەق. دڵمان لە ناو قەفەزەی سنگمانا توند لێیدەدا و هێندەی نەمابوو بتۆقین.. من هیچ کاتێک لە ژیانما هێندەی ئەو ساتە نەترسابووم.. ئای خودایە لەو دەمەدا کە تەنیا بووم. ئای خودایە کە بوودەڵە و ترسونۆک بووم. ئەگەر پەڕو باڵم هەبوایە، دەمدا لە شەقەی باڵ و کۆچم دەکرد و بۆ ئەبەد سەرم بەم دونیا وێرانبووەدا نەدەکردەوە. لەبەرخۆمەوە دەپارامەوە و دەمگووت خودایە؛ سەرکردە دڵی نەرم بێ و بڵێ تفەنگەکانتان فڕێ بدەن و خۆتان بدەن بەدەستەوە. بەڵام سەرکردە ئەوەی نەگووت.. سەرکردە.. ئای خودایە.. سەرکردە بڕیاری دا ڕانەوەستین.. ئێمەش هەوڵمان دەدا خۆمان وا نیشان بدەین کە جەربەزە و پاڵەوانیین.. ڕانەوەستاین و بە ترسەوە بەرەو پێشەوە ملمان نا.. ئیدی ئەوەی کە نەدەبوو ڕوویدات ڕووی دا.. گوللە وەک باران بەسەر سەرماندا باری.. من ئاگام لە خۆم نەما.. چاوم کەوتە ڕێشکە و پێشکە و بەتەواوی بۆم نەدەکرا لەوە دڵنیا بم کە ئایا ئەوەی بەسەرماندا دەبارێ و دەرژێتە خوارێ ڕێژنەی باران بوو یان ڕێژنەی گوللەی هاوڕێکانمان.

ئەو منداڵانەی کە لەباکورەوە بەرەو باشور پێشڕەوییان کرد، هێندەی چاوتروکانێک بەردەمی خۆیان خاوێنکردەوە و لە پڕێکا لە شوێنێکدا وێستان. لەو شوێنەدا کە وێستان بڕوایان بە بینینی خۆیان نەدەکرد، چونکە چی دی دوژمن لەبەردەمیاندا نەمابوو؛ بەڵکو ئەوانەی وەک دیوارێکی ئەستوور بەردەمیان پێگرتبوون و نەیاندەهێشت بێنە پێشێ هاوڕێکانی خۆیان بوون.

هەر ئەوەندەی شادەی بچکۆلە خۆی لەدەست کابرای کورتە بنە دەرباز کرد و هەڵهات،

بۆ خۆشی نەیدەزانی بەرەو کوێ بڕوات. ئەو دونیا گەورەو فراوانە لەبەرچاوی ئەودا هێندەی تۆزقاڵێکی لێمابۆوە. شادە هەڵدەهات و لەبەرخۆوە ڕەتی دەبرد، لەوە دەچوو کوێرایی داهاتبێت. کابرا جارێکی دی گرتیەوە و بە خەنجەرەکەی دەستی کەوتە بڕینەوەی پرچەکانی.. شادە ڕووتو قوت هەڵدەهات و کابراش زوو زوو دەیگرتەوە.. بۆ کوێ بڕۆم، دایە، تۆ بڵێ شادەی ناشادت ڕوو بکاتە کوێ، شادەی ئەتکراوت بەرەو کوێ سەری خۆی هەڵبگرێ. ڕامدەکرد و خوێنم لێدەچۆڕا و هاوارم دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک.. کابراش پەیتا پەیتا پرچەکانی دەبڕیم و لەدوای خۆیەوە فڕێی دەدان و باکەش لەگەڵ خۆی دەیبردن. من لەنێو سەنگەرەکەی خۆما دەگریام و لە پرچەکانی شادەم دەڕوانی کە باکە لەگەڵ خۆی دەیهێنان و تاوێک بەرەو ئاسمان بەرزی دەکردنەوە و تاوێکیش دەیهێنانەوە خوارێ و لەناو قوڕ و چڵپاوی کۆڵانەکاندا بەجێدەمان.

دایە نازانم لێرە ئەوە ڕوویدا یان لەوێ.. نازانم هێشتا زیندوو بووم یان گیانم ڕۆیی بوو.. تەنیا وەک خەیاڵێکی دوور ئەوەم بەبیر دەهاتەوە.. من هەڵدەهاتم و سەرتاپای گیانم ئاگربوو. من دەسوتام دایە.. سەرتاپای جەستەم دەسوتا.. جەنگاوەرەکان لەمبەرو بەرەوە لێیان دەڕوانیم و خۆیان مەڵاس دابوو.. من دەسوتام و کڵوکۆم دادەمرکایەوە.

ئەوان داوایان لە ئێمە کرد لەشوێنەکانی خۆماندا ڕابوەستین و تفەنگەکانمان فڕێبدەین.. دەیانقیژاند بەسەرماندا کە چی دی پێشرەوی نەکەین و خۆمان بدەین بەدەستەوە. بەڵام ئێمە بەوە ڕازی نەبووین. ئێمە لەم شەڕەدا خوێنێکی زۆرمان ڕشت. منداڵێک هاواری کرد «با لێرەدا ئەم یارییە ڕابگرین. ئەم یارییە دەبێ لێرەدا کۆتایی پێ بێت و چی دی بەردەوام نەبێت»

«تۆ باسی چی دەکەیت، یاری چی. هەر ئیستا تفەنگەکانتان دابنێن و خۆتان بدەن بە دەستەوە»

«یاری کۆتایی نایەت و بەردەوامە»

«کێ قایل دەبێت دوای ئەو هەموو ڕەنج و ماندووبوونە تفەنگ فڕێ بدا و دەستبەرداری ئەو هەموو سەروەری و ئازایەتییە بێ کە بەدەستمان هێناوە»

«تەنیا دوو ئەگەرتان لەپێش دەمدایە، یان تفەنگەکانتان فڕێبدەن و خۆتان بدەن بەدەستەوە؛ یاخود ئەم خاکە بەجێبهێڵن و بڕۆن»

«بەڵام ئێمە بە هیچیان ڕازی نابین»
«ئەگەری سێهەم لەئارادا نییە»
«ئەگەری سێهەم مردنە»
«کەواتە با لێرەدا یارییەکە کۆتایی پێ بێت»
«چی دی شتێک نەماوە ناوی یاری بێت»

ئیدی لە هەموو شوێنێکەوە گوللە داباری، شار پڕی بوو لە لاشەی کوژراو.. شوێنێکی تری بۆ لاشە تیا نەمابوو.. شار پڕی بوو لە خوێن.. بەرگەی خوێنی تری نەدەگرت.

یەکێک لە هاوڕێکانی خۆمان بوو، منداڵێکی سیسەڵەی ڕەنگپەریوو.. لەدورەوە چاوەکانی خۆڵەمێشی دەینواند، بە شەلە شەل کەمێک بەرەو ڕووی ئێمە دەهاتە پێشێ و ناوە ناوە دەوەستا.. دەگەڕایەوە دواوە و ئاوڕێکی لە پشتەوەی خۆی دەدایەوە.. لەوەدەچوو دڵنیا نەبێت لەوەی کە پۆلە جەنگاوەرەکانی هاوڕێی هێشتا لە پشتیەوە ماون یان نا، بەدەم تورەبوونەوە دارەکەی دەستی بە چوار دەوری خۆیدا خوول دەدا و هاواری دەکرد «لەشوێنەکانی خۆتان ڕابوەستن و هەنگاوێک چییە نەبزوون»
لەپڕێک نازانم دارەکە بە هەڵە لەدەستی بەربوو یاوەخود بەئەنقەست بەرەو ئێمەی هەڵدا و لە ئاسماندا گێژی خوارد. پارچە داری خولخواردوو زۆری نەخایاند بەر چاوی یەکێکمان کەوت و کوێری کرد.

لەدورەوە بایەک هەڵیکرد و هەرچی خۆڵ و خاشاکی ناو شەقام و کۆڵانەکان بوو لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرت و دەیهێنایە نێو ئەو گۆڕەپانەی کە ئێمە تیا ببوینە دوو بەشەوە و لەنێوان دڵنیایی و نادڵنیایدا متەقمان لە خۆبڕیبوو. کەسمان بۆمان نەدەکرا بڕوا بەوە بهێنین ئەوەی کە ڕوودەدات ڕاستییە یان نا. منداڵەی ڕەنگپەڕیوو، پاشە و پاش کشایەوە دواوە و هێندەی نەمابوو بچێتەوە نێو ڕیزی هاوڕێکانی ڕێژنەی گوللە کاسە سەری هەڵگرت و لە شوێنی خۆی فڕێی دا. ئیدی ڕوودانی جەنگ و درێژە پێدانی مەحاڵ نەبوو. خوێنی سوور فیچقەی کرد و بەسەر خاکەکەدا ڕژا. ئەوە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی هاوڕێکان بوو.. یان ڕاستر ئەوە سەرەتای جودابوونەوەیەک بوو کە ئیدی کۆتاییەکەی ڕوونەبوو بەرەو کوێ دەڕوات.

ئەو بەرەبەیانییە، بەرەبەیانییەکی زۆر ئاسایی بوو، هێشتا دونیا جوانبوو و ژیان بەئارامییەوە سترانی خۆی دەچڕی.. دایکەکە لەناو جێگەکەی خۆی لە خەو ڕادەبێ و لەتەنیشتیشیەوە لە گۆشەیەکی هەیوانەکەوە منداڵەکەی لەناو بێشکەکەیدا و لە خەونێکی قووڵدا ئارام ئارام هەناسەی دەدا.. کەمێک دەوەستێ و لێیدەڕوانێت.. لە منداڵەکەی دەڕوانێت.. گزنگێک لە دورەوە.. لەناو چڵ و لق و پۆپی درەختەکانی نێو حەوشەکەوە هاتبووە هەیوانەکەوە و زۆر بەناسکی شکابۆوە سەر ڕوخساری کوڕە تاقانەکەی. بزەیەکی زێرینیش کە ڕەنگە دواین بزەی بەر لەخەوتنی بووبێت، هەر بەسەر لێوەکانییەوە دەگەشایەوە. هێشتا جەرگەکەی لەپرخەی شیرین خەودا بوو.

دایکەکە لەوێدا لەنزیک بێشکەی کوڕەکەیەوە ڕاوەستابوو نەیدەزانی چی بکات، بایەک خێرا بەناو درەختەکاندا ڕەت دەبێ و لە هەیوانەکەوە بەرەو ژورەوە تێدەپەڕێ، باکە خۆی دەکات بەنێو قژە نەرم و خاوەکەی دا و تاڵە قژەکانی لەسەر دەم و لێوی پەرش دەکاتەوە.. تاڵە قژەکان لەسەر ڕوخساری لا دەبات و پێدەکەنی.. دەیەوێ منداڵەکەی ماچ بکا و لەخەوی هەستێنێ، دواتر کەمێک دەوەستێ و پەشیمان دەبێتەوە. بەدەم زەمزەمەیەکەوە خۆی بە لێکردنەوەی ئەو جلانەوە خەریک دەکات کە بەتەنافەکەوە وشکبوونەوە. بەباوەشێ جلەوە دەڕواتە ژورێ و بەدەستی بەتاڵەوە دیتەوە دەرێ. دایکەکە دێ و دەڕوات.. گسک دەدات، تەماشای ئاسمانی شین و درەختە سەوزەکانی حەوشە دەکات، لەباڵندەکانی قەراخ گوێسوانەکان ڕادەمێنێت.. دەستێک لە هەوادا دەجوڵێنێ و یاری بە قژە خاوو نەرمەکەی دەکات. چایی دەم دەکا و لەبەرخۆوە گۆرانی دەڵێ.. پەیتا پەیتا وشە دەکەونە سەر زاری.. لەگەڵ ئاوازێکی سیحراوی تێکەڵ دەبن و لەناو ئاهەنگێکدا وندەبن و نامێنن.. چاییەک تێدەکاو جارێ نایخواتەوە.. کلۆیەک شەکر لە شەگردان دەردێنێ و دەوەستێ و تێر تێر لە کلۆ شەکرەکە دەڕوانێ.. کلۆکە هەڵدەدات و بەلێوە چیلکەییەکانی دەیگرێتەوە.. ئەوجا قومێک لە چاییەکە دەخواتەوە و کلۆکە لەنێو دەمیا دەتوێنێتەوە.. تەماشای ئاسمان دەکا و بەشیرینییەوە لەگەڵ خودا دەدوێ، ئای خودایە تۆ بۆ من شێت ناکەی بەدەم ئەم ژیانە ئارامەوە.. ئای خودایە بەدەم جوانی و بەدەم خەوتنی ئەو پەلەوەرە ناسکەوە لەناو ئەو بێشکەیەدا بۆ شێتم ناکەی.. بێشکەیەک لەناو دڵما.. لەناو ئەو هەیوانە فێنکەدا کە باڵندەکان پڕیان کردووە لە جریوە.. نا خودایە شێتم مەکە با کوڕە شیرینەکەم، پەلەوەرە بچکۆلە بێ پەڕ و باڵەکەم لەخەو هەستی.. ئەوجا شێتم کە.. نا خودایە شێتم مەکە، نا خودایە شێتم بکە.. من شەش ڕۆژە دەڵێی ماسیم و

لەم زەریایەدا جێ بەخۆ ناگرم. من بێ تۆ ئەی دڵی دایە چ دڵشکاوم.. کە تۆ دیار نیت.. من دەمرم.. کە تۆ هەڵدەستی و خەریکە فێری بزە و دەم پانکردنەوە دەبی دەژێمەوە.. لەپڕ دایکە دەوەستێ.. دەوەستێ و دەڕوانێتە
دوور.. پێڵوەکانی چاوی هەڵدەگلۆفێت.. بڕوا بەو دیمەنانە ناکات کە دێنە پێش چاوی.. بڕوا بەو دەنگی گوللانە ناکات کە دێنە بەر گوێی.

دایە من لە پەنچەرەوە تەماشام دەکرد، لەپڕ دەنگێک هات و هەرچی شووشە بوو لە ماڵەکەدا شکاندی.. هێندەی چاوتروکاندێک هەرچی شووشە بوو لە دونیادا ورد و خاشی کرد. دایە بە هەردوو چاوی خۆم بینیم.. ئەوەی من لە هەیوانەکەدا بینیم تارمایی نەبوو.. بەڵکو خۆی بوو.. زەردەخەنەیەکی ڕۆشن بەسەر لێویەوە بوو.. باوەشی بە منداڵەکەیدا کرد و فڕاندی.. لە حەوشەکەدا باران دەباری. بەدەم ماچکردنی منداڵەکەیەوە بەرەو ژوورەوە چوو.. ژورەوە تاریک بوو.. ئیدی بێ لە تارماییەک بۆم نەدەکرا هیچ دی ببینم. بەڵام هێشتا گوێم لە دەنگی بوو.. گۆرانی دەگووت.. بەڵام لەگەڵ دوور کەوتنەوەی دا دەنگەکەش کز دەبوو.. ئیدی وەکو نوزانەوەیەک دەهاتە بەر گوێم. وەکو دەنگێک لە بنی بیرێکەوە بێتە گوێم.
ئەو ڕۆژە هەموو دیتمان باڵندەکان چۆن دەستە دەستە فڕین و کۆچیان کرد.. لەدورەوە قیژە قیژیان دەبیسترا و تا دوور دەکەوتنەوە باکە وەک گریانێک دەهێنایەوە بەر گوێمان. ئەو خۆمەڵاسدانە تادەهات درێژ و درێژتر دەبۆوە و بۆنی ترسێکی غەریبی لێدەهات.. ئومێدێک بۆ ئەوە نەمابوو لێرەدا جەنگ ڕابوەستێ و کۆتایی پێ بێت.. دیاربوو هەر یەکە لەشوێنی خۆیەوە جێو شوێنی پەلاماردانی دەستنیشان دەکرد.. تۆز و غوبار و دوکەڵ بەری ئاسمانی داپۆشیبوو.. ئەوەم دەهاتە پێشچاو ئیستا نا تاوێکی دی هەریەکە لە بۆسەکەی خۆیەوە دەردەکەوێ و وەک گورگی هار و برسی بە زەبری چەپۆک و چنگی خوێناوییەوە، بەدەم هەناسە برکێوە دەکەونە پەلاماری یەکدی و یەکدی لە خوێنا دەگەوزێنن و بە ددانی تیژ لاشەی یەکدی هەنجر هەنجر دەکەن. بە ترس و سڵەمینەوەیەکەوە کە تا دەهات لەناو دڵ و گیانما گەورە دەبوو جێی ددان و قەپاڵەکانیانم لەسەر جەستەی خۆم دەهێنایە پێشچاو.. وردە وردە ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو و تادەهات تاریکیش بەشێنەیی باوەشی بە شارەکەدا دەکرد. شەوێکی ڕەش.. نە مانگ و نە ئەستێرە بەئاسمانەوە دیار نەبوون. لە دورەوە هەستم بە تروسکایی چاوەکانیان دەکرد لەناو ئەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا وەک چاوەکانی ڕەوەیەک ئاژەڵی دڕندە و کێوی دەبریسکانەوە.

با دەیهاژاند و داڵەکان بە نزمی بە ئاسماندا دەفڕین... دیاربوو بۆنی کەلاک لەدورەوە لەگەڵ خۆیدا هێنا بوونی.. هەموومان خۆمان لەنێو سەنگەرەکاندا حەشاردابوو.. لەوەی دەکرد دوا پەناگە و دوا ئومێدمان بێت. بێ لە دەنگ و ئاوازی باران کە بەئارامی دەهاتە بەر گوێمان و هێواش هێواش تەڕی دەکردین، چاوەڕوانی و نائارامییش بێدەنگییەکی کوشندە و گیانکێشی لە ڕۆحماندا خولْقاندبوو کە تا دەهات درێژ و درێژتر دەبۆوە. لەپڕ هاوار و قریشکەی کیژۆڵەیەک کش و ماتی ئەو ئێوارەیەی لێهەژاندین، کیژۆڵەیەک بە کراسێکی تەنکەوە کە بەلەش و لارییەوە نوسابوو سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی ڕاکێشا و لە گۆشەی کۆڵانێکەوە کە کەوتبووە نێوان سەنگەرەکانی هەردوو لامانەوە دەرکەوت و دەیویست خۆی لەدەست ئەو پیاوە بنە مۆمە قوتار بکات بەدەم هەڵکێشانەوەی شەرواڵەکەیەوە شوێنی کەتبوو. کیژۆڵەکە بەدەم هەڵاتنەوە دەیقیژاند و جار جارە دەکەوت و هەڵدەسایەوە. هەڵدەسایەوە و بەپێی پەتی ڕایدەکرد و هەڵدەهات.. کیژۆڵەکە لە پڕ خۆی دەکرد بە کۆڵانێکدا و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وندەبوو، لەگەڵ ونبوونیا ئێمەش هەموو دڵخۆش دەبووین و ئۆخەیەک ئارامی دەکردینەوە بەڵام هێندەی پێنەدەچوو بەدەم پاڕانەوە و ئاوڕدانەوەیەکی پڕ لە ترسەوە دەردەکەوتەوە و لەگەڵ دەرکەوتنەوەشیا هەموو دەرونی ئێمەی پڕ دەکرد لە خەم و دڵەڕاوکێ. کیژۆڵەکە هێندە کەوتبوو و هەستابۆوە هەموو گیانی لە قوڕ هەڵکێشرا بوو.. لەپڕێکا ڕێی کەوتە ناو کۆڵانێکی دەرنەچووەوە و بە دەم هەناسە برکێوە دەستی بۆ بەردێک برد و بەرانبەر پیاوەی بنە مۆم وەستا.. هەموو لە دیمەنەکەمان دەڕوانی.. کابرا تا دەهات لە کیژۆڵەکە دەچووە پێشێ و باکی بە هیچ نەبوو، بەرد بەر کەللەی سەری کەوت و خوێن بە ڕوخساریا هاتە خوارێ.. باکی بە هیچ نەبوو. کابرا ڕاناوەستێ و بەرەو پێشەوە دەڕوات.. دیاربوو ئێشی زۆری پێگەیشتبوو. کیژۆڵەکە هەنسک دەدا و بەدوای فریادڕەسێکا دەڕوانێتە ئاسمان.. کابرا دەگاتە کیژەکە و باوەشی پیا دەکات و دەم و لێوی دەلێسێتەوە.. دەیخاتە ژێر خۆی و سواری دەبێت.. کیژەکە لە زەوییەکەدا تەخت دەبێ و هاوار دەکا و دەقریشکێنێت.. دەنگی دەگاتە ئاسمان و کەسێک نییە بگاتە هیمدادی.. لە پڕا کیژۆڵەی بەزۆر گایراو بەدەم دڵەکوتێ و ترسەوە خۆی لە دەستی کابرا ڕادەپسکێنێ و هەڵدێت.. هەڵدێ و بە بەردەم سەنگەرەکانی ئێمەدا ڕەت دەبێت. کیژۆڵەکەم دی بەلای مندا هات و تێپەڕی.. ڕووت و قووت و بەپێی پەتی بەرەو خوارەوە تێپەڕی. کابرای بنەمۆمیش بەدوایا هەڵدەهات.. لەدورەوە با دەیهاژاند و جگە لە تاریکی بۆم نەدەکرا هیچی دی ببینم.

# سیانزه ڕۆژه، سەرم سووڕ دەمێنێت...

■ حسێن ئەحمەد

**سیانزه ڕۆژه:**

سەرم سووڕدەمێنێت، دونیا ڕێگای تیانییه بۆ ژیان، هەموو شتەکان تاریکن، جیاوازی له نێوان مرۆڤەکاندا زۆر بووه، هەرکەسه و دونیایەکی هەیه، هەرکەسه و بیر له خەونێک و زەوییەک و خاکێکی جیاواز دەکاتەوه. من تەنها لەم کاتانەدا سەرم سوڕ دەمێنێت. سەرم سووڕ دەمێنێ و هەفتانه بیست و پێنج جار جنێو دەدەم. چل و هەشت جاریش لووت لەم ئەستێره بێکەڵکه دەکەم و تێدەگەم مرۆڤ چەندێک لەگەڵ خۆیدا ناتەبابێت، ئاسانتر لەگەڵ حەیوانەکاندا دۆستایەتی دەکات. سەگ له ئەوروپادا زیاتر له مرۆڤێک کاریگەری بۆ باری دەروونی تاک هەیه. هەر بەم پێیه بیر لەو گوتەیەی پیار شارۆن دەکەمەوه که دەڵێت: ((له نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا جیاوازی کوشندەتر هەیه وەک له نێوان مرۆڤ و حەیواندا...)) کەمتیارێک سادەتر له من بیر له دڵشکاندن ناکاتەوه. سەگێک پەنجاو پێنج جار باشتر له من ماستاو دەکا و لەوەشدا هۆشمەنده که دڵی ئادەمیان بۆخۆی بەدەست بێنێت... من ڕۆژانه بەقەدەر یەک تولەسەگی بێچاره قورساییم لەسەر دەروونی تاک نییه.. بەقەدەر مشکێکیش تواناییم ناگاته ئەو شوێنەی بیرکردنەوەی دووکەس لەسەر وجودی خۆم ڕاوەستێنم... موسیبەتی ئینسان لەو شوێنەوه دەست پێدەکات که ئیتر حیسابی له جادەکانیشدا نامێنێت.. ئەمه تەنهاییه.. تەنهایی به مانا هەره وێرانەکەی.. کەواته من ئێستا نیشتیمانم له ئاسودەگیدا نەماوه. به وێنەیەک تەنهام.. تیری کەس ناگاته

دڵم.. سینەی من بەر شیری دوژمنیش ناکەوێت.. ئەمە خاڵی ڕەنجانی و من و ئەم خەڵکەیە... خاڵیَ ئاشووبێکە کە لە مندا ناکۆتا دەستی پێکردووە. تۆ ئەمە نازانیت.. سوێند دەخۆم تۆ ئەمە نازانیت... سوێند دەخۆم تۆش وەک دراوسیَ و هاوڕێی و بارمانەکان.. قاقا پێدەکەنی و پێم دەڵێیت: هەی هەڕاج... هەی هەڕاج.. هەر بۆ ئەوەی:

تۆ تەنها بوکەشووشەیەکی نوستوویت.. پەیکەرێکی دەستت لە بۆشایدا وەستاندووە. سەرت تەنها چاوتی هەڵگرتووەو تـەواو.. مەغزت وەکوهەوا بۆشە.. بەڵام من بڕێک جار بێشعورانە لاسایی جەستەت دەکەمەوە. هەموو ئاگاییم دەخەمە سەر قژت... ئەمەوێت وەکو تۆ لەسەر پەتەکان بووەستم و تەماشای هیچ نەکەم.. تەماشای هیچ نەکەم و بڵێم کە من ئیتر دڵم هەیە.. من جار جار عاشق بوون دەمبات و گەمژەیی ئەمگەڕێنێتەوە.. جار جار خودا دەم دزێت و ئەهریمەن ئەمهێنێتەوە.. من پڕ دەورم.. پڕپڕم لە چەرخ.. پڕ پڕم لە پیستی نەبینراوو لۆفەی سەیر.. هەموو سەدەکان لە خوێنمدا وەکو پرسیار کەوتوون.. هەموو ئاسمان بەربۆتەوە بەسەر بەدشەنسیما.. شەو بە شەو لە مالهایەکەوە بۆ مەلهایەکی کەو لە کچێکەوە بۆ کیژێکی تر و لە سینگێکەوە دەیگۆڕم بە سینگێکی دیکە.. هەموو شتەکان لە نەسلی خۆیان دەگوێزمەوە وەک کەناڵێکی خراپ لە بیرکردنەوەمدا دەیان گۆڕم.. هەموو ئەم کەونە دەگۆڕم بە تاق و پەنجەرەکانییەوە.. من تەنها کەسم مایلی ئەوە نیم کە تۆ وەک خۆت بچیتە سەماوە. من ئەمەوێت تۆش بگۆڕییت.. دەموچاوی دیکە درووست کەیت و لەناویدا ئاسودە و غەمگین بیت. پێیەوە بچیتە میوانی.. پێیەوە یاری نویَ ڕاکێشی و نیشانی خۆت لەگەڵ نیشانەکانیدا تەباکەیت.. من دەمەوێت بە جۆرێک بگۆڕییت بۆ سەردەمی تازە بشێت.. بشێیت و پێم بڵێیت کە مرۆڤی تازەیت.. کە پیشیلەیەکی بە ئامێر و تەلەفۆن و کۆمپیوتەرەکەت سێکسدەکەیت. من دەمەوێت بتگۆڕم و لە ئینسانەوە بتکەم بە حەیوان و بت ڕەنجێنم کە ئیتر ئینسانیش نیت.. مرۆڤی تازە پڕ دیوە. پڕ زمانە.. پڕ دەنگ و هاوارە و وەک موشەک دەتوانێت بە یەک دەرچوون بیست و هەشت نەفەر بکوژێت. بیست و هەشت نەفەری بیست دیو. بیستو هەشت نەفەری ئاسایی و نەزان و جەڵدەدار. ناااا.. جەڵدەنەدار.. دایکم بانگم دەکات.. من سەرم وەک کیسەڵ خستۆتەوە ناو خۆم. بەخۆمدا دەگەڕێم و واوەیلای درێژمە. یەکتۆزی تر لێمگەڕێن پڕ دەبم لە ڕێگا. پڕ دەبم لە شار. پڕدەبم لەشوێن.. دایکم

هەرایەتی.. بەزمی ناوەتەوە. پێم دەڵێت: دیسان نابودییە.. کوڕە هاوڕێی تۆ گەیشتونە سەر مانگ.. قسەکانی دایکم ئفلیجیان کردووم. سەرم خستۆتە سەر شانم و بەلادا کسکۆڵەم کردووە. لەوانەیە لەسەر مانگ چیرۆکێک بنووسم. بیرم لای نێیل ئارمسترونگە. ئەو پیاوەی لە یەکەمین ڕەوتدا پێی چەپی خستۆتە سەر مانگ.. من بەدایکم دەڵێم کە سوتفەیە. زۆرن ئەو مرۆڤانەی کە نەچوونە سەرمانگ. هەر بۆئەوەی ئەوکەسانەی دەبێت بچنە سەرمانگ یەک تەن لە زەوییەوە دوورن.. داهێزراووم. لەت لەت بووم و دەستەکانم وەک تەرزە سەهۆڵیان گرتووە. بەخۆم دەڵێم هەر دەبێت بڕۆمە سەر مانگ.. تکایە کەس ئەم فیکرەیەم لێنەبات.. من دەمەوێت شتێکی ئاوا بنووسم.. پیاوێک کە دەچێتە سەر مانگ.. پێرسۆناژەکەش خۆم دەبم.. مۆڵەتم لە ئارمسترۆونگ وەر گرتووە و هەر دەڕۆمە سەر مانگ.. دەڕۆمە سەر مانگ و بیری تۆم دەکەوێتەوە کە جێماویت.. لەسەرمدا شتێک پەلە قاژێیەتی.. لە گرێژنە چووم.. هانکەهانک خەریکم ڕادەکەم. زینجیرەکانمم پساندووە و دەمەوێت بە پێی پەتی بەسەر کاشی هەتاویدا تێپەڕم، بڕۆمە سەر لمی دەریاکان و هێشتاش هەر لە خەمتا بمرم. هێشتاش هەربیری تۆبکەم.. ئەم ڕستەیەم سواندووە. بیری تۆدەکەم دەگۆڕم. دەیگۆڕم بەشتێک تازەبێت و ڕێک ببێتە هی تۆ... ڕێک تەپوتۆزی تۆی لێنیشتبێت و کەس نەتوانێت لە من و تۆی ببـــات.

من دەمەوێت وەکو دڵت.. شتی دیکەش هەبێت تۆ بیکەیت بە هی خۆت. ناڵینی تر.. ئاسمانی جیاواز. ئەستێرەی دوورتر لە زەوی.. من ئەمەوێت هەموو ئەو شتانە هەتیوبن کە هی تۆنین.. سەیرکە من بیر لە تۆ دەکەمەوە.. بیر لە پەنجەو کەمەرت بە یەک ڕستە. بیری پرچت کە خوا تاڵ تاڵ بە سەرما دەیان ڕوخێنێت. من بیری هەموو شتێکتەکەم بیرکردنەوەت نەبێت.. بیرکردنەوەت زەخمە... بیرکردنەوەت بەقەد هەموو ئەم ئەستێرەیە بە شەیتانەکانییەوە ئاوزانم لێ ئەسەنێتەوە. من لە بیر کردنەوەت ئەترسم.. لەوەش بە یەک گوفتار هەموو بەدەنم بکەیت بە تەپوتۆز.. هەموو ئەعزام لە غوباردا ونکەیت.. تۆ ئەی ئەستێرەی وەریو بەسەر دەریاکاندا. ئەی فریشتەی مەستبوو بە دەنگی ئاو.. ئەی سپیتر لە سەرسینگی قارچک.. بیر لە هەموو بەدەنت دەکەمەوە. تۆ بەهەر جۆرێک تێدەپەڕیت ئاوەزم لەسەر تەنهابوون شل دەکەیت.. خەیاڵم بە عەزاب دەلەرێنیتەوە... لە هەرجێگایەکمەوە بڕۆیت شتێکم دەخەیتە سەرتەوە.. بە سێبەرەکانت مردنم قورس دەکەیت.. وادەکەیت

که به تەنها بیر لە عەیارییت بکەمەوە. هەی عەیار... هەی عەیار.. تۆ تەنها بوکەشوشەیەکیت.. تەنها وێنەیەیەکی غەمگینیت بە دیوارەکانەوە و من بە تەنێ دەتوانم بە هەبوونت بمرم...دەتوانم بەو خاڵانەت بمرم کە وەک ئەستێرەی دوور لە ڕووتا گیرساونەتەوە.. دەتوانم بە شتی کەش بمرم.. دەتوانم بەوەش بمرم کە تۆ ڕێژەی عەزابت بەرز دەبێتەوە و من لە جێت زەجر دەکێشم.. من لەجێت دێمەئێش. چەند تەنهام و چەند بەدەنم ئێشێت.. سەرم ئێشێت.. بیرکردنەوەم لەم هەموو قەرەباڵخییە دێشێت.. خەیاڵم ئێشێت.. کە دەرگا لەسەر خەیاڵی تۆ ناکاتەوە.. وەک وەفام بۆ درەخت و گیا.. بۆ جادە و قاچ.. بۆ وێنەکیشان و ڕەنگ.. دەمەوێت لە بست بە بستی دونیادا ناوی تۆ بنووسم.. دەمەوێت ئاسمان ڕازیبکەم کە تۆ ناتەوێت ئاسمان بیت.. دڵی گیا خۆش بکەم کە تۆ گیانیت وەلێ بە باخ دۆستیت.. دەمەوێت فریشتەکان بە باڵەکانیانەوە هی تۆبن.. دەمەوێت تۆ سەرکردە نەبیت، وەلێ سەرکردەکان لەژێر سمی ئەسپەکانتا بمرن. دەمەوێت تۆم بوێت. دەمەوێت تۆ بکەم بەوەی کە خەڵکی دیکەش بیر لەوە دەکەنەوە، کە ڕۆژێک بیرێکی درێژی لێبکنەوە.. درێژ.. درێژ.. بەقەد قژت.. بەقەد خزانی تەنوورەکەت بۆ خوارەوە.. بەقەد دەستت کە دەگاتە دەرگای گشت پاشەڕۆژەکان... قوفڵم بە... قوفڵم بە و بە درێژی بانگمکە... بە درێژی ناموسم لەیادببەرەوە و بانگم کە.. شەرەفم بشکێنە و بانگمکە.. لە مەلهاکانەوە تا مزگەوتەکان.. لە حەجەوە تا کوفرکردن لە عەبەسێکی قۆڕ قۆڕدا بانگم کە.. بانگمکە و ناوم لەناو سۆزانییەکاندا بڵاوبکەرەوە.. ناوم بخە سەر لیستی نیشتیمان فرۆش و خائینەکان و بانگم کە... کە تۆ بانگم دەکەیت.. من دڵنیام لەناو دەمتا زیندووم.. من دەزانم شەڕی من لە هەموو شوێنێکتە.. لە خانە بە خانەتدا پلەدەم. ئەی سپیتر لە عەمامەی حاجییەکان.. ئەی تەنکتر لە با.. کە بەسەر خەیاڵی شاعیرەکاندا تێدەپەڕێت.. تۆ وا بکە بیر لە خۆم و بیر لە تۆ و بیر لەو سەگانە بکەمەوە... بیر لەو پیشیلانە... بیر لەو کرمانەی خەڵکی پێیان عەیبن..

هەر بەراست خەریکم خودام لێدەنیشێت. گارەگارمە.. وەک کیژی پاش حەیا زیکەم دێت.. ئەمەوێت لەم تێکستە بڕۆم.. ئەمەوێت سەرلووتم ڕەشکەم و بچم بە وڵاتدا.. دڵم گەرمە.. ئەعزای گیانم ببووە بە دڵۆپە.. بەدەمەوە دیارە بەهەرچی پیرۆزیدا هەیە تکە دەکەم.. بەهەرچی موقەدەسدا هەیە دەڕژێم... دەڕژێم.. دەڕژێم.. دایکم ئاگای لێمە.. ئەگەر باوەڕم پێناکەن دایکم پێتان

دەڵێت کە چی حەیابەرەیەکم... کەچەند سوکم لە تاڤگە کردندا.. کەسێک دەڵێت تۆ حەیابەرە نیت؟؟؟ من دەلێم حەیا لەو ڕۆژەدا شکستی خوارد کە بووین بە مرۆڤی تازە... مرۆڤی تازە بێعەیبە... بەوەدا کە حەیای نییە... بەوەدا کە نازانێت چی دەبێتە عەیبە بێ کێشەیە؟ هەڵبەت من چەند سەعاتێکە فێری ئەم دێڕە بووم (خودی عەیبە... بۆ مرۆڤی تازە شوورەییە.. یانی مرۆڤی نوێ عەیبی نییە... یانی کامل ئۆپشنی سەردەمە..) سەیرمکە.. چۆن بەم تێکستەدا هاتووم... مرۆڤی نوێ کامل ئۆپشنی سەردەمە... سیو یەکجار ئەم دێرەم نوسیووە. دایکم لەودیو خۆمەوە تێم دەژەنێت.. دێتە ناو سەرمەوە و لە دەممدا گلۆپ بە شپرزەییم دەکات.. گلۆپ بە بۆگەنیم دەکا و من بیرم دەچێت کە مرۆڤی تازەم... پڕ بە دەستەکانیدا دەکەم و تێی دەگەیەنم کە عەیبە... عەیبە... عەیبە...

هەموو ئەو ڕستانەی لە دوای ئەم کریتیکەوەن، تیۆری من دەبن بۆ قەرەباڵخی ئەم سەدەیە؟ عەیبە لە شوێنێکدا عەیبە کە عەیبە وەک پەیوەندی من و تۆ ڕوداو درووست بکات... هەموو عەیبەیەک بە جۆرێک بەستراوە بە ڕووداوەوە.. بەسراویشە بەوەوە کە مرۆحەێک بە ئاشکرا لەپێش ڕوداوەکانەوە ڕوو بدات.. مرۆڤێک ڕوودەدات... مرۆڤێک ڕوو بدات.. ئەم دێڕەم بیست جار نوسیوە، من لە نوسینی ئەم دێرەوە دەمەوێت ڕوو بدەم؟ دەمەوێت لەناو ڕودانی خۆمدا وا بکەم تۆش ڕوبەیت.. ڕووبدە.. ڕوو بدە... لە سەردەمێکدا ڕووداو بەتەنێ لە سەر شاشەکانە.. دەبێت ئەو کەسانەش تۆ بیت کە لەسەر جادەکان ڕوودەدەن. لەناو ماڵەکاندا.. لە خەیاڵی مندا. لە فۆرمێکی شیعریدا ڕوودەدەن.. تۆ ڕووبدە و وا بکە خوداش ڕووبدات.. وا بکە دوای ئەوەی من ڕوومداو و تۆشم کرد بە ڕووداو، هەموو جادووی ئەم سەدەیەش ڕووبدات.. هەموو بێخی کوژراوی ئەم قەڕنە بخرێنە سەرەوە و ڕووبدەن.. کاتێک هەموو زەمان بە زیندووە کانییەوە لە دوای ڕوودانـی من و تۆ ڕوویاندا.. من بیر لەوە دەکەمەوە چیرۆکێک بنووسم.. چیرۆکێکی هاوچەرخی ئەورووپی.. نا ئێرانیەک کە بە فیکرەی فەرەنسی دەنووسن.. من عاشقی فەرەنسام و یەکەمین دێڕی چیرۆکەکەم بەم شێوەیە دەبێت: کوڕێک لە سەفەردایە بۆ سەرمانگ.. دایکم نیگەرانە... دەڵێت ئەوکوڕە هەر تۆ نەبوویت ڕۆڵە.... من دەڵێم دایە بەسیکە... دایە با بینووسم... دایکم هیچ ناڵێت و لەژێر دەمەوە پێم دەلێت... کوڕە خەریکی چیت بە خوا قەت ناچیت بۆ سەر مانگ....

**تێبینی**:

**نێیل ئارمسترونگ یەکەمین مرۆڤە لە سەدەی بیستەمدا.. کە بۆ یەکەم جار پێی چەپی خستۆتە سەر مانگ.. هەڵبەت لەدوای یوری گاگارینەوە کەلە یەکێتی سۆڤێتەوە بە بۆشایی ئاسماندا فڕی. دواجار وەک تۆڵەیەک لە یەکێتی سۆڤێت لە ڕێگای بەرنامە ڕێژییەکی تۆکمەی تەکنۆلۆژییەوە، دەزگای ئاسمانی ئاپۆلۆ ١١ ی ئەمریکی توانی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بسەلمێنێت کە دەتوانێت باشتر لە یوری گاگارین پیاوێک دروست بکات نەک تەنها بەرەو فەزا بڕوات... بەڵکو بچێتە سەر مانگ و بەیداخی ئەمریکا لە سەعات ٣:٣٣ دەقیقە بە کاتی ناوخۆی پاریس لە سەر ڕووبەری مانگ بچەقێنێت...**

# سێدارەی زستان

■ توانا ئەمین

ساڵی ١٩٩٣ لەسێدارە درام.. لەچەقی شاردا لەسێدارە درام.
بۆ تۆ واباشترە من نەناسیت.. من خۆم هیچ نکوڵییەکم لەخۆناساندن نییە، بەخاتری تۆ دەڵێم، دەزانم هەرئەوەندەی منت ناسی ژیانت دەشێوێ.. دەشزانم جارجارە ئادەمیزاد حەز لەو شێواندنەی ژیانی خۆی دەکات، بەڵام هەرگیز بەڕاستی ئەوەی ناوێت.. ئێمە خوخدەمان بەژیانی خۆمانەوە گرتووە، ڕێ نادەین کەس پێ بخاتە ئەو حەرەمەوە، ژیان یانی نەزم.. منیش دەمزانی یانی نەزم، لێ خۆم ویستم دەستکاری ئەم نەزمە بکەم.. من پیاوی نهێنیەکانم، پیاوێکی لەسێدارە دراو.
حەزکردن لە کچۆڵەیەکی خوێندکاری ناوەندیی، عەسرێکی تاریکی زستان لە شارۆچکە قەبزەکەی ئێمە لەنزیک چیای (شێنێ) لە سنوری ئێران، خوێنی دنیای بەدوای خۆی دا هێنا.. تازە تاوێکی بارێزە خۆشی کردبووەوە کە لەسەدرێیەکی ڕەساسی و کراسێکی سپی دا بە بەردەمم دا تێپەڕی.. ئیتر هەموو شتەکان لێرەوە دەستیان پێکرد.. هەمیشە ڕووداوەکان لە تێپەڕینی کچێکەوە دەستپێدەکەن. هەستی سەرەتای من جیاوازبوو لەهەموو عاشقێکی تر؛ من کە ئەوعەسرە ئەو کچە بە لەنجەیەک؛ کە هەر کچان خۆیان دەزانن چۆن لەساتگەلێکی ئاوهادا بیکەن، بەبەردەمم دا تێپەڕی.. هەستمکرد قورسبووم، مینا قوتدانی بەردێکی سەنگین.. نەمدەتوانی لەجێی خۆم جوڵە بکەم.
ئەگەر من عەشقی ئەو خانمە هەستی قوتدانی ئەو بەردەی نەداباما، ڕۆژێک لە ڕۆژان سەری خۆمم هەڵدەگرت و تفێکی

خەستم لەم نیشتیمانە دەکرد و ئاوها خۆم زایە نەدەکرد، بەڵام بە جۆرێ قورسببووم کە لەم خاکە هەڵنەدەپچڕام.. شەوی ئەو عەسرە لەئانی بەڕێکردنی میوان دا زانیم کە ناتوانم هەستم، لەو شەوەوە بەردەوام من پێویستم بە دووکەس هەبوو تا دەستبدەنە باڵم و هەڵمستێنن. خۆم لەو حاڵەتە ناسروشتییەی خۆم سەرم سوڕمابوو، من بیستبووم کە ئادەمیزاد عاشق دەبێ کێشی لەدەست دەدات و بەجۆرێ سووک دەبێ؛ وەک پوش و پەڵاشێک دەچێتە گۆرانییەوە و لێرەو لەوێ لە کوچەو کۆڵانی یاردا بە ئاسانی بـــا دەیفرێنێ.

ئەبێ ببورن من زمانی وەسفم ئاوا کورتە، هەمیشە کە ئێشم کەوتبێتە ئەم زارە پوچەم ئاوا شەرمندەی کردووم، من نازانم چۆن ئازاری ئەو عەشقەتان بۆ بگێڕمەوە، چونکە گێڕانەوەی ئازار شتێکە و چەشتنی ئازار خۆی شتێکی تر.. وشەکان ترسنۆکن، هەموو وشەی دونیا ناتوانێ سوتانی پەنجەیەک بگێڕێتەوە، ئاگرێکی خۆش، شین و دڕ لەسەرپەنجەت ڕاگیراوە.. پێستی یەکەمت گورج و ترپ ترپ ئازار دەگوازێتەوە.. ئەو دەسوتێ و گلۆپ دەکات و دەتەقێ و ئازارت چووە بۆ عەرشی عەزیم.. گۆشتەکەت دەسوتێ و چینێ ئازاری چڕ پەیتا پەیتا بە ڕۆحتا هەڵدەشاخێ.. بۆچڕوکێکی تیژ و بۆگەن هەڵدەماسێتە کونەلوتەکانت.. ئاگری شین سرەوتی نییە و هەردەگرێ و دەگرێ و تۆ لەناوەوە دونیای خۆت پڕکردووە لە زریکە.. بەرچاوت ڕەش دەبێ.. وادەزانی ئێستا هەموو شتێک تەواودەبێ و دنیا کش و مات.. گڕ هەر دەتسوتێنێ و تۆ هەر دەقریشکێنی و دڵت کەف دەکا و ئازار هەردێ و هەردێ و هەر...... ئەوە پەنجەی تۆ نەبوو دەسوتا، نـــــا.. ئەوە ئاگرێک بوو من لەسەر ئەم کاغەزە کردبوومەوە.. ئەمە ئازارێکی درۆینەبوو، ئازارێکی سووک و چرووک.. بۆئەوەی لە ئازار خۆی تێبگەیت نوسین هیچ کۆمەکێکت ناکات، هەستە برۆ دەستت لەسەر ئەو پشکۆیە ڕاگرە.

شەیدایی من بۆ ئەو کچەی عەسرێکی باراناوی زستان بە بەردەمم دا تێپەڕی، دروست شتێک بوو وەک دەست ڕاگرتن لەسە ئەو پشکۆیە، من ڕۆژبەڕۆژ دەسوتام و دەبوومە خۆڵەمێش و دیسان بۆ تەواوکردنی ئەم سوختەییە دروست دەبوومەوە.. لەیادمکرد لەسەرەتادا پێتان بڵێم من کوڕی یەک لەخێڵە گەورە و دڕەکانی ناوچەکەم و بینینی من بەو لاوازی و نەحیفییەم شەرمێکی گەورەبوو لە پێش دا بۆ خۆم و دوایش و بۆ ئەوان.. وابزانم یەکەم

نیشانەی عاشقبوون ئەوەیە مرۆڤ ڕقی لە ئاوێنە دەبێتەوە.. نا لەبەر ئەوەی جوانێکی بینیوە و ئیتر شەرم لە ڕوانینی ڕوخساری خۆی دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەخۆی دەترسێ.. ئێستا لەم دونیایەی ترەوە هێندە خەیاڵم پەرتە بیرم چۆتەوە دەبی بە چیی..؟ بەڵام دڵنیام ئادەمیزاد کە عاشق دەبێ لە ئادەمیزادەوە دەبێ بەشتێکی تر.. من ببووم بەو شتە.

بەیانییەکی خۆرەتاوی بەهار دەسپێکی شێواندنی هەموو شتێک بوو، من لەوساتەوە تا ئێستاش کە لەژیانێکی تردام ڕقم لەبەهارە، سەعات هەشت و نیوی بەیانی دەستەیەک لە کوڕوکاڵی گەڕەک لەسەرم خڕبوونەوە، کەسیان نەچووبوون بۆکار.. هاتبوون بە من بڵێن کە کچی زستان (ئەوە ناوێک بوو من بۆ خانمی خوێندکارم داتاشیبوو) ڕەدووی عەبوسترین و ناچیزترین کوڕی شارۆچکەکە کەوتووە. ئەو ڕۆژانە سەرەتای شێتێتی من بوو.. هەر بەڕاستی دابوومە کێو.. لەوێ لەدانەکێوی قەیس و فەرهادیش گەیشتم.. ئەو ڕۆژانە لە ناو ئەو جەنجاڵییەی خۆم دا فریا کەوتم بیر لە پەیوەندی نێوان فیراق و کۆهساران بکەمەوە.. ئەوچەند مانگە لە پلەیەک دا بووم کە بیرمە یەک دووجار سەرم بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو گوتم «لەهەموو جێگایەک جێتهێشتبێتم لێرا جێم مەهێڵە.. بەرگە ناگرم.. خۆشت دەزانی..!»

ئەو ڕۆژانەی منی تێداکرام بەدارا خەڵک برسی بوو، فرسەتێکت گەورەی یەکتر خواردن بوو، لە هەموولاوە سنوری ئەم شارە وەک ئەژدیهایەکی زەبەلاح زاری دادەچڕی و بروسکەی دەدا.. شەڕبوو.. یەک یەکی دەکوشت و پێویستی بە زەحمەتی ئەوەنەبوو لەخۆی بپرسێ (بـــۆ..!) ئەو ڕۆژگارە خەڵکی ئەم شارە بە نان.. بە ئاو.. بە ئازادی نەدەژیا.. نـــا.. بەکۆمەکی هێزێکی تر دەیتوانی بەردەوام بێت؛ هێزی ئەفەرۆزکردن، توانایەک کە من لێی مەحروم بووم.. لە پێشی پێشەوە ئەو دوو پیتە پچووکەیان فەرامۆشکردبوو: بـــــــــۆ..؟ کەس نەیپرسی بۆ وا لەمن دەکـەن..؟ لەناوەڕاستی مەیدانەکەیا لەسەر قەڵاچۆکێکی قوت و خشپیلە ڕایانگرتم.. من لێرەش پێویستم بە دوو کەس بوو تا بەرزم بکەنەوە بۆ سەر ئەو تەپڵەکەی کە دەبوو قاچم بخەمە سەری و دوایش هەر ئەودوو برادەرە زەحمەتی شەق هەڵدانیان لە تەپڵەکەکەی ژێر پێم گرتە ئەستۆ؛ کە لەسەرەوە وەستاندیانم تا هەدەری چاو عەشامات ڕەشی دەکردەوە.. سەری بۆشی ئینسان بە دوو هەڵماتی واقەوە مەوجی ئەداو ئەهاتەوە یەک.. بۆ یەک سات.. ساتێکی کورت.. پێکەنینم هات.. ئەوە

خدێی هەمیشەی خۆم بوو؛ لەو جێگایانەی کەس خەیاڵی بۆ ناجۆرییەکی وا نەدەچوو، من دەمکرد. ئێستاش نازانم بەچی پێکەنیم، بەڵام دەزانم پێکەنینەکەم وەختەبوو ببێ بە قاقاو ئەگەر نەمگرتبایەوە ئەوە دەبووە بێ حورمەتییەکی گەورە لە ئانێکی وادا ئادەمیزاد بە مەرگی خۆی بیکات..

ئەو هەموو خوێنەی حەڤدە ساڵ لەمەوپێش لەم وڵاتەدا ڕژا، بەتەنیا من هۆکاری نەبووم! لەڕاستیدا هیچ جەنگێکی سەر ئەم هەسارەیە بەبێ دەستی ژن دەستی پێنەکردووە.. وابزانم جارێک لەسفری تەکوینی تەورات دا بەرچاوم کەوتووە؛ کە خودا ژن و دۆزەخی لەیەک ڕۆژدا دروستکردووە.. دۆزەخی ئەم نیشتیمانە قەبزەی منیش کچێک دایگیرساند.. ئێستا کێ بۆ ئەوەدەچێ یەکەم پزیسکی ئەم ئاگرە، کچێک لە شارۆچکەیەکی ئەو بناری سەرسنورەوە هاویشتبێتی..

دەزانم دەبێ ڕێز لەکاتتان بگرم و ئەوەندە عەشقی مەلولی خۆم نەگێڕمەوە، عەشقێک کە ملی باریکی منی برد بۆ ئاسمان.. شەوێکی کۆتایی ئەو بەهارە شوومە، کاغەزێکم لەدرزی دەرگای ماڵی کچەوە خستە ئەو دیوەوە و بەناوی هەموو خەڵکی شارۆچکەکەوە داواماکردبوو: (ئەگەر ڕەدووکەوتنی کچەکەتان بە لەکەیەک دەزانن بەسەر خانەوادەکەتانەوە، ئەوا کچەکەتان بدۆزنەوە و بیهێننەوە.. ئەگەریش نا ئەوە لەکەیەکە بۆ سەر شەرەفی هەموومان و فەرموون ئەم شارۆچکەیە چۆڵکەن و ئەم بێ شەرەفییەتان لەگەڵ خۆتان ببەن بۆ جەهەننەم).

من..! ئاهــ.. لەزەینی پەرتی من..!!

بیرم چوو پێشتر پێتان بڵێم برایەکی کچەی زستان لەو شارەی منی لێ لەسێدارەدرام ئەفسەرێکی باڵای دەزگایەکی زەبەلاحی ئەمنی بوو، بەوەدا بواری پسپۆڕایەتی ئەوان «دۆزینەوەی مەترسی و ئەوانەی دەبنە جێی مەترسی بەسەر هاووڵاتیانی ئازیزەوە» بوو، دۆزینەوەی من لە خواردنەوەی پەرداخێک ئاو ئاسانتربوو.. دیسان دەمەوێ کاتتان نەگرم و باسی حەشاردان و سووکایەتی و دڕەندەترین ئەشکەنجە ڕۆحی و جەستەییەکانی خۆمتان بۆ نەکەم، کە من تا ئێستا لە دونیاکەی تریش نەمبینیوە.. بەڵام ناتوانم بازبدەم بەسەر ئەو چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەی تێیدا من وەک تەلبڕ و دز و جەردەی «سامانە نیشتیمانییەکانی وڵات» هاتمە ناساندن و هاوڕێیان درێغیان نەکرد کە بەدەنگی بێژەرێکی گڕ و گەمژە بشڵێن «دەستیان گرتووە

بەسەر چەندین بەڵگەنامەدا کە دەیسەلمێنێ من سەرۆکی گروپێکی سیخوڕیم و کار بۆ بەرژەوەندی وڵاتێکی دراوسێ دەکەم» بەم تۆمەتە قەبانە کە من قاقام پێیان دەهات، بێ دادگایی لە ناوەڕاستی مانگی شەشی ساڵی ١٩٩٣ بە بەرچاوی خواو خەڵکەوە منیان لە ناوەڕاستی شاردا لەسێدارەدا.

خێڵی ئێمە پێشتر زۆریان هەوڵدا لەو دەزگا زەبەلاحە ئەمنییەم ڕزگار بکەن، بەڵام بەوەدا تەونەکە وا چنرابوو کە من تەنیا ڕێگەی چوونە ژوورەوەم هەبێ و تەواو.. هەوڵەکان بۆ هێنانەدەرەوەی من لەوە بێ ئەنجام تر بوو لێرەدا بۆتان بگێڕمەوە.. نەفرەت و توڕەیی خەڵکی گەمژە نەیهێشت من سێ ڕۆژ لەو دارە بکرێمەوە، پاش ئەو وادەیە و بە بردنەوەی تەرمەکەی من بۆ شارۆچکەکەی خۆمان، لەمەراسیمی پێشوازی جەنازەی مەزڵومی کوڕەکەیان و توڕەیی کوڕانی خێڵی ئێمە و هەڵکوتانە سەر ماڵی کچەی زستان.. یەکەمین تەقەی شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد.

# دەنگە نوێکان

# گەڕیدە

■ سیپان عەبدوللا

چەند ترۆمبێلا تەکسییا مۆدێل هەشتێ و سێ، جەهدەیا ژ خیزی و بەران تێکەل شەقاندبا، تو پتر نزیکی هەلشکافتنا ڕاستیێ دبووی، ڕاستییەکا ل درێژییا ژیێ تە یێ کورت، مینا نهێنییەکا مژدار بوو، لێگەریان ل وێ گونەهەکا مەزنە، دەستڤەدانا وێ ژی هەما تاوانەکا بێ وێنەیە. د خودیکا ترومبێلێ ڕا، ئاوڕێن تە ژ ڕێزێن وان ترومبێلێن مۆدێرن دوور نەدکەفتن، هەر یەک ژ وان ژی ل گۆر پێچێبوونێن ترومبێلا خوە، هندی شیای ترومبێلا خوە ب تەرزێ بەرکێ توپا فتارێ ل سەر جەهدەیا دەولەتسەرێ نزیکبوونا هلبژارتنان، هندەک شەفەر و قەلابە ل هاویدۆرا وێ د خرڤەبووی، دهاژۆت. وێ هەنێ تەکسی کوردستان دهاژۆت، یێ دی پیکەپا جۆتیاران، یێ دی بی ئێما مودێل نوو، یێ دی مۆنیکایا جام ڕەش ئەوا هەموو ترومبێل و لۆرییێن بازرگانێن تۆرک، ل پشت تۆزا خوە ڕا دهێلای. هەردەم تو د وێ باوەری دە بووی کو گەریان ل ڕاستیێ تشتەکێ پڕ ب زەحمەتە، ژ خوە هەما گەهشتنا وێ تشتەکێ ئەستەمە، تە دزانی ژی ڕاستی ل گۆر پیڤانێن فەلسەفی تشتەکێ ڕێژەدارە، ل دووڤ کاودان و پیڤەرێن دادپەروەریێ دمینیت، لێ ل با مە (ئەم یێن ڕۆژهەلاتی)، یەک ڕاستی و یەک بۆچوون و یەک ئەنجام هەیە، ئەو ئەنجامە یێ ژ ڕڤشتەکێ بۆ یەکێ دن دهێتە ڤەگوهاستن، ئەنجامەکێ بێ ڤەکۆلینە و یێ ڤەبرە. پشتی چەندەک ژ بێدەنگیێ، شۆفێرێ دۆستێ تە د بەررا جار جار ئاڤری دوەشاندنە ناڤچاڤێن تە یێن ب سایا سیە و پێنج سالێن ڕەزالەتێ د ناڤ ئێک دە چووین و

ژ کەرەما تاڤا هاڤینێ یا پالەتیێ ژ تەرا کریە دیاری، مینا تەنییا سێلا دەیکا دلواری لێهاتین، ب ئاخفتنەکا نەرم دیوارێ بێدەنگیێ لڤاند:

– هلۆڤانێ من، چما تە باژارەکێ نەیی هلبژارت، دلێ من نە ب پانزینێ ڤە یە، ب ڕاددێ کو دلێ من ب وی وەختی ڤە یە یێ ب هەروەیی ژ مە دچیت، تو ژ من باشتر دزانی، نە ب تنێ د ڤی وارگەهی دە، بەلکو ل بەرفرەهییا هاویردۆرا مە تو ناگەهیە وی باژاری. لێگەریان ل ڕاستیی د ناڤ مە دە تشتەکێ بێ وجە، وەخت بۆراندنەکا بێ ڕامانە، هەلشکافتنەکا بێ ئەنجامە.

تە ب تیێ چاڤان لێ نێری و بێی موویەکێ ژ خوە شاش بکەی، پشتی چل خولەکێن ژ هزرکرنێ و بێدەنگیێ، ل داوییێ تە لێڤا سەری ل یا بنی دا:

– هیشامێ بەرێز، چاخێ ئەم هاتینە سەر ڤێ دنێ، هەر ژ دەستپێکێ ئەم نە د پێشوازیکری بووین، یار و نەیاران ب چاڤێ گۆمانێ ل مە دنێرین، ئەڤ گۆمانێن وان ژ مە، بووینە سەدەمێ چاندنا تۆڤێ ڕاستییا (ئەبسولیوت) د ناڤ مێشکێ مە دە، وێ هەنە حاکم، یێ دن هەلبژێر (موختار)، یێ دن مەلا، یێ دن سەرۆک و یێ دن پادشاه، ئەم ژی ل درێژاهییا ژیانا خوە ژ وان ڕا دبینە کۆلەدار.

دەنگێ هۆڕنا کۆستەرا نەفەرهەلگر جارەکا دن ئاخفتنا هەوە بڕی. جارەکا دن سەمتا ئاوڕێن تە کەفتنە پەنجەرا ترومبێلێ، هندەک چپکێن بارانا بهارێ، بیستانێ حەجی عەباسی ئەوێ هێدی هێدی گیا لێ شین دبیت و هندەک کولیلکێن نوو بشکفتی پیچ پیچە سەرێ خوە ب دێمەکێ شەرمین دئیننە دەرێ و سلاڤ دکەنە ڤێ دنێ، دخەملاند. تە د دلێ خوە دە دخواست، ئەڤ بارانە (یان دا ڕاستتر بێژین ئەڤ تاڤییە) ل گەل چپکێن خوە هەموو ڕاستییێن ڕەها و هێوربووی، بکەتە دەرازینکەک بەر ب جیهانا گۆمانێ، تە حەز دکر هەموو شاشی و حوکمێن زۆردار و دەستهەلاتداران ل گەل چپکێن خوە غەوارە بکەت، تە دڤیا ئومێدەکێ و هیڤییەکێ ل باتی ڕەشبینیێ و بێزارییێ بچینیت. ئێدی چەند ترومبێل دەربازدبوو، تە هەست دکر تو پتر ژ شاهنشینا ڕاستیێ دووردکەفتی، تە دگۆت ئەز نە ئێکەم گەڕیدەمە ل وێ شاهنشینێ، ئەوا دوور ژ وێ شاهنشینا ب خوون و زەند و باسکێن هەژارێن بێبەخت ئاڤابووی و بوویە وارگەهەک بۆ هندەکێن دن دا بهێن خێر و بێرێن وێ بخۆن و ل سەر ناڤێ خوە تاپۆبکەن، بەلکو تو یێ ڕژد بووی ل سەر هندێ کو چەندین گەڕیدەیان هەڤچەپەرێ تە گرتبوون، هەر یەک ژ وان ژی چەند

نزیکی وارگەهێ ڕاستیێ ببا، پتر ژێ دووردکەفت، چنکو شویرهێن پیلای و دەرگەهێن ئاسێ و سینۆرێن دەستکرد، ل هەموو جهان د بەلاڤبوون. د ناڤ هەر بەینەکێ ڕا، تە هێڤدکره دۆستێ خوە ئەوێ مینا تە بێزارییا کۆژەک لێ مێهڤان بووی، تە دڤیا تشتەکێ بێژیێ، ژ بەری دەڤێ خوە ڤەکەی تو ب گۆمان بووی، لێ تە دگۆت ئەڤ گۆمانە ژی بنواشێ وێ هیڤییێ یە ئەوا ئەز پێ هاتیم و سەخمەراتی وێ ل هەموو دەران دگەڕم و دگەڕم هەیا ڕۆژەکێ ئەز بگەهمێ. تە چەندەکێ ل چیایان هێڤکر، ئەو چیایێن بووینە سیمبۆلێ بەرخوەدانێ و جەڤەنگێ ڕزگارییێ، د وێ کێلیکێ دە بیرهاتنێن زارۆتیێ دهاتن پێش چاڤێن تە یێن ڕەبەن، چاخێ هوون مینا سڤۆەریان ب سەر چیایان دکەفتن و هەوە یارییێن خوەش ل سەر دکرین، ئەو زارۆتییا تە ژبلی هەژارییێ و کنجێن دریای و شیرێ نیدۆ، چ تشتێ دن زێدەتر ژێ نەدیتی. ژ دوورڤە باژارەک ل پێش چاڤێن هەوە پیچ پیچە خۆیا دبوو، چەند ترومبێل نزیک دبوو پتر تە چاڤێن خوە زیق دکرن، ژ دوورڤە تە هەست پێدکر کو باژارەکە ب کراسەکێ نوو، ب ئاڤاهی و جەهدە و خزمەتگۆزارییێن نوو، لێ هەر ل گەل دەنگێ گڕگڕا ئەوران چاخێ ب سەر هەموو دەنگان دکەفتی، تە خوە دووری وێ شاهنشینا تە دڤیای قەست بکەیێ و ببییە گەڕیدە لێ ددیت، تە خوە دووری هیڤی و ئارمانجێن تە خوە قۆربانی وان کری ددیت. ترومبێل هێدی هێدی نزیک دبوو و تو ژی ل گەل هندێ جارەکا دن دامای و پۆسیدە دبووی، هەرچەندە هندەک بشکۆژێن ل ئالیێ دن ژ نوو ڤەبووین و پێکۆلا ژیانەکا نوو دکەن، پیچەک ئۆمێد د دلێ تە دە دچاندن.

# ڕتک.. دتک

■ دابان بەرزنجی

پەیکەرێکی زیندە-مردوو پشتی بەدیوارە ڕەقەکەدا دابوو چاوی کراوەی پڕ لەحەسرەتی لەسەر پێنووس وپەڕاوەکەی بەردەمی بوو، سەری بەسەر شانی ڕاستیدا شۆڕببۆوە پرچێکی شێت (ئەنیشتاین) ئاسا ئاڵۆزوو تێکچڕژاو، ماسولکەکانی دەمووچاوی خاوبوونەوەی پیشان دەدا، شێوەی ترسێکی تێکەڵ بەفەنتازیاو ئێشی داخورانی عەقڵ و بوون بەڕووباری داهێنەرانە لەچاویا دەخوێندرایەوە، ئەگەرتۆزێ لەقووڵبوونەوەی داهێنەران تێگەیشتبای یەکەم نیگا شێتبوونی داهێنەرانەت تیا دەخوێندەوە، دەتگووت ئارسەر ڕامبۆیەوە لەسەفەری یاخیبوون هاتۆتەوە، یانیچەیەو بۆ مەملەکەتی خۆکوژی دەڕوات، خەندەکەی سەرلێوی ئۆگۆست کانتی وەبیر هێنامەوە، کاتێک دەیەوێت بەدرۆ شتێک بڵێت تاوەکو فەلسەفەکەی سەربخات و خۆی خۆشحاڵ نیشانبداو خۆی لەشێتیەکەی تەوەلابکا،خۆی وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بنوێنێ! کاتێک سەیری ئەودەستە ڕەقبووەت دەکرد وابەهێز پێنوسەکەی گرتبوو و تۆڵستۆی وەبیردەهێنایەوە کەلەکاتی جەنگی کوژکاری مرۆڤەکان بەوپەڕی خۆشەویستییەوە پێنووسەکەی هەڵدەگرێ لەدوای ماچێکی ڕووحی بەڕەشیەکەی سپی دەچنێ، و بەچرنوکی عەقڵی مرۆڤەکان ئاگاداردەکاتەوە، تاوەکو نغرۆبوون زگیان پڕنەکات، و منداڵی شەڕو ڕق لەعەورەتیانەوە دەرنەپەڕێت، پەنجەکانی دەستە کراوەکەی تری وابەهێز لەسەر پەڕاوەکەدا پانکردبووەوە، دەتگوت پەروانەیەو بەرەو سووتان ڕوولەچرادەکات، وا خۆی بەچراکەوە نوساندووە تا قەرەبرووت!

(چاوە).. بانگمکرد. خۆی ناوی چاوان بوو لەبەر ناسک کردنەوەی بەم شێوەیە بانگم دەکرد، چونکو وامدەزانی کە شێتەکان تاپلەی چەمانەوە بەفوویەک ناسکن! گوێم لەدەنگی خۆم بوو کەداوای وەڵامدانەوەی لە (چاوە) دەکرد بێ ناز بێ وەڵام مامەوە..بەپەلەو بەڕاکردن خۆم گەیاندێ بە دەستەکانم دووسێ جار ڕام وەشاند، هیچ خاڵێکی ژیانی تێدا نەمابوو بۆتەواوکردنی وشەی ژیان. جەستەیەکی وشکو سارد دەستێکم لەسەر دڵی دانا هیچ دەنگێکم هەست پێنەکرد.بەڕاستی مردنێکی سەیر بوو! زیاتر لەپەڕجوویەک دەچوو. زیاتر لەگۆڕانی ژیانێک بۆ پەیکەر دەچوو. پەیکەرێک خەریکە شتێک دەنووسێت! دەتگووت (دانتی) یەو لە لەکاتی درووستکردنی پەیکەرێکی خەیاڵیدا خۆی بۆتە پەیکەر! دەبێ چی نووسیبێ... بەزۆرتوانیم پەڕاوەکە لەدەستی دەربهێنم لەو پەڕەیەدا نووسرابوو ڕتک دتک.. ڕتک دتک.. ئەوپەڕەیە تەنها ئەو وشەیە بێمانایەی لێ نووسرابوو، لە کۆتایی پەڕەکەدا زۆر بەشێواوی نووسیبووی ئەسپەکە گەیشتە جێ...

بەشێوەیەک نووسیبووی وەکو لەرزەی ددانی تەزیوەکان نووسیبێتی، بەشێوەیەکی ئەوەندە ناڕێک وەک ئەوەی کەسێکی نیوەمردوو بە نیوە زیندووەکەی خەریکە دەنووسێ، کاتێ مردن دەگاتە نیوەکەی تری دەوەستێ و بەلەرزەی نووسینەکەوە ڕەق دەبێت! نووسینەکەی زۆرسەیربوو، لەوکاتەیا کە بینیم بەشێوەیەک خەیاڵی بووم وەک ئەوەی مامۆستایەکی شارەزا منی خەوا ندبێ و گەیشتبمە قۆناغەکانی ٦ و٧ هیپنۆتیزم، بیەوێ دەروونەجووڵەو کاری دەرئاسام پێبکات، زۆری نەمابوو بگەمە قووڵایی یەکانی بێدەنگی (هەرلەوکاتەیە مرۆڤ دەگاتە لووتکەی عەقڵ سازی). وەک دەروون ناسێک ئەوە یەکەمجارمبوو هەست بکەم کەبێدەنگی زیاتر لەدەروونەکان دەتباتە خوارەوە و هەستی دۆزینەوەی لایەنە ناخودئاگاکانی مرۆڤت نیشان دەدات. پێش ئەوکاتە وامدەزانی کە بەقسەکردن بگەمە ئەو شوێنە. بۆیە ئەوەندەم قسەدەکرد لەگەڵ ئەوکەسانەی کە هەستیان دەکرد نەخۆشن، ئێستا دەزانم تا ئەوکاتەی خۆم لەبیردەکرد... زۆرم نەمابوو بگەمە قووڵایی (کەقووڵایی کاری سەروو ئاسایی دەکات) ڕاچەنیم و هاتمەوە جیهانی دەرەوە هاوارێک لەدەمم بەرزبۆوە «فریاکەون» لەگەڵ ئەو دەنگەی کە لەدەمم هاتە دەرەوە.. وەبیرم هاتەوە کەدەبێ پەڕاوەکە وەشارم، تاوەکو لەنهێنیەکەی، جادووە قووڵەکەی تێبگەم. نەخۆشەکان لەدەرەوە کۆمەڵیان کردبوو پۆلیس و پزیشکی

لێکۆڵەریش خەریکی کاری خۆیان بوون، ئەو ڕۆژە بەتەواوی تاسابووم، لەدوای ئەوەوە تەنها ئەوەندە بەهۆش هاتمەوە کە یەکێ لەشێتەکانی نەخۆشخانەکە لـەدەرەوەی ژوورەکـە توند یەخەمی گرت، ئەوکاتەش تاوەکو توند ڕای نەوەشاندم ئاگام لەخۆم نەبوو بەڵکو لەمەملەکەتی خەیاڵەکان، لەسەر دوورگەی جادووکاران دەخولامەوە (خەیاڵ چەکی جادووکارانە)، (خەیاڵ فڕینی داهێنەرانە)، (نانی هەژارانە)، (دەریـای فەیلەسوفانە)، (ئەسپە خەیاڵیەکەی چاوانە). کتابەکەم دەوێت. «کتابی چی؟ شێتەکە« گووتی ئەو کتابەی چاوە نووسیویەتی.. ئەو ڕۆژە تەنها لەخەیاڵدا ژیام (چەند خۆشە ژیان لە خەیاڵدا). دوای چەند ڕۆژێک دەستمکرد بەخوێندنەوەی چاوان لە پەڕاوەکەیدا.یەکەم پەڕەم هەڵدایەوە پەڕەیەکی سپی بێ نووسین بوو، لە پەڕەی دووەم بەم شێوەیە دەستی پێکردبوو :

.. ئەسپەکە دەستی بەغاردان کـرد... ڕتـک..دتـک..ڕتـک..دتـک.. خۆم نەمتوانی لەنووکەوە دانە بەدانەی ڕتک.. دتکەکان بخوێنمەوە، تەنها چاوێکی خێرام خشاند بەپەڕەکانی کەتەنها ڕتک..دتکم دەبینی جارجار نووسرابوو حـــیــــــــل، جارجار(ر،ت،ک..د،ت،ک) وەک پەیژە کەوتبووە خوارەوە، جارجاریش ڕتک..دتک خرابووە ناو چوار چێوەوە.ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەندە لە نووسراوەکە تێنەدەگەیشتم، لەهەمانکاتدا هەستم دەکرد شتێکی گەورە لەپشت ڕتک..دتکەوە هەیە نازانم بۆ وام هەستکرد.. دەبێ بەهۆی ئەوەوەنەبێ کە هەستێکی شاعیرانەم هەبوو؟ نازانم.

بڕیارمدا بەچەند کەسێکی شارەزای پیشاندەم. لەکۆبوونەوەیەکی برادەری کەپێکهاتبوو لە شاعیرێک، ڕۆماننوسێک، دەروونناسێک، فەلسەفەکارێک.. پێشتر هەریەکەیان نووسینەکەیان خوێندبووەوە لەڕوانگەی خۆیانەوە تێبینیان لەسەر نووسیبوو، لەپێش هەموویانەوە کوورتەیەکم لەسەر نووسەر باسکرد بۆ ئەوەی چاوڕۆشنیەک بێ بۆ ڕوانینەکانیان... نووسەر ناوی (چاوان)ە سێ ساڵ لەمەوبەر تووشی نەخۆشیەکی دەروونـی دەبـێ و دەکەوێتە داوی شێتیەوە.. بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ دەووروبەرەکەی چەندجارێک دەیهێننە نەخۆشخانە لای ئێمە، جارێکیان دوو مانگ لەلای ئێمەبوو. ڕۆژێکیان دیارنەما دیاربوو ڕای کردبوو نازانم چۆن ڕای کردبوو.. پێش ئەوەش بمرێ سێ مانگ لەلامان بوو، سەیرێکم کردن گشتیان ئامادەی دەست پێکردن بوون تەنها فەلسەفەکارەکە خەریکی نووسین بوو شێوەیەکی پیشاندەدا کە وەڵامی یەکێ

لەپرسیارە گەورەکانی دۆزیبێتەوە. سەرەتا شێوەی پرسیارێکم لەدەمووچاویا خوێندەوە، دەتگووت قوتابیەکە بیر لەپرسیارێک دەکاتەوە کەپێشتر دەیزانی و ئێستا لەبیری چۆتەوە.. دوای ئەودیمەنە خەندەیەکی وروژێنەر کەوتە سەردەمووچاوی کە ترسی گریانێکی قووڵی زووڵمەت لە چاویا دەبینرا. زیاتر لە قیژەیەکی بێدەنگی پەنگ خواردوو دەچوو.. لەبەر ئەوەی نووسینەکە زیاتر لەڕۆمانێک دەچوو ڕووم لە ڕۆماننووسەکە کردوو فەرمووم لێکرد.. دەستی پێکرد: من دەمەوێ لەڕووی تەکنیکیەوە دەست پێبکەم، هەستدەکەم ئەو چیرۆکە دەربڕینی چەند ڕاستیەکە کە لەناخی نووسەر هەبووەو نەیتوانیوە بەزمانی سادە دەریبڕێ لەبەرئەوە بەهۆی تەکنیکەوە دەری بڕیوە بەڵگەشم ئەوەیە کە لەچەند جێگایەک (ڕ،ت،ک..د.ت.ک) وەک پەیژە کەوتۆتە خوارەوە وە لەچەند جێگایەکیش بەرزبۆتەوە پلە بە پلە، لەچەند شوێنێکی تریش خراونەتەوە ناو چوار چێوەوە کاتێک ئەوقسەیە لەدەمی هاتە دەرەوە وێنەیەک سەرەنجی ڕاکێشام ئەویش فەلسەفەکارەکە بوو مستەکۆڵەیەکی بەمێزەکەدا کێشا، کەئێمەی بینی وا سەیری دەکەین داوای لێبووردنی کرد. بەردەوامبە.. لەوبڕوایەشدام ئەونووسینە بەشێوەی دەستنووس مانای زیاتری دەبێ نەوەک بەشێوەی تایپی کۆمپیوتەری چوونکە ئەوە دیکۆرو تەکنیکەکەیەتی باسی حاڵەتی دەروونـــی نووسەردەکا نەوەکو نـاوەڕۆکـەکـەی، لەوبڕوایەشدام نووسینێکی پڕوێنەش بێ چونکە زیاتر زمانی هێماو نیشانەی بەکارهێناوە، وە زۆرتریش هەڵدەگرێ لەوەی ئێمە تێیدەگەین. دەتوانین وەک ئامێرێکیش بەکاری بهێنین بۆ جیاکردنەوەی زاناو نەزان لەیەکتری. ئەوجار نۆرەی شاعیرەکە هات بەمشێوەیە دەستی پێکرد (مانا لەدڵی نووسەر دایە) بۆیە زۆرتر هەڵدەگرێ لەوەی ئێمە تێیدەگەین، بەڵێ بۆجیاکردنەوەش باشترین ئامێرە، چونکو نەزانەکان بەگاڵتەوە فرێی دەدەن بەڵام زاناکان حەقیقەتی تیا دەدۆزنـەوە ئەوتێبینیەی من لەسەرچیرۆکەکە هەمە ئەوەیە: نووسەر بەهۆی ئاوازەوە چەندەها وێنە دێنێتە بەرچاوی خوێنەر. زۆری دەوێ مرۆڤ بتوانێ بەدوو وشەی بێمانای ڕتک..دتک ئەو هەمووە وێنەیە دروست بکات. بۆنمونە:بەرزی، نزمی، وەستان، خاوبوونەوە، خێرابوون، بەربەستەکان، ئەسپەکان بـەرەو ئامانج دەڕۆن کۆڵنادەن، بەهەڵبەزەوە، وردەوردە.. بەرەنگارن.. تاکو ئامانج.. ئەوجار نۆرەی فەلسەفەکاربوو، سەرێکی بۆ خوراندوو دەستی پێکرد : بەپرسیارێک دەست بەقسەکانم دەکەم :بۆچی

پەڕەی یەکەمی بەسپی بەجێ هێشتووە (فەیلەسووفەکان ئاوان بەپرسیار لەدووای جەوهەروو حەقیقەت دەگەڕێن). بۆچی لەپەڕەی دووەمیشدا ڕاستەوخۆ دەستی بەنووسین نەکردووە بەڵکو دوای چەند خاڵێکی لەبچووکەوە بۆگەورە دەستی پێکردووە؟ من وای تێگەیشتووم ویستوویەتی کورتەیەک دەربارەی سەرەتای بوون باداتە پێش چاو. (بەڕاستی شێت وەکو فەیلەسوفەکان بەزمانی جیاواز دەدوێت) پێشئەوە ببین ژیان چۆن دەستی پێکرد؟ یان ئایا ژیانی پێش شێتیەکەی بەسپی و خاڵی زانیووە.. سپی چەند مانایەکی هەیە سپی وەک هیچ، یان سپی وەک پاکی.. چونکە بۆمدەرکەوتووە هەر لەگەڵ تێکچوونی دەروونی نووسەرەوە دەست بەنووسینی ئەو نووسراوە کراوە، هەروەکو پییێش منیش قسەی لەسەرکرا ڕوون بووەوە کەنووسینەکە باس لە ژیانی نووسەر دەکات، با چەند پرسیارێکی ژمارەیی بکەین «چەند وشە لەو نووسینە بەکارهاتوون؟ ئایا مەبەستیان لەپشتەوەیە یان نا؟ ئەو وشانەی کە بەکارهاتوون جگە لە حیل و (دەستی بەڕۆیشتن کرد)، (گەیشتە جێ) ئەگەر ڕتک..دتک بەیەک وشەدابنێین (٢١٩٠)جار دووبارە کراوەتەوە کە ئەگەر دابەشی سەر سێ ساڵەکەی بکەین بۆمان دەردەکەوێت ساڵی (٧٣٠)ووشە نووسراوە کەدەکاتە (٢*٣٦٥)بەمەش بۆمان دەردەکەوێت بەڕۆژ وشەیەک واتا ١ڕتک..دتک بەشەویش وشەیەکی نووسیوە! بەو قسانەی گشتمانی سەرسام کردبوو(پرسیار چ جادوویەکە؟!). کەواتە هەر وشەیەک گوزارشت دەکات لە ڕۆژێکی ژیانی! دەتوانین بڵێین زۆر بەجوانیش توانیویەتی گوزارشتی لێبکات، ئەوەتا چەند ڕۆژ لەناو چوارچێوەدایە؟ چەند ڕۆژێکی بەندیە! لەوکاتدا دەروونناسەکە دەستی بەرزکردەوە و وەکوئەوەی گۆڵێکی کردبێ هاواری لێ هەڵسا بەلێ! کەسەیری ئێمەی کرد! بەشەرمێکەوە گووتی ببوورن فەرموو قسەکانت تەواو بکە... فەلسەفەکارەکە دەستی پێکردەوە: جارێک (٦٥) ڕتک..دتک، لەناو چوارچێوەیەو جارێک (٩٣) کە ژمارەی ئەو ڕۆژانەش ژمارەی ئەو ڕۆژانەیە کە لەنەخۆشخانەی دەروونیدا بەندتان کردبوو ڕووی لەمن کردو بە نەرمیەکەوە گووتی ئەی وانیە؟ خۆم بۆنەگیراو تفێکم بۆخوارەوەی مێزەکە فڕێداو گووتم تف لەئێمە کە بەندیخانە بۆچارەسەری دادەنێین.. کاتێ دکتۆر ئەوقسانەی دەکرد فرمێسک لەچاویەوە دەهاتە خوارێ دەتگووت بارانەوە لە گووشینی هەورەکانەوە دێتەخوارەوە! زۆرم لێکرد تاوەکو بتوانێ قسەی زیاتر بکات.. چی بڵێم فەیلەسووفەکە هەموومانی

تاساند بە پرسیارە شیکاریەکانی لەوکاتەوە بۆمدەرکەوت (پرسیار زمانی حەقیقەتە) فەیلەسووفەکە دەشی گووت دەردەکەوێت کە لەماڵەوەش بەند کراوە بەڵام ئەو ئەوبەندییەی پێ خۆشتر بووە لەهی نەخۆشخانە دەروونیەکە! چونکو جگە لەو چوارچێوانە لەچەند شوێنێکی سەربەستیش چوارچێوە هەیە بە تاکو دوو دوو.. بەڵام چوار چێوەکان کەلێنێکی تێدایە بۆ ئازادی. خۆتان بەراورد لەنێوان چوارچێوەکاندا بکەن.. لەکاتی قسەکانیدا مستی توند کردبوو و قسەی دەکرد توورەیی لەناخیدا دەبینرا بەرامبەر ئێمە.. دەیویست بڵێت ئێوەی دکتۆرەکان مرۆڤەکان زیاتر شێت دەکەن. پرسیاری کۆتایی «بۆچی لەکۆتاییدا نووسیویەتی گەیشتەجێ؟ لەدوای ئەویشدا دەروونناسەکە هاتە قسە، ئەوبرادەرانە زۆرشتیان ڕوونکردۆتەوە بۆنموونە ئەو چیرۆکە ژیاننامەیەکە. لەوڕوانگەیەوە دەتوانین دەروونـی چاوان بخوێنینەوە، ئەسپەکە دەستی بەڕۆیشتن کرد دەتوانین بلێین مرۆڤەکە دەستی بەژیانکرد. ڕتک.دتک بڕینی ڕێگای ژیانە هەندێکجار حیلەکردن (پێویستە مرۆڤەکان هەست بەگەورەیی خۆیان بکەن) مەبەستم ئـەوە نیە کە لووتبەرز بن و بەڵکو مەبەستم بەگەورەزانینی تواناکانی مرۆڤە بۆ گەیشتنەجێ. دەتوانین دوو حیلە ببینین کەزۆر بەگەورەیی نووسراون وشەیەک بەر لە شکانی بەندیی یەکەم و ڕاکردن لە نەخۆشخانە.. وە پیشاندانی بـەرزی و نزمی ژیـان، کەوتن، حیلە، هەڵسانەوە.. بۆمان دەردەکـەوێ کە بەندی چـارەسـەر نیە. دەمـەوێ لێکۆڵینەوەیەکی بچووک بخەمە بەردەستتان کە نووسەری ئەمریکی واین دایر لەکتێبەکەیدا بەناوی (هەست بەگەورەیی خۆت بکە) دا باسی دەکات: ماوەیەکی زۆر لەئەنیستیتۆی شێرپەنجە لە سایمۆنتۆنی تێکساس خەریکی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە بـووم لەسەر شێرپەنجە، پاش کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەکان بەو ئەنجامە گەیشتم کە کەسی تووشبوو بەژێرپەنجە بە کەڵک وەرگرتن لەتوانای خەیاڵ خۆی بەئەندامێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بزانێت، خانەکانی جەستەی ئەوکەسە لەبەرامبەر ئەو ئەندێشە سۆزدارانە کاردانەوەیان دەبێت و ئەو گۆڕانکارییانەی لەخانەکاندا دروست دەبێت، بەسەر لووە شێرپەنجەییەکاندا زاڵدەبێت و نەخۆشیەکە چارەسەردەبێت. پێچەوانەی ئەو سیستەمە هەر ڕاستە.. بابزانین ئەو لێکۆڵینەوەیە پەیوەندی چییە بەئێرەوە، دەتوانم بڵێم شێرپەنجە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی خانەکان تێکچوونی کرداری (سێڵ کۆمونیکەیشن)واتا (پەیوەندی یان هاوڕێیەتی خانە)

بە مەش خانەکان پەیوەندیان بەیەکەوە نامێنێ، ئەو کارەش بەهۆی تێکچوونی عەقڵی خانەکانەوە (سێڵ برەین وە سێل میمۆری) وە (شێت بوون)، وەدابڕانی لەکۆمەڵگاوە دەبێت لێرەدا بەندکردنی خانەکە بەدەرزی کیمیایی و شتی تر تەنها تۆزێ زیانی خانەکە بۆسەر دەورووبەرەکەی کەمدەکاتەوە، وەناتوانێ خانەکە چاکبکاتەوە، بەڵکو چاکبوونەوەی ئەو عەقڵە لەڕێگای دەروونیەوە دەبێ لەڕێگای ئاماژەدان پێی کە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی چاکدەبێتەوەو خۆشیاندەوێت و هیوای چاکبوونەوەو سەرکەوتن بخوازێت ئەوەش بەهۆی دروستکردنی خەیاڵەوە چوونکە هەموو عەقڵە بچووککراوەکانی ناوخانە پەیوەندیان بەعەقڵێکی گەورەترەوە هەیە! بەمشێوەیە دەگەینە ئەوڕاستییە کە بەندکردن چارەسەر نییە بەڵکو کرانەوە لەگەڵ کۆمەڵگادا چارەسەرە. کاتێک ئەو قسانە تەواوبوو ئینجا گەورەیی نووسراوەکەم بۆدەرکەوت وە نووسراوەکەم بڵاوکردەوە لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوەکە کردبوومان لەگەڵ چەند لێکۆڵینەوەیەکی تر لەو بارەیەوە. وەبڕیارمدا نەخۆشخانەکە بکەمە قوتابخانەیەکی دەروونی کە هەموو ڕۆژێک شێتەکان ئێستا نامەوێ بڵێم شێت بەڵکو... هەموو ڕۆژێک بهێنرێنە لامان بۆ ئەوەی هونەری خەیاڵیان فێربکەین دوای تەواوبوونی دەوامەکە بیانبەینەوە ماڵەوە چونکە ئەوێ زیندانیەکی پڕهیوایە! یەکێ لەنەخۆشەکان ڕۆژێک یەخەی گرتم و گووتی ئەرێ کتابەکەی (چاوان)ت نایەیتەوە؟ هەمان ئەو کەسەبوو کە ڕۆژی مردنی چاوان یەخەمی گرتبوو.. لێم پرسی «چ شتێک لەو کتێبە دایە کە تۆ ئەوەندە بەدوایدا دەگەڕێی؟ بە نیگایەکی منالانە سەیری کردم و بەترسەوە گووتی چونکە چاوان هەموو جارێ کە کتابەکەی پیشاندەدام دەیگووت دەبێ ئازادتانکەم.. کە ئەوقسەیەم بیست سەرم سوڕما باشە چۆن شێتێک دەتوانێ وا بەڕاشکاوانە بە نووسینەکەی خۆیدا هەڵداو دڵنیابێ کە دەبێتە هۆی ئازادی مرۆڤەکان! ئایا ئەو شێتێک بووە یان فەیلەسوفێک؟ وەنووسینەکەم بڵاوکردەوەو لەلایەکی نووسینەکەوە نووسیم ئەو نووسراوەی زۆربەی خوێنەران ناتوانن پیت بەپیتی بخوێنێتەوەو تتێیبگەن چونکە زۆربەی مرۆڤەکان بیرناکەنەوە.. زۆربەیان تێناگەن.. «سوپاست دەکەم بۆ ئەوقسانەت دەربارەی ئەو نووسراوەت ئێستا دەتوانم چەند پرسیارێکت لێبکەم؟» فەرمووو. «باشە ناوبانگ پەیداکردنی ئەوکتێبەی کە لەلای هەندێک کەس بێمانایە چی دەگەیەنێت؟» دەتوانم بڵێم باشترین ئامێرە بۆ جیاکردنەوە،

وەتەنها ئەوکەسانە لێی بەهرەوەر دەبن کە لە بچووکترین شتدا بەدوای جەوهەردا دەگەڕێن.. ئەوانەن مانا بەبێ ماناکان دەدەن و ناو لەحەقیقەت دەنێن. دوای ئەوەی ئەوقسانەی بۆکردم شتێک لەناخمدا پاڵی پێوەنام کە لەباوەشی بگرم و پێیم گووت نیچە بەیەک لەبرادەرەکانی گووتبوو (هەندێک کەس لەپاش مردنیان لەدایک دەبن...) کاتێک دکتۆر گوێی لەو قسەیەی من بوو پاڵێکی پێوەنام و خۆی لەباوەشم دەرهێناو هەڵسایە سەرپێ و هاوارێکی لێ بەرزبۆوەو لە تووڕەییدا سەری بەدیوارەکەدا کێشاو کەوتە سەر زەوی.

**١٩٩٠**

# شکاندنی شاشەیەک

بەشدار سامی

## لە حەمامەکەدا ئاو دەڕوا

کەسێک...
لە بن دەرگای حەمامەکەدا،
کونێک دەدۆزێتەوە و
تەماشا دەکا...
یەکێک،
لەوانەیە ژنێک
یان نازانم کێ بێت
حەمامەکە
ئاوی لێ دەڕوا...

کەسێک...
لە کن بۆشاییی بن دەرگاکە
گوێی لە دەنگێک ڕاگرتووە و
خەریکی خۆیەتی...
یەکێک،
لەوانەیە ژنێک
یان نازانم کێ بێت
لە حەمامەکەدا
گۆرانی دەگوترێ...

ئەوەی
لە سەرەوە بووە بەکەسێک،
بێتاقەت دەبێ و
دەڵێ:
ئەوەندە بەسە،
من بزانم هەریەکە و بە جۆرێک
لە سەر زەویدا دەجوڵێ.
جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و
لە کن حەمامەکەدا
هەڵدەستێ،
دەڕوا...

هێشتا لە حەمامەکەدا ئاو دەڕژێ،
هێشتا لە حەمامەکەدا گۆرانی دەگوترێ
هێشتا کەسێک
لەوانەیە ژنێک
یان نازانم کێ بێ
لە حەمامەکەدا

## سەعات درەنگی شەوە

باوکە دنیا زۆر ساردە
ـ دەزانم کوڕم
باوکە من بەقەستی وەهام گووت
دنیا هیچ سارد نییە
ـ دەزانم کوڕم
باوکە تۆ تەماشای فیلم دەکەی؟
ـ بەڵێ کوڕم
باوکە فیلمەکە باسی ئەو ژنە دەکاتن؟

- بەڵێ کوڕم
باوکە ئەو ژنە ڕووتە...
شمەکەکانی بزرکردییە؟
- بەڵێ کوڕم
باوکە دوێنێ ئەو ژنە ڕووتە بە کن ماڵی مەدا هات
- دەزانم کوڕم
باوکە من بەقەستی وەهام گووت،
ئەو ژنە بەکن ماڵی مەدا نەهاتییە.
- دەزانم کوڕم،
تۆ بە قەستی وەهات گووت.

باوکە تۆ پیاوێکی سەیری!
- دایکیشت جارێک وەهای گووت.

باوکە، من ماندووبووم
- منیش کوڕەکەم

## ئەکتەرێک

وێران بووم ئەوەندەی بە تەنیا بسوڕێمەوە و
بیر لە شوێنەکەت بکەمەوە و
جگەران بکێشم.

پێڵاوەکانم دڕان
ئەوەندەی بە کۆڵانەکاتاندا تێبپەرم و
ئەوەندەی تەماشای دەرگای ماڵەکەتان بکەم و
ئەوەندەی بە منداڵەکانی کۆڵان بڵێم:
ئەرێ ئەو دەرگایە سەعات چەند دەکرێتەوە

# زەوی خەون دەبینێت
# یان
# لە زەوی چی بکەین؟

**داستان بەرزان**

**١**

زەوی پشتی کەوتە ژان
بە ئاسمانێک مەراقەوە
بەسەریدا هەنگاوم دەنا

**٢**

زەوی سکپڕبوو بە ئاگر
من لەدایکبووم.

**٣**

زەوی بەردێکی گەورەیە
لە دەستی خودا بەربۆتەوە.

**٤**

مرۆ دڵڕەقن
بەزەییان بە زەویدا نایەتەوە
هەزاران کون دەکەنە سەر دڵی.

**٥**

ڕۆژێک ئەم زەوییە کۆنە
لە ماندوێتی وەڕس دەبێت
خۆی دەهاوێتە ناو ئاگر

ئەوەیە کۆتایی دونیا.

٦

لە کاسەی سەرمەوە
ئاگر دەڕژێتە ناو زەوی
لە ناواخنی زەویشەوە بیرەوەریی
بۆ ناو سەرم.

٧

سەری من و زەوی
لە ساتێکدا قلّیش دەبەن
لە سەرمەوە وێنەی درزبردووی بوونم
لە زەوییەوە خوێنی خودا
دەڕژێتە گەردوونەوە.

٨

خودا لە مێژە زەوی لە بیرکردووە
دەنا بۆچی لەسەر کۆڵمان دایناکرێت.

٩

من منالّی ڕۆژهەلاتم
خەیالّم لە ڕۆژئاوایە
من لێرە خەون دەبینم
لەوێ دەبێتە واقیع
ئەمە چارەنووسی منە
دەبێت تا ماوم
بە کۆڵێک خەونەوە
زەوی تەی بکەم و
ماندوونەبم.

**١٠**

خۆمان بە زەوییەوە سەرقاڵ دەكەین
زەوی خۆی بە ئێمەوە سەرقاڵ دەكات
سەرقاڵی ئێمە و زەوی
سەرقاڵییەكی دێرینە.

**١١**

دووبارەیە ئەم پوچییەی ئێمە
زەویش بێزارە لە بوونمان.

**١٢**

مرۆ لە ئاسمان بیری كردەوە
زەوی بەرهەمهێنا
لە زەوی بیر دەكاتەوە
وەختەلە ناوی بەرێت.

**١٣**

منالێک كەوتە سەر زەوی
چوومە پەنا گوێی و
پێم گوت:
بۆخۆت خۆشبیت.

**١٤**

زەوی سێوێكی ڕەش و سپییە
ڕەش سپی دەخوات
سپی ڕەش
ئەمە جەنگێكی ئەبەدییە.

**١٥**

خودا و زەوی دووانەن
مرۆ لە نێوانیاندا تەنیایە.

# دارستانی ڕەش

■ ڕابەر فاریق

بێ ئەوەی لە ئیسپانیا بم
لێرە نەبووم،
«گا»م بینی.

لە باتی چەکوچ وەشاندن،
ڕقم لە تەرمەکانی خۆم هەڵگرت.

ئێستایش
شەقام و کتێب دەنوشتێنمەوە،
لە باتی سەوزە و شمەک
بۆ منداڵەکانم
دەیانبەمەوە.
تەنیا لە بەرزاییدا نازانم سروود بڵێم.

گوڵێکی کاغەزینم بۆ کیژێک نارد،
ئەو قەرزەم لە کن هەموو مێیینەیەک ماوە.
لە کۆنەوە مەسیح بە دوامدا دەگەڕێ.

تەنیا گورگ دەزانێ:
لە پەنای هەر موویەکی لەشمدا،
سێبەری دێوێک خەوتووە.
فریشتەکانیش لە بن پێستمەوە،
گۆرانیی مردووان دەڵێنەوە.
قورئان و ئینجیل و من، لە تاقەوە فریادڕەس نین.

بەردە بچکۆلەکان، پەنجەکانی منن
هیچکەسیش نازانێ:
گۆڕستانی فراوانم لە گەردووندا.

تەنیا قووڵایی لە خۆمدا دەنێژم.

لە گۆڕەکەوە سەر دەردێنم:
ئاسمان نادیارە!
زایەڵەی کێلە بۆگەنەکان دەبیستم؛
داهاتوو ناخەوێ،
جوانییش لە پاڵ گۆرەوییە بەردینەکانمەوە،
لە چاڵی چەنەم دەڕوانێ.

تەنیا گوناحەکانم بۆ زستان هەڵدەگرم.

تفەنگ لە شان دەکەم،
دەچمە ڕاوەماسی
لە دارستان،
وەک نیشانەگرتن لە قازی کێوی،
تەوێڵم فیشەکڕێژ دەکەم.

تەنیا لە دەرەوە ڕاو هەیە.

لە داهاتوودا
زەنگوڵی بزنێک دەڵێ:
خوشکی خۆتی.

کەپووم ئی باپیرمە.

قەیتانی پێڵاوم کۆنە،
شەراب و
ئێستا و تۆیش.

تەیرەلئەبابیلەکان
بەرەو «هیچکوێ»م دەبەن،
ئاشنایەک لەوێیە.

پەڵەهەور لەسەر شانم بەجێماوە.

٦٣٤

# مرۆڤ بەلەدایک بوونی ئەکەوێتە
# بەردەستی ئەوانی تر

■ پشتیوان علی

لەنێوان مانگ و ئەم  درەختانەدا دێم و ئەچم
ئەمرۆ لەژێرتیشکی تواناکانی کەسێکدا بیرئەکەمەوە
دوێنێش کە لەدایک بووم ئەبووکەسێک بکێشێ بەپشتمدا
ناوکمببڕێ ناوچەوانم بپێچێت
من نالێم مرڤ بەسرووشت ئازادە
بەڵکومرۆڤ بەلەدایکبوونی ئەکەوێتەبەردەستی ئەوانی تر

من کوردم لەڕۆژێکی تەمتوماندا لەدایکبووم
ناوچەکەمان ئەکەوێتە دەرەوەی شار
دایکم وباوکم خەڵکی یەک گووندن پێشیان وایە سەگ گڵاوە
کەروێشک شوومە کۆتر ڕاگرتنی باش نییە
بۆمنیش ناگونجێ بیرلە کوندەپەپوو نەکەمەوە قرژاڵ نەهێنمە ماڵەکەم

هەستێکی وامنییە لەگەڵ هەڵدانی کۆللارەیەکدا چووبێتمە ئاسمان
بەبیرم نایەت لەوێنەیەکدا ورچێکی پەڕۆم کردبێتە باوەش
ماشێنێکی باغەلە دەستەکانمدا ئارەقەی کردبێت
ئاخ منالیان لەباربردم
هەر بەتەنها ئەوخواردنانە نا کە گەورەکان ئامادەیان ئەکرد
بەڵکوئەو وانانەش کە لەقوتابخانە بەعەقڵییەتێکی گەورەترئەوترانەوە

هەموو بەیانییەک ئاشنائەبم بەدێوانەیی
سەردەکێشم بەودیوارە بێ دەنگانەدا کە چاونایان بینێت
چاوانم ئەبڕمە شتێک کەئاسمان لەبیری کردووە
ڕۆژی لەدایک بوونم ئێرەیە هیچ شتێکی گرنگیشم نییە یادی بکەم
بەبیرم نایەت لەگەڵ درەختێکا نوستبم پێشمونییە میللەت کوڕی من نەبێت

ڕۆژانە چەند سەعاتێک کتێبی (با)ئەخوێنمەوە
چەند سەعاتێک گوێ لە دەنگی باران ئەگرم
چەند سەعاتێک خۆم بەسەیرکردنی هەورەوە ئەخافڵێنم
هەفتانە خۆم ڕادێنم لەسەرهاتنی پایز لەسەر دۆزینەوەی لمی سور
مژدە بۆئەوانەی هاوارەکانم نابیستن بێدەنگیم کتێبێکی نوێ یە

خۆم نیشانی شارە جوڵاوەکانی (با)ئەدەم
بەڕووتی ئەچمە سەرشەپۆلەکانی باران
لەسەر کێڵگەنیشتووەکانی شارئەدوێم ژوورەکەم پڕئەکەم لە کۆتر
پەیوەندی لەگەڵ ژنێکدا ئەگرم لەگەڵ دنیا ئاشت ئەبمەوە
درەختێک ئەڕوێنم کاتژمێرەکەم ئەکەمەوە دەستم
پارەکانم ئەنێرمە بانکێک

پەنجەرەکان ووتراوێکن لەدەمی شارەکانەوە دێتەگوێم
من ئەم شارانە بەڕووداوەکانیاندا ئەناسمەوە
گەڵایەک وەریوەتە دڵمەوە لەپێکردنی پێڵاوەکانم دەنگێک دروست ئەکات
لەژووری نوستنەکەمدا سۆزانییەک بێدارە
وەک هەمیشە لە ماڵەکەمدا جێگایەک هەیە بۆ بەرماڵەکەی دایکم

مانگ شەوێکی هەیە بۆئەوەی بمانباتەوە سەرخۆی
درەخت شوێنێکی هەیە بۆئەوەی لێیەوە سەیرمان بکات
ئەم کەشتیە دوورانە چ ماڵێکی درەوشاوەن
نا
زەمینی من لەت بووە هەفتەیەک بە باڵەشکاوەکانییەوە لەسینەمدایە

دواهەمین هاواری من فەرامۆشییە ئەوەی لەمرۆڤ جێدەمێنێ وێنەیەکی جوولاوە
ئاساییە
سێبەری شارێک بێت بەسەرمدا بۆنی خواردنێکی ڕۆژئاوایی ڕاکێشم بکات
ئاساییە
پیاوێک لوولەی تفەنگەکەی بکاتە من ژنێک گوڵێکم بۆ بێنێت
بۆمن هەستێکی سەیرنییە!
من هەم کەواتا من بەرشتەکان ئەکەوم

ئەمڕۆ
لەوێستگەیەکی کۆنینەوە کەشتییەک بەرەو بۆشایی ئاسمان بەڕێکرا
باری زەوی جێگیرە
وەک ڕۆژانی ئاسای ئەبێت کاتژمێر(٨) لەسەرکاربم
گوڵەکان لەکاتی خۆیدا ئاوبدەم
بۆمن لە هەر کوێبم ئاسمان هەرناوی ئاسمانە
کەواتا هێشتا نەمتوانیوە کرم لەوادەی خۆی دوابخەم.

# باڵندەی موسافیر

مەحمود نەجمەدین

لەچەقی بێ ئومێدییەوە
سڵاو لەتۆ
ئەی باڵندەی موسافیر
تۆ بەو گەرووەتەنگ و بچووکەوە
چ مۆسیقایەک دەژنی
تۆفلووتی ئاسوودەیی
من مۆسیقای دڵێکی تاریک
تۆمۆزارتێکی سپی و
من مۆزارتێکی ڕەش.
تۆ باڵە فڕلەسەر ڕۆحی گوڵ دەکەیت
من لەسەر درک پەلەقاژێمە
ماڵی تۆ
لەنێوان دووگەڵایە
گۆڕی من
لەنێوان دوومەمکدایە
من
لەبەرچرایەکدا وشەکوژراوەکان
بەفرمێسکی چاوم دەشۆم
تۆلەسەر چڵی چنار دەخوێنی
ئەی باڵندەی موسافیر
پێم بڵێ تەمەنی ئەم سەردەمە بێتامە چەند وەرزە
پێم بڵێ ڕەعنا چەندسەدەی ترلەخەوهەڵدەستێ
پێم بڵێ کەی متمانەبەراوچی دەکەیت

پێم بڵێ کەی خەنجەرەکان کول دەبن
پێم بڵێ کەی من و تۆ و ڕەعنا و خودا
لەسەر یەک سفرە بۆ نۆشینی شەرابی
بەختەوەری کۆدەبینەوە.
پێم بڵێ
نهێنی ئاسمانی تەماویم پێ بڵێ
با وەک درەختی پاییز گەڵاکانی
جوانیم هەڵنەوەرێ
با وەک دۆزەخ نەسووتێم
ئەی باڵندەی موسافیر
تۆ باڵەکانت ئاسمان دەپێوێ
من پێیەکانم لە قوڕەلیتەی شارێکدا چەقیوە.
تۆ کەئارەزووت لێ نەبێت بۆ خوداش
ئاوازێکت نییە
من بەبێ ویستی خۆم،گۆشتم لەسەر ئاگردانی
خودایەک دەسووتێ.
تۆلەئاسمان عەشق دەکەیت
من لەسەر زەوی
تەنانەت بەدزی گەڵاکانەوە
عەشق دەکەم.
ئەی باڵندەی موسافیر
من لەزەویم و
تۆ لەئاسمان
با بەیەک ئاراستە بڕۆین
تۆ ڕێگا لەو خودایە بگرە کەبۆ دزینی ڕۆحی من دێت
من ئەو ڕاوچییە ڕاو دەکەم کە عەشق کوژە
ئەی باڵندەی موسافیر
وەرە با غولامی مۆسیقا بین
مۆسیقا نەغمەی عەشقە
ئاسمان دێنێتە سەما

مۆسیقا سیحرێکە جەنگ
لەنێو ئاوازەکاندا وندەکات.
ئەی باڵندەی موسافیر
هاورێگامبە
تا ناو ڕۆحی گەردوون
تا ئەو پەڕی سەراب
تانێوان ددانە برونزییەکانی یار
تا نێوان ماچ وگاز
تا سپێتی حەقیقەت
تا تاریکی غەم
تا نێو دڵی گیتار
ئەی باڵندەی موسافیر
من خەمێکم بە کۆڵەوەیە
تا قەرەی قیامەت لێم نابێتەوەو.
ڕۆحم نوقمی سەرابە
خەم دەمکوژێ و
ئومێد زیندووم دەکاتەوە
وەک بیابانێکی خنکاو
جگەلەسەربازەبریندار و
ڕێبوارە ونبووەکان، کەسێک بەناخی مندا گوزەر ناکات.
لە کولبەی درۆیەکدا گەمارۆ دراوم
پێی دەڵێن ژیان
تەنهام
ئەی باڵندەی موسافیر
تەنهام وەک خودا ونم لە چاوەکان
تەنهام و عاشقم بە وەهم
تەنهام و یاخیم لە کۆڵانەکانی شار
تەنهام و زیندووم لەنێومەرگدا
تەنهام و لە قەرەباڵغیدا گەمارۆدراوم
ئەی باڵندەی موسافیر

ئۆقره مەگره لە سەر درەختێک
کە لەو دیوی وەرزێکەوە دەمرێ
باڵەکانت پر بکە لە هێز و
بەسەر ئۆقیانووسەکاندا بفڕە
ژیان لێرە سووتانەلە نێو درۆیەکی قەشەنگدا
ژیان لێرە
دەریای خوێنەو وێژدان تێیدا خنکاوە
ژیان لێرە
مردنێکە لە ئێوارەیەکدا
لەدایک بوونەوەیەکە لەکازیوەی خەمدا
ئەی باڵندەی موسافیر
دەنگی دەهۆڵی جەنگاوەرە خوێن خۆرەکان
کەڕی کردین
پێم بڵێ
چەندی تر بەهاری ئێرە بە ئەندازەی پاییزی
هەسارە ونبووەکان جوان دەبێت
ئەی باڵندەی موسافیر
لەگەرووومدا ئاوازێک بە زیندوویی نەماوە
هەمووئاوازەکانیان خنکاند
وەرە ئەی لە بتهۆڤن خۆش ئاوازتر
وەرە ئەی پاگانینییە شێتەکەی ئاسمان
پڕپڕم کە لەمۆسیقا
باڵندەی مۆسافیر
تۆ دەتوانی ئەتڵەسەکان ببڕی
من هەنگاوەکانم لەکۆڵانەکانی شار دەرناچێ
بەرۆحێکی هەژارەوە
هەنگاو دەنێم بەکۆڵانی تاریکی شاردا
کۆڵانێک تاریک
وەک پرچی ڕەعنا
کۆڵانێک دەرگاکانی داخراون

کۆڵانێک تەواوی پەنجەرەکانی پەردە پۆشن
کۆڵانێک ساڵ دوانزەمانگ پاییزێتی
بۆساتێک کەسێک نایاتە بەرپەنجەرە
کەسێک لە ڕۆحی هەژارم ناپرسێ
کەسێک ناپرسێ ئەی ئەو ڕێبوارەی
لە ژیان یاخی بوویت
بۆ کوێ هەنگاو دەنێیت
ئەی باڵندەی موسافیر
تیژبڕۆ
با تیری ڕاوچی نەگاتەسەر دڵت
با باڵەکانت نەسووتێ
هۆ باڵندەی موسافیر
دۆزەخ سەختە
سەختر ئەوەیە بە دارستانەکانی بەهەشتدا
بەکەلەپچەکراوی بۆ دۆزەخ بتبەن
ئەی باڵندەی موسافیر
عاشقبوون چەند سەختە
گەڵایەکی نیان بووم
بەزەردە خەنە ڕۆحیان دەرهێنام
پڕبووم لە سۆز و ئەوین
پڕپڕیان کردم لە ڕق و کینە
ئەی باڵندەی موسافیر
ئەمجارەیان عاشقەکان
خەنجەرلەسەر دڵەکان دەچەقێنن
هۆ باڵندەی موسافیر
دڵم لە سۆراغی هێلانەیەکدا ونبوو
ڕۆحم لەژێر پێی پۆستاڵ ڕەشێکدا تاسا
پێیەکانم بەرێگایەکدا گوزەریان کرد
ئەو سەری تارمایی بوو.
چاوەکانم فرمێسک خنکاندنی

دەستەکانم لەنێوان مەمکی ڕەعنا بەجێما
سەرتا پام لەگەردەلوولی خەمێکدا نووقم بوو
ئەی باڵندەی موسافیر
تیژبڕۆ
تێژبڕۆ
ئێرە دۆزەخە
گیانداری دڵناسک
لەم قەسابخانەیەدا چلۆن دەژی
کە بست بەبستی ئاسمانیشی
موڵکی جەلادەکان بن
لەودیوی مردنەوە
لە پشتی دونیاوە
کولبەیەک هەیە بۆ خەوی ڕەعنا
باخچەیەک
درەختێک
دیوارێک
بۆ نیشتنەوەی باڵەماندووەکانی تۆ
ئەی باڵندەی موسافیر
لێرە مۆسیقا دەهۆڵی جەنگە
هاواری ڕۆحێکی بریندارە
لێرە کۆڵان وەک چاوی کوێرێک تاریکە
لێرە ئایەتەلکورسی خەنجەرە لەسەر
دڵمان دەچەقیوە
لێرە بەژێی کەمانچە مۆسیقا دەخنکێنرێ
پاگانینی لەنێو ئەم کەڕ و کاسانەدا
چەند غەریبە
ئەی باڵندەی موسافیر
تیژبڕۆ
با دەنووکت نەشکێنن
مۆسیقای گەرووی تۆ وەرسکەرە بەگوێی عەوامێک

که عەشقی خوێن و جەنگن
ئەی باڵندەی موسافیر گوێ لە ئاوازێک مەگرە
کە خەنجەربەدەستێک ژێیەکانی
گیتار ئازاردەدا
برۆ
زوو برۆ
تیژبڕۆ
با وەکو من لە خەونی ڕەعنایەکدا
ون نەبی
با وەکو من لە باڵەکانت نەدەن
برۆ
تیژبڕۆ
لەمەملەکەتێکدا مەژی
منداڵێک تێیدا بۆ کوتە نانێک
دەیکات بەتراژیدیایەک
لەسەر چڵی درەختێک مەنیشەرەوە
کە پەتی سێدارەی دڵێکی
پێوە هەڵواسراوە
ئەوەندە بەسەر ڕۆحی ڕووبارەکاندا مەیەو مەچۆ
چاوەڕوانی گەمەی ماسییەک مەکە
لەسەر ئاگردانی کۆشکی خوداکان
بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی جەللادێک دەبرژێ
برۆ
لێرە دڵ هەمیشە قەلغانە بۆ تیری جەللادەکان
لێرە پەنجەکان مۆسیقا دەخنکێنن
لێرە گەرووی کانییەکان خوێنی لێ
هەڵدەقوڵێ.
لێرە موشەکەکانی جەنگ
منداڵێکی بەحەزی پاسکیلەوە
و

کچێکی بەخەونی ژوانێکەوە
و
لەدەمی کۆڵانێکدا لەودیوی
پەرژینێکەوە
ژنێکی لەسەر بەرماڵی ئاشتبوونەوە
کوشت
ئەی باڵندەی موسافیر
بەزەمەنی هەسارەی عەشق
سەدەیەکە
لەبەر دەرگای کڵۆم دراوی ماڵی
ڕەعنایەکدا
ئەشک ئەرێژم
وەنەوز دەدەم و خەیاڵ دەمباتەوە
شەمەندەفەری خەیاڵ
لەپایزێکەوە بۆپایزێکی تر دەمباتەوە
ئەی باڵندەی موسافیر
مۆسیقا لەدەنگی موشەکەکاندا
خنکا
ڕەعنا لەپایزێکدا بۆهەمیشە
پەنجەرەی داخست
جەنگەڵستانە
باڵندەی موسافیر
گۆشتی منداڵانی بێلانە
لەگەڕەکی جەللادەکان دەبەخشرێتەوە
مەمکی کچە بێ نازەکان
سەرینی جەللادەکانە
ئەی باڵندەی موسافیر
تیژ بڕۆ
لەنێو ئەم تەم و مژەدا مەفڕە.
بەسەر ئاسمانێکدا مەفڕە

کەخاکی سوور سوورە
لەخوێنی ئەو دڵە پاکانەی
کەبەناحەق دوولەت کران
ئەی باڵندەی موسافیر
بەلای گشت دارچنارەکاندا گوزەرم
کردو و نەیانهێشت
لێوم بەر ڕوومەتی گەڵایەک بکەوێ
ئای دار چنارەکان
گشت تەمەنی من ڕوانینە لە
ئێوە
جوانیەک و ئازارێک و جادوویەک
لەهەموو دارچنارەکاندا دەبینم
ئەی باڵندەی موسافیر
لەسەر چڵی دارچنارەکان مەنیشەرەوە
باوەکو من جادووت لێ نەکەن.
نەتکەن بەهەڵم
تیژ بڕۆ
بەناو ئاسمانێکدا بفڕە
کە من و ڕەعناو دار چنارەکان
لەژێریدا لەم پاییز بۆ ئەو پاییز
زەمەن دەکوژین
ئەی باڵندەی موسافیر
دڵم لە زەردەپەڕێکدا سووتاو
لەکازیوەیەکدا خۆڵەمێشەکەی
بەسەر دارچنارەکاندا بڵاوبووەوە
ڕەعنا لەوکاتەدا
لەژێر چەترێکەوە
هێدی هێدی بۆباخچە گەورەی
شار هەنگاوی دەنا
دایکم لەپاش

هەڵوەرینی پانزەهەمین جاری
گەڵاکانی درەختەوە
لەنێو بێدەنگیدا گەمارۆ درابوو
کەچی ئەو کازیوەیە
بۆ سووتانی ڕۆحی من
دەنگی لای لایەی گشت
درەختەکانی غەمگین کرد
چاوەکانی ئاسمان فرمێسکی
دەباراند
ئەی باڵندەی موسافیر
کازیوەکان گشتیان ئاوەها
شوومن
کازیوەیەک ئومێدێکی چکۆلەم بوو بە
خۆڵەمێش
کازیوەیەک دایکم بەبێ ویستی خۆی
بەجێی هێشتم
کازیوەیەک ڕەعنام لێ ونبوو
کازیوەیەک دارچنارەکانی خەیاڵمیان
بڕییەوە.
کازیوەیەک دڵم وەک سێوێک
لەتکرا
ئەی باڵندەی موسافیر
کۆڵان بارانە
ژنێک بەکراسی ئاوییەوە
لەژێر باراندا هەنگاو دەنێ و
لەدرەخت دەڕوانێ و دەڵێ
(منیش وەک تۆ ڕووت و ڕەجاڵ
باران تەڕم دەکات و
دڵی سیسبووم ڕەشەبای ناهەق
بەکۆڵانەکاندا دەیبات و دەیهێنێت).

من
لەبەلەکۆنەی خەیاڵێکەوە
گۆرانیم بۆ ڕێحانە دەگوت
دایکم لەودیوی کاتژمێرەکانەوە
بەخودای گوت
(بۆچی ملی من تاڵە
دەزوویەک بێت لەبەر دەم
چەقۆی تۆدا).
باران دەباری
کۆڵان ڕێگایەکی خوساو بوو.
کۆتاییەکەی سەرەتایەک بوو
کۆڵان لەژێر نمەنمەی باراندابوو
من لەیادەوەری دار چنارێکدا
بەلای گشت دارچنارەکاندا گوزەرم کرد
ئاە باڵندەی موسافیر
ئەوە من بووم هەلاهەلایان کردم
کە گریام چاویان دەرهێنام
کە عاشق بووم دڵیان دەرهێنام
کە بەئاسماندا فڕیم باڵیان شکاندم
کە گۆرانیم گوت زاریان قرتاندم
کە گوێم لە مۆسیقاگرت کەڕوکاسیان کردم
کە لێوم بۆ ماچێک برد
کردیان بەکانی خوێن
کە دارچنارێکم خۆشویست
بەباڵایدا هەڵیان واسیم
ئەی باڵندەی موسافیر
بڕۆ بڕۆ
ئەم زەلکاوە بەجێبهێڵە
تا لە باڵیان نەداوی
بفڕە بۆ گوڵستانێک دوور لێرە

تا چاویان دەر نەهێناوی
برۆ لەو دیوی ئاسمانەوە
لە ئەستێرەکان بروانە
برۆ تا کەڕو کاسیان نەکردووی
گوێ لەسەمفۆنیای هەورە تریشقە بگرە
برۆ تا زمانیان نەبڕیوی
ستران بۆ مانگ بڵێ
برۆ تا دەنووکیان نەشکاندووی
دەنووک لە دەنووکی
ڕەعناکەی خۆت بدە
برۆ
برۆ برۆ
تیژبرۆ
باڵندەی موسافیر
بانەبی بەخۆڵەمێش
ئێرە دۆزەخە.

**هاوینی ٢٠٠٦**

# سەمای مەمکە ونبووەکان

■ ئیسماعیل حەمەئەمین

## (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ قەسیدەی باڵندەی موسافیری مەحمود نەجمەدین)

یەکێک لەئەرکە ئەخلاقیەکانمان وەک ئەدیب ئەوەیە، دڵسۆز بین بۆچێژی ئەدەبی، چێژی ئەدەبیش بەهەمان شێوە لەکونجە تاریکەکانەوە بخەینە بەر ڕۆشنایی خوێنەرانی ئەدەب، تێکستە جوانەکان لەخوێنەری ئازیز نێزیک بکەینەوە. بەتایبەت کاتێک هەستدەکەین شتێکمان لەڕێزی خوێنەر پچڕیوە، ئیدی بەشێک لەئەرکی نوسەریمان ئەوەیە: دەبێت نەک وەکو مامۆستایەکی تەقلیدی، بەڵکو وەک چێژبینەرێکی ئەدەب، نەک ئاوڕ، بەڵکو بۆئەوەی لەنێو خۆماندا نقووم نەبینو نەبین بەژمارەیەکی دیکەی خرفەکانی نێوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیریەکانی ئەم دنیایە، ئاوڕ لەو نەوە نوێیە ئەدەبیە بدەینەوە کەلەزەمەنی ئێستا خـەونو بۆچوونو تێڕوانیەکانی خۆی دەنوسێتەوە، لەسەروو هەمووشیانەوە، کەجێگەی بایەخدانە بۆ یەکێکی وەک من، ئەو نەوە ئەدەبیەی ئێستای ئەدەبی کوردیە، نەوەیەکە تێکستی ئەدەبی لەم فەوزای سیاسەتو شەڕەجنێوی ڕۆژنامەو هەرایەدا بەرهەمدەهێنێت. بەمەرجێک بێهودەن لەو خوێنەرانەی کەتەنها دوای ناوە دیارەکان دەکەون. ئەوانە ئەو گەنجانەن بەهێمنی دەنوسن و بەهێمنیش دەخوێننەوە، یەکێک لەو نوسەرانە کەبەهێمنی دەنوسێت، بێئەوەی هیچ هەرایەکی وەک ئەوەی ئەمڕۆ باویەتی بەدووی خۆیدا بهێنی، ئازیزمان (مەحمود

نەجمەدین)ی چیرۆکنوس و شاعیرە. دەبێت ئەوەش بڵێم کەسوپاس بۆدنیای کۆمنیکاسیۆن، زۆربەی ئەو دەنگە نادیارو هێمنانەمان پێدەناسێت، چەندانی وەک زمناکۆ قانع و توانا ئەمین و مەحمود نەجمەدین و ئارام سدیق و موحەمەد حوسێن و چەندانی دیکە.
قەسیدەی (باڵندەی موسافیر) کەلەماڵپەڕی ڕۆشنبیری (دەنگەکان) بڵاوبۆوە، جێگەی ڕاچڵەکین و چێژبینێکی ئێجگار سەیر بوو بۆ من، لەوانەیە ئەوەش وایلێکردبێتم کەئەم چەند دێڕە بنوسم. بەڵێ ڕاچڵەکینێک بەوەی لێرەوە: ڕەشبینیەک، تەنهایەک، گۆشەگیریەک، خۆکوژیەک، ماسۆشیەتێک، بۆهیمیەتێک، ونبونێک، فەوزایەک لەوشە و سۆز لەو قەسیدەیەدا نەک بەبەرجەستەیی بەڵکو بەلێواری هێمنیەوە خۆی شۆڕکردۆتەوە وحەلاجوقیەکەی (حوسێن مەردان)ی شاعیری ئێراقیمان بیردەهێنێتەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو تێکستی شاعیرێکی خۆشەویست و هاوڕێیەکی زەمەنی شیعریەتی زەمەنی جەنگی بیرهێنامەوە. هەروەک ئەوەی نەوەکان لەو ساتەوەختە ڕەشبینیەدا، زەمەنەکانینان تێکەڵی یەکتری بووبێت..

**لەچەقی بێ ئومێدیەوە**
**سڵاو لەتۆ**
**ئەی باڵندەی موسافیر**

(مەحمود نەجمەدەین: قەسیدەی باڵندەی موسافیر)

ئەم قەسیدەیە (لەچەقی بێئـومێدیەوە) دەستپێدەکات، سڵاوێک لەباڵندەیەکە نەک لەهەموو باڵندەکان، سڵاو تەنها و تەنها لەیەک باڵندەیە و کۆیی ئەوانی دیکە فەرامۆش دەکات، کۆیی باڵندە کۆچەرەیەکانیش فەرامۆش دەکات، تەنها باڵندەیەکی موسافیرە کەلەچەقی بێئومێدیەوە شیعر سڵاوی لێدەکات. ڕۆحی قەسیدە ئەو باڵندەیە دەبینێت کەئەوانی دیکە نایبنن، چونکە ئەوە مرۆیە حەزی بە بینینی (باڵندەکۆچەریەکانە)، ئەوە ئەدەبێکی زۆری ئەم دنیایە کەسەرسامە بەکۆچی باڵندەکان، لێرەدا ڕۆمانی (وەرزی کۆچکردن بەرەو باکور)ی ڕۆمانوسی سودانی (تەیبساڵح) لەیادەوریمداخۆی ئامادە دەکات، بەڵام لەقەسیدەی (باڵندەی موسافیر)، شاعیر سەرسامە بەتەنهایی یەک

باڵندەی موسافیر! . لێرەوە کۆچ و تەنهایی و بێئومێدی و باڵندەکۆچەریەکان، ئەو ڕەگەزە ئەدەبی وسایکۆلۆژیانەن کەدەقەکە لەسەرەتادا دەیانجولێنێ، بەڵام بەجیاوازیەکی یەک خاڵ، ئەویش ئەوەیە: ئێمە لەبەردەم باڵندە کۆچەریەکاندا نین، نەخێر!، ئێمە لەبەردەم تەنها یەک باڵندەی کۆچەرین، تەنها یەک باڵندە و هیچی تر..

ئەم دێڕەی سەرەتای قەسیدەکە بەشێکە لەزنجیرەیەک تۆنی مۆسیقی شیعری ناوەکی، کەبەهێمنیەوە مانا بەرهەمدەهێنێت،مانایەک شێوازێکی تایبەتی شیعری خۆی فۆرمولەدەکات. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کەبەرهەمهێنانی ماناو وێنەی شیعری بەشێکە لەو قەیرانە قوڵەی شیعری کوردی ئەمڕۆمانی پێناسراوە، زۆربەی ئەو شیعرانەی بڵاودەبنەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کێشەی دورستکردنی وێنەی شیعریان هەیە. ئەمە جگەلەوەی زۆربەی شیعرەکان بەڕۆحێکی میکانیکی و تەکنیکی مەعریفیەوە نوسراون، جوانن بەڵام دوورن لەئیلهام و سروش. لەبەرئەوە سەیر نیە بەشێکی زۆری شیعرەکانی ئەم سەردەمە لەخوێندنەوەی نوسەرەوە سەرچاوەیان هەڵگرتبێت وەک ئەوەی بەشێک بن لەو مۆتیڤانەی شیعریەتی دنیای کردۆتە خەمی باڵای خۆی، بەمانای دوورن لەڕۆحیانەتی شیعریی، دوورن لەئیلهام.

بەپێچەوانەوە ئەمانەوە قەسیدەی (ئەی باڵندەی موسافیر) یەکێکە لەو قەسیدانەی خاوەنی ڕۆحی خۆیەتی، خاوەنی سروش و ئیلهامی خۆیەتی، خاوەنی لامسەلایی و بێهودەی خۆیەتی، خاوەنی ژیانی تایبەتی خۆیەتی. بەهیچ شێوەیەک (تەنها لەهەندێک شوێندا نەبێت!)، هەست بەزۆر لەخۆکردن ناکەین لەنوسیندا، هەست ناکەین هێزێکی نەرجسیانە هەبێت کەکێشەی لێرەبوونی شاعیر لەنێو قەرەباڵغی مێگەلی کۆمەڵایەتیدا، ڕاپێچی نوسینی کردبێت. بەتۆبزی لەقودەرەتی خوێندنەوە شیعر بەرهەمهێنرابێت، نەک تواناو ئیلهام پاڵی پێوە بنێت بنوسێت، نەخێر، لەم دەقەدا شاعیر بەتەنهایی بەرامبەر دنیای خۆی دەبێتەوە، تەنها دنیای خۆی و باڵندە موسافیرە تەنهاکەی.

**ئەی باڵندەی موسافیر**
**من لەزەویم و تۆ لەئاسمان**
**بابەیەک ئاڕاستەدا بڕۆین**

**تۆ ڕێگە لەو خودایە بگرە کەبۆ دزینی ڕۆحی من دێ**
**منیش ئەو ڕاوچیە ڕاودەکەم کەئەشق کوژە.**

(مەحمود نەجمەدەین: قەسیدەی باڵندەی موسافیر)

ئەم قەسیدەیە هەوڵدانێکە بۆ وێنەکێشانی پۆرترێک بۆ خود لەڕێگەی ڕاپێچکردنی ڕەگەزەکانی دەرەوە بۆنێو ئەو ماناو ڕەگەزانەی، کەبەنێو خودی شیعریدا لەململانێدان. هەوڵدەدات هاوسەنگبوونێک بدۆزێتەوە لەنێوان هەردوو خود (سوبێکت)، سوبێکتێکی کۆمەڵایەتی کەبەرەو دەرەوەی خۆی نەرجسیانە وەک خودێکی کۆمەڵایەتی کاردەکات بۆ ئەوەی بڵێت: ئاها ئەوە من لێرەمو دەمەوێت وەک خودی نوسەرێک لەنێوەندێکدا بوونێکی سۆسیۆ فیزیکیم هەبێت. ئەوی دیکە سوبێکتێکە کەزیاتر ئیلهامەو خۆخەریکردنە بەئیگۆسینترالی (خۆپەرست سێنترالی شیعری). من پێموایە چیرۆکی ئەم دووسوبێکتە، ئەم دوو خودە (سۆسیۆفیزیکی و ئیگۆ سێنترالیە) لەڕۆحی ئەدەبی هەموو دنیادا دەبینرێت، چاوگێڕانێکی کورت بە ئاوتۆبیۆگرافی نوسەرانی ئێمە و دنیادا، ئەو نەخشەی زۆرانبازیە سەختەمان بۆ دیاری دەکات.

لەقەسیدەکەدا خودێکی خۆپەرست سێنترالی دەبینین کەدەوێت لەڕێگەی دووبارە تەشکیلەکردنەوەی دنیای دەرەوە، خۆی نیشانبدات، بەمانای دەیەوێت جارێکی دیکە جیهانی هەبووی دووبارە بینابکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی هیواکانی، لەبەر ئەوەی خودی دیار، یان (خودی بینراوی کۆمەڵایەتی) کەبە (سۆسیۆفیزیکی) ناوزەدمان کرد،لەو ژینگەیەدا توانای ژیانی نەماوە، چارچیە جگەلەگەڕانەوە بۆ (ئیگۆسێنترالی شیعری ) بۆ ئەوەی لەیۆتۆبیای شیعریدا بتوانێت دنیایەکی دیکە بۆ خۆی بینابکات، دنیایەکی تەواو جیاواز لەدنیای ڕۆژانە ژیان..

**تەنهام و ئاشقم بەوەهم**
**تەنهام و یاخیم لەکۆڵانەکانی شار**
**تەنهام و زیندوم لەنێو مەرگدا**
**تەنهام و لەقەرەباڵغیدا گەمارۆدراوم..**

(مەحمود نەجمەدەین: قەسیدەی باڵندەی موسافیر)

خودی شیعری تەنهایە و بەقەربالْغی گەمارۆدراوە، ئەمەش ئەو (خۆپەرستیە شیعریە) کەباسی لێوەدەکەین، ئەو خۆپەرستیەی شیعر نایەوێت هیچ مانایەک بدات بەقەرەبالْغی، ئەوەی بەلای ئەو خودە شیعریەوە گرنگە تەنها ئەو ڕەگەزانەی دنیای هەبوویە کەلەخزمەت چێژی شیعریدان. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو دەیەوێت مەرجەکانی خۆی بۆ ئەو باڵندەیەش نەخشەڕێژ بکات کەئەو، لەڕێگەیەوە بۆ دنیا دەدوێت. چ نەبێت لەڕێگەی ئەو فیگورەوە (خۆپەرستی شیعری ) دەتوانێت تەعبیر لەخۆی بکات، ئەوەتا مەرجی هەیە بۆ باڵندە تەنیایەکە و دەڵێت:

**ئەی باڵندەی موسافیر**
**تۆقرە مەگرە لەسەر درەختێک**
**کەلەودیوی وەرزێکەوە دەمرێ**
(مەحمود نەجمەدەین: قەسیدەی باڵندەی موسافیر)

ئیدی باڵندەی موسافیریش هەمان کۆیلەی ئەو خودە شیعریە خۆپەرستەیە کەدەیەوێت دنیای ئێمە پڕبکات لەخەم و ڕەشبینی، بەڵام هەموو ئەم ڕەشبینیە بۆ تێرکردنی (ئیگۆ سێنترالّی) شیعریە کەلێرەو لەوێ بەپێوانەکانی خۆی دنیای هەبووی دەرەوەی خۆی دەنەخشێنێ. لەپشت هەموو ئەوانەشەوە ئیگۆسێنترالّی شیعری لەتێکشکانە (سۆسیۆ فیزیکیەوە) هاتووە کەدنیای دەرەوە، (کۆمەڵگە و نۆرم و ئاین و دەسەلات)، بەقوڵی ئەو خودە کۆمەڵایەتیان بریندار کردووە، ئیدی هەستێک هەیە کەلەتەنهایی خۆیدا بۆتە نوێنەری دەنگی نەوەیەکی نوێی کوردی، بەجۆرێک واهەستدەکەم لەجیاتی هەزرارەها گەنجی وڵاتەکەم قسەدەکات :

**باڵندەی موسافیر**
**تۆ دەتوانی ئەتلەسەکان ببڕی**
**من هەنگاوەکانم**
**لەکۆڵانەکانی شار دەرناچێت**

(مەحمود نەجمەدەین: قەسیدەی باڵندەی موسافیر)

ئەمە ئەو تراژیدیایە سایکۆلۆژیە کەبەلێواری ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا پیاسەی لامسەلایی خۆی دەکات، ئەوە وێنەی ئەو گەنجانەن لەبێهودەیی بێهودەترن. لێرەوە ئیگۆ سێنترالی شیعری تەنها لەبابەتی شیعری ئەبستراکدا خۆی گێژنادات، بەپێچەوانەوە هەوڵدەدات پەلبهاوێتە نێو پێچەکانی خۆشبەختی، خۆی بکات بەمەوداکانی بەختەوەریدا، مادامەکی مێینەیەک هەیە دەتوانێت هەموو ئەم تێکشکانە لەخۆیدا، لەجەستەی خۆیدا لەئامێز نێت، ئالۆشی بکات بەدڵۆپە شەهوەتە پڕلەخومارەکانی نێوان ساتەکانی گەنجێتی و ساتەوەختەکانی بێهودەیی، ئەوەتا دەڵێت:

**دەستەکانم لەنێو مەمکی ڕەعنا بەجێما..**

(مەحمود نەجمەدەین: قەسیدەی باڵندەی موسافیر)

کەچی ئەو هەستە بەئالۆشی و مەستبوون بەجەستەیە، جارێکی دیکە لەئیگۆسێنترالی شیعریدا خۆی شێوەباز دەکاتــەوە، بەمانای جارێکی دیکە جەستە دەبێتەوە بــەدەروازەیــەک بۆ تێپەڕبوونی خەمە فیزیکیە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو برینداریەی کەنایەڵێت شتەکان وەک خۆی ببینرێت، دیسانەوە ئیگۆی شیعری زاڵترە بەسەر توخمەکانی دیکەی ئەم دەقەو بواری جەستەی مێینە نادات (پلاتۆنیانە) خۆی بەسەر تەوەرەکاندا بەختەورەبکات، بەڵکو نێرینەیەکی شیعری ئیگۆ سێنتراڵ هەموو جەستەی دەکاتەوە بەو ڕەمزەشیعریانەی کەلەدنیای ماتریاڵی دەرەوەی خۆی وەریگرتووە..

**کۆڵانێک تاریک**
**وەک پرچی ڕەعنا**
**کۆڵانێک دەرگاکانی داخراون**
**کۆڵانێک ساڵ دوانزە مانگ پایزێتی**

(مەحمود نەجمەدەین: قەسیدەی باڵندەی موسافیر)

لەم چەند دێڕەو چەندەها دێڕی دیکەی بەرهەمهێنانی مانا لەو ئیگۆ سێنراڵیە شیعریەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، وایکردووە قەسیدە خۆی لەخۆیداو لەنێو جیهانی ناوەکیدا خۆی چەندەها جار تەشکیلە بکاتەوە، لەهەموو لایەکی ئەم قەسیدەیەدا ماناو ڕەمزەکان، دنیای دەرەوەی ڕیاڵستی و خەیاڵ، یۆتۆبیاو ڕەگەزە وەحشیەکانی هۆشمەندی، نەستو ڕۆشنایەکانی لۆجیکی ژیانی ڕۆژانە، ڕۆمانسیەتو ڕەشبینی، ئەمانە هەمووی هاوتەریبی یەکترنو مانای خۆیان بەرهەمدەهێنن.

**هۆ باڵندەی موسافیر**
**دۆزەخ سەختە**
**سەختتر ئەوەیە**
**بەدارستانەکانی بەهەشتدا**
**بەکەلەپچەکراوەی بۆ دۆزەخت بەرن.**

یاخو لەم چەند دێڕەدا موتوربەی خەیاڵێکی بەپێز لەنێو ئەم دێڕانەدا خۆی شاردۆتەوە:

**ئەوەندە بەسەر ڕۆحی ڕووبارەکاندا مەیەو مەچۆ**
**چاوەڕوانی گەمەی ماسیەک مەکە...**
.....
**کازیوەکان گشتیان ئاوەها شوومن**
**کازیوەیەک ئومێدێکی چکۆلەم بوو بەخۆڵەمێش**
**کازیوەیەک دایکم بەبێ ویستی خۆی بەجێیهێشتم**
**کازیوەیەک ڕەعنام لێ ونبوو**
**کازیوەیەک دارچنارەکانی خەیاڵمیان بڕیەوە**
**کازیوەیەک دڵم وەک سێوێک قاشکرا..**
(مەحمود نەجمەدەین: قەسیدەی باڵندەی موسافیر)

لەم خوێندنەوە تێپەڕییەدا بەنێو قەسیدەی (باڵندەی موسافیر)ی (مەحمود نەجمەدین)ی چیرۆکنوسو شاعیر، ئەو خودە لەخۆبایی و خوپەرستە شیعریە

دەناسینەوە کەلەنێو هەموو دەقێکی ئەدەبی داهێنەرانەدا خۆی پاڵخستووە، ئەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کەمەحمود وەک گەنجێکی کوردی خاوەنی خەونی سەردەم و کەشیگەرایی نەوەکەی خۆیەتی، نوێنەری ئەو تانو بۆ کۆمەڵایەتیە سیخناخدراوەیە بەململانێەکانی نێوان ئیندڤیدوالی شیعری و کۆمەڵگەیەکی ئاوس بەسیاسیەتەکانی خێڵ.

کەئەم قەسیدەم خوێندەوە هەستم بەغەمباریەکی قوڵ کرد، غەمباریەک تائەو ئاستەی ڕۆحی بریندارکردووم، بەوەی، نەوە نوێیە ئەدەبیەکانی ئەم سەردەمەش هەر وەکو ئێمەی نەوەی جەنگ لەنێو ئەو بێهودەیەدا پەلەقاژێیانە. بێهودەیەک،ڕەشبینیەکی ترسناک لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ دەکات. گەر هاتوو ئێمە ئەو زەمەنە ئەو بێهودەیەمان بەپاشەڕۆژێکی دوای تەواو بوونی جەنگەبێهودەکانی پڵنگەپەڕۆینەکانی ژەنراڵاکانی بەعس و شاخ ڕاونابێتو باشتر وایە بڵێم مەشروعدار کردبێت. ئەوا لەم قەسیدەیەدا نەوەی نوێی کوردی لەبەردەم بەتاڵیەکی گەورەدا پەلاقاژێتی، لەنێو بۆشایەکی نادیاردا پێمەلەیەتی، کەنەک پاشەڕۆژ، تەنانەت ساتەکانی ڕەشبینیشی،ئەوساتانەنین کەبتوانێت خۆی لەبەردەم یۆتۆبیایەکدا وەک سێوێک قاش بکات. بەمانایەکی دیکە، گەر نەوەی جەنگی ئەدەبی، نەوەی ئێمە کازیوەیەکمان لەخەیاڵدا هەبووبێت، ئەوا نەوەی نوێی کوردی نەک هەر کازیوەی نیە، بەڵکو کازیوەکانیشیان لابێزراوە. لەم قەسیدەیەدا ڕۆحێکی بریندار و ئیگۆسێنتراڵیەکی شیعری سەما دەکات،سەمایەک لەنێو بێهودەیدا، سەمایەک لەنێو بۆشایەکی تەنیاو بێهودەیدا، سەمایەک لەنێو زەوتکردنی خەیاڵ و پاشماوەی ئەو جەنگانەی بەسەرچوون و داروپەردووەکانیان بۆ نەوەی نوێی ماوەتەوە، سەمایەکە لەنێو خرفبوونی شکۆداریەکانی مێژوو، سەمایەکە لەنێو مەمکەکانی ونبوونەکانی ڕەعنادا..

**نورنبێرگ**
**١٠. August ٢٠٠٧**

# دۆسییەی قەیرانی شوبات

# تایبەتمەندیەکانی ئەم ساتەوەختە مێژووییەی کۆمەڵگای ئێمە

■ بەختیار علی

بە بۆچوونی من، هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، یان هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی، زیاد لە ئاستێکدا کاردەکات. سیاسەت وەکو کایەکی تایبەتی، کایەیەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیەو هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی کە دێتە گۆڕێ، کاریگەرییەکانی لەسەر کێڵگەی سیاسەت خۆی بەجێدەهێڵێت. بەڵام لە پاڵ کاریگەرییەکانی لە ناو کایەی سیاسەتداو لە پاڵ دروشمە سیاسییەکانیشدا، کۆمەڵێک کاریگەریی‌و دەرەنجامی تری دەبێت کە لەسەر کۆی کایەی کۆمەڵایەتی‌و کولتووری کۆمەڵگەیە. واتە بە ئاستی کارتێکردنی سیاسییەوە ناوەستێت. بۆ نموونە: ئەگەر ئێستا تەماشا بکەین، دروشمە دیارەکانی ئەو بزووتنەوەیەی کە ئەمڕۆ هەیە، کە بریتییە لە دژایەتیکردنی گەندەڵی، گێڕانەوەی هەندێک لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگەی کوردی‌و دەستکاریکردنەوەی ماڵی سیاسی‌و ڕێکخستنەوەی سیستەمی دیموکراسی‌و... ئەم دروشمانە ئەگەر هەندێک جار بە خراپییش دارێژرا بن، یان ئەو دروشمانە ڕوونیش نەبن، بەڵام ئەمانە لە جەوهەردا ئامانجە سەرەکییەکانییەتی لە ئاستی سیاسیدا.

ڕاستییەکەی گرنگیی بزووتنەوەیەک بە تەنیا بەو ئاستە سیاسی‌و دروشمە سیاسییانەوە ناوەستێت. گرنگیی بزووتنەوەکە لەوەدا نییە دژایەتیی گەندەڵی دەکات، یان تەنها داوای ڕێکخستنەوەی سیاسی دەکات لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵکو بە بۆچوونی من، گرنگییەکەی یان تایبەتمەندییەکانی لەسەر هەندێک جومگەو خاڵ هەندێک شوێنی تایبەتی ئیش دەکات، کە پێشتر لە کۆمەڵگەی ئێمە تا ئەندازەیەک چەقبەستوو و

لەقاڵبدراو دەرکەوتوون. واتە دەرگا لەسەر کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرنگ دەکاتەوە لە ژێرەوە.
گرنگیی بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی لەوەدایە، کە چەند کار دەکات لەسەر وێنەی کۆمەڵگە بۆ خۆی. واتە کارێک دەکات وێنەی کۆمەڵگە بۆ خۆی بگۆرێت. هەروەها وێنەی تاک بۆ خۆی بگۆڕێت. هەروەها وێنەی دەسەلاتیش بۆخۆی بگۆڕێت. بزووتنەوەیەکی سیاسی ئەگەر لەم ئاستانەدا کاریگەرییەکانی دەرنەکەون، هیچ کات بایەخی خۆی وەرناگرێت. واتە ئەگەر نەبێتە هۆی دەستکاریکردنی وێنەی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ خۆیو تا ئەندازەیەکیش شوێنی تاک لەم کۆمەڵگەیەدا، پێناسە نەکاتەوە، هەروەها شوێنی دەسەلاتیش پێناسە نەکاتەوە، یان وێنەی دەسەلات بۆ خۆی دەستکاری نەکات. دەبینین ئەم بزووتنەوەیەی ئێستا لەئارادایە، لە ماوەیەکی کەمدا قودرەتی ئەوەی هەبووە تا ئەندازەیەکی زۆر، سیقەی دەسەلات بە خۆی لەق بکات. ئەو وێنە مێژووییە بشکێنێت، تا ئەندازەیەک بۆخۆی دروستی کردووە. هەروەها وێنەی کۆمەڵگەی ئێمەیش کە کۆمەڵگەیەکی پاسیڤەو چالاکیی سیاسی تیایدا بچووک یان سنوردارەو لە چوارچێوەی کاری حیزبیدایە، تا ئەندازەیەک گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. تاکی ئێمە لە تاکێکی پاسیڤەوە کە قودرەتی نییە کاریگەری لە مێژوو بکات، ئەمڕۆ دەیبینین لەسەر شەقام هەست بەو هێزە دەکات کە بەراستی دەتوانێت شتێک بکاتو شتێک بگۆڕێت.

ئەمانە سەرەتای دەستکاریکردنی وێنەکەن. دەستکاریکردنی وێنەی کۆمەڵگە بۆ خۆیو تاک بۆ خۆیو دەسەلات بۆ خۆی. ئیشکردن لەم ئاستانەدا، گرنگە. هەوڵدەدەم باسەکەم، سەبارەت بەوەی ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە کاری لەسەر بکات یان ئەو دەرەنجامانەی کە لەم کایانە بکەونەوە، لە پێنج خاڵی سەرەکیدا کۆ بکەمەوە:
یەکەم: بەدرێژایی مێژوو، خەباتی سیاسیی کورد، خەباتێک بووە لە پێناوی مانەوەدا. واتە گوتاری سەرەکی لە کایەی سیاسیی کوردیدا، ئەو گوتارە بووە کە پێمانوتووە گوتاری مانەوە. واتە کۆی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی بۆ پاراستنی ئەو کیانە بووە کە ناوی کوردە. پاراستنی خود، ئامانجی سەرەکی بووە. هەر لێرەوە من زۆر جار باس لە گوتاری مانەوە دەکەم. لە زۆرێک لە کارەکانمدا سەرنج لەوە دەدەم کە کێشەی سەرەکیی بزوتنەوەی

ناسیۆنالیستی کوردی لەناو سترەکتۆری ئەم گوتاری مانەوەیەدایە، پاراستنی نەتەوایەتیبوونی کوردە. بەڵام کێشەی سەرەکی لەم گوتارە لەوەدایە کە کێشەی پاراستن لە کێشەی گۆڕینو گەشەکردن جیادەکاتەوە. بە درێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو، ئێمە لەبەردەم ئیشکردنێکداین کە خۆمان لە دوژمنو فەوتان دەپارێزین. دروشمی سەرەکیمان «کوردستان یان نەمانە.» ئەی ڕەقیب ماوە قەومی کورد زبان، واتە مانەوە گوتاری سەرەکییە. بەبێئەوەی پرۆژەی مانەوە بە پرۆژەی گۆڕینەوە گرێبدرێتەوە.

جیاکردنەوەی پرۆژەی مانەوە لە پرۆژەی گۆڕین، یان پرۆژەی مۆدێرنیزەکردن لە پرۆژەی نوێگەری، جەوهەری گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردی بووە لە چەند ساڵی ڕابردوودا. گوتاری مانەوە کێشەکەی لەوەدایە کە پاراستنی نەتەوە، لە گۆڕینی نەتەوە جیادەکاتەوە. هەر لێرەوەیە جەوهەری ناسیۆنالیزمی کوردی لە بنەڕەتدا جەوهەرێکی کۆنزەرڤاتیڤانەیە. گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هیچ کاتو ساتێک لە ساتەکانی مێژووی خۆیدا، هاوشانو یەکسانو تەریب نەبووە لەگەڵ پرۆژەی تازەکردنەوەو مۆدێرنیزەکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی. بەڵکو تەنها پاراستنی کۆمەڵگەی کوردی بووە. لێرەوە ئیشکردنە سەرەکییەکانی لەسەر ئاستی کولتووردا، زیاتر پاراستنی فۆلکلۆرو ترادسیۆنو ئەو بنەما تەقلیدییانەی بوونی کورد بووە، کە تەنها ئاماژە بە بوونێکی ڕووت دەکەن. بەبێ بوونێک لە ئاستی گۆڕاندا یان لە ئاستی گەشەکردنی بەردەوامدا.

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە یەکەمین بزووتنەوەی سیاسیی کوردییە، کە ڕاستەوخۆ لەسەر پارستنی نەتەوە ئیشناکات، بەڵکو لەسەر گۆڕینی نەتەوە ئیشدەکات. لەسەر گۆڕینی وێنەی خود ئیشدەکات. ئێستا دروشمی سەرەکی لێرە ئەوە نییە کە ئێمە وەکو نەتەوە تەنها خۆمان بپارێزین، بەڵکو پاراستنی نەتەوە بەشێوەیەکی گەورە، گرێ دەدرێتەوە بە ئیشکردن لەسەر خود. ئەوەی ئێستا دەیبینن بریتییە لە ئیشکردنێکی بەردەوام لەسەر خودی نەتەوایەتیی ئێمە. ئەمە یەکەمین جارە بزووتنەوەیەکی سیاسیی جەماوەری گەورە ببێتە مەیدانی سیاسییەوە کە لە بنەڕەتدا ئیش لەسەر خود بکات نەک تەنها لەسەر پاراستنی خود. ئەمە گۆڕینێکی نەوعییەو گۆڕینێکی ڕیشەییە لە سروشتی ئیشکردنی گوتاری مانەوە کوردستاندا. لە گوتاری خۆپاراستنەوە بۆ گۆڕان. لە گوتاری پاراستنی هەموو چەمکە ترادسیۆنەکانەوە بەرەو گرێدانەوەی بە پرۆژەیەکی مۆدێرنەوە. بە بۆچوونی

من، ئەمە یەکێکە لە هەرە خاڵە پۆزەتیڤەکان کە دەشێت لەم ساتەدا ڕەچاوی بکەین. ئەوەی من باسی دەکەم، زیاتر شیمانەیە. یان بڵێین ئەگەرێکە بۆ یەکەمجار بزووتنەوەیەکی سیاسی لە هەناوی کۆمەڵگەی ئێمە دروست ببێت، کە ڕۆحێکی مۆدێرنی هەبێت. بە پێچەوانەی هەموو بزووتنەوە سیاسییەکانی مێژووی کوردوە، کە تا ئێستا خاڵییە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پرۆژەی مۆدێرنەو پرۆژەی نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی. هەر لێرەوە بایەخی ئەم پرۆژەیە لەوەدا دەردەکەوێت، کە نیازو ئومێدی، ئیشکردنە لەسەر بونیادو پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی.

دووەم: یەکێکی تر لە سیفەتە گەورەکانی ئەم بزووتنەوەیە، غیابی ئایدۆلۆژیایە. ئەگەر تەماشا بکەین لە شۆڕشی تونسو میسرو لیبیادا، بەگشتی ئەم بزووتنەوە سیاسییانەی لە ئێستادا هەن، تا ئەندازەیەکی زۆر ئایدۆلۆژیا نادیارو غایبەو بوونی نییە. بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو بزووتنەوە سیاسییانەی کە لە سەدەی بیستدا بینیمانن، کە بەدەگمەن ئێمە بەر بزووتنەوەیەکی سیاسی دەکەوین کە ئایدۆلۆژیای تیادا غایب بێت، یاخود ئایدۆلۆژیا بزوێنەری نەبێت، یان ئایدۆلۆژیا پێشوەختە تیۆریزەی نەکردبێت. ئایدۆلۆژیا بریتییە لەوەی کە تۆ پێشوەخت دەست بە چالاکیی سیاسی بکەیتو وێنەیەکی پێشوەختت بۆ پاشەڕۆژی کۆمەڵگە هەیە. واتە دیارە کە پێشوەخت چیت دەوێت. فۆڕمی ئەو کۆمەڵگەیەی دەتەوێت، پێشوەخت لەبەر چاوتە. هەموو پێشوەخت دەزانین کە مارکسییەک کە شۆڕش دەکات، چ جۆرە فۆڕمێکی کۆمەڵایەتیی دەوێتو دەیەوێت کۆمەڵگە بەرەو چ شێوەیەک بەرێت. یان کە کەسێک سەر بە ئیسلامی سیاسییە، پێشوەخت دەزانین فۆڕمی ئەو کۆمەڵگەیەی دەیەوێت بونیادی بنێت، چ جۆرە فۆڕمێکە. یان ناسیۆنالیستێکی توندڕەو، پێشوەخت لە چوارچێوەی خوێندنەوەمان بۆ هێڵە ئایدۆلۆژییە گەورەکانییەوە، دەزانین چۆن وێنەی کۆمەڵگە دەکاتو ڕەنگڕێژی دەکاتەوە.

غیابی ئایدۆلۆژیا یەکێکە لە سیفەتە سەیرو گەورەکانی کە ئەم ساتە هێناویەتە پێشەوە. ئێمە دەزانین هەرەسیی ئایدۆلۆژیاکان لەگەڵ هەرەسی سیستەمی کۆمۆنیستی دەستپێدەکات. سیستەمی کۆمۆنیسی لە ئەورووپای خۆرهەڵاتدا هەرەسی هێناو سەدای ئەو هەرەسە گەورەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەگاتە کۆمەڵگەکانی ئێمە. ئایدۆلۆژیاکان تا ئەم ساتەش لە وڵاتانی ئێمەدا زیندوون.

بۆ نموونە: ئایدۆلۆژیا ناسیۆلیستییە عەرەبییەکان، یان مارکسیەت، یاخود ئیسلامی سیاسی.
لە ئەوروپای خۆرهەڵاتدا لەدوای هەرەسهێنانی بلۆکی کۆمۆنیزمەوە، چەند شۆڕشێک دەبینین. شۆرش لە سربیاو ئۆکرانیا، جۆرێک لە شۆڕش بوون، کە تا ئەندازەیەک ئامادەیی ئایدۆلۆژیا، کەم بوون. بەڵام لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو لە وڵاتانی وەکو ئێمە، کە دەتوانین ناوی بنێین زەلکاوی ئایدۆلۆژییەکان، کە ئایدۆلۆژیا گەورەکان لەم وڵاتانو شوێنانەدا قەتیس بوونو هێزی خۆیان لێرە تاقیدەکەنەوە، دەبوو خەون بە شۆڕشێک یان بزووتنەوەیەکی سیاسیی گەورەی بێ ئایدۆلۆژیاوە ببینین. بەڵام ئەمڕۆ دەبینین شەپۆلێکی گەورە هەیە، ئەم شەپۆلە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، لەپشتی نییە. پرسیارەکە لەوەدایە کە ئایا بەراستی دەتوانین شۆڕش بەبێ ئایدۆلۆژیا بکەین؟ یان سیستەم بەبێ ئایدۆلۆژیا بگۆڕین؟ ئایا کێشەی شۆڕش لەگەڵ ئایدۆلۆژیادا، لە کوێدایە؟ ئەمە پرسیارێک نییە بۆ ئێمە بە تەنها، پێموایە پرسیارێکی گرنگە بۆ هەموو مرۆڤایەتی.
هەرەسی ئایدۆلۆژیا گەورەکان تا چ ئەندازەیەک وا دەکات ئەگەری شۆڕش بەبێ ئایدۆلۆژیا مومکین بێت. ئایا بەدیلێک بۆ ئایدۆلۆژیا هەیە؟ هەڵبەت بە بۆچوونی من، دەبێت بە دوو حاڵەتەوە. حاڵەتێکیان ئەوەیە، نەبوونی ئایدۆلۆژیا ڕەنگە وابکات هەندێک مەترسی خۆشی هەبێت لەوەی کە گۆڕین تەنیا لەسەر ئاستی سیاسیدا قەتیس ببێت. ئایدۆلۆژیاکان تەنها نایانەوێت سیاسەت بگۆڕن. بۆ نموونە: مارکسیەت تەنها نەیدەویست قەیسەریەت بگۆڕێت، بەڵکو دەیویست سیستەمی ئابووریو کۆمەڵایەتیو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانو ژێرخانی کۆمەڵگەو سەرخانی کولتووریو ئاستی پەیوەندیی فیکری لەنێوان قوتابخانە فیکرییەکاندا بگۆڕێت، ئایدۆلۆژیا تەواوی سیستەمەکە دەستکاری دەکات، نەک تەنها هەرەمی سیاسی یان بەشی سەرەوەی سیستەمی سیاسی. تەنها دەموچاوە سیاسییەکان ناگۆڕێت. بەڵام ئێستا ئێمە بەبێ ئایدۆلۆژیاکان، لەبەردەم ئەو مەترسییەداین کە تەنها سیاسییەکانو دەموچاوەکان بگۆڕین، بەڵام خودی سیستەمەکە لەژێرەوە وەک خۆی بمێنێتەوە.
ئایا دەکرێت سیستەم بەبێ ئایدۆلۆژیا بگۆڕین؟ ئەمە پرسیارە گەورەکەیە. بە بۆچوونی من، دەکرێت لە ڕێگەی فەزای کراوەو کارلێکی بەردەوامو ئامادەبوونی بەردەوامی فیکری ڕەخنەییەوە، بەدیلێک بۆ ئایدۆلۆژیا بدۆزینەوە. واتە

لەجیاتی ئەوەی یەک فۆرم بۆ کۆمەڵگە پێشنیار بکەین‌و شۆڕش تەنها بە تیۆرییەکو پرۆژەیەکەوە بێتە کایەیەوە، بەڵکو ببێت بە فەزایەکی کراوە کە تیایدا فەزایەکی ڕەخنەیی بێت لەنێوان هەموو بۆچوونەکاندا. دەکرێت تا ئەندازەیەکی زۆر غیاب‌و نەقسی ئایدۆلۆژیا کەمبکەینەوە. ئێستا ئێمە لەبەردەم بزووتنەوەیەکی سیاسیداین لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە ئایدۆلۆژیای نییە. ئایدۆلۆژیاکان لەو بزووتنەوەیەدا هەن، بەڵام ناوێرن بیکەن بە شۆڕشی خۆیان. مارکسییەکان لەبەردەرکی سەرا هەن، بەڵام ناتوانن‌و ناوێرن بڵێن ئەمە شۆڕشێکی مارکسییە. ئیسلامییەکان هەن، بەڵام ناتوانن‌و ناوێرن بڵێن ئەمە شۆڕشێکی ئیسلامییە. هەروەها ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانیش هەن، بەڵام ئەوانیش ناتوانن بیکەن بە هیی خۆیان. هیچ کەسێک ناتوانێت‌و ناوێرێت بڵێت ئەمە هیی منە بە تەنها، لەبەرئەوەی فەزایەکی سیاسیی کراوە هەیە کە لەناو ئەو فەزایەدا، ئەگەری ژیانەوەو مانەوە ئەوەیە تەنها وەک خاڵێک تەماشای خۆت بکەیت، نەک تەواوی دیمەنەکە داگیربکەیت. کێشەو مەترسییەکە ئەو ساتە دروستدەبێت کە یەکێک لە ئەگەرەکان تەواوی دیمەنەکە داگیربکات. بۆیە ئەم ساتە جگە لە کارلێکی فیکری‌و دیالۆگو بیری ڕەخنەیی، ئەگەرێکی ترو ئەڵتەرناتیڤێکی ترمان لە بەردەستدا نییە کە ئەو نوقسانییە پڕبکەینەوە کە نەبوونی ئایدۆلۆژیا دروستی کردووە.

خاڵی سێیەم: ئەم فۆرمە لە خەبات کۆتایی بەشێوەیەکی زۆر دێرین‌و بنبەستی خەباتی ئێمە هێنا، کە خەباتی نهێنییە. هەموو شۆڕشەکانی پێشووی کوردو بزووتنەوە سیاسییەکانی تری کورد، تا ئەندازەیەک فۆڕمی سەرەکی‌و شێوازی خەباتیان، خەباتی نهێنی بووە. لە خەباتی نهێنیدا تاک ئەو ئامادەگییە لە ڕوو و ئاشکرایەی نییە، دەموچاوەکان دیار نین، ئەوەی دیارە دەموچاوی سەرەکی حیزبە. لە ساتێکدا حیزب دەبێتە بکەری یەکەم‌و شێوە پیرۆزییەک وەردەگرێت. بە بۆچوونی من، پیرۆزیی حیزب کە لە مێژووی چەند ساڵەی کوردیدا دەژی، لە ماوەی حەفتا بۆ هەشتا ساڵی ڕابردوودا، حیزب شوێنێکی زۆر گرنگو سەنترالی هەبووە کە بۆ خەباتی نهێنی دەگەڕێتەوە. لە خەباتی نهێنیدا مرۆڤەکان دیار نین‌و تارمایین. تەنها سەرۆک لەگەڵ حیزبدا دیارە. ئێستا جیاوازییەکی زۆر سەیر دەبینین، لە فۆڕمی خەباتی ئاشکرا هەموو ئەوانەی کە قسە دەکەین، دەموچاومان دیارە. بەڵام ئەوانەی کەناڵی نالیایان سووتاند، سوڵتەن‌و دەموچاویان دیار نییە. لە کاتێکدا لە پێشتردا دەسەڵات

دەموچاوی دیار بوو، بەڵام خەڵک دەموچاوی دیار نەبوو. ئێستا پرۆسەکە تەواو پێچەوانە بووەتەوە. ئێمە دەموچاوو دەنگو قسەکانمان دیارن، بەڵام دەسەڵات ناچارە دەموچاوی خۆی بشارێتەوە.

ئەم گۆڕانکارییە لە خەباتی نهێنییەوە بۆ خەباتی ئاشکرا، گۆڕانکارییەکی ستراتیژیو گرنگە. لێرەدا دەکەوینە بەردەم دوو حاڵەتەوە: بە بۆچونی من ئایا گواستنەوە لە خەباتی نهێنییەوە کە تیایدا حیزبو سەرۆک، موقەدەسو بکەری یەکەمن، بەرەو خەباتێکی ئاشکرا کە تیایدا تاک بە دەنگو ڕەنگو جەستەی خۆیەوە ئامادەیەو هەر یەکێک لە ئێمە بە دەنگو ڕەنگی خۆمان لێرە ئامادەین، بەرەو چیمان دەبات؟ ڕاستییەکەی مەترسییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەمە گواستنەوەیەک بێت لە قودسیەتی حیزبەوە بۆ قودسیەتی تاک. ئەمە حاڵەتێکە دەبێت لە سەرەتاوە ڕەچاوی بکەینو ئاگاداری ئەوە ببین. دەشێت یەکێک لە تاکەکان کە کەسایەتییەکی کاریزمی هەیە، بتوانێت بێتە جێگەی پێشەوەو هەموو دەنگەکانی تر دابپۆشێت. لێرەوە زۆر گرنگە ڕۆحی ئەو چرکەساتە تێبگەین کە چرکەساتێکە، تیایدا گواستنەوە لە خەباتی نهێنییەوە بەرەو خەباتی ئاشکرا، بریتییە لە گواستنەوە لە یەکڕەنگییەوە بەرەو بێشومارڕەنگی.

بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤەکان دەنگیان هەبێت، با لێبگەڕێنین مینبەرەکان ئەو شێوە فرەڕەنگیو پلۆرالیزمەی پێوە دیار بێت. پلۆرالیزمی سیاسی نا بە تەنها، هەتا پلۆرالیزمی تاکییش.

مرۆڤە سادەکان نەدەبیستران، پێویستە مینبەرەکان بدەین بە ئەوان. پێویستە ئەوان قسە بکەن. ئەوەی چەند ساڵە لە مێژووی ئێمە کپ دەکرێتو دەکوژرێت، دەنگی ئەوانە. گرنگە دەنگی ئەوان بێتەوە سەرەوە. ئا لێرەدا من بە زەروریەتی دەزانم کە ئاماژە بە چەمکێکی والتەر بنیامین بدەم، کە بە (ئەنگلۆز نۆڤۆز) بەناوبانگە. لە فیکردا ئەنگلۆز نۆڤۆز ناونیشانی تابلۆیەکی هونەرمەندی شێوەکاری بەناوبانگ، (پاوەر کلیف)ە. تابلۆکە ڕەسمی فریشتەیەکە کە زۆر جار بە فریشتەی مێژوو دەشوبهێنرێت. لە تابلۆکەدا وێنەی فریشتەیەک هەیە کە چاوەکانی زەق کردوونەتەوەو دەمی داچەقاندووەو باڵەکانی کردوونەتەوەو بایەک دەیبات. بەڵام لە ژێریەوە وێرانەیەکی گەورە هەیە. وێرانەیەک کەڵەکە دەبێت. ڤاڵتەر بنیامین دەڵێت ئەم فریشتەیە، فریشتەی مێژووە. دەبینێت لە ژێر پێی خۆیو ڕابردوودا،

چ وێرانەیەکو چەند شتی کوژراوو چەند دەنگی کپ کراوو چەند دەنگی شاراوەت هەیە، کە نەیانتوانیوە گوزارشت لە خۆیان. ئەو دەنگانەیە کە کوژراونو فەرامۆشکراون، بەبێ ئەوەی دەنگیان ببیستێتەوە، فریشتەی مێژوو تەماشایان دەکات، بەڵام ناتوانێت هیچیان بۆ بکات، لەبەر ئەوەی بایەک هەیە دەیفڕێنێت، کە بای داهاتووە. چەمکی ئەنگلۆز نۆڤۆز لە فیکری ڤاڵتەر بنیامیندا سەنترالییەو لە کۆی سۆسیۆلۆژیای سیاسیدا، چەمکێکی گرنگە. بەڵام ئەوەی لای من سەرنجڕاکێشە، بۆ ئێستا ئەو نیگا فریشتەییەیە کە ئێستا ئێمە لەسەر وێرانەیەکی گەورە لە دەنگی کپکراو وەستاوین، بەوەی کە مێژووی ئێمە پڕە لە دەنگی کوژراوو مرۆڤی بێدەنگکراو. گرنگیی ئەم ساتە کە گرنگیی ساتەوەختی خەباتێکی ئاشکرای مرۆڤەکانە، ئەوەیە ئەو دەنگە کوژراوانە سەرلەنوێ قسە بکەنەوەو بێنەوە. ئەو نیگا سەرسامەی فریشتەی مێژوو نەبێتە هۆی ئەوەی، بای داهاتوو بە شێوەیەک بێت، دەنگی کوژراوەکانی ڕابردووشمان لەبیرباتەوە. ئەمە ساتێکە کە تیایدا ئەگەرەکانی پاشەڕۆژ لەگەڵ دەنگە کوژراوەکانی ڕابردوو، پێکەوە دەبن. چونکە ئەوەی لە ڕابردوودا ناشیرینە، ڕابردووی جەللادەکانە نەوەک ڕابردووی قوربانییەکان. ناتوانین هەموو ڕابردوو ڕەفز بکەینەوە. ڕابردووی ئەوانەی بێدەنگکراونو قوربانین، دەبێت سەرلەنوێ بێتەوەو قسەی خۆی بکاتەوە. ئەمە تەنها ئەگەریشە، تەنها ساتێکیشە لە مێژوودا کە دەشێت لەبەردەم ئەو ئەگەرەدا ببین، کە بتوانین ئەو دەنگو ئەگەرە کوژراوانە سەرلەنوێ زیندووبکەینەوەو بیهێنینەوە سەر شانۆی سیاسی.

چوارەم: خاڵێکی گرنگی تر کە لەم پرۆسەیەی کە ئێستا لە واقیعی سیاسیی کوردیدا ڕوودەدات، ئەوەیە جۆرێک لە دووبارەڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان دیسپلینو ئەنارشییەتە لە کۆمەڵگەدا. بەدرێژایی چەرخی سەدەی بیست، واقیعی سیاسیی ئێمە، واقیعێکی زۆر پڕ دیسپلینە. بە پێچەوانەی زۆر بۆچوونەوە کە دەڵێن واقیعی سیاسیی ئێمە، واقیعێکی ناڕێکو فەوزایە. هەمیشە واقیعی ئێمە واقیعێک بووە، بە ئاڕاستەی دیسپلین ئیشی کردووە، ئەو کۆنترۆڵە گەورەی کە حیزب ئێستا دەیبینین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، کە کۆنترۆڵێکی زۆر گەورەیە، کە شکاندنی تاڕادەیەک ئەستەمو نامومکین دیارە. چونکە حیزب چووەتە ناو هەموو پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە. لە هەموو ماڵو خێڵو خانەیەکی کۆمەڵایەتیو فەرمانگەیەکدا هەیە. ئەمە بەرەنجامی

پرۆسێسێکی دیسپلینی دوورودرێژە، کە لەیەک ساتدا دەستی پێنەکردووە. سەدەیەکە کۆمەڵگەی ئێمە لەلایەن حیزبەوە بەناو پرۆسەیەکی دیسپلینی سەرتاسەریدا دەڕوات. مۆدێلی حیزبی ستالینی، کە بە بڕوای ئێمە، هەموو حیزبەکانی ئێمە حیزبی ستالینین، بەو حیزبانەشەوە کە مارکسی نین، هەتا حیزبە ئیسلامییەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان بە فۆڕمی لینین ئیشیان کردووە. فۆڕمی ڕێکخراوەییان، فۆڕمێکی لینینییە. بە بڕوای من، دیسپلین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، یاسایەکی سەرەکی بووە. مێژووی ئێمە ئەو ساتەی تیادا نییە، کە ئەنارشیەتو ناڕێکی بیگێڕینەوە بۆی. ئێستا ئەو شاتەیە کە شتێک لە ناڕێکی دێتەوە ناو سیستەمەکە، کە زۆر گرنگە. چونکە هەموو کۆمەڵگەیەک بە دیسپلین ئیش ناکات بە تەنها، بەڵکو بە شتێک لە ئەنارشیەتیشو بە شتێک لە ناڕێکی ئیش دەکات. لەناو کۆمەڵگەدا چەندە پێویستیمان بە ڕێکیو دیسپلین هەیە، ئەوەندەیش پێویستیمان بە هێزێک هەیە کە هێزی ڕیکخستنەوەیە. چونکە ئەستەمە بتوانیت کۆمەڵگە ڕێکبخەیتەوە، ئەگەر نەتوانیت ساتێک لە ناڕێکیو ساتێک لە فەوزا دروست بکەیت. ئەم فەوزایە، فەوزایەکی داهێنەرانەیەو تێکشیکێنەرانە نییە. فەوزایەکە کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی، تا لە سنوری پێشینەی دیسپلینەکانی خۆی دەربازی ببێت. بۆیە ئەوەی ئێستا دەیبینین، گەڕانەوەی ساتێکی تا ئەندازەیەک لە ئەنارشیەتانەیە بۆ ناو مێژوو کە زۆر گرنگە ئامادە بێت. ئێمە لە سەد ساڵی ڕابـردوودا کوشتەی دیسپلینو کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی حیزبین بۆ فیکرو بیرکردنەوەو خەیاڵ.

ئێستا فیکرو بیرکردنەوەو خەیاڵ پێویسی بە ساتێک لە ئـازادی هەیە، پێویستی بە تێکشکاندنی ئەو سنورو قاڵبانە هەیە. لێرەوە ئەگەر ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆمانو توانای داهێنانمان تیادا بێت، ئەمە ئەو ساتەیە کە بەراستی هەموو مرۆڤەکان دەتوانن داهێنەر بن بەشێوەیەک لە شێوەکانو کارا بن. چونکە ساتێک هەیە کە ساتی لاوازبوونی دیسپلینەکانو مردنی باوکو لاوازبوونییەتی. زۆر گرنگە کۆمەڵگە ئەو ساتە ئۆدیبییە، ئەو ساتی کوشتنی باوکە بە چێژەوە بژی. مەترسیی سەرەکی لەو ساتەدایە کە باوکی دوێنێ لاوازو پیر دەبێت، تۆ یەکسەر لە بیری دروستکردنەوەی باوکی دووهەمدا بیت. ئێستا ئێمە پێویستیمان بەو ساتەیە کە ساتی مردنی باوک بژینو چێژی لـێ ببینین، نەوەک بیر لەوە بکەینەوە باوکی دوای ئەمە کێیە. حەتمەن کۆمەڵگە

خۆی ڕێکدەخاتەوە، باوکی دووهەم دێتەوە پێشێ بەڵام دەبێت باوکێک بێت بە سیفەتەکانی باوکی پێشووەوە نەبێت، بەڵام ئەم ساتە لە ئێستا بۆ ئێمە گرنگە، کە چێژ لە نەبوونی باوکو لاوازبوونو زەلیلبوونی ببینین. ئەمە ئەو ساتە ئەنارشییەتەیە کە ئێمە حەقمانە چ وەک مرۆڤو چ وەک کۆمەڵگە، چێژی لێ ببینین. چونکە هەم ساتێکی داهێنەرانە دەبێت، هەم ساتێکی ڕۆحیو فیکریش دەبێت کە دەرەنجامی قووڵی لەسەر داهاتوومان دەبێت. ئەمە ساتێک دەبێت وەکو وتم کۆمەڵگە تەجاوزی دەکات، چونکە مومکین نییە کۆمەڵگە بتوانێت تا کۆتایی لەناو ئەم ساتە ئەنارشییەتانەدا بژی. بەڵام ساتێکی گرنگە، چونکە هەمیشە لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوەو ئەو هێزەمان دەداتێ کە دەتوانین بانگی بکەینەوە. قودرەتی بانگکردنەوەی ئەم ساتە گرنگە، ئێمە لە مێژووی پێشینەماندا ئەو ساتە ئەنارشییەتەو ناڕێکییەمان نییە. بەڵام کە دەگەینە ساتێکی مێژووی وەها، هەست دەکەین کە مێژوویەکمان هەیە. دەتوانین بەردەوام لەگەڵ هەموو سیستەمێکدا ئەم ساتە زیندووبکەینەوەو بانگی بکەینەوەو هەمیشە وەکو مەترسییەک لەسەر هەموو باوکەکان ئامادە ببێت.

پێنجەم: هەوڵدەدەم بە کورتی تەواوی بکەم، ئەویش ئەوەیە کە یەکێک لەو شتە گرنگانەی ئێستا من لێرە دەیبینم، گۆڕینی پەیوەندییە لەنێوان تیۆرو پراکسیزدا.

ئەگەر تەماشا بکەین، هەموو بزووتنەوە سیاسییەکانی پێشینەی کورد، یان سەرجەم بزووتنەوە سیاسییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەمیشە تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانەی هەبووە. ئەو قسە بەناوبانگەی لینین کە دەڵێت «هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی نییە بەبێ تیۆرییەکی شۆڕشگێڕی.» لە واقیعی سیاسیی ئێمەو تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، چالاک بووە. هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی لە وڵاتانی ئێمە بەبێ تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە، نییە. ئەم ساتە جۆرێک لە سەربەخۆیی کایەیی پراکسیزە دەبینین لە کایەیی تیۆردا. یەکەمجارە دەبینین تیۆرییەکی سیاسیی زەقمان نییە. پێشتریش وتم: ئایدۆلۆژیایەکی زەقمان نییە. تیۆرییەکی سیاسیی زەقیشمان نییە کە ئەم بزووتنەوە سیاسییە ئیشی لەسەر بکات یان دەلیلو وەکیلی بێت. مادام تیۆرییەکی سیاسیی زەقمان نییە، بەڵام پراکسیزێکی سیاسیمان هەیە، ئەوەی کە ئێستا دەیبنین پتر ئیرادەیەکی سیاسییە، کە پاشخانێکی تیۆریی

لەپشتەوە نییە. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت، ونبوونی پاشخانی تیۆری بە مانای ونبوونی فیکر نایەت. دەشێت فیکری شۆڕشگێڕی یان فیکرێک کە هەڵگری پرۆژەی گۆڕینە، هەمیشە لەپشتەوە ئامادە بێت. بەڵام جیاوازی لەنێوان فیکر لەگەڵ تیۆرەدا، جیاوازییەکی زۆر گەورەیە. فیکر بریتی نییە لە قاڵبێکی داخـراوو پرۆژەیەک کە پێشوەخت هەموو دیمەنەکەی ڕەسم کردبێت. تیۆرە بریتییە لەو هێزەی کە تەواوی دیمەنەکە ڕەسم دەکات. تەواوی ئەو حاڵەتەی کە دەبێت شۆڕش لەسەری بڕواتو شۆڕشگێڕ ڕەچاوی بکات، لە سلوکی شەخسیی شۆڕشگێڕەوە، تاوەکو ئەو پرۆژە کۆمەڵایەتییەی کە پێیەتی، تیۆرە هەمووی دەستنیشاندەکات. بەڵام فیکر ئەمە ناکات، بەڵکو تەنیا بەرگری لە هەندێک بەها دەکاتو جۆرێک لە ئێتیک دێنێتە ناو سیاسەتەوەو خەڵکی شۆڕشگێڕ ناچار دەکات بەوەی بەرگری لە هەندێک بنەمای ئەخلاقی ناو شۆڕش بکەن، یان لەناو بزووتنەوەی سیاسیدا، نەوەک بەرگری لە فۆڕمێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە بکەن. زۆر جیاوازە بەرگری لە یەک شێوەی تایبەتی کۆمەڵگە بکەیت یان بەرگری لە فەزایەکی کراوە بکەیت، کە تیایدا هەمیشە هەموو ئەگەرەکان قابیلی گفتوگۆن. ئەمە ساتێکە کە تیایدا کایەی تیۆرەو کایەی پراکسیز تا ئەندازەیەک لە یەک دەترازێن. تا دوێنێ کایەی پراکسیز لەبەردەم کایەی تیۆرییدا، وەکو کۆیلە وابووە. تەنیا ئەو شتانەی جێبەجێکردوون، کە کایەی تیۆرە پێشکەشی کردوون.

پەیوەندیی نێوان پراکتیکو تیۆرە، وەک پەیوەندیی نێوان خزمەتکارو ئاغەکەی وابووە. لەم ساتەدا جۆرێک لە سەربەخۆیی بۆ کرداری سیاسی دەگەڕێتەوە. جۆرێک لە سەربەخۆیی بۆ پراکسیزی سیاسی دەگەڕێتەوە. پراکسیزی سیاسی لەوە دەکەوێت تەنیا ملکەچی تیۆرییەکی دیاریکراو بێت، بەڵکو سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت. بۆیە بە بۆچوونی من، ئەم ساتە هەموو شتێکە، بەڵام ساتێکی مارکسییانە نییە لە مێژوودا، بەڵکو ساتێکی نیچەوییە زیاتر. ساتی ئیشکردنی ئیرادەیە، نەوەک ساتی ئیشکردنی تیۆرە. ئیرادەیەکی گۆڕین هەیە، بەڵام بەبێ تیۆرییەکی ڕاستەقینەی گۆڕان. ئیرادەیەکی ئیشکردن هەیە، کە زۆر گرنگە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەبێت. دەبێت کۆمەڵگە قودرەتی هەبێت پەرچەکرداری خێراو هەنووکەیی هەبێتو چاوەڕوانی تیۆرە نەکات. ئەمە بە مانای دەرکردنی فیکر نایەت. ئەگەر بگاتە ئاستی دەرکردنی فیکر، ترسناکە، چونکە ڕەنگە بە فاشیەت کۆتایی بێت. بەڵام ئەگەر بەو

ئاسته بێت کە نەهێڵێت فیکر ڕێگر بێت لەبەردەم بیرکردنەوە، ئەوە ساتێکی گرنگە. بۆیە من وا تێدەگەم ئەو ساتە دەگەڕێمەوە بۆ یەکێک لە تێکستەکان کە (هاملێت)ی شکسپیرە. ئەم ساتە، ساتی ئەنتی هاملێتییە. هاملێت ئەو پاڵەوانەیە کە بیرکردنەوە ناهێڵێت ئیش بکات. ڕستە بەناوبانگەکەی هاملێت کە دەڵێت «بیرکردنەوە وامانلێدەکات کە ترسنۆک بین.» ساتێک لە مێژوودا هەیە، کە دەبێت نەهێڵین بیرکردنەوە وامانلێبکات ترسنۆک بین. ئەم ساتەی ئێستایش، یەکێکە لەو ساتانە. ئێمەتیۆرەیەکمان نییە، بەڵام ئیرادەیەکی ئیشکردنمان هەیە. ئەم ئیرادەی ئیشکردنە، پێویستی بە ڕێکخستنەوەی کێڵگەی کارکردنی سیاسیمان هەیە.

**تێبینی: ئەمە دەقی کۆڕێکی (بەختیار عەلی)ە، کە ڕۆژی ١٩-٣-٢٠١١ لە دانیشتنێک لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و ڕوناکبیر لە سلێمانی پێشکەشی کرد. بە ڕەزامەندی خۆی لە کۆنسێپت بڵاودەکرێتەوە.**

# پرسی نوێنەرایەتیکردنی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا
## کۆمەڵگای ئێمە

د. عادل باخەوان

وشـەی «نوێنەرایەتیکردن» گریمانەی دوو شت دەخاتە بەردەستمان. کەسێک کە نوێنەرایەتیدەکات و کەسێک کە نوێنەرایەتیدەکرێت یاخود گرووپێک کە نوێنەرایەتیدەکات و گرووپێک کە نوێنەرایەتیدەکرێت. تەنها ئەو کاتە «نوێنەرکار» شەرعیەتیدەبێت کە لە هەموو چرکە سیاسییەکاندا کۆپییەکی دروستی «نوێنەرکراو»بێت و وەک ئەو قسە بکات و وەک ئەو بیربکاتەوە و وەک ئەو حەز و ویست و پێداویستی و ئارەزووەکانی دەرببرێت. هەر چرکەیەک «نوێنەرکار» لەم مۆدێلە لایدا و بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا کاریکرد، ئیدی چەمکی «خیانەت» دەردەکەوێت و خۆی فەرزدەکات بەسەر ئەو پەیوەندیەی کە نوێنەرکار و نوێنەرکراو بەیەکەوە دەبەستێتەوە. کە نوێنەرکار نەیتوانی گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی نوێنەرکراوەکان وەک ئەوەی کە هەن بکات، کە نەیتوانی وەک ئەوان قسەبکات، وەک ئەوان خەون ببینێت، واتە خیانی لێکردوون.

لە دیمۆکراسی نوێنەرایەتیکردندا، تاکەکانی کۆمەڵگەیەک، یەک بەیەک بەردەوام قسەناکەن، ئەوەی بەردەوام قسەدەکات، لەبری ئەوان و بەناوی ئەوانەوە، ئەو کەسانەن کە شەرعیەتی نوێنەرایەتیکردنیان پێبەخشیون. مەترسی ئەم مۆدێلە لە دیمۆکراسی لەوەدایە کە خیانەت ئەگەرێکی هەمیشە ئامادەیە و بەبێ دەزگاکانی چاودێریی بەردەوام لەهەر ساتەوەختێکدا دەتوانێت ئاڕاستەی پرۆژە و ئەکتەرەکان بگۆڕێت.

لەهەمانکاتدا دیمۆکراسی ناتوانێت چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی بەخۆی ببەخشێت بەبێ ئامادەیی هەمیشەیی ئیشکالیەتی نوێنەرایەتیکردن، بەو مانایەی کە ئیختیار لە نێوان حیزبە سیاسییەکاندابریتیبێت لە ئیختیار لەنێوان ئەو ئەکتەرانەدا کە بەرگری لە چەند ناوەندێکی بەرژەوەندی و خەون و خواست و پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز دەکەن. لێرەدا بەتەنها گرفت دیمۆکراسی نییە، بەڵکو سروشتی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشە. گەر ئەو بەرژەوەندیانە بەدەزگایی نەکرابن، چوارچێوەیان بۆ دانەڕێژرابێت، سنورەکانیان دیاری نەکرابێت و نەناسرێنەوە، گریمانەی نوێنەرایەتیکردنیان تەواو لاوازدەبێت. ئەم کارەش بەشێکی زۆری لەئەستۆی خودی گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندایە نەک حیزبە سیاسییەکان. ئەرکی ئەوان بەدەزگاییکردنی داواکارییەکانیانە، ئەرکی حیزبە سیاسییەکانیش بەدەزگاییکردنی وەڵامی ئیجابیە بەو داواکاری و بەرژەوەندیانە. چەند گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەم ئەرکەی سەرشانیان هەستن، هێندەش دیمۆکراسی بەهێز دەکەن، چەندیش ئەم ئەرکە بە حیزبە سیاسییەکان ببەخشن، هێندەش بەشداریدەکەن لە لاوازکردنی دیمۆکراسیدا. ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیانەی (بۆ نموونە گرووپی ڕۆشنبیران، گرووپی خوێندکاران، گرووپی ژنان، گرووپی کرێکاران، گرووپی ڕۆژنامەنووسان، گرووپی لاوان، هتد.) کە دەتوانن چوارچێوە بە داواکاری و بەرژەوەندییەکانیان ببخەشن، دەبن بە دینەمۆی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان کە یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی هەر سیستەمێکی دیمۆکراسی بەهێز. بێگومان ئێمە جیاوازی دەخەینە نێوان چەمکی «شۆڕش» و چەمکی «ململانێ»وە. شۆڕش ئەو چرکەساتەیە کە لەدەرەوەی پانتاییە دیمۆکراتییەکاندا کاردەکات. ئامانجی شۆڕش بریتی نییە لە دەستنیشانکردنی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی کە لەڕێگای ململانێوە شیاوی چارەسەربێت، شۆڕش باوەڕی بە ڕیفۆرم نییە، بەپێچەوانەوە، ئامانجی ئەو بریتییە لە هەڵوەشانەوەی سەرلەبەری سیستەمێک و دامەزراندنی سیستەمێکی دیکەی گونجاوی گونجاوکاری گونجاوکراوی یەک ڕەنگ و یەک دەنگ و هەر ئەکتەرێک بڵێت «نەخێر» وەک دوژمنێکی ناپاک تەماشادەکرێت و دەبێت لەناوببرێت.

لێرەوە، دیمۆکراسی چەمکی شۆڕش ڕەددەکاتـەوە و دەتوانێت بەتەنها چەمکی ململانێی حیزبەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان هەرسبکات و ئەمەش بەبێ ئامادەیی ئەو شتەی کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ناودەنرێت

«کۆمەڵگەی مەدەنی» لەدایکبوونی ئەستەمە. کۆمەڵگەی مەدەنی تەنها چەمکێکی ئەبستراکت نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی و پراکتیکیە و لە ژیانی هەموو ڕۆژێکدا بەر هەستمان دەکەوێت و ئەزموونی دەکەین. کۆمەڵگەی مەدەنی چوارچێوەیەکی سەربەخۆیە لە کۆمەڵگەی سیاسی و لە دەسەڵات. ئەو چرکەیەی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی دەدات بەدەست دەسەڵات یان کۆمەڵگەی سیاسیەوە، ئیدی دیمۆکراسی دەبێت بە دروشمێکی کارتۆنی و لە ماناکانی بەتاڵدەکرێتەوە.

کۆمەڵگەی کوردی، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی دیکەی مرۆیی، پێکهاتەیەکە لە چەندین گرووپی کۆمەڵایەتی جیاواز و هەریەکێک لەو گرووپانە هەڵگریستراکتۆرێکی ئەخلاقی و ئابووری و پەروەردەیی جیاوازە. زۆر ئەستەمە لە کوردستاندا حیزبێکی سیاسی بتوانێت لەیەککاتدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کۆی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیە جیاوازانە بکات. کارێکی وا یان ئەفسانەیەکە و دەمانباتەوە سەر خەون و خەیاڵە بێسنورەکان یان خواستێکی زەبروزەنگاوی ئەکتەرێکی سیاسیە و دەمانباتەوە سەر فیکری تۆتالیتاریستێک کە لە داروینیسمی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە و بە کەرەستەکانی داپڵۆساندن کۆمەڵگە بە کوشتنی جیاوازییەکانی ناچاردەکات. ئەندامانی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیەی، کە دەکرێت بە وردە بۆرژوا تازەکان ناویان بەرین، کە لە گەڕەکە ڕاقییەکانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوکدا دەژین، خەون و خواست و بەرژەوەندییەکانیان سەد و هەشت پلە جیاوازە لە خەون و خواست و بەرژەوەندی ئەندامانی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیەی کە دەکرێت بە هەژارە تازەکانی کوردستان ناویان بەرین. گەر خەونی هەژارە تازەکان ئەوەبێت کە سەیارەکی ساڵانی نەوەدەکان بکڕن بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە سەر شوێنی کارە تراژیدیەکانیان، خەونی بۆرژوا تازەکان بریتییە لە گۆڕینی ئەو سەیارەیەی کە مۆدێلی ٢٠١٠ یە بە مۆدێلی ٢٠١١ گەر نا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەسەری دەکەوێت. گەر خەونی هەژارە تازەکان بریتیبێت لە چاوەڕوانکردنی ڕۆژی هەینی بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانەکانیاندا سەردانی دەرەوەی شارەکان بکەن و ڕێگای دووریان سەیرانگاکانی کوردستان بێت، بە دوو کیلۆ گۆشت و چەند نانێکەوە، خەونی بۆرژوا تازەکانی کوردستان خۆئامادەکردنی بەردەوامە بۆ سەردانی ئەستەمبوڵ و دوبەی و پاریس و لەندەن و مەراکیش و ئەمستەردام و هتد. گەر خواستی هەژارە تازەکانی

کوردستان بریتیبێت لە گەیاندنی منداڵەکانیان بە زانکۆکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک، بێگومان خواستی بۆرژوا تازەکانی کوردستان گەیاندنی منداڵەکانیانە بە زانکۆکانی فەڕەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکا و ئەڵمانیا. گەر هەژارە تازەکانی کوردستان بەردەوام لە خەمی ئەوەدابن کە ئەو تاکەکارەی کە ئێستا هەیانە لە دەستی نەدەن، خەمی بۆرژوا تازەکان لەوەدایە کە چۆن ڕووبەرەکانی پێنجەم و شەشەمی سەرچاوەی داهاتیان فراوانتر بکەن و بیکەن بە حەوت و هەشت و نۆ و تەنانەت دەش. لەگەڵ سەدان جیاوازیتردا کە کوردستانی بۆرژوا تازەکان تەواو جیادەکاتەوە لە کوردستانی هەژارە تازەکان. بێگومان دەتوانین نموونە بە دەیان گرووپی دیکەی کۆمەڵایەتی لەیەک جیاواز بێنینەوە کە بەهیچ شێوەیەک و لە هیچ جێگایەکدا بەرژەوەندی و خەون و ئارەزووەکانیان بەیەک ناگات.

لەهەلومەرجێکی ئاوادا، کامەیە ئەو حیزبە موعجیزەکارەی کە دەتوانێت لە یەککاتدا گوزارشت بکات لە بەرژەوەندی وردە بۆرژوا تازەکان و هەژارە گەورە تازەکانی کوردستان؟ گەر لە ساڵانی ڕابـوردووی کۆمەڵگەی کوردیدا، کە ساڵانی خەبات لە پێناوی ڕزگاریدا بووە، حیزبی کوردی توانیبێتی، بەناوی ڕزگارییەوە، بەشێکی زۆر لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کۆبکاتەوە، لە ئێستادا کارێکی وا بەشێکە لە موستەحیل. هەر حیزبێک پێیوابێت دەتوانێت بەناوی هەموو کۆمەڵگەی کوردییەوە قسە بکات و نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگەی کوردی بکات خۆی لە خۆیدا مەترسییەکی گەورەیە بەسەر خودی کۆمەڵگەی کوردییەوە. هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ی کوردستان، هەرچەند قسە و باسێکی زۆر هەیە لەسەر کردەی تەزویر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژیا، عەینەیەکی باشبێت بۆ سەلماندنی ئەو تێزەی کە باسمان کرد. هیچ یەکێک لەو هێزانەی کە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد نەیانتوانی لەسەدا هەشتای دەنگەکان بەدەستبهێنن. بەپێی نەخشەی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن، پارتی و یەکێتی، وەک گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، هەریەکەیان بەتەنها نوێنەرایەتی بەشێک لە هاوڵاتیانی کوردستان دەکەن و هیچ لایەکیان مافی ئەوەیان نییە بەناوی هەموو هاوڵاتیانی کوردستانەوە قسە بکەن. بەپێی ئەو دەرەنجامانەی کە سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان بڵاویکردووەتەوە نەخشەی سیاسی کوردستانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ و لیستی خزمەتگوزار نیشاندراوە.

کێ دەتوانێت بڵێت ئەم بازنەیە تەنها لەیەک ڕەنگ پێکهاتووە و تەنها یەک ڕەنگ نوێنەرایەتی هەموو بازنەکە دەکات؟ بەچ پێوەرێک پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە، شیوعی دەتوانن بەناوی خواست و بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەی کوردییەوە قسە بکەن؟

حیزبەکانی کوردستان پێویستە لەوەتێبگەن کە سەردەمی هەیمەنەی ئایدۆلۆژیاکان بەسەرچوو، باشترین بەڵگەش هەردوو شۆڕشی تونسی و میسرییە. ئەو شۆڕشانە، گەر بەتەنها ئاماژەبن بۆ شتێک، ئەو شتە هیچ نییە جگە لە هەرەسی هەموو ئایدۆلۆژیاکان. حیزبی کوردی، گەر بیەوێت بەڕاستی نوێنەرایەتی گرووپێک یان چەند گرووپێک لە کۆمەڵگەی کوردی بکات، تەنها ئەو کاتە دەتوانێت کە کۆپییەکی دروستی خەون و ویست و بەرژەوەندییەکانیان بێت. هەر کاتێک لەم میکانیسمە لایدا، بەدڵنیاییەوە، نەوەی نوێی کوردی نەفرەتی لێدەکات و وردە وردە فڕێی دەداتە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

ئەوەی دەستنیشانی بڕیارەکانی ئەم نەوە تازەیە دەکات ئاڕاستە ئەخلاقی و ئاینیی و ئایدۆلۆژییەکان نییە، بەڵکو ستراکتۆری خەون و بەرژەوەندی و حەز و خەیاڵدانیانە. ئەو حیزبە کوردییەی کە لەم «بەڵگەنەویستە» تێنەگات، بە ئیسلامی و عەلمانییەوە، لە ١٠ ساڵی داهاتوودا یان «ئینقراز» دەکات یاخود دەبێت بە بابەتی نوکتەی بازاڕەکان.

## چوونە دەرەوە لە کۆمەڵگەی حیزب

لە پانتایی کوردیدا کێڵگەی سیاسی و کێڵگەی کۆمەڵایەتی دوو چوارچێوەی سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم نین و هەیمەنەی یەکەم بەسەر دووهەمدا هێندە بەهێز و کارایە لە هەر جومگەیەکدا بەر هەستمان دەکەوێت. کێڵگەی کۆمەڵایەتی هەڵگری ستراتیژیەت و بەرژەوەندی و خەون و خواست و داواکاری سەربەخۆ نییە، ئەوە ئەکتەرە سیاسییەکانن کە دەستنیشانی سروشتی هەر یەکێک لەو ڕەگەزانە دەکەن. ئەم کردەیە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا پێیدەوترێت حیزباندنی کۆمەڵگە، واتە دابەزینی حیزب بۆ نێو هەرە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی و دەستخستنە نێو سیستمەکانی بەڕێوەبرنی و پاشانان داڕشتنەوەیان بە ئاڕاستەیەکدا کە هاوئاهەنگبێت لەگەڵ ڕەوتی یەکە گەورەکاندا کە لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدان. لە هەلومەرجێکی ئاوادا هەر

ململانێیەکی سیاسی دەبێت بە ململانێی کۆمەڵایەتی، هەر تێکچوونێکی سیاسی دەبێت بە تێکچوونی کۆمەڵایەتی، هەر بەریەککەوتنێکی سیاسی دەبێت بە بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی و دەرەنجامیش جەنگی ناوخۆ دەبێت بە ئەگەرێکی هەمیشە ئامادە. ئەو ئەکتەرە سیاسیانەی کە کارناکەن بۆ سەربەخۆکردنی کۆمەڵایەتی لە سیاسی و بەپێچەوانەوە کاردەکەن بۆ بەیەکەوە گرێدانیان، یان کۆمەڵێک ئەحمەقی کولتوورین و تێناگەن لە دەرەنجامە تراژیدییەکانی پرۆژەکەیان، یاخود کۆمەڵێک ئەکتەری وشیارن و ڕاهاتوون لەگەڵ جەنگی براکوژی و بەبێ ئەو جەنگە پڕ لە کارەساتانە و بەبێ ڕژانی خوێنی ئاڵی لاوان بەسەر جادەکاندا ئارەزووەکانیان تێر نابێت. ئایا ئەم کاتیگۆرییە لە ئەکتەری سیاسی، کە کاتیگۆرییەکی پەروەردەنەکراوە و لە نێو کۆڵانە بەرەڵاکراوە بێ کولتوورەکانەوە هاتووە، دەتوانێت هاوڕێیەتی پرۆسێسی دیمۆکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگەی کوردی بکات و نەوەی نوێمان لەسەر بنەما دیمۆکراتەکان بۆ پەروەردەبکات و کێڵگەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ئاینی لەیەکتر جیابکاتەوە؟ لە هیچ کۆمەڵگەیەکی مێژوویدا دیمۆکراسی بەبێ ئامادەبوونی ململانێی کۆمەڵایەتی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەدایکنەبووە و لەدایکنابێت. تراژیدیای کوردستانی ئێمە لەوەدایەکە هەموو ململانێ کۆمەڵایەتییەکان وەرگێڕدراونەتە سەر ململانێی سیاسی و بەرپرسی یەکەمیش خودی حیزبە کوردییەکانن بەبێ جیاوازی، بەناسیۆنالیست و ئیسلامیست و چەپەکانیشەوە. حیزبە کوردییەکان نایانەوێت لە کوردستانداو لەدەرەوەی ئەوان گرووپ و توێژ و چینی کۆمەڵایەتیمان هەبێت و لەپێناوی داواکارییە سەربەخۆکانی خۆیاندا ململانێ بکەن. کام حیزبی کوردی هەیە کە بۆ هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوێکی دروستنەکربێت و لەڕێگای ئەو ڕێکخراوەوە هەوڵی نەدابێت بەرژەوەندییەکانی ئەو کاتیگۆریە کۆنترۆڵبکات؟ دەکرێت ئێمە لێرەدا بەشێوەیەکی خێرا دوو مۆدێل بخەینە ڕوو، مۆدێلی ئەوروپی و مۆدێلی ئەمەریکای لاتین. لە ئەورووپادا، بەتایبەتی لە فەڕەنسا و بەریتانیادا، سەربەخۆبوونی کێڵگەی کۆمەڵایەتی لە کێڵگەی ساسی و ئامادەبوونی ململانێیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هۆکاری یەکەمی دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگە ئەورووپییەکان بووە. بەڵام لە ئەمەریکای لاتیندا، لەبەرئەوەی وەک ئێمە خاوەنی مێژوویەکی درێژ لە دیکاتۆریەت و تۆتالیتاریسمن و ئێستا وردە وردە لێیان دێنە دەرەوە

و له چرکەی هاتنه دەرەوەشدا سیاسییەکان ئەکتەری یەکەمی دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری و بیناکردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکانن، دیمۆکراسی هێندە لاوازە بە دەنکە شقارتەیەک گڕدەگرێت و کۆی کۆمەڵگە دەسووتێنێت. لەم جۆرە سیستەمانەدا، دروست وەک ئەوەی لە کوردستاندا کاردەکات، ئەوەی جێگای بایەخی یەکەمی هەموو لایەکە «دەسـەڵاتـە» نەک «ململانێی کۆمەڵایەتی دروست» کە دەمانبات بەرەو پرۆسێسی خۆ-دیمۆکراتیزەکردن. پەیوەندییەکانی نێوان کێڵگەی کۆمەڵایەتی و کێڵگەی سیاسی، لە کۆمەڵگەی دیمۆکراتیکدا، بە «وەسیتێکدا» تێدەپەڕێت کە ئێمە لە لە ڕابـوردوودا نەمانبووە و بەبێ ئەو وەسیتەش هەموو دەرگاکان لە بـەردەم ئەکتەرە سیاسییەکاندا والاًن بۆ فەرزکردنی کۆنترۆڵ و هەیمەنەیان. ئەو وەسیتەش بریتییە لە سەندیکاکان و ڕێکخراوە سەربەخۆکان یاخود ئەوەی کە ئێمە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ناوی دەنێین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. لە بیست ساڵی ڕابـوردوودا، حیزبی کـوردی، هەموو تواناکانی خستووەتە کار بۆ دروستنەبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و لە باربردنی هەر هەلومەرجێک کە ئەم جۆرە بزووتنەوەیەی تیادا دروستببێت. بۆنموونە بزووتنەوەی خوێندکاران! هەر حیزبێکی کوردی ڕێکخراوێکی هەیە بەناوی بزووتنەوەی خوێندکارانەوە. لەڕاستیدا هەموو ئەم ڕێکخراوانە بەتەنها نوێنەرایەتی چوارچێوەی ئەو داواکاری و بەرژەوەندی و خەون و ئارەزوانە دەکەن کە حیزب بۆ خوێندکارانی دەستنیشاندەکات. هیچ یەکێک لەم ڕێکخراوانە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیە ناکەن کە پێیدەوترێت خوێندکار. ئێمە باتەنها عەینەیەک وەربگرین. ئەو خوێندکارانەی کە هاتوونەتە دەرەوە و لە فەڕەنسا دەخوێنن، هەر هەموویان یان پارتین یان یەکێتی و لەو لیستە درێژەدا تاکە خوێندکارێک نادۆزیتەوە سەربەخۆ بێت و ئینتیمای بۆ یەکێک لەم دوو حیزبە نەبێت. بەشێک لەو خوێندکارانە، کە لای من وانەی میتۆدۆلۆژیا دەخوێنن، دانبەوەدا دەنێن کە بەبێ ئینتیما بوونیان بۆ یەکێک لەو دوو حیزبە بە خەیاڵیش پاریسیان نەدەبینی و پێمدەڵێن: گەر ڕێکخراوەکەمان نەبوایە ئێمە هەرگیز قبوڵنەدەکراین. ئەم ڕستانە زۆر گرنگن، چونکە ڕاستەوخۆ دەمانخەنەوە بەردەم ئەو واقیعەی کە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران/قوتابیان نوێنەرایەتی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیە ناکەن کە پێیدەوترێت خوێندکار، بەڵکو تەنها نوێنەرایەتی ئەو خوێندکارە دەکەن کە ئینتیمای بۆ حیزبێکی دیاریکراو هەیە و هەموو

میکانیسمەکان دەخەنە کار بۆئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەو حیزبەدا بیتوێننەوە. بەدیوێکی دیکە پرسیاری ئینتیما لە کوردستاندا دەبێت بە کەرەسەی کڕین و فرۆشتن نەک ئیختیاری بیناکراو لەسەر خواستی تاکە کەس. لە هەلومەرجێکی ئاوادا چی ڕوودەدات؟ چی ڕوودەدات کاتێک کە حیزبەکان بە ڕێکخراوەکانیشیانەوە گوێ لە داواکارییە کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان ناگرن و بەپێچەوانەوە خۆیان چوارچێوەی داواکاری و بەرژەوەندییەکانیشیان بۆ دەستنیشان دەکەن؟ یەکەم دەرەنجامێکی خراپ دەکرێت لەناوبردنی هەر هەوڵێک بۆ بیناکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، وەک ئەوەی کە لە کوردستانی بیست ساڵی ڕابوردوودا تێبینیمان کرد. کۆمەڵگەی مەدەنی بریتی نییە لە کۆمەڵێک دروشمی بۆش و لاستیکی و لە بۆنە و سەردانە فەرمییەکاندا بۆ ئەورووپا و ئەمەریکا دووبارەبکرێتەوە و بنووسرێت و بدرێتەوە بەگوێی بێگانەکاندا. کۆمەڵگەی مەدەنی واقیعێکی «سۆسیۆپۆلیتیکی» هەستپێکراو و ئەزموونکراوی ژیانی هەموو ڕۆژێکە، لە ساتەوەختی ئامادەبوونیدا بە گوتار و دروشم ناشاردرێتەوە، هەروەک لە کاتی ئامادەنەبوونیدا بە گوتار و دروشم دەرناکەوێت. کە کۆمەڵگەی مەدەنیش دروستنەبوو، دووەم دەرەنجامی خراپ دەبێت بە دروستنەبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. بێگومان هەر کۆبوونەوەیەکی جەماوەری و هەر کردەیەکی «کۆلێکتیف» یەکسان نییە بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. بەبێ ئامادەبوونی چەند «ئامانجێکی» ڕوونی قابیل بە دانوستان و بەبێ کاراکردنی چەمکی «بەرگریکردن» و بەبێ مێکانیسمی «ململانێ»ی مەدەنیانە هیچ خرۆشانێکی جەماوەری نابێت بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیش دروستنەبوو پرۆسێسی دیمۆکراتیزاسیۆن پاشەکشەدەکات. لەبری دیمۆکراسی وشەی دیمۆکراتیزاسیۆن بەکاردەهێنم، چونکە پێموانیە کە دیمۆکراسی، لە هیچ زەمان و مەکانێکدا، لە ئان و ساتێکدا، بتوانێت وەک بارانی ڕەحمەت بباریت بەسەر کۆمەڵگەیەکدا و لە کتوپڕێکدا بیکات بە کۆمەڵگەی دیمۆکرات. بەپێچەوانەوە، پێموایە دیمۆکراسی لەنێو پرۆسێسی دیمۆکراتیزاسیۆن (دیمۆکراتیزەکردن)دا دروستدەبێت و ئەم پرۆسێسەش پێویستی بە مێژوویەکی درێژ لە ئەزموون و تاقیکردنەوە هەیە و لە نێو چیرۆکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا خۆی بینادەکات. هەر کاتێک کۆمەڵگەیەک گەشت بەم قۆناغە مێژووییە، قۆناغی پاشەکشەکردنی پرۆسێسی

دیمۆکراتیزاسیۆن، بەدڵنیاییەوە گەندەڵی باڵ دەکێشێت بەسەریدا و دادەبەزێتە نێو یەک بەیەکی خانەکانییەوە. مرۆڤێک کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی نەکرد، ئیدی هەموو کەرەستەکان بەکاردەهێنێت بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا. خراپترین گەندەڵی ئەوەیە کە حیزبێک، لەدەرەوەی ئابونەوە و هاوکاری ئەندام و لایەنگرانی، ببێت بە خاوەنی چەند سەرچاوەیەکی ئابووری و لە ڕێگایانەوە کردەی کڕین و فرۆشتنی مرۆڤەکان و ئینتیماکانیان ئەنجامبدات. بەداخەوە لە بیست ساڵی ڕابوردوودا، کۆمەڵگەی ئێمە جگە لەم مۆدێلە لە حیزبایەتیکردن و سیاسەتکردن ئاشنانەبووە بە مۆدێلێکی دیکە. لە هەلومەرجێکی ئاواشدا کۆنسێپتی «سنورداركردنی دەسەڵات» فڕێدەدرێتە نێو پەراوێزەکانەوە و لەنێوان دوو کەوانەدا بێدەنگدەکرێت. لە هەر پانتاییەکیشدا دەسەڵات سنوردار نەکرا و نەبەسترایەوە بە کۆمەڵێک بنەما و مەرجەوە ئیدی هەلومەرجی گشتاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەمانای تۆتالیتاریسم دروستدەبێت، لە هەرجێگایەکیشدا تۆتالیتاریسم دروستبوو ئیدی دیکاتۆریەت وەک بیناکردنێکی ئاسایی سەر ئاو دەکەوێت. وەک لە گرافیکەکەدا دەردەکەوێت (بەداخەوە گرافیکەکە لەسەر فەیسبووک دەرناکەوێت)، پەیوەندییەکی دامەزراو لەسەر «ڕاکێشان»ی بەهێز لەنێوان هەریەکێک لەو ڕەگەزانەدا هەیە. واتە سروشتی ئەو پەیوەندیەی کە لەنێوان ڕەگەزی «دەستەمۆکردنی کۆمەڵایەتی» و ڕەگەزی «گەندەڵی»دا هەیە لەسەر «ڕاکێشان» دروستکراوە، بەو مانایەی کە دەستەمۆکردنی کۆمەڵایەتی ڕاماندەکێشت بەرەو گەندەڵی، گەندەڵی ڕاماندەکێشت بەرەو زەبروزەنگ. ڕاستە ئەم پەیوەندییە بەشێوەیەکی میکانیکی خۆی بەدیناهێنێت، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە، بەشێوەیەکی ڕێژەیی، ڕەگەزی یەکەم هەلومەرجی لەدایکبوونی ڕەگەزی دووهەم خۆشدەکات. لێرەوە، ناکرێت ئێمە کار لەسەر کەمکردنەوەی زەبروزەنگ لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکەین، بەبێ کارکردن لەسەر سنورداركردنی ڕادیکاڵانەی گەندەڵی، گەندەڵیش لەکۆمەڵگەیەکدا سنوردارناکرێت کە تاکەکانی دەستەمۆ و بێدەنگ کرابن...

**٢٠١١/٠٣/٠٨پاریس**

# خۆپیشاندان

# لەنێوان ئیرۆس و تیمۆس دا

**بەکر عەلی**

دیارە قسەکردن لەسەر خۆپیشاندان، لە ئێستا و لێرەدا، وەک پێشخانێکی پێشدەممان ڕاپێچمان دەکات بەرەو قسەکردن لەسەر پشتخانەکانی پشتمانەوە. واتە ئەوەی ئێستا خەڵک ناڕازیی و تووڕەیە لە شێوازی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا پێشتر بەرەنجامی کەڵەکەبوونی هەڵەی سیاسی و مۆرالی دەسەڵاتە بەرامبەر بە تاک و کۆی ئەم کۆمەڵگایە، ڕاستتر بڵێین بەرامبەر بە شێواندنی شێوازی ژیان و بەهەڵەبردنی ڕێگای ڕاپەڕینی ١٩٩١. ئەوەی دەسەڵات بێڕێزی و سووکایەتی بە مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە کردووە لەدووای ڕاپەڕینەوە،شتێکی لۆگیکییە کۆمەڵگاش ببێتە پەرچەکارێکی تووڕە بەرامبەر بە دەسەڵات.

گەر لەڕووی پسایکۆلۆژیای سیاسییەوە ڕاڤەیەکی ئەو تووڕەییە بکرێت،ئەوا ڕاستییەکی مرۆناسیمان چنگ دەکەوێت کە بریتییە لەوەی هەر دەسەڵات و هەر کولتورێکی سیاسی هێزە ناوەکی و وزە دەروونی و کاریگەرییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ بچەپێنێ و تەنیا کار بۆ ئەوە بکات نوقسانییە ماتەریالییەکانی پڕبکاتەوە و جۆرێک لە ئیرۆسی ماتەریالی تێدا بەرپا بکات، بەمە کۆمەڵگا بەردەبێتەوە نێو چاڵی ململانێیەکی توندی چنۆکی و حەزی هەبووندارییەوە و تاکەکانی نوقمی زەلکاوی کولتوری بەکاربەری و کونزومگەری دەبن، واتە حیزبی کوردی هەوڵیداوە ئیرۆسی مرۆڤی کورد بۆ هەبووندارى شتەکان و ژیانێکی

خێرای بەکاربەری کەلوپەلەکان توند بوروژێنێت، ئەویش لەڕێی پرۆسێسی بەکۆیلەبوونی لەناو حیزبدا و دواتر ڕێ بۆخۆش کردنی بەرەو گەندەڵی. دیارە لەڕێی کۆمەڵێک گومڕایی ماتەریالییەوە،وەک زەوی و خانووبەرە و ئۆتۆمبیل و پۆستی دەسەڵاتدارییەوە حیزب توانیویەتی جۆرە گومڕاکردنێکی مادییانە پیادە بکات و لەڕووی دەروونییەوە ئیشتیها و چێژی مرۆڤەکان بۆ هەبونداری بوروژێنێت. ئیتربەمپێیە ئیرۆس دەبێتە مۆتۆڕ و پاڵهێزی هاندانی هەستی حەزکردن بە هەبوونی ئەو شتانەی نیمانە، حیزبی کوردیش تەنیا خەریکی تێرکردنی ئیرۆتیکیانەی کۆمەڵگابووە،بە مانایەکی تر حیزبایەتی بووەتە جۆرێک پڕوپاگەندەکردن بۆدابینکردنی حەزەکانی خۆشگوزەرانی و خۆشنوودی،وەک لە کردنەوەی شاری ناز وگوندی ئەڵمانی و شتی لەمجۆرانەدا لوتکەی سەرکەوتنی ئەم پرۆژە ئیرۆسییەمان پیشان دەدەن. بۆیە هەموو پاڵهێزە سەروەرییەکانی بەرڕاپەڕین لەسایەی فەرمانڕەوایی حیزبی کوردیدا تەواو پاسیڤ کران، بەمجۆرە دەبینین داهێنانی کولتوری بیماری لەلایەن حیزبەوە بریتی دەبێت لە شانیشانەی ئەم جەستە نەخۆشە،چونکە حیزب تاکی کورت کردۆتەوە بۆ نەخۆشێک،بۆ بیمارێک کە پزیشکەکەی تەنیا حیزب بێت و نەخۆشخانەکەشی تەنیا بارەگاکان بێت. سلۆتەردایک پییوایە کۆمەڵگای بیمار کۆمەڵگایەکە تاکەکانی لەهەموو ((شکۆ))یەک دادەماڵرێت، ئەو ئەمە ناودەنێت بە تاکی ((بێشکۆ)). لێرەدایە ئەو ئیرۆس بە جۆرێک لە هەستکردنی مرۆڤ بە نوقسانییەکان پێناس دەکات و وادەکات مرۆڤ ببێتە چنۆک و چڵێسێک تەنیا لەو خولیایەدابێت کەموکوڕییەکانی پڕ بکاتەوە و خێرا فریای بەکاربردنی هەموو شتێک بکەوێت. ئەوەی حیزبی کوردی لە ماوەی ڕابوردوودا بە تاک و کۆی ئەم کۆمەڵگایەی کردووە بریتی بووە لە بزواندنی هەستی ئیرۆس و حەزکردن بە پڕکردنەوەی کەماسییەکانی و دواجار غەمخواردن و پەرۆشبوونی شتە ماتەریالییەکان،لەمەشدا ئیرەیی و خانەدڵی و کینەیەکی سامناک دێتە نێو کایەی ململانێی کۆمەڵایەتییەوە کە لە ناو کۆمەڵگا خۆیدا جۆرێک لە کایە دژەکانی خۆی پەیدا دەکاتەوە. ((لەسەر ئەم تێمایە ئێمە لە وتارێکماندا لە ژێر ناونیشانی : کۆمەڵگا و دژەکەی.ڕۆژنامەی چاودێر.٢٠٠٧ بەچڕی نووسیومانە)). لەکاتێکدا ئیرۆس ڕێگا بەرەو ئەو شتانە لێدەدات کە نیمانن و بە هەبوونداریيان ئێمە هەست بە کامڵبوونی دازاینمان دەکەین،ئەوا تیمۆس بەو ڕێگایانەمان دەبەستێتەوە

که کارامان دەکەن بەوەی ئێمە چین و ئێمە چیمان دەوێت و دەتوانین ببینە چی. لەبەردەم ئەم هەموو هەڵەیەدا، کۆمەڵگا بەردەوام دەبێت لە گردکردنەوەی تورەییەکانی و دەیەوێت هەستەکانی خۆڕاگەیاندن و شکۆ و ڕێز لەخۆیدا ببوژێنێتەوە و لەدەستی وەحشیەتی مشەخۆری و بەرخۆری و چەپەڵی و چنۆکی و ئیرۆسی ماتەریالی دەربهێنێت. واتە هەموو ئەو هەستە ئەفرێنەرانەی بەرگری لە شکۆ و جوامێری و نەبەردی و مەردایەتی مرۆڤ دەکەن و لە ئۆرگانێکی دەروونیدا خۆی دادەڕێژێت و پێی دەگووترێت تیمۆس. دیارە فیلۆسۆف پیتەر سلۆتەردایک بە چڕی کاری لەسەر ئەم دەستەواژەیە کردووە و لە کتێبی ((تورەیی و کات)) دا هەموو وردەکارییە مێژووی و دەروونی و ئیتیکییەکانی لە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیدا خستۆتە ڕوو. تیمۆس بریتییە لەهەموو ئەو هەستانەی مرۆڤ لێوەی خۆی ڕادەگەیەنێت و بەرگری لە دازاین و ژیانی خۆی و ڕیزی مرۆڤانەی خۆی پێدەکات. واتە لە تیمۆس دا مرۆڤ بوونەوەرێکی هەژار نییە و برسی شتە ماتەریالییەکانی هەبێت،وە نەدارێکیش نییە چنۆکی و حەزۆکی بۆ ئەو شتانە هەبێت،وەک لە ئیرۆسدا دەبینرێت.بەڵکو لە تیمۆسدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی دەوڵەمەندی ئەکتیڤ هزر دەکرێت. مرۆڤ لە هەستی تیمۆتیکیدا هەموو ئەو وزە و هێزانە شک دەبات کە بتوانێت لێوەی خۆی بسەلمێنێت. لە ئیرۆسدا مرۆڤ کۆیلەی چنۆکییەکان و چڵێسییەکانە،لەهەموو ئاستێکدا.وەک چڵێسی مادی و چڵێسی سێکسی،سلۆتەردایک پێیوایە لەکولتوری خۆرئاوادا لەبەرئەوەی ئیرۆس گەلێک توند و پڕ ئەکتیڤە ئەوا مرۆڤی کردۆتە قەرەقۆزی حەزەکان، مرۆڤی کردۆتە بوونەوەرێکی گونداری پڕ لە شەهوەت. لەکاتێکدا تیمۆس مرۆڤ دەکاتە ئاغا و سەروەی خۆی.

تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەموو خەباتی کورد ئەم تیمۆسە پاڵهێزی سەرەکی ڕۆحی مرۆڤی کوردبووە. لەدووای ڕاپەڕینەوە و بەتایبەت لە کەوتنی ڕژێمی بەعسەوە ئیدی تیمۆس تەواو پاسیڤ دەکریت و حیزبی کوردی هەوڵی ناعەقلانی سامناک دەدات بۆ بە ئیرۆساندن و ئیرۆتیکاندنی وزەکان و هەستە مرۆییەکان و بگرە تەواوی ژیانیان کردۆتە ئەو هێزە چڵێس و چنۆکییە ئیرۆسییەی کە زەقترین دەرەنجامەکەی ئەوەیە کەپێی دەگوترێت گەندەڵی. کەواتە دواجار گەندەڵی بەرەنجامی بەربڵاوبوونەوەی فەرهەنگی ئیرۆسە کە

لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا داهێنراوە. بەڵام لەدرێژایی ئەم ماوەیەدا ئەگەر بپرسرێت کۆمەڵگا بۆ تورە نەبوو،دیارە مەسەلەکە سەرەتا پابەستە بە کەڵەکەکردن و گردکردنەوەی تورەیی تاوەکو ڕۆژی لێپرسینەوەی کۆمەڵگا لەدەسەڵاتداران. لە ئایینەکاندا ئەم حاڵەتە یەزدان ڕۆڵی تێدا دەبینێت و دەستەواژەی ((ڕۆژی دوایی)) بریتییە لە فیگوری لێپرسینەوە،کە یەزدانی تورە دەبێتە ((ژمێریارێک)) وەک سلۆتەردایک دەڵێت،کە لەباشە و چاکە و خراپە و هەڵەکانمان دەپرسێتەوە. تاکیش و کۆمەڵگاش بە هەمان مۆدێل بانکی گردکردنەوەی تورەیی خۆیان هەیە بۆ تۆمارکردنی شتە تورەکەرەکان لە دووارۆژدا. لێرەوەیە ئەوەی لەئێستادا چ لە کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکەدا دەگوزەرێت، دەشێت پتر بە شۆڕشی تیمۆسی سیاسی لە دژی ئیرۆسی سیاسی ناوببرێت.

بۆیە لە ١٧ی فێبروار بەدوواوە بڕوای ئەوەم تێدا دروستبووە کە چیتر سیاسەتی بە ئیرۆساندنی مرۆڤ لە دنیای ئێمەشدا شکستی هێنا. چیتر مرۆڤی کورد دیسانەوە دەخوازێت ((کەم بژی بەڵام کەڵ بژی)).چیتر پاراستنی شکۆی مرۆڤ پەیوەندە بە دلێرایەتی و نەبەردی مرۆڤەوە. چیتر مرۆڤی کورد ئەو بوونەوەرە ئیرۆسییە چڵێس و چنۆکە نییە هەست بە کەموکوڕی خۆی بکات و جڵەوی بەدەست حەزە ئیرۆتیکییەکانیەوە بێت و بیەوێت مشەخۆر و بێبەرهەم ژیانی بژێنێت،بەڵکو ئەو بوونەوەرە تیمۆسییەیە کە باوەڕی بە دەوڵەمەندی هێزە ئەفرێنەرەکانی ژیان و وزە لەبننەهاتووەکەی شەڕکردن بۆ دادوەری و بۆ شکۆداری هەیە. لە چاوی مندا ئەمڕۆ خۆپیشاندان بووەتە پرۆسەیەکی وجودییانەی کۆمەڵگا و لێوەی هەموو تاکێک لە کۆراڵێکی مۆسیقیدا دەیەوێت دەنگی خۆی دەربڕێت،واتە خۆی ڕابگەیەنێت. بەمپێیە خۆپیشاندان دەبێتە خۆڕاگەیاندن. ئەوەشی بیەوێت خۆی ڕاگەیەنێت دەبێت خۆی پیشان بدات، واتە خۆی دەربخات و لەخۆی بچێتە دەر. واتە خۆپیشاندان بریتییە لە میدیۆمی بەجێهێشتنی هەموو هەلومەرجەکانی ئێستا و خۆگەیاندن بە دۆخ و شێوازێکی تری ژیان و دازاینی مرۆیی.
ئەوەش ڕاستە داخوازی خۆپیشاندەران هەمیشە ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی دەکرێت،بەڵام لەبیرمان نەچێت ئەو داخوازییە سیاسییانە هیچ نین جگە لە بانگهێشتێک بۆ دابینکردنی دادوەری لە نێوان مرۆڤەکاندا،وە گەڕانەوەی شکۆ

بۆ مرۆڤەکان بە شێوەیەکی دادوەرانە، بۆ بەرزکردنەوە و هەڵبڕینی پێگەی مرۆ. لێرەوە خۆپیشاندان و خۆتێپەڕاندن دەبێتە ئەو پرۆسێسە ئیتیکی و وجودییەی کۆمەڵگا وەک ((هەڵکشانی ستوونی )) پیادەی دەکات. لەڕووی زمانەوانیشەوە ڕاپەڕین و هەستان و خۆپیشاندان دەبنە هاوناوێکی تر بۆ ((خۆهەڵکشان)) و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان.

ئەوەشی سەبارەت بە هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنە، دیارە لەماوەی دوو ساڵی ڕابــوردوودا بزووتنەوەی گـۆڕان سـەربـاری هەموو پێویستی و بایەخی مێژووییانەی خۆی،بەڵام هێشتا ئەوەی پێ نەکرا مرۆڤێکی ناحیزبی بەرهەم بهێنێت،یاخود نیازو ئیرادەی پەروەردەکردنی هاونیشتمانییەکی ناحیزبی پیشان بدات،لەچاوی مندا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری عەقڵی فەلسەفی و عەقڵی سیاسی ئەم بزووتنەوەیە، کە جگە لە سیاسەتکردن لەنێو دامودەزگا حکومییەکاندا ئاگایی ناداتە ئیشکردنی سیاسەت لەنێو کایەکانی ژیان خۆیدا.
بەڵام خۆشبەختانە ئەم خۆپیشاندانانە فیگورێکی فەلسەفی دیار چالاکانە تیایدا کار دەکا و دەژی و بیری بۆ دەکاتەوە،ئەویش بیرمەندی کورد فاروق ڕەفیقە. ئەگەرچی ئەو لە خوێندنەوەی بۆ پلاتۆ گەلێکجار باسی لۆگۆس و ئیرۆس دەکات، بەڵام هێشتا لێم نەبیستووە باسی تیمۆس بکات، من پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکەم،ئەگەر لێرەدا ڕێم پێ بدات ئەم پێشنیارەی پێشکەش بکەم کە پیتەر سلۆتەردایک بخوێنێتەوە. بەوەدا فاروق ڕەفیق مەسەلەی هاونیشتمانی و جڤات غەمی سەرەکی و پەرۆشییە فەلسەفییەکانێتی و گەلێکجار باسی جوامێری و سەروەری و دلێری و نەبەردییەکانی مرۆڤ دەکات کە حیزبی کوردی هەمووی زەوت و پاسیڤ کردووە، جۆرێک لەو تیمۆسە سیاسییەی لە کۆمەڵگادا بوژاندۆتەوە کە ڕۆحی کولتور لەهەموو ساتەوەختێکی وەها یەکلاکەرەوەدا پێویستی پێیەتی، ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت ئاراستەیەکی خوڵقێنەرانە بداتە ئەم تیمۆسە کۆمەڵایەتییە سیاسییە، و ئیدی بۆ هەمیشە دەرگای ئەو خوێندنگا کلاسیکییە کلۆم بدرێت کە خوێندکاری حیزبی و مرۆڤی ئیرۆتیکی پەروەردە دەکرد. ئەمرۆ زانستێکی تر هاتۆتە نێو کایەی تێگەیشتن لە مرۆڤ و شێوازێکی تری ژیان پەیدابووە کە لە هەموو ئیدیۆلۆژیاکان بڵندترە. چونکە ئەوەی لە ناواخن و دەراخنی ژیانەوە سەرهەڵدەدات لە دووتوێی هیچ کتێبێکی مێژوودا نایخوێنینەوە. لێرەدا پارچە شیعرێکی

شاعیری ئەڵمانی هاینریش هاینە هەرگیز لە یادەوەریم ئاوا نابێت،بۆ هەمیشە و بۆ ئەم ساتەوەختە مێژووییە ڕۆشنترین ئاوینەیە :

**بەبێ هیچ ترسێک تەپڵی خۆت بکوتە و**

**ماچی ژنە فرۆشیارەکانیش بکە.**

**ئەمە تەواوی هەر هەموو زانستەکانە،**

**ئەمە قوڵترین مانای کتێبەکانە.**

# شۆڕشی ڤیرتوەڵ یا شۆڕشی ڕاستی؟

**بەیان سەلمان**

لەشۆڕشێکی ڤیرتوەڵەوە بۆ شۆڕشێکی کۆنکریتیی، چۆن بوونی جەماوەرێکی ڕاستەقینە دەگۆڕدرێ بۆ ئامرازێکی شۆڕش، کاتێک یەکەکانی تەنها لەنێو دەقی کورتکراوەی فەیسبووک و تویتەر جێیاندەبێتەوە؟

ئاڵۆزیی و تا ڕادەیەک چاوەڕواننەکراویی هەڵچوونی شەقامی عەرەبیی بە پلەی یەکەم، پاشانش گۆڕانی بونیادی ئەو ڕاپەڕینە بەرەو شۆڕشێک کە سەرتاپای میللەت و هێزە سەربازیەکانی بگرێتەوە، کارێکی سەختە بۆ زلهێزەکان. ئەوان لەترسی زیادبوونی بزووتنەوە ئیسلامیەکان، هەمیشە پاڵپشتی ئەو ڕژێمە تۆتالیتاریانەیان کردوە. سەرەڕای وردەکاریی زۆر لە پلان و نەخشە ستراتیژیەکانیاندا سەبارەت بە وڵاتە عەرەبیەکان، هەژاریی میللەتیان پشتگوێ خستبوو و لە حیساباتی ئێستاکێیاندا نەبوو، چاوڕێی ئەوەشیان نەدەکرد لەقۆناغی «ئێستادا» شۆڕش بێتە ئاراوە. لە حیساباتی ئەواندا مانگرتن، خۆپێشاندان، تێهەڵچون، ڕاپەڕین و هەموو جۆرە فۆرمێکی شۆڕش، دەبێ ئەوان نەخشەکەی بکێشن، لە نالەبارترین باردا دەبێت لەسەر ئاماژەی ئەوان یەکەم هاواری لاچوونی سەرکردەکانی ئەو ڕژێمانە دەسپێکات. پرسیار لەوەدایە کە ئاخۆ ئەم بارە نوێیەی وڵاتە عەرەبیەکان چاوڕێ دەکرا یان نا؟ لە ڕووی عەمەلیەوە بارێکی ناهەموار هەبوو دەبوو بگۆڕدرێ. هەلومەرجەکەی لە چرکەی شۆڕشی تونسەوە خۆی سەپاند.

ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە بۆچی ئەو هێزانە بایەخ بە شۆڕشێکی ڤێرتوەڵ دەدەن؟ لەم جۆرە شۆڕشەدا شووناسی بەشداربووان تەواو ونە و پارێزراوە. بەشدارییەکە کە کاریگەریی ڕاستەقینەی نیە، جەستەیەکی نیە، بەرزکردنەوەی دەنگی هاوارێکی ڕاستی سەر شەقامەکان نیە، بەڵکوو بەشداربوونێکە بێ ‹‹زیانە››، کۆی ئەو دەنگانەیە کە کاریگەریی ڕاستەقینەیان لەسەر زەمینەی واقیع نیە، هەن و نین، لێرەن و لەوێن، هاوار دەکەن و بێدەنگن، دەڵێن وەرنە سەر شەقام و بە فیعلی لە نێو هێڵەکانی ‹‹فەیس بووک و توویتەر›› ماونەتەوە. بەهەمان ئەو واتایە ئەو زلهێزانە لە ئاسمانەوە بیرۆکەی ئەو ئامرازانەیان قوازتەوە کە جەماوەرێکی شۆڕشگێڕی ڤیرتوەڵی ‹‹فەعال›› بەرامبەر بەجەماوەرێکی «نافەعال»ی ڕاستەقینە دروستکەن. هەر لێرەوە، جەماوەرێک هەیە لە بازنەیەکی خەیاڵیی هاندان و کۆکردنەوەی خەڵکدا دەسوڕێتەوە و لە بیرۆکەیەکی «رۆمانتیکی» شۆڕشێکدا دەخولێتەوە. هەر ئەمەشە ڕاز و نیازی ڕاستەقینەی ئەو هێزانە دەردەخات، هیپوکرێتیی وتەبێژەکانیان ئاشکرادەکات کە یاری بە ئەزموونی ئازادیی میللەتان دەکەن. هاندانی هیلاری کلینتون بۆ تەرخانکردنی بڕێک پارەی وەبەرچاو بۆ گەشەپێدان بەو ئامرازی پەیوەندیە نوێیانە تەنها ئەم لایەنە دەسەلمێنێ کە ئاماژەمان پێدا.

ڕۆڵی ئینتەرنێت لەو ڕووداوانـەدا کەم نیە. نەوەیەکی نوێ پەیدابووە کە پشت بە ئیدیولوژیایەکی پێشووترەوە نابەستن، بیروڕایان بەرهەمێهنانەوەی گوتارەکانی پێشووی خۆیان نیە. ئەمە گرنگە لەبەر چاو بگیرێ، بەڵام مەترسی لەوەدایە ئەم نەوەیە بەڕەهایی پشت بەو تۆڕە کۆمەڵایتیانە ببەستن و ڕۆڵی ڕاستەقینەی جەماوەر لەپێگەیاندنی شۆڕشێکدا پشتگوێخەن. گوومانی تێدا نیە ونبوونی ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز، ئەو جیاوازیە هەرە گەورەیەیی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاردا هەیە، پانتایی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی بەرفراوانتر کردوە، کەچی کە شۆڕش کۆنکریتانە بەرجەستە دەبێ، بە نموونەی «خدج» ئەچێ، واتە منداڵێکی ناکامڵ ماوەیەکی پێویستە تا پێناسەی منداڵی پێ دەبخشرێ.

ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە، هەروەها پانتاییەکی ڤێرتوەڵی ڕێکخەری ئەو خەونانەیە کە بەزنجیرە و بێ سانسۆر خۆیان خۆیان دەگێڕنەوە و لە شووناسی بازنەی «هاوڕێ»دا خۆیان کوورت دەکەنەوە. ڕاستە

«فەیسبووک و توویتەر» بێلایەنن، ژینگەیەکن بۆ چاندنی تۆوی وشەی ئازاد، وەلی ئەو هێزانە پێویستیان بەو بێلایەنییە بۆ ئەوەی پڕوپاگەندە بۆ خۆیان بکەن و ڕێنمایی خەڵکی لێوە بکەن. ئەوێ گەردوونێکە دەستکردی «Big Brother»ە و ڕەنگە ئەمە ڕووە ترسناکەکەی ئەو تۆڕانە بێ.

بڵاوبوونەوەی زانیاریی لەو تۆڕانەوە تا ڕادەیەک پەتایەکە. ئەمە تەنها پێشێلکردنی ماف ناگەینێ، گوایە تاکەکان دەنگیان لەو کەش و با پاڵێوراوە دەدۆزنـەوە وشەپۆلێکی بە تـەوژم پێکدەهێنن، بەڵکوو سەنتراڵبوونی زانیاریە، ناوەڕۆکی گوتارەکەی لەدەم ئەو هێزانەوە دەردەچێ و دواتر لە قوڕگی جەماوەرێکدا دەتەقێتەوە. تەنانەت ستروکتووری ئەو گوتارە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ و بە چەند کەناڵێکی ئەستوونیی ڕێی خۆی دەگرێتەبەر، پاشان فۆرمێکی دی لەخۆ دەگرێ و دەبێتە کەناڵێکی ئاسۆیی و لە نێو شەقام وگەورەپاندا خۆی دەنوێنێ. ناوڕۆکی ئەو ئەزموونە نوێیە لە «سیبەر سپاس» تێناپەڕێ. لە ئەنجامدا، خەباتی ڕاستەقینە دەگوازرێتەوە بۆ خەباتێکی دیژیتاڵ.

# درمناسی هەنووکەیی یان
# پەلەقاژەدانی شەقام لەژێر هروشمدا

**دانا مەنووچەهری**

ئاماژە بەم دانراوەی بنیامین لێرەدا هیچ پێویست نەبوو، بەڵام شەرت نییە هەموو شتێ پێویست بێت.
دەگێڕنەوە لە بوکەڵەیەکی قورمیشی وا بە شێوەیەک دروستکرا بوو دەیتوانی لەگەڵ کەسێکی شارەزا لە شەترەنج دا یاری بکات و هەر جوڵانێکی داشەکانی کەسی بەرامبەری بەجوڵاندنی داشێکی خۆی و بەجوانترین شێوە وەڵام بداتەوە، بووکەڵەیەک کە جلێکی تورکی لەبەردایەو نێرگەلەیەک لەتەنیشتیدا،
رووبەڕووی شەترەنجێک وا لەسەر مێزێکی بەریندا چنرابوو.
چەند ئاوێنەیەکی چێندراو بەدەوری مێزەکەدا ئەو وەهمەیان دەخوڵقاند، وا ئەم مێزە لەهەر لایەکەوە سەیر بکرێت ڕوون دیارە، بەڵام لەڕاستیدا پیاوێکی پشت چەماوەی وردیلانە کەشەترەج زانێکی لێهاتوو بوو لەنێو دڵ و جەستەی ئەودا خۆی حەشار دابوو، ئەو پیاوە وردیلانە بەهۆی چەند دەزوویەک وا بەدەستی بووکەڵانەکەوە بەسترابوون، بووکەڵانەکەی دەجوڵاند و لە ڕاستیدا ئەوبوو یاری دەکرد بەڵام لەپشت دەمامکی بووکەڵانەکەوە خۆی شاردبۆوە، دەتوانین جۆرێ لە هاوشێوەی فەلسەفی بۆ ئەم سیستەمە بدۆزینەوە، بوکەڵەیەک وا ناوی (ماتریالیسمی مێژووی) یە و دەبێت بەردەوام ئەو یارییەکان بباتەوە، ئەو بە ئاسانی دەتوانێ لەهەموو ڕکابەرەکانی خۆی بباتەوە و لەیارییەکە دووریان بخاتەوە، بەڵام بەومەرجەی لەخزمەتگوزارییەکانی ئیلاهیات کەڵک وەرگرێت.
ئەو ئیلاهیانەی کە دەزانین ئەمڕۆ کە ڕەنگی کاڵ بۆتەوە و وەک خۆی نەماوە و دەبێ خۆی لەبەر چاویدا دوور بخاتەوە.
«چەند دانراوەیەک سەبارەت بەفەلسەفەی مێژوو»
واڵتر بنیامین

(ئاپۆفاسیس) ئامرازێکە بۆ ئاماژەکردن بەبابەتێک، بەوتنی ئەوەی وا هیچ ئاماژەیەک بەخودی ئەو بابەتە ناکات، بۆ نموونە (من بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابم سەبارەت بەگەندەڵییەکان و ناکارامەبوونی وەزیر هیچ شتێک بڵێم) بەم شێوەیە ئاپۆفاسیس (apophasis) جۆرێ لەکەلێن لەنێو گوتاردا دروست دەکات، بە وتنی ئەوەی کەوا هیچ ئاماژەیەک بەو بابەتە ناکات.

لەڕاستیدا ئاپۆفاسیس وێنەیەک لەو شتەی وا بڕیارە هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکات، دەکێشی و وا نیشانمان دەدات.

دەرکەوتنی ناوی سیاسەت بەخێرایی بەرەو ناوەندەکانی دەسەڵات و پیاوەکانی ڕامان دەکێشێ لەدەستگرتنی ئەم ناوەندانە بۆ خوازیارە نوێکانی و پاراستنی بۆ بەرپرسە پێشووەکانی، ئەو شتەیە وا دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ.

لەزۆربەی کاتدا خوازیارە تازەکانی دەسەڵات بەناو گەلێک وەک ڕیفۆرم خوازیان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دا بەناوی شۆڕش گێڕەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن وا دەسەڵات لەژێر دەستی کەسانی شیاودا دەتوانێ گۆڕانکاری بەرچاو لە بەکار هێنانیدا بەدی بهێنێ، ئاشکرایە بابەتێکی لەم جۆرە دەتوانێ بۆ بەکارهێنانی توندو تیژیش پاساوێکی هەبێ، ناوەندەکانی دەسەڵات داگیر دەکرێن هەزاران کەس گیانیان لەدەست دەدەن خاوەنە نوێیەکانی دەسەڵاتیش بەو شێوەیەی وا ساڵانێکی زۆر لۆمەیان دەکرد ڕەفتار دەکەن، گوێ ڕایەڵ بوون سەرکوت کردن ئەو چیرۆکانەیە وا بەردەوام دووبارە دەبنەوە.

بۆ ئەم کاتەی ئێمە باس و کێشەکە لەبابەتێکی تیۆریک زیاترە، ئێمە ئێستا بەرانبەر بەیەکێک لە گەورە ڕووداوەکانی ژیانی سیاسی ئەم چەند ساڵەماندا وەستاوین.

ئێمە ئیستا هەندێکمان سەیر دەکەین و هەندێکیشمان لە هەوڵداین جیهانێکی تر بخوڵقێنین، بەگرتنەدەست یان لابردنی دەسەڵات خەونێکی تر بەدی بهێنین، چونکە ئاوات و ئامانجەکان بەنرخن، کەواتە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژیش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان پێویستە، چونکە پێوەرە ڕاستە قینەکان توشی قەیران بوون، بەتێپەڕبوونی ئەم ساڵانە دەبینین واشەڕ بۆ دەسەڵات و ناوەندەکانی بڕیاردان درێژەی هەیە و توندو تیژی و ئاژاوەکانیش وەک خۆیان ماونەتەوە، بەڵام چیتر ناتوانین لەو ڕاستییە خۆمان بشارینەوە کەوا کێشە و گرفتەکان لە شوێنێکی تردایەو بەتەنیا لەدەست گرتنی دەسەڵات

و ناوەندەکانی ناتوانن چارە ساز بن، ئەم وتارە دەیەوێت هەندێک لە ناکۆکییە دەروونیەکانی هەنووکەیی دەستنیشان بکات.

*** تراف لایتەکان بۆ وا دەکەن؟**

لەنێوان شەڕی دەسەڵات و ڕیفۆرم خوازەکاندا و ئەو کاتەی وا کێشەکە ئاڵۆز دەبێ و شێوەی جۆراو جۆر بەخۆوە دەبینێ، وەک خۆ پیشاندان یان هێرشکردنە سەر ناوەندەکانی دەسەڵات، لەو کاتەدا یاساو سەروەرییەکانی بۆ چرکەسات یان چەند ڕۆژێک پشویەکی سیاسی دەدەن و دەحەسێنەوە، ئیتر لەم ساتانەدایە کەیاسا سەروەری خۆی لە دەست دەدات و وەک هەموو شتەکانی تری لێ دێت، هەر لەم کاتەدایە کە ڕۆحیەتی دەرچوون لەیاساو لەبەرچاو نەگرتنی کەلە دەروونی هەر هاوڵاتییەکدا بە جۆرێک خۆی حەشار داوە مەجالێک بۆ دەرچوون دەدۆزێتەوە، ئەم دۆخە بەجۆرێ لەو کاتە دەچێ کەوا چرای تراف لایتەکان لە نێوان سەوزو سوربووندا چەند چرکەیەکی پێدەچێ و هەر بڕیارێک بۆ چوون هەم یاسایی و هەم دژە یاسایی دەنوێنێ، ئەوەش هەمان چرکەساتی ونبوونی هەر یاسایەکە و تێیدا یاسا ئاوێزان دەبێ و هەموو شتەکان هەم یاسایی و دژە یاسا یە، لەم کاتەدا کێشەی سەرەکی نەبوونی پێوەرێکە بۆ دیاریکردنی ئاستی یاساییبوونی ڕەفتارەکان، باسکردن لەم پێشەکییە سەبارەت بە یاسا و ڕەفتاری یاسایی بۆ دیاریکردنی وێسگەیەک نەبوو، بەڵکو تەنیا جۆرێک ڕوانگەی بەزەییانە و خەمخۆرانە بوو بۆ خودی چەمکی یاسا بەبێ هیچ لایەنگریەکی سیاسیەوە، هەر جۆرێک لە دەربڕینی توند و تیژی چ فەردی و چ دەستەیی بەشوێن ئەوەدایە بە جۆرێ خۆی بەیاسایی دەربخات یان بە یاسا بکرێت و سەرچاوە و بنەما و پاڵپشتی دەتوانرێ لە هەمان توندو تیژی کۆمەڵایەتییە باو شەرعییەت پێ دراوە بێت واتە بەردەوام ئاستی لە توندو تیژی لە کۆمەڵگادا قبووڵ کراوە، بۆیە لەکاتی پشودانی یاسا چونکە پێوەرەکانی دیاریکردنی ئاستی یاسایی بوونی ڕەفتارەکان تووشی قەیران دەبن، ڕێژەی توند و تیژی بەرچاو تر دەبێ، ئیتر ڕەفتارەکان نەیاسایی دەبن و (نە دەسەڵاتیش بە یاساکانی خۆی ڕەفتار دەکات).

**- ئەویٚ لە کوێیە؟**

سەبارەت بە ڕوانگەی فرۆید بۆ دەروون شیکاری و بە تایبەت سەبارەت بەشی کردنەوە و ڕاڤەی خەون دەتوانین ئاماژە بە سیٚ ئاست یان بەش بکەین و هاوشان لەگەڵ سیٚ چەمکی لاکانی واتە خەیاڵی واقعی و هێماین باس بکرێت ئەم سیٚ ئاستە بریتین لەیەکەم : خودی خەون بەو شێوەیەی کە دەگوترێتەوە و کەسەکە بۆ دەرون شیکار دەگێڕێتەوە کە بریتیە لە کۆمەڵیٚ ڕووداو کەلەوانەیە ئاڵۆز، نامۆ و...... بن.

بەڵام هەر هەمان شتە وا کەسەکە لەخەودا بینیویەتی ئاستی دووهەم لە ڕاستی دا هەمان ڕاڤەو مانا کردنەوەی گێڕاندنەوەی خەونە، کە پێوەندی لەگەڵ ئاستی هێماییین دایە وا لە لقێک لە دەروون شیکاری ئەمەریکی دا وەک (چارەسەر) و دەرمان یان فەنێک بۆ کەم کردنەوەی کونتاکتی نێوان کەس و کۆمەڵگادا و تێکەڵکردنی تەواویەتی کەسە لەو ڕاستیە یان ئەو جیهانە نمادینەیە کەوەک جیهانێکی تەواو یەکدەست و نەگۆڕ سەیر دەکریٚ. لەم ئاستەدا ئەرکی دەروون شیکار هاو ساز و ڕێخستنی کەسە لەگەڵ جیهانی واقعی و قبووڵ کردنی ئەو جیهانەیە ئەویش لە ڕێی بەدەستەوە دانی ڕاڤەیەکی باو و متمانە پێکراو لەڕێگای بەمانا کردنەوەی خەونە.

لە ئاستی سێەمدا کە ناوەڕۆکی سەرەکی بیردۆزەکەی فرۆیدیش لەخۆ دەگرێت، چونکە لە ڕوانگەیەدا خەون شتێک نی یە غەیری بەدیهاتنی خەیاڵی حەزێکی سەرکوتکراو یان شاراوە. هەر لێرەدا ڕووبەڕووی ئاستی سێهەم دەبینەوە کە دەتوانریٚ هاوشانی ئەمی واقیعی لاکانی دیاری بکرێت و ئەم ئاستە دەبیٚ شتێک زیاتر لەگێڕانەوەی خەون یان ڕاڤەو شیکردنەوەی بیٚ، هەر دەروون شیکار یان هەر کەسێکی تر دەتوانیٚ لەسەر بنەماکانی شرۆڤەکردنی خەون پێمان بڵیٚ کە مانای خەونەکەمان چی یە بۆیە سەرەڕای خەیاڵی فەردی و شرۆڤە جۆراو جۆرەکانی کە دەتوانریٚ لەسەر بنەمای ڕاستی هێما بین ئاماژەیان پیٚ بکرێت توخمی بنەڕەتی خەون هەیە واتە هەمان مەیلی شاراوە و سەرکوتکراو کە خەون تەنیا ڕوداوێکی خەیاڵیانەیە لەو مەیلە سەرکوتکراوە ڕاستی یان سەچاوەی ڕاستەقینەی مەیلی مرۆڤ هەر هەمان مەیلی ئەوی دییە.

ئەو شرۆڤەیە وامن خۆم لەخەونی خۆم ئاماژەی پیٚ دەکەم، هیچ شتیٚ نی یە غەیری یەک مانا ڕاستی مەیلی من یان مەیلی ڕاستەقینەی من، مەیلی

ئەویدی هەرلە من شاراوە دەبێ لەوانەیە تەواوی ئەرکی دەروون شیکار ئەوە بێ کە بزانین ئەو ئەویدی یە بەشێکە لە خۆمان و بۆچی ئەو سەچاوەو توخمە سەرەکی و شاراوەیە لەچوارچێوەی ئەو گێڕانەوەدا خۆی حەشارداوە بۆیە شرۆڤەو مانا کردنەوەی خەو کێشەی سەرەکی نییە ئەویش بەو جۆرەی کەوا ئەو کەسەی وا لە خەوندا دیوتە باوکت بووە یان..... بەڵکو خاڵە سەرەکییەکە ئەوەیە کە مەیلە سەرەکییەکەی من لەژێر دەست و چاودێری کێدا دروست دەبێ کێشەکە مانای مەیلی من نی یە، بەڵکو کێشە ڕاستی مەیلەکەیە واتە ئەو وێنانەی وا بەدیهاتنی ئەو مەیلە لە من بە دەستیەوە دەدات ئەم وێنایە بەدەستی چ کەسێک و لەژێر چاودێری کێدا دەبێ؟ بۆیە ئوبژەی مەیل و ئوبژەی هۆکارەکەی یە نین و یەک ناگرنەوە.

**- بۆ خەون بەدیمۆکراسیەوە نابینم؟**

ئەفلاتون وتەنی هەریەک لەشێوەکانی حکومەت بەهۆی زێدەڕەوی لە بنەماو پێوەرە سەرەکییەکانی خۆیدا بەرەو فەنا بوون دەچێ ئەریستۆکراتی بە تەنگ کردنەوەی بازنەی دەسەڵاتی خۆی بەرەو فەنا بوون دەچێ ڕوخانی دەسەڵات و حکومەتی بورژواکان بە هۆی زێدەڕەوی لەبەدەستهێنانی قازانجی زیاترو بەرژەوەندییەکانی دایەو سەرەنجامی هەرکام لەدوو مودێلە شۆڕش دەبێ ئەگەر کاتی شۆڕش هاتبی ئەوا بەهەر هۆیەکی بچوک و بێ نرخیش بێ دەست پێ دەکاو هۆکەشی دەتوانێ هەڵە گەلێکی جۆراو جۆر بێ، بۆیە پاشان دیمۆکراسی دێت : هەژاران بەسەر دەوڵەمەندەکاندا زاڵ دەبن هەندێک دەکوژن و هەندێک لەووڵات دەردەکەن و خەڵکی بە یەکسان لەئازادی بەشدار دەبن بەڵام خودی دیمۆکراسیش بەهۆی زێدەڕۆیی لە بنەماکانی دیمۆکراسیدا لەناو دەچێ بنەمای سەرەکی دیمۆکراسی بریتیە لەوە کەخەڵک لەدەستگرتنی هەموو پلەو پایەکانی حکومڕانی و دەسەڵاتدا و لەئیدارەی وڵاتدا وەکیەک هاوسان بن لەنیگای یەکەمدا ئەمە زۆر جوان و ئەخلاقیانەو سیاسیانە خۆی دەنوێنێ بەڵام سەرەنجامەکەی نالەباروشوم دەبێ چونکە خەڵکی بۆ دیاریکردنی باشترین کەسەکان بۆ بەدەست گرتنی دەسەڵات توانای ئەقڵی وشیاری تەواویان نی یە (خەڵکی زانیاری و ئاگایی تەواویان نی یە و تەنیا ئەو شتەی کە دەسەڵاتداران بۆ دڵخۆش کردن و ڕازی کردنی ئەوان دەیڵێن دووپات دەکەونەوە).

لەمودیلی حکومەتی عەوامدا بەلەمی حکەمەت بەسەر دەریایەکی شەپۆلاوی و پەریشاندا مەلە دەکات و بەهەر وتارو قسەو شوعارێکی خۆش ئەو بەلەمە لەرێ بەدەر دەچێ دیمۆکراسی ئەوە نی یە کەوا کەسانێک بەڕوودا و یان بەردەوام دەتوانن دەسەڵات لەدەستبگرن بەڵکە تەنیا کەسانێک دەتوانن لەبنکەی سەرەکی دەسەڵاتدا بن کەلە تەواوی ئەزموونەکاندا بەسەرکەوتویی دەرچووبن و توانایی خۆیان سەلماندبێ هەڵبژاردنی ئەم کەسانە وەک کاربەدەستانی حکوومی لەڕووی توانایی کەسەکانەوە دەبێ، هیچ کەسێک ناتوانێ پلەیەک بەدەست بێنێ مەگەر ئەوەی پێش تر لەهەموو بوارەکاندا خۆی ئامادە کردبێ پلە سەرەکییەکان بۆ کەسانی دیاری کراو تایبەتیە هەر هەمان شێوە لەحکومڕانی ئەرستۆکراتە بەڵام بەناوێکی ترەوە کەتایبەتە بەبیردۆزەکانی ئەفلاتوون واتە (ئەریستۆکراتی دیمۆکراتیک) مودیلی حکومڕانی دیموکراسیانە لای ئەفلاتوون مودیلێکی شیاو نەبوو چونکە لەئەنجامی خۆیدا بەدیهێنەری مودیلیکی دەسەڵات بوو کەدژ بەشێوەی بیرکردنەوە و بەرژەوەندییە فیکرییەکانی ئەو بوو ئەو مودیلە لەحکومڕانی و دەسەڵاتدارێتی کە پەسەندی ئەفلاتوون بوو مودیلێکی دەسەڵاتدارێتی زاناکان بوو جا پێوەرەکانی ئەفلاتوون بۆ دیاری و دەستنیشان کردنی کەسە زیرەک و شیاوەکان چی بوون و ئایا ئێستاش دەتوانرێ بەو پێوەرانە ڕەفتار بکرێ باسێکی ترە ئایا بانگەشەیەکی شاراوە بۆ ئەم مودیلە دەتوانێ بەرەو چ ئاقارێکمان ببات؟

- **ئەوانی تر لەکوێن؟**

یاریکردن یان هەر ڕوداوێکی تر هیچ کات بەتەنیا ئەوەندە خۆش نەبووە کەبەشێوەیەکی کۆ خۆشتر خۆی دەنوێنێ و خۆشتر دەبێ لەنێو پەندە پیشینەکانی ئیمەدا هاتووە کەوا مەرگ لەگەڵ هاوسێ و هاوماڵ و وەک شاییە.

جیا لەو بارە مانایەی کەوەک پەندێک خۆی دەنوێنێ لایەنێکی شاراوەی ئەم پەندە خۆی دەردەخات کە بۆ چێژگرتن لەڕووداوەکان پێویستە کەسانێکی تر لەم یارییەدا بەشدار بن ئەمەش جۆرێکە لەگەورەکردنی پانتایی یارییەکەو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئەم یارییە بۆسەرخۆ جا ئەگەر ئەو کەسەی وا بانگێشتی یارییەکە دەکرێ بەجۆرێ شارەزای یارییەکە بێ و بتوانێ یارییەکە گەرمتروخۆشتر بکات هێنان و بانگێشت کردنی دراوسێ بۆ ناخۆشییەکانی

خۆمان بەشیکە لەو کلتورەی ئێمە تێیدا دەژین خاڵی گرنگ تەنیا هاتنی دراوسێ یە ئیتر پاش هاتنە نێو یارییەکە ئەوا خۆی ناچار دەبێ بەقبووڵ کردنی ئەرکەکانی وەک ڕووداوێکی سیاسی هاو شێوەی بانگێشتی دراوسێ دەتوانین ئاماژە بکەین بەڕەفتاری ئەو کەشتیوانانەی بەریتانیا کەلە کاتی شەڕی ناپلیۆندا کەشتیوانە ئەمەریکییەکانیان ناچار دەکرد تالەو شەڕانەدا لەگەڵ ئەواندا بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا شەڕ بکەن واتە بەجۆرێک بێنە ناو یارییەکەوە پاڵپشتی ئەو کەشتیوانە بەریتانیانە بۆ ئەم ڕەفتارەیان ئەوە بوو کەوا ئەمەریکییەکان لەبنەڕتدا خەڵکی بەریتانیان وبۆیە دەبێ لەپێناو بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەهەر جێیەک بێت و بەهەر هۆیەک بێت ئەوا دەبێ شەڕ بکەن بۆ گورە کردنی پانتایی یاری دەبێ دراوسێ ڕازی بکرێ بەپاڵپشتی یان بەشداریکردن تەنانەت ئەگەر بەهەڵخەڵەتاندنیش بێ لێرەدا (هێز) زۆر مانادار دەبێ.

ئەمەریکا بۆ هێرشکردنە سەر عێراق نەیدەتوانی وەک سەردەمانی پێشتر بەشێوەیەکی شەڕێکی پڕ توندوتیژی و تەنیا بە پاڵپشتی هێزی سەربازی و پشت کردن لەهەموو بابەتەکانی تر هێرش بکاتە سەر عێراق.

بەپێچەوانەوە ئەمەریکا دەبوایە نەتەوە یەکگرتووەکان وەک کۆگای دراوسێکان ڕازی بکات ئیتر گرنگ نی یە کەئایا بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان نرخێکی بۆ ئەمەریکا هەیە یان نالێرەدا هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی دراوسێ خاڵی سەرەکییە.

**ئایا جارێکی تر تووشت دەبمەوە؟**

یەکێک لەگرفتە سەرەکییەکان چ لەڕووی ڕەفتاری سیاسی و چ لەڕوانگەی فیکرییەوە ئەوەیە وابەردەوام هەمان بنەماو شێوەی دووبەرەکییەتی لەنێو گوتارەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دوپات دەبنەوە بۆ نمونە لە گوتاری فمنیستی دا ژنان لەجێگای چینی کرێکاری گوتاری مارکسی دادەنیشن و پیاوانیش وەک نوێنەرایەتی بورژوازی دەور دەگێڕن ستراکچەری یارییەکە کەهەر هەمان شێوەیە و تەنیا کەسایەتی و ناوەکان دەگۆڕدرێت و هەمان دیالیکتیک دەست پێ دەکاتەوە و مێژووەکەشی بۆ دروست دەکرێت هەروەها لەگوتارەکانی ئێمەدا شەڕی ناوخۆ بەشێوەیەک ڕەفتاری کرد کەوا زۆر جار لەزمانی یەکتر نەدەگەیشتین ڕەنگەکان،وشەکان، ناوەکان، شارەکان، شەقامەکان براکان و دراوسێیەتی لە مێژووی ئەم گوتارەدا وابەشێوەیەکە

سەیر توشی قەیرانی کردبوین لەشەڕی ناوخۆدا خاڵی گرنگ شێوازی بیر کردنەوە و هزرە شاراوەکان نەبوو کەدەوری دەگێڕا بەڵکە تاڕادەیەک ئەو وێسگە جوغرافیە بوو کەلێی وەستابووین دیکتاتۆریەتی شەڕی ناوخۆو ئەوەی بۆ سەلماندین کەبوونی ئێمە بەتەواوەتی بوونێکی سیاسی یەو ئەو هەوڵانەی کە کەسانێک بۆ دەرچوون لەو بوونە سیاسیە کەبە هۆی وێستگەی جوغرافی و دووبەرەکی نێو سیاسەتدا توشی ببووین ئەویش بە پەیڕەو نەکردنی ئەو پێوەرانە ئەوا ئەو هە وڵانەش بەجۆرێکی تر توشی شکست بوون ئەمجارەش بێ ئەوەی بمانەوێ دابەش دەکرێتەوە چونکە پانیاتایی و ئاقاری یارییەکە وا وردتر بۆتەوە کەمەجالەکان چڕتر دەکات.
ئێستا دەبێت وێستگەیەک بۆ خۆت دیاری بکەیت ڕەنگە ئەو پێوەرانە سەرقاڵی ئەوەن جارێکی تر خۆیان نیشان بدەن و ئەگەر وابێ ئەوا بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن دیسان بمانخەنە نێو چاڵی شەڕی ناوخۆوە بەتایبەت لەو ڕوانگەیەوە کەبیانەوێ ڕێسایەکی گشتی بدۆزنەوە و بکەریان سوژەیەکی گشتی کەئەم ڕێسایانە بەڕێوە بەرێت دیاری بکرێت ئیتر بە پشت بەستن بەو لۆژیکانەوە کە دبێتە پاڵپشتێکی فیکری بۆ ئەم ڕەوتە ئەوا دەتوانرێ هەرکەسێکی ئەم وڵاتە یان بکوژرێ یان لەیارییەکە دەربکرێ وەک ئەوەی بەکۆکردنەوەی ئیمزا دەتوانرێ دیاری بکرێ کە ئایا بوونی ئیمە پێویستە یاخود نا؟

- **ئەی کێشە لەکوێدایە؟**

موراد فەرهاد پور نوسەرو ڕوناکبیری ئێرانی لەوتوێژێکدا دەڵێ:
کێ دەڵێ تەنیا کرێکارەکان زوڵمیان لێکراوە لەوانەیە هەر ئەم کرێکارانە هەزاران زوڵمیان لە ڕەش پێستەکان یان ژنان کردبێت زۆربەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەمڕۆ هـاوار دەکـەن بۆ ئەوەیە وا ئێمەش لەناو سیستمەکەدا جێ بکەنەوە مەجالمان پێ بدەن لەخۆشی سودەکانی سیستمدا بەشێکمان هەبێ بۆیە کێشە لەبنەڕەتدا ئەوە نی یە کەبەرەو داد پەروەرییەکی گشتی کۆمەڵایەتی هەنگاو بنێین بەڵکو بەرەو ئاقارێکە کە هەمووومان بتوانین لەم نابەرامبەرییە بەشمان هەبێ و قازانجی لێ بکەین یان بەلایەنی کەمەوە ئەو نابەرابەریانەی نێو سیستەم بۆ ئێمەش وابێ کە ئازارێکی کەمترمان پێ بگەیەنێ بەشێوەیەکی تر ئەمڕۆ خەڵکی چاک دەزانن کە دادپەروەری و

بەرابەری لە بنەڕەتدا چەمکێکی دەرهەستییە و لە واقیعدا هەڵگری جۆرێک لە نابەرانبەری یە بۆیە لەئەنجامدا پشگیری کردن لەم چەمکە یان تەنانەت ڕوودان و هاتنەدی ئەم چەمکە لەچوار چێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی — ئابووری دا نە تەنیا چارەسەر نابێ بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی قوڵ تر بوونی برینی ئەم دۆخە هەموو ئەم ڕوداوانە وامان پێ دەڵێن.
کە چەمکی بەرابەری، بە شێوەیەک لەناخی چەمکی ئاڵ و گۆڕەوە هەڵقوڵاوە و تائەو ڕادەیـەش کەلەدڵی ئاڵ و گۆڕەوە دەردەکـەوێ بەهیچ شێوەیەک سەنگەرێک و یان وێسگەیەک بۆ ڕەخنە گرتن لەژیان و کۆمەڵگایەکی پاڵ بەستراو بەناڵ و گۆرەوە بەری ناهێنێ بەڵکو بەردەوام هەر هەمان میتۆد لە ڕووبەرێکی دەرهەستردا دوویان دەکاتەوە ئەمەش هەر هەمان ڕەخنەیە کە بۆ دریار لە مارکسیزمی دەگرێ کە خودی مارکسیزم گشت پرۆسەی بەهەمهێنانی سەرمایەداری لەخۆیدا دووپات دەکاتەوە بۆیە هەوڵدان ویستی بەرابەریی نەتەنیا کێشەی لەگەڵ سەرمایەداریدا نەبووە، بەڵکو خۆی بەشێکە لەڕەوتی گۆڕانکارییەکانی سیستەمی ئاڵ و گۆڕ ئیتر ئەوەی کەوا لەمێژووەوە فێر ئەبین ئەوەیە واهەر جۆرە سیاسەتێک کە بیەوێ لەسەر چەمکی دادپەروەری و بەرابەری دابمەزرێ، ئەوا جگە بەئاقاری سیستەمی دەسەڵاتدا بەرەو هیچ ڕێگایەکی تر ناچێت.

**(پاشەکی):**

لەپێشەکی چاپی دووەمی (دیالیکتیکی ڕۆشتگەری) دا هاتووە کەدەسەڵات و توندوتیژی دەتوانن تەنانەت پاش هیتلەرو لەودیو شەڕو دیکتاتۆریشەوە درێژەیان هەبێ بەڵام ڕەخنەی هزری و شەڕی کرداری لەگەڵیدا لەهەر دۆخێکدا بێت ئەوا هیچ پێوەرو بنەمایەکی نی یە بێجگە ئومێد و چاوەڕوانی کەلە دڵی مێژوو یا لە هاو دڵی لەگەڵ ئەو مێژووەدا سەرچاوە دەگرێ تەنانەت ناکۆکییە دەروونیەکانی عەقڵیش دەبێ لەنێو دڵی ئەو ڕاستییە مێژوویەدا چارەسەر بکرێ تا پاشان بتوانرێ بیردۆزیەکی دوور لە ناکۆکی دەربارەی عەقڵانیەت بدۆزینەوە.

**سەچاوەکان:**


١- ئسلاوی ژیژەک —تونی مایرز-وەگێڕانی بۆ فارسی (احسان نوروزی )
٢- فەلسەفەی سیاسی-ئادام سویفت-وەرگێڕانی بۆ فارسی (پویا موحد)
٣- بادهای غربی-مراد فرهاد پور
٤- تفکر اچگراری — امیر مهمرگان
٥- پاریس —تهران دیالوگ مراد فرهاد پور و مازیار اسلامی
٦- گوڤاری نەریکار — سەبارەت بە ژاک لاکان — پیتیز باری
٧- ف×لنامە ارغنون- ژمارە ١١-١٢
٨- تارخ فلسفه — ویل دورانت. وەرگێڕانی بۆ فارسی عباس درياب
٩- قدرت، زبان، زندگی ڕوز مره — احمد خالقی
١٠- فلسفه سیاسی- جین همپتین — وەرگێڕانی بۆ فارسی خشایار دیهمی
١١- گۆڤاری ڕخداد- قانون و خشونت —پێشەکی — مراد فرهاد پور
١٢- گوڤاری ڕخداد- قانون و خشونت : قدرت حاکم وحیات برهنه- جورجو اگامین —وەرگێڕانی بۆ فارسی مراد فرهاد پور امید مهرگان.
١٣- خشونت سیاسی- نا×ر فکوهی.

# دیدار لەگەڵ سەردار عزیز

**دکتۆرا لە دەوڵەتدا_ ئایرلەندا**

■ **هەرێم عوسمان**

**کۆنسێپت: تێزی دکتۆراکەتان لەسەر «دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، سەبارەت بە هەڵبژاردنی ناونیشانی تێزەکە، هەستناکەیت مانایەکی گشتگیری هەبێت؟ لە لایەکی دیەوە گەر بکرێت باسی دەوڵەت بکەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەتا لە کوێوە دەستپێدەکات؟**

**سەردار عەزیز:** من کە بیرم کردەوە لە تێزی دکتۆراکەم «دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» کێشەم ئەوەبوو کە ئەڵێم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەبەستم کوێیە؟ کێشەش هەیە لەسەر ئەم ناو نانەو کێ ئەم ناوەی ناوەو بۆچی ئەم ناوەی ناوە؟ کوێ دەگرێتەوە؟ جوگرافیای کوێیە؟.

ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەفسەرێکی ئەمەریکییەوە هاتووە. گەر خوێندنەوەی تری بۆ بکەین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کێ؟ ئەگەر لە ڕۆژئاواوە بێیت ئەمە ناوەڕاستەو ئەچیت بۆ ڕۆژهـەڵات. کەواتە جۆرێک لە دەسەڵاتیش بوونی هەیە، ئەو کەسەی کە ناوی ناوە ئێرەی لەڕووی شوێنەوە جیاکردۆتەوە. ئەو جوگرافیایە دەریدەخات کە چەقێک هەیە ئێرە ناوەڕاست و پاشان کۆتاییەکیش هەیە، بۆیە زۆر ئاڵۆزبوو ناونانی تێزەکەم. لەلایەکی ترەوە ئەوەی پێی دەڵێن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەشێ لە مەغریبەوە بیگرێتەوە تا پاکستان. هاوکات لەم فراوانییەدا هەر یەکێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات پڕیەتی لە جیاوازی و لێکنەچوون، هەموو دەوڵەتەکان پڕیەتی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دیکتاتۆریەت، بەڵام سیستمی سیاسی زۆر جیاواز بوونی هەیە.

بەڵام دەشێ سوود لەم چەمکە وەربگیرێت «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی» کە جیا دەکرێتەوە لە باکووری ئەفریقاو وڵاتانی کەنداوی فارس و یەمەن و سوریاو میسرو عێراق و... چەمکێکی فەڕەنسی هەیە «لیڤانت» بەمانا فەڕەنسییەکەی بە مانای شام دێت، ئەمەش بەکاردێت هاوکات ئەمە کراوە بە چەمکێکی تر کە قسەی لەسەر دەکرێت «لیڤانتیزم» کە واتای کەسێک کە کەلتووری خۆی لەدەستداوەو کەلتوورێکی زۆر ڕووکەشی ئەوروپای بەدەستهێناوە، بەواتا لە هەردوو کەلتوورەکە بووەو لەجۆرێک لە ڕووکەش دەژی، زۆر لەڕووکەشدا دەژی و رەگی نەماوەو بەهای نەماوە. بەڵام ئەگەر قسە لەسەر دەوڵەت بکەین لەم ناوچەیە، ئەوا پێویستە باسی خاڵی سەرەتا بکەین، کە بۆ من خاڵی سەرەتا لە محەمەد عەلییەوە بوو. محمەد عەلی ئەو خاڵی وەرچەرخانەیە کە ئەمجۆرە دەوڵەتەی ئێستا هەمانە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو. ئەو کەویستوویەتی سیستمی مۆدێرنی ئەوروپی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی ڕێکخاتەوە جارێکی دیو خۆی ببێت بە ئیمپراتۆر یان فەرمانڕوای. لەلایەکی دیەوە کارکردن بۆ ئەو کەلتوورەی کە بە لەناوبردنی ئۆپۆزسیۆن، ئەوەی کە نەیاری بووە میوانداری دەکات بۆ کۆشکەکەی پاشان هەموویان دەکوژێت، پاشان بەکارهێنانی هێز (وەک دەڵێن زۆر سەرسامی ناپلیۆن بووە). کە ئەمە درێژە هەیە، سەدام حسێن زۆر سەرسامی ستالین بووە.. ئەمەش بوونی خەونێکە بۆ ئەوەی چۆن سەرکردەیەک بیت، چۆن دەوڵەتێک بنیاد نێیت، کە هەموو ئەمانە لەئارەزووی شەخسییەوە سەرچاوە دەگرن. کە جۆرێک لە سیستم دروست دەکات بۆ ئەوەی لەخزمەتی خۆیدا بێت. بۆ من ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ دروستبوونی ئەمجۆرە لەسیستمی سیاسی کە لەدەوڵەتدا خۆی دەبینێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**کۆنسێپت: ئێوە مەبەستتان لە نوێکردنەوەیە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەسەلەی کۆلۆنیالیزم و نوێکردنەوەی سیاسی و دروستبوونی دەزگای دەوڵەت. پرسیارەکە ئەوەیە ڕۆڵی دەوڵەت چییە لە نوێکردنەوەی کۆمەڵگادا؟**

**سەردار عەزیز:** پرسیارەکەی من کردم ئەوەبوو، بۆچی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیتوانیوە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن بەرهەمبهێنێت؟ بۆچی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات نەبوونەتە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن کە بەوشێوەیەی لە خۆرئاوا هەیە، سەرباری ئامادەبوونی مۆدێرنە زیاتر لە دوو سەدە؟ وەڵامی

من ئەوەیە، کە لەم ناوچەیەدا جۆرێک لە دەوڵەت دروستبووە کە ڕێگرە لە وەدیهێنانی ئەو مۆدێرنەیە. پرسیار لەسەر ئەوەی کە ئەو مۆدێرنەیە چۆن هاتووە؟ بەچ شێوازێک هاتووە؟ کاریگەری لەسەر کێ هەبووە؟ هەموو شایەنی گرنگیدانن، بەواتا کەناڵەکانی گەیاندنی مۆدێرنە شایەنی لەسەر وەستانە. بۆ نمونە هێرشی ناپلیۆن یەکێکە لە هەرە دیارترینی شێوازی هاتنی مۆدێرنە بۆ ئەم ناوچەیە. پرۆتستانتەکان لە لوبنان و سوریا مۆدێرنەیان هێناوە بۆ ئەم ناوچەیەو قوتابخانەیان کردۆتەوەو کەلتووری عەرەبییان زیندووکردۆتەوە. بۆ نمونە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت سەرەتا مژدەبەخشە. پاشان ڕێژەی کۆلۆنیالیزمی ڕاستەوخۆ «ئینگلیز» دەیویست لەسەر شێوازی خۆی دەوڵەت دروستبکات لە عێراق. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بۆم شێوازێک لەدەوڵەت هاتووە کە ڕێگرە لەوەی مۆدێرنە بێتە ئاراوە، چونکە لە خزمەتی ئەودەوڵەت و نوخبە سیاسییەدا نییە. ئەگەر مۆدێرنە بێت ئەبێت مافی مرۆڤ ڕێزی بگیرێت و هاوڵاتی دروستبێت و پانتایی گشتی هەبێت و کۆمەڵگا هەبێت بەو مانایەی دان بەجیاوازییەکاندا بنێت. دەسەڵاتەکان جیابکرێتەوە.. ئەمانە ڕێگەیان پێنەدراوە چونکە لە خزمەتی نوخبەی سیاسیدا نەبووە، ئیدی ئەمە وایکردووە مۆدێرنە ببێتە ئامرازێک.

بەڵام کاتێک ئێمە مۆدێرنە دەهێنین بۆ ناو کەلتوورێک، کە خۆی کەلەپوورە یان ترادسیۆنە، ئەو ترادسیۆنە دەستکاری دەکرێت و گۆڕانی بەسەردا دێت. بەڵام ڕێگری لەم هاتنە وایکردووە ئەمەی لێرە هەمانبێت جۆرێک بێت لە شکست. شکست لەوەی بگەینە مۆدێرنە، شکست لەوەی لە ترادسیۆندا ڕیفۆرم بکەین. کەواتە دۆخێکی ناوەند دروستدەبێت، نە کەلەپوور چاکسازیی تیاکراوە، نەمۆدێرنەش هاتۆتە ئاراوە، دۆخێک لە تێکەڵی دروستبووە، لێرەوە ئەو چەمکەی من دامهێناوە«.....failed modern state.» شکستەکە مانای ئەوەیە نەتوانیمانە پچڕان لەگەڵ کەلەپور دروستبکەین نە توانیویشمانە بگەینە مۆدێرنە، ئەم دۆخە شکستەش وایکردووە ترادسیۆن و مۆدێرنەش ببن بە ئامراز بۆ نوخبەی سیاسی. ئیدی بیرۆکراتیەت ئامرازە، سوپا ئامرازە، تەکنەلۆژیا ئامرازە، لەڕووی ترادسیۆنیشەوە مزگەوت ئامرازە، خیتابی دینی، تیرەو خێڵ...ئامرازە. هەموو ئامانە ڕۆڵی ئامرازو دەسکەلا دەبینن، چونکە لە قۆناغێکی شکستخواردوودان بەوەی کە مۆدێرنە کاری تێکردون، بەڵام پچڕانی لەگەڵدا دروستنەکردن و مۆدێرنەش جێی پێ نەکردونەتەوە.

**کۆنسێپت: ئێوە بۆ خۆتان بڕواتان وایە مۆدێرنە دیاردەیەکی خۆرئاوایی بێت؟ یان دیاردەیەکی گەردوونییەو ئەشێ بۆ ئەپڵایکردنی بۆ کۆمەڵگای دی؟**

**سەردار عەزیز:** ئەنتۆنی نێگریَ و تۆنی هانردێت، کتێبێکیان هەیە بەناوی (.. empire.) لەو کتێبەدا باس لەوە دەکەن کە دوو مۆدێرنە هەبووە لە مێژووی ئەورووپا، مۆدێرنەیەک کە مرۆڤ وەک بوونەوەر سەیردەکات، کە پێویستە ئازاد بێت، خاوەنی دەسەڵاتبێت، لە کۆمەڵگایەکی مرۆڤانەدا بژی..، ئەمان وا ناو لەم مۆدێرنەیە دادەنێن بە مۆدێرنەیەکی شۆڕشگێرانەیە. لەبەرامبەر ئەمەدا، مۆدێرنەیەکی دی هەیە، ئەیەویَ ئەم مۆدێرنەیە هاوسەنگ بکات، یان وەڵامی ئەم مۆدێرنەیە بداتەوە، کە پێی دەڵێن مۆدێرنەی دژە شۆڕش یان مۆدێرنەی سەرمایەدار، ئەوان بڕوایانوایە ئەو مۆدێرنەیەی سەرکەوت مۆدێرنەی سەرمایەداری بوو، کە مۆدێرنەی سەرمایەداری سەرکەوت پێویستی کۆلۆنیالیزمە، پێویستی بۆ کۆیلەیە، پێویستی بە ئیستیعمارەو پێویستی بەوەیە بچێتە دەرەوە، پێویستی بە کەرەستەی خاوە.. پێویستی بەدامەزراندنی سیستمێکە کە چەق و پەراوێزو من و منی باڵاو منی بە ئاگا.. هەیە. ئەتوانین مۆدێرنە واسەیر بکەین کە ئەم گوتارە هێشتا هەر ماوە، چەپ و ڕاست هەر هەیە، چەپ گوتارێکی گشتگیرە بەڵام ڕاست گوتارێکی سنووردارەو تایبەت بە ڕۆژئاوا. لەبەرئەوە مۆدێرنەیەک هەیە خەون بەوەوە دەبینێت کەسنووری نەبێت و جیهانی بێت، مۆدێرنەیەکیش هەیە تایبەتە بە کەلتوورێک، یان شێوازێک. بەبڕوای من زۆربەشی مۆدێرنە بەشێکە لە سروشتی کۆمەڵگاکان، بۆ نمونە خۆنوێکردنەوە، زانست، پچڕان.. ئەمەش وایکردووە هەندێ بەشی مۆدێرنە کەڵچەری بێت، هەندێکی گشتی بێت، بۆ نمونە گەشەی عەقڵ پەیوەندی نییە بە کەلتوورەکانەوە، دەشێ لە هەموو کەلتوورێکدا ڕووبدات، بەخۆداچوونەوە، ڕیفۆرم لە ئاین یان کەلتوور.. دەشێ لە هەموو شوێنێک ڕووبدات. لەبەرئەوە بەشێکی زۆری مۆدێرنە جیهانییە هاوکات بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانەی مۆدێرنە بەرهەمی هێناوە تایبەتە بە کەلتوورێک. بۆ نمونە پرۆستانتیزم، تایبەت بە کەلتووری ڕۆژئاوا، کاتێک کاتۆلیک چاکسازیی تیا دەکرێت، پرۆستانتیزم بەرهەمدەهێنێت، کە پرۆستانتیزم بەشێکی تایبەت لە ڕۆژئاوا، کە ئەمەش دەبێتە بنەما بۆ ئەو دەوڵەتەی هەمانە. لەبەرئەوە ئاسان نییە بڕیار بدەی ئایا مۆدێرنە تایبەتە بەکەلتوورێک یان چەندێکی تایبەتە بەکەلتوورێک و چەندێکی تایبەتە بۆ مرۆڤ.

**کۆنسێپت: ئەگەر گریمان دەوڵەت مۆدێلێکی تازە بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەردا کە بەرهەمی کۆڵۆنیالیزمن، بەڵام دەوڵەت ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە نوێکردنەوەی کۆمەڵگایە، لەکەرتە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە کەلتووردا و لەسیاسەتدا، چونکە ئەم مۆدێلە نوێیە لەگەڵ خۆیدا سروشتی کۆمەڵگاشی گۆڕیوە، بەڵام گرفتەکە لەچیدایە، کە بەشێکی زۆر لەو کەلتوورە کلاسیکییە جارێکی دی دەگەڕێتەوە بۆ ناو چەقی دەوڵەت خۆی؟ قابیلە دوای ئەوەی لاواز دەبێت لەمێژووی سیاسیدا بەڵام جارێکی دی لەڕووی رەمزییەوە دەگەڕێتەوە ناو چەقی دەوڵەت؟**

**سەردار عەزیز:** کاتێک کۆڵۆنیالیزم هات بۆ ئەم ناوچەیە جۆرێک لە دەوڵەتی دروستکرد، کە سنووردار بوو، تایبەت بوو بە دوو نوخبە نوخبەیەکی دەرەکی و نووخبەیەکی ناوەکی، کاتێک ئەو نوخبە دەرەکییە ڕۆشتن، نوخبە ناوەکییەکە مایەوە، بەبڕوای زۆرێک لە شارەزایان، بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە تیۆرەی مۆدێرنەیزەیشن باوبوو، تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن دەوڵەت بەڕێوەبەرن کە مۆدێرنبوون، یان شارەزابوون لە مۆدێرن و عەقڵ و بیرۆکراسیەت و زمان، لەبەرئەوە لەئەنجامدا ئەوان خۆشیان ویستیان ئەوە بکەن ئەوەبوو نوخبەیەک دروستبوو، بۆیە دەوڵەت بوو بەشتێکی نوخبەویی و وەهاش مایەوە، ئیدی ئەم نوخبەیە دەیویست بمێنێتەوەو داکۆکی لە دەسەڵاتی خۆیکردو پێگەی خۆی پاراست بەهەر هۆکارێک بێت، تیرە شێوازێکی شوناسە کە داخراوە، بۆنمونە لەسوریا حکومەتێک هەیە کە عەلەویە، واتە عەلەویەتی بوونی دەسەڵات، دەسەڵاتی باڵا دادەخات لەناوەندێکدا، واتە رەوایەتی دەبەخشێت بە کۆمەڵێک کەس، جیای دەکاتەوە لە خەڵکی دی، واتە شتێکی زانراوە لەسوریا گەر عەلەوی بیت لە سوریا مافت زیاترەو پێگەت باشترە.. بۆیە کار بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت کراوە لەپێناو بەرژەوەندی دەستەبژێردا. دەسەڵات لێرە دەخرێتە بازنەیەکی داخراوەوە، چەند جۆرێک لەشەرعیەتی ڕۆژهەڵاتی دراوەتێ، لەبەرئەوەی ئەم سەر بەوتیرەیە، ئەم تیرەیەش تیرە سەر بەدەسەڵاتە لەبەرئەوە ئەم تیرەیە پشکی شێری بەردەکەوێت لە هەموو سوودەکاندا. گەڕانەوەی کەلتوور بۆ ئەوەیە ئەو شوناسەی دەوڵەت بەخۆی دەدات، جۆرێک لەشەرعیەت وەرگرێت کەشەرعیەتی داخراوەو دابڕاوەو نامێژووییە، ئەوەنییە کە بەپێی گۆڕانە ئابووری و کەلتوورییەکان بگۆڕێت. کارکردن بۆ هێشتنەوەی بنەماڵەوە وەک لە سعودیە یان هێشتنەوەی تیرەی

خۆت بهێڵیتەوە، کەواتە تۆ سنورێک دیاری دەکەیت بۆ ئەوەی کێ دەسەڵاتی باڵای هەیە، شوناسێک دیاری دەکەیت، خۆت جیادەکەیتەوە لەوانی دی، شەرعیەت دەدەی بە خۆت بۆ هەمووشتێک، بۆیە لەناخی ئەوانی دیدا شتێک دەچێنرێت کە بڵێن ئێمە بۆمان نییە ئەوە بکەین چونکە لەوان نیم. بۆنمونە لەسعودیە هەموو کەسێکی سعودی بۆی نییە خەونێکی وەک ئەوەی هەبێت کە بڵێت من بۆم هەیە ڕۆژێک ببم بەمەلیکی سعودیە، خەونبینین بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی باڵا بۆ هەموو کەسێک نەهاتووە گەر خەونیش ببینێت ناهێتە دی چونکە سیستمێک هەیە ڕێگە بەمە نادات، چونکە ئەمانە شوناسی دراوەتێ لەلایەن چەندین هێزەوە. بەخەڵک گوتراوە کەشێوازی دەسەڵات تایبەت بۆ هەموو کەسێک نییە، بۆیە ترادسیۆن زۆر پێویستە بۆ مانەوەی ئەو کەلتوورە مۆدێرنە شێواوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

**کۆنسێپت: کەواتە لێرەدا فاکتەری کەلتووریی گرنگە؟**

**سەردار عەزیز:** بەبڕوای من یەک فاکتەر نییە کە بڕیاردەر بێت. ڕاستە کەلتوور ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئابووری و پەیوەندی نێودەوڵەتی و پێگەی هێزە جیهانییەکان و ئامادەبوونیان ڕۆڵی گرنگ دەبینن. تەنیا یەک شت ڕۆڵی نییە. هەموو ئەمانە لە سیستمی دەوڵەتدا هەماهەنگ دەبن و پێکەوە ڕۆڵ دەبینن، یان بەجیا یان بەهاوسەنگی ڕۆڵیان هەیە، هەریەک لەو کایانە.

**کۆنسێپت: ئێوە باستان لەو کایانە کرد کە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لەسیتمی دەوڵەتدا، بەڵام باسی زمانتان نەکرد، بۆیە دەکرێت بپرسین زمان ڕۆڵی چییە لە دەوڵەتی مۆدێرنەدا؟ بەو پێیەی بوونی زمانی ستاندارد یەکێکە لەبنەماکانی دەوڵەت، هاوکات زمانی ستاندارد ڕۆڵ دەبینێت لە دروستکردنی کەلتوورێکی سەراپاگیردا بۆ دەوڵەت، دەکرێت بەگشتی لەسەر ڕۆڵی زمان بدوێن لە بنیاتانی دەوڵەتدا؟ یان نمونەی کورد کە چەندین زارۆچکەی هەیەو زمانێکی ستانداردی نییە، ئەمە گرفت نییە؟**

**سەردار عەزیز:** زمانی ستاندار یەکێکە لەو پێویستیانەی کە لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرندا هاتووە، واتە دەوڵەتی مۆدێرن سنورێکی دیاریکراوو ناوەندێکی دیاریکراوی هەیەو دەیەوێت بەهەموو خەڵکەکانی بگات، کاتێک تۆ ئەتەوێت بە هەموو هاونیشتمانیان بگەیت ئەوا پێویستە زمانێکی هاوبەش بدۆزیتەوە کە هەموو خەڵکەکان هاوبەشبن تیایداو لێکتری بگەن. بۆ نمونە دەتوانین

دۆخی خۆمان (باشووری کوردستان) وابخوێنینەوە نەبوونی زمانی ستاندارد واتای نەبوونی دەسەڵاتێکی یەگرتوو. واتە نەبوونی یەک سەروەر. واتە بوونی زمانی سۆرانی لێرە واتای بوونی سەروەرێک لێرە بەڵام بوونی زاری کرمانجی واتای بوونی سەروەرێکی دی. واتە سنووری دیاریکراو هەیە بۆ سەروەری، لەکاتێکدا یەکێک لە خاسیەتەکانی دەوڵەتی مۆدێرن بوونی یەک سەروەرە، گەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەکەی ماکس ڤیبەر قۆرغکردنی توندوتیژی لەدەستی سەروەردا. کەواتە کاتێک یەک سەروەر هەیە ئەیەوێت سەرتاپا دەسەڵات بگرێت بەسەر دەوڵەتدا، کە ئەبێ شێوازێک هەبێ کە هەموو ئەندامانی دەوڵەت بتوانن، لەگوتارو داواو و خیتابەکانی سەروەر بگەن و پێیان بگات، هەتا ئەوانیش بەشیان هەبێت لەو دەوڵەتەدا، بۆ نمونە ئەگەر لەکوردستان حکومەتێکی بەشێواز مۆدێرن دروستبوو ئەوا بەناچاری زمانی ستاندارد بەرهەمدێت، چونکە تۆ پێویستت بەوەیە کاتێک دەڵێت ئەمە زمانی ئەم دەوڵەتەیە ئەبێ دهۆکییەک و سۆرانییەک وەک یەک لێت تێبگەن. بەنمونە کاتێک بەیانێک دەردەکەیت. کەواتە زمانی ستاندارد یەکێک لەو پاشهاتانەی دەوڵەتی مۆدێرن لەگەڵ خۆیدا هێناونی.

**کۆنسێپت: دەوڵەتی مۆدێرنە وەک باسی دەکەن پێویستی بەیەکبوونە، پرسیارەکە ئەوەیە لەم یەکبوونەدا تاچەند دڵنیایی هەیە بۆ نەکوشتنی جیاوازی؟ بەواتا ئەم یەکبوونی زمان و کەلتوور.. هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی جیاوازی لەناوبەرێت؟**

**سەردار عەزیز:** وەڵامی ئەم پرسیارە ناچارمان دەکات بێین بۆ پۆستمۆدێرنە. ئەگەر لەدیدی پۆستمۆدێرنەوە سەیری دەوڵەت بکەین، دەوڵەت شتێکی چەوسێنەرە، بکوژی جیاوازییەکانە، بۆ نمونە دەوڵەتێکی وەک فەڕەنسا، دەوڵەتێکە کە زۆر چەقێکی تایبەتی هەبووە، ئەڵێن هەموو هێڵە شەمەندەفەرەکان ئەڕۆن بۆ پاریس لەوێوە زمان زاڵبووە بەسەر ئەوانیتردا، دیالێکتی (پاریسی) بووە بەزمانی فەڕەنسی زمانەکانی دی هەر لەناوچوون. ئەمە بەشێکبووە لە تراژیدیای مۆدێرنە، کە لە پۆستمۆدێرنە دانی پێدانراوە. لەپۆستمۆدێرنەدا دەبێ پەراوێزەکان بدوێن، جیاوازییەکان دەبێت دانیی پیادابنرێت و دەبێت دیالۆگ هەبێت لەنێوان جیاوازەکاندا، ئەگەر جۆرج ئاگامبین وەربگرین دەوڵەت لای ئەو واتای سیستمێکی سەرکوتکەر، سیستمێکە مرۆڤ ڕووتدەکاتەوەو سەرلەنوێ بەرهەمی دەهێنێتەوە. بۆیە ئەگەر

لەڕووی مۆدێرنە خۆیەوە سەیری دەوڵەت بکەین ئەوا دەوڵەت کۆمەڵگایەک دروستدەکات لەناو سنوورێکی دیاریکراودا کە یەک کەلتووریەک زمان و یەک بەهاو یەک سیاسەتی هەبێت، بەڵام لە پۆستمۆدێرنە ئەمانە هەمووی رەخنەدەگرێت و وادەردەکەوێت کە ئەمانە هەمووی شمولیەتە، بۆنمونە لای گامبین ئەوپەڕی مۆدێرنە (باشترین دەوڵەتی مۆدێرنە) کامپە، کە ئەوپەڕی شێوازی سەرکوتکردنەو چەوساندنەوەو کوشتنە، ئەمە بە ئەوپەری گەشەی شێوازی دەوڵەتی مۆدێرن دادەنێت.

**کۆنسێپت: باشە گریمان فاشیزم، نازیزم، کەمپ، هەموو ئەم شتانە بەرهەمی مۆدێرن بن، کەواتە ئەبێت کۆدەنگیەک لەسەر چەمکی مۆدێرنەتی خۆی دروستبکەین، ئایا مۆدێرنەتی خۆی چییە؟ ئایا دەتوانین بڵێین گەشەسەندنی مۆدێرنە بەرەو فاشیزم دەچێت یان ئەمە تەنیا جۆرێکە لەخوێندنەوە؟**

**سەردار عەزیز:** لای فۆکۆ تەنانەت لیبرالیزم، ئەوەی کە حوکم دەکات، بەشێوەی پاسیڤ، هەمانشێوازە لەگەڵ فاشیزمدا، چونکە هەموو ژیانی تۆ دەکات بە سیاسەت، فۆکۆ لەکتێبی مێژوی سێکسواڵێتی، لەبەشی یەکەمدا، لەزەمانی ئەرستۆدا سیاسەت شتێک بوو مرۆڤ ئارەزووی هەبوایە دەیکرد، بەڵام لەسەردەمی ئێستادا، بەهەر شێوەیەک بژیت لەنێو کایەی سیاسەتدایت، بەشێکی دانەبڕاوای لەو سیاسەتە، واتە مرۆڤ ئازادی نییە لەدەرەوەی سیاسەت لەسەردەمی مۆدێرنەدا، لە لیبرالیزمدا، فۆکۆ وایدەخوێنێتەوە کە مرۆڤ چۆن حوکم دەکرێت و بەشێوەیەک ژیانی لێدەسەنێتەوە، ژیانی مرۆڤ دەبێت سیاسیانە بێت، ژیانی مرۆڤ کۆنترڵدەکرێت و ڕێکدەخرێت. تەواوی مۆدێرنە بە رەشبینیەوە دەیبینن، بەڵام گەر دیدی هابرماس وەربگرین، ئەو دەڵێت مۆدێرنە بواری خۆنوێکردنەوەی هەیە، بواری تێدا هەیە چونکە سیستمێکی کراوەیە، هەرگیز بەکۆتایی ناگات، چونکە توانای رەخنەگرتنی خۆی هەیە. ئیدی گرنگ ئەوەیە چۆن لێی دەڕوانیت بۆیە ناتوانین شوناسێکی بدەینێ، چونکە هێندەی شت تیایە، بۆ نمونە سۆڤیەتمان هەیە، نازیەتی ئەڵمانی و فاشیەتی ئیتالیمان هەیە، کۆلۆنیالیزمان هەیە، مارکس مان هەیەو جۆن لۆکمان هەیە، بەڵام ئەوەی من دەیبینم مۆدێرنە پچڕانێکە لەگەڵ کەلتووری سەدەکانی ناوەڕاستدا. بۆ ئەوەی زانست و عەقڵ و مرۆڤ باڵادەستبن، ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە ئاین نەماوە، بۆ نمونە، بە سەنتەر وەرگرتنی مرۆڤ جۆرێکە لە ئاینگەرایی، چونکە گەر دیکارتیانە بیرکەیتەوە بڵێت «من

بیر دەکەمەوە کەوایە هەم» ئەمە ئەوپەڕی متمانەکردنە بە عەقڵ، واتە تۆ گومانت لە عەقڵت نییە، واتە کە بیرتکردەوە ئیدی شتەکان دەهێنیتە بوون، واتە جۆرێک لەخوایەتی بەخۆت دەبەخشی، هەرچەند ئەم پچڕانە لەگەڵ ئایندایە بەڵام شێوازێکی دی وەردەگرێت پەیوەندییە ئاینییەکە. لەبەرئەوە گەر بڵێین مۆدێرنە شوناسی هەیە، ئەوا خۆمان بۆی دادەنێین، چونکە شوناسی زۆری هەیەو دیاریکراو نییە.

**کۆنسێپت: کەواتە ئەگەر مۆدێرنە دابڕان بێت لەتەک سەدەکانی ناوەندا، ئەتوانین بڵێین ئەو دابڕانە دابڕنێکی گڵۆباڵە؟ یان ئەو دابڕانە لە زەمینەیەکی جوگرافی دیاریکراودایە؟ ئێمە دەتوانین قسە لەسەر دابڕانێکی واتای (فیکری) بکەین، بەنمونە لەجیهانی عەرەبی ئیسلامیدا؟**

**سەردار عەزیز:** نا چونکە دووبارەکردنەوەی ئەزموونێک کە لەشوێنێکدا ڕوویدا لەجێگەیەکی دی (ژینگەیەکی دی) مەحاڵە. پرسین لەوەی کە ئایا عەقڵ چییە؟ ئایا لەنێو کەلتوورەکەدا دەمێنێتەوە؟ یان لێی دائەبڕێت؟ ئایا چ جۆرە سەروەریەک وەردەگرێت؟ ئەمە ئەمانباتەوە سەرئەزموونی تورکیا، بۆئەوەی تورکیا لە کەلتووری ئیسلامی دابڕێت (وەک نمونەیەک) پێویستی بەوەیە خۆی بخاتە نێو باوەشی کەلتووری ڕۆژئاواییەوە بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بدات بە عەقڵ و بیرکردنەوە، بەڵام لێرەدا ئەوە نییە کە مۆرکی ئاین ونبێت کە عەقڵەکە واخۆی دەربخات کە نوێیە تووشی قەیران دەبێت، یەکێک لەو شتانەی کە زۆر رەخنەکراوە لەلایەن فۆکۆوە عەقڵە، بڕوابوونە بەو باڵادەستیەی عەقڵ، بڕوابوونە بەو هەژموونیەتیەی عەقڵ. بۆیە ئەگەر مۆدێرنە بڕواسەندنەوەبوو لەخواو بڕوا بەخشین بوو بە مرۆڤ، پۆستمۆدێرنە دێت گومان دەخاتە سەر هەموو ئەو توانایە، هەموو شتەکان بەئەفسانە لێکدەداتەوە، تەنانەت زانسیش، بۆیە گەر عەقڵ لەدیدی مۆدێرنەوە لێی بڕوانین زۆر سەنتراله بەڵام گەر عەقڵ لەدیدی پۆستمۆدێرنەوە لێی بڕوانرێت شتێکی ئەفسانەیە.

**کۆنسێپت: ئەگەر لەڕووی سیاسییەوە لە مۆدێرنەتە بڕوانین، مەسەلەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان یان کۆمەڵگای مۆدێرن و کۆمەڵگای مەدەنی بەدەوڵەتەوە، ئەو پانتایەی دەکەوێتە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت و دروستکردنی هاوڵاتی و ئازادی خودی و.. هەموو ئەم دیاردانە دەکرێت تاقیبکرێتەوە، لەکۆمەڵگایەکدا کە کەلتوورەکەی ئیسلامی بێت؟ بەدیدی تۆ ئیسلام خۆی لە جەوهەردا کێشەی لەگەڵ مۆدێرنە هەیە؟ ئاینیش دیاردەیەکی**

**مێژووییە؟**

**سەردار عەزیز:** منیش هاوڕاتم، لێرەدا دوو دید هەیە، یەکەمیان، قوتابخانەیەک هەیە پێی دەڵێن مۆدێرنەیزەیشن، (تحديپ) ئەمان بڕایان وایە ئەگەر هەندێک کاربکەیت، ئەگەر دەسەڵاتەکان جیابکەیتەوە، یان گەر کۆمپانیا دابمەزرێنیت، ئەگەر هەندێک هەنگاوبنێیت ئەوا تۆ بەرەو مۆدێرنە دەڕۆیت، لەئەنجامدا دەگەیتە مۆدێرنە. بەڵام ئەم تیۆرە هەنووکە شکستی هێناوە، ئەگەر بێین ئەو شتانەی لەفەڕەنسا ڕوویدا لەسەدەی هەژدەوە تا سەدەی بیست، ئەگەر لەکۆمەڵگای کوردیدا ئەو هەنگاوانە بنێین و هەموو ئەو کارانە بکەین. شۆڕش بکەین و دەوڵەت دروست بکەین، سەرئەنجام گەرەنتی نییە کە ئێمە دەگەینە هەمان دەوڵەت کە ئێستا لەفەڕەنسا هەیە، بۆیە ئەوەی کە چی وەردەگریت؟ چۆن وەریدەگریت؟ چۆن دەیکەیتە بەشێک لە کەلتووری کۆمەڵگاکەت، هەموو ئەمانە پرۆسەی ئاڵۆزن، واتە ئەبێت میتۆدەکە وەربگریت لەرۆژئاوا، ئەبێت بیسەپێنیت بەسەر کەلتووری خۆتدا بۆئەوەی بەرەو نوێبوونەوە بچیت، بەڵام بەدیدی من قەیرانی گەورە لەوەدایە، ئێمە دەرئەنجام وەردەگرین و ئەگەر پیادەی بکەین ئەوا دەگەینە هەمان دەرئەنجام، ئەم عەقڵە لەڕووی مێژوویشەوە شکستی هێناوە، بۆیە دێین عەلمانیەت دەکەوینە ئاین (لەبەرامبەر ئاینی ئیسلامدا)و دەکەوینە شەڕ لەگەڵ ئایینداو لەئەنجامدا کە ئەزموونی تورکیا دەدۆڕێت، بەبێئەوەی بێین کار لەسەر ئەوە بکەین کە ئاینی ئیسلام خۆی هەوڵی تێگەیشتنێکی نوێ و کرانەوەی و پیاچوونەوەی بدەین.

**کۆنسێپت: سەبارەت بەوەی میتۆدێک هەبێت و ئەو میتۆدە پراکتیک بکرێت لە ژینگەیەکی جودادا، (میتۆدەکە ڕۆژئاواییە، بەڵام لە ڕۆژهەڵات پراکتیک دەکرێت) ئەم کارە پێتوایە بەبێ کردەی موتوربەکردن کارێکی شیاوبێت؟ بەواتا موتوربە وەک چەمکێک چەند ڕۆڵدەبینێت لە سەرخستنی ئەو نێواندژیەی هەیە لەنێوان ژینگەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی؟**

**سەردار عەزیز:** خۆی پێویستە ئەوەی دەیگوێزیتەوە بەباشی لەپاشخان و سەرهەڵدانی تێگەیشتبیت کە لەئەوروپا سەریهەڵداوە بەنمونە، پاشان چۆن دەیگوێزیتەوەو چۆن دەیناسێنیت بە کەسێکی ڕۆژهەڵاتی، دەتەوێت لەچ بوارێکدا ئەم کارەبکەیت. بۆ نمونە لەبواری ئابووریدا چاکسازی بکەیت زۆرینە لەگەڵتدا بێت لەکوردستان بەڵام کەمینەیەک کە بەرژەوەندیان ڕاستەوخۆ دەکەوێتە مەترسیەوەو دەشێ بەهێزبن لەگەڵتدا نین و دەشێ لەمپەرت بۆ

دروستبکەن، بەڵام گەر چاکسازیی لەبواری ئایندا بکەیت دەشێ بەپێچەوانەوە زۆرینە لەگەڵتدا نەبێت و لێت بتۆرێن، واتە ئەوەیە کێشەی کرداری زۆر دروستدەبێت. بۆیە تۆ دەتەوێت لەچ بوارێکدا چاکسازیی بکەیت؟ چۆن دەیکەیت؟ چۆن چاکسازیی دەناسێنت؟ ناتوانیت بڵێیت نیچە ئەڵێت «خوا مرد» ئیدی ئەمە لێرەش بکەیتە دروشم و بیڵێیتەوە ئەبێت بزانیت توانای وەرگرتن لەو بوارەدا چەندە، توانای بیرکردنەوەو تێگەیشتن لەو بوارەدا چەندە، توانای موتوربەکردن لەوبوارەدا چەندە. موتوربەکردن واتە پێکەوە گرێدانی دوو شتی جیاواز بۆ بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ. کە ئەمە پرۆسەیەکە زۆر قسەی لەسەر دەکرێت لەپۆست کۆلۆنیالیزمدا، واتـە دوو کەلتوور (دوو شت) هەیە تێکەڵی دەکەیت بۆئەوەی شتی سێیەمت دەستکەوێت، موتوربەکردنیش هەمان شتە، تۆ ئەبێت رەگی هەردوولا تەواو ئاگاداربیت و باش هەردوولا بناسیت و بزانیت چی بەرهەمدەهێنێت، هاوکات ئەوە گرنگە کێ بەم کارە هەڵدەستێت؟ بۆ چ ئامانجێک ئەم کارەدەکات؟ ئەیەوێ چ دەستکەوتێکی دەستکەوێ؟ ئەو ئەکتەرانە کێن؟ ئەو کەسانەی پرۆسەکەیان بەسەردا دەسەپێنرێن دەبێ تەواو بناسرێن. ئەمانە هەمووی بایەخی خۆی هەیە، لەبەرئەوە دەشێ شتێک زۆر بەقازنج و بەسوود بێت بەڵام کاتێک بەخراپ دەناسێنرێت ببێتە هۆی شکست.

**کۆنسێپت: لەدوای ڕوخانی عێراقەوە مەسەلەی کەلتووری ئەمەریکانیزەیشن زۆر تێبینی دەکرێت لـەم وڵاتـە، مەسەلەی چارەسەرکردنی ئابووری، چارەسەرکردنی کۆمەڵایەتی هەمان لێکچوون بەدیناکرێت کە کاتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی دەردە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەمەریکا گرتیانە بەر؟**

**سەردار عەزیز:** خۆی یەک شت هەیە لە کەلتووری ئەمەریکا لەڕێگەی شتەوە دێت کاردەکات نەک لەڕێگەی وشەوە، کەلتووری ئەورووپی لەڕێگەی وشەوە هات، لەڕێگەی بیرەوە هات بەڵام کەلتووری ئەمەریکی لەڕێگەی جلوبەرگ و فیلم و وێنەو دەسەڵات و تواناو ئەمانەوە هات، خەڵکیش بەرەوپیری دەچێت و پێشوازی لێدەکات و بەکاریدەهێنێت، هەتا هەستبکات کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەبەرئەوە کەلتووری ئەمەریکی بەئاسانی پیادەدەکرێت، چونکە ڕووبەڕووبوونەوەی شتێکی عەقڵی نییە. شتەکە مادییەو زۆر کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو هەست و ڕۆحی ئینسان و تێگەیشتن و دنیابینی نییە (یان بشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری نییە)، بۆیە کەلتووری ئەمەریکی

دەشێ چانسی زیاتر هەبێت بۆئەوەی تێکەڵبکرێت، بۆئەمەش کار دەکرێت ئەمەریکا خۆشی ئەمە ناشارێتەوە (جۆزیف نای)کتێبێکی هەیە (سۆفت پاوەر) دەڵێت ئەگەر خەڵکێک ئاشنابکەیت بەکەلتوورەکەی خۆت، ئاسانترە تا ئەوەی مامەڵەیان بکەیت، جا ئەمە بۆ خۆی پرۆسەیەکی ئابووریشە بۆ نمونە کاتێک تۆ ئاشنا دەبیت بەشێوازی ژیانی ئەمەریکی کەواتە ئەوەی لە ئەمەریکا بەرهەمدەهێنرێت تۆ دەبیتە بەرخۆر، کە ئەمە چەندین رەهەندی هەیە. بۆیە ئەمەریکانیزەیشن لەهەموو دنیا زیاتر سەرکەوتوو بووە، بەبەراورد بە ئەورووپازەیشن.

**کۆنسێپت: ئەوە کەلتووری ئەمەریکییە یان کەلتووری ئینگلیزی خۆیەتی؟ چونکە کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی هەر لەسەرەتاوە دەستکاری کەلتووری نەکردووەس؟**

**سەردار عەزیز:** ئەتوانین بڵێین ئەگەر کەلتووری ئەمەریکی بگەڕێنینەوە رەگێکی قووڵی لە کەلتووری ئینگلیزیدا هەیە بەوەی رۆژێک لەرۆژان لەندەن پایتەختی ئەمەریکا بووە، زمانەکەیان هاوشێوەیەو کایگەریان زۆر هەبوو لەسەر کەلتووری پرۆستانتی ئەمەریکی. ئەتوانین هاوشێوەیەکی زۆر بدۆزینەوە، ئایا ئەمەریکا میراتگری کەلتووری بەریتانییە یان سەرجەمی ئەورووپایەو بەشێوازی خۆی بەرهەمی دەهێنێتەوە ئەمانە شتی زۆر هەڵدەگرن.

**کۆنسێپت: گریمان ئێمە لەدۆخێکداین لەڕووی ئابوورییەوە بەجۆرێک بەلیبرالیزمدا دەڕۆین. بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان و لەعێراقیش ئەگەر فاشیزم یان تۆتالیتاریزم بەند بێت لەسەر ئابووری و تاک ئایدۆلۆجی و سیستمی تاک حیزب و تاک سەرکردە. تا چەند ئەرزشی ماوە جارێکی دی دروستبوونی دیکتاتۆریەت لەکوردستاندا؟**

**سەردار عەزیز:** پێموایە بەو جۆرەو بەو دیدەی ئێوە گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەت (لەشێوەی سەدام حسێن) گرانبێت، هەرچەندە خەونی تۆتالیتاریزمی هەیە لەعێراقدا لەشێوازی ئاینی، ئیدی چ توندڕەوی سونیە یان شیعەگەراییە، ئەوە بڕواناکەم شتێکی شاراوە بێت. بەڵام ئەو شێوازە ئابووریەی لێرە هەیە جۆرێکە لەنیو لیبرالیزم بەشێوازێکی زۆر پەرش و بڵاو. ئەگەر لەئەمەریکا سەرمایەدار هەیە ئەوا لێرە دەسەڵات ئەو سەرمایەدارەیە کە ئەیەوێ ئابووری لەقاڵببدا. بەڵام ئەمە ناکرێت تۆبێیت حکومەتێکی بچووک دروستبکەیت و بازاڕ ئازادبکەیت و بازاڕکێشەکان چارەسەربکات و بازاڕ بڕیاردەربێت. ئەمە

لەکۆمەڵگای ئێمەدا نابێت چونکە بازاڕ شێوازێکی وەرگرتووە لەوەی چۆن یاریدەدەر بێت لەسەپاندنی سیستمی سیاسی، چونکە دەوڵەت لێرە پێویستی بەباج نییەو پێویستی بە داهات نییە لەبازاڕدا. بۆ نمونە لە کوردستان دامەزراندن کێشەیەکی سیاسیە لەبری ئەوەی کێشەیەکی ئابووری بێت هاوکات لەلایەن دەسەلاتیشەوە بەو دیدە دەبینرێت. بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی هێمنترت هەبێت ئەبێت بتوانیت زۆرترین خەڵک دابمەزرێنیت. هەربۆیە لێرە ئابووری لەخزمەتی سیاسەتدایە. لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین ئێرە لیبرالیزمە بەڵام توخمی لیبرالیزم یان باشترە بڵێین نیو لیبرلیزم زۆری تێدایە.

**کۆنسێپت: باشە گەر ئاڕاستە ئابوورییەکە بە ڕووی کرانەوە بڕوات لە کاتێکدا گەر کرانەوەی ئابووری هەبێت دەشێت سیستمێکی سیاسی داخراو دروستبکەیت؟**

**سەردار عەزیز:** خۆی لێرە کرانەوەیەکی ئابووری هەیە، بەڵام لەڕاستیدا کراوەیەکی داخراوە، واتە لێرە ئەو سەروەتەی هەیە ناکرێتە کۆمپانیای گەورە بۆ ئەوەی چینی ناوەند دروستبکات. واتە کاری سەربەخۆ دروستبکات، خەڵک ببێتە خاوەنکار بەبێئەوەی هەستبکات فشاری سیاسی لەسەرە. لەڕێگەی زانستەوە خەڵک ببێتە خاوەنکار نەک سیاسی، لەڕێگەی تواناو بەرەرەو هەوڵدانەوە نەک ڕێگەی سیاسی، بۆیە گەیشتن بەکار پرۆسەیەکی سیاسیە، لەئەنجامدا نابێتە هۆی دروستبوونی چینێک، کە خاوەنی کەلتوورو دنیابینی خۆی بێت. ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیەوە ئابوورییەکە لەبەرئەوەی لەسەر سامانی سروشتی وەستاوە بۆیە ئابوورییەکی کراوە نییە بەسروشتی خۆی، چونکە ئەوە نییە هەوڵبدات زۆرترین خەڵک بخەیتە سەرکار بۆئەوەی زۆرترین باجت دەستەکەوێت، بۆیە دەبێت هەمیشە هەوڵیدەیت، کۆمپانیای بیانی بهێنیت، کۆمپانیای زۆر بهێنیت و پرۆژەی گەورە بکەیتەوە کە لەمشێوازەی جیهانگیری ئابووریدا زۆر بڵاوە. واتە کۆمەڵێکی زۆر لە کۆمپانیای گەورەی جیهانی هەیە، هەوڵدەیت چۆن ڕایانکێشیت و لەوڵاتی خۆت دایانمەزرێنیت و خەڵکی وڵاتەکەت بخەیتە سەرکارو لەڕێگەی باجی خەڵکەکەوە دەوڵەت باجی دەستکەوێت. بۆ نمونە چین بۆچی بوو بە وڵاتێکی پێشکەوتوو، چونکە توانی زۆرترین کۆمپانیا بهێنێتە وڵاتەکەی و ببێتە جێگای بەرهەمهێنانی شتەکانی دونیا، لەلایەکی دیەوە کاری زیاددەکات، چونکە توانایەکی باشی زانستی و کرێیەکی باشی هەیە. بەڵام ئەم شتانە لێرە نابینرێت لەبەرئەوە چەندێک

ئابووریەکە سیمایەکی کراوەی هەیە هێندەش داخراوە.

**کۆنسێپت: ئەمە سەرنجێکی بەجێیە، کەواتە سەرهەڵدانی کاری تایبەت لەدەرەوەی دەوڵەت دەکرێ وەک فاکتەرێکی گرنگ رۆڵببینێت، بۆ مەسەلەی لیبرالیزەیشن و کرانەوەی سیاسی؟**

**سەردار عەزیز:** خۆی ئەگەر ئەو لیبرالیزمە تێبگەین، کە سەرمایەداری نابێ بەدیموکراسی بەرای من دیموکراسیش نابێت بەبێئەوەی کە کار کایەیەکی سەربەخۆ بێت واتە کار لەسەر ئەوە وەستابێت تۆ ئەزموونت هەیەو شارەزاو پسپۆرتریت بۆیە کارت دەستدەکەوێت نەک حیزبی بیت. ئەم حاڵەتە (هەبوونی کاری سەربەخۆ) لەئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستبوونی چینێکی ناوەند کە ئەڵێ من لەرێگەی هەوڵ و توانای زانیارییەوە ئەوەم دروستکردووە ئەو بەهاو نەریت و عاداتانەش دەگوێزێتەوە بۆ نەوەکانی بۆیە لای ئەو گرنگە خوێندنگە هەبێت و سیستمێکی باش هەبێ، گرنگە تەندروستی و سەلامەتی هەبێت گرنگە سەرکەوتن و.. هەبێت کە ئەمانە هەمووی شێوازی لیبرال و کرانەوەن. لەبەرئەوە پەیوەستییەکی چڕ هەیە لەنێوان چینێک کە لەسەر ئەرکو بەهاو رەنجی خۆی لەگەڵ دیموکراسیەتدا هەوڵدان و تاکو سەرکەوتن.

**کۆنسێپت: سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، پێتوایە گرفتەکە گرفتێکی سیاسیە یان گرفتەکە ئابووریە؟ بەواتا ئەوە سیاسەتە باڵی گرتووە بەسەر ئابووریداو رەنگرێژی ئابووری دەکات بەویستی خۆی یان ئەوە گرفتی ئابووریە کە ناتوانێت سەربەخۆبێت و خۆی بەرهەمی هەبێت و گەشە بەخۆی بدات؟**

**سەردار عەزیز:** من لەسەر ئەم دۆخە هۆبزیەی کە هەمانە بەمنزیکانە قسەدەکەم. ئێمە کۆمەڵێ هێزمان هەیە لە کوردستاندا کە لەدۆخێکی هۆبزیدا دەژین، مەبەست لە دۆخی هۆبزی ئەوەیە کە ئەم هێزانە لەپەیوەندیاندا، پەیوەندی سیاسی نییە لەنێویاندا بەڵکو پەیوەندی شەڕ هەیە. پەیوەندی شەڕ واتە من زاڵم، من براوەم، من خەباتم هەیە، من شۆڕشم کردووە، من خاوەنی سەروەریم، لێرەدا ئەویتر ئەو مافەی نییە، بۆیە لێرەدا بەدگۆمانی سەرهەڵدەدا. لەدۆخی شەڕدا ئەویدی دەیەوێت لەتۆ بباتەوەو تۆ ژێرخات و تۆ بسڕێتەوە، ئەمەش وادەکات هێزەکان هەمیشە لەیەکدی بەگومان بن و نەتوانن شتەکان بەشبکەن و پێکەوە پرۆسە دابمەزرێنن، وائەکات تەنیا بیر لەوەبکرێتەوە کە من ئەبێت تواناو پێگەی خۆم بهێڵمەوە هەتا ئەو نەتوانێت بەسەرمدا سەرکەوێت و بیباتەوە، دیارە ئابووریش رۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ

ئەوەی ئەو پێگەو توانایە بەرز رابگیرێت لەلایەن هێزە کوردستانییەکانەوە. قۆرغکردنی ئابووری زەمانەتێکی باشە بۆ مانەوەی پێگەکەت و هێشتنەوەی تواناکەت. دیارە شەڕ فۆڕمی زۆرە تەنیا شەڕ ئەوە نییە کە شەڕی ناوخۆ بێت بەڵکو شەڕ دەشێت لەڕێگەی ئابووری و پارەوە بکرێت و یان لەڕێگەی میدیا یان لەڕێگەی کار...، ئەم حاڵەتە وایکردووە، ئێمە دۆخێکی کۆمەڵگایمان نەبێت کە بڕوامان بەیەکدی بێت، پرۆسەی هاوبەش ئەنجامبدەین و کە بتوانین بگەینە موتوربەکردن لەگەڵ یەکدیدا، کە بتوانین هەریەکەمان دیدی خۆمان هەبێت بۆ دنیاو بیەوێت بیخاتە بەردەم ئەوانیدیەوە گەر ئەوان پێی ڕازیبوون کاری بۆ بکرێت. لەبەرئەوە ئێمە ئەم حاڵەتانەمان نییەو هەموو هێزەکان دەیانەوێت بمێننەوە ئیدی لەڕێگەی هێزەوەبێت یان هەر تەکنیکێکی دی دەیەوێت پێگەی خۆی قایم بکات. هەربۆیە ئەوە سیاسەتە کە کاریگەری هەیە لەسەر ئابووری، کە لەڕاستیدا دەبێت پێچەوانە بێتەوە، ئەبێت سیاسەت لە خزمەتی ئابووریدا بێت، واتە کە سیاسەت دەکەیت دەبێت بەرنامەت هەبێت بۆ ئابوورییەکەت لەخزمەتی زۆرینەی کۆمەڵگادابێت. دیارە زۆر ڕێباز هەیە کە بۆ تێگەیشتن و کارکردن لەسەر ئەم پەیوەندیانە بۆچوونی جیاواز هەیە، هەر لەسۆشیال دیموکراتەوە بۆ نیولیبرال و بۆ لیبرال، ئەبینیت هەموو سیستمە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا کار بۆئەوە دەکەن چۆن ئابووری دابڕێژن و بیگەیەنەوە بە کۆمەڵگا، بەڵام لای ئێمە تەواو پێچەوانە بۆتەوە چۆن ئابووری ڕێکخرێت بۆ ئەوەی خزمەتی سیستمە سیاسییەکە بکات.

# له باربردن و مۆڕاڵ

## *مامەڵەکردنێکی کردەی لەباربردن بە پێودانگەکانی فەلسەفەی ئیتیک*

**ڕێزنا حسێن**
**خوێندکاری ماجستێر له بواری دیموکراتی و مافی مرۆڤ**

**دەروازە:**

ئایا پرۆچۆیس (prochoice) (١) بین یان پرۆلایف (prolife) (٢) لەئاست کردەی لەباربردنی منداڵدا؟! ئەمە پرسیاری سەر ئەو دووڕیانەیە کە چەندان دەیەیە بیری مرۆڤایەتی سەردەمی بە خۆیەوە خەریککردووە و لە حیرەتێک (لە چەشنی حیرەت لە بەردەم پرسیارە قورسە فەلسەفییەکان)دا ڕایگرتووە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەم پرسە و جۆری هەڵوێستگیری لەئاستیدا زۆرجار مۆری خۆی لە ڕێڕەوی سیاسەت لەسەر ئاستی دەوڵەتان و بگرە لەسەر ئاستی نێودەڵەوتییش داوە (٣)

- «کوشتنی کۆرپەلە کوشتنی مرۆڤێکە» پرۆلایفێک ئەڵێ.
- «کۆرپەپە تەنها زیندەوەرێکە لە جۆری homo sapiens (٤) و هیچی تر. واتە ئەو تەنها بوونێکی بایۆلۆژییە، ئەگینا ئەو کەس (person) نییە و خۆ-ئاگایی (selv-awareness) نییە، تا وەک کوشتنی مرۆڤێک سەیری کردەی لەباربردنی بکەین» پرۆچۆیسێک وەڵام دەداتەوە.
- «ئەگەر لەبار نەبرێت، لە درێژماوەدا ئەو کۆرپەلەیە ئەبێتە مرۆڤێکی تەواو» پرۆلایفێک ئارگیومێنت دەدات.
- «گەر وابێ، دەبێ بە فیرۆدانی هەر سپێرم و هێلکەیەکیش وەک کوشتنێک چاو لێ بکرێ» پرۆچۆیسێک وەڵام دەداتەوە.

بە ڕامانێک لەو ئارگیومێنتانەی سەرەوە ئەوە دەبینین کە یەکەم ئارگیومێنتی پرۆلایفەکان لەسەر زەمینەی مۆڕاڵ بنیات نراوە و کەچی پرۆچۆیسەکان لە زەمینەی زانستەوە دژەئارگیومێنتی خۆیان دادەڕێژن. دوای ئەوە بە پێچەوانەوە، پرۆلایفەکان

بۆ وەڵام پەنا دەبەنە بەر زانست و پرۆچۆیسەکانیش بۆ وەڵامدانەوە بەو ئارگیومێنتە زانستییە، پەنا دەبەنە بەر بەها مۆڕاڵییەکان.
ئەمە دەلالەتی ئەوەیە کە لە ئارگیومێنت هێنانەوەدا بۆ هەر پرسێکی دیاریکراو، زانست (Science) و فەلسەفەی ئێتیک (Ethics) دوو پەناگەی جیاواز بەڵام لەیەکترجیانەکراوەن، کە هەریەکەیان ئەکرێت ئارگیومێنت و دژەئارگیومێنتی زۆر قایلکەریان لێوە بەرهەم بهێنرێت.
ووتمان «لەیەکترجیانەکراوەن» بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە زۆرێک لە ئارگیومێنت هەیە کە تەنها حوکمێکی مۆڕاڵییانەن و بێ هیچ پاڵپشتێکی زانستیی و (بگرە هەندێک جار ناکۆکیشن لەگەڵ زانستدا)، کەچیش ئەکرێ بۆ زۆرێک لە خەڵکان قایلکەربن. زۆرێک لە بەها و ئەحکامە ئایینییەکان ئەکرێ نموونەیەکی ئەم جۆرە ئارگیومێنتانەبن. خۆ ئەشکرێ بە پێی جیهانبینی جیاواز و دژ بە یەک، چەندان ئارگیومێنتی جیاواز و دژ بە یەکی لەم جۆرەمان هەبێ کە هەر یەکەیان خۆی بە «بەمۆڕاڵتر» بزانێت لەوی تر. لە حاڵەتێکی وادا دەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی قیمەتی زانستییانەی ئارگیومێنتەکان، عەقلانییەت و لۆژیک، وە بۆ هەڵسەنگاندنی قیمەتی مۆاڵییانەیان کەرەستەکانی فەلسەفەی ئێتیک بکەینە مەحەک و پێوانە.
ئەم لێکوڵینەوەیە کارێکی لەو چەشنەی گرتۆتە ئەستۆ. هەوڵئەدات بە پێودانگەکانی فەلسەفەی ئێتیک تێستی مەدای دروستیی (validity) ئارگیومێنتەکانی دەوری کردەی لەباربردن بکات. بۆ خۆ پاراستن لە قوڵبوونەوە و ووردکردنەوەیەک کە ڕەنگە لە توانای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا نەبێت، ئێمە تا بکرێت هەوڵئەدەین لە هەڵسەنگاندنی سەنگی لۆژیکییانەی ئارگیومێنتەکاندا، خۆمان لە بەکارهێنانی ئەحکامی فەلسەفەی زانست (Philosophy of science) بپارێزین و زیاتر فەلسەفەی ئێتیک کەرەستەی کارەکەمان بێت.
دەبێ ئەوەش بووترێ کە وەنەبێ ئەم لێکۆڵینەوەیەمان تەنها دەرخستنێکی بێلایەنانەی ئەو ئارگیومێنتانەی دەوری کردەی لەباربردن و تێستێکی میکانیکی و ڕووبەڕووکردنەوەیەکی ڕووکەشانەیان بێت، بەڵکو ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی اەخنەیی دەبێت و خوێنەریش هەر زوو پرۆچۆیسبوونی نووسەر و قسەی دژەبەری ئەو بەرامبەر بە ئارگیومێنتی پرۆلایفەکان لەمس ئەکات. هەر ئەمەشە وا دەخوازێ کە لەم لێکۆڵنەوەیەدا زۆرتر ئارگیومێنتی پرۆلایفەکان بهێنرێنە بەر باس و لێدوان.

## «دروست» و «نادروست» له ڕووی ئێتیکییەوە

ڕەنگبێ لەبری ئەوەی هەروا زوو دەست بۆ بەکارهێنانی چەمکی «دروست-نادروست لە ڕووی ئێتیکییەوە« بەرین، ژیرانەتر بێت پێش ئەوە پرسیاری ئەوە بکەین کە ئایا ئەو دوو چەمکە خۆیان چین و چی دەگەیەنن، چونکە زۆربەی وەخت نەگونجانەکان لە بیروڕا و هەڵوێستگیرییەکاندا لەم قوڵاییەوە دەست پێ دەکەن.

کاتێ ئێمە ئەنجامدانی کردەیەک بە «دروست، باش- یان ااست لە ڕووی ئێتکییەوە» هەڵئەسەنگێنین، پرسیارێکی لەم چەشنە خۆی دەسەپێنێ: ئایا ئەو «باش»ە یان ئەو «دروست»ە خۆی چییە کە دەیگەینێ ئەگەر کارەکەمان بەو شێوەیە ئەنجام دا کە داوا کراوە؟ ئایا تۆکمەکردنی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگای خۆشگوزەرانە؟ ئایا ڕازی کردنی خودا یان جێبەجێکردنی فەرمانەکانییەتی؟ ئایا بەرز ڕاگرتنی ڕەگەزێکی مرۆڤە بەسەر ڕەگەزەکانی تردا؟ ئایا االگرتنی ئاسایشی گشتییە؟ ئایا بە دەستهێنانی خێری ماددی یان مەعنەوییە تەنها بۆ خودی کەسی بکەر؟ ئایا برەو پێدانی عەدالەتە لەسەر اووی ئەرزدا؟ ئایا باشکردنی وەزعی ماددی خەڵکە؟ ئایا ڕێگریکردنە لە پەرەسەندنی تاوان؟ یان ئایا هەنگاوێکی ڕێگای دروستکردنی گۆمەڵگای فازیلە (Virtue society)؟ و چەنان ئەڵتەرناتیڤی تری لەم چەشنە. هەر یەک لە ئێمە ڕەنگە یەکێک یان چەند دانەیەک لەو ئەڵتەرناتیڤانەی وەک مانای ئەسپیی و ناوەڕۆکی وشەی «باش»، «دروست» یان «نادروست» پێ پەسەند بێت. ئەمەش وا ئەکات لە ڕووی ئێتیکییەوە کردار (act)ی جیاواز لەیەکتر بە پەسەند بزانین بۆ تاکە مەسەلەیەکی دیاریکراو.

کەواتە هەڵوێستگیریی هەر یەکێک لە ئێمە بە پێی جیاوازیی ئەو دیدە ئەگۆڕێت کە ئارگیومێنتەکانی خۆمانی لەسەر بنیاد دەنێین. بەڵام ئەمە قەت مانای ئەوە نییە کە هەمووومان ڕاستین یان ئارگیومێنتەکانمان (٥) بە دروستیی بنیاد ناوە. بونیادنانی ئارگیومێنت لەسەر دیدی نامەنتیقی و کەوتنە هەڵەوە لە ئارگیومێنت کردندا (to argue) دوو هەڵەن کە لە جەدەلی نێوان پرۆچۆیس و پرۆلایفەکاندا زۆر خۆیان دووبارە دەکەنەوە.

**ئاڕاستەداریی سروشت لای ئەرستۆتالیس و پڕۆلایفبوون:**
ئەرستۆتاپیس چەند سەد ساڵێک بەر لە مەسیح ئەو باوەڕی ڕاگەیاند کە «سروشت بەرەو مەبەستێکی دیاریکراو ئاڕاستەی هەیە» (٦) هەر لێرەوە ڕوانگەی ئەو بۆ ژیانی مرۆڤ (veiw of human life) و ئینجا بۆ ئێتیک دروست دەبێت. ئەو پێی وابوو کە هەموو شتە زیندووەکان بە دوای یەک ئامانج کەوتوون ئەویش ڕیالیزەکردنی فۆرمی تەواوی خۆیانە، بۆ نموونە درەختێک ئەگەر سەرەتا نەمامێکی چکۆلەیە، بەڵام ئەگەر ڕێی لێ نەگیرێت لە درێژەی گەشەی خۆیدا ئەبێتە درەختێکی کامپ. لای ئەرستۆتاپیس ئێتیک ئەوەیە کە ڕێ لەو ڕەوتە ئاساییەی گەشەکردنی سروشت نەگیردرێت.
ئەم پرەنسیپە خاڵی دەستپێکی سەرەکی پڕۆلایفەکانە بۆ دژایەتیکردنی کردەی لەباربردن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییە کە لای ئەرەستۆتاپیس سروشت خۆی ناوخۆیی ئەم ئاراستەیە بۆ خۆی دیاری ئەکات نەک هێزێکی سەرووی سروشت، بەڵام لای زۆرێک لە پڕۆلایفەکان هێزی ئاراستەکەر خودایە. بەڵام بەکارهێنانی پرەنسیپێکی ئاوا تیۆلۆجی بۆ دژایەتی کردنی کردەیەکی کۆمەڵایەتی هەروا بێ ئیشکال نییە. پاساوێکی لەو چەشنە ئەوەی لێ ئەکەوێتەوە کە ئیتر سەربڕینی تەنانەت کاریلەیەک یان گوێرەکەیەک و چەنان نموونەی تری وا کارێکی نامۆڕاڵانە بێت. (٧)
گەر بەوردیی سەیری ئەو ئارگیومێنتەی پڕۆلایفەکان بکەین ئەبینین کە ڕەهەندی عەقڵ (reason) و بیرکردنەوەی لۆجیکییانەی تیا فەرامۆش کراوە و بە تەنها جەخت لەسەر بەها مۆڕالییەکانە. خۆ هەر بەلای ئەرستۆتاڵیس خۆشیەوە «کاتێک عەقڵ بە باشترین شێوەی خۆی کار دەکات، ئەو کاتە ئەو فەزیلەتی فیکریی هەیە (Intellectual virtue). فەزیلەتی فیکریی لای ئەوانە هەیە کە لە ڕێگای بیرکردنەوەوە لە جیهان دەکۆڵنەوە و لێدەگەڕێن عەقڵ کۆنترۆڵی بەسەر تەواوی بیرکردنەوە و کردەکانیاندا هەبێت. فەزیلەتی مۆڕالییانەش (Moral virtue) لای ئەو کەسانە هەیە کە بەوە کار دەکەن کە عەقڵ پێی دەگات». (٨)
ئارگیومێنت کردن بۆ هەڵوێستگیرییەکی ئێتیکیی لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ غەیب یان بۆ ڕای زۆرینە یان بۆ کاریزمایەک هەڵوێستگیرییەکی مۆڕالییانەی ڕووت دەبێت و لە فەلسەفەی ئێتیکدا جێگا و ائگایەکی پایەداری نابێت. ئارگیومێنت کردن بۆ هەر هەڵوێستگیرییەکی ئێتیکی لە فەلسەفەی ئێتیکدا

وەک مەرجێک دەخوازێت لەوێوە دەست پێ بکرێت کە کەسی ئارگیومێنتکەر پاساو (ground) بۆ باوەڕی ئەو کاریزمایە یان ئەو زۆرینەیە بێنێتەوە. یانی ئەگەر ئارگیومێنتی فەلسەفیی لە دراو (premise) و ئەنجامگیریی (Conclusion) پێکدێت، ئەوا لێرەدا دراوەکە و ئەنجامگیرییەکەش هەر یەک شتن، بۆ نموونە گەرکەسێک ئەڵێت دەبێت فڵانە شت بکرێت چونکە خودا وای دەوێت یان زۆرینە یان فڵانە کاریزما ڕای وایە؛ کاتێک دێتە سەر پاساو هێنانەوە بۆ ئەو هەڵوێستگیرییەی دیسانەوە دێتەوە ئەوە ئەڵێتەوە کە «ئاخر خودا وای دەوێت یان زۆرینە یان فڵانە کاریزما ڕای وایە». یانی هەمان پاساوی ناو نۆرمە ئێتیکییەکە وەک پاساوێک بۆ خودی نۆرمەکە ئەڵێتەوە. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو کەسە لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێتەوە. ئەو دەڵێ «دەبێت فڵانە شت بکرێت چونکە خودا وای دەوێت یان زۆرینە یان فڵانە کاریزما ڕای وایە».

لە دروستکردن و بنیادنانی ئارگیومێنت لە فەلسەفەدا بەرامبەر بە نۆرمێکی وا پرسیاری ئەوە دەکرێت کە «ئایا بۆچی خودا وای دەوێت یان بۆچی زۆرینە یان فڵانە کاریزما ڕای وایە؟» کەچی لەو شێوە ئارگیومێنت کردنەی سەرەوەدا وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیەیە: «چونکە خودا وای دەوێت یان چونکە زۆرینە یان فڵانە کاریزما ڕای وایە». سۆکرات بە تاکە پرسیارێک بە جوانترین شێوە ئەم گرێ فکرییەی شی کردۆتەوە. ئەو لە یەکێک لە دیالۆگەکانی خۆیدا لەگەڵ یەکێک لە نەیارانیدا کە پێی وایە فڵانە شت (بۆ نموونە درۆکردن) خراپە چونکە خوا پێی خراپە، ئەم پرسیارەی ڕووبەڕوو دەکاتەوە: «ئایا ئەو شتە لەبەر ئەوە خراپە کە خودا پێی خراپە، یان خودا پێی خراپە لەبەر ئەوەی ئەو شتە خۆی خراپە؟» (٩) سۆکرات لێرەدا لەڕێگای یەکێک لە پرسیارە هەمیشەییەکانییەوە پێمان ئەڵێت کە پاکانەکردن بۆ هەر نۆرمێکی ئەخلاقیی دەبێت لە دەرەوەی ئەو بازنە داخراوەدا بێت و بێ هوودەیە خۆدزینەوە لەوەڵامی ئەوەی کە ئایا ئەو کاریزمایە بۆچی ئەو شتەی پێ خراپە؟

## جیاوازیی نێوان «ڕێگەپێدراو» و «فەرز»

لە پەیوەند بە خواستی پرۆچۆیسەکان بۆ یاسایی کردنەوەی لەباربردن زۆرجار تێکەڵکردنێک ڕووئەدات لە نێوان دوو چەمکی «ڕێگەپێدراو لەاووی

ئێتیکییەوە» (Ethically permitted) و «فەرز لەڕووی ئێتیکییەوە» (Ethically commanded) کە پێویستە هەندێک لەسەر جیاکردنەوەی ئەم دووە بوەستین.

کردەیەک ئەگەر فەرز بوو ئەوا بێگومان ئەبێ ڕێگە پێدراویش بێت. بەڵام کردەیەک گەر تەنها ڕێگەپێدراو بێت ئەوە مانای ئەوە نییە کە فەرزیشە. هەر بە نموونە باوەکە ئەگەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە یان ڕێگەی پێدراوە هەر کات بیەوێت هاوسەرەکەی تەلاق بدات، ئەمە مانای ئەوە نییە کە فەرزە تەڵاقی بدات.

پێویستە لێرەدا بووترێ کە هەڵوێستگیریی پرۆچۆیسەکان لە ئاست کردەی لەباربردندا ئەوەیە کە داوا دەکەن لەباربردن ڕێگەی پێبدرێت نەک فەرز بێت، وەک زۆرجار بە ناڕاستەوخۆ و جاریش هەیە بە ڕاستەوخۆ نەیارانیان دەیانەوێ بە شتێکی وا تاوانباریان بکەن. ئەم جوداکردنەوەیە گرنگە چونکە ئەوە بەیان دەکات کە کردەی لەباربردن لای پرۆچۆیسەکان وەنەبێ کردەیەکی پەسەند (desirable) بێت، بەڵکو لەبەر ناچارییەک ئەو پێشنیارە لەلایەن پرۆچۆیسەکانەوە دەکرێت. لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەچینە سەر باسی ئەو زەروورەتەی کە پرۆچۆیسەکان بە ناچاریی داوای بەیاسایی کردنی ڕێگەپێدانی لەباربردن ئەکەن لە پێناویدا.

ئەوەی لێرەدا پرۆلایفەکان دەیکەن ئەوەیە کە نۆرمێک، کە وەک نۆرمێکی پەسەند جێی گرتووە لە کۆمەڵدا، وەک دراوی یەکەمی ئارگیومێنتێک بەکار دێنن. دواتر وەک دراوی دووەم ئەو کردەیەی کە پاڵێوراوە بۆ هەڵوێست لێگرتن لێی بە ئەبستراکت و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو سیاق و هەلومەرجەی کە پێشنیارەکەی تیا دەکرێت، دادەنرێت و دوای ئەمە ئەنجامگیرییەکە لەسەر بنەمای ئەو دوو دراوە دەکرێت. واتا ستراکتۆری ئارگیومێنتەکە وەک ئەمەی خوارەوەی لێ دێت:

دراوی یەکەم: پچڕینی ڕێچکەی ژیانی کەسێک لە ڕووی ئێتیکییەوە قەدەغەیە (ethically forbidden).

دراوی دووەم: لەباربردن پچڕینی ڕێچکەی ژیانی کەسێکە.

ئەنجامگیریی: کەواتە لەباربردن دەبێ لە ڕووی ئێتیکییەوە قەدەغە بێت.

دراوی دووەمی ئەو ئارگیومێنتەی سەرەوە تەنها ئەو ئیشکالییەتەی تیا نییە کە سیاق و هەلومەرجی پێشنیارەکە و ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو ناگرێت

کە پرۆچۆیسێک داوای ڕێگەپێدان نەک فەرزبوونی لەباربردن ئەکات، بەڵکو ئەوەش لەبەرچاو ناگرێت کە جەدەلی هەندێک لە پرۆچۆیسەکان لەسەر ئەوەشە کە «لەباربردن پچڕینی ڕێچکەی ژیانی کەسێک (Person) نییە». (١٠)
کەواتە زۆر بە سادەیی کێشە لە ستراکتۆری ئەو ئارگیومێنتەی سەرەوەدا — کە سەرەکیترین ئارگیومێنتی پرۆلایفەکانە- هەیە و ئەمەش لە ئاکامدا دروستیی (validity) ئارگیومێنتەکە پووچەڵ دەکاتەوە.
بۆ پاۆچۆیسێک گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئەو لەبەر ناچارییەک داوای ڕێگەپێدانی یاسایی لەباربردن ئەکات، ئەگینا لەباربردن کردەیەکی پەسەند نییە بە لایەوە. ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجەی ئەو تیایدا داوای مافی لەباربردن ئەکات، دەیپارێزێت لەوەی کە بە دژ بە نۆرمی ئێتیکییانەی ناو دراوی یەکەمی ئەو ئارگیومێنتەی سەرەوە تاوانبار بکرێت.

**ڕۆڵی ترادیسیۆنانەی ژن لە کۆمەڵدا و گرنگیی بە یاساییکردنی لەباربردن**

تا ئێستای باسەکەمان تەنها باسمان لەو بەها ئەخلاقیانە کردووە کە پرۆلایفەکان وەک پاکانە و پاساو بۆ هەڵوێستی دژەبەری خۆیان بەرامبەر بە کردەی لەباربردن دەیهێننەوە و هەر سەبارەت بەو پاساوانە هەندێک لە دژەئارگیومێنتەکانی پرۆچۆیسەکانمان هێنایە ناو باسەکەوە. بەڵام باسەکە بەم شێوەیە ناکامڵ و لاسەنگ دەبێت گەر بێ و قسەیەکیش لەسەر پاکانە و پاساوی پرۆچۆیسەکانیش نەکەین کە ئایا ئەی ئەوان بۆچی پێ لەسەر بەیاساییکردنی لەباربردن دائەگرن. خۆ ئەگەر ئەمە نەکەین ئەوا بە مانای ناحەقییەک دەبێت بە سەنگ و قیمەتی ئێتیکییانەی بیانووی پرۆچۆیسەکان. ئاخر خۆ پرۆچۆیسەکان هەر «بۆ خۆشیی» نییە کە لایەنگری مافی لەباربردنن. زانینی ئەوەی کە پرۆچۆیسەکانیش پرەنسیپ و بەهاگەلێک لەپشت داواکەیانەوەیە بۆ بەیاساییکردنی لەباربردن گرنگی ئەوەی هەیە کە پێمان ئەڵێت ئەوە هەر پرۆلایفەکان نین کە خۆیان بە خاوەنی پرەنسیپ و بەهای ئەخلاقیی دەزانن. دیارە ئەمەش بە دەوری خۆی ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بەلاداخستنی جەدەلی ئێتیکییانەی نێوان ئەو دوو دیدە.
سیمۆن دی بۆڤوار لە کتێبی ڕەگەزی دووەمدا (The Second Sex) یەکێک لەو پرەنسیپە سەرەکییانەی پرۆچۆیسەکان بەیان دەکات. بەبڕوای

ئەو بۆ کۆتایی هێنان بە ستاتۆ و ڕۆڵی ترادیسیۆنانەی ژنان وەک «دووەم ڕەگەز» لە کۆمەڵدا «دەبێت کەرەستەکانی مەنع و لەبابردن دەستەبەر بکرێن تاکو چیتر ژنان ناچار نەبن بە سکپڕبوونی نەویستراو. ئەمە لە پێناوی دەست ئاوەڵاکردنیان بۆ کارکردن شانبەشانی پیاوان و لێرەشەوە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ماددی خۆیان لە پیاوان.» دی بۆڤوار هەر وەک جۆن ستیوارت میڵ و ئەنگڵس و نزیکەی هەموو لایەنگرانی یەکسانی ژنان و پیاوان پێی وایە کە سەربەخۆیی ماددی ژنان لە پیاوان هەنگاوێکی گەورەی ڕێگەی ئەو ستراتیجیەتەیە.

کەواتە لەم حاڵەتەدا ستراکتۆری ئارگیومێنتی پرۆچۆیسەکان ئەکرێت یەکێک یان هەردوو ئەم جۆرەی خوارەوە بێت، کە هەریەکەیان هەمان نۆرمی ئێتیکیی بە داڕشتنەوەیەکی جیاواز لەوی تری کردۆتە یەکەم دراوی خۆی:

دراوی یەکەم: نایەکسانیی ژن و پیاو نادروستە لە ڕووی ئێتیکییەوە.

دراوی دووەم: مافی لەباربردنی سکپڕبوونێکی نەویستراو بۆ ژنان هەنگاوێکە لە ڕێی نەهێشتنی نایەکسانیی ژن و پیاودا.

ئەنجامگیریی: کەواتە دەبێ ژنان مافی لەباربردنی سکپڕبوونی نەویستراویان هەبێت.

یان

دراوی یەکەم: یەکسانیی ژن و پیاو دروستە لە ڕووی ئێتیکییەوە.

دراوی دووەم: مافی لەباربردنی سکپڕبوونێکی نەویستراو بۆ ژنان هەنگاوێکە لە ڕێی یەکسانیی ژن و پیاودا.

ئەنجامگیریی: کەواتە دەبێ ژنان مافی لەباربردنی سکپڕبوونی نەویستراویان هەبێت.

لێرەدا ئەبێت ئەوە بووترێت کە بەشی زۆری ئەوانەی دیدی پرۆلایفییان بۆ کردەی لەباربردن هەیە یەکسانی ژن و پیاویان پێ قبوپە. ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەگەر پرۆچۆیسەکان نۆرمی یەکەمی ئارگیومێنتی پرۆلایفەکانیان بە چەند مەرجێکەوە پێ قبوڵ بوو (تکایە بگەڕێرەوە سەر ئارگیومێنتی پرۆلایفەکان کە لە سەرەوە هاتووە)، ئەوا زۆرێک لە پرۆلایفەکان نۆرمی یەکەمی ئارگیومێنتی پرۆچۆیسەکانیان بێ هیچ مەرجێک لە ڕووی مەبدەئیەوە پێ قبوڵە. هەر بۆیەش پرۆلایفێک بە سەر نۆرمی یەکەمی ئارگیومێنتەکەدا باز دەدات و دەچێتە سەر تاوتوێکردنی نۆرمی دووەم و زۆرێک لەوان ئەو ڕایە

ئەدەن کە لەباربردن خزمەت بە یەکسانی ژن و پیاو ناکات چونکە لەباربردن لە ڕوانگەی زۆرێک لەوانەوە دابڕینی ژنە لە ڕۆڵی «باوی» خۆی لە کۆمەڵدا (مەبەست لە هێنانی منداڵ و بەخێوکردنێتی) وە ئەمەش وا دەکات پیاوان ژن تەنها وەک کەرەستەی سێکس مامەڵە بکەن.
زۆر قورس نییە درک بە کەم بەهایی ئێتیکییانەی ئارگیومێنتێکی لەو چەشنە بکرێت کە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵدا تەنها لە منداڵ هێنان و چێژی سێکسییدا کورت دەکاتەوە و پێی وایە ئەگەر ژن لە ئەرکی منداڵ هێنانی کەم بووەوە ئەوا هیچی لێ نامێنێتەوە چێژی سێکسیی نەبێت بۆ پیاوان.

## سەرنجێک لە پاساوە باوەکانی کۆمەڵگای کوردی دژ بە یاساییکردنەوەی لەباربردن

بە جیا لەو پاساو و ئارگیومێنتانەی لە میانەی ئەم باسەدا هاتن، کە هەموو سەرانسەریی و جیهانین، هەندێک پاساو و ئارگیومێنتی تر هەن کە لۆکاڵن و تایبەتن بە کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردی ئێمە و زۆرجار ڕووبەڕووی داواکارانی یاساییکردنەوەی کردەی لەباربردن دەبنەوە، کە جێگەی خۆیەتی لێرەدا قسەیەک لەسەر بەرچاوترینی ئەو پاساوانەش بکەین. بەرچاوترینی ئەو پاساوانە ئەمانەن:

- ڕەنگە دەسەڵات یان عاممە بڵێن: هێشتا زووە خەڵکی وڵاتی ئێمە یاسایەکی لەو بابەتەیان پێ هەزم بکرێت.
- یان دەڵێن: بەیاساییکردنی کردەی لەباربردن لەگەڵ کولتوری کوردی ئیمەدا ناگونجێت.
- یان دەوترێت: ژنان دەست ئاوەڵا دەکات بۆ ئەوەی بەئاسانی دەست بۆ کردەی لەباربردن بەرن و ئەمەش فەوزا دەخاتەوە.

لەم پاساو و ئارگیومێنتانەی سەرەوەشدا دیسانەوە هەمان ئەو هەڵەیە ئەکرێتەوە کە کەسی ئارگیومێنتدەر ئەو خاڵە پۆزەتیڤانەی پرۆچۆیسەکان لەپێناویدا داوای بەیاساییکردنەوەی لەباربردن دەکەن لە هاوکێشەکە دەردەکێشێتە دەرەوە و وەک مەسەلەیەکی تاکڕەهەند سەیری مەسەلەکە ئەکات.
دروستتر ئەوەیە ئێمە لەئاست داواکارییەکدا کە هەڵوێستگرییەکی ئێتیکیی دەخوازێت، ڕێگرییەکان و بیانووی ڕێگرەکان لەگەڵ سەنگ و سووکی ئەو خاپە

پۆزەتیڤانەی کە لە جێگرتنی ئەو داوایەوە دەکەونەوە، بەرامبەر بکەینەوە. گەر کارێکی وا بکەین لەگەپ داواکاری بەیاساییکردنەوەی لەباربردندا لە کوردستان، ئەوا دەکرێ بپرسین کە ئایا ئێتیک لە ئێمە دەخوازێت لایەنگری کردەیەک بین کە دەستی ژن ئاوەڵا ئەکات بۆ ڕزگار بوون لە پلەدوویی و لەو جێگاو ڕێگا کۆمەڵایەتییە پڕ ئیهانەیەی داومانەتێ، یان لایەنگری بێ تاقەت نەکردنی کەسانێک بکەین کە پلەدوویی ژنان وەک بەخششێکی خودایی بۆ پیاوان سەیر دەکەن؟ ئایا کولتوری ئێمە لایەنگری ئەوە بێت کە لەباربردنی سکپاییەکی نەویستراو لەژێر چاودێریی یاسا و لەژێر سەرپەرشتیی کەسانی پسپۆڕدا لە هەلومەرجێکی تەندروستدا بکرێت، یان وەک ئێستا بە نهێنی و بەو شێوازە سەرەتاییە لای مامانی سەر کۆڵانان بکرێت؟

ئەوەی کە دەوترێت کلتووری ئێمە شتی وا هەزم ناکات یان بەیاساییکردنی لەباربردن ڕەنگە ژنان دەست ئاوەڵا بکات بۆ ئەوەی بەئاسانی دەست بۆ کردەی لەباربردن بەرن و ئەمەش فەوزا دەخاتەوە، ئەمانە ڕاو پێشبینییەکن کە لەسەر بنەمای ترس لە گۆڕان و هەبوونی چاوەڕاونی کەم لە خود وەک نەتەوەیەک بنیاد نراون. گرنگە لێرەدا ئەوە بووترێ کە داوای بەڕەسمی ناسینی یاسایی مافی لەباربردن داوایەک نییە تەنها بۆ دەرکردنی بڕیارێک بۆ ئازاد کردنی ژن لە کردنی ئەو کارەدا و ئیتر لێ بگەڕێیت چۆن پیادە دەکرێت بکرێت. دانی بڕیارەکە تەنها خاڵی مەبدەئی کارەکەیە، ئەگینا داواکارانی ئەو مافە هەمان کات داوای یاسایەکی وورد و شمولی ئەکەن کە هەموو ڕووەکانی ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگرێ و کارێک بکرێت یاساکە بە شێوەیەکی دروست کار بکات و بە هەڵە بە کار نەبرێت.

دیارە ئێرە جێگەی ئەوە نییە بچینە ووردەکاریی ئەم مەسەلە تەکنیکییەوە. باسێکی وا دەکرێت وەختێک بچینە سەری کاتێک کە دەسەڵات لە کوردستان بە جیدی دێتە پای گوێلێگرتن و تاوتوێ کردنی ئەم داوایەی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز (کە هیوا ئەخوازین هەنگاوێکی وا لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا بێت).

لە کۆتاییدا مایەوە بڵێین کە هێنانە بەر باسی جیاوازیی کولتور لە باسی تاوتۆێکردنی هەڵوێستگیریی لەئاست مەسەلەیەکی دیاریکراودا زۆرجار مامەڵەیەکی سنووردار لەگەپ بەها ئینسانییەکاندا دەکات، لە کاتێکدا مرۆڤ هەر مرۆڤە و بەها و مافەکانیش گەردوونین. ڕوانگەی نیسبییەتی ئێتیک

پێ بە پێی نسبییەتی کلتووری ڕوانگەیەکە کە زۆرجار نادروستیی خۆی سەلماندووە. بۆ نموونە و هەر سەبارەت بە مەسەلەی ترس لە بەیاساییکردنی لەباربردن لە کوردستاندا، کەسێک پێویست ناکات دوور بڕوات و هەر ئەتوانین سەیری تورکیای دراوسێی پەنا دەستمان بکەین ئینجا ئەبینین کە ئەگەرچی پێکهاتەی کلتووریی ئەو وڵاتە تەواوێک لە کلتوری ئێمەوە نزیکە، بەڵام وا بۆ چەندین ساڵە ژنان مافی یاسایی لەباربردنیان هەیە و ئەمەش تا ئێستا کێشەیەکی وای دروست نەکردووە کە شایانی باس بێت. لە هەر کوێ بین ماف هەر مافە، مرۆڤ هەر مرۆڤ، بەس ئەوەیە ئێمە تەنها تۆزێک بوێریی زیاترمان پێویستە.

**پەراوێزەکان**:

(١) پرۆچۆیس: ئەو بزوەتنەوە و باوەڕەیە کە پێی وایە ژنی سکپڕ دەبێ مافی ئەوەی هەبێ سەرپشک بێت لە لەباربردنی سکەکەیدا.

(٢) پرۆلایف: ئەو بزووتنەوە و باوەڕەیە کە دژی کردەی لەباربردنی مناڵە.

(٣) بۆ نموونە، زۆرێک لە چاودێرانی سیاسیی ڕایان وابوو کە پرۆلایفبوونی جۆرج دەبلیو. بوش هۆکارێکی یەکلاکەرەوەی بردنەوەکەی بوو لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمریکادا.

(٤) لە زانستی پۆلێنکردنی زیندەوەراندا زانایانی ئەم زانستە ڕەگەزی مرۆڤ بە homo sapiens ناو دەبەن.

(٥) ڕەنگە وشەی ئارگیومێنت لە زمانی ڕۆژانەدا بە چەندین مانای جیاواز بەکار بهێنرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا بەو مانایە بەکاری دێنین کە لە فەلسەفەدا بەکار دێت. لە درێژەی باسەکەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە مەبەستمان لە جیاوازیی نێوان مامەڵەی زمانی ڕۆژانە و مامەڵەی فەلسەفە لەگەڵ ئەو چەمکەدا چییە.

(٦) Helge Svare (١٩٩٧). I Sokrates fotspor. Pax Forlag, Oslo

(٧) بۆ پێش گرتن لە هەر بەدحاڵیبوونێک پێویستە لێرەدا ئەوە بووترێ کە ئەم لێکدانەوەیە ئەوە ناگەیەنێت کە لەناوچوونی ئاژەڵێک و لەناوچوونی مرۆڤێک وەک یەک سەیر بکرێت، بەڵکو ئەمە لێکدانەوەی ئاکامە لۆجیکییەکانی فەلسەفەی ئێتیکی ئەرستۆتاڵیسە و هیچ پەیوەندییەکی بەو بەراوردکردنەوە نییە.

(٨) (هەمان سەرچاوەی پێشوو).
Vaags, Ralph Henk (٢٠٠٣). Etikk. Bergen. Fagbokforlaget.

(٩) ڕەنگە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرفەتی ئەوەمان نەبێت قسەیەکیش لەسەر ئەم ئارگیومێنتە و چەند ئارگیومێنتێکی تری پرۆچۆیس و پرۆلایفەکان بکەین.
De Beauvoir, Simon (٢٠٠٠). Det annet kjønn. Oslo. Pax forlag

(١٠)

**سەرچاوەکان:**


- De Beauvoir, Simon (٢٠٠٠). Det annet kjønn. Oslo. Pax forlag.
- Helge Svare (١٩٩٧). I Sokrates fotspor. Pax Forlag, Oslo.
- Vaags, Ralph Henk (٢٠٠٣). Etikk. Bergen. Fagbokforlaget.

# ئایا سیاسیه دیکتاتۆرەکان ڤامپایەرن؟

■ پشتیوان فرج – مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ڤامپایەرەکان بونەوەری ئەفسانەیین یان ڕاستین؟ بوونی ئەم مەخلوقاتانە هێشتا لەڕووی زانستیەوە نەسەلمێنراوە، بەڵام چەندین بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کە ئارەزوی ڤامپایەرەکان لەلای مرۆڤی ئاسایی بەشێوەیەکی زۆر بونی هەیە،بەتایبەتی لەلای سەرکردە سیاسی و تاوانبارە گەورەکانی جەنگەوە،ئەگەر کەسێک ئاشنای دونیای فیلمسازی و کتێب هەبێت ئەوا چەندین فیلمی گرنگ لەسەر ئەم بوونەوەرانە هەیە وەک دراکۆلا و توایلایت و نۆسفێراتو، کاونت یۆرگا و سپایک و چەندان فیلمی تر کە بینەرێکی زۆریان هەیە لەلای عاشقانی فیلمسازی.ڤامپایەرەکان نەمرن، تایبەتمەندی خواوەندیان هەیە، وەک بوونەوەرێکی تایبەت کەسایەتیەکی زۆر ترسناک و تۆقێنەریان هەیە هەیە، بەتایبەتر بوونی سیفاتی کانیبالیستی (واتە ئارەزوی خواردنی مرۆڤەکان) و مژینی خوێنیان هەیە وەک وەحش هەڵسوکەوت دەکەن.

ڤامپایەرەکان بوونەوەری شەون، عاشق بەتاریکین، ناسراون بە مردووە زیندووەکان چونکە ئەوانە کەلاکی مردون و شەوانە زیندوو دەبنەوە بۆ ڕاوکردنی مرۆڤەکان و مژینی خوێنیان. ئەوانە زۆر تینوی خوێنن و خوێن مایەی نەمری ئەوانە، بەبێ خوێن مژین لەشیان وشک دەبێتەوە و لەناو دەچن، ئەگەر خوێنیان لێببڕێت توانای نەمری لەدەست ئەدەن و بۆیە لەکاتی سەرەمەرگدا زۆر جار بەگەستنی مرۆڤێک دوبارە ڕۆح بەبەر جەستە و لەشیاندا دێت و زیندوو دەبنەوە. ئەم پرۆسەی زیندبوونەوە بەلاتینی پێی دەوترێت «کالاپلێپسی» بەتایبەتی

ئەو دۆخەیەی کە ئەو ڤامپایەرە توانای جوڵە و قسەکردنی نامێنێ.بەڵام توانای بیستن و بینینی هەموو شتێکی دەوروبەریان هەیە.
ڤامپایەرەکان تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت بەپێی ئەو شوێنەی کە لێیەوە دێن و ئەژین، ئەمەش چەند تایبەتمەندێتیکە:

١- پێویستیان بە خوێنە بۆ مانەوەیان چونکە خوێن خۆراکی ژیانیانە،چ خوێنی مرۆڤ بێ یان خوێنی ئاژەڵ، بەبێ مژینی خوێن دەمرن چونکە خوێن وزە و دەسەڵاتیان دەداتێ و جەستەیان پێویستی بە خوێنە نەوەک تەنها بۆ ژیان بەڵکو بەو خوێنە بەنەمری دەمێننەوە.خوێن ژەمی سەرەکی خۆراکیانە هەر بۆیە ناتوانن وەک مرۆڤی ئاسایی لە کۆمەڵگادا هەڵبکەن. لەوانەیە لێرەدائەفسانەی زوحاک و تاوانبارەکانی تری مێژوومان بەبیر بێتەوە.

٢- تەنها لە تاریکی شەودا دەردەکەون چونکە لەڕوناکی خۆر دەترسن، بەروناکی لەناودەچن. چونکە تیشکی خۆر پێستیان دەسوتێنێ و بەم هۆیەوە تەنها شەوان چالاکیەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن،هەروەها بەرگەی پلەی گەرمای زۆر ناگرن بۆیە لەناوچە ساردەکاندا نیشتەجێ دەبن بەتایبەتی لە هەردوو جەمسەری زەوی یان گرد و شاخ و شوێنە بەرزەکان دەکەن بە مەنزڵی خۆیان.ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە لایەنی دەرونی و سایکۆلۆجیانەوە هەیە کە هەندێکیان تەمەنیان زیاترە دەتوانن زاڵبن بەسەر ئەم دۆخەدا و لە ڕوناکیشدا دەربکەون بێ ئەوەی بسوتێن بەڵکو پێستیان ئەستور تر و بریقەدار تر دەبێت،ئەمانە دەتوانن لەڕێی بیرکردنەوەی زۆر و زاڵبوون بەسەر بیرکردنەوەکانیاندا حەزیان لە هەرچی بوو تەنها لەساتی بیرکردنەوەدا ئارەزوەکانیان بەدی بێنن. لێرەدا ترسی ڤامپایەرەکان لە ڕوناکی وەک ترسی سەرکردە دیکتاتۆرەکانە لە ڕۆشنبیری و بەئاگا هاتنەوەی سەرجەم کۆمەڵگا بەتایبەتی چینی گەنجان، بۆیە دیکتاتۆرەکان و زاڵمەکان هەمیشە خەریکی بڵاوکردنەوەی تاریکین، هەوڵی گەوجاندنی کۆمەڵگا دەدەن بۆ ئەوەی وەک نێچرەکانیان باشتر ڕاو بکەن لە تاریکستاندا.
٣- ڤامپایەرەکان نەمرن و هەزاران ساڵ دەژین و تایبەتمەندێتی خواوەندیان هەیە،تا زیاتر بچنە تەمەنەوە بەهێزتر دەبن، لەگەڵ بەساڵاچووندا هێزیان زیاد دەکات، کات لەبەرژەوەندیانە بەپێچەوانەی مرۆڤەوە کەلەگەڵ چوونە

تەمەندا بێ هێز و لاواز دەبێ. ئەوان هەست بە ئازار ناکەن و بریندار نابن و تا زیاتر پەیوەندیان هەبێت لە گەڵ مرۆڤدا ئەوا لاواز ترو هەستی ئازار و مەینەتی دەچێژن و بەپێچەوانەشەوە. لێرەدا ئەگەر تۆزێک بیر بکەینەوە ئەوا دیکتاتۆر و دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان هەوڵی مانەوە لەسەر دەسەڵات دەدەن بۆ هەمیشەیی و تەنانەت هەموو شتێک دەکەن بۆ ئەوەی نەوەکانی دوای خۆیان حوکم بگرنە دەست. ئەوان هەمیشە هەوڵی بەخواوەندکردنی خۆیان دەدەن و تا زیاتر لەسەر حوکم بن گەندەڵتر و زاڵمتر دەبن و ئەگەر بێت و هەوڵی چاکسازی بدەن گوێ لە خەڵک بگرن ئەوا ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەیان نامێنێ و لە هەیبەتیان کەم دەبێتەوە و دواجار لەناو دەبرێن بەدەست ئەو خەڵکەی کە ڕۆژانێک بە دڵرەقی حوکمیان کردون.

٤- بەهەمان شێوەی ئاژەڵە دڕەندەکان کەڵبە و دانی تیژ و درێژیان هەیە کە بۆ خوێن مژین زۆر بەسوودە. ئەم کەڵبە درێژ و تیژانە یارمەتیدەرن بۆ مژینی خوێن لە قوڵترین شاخوێنبەری مرۆڤەکاندا، بەڵام لەکاتی ئاسایدا ئەم ددانە درێژ و کەڵبانە دەرناکەون تەنها لە کاتی هێرشدا نەبێت بۆ سەر نێچیرەکانیان کە هاوکات ڕەنگی پێست و دەموچاویان دەگۆڕێت بۆ جانەوەرێکی تۆقێنەر و ترسناک.لێرەدا ئەگەر تێبفکرین ئەوا بۆمان دەردەکەوێن دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان گورگن و لە پێستی مەڕدان، تا ئەو کاتە کە وڵات ئارام و خەسێنراوە ئەوان وەک مەڕ مامەڵە دەکەن بەڵام کە پێگە و دەسەڵاتیان کەوتە مەترسیەوە و خەڵکی لێیان ڕاپەڕی ئەوا سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان دەردەخەن و بەشێوەیەکی وەحشیانە دەکەونە وێزەی خەڵکی سیفیلی بێتاوان قەتڵ و عامیان دەکەن.
٥- زیاد لە ٣٠٠ یان ١٠٠٠ ساڵ بەڵام هەر موراهیقانە هەڵسوکەوت دەکەن. بەهەمان شێوە دیکتاتۆر و فیرعەونە گومراکانی دەسەڵات سەرێکیان هەیە و هەزار زمان، لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا خۆیان لێمان دەکەن بەفریشتە و تا ئەوەندەی دەنگیان پێ دەدەین خۆیان لای خەڵک شیرین دەکەن، بەداخەوە کە گەشتنە دەسەڵات دەبن بە کێوی و جانەوەر و دەکەونە وێزەی ئەو خەلکەی کە داوای لابردن یان ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیان لێ بکات. هەرگیز دیکتاتۆرەکان هیوای چاکبونیان لێناکرێت چونکە لەسەرەمەرگدا زیاتر تینوی دەسەڵات دەبن وەک لەو ساتانەی تازە دەسەڵاتیان گرتبوە دەست.

٦- تواناى گۆڕینی شێوەی خۆیان هەیە و هەندێ جار خۆیان دەکەن بە ئاژەڵ وەک شەمشەمە کوێرە و مشک و جرج و پشیلە و قەلەڕەش و گورگ. هێزی کۆنترۆڵکردنی ئاژەڵانیان هەیە بەتایبەت ئەو ئاژەڵانەی کە دەچنە لەشیانەوە.جاری واش هەیە وەک هەور و تەم و خێو دەردەکەون. دکتاتۆرەکانیش بەپێ ڕۆژ و مانگ و ساڵ هەڵوێست دەگۆڕن و هەمیشە لە داڕشتنی سیناریۆکاندا خۆیان بە ڕزگارکەر و پاڵەوانی نەتەوەیی پێناس دەکەن بەڵام کە ڕۆژگار تێدەپەڕێت ڕوی ڕاستی ئەمانە زۆر بەئاسانی بۆ خەڵک دەردەکەوێت بەتایبەت لەساتەکانی شۆرش و نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا.

٧- لەڕۆژدا لەناو گۆڕو قەبرە تاریکەکاندا دەژین، لەشەودا دەردەکەون و لە گۆڕەکانیانەوە دێنە دەرەوە.هەر دەرکەوتن و لێدوانێکی دیکتاتۆر مایەی مەترسی و هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان. لەگەل وتاردان و قسەکردنی دیکتاتۆردا دەبێت چاوەروانی توندوتیژی زەربەی وەحشیگەرانە بین.

٨- سێبەریان نییە، کاتێک لە ئاوێنەوە لە خۆیان دەڕوانن هیچ نابینن. دیکتاتۆرەکان زۆر خۆپەرستن و تا خۆیان هەبن بۆ کەس نییە قسە لە قسەیاندا بکات،تەنانەت لە نزیکترین کەسی خۆیانەوە ئامۆژگاری و نەسیحەت و ڕاوێژکاری وەرناگرن.

٩- تەنها کاتێک دەمرن کە دڵیان کون بکرێت ئایا بەتەختە و ئاسن بێت یان بە فیشەک لەسەر دڵیان، هەندێ جار بە سوتاندن بە ئاگر یان بە پانکردنەوەی مێشکیان. دیکتاتۆرەکانیش بەهەمان شێوەی ڤامپایەرەکان مردنێکی سرووشتیانە نامرن، بۆیە زۆرجا یا بە کوشتن، تیرۆر، ئیختیال، ژەهرخواردن، یان بەندکردن و دواتر لەسێدارەدان کۆتایی بە ژیانیان دێت. باشترین نمونە لێرەدا سەدام حسێنە کە چەندین جار هەوڵی تیرۆرکردنی درا بەڵام سەری نەگرت.

١٠- هیچ سیمبۆڵێکی دینی و ئاینی کارناکاتە سەر فۆلکلۆری تایبەتی خۆیان

١١- کاتێک کە ڤامپایەرێک خوێنی کەسێک دەمژێت ئەو کەسەش بەهەمان شێوە دەبێتە ڤامپایەر. دیکتاتۆرەکان هەوڵی کۆپی کردنی کەسانی وەک خۆیان دەدەن و پێ یان باشە هەموو کەس وەک ئەوان بیر بکاتەوە.

١٢ - کاتێک کەسێک توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، یان خۆی دەکوژێت، یان بەبێ تاوان تاوانبار بکرێت یان بکوژرێت، ئەگەری زۆری هەیە ببێت بە ڤامپایەر. زۆرجار دیکتاتۆرە گەورەکانی دونیا ئەو کەسانەن کە لە منداڵیدا

یان لە تەمەنی لاوێتیدا توندوتیژیان بەرامبەر کراوە یان بە شێوەیەک لە شێوەکان غەدریان لێکراوە یان حەزێکیان هەبووە و ئەو حەزەیان خەفە کراوە، نمونە لێرەدا هیتلەرە کە لەتەمەنی لاوێتیدا وێنەکێشی زۆر بلیمەت بوە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەرناگیرێت ئەو زاڵمە گەورەیەی سەدەی ڕابردووی لێدەردەچێت.

١٣- ڤامپایەرەکان توانای لە ڕادەبەدەریان هەیە،هەریەک لەوانە هێزی بیست پیاوی هەیە، هەروەها هێزی هیپنۆتیک واتە واتەتوانای خەولێخستنی مرۆڤ و نێچیرەکانیان هەیە و قوربانیەکانان بەهەمان چەشنی خۆیان دەکەن بە ڤامپایەر. دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانیش بەنجی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ خەولێخستن و سرکردنی سەرجەم کۆمەڵگا و دەنگی نارەزایی خەڵکی.

بەڵام ڤامپایەرەکانیش لەلایەکی ترەوە هەندێ خاڵی لاوازیان هەیە و توانایان بەسەر هەندێ شتدا ناشکێ وەک:

١- ڤامپایەر ناتوانێ بچێتەماڵێکەوە ئەگەر بانگێشت نەکرابێت. دیکتاتۆرەکانیش تاوانباری سەرەکی نین بەڵکو ئەوە خەڵکی خۆیەتی کە دیکتاتۆر دروست دەکات و دەنگی بۆ ئەدات و پشتگیری لە پێشێلکاریەکانی دەدات.

٢- ڤامپایەرەکان لەکاتی ڕۆژدا توانای خۆیان لەدەست ئەیەن.روناکی خۆر لە وزە و توانایان کەم دەکاتەوە.بەهەمان شێوە لەسەردەمی شۆڕشدا زۆر مەحاڵە خۆیان بگرن و دووبارە متمانەی خەڵک بەدەست بێننەوە.

٣- ڤامپایەرەکان لەسەرخاکی خۆیان نەبێت توانای نوستنیان نیە.کە دیکتاتۆرێک لەسەر دەسەڵات لابرا ئەوا مەحاڵە هیچ شوێنێک هەبێت بیگرێتە خۆ.

٤- ڤامپایەرەکان بە بۆنی سیر و ڕەمزە ئایینەکان دەتۆقێن و هەڵدێن بەتایبەتی (ڕەمزی خاچ). دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان گەورەترین ترسیان لە بیروبۆچونی ئاینیە بۆیە هەمیشە نەیارەکانیان بە تیرۆریست ناوزەند دەکەن چونکە دەزانن بیروباوەڕی ئاینی ڕێگەخۆشکەرە بۆ و توندرەویی و دواجار شۆڕشگێڕایەتی. وا لەخوارەوە دوو کورتە چیرۆکی ڤامپایەرتان بۆ دەگێڕمەوە:

**یەکەم:کورتە چیرۆکی ڤیسگاونت دی مۆریڤ**

ئەم ڤامپایەرە لەکاتی شۆڕشی فەرەنسا دەژیا وە لەجیاتی ئەوەی کە بەشداری لەو شۆڕشە بکات خۆی شاردەوە تا ئەو کاتەی کە شۆڕشەکە کۆتای هات چونکە زۆر دەوڵەمەند و سامانداربوو کەسەروەت و سامانەکەی بەپشتاو پشت بۆ مابوەوە لە باوانیەوە، بۆیە دواتر لەلایەن کرێکاران و ڕەنجدەرانی ئەو کاتەی فەرەنساوە گاڵتەجاری زۆری پێدەکرا،ئەم ڤامپایەرە کرێکارەکانی سەردەبڕی لە ماڵەکەی خۆیدا و لەت لەتی دەکردن و خوێنی دەمژین، بەڵام دواتر ئاشکرا دەبێت و خەڵکەکە بەسزای خۆی دەگەیەنن و دەیکوژن. بەڵام لەدوای مردنەکەی هەر بەزیندوی دەمێنێتەوە. ئاشکرابوونی مۆریڤ بەهۆی ئەوەوە دەبێت کە شەوانە منداڵانی ئەو ناوچەیە ون دەبن و پاشان بە کوژراوی و لاشەکانیان بەشێواوی دەدۆزنەوە و هەموو خوێنی لاشەکانیان هەڵمژراوە لەلایەن مۆریڤەوە. هەفتانە نۆ منداڵ دیار نەدەمان و پاشان بە کوژراوی دەدۆززرانەوە،ئەم کوشتن و فراندنە بۆ ماوەی ٧٢ ساڵ بـەردەوام دەبێت تا لەکۆتیایدا لەڕێی کورەزایەکی مۆریڤ خۆیەوە گۆڕی باپیری هەڵدەداتەوە و لاشەی مۆریڤی خوێنمژی باپیری بە پارێزراوی دەدۆزێتەوە، بۆیە بۆ ڕزگار بوون لەو بەڵایە لاشەکەی دەسوتێنن و ڕزگاریان دەبێت لەو خێوەی کە بەرۆکی ماڵ و مناڵەکانیانی گرتبوو.

**دووەم: کورتە چیرۆکی کیسنۆس ڤامپایەر**

چیرۆکی کیسنۆس چیرۆکێکی کورتەو کۆمیدیە،کیسنۆس ئەو خوێنمژەیە کە دورگەی ئیجەی داگیر کرد لەو ناوچەیەی ناسراوە بە کیسنۆس. ئەم تەنها ڤامپایەر بوو کە لەو دورگەیە مایەوە، چونکە هەموو ئەوانی تر لەناوچووبون و لەناو گۆڕێکدا هەموویان نێژراون لەلایەن شەیتانەوە کە دەمی گۆڕەکەی بە مۆم داپۆشیبوو. ئەم ڤامپایەرە شەوانە تارماییەکەی ئەو دورگەیەی دەگرتەوە و پەلاماری مرۆڤەکانی نەدەدا، بەڵام شەوانە لەم دێ بۆ ئەو دێ دەگەڕا و خواردنی خەڵکەکەی دەدزی و دەخوارد و پاشتر قاپ و پەرداخەکانی دەشکاند و پەرت و بڵاوی دەکردەوە. کارەکانی ئەم ڤامپایەرە زیاتر نانەوەی پشێوی ئاژاوە و دوبەرەکی بوو نەوەک هەڕەشەی کوشتن و خوێنمژین. هەندێ جار زۆر منداڵانە هەڵسوکەوتی دەکرد بۆ نمونە بەسەر گومەزی کەنیسەکاندا هەڵدەگەرا و لەسەرەوە میزی دەکرد

بەسەر ئامادەبوانی ئەو کەنیسەیە وەک سوکایەتی کردنێک بە پیرۆزییەکانی ئەوان. بەڵام خۆشبەختانە ڕۆژانی هەینی نەیئەتوانی بێتە دەرەوە بەمەش خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ ڕۆژێک لە هەفتەیەکدا ئارام و پێ کێشە بوون. تا لە ئاکامدا یەکێک لە قەشەکانی ئەو کەنیسەیە شوێنی نهێنی ئەو ڤامپایەرە دەدۆزنەوە و دەیدەن بەدەم ئاودا و شاربەدەری دەکەن و ڕزگاریان دەبێ لە سەرکێشییەکانی.

**بەیان سەلمان: گۆڤاری كۆنسێپت لە ماوەیەكی نزیكدا رۆمانێكی نوێی بەیان سەلمان نوسەرو ر رۆماننوس و شاعیر بلاودەكاتەوە**

–بەیان سەلمان
ماجستێر لە ئەدەبی فەرەنسی و ئەدەبی هاوچەرخ
بڵاوكراوەكانی:
رۆمانی ‹›بوراق›› بە زمانی عەرەبی
رۆمانی ژیان نامەی ڕەو››تلك الغیمە الساكنە‹› بە عەرەبی
دیوانی شیعر بە عەرەبی ‹›انا كما فی حكایات الجنیە‹›
وەرگێڕانی رۆمانی سەلیم بەرەكات لە عەرەبیەوە بۆ فەرەنسی››كهوف هایدراهوداهوس››

# Concept

A Quarterly Philosophical Magazine



**Director of Concept Institution:** Rebeen Rasul

**Editor-in-Chief:** Ramyar Mahmud

**Editorial Secretary:**

Ismail Hama Ameen

**Managing Editor:**

Twana Ameen

**Editorial Members:**

Bakir Ali

Shirwan Can

Salam Omer

Soran Rafat

**Art and Design Director:**

Azar Othman

**Magazine Representative in Canada:**

Goran Abdulla

**Administration Director:**

Simko Muhammed

**Magazine Advisers:**

Kawa Jalal

Handren